# کۆمەڵگای کوردەواری
# لە دیدی رۆژهەڵات ناسیدا

# کۆمەڵگای کوردەواری
# لە دیدی رۆژهەڵات ناسیدا


نووسینی

پرۆفیسۆر بەدرخان سندی

وەرگێرانی لە عەرەبییەوە

دوکتۆر ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید

## دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

● **کۆمەڵگای کوردەواری لە دیدی رۆژهەڵات ناسیدا**

● **نووسینی:** پرۆفیسۆر بەدرخان سندی

● **وەرگێڕانی:** دوکتۆر ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید

● **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی

● **بەرگ:** مراد بەهرامیان

● **ژمارەی سپاردن:** ٩٥٩

● **نرخ:** ٧٠٠٠ دینار

● **چاپی یەکەم** ٢٠٠٨

● **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە

● **چاپخانە:** چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٢٤٢)**



**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**



ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com




**پێشکەشە بە:**

- هەر کەسێك وشەیەکی مەردانە و راست و دادگەرانەی بۆ چەسپاندنی مافی نەتەوەیەکی دی کۆ کردبێ.
- هەر کوردێك بەرگری لە مافی نەتەوەکەی کردبێ و لە پێناو پاشەڕۆژی رەوایدا نەبەردی نواندبێ.. شەهیدانی کوردایەتی.
- هەر کەسێك وشەیەکی حەقی بۆ دوژمنی ووتبی ئەگەرچی ستایشیشی کردبێ یان وشەیەکی حەقی بۆ دۆستی ووتبێ ئەگەرچی سەر زەنشتیشی کردبێ.

## ناوەڕۆک


پێشەکی ..... ١

**ڕەوشتی کوردەواری** ..... ١١

باوەڕو راستگۆیەتی ..... ١٢

ورد بوونەوە ..... ١٥

زیرەکی ..... ١٦

فێربوون و شارەزایی و رۆشنبیری ..... ١٨

دیاردە و نیشانەکانی لەش ..... ٢٠

زەبرو هێز ..... ٢٦

پیاوەتی ..... ٢٧

بوێری ..... ٢٨

سوارچاکێتی ..... ٣٠

جەنگ ..... ٣١

بەزەیی پێداهاتنەوە و ریزلێنانی ژنان ..... ٣٣

دەمارگیری ..... ٣٥

کەیف و خۆشی ..... ٣٥

ئازادی ..... ٣٦

چاکەکاری کۆمەلایەتی ..... ٣٧

ئارامی و نەفەس درێژی ..... ٣٧

رێزلێنان ..... ٣٨

هەراو بانگەواز ..... ٣٨

ناسکی و شاعیرێتی ..... ٣٩

دیدی کورد سەبارەت بە مردن ..... ٣٩

نەریتی کوردەواری ..... ٤٠

**ژیان لە نێو هۆزەکانی کوردستاندا** ..... ٤٩

هۆزی کوردی ..... ٤٩





پێشەوایەتی هۆز ..... ٧٧

هاوسەرێتی و خێزان ..... ١٠٢

ژن بە ژن ..... ١١٧

ژن هەڵگرت ..... ١٢١

مارەبڕین لە منداڵیەوە ..... ١٢٤

خێزان ..... ١٢٦

خێزانی ناووکیی ..... ١٢٧

خێزانی لێکدراو ..... ١٢٧

خێزانی بەیەکەوە بەستراو ..... ١٢٧

خێزانە بەرینەکان ..... ١٢٨

خزمایەتی ..... ١٣٨

**ژنی کورد** ..... ١٤٠

کارو پیشەی ژنی کورد ..... ١٥٦

پەیوەندی کۆمەلایەتی ..... ١٥٩

جوانی ژنی کورد ..... ١٦١

ژنانی سەرکێش ..... ١٦٤

ڕەفتاری نارێك ..... ١٦٩

هەل و مەرجی فێربوونی ژنان و بیر و باوەڕ ..... ١٧١

**باری رامیاری** ..... ١٧٧

ڕیچ ..... ١٧٩

ویگرام ..... ١٩١

مارك ..... ١٩٧

ئەدمۆندز ..... ٢٠١

هاملتۆن ..... ٢١٤

خالفین ..... ٢٢٤

سۆن ..... ٢٣٩

نۆئیلْ ..... ٢٥٢

مس بێڵ ..... ٢٥٤
ویلسن ..... ٢٦٧
**بیروباوەڕ** ..... ٢٧٩
**ناودارانی کورد** ..... ٣٢٣
ئیبراهیم ئاغای دزەیی ..... ٣٢٣
ئیبراهیم پاشای مللی ..... ٣٢٥
ئەبو بەکر (مەلا ئەفەندی) ..... ٣٢٧
ئەحمەد پاشا ..... ٣٢٩
ئیسماعیل بەگی رواندزی و باوێڵ ئاغا ..... ٣٢٩
ئەمین پاشا ..... ٣٣٢
ئەمین عالی بەدرخان ..... ٣٣٣
پیرداوود ..... ٣٣٤
جەمیل ئاغای گەردی ..... ٣٣٤
حاجی بەدر ئاغا ..... ٣٣٥
حاجی زولال ئاغا ..... ٣٣٦
حوزنی موکریانی ..... ٣٣٧
حەمە ئاغای غەفووری ..... ٣٣٨
خالید نەقشبەندی (مەولانا خالید ) ..... ٣٣٩
ساوار ئاغا ..... ٣٤٠
سوڵتان ئاغا ..... ٣٤٠
سمکۆی شکاک ..... ٣٤٣
شەریف بەگ ( شێخی مزگەوت) ..... ٣٤٤
شێخول ئیسلام لە سنە ..... ٣٤٦
سدیق شەمزینی ..... ٣٥١
تاهیر بەگ ..... ٣٥٣
تەها شەمزینی ..... ٣٥٥



عادیلە خانی جاف ..... ٣٥٨
عادیلە خانمی ژنی مەحموود پاشا ..... ٣٦٠
عەبدوڵڵا پاشای بابان ..... ٣٦١
عەبدوڵڵا پاشای باتاس ..... ٣٦٤
عەبدوڵڵا ئاغای حەوێزی ..... ٣٦٤
عەبدولسەلام بارزانی ..... ٣٦٥
عوبەیدوڵڵای شەمزینی ..... ٣٦٧
عوسمان پاشا ..... ٣٦٨
عوسمان بەگ ..... ٣٦٩
عوسمان ( شێخ وەسمان ) ..... ٣٧١
عومەر ئاغا ..... ٣٧١
غەفوور ئاغای سەرۆکی شارەوانی ..... ٣٧٦
کەیخوسرەو بەگ ..... ٣٧٩
محەمەد ( قازی محەمەد ) ..... ٣٨٠
محەمەد پاشای میری رواندز ..... ٣٨٤
محەمەدی کۆیی ..... ٣٨٦
مەحموود پاشای میری بابان ..... ٣٨٦
مەحموودی حەفید ..... ٣٩٢
مەحموود مەسرەفی (سەرۆك وەزیران ) ..... ٣٩٥
مستەفا بارزانی ..... ٣٩٦
وەلی ئەربیلی ..... ٤٠١
یەعقوب پاشا ..... ٤٠٣
**بازرگانی و ئابووری** ..... ٤٠٥
**شوانکاری وکشت وکاڵ و پیشەی دی** ..... ٤٢١
شوانکاری ..... ٤٢١
کشتوکاڵ ..... ٤٢٧

پیشەی هەمەجۆر ........ ٤٣٨
پیشەی شیرەمەنی ........ ٤٤٠
رستنوچنین ........ ٤٤٠
**مێوانداری کوردی ........ ٤٤٢**
**جل و بەرگی کوردی ........ ٤٧٠**
جلی پیاوان ........ ٤٧٢
دیدو بۆچوون دەربارەی جل و بەرگی هەڵبژاردەی کوردی ........ ٤٨٥
جل و بەرگی ژنان ........ ٤٨٧
**جەنگ و چەك ........ ٤٩٥**
زمان و ئەدەب ........ ٥١٤
**هونەرو سوارچاکی و یاری ........ ٥٢٧**
مۆسیقا ........ ٥٢٧
گۆرانی ........ ٥٣١
هەڵپەڕکێ ........ ٥٣٥
ڕاو ........ ٥٣٩
سوارچاکی و یاری ........ ٥٤٢
خواردەمەنی ........ ٥٥٢
**بیناسازیی کوردی ........ ٥٦٣**
شاری کوردی ........ ٥٦٤
گوندی کوردی ........ ٥٧١
کەپر و رەشماڵ ........ ٥٧٩
شارە کوردییەکان ........ ٥٨٢
هەولێر........ ٥٨٣
ورمێ ........ ٥٨٥
دهۆك ........ ٥٨٥
رواندز ........ ٥٨٦



زاخۆ........ ٥٨٨
سلێمانی ........ ٥٩٠
سنە ........ ٥٩٢
ئاكرێ ........ ٥٩٣
ئامێدی........ ٥٩٤
کەرکووك ........ ٥٩٥
وان ........ ٥٩٧
**تەندروستی ........ ٥٩٩**
**سەرچاوەکان ........ ٦١٥**

## پێشەکی:

ئەکتەرەکان لەسەر شانۆ لەرووداوەکانی رۆماندا دەژین، بەلاّم لەرووی چەند و چۆنەوە وەك چاولێکەران نایانبینن. بە پێی تیۆری کشتالیش کە تیۆرییەکی گشتی ئەڵمانییە لە زانستنی دەروونناسیدا بینینی رووداو توانستی زیاترە بۆ یارمەتیدانی تاك بۆ پێکهێنانی زانیاری مەعریفی کە لەسەر وەرگرتنی هەڵوێستی گشتی بەندە. بەم شێوەیەش رەنگە ئەوەی چاولێکەرەکان دەیبینن خودی ئەکتەرەکان نەیبینن. دەشێ تەماشاکاری دەرەوەش رەهەند یان بیرۆکەی ئەوتۆی دەربارەی هەڵوێستێك هەڵهێنجابی، کە خودی ئەو ئەکتەرەی دەورەکەی نواندبی پێی نەگەیشتبی.

هەروەها دەشی کەسێکی نامۆش کاتێك بچێتە نێو ماڵێکەوە هەندی تایبەتمەندێتی ماددی و مەعنەوەی ئەو ماڵە بە باش و خراپەوە سەرنجی رابکێشن، بەلاّم نەبن بەجێی سەرنجی خاوەن ماڵەکە خۆی مرۆڤـــ ناچارە پاکانەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بۆ شێوەی رەفتاری بێنێتەوە یان بۆ روخساری ئەو واقیعەی تیایدا دەژی، بە زۆریش کارو کردەوەکانی خۆی بە باش و ئەوەش لە دەرەوە سەپێنراوە بە خراپ دەداتە قەڵەم. ئەم بارە وا لە چاولێکەری دەرەوە دەکات کە توانستی باشتری هەبی بۆ چوونە ناو قووڵایی مەسەلەکانەوە. مەسەلەی نامۆیەی ئەو کەسەش دەگرێتەوە کە سەردانی ولاّتێك یان ناوچەیەك دەکات و دەبێتە هاوژینی کۆمەڵگایەك بە گشتی یان بەشێکی کە لە راستیدا لەگەڵ کۆمەڵگاکەی خۆیدا یان شێوەی ژیان لە وەلاّتەکەی خۆیدا جیاوازە.

ئەمەش تێڕوانینی نۆیی بۆ بەرپا دەکات بۆ سەرنج و بایەخدان بە ئەو شتانەی دەیانبینی کە دواییش دەبنە بیرۆکە و پاداشتی خۆش لای خوێنەر، کەوا لە راستیدا بەراوردێکی نادیار لەخۆ دەگری، چونکە نامۆ لە دیدی نامۆدا ئەوەیە نامۆیەتییەك لە ژیانی رۆژانەیدا هەڵدەگری و جیاوازە لەگەڵ راهاتنیدا لەوەی لە ژینگەکەی خۆیدا باوە، یان هەستی دەربارەی ولاّتەکەی خۆی و ئەوەی رووی لێکردووە کە نەگونجاوە لەگەڵ پێشبینییەکانیدا سەبارەت بەو ولاّتە یان ئەو کۆمەڵگایەی سەردانی کردووە. بۆ وێنە پلەو پایەی ئافرەتی کورد لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا گەلێك لە رەوەندەکانی تووشی سەرسورمان کردووە. چونکە لەگەڵ پێشبینییەکانی لەوەو پێشیان ناگونجێن، دەربارەی باری کۆمەلاّیەتی ژنان لە رۆژهەلاّت دا،



ئەمەو گەلێك نموونەی دی کە نامانەوی لێرەدا باسیان بکەین چونکە لە شوێنی خۆیاندا لێیان دەکۆڵینەوە.

لە ئاسۆی ئەم پێشەکییەوە لەم کتێبەدا هەوڵ دەدەین پەنجە بۆ ئەو بیروبۆچوونانە رابکێشین کەوا گەشتیارانی کوردستان یان خەڵکانی پێوەندیدار، خستوویانەتە روو.

سەرچاوەکانی بەردەستی نووسەر ئەو ماددەیەیان سنووررێژ کردووە کە بابەتی ناوەڕۆکی ئەم کتێبەی تیا بە ئەنجام گەیەنراوە. واتە ئەوەی دەربارەی کورد لە هەردوو سەدەی نۆزدە و بیستەمدا تۆمارکراوە، ئەمەش بە دیقەت ماوەی دوو سەد ساڵ ناگرێتەوە، بەڵکو سەرەتا لە بیستەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە دەست پێدەکات تا نزیکەی گریی حەوتەمی سەدەی بیستەم بەوەش دەتوانین بڵێین کتێبەکە ئەو بیرو بۆچوونانە دەگرێتەوە کە لە ماوەی سەدو پەنجا ساڵدا، لەو سەرچاوانەدا دەربارەی کورد تۆمارکراون.

ئەو نووسەرانەش کە نووسینەکانیان کەرەستەی ئەم کتێبەن گەڕیدەو رۆژهەلاّتناسی پسپۆر (ئەکادیمی) و ئەفسەرو حاکمانی سیاسین، ئەوانەی لە کوردستاندا کاریان کردووە و لەگەڵ کورددا سەودایان کردووە و ژیانیان بەسەر بردووە.

ڕەنگە یەکێك بڵی، ئایا ئەوانە گشتیان بە رۆژهەلاّتناس دادەنرێن؟ ئەمەش وای لە نووسەر کردووە بە جۆرێك ناونیشانی کتێبەکەی دارێژی کە ئاماژە بەوە بدا ناوەرۆکەکەی لە پۆلێن کردنی زانیاری مەعریفیدا دەکەوێتە نێو رۆژهەلاّتناسییەوە. بە باوەڕێکی تەواویشەوە دەڵێین : بەڵی. بە تایبەت لە رووی ئەنجامدانی کاری واقیعییەوە، نووسەر ئەوەی بۆ دووپات بووەتەوە کەوا هەر نووسەرێك سەرنج و بۆچوونەکانی لەم کتێبەدا متمانەیان پێکرابی ئەوەیە کە یان رۆژهەلاّتناسی پسپۆر بووەو لێکۆڵینەوەیەکی رۆژهەلاّتناسی دەربارەی کورد بلاّو کردۆتەوە وەك مینۆرسکی و باسیل نیکیتین و تۆما بوا و هی دی، یان نوێنەری ئایینی بووە یان سەرپەرشت کاری کەمایەتییەکی ئایینی یان ئایینزایی بووە لە ناوچەکەدا، وەك ویکرام، یان حاکمێکی رامیاری و نوێنەری ولاّتەکەی بووە و بەرژەوەندییەکانی پاراستووە ئەوەش لە میانەی لێکۆڵینەوەکانییەوە پێش جەنگی جیهانی یەکەم یان لە میانەی کارو کردەوەی کاریگەرو راهێنانی راستەقینەوە کە بوونیان لە ناوچەکەدا سەپاندوونی، بێجگە لە کاری راهێنانی سەربازی.

ئەمەش هەرگیز ئەوە ناگەیەنی کە تەنها لە بەردەم دوو توێژی جیاوازی نووسەراندا بووەستین و بیانکەین بە پێوەر بۆ ئەم کتێبە، توێژی یەکەم ئەوانەن کە لە چەشنی مینورسکی

و باسیل نیکیتین و تۆما بوا هی دین ئەمانە بابەتی نووسینەکانیان ئەوانە نین کە لە نووسینگەکانی خۆیاندا نووسیویانن، بەڵکو بوونی خۆیان لە کوردستان بەهەل زانیوە بە تایبەت ئەوانەی کارمەندی رەسمی بوونەو نوێنەری ولاَتەکانیان بوون. ئەمەش هۆکاری یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوەی بە ئاسانی هاتوچۆ بکەن و زانیاری مەیدانی کۆبکەنەوە و لەگەڵ کورداندا بژین. لە تورکیا یان ئێران یان عێراقی دابەش کراو بەسەر دوو دەوڵەتدا، بەمەش لە بناغەدا جیاوازییان لەگەڵ توێژی دووەمدا هەیە واتە رەوەند و حاکم و ئەفسەرانی سیاسی بیانی، چونکە هەر دوو توێژەکە لە پاش ئەوەی ئامادەی کاری رۆژهەلاَت ناسی کراون چ لە زانکۆ و چ لە دەرەوەی زانکۆدا هاتوونەتە ناوچەکە. بەمەش ئەوانە بە چاوپۆشین لەو ئەرکانەی لە پێناویاندا هاتوون، سەرانسەری کوردستان گەڕاون و پێش بینی لەوەو پێشیان دەربارەی ناوچەکە هەبووە، بەلاَم بەزۆری بەشێوەی تیۆری نەك مەیدانی و گشتی نەك تێکڕایی، وە ئەو هەست بە نامۆی کردنەش کەوا لە سەرەوە پەنجەمان بۆ راکێشا لە ئەنجامی هەڵوێستی بە کردەوەی ئەو بیانیانەوە هاتووە کە لایان بەرجەستە بووە و تارادەیەك لەگەڵ شارەزایی تیۆریی لەوەو پێشیاندا یان ئەوەی چاوەڕوانی بوونە ببینن پێش ئەوەی بگەنە ناوچەکە، جیاوازە.

ئەو مەبەستانەی ئەوانە لە پێناویاندا هاتوون وێرای جیاوازی جۆرەکانیان، ئەو هەستە بەرزەی لا هەڵ نەوەشاندوونەتەوە بۆ وەرگرتن و دۆزینەوەی گەلێك زانیاری مەیدانی و کۆمەلاَیەتی و زمانەوانی و دواییش نووسین و کردنیان بە بەڵگەنامە. بۆیە بەردەوام یادداشت و بیرەوەری رۆژانەی خۆیان نووسیوەتەوە، هەندێکیشیان شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی هەمە جوریان لێرەو لەوی خستۆتە پاڵ.

ئەو لێکۆڵینەوە و یادداشتانە بە خامەی گەڕیدە و رۆژهەلاَت ناس و ئەفسەرانی رامیاری تۆمار کراون لە راستیشدا بەرهەم گەلێکی مەیدانیی خاوەن رەگی تیۆرین لە بواری رۆژهەلاَتناسیدا، بەلاَم ئەم سەودا کردنە مەیدانییەش رێگای خۆش کردووە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە کوردەوە (کوردۆلۆژی) لەبەر ئەوەش وردەکاری و پسپۆڕێتی تەسکیان تیا رەچاو کراوە، بۆیە دەچنە ریزی کاری ئەکادیمییەوە. دەبینین ئەمەیان لە شێوە زمانی شاری ئامێدی کۆڵیوەتەوە و ئەوی دی لە شێوە زمانی شاری سلێمانی ئەوی تریش لە واقیعی کۆمەلاَیەتی و ئابووری شاری رواندزی کۆڵیوەتەوە، یان ئەوەی لە بارەی گوندی تۆبزاوە کۆلیویانەتەوە.



یەکێکی دیکەش فەرهەنگێکی کوردی داناوە، هی ئەوتۆش هەیە تەنها بایەخی بە رێزمانی زمان داوە نەك ئەدەبەکەی. هەشە پسپۆر بووە لە بابەتی دەرەبەگ لە کوردستاندا... هتد ئەگەریش بمانەوەی باگڕاوندی رۆشنبیری و کارمەندێتی ئەوانەی لە بواری کوردۆلۆژیدا بە گشتی نووسیویانە یان پسپۆر بوون لێکبدەینەوە، دەبینین نوێنەری دبلۆماسی ولاَتی خۆیانن (قنصل) یان ئەو ئەفسەرە رامیارییەی کە هاتووە حوکمی شارەکە بکات یان ئەو پیاوە ئایینییەی (قەس) کە هاتووە بۆ بلاَوکردنەوەی ئایینی مەسیحی یان سەرپەرشتی کردنی کاروباری تایفەگەری یان ئەو ئەکادیمییەی هاتووە بۆ ئەنجام گەیاندنی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی دەربارەی لایەنێکی ژیانی کوردەواری... گشت ئەمانە بوونەتە خاوەنی رۆشنبیرییەکی رۆژهەلاَت ناسیی گشتی و تیۆرییەکی لەوەو پێش دەربارەی ناوچەکە، بەمەش نابی ئەمانە لە سیفەتی رۆژهەلاَت ناسیی دامالڕێن. لەبەر ئەمە لەم کارەماندا تەواوی کۆششمان خستە بواری رۆژهەلاَتناسییەوە.

نووسەر متمانەی کردۆتە سەر ئەو کتێبە بیانییانەی پێوەندییان بە کەرەستەکەیەوە هەیە چ وەرگێڕدراوبن یان نا، گومانیش لەوەدا نییە ژمارەیەك کتێبی وەرگێڕدراو هەلیان بۆ هەندی خوێنەر بەرپاکردووە سەرنجی ناوەرۆکەکانیان بدەن، هەندێکی دیکەش لەوانەی وەرنەگێڕدراون رەنگە بە ئاسانی دەستیان نەکەوی، تەنانەت ئەگەر کتێبخانەی مۆزەخانەی عێراقی لە بەغدا نەبوایە نەماندەتوانی هەندێکیان بدۆزینەوە.

خوێنەر مافی خۆیەتی لە ئامانجی ئەم کتێبە بپرسی. ئێمەش وای بە باش دەزانین وەلاَمی ئەم پرسیارە بە دوو قۆناغ بدەینەوە یەکەمیان (مەبەست : Target) ە و دووەمیشیان (ئامانجەکان : Objectives) ە.

مەبەست، سیمای بەرینی و سەرتاپاگێڕی ئەرکی پێوەندی دار بە یەکێك لە بەرژەوەندییەکانی نەتەوە یان فەلسەفەی کۆمەلاَیەتی یان بە یەکێك یان پتر لە بەها مێژوویی و هەنووکەییەکانییەوە بەندە.

بەم شێوەیە ئەوە دەردەکەوی کە (مەبەست) لەوەدا بەرجەستە دەبی هەل بۆ خوێنەری عەرەب لە هەر کوی بی چ لە ولاَتانی عەرەبی و چ لە دەرەوەیان بەرپا ببێت بۆ ئەوەی لە دیدی خەڵکی دییەوە نەك کورد بڕواننە سروشتی کۆمەڵی کوردەواری و بیناسن. نەك لە دەروازەی (پروپاگاندەوە) چونکە گەلان پێویستیان بە (پروپاگاندە) نییە. بەڵکو بۆ ئاگادار بوون لە واقیعی ژیانی کۆمەڵگایەکی تەواو، کەوا خاوەنی تایبەتمەندێتی خۆیەتی و ناسنامەی دیار و سەربەخۆی هەیە.

ئەوەی کە ئەمڕۆ مەسەلەیەکی زۆر پێویستە بە تایبەت مەسەلەی کورد کە ئێستا لە رابردوو فراوانتر بووە کۆمەڵگای کوردی بووەتە جێی بایەخ. بە ئەنقەستیش ناڵێم گەلی کورد، چونکە کتێبەکە لە تایبەتمەندێتی کۆمەلایەتی نەك رەگەزی دەدوی شێوەی ژیانی کوردەواری باس دەکات نەك بوون و ژمارەی دانیشتوانی کورد. لە راستیشدا ئێمە بەو چاوە دەڕوانینە گەلی کورد کە کۆمەڵگایەکی کوردییە و بە تەواوەتیش دەرك بەوە دەکەین زاراوەی دووەم ئەمڕۆ پتر ترسناك و زامن ترە بۆ ناوبانگی کورد.

چونکە زاراوەی کۆمەڵگای کوردەواری گەلی کورد دەگەیەنی لەگەڵ گشت ئەو تایبەتمەندیەتیانەی ناسنامەی پێدەبەخشن کە هۆکاری دابینکردنن بۆ بەردەوام بوون و مانەوەی هەر گەلێك وێڕای دابەشکردنی بە هۆی رامیارییەوەو، بەچەکێکی پتر گرنگتر دادەنرێت لە پرۆسەی بەرەو روو بوونەوەی تەقەللاکانی تواندنەوەی نەتەوەکان لە نەتەوەی دیدا.بۆ وێنە ئەگەر بە دوای هۆی رامیاری بەتورککردنی کورددا بچین، دەبینین هەوڵی ئەوەدەدا زیان بە تایبەتمەندێتی کۆمەلایەتی کورد بگەیەنی و هی دی لە شوێن دروست بکات بۆ گۆڕینی ناسنامەکەی و زیان گەیاندن بە زمان و جل و بەرگ و داب و نەریت و گۆرانی و هەڵپەرکێی کوردی و لە ریزی قەدەغە کراوەکاندا دایاننـاون، بەلام رەگ و ریشەی داکوتراوی ئەم ئاکارانە لە ناخی کۆمەڵگای کوردەواریدا وای لە کوردان کرد بەردەوام لە سەنگەری بەرەو رووبوونەوەدا بن.

تەنانەت لەو کاتانەشدا کە تورکەکان ژمارەیەکی زۆری کوردانیان لە کوردستانی تورکیا (باشووری رۆژئاوا) ی تورکیاوە گواستەوە بۆ ئەوپەڕی (باکووری رۆژئاوا) ی تورکیا کە کوردیان تیا نییە، بەلام لە پاش چەند ساڵێك تورکەکان بۆیان ساغ بووەوە کەوا هیچیان نەکردووە تەنها ئەوە نەبی بناغەی (کوردستان)ێکی دییان لە باکووری رۆژئاوا دامەزراندووە، لەگەڵ مانەوەی کوردستاندا لە باشووری رۆژهەلاتی تورکیا.

لەبەر ئەمە مەبەست لەم کتێبە وێنەکێشانی نیشانە کۆمەلایەتییەکانی نەتەوەی کوردە بە خامەی بیانییەکان ئەوانەی نووسەر لەو باوەڕەدایە سۆزیان لەگەڵ کورددا نەبووە پێش ئەوەی لەگەڵیاندا بژین. بەڵکو هەندێکیان بۆ دامرکاندنەوەی هەستی نەتەوایەتیان هاتوون و ویستوویانە نەخشەی دابەشکردنی رامیارییان لە پەیماننامەکانی پێش جەنگی جیهانی یەکەم یان دوای ئەو بکێشن کە هەندێکیان نهێنی و ئەوانی دی ئاشکرا بوون، لەوانەش سایکس بیکو، لۆزان، پەیمانی بەغدا، لە ئەنجامدا سەدان راپۆرت بەرزکراونەتەوە بۆ چۆنێتی (لە سێدارە دانی) مەسەلەی کورد هەوڵ و تەقەللای زۆریان تیا دراوە.



لەپاش ئەوەی کە مەبەستمان روون کردەوە، بە پێویستی دەزانین(ئامانج)یش روون بکەینەوە تا وەڵامی پرسیارەکەی، بۆچی ئەم کتێبە ؟ روونتربی.

لە راستیدا دەتوانین پوختەی ئامانجە دیاری کراوەکان "Specific objectives " ی ئەم کتێبە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە :

١- گەڕیدە و رۆژهەلاتناسەکان دەربارەی لایەنە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردەوارییان نووسیوە، ئەگەریش سەرنجی سەرنج بدەین هەر بابەتێك لە بابەتەکانی نێو ئەم کتێبە دەبینین بە بەسەر پێڕو رێژەی جیاجیادا، لە بواری یەکچوون و جیاوازیدا دابەشدەبێت.

لێرەشدا، واتە لەم کتێبەماندا خوێنەر ئەوەی بۆ روون دەبێتەوە کە هەوڵی چڕوپڕمان داوە بۆ کۆکردنەوەی بیروڕاکان دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو کەوا دابەشە بەسەر ژمارەیەکی زۆری کتێبدا، لە یەك بەشدا بە مەش رێگامان بۆ خوێنەر خۆش کردووە کە لە خوێندنەوەی هەر بەشێکی ئەم کتێبەدا، لە کۆمەڵێك بیروڕا دەربارەی ئەو بابەتە ئاگادار بێت. بۆ وێنە رەنگە سەرجەم ئەو سەرچاوانەی دەربارەی مەسەلەی (جل و بەرگ) دواون لە یەك بەشدا بن.

خوێنەرانیش لێرەدا دوو جۆرن ئەوانەی هیچیان دەربارەی جل و بەرگی کوردی نەخوێندۆتەوە، یان ئەوانەی لە سەرچاوەیەك یان دوو سەرچاوەوە شتێکیان خوێندبێتەوە، دووریش نییە ماوەی نێوان خوێندنەوەی یەکەم و دووەم زۆر بی و یارمەتی خوێنەر نەدات بۆ پێکەوەنانی بیرۆکەیەکی تەواو لەسەر جل و بەرگ، کە چی لێرەدا واتە لەم کتێبەدا کۆمەڵێکی زۆری بیروڕاو بۆچوونی جیاواز لە سەرچاوەی جیاجیاوە لە بەشێکی ئەم کتێبەدا تیشکیان خراوەتە سەر، ئەمەش هەلێك بۆ خوێنەر بەرپا دەکات تا بتوانی لە دیدو بۆچوونی ژمارەیەك رۆژهەلاتناسەوە لە بابەتی جل و بەرگ یان هۆز یان خێزان یان رەوشتی کوردەواری...هتد ئاگادار بی و لە بەشەکانی ئەم کتێبەدا لەیەك کاتدا بیانخوێنێتەوە.

٢- ئەوەی لە (١) دا باسمانکرد هەلێکی لەبار دەرەخسێنی بۆ ئەوەی خوێنەر ئاگاداری بیروڕای جۆر بە جۆری بیانییەکان بی دەربارەی کۆمەڵگای کوردەواری لە کات و شوێنی جیاوازدا بە درێژایی ماوەی نێوان بیستەکانی سەدەی نۆزدە و شەستەکانی سەدەی بیستەم.

٣- نووسەر بە پێی پێویست هەوڵی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی زانیاری و هەڵوێستەکانی داوە بێجگە لە هەندی کاری بەراوردکردن کە رەنگە خوێنەر بە روونی هەستی پێبکات، جارێك بە بەراوردکردنی بیروڕا یان بۆچوونی جیاواز جارێکیش بە ئەنجام گەیاندنی کاری بەراوردکاری لە نێوان کۆمەڵگای کوردەواریمان و کۆمەڵگاکانی دەوروبەر لە پێناو وەدەس هێنانی

وێنەیەکی روون و بێگەرد تری کۆمەڵگای کوردەواری، شایانی باسیشە هەوڵ و تەقەللاکانی نووسەر چ لەسەر ئاستی شیکردنەوە یان لێکۆڵینەوە یان بەراوردکردن لە نێوان هەر دوو جەمسەری لایەن گرتن و پێچەوانەکەیدا بە پێی دیدی نووسەر لە میانەی شارەزایی و تاقیکردنەوەی کەسیی خۆیەوە دەجووڵێ.

٤- نووسەر هەوڵی داوە لە سەوداکردنیدا لەگەڵ کەرەستەکاندا را سەپێن نەبی، بەردەوام پەنای بردۆتە بەر سەرچاوەی زانستی یان پەنجە راکێشان بۆ واقیعی حاڵ لە دەرخستنی بۆچوونەکاندا لەسەر کۆمەڵگای کوردەواری بۆ ئەوەی بە پێی توانا ئاماژە کردنی رۆژهەلاٽناس یان گەڕیدە، یان حاکمە سیاسییەکان لە بەر چاو بگیرێن.

٥- جۆری دابەشکردنی بەشەکانی کتێبەکە رێگا لەبەردەم خوێنەردا ئاسان دەکات بۆ پێکەوەنانی بیرۆکەی رێك و پێك لەسەر کۆمەڵگای کوردەواری، چونکە زۆر کەم لەسەر چاوەکان بابەتەکانیان لە بەشی سەربەخۆدا داڕشتووە، تەنانەت ئەگەریش وایان کردبی دەبینین کەوتوونەتە بەر کارتێکەریی گەشتەکانیان، ئەمە لەسەر ئاستی ئەو نووسینانەی تایبەتن بە کۆمەڵگای کوردەوارییەوە، بەلاٚم لە یادداشتەکاندا پۆلێن کردنی بابەتەکان لەسەر بناغەی کۆمەلاٚیەتیی زانستی بەرچاو ناکەوی، چونکە سروشتی یادداشت نامەکان ئەوە دەسەپێنی کە دەبی زانیاری لە کاتی خۆیدا تۆمار بکری، بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە ئەگەر بابەتە پێوەندیدارەکان دەربارەی (هۆزەکانی کورد) لە لاپەڕەی دوور لە یەکترو جیاجیادا لە یادداشتنامەکانی ریچ یان سۆن یان هاملتۆن... هتد بخوێنینەوە.

لێرەشدا پێویستە پەنجە بۆ مەسەلەی غافڵ بوونمان لە بابەتی (نەژادی کورد) رابکێشین چونکە ئێمە بیروڕای خۆمان لەم بارەیەوە هەیە کە ئەوە دەگەیەنی بابەتی رەگەزی کورد زیاد لە پێویستی بۆ هەڵبەستراوە، یەکێك رەگەزی کورد بۆ جنۆکە دەگەڕێنێتەوە، ئەویتریان بە هۆزی عەرەبیان دەزانی گوایە روویان لە شاخ کردووە و (تەکرید) کراون. یەکێکی دیکەش رەگەزنامەی ئێرانییان پێدەبەخشی.

بە کورتی و بە پوختی گەلی کورد بوونێکی راستەقینەیە زمان و نەریت و نیشانەی خۆی هەیە ئەم سی کۆڵەکەیەشی دەگەڕێتەوە سەر رەگەزی ئاری، بێجگە لەمەش هەرچی گوترابی دەچێتە ریزی بۆچوونی گومان لێکراوەوە و هیچ ئەنجامێك بە دەستەوە نادات. ئاواتە خوازیشم خوێنەر ئەوەی لا روون بێت کە مەسەلەی ئاڵۆزی لێکۆڵینەوە لەسەر رەگەز تەنها تایبەت نییە بە کوردەوە، بەڵکو دەشی بێتە رێی لێکۆڵینەوەی نەژادی هەر نەتەوەیەك کە بمانەوی بگەڕێین بە



دوای بنج و بنەوانیدا، بەلاٚم واقیعی سیاسی نەتەوەی کورد بە ئەنقەست نەژادی کوردی لێك کردووە.

مەسەلەی (سەرهەڵدانی نەتەوەکان) ئاڵۆزە و بوارێکی فراوانە بۆ قبوولکردنی بۆچوونی زۆر، بە باوەڕی ئێمەش سەرەتایەکی دیاری کراو نییە بۆ هەر نەتەوەیەك لە نەتەوەکان، بەڵکو دەکەوێتە بەر کارتێکەریی گەلێك هۆکار کە رۆڵی تیا دەبینین هەتا وەکو واقیعی حاڵ بەرجەستە دەبی، ئەم واقیعەش ملکەچی گۆڕانکارییەکان دەبی بەرەو گەشەسەندن یان لاوازی، بە پێی هۆکارەکانی دەوروبەری لە لایەکەوە و لە لایەکی دیکەشەوە توانستی نەتەوە خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوە لە پێناو مانەوەدا و بەرسنگ گرتنی هەوڵەکانی لە ناو بردن یان فریودانی، بەلاٚم گەشەسەندن یان شکست کە ئاماژەمان بۆ کردن (حالەتی نەتەوەیە) نەك (کەینوونە)، بۆ نموونە کوردەکان نەتەوەیەك بوون هەن و بەرامبەر هەموو ئەو هۆکارانەدانە وەستاونەوە کە لە ژیان بوون و وەکو خۆیان مانەوە، ئەگەریش باری نەتەوەی کورد ئەمڕۆ بەو جۆرە نەبی کە رۆڵەکانی ئەیانەوی، ئەمە (حاڵەتێکە) و وێڕای خراپی هەومێنێکی باش هەڵدەگری، چونکە هەست کردن بە حاڵەت خۆی لە خۆیدا پەرەسەندنە، بەڵکو هێڵی دەستپێکردنە بەرەو گەشەسەندنی هەر نەتەوەیەك بریاری راپەرین بدات، پێویستیشە پەنجە بۆ ناونیشانی کتێبەکەمان (کۆمەڵگای کوردەواری لە دیدی رۆژهەلاٽناسیدا) رابکێشین کە سنوورمان دەخاتە بەردەم بۆ پتر چوونە ناو مەسەلەی نەژادو رەگەزەوە، کەوا بە ناخی مێژوودا شۆڕ دەبێتەوە نەك ئەنثرو بۆلۆژیای کۆمەلاٚیەتی (Socio Anthropology) پێویستیشە پێش ئەوەی کۆتایی بە پێشەکییەکەمان بێنین هەندی روونکردنەوە سەبارەت بەم کتێبە باس بکەین.

متمانە کردنە سەر کورت کردنەوەی دەق یان لا بردنی ئەوەی پێوەندی بە سروشتی بەشەکەوە نییەو بەکار هێنانیان بۆ جارێکی دی، وامان بەشیاو زانی پێویست ناکات بخرێنە ناو کەوانەوە تەنها بەوە داکەوتووین پەنجە بۆ سەرچاوەکەی و ژمارەی لاپەڕەکەی رابکێشین بەمەش خوێنەر هەرکاتێك بیەوی دەتوانی ئەوەی وەرگێراوە و ئەوەی خۆمان نووسیومانە لەیەك جیا بکاتەوە. هەروەها بە پێی توانا هەوڵمان داوە ئەو ماوەیەی خاوەن دەقەکە لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا ژیاوە، بێنینەوە یادی خوێنەر، چونکە ماوە نرخی زانستی لەم جۆرە لێکۆڵینەوانەدا هەیە.

نووسەر لە هەندی دەقی وەرگێڕاودا هەوڵی داوە تاکە وشەیەك لە جیاتی یەکێکی دی بەکار بێنی بە تایبەت نووسراوی ئەو وەرگێڕانانەی بایەخێکی زۆریان بە جوانکاری و زەخرەفەی

زمانەوانی داوە، بە ئامانجی باشتر روونکردنەوەی دەقەکان و گەیشتن لە ناوەرۆکەکانیان بە بی بەکارهێنانی وشەی دەگمەن یان قورس.

نووسەر لە گەلی لەو دەقانەی وەری گرتوون وشەی من (الانا) ی گۆڕیوە بۆ ئەو (الهو) هەتا لەگەلْ دوان و لێکۆلێنەوەکانی خۆیدا ساز بن، بێگومان مافی خاوەن دەقیش لە میانەی ئاماژە بۆ کردنی ژمارەی لاپەڕە و ناوەکەی لە ناوەرۆکی دەقەکەدا وەك باسمان کرد، پارێزراوە.

هەندی مێژوو کە خراونەتە نێوان دوو کەوانەوە لە دوای ناوی گەڕیدە یان رۆژهەلاتناسەکانەوە، ئەوە مێژووی گەشت یان سەردان یان نووسینی یادداشتەکان دەگەیەنی، هەندێکیشیان مێژووی چاپکردنی کتێبەکەیە. بە پێی توانا مێژووییەکەمان لە ناوەرۆکدا ئاماژە بۆ کردووە. چونکە مێژووی چاپ دەبی بخرێتە نێو لیستی سەرچاوەکانەوەو لە کوتایی کتێبەکەدا دابنری، بە داخەوە هەندی کتێبیش ئەو مێژووەی لەسەر نییە کە نووسەرەکەی لە کوردستاندا بووە.

دوا وشە.. هەر کارێکیش بە تایبەت لەم بوارەدا کە هەست دەکەین گەلێك هۆکاری تەگەرە خستنەڕی هەلْدەگری بی کەم و کورتی نابی، بەلاّم هەولْ دەدەین ئەم کۆششە بگەیەنینە ئەنجام بۆ داگیرساندنی چرایەکی بچووك لە گۆشەیەك لە گۆشەکانی ژیانی نەتەوەکەماندا کەوا بە ئازایەتی و سوارچاکێتی باس دەکرێت و خاوەن گشت شێوازو هۆکارەکانی جەنگ بووە، بەلاّم بە درێژایی مێژوو بەوە داکەوتووە تەنها بەرگری لە خۆی بکات و هەرگیز بیری بۆ ئەوە نەچووە نەتەوەیەك یان گەلێکی دی داگیربکات و بۆ خۆشگوزەرانی و رێگای پێشکەوتن بە کاری بێنی. رەنگە ئەمەش هۆکاری شکست و لاوازییەکەی بێت، واتە نەتەوەی کورد هەتا ئێستا چاوی لە ئازادی و بڕیاردانی چارەنووسێتی.

لەو باوەڕەشداین کە لە راستیدا لاوازی لە نەتەوەکەماندا نییە، بەلْکو لە ماشێنی مێژوو و کارگەی تەرازوودایە ئەمەش بەرەو بابەتێکمان دەبات کە بەدەر لەسنووری ئەم کتێبەیە. ئاواتە خوازیین شتێکی سوودمەندمان پێشکەش کردبی و سەرکەوتنیش لە یەزدانەوەیە.

**دکتۆر بدرخان سندی**

# ڕەوشتی کوردەواری

ئەم بەشە پێوەندی بە بیرو بۆچوونی ڕوژهەلاَت ناس و ڕەوندەکانەوە هەیە  دەربارەی هەندی ڕەوشت و دابی بەرچاوی کۆمەڵگای کوردەواری کە بوونەتە جێی سەرنج و تێڕوانینی هەر هەموویان و لە یادداشتنامەکانیاندا تۆماریان کردون و ئێستا بە شەهادەیەکی سۆسیۆلوژی پیاوانێك دادەنرێن کەوا بە وردی لە دەرەوەی کۆمەڵگای کوردەوارییەوە لە تایبەتمەندێتییەکانی ئەم کۆمەڵگایەیان کۆڵیوەتەوە.

ڕەنگە یەکێکیش بپرسی و بڵێ : ئایا ئەو ڕۆژهەلاَتناس و ڕەوەندانە هیچ ڕەوشتێکی ناشیرینی کۆمەڵگای کوردەوارییان بەرچاو نەکەوتووە ؟ یان ئەم بەشەی کتێبەکە لایەنگری کوردە ! لەراستیشدا ئەم پرسیارە لە جێی خۆیدایە، بەلاَم ئێمە لەوە بی ئاگانین کە ڕۆژهەلاَتناسەکان لە یادداشت نامەکانیاندا سەبارەت بە بارو مەسەلە کۆمەلاَیەتییەکان تۆماریان کردون و لە بەشەکانی ئەم کتێبەدا جێمان کردوونەتەوە.

بۆ وێنە ئێمە ناڵێین لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا تاوانبار یان تاوان نییە، و یان ناڵێین لە نێو ژیانی کۆمەلاَیەتی کورددا دزی نییە، ئەمە دیاردەیەکە لە نێو گشت کۆمەڵگاکانی جیهاندا هەیە و لە نێو تۆو لۆی ئەم کتێبەدا پەنجەمان بۆ ڕاکێشاوە، هەروەها باسی دەرەبەگ و کردەوەی هۆزەگەری و ژن هێنان لە ڕێگای ڕفاندنەوە و مارەبڕینی کوڕو کچی منداڵ لە یەکتر، کردووە ئەگەریش بیرو بۆچوونی باشمان لەم بەشەدا تۆمار کردبی ئەوە ناگەیەنی کە ناڕێکی و تەنگ و چەڵەمەکانی ئێرەوئەوی هەڵبووەشێنینەوە، بەلاَم کاتێکیش لە باسەکەماندا ڕەوشتی گەل مەبەستبی ئەوە لایەنە باشەکە زاڵ دەبی و ناسنامەی ئەم بەشەی کتێبەکەش دەنوێنی بە بی ئەوەی هیچ لایەنێکی دیاری کراوی نارێك پشت گوی بخەین، بەلاَم لە بابەتی گونجاوی بەشەکانی کتێبەکەدا باسیان دەکەین.

بۆ ڕاستیی و مێژووش دەڵێین! نووسەر هەولێ داوە گشت ئەو کتێب و سەرچاوانەی دەربارەی ئەم بابەتە لە عێراقدا دەست دەکەون بخوێنێتەوە و ئەوەی بۆ دووپات بووەتەوە کەوا



هێڵی نیشاندەری بیرو بۆچوونی ڕۆژهەلاَتناس و ڕەوەندەکان لە بەرژەوەندی کورددایە. لە دیدو بۆچوونی ئەواندا کورد پەسەندە و لێرەشدا ئەمانەوەی ئەوە بسەلمێنین کە لەم بەشەدا ئەو بۆچوونانەمان تۆمار کردووە کە ڕەنگە ڕای گشتیانی لەسەر بی و ئەمەش بە هەل دەزانین بۆ ئاشناکردنی خوێنەر بە تایبەت مەندێتییەکانی کۆمەڵگایەك کەوا کەوتۆتە بەر چەپۆکی زەمانە و شوێن و دواییش شەڕی مێژوو.

ڕەنگە گەورەترین خاسییەتی ئەم گەلەش کە مایەی شانازی و سەربەرزی بێت ئەوە بی هەرگیز بیری بۆ ئەوە نەچووە گەلێکی دی بخاتە ژێر چەپۆکی خۆیەوە و لەوە زیاتریشی مەبەست نەبووە تەنها بەرگری لە ماڵ و شەرەف و ئەو پاشەرۆژەی بکات کە شاییستەی کۆمەڵگا، نەبەردەکەی بێت.

## باوەڕو ڕاستگۆیەتی

مرۆڤی کورد باوەڕی بە خەڵکی دی هەیە و ڕاستگۆیەتیان تیا بە دی دەکات، چونکە خۆی ڕاستگۆیە، هەموو ئەوانەی لەگەڵ کورداندا ژیاون باوەڕیان بە مرۆڤی کوردە و لە ئاستیا هەست بە دڵنیایی دەکەن.

باسیل نیکیتین (١٩١٥-١٩١٨)لە زمانی بایندەرەوە ساڵی ١٨٨٧ کە ڕەوەندێکی فەرەنسی بووە و سەردانی کوردستانی کردووە دەڵێت : وێڕای ئەوەی کوردان کۆچەرن خاوەنی هەستی شکۆمەندین و بەتەواوەتی پابەندی پەیمانەکانیانن. بۆیە ئەگەر یەکێکیان پەیمانی پێدابیت کە بە سەلامەتی دەتگەیەنێتە شوێنێك بە بی سی و دوو لێی دڵنیا بە، بەلاَم ئەگەر بە ڕێککەوت بۆ ڕۆژی دوایی چاوی پێتکەوت بە دووری مەبینە بە توندی سەودات لەگەڵ بکات ئەگەر پێویستبی (٦٥).

لەو باوەڕەداین ئەم هەڵسەنگاندنە کارێکی بابەتییانەیە بۆ کەسایەتی کورد کەوا ڕێز لە گفتی خۆی دەنی ئەگەر پەیمان لە نێواندا بێت، بەلاَم ئەگەر هەردوو لا پەیمانی نێوانیان هەڵوەشاندەوە مەسەلەکە دەگۆڕی و ئەگەر پێویستبی بە جۆرێکی دی سەودا دەکەن. ڕەوەندەکان گەلی نموونەی لەم جۆرەیان هێناوەتەوە بۆ دووپات کردنەوەی ئەوەی کە کورد جێی باوەڕە.

باسیل نیکیتین دەڵێت : جارێك بەگێکی کورد لە کاتی شالاَوەکەی (**حافظ** پاشا) دا ساڵی ١٨٣٧ بە دیل دەگیری و دوژمنانی پەیمانی پێدانی سامانێکی زۆری پێدەدەن هەتا هەندی

شوێنی شۆڕشگێرانی کوردیان بۆ ئاشکرا بکات ئەویش بەرانبەر بەوە دەیگوت : پێشەوای کورد هەرگیز رازی نابی ببی بە پێشەوای نەتەوەیەکی دی. ئەوە بوو بۆ ماوەی دوو رۆژ هەرچی شێوازێکیان لەگەڵ بەکارهێنا بی سوود بوو، لە ئەنجامدا پاشای دڵ پڕ لە کینە فرێی دایە نێو برێك رۆنی کوڵاوەوە و ئەویش لە پێناو شکۆمەندی خۆیدا ئەو شێوە مردنەی کرد بە بەشی خۆی (٦٨).

سۆن (لە گریی یەکەمی سەدەی بیستەمدا) وێنەیەکی دیکەمان بۆ دێنێتەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە کورد نیازپاکە و باوەڕی بە خۆی و ژنەکەی و خەڵکی دی هەیە.

ئەوەشمان لەبەشی میوانداری کوردەواریدا باسکردووە.

هاملتۆن (١٩٢٨) وێڕای ئەوەی ترسی ئەوەی لێنشتووە تۆڵەی حکوومەتەکەی لێبسێنرێتەوە لەوکاتەدا کەوا فرۆکەکانی بەریتانیا شاری سلێمانییان بۆردومان دەکردو گوندی (عەلی ئاغا) کەوا نزیکی شوێنەکەی هاملتۆن بووە، بەڵام دەڵێت : لەبەرانبەر ئەم هەڵوێستەدا هەستم بە دڵنیایی و بەرقەراری تەواو کردووە هەرچەند بە تەنیا بوومە و پاسەوانم نەبووە، بەڵام نەترساوم (١٣٠).

هاملتۆن لە بابەتێکی دیکەی یادداشتنامەکانیدا دەڵێت : کوردان کە بەوە بە ناوبانگن خراپە لە بیر ناکەن جارێك بانگیان کردووە بەشداری شیوخواردنیان لەگەڵ بکات کلیلی دیوەخانەکەیان داوەتی بۆ ئەوەی دەرگاکەی لەسەر خۆی دابخات تا پتر دڵنیا بێت... هاملتۆن ئەوەشی باسکردووە کە خاوەن دیوەخان بۆ دڵنیا بوونی میوانەکەی و دووپات کردنەوەی نیازپاکێتی پێش نووستن دڵنیابووە لەوەی کە تفەنگەکانیان لە تەنیشت خۆیانن (١٩٦).

لە بارەی باوەڕپێبەخشینەوەش رائیدی ئەندازیاری ئینگلیزی لە کەرکووك بیری هاملتۆنی میوانانی کوردستان، ئامۆژگاری بۆ پێرەوکردنی راستگۆیی ئاراستە دەکات و دەڵێت : پەیمان بە کوردان مەدە ئەگەر جی بە جێی نەکەی وریاش بە هەوڵی فریودانیان نەدەی، بەرانبەر بەمە دەبێتە جێی باوەڕیان و هەرگیز ناتخەڵەتێنن (٤٦).

باوەڕپێکردن بە بەرانبەر وەك رەوشتێکی پەسەند لە لایەن پێشەوایانی کوردو رۆڵەکانی ئەم گەلەوە بووەتە جێی سەرنجی میوانە بیانییەکانی کوردستان و لە گەلی شوێندا پەنجەیان بۆ راکێشاوە. لێرەشدا پێمان خۆشە ئەم چیرۆکە راستەقینەیە باسبکەین کەوا لە یادداشتنامەکانی هاملتۆن دا هاتووە و سیمای باوەڕپێکردنی خوالێخۆشبوو شێخ مەحموودی حەفید لەگەڵ دوژمنەکەیدا نیشان دەدا کاتێك ئینگلیزەکان لە سلێمانی پاشەکشی دەکەن و بڕیاردەدەن



کلارك وەك ئەفسەرێکی سیاسی لە سلێمانی و راوێژکاری شێخ مەحموودی نەمر لەم شارەدا بمێنێتەوە. بەڵام شێخ مەحموود وەك بارمتە سەودای لەگەڵ دەکات.

ئەمەش کلارك تووڕە دەکات هەربۆیەش لە کۆڕێکدا بە شێخی نەمر دەڵێت : تۆ راوێژکارەکەی خۆت وەك بارمتە تەماشا دەکەیت و ئەگەریش وا پێش بینی بکەیت کە هێزی ئاسمانی بەریتانیا شاری سلێمانی بۆردومان ناکات، چونکە دیلێکی ئەوانی تیایە ئەوە تۆ بە هەڵەدا چووی، کاتێکش ئەم دیلە یان ئەم بارمتە، داکۆکی کرد بۆ بە جی هێشتنی سلێمانی، شێخ مەحموودی نەمر رازی بوو و لێپرسی ئایا دەگەڕێتەوە و کەی ؟

کلارك لەوەڵامدا دەڵێت : رەنگە چەندمانگێکی کەم بە سەرقافڵەی فەوجەکانی لیفی و سوپای عێراقەوە بگەڕێمەوە. شێخ مەحموودی نەمر لەم هەڕەشە ئاشکرایە دەگات و وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت : یان بەو چەشنە یان وەك باڵوێز کاتێك دەبم بە مەلیك. بە هەردوو حاڵەتیش لە ماڵە ساکارەکەی مندا دەبیتە میوانێکی ئازیز. ماڵەکەشت بەگشت تفاقەکانییەوە هەتا دێیتەوە لای ئێمە وەك ئامانەت دەیپارێزین. دەرگاکەت داخەو کلیلەکەم بۆ بێنەو منیش پەیمانت دەدەمی کەس دەسکاری نەکات و هەموو شتێکت لە جێگای خۆی بمێنێتەوە، ئەگەریش بەسەرۆکایەتی شاڵاوێك هاتیتە گیانمان ئەوە پیاوەکانم لە ئاستت دا تفەنگەکانیان دادەنوێنن و ژیانی هاوڕێی ئازیزم دەپارێزن (١٥٩).

ئەوەبوو سلێمانی بۆردومان کراو هێزەکانی لیفی داگیریان کرد، (کلارك) ی ئەفسەری سیاسی دان بەوەدا دەنی کەوا شێخ مەحموودی نەمر پەیمانەکەی خۆی بە جێهێناو وێڕای نارێکی باری ناوشار لە کاتی جەنگدا، بەڵام ئەو ئامانەتە کەس دەستی بۆ درێژ نەکرد هەر بۆیەش دەڵێت : باوەڕناکەیت چەند واقم وڕما کاتێك بینیم ماڵەکەم بەر بۆردومان نەکەوتووە و کەس دەستی بۆ درێژ نەکردووە، کاتێکیش شێخ مەحموود کلیلەکانی دایە دەست ووتی : ئاواتە خوازم شتەکانت وەك خۆیان مابێتەوە ئەمەیە رەوشتی شێخ مەحموودی نەمر (١٦١).

دوکتۆر روس (١٨٣٣) لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ رواندز لە سەردەمی پاشای گەورەدا دەڵێت : هەرگیز دەرگاکان بەشەو داناخرێن کە ئەوەش نیشانەی دڵنیایی و باوەڕپێکردنە بە خەڵکی.

گومانیش لەوەدا نییە پێوەندییەکی توندو تۆڵ لە نێوان راستگۆیی و دڵسۆزیدا هەیە، تەنانەت هەندی لە باسی رەوشتی کەسێکدا جیاوازییان ناخەنە نێوانەوە. واش دیارە هاملتۆن بە هۆی سەوداکردنی رۆژانەیەوە لەگەڵ کورداندا لە پرۆژەی کردنەوەی رێگای نێوان هەولێر و

رواندز و مانەوەی ماوەیەکی زۆر لەگەڵیانا و بە کری کارکردنیشیان لەگەڵی لەو بوارە سەختەدا بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵێك دیدوبۆچوونی واقعییانەیان دەربارە تۆمار بکات. هەر بۆیەش دەبینین راستگۆیەتی کورد سەرنجی هاملتۆنی راکێشاوە، بە تایبەت کاتێك هەندی لە کرێکارەکان پێیان وتوو کرێیان وەرنەگرتووە و دوایش ئەوەی بۆ دووپات بووەتەوە راستیان کردووە. هەروەها دابەشکردنی ئەو کرێیەی کە داویە بە کۆمەڵێکیان لە نێو خۆیاندا، چونکە دراوی وردەی نەبووە و ناچار بووە بە کۆ بیانداتێ و ئەوانیش بە ئەمانەت و بەبێ ئەوەی ببێتە مایەی ناکۆکی لە نێوانیاندا دابەشیان کردووە لە کۆتاییشدا ئەوە دووپات دەکاتەوە کە خەڵکانێکی دڵسۆزن و زۆریش بە ووشیارییەوە بە پاسەوانی کورددا هەڵ دەدا (١١٨).

خالفین لە زمانی نووسەری ئەرمەنی ئەبوڤیانەوە کە ماوەیەکی زۆر لە نێو گەلی کورددا ژیاوە و زۆر ئاگاداری رەوتی ژیانیانە دەڵێت : ئەگەر مرۆڤی کورد بە وشەی شەرەف سوێندی خوارد کە ماڵ و دارایی کەسانێکی دی یان نهێنییەکیان دەپارێزی ئەوە ئامادەیە لە پێناوی بەجێهێنانی گفتی خۆیدا گیانی ببەخشی(٢٥).

وێڕای ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد پێویستە پەنجە بۆ سەرنجەکەی سۆن رابکێشین کە باسی ئەوەی کردووە خەڵکی شاری سلێمانی بە گشتی ئارەزوومەندی ئەوەن بە مەبەستی ئاشنایەتی پەیداکردن پرسیار ئاڕاستەی ئەو کەسانە بکەن کە سەردانی شارەکەیان دەکەن، نموونەیەکیشی بۆ ئەمە هێناوەتەوە (٤٢).

بەلاّم ئەم ئارەزووە بەلای ئێمەوە جێی سەرسوڕمان نییە، چونکە رەنگە ئەم دیاردەیە لە هەموو شارەکاندا ببینن بە تایبەت ئەگەر هۆکاری زەمەن لەبەر چاوبگرین واتە ئەو ماوەیەی سۆن تیایدا لە سلێمانی ژیاوە (سەرەتای سەدەی بیستەم) کە مرۆڤی کورد بە پیاوەتی و راستەوخۆیی وەسف دەکات (١٤٢).

## ورد بوونەوە

رۆژ هەلاّتناس و رەوەندەکان کەوتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی کەوا مرۆڤی کورد ورد بوونەوەی لا پەسەندە، مینۆڕسکی ئەوەی باسکردووە کە کوردان توانایەکی بێسنووریان هەیە بۆ تێڕوانینی قووڵ و چوونە ناو ناخی مەسەلەکانەوە، بە بایەخێکی زۆرەوە دەڕواننە رووی بەرانبەر تەنانەت دەڵێت : هەر جارێك سەردانی کوردەکانی بکردایە ئەو باوەڕەی لا بەرجەستە دەبوو کە دەیان چاو وێنەی دەکێشن (٦٨).



مینۆڕسکی (گرێی دووەمی سەدەی بیستەم) ئەم دیاردەیەی لای کوردان بەوە شیکردۆتەوە کە مەترسی بەردەوام بووەتە هۆی ئەوەی گومانیان هەبی و هەمیشە ئازاو چاوکراوەبن، ئەمەی دواییشیان لە سیمای وردبوونەوەی پێش بڕیاردان جیا نابێتەوە.

بێگومان بە دیقەت روانین و وردبوونەوەی قووڵ هۆکاری یارمەتیدەرن بۆ بڕیاردان لە زەیندا. لێرەوە جێی خۆیەتی نموونەیەکی مینۆرسکی بێنینەوە کە بۆ ئەم مەبەستە دەشی، دەڵێت : جارێکیان رێم کەوتە شوێنێك کە پێش سی ساڵ سەردانم کردبوو خەڵکەکەی پرسیاریان لێکردم کوا ئەسپە کۆنەکەت ؟ تەنانەت پرسیاری هەندی شتیان دەربارە لێکردم کە من خۆم لە بیرم چووبوونەوە (٦٨).

## زیرەکی

سۆن لەگەڵێك شوێنی کتێبەکەیدا باسی بابەتی زیرەکی و ژیری گەلی کورد دەکات (٦١). لە شوێنێکی دیکەشدا دەڵێت تابلێی جوامێرو ژیرن (١٨٦). تەنانەت بە زیرەکترین گەلیان دەداتە قەڵەم (٦٢) لە راستیشدا ئەم شایەتییەی، شەهادەت نامەیەکە بۆ کوردو مایەی شانازییە، چونکە ئەوە روونە سۆن ئەمەی وەك واقعێك دووپات کردۆتەوە نەك لەبەر خاترکاری، کە پێویستی پێنەبووە، سەرباری ئەوەش تەنها بۆ کوردیشی نەوتووە، بەڵکو لە یادداشتنامەکانیدا تۆماری کردووە کەوا لە پاش خۆی چاپکراون. ئەوەی یادداشتنامەکانی سۆنیش بخوێنێتەوە هەڵوێستی ئەوتۆیان تیا دەدۆزێتەوە کە سۆنیان دوچاری سەرسوڕمان کردووە. ئیدی ئەگەر لە قاڵبی رەفتارت یان پرسیار یان دەستەواژەی زیرەکانە دابووبێت، لەو کاتەدا کە لەگەڵ کوردەکاندا بووە و گوێی لێبوون یان سەرنجیان راکێشاوە.

مرۆڤی کورد وەك چۆن باسیل نیکیتین باسی دەکات ژیری و زیرەکی بە نیشانەی شانازی دەزانی، خۆیشی گوندنشینێکی ژیرو وریایە، نیکیتین لەم بارەیەوە چیرۆکی جوان دەگێڕێتەوە بۆ سەڵماندنی زیرەکی و ژیری کورد وەك چیرۆکی (عیسا) و هی دی (٧٠- ٧٣).

بەلاّم تۆما بوا لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا بەوە باسی کورد دەکات کە قسە خۆش و ژیرو دڵ پڕ لە سۆزن (٧٠) بایندەر زیرەکی بە یەکی لە سی رەوشتە گرنگەکانی گەلی کورد دەزانی و بەو چاوە سەیری کوردان دەکات کە جوان و بەهێزو زیرەکن، بەلاّم بایندەر ئاواتەخواز بووە هۆکاری شارستانییەت بگەیشتبایە کوردستان و گەلی کورد سوودی لێببینایە، چونکە

لەو باوەڕەدا بووە ئەو کاتە لە تورك و فارسە دراوسێکانیان باشتر دەبوون. شایەنی باسە باینەر لە سەدەی نۆزدەدا سەردانی کوردستانی کردووە (١٨٨٧) (١١٠) *.

هاملتۆنیش دووپاتی دەکاتەوە کەوا کوردان دووربینن بۆ ئەمەش نموونەیەك دێنێتەوە و دەڵێت : کوردان پێشتر یەدەکی خۆیان قایم دەکەن، هەمیشە خۆراك ئەمباردەکەن و بەردەوام خواردەمەنییان لێنابڕێت (١٦٤).

بەلام برانت لە میانەی هەڵوێستێکەوە ئەوەی سەلماندووە کە کورد زیرەکە، جارێك چاوی بە ئیمامی مزگەوتی شارۆچکەی خینی لە کوردستانی تورکیا دەکەوێت، کە خەڵکی ناوچەکە بە گەمژە باسدەکات. ئەم ئیمامەش کە زۆر ژیر دەبی خەڵکی دیاربەکرەو ناوی شەریف بەگ بووە بۆیە وای بە خەڵکەکە وتووە، چونکە تا ئەو کاتە عەرەبانەیان بەکارنەهێناوە برانت لەوەلامیدا وتوویەتی : ئەم دواکەوتنە لە بناغەدا پێوەندی بە سروشتی ئەو حوکمەوە هەیە کە دەسەلات دەگرێتە دەس و پێوەندی بە گەمژەیی خەڵکی ناوچەکە یان زەین کوێریانەوە نییە.

برانت زۆر بە روونی پەنجەی بۆ ئەوە راکێشاوە کە هەر هونەرێك یان ئارەزوویەکی داهێنان لە لایەن خەڵکی ناوچەکەوە بە هۆی ئەو ستەمکارییەوە کە لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ کوردستان لە نێوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا بەرپا بووە و بە چاوی خۆی بینیویەتی دووچاری کپبوونەوە بووە (٥٦) , مینۆرسکیش دووپاتی دەکاتەوە کەوا کوردەکان خەڵکانێکی خاو یان گەمژە نین، بەلام پێویستیان بە توانستی تەواو هەیە بۆ گەشەپێکردنی رۆشنبیرییان.

گومانیش لەوەدا نییە ئەمە پێوەندییەکی تەواوی بە سروشتی ئەو رژێمانەوە هەیە کەوا لە دوای یەك حوکمی ناوچەکەیان کردووە و گەمارۆیان خستۆتە سەر گشت شێوەکانی رووناکبیری لە کوردستاندا بە تایبەت دەسەلات داسەپاندنی تورك لە ناوچەکەدا کە ماوەی چەند سەدەیەك بەردەوام بووە.

مینۆرسکی گەلێك نیشانەی بۆ هۆشیاری و رووناکبیری کورد دیاری کردووە ئەوانەشی لە میانەی خۆشویستنی کوردەوە بۆ سروشتی کوردستان و گونجاندنی لە گەڵیا سەلماندووە، چونکە تاکە دارێك یان بەردێك یان دۆڵێك نابینی ئەگەر ناوێکیان نەبی یان پێوەندییان بە داستانێکەوە نەبی (٦٩).

* بڕوانە شاکر خصباك. الاكراد، ١٩٧٢، ل٤٣٢



ئەدمۆندزیش (بیستەکانی سەدەی بیستەم) لە یادداشتنامەکانیدا ئەوە باسدەکات کوردێك دووچاری سەرسوڕمانی کردووە، دەڵێت: جارێك کوردێکی بۆ یەکەمجار سواری فرۆکە کردووە ئەویش بە بی ئەوەی هیچ شارەزاییەکی لەوەو پێشی لەسەر فرۆکەوانی هەبووبی فرۆکەوانەکەی بە شێوەیەکی سەرنج راکێش ئاراستە کردووە و ئەو پەیامەی پێی بووە لە شوێنی خۆیدا خستوویەتییە خوارەوە، ئەوەشی زۆر ر سەیر بووە کە ئامادە نەبووە لە جیاتی سەرپێچە کوردییەکەی کلاوی فرۆکەوانی لە سەر بکات بۆ پاراستنی سەری. (٢١٢).

ئەگەریش بگەڕێینەوە بۆ لای باسیل نکیتین دەبینن لە بابەتێکی دیکەی کتێبەکەیدا ئەوە دەگێڕێتەوە کە کوردەکان زۆر سەردەخەنە سەر گێل و گەمژەکان و پێیان پێدەکەنن، تەنانەت چیرۆکیشیان لەسەر دەگێڕنەوە.

بەلام جێگای داخە کیرزن لە کتێبەکەیدا فارس و مەسەلەی فارسی، کورد بە گەمژە دەداتە قەڵەم. باری نەخوێندەواری کەوا بە شێوەیەکی بەرین لە سەدەی نۆزدەیەمدا باڵی کێشابوو بە سەر کۆمەڵگای کوردەواریدا بە داخەوە وەك هۆکارێکی نەژاد لە لایەن کەسانێکەوە بەکارهێنراوە بۆ هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگای کوردەواری لە رووی ژیرییەوە. ئەمەش هەڵەیەکی زانستییە، چونکە ناشی خوێندەوارێك خۆی بکات بە پێوەری رۆشنبیری یان هۆشیاری کەسێکی نەخوێندەوار.

کیرزن وەك لە کتێبەکەی خالفیندا هاتووە دەڵێت : گەلێکی زۆر نەزان و نەخوێندەوارن، نازانن فێرکردن و قوتابخانەو کتێب چین. گەلێکن لە دەهەزاریاندا خوێندەوارێکی باش نابینی، گەلێکی بی مێژوو و بی ئەدەبیاتن (٦). لێرەشدا جێگای داخە کیرزن جیاوازی ناخاتە نێوان نەخوێندەواری و گەمژەییەوە. لە لایەکی دیکەشەوە باسی ئەوە ناکات بۆچی تا ئەم رادەیە نەخوێندەواری لە نێو کورددا بلاوە ؟ ئایا خۆیان رێگای نەخوێندەوارییان هەڵبژاردووە ؟

ئایا قوتابخانەیان بۆ کردوونەتەوە و ئەوان پەسەندیان نەکردووە و ئامادە نەبوون منداڵەکانیانی بۆ بنێرن تا فێربن ؟

باوەڕناکەین کیرزن هێند گەمژەبێت نەتوانی وەلامی ئەم پرسیارەمان بداتەوە.

## فێربوون و شارەزایی و رۆشنبیری

کاتێك دەربارەی فێربوون و شارەزایی لە بواری رەوشتی کوردەواریدا باسدەکەین دەبی ئەوە لە یاد نەکەین کە دوو مەسەلەمان مەبەستە یەکەمیان ئامادە بوون بۆ فێربوون و دووەمیشیان ئەوەیە مەبەست لە فێر بوون تەنها پەروەردە و فێر کردنی قوتابخانە نییە.

سەرەتا دەبی پەنجە بۆ ئەوە رابکێشین کەوا مرۆڤی کورد هەر لە منداڵییەوە پابەندە بە فێر بوونەوە و ناچارە لە رێگای تاقیکردنەوەیەکی گرانەوە مانەوەی خۆی بپارێزی ئەمەش سۆن بە روونی ئاماژەی بۆ کردووە (١٨٥).

ژیانی کوردەواری ژیانێکی زۆر قورسە، چونکە سەوداکردن لەگەڵ سروشتی کوردستان وێڕای جوانییەکانی کارێکی ئاسان نییە، سەرباری ئەوەش گشت هۆکارەکانی ستەمکاری و داگیرکردنی ئازادییەکانی هاتۆتە سەر کە بە درێژایی مێژوو دوچاری گەلی کورد بووە و هێزی دوور و نزیك دەستی بۆ وەشاندووە، بۆیە هەمیشە پرۆژەیەکی بەردەوام بووە بۆ بەرگری لە خۆ کردن.مەینەتییەکانی ژیانی منداڵی کوردیان خستۆتە بارێکەوە لە باب و باپیرانییەوە فێری هونەرەکانی جەنگ بێت و ببی بە جەنگاوەر ئەگینا هیچ رێگایەکی دیکەی لە بەردەمدا نەبووە تاقیبکاتەوە بۆ مانەوەی، هەر بۆیەش ژیانی پڕ لە رەنج و ئەشکەنجە و ئازار بووە.

هاملتۆن ئەوەی بۆ ساغ بووەتەوە کە کوردان روحی پێداگری و ئارەزووی تەواویان هەیە بۆ فێربوون، ئەوان مەسەلەکان لە ناونیشانەوە وەرناگرن، بەڵکو لە پێناو فێربوونی ئەو شارەزاییەدا پێدادەگرن کە لێی بێئاگا بوونە (١٠٩).

ئەوەی لەسەرەوەش باسمان کرد دەمانخاتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئاستی ئامادەبوونی کوردان بۆ فێربوون بالایە، بەلام ئەوان لەبەر هۆی رامیاری بۆ ماوەی چەند سەدەیەك بە ئەنقەست لە ژیانیانا لە فێر کردن و رۆشنبیری بێبەشکراون ئەمەش مینۆڕسکی بە روونی ئاشکرای کردووە و دەڵێت : کوردەکان خاوو گەمژە نین بەلام توانستی تەواویان لا نییە بۆ پەرەپێدانی رۆشنبیری و زانیارییەکانیان.

بە کردەوەش دووپات بووەتەوە کە مرۆڤی کورد ئەگەر هەلی فێربوونی بۆ بەرپابێت سەرکەوتنی گەورە وەدەس دێنی، هەر بۆیەش کاتێك ئەو بارەیان بۆ رەخسا سەدان هەزار خوێندکاریان خوێندنیان لە قوتابخانە و کۆلێجەکانی کوردستاندا تەواو کرد.

تەنانەت ئەوانەشیان بە زمانانی دی دەخوێنن ئەنجامی تاقیکردنەوەکانیان لەو خوێندکارانە کەمتر نییە کە بە زمانی خۆیان دەخوێنن.

سۆن لە میانەی سەوداکردنی لەگەڵ کوردانـدا بۆی دووپات بووەتەوە، کە گەلی کورد داهێنەرانەخولقاوە.



سافرستیانیش وادەبینی کە خوێندەوارانی کورد لە گشت بوارەکانی ژیاندا سەرکەوتوون، سەرنجی ئەوەشی داوە کە مەیلی ئەوەیان هەیە سەودا لەگەڵ ئامێردا بکەن و زاڵ بن بەسەر کێشەکاندا (٩٤).

دیدو بۆچوونی سۆن دیسان لەگەڵ سافرستیاندا یەکانگیرە کە دەڵێت : کرێکارانی کورد لێهاتووترین جۆری کرێکارن، پتر لە هەمووشیان لە دڵنیایی و رەزامەندی دەگەڕێن، تیاشیاندا هەیە لە مەیدانی لێهاتوویی و کاری تەکنیکی ئامێریدا هەنگاوی مەزنیان ناوە ئەم جۆرە کرێکارانە هێمنانە کاردەکەن و هەمیشە سەرقاڵ و بەجۆشن، پەرۆشی ئەو شتانەن پێوەندییان بە ئەندازیارییەوە هەیە، غەریزەی ئەدەبیشیان لە ناخدایە (١٧٧).

مینۆڕسکی نموونەی زیندوو و مەیدانیمان بۆ دێنێتەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی کورد زوو فێردەبن و ئاستی لێهاتووییان بەرزە بە تایبەت لەسەر ئاستی زمان و دەڵێت : نابی ئەوە لە یادبکەین کەوا کەسانی وایان تیا هەڵکەوتووە توانیوویانە سەرکەوتنی خێرا لە بواری فێر بووندا وەدەس بێنن، زمانەوانی بەتوانان و زۆربەشیان بە زمانی کوردی یان فارسی دەدوێن، تەنانەت ئەفسەرە کوردەکان ئەوانەی سالانێکی دوورو درێژ لە گۆشە دوورەکانی سەر سنووردا کاردەکەن زمانی فەرەنسییان لە یاد نەچووە کەوا لە قوتابخانەکاندا فێری ببوون.

ئۆسکارمان کە رەوەندێك بوو، لە سابلاغ (مهاباد) میرزا جواد هاوڕێتی کردووە، توانی بە زووترین کات لێیەوە فێری زمانی ئەڵمانی بی، دوایش سەردانی (بەرلین)ی کرد و توانی بە زمانی ئەڵمانی دەربارەی کوردستان و کۆمەڵەو رێکخراوەکان وانە بلێتەوە و بە مەش دراوێکی باشی کۆ کردەوە.

هەروەها مینۆڕسکی نموونەیەکی دەربارەی بازرگان گەلێکی کورد بۆ هێناوینەتەوە کەوا بە زمانێکی رووسی گشتی رەها قسەیان کردووە. لە تورکیاشدا (**قسطنطينية**) رۆشنبیرانی کورد لە نێو روشنبیرانی تورکدا بە زمانی تورکی دواون (٦٨).

## دیاردە و نیشانەکانی لەش

میلنکس (١٨٧٠) دەڵێت : رەگەزی کوردی بە پیاوو ژنەوە دیاردەی جوانیان پێوەیە و لەم بوارەشدا لە تورکە تاتارییەکانیش سەرکەوتوترن تەنانەت ئەوانەش نیشتەجێی (**قسطنطينية**)ن، بالابەرزو دەست و مەچەك بەهێزن و ئەوەی کە لە نێو کوردەکاندا جێی سەرنجە ئەو جیاوازییەیە کە لە رەنگی پێست و نیشانەکانی روومەتیاندا دەردەکەوی، تیایاندا

هەیە ئەسمەر و چاورەشن، هەشیانە قژ زەردو چاوشین، زۆربەشیان خاوەنی قـژ و چـاوی قـاوەیی کالْن، وێڕای ئەمەش خاوەنی نیگای تیژو ئاگرینن (٢٤٤-٥).

والتەر هاریزیش (١٨٩٦) پێستی مرۆڤی کورد بەوە باسدەکات کە لە پێستی دانیشتووانی باشووری ئەورووپا کالْترە. بـەلاّم هـەردوو بـرۆ و برژانگیـان رەنگـی رەشـیان بەسـەردا زاڵـە و لووتیشیان هەلْۆ ئاسایەکی جوانە و دەم و لێویشیان ناسکە. دەم و چاویان درێژو هێلکەئاسایە، بالاّیان ناوەنجیەوە وەك سیمایەکی زاڵ لە نێوانیاندا ریشیان دەتاشن، بەلاّم سمێل دەهێڵنەوە و بە شانە و مۆم جوانی دەکەن. قژی سەریشیان بێجگە لە نەختێك لەم لاو لەولای سەریان دەتاشن.

بەشێوەیەکی گشتی کورد سـیمای جـوانی و خـاوێنی هەڵـدەگرن و نیگـای چـاوی رەش و چالاکی لەشیان نیشانەی بوێری و گورج و گۆڵییانە.

لەراستیشدا ئێمە چەند جۆرێکی سەرتاشینمان لا بینیون نەك تەنها ئـەوەی هـاریس باسـی کردووە. چونکە پێچەوانەش هەیە بۆ نموونە، هەندێك دەوروبەری سەریان دەتاشن و نەختێك لە سەرەوە دەهێڵنەوە و شۆڕ دەبێتە خوارەوە لـە نێـو هەنـدی هۆزیـشدا قـژی سـەر بـە تـەواوی دەتاشرێت.

لەسەر ئاستی رەنگی پێست و چاوو قژ زۆربەی سەرچاوەکان و ئەو رەوەندانەی لـە رێگـای کوردستانی تورکیاوە سەردانی کوردستانی عێراق دوایـش کوردسـتانی ئێرانیـان کـردووە، بـە پێـچەوانەوە سـەرنجی ئـەوەیان داوە کـە زۆربـەی دانیـشتووانی بـاکوور و بـاکووری رۆژئـاوای کوردستان پێست سپی و قژکاڵ و چاوشینن.

فریزەریش بەش بە حاڵی خۆی لە دیاردە و نیشانەکانی مرۆڤی کوردی کۆڵیوەتەوە و دەڵێت : گورج و بەهێزن لە بناغەشدا جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ئێرانیـی دراوسـێیەکانیاندا نییـە (٥٩).

لێرەشدا دەبی ئەوە لە یاد نەکەین کەوا گەشتەکەی فرێزەر لە ئێرانـەوە دەسـتی پێکـردووە بەرەو سلێمانی دواییش بەغدا هەر بۆیەش ئەو لەیەك چوونەی ئـەو باسـیدەکات بـەرای ئێمـە پەیوەستە بە لایەنی کارتێکەریی جوگرافییەوە، پەیوەندی بە لایەنی رەگەزەوە نییە.

بەلاّم فرێزەر وێـڕای ئامـاژەکردنی بـۆ ئـەو لەیـەك چـوونە نیـشانەکانی مرۆڤـی کـوردی جیاکردۆتەوە، سیمای دەم و چاوی شێوەی تایبـەتی خـۆی هەیـە و سـەرنج رادەکێـشی، زەق بوونەوەی ئێسکی لووت و نزمی دەم و چەناگە، بەشێوەیەکی گشتی روخـساری نیـوە بازنـەیی دەبەخشی، چاویشی بەوە باسدەکات کە لە قولاّییدایە و رەنگی تـۆخ و نیگـا تیـژە. هـەردوو

برۆش  روون و نەختێك مەیلەو دوا، بەڵام روخساری كوردان بەگشتی پتر وردو باریكەلە ترن لە ئێرانییەكان كەوا بەگشتی بە خۆوەون، ئەوەشی دووپات كردۆتەوە مەگەر بە دەگمەن لووت فس لە كوردستاندا ببینری. دەم و ددانیشیان وردو جوانن، دەست و پەنجەیان بچووك و باریكن، هەروەها سەلماندوویەتی كە شێوەی لەشیشیان ناوقەد و باریك و رێكن گشت ئەم جوانییانەش وای لێكردوون لە نێوان  نەتەوەكانی دیدا رووخۆش و خوێنشیرین باسبكرێن.

فرێزەر ژنانیشی لە یاد نەكردووە بە گوێرەی ئەوەی توانیویەتی زانیارییان لەسەر تۆماربكات دەڵێت : لە تەمەنی لاویدا زۆر جوانن بەڵام كاتێك بچنە نێو ساڵەوە تەنانەت لە دەوری پێگەیینیشدا ئەو جوانییەیان نامێنی هەرزوو نیشانەی تەپین و بەتەمەنییان پێوە دیار دەبی (٥٩).

ڕیچیش (١٨٢٠) دەڵێت : هەرگیز وەكو خەڵكی كوردستان چ ژن و چ پیاوم نەبینیوە هێند لەشیان بەهێزو تەندروست  بێت كە وێڕای خراپی باری ئاووهەوا بە گشتی چالاك و بەهێزن، منداڵەكانیشیان جوانی خۆیان هەیە (١٢٧-٦).

هاملتۆنیش (كۆتایی بیستەكانی سەدەی بیستەم) دەڵێت : توند و پڕی لەشی كوردەكان مایەی سەرسوڕمانە، بەڵام دەردو پەتا زۆریان لێدەكوژی.

وادیارە هاملتۆن جیاوازی خستۆتە نێوان هێزی لەشی مرۆڤی كوردو بەرگری كردنی لە سەختی سروشت لە لایەكەوە و مەسەلەی نەخۆشی لە لایەكی دییەوە،چونكە بە وردی باسی توندوتۆڵی لەشی مرۆڤی كورد دەكات و دەڵێت : زۆربەیان واتە ئەو كرێكارانەی رێگای نێو شاخیان دەكردەوە پاڵتۆیەكیان نەبوو، یان بێجگە لە جلەكانی بەریان جلی دیكەیان نەبوو، بۆیە ئەگەر جلەكانیان تەڕ ببوایە نەیاندەتوانی بیانگۆڕن، جاری واش هەبوو ئاگریان نەبوو خۆیانی پێگەرم بكەنەوە، هەندێكیشیان لێفە یان پێخەفیان نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەك هاملتۆن دەڵێت : هەرگیز نایەتە یادم یەكێكیان بە هۆی سەرماوە نەخۆش كەوتبی (٢١٢).

ئەدمۆندزیش (سەرەتای بیستەكانی سەدەی بیستەم) ئەو كوردانەی سەردانیان كردووە بەوە باسیكردوون كە دەست و بازووپڕو توندو تۆڵ بوونە (٢١٣).

بەڵام هوبارد (١٩١٦) وەك دەڵێت : بۆ یەكەمجار لە بەغدا كوردی بینیوە، بۆیە لەو باوەڕەدایە وێنەیەكی راستەقینە و تەواوی كوردانی لا بەرجەستە نەبووە، چونكە لەو باوەڕەدا بووە رەنگی پێستیان كاڵ نەبووە، بەڵام زۆری لێبینیون چاوشین و قژكاڵ و ئەندام رێك و هارمۆنی بوونە، بۆیە وادیارە لە جۆری ئەنگلۆ ساكسۆنن نیشانەكانیشیان لەگەڵ نیشانەی



گەلانی رۆژهەڵاتی دەوروبەریاندا یەكبن، ئەو دۆستانەی بینیوومن حەمباڵی كورد بوون. هوبارد بەو ناوە بەغداییەوە كە لەو كاتەدا بۆ ئەو كاسبكارانە بەكارهاتووە ئاماژەی بۆ كردوون (شیالون — Shayyals) بە پیتی لارنووسیوویەتی و پاشان دەڵێت: ئەم جۆرە نایابەی رەگەزی مرۆڤایەتی كە ناوشان پان و لاق بەهێزی، لە چەشنی پەیكەری رۆدنن (Rodin)*، بۆیە ئەوانەی بینیمن جیاواز بوون لەگەڵ ئەو وێنەیەی لە ئەندیشەمدا لەسەریان دروست بوو. كاتێكیش هوبارد بەرەو كوردستان دەكەوێتەری و كوردان لە نیشتمانی خۆیاندا دەبینی هەر ئەوەی بۆ ئەمێنێتەوە بڵێت : كەسایەتی كورد لە نێو چیا نەژادەكانی نیشتمانەكەیدا بەوە دەبینین مەخلووقێكی جوانە، پیاوانی ئەم وڵاتە شێوەی دڵڕاكێشیان هەیە (١٨٥).

بەڵام بۆرتەر ئەوە دووپات دەكاتەوە كە نیشانەكانی مرۆڤی كورد لە ناوچە شاخاوییەكاندا وەك سیمای بەردی وڵاتەكەیان نەگۆڕو چەسپیون (٤٥٧).

سۆن قەدو باڵای مرۆڤی كوردی زۆر لاپەسەندە و لەو باوەڕەدایە باشترین پێوەریان هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی جوانی، دانیشتووانی باكوور باڵابەرزو ناوقەد باریكن،  داچەمین لە نێو كوردان هەرگیز بەرچاو ناكەوی. لووتیان وردو درێژە، رەنگە هەندێكیش خواربێتەوە دەمیشیان بچووك، دەم و چاویشیان هێلكەیی و درێژە، پیاوان سمێڵی درێژ دەهێڵنەوە، ریشیان دەتاشن، چاویشیان نیگای تیژە، گەلێكیشیان قژیان زەردو چاوشینن، ئەگەریش منداڵێكی كوردی لەم چەشنە لەگەڵ كۆمەڵێك منداڵی ئینگلیزدا دابنری هیچ جیاوازییەكیان نابی و لەیەك جیاناكرێنەوە چونكە پێستییان سپییە، وە لە باشووردا دەم و چاو هەندی جار برێك بەرین دەبی،  ئەگەریش چل پیاو لە رۆڵەی هۆزەكانی باشوور بە بی دیاری كردن كۆبكرێنەوە دەبینین باڵای نۆكەسیان لە ٩ پی  كەمترە، ئەمە وێڕای ئەوەی  پێڕی قەدو باڵا لە نێو هەندی لە هۆزەكاندا ٥ پی و ٩ ئینجە، هەنگاویان درێژە و لەسەرخۆیە، توانای زەحمەت كێشانیان زۆرە،  واقعیان چۆنە ئاوەها دەردەكەون (میدی) *ی ئاسای ئەمرۆن ئەگەر جارێكی دی یەك بگرنەوە نەتەوەیەكی بەهێز و مەزن پێكدەهێنن، چونكە خاوەنی تایبەتمەندێتی رەسەنی خۆیانن و كەس ناتوانی زەفەریان پێببەری. سۆن ئەوەشی باسكردووە لە نێو كوردەكاندا گەلێك پیاوی ئەوتۆی بینیوە لە وێنەی نۆرسمن (Norsman) دان كە خاوەنی قژێكی زەردو دوو سمێڵی درێژ و دوو چاوی شین و

---

* رۆدن Rodin لەگەورە مامۆستایانی هونەری پەیكەرتاشییە (١٧٨٤-١٨٥٥)

* بە پێی ئەو تێورییەی ئەوە دووپات دەكاتەوە كەوا میدییەكان باپیرەی كوردەكانی ئێستان.

پێستێکی جوانن، گشت ئەوانە بەڵگەی باوەڕپێکراون کە بێجگە لە زەمانەکەیان، بووەتە هۆی ئەوەی ئەدمۆندز باوەڕ بەوە بێنی کوردەکان و (ئەنگلوساکسۆن)ەکان یەك رەنگن (١٩١).

ئێمە لەو باوەڕەداین بێجگە لە هۆکاری جوگرافی کەوا وای لە کوردەکانی باشوور کردووە مەیلەو ئەسمەر و چاورەش بن بە بەراورد لەگەڵ باکوورییەکاندا، هۆکارێکی دیکەش لە گۆڕینی سیمای کورددا رۆڵی گەورەی گێڕاوە، ئەویش پەیوەستە بەوەی کورد بوونە بە ئیسلام و ئەمەش رێگای لە بەردەم کەمینەیەکی عەرەبدا خۆش کردووە روو لە کوردستان بکەن و لە دەشتەکانیدا نیشتەجێبن و دواییش کارتێکەریی خۆی هەبێ، ئێمە لەو باوەڕەداین بەشی هەرە زۆری گەلی کورد — نەك گەلی فارس — پێست سپی و چاوشینن، بەڵام گەیشتنی عەرەب بە ناوچەکەو ئەو دەستدرێژییەی کرایە سەر گوندەکان و نیشتەجێبوونی بە زۆر لە ناوچەکەدا تارادەیەك بوونەتە هۆی گۆڕانی هەندی لەو سیمایانە، چونکە لە رووی میرات گەرییەوە رەنگی رەش واتە رەشایی چاو یان پێست بە تایبەت ئەگەر رەشێکی بێگەرد بێ واتە نیشانەی BB هەڵبگری یان تەنانەت ئەگەر تێکەڵ بی Bb ئەم رەشاییە رۆڵی گەورە لە دیاری کردنی رەنگی چاو و پێست دەگێڕی، چونکە رەنگی رەش بە پێی چەمکی (جینی)زاڵە، هەرچەند هەریەك لە هەردوو رەنگی سپی لە پێست و شین لە چاودا دەیانەوەی لە بوونی خۆیان دەربڕن، بەڵام ئەم دەربڕینەیان لە کۆتاییدا پێڕی کەمتر دەبی ئەمەش مەسەلەیەکە زانایانی ئەم بوارە یان پسپۆڕەکانی باشتری لێدەگەن. هەر بۆیەش ئێمە لەو باوەڕەداین هاتنی ئیسلام کارتێکەریی بەرچاوی هەبووە بۆ ئەو تێکەڵ کارییە، وەك چۆن لە ئیسپانیا (ئەندەلوس) عەرەبەکان ماوەیەکی زۆر مانەوە و کەوتنە بەر کارتێکەریی (ئاوو سەوزایی و رووی جوان) ئەمەش بارێکی ئەوتۆی رەخساند ژمارەیەکی زۆری ئیسپانییەکان وێڕای گەڕانەوەیان بۆ ئایینی مەسیحی و زمانی نەتەوایەتی خۆیان سیمای عەرەبی هەڵگرن.

هینری فیلدیش لە لێکۆڵینەوە ئەنثروپۆلۆژییەکەیدا لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، کەوا کوردستانیشی گرتۆتەوە باسی سەرئەنجامی کاریگەرانەی ئەو سی نموونەیەی کردووە کەوا لە ساڵی ١٩٢٦ دا لە هەر یەکە لە زاخۆ وڕواندز و سلێمانی وەریگرتووە و گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە مرۆڤی کورد باڵا ناوەنجی و ناوشان پانە.



دەوروبەری سەریشی بەرینە و پێڕی **٣٧-٤٠٪** یان تەوقی سەریان نەوییە* بەڵام بەشی سەرەوەی دەم و چاو یان روومەتی بە گشتی دەچێتە قاڵبی درێژو ناوەنجییەوە، درێژی و پانی لووتیشی ناوەنجییە (٦١).

هەی (١٩١٨-١٩٢٠) دیسان بایەخی بە دیاردە و نیشانەکانی مرۆڤی کورد داوە، تەنانەت لە شێوەی هەڵۆی جواندا دەیانبینی، لێرەشدا پێویستە ئەوە بدرکێنین. هەی لە ناوچەی هەولێردا ژیاوە، بۆیە دیدو بۆچوونەکانی تایبەتن بە ناوچەیەکی دیاریکراوی کوردستانەوە نەك هەمووی، بەهەر حاڵ هەی لە باسی قەدو باڵای جووتیاری کورددا ئەوەی بۆ ساغ بووتەوە لە ٥ پی و ٦ ئینج زیاتر تێناپەڕی مەگەر بە دەگمەن لەوە زیاتر بی (٦١).

سەبارەت بە درێژی قەدو باڵای کورد ئەو رادەیەی هەی و سۆن دیارییان کردووە جیاوازە و ٣ ئینجیان لە نێواندایە، ئێمە لەو باوەڕەداین ئەو جیاوازییە پێوەندی بەو ناوچانەوە هەیە کە پێوانەکانیان تیا بە ئەنجام گەیەنراون لەراستیشدا لێکۆڵینەوەیەکمان نەدۆزیوەتەوە نموونەی گشت ناوچەکانی کوردستانی تیا رەچاو کرابێت بۆ گەیشتن بە پێوانەیەکی ورد، دووریش نییە لە داهاتوودا کارێکی لەو چەشنە ئەنجام بدرێت. ئەگەریش بگەڕێینەوە بۆ هەی دەبینین دەربارەی ئەو نیشانانە دەڵێت : کورد ریش دەهێڵنەوە، بەڵام سەریان بێجگە لە لێوارێکی بچووك دەتاشن، روویان ئاری ئاسایە، قژیشیان بە گشتی رەشە و پێستیشیان وەك ئیتالی یان ئیسپانییەکان گەنم رەنگێکی کاڵ یان لەوان کاڵترە.دەشێ لە نێو کوردەکاندا خاوەنی قژی سوور و چاوی شین و روومەتی شل ببینی (١٦٠).

وادیارە خەڵکی ئەو شوێنانەی ئەو سەردانی کردوون ریش دەهێڵنەوە ئێمەش ئەو دیاردەیە لە نێو هەندی لەو هۆزانەدا دەبینین کەوا سەرەك هۆزەکە وێڕای ئەوەی سەرۆکێکی دنیایییە سەرۆکێکی رۆحیشە، بەڵام ناتوانین بڵێین ئەم دیاردەیە گشت کوردان دەگرێتەوە، بەڵکو پێچەوانەکەی تەواو ترە، چونکە بە زۆری ریش دەتاشن و سمێڵیش بە کورت بی یان درێژ دەهێڵنەوە بەڵام شمیدت (لە سەرەتای شەستەکاندا) دیمەنی ئەو سەد کوردەی تۆقەی لەگەڵ کردوون بەشکۆمەند باسکردووە (٥٢).

مالیباردیش ئەوەی درکاندووە کە نیشانە و دیاردەی کوردەکان موژدە بەر و ئاشتی بەخشن (٢١٨).

* بەڕای ئێمە پشتی سەر نەوی دەبی چونکە منداڵی کورد ماوەیەکی زۆر لە نێو لانکەدا دەمێنێتەوە.

## زەبر و هێز

ژیان لە كوردستاندا ئاسان نییە و هەندی هەڵوێست پێویستییان بە هێزو زەبر هەیە، گومانیش لەوەاد نییە هێزی لەش پەیوەستە بە تەندروستی باشەوە. شایانی باسیشە گەلێك لە رۆژهەلأت ناس و رەوەندەكان ئەوانەی سەردانی كوردستانیان كردووە پەنجەیان بۆ ئەوە راكێشاوە كە بەگشتی تەندروستی خەڵك لە كوردستاندا باشە.بۆ وێنە سافرستیان دەڵێت : كوردەكان خاوەنی تەندروستی باش و لەشی بەهێزن (١٩٤).

بایندەری رەوەندی فەرەنسیش كە لە بابەتی (زیرەكی) دا باسمان كرد كوردی بە جوانی و هێزدار و زیرەك وەسف كردووە و ئاماژەی بۆ ئەوەش كردووە كە كوردان ئاواتەخوازن دەستی شارستانێتیان پێبگات و لە دراوسێكانی دەوروبەریان باشترین (١١٠).

هاملتۆن ئەو كوردانەی كە لەگەڵیاندا ژیاوە و پێكەوە كاریان كردووە بۆ كردنەوەی رێگای رواندز — هەولێر بەوە باس كردووە كە دەچنە دڵەوە، كاتێكیش بە بۆنەی دابەستنی پردێك لە نزیك رواندزەوە كرێكارەكانی بانگێشتی نان خواردن كردووە پێیوتوون : ئامادەكردنی خواردن بۆ هەزار كەس كارێكی ئاسان نییە، بەلأم شایستەی ئەوەن چونكە ئاوبەندی عەلی * بەگیان بڕیوە (٢١٥).

هەر خۆیشیی لە بابەتێكی دیكەی یادداشتنامەكانیادا باسی رەوشتی كوردانی كردووە و بە هێزی تاكەكەس دەستپێكردووە و دواییش لووت بەرزی.

سۆنیش ئەو حەمبالأنەی چوونەتە دڵ، كە شتومەكەكانیان بۆ هەڵگرتووە و بە باری قورسیانەوە كەوتوونەتە پێشی و ئەمەشی بە ئاسایی زانیوە چونكە رۆڵەی نەتەوەیەكن بەهێز و رێكردنەوە ناوبانگیان دەركردووە (٩٧).

سۆن میزاجی مرۆڤی كورد بەجێی ترس دەزانی، چونكە زوو هەڵئەچی،كارتێكەریی ئەمەش بۆ سروشتی ژیانی سەختی نەتەوەی كورد دەگەڕێنێتەوە (١٤٢). فریزەریش كە بۆچوونەكانی لەوەوە نزیكە و لەو باوەڕەدایە كە زووهەڵدەچن و شەڕدەكەن (١٨٦).

مینۆرسكی بە سەرسوڕمانەوە دەڕوانێتە توند رەفتاری كورد و وای بۆ چووە كە لە ئەلبانییەكان دەچن كەوا حەز دەكەن لە رێگای چەكەوە هێزو توانستی خۆیان دەربخەن و ئەوەیان لا پەسەندە بە تەنها بزاوێكی خێراو بە گوللەیەك مرۆڤێكی بەهێز لە نێو بەرن.

* ئاوبەندێكی مەزنە نزیك رواندز لە كوردستانی عێراق



لێرەدا پێویستە پەنجە بۆ ئەوە رابكێشین ئەوا ئەبێتە نزیكەی هەشتا ساڵ بەسەر دیدوبۆچوونەكانی مینۆرسكیدا تێدەپەڕی ئایا كورد هەر لەسەر ئەو زەبرو هێزە ماون، لەو باوەڕەداین گەشەسەندنی شارستانێتی لە كوردستاندا هەرچەند لە سەر خۆشە بە هۆی كۆمەڵێك هۆكارو باری رامیارییەوە كارتێكەری خۆی هەیە و كورد ئێستا ئارەزووی ئەوە ناكات كە مینۆرسكی هەندێكی دی ئاماژەیان بۆ كردووە. ئەو بارودۆخە سەختەی بە درێژایی مێژوو دوچاری كورد بووە ناچاری كردووە هۆگری هێزو زەبر بێت ئەمەش باسیل نیكیتین پەنجەی بۆ راكێشاوە كە دووپاتی دەكاتەوە، یەكەم نیشانەی كەسایەتی كورد كە زەق دەكەوێتە بەر چاو ئەوەیە ئارەزوومەندی جەنگن، كە ئەویش ژیانی كۆچەری و تەقەڵلای بەردەوامیان بۆ دابینكردنی لەوەڕگای بە پیت یان راوكردن یان داگیركردن فێری كردوون و بارێكی دەروونی وای لا دروست كردوون حەز بە پابەندی نەكەن و دژی هەموو شتێكی نا پەسەند هەڵچن دەربارەی تاكەوشەی داگیركردنیش كە باسیل نیكیتین ئاماژەی بۆ كردووە پێم خۆشە ئەوە روون بكەمەوە كەوا چەمكی ئەم وشەیە لای كورد جیاوازە لە نەتەوەكانی دی كە مەبەستێكیان لا پێكدەهێنی، واتە نیازێكی لەوەوپێش و نەخشە بۆ دانراو بۆ داگیركردنی هۆزێك.

ئەمە لای كوردەكان نییە، بەڵكو دەگەڕێتەوە بۆ هۆكاری ناكۆكی لەپڕ لە نێوان دوو هۆز یان دوو كۆمەڵ. كاری تالأن كاری و ژن بردنیشی وەك دەست كەوت تیا روو نادات، بۆیە هەندی نەریتی رەسەن و دێرینیان هەیە رەنگە لە نێو ئەو نەتەوانەدا نەبن كە بە درێژایی مێژوویان داگیركردن پیشەیان بووە. لە كاتێكیشدا كە ویگرام رەبزو هێزی كورد و پتەوەێتی رەسەنیان دووپات دەكاتەوە. مینۆرسكی بەرانبەر زبرو زەنگی كورد سەرسام دەوەستی و بەوەی لێكدەداتەوە روون نییە (١٥٧) رەنگە سەرسوڕمانەكەی مینۆرسكیش لەوەوە سەرچاوەی گرتبی كە كۆمەڵێك رەوشتی بەرزو خێرخوازانەی لەپاڵ توند رەفتاریدا لای كوردەكان سەرنج داوە. ئێمە لەو باوەڕەداین بارە سەختەكانی ژیان و واقیعی رامیاری و مێژووی گەلی كورد ناچاری كردووە زەبرو هێز پەسەند بكات كە ئەویش یەكی لە نهێنیەكانی مانەوەیەتی لە ژیانی سەخت و پڕ كێشە دا.

## پیاوەتی

هەی لە یادداشتنامەكانیا باسی كردووە كوردەكان لە توندترین ئەو گەلانەن كە پیاوەتی و مەردایەتیان لا پەسەندە، وێڕای ئەوە ئاری رەگەزن، بەلأم خەڵكی بەریتانیا هیچیان لەسەر نازانن.

پیاوەتی لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا نەریت و ری و ڕەسمی خۆی هەیە، بۆ وێنە وێڕای ئەوەی کۆمەڵگای کوردی ڕێزێکی زۆر لە ژنان دەنێ (٢٦).

سۆن ئەوەی سەرنج داوە کە لە نێو کورداندا شیاو نییە پیاو زۆر تێکەڵی ژنان بێت و حەز بکات قسەیان لەگەڵ بکات بە (ژنانی) ناو دەبرێت و ئەمەش پیاوی کورد بە جوانی نازانی.

هەروەها ئەوەش پیاوەتی نییە پیاو لە نائارامی و ترس و خەمباری خۆی بدوی تەنانەت گریانیش بۆ پیاو ناشی هەر چەند ئازیزیشی بمری. لەو باوەڕەداین ئەم ڕەوشتە لە پاشماوەکانی ئاینی زەردەشتییە، چونکە زەردەشت گریانی بۆ مردوو حەرام کرد بوو، ئەمەشمان لە بەشی بیرو باوەڕدا باسکردووە.

هاملتۆن وێنەی لەسەر هەندی لە سەرنجە تایبەتییەکانی خۆی دەربارەی جۆرێك لە شێوەی لووتبەرزی هێناوەتەوە کەوا پیاوەتی لە نێو کورداندا دایسەپاندووە، دەڵێت: عەزیز ئاغا زۆر دوو دڵ و نا ئارام بوو، بەلاّم بەو لووتبەرزی و شکۆمەندییەی دەیویست لێی کەم بکاتەوە.

هاملتۆن درێژەی بەو هەڵوێستە سەختە داوە کە لەگەڵ عەزیز ئاغادا تووشی بووە کاتێك ئەشکەوتێکی بەسامیان لە کوردستاندا دۆزیوەتەوە و چوونەتە نێو پێچ و پەناکانییەوە، عەزیز ئاغا وتوویەتی پێش ئێمەکەس هێندە نەچووەتە قولاّییەوە و بە سەلامەتی گەڕابێتەوە. هەی بەتایبەت باسی ئەوەی کردووە کە جارێك پیاوێك ویستوویەتی بە تەنها بچێتە نێو قولاّی ئەو ئەشکەوتەوە، بەلاّم ئیدی کەس هیچی دەربارە نەبیستووە (١٧٦). هەروەها هاملتۆن دەربارەی دوو تاوانکار دواوە کە حوکمی لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە و ئاواتەخواز بوونە بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان لە ڕێگای هەولێر — ڕواندز. هاملتۆن لە کۆتاییدا گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی ئەم نەتەوەیە هیچ جۆرە ئاژەڵ یان ئادەمیزادێك نایانترسێنی و دەست و برد تەقەیان لێدەکەن (١٧٦).

چەکیش لایی کوردان دیاردەیەکی پیاوەتییە و زۆریش ئارەزووی هەڵگرتنی دەکەن، مینۆرسکی لەم بارەیەوە دەڵێت : کورد وەکو ئەلبانی لە دەرخستنی هێزو توانستی خۆیدا چێژ دەبینی.باسیل نیکیتین لە باسی ڕاو بۆچوونی زانای گەورە مار دەڵێت : داب و نەریتی پیاوەتی لای کوردان چەسپ و ڕەسەنە وەك بەردی ولاّتەکەیانە.

## بوێری

ویگرام ئامۆژگاری گشت ئەو ئەوروپاییانەی نیازی سەردانی کوردستانیان هەیە بەوە دەکات چالاك و هێمن و قسەخۆش بن (٢٧٢). لەو باوەڕەشداین ئەم ئامۆژگارییە وشەیەکی



تیژتێپەر نییە، بەڵکو لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ورددا بۆی ساغ بووەتەوە کاتێك ماوەی نزیکەی سەدەیەك ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان گەڕاوە و سەرنجی تۆمار کردووە. دەبینین ویگرام لە نێو کوردەکاندا هەستی بەوە کردووە چالاکی و نان بدەیی و بەخشش پەسەندە نەك ترسنۆکی. دیارە هێمنیش کە وەك مەرجێك بە پێویستی زانیوە بۆ ئەو گەڕۆکانەی لە کوردستاندا دەگەرێن دیارە مەبەستی ئەوەیە کورد زوو هەڵئەچن بۆیە ئەوەی بیەوی ئاشنایەتییان لەگەڵ دروست بکات پێویستە شێوەی ڕەفتار و قسە کردنی لەگەڵیان نەبێتە مایەی ئەوەی ورووژانیان لا دروست بکات، مەرجی سێیەمیش قسەی خۆش و نوکتە ئەوە پاسەپۆرتێکی نایابە لە کۆمەڵگای کوردیدا و زۆری پەسەندی دەکەن.

تۆما بواش بە جوانی پەنجە بۆ بوێری کورد درێژ دەکات و بەوەیان باسدەکات لە بەردەم مردندا خۆڕاگرن و بەوپەڕی ئازایەتییەوە ڕووبەڕووی دەبنەوە، مردنیشیان لە گۆڕەپانی چەنگدا لە مردنی سەر جێگا لا باشترە (٩٧).

هاملتۆن بوێری کورد بەدەستەواژەی (لە شۆڕش گەڕ) باسدەکات (٥٧). ئەم بوێرییەش لە ڕاستیدا بە بۆچوونی ئێمە لە بوێری ئاسایی جیاوازە، چونکە بوێر هەیە لە هەڵوێستێکی دیاری کراودا کە پێویست بکات بوێری خۆی پیشان داوە، بەلاّم مرۆڤ خۆی لەو هەڵوێستە بگەڕێ کە پێویستی بە بوێرییە ئەمە بە باوەڕی ئێمە قۆناغێکی پێشکەوتووە لە بوێری ژیاندا. هاملتۆن مەسەلەیەکی دیکەی لە بوێری کورددا دەسنیشان کردووە ئەویش ئەوەیە زۆر ڕێز لە مرۆڤی غەریبی بوێر دەنێن و دڵنیای دەکەنەوە نەك لەبەر ئەوەی لێیدەترسن بەڵکو بۆ ڕێزلێنان لە ئازایەتییەکەی بەو چاوە تەماشای دەکەن. هاملتۆن دەڵێت : کلارك پێش ئەو سەردانی ناوچەکەی کردبوو وێڕای مەترسی ئەو سەردانەی کوردەکان ڕێزیان لە بوێرێتییەکەی دەنا. کلارك کە پشکێنەری کارگێری بوو لە هەولێر و ڕوتبەی نەقیبی هەڵدەگرت لە کاتی خوێناویدا لە ناوچە عەشایرییەکاندا دەگەڕا. هاملتۆن ئەوەی دووپات کردۆتەوە چالاکی و ئازایەتییان زۆر لا پەسەندە (٩٧).

بەلاّم باسیل نیکیتین هۆی ئازایەتی کورد بۆ سروشتی ئەو ژیانە دەگەڕێنێتەوە بە سەری دەبات کە وایلێکردووە بوێربێت و ئەوەی فێر کردووە (زانا پاشایەکی ئازایە) (٥٨).

مالیبارد (١٩٥٦) ڕاووبۆچوونی خۆی بەوە کورت دەکاتەوەو کە دەڵێت : مەزنترین شت لەم گەلە بچووکە دا ڕۆحە زیندووەکەیانە.(٢٢٣)

## سوارچاکێتی

مالبیارد سوارەی کورد زۆر بە جوانی باسدەکات و دەڵێت : سوارەی کورد بە حیلەی ماینەکەی دەوروبەری پڕشکۆ دەکات (٢٢٦)، بەڵام باسیل نیکیتین کوردەکان بە باشترین سواری جیهان دادەنێت (٣٨).

سوارچاکێتی وەك رەفتارێکی رەوشت و کاری بەرچاو بووەتە جێی سەرنجی رەوەندو رۆژهەڵاتناسەکانیش،رەنگە یەکێك لە زەقترین سیماکانی سوارچاکێتی لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا نەبوونی باری بە زۆر ئەتکردنی ژن بێت لە لایەن پیاوەوە، خالفین ئەم دیاردەیەی دووپات کردۆتەوەو دەڵێت : کەس ناتوانی حاڵەتێکی لەو چەشنە لە کوردستاندا بسەلمێنی کاتێکیش بەراوردێك لە نێوان سوارچاکێتی کوردو نەتەوەکانی دیدا سازبدەیت دەبینی ئاستی بەرزی سوارچاکێتی کوردان سەرنجی گەلێك لە رۆژهەڵاتناسەکانی وەك مۆڵتك و باسیل نیکیتین و ولنکن و هی دی راکێشاوە.

شمیدت گەشتەکەی بۆ کوردستان (لە نێوان پیاوە ئازاکاندا) سوارەی کورد بەوە باسدەکات کە شانازی بە چەکەکەیەوە دەکات و بە بەشێك لە تەواوکارییەکانی سوارچاکێتی دادەنێت.

هاملتۆن لەم بارەیەوە دەڵێت : باویل ئاغا داوای لێخۆشبوونی بۆ نووری کوڕی کرد لە لای حاکمی بەریتانیا لە ناوچەکە، چونکە لە ئینگلیز یاخی ببوو، ئەوەبوو هاتنە دەنگ داواکارییەکەی باویل ئاغاوە بە مەرجی لەو رێبازە پەشیمان بێتەوە و لایەنگیری خۆی رابگەیەنی لە ئەنجامدا نووری هاتەوە و کاتێك ویستی خۆی بداتە دەستەوە و چەکەکەی فڕی بدات خۆی لەبەرچاو ون کرد (٢٢٠).

هاملتۆن دەڵێت : خەڵکی ئێرە مەبەستیشی ناوچەی هەولێر و رواندزە هەژارن، بەڵام نەفس بەرزییان رێگایان پێنادات دان بەو راستییەدا بنێن، باشترین شتیشیان پێشکەش بکەیت سەندوقی فیشەکە (١٩٢).

ویگرامیش دەڵێت : مرۆڤی کورد ئەو کاتە سنووری جوامێری یان سوارچاکێتی دەبەزێنی کە لە حاڵەتی جیهادکاریدا بێت چونکە بە گشت کردەوەیەکی توندوتیژی و دڕندەیی هەڵدەستێت (٢٦٤).

ئێمە باوەڕمان وایە ئەم سنوور بەزاندنە رەوشتێکی رەسەنی سوارچاکێتی کورد نییە، بەڵکو دیاردەیەکی وەرگیراوە، چونکە پێش ئاینی ئیسلام کوردەکان شتێکیان نەبووە بە ناوی (جیهاد)ەوە، بۆیە رەنگە ئەوەیان لە عەرەبەکانەوە وەرگرتبی پاشان نەوە لە دوای نەوە بۆیان بە جێ مابی.



## جەنگ

جەنگ یان کوشتار لەو سیمایانەی کۆمەڵگای کوردەوارییە کە سەرنجی بیانییەکانی راکێشاوە. مرۆڤی کورد وەك دیارە لە بناغەدا جەنگاوەرە، بەڵام، جەنگەکەی پابەندی ری و رەسم و بەهای کۆمەلآیەتی و عەشیرەتگەرییە.

مرۆڤی کورد بە پێی دەربڕینی باسیل نیکیتین جەنگ بە تاوان نازانی، بەڵکو بە نیشانەی پیاوەتی و پاڵەوانێتی دەزانی، هەمیشەش ئامادەی جەنگە.(٦٨). ئێمە بۆچوونەکەی باسیل نیکیتین پەسەند دەکەین و بەڵگەی زۆرمان بەدەستەوەیە بۆ سەلماندنی. چونکە کوردان گۆرانی بۆ جەنگە دەڵێن و چەندین داستانی جەنگییان کراون بە گۆرانی بە تایبەت لە شێوەی کرمانجی باکووردا کە ئەگەر کۆ بکرێتەوە مێژوویەکی مەزن یان شارێك لە داستانی جەنگ دروست دەکەن و، پاڵەوانێتییەکان مەزن دەکەن و بەها عەشایری و تۆڵەسەندنەوەکان دووپات دەکەنەوە و پەردە لەسەر ترسنۆکی و پاشقۆڵ گرتن هەڵدەماڵن.

باسیل نیکیتین لە باسی نەبەردی کورددا نموونەیەکی هێناوەتە و چیرۆکی فەرماندەیەکی کورد دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ئامادە نەبوو نهێنی باندەکەی ئاشکرا بکات و لە ئەنجامدا خستیانە نێو رۆنی کوڵاوەوە و گیانی لەدەستدا (٦٨).

بەڵی رەوەشتی کوردەواری بەم شێوەیە بووە، بەڵام لە رووی دانپێدانانەوە بە واقیع دەبی ئەوە بدرکێنین کە دەستی وێرانکاری دەروونی گەیشتۆتە هەندی هۆزی کورد.ئەوەی باسیل نیکیتین باسی دەکات رووداوی سەردەمێکی رابوردووە، چونکە لەم دوایەدا گیان لە بەری (کورد)ی ئەوتۆ دەرکەوت خۆی لەسەر خۆفروشی راهێناوە و چێژی لێبینیوە.

نووسەریش شارەزاییەکی زۆری دەربارەی ئەو جۆرە کەسانە هەیە و لە یادداشتنامەکانیدا تۆماری کردوون، بێگومان رۆژێك دێت رووناکی دەبینی و دەکەوێتە بەردەستی خوێنەرانی.

لە یادداشتنامەکانی فرێزەردا ئەوە هاتووە کەوا سەرنجی دوکتۆر رۆسی راکێشاوە و دەڵێت : لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا سەردانی کوردستانی کردووە و بینیوویەتی کوردەکان روو لە رووژاندنن و سروشتی کورد لەگەڵ جەنگدا دەگونجی، چونکە هەر لە تەمەنی منداڵییەوە لە سەری رادێت و هەرگیز بە بی بەیەکادان یان بەشداری کردنی شەڕ ئارام ناگری و لاوی تازە هەڵچووی ئەوتۆمان بینی کە تەمەنیان لە دوازدە یان پازدە ساڵان تێنەدەپەڕین، بەڵام بە ئازاری برینی سەختەوە دەیاننالاند بۆشمان ئاشکرا بوو کە لەو دواییەدا لە شەڕی خوێناویدا بەشدار بوونە (٢٠).

خالفینیش ئەوە دەدرکێنی کە گشت نووسەران بە جوانی باسی ئەوەیان کردووە کورد مەیلەو داگیر کردنن (٥). ئێمە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ چەمکی داگیر کردن لای کورد کردو روونمان کردەوە.

ریچ باسی ئەوە دەکات کە بیستوویەتی کاتێك عەبدولڕەحمان پاشای بابان لە سەرە مەرگدا بووە کەس و کاری هەولێکی زۆریان داوە هێوری بکەنەوە، بەلاّم ئەو بەردەوام ئەوەی دووبارە کردۆتەوە کە ئەوەی پێخۆش نەبووە لەسەر جێگاو بە هێمنی بمری، ئەوەی پێخۆش بووە لە مەیدانی شەڕو شەرەفمەندیدا گیانی ببەخشیبا، ئەم هەستەش بە زۆری لای رۆژهەلاّتییەکان دەرنەکەوتووە (٢٢).

ئێمە لەو باوەڕەداین سروشتی کوردستان بەرپرسە لە چەسپاندنی ئارەزووی جەنگ لە دەروونی کوردەکاندا، چونکە کوردستان بە هۆی خێرو بێری خاکەکەی و شوێنە ستراتیژییەکەیەوە بەردەوام بووەتە مایەی کێشەی نێودەولەتی و شەڕیش بووەتە سیمایەکی ژیانی گەلی کورد بە درێژایی مێژوویش بەهای جەنگ لە نێو کۆمەلگای کوردەواریدا چەسپاوە. ئیسلامیش رۆلّی روونی تیا بینوە بە تایبەت لە پاش ئەوەی جەنگ شەقلێکی پیرۆزی پێبەخشراوە، جیهادکاری بوو بە مایەی بردنەوەی هەردوو دونیا. لێرەشەوە سەرنجەکەی ویگرام کە لەسەرەوە باسمان کرد جێی خۆی دەکاتەوە سەبارەت بەوەی کورد تەنها لەیەك بواردا سنووری رەوشتی جوامێری (جەنتلمان) دەبەزێنی ئەویش حالّەتی جیهادکارییەو جەنگاوەریش بە گشت کارو کردەوەیەکی توندو تیژی و دڕندەیی هەلّدەستی (٢٦٤).

ئەمەش بۆچوونەکەمان دەربارەی چەمکی داگیر کردن لای کورد دووپات دەکاتەوە، چونکە کورد یاساو و سنوور و ناخی مێژوویی و نەتەوایەتی رەسەنی خۆی هەیە نەك کارتێکەری لە پڕ لەسەر ناسنامەی ئەنپرۆپۆلۆژی و باوەڕی جەنگ. باوەڕمان وایە بیرو باوەڕی رەسەنی کورد لە بواری چەنگدا لە سەر بناغەی سوودی دنیایی یان لە پاش ژیان دانەمەزراوە.

ریچ لە باسی دیدو بۆچوونەکانیدا دەربارەی سیماکانی کورد ئەوە دووپات دەکاتەوە دۆزێنەری راهێنراو و بە توانان بۆ وە دەستهێنانی زانیاری لەسەر سەربازگەکانی دوژمن، شارەزایانە دزە دەکەنە نێو دلّ و، تەنانەت دەگەنە نێو دەواری فەرماندەکەشیان.



**بەزەیی پێداهاتنەوە و رێز لێنانی ژنان**

هەولّماندا زۆربەی بیروڕای رەوەند و رۆژهەلاّتناسەکان سەبارەت بە پلەو پایەی ژنان لە کۆمەلّگای کوردەواریدا بخوێنینەوە بە تایبەت هەلّوێستی پیاوی کورد بەرانبەر ژن (بڕوانە بەشی ژنان لەم کتێبەدا) بەلاّم لێرەدا دەمانەوی وەك رەوشتێکی کەسایەتی کورد دەربارەی بدوین، چونکە رێزلێنان لە ژنان یەکێکە لەو سیمایانەی لەگەلّ ئەوانی دیدا وێنەیەکی روونی کەسایەتی پیاوی کورد دەدەن بە دەستەوە.

زۆربەی رەوەندو رۆژهەلاّتناسەکان دووپاتی دەکەنەوە کەوا شێوازی رەفتاری پیاوی کورد بەرانبەر بە ژن شێوازێکی مرۆڤایەتیانەیە، وە بە دلّنیاییەوە ئەم زاراوەیە (مرۆڤایەتی) گەلێك لە واتاو بەهای ئەوتۆ لە خۆ دەگری بەگشتی (شێوازێکی) مرۆڤایەتی پێك دەهێنن و بووەتە جێی سەرنجی ئەوانەی سەردانی کوردستانیان کردووە. بە واتایەکی دی (دیدی مرۆڤایەتی سەبارەت بە ژنان) دیاردەیەکە سەرنجی رەوەندو رۆژهەلاّتناس و لێکۆلّەرانی راکێشاوە.

ئەو کرێکارە کوردانەش کە لە دەرەوەی ناوچەکانی خۆیان بۆ مەبەستی کارو کاسبی نیشتەجی بوونە و نەیانتوانیوە پتر لە دوو هەفتە بمێننەوە سەرنجی هاملتۆنیان راکێشاوە، چونکە سۆزیان بۆ ژنەکانیان وەك هاملتۆن دەلّێت : پالّی پێوەناون داوای لێبوردن بکەن و بگەڕێنەوە بۆ مالّەکانیان (٢١١).

هەی سەرنجی ئەوەی داوە کە کوردەکان بە رێزەوە سەودا لەگەلّ ژناکانیاندا دەکەن ئەمەشی لە ئەنجامی بەراورد کردنی کۆمەلّگای کوردەواری لەگەلّ کۆمەلّگاکانی دیدا لەم بارەیەوە بۆ ساغ بووەتەوە و دەلّێت : کوردەکان زیاتر لە سەرجەم گەلانی دیکەی محەممەدی بە رێزەوە سەودا لەگەلّ ژنەکانیان دەکەن (٦٢).

گەلێك سەرچاوە لەوانەش کتێبەکەی باسیل نیکیتین چیرۆکی ئەو پیاوە کوردە لادێیە مان بۆ دەگێڕنەوە کەوا ژنێکی ئەمەریکایی هێناوە. خاتو هنری بوردو داستانی خۆشەویستی کچێکی ئەمەریکاییمان بۆ دەگێڕیتەوە کەوا پیاوانی دەرەك فرۆشتوویانە بە کوردێك. وا دیارە ئەم کچە کاتی خۆی رێگای وێلّ کردووەو لە کەس و کاری دابڕاوەو پیاوانی دەرەکی تورکیش دەستیان گرتووە بەسەر خۆی و خزمەتکارەکەیدا. ئەم کچە ئەمەریکاییە باسی ئەو هەلّوێستەی خۆی دەکات و دەلّێت : نازانم ئەو پیاوە چۆن تەماشای دەکردم ؟ وەك دایك، یان خزمەتکار یان میوان ؟ بۆچی کڕیمی ؟ لە ناخی ئەو پیاوە لادێییەدا هەستی پاك هەلّدەقوولاّو پابەند بوو بە ئازادی خۆیەوە و ئامادە نەبوو واز لە لانی کەمی بێنی، ئەو مالّە کوردە ئافرەتی تیا نەبوو.

دەبی ئەم ڕێزە بێسنوورەی بۆ ژن لە کوی فێر بووبی ؟ کە ڕەنگە لە نێو گەلانی ڕۆژهەلاتدا شتی وا نە بووبی. ئەم پیاوەم خۆش ویست بە بی ئەوەی بیناسم تەنانەت نە زمانەکەی و نە هیچیش دەربارەی مێژووی گەلەکەی نازانم.

بەیانی لە خەو هەلێساندم و دەستی گرتم و لە سەر خۆی بە دەوری ئاگرەکەدا دەیسووڕانمەوە، ئەمەش نریتێکی کوردەکانە، کچی کورد کاتێك شووبکات بەو شێوەیە مالئاوایی لە مالی کەس و کاری دەکات.

پاش نەختێك خۆم و خزمەت کارەکەمی بانگکردە نێو حەوشەی مالەکەوە و لەو کاتەشدا نزیکەی سەد مەڕو پەنجا مانگاو ئەسپێکی کۆ کردبووەوە و پێی وتم : (پێویست بوو ئەم مارەییە پێشکەش بە باوکت بکەم، بەلام بەخشیم بە خزمەتکارەکەت کە هاوڕیەتی کردووی) بەو پەڕی خۆشییەوە تەماشای دەکردم. هەروەها ئەو کچە ئەمەریکاییە دەلێت : بێگومان کەس نەبوو ناچاری بکات ئەو هەلوێستە بنوێنێ، بەلام دەیویست بۆ هەمووانی دەربخات کە وەك ژنێکی بۆ سوودێکی بێفەڕ نامۆ لای خۆی داینەناووم، بەلکو وەکو ژنێکی شەرعی و بە جۆرێك هەموان ڕێزم لێبنێن ئەمە زۆری کارتێکردم، پاش هەفتەیەك گوێم لە ترپەی پێ و دەنگە دەنگ بوو بەرەو لای دەرگای دەوارەکە نزیك دەبووەوە دەرچووم بزانم چییە بینیم تەماشام دەکات و ئەنجا وتی (پێویست بوو لە پاش زەماوەند سەردانی مالی کەس و کارت بکەیت بۆ ئەوەی مانگاو ئەسپ و بزنت بدەنی هەتا بێچووەکانیان بۆ خۆت هەلگری و ببن بە مولکت، ئەمەیە نەریتی ئێمە منیش نامەوی لە ژنانی دی هەژارتربی بۆیە ئەم دیارییەم پێشکەش کردی.)

ڕۆژ تێپەری و مندالێکمان بوو، بەرە بەرە لە نێوانمانا گەورە بوو بەلام یەك وشەی کوردی فێر نەبوو، باوکیشی لەمە بێزار نەبوو، بەلام ڕۆژێك پێی وتم (بەلای کەمەوە فێری وشەی بابەی بکە منیش ڕازی نەبووم کامەرانیشمان بەردەوام بوو) (٨٨-٩٠).

ئەم چیرۆکە شایەت حالێکی واقعییە بۆ ڕادەی بەزەیی وڕێز لێنانی پیاوی کورد لە هەستی ژن و مافی ژن لەسەری و، ئارەزووی بۆ ئەوەی هەموو بەهایەکی تەواو بی. هەولێکی زۆریش دەدەین بۆ وەدەس هێنانی زانیاری زیاتر لەسەر ئەم چیرۆکە و دووریش نییە لە ڕۆژانی داهاتوودا زیاتری دەربارە بزانین.



## دەمارگیری

کورد بەوە ناسراون پێوەندی کۆمەلایەتی و ئابووری باشیان لەگەل گشت گەلاندا هەیەو ژمارەیەکی زۆری ڕۆژهەلاتناسەکان بۆیان ساغ بووەتەوە کورد ڕەگەزپەرست نین، بۆ وێنە ویگرام لەگەل باسیل دا لەسەر ئەوە کۆکن و لەو باوەڕەدان بیرو بۆچوونیان لە ماوەی هەزار سالی رابوردوودا نەگۆڕاوە (٦٦).

شمیدتیش هەمان بیروبۆچوونی هەیە و کورد بە نەتەوەیەکی دەمارگیرو ڕەگەزپەرست نازانی (٢١٨).

وادیارە لایەنگرتنی ڕەهای کورد بۆ سەرۆك هۆزو ئامادەبوونی بۆ بەرگری کردن لە کۆمەلگاکەی هەندێکی خستۆتە سەر ئەو باوەڕە کە بە دیدێکی ڕامیارییانەی تەسکی لێکبدەنەوە و بە دەمارگیری بزانن. لە کاتێکدا هەندێکی دیکەی ڕۆژهەلاتناسەکان خۆیان وەك هنری ترونز لەو باوەڕەدان کوردەکان سەرسەخت و ڕاستگۆو بە وەفان بەرانبەر بە پەیمانی خۆیان و بە سۆزیشن بۆ کەس و کاریان و ئامادەشن لە پێناو هۆزەکانیاندا قوربانی بدەن و شانازی بە سەرۆك و ولاتەکەیانەوە بکەن، گومانیش لەوەدا نییە مرۆڤی کورد زوو تووڕەدەبی و خێراش دێتە جۆش (١٣٤).

ئەم سیمایانە کە هنری تروتر باسی کردوون بە پێی بۆچوونی ئێمە دروستن، بەلام بەگشتی دەمارگیری نانوێنن، لەولایەنەوە کە دەمارگیری سەرکەوتنە ئەگەر بۆ شتی پۆچیش بێ بە هۆی لایەنگری کردنی ڕوحێکی خۆ بەزل زان لەسەر ئەوانی تردا.

## کەیف و خۆشی

برانت کە لە ناوچەکانی (وان)ی کوردستان بووە، باسی ئەوەی کردووە کورد رووخۆش و شادو ئاهەنگ گێڕو ئارەزوومەندی دیداری خەلکن (١٢٧).

سۆنیش کورد بە نەتەوەیەك دەزانی کە حەز بە قسەی خۆش و نوکتە و گالتە دەکەن و بەردەوام بزە لەسەر لێویان لا ناچی (١٢٧).

وەك لەسەرەوەش باسمانکرد ویگرام بەو شێوەیە ئامۆژگاری ئەو ئەوروپاییانەی کردووە کە بە کوردستاندا دەگەڕێن دەبی ئازاو هێمن و قسەخۆش بن، مەبەستی وێگرامیش لەمە ئەوەیە کە گەلی کورد گەلێکی کەیف خۆشە و لە ڕێگای نوکتەو وشەی شیرینەوە دەتوانی پەیوەندی

دەم و دوویی لەگەڵا دروست بکەیت (٢١١).تۆما بواش ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە کورد قسەخۆش وپەندزانن (١٧٠).

هاملتۆنیش وتوویەتی وێڕای ئەوەی کورد دوورەپەرێزن و مەیلەو ڕەوشتی ئوسکوتلەندین، بەڵام شەیدای گەمەو گاڵتەن (٢٢٨).

شمیدتیش لە باسی کەسایەتی کورددا لای لەم بوارە کردۆتەوە و دەڵێت : کوردەکان دەم بە پێکەنین و ناسك و رووخۆشن (٥٥).

مێنۆرسکیش ئەوەی دووپات کردۆتەوە کەوا کوردەکان حەز بە قسەی خۆش دەکەن و ئەیانەوی هەموو هەواڵی بزانن.

خالفینیش وێڕای ئەوەی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کورد جەنگ و داگیرکردنیان پێخۆشە لە هەمان کاتیشدا رووخۆشن و ڕێزی میوان دەگرن و گەشبینن (٢٤-٢٥).

هاملتۆن ئاماژەی بۆ مەسەلەیەکی زۆر گرنگ کردووە ئەویش مەسەلەی یەکالاکردنەوەی ناخۆشییە بە شێوازی قسەی خۆش و دەڵێت : ڕێگایەکی دابین کراوم دۆزیوەتەوە بۆ لە بیر بردنەوەی ناحەزییە بچووکەکانی کوردەکان ئەویش لە ڕێگای گاڵتەو قسەی خۆشە وە، چونکە خەڵکانێکن حەز بە نوکتە و گەمەو گاڵتە دەکەن و ئامادەن زۆر پێبکەنن (٢٢٥-٢٢٦).

هاملتۆن مەبەستی لە چیرۆکێکی واقیعیانەیە خۆی تیایدا حاکم بووە لە کۆتاییشدا بە ئاشت بوونەوە دوایی هاتووەو ڕۆحی نوکتە و قسەی نەستەق زاڵ بووە.

## ئازادی

مالیبارد واباسی کورد دەکات کە شەیدای ئازادی و ئاشتینە (٢١٥)، کەچی باسیل نیکیتین دەڵێت : کورد بەگشتی ئارەزوومەندی جەنگ و ئازادین، لەم خۆشویستنەشیانەوە بۆ ئازادی دەبینین کورد بە هەمان سەودای سەخت لەگەڵ دیلەکاندا ڕەفتار ناکەن وەك چۆن تەتارو تورکمان وهی دی لەگەڵیانا دڵڕەقن. ئەمەش دەچێتە ریزی ئەو باسەوە کە دەربارەی چەمکی داگیرکردن لای کوردان باسمان کرد ئەمە وەك باسیل نیکیتین دەڵێت : (رایەکی گشتییە لە رۆژهەلاتدا) (٦٨).

تۆما بواش خۆش ویستنی کوردی بۆ ژیانی ئازادی دووپات کردۆتەوە، چونکە کەسایەتی کورد ئارەزوومەندی راهێنانی تایبەتمەندێتی و سەربەخۆی خۆیەتی.(٢٨)

مینۆرِسکی دەربارەی رەوشتی کورد وتوویەتی ئازادی بە سەروەری دادەنێن.



## چاکەکاری کۆمەڵایەتی

خالفین وادەبینی خۆشی باڵی کێشاوە بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی کورددا، وێڕای ئەوانەش گوتراوە گوایە کورد مەیلی جەنگیان هەیە و گەشبینن.

ڕیچ بە ڕۆڵی خۆی دووپاتی دەکاتەوە سیمای خۆشی بەسەر کوردانـدا زاڵە و هەتا بلێت پێوەندی کۆمەڵایەتیان بە هێزە و ساکار و دوورن لە بەخیلی و حەسادەت بە یەکتری بردن. ڕەوشتە جوانەکانی ئەم کۆمەڵگایە ئەوەیە ڕێزێکی زۆر لە بەساڵاچووان دەنێن. (١٠٤).

لێرەشەوە سوودی ئامۆژگارییەکەی هەی دەردەکەوی کە دەڵێت : هەر کەسێك سەردانی کوردستان بکات دەبی ڕێز لە بەتەمەنان بگری (٥٧).

## ئارام و نەفەس درێژی

دیکسۆن گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کورد ڕێگای سەخت ئاسان دەکات و لە گەشتە شاخاوییەکەیدا لەگەڵ خۆی بەراوردیان، دەکات (٣٧٤). لە ڕاستیشدا بەشێکی زۆری گەلی کورد کۆچەربوونە، بەڵام ئێستا وا نەماون و گەلێك هۆزیان لە گوندەکاندا جێگیر بوونە و لەگەڵ ڕاگرتنی مەرو ماڵاتیشدا خەریکی کشت و کاڵن و بەشێکیشیان لە شارەکاندا بەرقەرار بوون.

ویگرامیش (گرێی یەکەمی سەدەی بیستەم) وادەبینی کورد لە کانزایەکی تونـدن و زەحمەتە بکوژرێن و لەم بارەیەشەوە ڕووداوێك دەگێڕێتەوە و دەڵێت : لە شەڕێکی نێوان هۆزەکاندا بەچاوی خۆم بینیم گوللەیەك لەشی کوردێکی پێکاو بە پی خۆی گەیاندە ماڵەکەی و کراسەکەی داکەندو بە ژنەکەی گوت بەڕاستی پێم ناخۆشبوو ئەم کراسە تازەیە مار دایڕزاند، بەڵام دەبی بیشۆری.

هاملتۆن کە بەڕاستەوخۆیی سەودای لەگەڵ کرێکارانی کورددا کردووە واباسیاندەکات نەبێزار دەبن و نەپاساو دێننەوە، بەڵکو گوی لە مشتن و ڕێنوومایی قبوڵ دەکەن و پارەی زیاد لەسەر کاری زیادە وەرناگرن (٢١٢).

هاملتۆن لە بابەتێکی دیکەی یادداشتنامەکانیدا دیسان باسی کرێکاری کورد دەکات و دەڵێت : دژی ستەمکارین و هەرگیز پەنا نابەنە بەر خۆپیشاندان و مانگرتن (١٠٨). لە ڕاستیشدا وەك چۆن هەی باسیدەکات هەندی لە کرێکارەکان شۆڕشگێڕی شۆڕشەکەی شێخ مەحموودی نەمر بوون.

بەڵام لە پاش سەرنەگرتنی شۆڕش ڕوویان لە کرێکاری کرد.

ئێمە لەو باوەڕەداین ئەوەی هاملتۆن باسیکردووە پەیوەستە بەوەی مرۆڤی کورد هەلی مێژوویی بۆ بەرپا نەبووە هەتا بزانی مافی مرۆڤایەتی چییە، رەنگە تا ئەو کاتە شتێکی نەبیستبی ناوی مانگرتن بی. راستە ئێمە دەزانین کورد دڵسۆزن و بە دڵ کاردەکەن، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەلیان بۆ نەڕەخساوە ئاگاداری سیستمێك بن پێوەندی لە نێوان خاوەن کارو کرێکاردا رێکبخات. رەنگە هەتا ئەو کاتەی لەگەڵ هاملتۆن کاریان کردووە بۆ کردنەوەی رێگای سەختی نێوان هەولێر — رەواندز کارتێکەری سوخرە کێشانیان لەسەر مابی کە بریتییە لە کارێکی بە کۆمەڵی هەرەوەزی رۆڵەی گوندێك بۆ بەرژەوەندی یەکێکی دەسەلات بە دەست یان گەورەی هۆز رایدەپەڕێنن.

## رێزلێنان

ئەدمۆندز ئەوەی سەرنج داوە کوردان رێز لە بەرانبەر دەگرن و کاتێکیش پێداویستییە ساکارەکانیان نمایش بکەن بۆ مەبەستی رێزلێنان سەر دائەنەوێنن (٢١٣).

باسیل نیکیتینیش رێزی منداڵ بۆ گەورە لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا سەرنجی راکێشاوە (١٠٠).

ئەگەریش رووناکی بخەینە سەر بۆچوونەکانی ئەدمۆندز و باسیل دەڵێین : مۆرکی رێزلێنان پەیوەستە بە مرۆڤی کوردەوە تەنانەت لە کاتی ئاخاوتن و بانگکردندا زۆر روونە، شتێکی سروشتییە کاتێك لەگەڵ دوکاندارێك یان هەرکەسێکی دی نەیناسی بە وشەی (ئەزبەنی) واتە من بەندەی تۆم یان (گەورەم) لەگەڵتا بدوی. لەوەش سەرت سوڕنەمێنی ئەگەر میوانە کوردەکەت ئارەزووی کرد بە جێت بهێڵێ و سەردانەکەی کۆتایی پێبێنی پێت بڵێ : (ئەمەوی لە روخسەتت مەرەخەس بم).

## هەراو بانگەواز

ڕیچ هەستی بەوەکردووە کوردەکان وەك ئێرانییەکان نین لە کاتی ئاخاوتندا نایکەن بە هەراو بانگەواز، بەلام بانگکردنی کت و پڕیان لا سروشتییە، وادیارە مەبەستی ریچ ئەوەیە مرۆڤی کورد لایی ئاساییە لە دوورەوە بانگی کەسێکی دی بکات، تەنانەت چەند جارێکیش دووبارەی بکاتەوە هەتا دەیبیستی.



لە بابەتێکی دیکەی یادداشتنامەکانی ریچ دەبینیین لەم بارەیەوە رەخنە لە کورد دەگری و دەڵێت : (ناتوانری لەم ولاتە دا بە بی هەرا و قیژەی نەگونجاو کارێك بە ئەنجام بگەیەنرێت).

لێرەوە ئەوە هەڵدەهێنجێنین مرۆڤی کورد بە پێی بۆچوونەکانی ریچ لە کاتی بانگکردندا هاوار دەکات، هەروەها لەو کارانەشدا ئەنجامی دەدات، بەلام لە رووی ئاخاوتنەوە وەك چۆن هەی دووپاتی کردۆتەوە (کەسایەتی کورد سیمای بێدەنگی پێوە دیارە) (١٤).

## ناسکی و شاعیرێتی

هاملتۆن لەوە سەری سوڕماوە کە عوسمانییەکان کوردیان بە دڕندە داوەتە قەڵەم (١٩٣) و باسی ئەوەی کردووە بە هەڵەدا چووە کاتێك وای پێشبینی کردووە لە نێو کوردەکاندا دوژمن دەبینی.

شمیدتیش ئەو سەد کەسە کوردەی پێشوازییان لێکردووە بەوە باسدەکات دیمەنیان شکۆدار و هەست ناسك بوونەو کاتێك دەستیان بۆ درێژ کردووە تەوقەیان لەگەلابکات بزەی پێکەنین سەر لێوی گرتوون (٥٥).

باسیل نیکیتینیش هەڵس و کەوتی کوردانی بە مرۆڤایەتییانە و پڕسۆز داوەتە قەڵەم (٦٤-٦٥). هەروەها تۆما بوایش وتوویەتی : سۆز لە ناخیاندایەو لە بابەتێکی دیکەی کتێبەکەیدا پەنجەی بۆ ئەوە راکێشاوە کە هەستی شاعیرێتییان بەسەردا زاڵە و سروشتیان خۆش دەوی (١١٩).

لێرەشدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەو راپۆرتە ویژدانییە بکەین کە ریچ دەربارەی کۆمەڵگای کوردەواری ئامادەی کردووە و تیایدا دەڵێت : جێگای داخە هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەبووم لە کوردستاندا باشترین خەڵکی لەگشت رۆژهەلاتدا ببینم، دۆستایەتیم لەگەڵیاندا بەهێزبوو، بەو پەڕی دڵسۆزییەوە سەودایان لەگەڵ کردم، لە هەر کوی بووبم بە میوانیان میواندارییان کردووم هەتا لە ژیانابم ئەو یادگارە خۆشانەم لە بیر ناچی (٢٣١).

## دیدی کورد سەبارەت بە مردن

تۆما بوا وای بۆ ساغ بووەتەوە کورد بەرانبەر مردن خۆڕاگرە و دەزانی چۆن بەرەوڕووی دەبێتەوە ئەمەشی لە لایەکەوە لە ئەنجامی نزیك بوونەوەی راستەوخۆدا لەگەڵ کۆمەڵگای کوردیدا بۆ دووپات بووەتەوە لە لایەکی دیکەشەوە لە میانەی ئەم وتانەوە کە دەڵێت : (کاتێك لەگەڵ مردن بەرەو روو دەبیتەوە دەستی خۆت بوەشێنە، چونکە ناوبەری تۆو ئەوانەی بە جێیان دێڵی لە کات زیاتر نییە)،

هەروەها دەڵێت : کورد مردنی نێو گۆڕەپانی شەڕی لە مردنی سەر جێگا لا باشترە مردنیشی لە پیری لا پەسەندترە (٩٧).

سۆن لە گەلێك هەڵوێستی کوردان بەرانبەر بە مردن ورد بووەتەوە و بۆی دەرکەوتووە کە بە شێوەیەکی واقیع بینانە مردن قبووڵ دەکەن دووریش نییە لەبەر ئەوە بێ، چونکە لەوە خراپترو تاڵتریان بینیوە... واتە کوردەکان لە ژیانیاندا دوچاری گەلێك مەینەتی بوونە و ئەمەش وایلێکردوون بە شێوەیەکی ئاسایی و واقیع بینانە و سەرسوڕمانێکی کەمەوە پێشوازی لە رووداوی بە ئازار بکەن.

باسیل نیکیتینیش لەگەڵ رۆژهەلاّتناسەکانی دیدا کۆکە بەوەی کە کورد مردنی نێو گۆڕەپانی جەنگی لە مردنی سەرجێگای نەخۆشی لا باشترە. بە گشتیش باسیل نیکیتین لەو باوەڕەدایە کوردان گرنگییەکی ئەوتۆ بە ژیان نادەن (٧١).

## نەریتی کوردەواری

لێرەدا ناتوانین بە تێکڕایی باسی نەریتی کۆمەڵگای کوردەواری بکەین چونکە بەشێکی ئەم کتێبە تایبەتە بەم باسەوە، بۆ وێنە ئەگەر لێرەدا باسی نەریتی هاوسەرێتی لە کۆمەڵیی کوردەواریدا بکەین دەبی لەو بەشەدا کە تایبەتە بەو باسەوە لە کۆمەڵی کوردەواریدا چی بڵێین. بۆیە لێرەدا بایەخ بەو نریتانە دەدەین کە لەو بەشەدا چارەسەر نەکراون و لێرەدا دەبن بە جێی بایەخ و پانتاییەکی تایبەت وەردەگرن.

هەندی لە رەوەندو رۆژهەلاّتناسەکان لەو باوەڕەدان کوردەکان حەز دەکەن هەموو جۆرە نەریتێکی خۆیان بچەسپێنن تەنانەت ئەگەر باشیش نەبی یان خراپ بی. سۆن لەم بارەیە نووسیوویەتی و رەخنەی لە چەشنی جل و بەرگی ئەو کاتەی پیاوانی شاری سلێمانی گرتووە بە تایبەت فەقیانەکانیان کە شۆڕ دەبوونەوە سەر زەوی و دەکەوتنە سەر پیسی سەر شەقامەکان (٢٥٥). سۆن لە بۆچوونەکانیا متمانەی کردۆتە سەر ئەو رەوندو رۆژهەلاّتناسانەی پێش ئەو لەسەدەی شازدەیەمدا سەردانی کوردستانیان کردووە و نەخشەو وێنەی ئەو جل و بەرگانەیان کێشاوە سۆن بۆچوونەکانی کورت دەکاتەوە و دەڵێت : لەبەر ئەوەی بە درێژایی ئەو ماوەیە ئەو جۆرە نەریتانەیان پاراستووە ئەمە ئەوە دەگەیەنی پابەندی کۆنن حەز بە هیچ شتێکی نوی ناکەن سۆن ئەم دیاردەیە بە هەندی بیرو باوەڕەوە گری دەدات دەربارەی حەرام کردنی وێنەگرتن یان بەکارهێنانی (گرامافۆن) کە بە کافریان زانیوە (لە پاش کۆچی دوایی شێخ سەعید). لەراستیشدا ناشی دیدو



بۆچوونەکانی سۆن لەم بوارەدا بێ بە مەحەك، چونکە ئەگەر کوردەکان وازیان لە فەقیانە نەهێنابی کە لە یادداشت نامەی ئەو رەوەندانەدا ئاماژەی بۆ کراوە کەوا لە سەدەی شازدەدا سەردانی کوردستانیان کردووە و هەتا سەرەتای سەدەی بیستەم مابی واتە ئەو ماوەیەی سۆن لە کوردستاندا بووە ئەوە ناگەیەنی وەك ئەو دەڵێت : (کورد نەریتی کۆن و خراپیان دەپارێزن) بەڵکو گەشەسەندنی شارستانێتی ملکەچی کۆمەڵێك هۆکار دەبی پێویستە بەرپابن بۆ ئەوەی پرۆسەی پەرەسەندن و گۆڕانکاری تەواو بی. لێرەشەوە دەبینین لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا گۆڕانکاری دراماتیکی لە چەشنی ژیانی نێو شاری کورددا روویان داوە لەوانەش نەمانی هەندی شێوەی جل و بەرگی کۆن و سەرەتای بڵاو بوونەوەی جل و بەرگی ئەوروپایی، بێگومان ئەو ماوە کورتەش کە ئەو گۆڕانکارییانەیان تیا رووی داوە گەلێك کەمترە لەو ماوە درێژەی ئەو رەخنەی لێگرتووە، بەلاّم مەسەلەی رەتکردنەوەی گرامافونەکە لە شاری سلێمانیدا ئەوە ناشی بیخەینە پاڵ سەرجەم خەڵکی سلێمانی و دواییش گشت کۆمەڵگای کوردەواری، ئەوە لە بارێکی هەڵچوونی ویژدانی کاتیدا بووە تایبەت بەوەوە بە کۆمەڵە کەسێکی دیاری کراوەوە و زۆری پێنەچووە رواوەتەوە و لە بیر چووە. ئەوەتا ئەمڕۆ ماڵ نییە رادیۆ یان تەلەفزیۆن یان هەر ئامێرێکی دیکەی دەنگی یان رەنگی تیا نەبێت. هەروەها سۆن پەنجەی بۆ ئەوەش راکێشاوە کە خەڵکی ئەو شارە بەرهەڵستی ئەو پزیشکەشیان کردووە کە هاتووە بۆ سلێمانی، بەلاّم نەیتوانیوە کاری تیابکات بۆیە وێڕای ئەوەی زۆر شارەزا بووە، بەلاّم ناچار بووە شار بەجێی بهێڵی.

لەو نەریتانەیکە بوونەتە جێی سەرنجی رۆژهەلاّت ناسەکان و تۆمابوا و کولکوف و فیلجیفسکی باسیان کردووە ڕێزلێنانی خێزانی بنەماڵە دێرین و ناسراوەکانە (٤٩). لە راستیشدا سەرنجی ئەو رەوەندانە لە شوێنی خۆیاندان و بایەخی خۆیان هەیە، چونکە هەتا ئێستا کۆمەڵی کوردەواری بە چاوی رێزو پێزانینەوە دەڕوانێتە نەوەکانی ئەو خێزانانەی لە سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە پێناو گەلی کورددا خەباتیان کردووە، ئەمە وێڕای ئەوەی ئەو کەسە میرات گرانە رەنگبی هیچیان بۆنەتەوەکەیان نەکردبی، مرۆڤی ئاسایی بن خوێندەوار یان نەخوێندەوار، پزیشك یان بەدڕەوشت، بەلاّم کۆمەڵگا وەك نەوەی مرۆڤی خەباتگێڕ تەماشایان دەکات ئیدی ئەگەر خێزانی ئاییینی بن یان سەرۆکی هۆز یان مرۆڤی ناسراو ئەگەریش ئەمڕۆ ئەو نەوانە رۆڵێکی کاریگەریان نەبی.

ئێمە لەو باوەڕەدایین ئەمە جۆرە وفادارییەکی کۆمەڵی کوردەوارییە بۆ سەر کردە سیاسی و ئاییینی و کۆمەڵایەتییەکانیان.

ڕەوەندو ڕۆژهەڵاتناسەکان سەرنجی ئەوەشیان داوە کە وەك نەریتێکی کۆمەڵایەتی کوردەکان هۆگری ئەوەن ناو کورت بکەنەوە یان بیگۆڕن ئەمە هەتا ئێستاش چ لە لادێدا و چ لە هەندی شاردا باوە هەر چەندە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هەندی ناوی گرتۆتەوە نەك هەمووی بۆ وێنە (احمد) دەبی بە ئەحە یان (محمد) بە حەمە یان محۆ و (سليم) دەبی بە سلو.

جێی سەرنجیشە هەندی ناو بە تەواوەتی دەگۆڕڕێن و هیچ پێوەندییەك لە نێوان هەردووکیاندا نابینرێت. بۆ وێنە : (**محمود**) دەبی بە خولە و (**مصطفي**) بە مچە.

لەو باوەڕەشداین ئەم دیاردەیە لەسەر چەند هۆیەك بەندە. هەندێکیان بۆیە دەگۆڕێن بۆ ئەوەی زەنگێکی کوردییان هەبی، هەندێکی دیکەش بۆ خۆشەویستی بچووك دەکرێنەوە، هی واش هەیە دەکەوێتە بەر کارتێکەریی ئامرازی بانگکردن کە لە هەندی شێوەدا بریتییە لە سەر (فتحه) بۆ پیاو یان ژن، کەچی لە شێوەی دیدا (ی) یەکی سووکە بۆ پیاو یان ژن لە حاڵەتی یەکەمدا (على) دەبی بە عەلە و (**فاطمة**) دەبی فاتە، بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا (على) دەبی بە عەلۆ (**فاطمة**) بە فاتی.

ئەدمۆندز ئەم دیاردەیەی لە نێو ناوەکوردییەکاندا بە ووردی سەرنج داوە (٤٤)، بەڵام هۆکاری زمانەوانی ئەم دیاردەیەی بۆ باس نەکردووین هەرچەندە وەك بزانین پاشان بووەتە پسپۆڕی زمانی کوردی و مامۆستا لە زانکۆی لەندەن، بەڵام هیچی دەربارە نەدرکاندووە.

ئەدمۆندز سەبارەت بە نەریتی ناونان لە کوردەواریدا ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە جارێك بووەتە میوانی تۆفیق ئاغا ئەویش لەو ڕۆژەدا کە ئەو گەیشتووە کچێکی بووە، وەك نەریتێکی کوردەواریش داوای لێکردووە ئەو ناوێك بۆ کچەکەیان هەڵبژێری ئەویش ناوی کلادس ی بۆ دیاردەکات و بە جۆرێك سازی دەکات لەگەڵ سروشتی زمانی کوردیدا بگونجی و دەیکات بە (گوڵ دەسە) واتە دەسکە گوڵ. بەڵام بە داخەوە وەك ئەدمۆندز دەڵێت: گوڵ دەسە لەگەڵ زۆربەی منداڵانی ئەو وڵاتەدا مردن هەڵیبژاردن (١٤٨).

تۆمابواش دەڵێت : بە زۆری دایك ناو بۆ منداڵ هەڵدەبژێری، هەندی جاریش مەلای گوند، زۆربەی منداڵانی کوردیش ناوی ئیسلامی هەڵدەگرن، هەروەها ناوی کوردیی تەواویش هەیە (٦٦).

پیاوانی ئاین بە درێژایی مێژووی ئیسلام ڕۆڵێکی گەوریان گێڕاوە لە ونکردنی ناوی ڕەسەنی کوردیدا. ئێمە زانیارییەکی ئەوتۆمان دەربارەی ناوی کوردی لە پێش ئیسلامدا نییە، مەگەر زۆر کەم کەچی عەرەب ئەو ناوانەیان پاراستووە کە لە سەردەمی جاهیلیدا باو بوون. ئەمڕۆش کوردەکان تەقەللایان خستۆتە گەڕ بۆ خوڵقاندنی ناوی کوردی، بەڵام نەك ئەو ناوە کوردییانەی لە ناو چوونە مەگەر کەمیان.



بە زۆریش ناوەکانی ئەمڕۆیان دەچنەوە سەر پاڵەوانەکانی مێژوو ناودارەکانیان، هەندێکی دیکەشیان پەیوەستن بە چاکەکاری و خێرخوازییەوە یان ناوی گوڵ یان تەنانەت ئاژەڵی سوودمەندیش.

ئەدمۆندز سەرنجی ئەوەشی داوە کە کوردەکان هۆگری داتاشینی ناون، بۆیە هەندی جار حیکاتیەتێکی دوورو درێژ ناوی گوند یان دار یان بەردێك ڕوون دەکاتەوە.

نەریتی کوردیی پەیوەندیداریش بە دروێنەوە زۆر سەرنجی هاملتۆنی ڕاکێشاوە، هەرچەندە هەندێکیشیان پەیوەستن بە بیرو باوەڕەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا بە نەریت دادەنرێن.

هاملتۆن ئەوە دەگێڕێتەوە دروێنەی دانەوێڵە کەوا زوو دێنە پێش لە پاش ڕاوەستاندنی باران و کۆتایی هاتنی بەهار. ڕاستەوخۆ دەستی پێدەکرێت و داسی تیا بەکار دەهێنری و دەسکە دەسکە دەیبڕن و لە یەکەمین سەردانیشدا بۆ بینی ئەم کارە لەهەولێر داب و نەریتی دروێنە زۆری سەرنج ڕاکێشاوە، (حەسەن)ی هاوڕێی ئاگاداری کردۆتەوە کە نەریت وایە لەو گەنمەی دروێنە دەکرێت لەپێك پاك بکرێتەوە و بدرێت بە یەکەم ڕێبوار بە مەرجی نامۆ بێت نەك خەڵکی ناوچەکە، ئەو کەسەش دەبی ئەو دیارییە قبوڵ بکات و پارچەیەك زیو یان زێڕ پێشکەش بەو دروێن کارە بکات.

ئەمەش هەرگیز ناچێتە ڕیزی سواڵکردنەوە، بەڵکو نەریتێکی کۆنە جەفەنگە بۆ بەشداری کردنی ئەو ڕێبوارە لە خۆشی کۆکردنەوەی ئەو داهاتەدا.

هاملتۆن تاقیکردنەوەیەکی کەسیی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت :جارێك کۆمەڵێکی بچووك لە کوردەکان لە گۆشەی کێڵگەیەکدا کە هێشتا گوڵەکانی دروێنە نەکرا بوون کۆ ببوونەوە کاتێك ئەم بەدی دەکەن یەکێکیان خۆی لەوانی دی جیادەکاتەوەو بە داسەکەی دەستی و لەپێك گەنمەوە بە ڕاکردن بەرەوە لای ئەم دێت، ئەمیش کە ئاگاداری ئەو نەریتە دەبێت گەنمەکەی لێوەردەگرێت و هەندی پارچە زیوی دەداتی و حەسەنیش کە پابەندی ئەو نریتانە بووە لە خۆشیدا پیکەنیوە (٥١).

لەو نریتانەش کە ڕەوەندو ڕۆژهەڵات ناسەکان باسیان کردووە ئەوانەن پەیوەندییان بە جەژن و ئاهەنگەکانەوە هەیە بە تایبەت نەورۆز یان جەژنی سەری ساڵی کوردی کەوا لە (٢١) ی ئازار دەست پێدەکات.

ئەدمۆندز لە سەری نووسیوە، بەڵام باوەڕ ناکەین ئەو تێکڕای ئەوشتانەی بینیبی کە لە یادداشتنامەکانیدا باسیدەکات ڕەنگە شتی دەربارەیان بیستبی یان خوێندبێتەوە، خۆیشی ئاماژەی بۆ وتارێکی تۆفیق وەهبی کردووە کە لە گۆڤاری سۆمەری سەر بە بەڕێوەبەرێتی شوێنەواری گشتی بڵاوکراوەتەوە، لە بەشی چوارەمی ژمارە دووی ساڵی ١٩٤٦ دا تۆفیق وەهبی دەربارەی

ئاهەنگەکانی نەورۆزی خەڵکی سلێمانی لە ژێر ناونیشانی — نەخشە هەڵکەندراوەکانی سەر بەرد لە ئەشکەوتەکانی کندن — وتارێکی بلاّو کردۆتەوە.

هەر چۆنێك بێت ئەو بەو شێوەیە باسی تێکڕاییەکانی ئاهەنگی نەورۆز دەکات، کە ئێستا گۆڕاون، لە راستیشدا ئەمڕۆ ئاهەنگەکانی نەورۆز مۆرکێکی تایبەتیان وەرگرتووە تێکەڵی ئارەزووی سەیرانی بە کۆمەڵ و دەربڕینی هەستی نەتەوایەتین. ئەدمۆندز باسی ئەوەدەکات کە ئاهەنگی گشتی و جۆرەها یاری بەردەوام لە دەرەوەی شاری سلێمانی رێکخراون، ئەمەش لە نووسینەکانی ریچ و گەلێکی دیدا ئاماژەی بۆ کراوە و زۆر جاریش دۆستەکان بەسەرهاتیان دەربارەی کەرنەڤالی سالاّنەی بەهار گێڕاوەتەوە، ئەو بۆنەیەش رەسەن و دێرینە و لە ناخی مێژوودا بنجی داکوتاوە و لەگەڵ گولاڵەی بەهاردا یادی دەکرێتەوە لە راستیشدا نەورۆز هەرچەندرێکەوتی (٢١) ی ئازارەو وەرزی کردنەوەی خونچەی گوڵ و سەوز هەڵگەڕانی دارو درەختە، بەلاّم بۆنەی یادی رووداوێکە لەوەش گرنگترە.

با بگەڕێینەوە بۆ لای ئەدمۆندز کە لە یاداشت نامەکانیدا دەڵێت : خەڵکی سلێمانی بە گشتی روو دەکەنە کانییەکانی سەرچنار بۆ زیندووکردنەوەی جەژن و دەست دەکرێت بە هەڵبژاردنی سەرۆکی جەژن و دەسەلاّتی تەواوی دەدرێتی و مافی ئەوەشی دەبی بە شێوەیەکی کاتی لە هەندی ری و رەسمی کۆمەلاّیەتی لا بدات دەسەلاّتی فەرمیش هەڵبوەشێنێتەوە. ئەمە و تۆفیق وەهبی بە کورتی لە کاتی دوانەکانیدا دەربارەی فۆلکلۆری کوردی لە وتاری ناوبراودا ئاماژەی بۆ ئەم نەریتە کردووە و تۆفیق : خەڵکی سلێمانی لە بەیانی رۆژی چەژندا لە شار دەردەچن لە شوێنی ئاهەنگەکە کۆدەبنەوە، یەکێکیان بە پاشا هەڵدەبژێرن و پاسەوانی بۆ دادەنێن و پاشان سواری گایەك دەبی بە نێو کۆمەڵ بەستەکەدا تیدەپەڕی و بەرەو شوێنی دیاریکراو دەڕوات، کە دەواری تیا هەڵدراوە و ئاهەنگ گێڕەکان تیایاندا دادەنیشن و قازانی چێشت ریز دەکرێت کەسانێکی تایبەتیش پێستی مەڕو بزن لەبەر دەکەن بۆ نواندی رۆلی ئاژەڵی ماڵی، بە درێژایی ماوەی ئاهەنگەکە کەوا سی رۆژی تەواو بەردەوام دەبی پێویستە هەموو کوێرانە گوی لە مشتی فەرمانی پاشا بن کە بۆی هەیە باج بخاتە سەر ئەوانەی ئامادەن یان ئامادەنین، پاشا هەتا جەژنی داهاتوو نازناوی پاشایەتی هەڵ دەگری.

تۆفیق وەهبی ئەوە روون دەکاتەوە کەوا ئەم نەریتە لە واقیعدا زیندوکردنەوەی یادی شۆڕشی فەرەیدوونە دژی زوحاکی خوێنمژ،کوردەکانیش ئەم بۆنەیە والێکدەدەنەوە کەوا فەرەیدوون کاتێك سەرکردایەتی هێزەکەی کردووە سواری مانگایەك بووە (٨٢-٣).



ئەدمۆندز ئاهەنگەکای دەرەوەی شاری لە سەرەتای بەهاردا بە نەریت گەلێکی کۆمەلاّیەتی باسکردووە کە لە کوردستاندا باون، ئەگەریش بگەڕێینەوە بۆ یەکەم رۆمانی کوردی کە بە شیعر نووسراوە مەبەستیشمان مەم و زینە کەوا شاعیری داهێنەر خانی لە سەدەی حەفدەدەیەمدا دایرشتووە دەبینین رووداوەکەی لە رۆژی نەورۆزدا دەست پێدەکات، کاتێك شارەکە بە گشتی راپەریوە بۆ ئاهەنگ گێڕانی رۆژی نەورۆز لە دەرەوەی شار.

ئازادی لە رۆمانەکەی خانیدا رەگی مێژووی هەیە و بە رۆژی نەورۆزەوە گری دراوە و بە هەردوو شێوەی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر خانی هەبووە و لە رۆمانەکەدا رەنگی داوەتەوە، خانی لە پێشەکی رۆمانەکەیدا باسی ئەوە دەکات ئەم ئاهەنگە نەریتێکی کۆمەلاّیەتییە لە باب و باپیرانەوە ماوەتەوە، لێرەشدا پێویستە ئەوە بدرکێنین کە خانی باسی شاری جزیرەی لەسەر رووباری دجلە لە کوردستانی تورکیا کردووە. لە شارەکانی دیکەی کوردستاندا وەك زاخۆ خەڵك لە بەهاردا روو لە دەرەوەی شار دەکەن ئاهەنگی بەهار دەگێڕن. تەنانەت هەر لەوێش شەو بەسەر دەبەن و کەرنەڤالیش شەوو رۆژ بۆ ماوەی سی رۆژ تا هەفتەیەك بەردەوام دەبی. ئەمەش لە رۆژگاری رابوردوودا بوو.

ئەم جۆرە سەیرانە ئەمڕۆ خەڵکێکی زۆر یادی دەکەنەوە هەرچەندە شەو بەسەر بردن لە دەشتی چۆڵدا لەم دوایەدا خەریکە نامێنی، بەلاّم ئەمڕۆ هیچ شارو گوندێکی کورد نییە ئاهەنگی نەورۆزیان تیا نەگێڕی.

بەلاّم مەسەلەی پشتگوی خستنی هەندی بنەواشەی کۆمەلاّیەتی وەك ئەدمۆندز باسیدەکات ئێمە نەبیستوومانەو نە باوەڕیشمان هەیە شتی وا روویدابی، بەلاّم دەبی ئەوەش لە یاد نەکەین کە ئاهەنگی نەورۆز ماتەمینییەکی تراجیدی نییە بەڵکو رۆژی کەیف و خۆشی و سەیرانە، بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە ئەگەر پیرەمێردێکی سەر سپی ببینین گۆرانی بڵی یان هەڵپەڕی، یان کچان یان کوڕان هەڵپەڕن و بەوپەڕی ئازادییەوە و بە ئارەزووی خۆیان شادی بگێڕن، بەلاّم لە سنووری ژیانی کۆمەڵگای کوردەواریدا، بۆیە رەنگە بۆچوونەکەی ئەدمۆندز کە ئاماژەی بۆ بەرەڵلایی کردووە لە جێی خۆیدا نەبی یان بە هەڵە لێکدراوەتەوە.

تۆما بوا پەنجەی بۆ جەژنی دیکەی بێجگە لە نەورۆز راکێشاوە کە ئەمڕۆ رەنگە لە حوکمی نەماندا بن لەوانەش (سەرباز) کە لە سەرەتای وەرزی زاوزێی مەڕدا دەست پێدەکات یان (وبار ودان) کە بریتییە لەو ئاهەنگانەی لە کاتی کۆچکردندا بەرەو لەوەڕگای هاوین سازدەکرێت، یان (بەرخ بڕ) واتە مەڕ بڕینەوە. هەروەها جەژنی دیکەی وەك ئەوەی دەکەوێتە کۆتایی هاوینەوە و بەران لە نێو

مەڕدا بەڕەڵلا دەکرێت. تۆما بوا لەو باوەڕەدایە شوێنەواری ئەم جەژنە لە ئاوێستادایە (شەریعەتی زەردەشت) و تۆما بوا زیاتری دەربارە دواوە و دەڵێت: هەلێکە بۆ خواردنی چەورو خۆشی هەروەها بۆنەیەکی خۆشە بۆ ژن هێنان لە پاشەرۆژی نزیکدا، چونکە کچان دەستەسڕە حەریرەکانیان دەخەنەسەر ملی بەرخە جوانەکان و کوڕانیش هەڵیدەگرن ئارەزووی خۆیان بۆ یەکتر ئاشکرا دەکەن و ئیدی بەو شێوەیە کوڕان و کچان یەکتر پەسەند دەکەن، ئەگەریش کەس و کاری کچەکە کەوا ئەو پرۆسەیە دەبینن رازی بن ئەوە دیاری دەکری و پاشان لە کاتی خۆیدا زەماوەندیان ساز دەکرێت (٧٩).

ڕیچ ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کورد پێوەندی کۆمەلاّیەتی و سەردانی یەکتریان لا پەسەندە و ئەوەی سەلماندووە کە تەنها کوردەکان لە نێو دانیشتووانی رۆژهەلاّتدا تا درەنگی شەو شەوچەرە دەکەن، مەگەر ژمارەیەکی کەم لە گەورە پیاوانی سلێمانی پێش کاتژمێری دوو یان سێی پاش نیوەشەو بچنە سەر نوێنی نووستن. بەیانیانیش پێش کاتژمێری نۆ یان دەی بەیانی دەردەکەون، بە زۆریش بە شەوان سەردانی یەکتر دەکەن بۆیە هەر تاریك دابی سەردانی ماڵی یەکدی دەکەن و شەو بە قسەی خۆش و جگەرە کێشان و مۆسیقا بەسەر دەبەن، جاری واش هەیە لە شەوێکدا دوو یان سێ جار سەردانی لەو چەشنە دەکەن (٧٢).

ڕیچ دەربارەی هەندی نەریتی کۆمەلاّیەتی نەستەق دەدوی و دەڵێت : سەعاتێك پێش زەردەپەڕ لە بەردەم خانووی (مصرف)دا کۆڕێك لەسەر چەشنی یانە لە شوێنێکی بەرینی شارەکەدا کە بە مەیدان ناسراوە دەبەستری، لەو کۆبوونەوەیەدا دۆستەکان باسی بابەتی جۆر بە جۆر دەکەن یان پیشانگای ماین یان چەك رێك دەخەن رەنگە هەر لەو شوێنەشدا یاری زۆرانبازی یان هی دی بکەن؛ بۆیە بۆم دەرکەوتووە کوردەکان خەڵکانێکی رووخۆشن و هەتا بلّێیت پێوەندییان لە نێویەکدا بەهێزە هەرگیز بەخیلی بەیەك نابەن یان دژایەتی یەکدی ناکەن هەرچەندە بەرژەوەندییان لەیەك بدا هەرگیز جنێو بە یەکتر نادەن و وشەی ناشیرین گۆناکەن.

لەو باوەڕەداین ئەو وێنەیەی ریچ بۆ کۆمەڵگای کوردی کێشاوێتی زۆر نموونەییە، رەنگە ئەوەش پێوەندی بە سروشتی سەردانەکەیەوە بێت، چونکە بووەتە میوانی میری بابان و گەورە پیاوانی ئیمارەتەکەی، ئایا ریچ توانیویەتی تێکەڵی خەڵك بێت و لە نزیکەوە ئاگاداری باری کۆمەلاّیەتی ئەو سەردەمەی شاری سلێمانی بێت تا گەیشتۆتە ئەو ئەنجامە نایابە ؟ ئەگەر وابی ئەوە بەڕاستی وێنەیەکی شیرینەو لە واقیعێکی بالاّ دەردەبڕی، بەلاّم ئەوەی ئەمانەوی باسیبکەین بە چاو پۆشین لەو وێنەیەی ریچ پێشکەشی کردووە لەگەڵ وێنەی واقیعی ئێستای هیچ شارێکی کوردیدا ناگونجی،



بەداخەوە لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا دووبەرەکی دەبینری و ئەو یەکتر خۆش ویستنەی جارانی تیا بەدی ناکرێت ئێمە لەو باوەڕەداین دوژمنانی نەتەوەکەمان بە هەموو توانیایان دەکۆشن بۆ چاندنی تۆی کێشە و ناخۆشی هەتا گەلی کورد نەگاتە ئامانجە راستەقینەکانی، بەلاّم دلّنیاین لەوەی کە کۆمەڵگای کوردەواری خەریکە لە واقیعی خۆی دەگات و ئەمەش سەرەتای چارەسەرە، ئاواتە خوازیشین بگەڕێینەوە سەر ئەو وێنەیەی جارانمان کەوا پێش نزیکەی پتر لە ١٨٠ساڵ ریچ کێشاوێتی نەك تەنها لە شاری سلێمانیدا بەڵکو لە گشت بستێکی کوردستاندا.

لێرەدا ئاماژە بۆ هەندی دیدو بۆچوونی سەر پێیی رەوەندەکان دەکەین سەبارەت بە هەندی هەڵوێست و نەریتی پەیوەندیدار بە لایەنی کۆمەلاّیەتییەوە. هانسن (لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا) ئەوەی بووەتە جێی سەرنج کاتێك ژن تەلاّق دەدری کچەکە لە ماڵی باوکی دەمێنێتەوە هەتا ئەو کاتەی گەورە دەبی و شوودەکات.

هەروەها ئەوەشی باسکردووە کاتێك خواردن پێشکەشی میوان بکرێت منداڵ دوور دەخرێنەوە، لە زەماوەندێکیشدا بینیوویەتی پیاوان پێش ژنان نانیان خواردووە. هەروەها لەو شوێنانەدا کە ژیاوە یان پێیاندا تێپەڕیوە (سلێمانی، دوکان، کۆیە) بینیوویەتی خەڵك بە کەوچك یان بە دەست خواردن دەخۆن و دەڵێت : بە دەست نان خواردن (دەشی). هەر تەنها ئەم خالاّنەمان لە یادداشتنامەکانی خاتوو هانسن دا سەرنج نەداوە، بەلاّم هەر ئەوەندەمان لێوەرگرت بەو نیازەوە سەرنجەکانی دیکەی لە بەشەکانی تری ئەم کتێبەدا باسبکەین، بەلاّم پێمان خۆشە دەربارەی سەرنجەکەی دەربارەی کچی ژنی تەلاّق دراو کە دەبی لە ماڵی باوکی بێت ئەوە روون بکەینەوە کە کچ شەرەفی باوکی دەنوێنی بۆیە داکۆکی لەسەر پاراستنی دەکات، نەریتی کۆمەلاّیەتیش رێگا دەدا بە باوك کچەکەی بەخێو بکات. دەربارەی دوور خستنەوەی منداڵانیش لە کاتی نان خواردنی میواندا مەبەست ئەوەیە هەڵس و کەوت و وڕك گرتنی منداڵان میوان بێزارنەکات، پێویستە ئەوەش بلّێین منداڵ پێش گەورە خواردنی دەخرێتە پێش بەلاّم نەك لە کۆڕی پیاواندا. دووریش نییە لە هەندی خێزان و هۆزدا گەورە پێش منداڵ نان بخوات، بەلاّم ئێمە پەسەندی ناکەین.

بەدەست نان خواردن رەنگە لەو شوێنانەدا باو بێت کە هانسن سەردانی کردوون، بەلاّم نەك لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا بۆ وێنە لە ناوچەکانی باکوورو باکووری رۆژئاوای کوردستان کە بەرین ترین ناوچەکانی کوردستانن نە خەڵکی لادی و نە شار بە دەست خواردن ناخۆن و لە دێرین زەمانەوە کەوچکی داریان بەکارهێناوە پێش ئەوەی کەوچکی فافۆن یان ستێل دروست بکری.

شایانەی باسیشە لە ناوچەکانی بادینان و کوردستانی تورکیا و سووریا تەنانەت دوورترین گوندیش هەرگیز نازانن بە دەست خواردن بخۆن

ڕەوندە ئەوروپاییەکان ئەوەشیان سەرنج داوە کە کوردەکان خۆ رووت کردنەوەیان لا پەسەند نییە وەك چۆن لە ئەوروپا ئاساییە بە تایبەت لە کاتی گەرمادا یان خۆخستنە بەر رۆژ (حەمامی شەمسی).

شمیدت دەڵێت : باوکی جومەرد مەبەستی ئەو کەسەیە کە لە گەشتەکەیدا وەك وەرگێڕ هاوڕێیەتی کردووە گلەیی لێکردم، چونکە بە نیمچە رووتییەك لە نێو دەوارەکەدا درێژ بووم، هەرچەندە پاساوی تەندروستییشی بۆ ئەوە هێنایەوە، بەڵام لە راستیدا کوردەکان بە زۆری خۆ دادەپۆشن (٤١).

هەروەها گەریدە و رۆژهەڵاتناسەکان سەرنجی ئەوەشیان داوە کورد بە دەنگی گوللەی تفەنگ هەست بە خۆشی دەکەن لەم بارەیەوە ولیەم ئیکلتون دەڵێت : هیچ ئاهەنگ و زەماوەندێك لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا تەواو نابی ئەگەر دەنگی گوللەی تفەنگی تیا نەبیستری (٦٣).

باسیل نیکیتینیش ئەوە سەرنجی راکێشاوە کە خێزانە کوردەکان پابەندن بە نەسەبی خۆیانەوە، چونکە خێزانە کۆنەکان گرنگییەکی زۆر بە مێژووی خۆیان دەدەن و زنجیرەی خۆیان دەپارێزن، کوردیش هیچی لەوە لا خۆشتر نییە بە شانازییەوە باسی باب و باپیرانی بکەیت و ناوی هەندێکیان بێنی، ئیدی ئەو ناوی نەوە لە دوای نەوەی خۆیت بۆ باسدەکات مرۆڤی کورد ئەو کاتەش هەست بە دڵنیایی دەکات کە ناوی برێك لە باپیرە گەورەکانی بزانی و باسی پاڵەوانێتیان لە شەڕی تورك و فارس دا بکات (١٠٠).

ئەوەی باسیل نیکیتین پەنجەی بۆ راکێشاوە پێویستی بە پاساو هەیە، ئێمەش لەو باوەڕەداین کورد لە میانەی ئەوەوە هەوڵ دەدات ناسنامەی خۆی و سەربەچێتی نەتەوەکەی دووپات بکاتەوە.

هیچ نەتەوەیەکیش بە گوێرەی کورد کە هەمیشە کەوتۆتە بەر هەڕەشە کردن لە بوونی نەتەوایەتی و لەسەر خاك و زمان و ناسنامەی بەرزیان نەکەوتووە بە تایبەت لە لایەن تورك و فارسەوە ئەمەش وا لە کوردان دەکات بە جارێك گوێ لە مشتی پێشەوای هۆزەکانیان بن.

ئەم دیاردەیەش سەرنجی شمیدتی راکێشاوە و لەم بارەیەوە وتوویەتی : کوردەکان چیرۆکی پاڵەوانێتی بۆ مەزن راگرتنی فەرماندەکانیان هەڵدەبەستن (٢٨٤).

ئێمە لەو باوەڕەداین ئەمە لە بناغەدا دەربڕینێکە لە پێداویستییەکی سایکۆلۆژی، پێویستیی مرۆڤی کوردە بە پاڵەوانێك تا لە میانەیەوە بتوانی رووبەڕووی تورك و فارس بووەستی.



# ژیان لە نێو هۆزەکانی کوردستاندا

## هۆزی کوردی:

ئەگەر بمانەوی ئاگاداری شێوەی ژیانی هۆزگەری بین لە هەر وڵاتێکی جیهاندا، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئەنثرۆپۆلۆژی. واتە بۆ پەرەسەندنی شێوازەکانی بەرهەم هێنان لای مرۆڤ و کارتێکەریی لەسەر داڕشتنی شێوەی ژیان لە نێو کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیدا.

ژیانی هۆزگەری بە چەمکی ئاسایی ژیانی مرۆڤ لە قۆناغی شوانکاریدا دەگەیەنی، کە قۆناغی کۆکردنەوەی بەری دارو درەختی کەوتۆتە پێش و دوایش قۆناغی راووشکاری، پاش ئەم سی قۆناغە لە دوای یەکەش قۆناغی کشتوکاڵ دێت کە سیمای نیشتەجێبوونی هەڵگرتووە.

بۆیە کاتێك دەربارەی ژیانی هۆزگەری دەدوین ئەوە جۆرێك لە ژیانی ئابووری باسدەکەین کە دەبێتە مایەی لێکەوتنەوەی هەڵس و کەوت و پێوەندی دەروونی تایبەت کەوا بە گشتی چوارچێوی ژیانی هۆزگەری یان مۆرکی ئەم شێوە ژیانە دیاری دەکەن.

ئەو دابەشکردنەی لە کاروانی کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکاندا پەنجەمان بۆ راکێشا دابەشکردنێکی یەکجارەکی نییە بۆ ناوبەر خستنە نێو قۆناغەکانەوە بە شێوەیەکی تەواو، بەڵکو ئەو قۆناغانە تێکەڵی یەکن و لە هەمان کاتیش سیمای تایبەتیان هەیە، بۆیە لەو ماوەیەدا کە مرۆڤ کشتوکاڵی نەزانیوە، بەڵام بەری دارو درەختی کەوتووی سەر زەوی خواردووە (ئەوەی لەبەر دەستی بووە)، بەڵام کاتێك فێری راوکردن بووە وازی لە هەڵگرتنی بەری دارو درەخت نەهێناوە، کاتێکیش توانستی ئاژەڵ ماڵیکردنی دۆزیوەتەوە ئاژەڵی راگرتووە لەو دوو خولەی ناومان بردن وازی نەهێناوە، کاتێکیش کشتوکاڵی دۆزیوەتەوە مەیلی راوکردنی لێنەبڕاوە تەنانەت هەتا ئێستاش سۆزی بۆ هەیە.

لەبەر ئەمە نابی ئەوەمان لەلا جێی سەرسوڕمان بێت کاتێك تورەکەی سەر شانی شوانەکان ئەو کاتەی روو لە هەورازن یان بەرەو دەشتەکان دێنە خوارەوە ببینین پڕن لە بەری داری شاخ و گوێز، یان یەکێکیان رێوییەکی راوکردبی و فەروەکەی لەسەر شانی هەڵگرتبی، بەڵام لەهەر یەك لەم چوار قۆناغەدا شێوازێك یان رێژەیەکی باو بەرچاوە دەکەوێت بۆ دابینکردنی

پێداویستییەکانی مرۆڤ لە رووی خۆراکەوە، ئیدی قۆناغەکان بە ناوی ئەو شێوازە یان ئەو رێگایەی خۆراکی پێ بەرهەم هێنراوە ناونراوە.

لەمەی سەرەوەش ئەوەمان بۆ دووپات دەبێتەوە هۆزەکان لە بناغەدا شوانکارە بوونە، یان ئەو کۆمەڵانەی لەسەر پەروەردەکردنی ئاژەڵی وەك مەڕو بزن و رەشەوڵاخ دەژین، کە ئەمەش ئەوەی پێویست کردووە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی بە دوای لەوەڕو ئاودا بگەرێن هەر ئەمەش بووەتە مایەی دروست بوونی تایبەتمەندێتی دەروونی — کۆمەڵایەتی لای هەر یەکەیان بۆ پاراستنی خۆیان و مەڕو ماڵاتەکانیان وەك هێزو بوێری و یەکگرتن و گومان و تۆڵە و ملکەچی بۆ فەرمانی سەرۆك هۆز لەبەر ئەوەی ژیانی تاك پەیوەستە بە ئاسایشی کۆمەڵەکەیەوە. چونکە سروشتی پیشەی شوانکارێتی ئەوە دەسەپێنی مرۆڤ مەڕو ماڵاتی خۆی لە بیابان و دەشت و هەوراز و شیوودا بلەوەڕێنی ئەم کارەش بە دەست و بازووی تاکەکەس دابین نابێت، چونکە هۆکاری بەرگریکردنی لە ئاژەڵی دڕندەو کێشەی لەوەڕگای لە پێشە یاساش لە گۆڕی نییە بیپارێزی. بەم شێوەیە هۆز دروست بووە و هۆکارێکی شاراوە کە ئەویش مۆرکی کۆمەڵایەتییە لە ناخی مرۆڤدا جوڵاندوویەتی.

هەر بۆیەش ژیانی کۆمەڵایەتی و مڵکداری و بەرگری لێکردنی پەسەند دەکات، بە تایبەت ئەوەی هەیەتی سەرچاوەی ژیانێتی، بۆیە بارەکانی ژیانی ئەوەیان پێویست کردووە پێوەندی کۆمەڵایەتی بەهێز بێت، تەنانەت بۆ هۆزەکەی خۆیشی دەمارگیر بێت.

لەسەر ئاستی ناوچەیەکی بەرینی وەك رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە کوردستانیش دەگرێتەوە زانای کۆمەڵناس کارلتون کوین دەڵێت : هۆزە گەڕۆکەکانی بیابان و چیاو دەشتەکان لەبەر هۆکاری جوگرافی ناوچەکانیان لەگەڵ یەکدیدا یەك ناگرنەوە، واتە هۆزی چیاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ ئەوانەی بیاباندا کە لە ناوچەکانی بیابانی عەرەبین یان عێراق یەك ناگرنەوە، چونکە بەرژەوەندییان پێکەوە نییە.

بەڵام کوین مەسەلەیەکی هاوبەش لە نێوان ئەم سی جۆرە هۆزەدا دووپات دەکاتەوە، کە لە هەندی سیمای هاوبەشدا بەرجەستە دەبی وەك پێوەندی یارمەتی یەکدان لە نێوان هۆزە گەڕۆکەکان و جووتیاران و شارنشینەکاندا، چونکە گەڕۆکەکان پێویستیان بە کاڵای هەمە جۆری دروستکراو لە ئاسن و پێست و دار و کوتاڵ هەیە بەرانبەر بەمەش ئەوان پێویستیان بە گۆشت و خوری و شیر و ئاژەڵی بارهەڵگر هەیە، بۆیە دەبینین ئەوەی کارتێکەریی لەسەر



کۆمەڵگای جووتیاران یان شارنشین هەیە دەشی رەنگدانەوەی لەسەر کۆمەڵگای هۆزەکانیش هەبی (٢٣).

نووسەر هەرگیز نووسەری وەك (ئیبن خەلدوونی) بەربەری دامەزرێنەرو رابەری زانستی کۆمەڵناسی لە مێژوو و روونکردنەوەیدا باشتری نەدۆزیوەتەوە کە ئەوپەڕی وردەکاری نواندووە لە باس و لێکۆڵینەوەی سیماکانی هۆزە گەڕۆکەکاندا (بەدو).

لە باسی سیمای ئازایەتی ئەو هۆزانەدا شیکردنەوەی زانستی پێشکەش کردووە و هۆکارەکانی روونکردۆتەوە و لەگەڵ خەڵکی شارنشیندا بەراوردی کردوون و دەڵێت : گەڕۆکەکان لە شارنشینەکان ئازاترن، چونکە ئەمان فێری پشوودان و ژیانی خۆش بوونە و بەرگری کردنیشیان لە خۆیان و ماڵ و داراییان بەو حاکمە راسپاردووە کە خۆی بە خاوەنیان دەزانی، بۆیە لە پاڵ دیواری بەرزو دوور لە هیچ مەترسییەك چەکیان فڕێداوە و بە دڵنیاییەوە ژیان بەسەر دەبەن. نەوە لە دوای نەوەش لەسەر ئەو  شێوە ژیانە راهاتوون. لە کاتێکدا گەڕۆکەکان دوورن لە ژیانی کۆمەڵایەتی — شارستانێتی و دڕندەئاسا لە ناوچە دوورەکاندا بە بی دیوارو دەرگا دەژین و شپرزەی بەرگری لەخۆکردنن کە ئەرکێکە بە کەسی ناسپێرن و باوەڕیشیان بە خەڵکی دی نییە، بۆیە بەردەوام چەك هەڵدەگرن و چاویان لە دەورووپشتی خۆیانە و بەتەنها لە بیاباندا دەژین و باوەڕی تەواویان بە خۆیان هەیە، هەر بۆیە ئازایانە خولقاون و لە کاتی تەنگانەدا هەڵوێست وەردەگرن، ئەگەریش شارنشینەکان لە بیاباندا لەگەڵیان بژین یان لە سەفەردا هاورێتییان بکەن پاراستنیان دەخەنە ئەستۆی خۆیان (١٥٦).

لەو باوەڕەدام خوێنەر لەگەڵمانا کۆکە بەوەی ئیبن خەلدوون بە وردەکارییەکی تەواوەوە هۆکارەکانی شیکردۆتەوە، هەر بۆیەش بە زانایەکی کۆمەڵناسی پێش سەردەمەکەی خۆی دادەنرێت.

گرنگترین خاڵیش کە پەنجەی بۆ راکێشاوە  ئەوەیە باسی گۆڕینی هۆکارە وەرگیراوەکان بۆ هۆکاری میراتگەری (وراثي) دەکات، کە بە حوکمی دووبارەبوونەوە و هۆکاری زەمەن دێتەدی و دەڵێت : هەندی رەفتاری مرۆڤ کە فێری دەبی یان وەری دەگری دەشی ببن بە جۆرە رەوشتێکی سروشتی.

ئەوەی (ئیبن خەلدوون) لەم بوارەدا باسیکردووە بە دۆزینەوەی دیاردەیەکی بایۆلۆژی سەدەی بیستەم دادەنرێت. بۆ وێنە ئەو شوێنانەی کەوتوونەتە بەر لافاوی دەریاو  رووبارەکان و دەریاچەی بچووکیان لە نێو ئەشکەوتە تاریکەکاندا لێکەوتۆتەوە ماسییان تیا بەجیماوە و لە

تاریكیدا ژیاون پاش ماوەیەكی زۆر وردە ماسی بێچاویان لێكەوتۆتەوە، شیكردنەوەی ئەمەش لەوەدا بەرجەستە دەبی كە بەرە بەرە ئامێری بینین لاواز بووەو ئەركەكانی لە دەست داوە (Functional Activity) واتە لە حاڵەتێكی ژینگەیی یان دەوروبەرەوە گۆڕاون بە حاڵەتێكی میراتگەری (وراثي) چونكە لە نێو ئەشكەوتی هەمیشە تاریكدا پێویستی بە هەستی بینین نەماوە.

بەم شێوەیەش ژیان وەك (ئیبن خەلدوون) بۆی چووە چ لەسەر ئاستی هۆزە گەڕۆكەكان و چ شارنشین هەر یەكەیان تایبەتمەندێتی سروشتی خۆیان هەیە.

ئەوەی لە بواری ماسیدا باسمانكرد بە نموونەیەكی بایۆلۆژی تەواو دادەنرێت، بەلاّم لەسەر ئاستی ئادەمیزادو رەفتاری كۆمەلاّیەتی ئەوە زیاتر دەردەكەوی، چونكە ئامادەبوونێكی بالاّی هەیە بۆ فێربوون و خوو هەڵگرتن ئەمەش (ئیبن خەلدوون) دووپاتی كردۆتەوە و پێی لەسەر داگرتووە.

دەتوانین گەلێك رەوشتی هاوبەش یان جیاواز لە نێو هۆزەكانی جیهاندا بدۆزینەوە، بەلاّم هەندی رەوشت لە نێو گشت هۆزەكاندا نەگۆڕن وەك ژیانی كۆچەری ئەمەش رەنگە لە جیهاندا دوو جۆر بن :

١- گواستنەوەی رێك و پێك، واتە ئەو كۆچەرانەی لە هاویناندا بە مەڕو مالاّتیانەوە روو لە شوێنە بەرزەكان دەكەن كە ئاوو لەوەڕیان تیایە، هەموو مانگەكانی ئەو وەرزە لەوی بەسەردەبەن.

٢- گواستنەوەی ناڕێك، ئەمەیان دەكەوێتە بەر كارتێكەریی باری ئاوو هەوای ساڵ و لە كوی ئاوو لەوەڕ دەستكەوی بۆی دەچن، واتە شوێنەكە دەگۆڕی و رەنگە پێشبڕكێی لەسەر بكەن، یان ببێتە مایەی كێشەو داگیر كردنیش. ئەم جۆرەشیان لە لایەن گەلێك هۆزی كۆچەریی جیهانەوە پێڕەو دەكرێت لەوانەش عەرەبەكان.

میواندارێتی و بەخشیش وەك رەوشتێكی هاوبەش لە نێو هۆزەكانی جیهاندا باوە، (هیرتز) دەڵێت : هۆزەكانی خەڵكی ولاّتی ئاگر (تراد لفویكو) و هیندییەكانی ئەمریكا و فیجی و تنكۆسیینییەكان بە بەخشش و سوارچاكێتی و بەهاكانی شەرەفمەندی بالاّو بایەخدانی زۆر بە میواندارییەوە ناسراون. ئێمە لەو باوەڕەداین ئەمەی هیرتز پەنجەی بۆ راكێشاوە لە نێو هۆزە عەرەبییەكانیشدا باوە وەك چۆن بیستوومانە یان لە كتێبەكاندا چ لە قوتابخانە چ هی دی خوێندومانەتەوە (١٧٥).



نووسەر وا دەبینی لەم بارەیەوە هۆزە كوردییەكان لەوانی دی كەمتر نین.

لەراستیشدا پێوەرێكی بناغەیی نییە بۆ هەڵسەنگاندنی دەستبلاّوی و نان بدەیی هۆزی هیندییە سوورەكان یان عەرەب یان هۆزە كوردییەكان، بەلاّم رێكەوتنێكی سۆسیۆئەنثرۆپۆلۆژی هەیە لەسەر تایبەتمەندێتییەكانی چاكەكاری و بەخشش لە كۆمەڵگا هۆزگەرییەكاندا، كە لە دوای جێگیربوونیان و راهێنانی كشتوكاڵ لە پاڵ پەروەردەكردنی ئاژەڵدا پابەندیان بوونە.

وادیارە مەسەلەی بەخشش و دەست بلاّوی لە نێو كۆچەراندا تاڕادەیەك پێوەندی بە باری ژیانیانەوە هەیە كە یارمەتیان نادات بیر لە ملّكداری و سامان بكەنەوە، چونكە باریان قورس دەكات بەرانبەر بەمە شارنشین كە ژیانی بەرقەرارە بە پێچەوانەوە بیر دەكاتەوە و حەزدەكات ماڵ و سامانی زۆر بێت, بۆیە ئەویان ئارەزووی بەلای بەخشش و نان بدەییدا و ئەمیشیان بەلای ملّك و ساماندا دەشكێتەوە.

ئەمەش لە ژیانی مرۆڤدا رەنگدانەوەی خۆی هەیە بۆیە ئەگەر یەكێك ماڵەكەی لە شارێكەوە بۆ شارێكی دی بگوێزێتەوە گەلێك شتومەكی خۆی نابات و حەزی بە بارسووكییە. لەبەر ئەمە كۆچ لە نرخی كۆكردنەوە و هەڵگرتن كەم دەكاتەوە.

بەلاّم لەگەڵ ئەم دیاردە هاوبەشانەدا هی جیاوازیش هەن بۆ وێنە كاری باركردنی تفاقی هۆز و بەستنی، هەروەها هەڵگرتنی كەرەستەی قورس لە كاتی سەفەر و كۆكردنەوەی خۆراك لە نێو هەندی هۆزدا ئەركی ژنانە نەك پیاوان وەك مۆلێر باسیكردووە (٧٢).

یان وەك ئەوەی كیاتنی پەنجەی بۆ راكێشاوە (٣٣٥) دابەستنی دەوارو مێخ داكوتان و هەڵكەندنیان ئەركی ژنانە بێجگە لە بە ئەنجام گەیاندنی گشت ئەو كارە قورسانەش پیاوەكانیان لە دەوری ئاگر كۆ دەبنەوە و خۆیان گەرم دەكەنەوە. لە راستیشدا ئەو دیاردانەی هەر یەك لە مۆلێر و كیاتنی باسیان كردوون لە نێو هۆزە كوردەكاندا بەرچاو ناكەون، تەنانەت لەو باوەڕەداین لە نێو زۆربەی هۆزەكانی دیكەشدا نابینرێن. رەنگە ژنی كورد لە كاری قورسدا یارمەتی پیاو بدات، بەلاّم هەڵوێستی پیاوی كورد بەرانبەری نێگەتیڤ نییە وەك چۆن كیاتنی لە نێو هەندی هۆزی جیهاندا باسیكردووە.

بۆرتەر كەوا لە سالاّنی نێوان (١٨١٧-١٨٢٠) پێش مستەر ریچ (١٨٢٠) سەردانی كوردستانی كردووە لە ناوچە شاخاوییەكاندا گەڕاوە و چاوی كەوتووە بە هۆزگەلێكی چاونەترس و دەربارەیان دەڵێت : لە ناوچە شاخاوییە بەرزەكاندا دەژین وێڕای ئەوەی ناوچەكانیان سەختن لەڕووی نەریت و شێوازی ژیانەوە لەیەك دەچن ئەمەش ئەوە دەسەلمێنی برایەتییان رەسەنە، ئەو

چیا بەرزانە پتر هۆزەکانیان دوورەپەرێز کردووە، لەسەر ئاستی کشتوکاڵیش پانابییەکی زۆر کەم دەچێنن تەنها بەقەد پێویستی خۆیان یەك (ئینج) لەوە زیاتر ناچێنن، بەڵام برێکی تریان کە زۆرینەن خەریکی کشتوکاڵن وەختیشیان هەبی خەریکی راوکردن و گەڕانی نێوچیاکانن، هەرگیزیش بەکاری جەردەیی و دزی و رێگری چ لە جەنگ و چ لە رێگا و باندا هەڵناسن (٤٦٨).

ڕیچ جیاوازی خستۆتە نێو پیاوانی گوندنشین و هۆزە کۆچەرەکانەوە و زانیارییەکانی لەسەر چاوەی باوەڕپێکراوەوە دووپات کردۆتەوە و دەڵێت : گوندنشینەکان لە کوردستاندا کۆمەڵێك پێك دەهێنن بە تەواوەتی لەگەڵ کۆمەڵگای هۆزەکاندا جیاوازە کە زۆر کەم بە کشتوکاڵەوە خەریکن یان هەر نزیکی ناکەون لە لایەکی دیکەشەوە سەربازی ناکەن کە لە نێو کوردەکان پێی دەگوتری (سوپا) یان جەنگاوەری کورد ئەوەش بۆ مەبەستی جیاکردنەوەیان لە کوردە گوندنشینەکان. ریچ ئەوەشی باسکردووە کە گوندنشینەکان لە ناوچەکانی کوردستاندا بێجگە لە شوانکارە بە ناوی دییەوە نەناسراون. ریچ دەربارەی ناوچەی سلێمانی لەسەردەمی حوکمی بابانەکاندا دواوە، ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە یەکێك لە رۆڵەی هۆزەکان جارێك پێیوتووە، هۆزەکان بەو چاوە دەڕواننە گوندنشینەکان کە بۆ خزمەتکردنی ئەوان خوڵقاون.

ڕیچ دەربارەی باری ژیانی ئەو گوندنشینانە دواوە و دەڵێت : لە ژیانێکی قورس و ناخۆشدا دەژین، ژیانیان وەك ژیانی پێست رەشەکانە لە هیندستانی رۆژئاوا، داخیشی بۆ ئەوە خواردووە کە تەنانەت ژیانیان لەوانەش ناخۆشتر بووە، لە تواناشیدا نەبووە گەورەکانی کورد بخاتە بارێکەوە شەرم بیانگری و ئیدی بەو شێوەیە سەودا لەگەڵ ئەو هەژارانەدا نەکەن (١٦٢).

ئەوەی ریچ دەربارەی باری ژیانی گوندنشینەکان وتوویەتی لەو باوەڕەداین لەو کاتانەدا (١٨٢٠) وابووە، واتە هۆزەکان بە چاوی نزم تەماشای گوندنشینەکانیان کردووە، بەڵام ئێستا لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لەو هۆزانە لە گوندەکاندا نیشتەجێی بوونە و گەلێکیان متمانەیان لەسەر لەوەڕاندنی مەڕو ماڵاتەو بەردەوام سەردانی جووتیاران دەکەن و ئاژەڵ بە خێو دەکەن بارەکە گۆڕاوە ئەمڕۆ گوندنشینە کۆنەکان لەگەڵ کۆچەرەکاندا کە لەم دواییەدا نیشتەجی بوونە تێکەڵ بوونە و رەنگە بەدەگمەن گوندێکی کورد هەبی سەر بە هۆزێك نەبی یان ناوی هۆزێکی هەڵنەگرتبی.

هۆزی جاف یەکێکە لەو هۆزانەی سەرنجی ریچ یان راکێشاوە و دەربارەیان دەڵێت : لەو کاتەدا کەیخەسرە و بەگ سەرۆکیان بووە و جێگایان چیا بەرزەکان بووە، بە پێی دیدوبۆچوونی



ریچ پتر لە هۆزەکانی دی کۆچەر بوونە، شێوەی زمانیان جیاوازییەکی زۆری هەبووە لەگەڵ شێوەی زمانی بابانییەکاندا واتە کوردەکانی سلێمانی، رۆڵەکانی ئەم هۆزەشی بەوە باسکردووە کە روو خۆش و ئازاو دیمەنیان زەق و بە ئاسانی لە پیاوانی هۆزەکانی دی جیادەکرێنەوە. لەو کاتەشدا کۆمەڵە سوارێکی گەورەیان پێك هێناوە کە ژمارەیان نزیکەی هەزار بووە، ئامادەی بە جێهێنانی فەرمانی بەگ بوونە (٧٧).

لێرەشدا جێی خۆیەتی ئەوە باسبکەین سوارەکانی ئەم هۆزە یەکێك لە گرنگترین کۆڵەکە سەربازییەکانی ئیمارەتی بابانیان پێك هێناوە کە لەگەڵ سوارەی هۆزەکانی دیکەی وەك پشدەر و هەمەوەند لە کاتی تەنگانەدا بەرگرییان لێکردووە، بەڵام بە داخەوە ئەو ئیمارەتە بە هۆی کاری پلان گێڕانەوە لە ناوخۆو دەرەوە لە بەریەك هەڵوەشایەوە.

دیکسۆن لە گرێی یەکەمی سەدەی بیستەم لەوانەیەکیدا ساڵی ١٩١٠ کۆمەڵگای کوردی کردۆتە سی بەشەوە کە ئەمانەن : کۆچەر و نیمچەکۆچەر و جێنشین، کۆچەرەکان بەدرێژایی ساڵ لەنێو دەواردا دەژین و زستان لە دەشتەکانی (موصل) و موسوبوتامیا* بەسەر دەبەن و لە هاوینیشدا روو لە لەوەڕگا هاوینییەکان (بەرزاییەکان) دەکەن، ئەمە نەریتێکی باوە، وەرزی کۆچکردنیش لەمەڕ دانیشتووانی بەرزاییەکانەوە بە رۆژانێکی نائارام دەدرێتە قەڵەم و هەندی جاریش کاری خوێناوییان تیاڕوودەدات.

مەبەستی دیکسۆنیش لێرەدا پێکدادانی کوردە کۆچەرەکانە لەگەڵ جووتیارو گوندنشینەکاندا چونکە گەلێك جار رانەکانیان بەرەڵلای نێو ئەو کێڵگانە دەبن کە چاوەڕوانی دروێنەن.

هەندی هۆزی کۆچەری وەك هەرکی و جاف کە ناویان لەگەڵ ئەوانی دیدا لە گەلێك لە سەرچاوەکاندا هاتووە بە هۆی زەبەلاحی هێزەکانیانەوە گوێیان نەداوەتە دەنگی نارەزایی جووتیارەکان، تەنانەت هەندی لە گوندەکان لێیان ترساون و پەنایان بردۆتە بەر خانووەکانیان و دەرگایان لەسەر خۆیان داخستووە. دیکسۆن بۆ مەبەستی سەیرو سەمەر ئەوە دەگێڕێتەوە کە هۆزی جاف گوێیان لە نارەزایی جووتیارەکان نەگرتووە کاتێك پێیان وتوون رێی رانەکانتان

* موسوبوتامیا : دۆلی دوو ئاوان (الرافدین) ئەم زاراوەیە تەنها عێراق ناگرێتەوە بەڵکو لە سەرچاوە بیانییەکاندا ناوچەکانی نێوان دجلە و فورات لە دەرەوەی عێراق و دواییش ناوخۆی عێراق دەگرێتەوە.

بگۆڕن تا زیان بە کێڵگەکانمان نەگات ئەوانیش لە وەڵامدا پێیان وتوون ئێوە کێڵگـەکانتان لـە ڕێی ڕانەکانی ئێمە دوور بخەنەوە.

جۆری دووەمیش نیمچە کۆچەرەکانن، ئەوانەی خاوەنی ڕانی گەورەی مەڕو مالاتن تاڕادەیەکیش خەریکی کشتوکاڵن و تەنها لە هاویندا لە نێو دەواردا دەژیەن و زستانیش لە بەرزاییەوە بەرەو نیهال شۆڕدەبنەوە و لە گونددا دەژین.

جۆری سێیەمیش دەستەی جووتیارانن کەوا هاوین و زستان لە گوندەکانی خۆیاندا دەمێننەوە و مەڕەکانیان لە دەوروبەری ناوچەکانی خۆیان و لەسەر تەپەو تەلانە نزیکەکان دەلەوەڕێنن، لە زستانیشدا مەڕەکانیان (لە نێو کۆزی تایبەتدا لە خانووەکانی خۆیاندا لە سەرماو سۆڵەو ئاژەڵی دڕندە دەپارێزن).

دیکسۆن لەو باوەڕەدایە ئەم سێ جۆرە هەرچەندە لە ڕووی تایبەتمەندێتی و نەریتەوە جیاوازن، بەلاّم لەم سێ هۆکارەدا (ئایین و زمان و خۆش ویستنی چەك) هاوبەشن (٣٦١-٢).

سۆنیش لە یاداشتنامەکانی خۆیدا دەربارەی هۆزەکانی کورد دواوە و گرنگی داوە بە جاف و هەمەوەند، ئاماژەشمان بۆ ئەوەکرد کە سۆن چۆن باسی پێوەندی توندو تۆڵی نێوان ڕۆڵەکانی هۆزی جاف هەروەها، پشت گیری ڕەهایان بۆ سەرۆکەکەیان کردووە. سۆن پەنجەی بۆ ئەوەش ڕاکێشاوە کە لە ماوەی ٢٠٠ ساڵدا لایەنگیری سوڵتانی عوسمانی بوونە و وەك گەورەی نەتەوە و خەلیفە دانیان پێدا ناوە، لەبەر ئەوەی سوونی مەزهەب بوونە زیاتر لێیەوە نزیك بوونەو هەر بۆیەش ئەم هۆزە کە نیمچە سەربەخۆییەکی هەبووە پتر خۆی پاراستووە (٢٧٧).

سۆن لە باسی ئەو ماوەیەدا کە لە کوردستاندا ژیاوە وتوویەتی هۆزی جاف لە ژێر سەرپەرشتی مەحموود پاشادا بووە و هەموو بەهارێك لەگەڕانی قزلرباتەوە تا پێنجوین و سەقز* هاوڕێتی کردووە، بەلاّم عوسمان پاشای برا گەورەی وا دیارە لە لایەن سوڵتانەوە کراوە بە قایمقامی شارەزوور.

شایانی باسیشە پێوەندی ژن خواستن لە نێوان پاشاکانی جاف و بنەماڵەی ئەردەلاندا هەبووە، ئەو خێزانەی ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە خولقاندنی دەسەلاتێکی کوردیدا و هەمان پێوەندی لەگەڵ خێزانە حوکومدارەکانی فارسدا هەبووە و بووەتە مایەی گەشەسەندنی ئەدەب و هونەری کوردی لە شاری سنە (٢٧٨).

* قزلربات و پێنجوین دوو شارن لە کوردستانی عێراق و سەقزیش شارێکە لە کوردستانی ئێران.



ناشتوانین سۆزی سۆن لەگەڵ هۆزی جافدا پشتگوێ بخەین کەوا دووپاتی کردۆتەوە توانستی پێکەوە ژیانیان هەیە و دەتوانن پێوەندی دۆستایەتی ئاڵوگۆڕ دامەزرێنن.

سۆن لە باسی هۆزی هەمەوەندیشدا بە نەبەز دەیانداتە قەڵەم و ئاماژەی بۆ ناوبانگ و پەلامارەکانی کردوون کە لە بەردەم مەترسیدا ئازاو خۆڕاگرن. هەروەها ئاماژە بۆ هەندی هەڵوێستیان دەکات کە بوونەتە جێی سەرنجی و دەڵێت : هەتا بڵێیت شەرەفمەندو قسە ڕوونن، بۆ وێنە لە هەڵوێستێکدا ڕازی نەبوونە ئەو خواردنەی لە لایەن بەرپرسە (ئەفەندی) یەکەیانەوە پێشکەشیان کراوە قەبوولّ بکەن، چونکە چاوڕوان بوونە فەرمانێکیان پێبگات بیکوژن، بۆیە خواردنەکەیان نەخواردووە هەتا نەکەونەبەر خیانەتی (نان و نمەك) کە ئەویش مەسەلەیەکی ویژدانییەو بەهای گەورە هەڵدەگری، وێڕای ئەوەش سۆن تووڕەیی و ناڕازی بوونی خۆی لە هەمەوەند ناشارێتەوە، بەلاّم دان بەوەشدا دەنی کە لەگەڵ ژناندا جوامێرانە سەودایان کردووە کاتێك لەسەر ڕێگا پەلاماری هێزەکانی تورکیایان داوە و هەروەها باسی ئەوەشی کردووە کە جەنگاوەرانی ئەم هۆزە بە جۆرێك زاڵ بوونە بەسەر سەربازە تورکەکاندا بووەتە مایەی پێکەنین.

سۆن دەڵێت : ئەم هۆزە کوردە لە ئێرانەوە هاتوون و کاتی خۆی لە قەسرشیرین نیشتەجی بوونە و فارسەکان ویستوویانە هێوریان بکەنەوە و سۆزیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشن، بۆیە ئەرکی پاراستنی سنووریان بەکری پی ڕاسپاردوون و پێشەواکەشیان (جوان میرخان) سەرەتا ڕازی بووە، بەلاّم پاشان بەوە دانەکەوتووە و پەلامارەکانی زیادی کردووە، هەتا حکوومەتی فارسی ناچار بووە بیگری و لە سێدارەی بدا، ئەنجا کوڕەکەی (حەمە بەگ) جێگەی گرتووە و کاتێکیش حکوومەتی تورکیا داوای کردوون فارسەکان پێیان خۆش بووە بۆ ئەوەی لێیان ڕزگاربن، بەلاّم تورکەکان نەیانتوانی کارو کردەوەی کوشتن و بڕینیان قەبوولّ بکەن، بۆیە ناچار بوون لقێکی ئەم هۆزە دوور بخەنەوە و بینێرن بۆ باکووری ئەفریقیا (ولایەتی ترابلس)، بەلاّم پاشان گەڕانەوە.

وەك سۆن یش ئاماژەی کردووە شانازییان بەوەوە کردووە کە لە ڕێگای گەڕانەوەیاندا (نەك هەلاّتنیان لە ژیانی دەست بەسەری) عەرەبەکانیان تالاّنکردووە وەك ئەوەی لەوەوپێش بە تورکەکانیان کردبوو (٢٢٩). هەمەوەندەکان وێڕای ئەوەی بە پێی یاسا مەحکووم کرابوون بوێرانە و بە بی ترس لە نێو شاری کەرکووکدا بەوپەڕی ئازادییەوە دەگەڕان.

کارلتۆن کوین (١٩٥٥) نیمچە سەربەخۆیی هۆزە کۆچەرەکان بەوە شیدەکاتەوە کە پەیوەستە بە باری جوگرافی ناوچەکانیانەوە، چونکە ئەوان لە نێو چیا یان بیابان یان دەشتی چۆلّ

دەژین لەم شوێنانەشدا بە ئاسانی ناگیرێن، بێجگە لەوەی ئەسپ و ماین بەخێو دەکەن و هەر کاتێك بیانەوێ پەنایان بۆ دەبەن تا دەستبەجێ خۆیان لە دەستی هێزەکانی میری رزگار بکەن.

کوین نموونەی لەسەر ئەمە هێناوەتەوە و باسی تەرپ و داغان کردنی هێزە داگیرکەرەکان لە بیاباندا دەکات کاتێك هەوڵیان دەدا یەمەن داگیربکەن، باپیرانی کوردیش لە چیا بەرزەکانەوە پارچە بەردی زەبەلاحیان بۆ سەر هێزەکانی زەینەفۆن خل دەکردەوە بەوەش ئازاری سەختیان دان و دوچاری رۆژی رەشیان کردن، بۆیە سوپاکەی زینەفۆن نەیتوانی لە ناوچە شاخاوییە سەختەکان و لە دەستی کوردە نەبەردەکان بە ئاسانی رزگار بێت.

کوین هێزو نەبەردی ئەم هۆزە کۆچەرانە بۆ سروشت یان شێوازی ژیانیان دەگەڕێنێتەوە کە بەردەوام لە جوولە و چالاکیدان و دڵ و دەروونیان چ لەگەڵ یەکدی و چ لەگەڵ سەرۆك هۆزەکەیاندا پاکە، هەروەها لایەنی خۆراکیش رۆڵی خۆی دەگێڕێ، چونکە گۆشتی باش و شیرو ماست دەخۆن کە هێزیان دەدەنی و بە جۆرێك رادێن لە ئاژەڵی دڕندەش باکیان نەبێ.

هەر بۆیەش دەتوانن بەسەر رەتلێك یان لیوایەکی سەربازیدا زاڵ بن کە بە زۆری بریتییە لە کۆمەڵە جوتیارێکی ئەوتۆ کەوا خێرا راهێنراون و چەکەکانیشیان لاوازن (٢٥).

باسیل نیکیتینیش * (١٩١٥-١٩١٨) پشتی بەستووە بە راو بۆچوونەکانی میلنکن (گرێی شەشەمی سەدەی نۆزدەیەم) سەبارەت بە روونکردنەوەی دروست بوونی هۆز لەو باوەڕەدایە هۆز لە خێزانێکەوە دەستی پێکردووە و بەرە بەرە زیادی کردووە.

بۆ دووپات کردنەوەی ئەمەش هۆزی (هەرکی) کردۆتە نموونە کە باپیرەیان پیاوێك بووە ناوی (ئەبو بەکر) و ناوبانگی ئازایەتی بلاو بۆتەوە و لەگەڵ میرێکدا کە ناوی (زەینەددین) بووە دوژمنایەتی هەبووە کاتێکیش لەگەڵ پیاوەکانیدا کە داویان بۆ ناوەتەوە رووبەروو بووەتەوە بیستی لێکوشتوون و چەك و زخیرەکانیانی لەسەر دوو هێستر بارکردووە و بەرەو دەواری میر کەوتۆتە ری، میریش بە فێڵ ئاماژە بۆ ئازایەتی دەکات و داوای لێدەکات لەگەڵیا بژیت ئەویش بە قسەکانی میر دڵنیا دەبێتەوە و شەو دەنوی، پاسەوانانی میر کاتێك بۆیان ساغ دەبێتەوە خەوبردوویەتییەوە پەلاماری دەدەن و دەیبەن لە سێدارەی بدەن، لە پڕ خەنجەری یەکی لە جەلادەکان دەرفێنێ و بە توندی لە لەشی دەچەقێنێ تا لەو دیوەوە دەردەچی و دەچەقێتە نێو

* نیکیتین ساڵی ١٨٥٥ لە دایك بووە و لە نێوان ساڵانی ١٩١٥-١٩١٨ لە کوردستان ژیاوە. کتێبەکەشی ساڵی ١٩٥٦ بە زمانی فەرەنسی چاپکردووە.



رەگی دارێکەوە کاتشێ بەتوندی دایدەتەکێنی مشتۆکەی دێتە دەست و چەقۆی خەنجەرەکەی بۆ دەرناچی، بەلاّم پێش لە سێدارەدانی داوای کردووە دوا وەسیەتی بگەیەنن بە منداڵەکانی :

یەکەم : دڵنیا مەبن لە چەسپاندنی چەقۆی خەنجەر ئەگەر بەبسمار مشتۆکەی قایم نەکەن.

دووەم : هەر یەکەتان چوار ژن بێنن بۆ ئەوەی رۆڵەتان زۆر بن و تۆڵەی من بکەنەوە.

سێیەم : هەرگیز گوێ لە قسەی لووسی ئەندامانی خێزانی میر زەینەددین مەگرن.

ئەم پاڵەوانە چوار کوڕی لە پاش جێ دەمێنی، مندۆ، سیدۆ، سەرحان، موشیر یەکەم سێ کەسیان دەبن بە سەرۆکی هەرسی لقەکەی هۆزی هەرکی (١٢٠-١٢١).

ئەم چیرۆکە کەوا باسیل نیکیتین لە زمانی میلنکنەوە دەیگێڕێتەوە تایبەتە بە چۆنێتی پێکهاتنی هۆزێکی کورد کە لە یەك خێزانەوە دەستی پێکردووە و ئەمڕۆ یەکێکە لە گەورەترین هۆزە کوردییەکان. میلنکن هۆکارەکانی بەردەوام بوون و فراوان بوون یان لە بەریەك هەڵوەشان و نەمانی هۆزەکانی دیاریکردووە.

ئەو لەو باوەڕەدایە هۆز پێویستی بە پێشەوایەکی ئازاو لێهاتوو هەیە بۆ ئەوەی لە پاڵیا گەشە بکات و رۆڵەکانی یەك بگرنەوە. مەسەلەی لەبەریەك هەڵوەشانەوەشی بەوە لێکداوەتەوە پەیوەستە بە نەبوونی پێشەوا یان برسێتی یان دەردو پەتاوە.

لە راستیشدا باسیل نیکیتین وێڕای ئەوەی بۆچوونەکانی میلنکنی نمایش کردووە، دەربارەی پێکهاتنی هۆزیش دواوە وا دیارە سەرنجەکانی باسیل نیکیتین لەم بوارەدا تایبەت بووە بە کوردەکانی تورکیاوە، بۆیە دەڵێت : هەر یەکێك لە هۆزەکانی کوردستانی تورکیا لە خێزانێکی سەرەکی، کە خێزانی پێشەوایە و دوایش کۆمەڵێك لەو خێزانانەی پێوەندی خزمایەتیان لەگەڵدا هەیە پێك دێت.

هەر خێزانێکیش دەوارێکی هەیە، بۆیە ئەگەر بتەوێ ژمارەی ئەو خێزانانە بزانی ئەوە لە ژمارەی دەوارەکانەوە بۆت دەرئەکەوێ. وێڕای ئەمەش باسیل نیکیتین گرێمانەی ئەوەی خستۆتەڕوو کە رەنگە ژمارەی خێزانەکان یان ژمارەی ئەندامانی هەر خێزانێك بە پێی ئەو بارودۆخەی هۆزەکە پێیدا تێدەپەڕێ زیاد یان کەم بکات. ئەوەشمان بۆ دەدرکێنێ کە هۆزەکانی کوردستان لە دوو توخمی دیار پێك دێن یەکەمیان هەمیشەییەو دووەمیشیان قابیلی گۆڕانە. یەکەمیان ئەوانەن کە کەس و کاری پێشەوای هۆزن، بەلاّم دووەمیان ئەو کۆمەڵە دەربەدەرو سەرلێشێواوانەن هەر جاری روو لە هۆزێك دەکەن، بۆیە ناتوانری ژمارەی راستەقینەی هۆزەکان دیاری بکرێت (١١٧).

بۆچوونەکەی باسیل نیکیتین زۆر دروستە، چونکە وێڕای ئەوەی ئەمڕۆ سیستمی هۆزگەری لە چاو سەد ساڵ پێش ئێستا لە کۆمەڵگای کوردیدا روو لە کزییە، دەبینین کەسانێکی زۆر هەر جاری خۆیان دەخەنە پاڵ هۆزێك و بە ئاسانی ناوی هۆزێك دەلکێنن بە ناوەکانیانەوە ئەویش بێگومان بۆ مەبەستی بەرژەوەندی تایبەتە، ئەم دیاردەیەش تەنها لە نێو کورددا باو نییە بەڵکو لە نێو عەرەبەکانیشدا هەیە.

باسیل نیکیتین ئاماژەی بۆ لێکۆڵینەوەیەکی هلمۆت کریستۆف کردووە کە تیایدا هۆزە کوردییەکانی بە چوار نموونە* باسکردووە، لە راستیشدا نووسەری ئەم کتێبە کە یەکێکە لە رۆڵەکانی گەلی کورد و سەر بە هۆزێکی کوردە لەو باوەڕەدایە (کریستۆف) زۆر وردبین نەبووە لە پۆل پۆل کردنەوەکەیدا بۆ کۆمەڵگای هۆزگەری لە کوردستاندا(٥٥).

خوێنەر وا هەست دەکات لە باسی ئەو نموونانەدا جۆرە زۆربێژییەکی فەرمووە، بێجگە لە پشتگوی خستنی هۆکاری رامیاری کەوا بەرپرسە لە گشت شێوەکانی کوشتن و توندو تیژی هۆزەی سەر ناوچە سنوورییەکان.

کریستۆف لە خۆی نەپرسیوە سنوور بۆ چی ؟ سنوور لە نێوان کێ؟ بۆچی لە نێو خاکی کوردان سنوور هەبێ و رۆڵەی میللەتێك کاتێك لە سنووری دروست کراوی نێوانیانەوە بپەڕنەوە بە بیانی دابنرێن، کامیان لەمەڕ ئەوی ترەوە بیانییە. کێ دەست درێژی کەرو کێ دەست درێژی لێکراوە لە نێو ماڵی خۆیدا ؟ مرۆڤی کورد هەرگیز نایەوی دەست درێژی کەر بێ بەڵکو ئەیەوی بەرگریکار بێ.

بە بۆچوونی ئێمە کریستۆف بە هەڵەدا چووە کاتێك وتوویەتی زۆربەی ئەو کوردانەی لە شارەکاندان لە بناغەدا سەر بە ئەو دەستەیەن کە لەسەر سنوور دەژین، چونکە هیچ بەڵگەیەك نییە بۆ دووپات کردنەوەی ئەم مەسەلەیە.

بە هەمان شێوەش دوچاری هەڵە بووە کاتێك وتوویەتی دانیشتووانی شارەکان لە تایبەتمەندێتی کوردی و کێشەی لەگەڵ دوژمندا دووركەوتۆنەتەوە و تا رادەیەکیش خۆش ویستنی دەسەڵات و ئازایەتییان لە دەست داوە و گەیشتۆنەتە ئاستی گوی نەدان و کزی، هەروەها رەوانەوەی سیستمی سەختی هۆزگەری مەیلی دەوڵەمەندی لە دەروونندا زەق

---

* چوار نموونەکەی کریستۆف ئەمانەن : ١- شوانکارەی مەڕومالاّت لە تەو بەتەلانەکانی تورکیا ٢- شوانکارەی مەڕومالاّت لە هەورازی تۆروس ٣- جەنگاوەرانی ناوچەکانی سەرسنوور ٤- نیمچە کۆچەرەکان.



کردوونەتەوە، دەسەلاّتی رامیاری و خۆش ویستنی ئازادیشی لە ناخدا کوشتوون بەو شێوەیە کریستۆف دیدو بۆچوونەکانی کۆتایی پێدێنی.

بەلاّم پێویستە ئەوە بڵێین کە هێزی دەست و بازووی رۆڵەی شار لە رۆڵەی هۆزەکان کەمترە ئەوەش دیاردەیەکە تەنها لە کوردستاندا باو نییە بەڵکو لە گشت شوێنێکی جیهاندا وایە.

کێشەش لەگەڵ دوژمندا لە شارەکاندا بنبڕ نەبووە، بەڵکو لە شارە کوردییەکاندا کۆمەڵەو پارت و بزوتنەوەی رامیاری و رێکخراو لە دایکبوونەو لەگەڵ رۆڵەی هۆزەکاندا سازشیان هەیەو لە ئەنجامدا بزوتنەوەی نەتەوایەتی چەکدارانە هاتۆتە کایەوە و هەرگیز شارەکان لە کۆششدا لە پێناو ئازادیدا درێخیان نەکردووە.

بەلاّم کوردەکان لە میانەی تاقیکردنەوەکانیانەوە لەوە گەیشتوون کە ئەگەر شارەکان بکرێن بە گۆڕەپانی جەنگ ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە. تەنانەت ئەگەریش لە نێو شارەکاندا ئالاّی دوژمن بەرزبکرێتەوە هەر رۆڵی گەورە دەگێڕن لە بزوتنەوەی چەکداریدا لە رووی لۆجستییەوە، بزوتنەوە کوردییەکانیش لەسەر ئاستی سەربازی هەمیشە لە دەرەوەی شارەکاندا سەرکەوتنیان وەدەس هێناوە.

باسیل نیکیتین وێنەکی جوانی ژیانی هۆزە کۆچەرەکانی کوردی بە قەڵەم بۆ کێشاوین : هەر لەگەڵ کۆتایی هاتنی وەرزی زستاندا هۆزەکان بە دوای لەوەڕگای سەوزدا بۆ مەڕەکانیان دەگەڕێن و بەرە بەرە بەرەو بەرزاییەکان هەڵدەکشێن، گومان لەوەشدا نییە ئەو شوێنە بەرزانە رادەی توانەوەی بەفر سنووریان بۆ دەکێشی کەوا لە ناوچە نزمەکاندا زوو دەست پێدەکات و شوێنەکانیان سەوز هەڵدەگەڕێن و دەبن بە لەوەڕگا، کاتێکیش وشك ببنەوە هۆزەکان بەرەو بەرزتر هەڵدەکشێن و خۆیان دەگەیەننە لەوڕگایەکی نوی، لە پایزیشدا باو باران ئەو هۆزانە ناچاردەکات بگەڕێنەوە و روو لە دەشتاییەکان دەکەن کە تیایاندا گژوگیا بەرە بەرە سەر لە نوی گەشە دەکات، هەروەها ئالفیشیان لە گوندەکانەوە دەست دەکەوی.

لە رێگای گەڕانەوەشدا گفت و گۆی ژنان تەرخانە بۆ باسی ئەوەی چەند کەرەو پەنیریان کۆکردۆتەوە، شوانەکانیش بە شەوقەوەن بۆ وەرگرتنی کرێ و بەری رەنج و کۆششیان، پیاوانی هۆزیش شپرزەی کڕینی گەنم و جۆن، چونکە کشتوکاڵیان نییە.

کۆمەڵێکی دیکەی ژنانیش بە شادییەوە باسی ئەو پێداویستیانە دەکەن کە لە فرۆشیارە گەڕۆکەکان کڕیویانن، کوڕان و کچانیش نهێنی دەچێنن بە بەرگوی یەکتردا و هەواڵی شایی و زەماوەندی هاوتەمەنانیان بە یەکتر دەگەیەنن.

شەوچەرەی هۆزەکان لە شەوانی مانگە شەودا گەرم دەبێ و باسی ئەو شوێنە خۆشانە دێننەوە یادی خۆیان کە تیایاندا ژیاون یان پێیاندا تێپەڕیون، بە تایبەت کانیاوەکان کە گوڵ و گیای شاخ دەورەیان داون و ئەمانیش ئاوی زوڵاڵیان لێنۆشکردوون (٣٩-٤٠).

باسیل نیکیتین ئەوەشی لە یادنەکردووە کە جووتیاران نائارام دەبن کاتێك هۆزە گەڕۆکەکان لە نزیك گوندەکانیانەوە تێدەپەڕن، چونکە لەو کاتانەدا جووتیارەکان دەرگای ماڵەکانیان لەسەر خۆیان دادەخەن و چەکدارەکانیش لە شوێنە بەرزە ستراتیژییەکانی دەوروبەری ماڵەکانیان سەنگەر دەگرن و دەیانپارێزن و جارو باریش لێرەو لەوی دەنگی گوللەی تفەنگ دەنگ دەداتەوە (٣٣). ئەمەشمان لە میانەی باسەکەی دیکسۆنەوە ئاماژە بۆ کردووە لەم بەشەدا.

نیکیتین پەنجەی بۆ ئەو پێداویستییە ساکارانەش راکێشاوە کە هۆزەکان لەگەڵ خۆیان دەیانگوێزنەوە وەك جل و بەرك و فەرشی سووك و کاسەو کەوچك و شتی لەم چەشنە کە لەسەرپشتی هێستر یان گا باریان دەکەن.

باسیل نیکیتین لە لێکۆڵینەوەکەیدا دەربارەی کورد ئەوەشی وتووە کە هۆزە کوردەکان ئارەزوومەندی گۆرانی و ئاوازن بۆ ئەمەش متمانەی کردۆتە سەر دیدو بۆچوونەکانی (بلو) کەوا لە لێکۆڵینەوە وردەکەیدا لەسەر ناوچەکانی باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەی بۆ دووپات بووەتەوە هەژارترین هۆزی کورد لە گۆرانی و ئاوازدا دەوڵەمەندن (١٣٢-١٣٣).

ئەدمۆندز (یەکەم چارەکی سەدەی بیستەم) لەو باوەڕەدایە هۆکاری پراکتیکی لە گۆڕین بۆ ئەوەی مرۆڤ بچێتە سەر ئەو باوەڕەی، کە کۆمەڵگای کوردەواری لە دەرەوەی شار لە رووی رەگ و بناغەوە هۆزگەرییە.

ئەدمۆندز بۆ چەسپاندنی بیرو بۆچوونەکانی خۆی دەڵێت : هۆز لە نێو خۆیدا دابەشە بەسەر لق و تیرەدا، هەندی جار هۆزێکی تەواو دەگەڕێتەوە بۆ پشتی یەك پیاو کە باپیرە گەورەیە. هەندی جاریش رەگی دەگەڕێتەوە سەر یەك لق یان یەك تیرە، جاری واش هەیە لە سنووری ئەو خێزانەدایە کە حوکمی هۆزەکە دەکات.

هەروەها ئەدمۆندز پەنجەی بۆ ئەوەش راکێشاوە کە بە زۆری سیمای یەکگرتنی رامیاری یان جوگرافی بەسەر هۆزەکاندا زاڵە، هەر بە پێی دیدی ئەدمۆندزیش ساکارترین دیاردەی سیستمی هۆزگەری لە کوردستاندا لای ئەو کوردە کۆچەرانە دەردەکەوی، کە بە درێژای ساڵ و هەمیشە جی نشینی ئەو دەوارانەن کە لە مووی بزن دروستی دەکەن و بە پێی سروشتی وەرزەکانی ساڵ لە نێو دەشت و ناوچە شاخاوییەکاندا دەگەڕێن.



ئەدمۆندز ئاماژەی بۆ ئەو دیمەنە جوان و سەرنج راکێشەش کردووە کە لە کاروانی هۆزەکاندا بەرجەستە دەبێ چ لە کاتی کۆچ کردنیاندا بەرەو ژوور یان لە گەڕانەوەیاندا بەرەو خوار. دیدو بۆچوونی ئەدمۆندز و باسیل نیکیتین سەبارەت بەو دیمەنانە لە یەکەوە نزیکن.

ئەدمۆندز دەڵێت : ئەو کوردانە هەزارەها سەری مەڕو بزن دەخەنە پێشی خۆیان لەگەڵ گوێدرێژ و هێستری بارکراو لە مەنجەڵ و جەواڵی پڕ گەنم و تفاقی نێومال و ژنەکانیان، بە تایبەت ئەوانەی بەساڵاچوون و پتر لە سەدو پەنجا جار بەڕادەی دووجار لە ساڵێکدا ئەو باروکۆچە دووبارە دەکەنەوە.

ژنی قەیرەیان هەمیشە دەم بە پێکەنین و گورج و گۆڵ و کچا ئاسا دەبینرێن، هەندێکیشیان تفەنگ هەڵدەگرن. منداڵی شیرەخۆرە یان ئەو ژنانەی لە رێگا منداڵیان دەبێ. هەروەها قەتارە بەستنی هۆزو رێگا بڕینیان بە نێو دارو دەوەن و تولەی تەنگەبەری نێو چیاکان بە دیمەن گەلێکی جوان و سەرنج راکێش دەداتە قەڵەم (١٦).

ئەدمۆندز ئەو تابلۆ جوانە بەوە کۆتایی پێدێنێت کە دەڵێت : زۆربەی هۆزە کۆچەرەکانی کورد خەریکن لە گوندەکاندا جێگیر دەبن و بە کشتوکاڵەوە خەریکن (١٧).

لێرەدا پێویستە ئەوە روون بکەینەوە کە دیاردەی نیشتەجێبوونی ئەو هۆزانە بەو شێوە کت و پڕە نییە کەوا خوێنەر لە نووسینەکەی ئەدمۆندز دا پێشبینی دەکات، چونکە برێك لەو هۆزانە وێڕای ئەوەی لە وەرزی زستاندا خەریکی کشتوکاڵن، کاتێك لە دروێنە دەبنەوە و بەشی خۆیان و ئاژەڵەکانیان دانەوێڵە بۆ وەرزی زستان عەمبار دەکەن، ئیدی بە خۆیان و مەڕو ماڵاتیانەوە بۆ گەڕان بە دوای لەوەڕدا بەرەو ناوچە شاخاوییەکان کۆچ دەکەن. ئەم هۆزانەش لە لایەکەوە کۆچبەرن و لە لایەکی دیکەشەوە جینیشنی گوندەکانن وازیان لە دەوار هێناوە و لە ناوچە بەرزەکاندا لە دارو دەوەن کەپر دروست دەکەن، لە زستانانیشدا لە خانووی قوڕدا دەژین، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هێڵی روونکردنەوەی ژیانی ئەو هۆزانە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەو خەڵکانە زیاتر ژیانی بەرقەراری پەسەند دەکەن مەیلی ئەوەیان هەیە لە لادێکاندا خەریکی کشتوکاڵ بن تەنانەت دەتوانین بڵێین ژیانی کۆچەری لە کوردستاندا لە چواریەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا کۆتایی پێهاتووە.

ئەدمۆندز باسی ئەوە دەکات شاری هەڵەبجە کەوا موڵکی پێشەوا گەورەکانی هۆزی جاف لەگەڵ نۆیەکی زەوی و زاری قەزاکە یان پتری لەسەر ئەندامانی خێزانی حوکمڕان تاپۆکراوە، هەر خۆیشی لەو باوەڕەدایە سی بەشی دانیشتوانی شارەکە سەر بە هۆزی جافن (١٢٩-١٣٠).

ئەدمۆندز هۆزی جاف بە کوردی رەسەن دەداتە قەڵەم و دەڵێت : گەورەترین هۆزی کوردی باشووری کوردستانن و زۆر جاریش بە وشەی کورد ئاماژەیان بۆ دەکرێت کە ئەمەش وەك تایبەتمەندێتییەکە بۆ جیاکردنەوەیان لەو کوردە لادێیانەی سەر بە هۆزێکی دیاریکراو نین. گومانیش لەوەدا نییە هۆزی جاف وەك هۆزەکانی دی بە گشتی شانازی بە نەژادی خۆیانەوە دەکەن (١٣٠).

ئێمە لەو باوەڕەداین دیدو بۆچوونەکانی ئەدمۆندز سەرئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی وردن، هەر ئەم رێڕەوە زانستییەش هۆکاربووە بۆ ئەوەی ببی بە مامۆستایەکی پسپۆر لە زانستەکانی رۆژهەلاٚت دا نەك بەتەنها بواری کوردی. ئەوەی ئەدمۆندز سەبارەت بە هۆزی جافیش وتوویەتی وەلاٚمێکی تەواوە بۆ هەندی تەقەللای بێفەڕ بۆ داماڵینی بەرگی کوردێتی لەبەر هۆزی جاف. جافەکان خۆشیان وەك کوردی رەسەن پابەندن بە نەتەوەی خۆیانەوە. ئەم تەقەللایانە هەر بەتەنها هۆزی جافی نەگرتۆتەوە بەڵکو بەداخەوە هۆزی دیکەشی گرتۆتەوە، چونکە نەتەوەخوازی پێش هەموو شتێك هەستە. دواییش زمان و جوگرافیا ئەم سی رەهەندەش لەو هۆزانەدا هەن ئەمە لە لایەکەوە لە لایەکی دیکەشەوە ئێمە لەو باوەڕەدا نیین کە نەتەوەی عەرەب کاروباری راست دەبێتەوە و ئامانجە ستراتیژییەکانی دێنە دی ئەگەر ئەم هۆزە یان ئەو هۆزە کوردەی بچێتە پاڵ و کارتێکەرییەکی ئەوتۆشی لەسەر ژمارەی دانیشتوانی نیشتمانی عەرەبی نابی کە ملیۆنەهان. ئێمە باوەڕی تەواومان هەیە هەر نەتەوەخوازێکی عەرەب کە بابەتییانە بیربکاتەوە و دڵسۆزی ئاواتەکانی نەتەوەکەی بێت هەرگیز قایل نابی راستییەکانی مێژوو بشێوێنرێن یان بگۆڕدرێن.

ئەدمۆندز هەوڵیداوە بە رەگ و ریشەی خێزانی حوکومڕانی هۆزی جافدا بچێتەوە و سوودی لەسەرنجە کەسییەکانی خۆی و ئەو یادداشتنامانەی بینیوە کە نووسیونەتییەوە، هەروەها هەندی لەو سەرچاوانەی کە بەوە باسی کردوون (هەمیشە دەست ناکەون) لە ئەنجامدا گەیشتۆتە ئەو راستییانە.

ئەدمۆندز لەو باوەڕەشدایە گەلێك لە خێزانی حوکومڕانە هۆزە کوردییەکان رەگی خۆیان دەبەنەوە سەر پێغەمبەر (١٣٤). لە راستیشدا رەنگە ئەم دیاردەیە نەك تەنها لە کوردستاندا هەبی، بەڵکو لە گشت ولاٚتانی رۆژهەلاٚت هەیە، چونکە نەوەی پێغەمبەر دروودی خوای لێبی لە نێو نەتەوەی کورددا رێزی زۆریان هەیە بۆ هەر کەسێکیش لەسەر ئەوان بژمێررێت



شەرەفێکی گەورەیە. هەر ئەمەش دەسەلاٚتی سەرۆك هۆز پتر دەکات، چونکە دەسەلاٚتی ئایینیشی دەچێتە سەر.

بۆچوونەکانی ئەدمۆندز سەبارەت بە جاف وەك نموونەیەکی کۆنی هۆزە کوردەکان و خاوەنی خێزانێکی ئوروستوقراتی حوکومڕان لە لایەکەوە و لە لایەکی دیکەشەوە گەلێك لقی تری هەیە کە لە چینی جووتیارن، دواییش ئەم لقانە بەشی بچووکتریان لێدەکەوێتەوە کە سەرۆکەکانیان (کوێخا) یان پی دەڵێن. هەندێکیش لەم هۆزانە ماوەیەکی زۆرە خەریکی کشتوکاڵن، هەندێکی دیکەشیان مۆرکی کۆچەرییان بەسەرا زاڵە. ئەدمۆندز ئەوەشی باسکردووە کە نیشتەجێبوون بەرە بەرە لە زیاد بووندایە بەلاٚم هۆکارەکان وەك خۆیان ماونەتەوە و نەگۆڕاون نموونەیەکیشی لەسەر ئەمە بۆ هێناوینەتەوە و دەڵێت : پیاوێك بە هۆی دەردێکی سروشتییەوە یان جەنگی هۆز یان کارێکی دیاریکراوی حکوومەتەوە رانەکەی لە دەست دەدات و ناچار دەبی روو لە کشتوکاڵ بکات، بەلاٚم بەختی نایهێنی و هەرچەند دەکات رەنجی نایەتە بەر ناچار دەبی روو لە ژیانی کۆچەرێتی بکاتەوە (١٣٤).

ئەدمۆندز لەو باوەڕەدایە گەورەترین هۆکاری نیشتەجێبوونی سەرخاك خۆتێگەیاندنی کارگێڕییە لە داب و نەریتی کۆندا ئەدمۆندز لەگەڵ هۆزێکی دیکەی کورددا روو بەڕوومان دەکاتەوە کەوا بووەتە جێی سەرنجی، ئەویش پشدەرە، ئەگەریش جافی بەوە باسکردووە گرنگترین هۆزن لە باشووری کوردستاندا، بەلاٚم نەی ویستووە بڵێت: بەهێزترین هۆزن لە کوردستاندا، ئەو وەسیەی بە شیاوی پشدەر زانیوە (١٩٨). لە راستیشدا ئەمە بیرو بۆ چوونی ئەدمۆندزە چونکە نازانین ئەو پێوەرانە چین کە دەبی متمانەیان بکرێتە سەر بۆ هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی کامەیان لەوی تر بە هێزترە، ئایا چەك لەبەر چاو دەگرین یان زەخیرە یان هێزو توانستی تاکەکەس لە هۆزەکەیدا گرنگیش ئەوەیە ئەدمۆندز لەگەڵ هۆزێکی دیکەی کوردا رووبەڕوومان دەکاتەوە کە دیسان بووەتە جێی سەرنجی.

پشدەر ناوێکی جوگرافییە نەك هۆزگەری ناوی هۆزەکە (نورەدینی)یە و نازناوی خێزانە حوکومڕانەکەشی (میراودەلی)ە ئاغاکانی میراودەلی دەسەلاٚتیان بەسەر هۆزەکەیاندا رەهایە و کەس ناتوانی بەرەوڕوویان بووەستی، ژمارەشیان زۆرە، پێش ساڵی ١٩١٨ سەردەمێك بوو ژمارەیان زیادی کردوو بریکارەکانیان لە ناوچەکەدا لەو گوندانەدا کە بستێکیان لێنەبوو دەسەلاٚتیان سەپاند، بۆیە ئەدمۆندز لەو باوەڕەدایە ئەم هۆزەش شایانی لێکۆڵینەوەیە وەك نموونەیەك لە قۆناغێکی دیاریکراودا لە گەشەسەندنی رامیاری کۆمەلاٚیەتیدا (١٩٨).

لەراستیشدا چیرۆکێکی جوان هەیە دەربارەی رەگەزی میراودەلی کە بابەکر ئاغای پێشەوای ئەم هۆزە بۆ ئەدمۆندزی گێڕاوەتەوە، تیایدا ئەوەی درکاندووە لە بناغەدا لە نەوەی بابانەکانن و دەگەڕێنەوە سەر  باپیرەگەورەیان (فەقی ئەحمەدی دارەشمانە).

دوو برا بە ناوی (کاکە میرو کاکە شێخ) لە گوندی مەرگە ژیاون و هەردووکیشیان دەکوژرێن، بێوەژنەکەی کاکە میر کە سکی پڕ دەبی هەڵ دی و دەچێتە (خدران) لە ناحیەی چناران و لەوی کوڕێکی دەبی ناوی دەنی ئەحمەد، پاشان دەگوێزێتەوە بۆ دارەشمانە کە حەوت میل دەکەوێتە رۆژهەلاتی قەلادزێوە. ئەحمەد دەبی بە پیاوێکی لێهاتووی زاناو شارەزا لە شەڕی موسوڵمانانندا دژی کافران دەتوانی لە رووداوێکدا (کیغان)ی شازادەی جەنگاوەر و ئازای کچی ئیمبراتۆری ئەفرەنج ببەزێنی کەوا پێش ئەو هیچ سوارێکی موسوڵمان نەیتوانیبوو دەستی بادا ئەوە بوو ویستی لەگەڵ خۆیدا بیباتەوە و شانازی بەو دەستکەوتەوە بکات، بەلام لە رێگای گەڕانەوەیدا شێرێك پەلاماری دەدات و کیغانیش لە دەستی دەر ئەچی و رادەکا، کاتێك برینەکانی سارێژ دەبنە سەر لە نوی داوای دیلەکەی دەکاتەوە، کیغانیش کە ئازایەتی و چەلەنگی ئەحمەد سەرنجی راکێشابوو زۆریشی بەدڵبوو بە رەزای خۆی کەوتە دوای و لە ماڵێکدا لە دارەشمانە جێگیر بوون، لە ئەنجامیشدا سی کوڕی  لێبوو کە ئەمانە بوون

(بابا سلێمان) ی باپیرە گەورەی خێزانی بابانەکان، (خان بە داخ) باپیرە گەورەی میراودەلی سێیەمیشیان باپیرە گەورەی موکریانانی حوکومڕان بووە.

هەندی جاریش دەڵێت : کاکە میر لە نەوەی سەلاحەددینە، خێزانی ئەیوبیش یەکەمجار لە سووریاوە چووە بۆ جزیرەی ئیبن عومەر پێش ئەوەی لە مەرگە جێگیر بێت، میراودەلی لە گوندی نورەددین نزیك قەڵادزی نیشتەجی بووە (١٩٩).

لە راستیشدا ئەم چیرۆکە ناسکە کە گومانمان لەسەری نییە رەگی راستی تیایە، وێڕای ئەوەش مۆرکێکی درامی جوانی پێوەیە لەگەڵ هەندی بابەتی تری پێوەندیدار بەم مەسەلەیەوە کە لە سەرچاوەکانی دییەوە سەرنجمان داوە لە بەردەم کۆمەڵێك راستیدا دەمانوەستێنی خوا یار بی لە پاشە رۆژدا لەسەریان دەنووسین بۆ پەنجە خستنە سەر رەسەنی خێزانی بابانەکان کە میرنشینی بابانیان دامەزراندووە، هەروەها خێزانی میراودەلی کە سەرکردایەتی هۆزێکی جەنگاوەری گەورەی کوردی کردووە، وەك چۆن جاف کۆڵەکەی بناغەیی میرنشینی بابان بووە و بەرگری لێکردووە.



کلیمان یش کەوا لە ساڵ ١٨٥٦ بەکوردستاندا گەڕاوە وتوویەتی : گەورەی میراودەلییان کە بابەکر ئاغای گەورەترین کوڕی حەمەئاغا بووە و لەو کاتەدا بە نازناوی (گەورە) ناسراوە توانیوویەتی چەکی هەزار چەکدار دامالێ.

ئەدمۆندز  باسی کێشەی لایەنگرتنی ئەم هۆزە و سەرجەم ناوچەکەی کردووە و دەڵێت : هەندی جار لایەنگرو دۆستی بەریتانیا بوونە و جاری واش هەبوو لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا هاوکارییان کردووە کە پیاوەکانیان بە نهێنی پێوەندییان بەوانەوە کردووە، دژی بوونی حوکمی سیاسی بەریتانیا بوون لە کوردستان (٢٠٨) گومانیش لەوەدا نییە نزیك بوونەوە یان دوورکەوتنەوە لە شێخ مەحموودی نەمر پێوەرێکی بناغەیی بووە بۆ ئاگاداربوون لە بیروبۆچوونی تاك یان هۆز لە لایەن بەریتانیاوە، وێڕای ئەمەش بەریتانیا لەوکاتەدا هێزەکانی لە کوردستاندا بووە، هەوڵی داوە پێوەندی لەگەڵ شێخ مەحموودا خۆش بکات و هەندی دەستکەوتیشی بۆ نمایش کردووە، بەلام بەداخەوە کردەوە و ئاخاوتنی وەك یەك نەبوون، ئەوەی لەسەر زمانی بوو گوزارشتی لە هەستی دڵی نەدەکرد. ئەم بابەتەمان لە بەشی تایبەتدا بە باری رامیارییەوە باسکردووە.

ئەدمۆندز دەربارەی هەمەوەندیش دواوە کە لەوەوپێش سۆن و ریچ باسیان کردووە. بە پێویستی زانیوە هەر رەوەندێك یان هەر کەسێك سەردانی کوردستان بکات باسیان بکات، چونکە هۆزێکن ناوبانگی ئازایەتییان بلاوە و هۆگری جەنگن.

دەربارەیان دەڵێت : ئەم هۆزە نیشتەجێی هەر یەکە لە ناحیەی چەمچەماڵ و بازیانن* هەر چەندەش لە  بچووکترین هۆزەکانی کوردی باشوورن، بەلام هەتا ساڵی ١٩٢٢. بەناوبانگترین هۆزی جەنگاوەری کورد بوونە.

دەڵێت : لەسەرەتای سەدەی هەژدەدا لە ئێرانەوە هاتوون و پشتگیرییان لە میرەکانی بابان کردووە لە سلێمانی و شەڕی تورکەکانیشیان کردووە. بەرانبەر بەمە تورکەکان نیوەی ئەم هۆزەیان راگوێز تەرابلوسی باکووری ئەفریقیا کردووە و لەوی دەستبەسەر بوونە، نیوەکەی دیکەشیان ناردووە بۆ ئەدەنە لە تورکیا هەر یەکە لەم دوو شوێنەش ٥٠٠ میل لە بازیانەوە دوورن (٤٣).

* چەمچەماڵ و بازیان دوو ناحیەی کوردستانی باشوورن دەکەونە نێوان هەردوو شاری کەرکووك و سلێمانییەوە.

ئەدمۆندز گەڕانەوەی جەنگاوەرە دەستبەسەرەکانی لەگەڵ ژن و منداڵیان لە باکووری ئەفەریقیاوە بۆ بازیان لە پاش حەوت ساڵ دەست بەسەری بە گەورەترین و نایاب ترین داستان لە مێژووی هۆزەکانی کورددا دەداتە قەڵەم، دوای ئەمەش دەستبەسەرەکان ئەدەنەڕێی ڕەوی براکانیان گرت، بەڵام ئەمان یەکەمجار هەر پیاوەکانیان هاتنەوە دوایش میری تورکیا بە گەڕانەوەی ژن و منداڵەکانیان رازی بوو، بۆ ئەوەی لە تەنگ و چەڵەمەیان رزگاری بی (٤٤).

ئەدمۆندز باسی ئەوەشی کردووە کە هەر یەکە لە کلیمان و برزیزو فسکی شایەتی ئەوەیان داوە کە هەمەوەند لە کردەوەی شەقاوەگێڕیدا دەستی باڵایان هەیە. شایانی باسە یەکەمیان ساڵی **١٨٥٣** و دووەمیان ساڵی **١٨٦٩** سەردانی هۆزی هەمەوەندیان کردووە، یەکەمیان دەڵێت : هەمەوەند بەهێزترین و بەناوبانگترین هۆزی کوردن لە ناوچەکەدا و هەمیشە بوێرانە خەریکی داگیرکردن و شۆڕشن.

دووەمیشیان بەوەیان باسدەکات هەمیشە مایەی ترس و نائارامین لەو ناوچەیەدا کە دەکەوێتە پشت هەردوو شاری کەرکوك و هەولێرەوە (٤٦).

مینۆرسکی (یەکەم دوو گرێی سەدەی بیستەم) کە کۆمەڵێك دیدو بۆچوونی دەربارەی ژیانی هۆزەکانی کوردستان تۆمارکردووە بە تایبەت لە ناوچەکانی باکووری رۆژئاوا لە کوردستانی ئێران ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کۆمەڵگای کوردەواری دابەشە لە نێوان کۆچەرو شارنشیندا و ژمارەیەك هۆزی کۆچەر شێوە ژیانێکیان هەڵبژاردووە کە تێکەڵە لە نێوان ژیانی کۆچەری و شارنشینیاندا، بۆیە لە زستاندا لە خانووی قوڕدا دەژین و خەریکی کشتوکاڵن کاتێکش لە سەرەتای هاویندا بەرەو چیا کۆچ دەکەن هەندی لە پیاوەکانیان وەك پاسەوان بەجێدێڵن بۆ پاراستنی ماڵ و کێڵگەکانیان (٣٣).

لە سەرنجەکانی مینۆرسکی دا ئەوەش هاتووە کە هۆزی کورد نەریتی گشتی دەپارێزی وەك ئەوەی بەرۆژ بارو کۆچیان بەرێوەیەو شەوانیش لە وێستگەی دیاریکراودا دەنوون (٣٤).

مینۆرسکی شتێکیشی دەربارەی دوو پیشەیی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا باسکردووە کە رۆژهەڵات ناس و رەوەندەکانی دیکەش پەنجەیان بۆ راکێشاوە ئەویش ئەوەیە جەنگاوەر و جووتیارن، دەستدرێژی جەنگاوەرەکانیش بەسەر ئەوانی دیدا لە رۆڵەکانی کۆمەڵگای کوردەواریدا روونە، لەم بارەیەشەوە دەڵێت : هۆز لە کوردستاندا لە دوو چین پێك دێت

(جەنگاوەر) کە سەرۆکەکانن (ئاغا) و خاوەن زەوی و خزمەتکارەکانیان دووەمیشیان جووتیارەکانن کە وەك نیمچە بەندەیەکی سەرزەمینن (٣٤).



مینۆرسکی لە شیکردنەوی باری کۆمەڵی کوردەواریدا لەو ماوەیەی کە لە ناوچەکەدا ژیاوە دەڵێت : کوردەکان زیاتر هەست و سۆزیان بەلای خێزان و هۆزەکانیاندا دەشکێتەوە بەرانبەر بە هەستیان لە رووی مرۆڤایەتییەوە یان ئەو برایەتییەی لەسەر بناغەی ئایین یان هەستی نەتەوایەتی بەندە.

مینۆرسکی هەر خۆی وەڵامی ئەم پرسیارەی خۆی دەداتەوە، کوردەکان کە لە نێوان هەردوو دەوڵەتی لاواز (فارسی و تورکی) دا دەژین متمانە لەسەر کی دەکەن؟ دەڵێت: پێوەندی تووندو تۆڵیان لەسەر ئاستی هۆز بەرپرسە لە مانەوەیان، هەر بۆیەش یەکگرتن و هاوکاری لە سیماکانی ژیانی هۆزەکانی کوردستانە، چونکە تاکەیەك پیاو یان یەك خێزان ناتوانی لە پێناو مانەوەدا بکۆشی، ئەو کارە تەنها لە چوارچێوەی هۆزدا بە ئەنجام دەگەیەنرێت. لێرەشەوە مەسەلەی بەندێتی تاك بۆ هۆزەکەی و هەستی تۆڵەسەندنەوە دێتە گۆڕێ.

مینۆرسکی لە ئەنجامی دیدو بۆچوونەکانیدا ئەوەی بۆ ساغ بووەتەوە کە کوردەکان بەوپەڕی پیاوەتییەوە بەرگرییان لە هۆزەکانی خۆیان کردووە (٦٤).

هەستی هۆزگەری و ئەو خەباتەی لەگەڵیا دێتە گۆڕێ لەو کارە دەروونییانەیە کە بوونەتە جێی سەرنجی هەندی لە رەوەندو رۆژهەڵاتناسەکان بۆ وێنە سۆن باسی ئەوە دەکات کە کاتێك لە کوردێك بپرسی سەر بە کام هۆزی ؟ لە وەڵامدانەوەدا بە جۆرێك خۆی (فش) دەکاتەوە وەك بیەوی ئاماژە بەوە بدات سەر بە هۆزێکی مەزن و بەهێزە.

ویگرامیش (گرێی یەکەمی سەدەی بیستەم) کوردستان بە (وڵاتی هۆزەکان) دەداتە قەڵەم. کردەوەی دزیش دەخاتە پاڵ هۆزەکان، بەڵام ئێمە لەو باوەڕەداین جۆرە زۆربێژییەك لە باسەکەی ویگرام دا هەیە، چونکە گەلێك رەوەندو موژدەبەر پێش ئەو سەردانی کوردستانیان کردووە، بەڵام بەو جۆرە باسی هۆزی کوردیان نەکردووە، ئێمە نکۆڵی لەوە ناکەین کە رەنگە لێرەو لەوی ئەو جۆرە کردەوەیە هەبی، بەڵام وەك دەردەکەوی ئەوە بە زۆری دژی هێزەکانی میری دەکرێت، ئەگەریش تاك و تەرا خەڵك بگرێتەوە ئەوە دەچێتە ریزی کارێکی تاکەکەسییەوە. کە رەنگە رۆژانە لە هەر شوێنێك رووبدات تەنانەت لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانیشدا. بۆ دووپات کردنەوەی ئەمەش باش وایە ئاماژە بۆ ئەو چیرۆکە بکەین کەوا جیمس کریج دەیگێڕێتەوە کە لە گرێی حەوتەمی سەدەی هەژدەیەمدا ناوچەکانی کوردستانی باکوور و باشوور گەڕاوە. ئەوەی درکاندووە هۆزە کوردەکان زۆریان رێز لێناوە و بە گەرم میوانداریبیان کردووە و وەك بریتانییەکیش دان بە ئەمەکداری کورددا دەنێت و دەڵێت : میستەر (ئەیۆت) قونسولی

بەریتانیا لە ئەرزڕووم لە بایەزیدەوە دەچێت بۆ ئەرزڕووم لە نزیك گوندی دیادن لەسەر ئەو ڕێگایەی ڕاستەوخۆ دەچێت بۆ تەبریز کۆمەڵە کوردێك پەلاماری دەدەن ئەویش کە کابرایەکی چاونەترس و بە توانا دەبێت دەمانچەکەی بەکار دێنی و گوللەیەك ئاراستەی یەکەم کەس دەکات کە بەرەو ڕووی دی، خۆشبەختانە نایپێکی، ئەویش پەلاماری دەدات و لە ئەسپەکەی دایدەگری لە بەرچاوی پاسەوانەکانی کە ئەرمەنی و تورك دەبن و خۆیان تێناگەیەنن جلیش لەبەر ئەو و پاسەوانەکانی دادەکەنن و ئەسپ و شت و مەکەکانیان دەبەن، نوێنەری ئەو دەوڵەتە مەزنەش کە خۆری لەسەر ئاوا نەئەبوو دەست دەکات بە پاڕانەوە بۆ ئەوەی کراس و پانتۆلێکی بۆ بگەڕێننەوە تا عەورەتی خۆی پێداپۆشی. (١٨٢).

ئێمە لەو باوەڕەداین ئەو کۆمەڵە کوردە لە پاش ئەوەی زانیوویانە کەسایەتییەکی ڕەسمییەو پاسەوانەکانیشی ئەرمەن و تورکن بە دەستی ئەنقەست بەو شێوەیە سەودایان لەگەڵ کردووە.

میستەر جیمس کریج بە شێوەیەکی نوکتە ئامێز دەربارەی ئەم چیرۆکە دواوە و دەڵێت : دەبوو والی ناوچەکە ئەو کەسانە بگری و سزایان بدات. بەڵام والی لەو ناوچە سەختەدا لە کوی دەتوانی ئەو ڕێگرانە بگری سزایان بدات (١٨٢-٣).

ئێمە لەو باوەڕەداین لەبەر ئەوەی پاسەوانەکان ئەرمەنی و تورك بوونە و بەرپرسەکەش قونسولی بەریتانیا هۆکارێك بەرپا بووە بۆ ئەوەی ئەو ئارەزووە لای کوردەکان دروست بی بەو شێوەیە هەڵوێست وەربگرن. واتە مەسەلەکە لە (دزی و تالاَن) زیاتر بووە ئەگینا بۆچی جیمس کریجی بریتانی لە هەمان شوێندا کە چیرۆکەکەی تیا ڕوویداوە دان بە بەخشش و میوانداری کورددا دەنێت.

ئەوەش کە ئەم بۆچوونەمان زیاتر لە لا دەچەسپێنی لەم بوارەدا چیرۆکەکەی جۆبری نوێنەری ناپلیونە بۆ لای شای ئێران (١٨٠٥-١٨٠٦) کە بە دڵنیاییەکی زۆرەوە دەڵێت : کوردەکان زۆریان پێخۆشە میوانداری خەڵکی نامۆ بکەن و ڕێزیان لێبگرن، ئەوەشمان لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا باسکردووە، وێڕای ئەوەش جۆبر کەوتۆتە دەست سەرۆك هۆزێکی کورد و بە دیلی لای ماوەتەوە هەتا ئەو کاتەی توانیوویەتی هەڵبی.

ئێمە وای بۆ دەچین ئەو سەرۆك هۆزە ناسنامەی ئەو پیاوە فەرەنسییەی لا ئاشکرابووە، گومانیش لەوەدا نییە ئەم هۆزە پێوەندی باشی لەگەڵ (میری) دا نەبووە، بۆیە مافی بە خۆی داوە ئەو بیانییەی بە دیل بگری کە پەیوەندی بەحکوومەتەوە هەبێ، جا ئەم حکوومەتە



حکوومەتی فارسی بێ یا حکوومەتی تورکان. جیمس کریج چیرۆکی هەلاَتنەکەی جۆبێر مان لە یادداشتەکانی خۆیدا بۆ باسدەکات (١٩٢-٣).

هەر بۆ دووپات کردنەوەی ئەمەش ئاماژە بە باسەکەی سۆن دەکەین کەوا بە چاوی خۆی پەلامارێکی هۆزی هەمەوەندی بینیوە و دەیگێڕێتەوە، بەلاَم بۆ سەر کی ؟ بۆ سەر کاروانێك قەتارەیەکی سەربازی لە خۆ گرتووە، تەنانەت ژنی ئەفسەرەکانیشی تیا بووە، بەلاَم لە لایەن ژنانی هەمەوەندەوە نەك پیاوانیان پشکێنراون ئەویش بۆ ڕێزگرتن لە نەریتی کوردەواری.

بەلاَم ویگرام کە لە پێشا ناومانبرد جیاوازی نەخستۆتە نێوان کاری دزی و تۆڵە سەندنەوە کە لەو ڕۆژگارەدا لە نێوان هەندی هۆزدا گەرم بووە، هەروەها لە نێوان موسوڵمانان و مەسیحییەکاندا.

چونکە ئەو ناوچەیەی ئەو تیایدا گەڕاوە پڕ لە ئاڵۆزی و تەنگ و چەڵەمە بووە. ویگرامیش ئەمەی پاشان باسکردووە.

ویگرام هەرچەندە بە بایەخەوە مەسەلەکە باسدەکات، بەلاَم دیسان لە شێوەی قسەی نەستەقدا دەیخاتە ڕوو، ئەوەی سەرنجداوە کە مرۆڤی کورد هەرچەند توندوتیژە، بەلاَم کاتێك ڕووی تفەنگەکەی دەکاتە کاروانێك کە لە ژێر چاودێری کلاَو هەڵگرێکی ئەوروپیدا بێت زۆر ورد دەبێتەوە ئەنجا تەقەی لێدەکات.

ویگرام ئەوەشی باسکردووە کە پیاوانی هۆزەکانی کورد لە ئەنجامی تاقیکردنەوەدا بۆیان دەرکەوتووە هەر ئەوروپاییەك زیانی لێبکەوی دەبێتە هۆی هەراو ئاژاوە، چونکە باڵوێزی ولاَتەکەی میری تورکیا بە تەواوی تەنگاو دەکات بۆ ئەوەی شالاَوێکی سەربازی ڕێکبخات و هێرش بەری بۆ سەر ئەو ناوچەیەی کوردستان تا ماوەیەك بە خۆڕایی لەسەر خەڵکی ئەو گوندانە بژین و ژمارەیەکی زۆری خەڵکی بی تاوانیش دەستگیر بکەن، لە ئەنجامیشدا هەر خۆی زیاتر زەرەرمەند دەبی چونکە خەڵك زیاتر لێی وەڕس دەبن و بە دوژمنێکی گەورەی دەدەنە قەڵەم.

هۆزی هەرکی پتر لە هەر هۆزێکی دی بووەتە جێی بایەخی ویگرام تەنانەت گەلێك داستان و هەواڵی هەڵبەستراو دەخاتە پاڵ ئەم هۆزە و بەوە باسیان دەکات کە کۆچەر و دڕندەن، لەوەوپێش لەسەر ئایینی نەسرانی بوونە و وەك کوردە نەسرانییەکانی دی دەواریان کردووە بە کەنیسە و خواپەرستییان تیا کردووە.

ویگرام لە باسی نەژادی هۆزی هەرکیدا دەڵێت : لە مێژە لەسەر ئەم ئایینە بوونە و سەری قدیس جرجیوس  یان لەسەر سنگیان هەڵگرتووە کە یەکێك بووە لە شەهیدە ئەفسانەییەکانی نەسرانی لە ڕۆژهەڵاتدا و بە پیرۆزیان زانیوە وە و لای پێشەوای گەورەی هۆز یان لای (مەلا)ی گەورەی ئایینی هۆز دایانناوە لە کۆتاییشدا دەڵێت : ئەمەی لە پیاوە ئاینییە بە تەمەنەکانی نەسرانییەوە بیستووە نەك لە سەرچاوەیەکی دییەوە (١٥٢).

لە ڕاستیشدا  دیدو بۆچوونەکانی ویگرام و پەنابردنی بە بەر پیاوە ئایینییە بە تەمەنەکان بە باوەڕی ئێمە هیچ لە ڕاستییەکانی مێژوو ناگۆڕی، ئێمەی کورد لەو ڕاستییانە ئاگادارین بە بی ئەوەی پرس بەو پیاوە ئایینییانە بکەین، چونکە گشت کوردەکان نەك تەنها هۆزی هەرکی پێش ئیسلام بە زۆری لەسەر ئایینی زەردەشتی یان مەسیحی بوونە، کاتێکیش ئیسلام گەیشتۆتە ناوچەکە بەرە بەرە بوونەتە موسوڵمان نەك وەك ئەوەی هەندێك لەسەرچاوەکان پێیان خۆشە بڵێن بە یەك جارو بە بی بەرگری ئایینی ئیسلامیان پەسەند کردووە تەنانەت هەندێك نیمچە ڕۆشنبیریش نەك زانا لایان دەگرن.

مێژوو لە میانەی نووسینەکانی گەورە مێژوونووسانی ئیسلامەوە دووپاتی دەکاتەوە کە کورد بە کۆمەڵ و بڕی جیاجیا لە کات و سەردەمی جیاوازدا چوونەتە سەر ئایینی ئیسلام، هەندێکیشیان وەك چۆن هەندی کۆمەڵەی عەرەبی لە ئایینی ئیسلام هەڵگەڕانەوە ئەوانیش بە هەمان شێوە هەڵگەڕاونەتەوە، بەڵام پاشان جارێکی دی چوونەتەوە سەر ئایینی ئیسلام، ئیدی نازانین بۆچی لایان سەیرە کورد بەو شێوەیە ئیسلامی پەسەند کردبی. ئایا شیاوە نەتەوەی کورد بە گشتی لە شەوو ڕۆژێکدا بووبن بە ئیسلام ؟ هەرگیز مەسەلەکە بەو شێوەیە نییە ئەوان پێشبینی دەکەن ڕاستییەکەی ئەوەیە هەندێك خێراو هەندێك لەسەر خۆ باوەڕیان بە ئیسلام هێناوە تەنانەت هەندێکیشیان لە ئیسلام وەرگەڕاونەتەوە و جارێکی دی چوونەتەوە سەری، هەشیانە نەگەڕاونەتەوە. بەدواداچوونی ئەم مەسەلەیەش زۆر گرانە، بەڵام ئەگەر قەڵەم ئازاد بی دەتوانی بگاتە ڕاستییەکان بە تایبەت ئەم مەسەلەیە لە دایکی کتێبە مێژووییەکانی وەك (تەبەری) و (مەسعوودی) و (بلازری) و (ئیبن خەلدوون) و هی دیدا باسکراوە.

بۆیە هەرگیز جێی سەرسوڕمان نییە ئەگەر ببیستین هۆزێکی دیاریکراو درەنگ ئیسلامی پەسەند کردووە یان هەندێك لە کەلتووری ئایینی پێشووی خۆی پاراستووە. ئێمەی کورد کە موسوڵمانین وێڕای ئیسلامەتیمان وازمان لە گشت شێوەکانی ژیانی پێشوومان نەهێناوە ئەوەی کە لەسەری ڕاهاتووین و ئێستا ئەوانەی نەبوونە بە ئیسلام پێڕەوی دەکەن وەك ئێزدی، بۆیە



بێجگە لە ڕاسپاردەکانی ئاین ئێمەو ئەوان یەك نەتەوەین و زمان و کەلتوورو نەریت و ئامانجی سیاسیمان یەکە، مێژوویەکی پڕ داستانی پاڵەوانێتی نەتەوەیی بە یەکمانەوە دەبەستێتەوە، هەر بۆیەش دەتوانین بڵێین : کورد نەتەوەیەکە دەشی موسوڵمان و مەسیحی و ئێزدی و عەلمانی لە خۆی بگری حاڵی حاڵی هەر نەتەوەیەکی دی.

دەوڵەتی عوسمانیش ڕۆڵێکی ناشیرینی گێڕاوە لە مێژووی نەتەوەکاندا چونکە بووەتە هۆی ئەوەی ئاین بکاتە هۆکارێك بۆ بەگژا چوونی کورد لە نێو یەکدا جیاوازی نێوان موسوڵمانان و ئێزیدییەکانی قۆستۆتەوە تا هەمیشە ناکۆك و ناتەبابن و خوێن لە نێوانیاندا بڕژی. لە ڕاستیشدا ئایینی ئیسلام بەرییە لە دەسەلاتێك خۆی لە جێگای خوا دابنی و بیەوی خەڵك لە باری ناحەزیدا بژین.

ویگرام  لە باسکردنی باری ژیانی ئەو گوندنشینانەدا کە گوندەکانیان کەوتوونەتە سەر ڕێی کۆچی هەرکییان بەرەو چیا یان لە کاتی گەڕانەوەیاندا بۆ دەشتاییەکان دەڵێت : هەمیشە چەکیان لەسەر شانە و لە حاڵەتی ئامادەبوونی تەواودان، هەرگیز خەو ناچێتە چاویان تا مەترسی بڕەوێتەوە، مەڕەکانیان لە نێو کۆزی تایبەت دا قایم دەکەن دەرگاش لەسەر ژن و منداڵەکانیان دادەخەن، دەستیان چەك بەر نادات و جارو بار ترس و دڵەڕاوکی وایان لێدەکات تەقە لە هەرکەسێك بکەن لێیان نزیك بێتەوە، بە بی ئەوەی لێی بپرسن تۆ کێیت* (١٤٩).

هەی (١٩١٨-١٩٢٠) هۆز بەوە پێناسە دەکات کە کۆمەڵگایەکە یان چەند کۆمەڵگایەکی یەکگرتووە پاراستنی تاکەکان دابین دەکات. هەروەها هۆز هەوڵدەدات نەریتی

---

* نووسەر لە هەندی هەڵوێستدا وێکچوونێکی گەورەی لە نێوان (ویگرام) و (دیکسوندا) بەدی کردووە، چونکە هەردووکیان وەك یەك باسی باری ئەو گوندانە دەکەن کە کەوتوونەتە سەر ڕێی هاتوچۆی هەرکییان چیرۆکی ئەو شوانە هەرکییەش جێی سەرنجە کە داوای لێکراوە لەسەر بەردێك بووەستی و وێنەیەکی فۆتۆگرافی بگیرێت، بەڵام کاتێك ڕووی کامێرەکەی لێدەکری وای زانیوە ئەو چەکەو ئاراستەی دەکرێت لە ئەنجامدا هەڵ هاتووە و دواییش تفەنگەکەی خۆی هەڵگرتووە بەرەو ڕوویان بووەتەوە. (ویگرام) لە کتێبەکەیدا (لانکەی مرۆڤایەتی — وەرگێڕانی جەرجیس فەتحوللا لـ١٤٩ باسیکردووە. ئەم چیرۆکە لەگەڵ ئەودا ڕووی داوە، بەڵام دیکسۆنیش لە موحازەرەیەکی ساڵی ١٩١٠ لە کۆمەڵەی جۆگرافی بریتانیا خوێندوویەتییەوە باسیکردووە و لە گۆڤاری جوگرافی بریتانیا ساڵی ١٩١٠ لە لـ٣٧٤ دا بلاو کراوەتەوە، بەم شێوەیە هەردووکیان باسیان کردووە بەڵام نازانین ئایا لە بەشێکی ئەو گەشتەدا هەردووکیان پێکەوە بوونە یان لە یەکیان وەرگرتووە ؟

کۆن و ئەو پێوەرانە بپارێزێ کە لە ژیانیانا لەسەری ڕێککەوتوون. هەی  باسی ئەوەشی کردووە کە هەر کوردێکی نیشتەجێی گوند یان شار بەو جۆرە ڕەفتار دەکات کە لە نێو هۆزەکاندا باوە تەنانەت ئەگەریش سەر بە هۆزێکی دیاریکراو نەبێ (٨٧). واتە بە پێی دیدو بۆچوونی هەی تاك لە کوردستاندا ئارەزووی ئەوە دەردەبڕێ نەریت و ڕێی و ڕەسمی هۆزەکان کوردستان پێڕەو دەکات  لە ڕاستیشدا ئەو کوردانەی لە سنووری هۆز بەدەرن هەی  بە جووتیاری ئاغاکانی نێو شاریان ناو دەبات (٩٠).

چونکە هەندی سەرۆك هۆز ژیانی نێو شار پەسەند دەکەن، ئەمەش پاشان دێینەوە سەری. لێرەشەوە دەتوانین بڵێین : ئاغا وەك سەرۆك هۆز مافی جووتیاران دەپارێزێ، جووتیاران بۆ پاراستنی مافەکانیان پەنا دەبەنە بەر سەرۆك هۆز یان ئاغا بە تایبەت ئەگەر لە لایەن میرییەوە دووچاری هەڵوێستێکی نێگەتیڤ بن، چونکە پێشەوای هۆز دەبێتە قسەبێژو بە ناوی جووتیارەکانییەوە یان ڕۆڵەکانی هۆزەکەیەوە لە گشت بوارە پێوەندیدارەکان لەگەڵ دەزگاکانی میریدا دەدوێ.

هەی  لەم بارەیەوە زیاتری ووتووە و دەڵێت: پێشەوای هۆز بە دوای بەرژەوەندی ڕۆڵەکانی هۆزەکەیدا دەچێت و لەگشت دەزگا دادگەرییەکاندا چ بە حەق و چ بە ناحەق پشتیان دەگرێت. تەنانەت ئەگەر پیاوێکی تاوانی کوشتن یان دزی ئاڕاستە کرابی هەوڵەکانی دەخاتە گەڕ بۆ گەڕاندنەوەی کالاّ دزراوەکان و پارەدان لە جیاتی. زۆریشی لا ئەستەمە ئەو تاوانبارە بداتە دەست دەسەلاّتی ڕەسمییەوە (٩٠).

هەی  دیدو بۆچوونەکانی خۆیمان سەبارەت بە دادگەری هۆز (فەسڵ) یان(دادگای هۆز) بۆ دەگێڕێتەوە و بەوەی باسدەکات پرۆسەی برینەوەی مەسەلەکانە بە پێی ری و ڕەسمی هۆزگەری کە ئەویش بە شێوەیەکی گشتی هەر کێشەیەك یان ڕووداوێك بە تایبەت کوشتن و تۆڵەی خوێن ئەو کارەش دەبێ لەسەر دەستی یەك کەس ئەنجام بدرێت ئەویش سەرۆك هۆز یان ناسراوێك هەردوولا پەسەندی بکەن. یان دەخرێتە ڕووی (ئەنجوومەن) کە ئەویش کۆمەڵێ پێشەوایانی هۆزە و لە سێ یان لە پێنج پیاو پێك دێت (٩٦).

دادگایەکی وەك ئەمەش بە زۆری تەنها لەسەر حوکومدان (تحکیم) بەندە، چونکە وێڕای ئەوەی ڕەنگە میری داکۆکی لەسەر ئەوە بکات بڕیارێك دەربکات و هەردوولایان پابەندی بڕیارەکە بکات. بۆ مەسەلەی خوێن بڕینەوەش، بە زۆری پارەی لە جیاتی دەدری، هەر



حاڵەتێکیش لەسەر ئاستی پیاو یان ژن نرخی تایبەتی خۆی هەیە، هەروەها ئەندامەکانی لەشیش نرخی تایبەتی خۆیان هەیە.

هەی  دەربارەی ئەو ماوەیەی لە کوردستاندا بووە  ئاگاداری کردوویەنەتەوە و دەڵێت : نرخی جووتیاری کورد لە چینی ناوەنجی (٩٠) جونەیهە هەر یەکی لە ژنەکانیشی (٤٥) جونەیهە دەست یان قاچیشی نزیکەی (٢٠) جونەیهە بە زۆری لە جیاتی پارەش مەرو ماڵاّت یان گەنم دەدرێت بەو لایەنەی بەرزیان کەوتووە، زۆریش باوە کچێك لە جیاتی خوێن بدرێت.

هەی  نموونەیەکی بۆ باسکردووین کە وێڕای ئەوەی واقعییە، بەڵاّم دەچێتە ریزی سەیرو سەمەرەشەوە، دەڵێت : ئەگەر (٩٠) جونەیهیان کەوتەسەر ئەوە دەتوانن لە بری ئەمە کچێك و سی مانگا و گوێدرێژێك بدەن، ئەگەریش تۆڵەکە مەزن بوو لە ئەنجامیدا ژمارەیەك ژیانیان لە دەس دا ئەوە متمانە دەکەنە سەر ژمارەیان، پیاو و ژن و منداڵ هەریەکە بە جیا دەژمێرن و نرخەکانیان دیاری دەکەن لە پاش داشکانی جیاوازییەکەیان مەسەلەکە دەبڕێتەوە، هەندی ناحەزی یەکتریش کاری ئاشتبوونەوەکە بە ژن بە ژن کۆتایی پێدێنن (٩٧).

لە تێبینییەکانی هەی  ئەوە دەردەکەوێت کە کاری ناوبەری (الفصل) بە زۆری لە نێوان هەردوو چینی ناوەڕاست و نزمدا ئەنجام دەدرێت، بەڵاّم ئەگەر مەسەلەکە لە نێوان سەرۆك هۆزەکاندا بوو ئەو کاتە لە ڕێگای میرییەوە پرۆسەی ئاشتبوونەوەکە بە ئەنجام دەگەیەنرێت، بەڵاّم ئەو ئاشت بوونەوەیە بەردەوام هەڕەشەی لێدەکرێت، تەنانەت جاری واهەیە لەبەر هۆکاری پڕوپووچ هەڵدەوەشێتەوە.

هەی  لەگەڵ هەندی هۆزی ناوچەی هەولێردا ژیاوە نەك وەك ریچ  و سۆن و ئەدمۆندز کە لە ناوچەی سلێمانیدا ماوەی گەشتەکانیان بەسەر بردووە. لەبەر ئەمە دەبینین دەربارەی هۆزی بارزانی و دزەیی و زێباری دەدوی، لە بارەی بارزانییەکانەوە دەڵێت : شێخ ئەحمەدی بارزانی (لەو کاتەدا)* لاوێکی تەمەن بیست ساڵان بووە و لە بنەماڵەیەکی ئایینی و خاوەن دەسەڵاّتی وونیایی بووە. ئەنجا وتوویەتی : پیرۆزێتی ڕۆڵەکانی ئەم خێزانە دەسەڵاّتێکی ئەوتۆی پێبەخشیون بن بە خاوەنی فەرمانی ئەری و نەری، تەنانەت لە ناوچەکانی دەوروپشتیانیشدا، هەروەها بەوەیان باسدەکات هەمیشە دڕکێك بوونە ئازاری تورکەکانیان داوە و کوردەکانی هەولێرو ڕەواندزیان هانداوە هێرشیان بکەنە سەر، پێش شێخ ئەحمەدیش شێخ عەبدولسەلام

* ١٩١٨-١٩٢٠

سـەرۆکایەتی بارزانییــەکانی کــردووە، بــەڵام لــە (موصــل) لــە رۆژی ١٩١٤/١١/٣ لــە سێدارەدرا(٢٢٢).

هەی باسی ئەوەشی کردووە کە بارزانی و زێبارییـەکان و ئەوانـەی دەوروبـەریان لـە نێـو کوردەکاندا بە ئازایەتی ناسراون لە هەڵسەنگاندنی هۆزە کوردەکاندا کە تایبەتە بە خۆیەوە لـە میانەی سەردانی دووەمیدا نەك یەکەم ئەمەی وتووە، چونکە لەسـەردانی یەکەمیـدا سـەرنجی نێگێتڤی لەسەر هۆزی دزەیی تۆمار کردووە. ناشزانین بۆچی، بەڵام لەسەردانی دووەمیدا خۆشی ویستوون و باش باسیکردوون، لە یادداشتنامەکانیشدا بە باشـترین کـوردی وڵاتـی نێـوان دوو ئاوانی داونەتە قەڵەم.

هەروەها لە رووی پیاوەتیشەوە بە باشترین ئەو هۆزانەی باسکردوون کە لـە باشـووری زێـی بچووکدا ژیاون.

سەرباری ئەوەش لە رووی ژیارییەوە لە دانیشتووانی ناوچە بـەرزەکانی باشـتر زانیـوون کـە کۆچەرو کەم زەبین.(١٤٥).

هەی بە شێوازێکی ناسك باسی چۆنێتی سەردانەکەی بۆ لای شێخەکانی گوڵ تەپە دەکـات کە یەکێکە لە گوندەکانی هۆزی دزەیـی و موختـاری گونـدی (مـەحموود بابـا) کـە سـەر بـە سەرۆکەکانی دزەیی نەبووە پێشوازی گەرمی لێکردووە (١٤٥).

هەی ملکەچی تاقیکردنەوەیەك بووە، چونکە بە هۆی یەکێکەوە کە زمانی فارسی زانیـوە کۆمەڵێك پرسیاریان ئاراستە کردووە:

بەریتانیاییــەکان بۆچــی هــاتوون ؟ چــۆن حوکــوم دەکــەن ؟ ئایــا ســەرۆك و موختــارە ستەمکارەکان لەناو دەبەن ؟ برِی ئەو باجانە چەندن کە دەسەپێنرێن بە سەریاندا؟ چ پرۆژەیەکی چاك سازی کشتوکاڵی بە ئەنجام دەگەیەنن؟ ئایا هێڵی ئاسنین دەگەیەننــە ناوچـەکە؟.... هتـد، ئەمە نموونەی ئەو پرسیارانە بوو کە پیرەمێردەکان بە دڵخۆشـییەوە ئاراسـتەی میوانەکـەیان دەکرد (١٤٥).

هەی باسی باری دەروونی سەرۆکە دزەییەکان دەکـات، دەربـارەی شـێخ مـەحموود و ئـەو ماوەیەی حوکمی کـردووە (حوکومـداری سـلێمانی) دواوە وتوویـەتی وێـڕای ئـەوەش هـەولێر شارێکی کوردنشین بـووە، بـەڵام لـە ژێـرِ دەسـەڵاتی شـێخ مـەحمووددا نـەبووە لەبـەر ئەمـە سەرۆکەکانی خێڵی دزەیی وەك خێڵی خۆشناو پلەو پایەی رەسمی بـەرزیان بەرنەکـەوتووە، هـەر بۆیەش هێند پەرۆشی ئەو حوکمە نەبوونە.



هەروەها دەڵێت : بە نارِەزاییەوە دەیانڕوانییە ئەو حوکمە و نەشیان دەتـوانی پـتر بێـدەنگ بن، چونکە دەیانبینی خـەڵکێکی دی کـە بایـەخیان لـەوان کـەمتر بـوو مووچـەی گـەورەیان وەردەگرت و پلە و پایەی بەرزیان هەبوو. هەی هەڵوێستی دزەییان بەو شـێوەیە لێکداوەتـەوە لەسەر هەڵوێستی بێدەنگی خۆیان ماونەتەوە و ئاواتە خواز بوونـە لایـان لێبکرێتـەوە و بـاری ژیانیان باشتر بی، بەڵام بی ئومێد بوونە (١٩٨).

لەو باوەرِەداین مەبەستی هەی لەوەی سـەرەوە ئـەوە بـووە ئـەو دزەییانـەی کێـشەیان بـۆ بریتانییەکان دروست نەکردووە ئاواتە خوازبوونە بەرپرسە بریتانییەکان ئەو هەڵوێستەیان لەبـەر چاو بگرن، بەڵام وادیارە شتێکی لەو چەشنە رووی نەداوە.

## پێشەوایەتی هۆز

گومان لەوەدا نییـە ئـەو کۆمـەڵگایانـەی لـە بوارەکـانی ژیـانی خێزانـی و کۆمـەڵایەتیـدا متمانەیان نەکردبێتە سەر دیموکراسییەت ناتوانن سەرکردایەتییەکی دیموکراسی بخولقێنن. واتـە ئەو سەرکردەیەی هەستی دیموکراسی نەبی لە سـەرکردایەتی کردنـی ئـەو جـۆرە کۆمـەڵگایانـە سەرکەوتن وەدەس ناهێنی، بە زۆریش دیموکراسی بەلاواز یان بی توانا دەدەنە قەڵەم.

لێرەشـەوە دەڵێـت : پێوەرەکـانی پێـشەوایەتی دەبـی بـە پێـی سیـستەمی کۆمـەڵایـەتی بگۆرِدری. هەڵەیەکی گەورەشە ئەگەر پێوەری ئامادەکراو وەك دەرمانێك کە بۆ گشت کۆمەڵە و چینە جیاجیاکان لە یەك کۆمەڵگادا پێرەو بکرێت. گومانیش لەوەدا نییە هـۆز سیـستمێکی کۆمەڵایەتییە لە نێو کۆمەڵگایەکی گـەورەدا، ئـەم سیـستمەش سـەرکردایەتی خـۆی هەیـە و هۆزیش چاوەروانی ئەوە لە پێشەواکەی دەکات ئەو ئامانجانەی لەسەری کۆکن چ ئەوانەی بۆیـان بە جی ماوە یان وەرگیراون چ ئەوانەی لاسایی کەرەوەن یان نوێن بە جی بێنن.

فیدلەر لە باسی پێوەرەکانی پێشەوایەتیدا دەڵێت : ئەو ئاکارانەن پێشەوا لـە خـەڵکی دی جیا دەکەنەوە، ئەم مەسەلەیەش وەك چـۆن فیدلـەر نمایـشی دەکـات بەشـێکی زۆری بایـەخی پسپۆرانی دەروونناسی کۆمەڵایەتی داگیرکردووە (١٩٧).

کیب دەڵێت : گەلێك لە لێکۆڵینەوە پێوەندیدارەکان بە پێناسەی ئەو رەهەندانەی کە دەبی لە کەسایەتی سەرکردەدا لەسەر ئاستی جیا جیا هەبن، لە راستیدا ئـەنجام گـەلێکی روون یـان دیاریکراویان بەدەستەوە نەداوە. بواری ئەوە بدات بتوانری نموونەیەکی ئەوتۆی سەرکردەیان لـی بخولقێنری بۆ گشت کۆمەڵگاکان بشی(٨٧٧).

لەبەر ئەوە زانستی دەروونناسی کۆمەلاّیەتی ئەوەی بۆ دووپات بووەتەوە ئەو رەهەندانە قابیلی گۆڕانن، وێڕای ئەوەش دەشی بەرەو باشتر هەموار بکرێت. واتە گریمانەی سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی سەرکردە لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیدا لە گۆڕێیە. ئەمەش هەمووی پێوەندی پتەوی بە واقیعی ئابووری و تایبەتمەندی دەروونی و کۆمەلاّیەتی ئەو کۆمەڵەیەوە هەیە کە بە باش و بە خراپ کاریگەری هەیە لەسەر وەرگرتنی هەڵوێست بەرانبەر پێشەوا. کە ئەوەش بریتییە لە کۆمەڵە هۆکارێکی ئاڵۆزو تێك هەڵچووی ورد، مەرج نییە راستەوخۆ بکەونە بەر چاو، بەلاّم هۆکارن بۆ لایەنگرتنی راستەوخۆ و

ناراستەوخۆ بە تایبەت لە نێو سیستمی هۆزو کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا کە لەسەر دەستوور بەند نین. هەر چەندە ری و رەسمی خێڵەکی لە ویژدانی تاکەکانیدا وەك دەستووری لێهاتووە و پێڕەوی دەکەن.

ئەوانەش کە کاریکگەرییان لەسەر کەسیی سەرکردە هەیە ئەو کۆمەڵەیەن لە زاراوە سۆسیۆلۆژییەکاندا بە ریش سپی یان (المرجعیە – Reference Group) ناسراون ئەمانەش جێی باوەڕ یان رێز یان خۆشەویستی سەرۆك هۆزن یان هەرسێکیان پێکەوە. هەندی جاریش خزمایەتی رۆڵ دەگێڕی و کارتێکەریی لەسەر پێشەوای هۆز هەیە چونکە بە دڵسۆزیان دەزانی، هەرچەندە واقیعیش کۆمەڵێك نموونەی خیانەت کردن لە هۆزمان دەخاتە پێش چاو نەك تەنها لەسەر ئاستی هۆز بەڵکو لەسەر ئاستی سەرکردایەتی رامیاری یان نێودەوڵەتی، مێژوویش گەلێك نموونەی لەم چەشنەمان نیشان دەدا.

پێشەوایەتی کردنی هۆز لەسەر کۆمەڵێك هۆکار بەندە واتە ئەم دەرەبەگە کوردە لە کوردستاندا کە ئەدمۆندز  بە ئاغا ناوی دەبات لە دوای خۆی دەشی کوڕەکەی جێگای بگرێتەوە. بۆئەمەش دووهۆکاری گرنگ هەن یەکەمیان میراتگرییە : ئەم میراتگرییەش گەلێك جار لە ئەنجامی کێشەی خێڵی و خێزانی نێو هۆزەکانەوە دروست دەبی، لقی هۆزێك یان خێزانێك دەتوانی بەسەر ئەوانی دیدا زاڵ بی لێرەشەوە داواکاری بێدەنگی لە لایەن هەندی کەسایەتی ئەو لقە یان ئەو خێزانە دێتە گۆڕی  بۆیە دەسەلاّت داسەپاندن یان زۆرینە لە نێو هۆزەکاندا دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ ئەوەی لە نێو یەکێك لەو هۆزانەدا یەکێك ببی بە سەرۆك یان ئاغا یان بارۆن وەك ئەدمۆندز  ناوی دەبا.

هۆکاری دووەمیش لەوەدا بەرجەستە دەبی کە ئاغا ئەیەوی پلەو پایەی خۆی بپارێزی، بۆیە ئەیەوی متمانە بکاتە سەر هێزێکی گەورەتر لە هێزی هۆزەکەی خۆی واتە دەوڵەت. بۆیە خۆی



لە دەسەلاّتی حوکوم نزیك دەکاتەوە و خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات، بە کۆکردنەوەی باج دەست پێدەکات و بە پێکەوەنانی هێزی فەرمی کۆتایی پی دێت ئەمەشی بۆ دابینکردنی دوو رەگەزی گرنگە  : خوێنی خۆ شیرین کردن و دارایی کۆکردنەوە کە بناغەن بۆ بەردەوام بوونی پێشەوایەتی کردنەکەی واتە ناوبانگ  و ژیانی خۆش.

کوردستان بە گشت ناوچەکانییەوە و بە درێژایی مێژوو بەو حاڵەتانەدا تێپەڕیوە، ئەوەتا خالفین لە کتێبەکەیدا کێشە لەسەر کوردستان لە میانەی سەدەی نۆزدەیەمدا دەڵێت : کارگێڕییە حوکومدارەکانی تورك و ئێران لە رۆژانی جەنگدا متمانەیان کردۆتە سەر کوردەکان و بە شێوەی سوارە کە سوپایەکی نا نیزامییە بە کاریان هێناون.

ڕەنگە ئەو جەنگەی خالفین باسیدەکات جەنگی نێوان دوو دەوڵەت نەبی، بەڵکو دەشی لە نێوان دەوڵەت و کوردەکان خۆیاندا روویدات، چونکە ئەگەر هۆزێك لە ری لابداو دژی میری بووەستی سەرۆك هۆزەکانی دی دەکەونە پێشبڕکی کردن بۆ تەمی کردنی، چونکە بە هۆزێکی ئاژاوەگێڕی دەدەنە قەڵەم.

ئێمە لەو باوەڕەداین مەسەلەکە پێوەندی بە باری دەروونییەوە هەیە لە لایەکەوە هۆزەکانی دی ئاواتە خوازی ئەوەن هێزو توانست و ئازایەتی ئەو هۆزە یاخی بووەیان هەبی، لە لایەکی دیکەشەوە ئارەزووی تەواویان بۆ دابین کردنی بەرژەوەندی تایبەتییان لە لایەن میرییەوە هەیە.

نووسەری ئەم کتێبە لە باوکییەوە کە ئەویش لە باوکی خۆیەوە گوێی لی بووە کەوا بە غەدر کوژراوە بیستوویەتی : چاوی بە دوو سەرۆك هۆزی کوردی کوردستانی تورکیا کەوتووە واتە لەو شوێنەی نزیکی لەوەڕگای هاوینەی هۆزی نووسەری ئەم کتێبە بوونە کە لە ریزی ئەو هێزە غەیرە نیزامیانە بوونەو دژی شێخ سەعیدی پیران شەڕیان کردووە لە شۆڕشەکەیدا دژی میری تورکیا ساڵی ١٩٢٥. لێی پرسیوون ئێوە هەست بە چی دەکەن کاتێك سەرکردایەتی ئەم هێزە گەورەیە دەکەن دژی شێخ سەعید کە پایەی رۆحی و نەتەوەیی بەرزی هەیە ؟ یەکێکیان لە وەلاّمدا  وتوویەتی : هەستی وەك هەستی ئەو کەسەیە بە دەستی راستی دەستی چەپی خۆی ببڕێتەوە ئەوی دیکەشیان وتوویەتی : ئەوەندە پەشیمانم و هەست بە تاوان دەکەم شەوان ناتوانم بنووم.

هەروەها لە هۆکارەکانی بەردەوام بوونی پێشەوایەتی کردنی هۆز کەسایەتی ئاغا خۆیەتی. چونکە کوردەکان پێوەری زۆر وردیان هەیە بۆ  هەڵسەنگاندنی کەسێتی ئاغا، چ لە رووی دوان و قسەکردنییەوە یان چۆنێتی هەستان و دانیشتنی، هەروەها هێزی کارتێکردنی و دادوەری و

ئارام و دان بە خۆدا گرتنی و ئازایەتی و گەلێك ئاکاری دی. بۆیە سەرۆك هۆز ئەگەر ئەم ئاکارانەی تیا بەدی بکرێت ئەوە ناوبانگی لە نێو هۆزەکانی دیدا بلاّودەبێتەوە و خەڵك پەنجەی بۆ رادەکێشن.

دەربارەی پێوەندی تاکیش لەگەڵ پێشەواکەیدا بە تایبەت لە مەسەلەی پاراستنی مافی کەسیدا کە ترسناك ترین بابەتە لە ژیانی خێڵەکیدا کەوا بە بێ یاسا دەژین، ئەوە دەبینین پیاوی ئەو هۆزانە زیاتر مەیلی ئەوە دەکەن پەنا بەرنە بەر سەرۆك هۆز نەك دەزگاکانی میری ئەویش لەبەر دوو هۆ : یەکەمیان ئەوەیە هەستی سەربەچێتی بۆ هۆزەکەی گەورەترە لە هەستی سەربەچێتی بۆ ئەو حکوومەتەی کە لە رووی نەتەوایەتییەوە جیاوازە لەگەڵیا، چونکە یان تورك یان فارس، تەنانەت لە سەردەمی ئیماراتە کوردییەکانیشدا سەرۆك هۆزی نێو ئیمارەتەکە بۆ کەسایەتی تاکی کورد نزیکتربووە لە حکوومەتی میرەوە.

دووەمیشیان ئەوەیە سەرۆك هۆز مەسەلەکان بە شێوەیەکی خێراتر لە دەوڵەت و رۆتینە قورسەکانی دەبڕێتەوە، سەرباری ئەوەش دووری مەڵبەندی میری کە لە نێو شاردایە، بۆیە سەرۆك هۆز گورج و گۆڵتر رەفتاردەکات و دەست و برد مەسەلەکان دەبڕێتەوە.

بۆ دووپات کردنەوەی ئەوەش کە ئاماژەمان بۆ کرد باش وایە پەنجە بۆ بیروڕای باسیل نیکیتین رابکێشین کەوا لە پێشەوای هۆزی کورددا بەڕادەیەکی بەرز دابینکردنی دادگەری بە دی دەکات (١٣٠).

ڕیچ پێوەندی نێو کوردەکان و سەرۆك هۆزەکانیان بەوە باسدەکات کە توندوتۆڵە، تەنانەت ئەگەر سەرۆك هۆز دەستبەسەر بکرێت یان دوور بخرێتەوە ئەوە پیاوەکانی ژیانی نامۆیی هەڵدەبژێرن و ئەوەیان لا پەسەندە دوور لە بەرژەوەندی کەسیی خۆیان لەگەڵ گەورەکانیاندا بژین و گشت تاڵ و ترشییەکی ژیان لە پێناو سەربەرزی ئەواندا بچێژن لەم بارەیەوە نموونەیەکمان بۆ دێنێتەوە و دەڵێت : لە بەغدا بە چاوی خۆی هەندی کوردی بینیوە کە لە شوێنی خۆیاندا دەوڵەمەند بوونە و ژیانی خۆشیان بەسەر بردووە کە چی لەو شارەدا خەریکی حەمباڵی و ئاوگێڕان بوونە بۆ ئەوەی بەری رەنجی خۆیان پێشکەش بە گەورەکانیان بکەن تا بتوانن بە بێ کەم و کورتی لە بەغدا ژیان بەسەر بەرن (٦١).

ڕیچ دیمەنێکی دیکەشمان بۆ باسدەکات و دەڵێت : کاتێك براکەی عەبدولڕەحمان پاشای بابان لەبەغدا دەمری یەکی لە پیاوەکانی کە لەسەر بانی بیناکە دەبی و لەو کاتەدا هەواڵی



مردنی ئەوی پێدەگات هاوار دەکات و دەڵی (چی بەگی مران، دەبی منیش لە دوای ئەو نەژیم)خۆی لە باڵەخانەکە فڕی دەداتە خوارەوە و پارچە پارچە دەبێ و دەمری.

لە راستیشدا دەتوانین ئاماژە بۆ گەلێك نموونەی دیکە بکەین وەك ئەوانەی ریچ باسیکردوون، تەنانەت لە نێو سوپاشدا نەك لە نێو هۆزەکاندا رووداوی لەو چەشنە هەبووە. بۆ وێنە کاتێك فەریق بەکر سدقی کە کورد بووە و سەرۆك ئەرکانی سوپای عێراق و یەکەم فەرماندەی کودەتای سەربازی بووە لە رێگای رۆیشتنیدا بۆ تورکیا لە موسڵ دەکوژری پاسەوانەکەی کە عەریف دەبی لە سوپادا لەو کاتەدا لەوی نابی، کە ئەو هەواڵە دەبیستی ناتوانی بە کوژراوی بەکر سدقی ببینی، بۆیە هەوڵ دەدات خۆی بکوژی و گوللەیەك بە خۆیەوە دەنی، بەلاّم نامری و لە نەخۆشخانەی سەربازی موسڵ تیماری دەکەن و چاك دەبێتەوە، بەلاّم لە پاش چەند رۆژێك دیسان ئەو تەقەللایە دووبارە دەکاتەوە و ئەمجارەیان گیان دەبەخشی.

ئێمە لەو باوەڕەداین وێڕای ئەوەی ئەو عەریفە پێوەندی سەربازی لەگەڵ فەرماندەکەیدا هەبووە، بەلاّم لە رەگ و ریشەدا خێڵەکییانە هەڵکەوتووە، بۆیە بەو شێوەیە رەفتاری کردووە.

پێشمان خۆشە ئەوە روون بکەینەوە ئەوەی هەوڵی خۆکوشتن بدات و رزگاری بێت وەك غەریزەیەك هەست بە خۆشی رزگاربوون دەکات، لێرەدا هەوڵی دووەمین جاری ئەم عەریفە بۆ خۆ کوشتنی ئەم پرسیارە دەخاتە روو، دەبی ئەو پێوەندییە چەند توندوتۆڵ بووبێت لە نێوان ئەو فەرماندەیەو پاسەوانەکەیدا ؟ یەکێك لە هۆکارەکانی دروست بوونی پێوەندی توندوتۆڵ لە نێوان سەرۆك هۆزی کوردو پیاوەکانیدا پێوەندی خوێنە، ئەمەش ریچ لە میانەی گفت و گۆیەکدا روونی دەکاتەوە کە لە نێوان ئەمان ئەڵلا خانی والی (شاری سنە و) عەبدولڕەحمان پاشای سلێمانی کە یەکەمیان پرسیار لەوی دی دەکات و دەڵێت : بۆچی خزمەتکارەکانت لەگەڵ خۆت نەهێناوە بۆ ئەم شوێنەی لێی دەستبەسەری، خۆ تۆ دڵت نەشکاندوون و جوان سەودات لەگەڵ کردوون ئیدی بۆچی لە ناخۆشیدا هاورێتیت ناکەن وەك چۆن پیاوانی بابان بەردەوام میرەکانیان بەجی ناهێڵن، وەلاّمەکەی عەبدولڕەحمان پاشای گەورە بە پێی دیدی ریچ زۆر ژیرانە دەبی، چونکە بە ئەمان ئەڵلاخان دەڵێت : تۆ سەرۆك نیت پیاوەکانیشت نەوەی هۆزەکەت نین، رەنگە لە رووی جل و بەرگ و خواردن و خەرجییەوە هەموو شتێکیان بۆ دابین بکەیت، بەلاّم ئەوان تەنها خزمەتکارن نەك ئامۆزاو کەس و کار (٦١)

ڕیچ لە شوێنێکی دیکەی یادداشتەکانیدا سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی ڕێککەوت چاوی بە کەیخوسرەو بەگی سەرۆکی هۆزی جاف دەکەوی و دواییش سەردانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەکات.

ڕیچ هەندی پرسیار دەربارەی حوکمی نێوان هۆزو ڕێکخراوەکان ئاراستە دەکات، لەوەڵامدا پێی دەڵێت: کەیخوسرەو بەگ سەرۆکی گشت هۆزی جافە و دەتوانی بە ئارەزووی خۆی بکوژی و سزا بدات هیچ ئەنجوومەنێکی راوێژکاریشی نییە و پێویستیش ناکات راوێژ لەگەڵ گەورەی تیرەکاندا بکات، ئەگەریش پاشا داوای برێك پارەی لێکرد یان کۆمەڵێك چەکدار بانگی سەرۆك تیرەکان دەکات وەکو یەك ئەو داواکارییەیان بەسەردا دابەش دەکات (٨٥).

وادیارە ئەو سەرچاوەیەی ریچ زانیارییەکانی لێوەرگرتووە زۆر ورد نەبووە، چونکە لە پەراوێزدا ئاماژە بەوە دراوە کە سەرۆکی جاف بە بی راوێژکردن لەگەڵ سەرۆك تیرەکاندا ناتوانی کاری کوشتن و سزادان ئەنجام بدات.

لە میانەی دۆستایەتی نووسەرەوە لەگەڵ برایانی پێشەوای ئەم خێڵەدا ئەوە روون بووەتەوە گەلێك بڕیاری گرنگی ئەم هۆزە لە ڕێگای راوێژەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێت و باوەڕیان بە (شوورای نێوانیان) هەیە.

ڕیچ ئەوەشی لە یادنەکردووە بۆمان باسبکات کە میری بابان بە جۆشەوە دەربارەی ڕەسەنی هۆزەکەی دواوە، چونکە بەو جۆرە خۆی بە ریچ ناساندووە کە لە نەوەی خێزانێکی دێرین و هۆزێکی بە بەخششەو ناوی هۆزەکەشی لە نەژاددا (کرمانج) ە (٥٧).

لە راستیشدا پتر لە گریمانەیەك هەیە بۆ بەکارهێنانی ئەم وشەیە (کرمانج) لە لایەن میری بابانەوە، چونکە لە لایەکەوە بە واتای جووتیار یان کوردی گوندنشین دێت. واتە ئەو خەڵکەی لە دەرەوەی شار دەژین، لە لایەکی دیکەشەوە (کرمانج) وشەیەکە بۆ پتر چینێك بەکاردێت چونکە کوردەکانی باکوور کە زۆربەی تاکە وشەی (کرمانجی) بۆ زمانی کوردی بەکاردێنن و زمانی کوردی بە کرمانجی دەدەنە قەڵەم، تەنانەت هەتا ئەمڕۆش لە کوردستانی تورکیا و ناوچەگەلێکی بەرینی دی وشەی کرمانج وەك هاوتای وشەی کورد بەکاردێنن ئەگەریش کرمانجی واتای زمانی کوردی بگەیەنی دەبی کوردی غەیرە کرمانج بە چی بدوێن ؟ گومانیش لەوەدا نییە (کوردمانج) کوردن.

میری بابان بۆ مستەر ریچ روونی کردۆتەوە کە لە خێزانێکی حوکومڕانی ئەو کرمانجانەیە کە بناغەی هۆزەکەین و بە شێوەی میراتگەری سەرۆکاتی دەکەن.



شایانی باسیشە بە درێژایی مێژوو هەندی لە سەرۆك هۆزەکان وەك ئەدمۆندزیش ئاماژەی بۆ کردووە هەوڵیان داوە ڕەگی خۆیان بگەڕێننەوە سەر نەوەی پێغەمبەر بۆ ئەوەی پلەو پایەی دەسەڵاتیان بچەسپێنن(١٣٤).

لە راستیشدا ئەم دیاردەیە لە نێو گەلێك لە سەرۆك هۆزەکاندا هەیە واتە کۆکردنەوەی هەردوو دەسەڵاتی ئایینی و دونیایی، بۆ ئەوەی رادەی دەسەڵاتیان فراوانتربی و خەڵك باشتر گوێرایەڵیان بن.

یارد (ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم) سەرنجی ئەوەی داوە کە قەبارەی دەواری سەرۆك هۆز گەورەترو پڕ فەرش دەبی و لە ناوەوەش دابەش دەکرێت، واتە قەبارەی دەوارەکە بە پێی پایەی کۆمەلایەتی خاوەنەکەی دەبێت لە نێو هۆزەکەدا، بۆیە هەرچەند پلەوپایەی لە نێو هۆزەکەیدا گەورە بێت دەوارەکەشی گەورەتر دەبی (٣١٠).

ئێمەش لەو باوەڕەداین سەرنجەکەی یارد دەربارەی قەبارەی دەوارەکان بە هۆی دیوەخانەوە گەورە دەبێتەوە، چونکە هەر سەرۆك هۆزێك دیوەخانێکی هەیە و تیایدا پێشوازی لە میوانەکانی دەکات، هەروەها رۆڵەی هۆزەکەشی تیای دادەنیشن، وێڕای ئەوەش گەلێك سەرۆك هۆزی دەستڕۆیش پتر لە ژنێك دەخوازن و ئەمەش دیسان دەبێتە هۆکاری بەرین بوونەوەی دەواری ئەو سەرۆك هۆزە، بۆیە دەتوانین بڵێین: چەند خاوەن ماڵ و دەسەڵات و پایەی کۆمەلایەتی فراوان بێت دەوارەکەشی بە گوێرەی ئەوە فراوانتر دەبی. هەندی جاریش پلەو پایەی کۆمەلایەتی پەیوەست دەبی بە ماڵ و دارایی تاك یان سەرۆك هۆزەوە کە زیاتر مەڕو مالات دەگرێتەوە بە تایبەت لای هۆزە کۆچەر یان نیمچە کۆچەرەکان. قەبارەی دەواریش بە ژمارەی کۆڵەکەکانی دەپێورێت، بەرینترین دەواریش تا کاتی ئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەرچاومان کەوتبی ئەوەی ئیبراهیم پاشای مللییە کە لە سەد ١٠٠ کۆڵەکە بەندە، ئەوەشمان لەو بەشەدا باسکردووە کە تایبەتە بە کەسایەتییە ناودارەکانی کوردەوە.

میلنکن ئاماژەی بۆ پێشەوایەتی کردنی هۆز کردووە و ئەحمەد ئاغا کە بە ئەحمی ناودەبرێت و سەرۆکی هۆزی موکورییە لە نزیك شاری وان بە نموونە هێناوەتەوە و ئەوەی سەلماندووە کە توانستی تەواوی هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هۆزەکەی و زۆر زیرەکەو توانای دەشکێتەوە بەسەر سەرۆکەکانی دیداو، دەتوانی سۆزی پاشاکان بۆ لای خۆی رابکێشی، یەکێکیشی لە وان دامەزراندووە بۆ ئەوەی ئەو زانیارییانەی پێبگەیەنی کە سوودی پێدەگەیەنی و خزمەتی دەکات. میلنکن ئەو پیاوەی بە وەزیر ناو ناوە. تەنانەت هێزو توانای ئەم ئاغایە

گەیشتۆتە رادەیەك هێرش بەرێتە سەر هەر هۆزێك بیەوی و بیکاتە قوربانی (٢٤٠). جێگای داخیشە ئەم مەسەلەیە لە وەرگێڕانەکەی دوکتۆر شاکر خسباك دا بە هەڵە داڕێژراوە،

چونکە لە کتێبەکەیدا (الاكراد) هەمان لاپەڕەی ژمارە (٢٤٠)ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و دەڵێت : " سەرۆك هۆزی کورد دیکتاتۆرێکی رەهایەو دەسەلاتی بی سنووری هەیە و دەتوانی دەست بگرێتە سەر ماڵ و دارایی هەر کەسێکی هۆزەکەیدا و هەر کاتێکیش بە شیاوی بزانی فەرمانی کوشتنی بۆ دەردەکات "

ئەمە دەقی نێو کتێبەکەی دوکتۆر خسباکە لە لاپەڕە (٣٨١) دا کە لە لاپەڕە (٢٤٠)ی کتێبەکەی میلنکنەوەی وەرگرتووە. وائیلیش لە نامەی دوکتۆراکەیدا (کوردەکانی عێراق ١٨٥١-١٩٤١) بە هەمان شێوە لەوەوە وەری گرتووە، بەلاّم ئاماژەی بۆ کتێبەکەی خسباك نەکردووە بۆیە تووشی هەمان هەڵە بووە، میلنکن ئەمەی نەوتووە بەڵکو ئەوەی وتووە کە لە سەرەوە دەربارەی ئەحمەد ئاغا ئاماژەمان بۆ کردووە. لەراستیشدا لەو دوو سەرچاوەیەی پەنجەمان بۆ راکێشان هەندی هەڵەی وەرگێڕان بەرچاو دەکەون، بەلاّم هەرگیز لە نرخی رابەرێتی کتێبەکەی دوکتۆر خسباك و پایەی نامەی دوکتۆراکەی دوکتۆر عەبد رەبە ئەلوائیلی کە لە قاهیرە ساڵی ١٩٨٧ ئامادەی کردووە کەم ناکەنەوە. ئەوەی میلنکن باسیکردووە کۆکە لەگەڵ باسەکەی پاشای سلێمانیدا، کاتێك وەلاّمی پرسیارەکەی ئامان ئەڵلاخانی والی شاری سنەی داوەتەوە و لە سەرەوەش ئاماژەمان بۆ کرد.

بەلاّم خالفین بەوەی کە نووسەرێکی رامیاری بووەو بابەتی سەرۆك هۆزەکانی کوردی لە میانەی پێوەندیی لەگەڵ لایەنەکانی دەرەوەدا باسکردووە مەبەستیش بە تایبەتی ئێران و تورکیایە، گومانیش لەوەدا نییە ئەوەی خالفین باسیکردووە گشت سەرۆك هۆزەکان ناگرێتەوە، بەلاّم دیارە لە میانەی کارتێکەریی نێوەندەکانی ئێران و تورکیاوە و هاندانیان لە بواری دەست تێکەڵ کردنیان بووە لەگەڵ گەورەی کوردەکاندا لە دەرەبەگ و سەرۆك هۆزەکان بۆ پاڵ پێوەنانی هەندی هۆزی کورد بە ئەنجامدانی کاری دزی و رێگری و داگیرکردن لە پێناو کۆکردنەوەی ماڵ و دارایی و دواییش ناردنی کوردەکان بۆ دادگاکان لە پاش دابەشکردنی دەستکەوتەکان لە نێوان سوودمەندەکاندا.

خالفین ئەو حاڵەتەی بەوە باسکردووە کە وەك پیشەیەکی لێهاتووە. ئەو نێوەندانەی کە خالفین ئاماژەی بۆ کردوون وەك دیاریشە هەندی لایەنی دەسەلاتدارن لە تورکیا و ئێران یان



ئەو لایەنانەن دەتوانن لەگەڵ لایەنە رەسمیەکاندا کارەکانیان بگونجێنن بۆ تێپەڕاندنی خواست و بەرژەوەندییەکانیان (٢٣).

زۆربەی سەرچاوە پێوەندیدارەکان ئاماژە بۆ پایەی سەرۆك هۆز دەکەن، کە بە میراتی بۆی دەمێنێتەوە، بە زۆریش گەورە پیاوانی هۆز یەکێك هەڵدەبژێرن شوێنی ئەو سەرۆکە بگرێتەوە و باشیش وایە لە هەمان هۆزی سەرۆکی کۆچ کردوو بێت، کوڕە گەورەکەشی زیاتر بۆ ئەو پایەیە دیاری دەکرێت، ئەمەش وەنە بی تەنها لە کوردستاندا نەریتێکی باو بێت بەڵکو لە نێو گشت هۆزەکاندا پێڕەو دەکرێت تەنانەت لەو باوەڕەداین ئەم شێوازە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك هۆز لە وڵاتانی رۆژهەڵاتدا بناغەی ئەو شێوازەیە کە بە درێژایی مێژوو و سیستمی شاهانەی پێك هێناوە.

مەسەلەی پێشبڕکی و خۆپالاّوتن بۆ پێشەوایەتی کردنی هۆز لە نێو هۆزەکاندا مەسەلەیەکی ئاساییە و رەنگە کۆچی دوایی سەرۆك هۆز لەبەر هەر هۆیەك بێت ئاژاوە و ناخۆشی لێبکەوێتەوە، تەنانەت دوور نییە کوشتن و بریندار کردنیشی لە دوا بێت، بەلاّم دیسان نموونەی زۆرمان لەسەر ئاستی کۆمەڵگای خێڵەکی کوردەواری لە بەردەستە تیایاندا کێشەی پێشەوا هەڵبژاردن نابێتە مایەی خوێنڕشتن و پیاو کوشتن.

ئەدمۆندز دیاردەیەکی لە نێو هۆزی میراودەلیدا بینیوە و بووەتە جێی بایەخی، دەڵێت: وێڕای پێشبڕکێی توند لەسەر پایەی سەرۆکایەتی برا خوێنی برا نارژێنی و بەوەیان باسدەکات کە خاوەنی رۆحێکی وەرزشیانەن و ئەوەی ببینی زەرەرمەندە یان لە بابەتێکدا ناکۆکی لەسەر بێت ناچار بە بەشی خۆی قایل دەبی و گەمەیەکی نوی دەست پێدەکات بۆ ئەوەی ئاواتێکی نوێی لەسەر دامەزرێنی (٢٠٠). لە راستیشدا ئەم دیاردەیە کە سەرنجی ئەدمۆندزی راکێشاوە شتێکی تازە نییە، چونکە ئێمە نموونەی لەو چەشنەی وامان لە پێشە کە سەد ساڵ پێش ئەو رۆژگارە روویداوە، واتە لە یادداشتەکانی ریچ دا هاتووە ساڵی ١٨٢٠، کاتێك سەردانی میرنشینی بابانی کردووە.

دەڵێت : عوسمان بەگی برای مەحموود پاشای میری بابان دەیتوانی دەست بە سەر دەسەلاتدا بگری و حوکوم لە مەحموود پاشای برای وەربگری، بەلاّم عوسمان پاشا گشت خواست و داواکارییەکانی دەوڵەتی عوسمانی کە لە رێگای پاشای بەغداوە پێدەگەیشت پشت گوی خست و ئامادە نەبوو لە پێناو دەسەلاّت و پارە و ماڵدا خیانەت لە برای خۆی بکات.

ئەمە لە کاتێکدا بوو مامی پاشا دەستی لە پتر لە پلانێکدا تێکەڵ ببوو بۆ لابردنی برازاکەی و وەرگرتنی دەسەڵاتی رامیاری، تەنانەت یەکی لە براکانی پاشا خۆیشی جارێك لەگەڵ پاشای بەغدادا پلانێك رێك دەخەن دژی پاشای بابان، بەڵام پاشان کە پێوەندی نێوان هەردوو پاشای بەغدا و بابان دەگەڕێتەوە سەر دۆخی خۆی پاشای بەغدا برای پلانگێڕ دەداتەوە دەستی براکەی و بەسەر شۆڕی دەگەڕێتەوە، لەوەپێشیش بە هەمان شێوە مامی پلان گێڕی داوەتەوە دەستی پاشای بابان، بەڵام پاشا خۆی لەوە گەورەتر زانیوە تۆڵە لە مامی و براکەی خۆی بسێنێتەوە.

دەتوانین هۆی پێشبڕکی کردن لەسەر پێشەوایەتی هۆز لە کوردستاندا لەم خاڵانەدا بەرجەستە بکەین:

١- پێشەوایەتی هۆز واتە دەوڵەمەندی و دەست بەسەراگرتنی ئامێرەکانی بەرهەم هێنان لە بواری ئابووری هۆزدا.

٢- ناوبانگ و هەستی دەسەڵات داسەپاندن ئەمەش لەگەڵ خاڵی یەکەمدا سازە.

٣- هەندی کەسایەتی لە رێگای میراتگەرییەوە پێشەوایەتی هۆزیان کەوتۆتە دەست، بەڵام بە پێی نەریتی باو یان لەسەر ئاستی دبلۆماسی لەگەڵ هۆزەکانی لایدا یان لە مانۆڕدا لەگەڵ دەوڵەت دا سەرکەوتن وەدەس ناهێنی، بۆیە کارەسات دێنێتەسەر هۆزەکەی و لە ئەنجامیشدا لە نێوان ئەوانەدا کە خۆیان بە شیاوی ئەو پایەیە دەزانن پێشبڕکی دروست دەبی.

بۆ هەر یەکێکیشیان لایەنگرتنی ژمارەیەکی شیاو لە پیاوانی هۆز پێویستە.

٤- پێشبڕکێی میراتگەری هەندی جار لە نێوان هۆزەکان کێشەی لە دوایە بۆیە لە پاش کۆچی دوایی سەرۆك هۆز کێشە دەکەوێتە نێوان براو کوڕی سەرۆکەوە بە تایبەت ئەگەر جیاوازی تەمەنیان لە نێواندا زۆربی.

٥- گەلێك جار سەرۆك هۆز زیاد لە ژنێکی دەبی و دووریش نییە ژنەکانیشی لە هۆزی جیاجیا بن بۆیە کێشە دەکەوێتە نێوان کوڕەکانیانەوە.

٦- هەستی دەسەڵات وەرگرتن لە هۆکارە رەسەنەکانی غەریزەی مرۆڤە، ئەمەش راستییەکە لە زانستی دەروونناسیدا دووپات کراوەتەوە، تەنانەت رەنگە لە نێو کۆمەڵی ئاژەڵیشدا هەستی پێبکری، چونکە لە هەر گرووپێکی ئاژەڵدا ئاژەڵێك دەبی پێشەوا بی. بە تایبەت بنەواشەیەکی بایۆدەروونی هەیە ئەوە دەسەلمێنی رەفتاری مرۆڤ ئاژەڵیش رایدەهێنی



ئەمەش پاڵپێوەنەرێکی رەسەنە لە پۆلێنکردنی هۆکارەکانی رەفتارو هەڵس و کەوتەکاندا، ئیدی هەریەکەیان لە نێو خۆیاندا (مرۆڤ لەسەر ئیمارەت و ئاژەڵیش لەسەر بەرد) دەکەونە پێشبڕکێکردن.

برانت دەربارەی دەسەلاتی (بەگ) دەدوی کە نازناوێکی تورکییەو وەکو پایەیەك دەبەخشری بە هەندی سەرۆك هۆزو بەشێکیشیان بەفەرمانی سوڵتان* پایەی پاشایەتییان دەدرێتی.

برانت چەندین شێوەی ناکۆکی و هاوپەیمانێتی لە نێوان بەگەکاندا بینیوە، هەروەها باسی ئەوەشی بۆکردووین کە هەندی جار لە نێوان پیاوەکانیاندا شەڕ و دزی و تاڵان و خوێنڕشتن رووی داوە.

بە پێی دیدی ئێمەش وێڕای مەسەلەی کێشە لەسەر دەسەلاتی بەرین لە لایەکەوە و هاندانی هۆزەکان لە لایەن تورکەکانەوە بۆ پاراستنی دەسەلاتی میری، ژیانی تەبایی لە نێوان هۆزە کوردەکاندا مەسەلەیەکی پێویستە و دەبی شێوازێك بێت بۆ بایەخدان بە لایەنی نەتەوەیی و دەرباز بوون لە سنووری تەسکی بازنەی خێڵەکی بەرەو بازنەیەکی بەرینتر. کە ئەویش لە چەمکی نەتەوەو خواستەکانیدا بەرجەستە دەبی، ئەم هەستەش بەرپرسە بۆ ناساندنی دوژمنی راستەقینەو دواییش بەرەنگاری کردنی بە شێوەی راستەقینە، گومان لەوەدا نییە ناکۆکی نێوان هۆزەکان لەو کاتەوە و هەتا ئێستاش لە بەرژەوەندی ئەو وڵاتانەدایە کە کوردستانیان دابەشکردووە.

باسیل نیکیتین بە شێوەیەکی تێکڕایی و باشتر لە ئێمە باسیکردووە، باسی سەرۆك هۆزو پلەو پایەی کردووە. باسیل نیکیتین لە ئاکارو گرنگییەکانی پێشەوای هۆز ئاگاداری کردووینەتەوە چ لەسەر ئاستی پێشەوایەتی لە رێگای میراتگەرییەوە یان شێوەی هەڵبژاردنی یان سەپاندنی یەکێك بە زەبری هێز، بەڵام جارێکی دی ئەوە دووپات دەکاتەوە کە میراتگەری پتر لە هەر شێوازێکی دی پێڕەو دەکرێت بۆ ناونانی سەرۆك یان پێشەوای هۆز، تەنانەت ئەم شێوازە لەگەڵ نەریتی کۆندا دەگونجی بۆیە پیاوانی هۆز رێز لەو کەسانە دەگرن کە لەم رێگایەوە دەبنە سەرۆك هۆز (١٢٣).

---

* نازناوی پاشا لە لایەن سوڵتانەوە دەدرێت، کاتێکیش یەکێك ببوایە بە پاشا کوڕەکانی نازناوی بەگیان هەڵدەگرت.

دەربارەی دەسەڵاتی پێشەواش باسیل نیکیتین  دان بەوەدا دەنی کە لە راستی دەسەڵاتی دادگەریی پێشەوای هۆز نەگەیشتووە، بەڵام وێنەی پێشکەش کردووین لە ئەو حوکمانەی سەرۆك هۆز دژی ئەو کەسانە دەری کردووە، کە تاوانبارکراون (١٢٩).

لە ئەنجامی وردبوونەوەشدا لەو نموونانەی نیکیتین  و ئەوانی دی باسیان کردووە وە لە میانەی سەرنجەکانی نووسەر خۆیەوە وەك کوردێك وادیارە دەسەڵاتی دادگەری جێگیر نییە، واتە قابیلی گۆڕانە و گەلێك هۆکار  کاری تێدەکەن لەوانەش کەسایەتی سەرۆك هۆز، چونکە بێگومان جیاوازی لە رووی توانستی کەسییەوە لە نێوانیاندا هەیە و ئەمەش سنوور بۆ ئەوە دادەنی ئایا تا چ رادەیەك پیاوانی ریش سپی لە دەوری کۆ دەبنەوە و ئایا سەرۆك هۆز بێجگە لە دەسەڵاتی دنیایی دەسەڵاتی رۆحیشی هەیە ؟ هەروەها رادەی دوور یان نزیك بوونەوەی هۆز لە دەسەڵاتی دەوڵەت چەندە.

ئەم هۆکارانە رەنگە هەتا ئێستاش بەرپرس بن لە رادەی دەسەڵاتی سەرۆکانی کورد، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی دەسەڵاتی دادگەری بەرقەرار نەبی و ناشتوانین بە وردی سیماکانی دیاری بکەین، بێجگە لەمەش نەبوونی (یاسایەکی نووسراو) دەبێتە مایەی ئەوەی حوکمەکان وەکو یەك نەبن، لەو باوەڕەشداین دادگەرترین سەرۆکە کوردەکان ئەوانەن پتر متمانە دەکەنە سەر پیاوەگەورەکانی هۆز، یان ئەوەی وەك ئەنجومەنی هۆزە، ئەوانەش ئەو کەسە بێلایەنانەن دادگەر متمانەیان لەسەر دەکات و بە پێی زانیارییەکانیان بڕیار دەردەکات.

لەوەی سەرەوەش ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە نیکیتین  ئاماژە بۆ (دادگەری باڵا) لە نێو هۆزە کوردەکاندا دەکات ئەوەمان دێنێتەوە یاد دەواری پێشەوا لەسەر گشت دەوارەکانی دییەوەیە و کۆبوونەوەی گشتی تیا دەکرێت و دەبێتە پەنای رێبواران، دادگای باڵا و ئەنجومەنی جێگران و پیرانیشی تیا کۆدەبنەوە بۆ لێکۆڵینەوەی رووداوە گەورەکانی رۆژ، لەوێشدا هەر کەسێك بۆی هەیە بەرەو رووی پێشەوا بدوی، پێشەواش لە نێو دەواری خۆیدا لەگەڵ هەمووان دەدوی و قسەی خۆش دەکات سزای ئەوانەش دەدات کە تاوانیان لە ئەستۆیە (١١٨-٩).

هەروەها ئەوەشی درکاندووە کە دەسەڵاتی سەرۆك رەهایە، بەڵام پیاوە گەورەکانی هۆز جۆرە سانسۆرییەکی دەکەن و دەنگیان سەنگی خۆی هەیە، ناشی پشتگوی بخرێن (١١٩).

ئەوەی باسیل نیکیتین لێرەدا باسیدەکات تا رادەیەك جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لە شوێنێکی دیکەی کتێبەکەیدا باسیدەکات، ئەو پێشەوای هۆز بە باوکی هۆز دەداتە قەڵەم، دەسەڵاتی بێ



سنووره و بە ئارەزووی خۆی یاری بە ماڵ و دارایی هەر کەسێك دەکات بیەوی کە، تەنانەت دەتوانی بە ئارەزووی خۆی خەڵك داپلۆسی و هەر کەسێکیش بزانی پێویستە بکوژری دەیکوژی (١١٨).

لە راستیشدا ئەم بۆچوونەی باسیل نیکیتین  رەنگە لە لایەن گەورە پێشەوایانی هۆزەکانەوە پێڕەو بکرێت نەك گشتیان ئێمەش لەو باوەڕەداین ئەو پێشکەوتنە لەسەر خۆیەی لەسەر ئاستی شارستانێتی هۆز هاتۆتە دی بە هۆی کورت بوونەوەی، رێگای نێوان لەوەڕگاکانی هۆزو شارەکان و شێوازەکانی گەیاندن و ئامێری رادیۆو... هتد هەندی لەو دابڕانە گشتییەی کەم کردۆتەوە کە هۆز تیایدا بە دوورەپەرێزی دەژیا. دوایش ئەم نزیك بوونەوەیە کارتێکەریی لەسەر (دیکتاتۆری)یەتی سەرۆك هۆز هەبووە، وێڕای ئەمەش گەلێك هۆز ژیانی بەرقەراریان پێخۆشە، ئەوەیان لا باشترە جێنشین بن نەك کۆچەر. بەمەش حاڵەتی کۆچەری کە پێشەوای تاکڕەوی رەهای پەسەند دەکرد رووەو ژیانی جێنیشینی و کشتوکاڵ بووەوەو پێشەوای تاك رەوی رەهاش زۆر باوی نەما. دەرکەوتنی کوێخای دی و پێوەندی لەگەڵ بەرێوەبەری ناحیەو (میری) دەبی هەر چۆنێك بێت کارتێکەریی لەسەر سەرۆك هۆز هەبی. پێویستیشە ئەوە لە یاد نەکەین کە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دی یان لە هۆزێکەوە بۆ هۆزێکی دی جۆرە جیاوازییەك هەیە و دەبی لە بەرچاو بگیرێت.

باسیل نیکیتین  ئەوەی لە یاد نەکردووە کە پیاوانی هۆز ئەوپەڕی پابەندبوونی سەربازیان بەرانبەر سەرۆك هۆز هەیە، چونکە هەر کاتێك داوایان لێبکات واز لە گشت کارو پیشەیەکی خۆیان بێنن و چەك هەڵگرن، ئەوە ئەگەر پێیان خۆش بی یان ناخۆش دەبی فەرمانی سەرۆك جێبەجی بکەن (١٣٧).

بەڵام (مینۆرسکیش) لەو باوەڕەدایە پێوەندی خێزانی وەك هەستێك بە تایبەت لەگەڵ ئاغا (سەرۆك هۆز) دا دەبێتە مایەی شانازی و هەست بە خزمایەتی کردن، تەنانەت بە بەشێك لە بوونی خۆیانی دەزانن هەروەها (مینۆرسکی) لەو باوەڕەدایە لەگەڵێك شوێندا ئاغا بە چاوی داگیرکەری سەرکەوتوو تەماشا دەکرێت خەڵکە گشتییەکەش لە رەگەزێکی دی (٣٤-٥).

ئەم بۆچوونەی (مینۆرسکی) خستوویەتییە روو دروستە بە تایبەت کاتێك کێشە لە نێوان جووتیارو ئاغادا روویدات یان کاتێك ئاغا لە هۆزەکەی خۆی دوورەپەرێز بێت.

ئەوەی زیاتر بووەتە هۆی یارمەتی دەر بۆ زەق بوونەوەی ئەم دیاردەیە نیشتەجی بوونی پێشەواو سەرۆك هۆزەکانە لە شارەکاندا، تەنانەت نەوەی دووەمی ئەم پێشەوایانە مافی

پێشەوایەتی دەدەن بە خۆیان، بەلاّم لە رۆڵەی هۆزەکانیانەوە دوورن و هەست بە ئێش و ئازاریان ناکەن، بۆیە رۆڵەی ئەو هۆزانە بە چاوی نامۆوە دەڕواننە ئەو پێشەوایانە یان وەك (مینۆرسکی) وتی بە چاوی داگیرکەری سەرکەوتوو دەیانبینن، بە تایبەت کاتێك سەردانی هۆزەکەی بکات وەك یەکی لە رۆڵەکانی هۆزەکە نایەتە بەرچاو بەڵکو وەك کەسێکی نامۆ.

یەکی لەو هۆکارانەی پاڵیان بە سەرۆك هۆزەکانەوە ناوە روو لە شارەکان بکەن ئارەزووی نزیك بوونەوەیانە لە دەوڵەت بۆ پتەوکردنی دەسەلاّتی خۆیان، هەروەها بە سەربردنی ژیانی خۆش و شارستانیتر بە بەراورد لەگەڵ ژیانی کۆچەری هۆزدا. دواییش ناردنی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە بە ئامانجی گەیاندییان بە ناوەندی کارگێڕی و سەربازی. ئەمەش مەبەستێکە سەرۆك هۆزەکان نایانەوی بۆ رۆڵەی هۆزەکانیان بێتە دی لەبەر ئەمە کوردستان ماوەیەکی دوورو درێژ کێشەی لە نێوان ئاغاو پیاوانی ئایین لە لایەکەوە و ئەو خەڵکانەی دەیانویست منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە بنێرن لە لایەکی دییەوە بە خۆوە بینی، تەنانەت زانستەکانی قوتابخانەیان بە (زانستی شەیتان) باس دەکرد ئەویش لەبەر ئەوە بوو هۆزەکان لە جیهان دابڕێن و دوورە پەرێز بژین تا دەسەلاّتی پێشەوای هۆز باشتر دابین بێت و پیاوانی هۆز جیهان لە میانەی چاوی سەرۆکەکانیانەوە ببینن و بە پێی خواست و ئارەزووی ئەوان رەفتار بکەن و، مەلا بیرتەسکەکانیش تاکە سەرچاوەی زانست و زانین بن و بەرژەوەندییان پارێزراو بێت.

یەکەم سەرۆك کە لەم رێڕەوە لایداو داوایکرد قوتابخانە بۆ گشت منداڵانی کورد بکرێتەوە شێخ عەبدولسەلام بارزانی بوو کە ئارەزووی دەکرد لەگەڵ ویگرام بچێت بۆ بەریتانیا و داوا لە شای بەریتانیا و سەرۆکی قەشەکانی کانتربری بکات قوتابخانە لە کوردستاندا بکەنەوە و منداڵانی کورد فێر بکەن. لە راستیشدا شێخ عەبدولسەلام کە خاوەنی ئەم بیرۆکەیە بووە نەك تەنها سەرۆك هۆز بووە بەڵکو پێشەوایەکی نەتەوەیی بووە بیری لە پاشەرۆژی نەتەوەکەی کردۆتەوە، شایانی باسیشە لە شوێنێکی دیکەی ئەم کتێبەدا ئاماژەمان بۆ ئەمە کردووە.

بەلاّم تۆما بوا بە رۆڵی خۆی رێگای وەرگرتنی دەسەلاّتی لە لایەن سەرۆك هۆزەوە روون دەکاتەوە، پەنجەی بۆ میراتگەری یان هەڵبژاردن لە رێگای هۆزەوە یان گەورە ناوداران یان دامەزراندن لە لایەن میرییەوە. هەروەها ئەوەشی درکاندووە کە بە زۆری لە رێگای هێزەوە ئەنجام دەدرێت، بەلاّم لەم بۆچوونەی دواییدا لەگەڵی نین، چونکە هەرگیز بە زەبری هێز سەرۆکایەتی هۆز دەستەبەر نابی مەگەر بە دەگمەن ئەوە رووبدات.



تۆما بوا جارێکی دی باسی گواستنەوەی دەسەلاّتی لە رێگای میراتگەرییەوە کردووە و دەڵێت : کوڕی گەورەی سەرۆك هۆزی کۆچ کردوو جێی باوکی دەگرێتەوە ئەمە راستە و زۆریش باوە، بەلاّم ئەگەر ئەو کوڕە بەتوانا نەبوو، یان کەسێتی لاواز بوو ئەوە لەم حاڵەتەدا دەستەیەك لە گەورە پیاوانی هۆز بانگێش دەکرێن لە پاش تاووتوێکردنی مەسەلەکە ئەگەر بڕیاریان ئەوە بوو کوڕەکە لە ئاستی ئەوەدا نییە ئەو بەپرسیارێتییە لە ئەستۆ بگری ئەوە جوتێك پێلاوی دەخرێتە پێش ئەویش لە پێی دەکات و کۆڕەکە بە جی دێڵی، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بە رەزامەندی خۆی وازدێنی و ری بۆ یەکێکی دی خۆش دەکات دەسەلاّتی سەرۆك هۆز لە ئەستۆ بگرێت، بەلاّم زەوی و زارو ماڵ و دارایی خۆی هی خۆیەتی و کەس مافی بە سەرەوە نییە. تۆمابوا گریمانەی ئەوەشی لەبەر چاو گرتووە کە رەنگە کوڕە گەورەی سەرۆك هۆز خوچی ئارەزووی نەبی ئەو دەسەلاّتە لە پاش باوکی وەربگری(٤٠).

تۆمابوا ئەوەشی لە یاد نەکردووە کە جاری وا هەبووە ژنی سەرۆك هۆزەکان لە پاش مردنی پیاوەکانیان لە گۆڕەپانەکانی کوشتارو جەنگدا سەرکردایەتی هۆزەکانیان کردووە. ئەمەشمان بە تێکرایی لەو بەشەدا باسکردووە کە تایبەتە بە ژنانی کوردەوە.

بەلاّم ئەگەر ئەو وازهێنانە بەرەزامەندی نەبی، ئەوە سەرۆکی لابراو بە ئاسانی دەشاررێتەوەو ژیانی سەرۆکی دامەزراو دەخاتە مەترسییەوە و دەبی هەمیشە لە باری ئامادەباشیدا بێت و پاسەوان دەورەی بدەن نەوەك برا گەورەی لابراو یان یەکێك لە لایەنگرەکانی بیکوژن(٤١).

لە راستیشدا ئەو دیاردەیەی تۆمابوا باسیکردووە رەنگە راست بێت، بەلاّم باو نییە، چونکە کاتێك میراتگری سەرۆك لا ببری مەرج نییە جوتی پێلاّوی لە پێش دابنری تا لە پێی بکات و بڕوات، رەنگە ئەوە لە هەندی شوێندا رووی دابی، بەلاّم نەك لە نێو گشت هۆزەکاندا. بە تایبەت هەندی ناوداری هۆزەکان توانای ئەوەیان هەیە پێی رابگەیەنن کە لەبار نییە بۆ سەرۆکایەتی هۆز بە بی ئەوەی پێلاّوی لە پێش دابنێن. هەروەها شاردنەوەی پێشەوای لابراو بەو جۆرە نییە کە خوێنەری نووسینەکەی تۆما بوا پێشبینی دەکات، چونکە ئەوەی ئەو دەیگێڕێتەوە دەگمەنە، رەنگە لە چیرۆکی دامەزراندنەکەی لویسی چواردەیەم بکات لەسەر کورسی عەرشی فەرەنسا ئەمانەش جۆرە چیرۆکێکی دەگمەنن دیاردەی باوی چاوەڕوان کراو نانوێنن کە دەبی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە بایەخی پێبدەن، بەلاّم دەبی دان بەوەشدا بنێین کەوا تۆما بوا پتر لە هەر رۆژهەلاّتناسێکی دی بە تێکڕایی باسی ئەرکەکانی پێشەوای هۆزی

کردووە، هەر خۆیشی لەو باوەڕەدایە ئەرك و كارو باری سەرۆك زیاتر دەبی ئەگەر دەسەڵاتی دەوڵەت لە ناوچەکەدا پتر بڵاو بێتەوە.

تۆما بوا ئاماژەی بۆ ئەرکێکی گرنگی سەرۆك هۆز کردووە کە لەوەدا بەرجەستە دەبی ئەو برە سەربازە ئامادە بکات کەوا میری لە کاتی جەنگدا داوای لێدەکات بۆ ئەوەی لە ریزی سەربازیدا خزمەت بکەن. هەروەها هەر ئەویش بڕی باج دیاری دەکات و بەرپرسیارێتی دادگەریشی لە ئەستۆیە، لەگەڵ پاراستنی ئەندامانی هۆزەکەیدا، یان هەر یارمەتییەك کە داوای بکەن، وێڕای ئەوەش ئەرکی میوانداریێتی دەکەوێتە ئەستۆ چونکە دەبی دەرگای لە سەر پشت بی بۆ پێشوازی کردن لە هەر ڕێبوارێك لای لابدات.

تۆما بوا ئەوەشی درکاندووە کە کاتێك سەرۆك هۆز داوای لە هەندی لە ئەندامەکانی هۆزەکەی کردووە بچنە ریزی سەربازییەوە دووچاری هەڵوێستێکی گران بووە، چونکە ئەو کەسانەی لە نێو هۆزدا پەروەردەبن ئەیانەوی هەمیشە ئازادبن، بۆیە حەز لە سەربازێتی ناکەن، لەبەر ئەوەش رووداوی یاخی بوون و هەڵاتنی سەربازی کورد بەردەوام دووبارە بووەتەوە.

باجیش شێوەی هەمەجۆری هەیە وەك ئەوەی دەخرێتە سەر مەڕو ماڵات، کە گشت سەرێکی مەڕ یان بەرخ دەگرێتەوە وێڕای سوخرە کێشان، واتە راسپاردنی گوندنشین بە بەئەنجام گەیاندنی هەندی کارو بار بە بی کری، هەروەها بەشی ئاغایەتیش هەیە کە دیسان پێڕێك لە مەڕو ماڵات و گەنم و جۆ دەگرێتەوە، هەروەها باجیش لەسەر بەرهەمی جووتیاران دەسەپێنری کە ئەویش کەرە یان (ڕۆن) یان هێلکە دەگرێتەوە، وێڕای باجی تایبەت بۆ دابین کردنی خەرجی خزمەتگوزاری و پاسەوانێتی سەرۆك هۆز، باجی زەماوەندیش هەیە تایبەتە بە بۆنەی ژن هێنانی یەکێك لە کەس و کارانی سەرۆك هۆزەوە (٤٣).

ڕێبوارانیش باجیان لێوەردەگیرێت کە دەکەوێتە سەر ئەوەی هەڵیدەگرن لە کەرەستەی خواردەمەنی و خوری و ئاژەڵ ئەمەش نرخی بۆ دانراوە دادەشکێنری و دەچێتە گیرفانی ئاغاوە.

هەروەها پیاوانی ئایین، سواڵکەرانیش دیسان مافی خۆیان لە یاد ناکەن و دەبی هاونیشتمانی کورد بەشیان بدات کە لە کۆتاییدا هیچی بۆ نامێنێتەوە، چونکە گەلێك دەست بە ناوو بیانووی جیاجیا وە تالاّنی دەکەن.

تۆما بوا پەنجەی بۆ ئەم نازناوانە راکێشاوە کە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا دەخرێنە پاڵ سەرۆك هۆز : بەگ، خان، ئاغا، بەڵام لە راستیشدا ئاغا پتر لە هەموویان بەکاردێت.



ویگرامیش لەو کاتەدا لە کوردستان بووە چاوی کەوتووە بە هەندی لە سەرۆك هۆزەکان ئەوەشمان لەو بەشەی کتێبەکەدا باسکردووە کە تایبەتە بە ناودارانی کوردەوە.

بەڵام دیدو بۆچوونی جیاوازی دەربارەی سەرۆك هۆزەکانی کورد هەیە، دووریش نییە جیاوازی ئەو کەسایەتییانە هۆکاری ئەوەبن، بۆ وێنە ویگرام شێخ عەبدولسەلام بارزانی بە کەسێك داوەتە قەڵەم کە شایانی گشت رێزو پێزانینێك بێت. لە هەمان کاتیشدا رەخنەی لە سەرۆك هۆزەکانی ناوچەی بەرواری گرتووە، چونکە بەوە باسیکردون سنووری یاسایان بەزاندووە.

لێرەشدا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕی : ئایا شێخ عەبدولسەلام ملکەچ و جێبەجێکەری یاسابووە ؟ مەبەستیش یاسای ئەو کاتەی دەوڵەتی عوسمانییە. نەخێر هەرگیز وانەبووە چونکە بە رۆڵی خۆی شۆڕشی بۆسەر یاسا بەرپاکردووە، تەنانەت بە پێی ئەو یاسایەش لە سێدارەدرا. ئیدی دەبی ئەو جیاوازییە لە هەڵوێستدا چی بووبی ؟ ئێمە لەو باوەڕەداین پێوەرێکی دیکە کاریگەری هەبووە لەسەر وێنەکێشانی ئەو دیدو بۆچوونانەی ویگرام دەربارەی سەرۆك هۆزەکان ئەویش رەنگە پەیوەست بی بە رادەی سۆزی سەرۆك هۆزی موسوڵمانانەوە لەگەڵ مەسیحییەکانی ناوچەکەدا، چونکە شێخ عەبدولسەلام باوەڕی بە یەکسانی نێوان کوردی موسوڵمان و مەسیحی هەبووە(١٣١).

بۆیە لەو باوەڕەداین ویگرام وەك مەسیحی یان موژدەبەرێك بە پێی ئەو پێوەرە سەرۆك هۆزەکانی هەڵسەنگاندووە، بەڵام دەبی ئەوەش لە یاد نەکەین ئەم پێوەرە بی لایەن یان بابەتی نییە چ لەسەر ئاستی رامیاری چ لەسەر ئاستی پێوەری جوگرافی مرۆیی بۆ ناوچەکە، سەرباری ئەوەش ویگرام پەنجەی بۆ ئەوەش راکێشاوە شێخ پێی خۆش بووە ئینگلیز بە دۆستی خۆی بداتە قەڵەم (١٢٩).

ویگرام باسی پێوەندی نێوان سەرۆك هۆزی خاوەن دوو دەسەڵاتی دنیایی و ئایینی لەگەڵ تاکەکانی هۆزەکەیدا کردووە و وتوویەتی: ئەوانە کوێرانە پێڕەوی فەرمانی ئەو سەرۆك هۆزەدەکەن، چونکە هیچ بڕیارێکی قابیلی ئەوە نییە رەخنە لێبگیرێ. ویگرام کوشتنی تەتۆ ئاغای بە نموونە هێناوەتەوە کە یەکێك بووە لەو ئاغایانەی لە قسەی شێخ عەبدولسەلام دەرچووە و شێخ نوێنەرێکی بۆ ناردووە ئاگاداری بکاتەوە، بەڵام تەتۆ ئاغا بە توندی وەڵامی داوەتەوە دووپاتی کردۆتەوە ئامادە نییە ملکەچی فرمانی شێخ بێت، ئەو نوێنەرەش

خەنجەرەکەی لە نێو دڵی ئاغای یاخی بوو توند دەکات و لە ژوورەکەی دێتە دەرەوەو خوێن لە نووکی خەنجەرەکەی دەچکی و دەڵێت : نابی کەس قسەی شێخ بشکێنی (١٣٥-٦).

ویگرام باسی نیمچە ئاغایشی لە کوردستاندا کردووە کە مەبەستی ئەوانەیە پلەو پایەیان لە گەورە سەرۆکەکانی هۆز کەمترە بایەخ پێدانیشیان وەخت دۆڕاندە چونکە لە گەمەکە گەیشتوون و لەگەڵ نوێنەرانی میریدا دەستیان تێکەڵەو بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەکۆشن، لە ئەنجامیشدا حوکمێکی بۆگەنی ئەوتۆی لێدێتە دی کەس پێشبینی ناکات (٢٨٣).

ڕەنگە بۆچوونەکەی ویگرام لەو ناوچانەدا کە سەردانی کردوون دروست بێت، ئەو لە گۆشە نیگای مەسەلەی دادگەری و خۆ نزیك کردنەوە لە میری بابان، لایەنگیری درۆ بۆ وەدەسهێنانی دەستکەوت بەراوردی لە نێوان شێخ عەبدولسەلام بارزانی و هەندی ئاغاکانی ناوچەی بادینانی سازکردووە، دەربارەی رەشید ئاغای بەرواری دەدوی کە لە لایەن میرییەوە راسپێراوە سالانە باج لە گوندە مەسیحییەکان وەربگری، باسی ئەوەشی کردووە کە ئەم مافە بە زۆری کارمەندە ناوخۆییەکان جێبەجێی دەکەن (بەلاّم لە یاسا لای دابێت ئەوە شتێکی ترە).

ویگرام لەسەری دەڕواو دەڵێت: رەشید ئاغا بەوەی کە پەیمان دەرە بڕە پارەیەکی دیاریکراوی دەدایە خەزنە، دواییش چەندی بتوانیبا لە سنووری ئەو ناوچەیەی بۆی دیاریکراوە باجی کۆ دەکردەوە، شایانی باسیشە پێنج لیرەی لە جیاتی هەر گوندێك دەدایە خەزنە. ویگرام لەو باوەڕەشدا بووە دیسان پێنج لیرەی تری وەك بەخشیش بەخشیوە. تا کەسی دی نەیەتە پێش و پێشبڕکێی لەگەڵ نەکات، چونکە ئەو نزیکەی (٢٠٠) دوو سەد لیرەی لەهەر گوندێکی بەستەزمان کۆکردۆتەوە (٢٨٣-٤).

ویگرام ئەم چیرۆکەی بۆیە باسکردووە تا دووپاتی بکاتەوە جیاوازی هەیە لە نێوان پێشەوا گەورەکانی کورد لەگەڵ ئەوانەی پایەیان کەمترە. بەلاّم ئێمە لەمەدا بە تەواوەتی لەگەڵیا کۆك نین، چونکە هەندێك پلەی گەورەیان هەبوو خاوەنی هەردوو دەسەلاّتی دنیایی ئایینی بوون لە سلێمانی پێوەندی باشیان لەگەڵ موتەسەریفدا هەبوو بەرژەوەندی تایبەتی باش دەڕۆی ماڵ و پارە کۆکردنەوە ببوو بە جێی بایەخی، تەنانەت بوونی لە سلێمانی ببووە بە مەسەلەیەك سوڵتان عەبدولحەمید. نەیدەتوانی بەرگری لێبکات بە تایبەت کاتێك شەپۆلی چاکسازی لەو سەردەمەدا لە تورکیا لە گۆڕی بوو.



لێرەدا دەڵێین: مەسەلەکە پێشەوای گەورە و بچووك نییە، بەڵکو جیاوازی رێرەوی ئەو سەرۆکانە سنووری بۆ دەکێشی بەرەو بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی نەخشەیان بۆ داناون و ویستوویانە لە ژیانیاندا وێنەی بۆ بکێشن.

نووسەری ئەم کتێبە لەو باوەڕەدایە هاوکێشەی ئامانجی کۆکردنەوەی ماڵ و دارایی لەگەڵ ئامانجی نەتەوایەتی و نیشتمانیدا دوو رێرەوی یەکبڕ پێکدەهێنن، کەسایەتی سەرکردە ناتوانی سازشیان لە نێواندا بکات مەگەر ئامانجی دارایی بۆ خزمەتی ئامانجی نەتەوەیی

(سیاسی) تا دوا فلس بە کار بێنی. دەبی ئەوەش لە بەر چاو بگرین کە لێرەدا باسی پارتە سیاسییە جێگیرەکانی ولاّتانی لیبرالی ناکەین کە تیایدا دەشی سەرۆکی پارت خاوەنی کۆمپانیای زەبەلاح بێت. بەڵکو باسی سەرکردە هۆزگەری و ئایینییەکانی کورد دەکەین کە خواستی نەتەوەییان هەیە، بەلاّم لە هەمان کاتیشدا ناتوانن خۆیان لە داوی سوودی کەرەستەیی رزگار بکەن، سەدەی بیستەمیش بە گشتی شایەت حاڵی ئەمەیە.

لەوەوپێش باسی خواست و ئارەزووی راستەقینەی شێخ عەبدولسەلام بارزانیمان کرد بۆ بەرپاکردنی راپەڕینێکی راستەقینە بۆ گەلی کورد، هەرگیزیش باوەڕناکەین هیچ کەسایەتییەکی خێڵەکی ئایینی دیکە بە قەد شێخ عەبدولسەلام چووبێتە دڵی ویگرامەوە.

لە راستیشدا ویگرام راستەوخۆ لە سەری نەنووسیوە، بەلاّم خوێنەر لە میانەی نووسینەکانییەوە لەسەر کەسانی وەك شێخ عەبدولسەلام کە خوازیاری مافی نەتەوەی کورد بوون و لە هەمان کاتیشدا ئارەزوومەندی بازرگانی و کۆکردنەوەی دارایی بوون و پلەو پایەی خێڵەکی خۆیان و شوێنی جوگرافیان لەسەر سنوور بۆ ئەمە بە کاردەهێنا ئەوەی بۆ روون دەبێتەوە، چونکە ئەو کەسانە هێند خەمی نەتەوەکەی خۆیان نەدەخوارد بە قەد ئەوەی خەریکی بازرگانێتی و پارە کۆکردنەوە بوون. ئەمەش لە پلەو پایەی سیاسی هێنانە خوارەوە.

هەرچەندەش مێژوو شوێن پەنجەیان هەڵناوەشێنێتەوە، بەلاّم گەلێك لەو سەرۆك هۆزانەی کورد دەیانتوانی شوێنی بەرزتر لە مێژووی گەلەکەیاندا داگیربکەن، ئەگەر خۆیان لە بەرژەوەندی تەسك بپاراستباو هەرچی بایەخیان هەبا بۆ نەتەوەکەیان بوایە. ئەمەی ئێمەش لە شیکردنەوەکەماندا پێی گەیشتووین سەبارەت بە کەسایەتییە خێڵەکییەکانی کوردستان. خوێنەر دەتوانی بە ئاسانی لێیان دڵنیابێت ئەگەر یادداشت نامەکانی ویگرام بخوێنێتەوە.

ویگرام لە پاش ئەوەی سەردانی بارزانی کردووە بەرەو نەهری کەوتۆتەری، واتە ئەو گوندەی تیایدا یەکێك لە گەورەترین شۆڕشەکانی کوردی لەسەر دەستی تێکۆشەر شێخ عوبەیدوڵلا

نەهری (شەمزینی) سەری هەڵداوە. ئەم شێخایەتییەش لە پلەو پایەدا لە شێخایەتی بارزان کەمتر نابێنی.

ویگرام بە شێوەیەکی کورت باسی خواست و ئامانجاکانی شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی کردووە کە لە دامەزراندی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیدا لە نێوان تورکیا و ئێران بەرجەستە دەبی.

ویگرام دەربارەی تەقەللاکانی شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی دواوە و دەڵێت : سەرکەوتنی شێخ عوبەیدوڵلا مەحاڵ نەبوو ئەگەر بارودۆخ یارمەتیی بدایە. ویگرام لە شێخ موبارەك ئال سەباح میری راستەقینەی دەوڵەتی کوێت دا کە ساڵی ١٨٩٤ حوکمی گرتە دەست نموونەیەکی شیاوی بینیوە بۆ ئەوەی لە توانادا بووە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بەسەرۆکایەتی شێخ عەبەیدوڵلا نەهری دامەزرابا.

ویگرام لە هەندی دیدو بۆچوونەکانیا بەرەو رووی هەڵوێستێکی ئەوتۆمان دەکاتەوە کە هەر کوردێکی نەتەوەپەروەر پێی خەمبار دەبی دەڵێت : سدیق دووەمین کوڕی شێخ رازی بوو، لە پاش دەستبەسەرکردنی باوکی و عەبدولقادری کوڕی دەبی بە سەرۆك هۆز. سدیق دەستدەکات بە قاچاغ چێتی توتن و پارە و پوولێکی زۆرو زەبەند کۆ دەکاتەوە، دەسەڵاتی فراوان دەبی، کاروانەکانی بە بەرچاوی کارمەندانی کاروباری توتنەوە تێدەپەڕینە ناوخاکی ئێران و پاش ئەوەش دەستی کردووە بە بازرگانێتی چەك کە لە رووسیا کڕیوویەتی و لە شاری ورمی لە ئێران فرۆشتوویەتی.

ویگرام دەربارەی قایمقامی تورك و پشکێنەریی کاروباری توتنیش دواوە و دەڵێت : شێخ سدیق بۆ نیشتەجێکردنیان خانوویەکی جوانی لە قازانجی بازرگانێتییەکانی بۆ کڕیبوون کە ئەرکی ئەوان ئەوە بوو رێی بەم بازرگانییە نەدەن و رایگرن، بەو شێوەیە ئەو دوو ئاژەڵە ویگرام گوتەنی ماڵی کران. (١٥٢-١٢٣).

ئەو سەرۆك هۆزە جارێك یەکی دەنێری بۆ لای ویگرام داوای لێدەکات رێگای بۆ ئاسان بکات و بانقێکی ئینگلیزی بۆ دەسنیشان بکات تا بڕی پارەی تیا دانێت، ئەمیش یەك دوو بانقی بۆ دیاری دەکات، بەڵام سەرۆك هۆز داوای سوودی ١٠-١٥٪ دەکات هەرکاتێکیش بیەوی پارەکە راکێشێتەوە، لە ئەنجامدا ویگرام باوەڕ بەوە دێنی کە ئەنجامێکی نابی و خۆی لێبێدەنگ دەکات، بەڵام ئەوەندە ئەزانی بانقەکە رەزامەندی بۆ ناردووە، ئەنجا وەك و دەڵێت :چەند هەزار پاوەنێك نێررا بۆ شەقامی دارایی لۆمبارد لە لەندەن.



ویگرام دیدو بۆچوونەکانی دەربارەی ئەو سەرۆك هۆزە کۆتایی پێدێنێت و دەڵێت : لە راستیدا میری قاچاغچییەکان خێری بە سەردا رژابوو. پێشەوایەکی چەتەی قاچاغچی کورد بوو بە خاوەن پارەیەکی زۆر لە ئینگیلتەرە ! ئەوەش وا دیارە مەسەلەکە کەس بە ئاسانی باوەڕی پێناکات (١٥٣).

شێخ سدیقمان بەو شێوەیە بینی لە دیدی رۆژهەڵاتناس و موژدەبەرێکدا، ئەگەریش هەموو ئەوەی ویگرام وتوویەتی بەڕاستی بدەینە قەڵەم. دەڵێین: ئەم سەرۆك هۆزە دەیتوانی لە سوودی خۆیی خۆی دووربگری، بەڵام وەك دیارە رێڕەوی باوکی نەگرتۆتەبەر، خەمی نەتەوەکەی نەخواردە، کوڕەکەی دیکەشی سەید تەها زیاتر پابەندی نەتەوەی کوردو خواستەکانی بووە.

لێرەشدا ئەم پرسیارە دێتەپێش. ئایا لاپەڕەیەکی ترسناك لە ژیانی شێخ سدیق دا لەو بوارەی باسمان کرد هەیە ؟ڕەنگە لێکۆڵێنەوە پاشەڕۆژییەکان شتێك لەو بارەیەوە دیاری بکەن، بەڵام بە پێی زانینی ئێمە بایەخ پێدانەکانی شێخ سدیق وەك ئەوەی باوکی نەبووە، بەڵکو گشت بایەخەکانی بۆ بازرگانێتی بووە وەك لە سەرەوەش باسمان کرد یەکانگیرکردنی هەردوو خواستی بازرگانی و نەتەوەخوازی مەسەلەیەکی ئاسان نییە ؟، ئەگەریش یەکانگیربوون ئەوە لەسەر مەرایی و قەڵپی بەند دەبی، هەزاران نموونەی لەم چەشنەمان لە بەرچاوە نەك تەنها لەسەر ئاستی کورد، بەڵکو لەسەر ئاستی چەندین بزوتنەوەی رزگاریخوازیش.

لەو مەسەلانەش سەرنجی ویگرامی راکێشاوە ئەوە بووە سەرۆك هۆزەکان ژمارەیەك جوولەکەیان لای خۆیان داناوە و پێیان وتوون جوولەکە ماڵی کراوەکان(٢٨٧).

ویگرام نموونەی کێشەیەکمان دەربارەی سەرۆکایەتی بۆ نمایش دەکات، کەوا لە شوێنێکدا روویداوە لەو ناوچەیەوە دوور نەبووە کە ئەوی لێبووە دەڵێت : ئەو ناخۆشییەی لەو ساڵانەی دواییدا روویدا گەلێك لە دەسەڵاتی شێخ تەهای کەم کردەوە، ئەوە بوو مامی (شێخ عەبدولقادر) لە ئەستەمبووڵەوە لە پاش ئەوەی بە هۆی شۆڕشی باوکییەوە شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی لە ساڵی ١٨٨٨ دا دەس بەسەر کرابوو گەڕایەوە و پایەی شێخێتی ئایینی و سەرۆکایەتی بنەماڵەی بە مافی خۆی زانی ئەوەش بە پێی زنجیرەی میراتگەری مافی خۆی بووە. لە ئەنجامدا کوشتار لە نێوان مام و برازادا دەستی پێکرد، لەو شەڕەشدا ئەگەر مریدانی هەردوو لایان رێزی یەکتریان بگرتبا زیانی زۆر گەورەیان پێنەدەگەیشت گشت بەڵاکەش وەك ویگرام باسیکردووە کەوتۆتە سەر مەسیحییەکان کە هەر لایەکیان دەیان ویست بۆ خۆیان رایانبکێشن و بەو شێوەیە بەر هەردوو بەردی دەستتاڕ کەوتن.

له ئه‌نجامدا هه‌ردوو شێخ به‌ند ده‌کرێن و دواییش شێخ عه‌بدولقادر به مووچه‌یه‌کی گه‌وره که له ملك و دارایی بنه‌ماڵه بۆی ده‌سته‌به‌رکرێ رازی ده‌بی به مه‌رجی له شاری ئه‌سته‌مبووڵ که تیایدا راهاتبوو جێگیربێ، ئه‌وه‌شی له پایه‌ی شێخی بنه‌ماڵه و هۆز له کوردستاندا به باشتر زانی (١٥٦).

مێجه‌ر سۆنیش دیدو بۆچوونی خۆی ده‌رباره‌ی پێشه‌وایانی کورد نمایش کردووه، له‌و باوه‌ڕه‌دایه سیمای یه‌کگرتن له نێوان پێشه‌وایانی هۆزه کوردییه‌کاندا ده‌گمه‌نه، به‌ڵام هۆزی جاف جیا کردۆته‌وه، چونکه له‌و باوه‌ڕه‌دایه پێشه‌واکانیان له نێو یه‌کدیدا کۆك و یه‌کگرتوون.

ئێمه‌ش له‌و باوه‌ڕه‌داین ئه‌وه‌ی سۆن دووپاتی کردۆته‌وه هۆکاری بۆ ئه‌وه‌ی هه‌تا ئێستا هۆزی جاف گه‌وره‌ترین هۆزی کورد بێت، چونکه هه‌رچه‌نده‌ش سنووری نێوان ئێران و عێراق ده‌یانکاته دوو به‌شه‌وه، به‌ڵام سه‌نگ و بوونی خۆیان پاراستووه، کاتێکیش گه‌وره‌ترین سه‌رۆکی ئه‌م هۆزه له عێراق بێت ده‌سه‌ڵاتی به‌سه‌ر نیوه‌که‌ی دیدا که له ئێرانه له ده‌ست نادات، هه‌روه‌ها به پێچه‌وانه‌شه‌وه ئه‌م دیارده‌یه‌ش له مێژووی ئه‌م هۆزه‌دا چه‌ندین جار رووی داوه بۆیه سه‌رۆك هۆز له هه‌ر کام لا بێت لایه‌که‌ی دی به ته‌واوه‌تی پشتی ده‌گرن.

به بۆچوونی ئێمه‌ش هۆی ئه‌م دیارده‌یه په‌یوه‌سته به پابه‌ندبوونی پێشه‌وای لقه‌کانی ئه‌م هۆزه‌وه له‌هه‌ردوو ناوچه‌ی جوگرافیدا به نه‌ریتی هۆزه‌وه، له کاتێکدا ده‌بینین میرنشینی بابان به هۆی ناکۆکی پێشه‌واکانیانه‌وه که هه‌میشه له باری پێشبڕکی و پیلان رێکخستن بوونه بۆ یه‌کتر، ته‌نانه‌ت ئاماده‌ش بوونه به پلانی ده‌ره‌وه‌ش رازی بن به‌ره به‌ره میرنشینه‌که‌یان کلۆری تێکه‌وتووه و له به‌ر یه‌ك هه‌ڵ وه‌شاوه‌ته‌وه.

ئه‌وه‌ش زیانێکی گه‌وره‌ی له نه‌ته‌وه‌ی کورد داوه، چونکه ده‌بوو ببی به ناوکی بوونێکی نه‌ته‌وه‌یی پان و به‌رین و داچه‌سپیوو. وا دیاره هۆزی جاف رامیاری پاراستنی پێوه‌ندییه‌کانی له نێو لقه‌کاندا لا گرنگ بووه، ئه‌مه‌ش له سه‌رنجه‌کانی سۆنه‌وه هه‌ڵ ده‌هێنجین که‌وا له یادداشته‌کانیا تۆماری کردووه و ئاماژه‌ی به‌وه‌ش داوه هۆزی جاف هاوینان کۆبوونه‌وه‌ی ساڵانه ده‌به‌ستن به‌و بۆنه‌یه‌شه‌وه که پێشه‌وایانی جاف ئاماده‌ی ده‌بن ئاهه‌نگێکی گه‌وره ساز ده‌کرێت.

هه‌روه‌ها پێویسته ئاماژه بۆ سه‌رنجێکی دیکه‌ی سۆن بکه‌ین که له یادداشته‌کانیا هاتووه که‌وا به پێی بۆچوونی ئێمه پشتگیرییه‌کی دیکه بووه بۆ هۆزی جاف، ده‌ڵێت : پێشه‌وایانی جاف خان و بازاڕیان دروست کردووه و پێوه‌ندییان له‌گه‌ڵ بازرگانه‌کانی سلێمانیدا دروست



کردووه و سلێمانی بووه به بازاڕێك بۆ فرۆشتنی به‌رهه‌می ئه‌م هۆزه که بریتی بووه له پێست و خوری و که‌ره‌و تووتن (١٤١).

وا ده‌بینین گه‌شه‌سه‌ندنی ئابووریی هۆزی جاف که پێشه‌واکانیان رۆڵی تیا ده‌بینن و له هه‌مان کاتیشدا بووه‌ته هۆی چه‌سپاندنی پله و پایه‌یان، چونکه لایه‌نی که‌ره‌سته‌یی رۆڵی به‌رچاو ده‌گێڕی له جێگیرکردنی کۆڵه‌که‌کانی پێشه‌وایه‌تیدا (هۆزگه‌ری نه‌ك رامیاری).

شایانی باسیشه پێوه‌ندی نێوان پێشه‌وایانی جاف و پاشاکانی سلێمانی له‌سه‌ر باوه‌ڕ به یه‌کتر کردن و وه‌فاداری به‌ند بووه، ته‌نانه‌ت ئه‌و ده‌سه‌ڵاته سیاسییه به‌شێکی هێزو توانستی خۆی له‌م هۆزه‌وه وه‌رگرتووه ئه‌مه بێجگه له هۆکاره‌کانی دی له‌سه‌ر ئاستی پێوه‌ندی ناوخۆیی نێوان پێشه‌واکانی ئه‌م هۆزه خۆیان که له سه‌ره‌وه باسمانکرد، ئه‌مانه گشت بوونه‌ته هۆی ئه‌وه‌ی ئه‌م هۆزه ببێته نموونه‌یه‌ك بۆ هۆزگه‌ری نه‌ته‌وایه‌تی له کوردستاندا.

ئه‌دمۆندزیش له نمایش کردنی دیمه‌نی سه‌رۆك هۆزێکی کورد (ئاغا) دا ده‌ڵی : بایه‌خ به‌ڕوخسار ده‌دات، خاوه‌نی ئه‌سپ و ماینی گران به‌ها و تفه‌نگ و ده‌مانچه و فیشه‌کی زۆره، جل و به‌رگیشی شیکه، باشترین خواردنیش ده‌خوا و هه‌رچی پێویست بی دریغی له کڕینی ناکات.

سامان گرفتی ئاغایه، چونکه نهێنی به‌رده‌وام بوونی ده‌سه‌ڵاتێتی، له هه‌ندی رێگاشه‌وه دارایی ده‌ست ده‌که‌وی چ له‌و باجانه‌وه بێت که ده‌یسه‌پێنی به‌سه‌ر هۆزه‌که‌یدا یان له باب و باپیره‌وه بۆی به جی مابی یان خاوه‌نی خاکێکی به‌رینه و جووتیاران ده‌یکێڵن و خۆی به ئاره‌زووی خۆی کرێیان ده‌داتی و به‌شیان بۆ ده‌بڕێته‌وه، جاری واش هه‌یه له بواری چاندندا ده‌وڵه‌ت پشتگیری ده‌کات به‌رانبه‌ر به‌مه‌ش لایه‌نگیری خۆی بۆ دووپات ده‌کاته‌وه، له راستیشدا ئاغای راسته‌قینه به بی پاره و سامان نابی.

ئه‌دمۆندز ئاغای کورد به (بارۆنی ده‌ره‌به‌گ) ده‌داته قه‌ڵه‌م که بی کاره و له‌سه‌ر باج و دیاری ده‌ژیی، ئه‌مه‌ش به پێی کۆمه‌ڵگاکانی وڵاتی کوردان ده‌گۆڕی.

ئه‌دمۆندز له‌و باوه‌ڕه‌دایه سیستمی هۆزگه‌ری له کوردستاندا خه‌ریکه هه‌ره‌س دێنی* و به‌رانبه‌ر به‌مه‌ش ده‌سه‌ڵاتی راسته‌وخۆی له زیادبووندایه، بێگومان مه‌به‌ستی ئه‌دمۆندز بنبڕکردنی ئه‌و سیستمه نییه، چونکه ئه‌گه‌ریش لای هۆزێك بنبڕبێت که سه‌رۆك هۆز و مریدان

---

* ئه‌دمۆندز باسی ساڵی ١٩١٩ ده‌کات.

و چەك و تفاقی دەگرێتەوە ئەوە هەستی سەربەچێتی بۆ هۆز لای گەلێك لە مەدەنی و شارنشینەکان هەر دەمێنی، تەنانەت هەندێکیش هێند بە هۆزەکانیانەوە پابەندن دەگاتە ئاستی دەمارگیری.

کاتێکیش ناوی خۆیان لەگەڵ نازناوەکانیا دەنووسن هەست بە سەربەرزی و شکۆمەندی دەکەن، شانازی بە هۆزی باب و باپیرانیانەوە دەکەن.

لایەنگرتنی رەهای تاکەکانی هۆز بۆ ئاغا کە زیاد لە جارێك لەم کتێبەدا باسمانکردووە، بە ئەرکی سەر شانیان دەدرێتە قەڵەم، چونکە ئەو تاکانە لە میانەی سەربەچێتییانەوە بۆ هۆزەکانیان هەست بە دڵنیایی دەکەن، گومانیش لەوەدا نییە یەکەمین بناغەی سەربەچێتی هۆز لایەنگرتنی رەهایە بۆ پێشەوا یان سەرۆك هۆز (ئاغا) ئەم لایەن گرتنەش دەتوانین لە میانەی بینینەکانی ئەدمۆندزەوە سەرنج بدەین کە لە یادداشتەکانیدا تۆماریکردووە.

لەو نموونانەی لەم بوارەدا هێناویەتییەوە دەڵێت : ئاغایەك دوو پیاو لە هۆزەکەی خۆی سزادەدات، دەستی یەکەمیان دەبڕی و چاوی دووەمیان هەڵدەکۆڵی، کاتێکیش قایمقامی ناوچەکە کەوا نوێنەری میری دەبی هەواڵەکە دەبیستی ئەو دوو پیاوە بانگ دەکات بۆ لێپرسینەوەیان، بەلاّم ئەو دوو پیاوە لە بەردەم قایمقامدا نکۆڵی لەوە دەکەن ئاغا دەستی لەو رووداوە هەبی و هەرگیز دانی پێدا نانێن.

لایەنگرتن تا ئەم رادیە بە دیدی ئێمە لە پەرستنەوە نزیك دەبێتەوە، بەلاّم وەك دەردەکەوی پاساوی خۆی بۆ هەیە، چونکە وەك پەنجەمان بۆ راکێشا مەرجێکە لە مەرجەکانی گوزارشت لە سەلماندنی بوونی تاك لە نێو هۆزدا، تەنانەت ئەگەریش سەرۆك هۆز دەست درێژی کەر بێت. ئەمەش لە جیهانی دەرەبەگدا باوە (کوژراو بەرگری لە کوژەرەکەی دەکات).

ئەدمۆندز وای بۆ چووە نازناوی (ئاغا) لە بناغەدا تورکییەو دەخرێتە پاڵ سەرۆك هۆزی کورد، بە هەمان شێوەی نازناوی (بەگ) بەکار دێت کە دیسان وشەیەکی تورکییە، دەخرێتە پاڵ ناوی ئەو کەسەی باوك یان باپیری پاشای عوسمانی بوونە، جارو باریش دەخرێتە پاڵ ناوی ئەندامەکانی خێزانی حوکومڕان.

ئەدمۆندز ئەوە دەسەلمێنی کە نازناوی (ئاغا) وشەیەکی کوردی نییە، چونکە بە هیچ جۆرێك لە کتێبی شەرەف نامەدا باسنەکراوە کە نازناوی (بەگ) ی تیا باوە، نازناوی (خان) یش بە ئێرانی دەداتە قەڵەم لەو باوەڕەدایە پاش ئەوەی سوڵتان مورادی چوارەم ساڵی **١٦٧٣** بەغدای داگیرکردووە ئەم نازناوە لە کوردستاندا بلاّو بووەتەوە.



لە راستیشدا ئێمە هەندی سەرنجمان دەربارەی دیدو بۆچوونەکانی ئەدمۆندز هەیە، چونکە ئەگەر بە دروستیان بزانین دەبی بپرسین ئایا پێش هاتنی تورك بۆ ناوچەکە کوردەکان بە چ نازناوێك سەرۆك هۆزەکانیان ناو ناوە لە رووی مێژوویشەوە ئەوە گومانی لەسەر نییە کە کورد پێش تورك لە ناوچەکەدا ژیاون، ئایا ئەو وشانەی لەوەو پێش بۆ ئەو مەبەستانە بەکاریان هێناون لە ناو چوونەو وشەی تورکی و فارسی جێگای گرتوونەتەوە وەك ئەدمۆندز باسیدەکات؟.

ئەدمۆندز باسی ئەم بابەتەی نەکردووە، ئەو پرسیارەشی لە خۆی نەکردووە ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە، کوردەکان مافی خۆیانە بپرسن کی وتوویەتی هەموو ئەو نازناوانە کوردی نین و بۆچی دابەشن لە نێوان تورك و ئێراندا، ئایا سیمای پێوەندی زمانەوانی لە نێوان فارس و کورددا هەیە، وێڕای سەربەخۆیەتی هەردوو زمانەکە ؟، بەلاّم تاکە وشەی هاوبەش لە نێوان کوردی و نەك تەنها فارسی بەڵکو هیندی و ئەفغانی و بلوجیش هەیە، بۆ نموونە : دەبی بۆچی وشەی خان ئێرانی بی و کوردی نەبی، وێڕای ئەوەی ئێمە نامانەوی لەگەڵ ئەدمۆندز دەربارەی وشە (ئێرانی) بدوێین و چۆن لێیدەگات، تەنانەت وشەی (ئاغا)ش کە لە زمانی فارسیدا بلاّوە و لە زمانی کوردیدا بە کاردێت کی دەڵی دەبی تورکی بێت، ئایا لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی لە گۆڕێیە ئەوەمان بۆ دووپات بکاتەوە ؟.

وشەی ئاغا تایبەتە بە تورکەوە نەك نەتەوەی دی دەبی بۆچی تورك بە قەرز لە گەلی کوردی وەرنەگرتبی کە کۆنترە لە ناوچەکەدا و دراوسێی تورکە، ئەگەر نەڵێین خاکەکەی لە لایەن تورکەوە دابڕاوە کە هاتوونەتە ناوچەکە؟ ئەدمۆندز باسی ئەو باج و پیتاکانەی کردووە هۆزەکان ناچار بوونە بیدەن بە ئاغا، ئەمەش لە داهاتوودا باسیدەکەین.

بەلاّم هاملتۆن باسی گرنگی وشەی ئاغای بۆ بریتانییەکان کردووە، ئەوانەی بە سەردان هاتوون بۆ کوردستان، دەڵێت : ئەفسەرانی رامیاری لە عێراقدا دەرکیان بە گرنگی پێوەندی کەسیی لەگەڵ پیاوانی هۆزو پێشەواکانیان کردووە، بۆیە بەشی زۆری کاتەکانیان لە گەشتی دەرەوەدا خەرج کردووە گوێیان نەداوەتە ئەو مەترسییانەی هەڕەشەیان لێکردوون و تەنها ژمارەیەکی کەمی سەربازییشیان لەگەڵ بووە کوردەکان وەك هاملتۆن دەڵێت : رێز لەو کەسانە دەگرن کە ئازاو چاونەترسن و لەو ناوچە پڕ مەترسییانە سڵ ناکەنەوە و بە ئارەزووی خۆیان دەگەڕێن (٧٤).

لایەن گرتنی هۆز بۆ سەرۆك هۆز و بە باشتر زانینی لە دەوڵەت لە بڕینەوەی گرفتەکاندا سەرنجی مالیباردی راکێشاوە کە گەلێك سەرنجی سەبارەت بە یەکگرتنی هۆزی کورد بۆ سەرۆکی هۆزەکەی تۆمارکردووە (٨٦).

شمیدت دەربارەی رۆڵی جەنگاوەری یان سەربازی سەرۆك هۆز دواوە و دەڵێت : توانای هەیە گشت پیاوانی هۆزەکەی کۆبکاتەوە و چەکیان بداتی بۆ جەنگیان بنێری. ئیدی بۆ دژی هۆزێکی دی بێت یان لەگەڵ دەوڵەتدا دژی خەڵکی دی.

شمیدت هێزی هۆز بەو شێوەیە هەڵدەسەنگێنی کە سروشتییەو دەگونجی لەگەڵ ئازایەتییاندا لە ناوچە شاخاوییەکاندا.

## هاوسەرێتی و خێزان

بە چەند شێوەیەك زاراوەی (جووت بوون یان هاوسەرێتی — الزواج -) پێناسە دەکری لێرەدا ئەوەیان بەشیاو دەزانین کە (بێرکس) و ئەوانی دی بۆی چوون، هاوسەرێتی لە دیدی ئەواندا یەکێتییەکە لە نێوان پیاوو ژنێکدا یان پیاوان و ژنان، بۆ ئەوەی پیاو رۆڵی مێردو ئافرەت رۆڵی ژن بگێڕن و کارەکەشیان پەسەندی کۆمەڵ بی و مۆرکێکی رەوا هەڵگری، هەردوولاش پەیمان بدەن هەرچی پێداویستی و داخوازیەك کۆمەڵ لەم پرۆسەیەدا بیسەپێنی بەجێی بێنن (٥).

ئەم پێناسەیەی زاراوەی هاوسەرێتی (ژن هێنان) گشت شێوە جۆربەجۆرەکانی مێژووی و جوگرافی دەگرێتەوە، گەلان لە ژیاندا بە قۆناغی هەمەجۆری ژیانی کۆمەڵایەتیدا تێپەڕیوون لە میانەیاندا چەمکی ئەم زاراوەیە پەرەی سەندووە، ئایین و بیرو باوەڕیش لە پاڵ نەریت و ری و رەسمدا رۆڵی گەورەیان گێڕاوە لە دەسنیشانکردنی چەمکی هاوسەرێتی و ئەرکەکانی و تەنانەت شێوەی خێزانێتیشی، بێگومان هاوسەرێتی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا لە پاش ئەوەی ئایینی ئیسلام گەیشتە کوردستان و روخسەتی ئەوەیدا پیاو چوار ژن بێنی.

ئیدی ئەم پرۆسەیە بە پێی یاسای ئیسلام سنوور رێژ بوو، ناشمانەوی لە مەسەلەی ئەم روایەتییە زیاتر بکۆڵینەوە نەوەك لە ناوەرۆکی بابەتەکە بچینە دەرەوە، بەلاّم پێویستە ئەوە بلّێین کە هاوسەرێتی شەرعییەتی کۆمەلاّیەتی وەرناگری ئەگەر شایەتیی بۆ نەدرێت، ئەم یاسا دنیاییەش کە دوو شایەت دەینوێنن لە پێداویستییەکانی شەریعەتی ئیسلامە. لەبەر ئەوەش گری بەستی هاوسەرێتی یاسایی (ئایینی) لە ئایینێکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕی، بۆیە شێوەی گوزارشتی نەتەوەکانیش لەم بارەیەوە جیاوازە، تەنانەت لە چەمکی هاوسەرێتیشدا لە رووی



کۆمەلاّیەتییەوە ئەو جیاوازییە هەر هەیە، لەبەر ئەمە هەر کۆمەڵگایەك لە رووی رێورەسم و نەریتی هاوسەرێتییەوە خاوەنی تایبەتمەندێتی خۆیەتی.

لەو باوەڕەداین گەلێك نەریت و رێوڕەسمی کۆمەلاّیەتی لە ژیانی نەتەوەکاندا رەگ و ریشەی قووڵیان هەیە، تەنانەت هەندێکیان رۆژی لە رۆژان پێش ئەوەی ئەو نەتەوانە ئایینەکانیان بگۆڕن چ لە رێگای شالاّوی ئەو ئایینانەوە بێت یان بە ئارەزووی خۆیان بووبێت لە رێگای پەرەسەندنی کۆمەڵگاکانیاوە، دروشمی ئایینە کۆنەکانیان بوونە.

وا دیارە ئەم پرۆسەی گۆڕینەش هەندی دروشمی لی بەجی ماوە کە دەربڕینن لە هەڵوێستی بە کۆمەڵ دەربارەی هاوسەرێتی، رەنگە هەندێکیشیان هەڵوەشێنرابنەوە یان قەدەغە کرابن هەندێکیشیان لە پێناو مانەوەدا بەرگرییان لەو نەریت و ری و رەسمانە کردبی، وەك دۆڵ و زوڕنا کە هەندی گرووپی ئایینی یان پیاوانی ئایین وێڕای ئەوەی لە مێژەوە لە هەڵپەڕکێی کوردیدا لە شایی و زەماوەندا بۆ خۆشی دەربڕین بەکارهێنراون حەرامیان کردووە، بۆیە هەندی خێزانی ئایینی لە زەماوەندی کوڕەکانیاندا تەنها بە گۆرانی دادەکەون، زوڕنا(بەکردەوەی شەیتان) دەدەنە قەڵەم. هەر بۆیەش ئەمڕۆ هەر یەکە لە دۆڵ و زوڕنا (خەبات) دەکەن لە پێناو مانەوەیاندا نەك تەنها بۆ وەبیر هێنانەوەی کێشە ئایینییەکان بە تەنها بەڵکو لە بەردەم کێشە پێشکەوتنخوازو شارستانییەکانیشدا. هەر بۆیەش (ئۆرك و سەمای باند) لەسەر ئاستی هونەریی پانتاییەکی بەرینیان هەیە و ناشتوانین چارەنووسی پاشەرۆژیان پێشبینی بکەین.

ئێمە کە ئەم جۆرە نموونانە دێنینەوە بۆ ئەوەیە پەنجە بخەینە سەر ئەو نەریتانەی لە گوزارشت کردندا بۆ دەربڕین لە هەڵوێستەکانی ژیان تا ئێستا ماونەتەوە، بە تایبەت ئەوانەی پێوەندییان بە ژن خواستنەوە هەیە، بۆ وێنە تا پێش چەند ساڵێك ئەو نەریتە باو بوو (ڕەنگە لە ژمارەیەکی زۆرکەم لە شارو گوندە کوردییەکاندا مابێتەوە) کە زاوا وێڕای ئەوەی گەرماو لە ماڵی باوکیدا هەبووە یان گەرماوی میللی لە شارەکەیدا هەبووە دەبرا بۆ سەر رووبار یان کانی بۆ ئەوەی پێش زەماوەند خۆی بشوات لەم پرۆسەیەشدا دۆست و برادەر زاوا سواری ئەسپێك دەکەن و بە چەپڵە رێزان دەیبەن و دەیهێننەوە. وا دیارە ئەم نەریتە پاشماوەی ئایینە پێشینەکانە کە لە نێو نەتەوە دێرینەکانی هیندوئەورپیدا باو بووە.

نەریت و ری و رەسم گەلێکن، بەلاّم نامانەوی باسیان بکەین نەوەك لە سنووری ئامانجی ئەم کتێبە بچینە دەرەوە، بەلاّم ئەمانەوی تایبەتمەندێتی کۆمەلاّیەتییان دووپات بکەینەوەو هۆکارەکانی لە نێو چوونی هەندێکیان دەستنیشان بکەین.

نووسەری ئەم کتێبە دڵنیایە لەوەی ئەو جۆرە زۆرانەی لە هەڵپەرکێی کوردیدا هەن هەریەکەیان لە رووی بزاڤ و ترپەوە تایبەتمەندێتی خۆیان هەیە شتێکی رێککەوت نییە، بەڵکو جۆرە گوزارشتێکی پیرۆزی کوردییە لە نەژاددا واتای خۆی هەیە، بەلاّم ئێستا بووەتە کەلەپوورو چالاکییەکی خۆشی بەخش، بەلاّم بەداخەوە ئەم سامانە نەتەوەییە گەلێك لە رۆڵەکانی گەلی کورد خۆیان نەیانبینیوون، رەنگە ئەمەش بە هۆی ئەو سەربڕینە رامیارییەوە بێت کە دووچاری کوردستان بووە یان لەبەر یەکنەگرتوویی نەتەوەی کورد بووە کە پێش دابەشکردنی بریتی بووە لە کۆمەڵە میرنشینێك.

مەسەلەی ژن هێنان و نەریتەکانی لە کوردستاندا بووەتە جێی بایەخی رۆژهەلاّتناس و رەوەندەکان و بە تێکڕایی لە سەریان نووسیوون.

کاتێکیش سەبارەت بە هاوسەرێتی لە کوردستان دەدوێین پێویستە باسی بابەتی خۆشەویستیش بکەین، گۆرانی فۆلکلۆری کوردی پڕە لە بابەتی دڵداری بە تایبەت چیرۆك و بەسەرهاتی میللی کوردی کە تەژین لە بابەتی خۆشەویستی، ئەوین و دڵداری.

سۆن پێوەندی نێوان هەردوو رەگەزی نێرو می لە کوردستاندا بە باش هەڵدەسەنگێنی، هۆی ئەوەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو ئازادییەی ژنان لە کوردستاندا هەیانە، کە لە ئەنجامدا خۆشەویستی لی دەکەوێتەوە.

سۆن پەنجەی رێز بۆ ئەم خەسڵەتەی نەتەوەی کورد رائەکێشی. وا دیارە سۆن بە رێککەوت گوێی لە باسێکی دڵداری بووە لە نێوان کوڕ و کچێکی لاوداو وەك خۆیشی دەڵێت : زۆر پێی دڵشاد بووە، ئەمەش بە نایابترین نیشانەکانی ژیانی کوردەواری دەداتە قەڵەم، چونکە دڵداری لە نێوان نەتەوەی محەممەدیدا رەوا نییە و ئافرەت دوورە پەرێزەو ئەگەریش نیازێك لە ئارادا بێت ئەوە لە لایەن لایەنی سێەمەوە رێکدەخرێت. بەلاّم لە نێو کورداندا ژنان وەك ژنانی ولاّتانی ئەوروپا خاوەنی ئازادی خۆیانن، ئەگەریش هەندی جیاوازی ساکار هەبی ئەوە ئاساییە. (٣٠٢-٣)

لە راستیشدا ئێمە لەو باوەڕش داین سەرنجەکانی سۆن گشت کۆمەڵگای کوردی ناگرێتەوە چونکە مەسەلەی نەریتی ژن هێنان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دی جیاوازە، بۆیە مەگەر بە دەگمەن رووبدات کەس و کاری بووك و زاوا خۆیان لەو پرۆسەیە تێنگەیەنن، بەلاّم لە هەمان کاتیشدا باوەڕمان بەوە هەیە تێکەڵی لە نێوان هەردوو رەگەزدا لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا لە چاو کۆمەڵگا رۆژهەلاّتییەکانی دەوروپشتی پتر روونترە، لە بناغەشدا ئەم تێکەڵییە لەسەر نیازپاکی و رەوشتی بەرز بەندە ئەمەش لە میانەی ئاهەنگ و بۆنە جۆر بە جۆرەکانەوە دووپات



دەبێتەوە تەنانەت لە ژیانی گشتیشدا ئەمە دیسان حاڵەتێکی رەها نییە، بەلاّم بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگاکانی دەوروبەردا ژنان لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا جێی باوەڕن.

لە راستیشدا ئەو سەرنجانەی ژمارەیەکی زۆری رۆژهەلاّتناس و رەوەندەکان دەربارەی تایبەتمەندێتی کۆمەڵگای کوردەواری تۆماریان کردووە لەگەڵ نزیك بوونەوەدا لە ناوچەکانی سەرسنوور کەمتر روون دەبنەوە، چونکە نووسەر بەپێی شارەزایی کەسیی خۆی بۆی ساغ بووەتەوە چەند بە ناخی جوگرافیای کوردستاندا شۆڕ ببێتەوە ئەو دیاردانە زیاتر روونتر دەبنەوە، لەبەر ئەمە چەند لە سنووری عەرەبی یان تورکی یان فارسی نزیك ببینەوە ئەوە تێکەڵ و پێکەڵ دەکەونە بەرچاو. گومان لەوەشدا نییە ئەوەی لەسەر ئاستی ری و رەسمی کۆمەلاّیەتیش تۆمار دەکرێت، بەهەمان شێوە جل و بەرگ و شێوەی کۆشك و تەلارو بیناسازیش دەگرێتەوە، هۆی ئەمەش رەنگە بەرپابوونی هەلی سووانی ئەنثروکۆمەلاّیەتی بێت.

دەشی لە یادداشتنامەی رەوەندەکاندا ئەو زانیارییانە ببینین کە ئاماژە بەوە دەدەن هەندی جار پێوەندی دڵداری و دیدار لە نێوان دوو یاردا دەکەوێتە پێش زەماوەند وەك ئەوەی تۆما بوا و باسیل نیکیتین پەنجەیان بۆ راکێشاوە بەوەی هاوسەرێتی ئەنجام نادرێت ئەگەر خۆشەویستییەکی ئاڵوگۆڕی نەکەوێتە پێش، یان ئەوەی هانسن ئاماژەی بۆ کردووە کە بووك لەوەوپێش زاوا نابینی و یەکەمجار لە شەوی زەماوەندییاندا دەیبینی.(٣٣)، کە ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە باسیل نیکیتین و تۆما بوا دووپاتیان کردۆتەوە، بەلاّم بێگومان بە دەگمەن روو دەدات. دیارە ئەم جیاوازییەش پێوەندی بە ناوچەکانەوە هەیە، ئایا چەند کەوتوونەتە بەر کارتێکەریی کۆمەڵگای دی.

تۆما بوا (لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا) رووبەرووی وێنەیەکی رۆمانسی جوان و بە چێژمان دەکاتەوەو دەڵێت : لە لادێکاندا لاوان لە دەوروبەری کانی یان کێڵگە یان لە بۆنەو ئاهەنگەکاندا کۆدەبنەوە و بە هەڵپەرکێ و گۆرانییەوە خەریك دەبن، کچانیش داب و نەریتی کوردەواری لە یاد ناکەن و نیازپاکانە رەفتاردەکەن. تیایاندا هەیە کاتێك لە هاوینەهەوارەکانەوە دێنە خوارەوە بەدەم رێگاوە گۆرانی دەچڕن و تەشی دەڕێسن، هەندێکیشیان بەڕە رەنگینەکانیان دەگوێزنەوە یان مەڕ دەدۆشن. لە هەر کوی بن بە ئاوازی بە جۆش هەستی دڵی خۆیان دەردەبڕن، بەلاّم گۆرانیەکانیان کە مۆرکی ناوخۆیی یان میللیان پێوەیە جەفەنگیشیان تیایە، بە ئاشکرا جوانی و ناسکی خۆیان دەردەخەن و ئاماژە بۆ قژی کاڵ

و چاوی ڕەشیان دەکەن کە  لە چاوی ئاسکە دەچی، بە ناوقەد باریکی و گورج و گۆڵی خۆشیانەوە دەنازن، کە وەك باڵندەی کێوین و سووك پی هەڵدەگرن (٥٤).

ئەوەی تۆما بوا دایڕشتووە لە چوارچێوەی سەرنجی سەرپێی ناچێتە دەرەوە و لە هەمان کاتیشدا لە وێنەیەك نزیکمان دەکاتەوە کە لە واقیعەوە نزیکە، لە ڕاستیدا لەیەك نزیکبوونەوە یان تێکەڵی لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێرو می لە شارەکاندا کەمترە، چونکە کەوتوونەتە بەر کارتێکەریی ڕاستەوخۆی ئەو سیستمە ڕامیارییە هەمە جۆرانەی گەلانی دیکەی غەیرە کوردیان دەنواند دەسەڵاتیشیان زیاتر بەسەر شارەکاندا شکاوە نەوەك لادی، هەر ئەمەش بووەتە هۆکارێکی ئەوتۆ ڕۆڵەی شارەکان هەندی لە داب و نەریتی ڕەسەنی کوردەواری دووربکەونەوە، کەچی ڕۆڵەکانی چیاو دەشت و لادی نشینی کورد پێیانەوە پابەندبن.

ئەم جیاوازییەی نێوان لادی و شار بووەتە جێی سەرنجی هەی کەوا لە لادێیەکانی ناوچەی هەولێر و لە شاری هەولێر خۆیشیدا ژیاوە.بۆیە وتوویەتی : نەریتی شایی و ژن هێنان بە تایبەت لە نێو شارو لادێدا جیاوازە (١٠٩).

هەروەها تۆما بوا لەم بوارەدا باسی ئەوەی کردووە کە دیداری نێوان کوڕو کچ لە شارەکاندا بە تایبەت لای دەوڵەمەندەکان بە ئاسانی نایەتەدی، چونکە لاوان لەشەرما ناتوانن بە ئاشکرا ئارەزووی خۆیان بۆ پێکەوەنانی خێزان دەربڕن، لەبەر ئەمە ئەگەر کوڕ لە تەمەنێکی گونجاوو خۆی مەیلی بۆ ئەوە نەچوو کچێك هەڵبژێری کە لای کەس و کاری خۆی ناسراو بێت، ئەوە لەو حاڵەتەدا دایکی دەکەوێتە هۆڵیداو دەگەڕی بۆ کچێك شایستەی کوڕەکەی بێت، بەم شێوەیە دایکی یان ژنێکی دی لە خزمانی خۆی کچێکی بۆ دەس نیشان دەکەن و لە تایبەتمەندێتییەکانی ئاگاداری دەکەنەوە، ئەگەریش کەسوکاری هەردوو لا پرۆسەکەیان پەسەندکرد، ئەوە دایکی یان پووری کوڕەکە یان دۆستێکی ناسراوی بەنهێنی بەرەو ماڵی کچەکە دەکەوێتەڕی و دیارییەکی پێشکەش دەکات، ئەگەر وەریگرت ئەوە نیشانەی ڕازی بوونێتی و بەم شێوەیەش دەزگیران دیاری دەکرێت (٥٥).

لە ڕاستیشدا ئەم شێوازەی تۆما بوا باسیکردووە یەکێکە لەو شێوازانەی پێڕەوکراون. مەرجیش نییە سەرەتا دیارییەك پێشکەش بە کچەکە بکرێت، بەڵکو دەشی بە نهێنی تاووتوێی لەگەڵا بکرێت ئەگەر بەرهەڵست نەبوو یان ئارەزوومەندبوو ئیدی ئەو کاتە کەس و کاری کوڕەکە دەچنە ماڵی کەس و کاری کچەکە، هەر وەها دەشی بە بی وەرگرتنی ڕەزامەندی



کچەکەش پرۆسەکە بەڕێوە بچێت، بەڵام بە زۆری باوکان داکۆکی لەسەر ئەوە دەکەن کچەکانیان لە مەسەلەی بە شوودانیاندا ڕایان هەبی.

تۆما بوا دەڵێت : ڕازی نەبوونی کچ بۆ بە شوودانی بۆ باوك بە ناشیرین دەدرێتە قەڵەم، و ناتوانی کچەکەی بە زۆر و بەبی ڕەزامەندی خۆی بە شووبدات (٥٥).

بەڵام باسیل نیکیتین (١٩١٥-١٩١٨) ئاماژە بۆ نەریتێکی کوردی سەیر دەکات، کە ڕەنگە ئەمڕۆ چووبێتە ڕیزی ئەو نەریتانەی لەناوچوون یان مەگەر بە دەگمەن مابن. ئەویش ئەوەیە کچ هێشتا لە قومات دایە دیاری دەکرێت یان مارەی دەبڕدرێت، نەریتی مارەبڕینەکەشی بەم جۆرە بەڕێوە دەچێت، دەستە سڕێك هەندی پارەی تیا گری دەدری و سەری کچەکەی پێدەبەسترێت، ئیدی هەموو ساڵێك لە بۆنەی جەژنی قورباندا دیارییەکی پێشکەش دەکرێت بریتی دەبی لە بەرخێك و پارچەیەك کۆتاڵ (١٠٦).

ئەم نریتە لە ئازربایجان باو بووە. نیکیتین ئاماژەی بۆ جۆرێکی دیکەی ژن دیاریکردن کردووە کە دیسان سەیرە و جێی سەرنجە، بەڵام ئەمیان پێچەوانەیە، واتە کچ ئارەزوو دەردەبڕی دەزگیرانی خۆی لە جەژنی بەرخاندا دیاریدەکات، کە ئەو ڕۆژەیە شوانەکان واز لە مەڕەکانیان دێنن و کری وەردەگرن، ڕانەکانیشیان لە کۆزی تایبەتدا دەمێننەوە و بەرانیان تیا بەرەڵڵا دەکەن و گوندنشینەکان تەقەی خۆشی دەکەن وەك بڵێیت شایی مەڕەکانیانە، لەم جەژنەدا شیرینی و خواردنی بەچێژ و گۆشتی برژاو پێشکەش دەکرێت، کچان سەرپێچە حەریرەکانیان دەخنە ملی ئەو بەرخانەی لە دڵیان شیرینن، کوڕانیش دێن دەیانبەن بۆ گوزارشت کردن لە خۆشەویستی خۆیان بۆ خاوەنەکانیان و دواییش بەو جۆرە هەر یەکە دەزگیرانی خۆی نیشان دەکات، کەس و کاریش سانسۆری پرۆسەکە دەکەن کی سەرپێچی کچەکەیانی هەڵگرتووە و نیازی خواستنێتی، باشیش لەوە ئاگادارن کە ئەو ڕێککەوتنە  لە هاویندا ئەنجامدراوە، بۆیە ئەگەر ئەوانیش پەسەندی بکەن ئەوە مارەیان دەبڕن و پاش ماوەیەکی کورت ئاهەنگ دەگێڕڕی و زەماوەندیان بۆ ساز دەکرێت (٤١).

لەو نەریتانەش لە نێو کوردانda باوەو بە هەمان شێوە لە نێو نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتیشدا هەیە، ئەوەیە ئامۆزا خۆی بە بەرتر دەزانی بۆ ئەوەی کچ مامی خۆی بخوازی.

زۆر جاریش ئەم نریتە ناخۆشی و ناحەزی لێدەکەوێتەوە و دەگاتە خوێنرشتن و پیاو کوشتن ئیدی ئەگەر لە نێوان ئامۆزاکانی کچە خۆیاندا بێت یان لە نێوان ئەوان و کەسێکی نامۆ کە بە

نیاز بی داوای بکات. ئەم نەریتەش هەرچەند هەتا ئێستا لە هەندی شـوێن بەردەوامـە، بـەلاّم سووك بووەتەوەو مەترسی لە جاران کەمتر بووە.

تۆما بوا لەم بارەیەوە دەڵێت : گونجاوترین شت ئەوەیە کوڕی مام کچی مامی خۆی بـێنی، تەنانەت ئەگەر شیربایی یان مارەیی کەمتریش پێشکەش بکات. هەیش دیسان پەنجەی بۆ ئەمە راکێشاوە دەڵێت : بـەپێی نـەریتی کۆمەلاّیـەتی ئـامۆزا بـەرترە، ئاماژەشـی بـۆ رووداوێکـی خوێناوی کردووە کە بە هۆی ئەم مافەوە قەوماوە (٦٥).

تۆما بواش باسی ئەوەی کردووە کە بڕی شیربایی بەپێی ناوچە دەگۆڕێ و لەپێشیشا دیـاری دەکرێت بۆ ئەوەی ناخۆشی لێنەبێتەوە چونکە زۆرجار دەبێتە هۆی نـاکۆکی، هـەروەها بـاری دارایی کەس و کاریش کارتێکەریی لەسەر هەیە، پەنجەی بۆ ئەوەش راکێشاوە کـە کوردەکـانی ئەرمینیا شالاّوێکیان دژی گرانی شیربایی دەست پێکـردووە کـە دەگاتـە رادەیـەك بـووك وەك ئاژەڵ سەودای لەگەڵ بکرێت.

هەی (١٩١٨-١٩٢٠) بە رۆڵی خۆی شیربایی وەك پرۆسـەی کـڕینی شـتێکی گـران بـەها دەداتە قەڵەم، بە تایبەت کاتێك کەس و کار ناچار بن پارەیەکی زۆر بۆ کڕینی بووك کۆبکەنەوە (١٠٩).

تۆما بوا وای بۆ چووە کە مەسەلەی شیربایی لەگەڵ بیرکردنەوەی رۆژئاوادا نـاگونجی، بـەلاّم لەسەر ئاستی ژنی کورد مەسەلەکە جیاوازە، چونکە لەو باوەڕەدان ئەم شێوازە لە پلـەو پایـەی راستەقینەی کۆمەلاّیەتییان بەرز دەکاتەوە (٥٦).

خاتوو هانسن ١٩٥٦ کە بە چاوی خۆی هەندی لەو پرۆسانەی بینیـوە، سـەرنجەکانی خـۆی دەربارەی ری و رەسمێکی ژن هێنانی هەر لە سەرەتای قۆناغی دیاریکردنەوە تا شەوی زەماوەند تۆمارکردووەو دەڵێت : بووکەکە تەمەنی ٢٦ سالاّن بوو. کەس و کاری بەگوێیان خوێندبوو کـە ئەمە تەمـەنێکی درەنگـە بـۆ شـووکردن چـونکە بـەپێی دابونـەریتی کـوردەواری کـچان زوو شوودەکەن، وادیارە ئەو بووکەی هانسن باسیدەکات لەوەوپێش شوویەکی دیی کـردووە و ئـەوە دووەمیان بووە (٢٧)، هانسن چەند نموونەیەکی سەیرو سەرنجراکیشی لە یادداشتەکانیا نووسیوە لەوانەش دەڵێت : کچە کوردێك تەمەنی دوازدە سالاّن بووە، کاتێـك دراوسـێیەکیان خـوازبێنی دەکات، پرسیاری لێدەکەن، ئایا دەتەوی شووبکەیت و ببی بە خاوەن تفـاقی بـووکێنی و زێـڕ؟ ئایا دەتەوی شوو بە فلاّن کوڕی فلان بکەیت؟ لەوەلاّمدا رەزامەنـدی پیـشاندەدا چـونکە پێـی خۆش دەبی ژیانی بگۆڕی و ببی بە ژنێکی خاوەن ماڵ، هەست بە کەسایەتی خۆی بکـات، لـە



راستیشدا بووکە یەکەمجار لە ژێر تارای بووکێنیدا دەزگیرانی خۆی بـینی و زاواش تـەنها یـەك جار ئەوی لە دوورەوە بینیبوو، ئەگینا لەوەوپێش چاویان بەیەکتر نەکەوتبوو (٤٤).

تۆما بوا ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە هەموو کوردەکان زوو بیر لە هاوسـەرێتی دەکەنـەوە، بۆیە رەبەن (عازەب)ی لە کوردستاندا بەردەوام نابی.

کۆمەڵگاش بوار بەکچان نادات شوونەکەن و قەیرەبن، وێڕای ئەمەش بە گومانەوە دەڕواننە عازەبان. بەم شێوەیە کوڕان پێش تەمەنی بیست سالاّن ژن دێنن و کچانیش ئەگەر لە تەمـەنی دوازدە بەهاریدا شووبکات شتێکی دەگمەن نییە(٥١).

هەی دەڵێت : لە کوردستاندا پێشەوا بە شیاوی دەزانی ئەگەر بڕی (٥٠٠) دینار ببەخـشی لەبەر ئەوەی کچی پیاوێکی خانەدان یان ناودار بخوازی، ئەمە وێڕای شـیربایی، هـەی ئامـاژەی بەوە داوە کە ئەو پارەیە نزیکترین کەسی کچەکە وەری دەگرێت ئیدی ئەگەر باوك بێت یان برا یان مام (٦٥) ئەمەش ئەوە دەگەیەنی کە یەکێکیان ئەو پارەیە لە جیاتی کچەکە وەردەگرێت، چونکە جوان نییە بەو بدری، مەگەر ئەوەی لێی بەرپرسە بیەوی لە نەریت لابدات.

لە راستیشدا وا دیارە هەی بەهەڵەدا چووە، چونکە لەبەر ئەوەی شیربایی مافی کچەکەیە بـاوك وەری ناگری، بەلاّم دەشی کوڕەکە بڕەپارەیەك دیاری بدات بە باوکی دەزگیرانەکەی (٦٤-٥).

لە دەستووری ئیسلامیشدا شـیربایی مـافی کـچە و نـابی کەسـی دی وەریبگـری. باسـیل نیکیتینیش پەنجەی بۆ ئەوە راکێشاوە کە شیربایی لە نێو هەندی هۆزی کـورددا رەنگـە بگاتـە ژمارەیەکی پێشبینی نەکراو، رەوەندەکانیش ئاماژەیان بەوە داوە کە مارەبڕین لە نێـو کـورددا لەسەر دەستووری ئیـسلام بـە ئـەنجام دەگەیـەنرێت، وەك ئەوەیـە لـە کۆمـەڵگاکانی دیکـەی ئیسلامیدا بەڕێوە دەچێت. هانسن کە بەڕەگەز دانیمارکییـە وای بـۆ چـووە داب و نـەریتی ژن خواستن لای کوردان جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لە رۆژئاوادا بـاوە، چـونکە لـەوی لـەنێو کەنیـسەدا بەڕێوە دەچێت، کەچی لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا لە دەرەوەی مزگەوت بە ئەنجام دەگەیەنرێت.

باسیل نیکیتین ئەوەشی سەرنج داوە کە جۆرە هاوکارییەك لەنێوان خزمـان و زاوادا هەیـە، چونکە هەندی جار خـەرجی زەماوەنـد زۆر دەبـی و خزمـان دەسـتی یارمـەتی بـۆ مـاڵی زاوا درێژدەکەن یەکی بەرخێك پێـشکەش دەکـات، یـەکی بڕێـك دانەوێڵـە، هـی واش هەیـە پـارە (١٠٧).

تۆما بوا هەر لەبارەی داب و نەریتی ژن خواستنەوە دەڵێت : لەوکاتەدا بووك ماڵی بـاوکی بەجی دێڵی فرمێسك دەڕێژی، دووریش نییە ئەوە دروست کـراو بێـت، بـەلاّم کـچان ئـەوە بـە

پێویست دەزانن بۆ ئەوەی لایەنگیری و خۆشەویستی خۆیان بۆ باوك و دایكیان دووپات بكەنەوە.

لە هەمان كاتیشدا دەستە خوشكەكانی پێكەوە گۆرانی شایی بۆ دەڵێنەوە و بە چەپڵەڕێزان بەڕێی دەكەن.

لە راستیشدا گۆرانی ئەو كاتە دەست پێدەكات كە دەستە خوشكەكانی جلّی بووكێنیی لە بەردەكەن و دەیڕازێننەوە و دەنگی گۆرانی و چەپڵەڕێزان و مۆسیقا و هەڵپەڕكی بەرز دەبێتەوە، زاواش وا خۆی دەردەخات نایەوی خێرا بچێتە دەرەوە بۆ پێشوازیكردنی بووك، بووكیش بە هەمان شێوە وا خۆی دەردەخات حەز ناكات لە ئەسپەكەدا دابەزی.

نیكیتین دەڵێت: دۆست و برادەرانی زاوا پێكەوە دەكەونە تەك بووك و لەماڵی باوكییەوە دەیبەن بۆ ماڵی زاوا، بەڵام كەس و كاری بووك دەرگایان لە بەردەم دادەخەن، ئیدی نزیكترین دۆستی زاوا بەخشیش دەدات بە دەستە خۆشكەكانی بووك تا دەرگایان بۆ بكەنەوە و بووك لە ماڵی باوكی ببەنەدەرەوە. كاتێكیش لەشكری بووك دەگاتە بەردەرگای ماڵی زاوا لاوان ڕێگا نادەن بچێتە ژوورەوە ئیدی دۆستێكی زاوا بەخشیشیان دەداتی و ئەوانیش دەرگایان بۆ دەخەنە سەرپشت، لەو كەوكەبەیەدا بووك سواری ئەسپ دەكرێت و تەپڵ و زوڕناژەنیش دەكەونە پێشی، نەریتیش وایە لەو قۆناغەدا پارچەیەكی تەنكی دیوەدەری سوور بدرێت بە سەریا بۆ ئەوەی سەرەتای ژیانی خێزانێتی سوورو كامەران بێت، هەروەها نەریتیش ئەوە دەسەپێنی بووك پێش ئەوەی بچێتە ژوورەوە دەرگای ماڵی زاوا ماچ بكات

(١٠٨-٩)، بەڵام ئێمە لەو باوەڕەداین ئەم نەریتە لە هەندی ناوچەی كوردیدا باو بووەو ئێستا بنبڕ بووە.

ئێمە لێرەدا كە نووسینەكانی نیكیتین لەم بارەیەوە نمایش دەكەین ئەوە دووپات ناكەینەوە كە گشت ئەوانەی ئەو تۆماریكردوون دەشی لە سەرانسەری كوردستاندا بەرچاو بكەون، بەڵام بەشیاوی دەزانین بڵێین : گەلێك لەو دیاردانە وەكو یەكن ئەگەریش هەندی جیاوازی لە ناوچەیەكەوە بۆ ناوچەكی دی بەرچاو بكەوێت ئەوە ئاساییە و لە سنووری رواڵەتدایە.

بووك كاتێك دەگاتە حەوشی ماڵی زاوا لە ئەسپەكەی نایەتەخوار ئەگەر باوكی زاوا دیارییەكی پێشكەش نەكات، كاتێكیش دابەزی ری دەكات تا دەگاتە بەردەرگای ماڵ ئیدی یەكی لە كەسە نزیكەكانی زاوا پارچەیەك نانی پێشكەش دەكات ئەویش سلاّو لە هەموویان دەكات و وەری دەگری. لێرەدا نەریتێكی دیكەش هەیە ئەویش ئەوەیە بووك پێش ئەوەی بچێتە ژوورەوە



دەرگای ماڵەكە ماچ دەكات و ئەنجا ژنانی نزیكی زاوا دەستی دەگرن و بە دەوری ئەو كوانووەدا سووڕیی دەدەن كە لە ناوەڕاستی ماڵەكەدا هەڵكەندراوە. رەنگە ئەم نەریتە واتە سووڕدانی بووك بە دەوری ئاگرداندا پاشماوەی ئایینی زەردەشتی بێت، بەڵام ئێستا لە هەندی ناوچەی كوردستان نەماوە، دووریش نییە هەتا ئێستا لە هەندی ناوچەی دیكەدا مابی، بەڵام بەلایەنی كەمەوە لە ناوچەكانی كوردستانی باشووردا وەك ئێمە ئاگامان لێیبی نەماوە (١٠٩).

ڕەنگە باسیل نیكیتین ئەوەی پشتگوی خستبی یان نەیدیبی زاوا لەسەر سەربانی ماڵ راوەستی كاتێك بووك بچێتە ژوورەوە بە پێی هەندی خۆڵ فری بداتە خوارەوە تا بكەوێتە سەریا.

تۆما بواش هەندی نەریتی لەم چەشنەی باسكردووەو دەڵێت: لە هەندی ناوچەی كوردستاندا كاتێك بووك دەگاتە بەر دەرگای ماڵ بە پێی دابونەریتی ناوچەكە سەودای لەگەڵ دەكرێت وەك ئەوەی دەبی پێش ئەوەی بچێتە ژوورەوە بەسەر پارچەی چەرەیەكی شكاوی پڕ لە پارەدا تێپەڕی و شیرینیشی لە ژێر پێیدا بێت.

لە ئازربایجانیشدا یەكی لە ژنانی كەس و كاری زاوا لە بەردەرگا هەندی پارچە نان فڕی دەداتە سەر بووكەكەو ئەویش كۆیان دەكاتەوە و دەرگای ماڵەكە ماچ دەكات.

لای حەقەكانیش كاتێك بووك لە دەرگای ماڵ نزیك دەبێتەوە بەدەستی مۆمی داگیرساو هەڵدەگری و زاواش لەسەر شوورەی خانووەكە رادەوستی و پارەو گەنم و برنجی بەسەردا دەرباریێنی.

لەنێو ئێزیدییەكانیشدا ئەوە باوە كاتێك بووك بگات خەسوو لە شوورەی سەربانەوە شیرینی و گوڵی دەرژێنێتە سەر.

ئەنجا دێتە خوارەوە جەڕەیەكی پڕ لە شیرینی دەدات بە بووك و ئەویش دەبی بیشكێنی و بەسەر ئامادەبوواندا هەڵیرێژی ئەوانیش شپرزەی كۆكردنەوەی شیرینی دەبن. چونكە خۆشی هێنەرە، ئیدی بووك بەسەر پەردووی جەڕەو خوێنی بەرخی سەربڕاو لە ژێر پێدا تێدەپەڕی و لە دەرگای ماڵە تازەكەی دەچێتە ژوورەوە.

بەڵام لە كرداغ كەوچكێكی گەورەی لە دار دروست كراو دەشكێنن و پارچە پارچەی دەكەن دەیخەنە بەرپێی بووك پێش ئەوەی بچێتە نێو ماڵە تازەكەیەوە. لەو باوەڕەدان ئەمە كامەرانییان بۆ دێنی (١٠٩).

دوو كۆپلە لە بیركراون لەودیوی لاپەرەكە نووسراون بەڵام لە تۆبزاوەی نزیكی كۆیەدا، هانن بینیویەتی، هەروەك تۆمابوا دەڵێ، لەوكاتەی كە بووك دەیەوی تێ بپەڕێنێ، پەلەوەرێك لەسەربان دەفڕێ (كەڵەباب) و لەوكاتەشدا زاوا لەسەر كۆسپەیەكی بەرزەو بە هەردوو دەستی گۆچانێكی

هەڵگرتووە ولەسەری بووکەکەی دەدات، ئەمەشیان لای کوردەکانی ئەرمینیای سۆڤیەتی بەرچاودەکەویٚ (٦٠).

باسیل نیکیتین باس لەوە دەکات، دوای ئەوەی بوك دەچێتە ناو ماڵی مێردی، لە شوێنێك دادەنیشیٚ کە پێشتر لە قوڵنجکێکی ماڵەکە بۆی ئامادەکراوە. و بە قۆماشێکی سور داپۆشراوەو نزیکانی خۆی و مێردەکەی لە دەوریدا کۆدەبنەوە ئەو بەو شیندەیە دەمێنێتەوە بە درێژایی ۆرژانی ئاهەنگەکە کەدوو یاسیٚ رۆژ دەخایەنێت. لەم ماوەیەیشدا بۆ هیچ کەسێك نییە، جگە لە نزیکانی مێردی ببینن، تەنانەت باوکی مێردیشی بەرلەوەی دیارییەکی پێشکەش بکات ناتوانیٚ ببینیٚ.

تۆما بواش دیسان باسی ئەو ساتەی کردووە کە بووك دەگاتە ماڵی زاوا و دەڵێت : لەپاش ئەوەی هەمووان پشوویەك دەدەن و بووك لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا جێگیردەبی و پەیکەر ئاسا بیدەنگ دادەنیشی و بە تارای بووکێنی دادەپۆشری و دەڕوانێتە ئەوانەی دەوروپشتی کە سەرگەرمی گۆرانی و هەڵپەڕکێن، ئەو دیمەنە بەردەوام دەبی تا بووك و زاوا ماندوو دەبن ئەنجا ئاهەنگەکە کۆتایی پێدێت و بووك و زاوا بە تەنیا دەمێننەوە و دەچنە نێو ژووری تایبەتی خۆیانەوە و لەبەر دەرگای دەرەوەش لاوێك وەك پاسەوانی شەرەف دەوەستی، کاتێکیش بووك و زاوا لە کاری خۆیان لیدەبنەوە، نەریت وایە خۆی یان پاسەوانەکەی فیشەکی بتەقێنی وەك نیشانەیەك بۆ ئەوەی هەموو شتی بە دروستی تەواو بوو، ئیدی هەموو بڵاوەی لێدەکەن و هەریەکە دەچێتەوە بۆ ماڵی خۆی.

شایانی باسیشە پارچەیەکی چوار گۆشەی سپی وەك چەرچەفێکی بچووك دەخرێتە سەر فەرشی نوستنی بووك و زاوا کە پێی دەڵێت: (پەردەی رووسپێتی) و پاشان دەبێتە بەڵگەی بن نەکەوتن (عازەبێتی) ی بووك (٦٠-١).

هانسن بەوردی داب و نەرێتی هاوسەرێتیی لەو ناوچەنەدا تۆمارکردووە کە سەردانی کردوون بە تایبەت لە نێوان سلێمانی و تۆبزاوەدا لە کوردستانی باشوور و لای هەندی خێزانی کورد ماوەتەوەتە.

هانسن باسی تفاقی بووکی کردووە، چۆن خێزانەکەی بۆی ئامادەدەکەن کە بەزۆری بریتییە لە پێداویستییەکانی ناو ماڵ و جل و بەرگ و خشڵ، هەمووشیان لەو پارەیە دەکڕێن کە باوکی کچەکە وەك شیربایی وەری گرتووە، باسی سەندووقی بووکێنی دەکات کە لە کوردەواریدا باوە،



ستاندی هەیە و پێشەکەشی شووشە بەندە و وێنەی رەنگاوڕەنگی لەسەر دروست کراوە، هانسن دەربارەیان دەڵێت : باوەڕناکەم کەسی (بیکاسۆ)ش بتوانی لەوانە جوانتر وێنە بکێشی.

جل و بەرگی بووکەو هەندی شیرینی دەخرێنەناو ئەو سەندووقەوەو پێش زەماوەند بەرۆژێك لەگەڵ پیرەژنێکدا دەینێرن بۆ ماڵی زاوا.

هانسن ئەوەی بینیوە بووکە (١٦) دەستە جلی لە پارەی شیربابییەکەی کڕیوە و جل و بەرگیش بە پێی مۆدە دروست ناکرێن، بەڵکو بە پێی نەریت.

بەلاّم بووکە بەدەگمەن نیشانەی شادی لێنشتووە، ئەنجا هانسن لەوەش ئاگاداری کردووینەتەوە کە پێویستی نەکردووە شادی ببەخشی، چونکە زیاتر بیری لە پاشەڕۆژی خۆی و ژیانی خێزانێتی کردۆتەوە کە تازە رووی لێکردووە، هەروەها سەرنجی ئەوەشی داوە کە ئارەزووی خواردنی کەم بووەو لەگەڵ کەسیشدا قسەی نەکردووە.

هانسن بینیوەیەتی دوو ژن هەردوو دەستی بووکەیان گرتووە و یارمەتییان داوە لە دەرگای ماڵ بچێتەژوورەوە.

هەستی خۆیشی لەو ساتەدا دەربڕیوە کە بە هەمان شێوەی بووکەکە ئەمیش شەرم گرتوویەتی بە تایبەت کاتێك بیستوویەتی هاواریان کردووە (ئەوە بووکەکە گەیشت، دەڵێت : باشم دێتەیاد چۆن بووك لە ئەوروپا هەنگاو بە هەنگاو بەرەو کەنیسە دەڕوات. ئەو دووژنەی ئاماژەمان بۆ کردن یەکێکیان سبەینی دەگەڕێتەوە ئەوی دیکەش حەفتەیەك دەمێنێتەوە، ئەوەی یەکەمیان کە سبەی دەگەڕێتەوە دەستە سڕێکی سپی لەگەڵ خۆی دەباتەوە کە هەندی دڵۆپی خوێنی لەسەر وشك بۆتەوە نیشانەی کچێنی بووکەیە، ئەگینا باوکی یان برای یان یەکێك لە خزمانی چاوەڕوانین بە خەنجەر بیکوژن، ئەو چەقۆ نووك خوارەی هەریەکێك لەو میللەتە دانەیەکی لی هەیە و لە ناوقەدی شاردوویەتییەوە.

پیرەژنی هاوڕێی بووکەش دەبی لەبەر دەرگای ژووری بووك و زاوادا بنوی، لێرەشدا جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ دارەکەی دەستی زاواش بکەین کە بۆ لێدانی سەری بووکەکەی بەکاری دەهێنا و ئێشی پێدەگەیاند(٣٢).

هانسن ئەوەشی لەیاد نەکردووە بۆمان باسبکات کە بووك لەگەڵ خۆیدا دیاری بۆ کەس و کاری زاوا دێنی، بەزۆریش جل و بەرگ دەبی.

ئاهەنگ و هەڵپەڕکێی رەش بەڵەکی کوردی کە بە بۆنەی ژن خواستنەوە ساز دەکرێت واتە زەماوەند بووەتە جێی سەرنج و دڵگیری مستەر ریچ (١٨٢٠) ئەوەی ئەو بینیوویەتی

مەسەلەیەکی نوی بووە چونکە وەك خۆی دەڵێت پێش ئەوە نەیبینیوە ژنانی ڕۆژهەڵاٚت سەرپۆش فڕێدەن و بەو ئازادییەوە لەگەڵ پیاواندا پێکەوە هەڵپەڕن.

ڕیچ وێنەی هەڵپەڕکێیەکی ژنانی شاری سلێمانیی بۆ کێشاوین و دەڵێت : ریزی ژنان هێدی هێدی کەوتە جووڵەو لە دەوروبەری گۆڕەپانەکە شەپۆلیان بەست، سەرگەرمی هەڵپەڕکی بوون جارێك هەنگاوێك بەرەوپێش و جارێك بەرەو دوا هەنگاویان دەنا قەدو باڵاٚو سەرو سنگیان زۆر بە شێنەیی و هاوسەنگ و زەریف دەلەراندەوە.

ئاوازی هەڵپەڕکێکەشیان خۆش و ناسك بوو، ئەو خانمانە لە کاتی هەڵپەڕکێدا زۆر ئاسایی بوون هیچ جووڵەیەکی نامۆیان لێنەوەشایەوە، بەراستی ئەو دیمەنەم لەلا جوانبوو دڵم پێی کرایەوە، ئەوەبوو پاش نزیکەی نیوسەعات مۆسیقاکە نەماو ژنەکانیش گەڕانەوە ماڵی خۆیان (٢٠٢).

لەبەر ئەوەش هێشتا لە بابەتی ژن خواستنداین پێویستە ئاماژە بۆ ژن خواستنی زۆرەملێش بکەین، کە ریچ دەربارەی دواوە، ئەوەش هەرچەندە گوزارشت لە حاڵەتێکی باو ناکات و لە سنووری زوڵم و زۆری پیاوانی دەرەبەگ و ئوروستوقراتیدا روو دەدات، چونکە دەشی میرێکی بە هێزی سەرەڕۆی کورد ئەگەر حەز لە کچێك بکات باوك و دایکی ناچار بکات بیدەنی، چونکە هەستی ئایینی رێی نادات لە رێگای دییەوە ئارەزووی لەگەڵیا دامرکێنی، بەلاٚم دوایش ئەگەر لێی وەڕس بوو تەلاٚقی دەدات و ریچ گوتەنی یەکی لە خزمەتکارە گوندنشینە بەستەزمانەکان دەیخوازن. ئەم ستەمکارییەش کە لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا رەوانییەو بە تاوان دەدرێتە قەڵەم نموونەی زۆر کەمە ریچ لەم بارەیەوە دەڵێت: عوسمان بەگی برای میری بابان تاکە میر بووە لە نێو بنەماڵەی بابانەکاندا تاوانێکی لەم چەشنەی کردووە.(٢٠٤).

ڕیچ ئەوەی بە تاوان داوەتە قەڵەم، ئێمەش لەو باوەڕەداین حوکمەکەی لە جێی خۆیدا بووە، بەلاٚم دەبی ئەوەش لە یاد نەکەین لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەلاٚتی دراوسێی کوردستان تاوانی گەلێك لەوە گەورەتر رووی داوە، وێڕای ئەوەش ئەو جۆرە ژن هێنانە لەنێو هۆزە عەرەبەکانیشدا باوە، واتە کوردستان تاکە یەك وڵاٚت نییە ژن خواستنی زۆرەملێی تیا روودابێت، کە لە راستیدا هەرگیز لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگای کوردەواریدا ناگونجی و لەوە زیاتر نییە کە وەك دیاردەیەکی ناشیرین لە ئەنجامی زوڵم و زۆری دەرەبەگدا لێرەو لەوی رووی دابی.

ئێمە ئەوە بەشیاو دەزانین بۆ گەیشتن بە زانیاری تەواو لەسەر داب و نەریتی دیاریکردن و ژن خواستن لە کوردەواریدا دوو ناوچەی بەرین دەس نیشان بکەین دیدو بۆچوونی ڕۆژهەلاٚت



ناسەکانیشیان دەربارە بخەینە روو. یەکەمیان کوردستانی ڕۆژئاوا لە میانەی یادداشتەکانی مێجەر نۆئێلەوە کە ساڵی **١٩١٩** سەردانی کوردستانی کردووە، دووەمیشیان کوردستانی باشووری ڕۆژهەلاٚت لە میانەی سەرنجەکانی (پارث) ەوە کەوا ساڵی **١٩٥٥** ئەو ناوچانە گەڕاوە.

نۆئێل دەڵێت: زاوا یان ئەو کوڕەی دەیەوی ژن بێنی ئازادە لە هەڵبژاردنی ئەو کچەی بەدڵێتی، ئەگەریش لایەکیان مەسەلەکە پەسەند بکات ئەوە ری و رەسمی داهاتوو بابەتی راپەڕاندن دەبی. ئەوە دوو ژن لە خێزانی زاوا سەردانی ماڵی کچەکە دەکەن، بۆ هەڵسەنگاندنی کچەکەیان ئایا شایانی ئەوەیە ببی بە ژنی کوڕەکەیان؟ رەنگە ئەو سەردانە ماوەی ٢٤-٤٨ سەعات بخایەنی، ئێمە لەو باوەڕەداین ئەو حاڵەتەی نۆئیل باسیدەکات رەنگە لە نێوان دوو گونددا بێت هەرچۆنێکیش بێت ئەو سەردانە ئەنجام دەدرێت.

ئەگەریش کچەکەیان پەسەند کرد ئەوە بە شێوەی رەسمی ئاگادار دەکرێتەوەو بیرۆکەی خوازبێنی کچەکەی ئەوان بۆ کوڕەکەی خۆیان دەخەنەروو، وەلاٚمیش بە هەردوو حاڵەتی ئەری و نەری چەند رۆژێکی پێدەچی، چونکە ماڵی کچەکەش لە مەسەلەکە دەکۆڵنەوە و پرس بە گەورەی خێزان یان بنەماڵە دەکرێت بۆ تاووتوێکردنی مەسەلەکە ئەگەر هەموو لایەك رازی بوون ئەوە کچەکە ئاگادار دەکرێتەوە، بێگومان کچە بەرهەڵستی ئەو کۆبوونەوەیە نییە و بە زۆریش رازی دەبی.

دوو پیاو لە خێزانی زاوا سەردانی ماڵی بووك دەکەن بۆ وەرگرتنی رەزامەندی سەرزارەکی، خێزانی بووکیش بڕی ئەو شیربایی و مارەییە دیاری دەکەن کە دەکەوێتە سەر زاوا بۆ نموونە : جزدانێك پێنج لیرەی زێڕی تیابی.

پاشان بڕی مارەیی بڕیار دەدرێت هەندی جار لە هیچەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە ١٠٠٠٠ لیرەی زێڕ (پاوەندی تورکی) زاواش نابی پێی رازی نەبی یان نکۆڵی لێبکات، چونکە ئەوە شوورەییەکی گەورەیە و لێخۆشبوونی بۆ نییە.

ئێمە لەو باوەڕەداین دیدو بۆچوونەکانی نۆئیل جۆرە زۆربێژییەکی لەخۆگرتووە، چونکە هەندی جار هەوڵی کەمکردنەوەی بڕە پارەی مارەیی سەر دەگری، جاری واش هەیە کەس و کاری بووك دەڵێن لەبەر خاتری فلاٚن ئەوەندەی لی دائەشکێنین، ئەو کەسەش دوور نییە خاڵی بووك بێت، یان کەسێکی ناسراو، دووریش نییە نۆئیل باسی خێزانێکی ئوروستوقراتی بکات، کە زاوا لەگەڵ کۆمەڵێك سواردا و بە ئاهەنگی تەپڵ و زوڕناو تەقەی تفەنگ لە شێوەی لەشکرەکەیدا شیربایییەکە دەگەیەنێتە ماڵی باوکی بووك. خێزانی بووکیش بەو بۆنەیەوە خوانێك رێکدەخەن

پیاوانی ئاسایی هۆز بەبێ ئەوەی بانگیش بکرێن ئامادەی دەبن، بەڵام گەورە پیاوانی هۆز ئامادەی نابن هەروەها زاواش ئامادە نابێ. ئەنجا خێزانی زاوا پارەیەکی زۆر دەنێرن بۆ ماڵی باوکی بووك بۆ دابینکردنی خەرجی ئەو بۆنەیە.

پاش نزیکەی دوو مانگیش دوای ئەوە ئاهەنگێکی دی بەناوی ری کردنەوە ساز دەکرێت، ئەمجارە زاوا لەگەڵ هەندی خزم و دۆست و برادەریا بە دیاری قورسەوە لە جل و بەرگ و خشل..... هتد دەچێت بۆ ماڵی باوکی بووك پاش ئەم ئاهەنگەش زاوا بۆی هەیە سەردانی ماڵی باوکی بووك بکات، بەڵام نابێ بچێتە ژووری ژنانەوە.

لە پاش چەند مانگێکی دوای ئەو ری کردنەوەیە ئاهەنگ لە ماڵی زاوادا ساز دەکرێت و خوانێك ڕێکدەخرێت، دوور نییە ماوەی ئەو ئاهەنگە لە ڕۆژێکەوە تا دە ڕۆژ بخایەنێ کە ئەویش باری دارایی ماڵی زاوا سنووری بۆ دادەنێ. لە میانەی ئەم ڕۆژانەدا ماڵی باوکی بووك خەمبار دەبێ، ئیدی باوکی زاوا یان برای دەکەونە تەك لەشکری بووك گواستنەوە کە بە مۆسیقاو هەڵپەڕکێ دەکەوێتەرێ.

ڕێ و ڕەسمی ڕاستەقینەش بە پێی شەریعەتی محەممەدی لە ماڵی زاوادا ئەنجام دەدرێت.

کاتێکیش پیاو بۆ جاری دووەم ژن بێنی یان بێوەژن شووبکات، بۆیان نییە ئامادەی ئاهەنگی زەماوەند بن.

بێوەژن بۆ ماوەی ساڵێك خەمبارو ڕەشپۆش دەبێ و خزم و دەستە خوشکەکانی سەردانی دەکەن. لە ڕاستیشدا ڕەش پۆشین بە پێی یاسای ئیسلام بەربەستە بەڵام بێوەژنان لەو ماوەیەدا هەر ڕەشپۆشن (٥٢).

لە ڕاستیشدا لە بەرکردنی جلی ڕەش لە کوردستاندا نیشانەی خەمباری نییە، بەڵکو ڕەنگی شین هێمایە بۆ خەمباری، ئەمە لە لایەك لە لایەکی دیکەشەوە بە تایبەت لە نێو گوندو هۆزەکاندا ڕەنگی جل و بەرگ پێوەندی بە ری وڕەسمی مردنەوە نییە نە لای پیاو نە لای ژنان.

پارث (١٩٥٣) باسی ئەوە دەکات کە خێزان بە گشتی لەسەر بناغەی پێوەندی هاوسەرێتی بەندە کە تەوەری بنەڕەتییە بۆ ڕێکخستنی خێزان.

ڕێگای زارەکی لە هەڵبژاردنی ژندا لە کوردستان بە پێی دیدی پارث زۆر ئاسانە، چونکە کاتێك پیاو کچێك دەسنیشان بکات نوێنەرێکی باوەڕپێکراو باشتریش وایە خزم و بەتەمەنیش بێت بنێرێت بۆ لای باوکی کچەکە بۆ ئەوەی بابەتی خوازبێنیەکەی بخاتەروو. جۆرە کارێکی دبلۆماسیش لە هەردوو لاوە پێویستە بۆ دیاریکردنی بڕی شیربایی کە پارث بە — نرخی بووك —



ناوی دەبات ئەم زاراوەیەش لە لایەن زۆربەی ڕۆژهەلاتناسەکانەوە ئەوانەی سەردانی کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەلاتیان کردووە بەکار هاتووە.

وێڕای ئەوەش وشەی (Dower) کە وشەیێکی ئنگلیزییە بە واتای شیربایی دێت، بەڵام ئەوان وشەی (Brideprice) یان بەکارهێناوە.

نوێنەر ڕۆڵێکی گرنگ لە بڕینەوەی بابەتی ژن هێناندا دەگێڕێ. هەندی جاریش زاوا زیاد لە نوێنەرێك دەنێری بە تایبەت ئەگەر ئەو نوێنەرە باوکی کچە باش نەناسی ئەوە ناسیاوێکی ئەو لەگەڵ خۆی دەبات.

لە ڕاستیشدا بێجگە لەوەی پارث باسیکردووە، ئەوەش باوە چەند ئەو دوو خێزانە لەیەکەوە دووربن پێویست دەکات ژمارەی نوێنەرەکان زیاتربێت، بۆیە دوور نییە وەفدێك کە لە چەند ئەندامێك پێك دێن بچێتە خوازبێنی کچێك، بەزۆریش ئەو ئەندامانە بە تەمەن دەبن، چونکە ناسیاویان لەو شارە یان گوندەدا زیاتر دەبێ ئەو کاتەش کارتێکەرییان پتر دەبێ.

پارث دەڵێت: لە ڕووی تیورییەوە دەتوانرێ کچێك بۆ کوڕێك پێشنیاز بکرێت، بەڵام ئەگەر بێینە سەر ڕاستی دەبینین ئامۆزا لە بەرترە، تەنانەت پسمام مافی هەیە ڕێگا نەدا کچی مامی بەشوو بدری ئەگەر خۆی ئارەزووی خواستنی هەبێ.

ئەم ڕازی نەبوونەش نرخی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە، بۆیە باوکی کچ داوای لێبوردن لە خوازبێنیکەر دەکات، دووریش نییە ئەگەر زیاتر سەری بخەیتە سەر بە ئاشکرا پێت بڵێ : (داوای لێبوردن دەکەم چونکە برازاکەم دەمکوژی).

ئەو سوودەی لەم جۆرە ژنهێنانە دێتە دی پێوەندی بە چەند هۆیەکەوە هەیە لەوانەش باوکی کچ لەوەوپێش لە کەم و کورتی برازاکەی ئاگادارە، بۆیە خۆی ناخاتە مەترسییەوە کچەکەی نادات بە یەکێك بە تەواوەتی نەیناسی و دوور نییە لەگەڵیا نەگونجی.

مەبەستیش وەك پارپ بۆی چووە ئەوەیە مام دەتوانی کەم و کورتییەکان لەگەڵ برازاکەیدا چارەسەر بکات وێڕای ئەوەش لەبەر ئەوەی لە بناغەدا مامێتی دەسەڵاتی بەسەردا دەشکی و ئەویش ناچارە ڕێزی لێبگری. بەڵام برازا بۆیشی هەیە شیربایی نەدات.

## ژن بە ژن

مەبەست لە ژن بە ژن ئەوەیە دوو خێزان ڕێك بکەون کچیان بدەن بە یەکتر تا هەریەکەیان لەگەڵ کوڕی ماڵەکەی دیدا خێزان پێکەوە بنێن.

ئەم جۆرە ژن خواستنە لەگەلێك ناوچەی جیهاندا باوە، تەنانەت (ڕۆبێرت لوی) ئاماژەی بەوە داوە لە نێو هۆزەکانی ئوستورالیاشدا بلاوە (١٧).

ئەگەر پیاوێك خاوەنی کچێك یان خوشکێك بوو، ویستی ژن بێنی و نەیتوانی شیربابییەکەی دابین بکات یان ئەگەری دەستڕۆیشتوو بوو بوو بەلام نەیەوی پارە بدات ئەوە لەگەلّ پیاوێکی دیکەی خاوەن کچ یان خوشك ڕێکدەکەوی، ئیدی هەریەکەیان کچەکەی یان خوشکەکەی دەدات بەوی دی بۆ ئەوەی خێزان پێکەوە بنی، بەرانبەر بەمەش پارەیەکی کەم بۆ مەسەلەی ژن خواستنەکەیان خەرج دەکەن تا مۆرکێکی شەرعی وەربگری.

هەروەها ئەم جۆرە ژن خواستنە لەنێو جیهانی ئیسلامیدا بلاو بووەتەوە بە تایبەت لەنێو کۆمەلگای بەدوو یان لادێی عەرەبدا وەك چۆن ئەلموحاسبی پەنجەی بۆ راکێشاوە (١٧٣).

شایانی باسە لەنێو عیراقییەکاندا (طصة بطصة) ی پێدەگوترێت وشەی (طصة) بەواتای ناوچاو دێت.

پارث لە نووسینەکانیا ئاماژەی بۆ ئەم ژن خواستنە کردووە کە بە کوردی (ژن بە ژن) ی پێدەلێن واتە ژنێك بەرانبەر ژنێك یان ژن خواستنی ئالوگۆڕ، بە کورتیش پێی دەلێت : خوشك گۆڕینەوە لە نێوان دوو پیاودا خەرجی ژن خواستنەکەو زەماوەندو تفاقی بووکێنی هەموو پێکەوە گری دەدری.

ئەم جۆرە ژن خواستنە بە پێی بۆچوونی پارث لە رووی داراییەوە مەسەلەیەکی سوودمەندە، واشدیارە پێوەندی بەو جۆرە ژن خواستنەوەوە هەیە کە ماف بە ئامۆزا دەدات کچی مامی خۆی بخوازی، لەنێو ئەو گوندانەشدا کە دوورن لە کارتێکەری هۆزگەریی زۆر بلاوەو پێرەو دەکرێت، ئەگەریش پێوەندی خزمایەتی لەنێوان ئەو دوو پیاوەدا نەبووبی ئەوە لە ڕێگای ئەم جۆرە ژن خواستنەیەوە پێوەندی نێوانیان پتەو دەبی، هەروەها زاواش وەك هەردوو ژن دەبن بە دلسۆزی یەك. بەلام هەر کێشەو گرفتێك لە یەکێك لەو دوو مالەدا روو بدات ئەوە لە مالەکەی دیدا رەنگ دەداتەوە.

ئەگەریش ژن خواستن لە دەرەوەی سنووری خزمان بێت و ژن بە ژنیش نەبێت ئەوە شیربابییەکەی یان وەك پارث و رۆژهەلاتناسەکانی دی بە (نرخی بووك)یان ناو بردووە زۆرتر دەبی دەگاتە ٣٠-١٠٠ پاوەندی ئیستەرلینی (پارث ئەمەی لە سەرەتای پەنجاکاندا بینیوە) لە راستیشدا ئەم شیربابییە کە وەك بڕە پارەیەك دەدرێت لە واقیعدا بەرانبەر نرخی ئابووری ئەو



کچە شووکەرەیە کەسیش بەرهەلستی ناکات، هەر ئەم نرخە بەرزەش هۆکارە بۆ ئەوەی ئامۆزا خواستن یان ژن بە ژن رەواجیان زیاتر بێت.

لە لایەکی دیکەشەوە باوکی کچ ئەگەر کچەکەی بدات بە برازای خۆی زۆری پێگرانە واز لە شیربابییەکەی بێنی، چونکە ئەو لە خێزانێکی سەربەخۆدا دەژی نەك لەگەلّ براکەی یان برازاکەی.

ڕەگی ئەم بنەواشەیە رەنگە بۆ سیستمی باوکایەتی بگەڕێتەوە کە دان نانێت بە ئالوگۆڕکردنی ملکایەتی لەنێوان برایاندا. ئەوەی پارث ئەیەوی لێرەدا دووپاتی بکاتەوە ئەوەیە کچ بەیەکی لە ملکدارێتییەکانی خێزان دادەنرێت کە بۆ باپیرو باوك و مامی دەگەڕێتەوە، هەمووانیش هەتا سیستمی باوکایەتی لە گۆڕی بێت خاوەنی هیچ نین، کچی مامیش تەنها پاژێکە لەو سیستمە و بۆ خێزان دەگەڕێتەوە نەك بۆ باوك و مام.لەبەر ئەمە باوك و مام هیچیان نییە تایبەت بە خۆیان بی و بتوانن سەودای پێبکەن ئیدی چۆن کچ بە پارەو مالّ دەگۆڕنەوە؟

بە بۆچوونی ئێمە ئەمە روونکردنەوەی پارثە بۆ ئەو بابەتە. ئێمەش لەو باوەڕەداین دروست بۆی چووە، شیکردنەوەکەشی بۆ ئەو حالەتە کۆمەلایەتییە کە گەلێك لایەنی باشی لە خۆگرتووە دەبی لەسەر رەگێگ بەند بووبی (٢٧-٨).

ئەم جۆرە هاوسەرێتییەش مەترسی لێدەکری و رەنگە نالێنی زۆری لە دوابێت. چونکە دەشی یەکی لەو دوو کچە یان هەردووکیان ئارەزوومەندی ئەو شووکردنە نەبن، وێڕای ئەوەش ملکەچی یاسای سەوداکردنی وەکو یەکن، بۆیە ئەگەر یەکەمیان لەگەلّ ژنەکەیدا نەگونجاو تەلاقی دا، ئەوە پیاوی دووەمیش ناچار دەبی ژنەکەی تەلاق بدات، کە کچ یان خوشکی پیاوی یەکەمە، تەنانەت ئەگەریش ئەو ژن و پیاوە هەردووك شادو کامەران بن و لە تەباییدا بژین، یان ژنەکە بیەوی لەگەلّ مێردەکەیدا ژیان بەسەر بەری. لەبەر ئەمە ئەگەر هەر یەکێکیان لەگەلّ ژنەکەیدا ناخۆشی هەبوو، ژنەکەشی مالەکەی خۆی بەجی بهێلّی و بگەڕێتەوە بۆ مالّی باوکی یان برای، دەبی ئەوی دیکەش بەهەمان شێوە بگەڕێتەوە بۆ مالّی باوکی یان برای و واز لە مالّ و مێردەکەی خۆی بێنی. ئەگەریش یەکێکیان یاخی بوو بە هۆی تەلاق دانی ئەوی ترەوە ژنەکەی خۆی تەلاق نەدا ئەوە دەبی ژنێکی دی بۆ ئەوی دی بێنی واتا خەرجی ژن خواستنی دووەم جاری لە ئەستۆ بگری.

ئەم شێوە ژن خواستنە لەبەردەم پیاوێکی ئایینیدا ئەنجام دەدرێت واتە ئەو مارەیان دەبڕی، لەوەش ئاگادارە کە ژن بە ژنە، مارەی کوڕو کچی یەکەم دەبڕی و پاش نەختێك بێدەنگی و پشوودان مارەی کوڕو کچی دووەمیش دەبڕی.

هەر کچێکیشیان مارەیی تایبەتە بە خۆیەوە (زۆر کەمە) چونکە لێرەدا مارەیی هەر بۆ ناوە، گرنگ ئەوەیە هەر خێزانێك کچەکەی خۆی بنێری بۆ ماڵەکەی دی، بەمەش کچەکە خۆی دەبی بە شیربایی راستەقینە یان ئەو کالاٌیەی ملکەچی گۆڕینەوەیە.

ئەم شێوە ژن خواستنەش هۆکاری خۆی هەیە کە لەم دووخاڵەدا بەرجەستە دەبن: یەکەمیان : پەیوەستە بە باری ئابوورییەوە، واتە دەست نەڕۆیین و زۆر بوونی شیربایی دووەمیشیان رەنگە بۆ خولّقاندنی باری تەبایی بێت لەنێوان دوو خێزان یان دوو هۆزی جیاوازدا، کە زۆر جار دەبێتە مایەی ئاشتبوونەوەو مۆرکێکی خزماتی بەو دوو لایەنە دەبەخشی، بەلاٌم بە بۆچوونی ئێمە وەك پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردنی بارمتەیە.

شتێکی جوانیشە بە ژن بە ژن کۆتایی بە کێشەی نێوان دوو هۆز یان دوو خێزان بهێنرێت، بەلاٌم نەك لە رێگای گۆڕینەوەی کوڕو کچەوە چونکە دەشی ژن خواستن لەنێوان دوو کۆمەڵ یان دوو هۆزی ناحەزی یەکتر ئەنجام بدرێت و ببن بە زاوای یەکتر و خزمایەتیان لە نێواندا دروست بی، بەلاٌم نەك لەسەر بناغەی گۆڕینەوەی هەستی ژن و مێرد، چونکە ئەوە دەستدرێژییە بۆ سەر ئەو خێزانە و پیشێل کردنی ئازادی ئەو دوو کەسەیە کە دەبی بە ئارەزووی خۆیان یەکتر هەڵبژێرن نەك بەپێی بەرژەوەندی هۆز یان بنەماڵە لادێییەکەیان.

وەك چۆن لە بوارێکی دیدا باسمان کرد، بێگومان کچەش بۆی نییە لە مەسەلەیەکی ئاوەها گرنگدا خۆی تێبگەیەنی کە پێوەندی بە ستراتیژییەتی هۆزەوە هەیە.

لە راستیدا ژن بە ژن لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا روو لە نەمانە و بەرە بەرە خەریکە بن بڕ دەبی.

پاشان پارث دێتە سەر باسی بابەتی فرەژنی کە لە شەریعەتی ئیسلامدا رێگای پێدراوە و دەڵێت : ئەم نەریتە لە نێو گوندنشینە کوردەکاندا زۆر نییە، بەلاٌم لای پیاوی دەسترۆ پەسەندە، چونکە ژنان بە سەر چاوەیەکی باشی بەرهەم هێنانی دەزانن (٢٩).

لەو باوەڕەداین پارث دەیەوی ئەوە بڵێت : پیاو چەند ژنی زۆر بێت ئەوە دەتوانی وەك کرێکار لەگەڵ خۆیدا لە کێڵگەو بەخێو کردنی ئاژەڵدا بەکاریان بێنی. هەروەها کوڕو کچی زۆریشی بۆ دێنن لە ئەنجامیشدا ئەو ژمارە زۆرییە لە قەبارەی خێزاندا لەگەڵ بەرپابوونی



شێوازی بەرهەم هێناندا چ لە بواری کشتوکاڵ و چ لە بواری پەروەردەکردنی ئاژەڵدا بەرهەمی زیاد وەدەس دێنن، وێڕای ئەوەش پشت و پەنای تاك لە کۆمەڵدا بە زۆری کوڕەکانییەوە بەهێز دەبی.

ئەگینا بێجگە لەم شیکردنەوەیەی پارث کە لایەنی بەرهەم هێنان دەگرێتەوە هیچی دی لە گۆڕی نییە مەگەر شیکردنەوەی سێکسی و ئارەزووی پیاو بۆ هەمەرەنگی سێکسی لەگەڵ زیادتر لە ژنێکدا کە مافێکی رەوایە لە ئایینی ئیسلامدا.

ئێمەش هێند مەیلمان بۆ شیکردنەوەکەی پارث نییە بە گوێرەی ئەوەی باوەڕمان بەوەیە پیاوی کورد کاتێك بیر لە ژنی دی دەکاتەوە کە دەست رۆ بێت و بتوانی خەرجی هەڵگری، لە هەمان کاتیشدا باوەڕی وایە ناوبانگ و پایەی کۆمەلاٌیەتی و پیاوەتی پی زیاد دەکات سەرباری ئەوەش هۆکاری دەروونی سێکسی لە گۆڕێیە، چونکە پیاو وا هەڵکەوتووە زیاتر مەیلی بۆ هەمەجۆری سێکس هەیە نەك تەنها بەرقەراری سێکسی کە لە نێو ژنانی کۆمەڵگای کوردەواری و سەرجەم کۆمەڵگاکانی دیدا باوە، ئەمەش پتر لە لێکۆڵینەوەیەکی کۆن و نوێی زانستی دەروونناسی کۆمەلاٌیەتی دووپاتیان کردۆتەوە، تەنانەت وەك بابەتێکی سەرەتایی لێهاتووە.

دەبی ئەوەش لە یاد نەکەین سەرئەنجامی گشت لێکۆڵینەوەکان رەهانین، بەڵکو لە سنووری رێژەیی جیا جیادان.

ئەدمۆندز (١٩١٩) لە میانەی تێبینییە مەیدانییەکانییەوە ئەوەی باسکردووە کە رۆڵەی خێزانە دەوڵەمەندەکان لە کوردستاندا مەیلی ئەوە دەکەن پێش وەخت ژنی یەکەم بێنن، پیاوانی بەتەمنیش حەز دەکەن ژنی زۆر لە خۆیان منداڵتر بخوازن.

ئەو ژنەی کە بێوەژن کەوتبی کوڕ یان برای دەست رۆی نەبی ئەوە بە باشتر دەزانی لە ماڵی مێردەکەی و لە پاڵ شووبرادا بژیی، دەشێت شوی پێبکات ئەگەر ژنەکەی خوشکی یان خزمی زۆر نزیکی نەبی و هێشتا لە ژیاندا بێت (٢٩).

## ژن هەڵگرتن

ئەم جۆرە ژنهێنانە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا رەگی زۆر کۆنە، چونکە لەو کاتەوە سەری هەڵداوە کە مرۆڤ بیری لەبەرقەراری خێزانی کردۆتەوە و وازی لە ژیانی بەرەڵلایی سێکسی هێناوە، بێگومان وازهێنانەکەش رەها نەبووە، بەڵکو لە سنووری شیاودا بە ئارەزووی خۆی

کردووە وەك ئەوەی پیاوێك کۆمەڵێك ژنی بۆ خۆی دیاریکردووە یان وەك ئەوەی پیاوانی بنەماڵە مێردی هەموو ژنانی بنەماڵە یان خێزان بوونە، یان ژن شووی بە چەند پیاوێك کردووە، یان برایان لە ژنێکدا هاوبەش بوونە، یان پیاوێك مێردی گشت خوشکانی ژنەکەی بووە.

یان پیاو مافی ئەوەی هەبووە زیاد لە ژنێك بێنێ، بە گشتیش دەتوانین بڵێین ژن لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا و بە درێژایی مێژوو وەك کالآیەکی ئەوتۆ سەودای لەگەڵ کراوە بشی بدزری یان بڕفێنری.

لە کاتی جەنگیشدا ژنان بەشێك بوونە لە دەستکەوتی جەنگ.

ئەمە لە لایەك لە لایەکی دیکەشەوە، دەشی پیاو، ژن بە ڕەزامەندی خۆی هەڵگری، ئەمەش بووە بە شێوازێکی ژن خواستن، چونکە کچ لەگەڵ خۆشەویستی خۆیدا ڕەو دەکات و پاشان هەوڵ دەدەن باوکی کچەو کەس و کار و بنەماڵەکەی ئەگەر لە بنەماڵەیەکی دی بێت ڕازی بکەن.

لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریشدا ئەم دیاردەیە هەبووە، تەنانەت لە گەلێك گۆرانی فۆلکلۆریدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەگەریش باوەڕ بەوە بێنین مێژوو خۆی دەگەڕێنێتەوە بە تایبەت لە هەندی بابەت دا نەك گشتی دەبینین ئەم شێوازی ژن خواستنە سەرەتاییە کە لە نێو کۆمەڵگا پێشینەکاندا باو بووە خەریکە سەر لەنوی لە نێو کۆمەڵگا هەرە شارستانێتیەکاندا سەر هەڵدەداتەوە، بەلآم نەك بە شێوەی ڕفاندن بەڵکو بە شێوازێکی ئازاد لە کۆت و مەرجی خێزان، چونکە کچان ئێستا پتر لە جاران دەتوانن بڕیاری چارەنووسی خۆیان بدەن، ئازادیشیان زیاترە بۆ هەڵبژاردنی ئەوەی ئەیانەوی، بە بی ئەوەی خێزان ناچاریان بکات. ناشمانەوی لە سنووری ئەم کتێبە بچینە دەرەوە، بەلآم بە شیاوی دەزانین ئەوە بدرکێنین کە لە هەردوو شێوازە سەرەتایی و شارستانێتییەکەدا جۆرە نەنگییەك هەیە، بۆ وێنە لە ڕووی پەروەردەیی — دەروونییەوە دەبینین هۆشیاری خێزانی وەك هۆکارێکی گرنگ ماوەتەوە و ڕۆڵ دەبینی لە بڕیاردانی چارەنووسدا لێرەشدا پی لەسەر زاراوەی وشیاری خێزانی دادەگرین نەك زاراوەی بەرژەوەندی خێزانی.

ئەگەریش بگەڕێینەوە بۆ بابەتی ژن هەڵگرتن بە تایبەت لە کوردستاندا دەبینین پتر لە ڕەوەندو ڕۆژ هەلآتناسێك لەوانەی سەردانی کوردستانیان کردووە باسی ئەم جۆرە ژن خواستنەیان کردووە. ئەدمۆندز (لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا) باسی هەندی لەو هۆزانەی کردووە کە ئەم دیاردەیان زۆر تیادا ڕوو دەدات و دەڵێت: گەلێك لە کچە ڕفێنراوەکان بیریان لە



شووکردن نەدەکردەوە ئەگەر ئەم نەریتە نەبوایە، ئەگەریش ئەم دیاردەیە ئاسایی بێت ئەوە هەرگیز لە سنووری ڕووخساردا نییە و بابەتەکەشی گرنگە لە قۆناغی یەکەمیشیدا پڕ مەترسی دەبی، چونکە لەم وڵآتەدا بە گشتی باوك و برا شەو نانون ئەگەر تفەنگیان لە تەنیشت نەبێت.

ژن هەڵگرتنیش بە دەستدرێژی بۆ سەر ئامۆزای کچ دادەنرێت، چونکە بە بەشی خۆی دەزانی، لە هەمان کاتیشدا بی ئومید بوونی باوکیشێتی لەوەرگرتنی شیربایییەکی باش، بەم شێوەیە ژیانی مرۆڤ بە هەرزان بەها سەودای لەگەڵدا دەکرێت ئەگەریش هەردوو ڕاکردوو لە قۆناغی یەکەمدا ڕزگاریان بوو، ئەوە پەنا دەبەنە بەر ئاغای زاوا یان گەورەپیاوێکی بی لایەن یان پیری تەریقەت بۆ ئەوەی بە پێی شەریعەتی ئیسلام مارەیان ببڕێت، ئاغای لایەنە پێوەندیدارەکانیش بە هاوکاری گەورە پیاوی نێوبژیکەر ئەگەر پێویست بکات دەست دەکەن بە وتوێژ بۆ یەکالا کردنەوەی مەسەلەکە. بێگومان هەریەکەشیان کری وەردەگرن، کاتێکیش ئەو ڕوخساروکاریانە بە پێی داب و نەریت کۆتاییان پێبێت هیچ بەر بەستێك لە بەردەم بووك و زاوا نامێنی بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان بە دڵنیاییەوە بژین (٢٠٥-٦).

هەندی لەو هۆیانەی پاڵ بە کچەوە دەنێن بۆ ئەوەی ڕەوبکات بۆ ئەوەیە خۆی لەوپلانە ڕزگاربکات کە باوکی بۆی ڕێکخستووە تا بیدا بە کەسێك ئەو خۆشی ناوی یان بە تەمەن گەلێك لەو گەورەترە.

ویگرام (سەرەتای سەدەی بیستەم) باسی ئەو دوو کەسە دەکات کە لە ئامێدی خۆیان فڕی داوتە ژێر پێی ئەسپەکەیەوە و وتوویانە لاناچن تا پەیمانیان نەداتی ئاواتیان بەجی بێنی. ئەنجا چیرۆکەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە دەڵێت : جەودەت ئامینەی کچی دەدات بە تۆفیقی دراوسێی لە جیاتی ئەو قەرزەی لەسەری بووە. کچەش یاخی دەبی و هەڵدی و پەنا دەباتە بەر پیرەمێردێکی ناوداری ئامێدی کە ناوی عەبدولعەزیز دەبی، ئەو مامەیە گشت لایەك ڕێزی لێدەنێن و لە گەورە پیاوانی ئەو شارۆچکەیە دەبێت گفتی دەداتی چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە. عەبدولعەزیز دوور دەڕوانی بیر لەوە دەکاتەوە هاوپەیمانییەك لەگەڵ خێزانی کچەکەدا ببەستی و دەست و برد لە یەکی لە برازاکانی مارەی دەبڕی و بە کەس و کاریشی ڕادەگەیەنی گوایە بی سەرو شوێنە و جێگای نازانی، بەلآم ئامینە لە پاش ئەوەی ئەبیستی دەزگیرانی بەجی ماوی (تۆفیق) پتر لە بیست لیرەی بۆ خەرج کردووە بۆ ئەوەی ئەوی دەستی کەوی، دەست و برد نامەیەکی بۆ دەنێری و دەڵێت : ئەگەر بەراستی خۆشی دەوی بکەوێتە فریایی و لە ئەنجامی کردەوەکەی ڕزگاری بکات، ئیدی هەریەکە لە جەودەت و تۆفیق دەکەونە سەرپێی ویگرام — قونسولی بەریتانیا —

بۆ ئەوەی چارەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە، چونکە بێجگە لەو کەس شك نابەن ئەوەی لە تواناداا بێت. بەشکو لەرێی خوا هەولێکیان بۆ بدات (٢٩٩) بەلاّم ویگرام باسی چۆنێتی کۆتایی هاتنی چیرۆکەکەی بۆ نەگێڕاوینەتەوە.

## ماره برین له مندالّیه‌وه

لە راستیشدا ئەم بابەتە (Child Marriage) لەو بابەتانەیە کە بوونەتە جێی بایەخی زانایانی کۆمەڵناسی ئەنثرولۆلۆژی، ئەم جۆرە ژن هێنانە لە ئاین و کیشوەرە جۆربەجۆرەکاندا هەبووە، تەنانەت لە ئیسلامیشدا لە میانەی راسپێراوی منداڵەکەوە مارەی دەبڕێت.

کۆمەڵگای کوردەواری کە ئاری رەگەزی هیندۆ ئەورووپییەو بەگشتیش ئایینی ئیسلام پێڕەو دەکات، بەربەستێك لە بەردەم کچ بە منداڵی بەشوودان یان گەورەو بچووکی نابینی. تەنانەت هەندی نەتەوە و ئایینی ئاری بایەخیان پێداوە و پاساویان بۆ هێناوەتەوە.

دیوارنت لە چیرۆکی ژیاریدا بەوەی باسکردووە کە سیستمێکی کۆمەلاّیەتی کۆنی هیندییە، ئەوەندەش دێرینە بە پیرۆز دەدرێتە قەڵەم، رەگیشی بۆ ئارەزووی خەڵك دەگەڕێتەوە بۆ بەربەست کردنی ژن خواستن لە نێو چینەکاندا لە پێناو تەنها دابین کردنی ئارەزووی سێکسی تیژ تێپەڕ (١٧٤).

بەلاّم لە ئیسلامیشدا کەسیی راسپێراو (ولی) یان ئەوەی لە دوای دێت بە پێی شەریعەت مافی ئەوەی هەیە کچ و کوڕی منداڵ یان بچووك لەگەڵ گەورە مارە ببڕێت.*

ڕاسپێراویش (الولایە) وەك (ئەالمەراغی) پێناسەی کردووە، ئەو کەسەیە گفتی خۆی بەسەر ئەو کەسەدا پێی راسپێرراوە جێبەجی بکات ئیدی ئەگەر رازی بێت یان نا گرنگ نییە. گشتی و تایبەتیشە گشتی دەسەلاّتی خەلیفەی موسوڵمانانە بەسەر خەڵکی ژێر دەسەلاّتیداو تایبەتیش

لەسەر نەفس و ماڵ دەبی ئیدی ئەگەر بچووك بی یان گەورە، عاقڵ بی یان شێت... هتد (٢٠٢).

* بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : الزواج والطلاق فی جمیع الادیان، شیخ عبد الله المراغی، المجلس الاعلی للشؤون الاسلامیە.



نووسەری ئەم کتێبە لەو باوەڕەدایە ئەم جۆرە ژن خواستنە روو لە نەمانە، تەنانەت لە لادێی ناوچەکانی باکووری کوردستاندا خەریکە بنبڕ دەبی، بەلاّم کامەران موکری باسی نموونەیەکی ئەم ژن خواستنەی لە لادێی شاری سلێمانیدا بۆ کردووین، کە بریتییە لە چیرۆکێکی پڕ ئەشکەنجەو بە چاوی خۆی بینیوویەتی و لە پێش چاوی پیاوی ئایین و کوێخای دێدا لە سەربانی ماڵێك رووی داوە، کامەران خۆی لە کۆڕەکەدا ئامادە بووە کە بۆ مەبەستی ئاشت بوونەوە لە نێوان دوو لایەندا بەستراوە لەبەر ئەوەش لێرەدا دەیخەینە روو، چونکە دوو جۆری ژن خواستنی لە خۆ گرتووە، یەکەمیان ژن بە ژن و دووەمیشیان گەورەو بچووکی، بەلاّم کامەران موکری بەرواری رووداوەکەی بۆ دیاری نەکردووین.

دوو برا کە هەر یەکەیان دوو کوڕو دوو کچیان دەبی و هەرچواریشیان منداڵ دەبن بڕیار دەدەن لە رێگای ژن بە ژنەوە مارەیان لە یەکتر ببڕن، مەلاش ئەوە دەکات و مورکی شەرعییەتیان پێدەبەخشی، پاشان یەکی لەو دوو برایە دەمری و ئەمی تریان ئەوە پێشنیار دەکات کچی براکەی کە لە کوڕەکەی مارە بڕاوە بگوێزێتەوە، بەلاّم بێوەژنی براکەی کە دایکی کچەکەیە داوای کردووە بەرانبەر بەوە ئەویش کچەکەی ئەو بۆ کوڕەکەی ئەم بگوێزێتەوە، بەلاّم باوکی کچەکە بەو داواکارییە رازی نەبووە چونکە تەمەنی کوڕەکەی ئەو نۆ ساڵان بووە و کچەکەی ئەمیش سیازدە ساڵان بووە، بەلاّم بێوەژن سوور بووە لەسەر گواستنەوەی کچەکەی ئەو بەرانبەر گواستنەوەی کچەکەی خۆی.

پیاوەکە وەك کامەران یادی دەکاتەوە نەفرەتی لەو ساتە کردووە کە تیایدا ئەو جۆرە ژن خواستنەی پەسەند کردووە، پەژارەی ئەوە دایگرتووە چۆن کچەکەی بۆ مێردێك بگوێزێتەوە هێشتا بۆنی شیر لە دەمی دی؟ هەر نەبی با چەند ساڵێکی دی چاوەڕوان بێت هەتا توانای بەسەر ژن هێناندا بشکێتەوە، کاتێکیش داوای کوڕەکە دەکات لێی بپرسی دایکی رێگای پێنادات و دەڵێت : پێویست ناکات من بڕیار دەدەم، بەلاّم ئامادەبووان داوا دەکەن کوڕەکە ببینن، کاتێك ئامادە دەبێت دەبینن تەمەنی ٨-٩ ساڵانە و پێخاوسیشە، مەلای مزگەوت لێی دەپرسی ئایا ئەیەوی کچەکەی مامی بخوازی ؟ (مەبەستی مەلا گواستنەوەیەتی چونکە لەوەوپێش مارەی بڕاوە) کوڕەکە لە وەلاّمدا وەك چۆن دایکی فێری کردووە دەڵێت : بەڵی بۆ پیاونیم.

ئەنجا دایکی دێتە گۆو دەڵێت : ئەم کچە ژنی کوڕەکەی منە و سبەینی بۆ ماڵی خۆمانی دەگوێزمەوە، دیارە وەك کامەران باسی کردووە مەسەلەکە پێوەندی بە باری ئابووری

بێوەژنەکەوە بووە، چونکە کە کچەکەی خۆی بگوازنەوە شوێنی بەتاڵ دەبی ئیشکەرێکی لە دەست دەچی بۆیە ویستوویەتی بە دەزگیرانی کوڕەکەی کە چوار ساڵ لە کوڕەکەی گەورەتر بووە شوێنی ئەوی بۆ پڕ بکاتەوە. لە ئەنجامدا ئامادەبووانی کۆڕەکە کە لەسەربانی خانووەکە کۆ بوو بوونەوە بڕیاردەدەن هەتا کوڕەکە گەورە دەبی کچەکە رۆژ لە ماڵی مامی لای دەزگیرانەکەی و شەویش لە ماڵی باوکی بە سەرببات.

وەك چۆن کامەران لە کۆتایی ئەم چیرۆکە واقیعیەدا پەنجەی بۆ راکێشاوە، ژن کرێکارێکی بەرهەم هێنەرە، ئەمەش لەگەڵ بۆچوونەکەی پارت دا کە لەم بەشەی کتێبەکەدا ئاماژەمان بۆ کرد کۆکە کەوا دەڵێت : دووەمین جاری ژن خواستن بەرهەم دارییە و ئامانجێکی ئابووری لە پشتەوەیە (باسیل نیکینتین)یش وەك چۆن لە پێشا ئاماژەمان بۆ کرد باسی ئەمجۆرە ژن خواستنەی کردووە و ئاماژەی بۆ مارەبڕینی منداڵێکی قومات کراو کردووە.

## خێزان

ئینسکلۆ پیدیای جیهانیی زانستی کۆمەڵناسی ( International Encyclopedia of the social science) لە باسی وشەی (Family – العائلة) خێزاندا دەڵێت: لە رووی نەژادەوە وشەیەکی لاتینییە بە گشتی بەواتای کۆمەڵی ماڵ دێت (Domestic group)، بەلام لە گوزارشتی سۆسیۆلۆژیدا واتە زانستی کۆمەڵناسی دەبی هەردوو زاراوەکە لەیەك جیا بکەینەوە چونکە (کۆمەڵی ماڵ) دەشی لە کۆمەڵە کەسێك دامەزری کە پێوەندی خزمایەتی بە یەکیانەوە نەبەستێتەوە (٣٠٢).

لەبەر ئەمە دەبینین چەمکی خێزان چ لە ئینسکلۆ پیدیای ناوبراودا و چ لە کتێبەکانی کۆمەڵناسیدا دەبی مەرجی رەهەندی بایۆلۆژی و سۆزی سێکسی لە پیاو و ژن تیا بی و لە ئەنجامی ئەمەشەوە پێوەندی خزمایەتییان لە نێواندا دروست بی و منداڵیشیان ببی.

ئینسکلۆ پیدیاکەش لەو چەمکەدا پی لەسەر بابەتی منداڵ هەڵگرتنیش (التبنی) داناگری، چونکە ئەو پێوەندییەی بەرە بەرە لە نێوان ئەو منداڵەو بەناو دایك و باوکەکەیدا دروست دەبی لە پێوەندی خوێن کەمتر نییە لە نێوان منداڵ و باوك و دایکی راستەقینەیدا. هەندی نەریتی کۆمەڵایەتیش لە بواری ژن هێناندا هەیە نامۆ دێنە بەرچاو،ژ چونکە خێزان تیایدا لەسەر سیستمی ژن هێنان بەندە، بۆیە ئەمرۆ برێك لەو نەریتانە مەگەر لە نێو هەندی هۆزی دوور لە شارستانییەت مابن ئەگینا خەریکە نامێنن.



## خێزانی ناووکیی Nuclear family

زاراوەی خێزانی ناووکیی یان خێزانی سەرەتایی یان ساکار یان بناغەیی بۆ گوزارشت کردن لە کۆمەڵە مرۆڤێك بەکاردێت کە لە پیاو و ژن و ئەوەی دەیانبی لە منداڵ پێك بێت.

موورداك دەڵێت: ئەم جۆرە خێزانە بۆ ئەوەی دامەزری و بەردەوام بی دەبی سەربە خۆ بێت و کۆمەڵێك ئەرکی دیاریکراوو زیندووی وەك منداڵ بوون و پەروەردەکردن لە ئەستۆ بگری(٣٠٤).

## خێزانی لێکدراو Compound family

واتە ئەو کۆمەڵەیەی لە کۆی چەند یەکەیك لە خێزانی ناووکیی دروست دەبی وەك فرەژنی (Polygyons household) – تعدد الزوجات – کە بریتییە لە یەك پیاوو ژنەکانی و منداڵی منداڵەکانیان کە هەموویان خێزانێکی لێکدراو دروست دەکەن، هەروەها دەشێت خێزانی لێکدراو لە هاوسەرێتی جاری دووەم پێك بێت ئیدی چ بە هۆی تەلاق دانەوە بێت یان بێوەژن کەوتن لەگەڵ منداڵەکانیان لە هاوسەرێتی پێشوویان چ هی هەردووکیان یان یەکێکیان بێت.

خێزانی لێکدراویش پێویستی بە کۆمەڵی دیکە یان دراوسی نییە، چونکە دەتوانی لەیەك خانوودا بژی بەبی ئەوەی پێویستی بە خێزانی تری دەوروپشتی هەبی کە پێوەندییان لەگەڵ ببەستن.

## خێزانی بەیەکەوە بەستراو Joint family

ئەم زاراوەیە بۆ ئەو خێزانە بەکار دێت کە لە یەك هێڵی خزمایەتی لە هەمان رەگەز لەگەڵ ژن و منداڵەکانیانا پێك دێت (Offspring) و لە یەك خانوودا دەژین هەر هەموویان ملکەچی دەسەلاتی گەورەی ماڵن، نموونەی ئەمەش ئەو خێزانەیە کە لە بناغەدا لە ژن و مێردێك پێك هاتوون و منداڵەکانیان گەورە بوونە و ژنیان هێناوە و منداڵیشیان بووە واتا هەموو پێکەوە دەژین باپیرو داپیر و رۆڵە و نەوەکانیان، رەنگە منداڵی نەوەکانیشیان لەگەڵ بی، ئەوانیش بەهەڵەدا چوون کە باوەڕیان وایە ئەم جۆرە خێزانە کۆی سەرئەنجامی کۆمەڵێك خێزانی ناووکین.

چونکه خێزانی بەیەکەوە بەستراو بەگشتی رادەپەڕن و دەکۆشن بۆیە بە کۆمەڵێك چالاکی فراوان هەڵدەستن فراوانتر لەوەی خێزانی ناووکی بە ئەنجامی دەگەیەنی، چونکه خێزانی بەیەکەوە بەستراو پتر لە ئەندامی تەمەن بچووکتر و خاوەن ژن دروست دەبی ئەمەش لە خێزانە سەربەخۆکان جیای دەکاتەوە.

دەشێت خێزانی بەیەکەوە بەستراو خێزانی ناووکی لە خۆی بگری ئەگەر ژن و پیاوێك بیانەوی جیا ببنەوە و بودجەیەکی تایبەت بۆ خۆیان دابین بکەن و بتوانن خواردن بۆ خۆیان بەجیا لەوانی دی ئامادەبکەن.

بەگشتی دەتوانین بارێکی نیمچە جیا بوونەوەی نێوان نێرو می لەم جۆرە خێزانەدا سەرنج بدەین، دەبینین پیاوان باندێك و ژنان باندێکی دی دروست دەکەن و هەر کۆمەڵەیەکیان بەجیا خەریکی گفت و گۆو قسەو باس دەبن.

منداڵانیش بە زۆری گشت ژنانی ئەو ماڵە بە دایکی خۆیان دەزانن، بەهەر حاڵێش ئەم جۆرە خێزانە ناشی بەردەوام بی، چونکه لە پاش چەند ساڵێك هەستی جیا بوونەوەیان تیا دروست دەبی و ئارەزووی سەربەخۆیی دەکەن ئیدی چ لەبەر هۆی باشترکردنی باری ژیانیان بی یان ناخۆشی نێوانیان جیادەبنەوە.

## خێزانە فراوانەکان Extended Family

خێزانی فراوان ئەو خێزانەیە کە لە خێزانی بەیەکەوە بەستراوەوە کەوتۆتەوە، کۆمەڵەکانی ئەم جۆرە خێزانە لەیەك خانوودا ناژین، بەڵام نزیك و دراوسێی یەکن، لە چالاکی گشتیشدا هاوبەشن (٣٠٤).

لە راستیشدا هیچ جۆرە خێزانێك نییە ئەگەر هۆکاری سۆز یەکی لە گۆشە گرنگەکانی پێك نەهێنی، بەڵام لەسەر ئاستی یەك کۆمەڵگاش رادەی سۆز جیاوازە بە تایبەت سۆزی باوکایەتی و دایکایەتی، ئەگەریش لەسەر ئاستی یەك کۆمەڵگا مەسەلەکە بەو شێوەیە بێت دەبی لە نێو ئەو کۆمەڵگایانەدا چۆن بی کە لە رەگەزەوە جیاوازن.

لە نزیکەی گشت شارستانێتییەکاندا نەریتی سۆزو گوزارشت لێکردنی لە بناغەدا لە میانەی کۆمەڵی ئەو سۆز و خۆشەویستییەوە دەردەکەوێت کە لە نێوان دایك و منداڵە شیرەخۆرەکەیدایە. چونکە بایەخ دەدات بە پێداویستییە سروشتییەکانی، دایکیش بە رێگای



هەمەجۆر هەستی خۆی دەردەبڕی و منداڵیش بە شێوازی کارو کاردانەوە دەچێتە دەنگییەوە ئەم جۆرە بزاوەش دەبێتە هۆکاری هاندان بۆ ئامادە بوونی منداڵ تا رۆژانە گەشە بکات و بەرە بەرە لە سایەی سۆزی باوك و ئەندامانی دیکەی خێزانی زیاتر بگەشێتەوە و بەرەو گەیشتن بە پێك هاتنی کۆمەڵێك سۆزی گەرم و گوڕ لە نێوان خێزانەکەیدا، ئەو کۆمەڵە سۆزو خۆشەویستییەش رەنگە لە نێوان کوڕی خێزانەکەو سەرجەم ئەندامەکانی دیکەی ئەو خێزانەدا سازو هاوتا نەبی، بەڵام نابی پشتگوێش بخرێت.

لە میانەی ئەم پێشەکییەشەوە ئەوەمان مەبەست بوو مەسەلەی سۆز روون بکەینەوە چۆن لە نێو یەك خێزاندا گەشە دەکات و چۆن لە نێو تاکەیەك خێزانیشدا ساز نابێت ئەوەش لەسەر ئاستی خێزان دووپات دەبێتەوە بە هەمان شێوە لەسەر ئاستی خێزان و کۆمەڵگاش دەسنیشان دەکرێت.

ئەوەی سەرنجی ریچی لەسەردانەکەی کوردستانیدا ساڵی ١٨٢٠ راکێشاوە لەسەر ئاستی جیاوازی سۆزی باوکیەتی لە نێوان دوو بەرپرسی گەورەدا (سەرۆکی تەشریفاتی) تورکی لە بەغداو مەحموود پاشای میری بابان دەربارەی کوڕە مردووەکانیان جێی بایەخ و شیکردنەوەیە.

سەرەتا دەبی ئەوە بڵێم خوێنەر مافی خۆیەتی ئەگەر یادداشتنامەکانی ریچ بخوێنێتەوە و ئەو پرسیارە بخاتەروو ئایا مەحموود پاشا نموونەیەکە بۆ گشت نەتەوەی کورد ؟

هەروەها ئایا دیوان ئەفەندی (سەرۆکی تەشریفات) نموونەیە بۆ گشت نەتەوەی تورك؟ بێگومان وەڵام نەخێر دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرنجەکانی ریچ شایانی بایەخ پێدانن.

لەم جۆرە مەسەلانەدا کە مۆرکی ئەنثروپۆلۆژی و مۆرکی دەروونی کۆمەڵایەتییان پێوەیە واتە لە لایەکەوە رەهەندی مرۆڤایەتی گشتییان هەیە و لە لایەکی دیکەشەوە رەهەندی دەروونییان هەیە، بە تایبەتمەندێتییەکی کۆمەڵایەتییەوە دەڵێین ناشی متمانە بکەینە سەر سەرنجی تاکەکەسی، چونکە لە نێو گەلی کورددا پێشەواو پیاوی ئەوتۆ هەبووە تووشی بارودۆخی سەخت بوونە و بە دەستی خۆیان گۆڕیان بۆ کوڕەکانیان هەڵکەندووە و ناشتوویانن و سورەتی فاتیحایان بۆ جگەر گۆشەکانیان خوێندووەتەوە پاشانیش گەڕاونەتەوە سەر ئیش و کاری خۆیان، ئایا ئەم نموونەیە ئەو وێنەیە لە مێشکی خوێنەردا دەسڕێتەوە کە ریچ لە یادداشتەکانیا پەنجەی بۆ راکێشاوە ؟

لە راستیشدا مەحەك یان پێوەر لەم جۆرە حوکمانەدا راستگۆ نابێت ئەگەر شێوازی لێکۆڵینەوەی زانستی پێڕەو نەکات، یەکەم شێوازی لێکۆڵینەوەی زانستی سەرنجی راستەوخۆ و دووبارە کردنەوەیەتی، چونکە تاکەیەك سەرنج ناکری متمانەی پێ بکرێ بۆ حوکمدان، بەڵکو دەبی کۆمەڵێك سەرنج جێی متمانە بن حوکمیش پلەی یەکجارەکی وەرناگری ئەگەر یەکی لەم دوو رێبازە

پێڕەو نەکات " یەکەمیان ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی ناوخۆیی چ کاری بەراوردکردن لە نێوان دوو کۆمەڵە سەرنج یان لێکۆڵینەوە لە نێوان نەتەوەیەك و یەکێکی دیدا یان رەگەزێك و یەکێکی دیدا.

لەگەڵ باسەکەی سەرەوەشدا دەڵێن : رەنگە رێککەوت یان ئازایەتی ریچ خۆی کە دیسان سوودی لەو شارەزاییە بینیوە لە گەشتەکانی رۆژهەلاتیدا کۆی کردۆتەوە خزمەتی کردووە بۆ ئەوەی ئەو حوکمە بدات، لێکۆڵینەوە زانستییەکانیش دووپاتیان کردۆتەوە رادەی سۆز لەسەر ئاستی کۆمەڵگاکان جیاوازە.

لە راستیشدا رادەی سۆزی خێزان بۆ رۆڵەکانی وەك یەك نییە لەم بارەیەشەوە پێویستە ئاماژە بۆ لێکۆڵینەوەکەی مینتیرن و جۆن هیجکۆك بکەین کە تیایدا رێژەی سۆزیان لە نێو شەش خێزاندا لە کۆمەڵگای کۆمەلایەتی خاوەن مەیلی شارستانێتی لە نیمچە کیشوەری هیندیدا دووپات کردۆتەوە.

ئەم لێکۆڵینەوە بەراوردکارییە لایەنی چەندی و چۆنی گشت پرۆسەو شێوەکانی شێواز و وشەو جەفەنگی (وەك ماچ کردن) ی لە قۆناغی جیا جیای تەمەنی منداڵێتی لەبەر چاو گرتووە. ئەمەو مینتیرن و هیجکۆك لە ئەنجامدا گەیشتوونەتە دیاریکردنی جیاوازی راستەقینە لەسەر ئاست و هۆکارەکانی سۆز کە کارتێکەرییان لە گەشەسەندنی منداڵدا هەیە (٨-٣١٦).

لە راستیشدا خۆمان لە بەردەم پتر لە رایەکدا دەبینینەوە لە مەسەلەی شوێنی منداڵ لە نێو خێزاندا لەسەر ئاستی کۆمەڵگا جیهانییەکان، بۆیە ئەگەر لە گۆشەیەکەوە بڕوانینە دابەشکردنی کۆمەڵگاکان بە شارستانی و ناشارستانی گەلێك نموونەمان بەرچاو دەکەوێت لەسەر پتەوی پێوەندی نێوان منداڵ و خێزانەکەی لە کۆمەڵگا ناشارستانییەکاندا و لاوازی ئەو پێوەندییە لە نێوان منداڵ و خێزانەکەیدا لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا بە هۆی سەرقاڵی باوك و دایکەوە لە بواری کاروباری دەرەوە داو بۆ ماوەی چەندین سەعات، کەچی منداڵ لە ماڵدا پابەندی دایکی دەبی و تەنانەت گەلێکیان وێڕای ئەوەی تەمەنیان گونجاوە بچنە قوتابخانە، بەلاّم لەبەر نەبوونی قوتابخانە لە ماڵەوە دەمێننەوە.

لەبەر دەم ئەم واقیعەشدا واقیعێکی دی دێتە گۆڕی دەبینین هەندی کۆمەڵگا وێڕای شارستانێتیان نەریتی کۆمەلایەتییان لە ئاستی منداڵدا نەگۆڕاوە، بۆ ئەمەش دەتوانین کۆمەڵگای ژاپۆنی بە نموونە بێنینەوە، کۆمەڵێك لێکۆڵینەوە لەسەر ئاستی کۆمەڵگا شارستانی و لە نێو شارو خێزانی شارستانێتیدا لە ژاپۆن لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا ئەنجامدراون دووپاتیان کردۆتەوە سۆزی دایکایەتی لە نێو کۆمەڵگای ژاپۆنیدا زۆر توندە.



لە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتدا فوکل لەسەر سۆز لە نێو منداڵاندا روون ئەکاتەوە کە دایکی ژاپۆنی وێڕای ئەو پێشکەوتنەی لە تۆکیۆ بەرپایە بە جۆرێکی سەرنجراکێش دەربەستە بە منداڵەکەیەوە، ئەو پابەندبوونەش تەنها بریتی نییە لە سۆز بەڵکو نەریتی کۆمەلایەتی ئەوەی بەسەرا دەسەپێنی.

دایك منداڵ بە کۆڵ هەڵدەگری وەك چۆن لە کوردستان لە نێو خێڵە گەڕۆکەکاندا باوەو بە کوردی پێی دەگوتری (پارزینك) تەنانەت لە ژاپۆن دایك منداڵی خۆی لەسەر پشتی هەڵدەگری و ئیش و کاری نێو ماڵ بەڕێوەدەبات و راستەوخۆ سەودا لەگەڵ گشت شێوەکانی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو دەکات، هەروەها منداڵیش تا ئەو کاتەی دەگاتە تەمەنی قوتابخانە لەگەڵ دایکیدا دەنوی بۆ ئەوەی لە مەترسی دەرەوەی ماڵ کە پێشبینی دەکات بیپارێزی (١٦٠-١٦١).

ئەگەریش چاو بگێڕینەوە بە رادەی ئەو سوودەی منداڵ لە نێو کۆمەڵگای پێشکەوتوو و ناپێشکەوتوودا وەدەستی دێنی دەبینین منداڵ لە کۆمەڵگای پێشکەوتوودا، لە گشت قۆناغەکانی گەشەسەندندا پتر لە کۆمەڵگای پاشکەوتووی دەس دەکەوی زەق ترین نیشانەش کە لەسەر ئاستی جیهان روونە ئەوەیە رێژەی مردن لە نێو منداڵانی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا کەمترە لەوانی دی، چونکە لەو کۆمەڵگایەنەدا خزمەتگوزرای پزیشکی و داوو دەرمان و چاودێری تەندروستی بەرپایە بۆیە منداڵی شار باری تەندروستی لە منداڵی شوێنە دواکەوتووەکاندا باشترە، بەلاّم ئەو زیانە کۆمەلایەتییەی لێی کەوتۆتەوە لە لاوازی پێوەندی نێوان تاك و کۆمەڵەکەیدا دەردەکەوی، کەچی ئەویش رەها نییە و رێژەییە لە نێوان مرۆڤ و خێزانەکەیدا کاتێك متمانە بکاتە سەرخۆی.

بەرانبەر بەمەش مرۆڤ لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا زیاتر پابەندی خێزانی ماڵی باوکی دەبی، بە تایبەت براو خوشکەکانی. لەبەر ئەمە لە نێو کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا لێکترازانی کۆمەلایەتی زیاترە، بەلاّم وەك دیارە ئەم یاسا کۆمەلایەتییە کەس داینەناوە، بەڵکو خۆی خۆی دروست کردووە کەسیش ناتوانی پشتگوێی بخات، بەلاّم دەتوانری لە رێگای بەرنامەی خوێندن و فەلسەفەی پەروەردەییەوە رادەی کارتێکەریی کەم بکرێتەوە.

خوێنەر چ لەم بەشەی کتێبەکەدا یان لە بەشەکانی دیدا ئەوەی بەرچاو دەکەوی کە بایەخ بە منداڵی کورد دراوە، منداڵێتی سەرنجی ریچ و هانسن و شمیدت و باسیل نیکیتین و ئەوانی دی راکێشاوە، تەنانەت دەتوانری لە میانەی نووسینەکانیانەوە چوارچێوەی سیماکانی منداڵی کورد پێشبینی بکری. مەبەستیشمان هەردوو بواری لەش و دەروونە پێکەوە.

ریچ ئەوەی تۆمارکردووە کە کۆمەڵگای کوردەواری نیشانەی بەرقەراری خێزانی پێوەیە، ئەمەش لە کۆمەڵگاکانی دیکەی دەوروپشتی جیا دەکاتەوە، بۆ نموونە ئەو دیاردەیە لە تورکیا نەماوە (٢٠٣).

لە شوێنێکی دیکەی یادداشتەکانیا ئەوە دووپات دەکاتەوە کە کوردان هەموو هۆگری ژن و منداڵەکانیانن و بایەخیان پێدەدەن، بەڵام تورکان گوێیان پێنادەن (٢٦٥). لێرەشدا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو دوو نموونەیەی ریچ باسیکردوون.

وا دیارە میستەر ریچ ئەو دوو حاڵەتەی کە یەکێکیان تورک بووە و ئەوی دی کورد بەپێچەوانەی یەك هەڵسەنگاندووە، دەربارەی یەکەمیان دەڵێت پێش چەند رۆژێك دیوان ئەفەندی (سەرۆکی تەشریفات لە ولایەتی بەغدا) کە وا دیاربوو تورك بوو لە میانەی وتووێژێکی نێوانمانەوە بەوپەڕی هێمنییەوە پێیوتم : منداڵە خوێن شیرینەکەی کە ١٢ مانگان بووە ئەمرۆ بەیانی بە دەستی خۆی ناشتوویەتی و ئەنجا چووە بۆ ئەنجوومەن.

ئەوەی وت بەبێ ئەوەی کارتێکەرییەکی ئەوتۆی لەسەر دەرکەوێ. کەچی میستەر ریچ بە شێوەیەکی سەرنجراکێش باسی ئەو ئێش و ئازارەی کردووە کە پاشای سلێمانی بە بۆنەی مردنی کوڕەکەیەوە بەهۆی نەخۆشی ئاوڵەوە تووشی بووە.

هەروەها بینیویەتی لە داخی کوڕەکەیدا چۆن لەسەردەم کەوتووە.

ریچ ئەوەشی باسکردووە کە پاشا زۆر خێزانەکەی خۆی خۆش ویستووە و دەڵێت : ئەو رۆژە چووم سەرەخۆشی لە پاشا بکەم، ئەوەش ئەرکێکی پێویست بوو، بەڵام زۆر گران بوو ئەوەم بە باشی بۆ روون بووەوە کە خەریك بوو دڵی شەقی دەبرد، وێڕای ئەوەی هەوڵی دەدا ئەو هەستەی بشارێتەوە و پیاوەتی خۆی دەرخات، بەڵام بە روونی هەستی پێدەکرا، بۆیە زۆرم لا گران بوو، بەشداری خەمی نەبم، تەنانەت وام هەست کرد کوڕی خۆمم لە دەست داوە. هەرگیز لە هیچ شوێنێك مرۆڤی وەك پاشام نەبینیبوو هێند هەستی گڕی گرتبێ، ئەو ژن و منداڵەکانی زۆر خۆش دەویست، لەوەدا هیچ کەسێکی ئەوروپایی پێنەدەگەیشت، خەم و پەژارە بە جارێك دایگرتبوو، کاتێکیش خواحافیزیم لێکرد دڵم کوڵی دەهێنا (٢١٦).

بێگومان ئەم دوو هەڵوێستە جیاوازە کە لە میانەی دووکەسی کورد و تورکەوە سەرنجی راکێشاوە کاریگەری لەسەر دەروونی ریچ هەبووە.



ئێمەش لەگەڵ ریچداین کە ئەوە نیشانەی بەرقەرای خێزانی و سۆزی گەرم و گوڕی کەسایەتی کوردە، بەڵام دیسان ئەوەش لە یاد نەکەین کە ئەمەش گشت کوردان ناگرێتەوە و لە نێو کوردیشدا دڵڕەقی وەك دیوان ئەفەندی هەیە، هەروەها تورکەکانیش هەموویان وەك ئەو نین.

ئەوەی ریچ دەربارەی پێوەندی توندوتۆڵی نێوان ئەندامانی خێزانی کورد باسیکردووە، دەتوانین لە نێو نووسینەکانی مینۆرسکیشدا سەرنجی بدەین، کە دەڵێت: کوردەکان هەستێکی زۆر بەهێزیان دەربارەی خێزان و هۆز هەیە، بەهێز ترە لە هەستی خۆپەرستی یان ئەو برایەتییەی لەسەر بناغەی ئایین یان هەستی نەتەوەیی بەرین دامەزراوە (٦٣).

لە راستیشدا دەتوانین سەرنجەکانی مینۆرسکی (١٩١٥) سەبارەت بە خێزانی کورد لە دوو گۆشەوە سەرنج بدەین یەکەمیان ئەوەیە دەشی یەکێك بی لە تایبەتمەندێتییەکانی کۆمەڵگای کوردی ئەویش یەکگرتنی ئەندامانی خێزانە کەوا سەرنجی مینۆرسکی راکێشاوە، دووەمیشیان مەسەلەی هەستی کوردە دەربارەی خێزان یان هۆز کە بەهێزترە لە هەستیان دەربارەی مرۆڤایەتی یان ئەو برایەتییەی لەسەر ئایین یان نەتەوەی بەرین دامەزراوە. باوەڕیشمان وایە ئەم مەسەلەیەش دەشی وەك دیاردەیەك تایبەت نەبی بە تەنها گەلی کوردەوە، بەڵکو دیاردەیەکی گشتییە بۆچ هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی هەتا ئێستا خێزان یەکەی یەکەمیانە. هەروەها ئەو کۆمەڵگایانەش هەتا ئێستا لە رەگی هۆزگەری رزگاریان نەبووە.

واتە نیمچە شارستانین، پێویستیشە ئاماژە بۆ سەرنجەکانی شمیدت بکەین کەوا لەچاو ئەوانی دی درەنگ سەردانی کوردستانی کردووە (لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا) کە کۆك لەگەڵ سەرنجەکانی ریچ و مینۆرسکیدا کۆکە و دەڵێت: کوردەکان رۆڵەی خۆیان بەڕادەی شێت بوون خۆش دەوی، بەڵام بەنەرم و نیانی پەروەردەیان ناکەن، لە نێو ئەو خێزانەشدا کە لەگەڵیان ژیاوە هەرگیز گیروگرفتی هەڵس و کەوتی نەبینیوە (٢٣٤).

شتێکی سروشتیە خێزان بەبێ جووت بوونی نێوان پیاو و ژن پێك نایەت، ژن خواستنیش پەیوەندییەکی ئایینییە پیاوی ئاین پیرۆزی دەکات، لێرەشەوە دەتوانین بڵێین دەس پێکیی خێزان لە کوردستاندا دەسپێکێکی ئایینییەو کۆمەڵگای کوردیش وەك گشت ئەو کۆمەڵگایانەیە کە ژن خواستنیان تەنها لە رێگای ئایینەوە تیا دێتە دی. لەو باوەڕەشداین تۆما بوا لەم بۆچوونەوە وتوویەتی خێزانی کورد روخسارێکی ئایینی هەیە پێش روخساری کۆمەڵایەتی و ئابووری. (١٥١).

بەڵی وادیارە گشت کۆمەڵگاکان وەك پەنجەمان بۆ راکێشان رەگی ئایینیان هەیە، بەڵام وا دیارە وەك چۆن تۆما بواش ئاماژەی بۆ کردووە پابەندبوونی خێزانی کورد بە ژن هێنانەوە کە لەسەر

رەگی ئایینی بەندە، بە بەراورد لەگەڵ خێزانی نەتەوەکانی دی بەهێزترە، بۆیە وێڕای ئەوەی ئیسلام ژن هێنان و پێکەوەنانی خێزانی دووپات کردۆتەوە، بەلاّم لە نێو کورداندا رەگ و ریشەی لە ناخی مێژوو و کۆمەڵدا سەری هەڵداوە، تەنانەت ئایینی زەردەشتیش کە ئایینی کوردەکان بووە رێنومایی کردووە رێزی خێزانی بگیری و پێیەوە پابەندبن. هەروەها بایەخێکی زۆری بە مەسەلەی خێزان داوە و سەنگی هاوسەرانی لەوانی دی بە گرانتر زانیوە، هەروەها ئەوەی کوڕی هەیە و ئەوەی نییەتی.

لە ئایینی زەردەشتیدا وەك لە وتوویژەکانی زەردەشت لەگەڵ یەزداندا دەردەکەوی، ئەو قەرزدارەی قەرزەکەی نەداتەوە، خزمە نزیکەکانیشی لەگەڵ خۆیدا سزادەدرێن، ئەم دابین کردنەش بۆ ماوەی سی سەد ساڵ دەگەڕێتەوە کە دەڵێت : ئەی خالقی جیهانی لەش... ئەی پیرۆز... ئەگەر پیاوێك گفتی خۆی بەجی نەهێنا چەند کەسی لەگەڵدا تاوانبار دەبن؟

هورمز وەلاّمی دەداتەوە :

خزمە نزیکەکانی ماوەی شەش سەد ساڵ هاوکاری سزاکەی دەبن.

ئەمەش نیشانەی پابەند بوونی هاوکارییە لە نێوان تاك و خێزانەکەیدا. لە مێژووی سەدە کۆنەکاندا دەبینین زەردەشت بەرپرسیارێتی کۆمەلاّیەتی لە نێوان تاکەکاندا لەسەر بناغەی خێزان دەسنیشان دەکات.

کە دەڵێت:

ئەوە من پێت دەڵێم ئەی ئەسبیتاما زەردەشت؟

پیاوی خاوەن ژن بەرزترە لەوەی رەبەنە و ئەو پیاوەش کوڕی هەیە بەرزترە لەوەی نییەتی (٥٠).

نووسەرە رۆژهەلاّتناسەکان ئاماژەیان بۆ پایەی مێرد (خوای خێزان) لە نێو خێزاندا کردووە، باوك بە پێی گوزارشتی نیکیتین تاکە خوای خێزانە کە هەموو شتێکی بە دەستەو لە نێوان خێزاندا پایەی یەکەمی هەیە، ئەندامانی دیکەی خێزان هەتا ئەو وەستابی کەسیان نادوێن، مەگەر ئەو روخسەتیان بداتی. تەنانەت لە نێوان هەردوو دەستیا رادەوەستن (٩٩).

ئەوەی نیکیتین دەڵێت : دەشی لە میانەی کارتێکەریی کات و شوێن و گۆڕانکارییە کۆمەلاّیەتییە گەورەکانەوە کە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بە خۆیانەوە دیوویانن گۆڕانی بەسەردا هاتبی. بۆیە ناتوانین بەو جۆرە سەودا لەگەڵ سەرنجەکانی نیکیتین دا بکەین کە واقیعی حاڵ، بەلاّم لە میانەیانەوە دەتوانین بە روونی پایەی خوای خێزانی کورد لە نێوان ئەندامانی خێزانەکەیدا دیاریبکەین. بەلاّم ئەگەر بە نێو ناخی کۆمەڵگا لادێیە دوورەکاندا شۆڕ بینەوە سەرنجەکانی نیکیتین دووپات دەبنەوە، ئەوەش لە دروستی بۆچوونەکانی خۆمان دڵنیامان دەکات ئەوەیە هانسن ئاماژەی



بۆ کردووە دەربارەی رۆڵی باوك لە خێزاندا، دەڵێت: مێرد خوای ئەو خێزانەیە کە لەسەر سیستەمی باوکایەتی ( Patriarchy) دەمەزراوە، زۆر شت ئەو بریاری لەسەر دەدات بۆ وێنە ئەو روخسەت بە ژنەکەی یان ئەندامانی خێزانەکەی دەدات سەفەربکەن، هانسن نموونەیەکیشی بۆ هێناوینەتەوە، باسی ئەو خێزانەی کردووە کە لەگەڵیانا لە سلێمانی ژیاوە و دەڵێت : جارێك ژنی دووەم ویستوویەتی لەگەڵ هەردوو منداڵەکەی و دوو کچی ژنەکەی دی بۆ ماوەی چەند رۆژێك سەردانی گوندێکی نزیك بکات کە رێگای ئوتۆمبیلیشی هەبووە، مێردەکەی بەوە رازی بووە، بەلاّم پاشان لەو گوندەوە دەچێت بۆ گوندێکی نزیکی دی و ماوەی چەند رۆژێك سەردانەکەی درێژەی کێشاوە، کاتێك دەگەڕێتەوە مێردەکەی رەخنەی لێدەگری و زۆر تووڕە دەبی، بەلاّم کچە گەورەکەی خۆی لەو مەسەلەیە تێگەیاندووە و بەرگری لە باوەژنەکەی کردووە ئەویش هێور بووەتەوە (١٩٨).

بە گشتیش رەوەندەکان چ لە رۆژهەلاّت و چ لە رۆژئاوای کوردستان پەنجەیان خستۆتە سەر گەلێك لەو نیشانانەی بەڵگەن بۆ بەرپا بوونی رێز لە نێو خێزانی کورددا، برانت و ریچ و سۆن و... هتد نموونەیان هێناوەتەوە بۆ دووپات کردنەوەی رێزگرتنی سەری خێزان لە لایەن ئەندامانی خێزانەکەیەوە، تەنانەت برا گەورەش لە لایەن برا بچووکەکانیەوە، هەروەها هەندێکیان نموونەی ئەوتۆی هێناوەتەوە کە برا بچووك ناوێری لەگەڵ برا گەورەی خۆیدا یان بە ئامادەبوونی ئەو نان بخوات. لەم بارەیەوە برانت دەڵێت : خورشید بەگ شەرم دەکات لەگەڵ ئەمین پاشای برا گەورەیدا دانیشی و نانی لەگەلاّ بخوات. بۆیە لە دەوارێکی دی نان دەخوات. دەبی ئەوەش لە یاد نەکەین ئەم دیاردانە لە خێزانە ئوروستوقراتی و دەسەلاّتدارەکاندا روونتر دەکەونە بەرچاو.

لەسەر ئاستی پێوەندی نێوان ژن و مێردیشدا تۆما بوا ئەم بۆچوونە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە کوردەکان وردەکارن و بە دیققەت کاری هەڵبژاردن بە ئەنجام دەگەیەنن، بۆ ئەمەش تۆما بوا ئاماژەی بۆ پەندێکی کوردی کردووە کە وەك پێوەرێك بە کاردێت لە پرۆسەی هەڵبژاردندا. پەندەکەش ئەمەیە :

مەڕوانە ژن بڕوانە کەس و کاری (٥٣).

لە راستیشدا گەلێك پەندی پێشینانی کوردی بایەخ بەو مەسەلەیە دەدەن و بە گشتیش کارتێکەریی دایك لەسەر کچ دووپات دەکەنەوە، چونکە پەروەردەی دەستی ئەوەوە و بە زۆری رەوشتی ئەو هەڵدەگری. وەك ئەوەی دەڵێت : (کچ تەشی دایکی دەڕێسی) *

* وەرگێڕ.

ناوبانگی ڕەوشت بەرزی مێردی کورد لە نێو کۆمەڵگاکانی دیکە، تەنانەت لە نێو بیانییەکانیش بڵاو بووەتەوە. ئەوە بوو لە بەشێکی دیکەی ئەم کتێبەدا کە تایبەت بوو بە ڕەوشتی کوردەوارییەوە نموونەی خاتوو بۆل هنری بۆردۆمان هێنایەوە کە باسیل نیکیتین باسیکردووە ئەو ژنە ئەمەریکاییەی بە دیل گیراو بە پیاوێکی کورد فرۆشرا ئەویش خواستی و بوو بە هاوسەری کاتێکیش باوکی لە نێو پێچ و پەنای شاخەکانی کوردستاندا دۆزییەوە رازی نەبوو بگەڕێتەوە و ئەوەی بە باشتر زانی لەگەڵ مێردە کوردەکەیدا بژی (٨٨).

باسیل نیکیتین ئەوەی باسکردووە کە خێزانی کورد بە شێوەیەکی ڕەها پابەندە بە زنجیرەی پایەی ئەندامەکانییەوە، ئەیەوی ئەوە بڵێ کە هێڵی ڕێز لە نێو ئەندامەکانیدا بە زنجیرە دێتە خوارەوە، کوڕان ڕێز لە باوکی خۆیان دەنێن، برایانیش لە نێو یەکدا بە پێی تەمەن ڕێز لە یەکتر دەنێن. بۆیە ئەگەر باوك داوای شتێکی لە کوڕەکەی کرد ئەوە وەك خزمەتکار خزمەتی دەکات. ئەگەریش برا گەورە داوای شتێکی لە برا بچووکەکەی کرد ئەوە ئەویش بە هەمان شێوە ڕێزی لێدەنی و ملکەچی فرمانی دەبی (٩٩).

شایانی باسیشە ڕەوەندەکان سەرنجی ئەوەشیان داوە باوکانیش دیسان ئازادی ڕۆڵەکانیان دەپارێزن و دەستیان بەسەردا ناگرن. فرێزەر پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە ڕۆڵەی خێزانە کوردەکان خاوەنی ئازادی خۆیانن ئەوەش کارناکاتە سەر ڕێزی بێپایانیان بۆ باوکیان(١١٦). ئەمە دیسان لە یاداشتنامەکانی ریچیشدا هاتووە کاتێك هاتووتە سەر باسی پێوەندی کوڕانی مەحموود مەسرەف لەگەڵ باوکیاندا و دەڵێت : لەو کاتەدا کە ئەوپەڕی ڕێزیان بۆ باوکیان نیشان دەدا، ئازادی خۆشیان پەیڕەودەکرد وەك ئەوەی لە پێش باوکیان جگەرەیان دەکێشا کەوا لە نێو گەلێك لە کۆمەڵگاکاندا بە شوورەیی دەدرێتە قەڵەم.

هەی ئاماژەی بەوە داوە کە منداڵان تا تەمەنی حەوت ساڵان لای دایکیان دەمێننەوە، پاشان زیاتر لە باوکیانەوە نزیك دەبنەوە و لە دیوەخاندا خەریکی خزمەتی میوان دەبن و قاوەیان پێشکەش دەکەن و کاری چاکە کاری دەکەن و دەستی خەڵکی لە خۆیان گەورەو بەرزتر ماچ دەکەن (٦٣).

ئەوەشی سەرنج داوە کە مێردمنداڵانی کورد مافی ئەوەیان نییە لەگەڵ گەورەدا دانیشن، بەڵکو بە پێوە دەوەستن و لە خزمەتیاندادەبن.

لە لایەکی تریشەوە دەبینن خێزانە کوردەکان پابەندن بە بنەچەی خۆیانەوە، ئەمەش بووەتە جێی سەرنجی نیکیتین بۆیە خێزانە کۆنەکان بایەخێکی زۆر بە ڕەگی خۆیان دەدەن و زنجیرەی بنچەیان دەپارێزن. هیچیش لای کورد لەوە خۆشتر نییە دەربارەی باب و باپیری لە گەڵی بئاخفی بە تایبەت



ناوی هەندێکیان بێنی ئیدی پاڵەوانێتی نەوە لە دوای نەوە لە جەنگی تورك و فارسدا بۆ باسدەکات، هەرگیزیش هەست بە دڵنیایی ناکات ئەگەر ناوی ژمارەیەك لە باب و باپیرانی لەبەر نەکات، ئەم شانازی کردنەش تەنها خێزانە دەوڵەمەندەکان ناگرێتەوە، بەڵکو هەر کوردێك باش دەزانی سەر بە کام بنەماڵەیە.

نیکیتین لە کوردستان خەڵکی نەخوێندەواری بینیوە کە ناوی پازدە پشتی خۆیان لەبەر کردووە.

نیکیتین ئاماژەی بۆ مەسەلەی تەڵاقیش کردووە و لای کوردەکانی بە مەسەلەیەکی ئاسان داوەتە قەڵەم.

لە ڕاستیشدا ئێمە لەگەڵ نیکیتین دا هاورانین لەوەی مەسەلەی جیابوونەوە یان تەڵاق ئاسان بی. چونکە سەرجەم ڕۆژهەڵاتناسەکان بە نیکیتین خۆیشییەوە لەسەر ئەوە کۆکن کە پێوەندی نێوان ئەندامانی خێزانی کورد بە تایبەت ژن و مێرد زۆر پتەوە بە بەراورد لەگەڵ خێزانی کۆمەڵگاکانی دەوروپشت.

وا دیارە نیکیتین مەبەستی ئەوە بووە مەسەلەی جیا بوونەوەی ژن و مێرد واتە تەڵاق لە نێو گشت ئەو کۆمەڵگایانەدا کە باوەڕیان بە ئایینی ئیسلام هێناوە کارێکی ئاسانە واتە نەك تەنها کورد، چونکە ئیسلام تەڵاقی حەڵاڵ کردووە.

لەبەر ئەمە نیکیتین و ئەوانی دی وادەبینن مێردی کورد ئەگەر لە گەڵ ژنەکەیدا ناکۆك بوو دەتوانی لێی جیا بێتەوە، ئەمەش نەیارە لەگەڵ نەریتی کۆمەڵگاکانی ئەوروپادا کە باسیل نیکیتین دەگەڕێتەوە سەریان، هەر چەندەش دیاردەی تەڵاقی ئەمڕۆ لە نێو کۆمەڵگاکانی ئەوروپادا گۆڕاوە و وەك ئەوە نەماوە کە لە سەدەی نۆزدەیەم تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لەسەری بوو.

نیکیتین ئاماژەی بەوەش داوە کە مێردی کورد لە پاش تەڵاق دانی ژنەکەی دووچاری باری پەشیمان بوونەوە دەبی و دەکەوێتە هەوڵی دۆزینەوەی دەروازەیەکی ئایینی بۆ ئەوەی ژنەکەی بگەڕێنێتەوە (٩٠). ئێمە وا دەبینین مرۆڤی کورد لێرەدا بەپێی دەستووری ئایینی ئیسلام سەودا دەکات پتر لەوەی ڕەفتارێکی نەتەوەیی بنوێنی، واتە وەك هەر موسوڵمانێکی دی لەم جیهانەدا دەڕوانێتە مەسەلەی تەڵاق و سەودای لەگەڵ دەکات چونکە لە نێو ئایینی زەردەشتیدا کە کوردەکان پێش ئایینی ئیسلام باوەڕیان پێبووە مەسەلەی تەڵاق کارێکی ئاسان نەبووە.

بە پێی ئاگادار بوونی نووسەر لەم بابەتە لە میانەی ئەو سەرچاوانەوە باسی ژیانی خێزانی کوردستانیان کردووە بە تایبەت  ڕۆژ هەڵاتناسەکان ئەوەی بۆ ساغ بووەتەوە لێکۆڵینەوەکەی پارث پتر لەوانی دی سەرکەوتووترە، بۆیە هەرچەندە بەشێکی کوردستانی گرتۆتەوە مەبەستیش

کوردستانی باشووره، بەڵام سەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەی لەگەڵ ئەوەی لە سەرجەم پارچەکانی دیکەی کوردستاندا باوە دەگونجێن، بۆیە لە باسکردنی ژیانی خێزانی کوردەواریدا زیاتر متمانە دەکەینە سەر لێکۆڵینەوەکەی پارث نەك ئەوانی دی.

پارث خێزانی بە یەکەیەکی ئابووری سەربەخۆ دەداتە قەڵەم کە لە بناغەشدا لە خێزانی سەرەتای پێك دێت، واتە ژن و مێرد و منداڵەکانیان، ڕۆڵی ئابووریشیان بە هەمان ئەو ری ڕەوەی لە کۆمەڵگای ئەوروپادا بەکارهێنراوە بەسەریاندا دابەش دەکرێت. دەبینین پیاو لە کێڵگەدا کاردەکات و کێڵگەزۆربەی کاتی داگیر دەکات هەر خۆشی چاوەدێریی ئەسپەکەی دەکات، کە لە ڕاستیشدا مەرج نییە هەر ئەسپ بێت وەك پارث بۆی چووە، بەڵکو دەشی هێستر یان گوی درێژ بێت، بەڵام پارث دووپاتی کردۆتەوە ئاژەڵەکانی دی لە ژێر چاودێریی ژناندا دەبن، چونکە هەر خۆی دەیاندۆشی و لە شیرەکەیان شیرەمەنی دروست دەکات، سەرباری ئەوەش کاروباری دیکەی خێزانیش بەڕێوە دەبات، وێڕای سواغ دانی دیوی ناوەوەی دیواری ژوورەکان، بەڵام کەم و کورتییەکانی سەربان ئەوە پیاو چارەسەریان دەکات، لەو وەرزانەشدا کە کار زۆر بی و مێرد سەرقاڵی ئیش کردنی بەردەوام بی ئەوە ژنەکەی یارمەتی دەدات بە تایبەت لە کاتی توتن شکاندنەوەدا، تەنانەت منداڵانیش لەو کۆمەکەدا بەشدار دەبن.

لێکۆڵینەوەکەی  پارث چوار گوندی کوردستانی باشووری گرتۆتەوە و لە ئەنجامیشدا گەیشتۆتە کۆمەڵێك سەرئەنجام کە بەم چەشنەیە ١٠٪ ی ئەو خێزانانەن لە جۆری باوکایەتین ٧٥٪ یشیان خێزانی سەرەتا یی و کۆمەڵێك لەوانەی متمانەیان لەسەر خێزانە سەرەتاییەکانە، هەروەها گشت خێزانێکی خاوەن ئابووری سەربەخۆ لە سنووری پابەندبوونی هۆزگەریدا بۆ یارمەتی دانی ئەوانەی پێویستیان بە یارمەتییە، جا ئەمە بەهۆی هەتیوی یا لەدەستدانی یەکێکەوە بی، یارمەتیش لە کەسیی نزیکەوە دەست پێدەکات.

## خزمایەتی

پارث دەڵێت سیستمێکی کۆمیتەیی بۆ ماف و سوود گەیاندن لە گۆڕێییە، ئەندامانی خێزان بە پێی بیرو باوەڕی ئیسلام ڕێك دەخات، کە تیایدا نێرینەی تەمەن هەژدەساڵ مافی تەواوی هەیە دەسەڵاتی هەبی و بڕیاری گونجاو  بدات، ئەم یاسا ئیسلامییەش وا دیارە هەندی لە سنووری هەستیی کوردیی گشتیی دەربارەی بابەتەکە لای داوە.



مرۆڤـــــــ   وا هەست دەکات ژنی کورد لە بازنەی داخراوی خێزاندا کارتێکەریی خۆی هەیە، هەندی جاریش ئەم کارتێکەرییە لە سنووری بازنەی خزمایەتی دەردەچی و مۆرکێکی رامیاری وەردەگری، ئیدی ئەو ژنە حوکومرانە دێتەپێش کە پلەیەکی رامیاری وەردەگری.

باوکان دەسەڵاتی بەهێزیان بەسەر کوڕەکانیاندا هەیە، کاتێکیش باوکان خاوەنی سەربەخۆیی خێزانی خۆیان بن، ئاسۆی پێوەندییەکان بەردەوام دەبێت، چونکە حاڵەتی هەوڵدانی باوکان بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتیان و کەم کردنەوەی سەربەخۆیی کوڕە خاوەن خێزانەکانیان لە گۆڕێدایە، بەرانبەر بەمەش ئەو کوڕانەیان هەوڵ دەدەن گوزارشت لەوە بکەن گەیشتوونەتە قۆناغی پیاوەتی و دەبی سەربەخۆییان هەبی، بەڵام وێڕای ئەمانەش هەر دەسەڵاتی باوك باڵادەست دەبی.

کاتێکیش ژن بێوەژن بکەوی و لەگەڵ منداڵەکانیا بژی ئەوە ئەو خێزانە بە ناوی کوڕە گەورەکەیەوە دەناسری و هێڵی نێرینە دەسەڵات دەگرێتە دەس، بەڵام دایکیش هەندی دەسەڵاتی تایبەتی خۆی دەپارێزی ئەویش بە هۆی پایەی دایکایەتییەوە کە مۆرکی چاکەکاری هەڵدەگری (٢٩-٣٠).

سەبارەت بە پێوەندی نێوان دایك و کوڕیش هەستێکی گشتی لە گۆڕێیە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە دەبی پتەو و دڵسۆزانە و ڕوون و ڕاستەوخۆ بێت.

لەو بارەشدا ئەگەر ژن تەڵاق بدری یان پیاوەکەی جیا بێتەوە لەبەر ئەوەی ژنێکی دی خواستبی ئەوە ئەگەر کوڕێکی جێگیر یان خاوەن خێزانی هەبی ئەوە دەبی بە میوانی شەرەف لای خێزانی کوڕەکەی، هەروەها ئەندامێکیش لە ئەندامەکانی.

میراتی هەڵگرتنی ناویش لە ڕێگای هێڵی نێرینەوە  لە نێو خێزاندا دەستەبەر دەبی، بۆیە ئەگەر باوك بمری ئەوە کوڕە گەورەکەی ناوەکەی هەڵدەگری هەروەها لە دوای ئەویش لەو بچووکتر، بەڵام ئەگەر خێزان نێرینەیەکی تیا نەبی گەیشتبێتە قۆناغی پیاوەتی ئەوە ئەو خێزانە ناوی دایك هەڵدەگری.

کچانیش بەتەواوەتی ملکەچی دەسەڵاتی باوك دەبن ئەو لێیان بەرپرسە و بە شوویان دەدات تەنانەت مافی ئەوەی هەیە بە سەریانا بیسەپێنی، بە پێی دەستووری ئیسلامیش وەك ئەو سەپاندنە پێش قۆناغی پێگەیشتنی شیاوە، بەڵام لە ڕاستیدا پاش ئەو تەمەنەش هەر ئەو مافەی هەیە. هەر ئەو مافەش مافی ئەوەی بۆ دەستەبەردەکات شیربابییەکەش وەربگری (٣٠).

# ژنی کورد

گومان لەوەدا نییە شوێنی ژن لە هەر کۆمەڵگایەکدا ئاوێنەیەکی راستەقینەیە راستی ئەو کۆمەڵگایەو رەوت و شێوەی ژیان و بیر کردنەوە و ئاستی ژیاری تیا رەنگ دەداتەوە.

ژنیش بە درێژایی مێژوو بە پایەی جیا جیادا تێپەڕ بووە و، هەندی جار رۆڵی بەرچاو و هەندی جاریش بی رۆڵ بووە، هەروەها لە هەندی ناوچەدا شوێنی بەرچاوی بووە و لە هەندی ناوچەی دیکەدا دیارنەماوە، ژنان بە درێژایی مێژوو توانیوویانە سەرکردایەتی چەندین گەل و سوپا بکەن، یان پاشاو گەورە پیاوانی نەتەوە ملکەچی فەرمانیان بوونە، بەلاّم دیسانیش بە درێژایی مێژوو جاری وا هەبووە ژن کۆیلە بووە و زەلیل کراوە و کەسێتی پشتگوی خراوە، ئەمڕۆش کۆمەڵگاکان لە رووی بنەماو کۆڵەکەکانیانەوە جیاوازن، زەق ترین رەگەزیشیان جیاوازی سوسیۆئەنثرۆپۆلۆژییە لە نێوانیاندا، شوێنی ژنیش لەم کۆمەڵگایە یان ئەوی دی سەنگی مەحەکە بۆ هەڵسەنگاندیان.

کەسێتی و پایەی کۆمەلاّیەتی ژنی کورد و هەڵوێستی پیاوی کورد بەرانبەری بووەتە مەسەلەیەکی گرنگ و رۆژهەلاّتناس و رەوەندەکان بایەخی زۆریان پێداوە و زۆریان لەسەر نووسیوە.

ئێمەش لەو باوەڕەداین پایەی ژنی کورد لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بەداخەوە کەوتۆتە بەر کارتێکەریی خراپ نەك باش ئەویش لە میانەی هۆکاری نامۆوە، نەك بەڕەسەن کورد، بەڵکو دزەی کردۆتە نێو نەتەوە و شارستانێتیە جیا جیاکانەوە، ئەویش هەندێکیان بە حوکمی دراوسێتی و هەندێکیان بەزۆر، بەلاّم هەرچەندەش دزەیان کردبێتە ناوی، نەیان توانیوە ناسنامەی راستەقینەی ژنی کورد لە کۆمەڵگای کوردستاندا بسڕنەوە، ئەمەش لەم بەشەی کتێبەکەدا بەڕوونی دەبینین.

زۆربێژیش نییە ئەگەر بڵێین : ژنی کورد بە بەراورد لەگەڵ ژنی نەتەوەکانی رۆژهەلاّت خاوەنی کەسێتییەکی جیاوازە و ئەوەش دەتوانین لە میانەی زۆربەی — ئەگەر نەڵێین گشت — سەرچاوە پێوەندی دارەکانەوە بە کۆمەڵگای کوردەواری دووپات بکەینەوە.



هەروەها لە میانەی دیدوبۆچوونی رەوەندو رۆژهەلاّتناسەکانەوە کەوا لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا ژیاون و لە نزیکەوە ئاگاداری تایبەتمەندێتییەکانی بوونە. پایەی ژنی کورد لە نێو خێزانی هۆز و کۆمەڵگادا بووەتە جێی بایەخی زۆربەی هەرەزۆریان.

مینۆڕسکی لەم بارەیەوە وەك یەکێکی ئاگاداری ژیانی نەتەوە موسوڵمانەکانی رۆژهەلاّت دەڵێت : کورد پتر لە سەرجەم گەلانی تری موسڵمان لەگەڵ ژندا لێبوردەیە (٧٤).

تاکی لێبوردنیش (لێخۆشبوون) وەك لێرەدا دیارە لێبوردنە لە ئازادی ژنان و پێبەخشینی ئەو شوێن و پایەیەی شایانێتی، هەروەها لێخۆشبوون لە دەربڕینی راو بۆچوون، دیارە ئەیەوی ئەوە بڵی کورد پتر لەوانی دی ئازادی ژنان و پلەو پایەیان مەبەستە، چونکە مینۆڕسکی ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەو نەتەوانە بە توندی سەودا لەگەڵ ژناندا دەکەن نەك وەك کوردەکان کە بەگیانی لێبوردنەوە سەودایان لەگەڵ دەکەن.

ئێمە پشتگیری لە بۆچوونەکانی دیریك کینان دەربارەی هەڵوێستی کورد بەرانبەر ژنان دەکەین کە دەڵێت : ژنی کورد خاوەنی بڕێکی زۆری ئازادییە، پتر لە ژنانی دراوسێی وەك عەرەب و تورك و فارس، چونکە لە نێو گشت چیینەکاندا رێزی هەیە سەرباری ئەوەش جلی پەردەئاسا (حجاب) لەبەرناکات (١٣).

کینان لەم سی سەرنجەی پێوەرێکی کۆمەلاّیەتی دروست کردووە بۆ هەڵسەنگاندی کەسێتی ژنی کورد لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا.

چونکە گوی لێگرتنی بەڵگەی رێزلێنانێتی، جلی پەردە ئاسا نەپۆشینیشی نیشانەی ئازادییەتی لە بواری جل و بەرگ دا، کە پێوەندی هەیە بە ئازادی وەرگرتنی بڕیارەوە، پێشوازیکردنیشی لە خەڵکی نەناس بەڵگەی باوەڕپێکردنێتی، لەو باوەڕەشداین ژنانی رۆژهەلاّت لە گەلێك کۆمەڵگاکانی رۆژهەلاّت دا خەو بە بەدیهێنانی ئەو پێوەرە کۆمەلاّیەتییەوە دەبینن، ئەگەر لە ئامانجەکانی یەکێتی و دەزگاکانی ژنانی جیهاندا نەبن (رێز + ئازادی + باوەڕپێکردن) ئازادی ژنان لە کوردستاندا لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بووەتە جێی بایەخی سۆن، چونکە دەڵێت : ژنانی کورد لەچاو نەتەوەکانی دیکەی محەممەدی مەبەستیشی گەلانی موسڵمانە پتر ئازادن، ژن بە شوودان لە نێو ئەو نەتەوانەدا بەبی بڕیاری ژن خۆی ئەنجام دەدرێت واتە لە لایەن لایەنێکی سێیەمەوە، بەلاّم لە نێو کوردەکاندا وەك سۆن باسی کردووە ژنان وەك ژنانی هەر ولاّتێکی ئەوروپا خاوەنی ئازادی خۆیانن. تێکەڵ لە نێوان

هەردوو ڕەگەزیشیاندا ڕەسەنایەتی دەنوێنی تەنانەت گەلی جار هاوسەرێتی لەسەر بناغەی خۆشەویستی دەبی.

ئەمەش شتێکی باشە (٣٣).

سۆن لە شوێنێکی دیکەی یادداشتنامەکانیا پێ لەسەر ئەوە دادەگری کە زیرەکن و بە هۆی ئەوەشەوە لە ماڵداریدا سەرکەوتوون.

شایانی ڕێزی گەورەن، هەروەها باسی جوانی کردوون کە هەندێکیشیان ناسك و ئازان، سواری لێهاتوویشیان تیایە، دەشتوانن تفەنگ بەکاربێنن، لە نێوان هۆزەکانیشدا مەیلەو جەنگن و ئارەزووی بەشداری شەڕ دەکەن (١٨٨).

ژنی کورد بە پێی دیدی سۆن پێش نزیکەی سەدەیەك لە ڕووی ئازادییەوە وەك ژنانی ئەوروپا ئازاد بووە، تەنها ئەوە سەرنجی ڕاکێشاوە کە ژنی کورد ناچێتە بازاڕ.

ئێمە لەو باوەڕەداین نەچوونی ژنی کورد بۆ بازاڕ نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی باشە، چونکە ئەگەر پیاو ئارەزووی نەبوو ژنی شارنشین بەو ئەرکە ڕاسپێرێت ئەوە خۆی بە ڕۆحێکی وەرزشییەوە پێی هەڵدەستی.

ئەگەریش ژن خاوەنی ئازادی بێت دەبی بۆچی (لەو زەمەنەدا) نەچووبی بۆ بازاڕ؟ دیارە ئەو ئازادییە ژنی کورد هەیەتی ئازادییەکی (ڕەسەنە) لە ناخی خودی کەسێتی کورد خۆیەوە هەڵقولاوە. لەبەر ئەمە ڕەوەندو ڕۆژهەڵاتناسەکان لە میانەی بۆچوونەکانیانەوە لەم بارەیەوە لەسەر ئەوە کۆکن کە ئازادی ژنی کورد پێوەندی بە گۆشەگیری ڕۆژهەڵاتەوە نییە.

بۆرتەر دەڵێت : ژنی کورد جێی گومان نییە، وەك ئەوەی فارس و تورك لە ژن و کچیان بە گومانن، تەنانەت لە بەردەم ڕەشماڵ و بەر دەرگای ماڵەکانیاندا بەبی ئەوەی خۆیان بەجلی پەردە ئاسا داپۆشن دادەنیشن یان هاتوچۆ دەکەن، بۆرتەر دووپاتی کردۆتەوە کە ژنی کورد وەك ژنانی لادێکانی بەریتانیایە، ئامادەیە پێشوازی لە میوان بکات، کچانیان شەرمن و ژنانیشیان داوێن پاکن (١٩٨).

ڕیچ ئەم دیاردەیەی دووپات کردۆتەوە و دەڵێت : هەرگیز خانمانی کەیخسرەو جاف هەوڵیان نەداوە لە بەردەم خزمانی خۆیاندا جلی پەردە ئاسا بپۆشن، کاتێکش خێزانەکەی سەردانی کردوون لە ڕەشماڵەکانیاندا بە گوێرەی ژنان پیاوی بینیبوون لە گەڵیان دانیشتوون.

بەڵام ژنانی چینە هەژارەکان تەنانەت لە سلێمانیشدا بەجلی مۆدەوە (سفوور) دەگەڕێن، دووریش نییە لە هاویناندا بەیانیان زوو لەگەڵ مێردەکانیاندا لەسەر سەربانی خانووەکانیان



ببینرێن، کە ئەوپەڕی ٥-٦ پێ بەرزن، یان کاتێك ڕوو لە کار دەکەن. وێڕای ئازادییان هیچ ژنێکی دی بەقەد ئەوان ڕەوشت بەرز و پاك نین، بەکردەوە چاکەکانیان دەکەونە پێش ژنانی تورك (٢٠٣).

کوردان بە گشتی ژنیان لە کۆمەڵ دوورەپەرێز ناکەن، جگە لە هەندی ژنی نێو خێزانی شێخەکانیان ئەوانی دی بە گشتی لە نێو هۆزو لادێکاندا تەنانەت لە گەڵێك شاریشدا لەگەڵ پیاوان بە ئاسایی وتوویژ دەکەن. هەی لەو باوەڕەدایە دوورەپەرێز کردنی ژنانی کورد لە کۆمەڵ نەریتێکی درەنگ وەختە، دەگەڕێتەوە بۆ کارتێکەریی تورك، هەی ئەوەشی دووپات کردۆتەوە کەوا کوردەکان بەوپەڕی ڕێزەوە سەودا لەگەڵ ژنەکانیان دەکەن پتر لە نەتەوە محەممەدییەکانی دی ڕێزیان لێدەنێن (٦٢).

هەی ئاماژەشی بۆ مەسەلەی پێشەوایەتی کردنی ژنی کورد کردووە و دەڵێت: دەشی ژن سەرداری خەڵك بکات. تەنانەت لە گونددا دەشی بشبێتە پێشەوای هۆز بە تایبەت کاتێك مێردەکەی بمری و کوڕی گەورەی نەبی، کاتێکیش تەنها کوڕی منداڵی شیرەخۆرەی هەبی، ئەوە دەبی بە ڕاسپێر بەسەر کوڕەکەی و مڵك و داراییەوە. بەڵام ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی گشتی نییە (٦٣).

لە هەندی باریشدا ژن پێشەوایەتی خێزان یان هۆزەکەی کردووە، سەرەڕای ئەوەش ئەم مەسەلەیە پاشان دەخەینە ڕوو، بەڵام جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بۆ ڕای هاملتۆن بکەین لەم بارەیەوە، کە باسی شەڕێك دەگێڕێتەوە لە نێوان هەردوو هۆزی کۆچەری سوورچی و هەرکی لەگەڵ خەڵکی گوندو داوێنی چیاکاندا، دیارە ئەویش ئەوەی لە زمانی چەند ژنێکەوە بیستووە کە بە قەد پیاوەکانیان بەشداری شەڕەکەیان کردووە. چونکە ئارەزوویان لە جەنگ و نیشان پێکاندن بووە (٦٩).

هەروەها ڕۆڵێکی سەرکردایەتی ژنانیشی لە نێو هەندی هۆزی کورددا لە جێنشینانی چیا بە تایبەت خەڵکی جوانڕۆ باسکردووە کە ئەو کاتە وەك ڕیچ دەڵێت : بەبەرو کۆچەر بوونە، وێڕای ئەوەش بەناو سەر بە والی سنە بوونە، بەڵام خاوەنی دەسەڵاتی خۆیان بوونە. ڕیچ لەو بارەیەوە دەڵێت : ژنانیان خاوەنی دەسەڵاتی مەزنن، زۆر جاریش ئاژاوە لە نێو پیاواندا دەم کوت دەکەن، ئەگەریش ئەوان نەبن بە خوێنڕشتن کۆتایی پێ دێت، پیاوان و ژنانیشیان بەجل و بەرگی ئاساییەوە پێکەوە دەژین (٧٤).

بەهەر حاڵ مەسەلەی پێشەوایەتی کردنی ژن هەرچەندە کەم بڵاو بووەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگە ئەوە دووپات دەکاتەوە کۆمەڵگای کوردی پێشەوایەتی ژن قەبووڵ دەکات و هەرگیز هیچ گرێیەکی لەو بارەیەوە نییە، ئەگەر ژن بیەوی بوون و توانستی خۆی بسەپێنی.

ئاستی پێشەوایەتی کردنی ژنیش لە کۆمەڵگای کوردەواریدا وەك تۆما بوا باسیدەکات گەیشتۆتە رادەی پێشەوایەتی کردنی هۆز لە گۆڕەپانەکانی جەنگ کاتێك مێردەکەی بمری. وا دیارە تۆما بوا مەسەلەی ئازادی ژنان و هەلەکانی سەرکردایەتی کردنی بە مەسەلەیەکی سایکۆلۆژی شیدەکاتەوە، هۆی ئەمەش دەباتەوە سەر خۆشویستنی ژنی کورد بۆ مێردەکەی لەگەڵ بەرپابوونی هەل و مەرجی گوزەرانی هاوبەش بە پێی بۆچوونی بواش پیاو تەنانەت لە نێو ئوروستوقراتییەکانی کوردیشدا ئازادی پتر لە ژنان نییە لە هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیانیدا (٤١).

سۆن لێرەدا ئاماژە بۆ مەسەلەیەکی زۆر گرنگ دەکات ئەویش ئەوەیە گەلێك جار هاوسەرێتی لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا لە ئەنجامی سۆزی هاوبەش (خۆشەویستی) دێتە دی، ئەم سۆزە رەسەنەش لە نێوان ژن و پیاودا وەك سۆن باسیدەکات لە نێوان نەتەوە ئیسلامییەکاندا شتێکی دەگمەنە (١٨٩).

لە ئاسۆی ئەم مەسەلەیەشەوە ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە تۆما بوا ئاماژە بەوە دەدا کۆمەڵگای کوردی رێگا بە کچی کورد دەدات قایل نەبی بە زۆر بدری بە شوو واتە باوك دەسەڵاتی ئەوەی نییە کچی بە زۆر بدات بە یەکێك پەسەندی نەبی (٥٥).

لە راستیشدا ناڵێین ئەمە یاسایەکی رەهایە، بەڵام لەو باوەڕەداین ئەو مەسەلەیەی سەرنجی تۆما بوای راکێشاوە مۆرکێکی دیارو بەرینی کۆمەڵگای کوردییە بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگاکانی دیکەی دراوسێیدا.

بەرانبەر بەمەش دەبینین ژنی کورد لەپاش ئەوەی بە یەکێك رازی دەبێت سۆزی تەواوی بۆ ئەو و کەس و کارەکەی دەبێت واتە بە دەسەڵاتی خێزانێتی قایل دەبی، هانسن دەڵێت : ژنی کورد ئەگەر بیەوی سەردانی کەس و کاری بکات داوای روخسەت لە باوك یان دایکی مێردەکەی دەکات.

بوا بە رۆڵی خۆی ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ژنی کورد لە چاو ژنی گەلانی دیکەی موسوڵمان ئازادی زیاترە و هەرچەندەش بەردەوام سەری دەپێچێتەوە، بەڵام پەردە ناخاتە سەر دەم و چاوی ـ



هەروەها وەك بوا ئاماژەی بۆ کردووە کاروباری نێو ماڵ هەڵدەسووڕێنی، تەنانەت لایەنی دارایی و رێکخستنی خەرجی نێوماڵیش بە ئارەزووی خۆی دەبات بەڕێوە (٦٢).

سایکس باسی جوانی ئافرەتی کورد دەکات و دەڵێت : بە راستی لەم رووەوە تایبەتمەندێتی خۆیان هەیە، تەنانەت ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان چل تا پەنجا ساڵانە تەندروست و دڵڕاکێش و ناسك و باڵاڕێك و رەنجدەرن، سیرسایکس ئەوەشی باسکردووە کە ژنی کورد خۆی ئازاد کردووە وێڕای ئەوەش بە جیا لەگەڵ پیاو دەژی توانستی ئەوەی هەیە چێژ لە کاتی دەست بە تاڵی خۆی ببینی و بە سواری وڵاخ بە ئازادی بگەڕی و وەك هەرژنێکی ئینگلیزی خۆی لە مێردەکەی بە کەمتر نەزانی، هەروەها دەڵێت : ئەم ئازادییە هەڵقووڵاوی کۆمەڵێك بەهای بەرزو توندە دەگەڕێتەوە سەر کۆمەڵێك بیروباوەڕو بناغە نەك شتی دی. کاری لە ری لادانی سێکسی و کردەوەی ناشیرینیش زۆر کەم لە نێو ئەم هۆزانەدا روودەدات کە جلی پەردە ئاسا ناپۆشن. هەتا بڵێی دڵسۆزییشن ئەمەش بی فەڕی ئەو تیۆرییانە دووپات دەکاتەوە کە ئەیانەوی ئەوە دووپات بکەنەوە گوایە ناشی جلی پەردە ئاسا لە شارەکاندا هەڵبگیری (٣٤٢).

سایکس وشەی ( Frank: فرانك واتە دڵسوزی) بە کاردێنی و دەیخاتە نێوان دوو کەوانەوە، وێڕای واتای پێچەوانەی تاکەکە، بۆ ئەوەی ئەوە دووپات بکاتەوە کە لە نێو هۆزەکانی کورددا خیانەت یان داوێن پیسی و لە ری لادانی بەهاکانی هاوسەرێتی دەربارەی نامووس و ئەمەك وێڕای دانەپۆشینی دەم و چاوی ژنی کورد بەرچاو ناکەوی. ئەمەش رۆڵی چاوەڕوانکراوی جلی پەردە ئاسا پووچ دەکاتەوە.

ئەوەی کە سایکس لە شارەکاندا بینیوویەتی و سەرنجی راکێشاوە. لە شوێنێکی دیکەی ئەم کتێبەشدا ئەوەمان باسکرد کە داپۆشینی بەشێکی لەشی ئافرەت یان هەر هەمووی لەو نریتانەن نامۆن لەسەر ئاستی کۆمەڵگای کوردی واتە لە داب و نەریتی گەلانی دییەوە هاتۆتە نێوی. پێویستیشە ئەوە بڵێین جلی ئاسایی ژنی کورد لە ژیانی رۆژانەیدا خۆی لە خۆیدا داپۆشراوە بەبی گوشار یان نمایش.

لە راستیشدا ئێمە لەگەڵ ئەوەی سایکس باسیدەکات کۆکین تەنها ئەوە نەبێت دەڵێت : (ژنی کورد خودی خۆی ئازاد کردووە) چونکە لەو باوەڕەدا نیین ژنی کورد ماف خوراو بووبی و پاشان خۆی رزگار کردبێت، بەڵکو وای بۆ دەچین سایکۆلۆژییەتی کۆمەڵایەتی کورد لە بناغەی دا لە بەرژەوەندی ژندا بووە. بۆیە ژنی کورد لەگەڵ گەلێك لە ژنانی کۆمەڵگاکانی تری رۆژهەڵات جیاوازە، ئەوانەی چەندین سەدە کۆیلە ژێرِ دەستی پیاو بوونە و لە رێگای

زنجیرەیەکی کوشش و تەقەلاوە رزگار بوونە ئێمە هەرگیز نالێین کۆمەڵگای کوردی (نموونەییە) لە بیرو بۆچوونەکانیا دەربارەی ئافرەت، چونکە بەڕۆڵی خۆی کۆمەڵگایەکی رۆژهەڵاتییەو دابەشە بەسەر هۆز و شاردا و تەنگ و چەڵەمەی گەشەسەندن و گۆڕینی هەیە، بەڵام بە گشتی و لەمیانەی دیدوبۆچوونی سەرجەم رۆژهەڵاتناسەکان و سەرنجی بەراوردکردنەوە دەتوانین بگەین بە راستی دروستی راپەڕینی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە ئازادی ژنان، زیاد لەمەش ژنی کورد خاوەنی کەسێتی خۆیەتی و بە پێی راوو بۆچوونی باسیل نیکیتینیش تایبەتمەندێتی خۆی هەیە (٩١).

(هۆر باردی)ش دەربارەی ئازادی ژنی کورد دواوە و دەڵێت : مایەی دڵخۆشییە مرۆڤ خۆی لە نێوان کەسانیکدا نابینێتەوە کە وەك کۆیلە سەودا لەگەڵ ژنەکانیاندا دەکەن تەنانەت بە کردەوەش هەمان ئەو ئازادییەیان دەدەنی کە پیاوان هەیانە (١٨٦).

ئەم کەسێتییە تایبەتییەی ژنی کورد هەیەتی یارمەتی داوە بۆ ئەوەی چێژ لە ئازادی خۆی ببینی و رۆڵی سەرکردە ببینی. بە پێی دیدوبۆچوونی ریچیش گەلی لە ژنانی تورکیا و ئێران باشترە، چونکە ژن بە پێی بۆچوونی ریچ یەکسانە لەگەڵ مێرددا و بێزی لە کۆیلەتی ژنی تورك دەبێتەوە کە کۆیلە ئاسا سەودای لەگەڵ دەکری (٢٠٣).

گومان لەوەدا نییە ژنی تورك سەودای ژیانی زۆرەملێی **(الاقامة الجبرية)** ی لەگەڵ کراوە و ماوەی چەند سەدەیەکی دوور و درێژیش بەو شێوەیە ژیاوە، ئەمە لە کاتێکدا بووە کە رۆژهەڵاتناسەکان دووپاتی دەکەنەوە ئازادی ژنی کورد سنووری بۆ دانانری، وێڕای ئەوەش کۆمەڵگاکەی نازانی لەزەت فرۆشی چییە وەك چۆن باسیل نیکیتین دووپاتی کردۆتەوە (٨٨).

هەروەها سۆن باسی ئەوەشی کردووە لە ئەنجامی رەوشت بەرزی و ژیانی ئازادی رەهادا کە مۆرکێکی کۆمەڵگای کوردییە زمانی کرمانجی (واتە زمانی کوردی) ئەو وشانەی تیا دروست نەبووە کە نیشانەی لەزەت فرۆشین جگە لەو تاکە وشانەی لە رەگەزدا تورکی و فارسین و مۆرکی سەرپێی هەڵدەگرن سۆن ئەوەشی باسکردووە کە لەزەت فرۆشی لە نێوان کوردە لادێیەکاندا وەك کردەوەیەکی ناسروشتییە و عەقڵ و داب و نەریت پەسەندی ناکات و سزاشی مردنە (١٨٩).

ڕیچ نموونەیەکی لەسەر ئازادی ژنی کورد هێناوەتەوە و دەڵێت : جارێك دیوان ئەفەندی سەرۆکی تەشریفاتی پاشای بەغدا کە پیاوێکی ورياو هۆگری میکانیك بوو سەردانی کردم و باسی ئەو ئارگۆنەی بۆ کردم کە خۆی دروستی کردبوو، کاتێکیش لێبووەوە و کەوتەڕێ



خزمەتکارەکانی بە ئەسپەکانیانەوە لە دەرەوە کۆمەڵیان بەست، لای لێکردمەوە و پێی وتم : ئەمەوی شتێکی سەیرت پیشان بدەم رەنگە لەوەوپێش لە ژیانتدا نەتبینیبی، ئەنجا یەکی لە خزمەت کارەکانی بانگ کردو ئەویش لە بەردەمی راوەستا پرسیاری لێکردم ئایا شتێکی نائاسایی لەم خزمەتکارەدا دەبینی ؟ وتم نەخێر و دواییش زیادم خستە سەرو وتم : لاوێکی بەهێز دەبینم، پێی وتم: ئەمەی دەیبینی کوڕ نییە، کچە، کچە کوردێکی بڵباسییە، لە راستیشدا باشترین سوارو ئازاترین سەربازو چاکترین خزمەت کاربوو کە مرۆڤ پێشبینی بکات، هەڵس و کەوتی هەرگیز هیچ گومانێکی لەسەر نییە، بەڵکو بووەتە مایەی شەرەف مەندی بۆ کچانی نەتەوەکەی.

هەروەها وەك کچێکی عازەبیش بووەتە هۆی سەربەرزی بۆ پیاوانیش، رۆژێکیش تورکێك ئەیەوی دەستی بۆ درێژ بکا ئەویش یەخەی خۆی دادەتەکێنی و دەڵێت: ئەگەر گەورەم هەوڵی ئەوەم لەگەڵ بدات، ئامادەم سنگی شەق بکەم شانازیشی بەوەوە دەکرد، چەند جارێك بەوپەری بوێرییەوە پەلاماری تۆپ هاوێژێکی پڕ گوللە تۆپی داوە. بەردەوام جلی کوردانی لەبەر دەکرد و شاڵێکی حەریریشی بەسەرەوە بوو، بالاّبەرزێکی جوان بوو، تەمەنی لە نێوان بیست و پێنج و سی ساڵاندا بوو. سیمای رەسەنی کوردی پێوەبوو، تیشکی خۆریش کاری لێکردبوو (٢٠٣).

نۆئێلیش دیسان دووپاتی کردۆتەوە تاکە وشەیەك لە کوردستاندا نییە واتای لەزەت فرۆشی (بغی) بگەیەنی، بۆیە لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا وشەی فارسی بۆ بەکاردێنن، لە ناوچەکانی باکووریشدا وشەی رووسی و لە ناوچەکانی باشووریشدا وشەی عەرەبی و لە رۆژئاوای کوردستانیشدا وشەی تورکی بۆ بەکاردەهێنری (٦٩).

لە راستیشدا بەرەنگاریکردنی مەسەلەی لەزەت فرۆشی مێژوویەکی دێرینی هەیە لە کوردستاندا، ئەمەش بووەتە جێی سەرنجی گەلێك لە رۆژهەڵاتناسەکان نەك هەر نۆئیل کە لە سەرەوە ناومان هێنا، بەڵام لە راستیشدا ئەو رۆژهەڵاتناسانە لە هۆی ئەمەیان نەپرسیوە، ئایا بۆچی پیشەی (بغی) لە کوردستاندا نییەو تەنانەت وشەیەکی پڕ پێستیشی لە کۆمەڵگای کوردیدا نییە، بە پێی دیدی ئێمە هۆیەکەشی بۆ جەوهەری ئایینی زەردەشتی دەگەڕێتەوە کە کوردەکان پێش ئەوەی تێکەڵی لەگەڵ نەتەوەکانی دیدا پەیدا بکەن باوەڕیان پێبووە، هەتا ئێستاش بە پێچەوانەی گەلانی دی گەلێك داب و نەریتیان پاراستووە و پابەندن بە هەندی بەهای زەردەشتییەوە. کاتێکیش باوەڕیان بە ئیسلام هێناوە کە ئەمیش وەك ئایینی زەردەشتی (زیناو بغی) حەرام کردووە. زیاتر ئەو رەوشتەیان لە دڵ و دروونداچەسپاوە.

ئەم دیالۆگەش لە نێوان زەردەشت و هورموزدی خودادا ئەم مەسەلەیەمان بۆ روون دەکاتەوە کە لە فاندیداد دا نووسراوە یەکێك، لەو کتێبانەی ئاڤێستای شەریعەتی زەردەشتی پێك دەهێنن.

زەردەشت لە هورموزدی پرسی:

- ئەی هورموزد چ شتێك بی سنوور خەمبارت دەکات ؟

کی بی سنوور ئازارت دەدات ؟

- هورموزد وەلاّمی دایەوە :

داوێن پیسی ئەی ئەسبیتامای زەردەشت، کە تۆوی چاك و خراپ تێکەڵ دەکات، بت پەرست و غەیری بت پەرست، ئەوانەی بەهەڵەدا چوونە و ئەوانەی بە هەڵەدا نەچوون.

دیدی — مەبەستی (داوێنپیس) ە، سی یەکی ئەو ئاوەی بە خۆڕ لە چیاکانەوە دێتە خوارەوە وشك دەکات ئەی زەردەشت.

دیدی سی یەکی رووەکە جوان و هەمەرەنگەکان رادەگرێت ئەی زەردەشت.

نزیك بوونەوەی سی بەشی بیرۆکەی چاك و وتەی چاك و کاری چاکە لە مێشکی ئیماندارداو هەروەها سی بەشی هێز و نیازی سەرکەوتووی و پیرۆزێتیشی دەسڕێتەوە.

ئەی ئەسبیتاما زەردەشت پێت دەڵێم : ئادەمیزادی لەم چەشنە پتر لە مار و پتر لە گورك شایانی کوشتنن (١٧١).

بەو شێوەیە دەبینین ئاینی زەردەشتی دژی پیشەی داوێن پیسی هەڵوێستی توندی وەرگرتووە گومانیش لەوەدا نییە گریمانەی گواستنەوەی ئەم کردەوەیە لە ماوەی چەند سەدەیەکی دوورو درێژەوە بۆ نێو کۆمەڵگای کوردی لەبەر چاو بگرین، بەلاّم لە هەمان کاتدا ناشی سەودا لەگەڵ ئەم بابەتەدا بە چەمکی رەها بکەین، بەڵکو بە چەمکی رێژەیی شیکاری، ئەمە ئەوەش ناگەیەنی کە کۆمەڵگاکان لە رووی چەمك و رەوت و هەڵوێستەوە ناگۆڕێن، بەلاّم گۆڕینی بەهاکانی لەسەرخۆ دەبی لە چاو گۆڕینی کەرەستەیی یان گۆڕان لە شێوازەکانی بەرهەمهێناندا لە لایەن گەلانەوە. هەندی لە گەلان توانیویانە پەردەی رەوایەتی بکێشن بەسەر ئەو مەسەلەیەدا، بەلاّم لە ناوەڕۆکیدا هەرچەندە ناوی هاوسەرێتی لێدەنێن. ئەوە ناگەیەنی بەڵکو کڕینی سێکس یان کۆیلە کردنی دەگەیەنی.

لەو باوەڕەدایین مێردی کورد لە مەسەلەی ئازادی ژنانی کوردا رۆڵێکی گرنگ دەگێڕی، ئەو نیشانە نایابەش لەم بارەیەوە بووە بە بەڵگە بۆ ئەوە لەبەر ئەمە رۆژهەلاّتناسەکانیش کۆکن



لەسەری وەك چۆن لەم بارەیەوە ئاماژەمان بۆ دیدو بۆ چوونەکانی بۆرتەر کرد یان ئەوانی دی کە هەموویان ئەوە دووپات دەکەنەوە مێردی کورد گومان لە ژنی خۆی ناکات.

ئەم دیاردەیەش کە بۆرتەر و ئەوانی دی دەسنیشانیان کردووە مەسەلەیەکی زۆر ترسناکە چونکە سنوور بۆ ئەوە دەکێشی ئایا ژن چەند خاوەنی ئازادی خۆیەتی. لە راستیشدا مێردی کورد هەمیشە چاوەڕوانی داوێن پاکی و نیاز پاکییە لە ژنەکەی.

مێجەر نۆئیل نموونەیەکی زیندووی پێشکەش کردووین لەسەر هەڵوێستی بێگەرد و بێگرێی دەروونی مێردی کورد دەربارەی ژنەکەی لەچاو نەتەوەکانی دیکەی دەوروپشتی. لە باسی سەردانەکەیدا بۆ لای یەعقوب پاشای سەرۆکی هۆزی ئەتلی تورك کە ساڵی **١٩١٩** بووەتە میوانی ویستوویەتی بۆ یادگاری وێنەیەکی فۆتوگرافی ئەو گوندنشینانە بگری کە لەگەڵ یعقوب پاشادا بوونە ئەم وتوێژەی نێوانیشیان دەخەینەروو کە مێژووی بۆ پێش نزیکەی هەشتا ساڵ دەگەڕێتەوە.

یەعقوب پاشا : ئایا دەتەوی لە وێنەکەدا ژن هەبی ؟

نۆئیل : بێگومان ئەگەر بشی.

یەعقوب پاشا : بشی !!

پاشان نۆئیل گوێی لە دەنگی پیاوێکی بەتەمەنی ریش سپی دەبی کە لە نزیکیانەوە راوەستابوو ووتی : ژنی تورك پەردە دادەهێنێتە سەر روویا، بەلاّم کۆتایی کراسەکەی بە کراوەیی دەهێڵێتەوە.

کەچی ژنی کورد پێچەوانەن نۆئیل بۆ دووپات کردنەوەی ئەمەش پەنجە بۆ دیدو بۆچوونەکانی میلنکن رادەکێشی (کەوا لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا لە کوردستانی تورکیا گەڕاوە) و دەڵێت : ژنی کورد ئەوپەڕی شکۆمەندی هەیە، زۆری باوەڕ بە خۆیە، بە پێچەوانەی ژنانی ئەرمەن کە هەمیشە شەرمن و گۆشەگیرن. هەروەها ژنانی کورد لەگەڵ ژنانی عوسمانیش جیاوازن (مەبەستی نۆئیل ژنی تورکە) چونکە ئازادانە رەفتاردەکەن.

ئەنجا ئەیەوی ئەوە بێنێتەوە یادی خۆێنەر کەوا ژنی کورد ئەگەر داوێن پیسی (زنا) ی لێبوەشێتەوە ئەوە کوشتن چاوەڕوانی دەبی هەروەها پیاویش (١٠).

نۆئیل لە شوێنێکی دیکەی راپۆرتەکەیدا دەڵێت : رەوشتی ژنی کورد بەرزە و لە نێو گشت هۆزەکانیشیدا ئەوەی لە رێی لا بدات و داوێنی پیس بێت دەکوژری (٦٨).

لەو باوەڕەدایین ئەم پاکییە یان نیاز باشییەی ژنی کورد لە هولۆیستیدا لەگەڵ پیاودا چ ناسیاو و چ نامۆ رەفتارێکی ئاساییە.

ویلسۆن یش ئەوەی دووپات کردۆتەوە ژنانی کورد لە ژیانیاندا خاوەنی ئازادییەکی ئاساین و ئەمەش لە کاروکردەوەی رۆژانەی ژیانیاندا بەرچاو دەکەوی چ لە کاتی کۆکردنەوەی سووتەمەنیدا بێت یان مەڕ لەوەڕاندن یان هەر کارێکی دی لەسەر قەدپاڵی چیاکان کە لە گوندەکانیان دوور دەکەونەوە (٢٩١).

ئەدمۆندز دەڵێت : ژنی کورد زۆری لا ئاساییە لە هەر شوێنێك بێت بەبی شەرم پێشوازی لە دۆستێکی ئازیزی خێزانەکەی بکات (١٤٧).

ئەمەی ئەدمۆندز باسیدەکات دەشی لە لادی و لە نێو رەشماڵی خێڵدا ببینری، بەلاّم لە شاردا ئەگەر خێزان رەگی لادێی یان خێڵەکی هەبی ناتوانی دیاردەی شەرم و پەشۆکان پشتگوی بخات بە تایبەت کە کۆمەڵێکیان پێکەوە بن و لە پڕ پیاوێك روویان لێبکات و ئەوانیش سەریان کۆت بێت. گومانیش لەوەدا نییە ئەمەش پاشماوەی کارتێکەریی تورکە کە ژنانیان گۆشەگیرو دووره پەرێزن لە شارستانێتی یان (لە پێداویستییەکانی ژیانی پێشکەوتوو).

لە رووی مێژووییشەوە لەسەردەمی حوکمی رەشادی سوڵتانی عوسمانیدا بە پێی یاسایەك لەو کاتەدا دەرچووە پەردە پۆشین لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا وەك سەرجەم کۆمەڵگاکانی ئەو گەلانەی لە ژێر دەسەلاّتی حوکمی عوسمانیدا بوونە پراکتیك کراوە.

شایانی باسیشە کۆمەڵگای کوردەواری ئەوەی لا پەسەند نەبووە و رەخنەشی لێگرتووە وەك چۆن لە هەندی گۆرانی فۆلکلۆریدا رەنگی داوەتەوە، چونکە لەگەڵ سروشتی ئەم گەلەدا رێك ناکەوێت.

لەبەر ئەوە دەبینین هەندی خێزانی شارنشینی کورد گوایە بۆ پتر شارستانی بوون و خۆ نزیك کردنەوە لە ژیانی نوی بە زێدەرۆییەوە ئەوەی پێڕەو کردووە، بۆ خۆجیا کردنەوە لە خەڵکە گشتییەکە کرمانج یان کوردی ناشارستانی.

هانسن پەنجەی بۆ ئەوە راکێشاوە نەریتی لادی وەك شار نییە چونکە خزم یان دۆست و ناسیاو دەتوانن بە ئاسانی لەگەڵ ژناندا بدوێن (٧٢).

لەو باوەڕەشدایین ئەوەی هانسن دەیڵێت لە نێو کۆمەڵگاکانی دیکەی غەیری کوردیشدا بەرچاو دەکەوێت، چونکە بە گشتی لە کۆمەڵگا لادێیەکاندا ژنان جۆرە ئازادییەکیان هەیە، بەلاّم لەگەڵ پێشکەوتنی شاردا سەر لەنوی کۆت خستنەبەر ئازادی ژنان یان سنوور رێژکردنی



ئازادی ژنان وەك لە شارە پێشکەوتووەکانی جیهان دەبینری دەبی بە کارێکیقێزەوەن. لەبەر ئەمە دەتوانین بڵێین گرفتەکە تەنها لە نێو شارە نیمچە شارستانییەکاندایە.

لێرەشەوە دەبینین سۆن بێگەردی ژنی کورد و رەسەنێتی جوان رەفتارکردنی لەگەڵ پیاودا بە بی شەرمی قەڵب دووپات دەکاتەوە و دەڵێت : زیاد لە جارێك لەو گوندانەی سەردانم کردوون رێم کەوتووەتە ماڵی ئەوتۆ پیاو لە ماڵ نەبووە، بەلاّم ژنی ئەو ماڵە ئاسایی میوانداری کردووم بە بی ئەوەی وەك ژنانی تورك یان فارس شەرمی درۆ بیگری.

باسی ئەوەی کردووە چۆن کەیبانۆی ماڵ بە دڵخۆشییەوە پێشوازی لێکردووە. هەر جۆرە خۆراکێکی لە بەردەست بووبی بۆی ئامادە کردووە، کاتێکیش مێردەکەی هاتۆتەوە هێند گوێی نەداوەتی و زیاتر بایەخی بە میوانەکەی داوە بۆیە ئەو خۆی ئەسپەکەی بەستۆتەوە و ئەنجا هاتووە بۆ لای میوانەکە (٨٨-٩).

ئەدمۆندز بە بایەخەوە باسی بابەتی نەریتی میوانداری ژنی کوردی کردووە و دانیشتنیشیان لە نێو دیوەخاندا بە جۆرە چالاکییەکی کۆمەلاّیەتی داوەتە قەڵەم کە لەگەڵ پیاواندا بە ئەنجامی دەگەیەنن. ئەوەشی دووپات کردۆتەوە ژنی کورد نازانی پەردە پۆشین (الحجاب) یان دووره پەرێزی چین (١٤٧).

جلی ئاسایی ژنی کورد بەسەرە پێچیشەوە داپۆشراوە، بەلاّم ژنی کورد بە ئاساییش دەڕوانێتە پیاوو رووی خۆی لێناشارێتەوە، لەم بارەیەشەوە مینۆرسکی دەڵێت : ژنان بە بی خۆداپۆشین و بەوپەڕی ئازادییەوە و بە بی خۆ دزینەوە بەشداری دانیشتنی بە کۆمەڵ دەکەن و بە زۆریش لە وتووێژدا لەگەڵ پیاواندا بەشدارن (٧٤).

دەتوانین لە میانەی دەستەواژەکانی سۆنەوە دەربارەی ژنی کورد پێوەندی لەگەڵ پیاواندا سیما کۆمەلاّیەتییەکانی ژنی کورد دەسنیشان بکەین. بە تایبەت کە باسی ژنانی سلێمانی دەکات و دەڵێت : وەك سەرجەم ژنانی کورد قسە خۆش و تارادەیەك لە ئاخاوتن و رەفتاردا ئازادن، ئەوەی دەیڵێن بە کردەوە دەیکەن و ئاشکراشی دەکەن بەوردی دەڕواننە ئەوانەی بۆیان دەدوێن یان ئەوانەی خۆیان بۆیان دەدوێن، بە دڵیش بۆ قسەی نەستەق و نوکتە ئامێز کە گفت و گۆی کوردی لی پڕە پێدەکەنن (٢٨).

هەندی رەوەندەیش ئەوەیان سەرنجداوە ژنی کورد بە بی کۆت و بە ئازادی لەگەڵ رۆڵەی نەتەوەی خۆیدا دەدوی، بەلاّم گفت و گۆ کردنیان لەگەڵ ئەوروپاییاندا وەك هەی دەڵێت : لا شەرمە (٦٣).

هانسن باسی ئەوەی کردووە کە وای بۆ دەرکەوتووە ژنی کورد هەڵوێستیان بەرانبەر بەخەڵکی بیانی هەیە، ڕەنگە هۆی ئەوەش ئایینی بێت پتر لەوەی خێڵەکی یان کۆمەڵایەتی بێت. هانسن پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە ئەوە ناچاری کردوون پەنا ببەنە بەر پیاوان لە خزمەت کردنی ماڵەکانیاندا، چونکە ژنانی گوندنشینی کورد وەك ژنانی وڵاتانی دیکەی ئیسلامی ئارەزووی ئەوە ناکەن لە ماڵی ئەوروپاییەکاندا کاربکەن (٢٤).

پێشوازی کردنی ژنانی کورد لەو ڕەوەندانەی کوردستان گەڕاون بە تایبەت کاتێك پیاوەکانیان لە دەرەوەی ماڵ بوونە بە جارێك سەرنجی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی ڕاکێشاوە.

سۆن خانمێکی لە هۆزی میللی لە ئۆرفە لە ناوچەکانی نێوان کوردستانی سووریا و تورکیا بە نموونە بۆ هێناوینەتەوە و دەڵێت : ژنی ئەو ماڵە بەیانی زوو کەهێشتا مێردەکەی نووستبوو بە ئاگای هێناوە و خۆی لە گەڵما شتە سووکەکانی بۆ گەیاندمە ئۆتۆمبیلەکە، پاشان کوێخای دی دەرکەوت لەگەڵ دوو یان سی کەس شتە قورسەکانیان بۆ بار کردم. کاتێکیش ئۆتۆمبیلەکە کەوتە ڕی و خواحافیزیم لێکردن وشەی ساکاری هەڵقووڵای دڵی ئەو ژنەم بەر گوی کەوت.

سۆن ئەوەشی درکاندووە کە بەشەو لە نێو ئەو ژوورەدا نووستووە کە خانە خوێکەی و ژنەکەی تیایدا نووستوون ئەوەشمان لە شوێنێکی دیکەی ئەم کتێبەدا باسکردووە.

شایانی باسە سۆن وەك بیانییەك خۆی پیشان نەداوە و تەنانەت جل و بەرگی کوردی لەبەر کردووە و بە کوردیش دواوە. ئەوەشی پی وتوون تورکی نازانی، بۆیە زیاتر لێی دڵنیابوونە و بە برایەکی کوردی خۆیان داناوە هەرچەندەش لە هۆزێکی دی بووە، بەڵام بەهاونیشتمانی خۆیان داوەتە قەڵەم ڕێز لێگرتنیان بە پێویست زانیوە (٦٢).

شمیدت یش لەم بارەیەوە هەندی نموونەی بۆ هێناوینەتەوە بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی ژنی کورد بۆ نواندنی بەهای میوانداری کە ڕەوشتی کوردەواری دەیسەپێنی، لەوە سەری سوڕماوە ئەم ژنانە چۆن بەو جۆرە پەروەردە کراون ئازاد و سەربەخۆ بن و ڕێز لە بەرانبەر بنێن، خۆشحاڵن بە هاتنمان و دەست و برد فەرشمان بۆ ڕائەخەن و سەرینمان بۆ دائەنێن، تا پشوو بدەین جۆرەکانی شیرو پەنیر و نانمان پێشکەش دەکەن (٢٤٠).

لێرەشەوە دەبی مەسەلەیەکی زۆر گرنگ لە یاد نەکەین ئەویش ئەوەیە پەروەردەکردنی ژنی کورد لەسەر بناغەی واتای سوارچاکێتی بەندە. کاتێکیش کەش و هەوای دەروونی گونجاوو لەباربێت بە تایبەت لە ژیانی کوردەواریدا چ لەسەر ئاستی خێڵ و چ لە لادی کە دوورن لە شارەوە ئەو کاتە ژنی کورد لە پاڵ پیاودا وەك سوارچاك دێتە پێش.



باسیل نیکیتین لەم بارەیەوە دەڵێت : ژنانی کورد سواری چاکن و لە سواری مایندا بەرانبەر پیاو دەوەستن، هەرگیز باکیان لەوە نییە بەرەو ترسناکترین چیا هەڵکێشن (٨٨).

لەگەڵ گشت ئەو دیاردانەی کە ئاماژەمان بۆ کردن هیچ شێوەیەك لە شێوەکانی بەڕەڵایی یان پشتگوی خستنی داب و نەریتی ڕۆژهەڵات لە مەسەلەی شەرەفدا نابینری.

هەی بە ڕوونی بابەتی شەرەفی ژنانی بۆ باسکردووین و دەڵێت : شەرەفی ژن بە یاسایەکی توندەوە بەندە چونکە ژن لەهەر پایەیێکی کۆمەڵایەتیدا بێت ئەگەر بەهەڵە ڕەفتار بکات یان گومانی لێبکری چارەنووسی کوشتن دەبی، ئیدی مێردی یان برای یان هەرکەسێکی دی لێی بەرپرسن دەیکوژن، چونکە کورد نامووسی لەلا لە هەمووشت گرنگترە.

هەی هەندی نموونەی لەسەر شێوەکانی لە نێو بردنی ئەو ژنانە بۆ هێناوینەتەوە کە لە ری لا دەدەن، بەڵام داخی بۆ ئەوە خواردووە ئەو یاسا توندە مەبەستیشی (دابونەریت) ە بە هەمان شێوە لەسەر پیاوان پراکتیك ناکری (٩٢).

سۆن کە پتر لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا ژیاوە لە باسی مەسەلەی ژنێك بە ناوی گوڵشەنەوە کە دوایی دێینە سەری گەیشتۆتە سەر ئەنجامێك ئەوە دووپات دەکاتەوە مەگەر بە دەگمەن لە سلێمانی ژنێك هەبی بەدرەوشتی نواندبی (٤٠).

ئەوپەڕی شێوەی هاروهاجی ژنانیش کە سۆن باسیکرد بی ئەو دوو خزمەتکارەیە — وەك ناویان دەبات — کەوا بەرپرس بوونە لە ڕێکخستنی ژوورەکەی لەو ماڵەدا کە میوانداری کردوون، ناچاری لێپرسینەوەیان کردووە وسەرەپێچەکانیان شۆڕ بووەتەوە بە سەریانا و جگەرەیان کێشاوە (٢٩).

سۆن ئەوەی نەشاردۆتەوە کە هەڵوێستی ژنە دراوسێکانی زۆر بەدڵ بووە و کاتێك سلێمانی بەجی هێشتووە بە گەرمی خواحافیزیان لێکردووە.

لە شوێنێکی دیکەشدا ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەوەی لەگەڵ ژناندا گفت و گۆ خۆش دەکات ئەو ئازادییەیە کە ژنان لەو بوارەدا هەیانە و لە ناخی داب و نەریتی کۆمەڵایەتییەوە سەری هەڵداوە و ڕێز و داوێن پاکی خێزان دابین دەکات (٧٣).

بە پێی دیدوبۆچوونی ئێمە ئەم دیاردەیەی ژنی کورد واتە ئەو نیمچە ئازادییەی لە چاو ژنانی دی هەیەتی، هەروەها بایەخپێدانی پیاو بە ژن و باوەڕپێکردنی بەڕادەی بەرز ناشی کارێکی بی هۆ بی، بەڵکو لەو باوەڕەداین هۆکاری مێژوویی ئایینی و ئەنثروپۆلۆژی ئەوتۆی لە پشتەوەیە کە ڕەگی لە مێژوودا قووڵە و پێکەوە بوونەتە هۆی بەرپا بوونی ئەو دیاردەیە کە

رەنگە تەنها بیانییەکان نەك کوردەکان خۆیان هەستی پێبکەن، چونکە ئەوان لەچاو نەتەوەکانی دی بە جیاوازی دەزانن.

ئێمە وا دەبینین رەگی زەردەشتی لەرووی کۆمەڵایەتییەوە هەتا ئێستا لە نێو خێزانی کورددا ماوەتەوە، ئاینی زەردەشتیش ژنی پشت گوی نەخستووە، بەڵکو ئەوپەڕی بایەخی پێداوە چ لە رووی تەندروستی و چ لە رووی مافەکانییەوە. ژن هەرگیز لە پیاو کەمتر نییە، تەنها ئەو کاتە نەبێ شەرەفی پێشێل بکات لە یاسای زەردەشتدا تەنها پیاو مافی ئەوەی نییە داوای کچ بکات، بەڵکو کچیش مافی هەیە داوای پیاو بکات و یەکێکی بۆ بنێری ئەو داواکارییەی پێبگەیەنی. رەنگە پاشماوەی ئەم نەریتانە هەتا ئەمڕۆ لە نێو هەندی تیرەی زەردەشتی پارێزراودا مابی.

ئەمەش شوورەیی لێناکەوێتەوە بەڵکو شوورەیی لەوە دایە پیاو ئەگەر پاساوی تەواوی نەبێ ئەوە رەت بکاتەوە.

ئایا ئەمە هەندی پاشماوەی چەرخی ئەمەوییەو هەتا ئێستا کاریگەرییان ماوە، وەك چۆن هەندی لە پاشماوەی زەردەشتییەکان خۆیان بە ئەمەوی دەدەنە قەڵەم ؟!

لە راستیشدا لە کوردستانیش وەك رۆژئاوای ئاسیا و دەشتی باشووری رووسیا و هەندی لەو شوێنانەی شوێنەواری ئەو ئایینەیان تیایە کە بریتین لە بڕی پەیکەر و دەمامکە کە ژن لە قۆناغە جۆر بە جۆرەکانی دایکایەتیدا دەنوێنن، لەو پەیکەرانەش ژنی سك پڕ کە ئاماژەیە بۆ هێزی مەزنی سروشت و بە پیت و بەرەکەتی سروشتی لەدایکبوون گشت ئەمانەش قۆناغێك دەنوێنن کە ژنان تیایدا پلەو پایەیێکی بەرزیان هەبووە.

لەو شوێنانەش وەك ئەو شوێنەوارانەیان تیا دۆزراونەتەوە کەوا یەکپەیکەری مێینە دەنوێنن و لە گەوهەرو دوڕو بەردی گرانبەها دروست کراون ئەو شوێنەیە کە بە چەرمو ناو دەبرێت و ٣٥ کم دەکەوێتە رۆژهەڵاتی شاری کەرکووکەوە.

چەرمو بە پێی فەرهەنگەکانی شوێنەوار بە کۆنترین گوندی سەردەمی پێش نووسینەوەی مێژوو دادەنرێت کە پێش نزیکەی دە هەزار ساڵ ئادەمیزادی تیا نیشتەجی بووە، ئەمەش لە کتێبی سلماستیان ئاکرەییدا هاتووە (١٩).

بێجگە لەوەی لەسەرەوە باسمانکرد ناوچەی (نوزی) کە لە هەندی فەرهەنگدا بە (نوزا) یان (نوزو) گۆ دەکرێت و دەکەوێتە نزیك شاری کەرکووکەوە، حوورییەکان و دوایش سۆمەرییەکانی تیای نیشتەجی بوونە.



حوورییەکان ئەو هۆزانەن کە رەگەزیان دەگەڕێتەوە بۆ ناوچە شاخاوییەکانی نێوان دەریاچەی وان لە کوردستانی تورکیا و دەریاچەی ورمی لە کوردستانی ئێران. لە راستیشدا ئەم هۆزانە لەو ناوچانەی ئاماژەمان بۆ کردن کشاونەتەوە و لە کۆتایی هەزارەی سێیەمی پ.ز لەو ناوچەیە جێگیر بوونە کە بە (صبراتو) ناوی دەبرێت کەوا بریتییە لەو ناوچانەی دەکەونە نێوان پارێزگای دیالەوە بەرەو سنووری ئاسیای بچووك (ئەنازۆڵ) حوورییەکان لە سەردەمی بابلی کۆندا زۆربەی دانیشتووانی ناوچەی باکووری رۆژهەڵاتی رووباری دیجلە و باکووری سووریایان پێك هێناوە و لە نزیك چیاکانی زاگرۆس جێگیر بوونە و لە تەواوی ناوچەکەدا جی نیشین بوونە.

لێکۆڵینەوەو ئاسەوارەی مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە وێڕای بوونی نەریتی هاوبەش لە نێوان کۆمەڵگای ناوچەی (نوزی) کە وەك باسمانکرد حوورییەکان بوونە و لە نێوان کۆمەڵگا نزیکەکانی دی کەوا ئافرەتیان چەوساندۆتەوە یان دەسەڵاتی بەسەر ژناندا تیا زاڵ بووە، ئەو لێکۆڵینەوانە روونی دەکەنەوە ژنان لە نێو کۆمەڵگای نوزیدا لەچاو کۆمەڵگاکانی دەوروپشت خاوەنی کەسێتی سەرکردایەتین یان دەسەڵاتیان هەیە. کچە شازادەیەکیان هەبووە پاشای گشت ژنانی بنەماڵەی دەسەڵاتداربووە، دەسەڵاتی فراوان بووە و بەسەر خاکێکی گەورەدا شکاوە و ژمارەیەکی زۆریشی مەڕو ماڵات و کۆیلە هەبووە.

لە کۆمەڵی ژنانی ئەو سەردەمەشدا ئەوە دەردەکەوی کە ژن مافی سەرپەرشتی کردنی مندالانی هەبووە و لە باری تایبەتیشدا لێیان بەرپرس بووە.

بۆ باشتر گەیشتنیش بەم بابەتە باش وایە بگەڕێنەوە بۆ لێکۆڵینەوەکەی (کوردۆن) (ڕەنگدانەوەی پایەی ژنان لە ژمارەکانی نۆزیندا) (٤٢-٤٣).

لە کتێبە گرانبەهاکەشیدا کە وەرنەگێڕدراوە (**محاطرات في الشرق الادنی**) (١٠٥-١٩) دیموکراسییەتی ژن خواستن و پایەی ژن و بە دەگمەنیی جیا بوونەوە (تەلاقدان) و رێژەی قوربانی دانی پیاو لە پێناو ئافرەتدا بە شێوەی گشتی و ژنی خۆی بە شێوەی تایبەت روون دەبێتەوە.

ئێمە نامانەوێت بچینە نێو پێچ و پەناکانی مێژووەوە بە گوێرەی ئەوەی ئەمانەوی بڵێین ئەو ناوچەیەی (کۆردون)پەنجەی بۆ راکێشاوە ئەمڕۆ کوردستانی ئێستا دەنوێنی، لەبەر ئەوەش جیناتی میرات گەری بە درێژایی مێژووی بایۆلۆژی دەگوێزرێتەوە بۆیە گەلێك لەو بەهایانە وەردەگیرێن و بە درێژایی مێژووی سۆسیولۆژی دەگوێزرێنەوە و دەبنە مایەی هەستی سەربەچێتی.

ئەگینا ئەگەر وانەبی پێوەندی تەها حوسەین بە خۆفۆو ئەهرامەکانییەوە چییە ؟ یان پێوەندی رۆشنبیری ئەمرۆی لبنانی بە فینیقیاوە چییە ؟ یان پێوەندی رۆشنبیری عێراقی چ شاعیر و چ نووسەر و چ چیرۆك نووس بە سۆمەرو ئەکەدەوە چییە ؟... هتد

ئێمە وێڕای حوکمی سەختی مێژوو و گشت شێوە هەوڵەکانی لە نێو بردنی بە کۆمەڵ و ڕەوو، نەخاسمە شێوەکانی ئەو جەنگەی ناوچەکە تیایدا ژیاوە لەبەر ئەوەی گۆڕەپانی کوشتن و کێشەی بەردەوام بووە لە نێوان دوو ئیمپراتۆرییەتی دڕندە و بۆ ماوەی چەند سەدەیەك هێشتا توانیوویەتی ناسنامە و تایبەتمەندێتی خۆی کە لە ناخی مێژوودا چەسپاوە بپارێزی.

## کارو پیشەی ژنی کورد

باسیل نیکیتین کارو کردەوەی ژنی کورد، واشدیارە مەبەستی ژنە کوردی لادێیە، بەوە باسدەکات کە کۆمەڵە ئیش و کارێکی قورسی ناو ماڵ بە ئەنجام دەگەیەنی، چونکە ئەوان ماڵ بار ئەکەن و دائیەگرن، بۆ مەڕ دۆشین رووەو هەورازەکان هەڵدەکشێن، بۆ سووتەمەنیش چیلکەو کۆترەدار کۆئەکەنەوە و بۆ چێشت لێنان بەکاری دێنن، لەگەڵ ئەم کارانەشدا منداڵەکانیان پشتگوی ناخەن و لەسەر کۆڵیان دەیانبەستن. نیکیتین لەو باوەڕەدایە هەموو ئەم کارە قورسانە دەبنە هۆی ئەوەی ژنان زوو نیشانەکانی جوانی و مێینەتی خۆیان لە دەس بدەن و بە پێچەوانەی ژنانی ماڵە گەورەکان کە ژیانی خۆش بەسەر دەبەن و خۆیان لە ئەرکی قورس دوور دەگرن (٨٧).

ئەم بۆچوونەش لەگەڵ رای سایکس ناگونجی سەبارەت ئەوەی ژنی کورد ماوەیەکی دوورو درێژ مێینەتی خۆی دەپارێزی کە لەوەوپێش ئاماژەمان بۆ کرد.

ئەدمۆندزیش وادەبینی ئەرکی ژنی کورد لە ئەرکی ژنانی دراوسێی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا کەمتر نییە، کە دەبی کاری قورس بە جی بێنی لە پێشەکیشیانەوە ئەوەیە بەیانییان زوو جەرەی ئاوی سارد بەشان دەگوێزنەوە بۆ ماڵ و بەو بەیانییەش هەر لەسەر کانییەوە تا نێو ماڵ تك تك ئاو دەتکی بەسەر لەشیاناو جلەکانیان تەڕ دەبی، بەرانبەر بەمەش هەرگیز پیاوێکی نەبینیوە ئەوە بکات.

بەهەر حاڵ ئێمە لەم بۆچوونەدا بەشداری ئەدمۆندز دەکەین، بەڵام بەشداری نەکردنی پیاو لە گواستنەوەی ئاودا دیاردەیەکە گشت پیاوانی رۆژهەڵات دەگرێتەوە، رەنگە هۆی ئەمەش ئەوەبێت ژنان زیاتر پێویستیان بە ئاو هەیە بۆ تەواوکردنی ئیش و کاری ناو ماڵ، شایانی



باسیشە قاب و جل بە زۆری لەسەر کانی یان لێواری رووبار دەشۆرێن هەروەها منداڵانیش لەوی دەشورێن. وێڕای ئەمەش پیاو سەرقاڵی کارو باری کێڵگەو شوانییە و بەردەوام لە ماڵ دوورە، کەچی پێوەندی ژنان بە ماڵەوە زیاترە، چونکە کاروباری ناوماڵ بەڕێوە دەبەن.

رابیعە خان ژنێکی خەڵکی سلێمانی بووە و هێند گورج و گۆڵ بووە سەرنجی ئەدمۆندزی راکێشاوە و بە کەسێتییەکی داناوە شایانی رێز بووە، ئەم خانمە سەرۆکی نانەواکان بووە.

ئەدمۆندز دەڵێت: لەهەر شارێکی رۆژهەڵاتدا دەستەبەرکردنی نان کارێکی ئاسان نییە، بۆیە کارگێڕی ناوخۆیی زۆر جار تەگەرەی بۆ دروست دەکری تا نەتوانی بە ئاسانی کارەکانی بە ئەنجام بگەیەنی.

نەبوونی نانیش کارتێکەریی گەورەی لەسەر هێڵی بەرگری دەبی.

رابیعە خان لەو ژنە بەهێزانە بووە کە وێنەی بە دەگمەن لە کوردستاندا هەبووە، رەنگە لەبەر خۆشەویستی شێخ مەحموود بەو جۆرە کاری نەکردبی بەڵکو لەبەر دڵسۆزی بۆ پیشەکەی خۆی، چونکە ئەوپەڕی دڵسۆزی بۆ کارگێڕییەکەی نواندووە، هەمیشە بە دروستی رێنومایی ئاڕاستەی نانەوا هاوکارەکانی کردووە و دەسەڵاتیشی بەسەریاندا بەهێز بووە، بۆیە توانیوویەتی ئەو دەسەڵاتدارێتییە لە گشت شێوەکانی گیرو گرفتی خۆراك رزگاربکات (٨٣).

وا دیارە شمیدت ویستوویەتی لە میانەی باسی ژیانی دایکێکی کوردەوە کە هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە سەرقاڵی ئیش و کار بووە پیشەیەکمان بۆ شیبکاتەوە، لەگەڵ دیمەنی ژنێکی کوردی گوندنشیندا رووبەرووومان دەکاتەوە تابلۆیەکی پڕخەم و ئازار و ئەرك و کاری قورس و نائارامی بەردەوام نمایش دەکات و دەڵێت : دایکێك لە سەرەتای ژیاندا لە سەرخۆی بە هەورازدا هەڵدەکشی و منداڵەکانی و چوار پێنج سەر بزن دەخاتە پێشی قاپ و قاچاغی پێویست بە کۆڵ هەڵدەگری و هێسترێك بە بارەوە لێدەخوڕی و بەدەم رێوە گۆزەوی دەچنی و ئێوارەش بەرەو گوند شوڕدەبێتەوە و کە دەگاتەوەماڵ ئاگردەکاتەوە و بڕی نان دروست دەکات. بۆ سبەینێش شەبەق لەخەو رادەپەڕی. مەشکە دەژنی و ماست و کەرە دروست دەکات (٢٤).

هانسن وێنەیەکی جوانی کاری دروێنەی پێشکەش کردووین کە ژنانیش بەشداری تیا دەکەن و کاری قورسیان دەکەوێتە ئەستۆ لەوانەش گوڵ کۆکردنەوە و کۆڵکێشان (١٠٤). وێڕای بزن دۆشینی ئێوران و بەیانیان، کەچی برانت ئاماژەی بۆ کارێکی دیکەی هاوبەشی ژن و پیاو کردووە ئەویش پیشەی کۆکردنەوەی چرێشە (٩٨).

تۆما بوا باسی رۆڵی ژنانی لە دروست کردنی ماست و پەنیردا کردووە کە لە بوارێکی دیکەی ئەم کتێبەدا باسیکرا. هەروەها تۆما بوا پەنجەی بۆ کارێکی تری ژنان درێژ کردووە کە ئەویش رستنە چونکە لە سەرانسەری کوردستاندا ژنان خوری مەڕەکانیان دەرێسن، زۆر جاریش دەست لە ئیشی دی هەڵدەگرن بۆ ئەوەی بە تەشی خوری برێسن، هەندێکیشیان کاری چنینیش بە ئەنجام دەگەیەنن. لە شوێنێکی دیدا تۆما بوا دەڵێت : ژنان گشت جۆرە بەڕەو فەرشێك لە خوری نایاب یان موو دەچنن، وێنەی جوان و هەمەرەنگیان تیا دروست دەکەن کە زینەوویێتی دەردەبڕن (٣٤-٣٥).

ئەگەریش لە سەرچاوەکانی پێشوو وردبینەوە دەبینین زۆربەیان ئاماژە بەوە دەدەن کە رەوشتی ژنی خێڵەکان لە ژنی لادێی و ژنی لادێییش لە شارنشین پتر موکوم ترە. رەنگە ئەم دیاردەیەش پەیوەست بێت بە سروشتی کاری هاوبەشی ئەو کاتەی نێوان ژن و پیاوەوە.

لەم بارەیەشەوە هانسن ئاماژەی بەوە داوە ژن و پیاو لە لادێدا پێکەوە کاردەکەن کەچی لە شارەکاندا پێچەوانەیە بە جیا یان بە سەربەخۆ کار دەکەن (٧٢).

لە راستیشدا ئەمڕۆ بە هۆی هۆکاری گەشەسەندنی شارستانێتییەوە لە کوردستاندا ژیانی خێڵەکی کرژ بووەتەوە و ژنان لە خولی نیشتەجی بوونی لادی یان لە شار دەژین وێڕای هۆکاری شارستانێتیش هۆکاری رامیاریش رۆڵی گێڕاوە لە هەنگاونانی خێرادا لە ژیانی خێڵەکییەوە بەرەو ژیانی لادی یان شاردا.

ئەو بیرو بۆچوونانەی لە سەرەوە نمایشمان کردن رەنگدانەوەی هەمووو واقیعەکە نییە، چونکە هەندی رەوەند ئەوەیان سەرنجداوە ژنی کورد لە ماڵی خۆیدا دەمێنێتەوە مەبەستیش شارەکانە. لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆری ژنانی کورد لەوانەی وەختی خۆیان تەنها بۆ کاروباری ناوماڵ تەرخان کردووە و پیاویش رۆڵی تەواوی خۆی لە دەرەوەی ماڵ دەبینی لە پێناو دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان. هانسن ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە لە هەندی شوێنی وەك سلێمانی و دوکان ژنان لە دەرەوەی ماڵ کارناکەن وەك چۆن لە ئەوروپا باوە. تەنانەت ژنانی کورد بەو جۆرە داپیرۆچکەیە دەشوبهێنی کە لە هێلانەکەیدا ماوەیەکی دوورو درێژ دەمێنێتەوە، بەلام ئەمان واتە ژنانی کوردستان هەموو شتی دەزانن، ئاگادارن چۆن مەسەلەکان رادەپەڕێنرێنن بە پێچەوانەی ژنانی کارگەکانی ئەوروپا (٦١).

گومانیش لەوەدا نییە ئەمڕۆ کۆمەڵگای کوردی لە پیشەی خۆیدا پێشکەوتووەو ژنان چەندین پیشەی نوی فێر بوونە کە لە رابوردوودا نەیزانیوە.



لەبەر ئەوەش نمایشی کارو پیشەی ژنی کورد دەکەین پێویستە ئاماژە بۆ ئەو ماندوبوونە بکەین کە کچانی کورد دووچاری بوونەتەوە چ لە کارو باری نێو ماڵ بێت یان کێڵگە، جێگای خۆشێتی واقیعی ژیانی کچە کورد باسبکەین، کە هەر لە منداڵییەوە خزمەت گوزارە.

دیارە باری ژیانی سەختی کچە کورد زۆر کاری لە هەستی هانسن کردووە ئەو شێوە سەودا کردنە قورسەی کە هەندی کەس و کار لەگەڵ کچەکانیاندا کردوویانە بە نامرۆڤایەتی داوەتە قەڵەم ؟

هانسن خەمی زۆری بۆ خەجە خواردووە کە کچێکی بچکۆڵە بووە، تەنانەت ویستوویەتی لە داخی ئەودا بە زووترین کات ئەو گوندە بەجی بهێڵی کە ئەوی تیا بینیوە، چونکە نەیتوانیوە ئەو ئازارە بکێشی کە خەمی ئەو بۆی دروست کردووە، دەڵێت : کچێك بوو خزمەتی هەمووانی دەکرد هێند کاری دەکرد پێستی دەستی قلیشابوو، لە دەست و پەنجەی کچی نەدەکرد. خەجە کچی ژنێکی تەلاق دراو بوو لەگەڵ باوکی و باوەژنەکەیدا دەژیا، رەنگە ئەمەش هۆکارێکی ئەو ژیانە تاڵەی خەجە بێت کاتێکیش لە بەرنامەی کاری رۆژانەی خەجی وردبینەوە کە لە بەیانی زووەوە دەست پێدەکات تا درەنگی شەو و بە پێشکەش کردنی سینی چای کۆتایی پێدێت لەبەر ئەوەی دەبی یەکە یەکە لەسەماوەرەکەوە چایان بۆ بەری بەو شێوەیە ژیان دەباتە سەر، شەوانیش بە کۆڵی خەم و پەژارەوە پێڵوی چاوی قورس دەبی و خەو دەیباتەوە (٧٣).

لە میانەی ئەم وێنەیەوە نموونەیەکی واقیعی باری ژیانی کچە کوردان سەرنج دەدەین بە تایبەت لەو کۆمەڵگا لادێی و شارنیشنانەی رەگی لادێی هەڵدەگرن یان خێزانە پارێزراوەکان، لە راستیشدا لە چاو باری ژیانی کچانی کۆمەڵگا شارستانێتییەکان کە بایەخێکی زۆر بە منداڵ دەدەن واقیعێکی تاڵە.

لێرەشەوە پێویستە ئەوە باسبکەین کە شمیدت بایەخی زۆری بە رۆڵی ژنی کورد داوە لە پشتگیری کردنی پیاودا بە ئامانجی بەرەو پێش بردنی، لە پێناو ئەوەشدا ئەوپەڕی زەحمەتی کێشاوە. شایانی باسە شمیدت مەبەستی کوردی کوردستانی باشوور بووە (٢٤١).

## پەیوندی کۆمەلآیەتی

دەتوانین لە میانەی دیدوبۆچوونی رەوەندو رۆژهەلآتناسەکانەوە رووناکی بخەینە سەر هەندی شێوەی پێوەندی کۆمەلآیەتی ژنی کورد. لە راستیشدا هانسن پتر لەوانی دی بە روونی باسی پەیوەندی کۆمەلآیەتی ژنی کوردی لە لادی و لە شاردا کردووە، ئاماژەشی بۆ جوانی

دیمەنەکانی ئەو گوندە کردووە کە تیایدا ژیاوە، تەنانەت بۆ ژنان بە پێویستیشی زانیوە چونکە لەسەر کانی یەکدی دەبینن و هەواڵی یەکتر دەپرسن هەروەها لەوی دەسنوێژ هەڵ دەگرن و لەسەر تاشەبەردی لووس نوێژ دەکەن (٦٧).

لە دیدو بۆچوونەکانی هانسنەوە ئەوە هەڵ ئەهێنجێنین کانی وەك مەڵبەندێکی کۆمەڵایەتی سەرەتاییە ژنان دەوری دەگرن لە نێو یەکدا وتووێژ گەرم دەکەن.

ئەمەی هانسن باسیکردووە گشت کوردانی لادی لێی ئاگادارن، چونکە لە هەموو گوندێکی کوردستاندا کانی و جۆگەی ئاو هەن، تەنانەت ئاوکێشان لە کەلتووری شیعرو گۆرانی کوردیدا رەنگی داوەتەوە.

هانسن لە باسی شاریشدا نموونەی سەردانێکی ژنانی بۆ ماڵی یەکێکیان هێناوەتەوە و زۆر بەوردی باسی ئەو دانیشتنەی کردووە کە چەند سەعاتێکی خایاندووە و هەموو ئەو ژنانەش لە تاکە یەك پەرداخدا ئاویان خواردۆتەوە. بە باوەڕی ئێمەش ئەوە دیاردەیەکی گشتی نییە چونکە گەلێك خێزانی کورد هەن کە ئاو پێشکەش میوانەکانیان دەکەن هەریەکە پەرداخێکی تایبەتیان بۆ تەرخان دەکەن. ئەنجا ئەوەی باسکردووە لە دوای ئاو ماستاوو ئەنجا چاو پاشانیش چەرەزیان پێشکەش کردوون  کە بریتی بووە لە ناوکە کوولەکەو شووتی و گوڵەبەرۆژە. دوایی میوەیان پێشکەش کردووە وەك خەیار و کاڵەك و شووتی، دانیشتنەکەشیان لە ناوەڕاستی خانووەکەدا بووە.

هانسن ئەوەشی سەرنج داوە کە هەندی لە دایکان لە کاتی سەرداندا منداڵەکانیان لەگەڵ خۆیان دەبەن کاتێکیش سەردانەکە درێژەبکێشی منداڵەکانیان خەویان لێبکەوی ئەوە بە نووستوویی هەڵیان دەگرن و دەیانبەنەوە، لە شوێنێکی دیکەی کتێبەکەشدا دەڵێت : دایکێك لەگەڵ خۆیدا منداڵێکی نەخۆشی هێناوە و لە ژووری دانیشتنەکەدا جێگای بۆ راخستووە بنوی، ئەویش هەر جار نەجاری لە ئازاری لەشیا سەری بەرزکردۆتەوە و ئێشی لەشی دەربڕیوە (٥٩-٦٠). ئەمەش لای ئەوروپاییەکان پەسەند نییە چونکە وا بە باش دەزانن منداڵی نەخۆش لە شوێنی خۆیدا پشوو بدات باشترە.

واقیعی ژنی کورد پەیوەستە بە واقیعێکی کۆمەڵایەتی مێژوویی گەورەتر لەوەی ژن دەسەڵاتی بەسەر تێکڕاییەکانیدا بشکی، بۆیە هەندی جۆری هەڵس و کەوت هەیە لای ئەوەی لە دەرەوە ژیابی نائاساییە کەچی ئەوەی لە واقیعەکەدا دەژی بە ئاسایی دەبینی، وێڕای ئەوەی شەپۆلی گۆڕانەکەش زۆر لەسەر خۆیە، بەڵام بە کارە و لە ژیانی کۆمەڵگای کوردیدا



نەوەستاوە، دەبێ سەرنجەکانی هانسن کە لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا تۆماری کردووە لەیاد نەکەین؛ بۆیە ئێمە ئەمڕۆ واقیعی ئێستا بەو جۆرە باس ناکەین کە لە پەنجاکاندا تۆمارکراوە. چونکە کۆمەڵگای کوردی و ژنی کورد گەلێك گۆڕانکارییان بە خۆیانەوە بینیوە.

هەڵپەڕکی یەکی لە هۆکارەکانی پێوەندی کۆمەڵایەتی کات بەسەربردن بۆ  ژنی کورد پێك دەهێنی. ریچ لەم بارەیەوە دەڵێت : هەڵپەڕکی لای ژنانی کورد ئارەزوویەك پێك دەهێنی. هەندی جاریش هەر لە خۆیانەوە بەشداری شایی و هەڵپەڕکی دەکەن رەنگە هەندی سووکە دیاریش لەگەڵ خۆیان بۆ بووکەکە بهێنن تا رێگایان پی بدری هەڵپەڕن.

ریچ ئەوەی زۆر پێخۆش بووە  ئەو ژنانەی بینیوە بە سفووری لە نێو کۆمەڵی پیاواندا هەڵپەڕیون (٢٠٤).

تۆما بوا دەڵێت : کاتێك ژنانی لادی لە هەڵپەڕکێدا بەشداری دەکەن شتێکی دەگمەن نییە تەنانەت ئەو جۆرە هەڵپەڕکێیە پێی دەڵێن رەشبەڵەك، بەڵام تۆما بوا لە شیکردنەوەی وشەی رەشبەڵەکدا سەرکەوتوو نەبووە چونکە وتوویەتی (نەگونجاو) دەگەیەنی، چونکە لە راستیدا رەشبەڵەك لە رووی زمانەوانییەوە کۆکردنەوەی دوورەنگ پێکەوە دەگەیەنی بە زۆریش کۆی هەر دوو رەنگی رەش و سپی دەگرێتەوە. تەنانەت لە کۆندا کوردەکان وەك زاراوە بۆ نووسین بەکاریان هێناوە ئەوەش لەبەر رەشی رەنگی مەرەکەب و سپێتی کاغەز، بەڵام لە هەڵپەڕکێدا کۆی هەردوو رەگەزی نێرو مێ دەگرێتەوە، لێرەشدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین هەڵپەڕکێی تێکەڵی نێوان هەردوو رەگەز لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا ئەوپەڕی پلەی بی گەردی دەنوێنی. مایەی شوورەییشە ئەگەر یەکی ئەو هەڵپەڕکێیە بەهەل بقۆزێتەوە بۆ کاری گێچەڵکاری یان تەنگاو کردنی ژنێك کە ئەوەش بە پێی داب و نەریتی کوردەواری زۆر ناشیرینە و هەرگیز نابی رووبدات، دەسەڵاتی کۆمەڵیش لە گشت هێزێك بە توانا ترە (٧٢).

بەڵام دەبی ئەوەش پشتگوی نەخەین هەڵپەڕکێی رەشبەڵەك کە هەردوو رەگەزی نێرو مێ تیا بەشدارە هەلی گونجاو بەرپا دەکات بۆ ئەوەی ئەو دیدارە دڵگرتنی لە دوا بی و دواییش زەماوەند.

## جوانی ژنی کورد

کاتێك سۆن باسی رەوشتی ژنی کوردی کردووە ئەوەشی لە یاد نەکردووە بڵێت: جوان و ئیسك سووکیشن (١٨٨).

هینری فیلد کە بە لێکۆڵینەوەی ئەنثروپۆلۆژییەوە لە ناوچەی رۆژهەلأت ناسراوە، لێکۆڵینەوەیەکی گرنگی لەسەر هەردوو کوردستانی باکوور و باشوور ئامادە کردووە و لە میانەی پێوەری وردو ئەژمارەی زانستیانەوە توانیوویەتی تایبەتمەندێتییەکانی کەسێتی کورد — نێرو می — دیاریبکات و لە ژێر ناونیشانی مێینەی کورددا ئەژمارتنی ورد دەبینن کە لەسەر نموونەی وێنەی فۆتۆگرافی نەگۆڕ ئەنجامی داوە، بە هەمان شێوەش بۆ نێرینە ئەوەی کردووە، نەك تەنها بۆ گەلی کورد، بەڵکو بۆ عەرەبی بادیەی باکووریش هەروەها هی دیکەش پێشمان خۆشبوو خوێنەر لە تێکڕایی لێکۆڵینەوەکە ئاگادار بکەینەوە، بەلأم لەبەر فراوانی بابەتەکە تەنها بە ئاماژەکردن بۆ کورتەکەی دادەکەوین. دەڵێت : ژنی کورد بە بەراورد لەگەڵ ژنانی عەرەبی عێراقی پێستی کاڵە و قژیشی قاوەییەکی تۆخەو بێجیشی ساکاری تیایە و لە رووی چڕوپڕیشەوە ناوەنجییە.

چاویشی قاوەییەکی تۆخە، شێوەی لای لووتیشی لە سەرەوە بەرزە یان چاڵە، لووتیشی کەروێشك ئاسایە یان ناوەنجییە یان پان بە گشتیش تەندروستی هەموارە، بالأشی ناوەجییە (٦٣).

هانسن شوێنەواری کارتێکەری خۆری لەسەر پێستی ژنانی کورد بینیوە، کە لە جوانی کەم کردۆتەوە، هانسن دەڵێت : دەتوانری بە ئاسانی ئەو ژنانەی لە نێو ماڵن لەگەڵ ئەوانەی لە دەرەوە کاردەکەن لە رێگای پێستیانەوە لە یەك جیا بکرێنەوە.

هانسن بە کورتی ئاماژەی بۆ ماکیاجی ژنی کورد کردووە و دەڵێت : کل بۆ جوانکردنی چاویان بەکاردێنن و خەنەش بۆ جوانکردنی دەست و قاچیان کەوا رەنگێکی وەك رەنگی گێزەی لێدەکەوێتەوە و مەیلەو قاوەیی دەڕوانی، ئەگەر بۆ یەکەمجار بیبینی ناشیرین دێتە پێش چاو، بەلأم پاشان بە جوانی دەیبینی (٣١).

هەندی لەو رەوەندانەی سەردانی کوردستانیان کردووە لەو باوەڕەدان ژنی کورد جوانە، بەلأم بۆ ماوەیەکی زۆر ناتوانی جوانی خۆی بپارێزی، لە چاو ژنی نەتەوەکانی دی زوو جوانییەکەی لە دەست دەدا.

هۆبارد کە لە هەڵەبجەوە گەیشتۆتە ناوچەی هەورامان و لە نێو گوندەکانی وەك تەوێڵەو بیارە ژیاوە باسی ئەوەی کردووە دەڵێت: ژنانی ناوچەکە لە تەمەنی گەنجیدا جوانن و ئەم شوێنەش پتر لەهەر شوێنێکی دی سەرنجی راکێشاووم، چونکە بە باز کوتانێکی خێراو لە پڕ تەمەنی لاوی دەگۆڕێ بە تەمەنی پیرێتی. بۆیە ئەگەر بڕوانی گەلی کچی جوانی تەمەن ١٧-



١٨ سالأن دەبینی، هەروەها بە هەمان شێوەش ژنی ماندوو پشت کۆم دەبینی، ئەم ژمارەیەش یەکسانە لەگەڵ ئەوی دیدا. هۆبارد لە باسی ئەو سەرسوڕمانەشیدا دەڵێت : چاوی بە ژنێکی تەمەن مامناوەنجی نەکوتووە کە لە ناوەڕاستی تەمەنیدا بێت.

چونکە قۆناغێکی مامناوەندی لە نێوان ئەو دوو قۆناغەدا نییە (١٨٥-٦).

دوور نییە سەرنجەکانی هۆبارد دروست بن یان نەو، بەلأم بە پێی بۆچوونی زانستی ناشی ئەوەی ئەو لە ناوچەی هەوراماندا بەدیکردووە بەسەر گشت ناوچەکانی کوردستاندا بچەسپی.

ئەگەریش سەرنجەکانی دروست بن باوەڕ ناکەین هێند پێوەندی بە رەگی کوردییەوە هەبی بەگوێرەی ئەوەی پێوەندی بە ژینگەو سروشتی ناوخۆی ناوچەکەوە هەیە وەك جۆری ئاو یان ئەو نەخۆشییانەی لە ناوچەکەدا بلأون یان هەر هۆیەکی دی. چونکە هەندی رەوەندی دی کە سەردانی ناوچەکانی تری کوردستانیان کردووە (کوردستانی تورکیا) بە پێچەوانەوە ئاماژەیان بۆ ئەو دیاردەیەکردووە وەك مارك سایکیس کەوا لەم بەشەی کتێبەکەدا باسکراوە.

فرێزەر دەڵێت: سەرنجەکانی گەیاندوویانەتە ئەو باوەڕەی کەوا کچانی کورد هەتا بلێی جوانن، بەلأم کاتێك گەورە دەبن یان تەنانەت دەگەنە خولی پێگەیین ئەو نیشانانەی کە لە پیاویان جیادەکاتەوە بە جۆرێك دەگۆڕڕێن کە بێن بە هێمای پیری و سیس بوون بۆیان (٥٩).

لە راستیشدا ئێمە لە رووی زانستی یان بەرنامەی زانستییەوە لەگەڵ (فرێز) نیین لە لێکۆڵینەوەی دیاردەکانی گۆڕانکاری کۆمەلأنی خەڵکدا، چونکە وەك ئەوەی بڕیارە دەبی لەسەر سەرئەنجامی لێکۆڵینەوەی چڕوپڕ بەندبێت. واتە لێکۆڵینەوە و بە دواداچوونی گۆڕانکاری لەسەر نموونەی چەند ژنێکی دیاریکراو، کە ئەمەش جۆرە تەکنیکێکی زانستی لەخۆ دەگری ئێستا لێرەدا بە پێویستی نازانین باسی بکەین.

یان لە میانەی بەرنامەی بەراوردکارییەوە لە نێوان ژنی کورد و نموونەی دی لە ژنانی نەتەوەکانی تر ئەویش لە پاش لەبەرچاو گرتنی هۆکاری گونجاندنی نموونەکان بە تایبەت لە رووی تەمەنەوە کە دەبی وەك یەك بن.

لەم بارەیەشەوە سایکس بە تەنها وەك ئاماژەمان بۆ کرد رای پێچەوانە دەردەبڕی و دەڵێت : ژنی کورد تا تەمەنی نزیکەی ٤٠-٥٠ سالأن چالاکەو نیشانەی سیس بوونی لێدەرناکەوی.

لە میانەی نووسینی رۆژهەلأتناس و رەوەندەکانەوە لەسەر ژنی کورد ئەوەمان بۆ دەردەکەوی کە بە دەگمەن باسی مەسەلەی ماکیاجیان کردووە، هۆی ئەمەش بە لێکدانەوەی ئێمە ئەوەیە ژنی کورد هێند هۆگری کەرەستەو ئامێری جوانکردنی دەم و چاوی نییە ئەمە لە

لایەك لە لایەكی دیبیەوە دەبینین ژنی كورد لە پێشا پتر لە ئێستا خۆی لە مەسەلەی ماكیاج دوور گرتووە، سەرباری ئەوەش زۆربەی رۆژهەڵاتناسەكان پتر باسی ژنی لادێیان كردووە نەك شارنشین، گومانیش لەوەدا نییە ژنی لادێی لە شاری كەمتر مەیلی بۆ خۆجوانكردن دەچێت.

## ژنانی سەركێش

ژمارەیەك لە رەوەندەكان ئاماژەیان بۆ ئەوە كردووە هەندی لە ژنانی كورد پلەو پایەی كۆمەلایەتی بەرزیان هەیەو دەسەلاتیان بەسەر نەتەوەدا دەشكێت.

سۆن ناوی هەندێكیانی هێناوە لەوانەش وەك : عادیلە خانم و، بێوەژنەكەی غوڵام شاو، خانی سنەو، ژنانی خێزانی هەكاری. سۆن دەڵێت : ئەو ژنانە نازناوی خان هەڵدەگرن و دەسەلاتیان لە نێو خێزانەكانیاندا لە دەسەلاتی پیاوان كەمتر نییە ئەگەر زیاتر نەبی. سۆن لەو باوەڕەدایە ئەمە بەڵگەیە بۆ لەیەك گەیشتنی نێوان هەردوو رەگەزی پیاو و ژن لەم كۆمەڵگایەدا. ئەمەش بە جۆرێك لێكدەداتەوە كە پتر لە بیروبۆچوونی ئینگلیزەوە نزیكترە نەك گەلانی تری رۆژهەلات (١٩٠).

ئەدمۆندز ئاماژەی بۆ ناوی كۆمەڵێك ژنی دی كردووە كە پلەوپایەیان لەوانەی پێشەوە كەمترە، بەلام لە نێو ئەو كۆمەڵگایەی كاتێك ئەدمۆندزی تیادا ژیاوە ناوبانگی گەورەیان هەبووە وەك : ئاغاژن، فەقی عارف، فاتمە خان (٢١٢).

مینۆڕسكیش باسی ئەوەی كردووە كە لە نێو ژنانی كورددا سەرۆك هۆزیش هەڵكەوتووە و دەسەلاتیشیان هەبووە كاتێكیش توركەكان بۆ یەكمجار ناوچەی هەكارییان داگیر كردووە ژنێك حوكمی كردووە (٧٦).

وێڕای كەمی ژمارەی ئەو ژنانەش رەوەندەكان زۆریان باسكردوون، چونكە تیایانا هەبووە كاروباری هۆزی بەڕێوەبردووە، بۆ وێنەی ئەمەش ئەدمۆندز ئاماژەی بۆ ناوی فاتمە خانم كردووە كە لە نزیك شاری رەواندز ژیاوە و ئەمی ناسیووە، هەروەها ئەفسەرە رامیارییەكانی ناوچەكەشی زۆر باش ناسیوە، چونكە لە پاش مردنی مێردەكەی كاروباری هەشت گوندی بەڕێوە بردووە، هەروەها ئیش و كاری بازرگانیشی لەگەڵ دەزگاكانی میریدا هەڵسوڕاندووە، كار گەیشتۆتە ئەوەی گوندنشینەكان لە كاتی دەنگداندا بۆ هەڵبژاردنی جێگران دەنگی بۆ بدەن، بەلام ئەو كاتە یاسا رێگای نەداوە دەنگ بۆ ژنان بدرێت (١٨).



لە شوێنێكی دیكەدا ئەدمۆندز باسی ژنە كوردێكی دیكەی كردووە بە ناوی ئاغاژن كە ژنی سوورك ئاغا بووە و، بە زیرەكی ولێهاتوویی ناو بانگی دەركردووە و دەڵێت : زۆر نەهاتووە بۆ لام مێردەكەشی كە خاوەن سی گوند بووە، گەلی لەم گەورەتر بووە و پیاوێكی گۆشەگیرو گەمژە و خەڵەفاو بووە. هەر بۆیەش ئەو ئەركە قورسەی خستبووە ئەستۆی خۆی هەتا هاوسەنگی سیاسی گوندەكانی نێو دۆڵەكە بپارێزی.

سوورك ئاغا زۆر جار لە گەشتەكانیا هاوڕێتی كردووە، بەلام هەر خۆی بڕیاردەر بووە و رێگای پێنەداوە وشەیەكی لەدەم دەرچی تا مەسەلەكان ئاڵۆز نەكات.

دوایش ئەو بەستەزمانە لەو ئاژاوانەدا كوژرا كە پاش چەند مانگێك روویان دا، بەلام ئاغا ژن نەبەردانە كەوتە تەقەللای تۆڵە سەندنەوەی هەتا توانی بە پێی دەستووری هۆزگەری ئەوەی بیەوی وەدەستی بێنی (٢١٢).

بەلام بەناوبانگترین كەسێتی ژنان وەك سەركێش و خاوەن توانا عادیلە خانمی ژنی عوسمان پاشا بووە كە سۆن بە دوورو درێژی لەسەری نووسیوە، چونكە لەو سەردەمەدا لە هەڵەبجە بووە كە ئەو كاروباری ناوچەكەی بەڕێوە بردووە، تەنانەت وەك سۆن دووپاتی كردۆتەوە خاوەنی دەسەلاتی سیاسیش بووە، ئەوەش كە رێگای بۆ خۆشكردووە ئەو پلەو پایەیەی هەبی ئەوە بووە زۆر جار عوسمان پاشا بۆ موسل و كەركووك و سلێمانی بانگێش كراوە و ئەمیش لە جیاتی ئەو كارەكانی بە دروستی هەڵسووڕاندووە، هەر بۆیەش عوسمان پاشا زۆر جار كە خۆیشی لە هەڵەبجە بووە هەر متمانەی لەسەر ئەو بووە. لەبەر ئەمە عادیلە خانم لە راستیدا خۆی حاكمی ناوچەكە بووە.

(سۆن لە ئاماژەكردنیشیدا بۆ دەستكەوتەكانی ئەوەی دركاندووە كە ئەو بازاڕی هەڵەبجەی دروست كردووە.

هەتا ئێستاش خەڵكێكی زۆر ئەو بزووتنەوە ئاوەدانكارییە بەرز هەڵدەسەنگێنن كە لە شێوەیەكی چوارگۆشەییدا دروست كراوە و چوار ریز دوكانی تیایە كە دەچنەوە سەر كۆلان گەلێك دوكانی زۆریان تیایە.

شایانی باسیشە عادیلەی خانم زۆری پشتگیری لە بازرگانێتی ناوچەكە كردووە كە هێند گەشەی سەندووە بووەتە جێی بایەخی توركەكان، بە تایبەت كاتێك عادیلە خانم بەو جۆرە ئامۆژگاری توركەكانی كردبووە كە ئەو هێڵە بروسكەیەی (برق) گەیاندبوویانە ناوچەكە بۆ حوكوم كردنی دەسەلاتیان و كوردەكان پچڕاندبوویان چاك نەكەنەوە، چونكە جارێكی دیكەش

دەپیچرێننەوە وادیارە عادیلە خانم مەبەستی ئەوە بووە دەسەڵاتی تورك لە ناوچەكەدا كەم بكاتەوە و، شێوازەكانی پێوەندی كردنیشیان لەگەڵ خەڵكی ناوچەكەدا لاوازبكات تەقەللاو كۆششەكانی ئەم خانمە بۆ پەرەپێدانی هەڵەبجە گەیشتۆتە رادەی بایەخدان بە جوانی شارەكە و رازاندنەوەی بە بێستان و باخچەی جوان (٢٨٠-٢٨١).

ئەدمۆندز كەسێتی عادیلە خانم بە كەسێتییەكی ناوخۆیی خاوەن دەسەڵات دەداتە قەڵەم، ئەوەشی دركاندووە كە لە رێگای ئەحمەد بەگی كوڕییەوە دەسەڵاتی خۆی راهێناوە كە هەرچەندە بەناو قایمقام بووە بەلاّم ئەم خۆی حاكمی راستەقینە بووە، تەنانەت شێخی ئیسلامیش فەرمانی عادیلە خانمی جێبەجێكردووە (١٤٤).

ئەگەریش بگەڕێینەوە بۆ سەر سەرنج و بۆچوونەكانی (سۆن) دەربارەی شێوەی رایی هێنانی كاروبارەكانی دەبینین لە باسی رۆژێكی كارەكانیدا دەڵێت : عادیلە خانم لە گشت بوارەكانی ئابووری و سزاداندا بڕیار هی خۆی بوو (٣٠٠).

هەروەها جگەرەی پێچراوی دەكێشا، كە چەند ژنێك بە جلی بریقەدارەوە بۆیان دەهێناو باوەشێنیان لێ دەكرد تا گەرمای نەبێ (٢٩٨).

خزمەتكارێكی دیش شەربەت و ئاوی گوڵی بۆ دەهێنا(٢٩٠). زۆریش ئاسایی بوو ئەگەر كوتاڵ فرۆشێك بێتە ناو كۆڕەكەیەوە و ئەمیش هەندی پارچە قوماشی لێبكڕی یان ئارەزووی كڕینی هەندی جۆری كوتاڵ بكات و داوا بكات كوتاڵ فرۆشەكە بۆی بێنی (٢٩٩).

عادیلە خانم زۆری بایەخداوە بە سۆن، تەنانەت لە ژوورێكی بەرزدا لە ماڵی تاهیر بەگ* دایناوە بۆیە بە ئاسانی توانیویەتی بڕوانێتە دیمەنی جوانی دەشت و بێستان و چیاكان.

ئەنجا سۆن باسی شێوەی ئەو میواندارییە گەرمەی گێڕاوەتەوە كە بۆی كراوە یان ئەو رێزە زۆرەی لێینراوە.

دەربارەی ئارەزووی عادیلە خانیش بۆ ئەوەی سەرلەبەیانی رۆژی دووەم ببینی وتوویەتی جۆرە لووتبەرزییەكی پیشان داوە (٢٧٦). دیدو بۆچوونە سەرەتاییەكانی سۆن سەبارەت بە عادیلە خانم ئاماژە بەوە دەدەن كەسێتی ئەم خانمە زۆر كاری لە سۆن كردووە و دەڵێت :

ژنێكی زۆر وریاو چاوكراوە، خانەدان و میوان دۆست، موسوڵمانێكی بێ وێنە، خاوەنی هێزو توانستێكی ئەوتۆ كە بە ئاسانی دەتوانی چەك بەكار بێنی.

* تاهیر بەگ دووەمین كوڕی عوسمان بەگی جاف بووە لە ژنی یەكەمی.



لە شوێنێكی دیكەی یادداشتەكانیشیدا باسی ئەو شوێنە دەكات كە عادیلە خانم كاروباری دەسەڵاتی خۆی تیا بەڕێوە بردووە، كاتێكیش هاتۆتە سەر باسی یەكەمین دیداری لەگەڵیا كە بە تایبەت دەیداتە قەڵەم دەڵێت : نزیكەی ١٢ خزمەت كار و چەك بە دەستی بینیوە لە پێش دەرگاكەی وەستاون. ژوورەكەش درێژو تەنگەبەر بووە. لە نێو دوو لای دیوارەكانیا هەشت دەرگای دوو لایەن هەبووە پێشیان باڵكۆن بووە، دوو دیوارەكەی دیكەش سپی كرابوون، زەوی ژوورەكەش بە مافوری نایابی سنەیی فەرش كرابوو، هەروەها سۆن دەڵێت: لە یەكەمین نیگایەوە دیاربوو كە كوردێكی رەسەنە، رووی هێلكەیی و هەردوو چاوی رەش و گەش و بچووك بوون، لووتی هەڵۆ ئاسا بوو لەشیشی باریكەلەو گونجاو لەگەڵ نەریتی كوردەواریدا كە هەرگیز قەڵەوی پەسەند ناكا (٢٨٨-٢٨٩).

عادیلە خانم جاری وا هەبووە سۆنی بانگكردووە و هەندی كاری پێڕاسپاردووە، وەك نووسین و خوێندنەوەی نامەی فارسی (٣٠٦). هەروەها ویستوویەتی هەردوو كوڕەكەی فێری زمانی فارسی بكات (٣٣٤) و كاری بازرگانیشی بۆ نمایش كردووە، كاتێكیش كەوتۆتە ری هێند بە گەرم و گوڕ رەوانەی كردووە بۆ سۆن خۆی بووەتە جێی سەرسوڕمان كە ئەویش بەڵگەی رێزلێنانە یان دەربڕین لە رەوشت بەرزی و هەست ناسكی عادیلە خانم خۆیەتی كە فرمانی داوە چوار پاسەوانی بۆ ئامادەبكری بە مەرجی دووانیان لە ئازاترین پیاوانی هۆزبن، دەڵێت : عادیلە خانم داوای لە رەسوول ئەحمەد كردووە لە رەوانەكردنیا هاوڕێتی بكات داوای لێبكات لە شاری سلێمانی پشوو بدات (٣٧٧).

ئێمە لەو باوەڕەداین عادیلە خانم زۆر زیرەك بووە، رازیش بووە بەو شێوەیە خۆی پێشان بدات كە لەسەر ئەو باوەڕەیە سۆن كابرایەكی بازرگانی فارسییەو سەردانی كوردستانی كردووە، بەلاّم لە میانەی سەرجەم جۆرەكانی شێوەی سەوداكردن و میواندارێتی كردنی تایبەتی بۆ سۆن ئەوە روون دەبێتەوە كە سۆن كەسێتی راستەقینەی خۆی شاردۆتەوە و لە ژێر پەردەی بازرگانێكی فارسیدا خۆی نیشان داوە. چونكە ناشی گشت ئەو رێزلێنان و میواندارییە گەرم و گوڕەو دواییش رەوانەكردنی لە هەڵەبجەوە بۆ سلێمانی لەگەڵ كومەڵێك پاسەوانی بەهێزدا بۆ بازرگانێكی رێبواری ئاسایی ئەنجام بدایە ئەگەر راستی كەسێتی ئەو پیاوەی لە لا ئاشكرا نەبایە.

ناشزانین ئایا عادیلە خانم بە راستی توانیبووی گری كوێرەكانی كەسێتی سۆن بكاتەوە و بیناسی یان ئەوە هەر لە سنووری پێشبینی و مەزەنەدا بووە، رەنگە پاشەڕۆژ زیرەكی و

لێهاتوویی ئەم ژنە کوردە بە شێوەکی باشتر روون بکاتەوە و ئەو راستییەمان بۆ ئاشکرا بکات، هەرچەندەش هەندی ئاماژە بەوە دەدەن تاهیر بەگی جاف مەسەلەی نهێنی سۆنی لە رێگای زەللەیەکی زمانەوە بۆ ئاشکرا بووە کاتێك وشەی (نەو)ی گۆکردووە، چونکە ئەو لەگەڵ تاهیر بەگدا بە فەرەنسی دواوە، بەلاّم ئەو وشەیەی بە ئینگلیزی گۆ کردووە، عادیلە خانمیش ئەوەی بە جوان زانیوە ئەو مەسەلەیە پشتگوی بخات.

ئەدمۆندز شێوەی هەڵسووڕاندنی کارگێڕی سیاسی عادیلە خانمی زۆر بە دڵ بووە، بە تایبەت کارگێڕی بەریتانیای لە سەردەمی داگیرکردندا پشتگوی نەخستووە، ئەدمۆندز دەڵێت : هۆزی جاف لە کۆتایی سەردەمی حوکمی عوسمانییەکاندا بەهێزترین هۆزی باشووری کوردستان بوونە. هەر بۆیەش تورکەکان عوسمان پاشایان بە قایمقام دامەزراندووە کە یەکێك بووە لە ئەندامانی خێزانی حوکومڕان، کەوا پیاوێکی ناسك بووە، بەلاّم بەردەوام لە بارەگاکەی خۆی دانەنیشتووە بۆیە بەرە بەرە دەسەلاّتی راستەقینەی کەوتۆتە دەست عادیلە خانمی ژنی کەوا لە سەردەمی داگیر کردنیشدا بێوەژن کەوتووە بە پاشای بەرەسمی دانەمەزراوی شارەزوور ماوەتەوە. وەك ئەدمۆندزیش دەڵێت : پشت و پەنایەکی گەورە بووە بۆ کارگێڕی ئەو کاتە، هەر بۆیەش دەسەلاّتی داگیرکەر زۆری رێز لێناوە و جەنەراڵ فرێزەر بە هاوڕێتی (گرینهاوس) سەردانی کردووە بۆ ئەوەی سوپاسی فەرماندەی گشتی پێبگەیەنی (٥٢).

مینۆڕسکیش بە رۆڵی خۆی ساڵی ١٩١٤ لە هەڵەبجە چاوی بە عادیلە خانم کەوتووە، واتە پاش بە بێوەژن کەوتنی، دیارە لەو ماوەیەشدا بووە کە لە حوکوم دوورکەوتۆتەوە چونکە تورکیا کارەمەندێکی تورکی ناردووە بۆ حوکومکردنی هەڵەبجە، واتە پێش داگیر کردنی بەریتانیا، بەلاّم یادداشتنامەکانی ئەدمۆندز کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن ئەوە نیشان دەدەن دەست بەکار بووە، مینۆرسکیش ئەوەی باسکردووە کە بە شێوەیەکی گونجاو خۆی پاراستووە و جارێکیش خۆی و بووکەکانی و دەست و دایەرەی لە بارەگاکەیان سەردانی کردوون و بە دڵخۆشیشەوە قایل بووە وێنەیان لەگەڵ بگری، بە نامەیەکیش کە بە زمانی فەرەنسی نووسراوە بەرانبەر ئەو دیارییانەی پێشکەشی کوڕەکەی کراوە سوپاسی کردوون، پاشانیش دەرکەوتووە ئەو نامەیە لاوێکی کورد نووسیوویەتی کە لە شاری سنە لای موژدەبەرەکانی کاسۆلیکی فێری زمانی فەرەنسی بووە.

مینۆڕسکی لە باسەکەیدا دەربارەی خاوەنی هەڵەبجە ئەوەشی وتووە کە عادیلە خانم زۆری بایەخ بەو تاکە خانمە ئەورووپییە داوە کە ئەندامێکی دەستە زانستییەکەیان بووە، ئەگەر



بیویستایە لە بارەگاکەمان سەردانمان بکات لە پێشا خۆی دەهات ئەنجا ئەوانی دی دەهاتن، ماست و هێلکە و توو شتی دییان بۆ دەهێناین، هەرگیز پرسیارێکی نارێکیان ئاراستە نەکردین یان قاقای پێکەنینێکی ناشیرینمان لی نەبیستن.

بوونمان لەوی مایەی خۆشی و شادی بوو، لەگەڵمانا راستگۆ بوون، میواندارییان دەکردین و دیارییان پێشکەش دەکردین و باسی خواست و خەونەکانی خۆیان بۆ دەگێڕاینەوە (٧٦).

ئەم توانستی سەرکردایەتییە کردنەی ژنان کە بڕی لە رۆژهەلاّتناسەکان لە هەندی ژنانی کورددا بەدییان کردووە و بە دڵیان بووە مەرج نییە رێژەی پێشەوایەتی وەربگری. ریچ لە گەشتێکیدا کاروانێکی گەورەی هۆزی جافی بینیوە، ژنێکی زۆری پیادەیان لەگەڵ بووە، بەوپەڕی شادی و خۆشییەوە شان بە شانی ژنانی دی هەنگاویان ناوە. ریچ لەم بارەیەشەوە دەڵێت : ژنانی کورد لە بواری بەڕێوەبردنی کاروباری هەر کۆمەڵەیەکدا توانست و دەسەلاّتی مەزنیان هەیە (١٣٥).

## ڕەفتاری نارێک

لەم بوارەشدا ئەم پرسیارە دێتە پێش، ئایا هەموو ئەم رەوەندانە رەفتارێکی نارێك یان ناشیرینیان لە نێو ژناندا نەبینیوە ؟

لە راستیشدا بۆ ئەم مەبەستە یادداشتنامەی رەوەندەکانمان پشکنی و هیچ سەرنجێکی ئەوتۆمان بەرچاو نەکەوت کە ئاماژە بۆ رەفتارێکی نارێکی ژنان بکات کەوا سزای یاسا یان شەرعی لە دوا بێت.

بەلاّم پێویستیشە پەنجە بۆ ئەوە رابکێشین برێکیان ئەگەریش کەم بن ئەوەیان سەلماندووە کە هەندی جار ژنان شێوە رەفتارێکیان لێوەشاوەتەوە سیمای بەرەنگاری یان سینگ دەرپەڕاندنیان هەڵگرتووە بۆ گوزارشت کردن لە بوونی خۆیان.

پەروەردە بوونی ژنان لە باوەشی هۆز یان لادێدا وایان لێدەکات تارادەیەك بتوانن توانستی خۆیان بە بەراورد لەگەڵ ژنانی کۆمەڵگاکانی دیدا تەنانەت ژنانی کۆمەڵگای شارە کوردییەکانیش دووپات بکەنەوە، چونکە خاوەنی تایبەتمەندێتی خۆیانن و ئەمەش لەوانی دی جیایان دەکاتەوە.

بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە ئەگەر مالیبارد  سەرنجەکانی خۆی دەربارەی ئەو ژنانە تۆمار کردبی کە دەرچووبێتنە دەرەوەبۆ ئەوەی ئەو میوانە نامۆیە ببینن کە سواری ماینێکی بچووك بووە لە چاو لەشە زەبەلاحەکەی خۆی.

مالیبارد  دەڵێت : ئەو ژنانە لە پاڵ پیاوەکانیاندا بە بی شەرم و حەیا دەیانڕوانییە کاروانی سوارەکان (٢٣٣).

سۆن باسی دیدو بۆچوونەکانی خۆی کردووە دەربارەی ژنە کوردێك بە ناوی گوڵشەن و دەڵێت : دڵپاك و باڵابەرز تەمەن نزیك ١٨ ساڵان بوو لەگەڵ مێردەکەیدا شاد بوو، بەڵام لە پاش ئەوەی بوو بە قوربانی پلانی خەسووەکەی و داپیری پیاوەکەی تەڵاق درا. وا دیارە بە جۆرە تێکڕاییەکەوە بە دوای چیرۆکی ژیانی ئەو ژنەدا چووە و لە ئەنجامدا گەیشتۆتە ئەو راستییەی کە زوڵمی لێکراوە، ئەوەی درکاندووە کە لەبەر ئەوەی لە ڕۆژانی گەرمادا بە بی سەرپێچ و تەنها بە کڵاوێکی سووکەوە کە قژە چڕەکەی بە تەواوەتی دانەپۆشیوە چووەتە دەرەوە ئەمەش لە لایەن دراوسێکانییەوە بە سنووربەزاندنی داب و نەریت دراوەتە قەڵەم لە راپۆرتەکەی سۆنیشەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە ئەو ژنە بە پێی نەریتی باو بە ژنێکی بزێو دراوەتە قەڵەم و ژنانی دی بە چاوی ڕێزەوە تەماشایان نەکردووە، بەڵام ئەو مێردەکەی خۆی خۆش ویستووە و بۆی گریاوە (٤٠).

هانسن دەربارەی ژنێکی باڵا چناری و دەنگ خۆش دواوە بیستوویەتی گۆرانیشی وتووە، بەڵام هانسن داخی ئەوەی بۆ خواردووە کە ئەگەر ئەم ژنە بەم هەموو جوانی و دەنگ خۆشییەوە لە ئەوروپا بوایە دەبوو بە  ئەستێرەیەکی جیهانی گۆرانی و ئۆپرا، کەچی لەم وڵاتەدا دەژی کە پەروەردەی هونەریی تیا نییە بۆ ئەوەی بایەخ بەم جۆرە دەنگانەی ناوچەکە بدا.

وا دیارە ئەم ژنە جوانە پێش ساڵێك مێردی کردووە و منداڵێکیشی بووە، بەڵام جێگای داخە لە ژیانی هاوسەرێتی دا سەرکەوتوو نەبووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی لە نێو ژناندا بە چاوی سووك تەماشابکرێت، چونکە ئەوە بە پێی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی پەسەند نییە و دەبێتە بابەتی قسەو باسی خەڵك (٦٠).

ئێمە لەو باوەڕەداین ئەم ژنەی کە هانسن باسیکردووە بووەتە قوربانی ئارەزووەکەی خۆی، چونکە مرۆڤی ئارەزوومەند خاوەنی هەرچی جۆرە بەهرەیەك بێت، لە ناخیدا هۆکارێکی گرنگ هەیە پاڵی پێوە دەنێت بۆ بە جێهێنانی ئەو ئارەزووەی لە ناخیدا ریشەی داکوتاوە.



دووریش نییە مێردی ئەم ژنە پێی ناخۆش بووبی ژنەکەی ببی بە گۆرانی بێژ و ناوبانگی هونەری بڵاو بێتەوە بە تایبەت کە شێوە و قەدو باڵاشی زۆر جوان بووە. لە راستیشدا ئەمە باجی داهێنانە دەکەوێتە سەر مرۆڤی ئارەزوومەند لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتدا، ئەگینا ئەوەی باسکراوە لە پێشبینی کردن زیاتر هیچی دی نییە.

## هەل و مەرجی فێربوونی ژنان و بیر و باوەڕ

شتێکی نامۆ نییە ژنی کورد لە باری نەخوێندەواریدا بژی، چونکە لە کۆمەڵگایەکدا دەژی پیاوانیان نەخوێندەوارن.

بە تایبەت لەو  ماوەیەدا کە ئەم کتێبە مەبەستێتی، بەڵام وەك لە هەندی دیدوبۆچوونی تۆمار کراوە وە دەرکەوتووە کاتێك کۆمەڵی کوردەواری هەست بە هۆیەکانی دواکەوتنی بکات و بیەوی راپەڕی بابەتی فێرکردن دەخاتە پێش ئەو مەسەلانەی پێویستە جێبەجێبکرێن ژنیش لەم بوارەدا بەشی خۆی هەیە بۆ بەرەو پێش بردنی کۆمەڵگای کوردەواری، بۆیە دەتوانین بڵێین کۆمەڵگای کوردەواری سەرکێش بووە بۆ پەردە هەڵدانەوە لەسەر ئارەزووەکانی لە بواری فێرکردنی کچاندا.

ئەدمۆندز باوەڕی وایە هێزێکی گەورەو گران لە پێکهاتەی ژنی کورددا هەیە، ئەم سەرنجەش زۆر گرنگە و بووەتە جێی بایەخی ئەو رەوەندانەی سەردانی کوردستانیان کردووە و باش ئاگاداری کۆمەڵگای گەلانی دیکەن.

دەربارەی بابەتی فێرکردنی کچان دەڵێت : بەردەوام داواکارییەکی شیاو لە گۆڕی بوو بۆ کردنەوەی قوتابخانە بۆ کچان لە شارەکاندا هەروەها لە گوندەکانیش ئەوەشی دووپات کردۆتەوە کە لە شارێکی وەك کۆیە باوك و دایکی رووناکبیر رێگرنین لە بەردەم ناردنی کچەکانیاندا بۆ قوتابخانەی تێکەڵ و دانیشتنیان لەگەڵ مێر مناڵاندا کە تەمەنیان لە نێوان ١٢-١٣ ساڵانە. پێویستیشە ئەوە دووپات بکەینەوە کە ئەدمۆندز مەبەستی قوناغی ناوەڕاستی سیی و چلەکانی سەدەی بیستەمە.

ئەوەی بۆچوونەکانی ئەدمۆندز لەم بوارەدا پتەو دەکات ئەوەیە تەقەڵلای پێش وەخت لەم سەدەیەدا لە ئارادا بووە لە لایەن شاعیرو ئەدیبانی کوردەوە بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی ژنان و دابین کردنی مافیان لە بواری فێرکردندا.

ئەدمۆندز بە رۆڵی خۆی هۆشیاری لایەنی رۆشنبیری و رۆژنامەنووسیی لە ژیانی کۆمەڵگای کوردەواریدا لەو قۆناغەدا دووپات کردۆتەوە کاتێك وتوویەتی مافی یەکسانی ژنان لە مێژەوە بابەتی بە چێژی وتاری نێو رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی عێراق بووە.

هەروەها باسی ئەوەشی کردووە کە پراکتیزەکردنی پرۆژەی فێرکردنی گشتی لە ناوچەکانی کوردستانی باشوور بە هۆی نائارامی باری رامیارییەوە دواکەوتووە، بەلاّم ئەوەشی درکاندووە کە لەو قۆناغەی ئەو مەبەستێتی دوو نەوەی کچە کوردی رۆشنبیری پێشکەوتنخواز خوێندیان تەواو کردووە و تەنانەت قەرەبووی ئەو ماوەیەشیان داوەتەوە کە لە خوێندن دواکەوتوون، بۆیە گومان لەوەدا نییە رۆڵێکی گرنك دەگێڕن لە ژیانی ولاّتەکەیاندا (١٨).

گومانیش لەوەدا نییە کۆمەڵگای کوردەواری یەکێکە لە کۆمەڵگاکانی رۆژهەلاّت و خاوەنی بیرو باوەڕی میتافیزیکی خۆیەتی ئەگەریش متمانە بکەینە سەر دیدو بۆچوونەکان نەك لێکۆڵینەوە سۆسیولۆژیەکان دەچینە سەر ئەو باوەڕە کەوا کۆمەڵگای کوردەواری لە کۆمەڵگای دی کەمتر باوەڕی بە خورافات و سیحرو شتی لەو چەشنە هەیە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك دەربارەی ژنی کورد بدوێین دەبی ئاماژە بەوە بدەین کە کەوتۆتە بەر کارتێکەریی هەندی بیروباوەڕ کەوا لە لایەن هەندی لە رەوەندو رۆژهەلاّتناسەکانەوە یان ئەوانەی لەو بارەیەوە بە دواداچوونیان هەیە دەستنیشان کران. رەنگە زەق ترین سەرنجیش ئەوەبی کە تۆما بوا لە سەری نووسیوە سەبارەت بە بابەتی منداڵ بوون و ئیرەیی و شتی لەو جۆرە. شایانی باسە سەرنجەکانی بوا لەو بەشەی ئەم کتێبەدا باسکراوە کە تایبەتە بە بیرو باوەڕەوە.

لە پاش هەموو ئەوشتانەی لەم بەشدا باسمان کرد پێویستە هەندی لەو مەسەلانە روون بکەینەوە کە رەنگە ببنە مایەی پرسیار لای خوێندەواران بە چاوپۆشین لە ناسنامەی نەتەوەیەتییان. رەنگە خوێنەر هەست بکات ئەوەی ئاماژەمان بۆ کردووە لە دیدوبۆچوونی رەوەندو رۆژهەلاّتناسەکان دەربارەی ژنی کورد و پلە و پایەی کۆمەلاّیەتی بەرزی لە چاو ژنانی رۆژهەلاّت لە دەرەوەی کۆمەڵگای کوردەواری جۆرە زۆربێژییەکی تیا بی.

کورتە لێکۆڵینەوەیەکی هەندێك دوور لە تایبەتمەندێتی ئەکادیمی کە شاعیری داهێنەری کورد کامەران موکری کاتی خۆی ئامادەی کردبوو لە کۆڕێکی رێکخراوی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عێراق پێشکەش کرابوو، دواییش لە ساڵی ١٩٧٨ لە زانکۆی سلێمانی خوێندرایەوە سەرنجی راکێشام.



لە راستیشدا کە لە سەرەتای هەشتاکاندا خوێندمەوە وەلاّمێکم بۆ ئامادە کرد، بەلاّم بلاّو کردنەوەیم دواخست و ناشمەوی لەگەڵ بابەتەکانی ئەم بەشەدا بلاّوی بکەمەوە، ئەمەشم بۆیە درکاند لەوە ترسام خوێنەر تووشی هەمان ئەو هەڵەیە بێت کە شاعیری کۆچکردوو دووچاری بوو بوو سەبارەت بە دیدو بۆچوونی رەوەندو رۆژهەلاّتناسەکان، مامۆستا موکری دەڵێت : بۆ نموونە پیاو بۆ بێدەنگکردنی ژنەکەی ئەگەر قسەکانی بە دڵ نەبێت ئەوەندەی بەسە تەماشایەکی بکات، ئەوەشی لە ئەنجامی تاقیکردنەوەیەکی کەسیی خۆیەوە بۆ ساغ بووەتەوە کاتێك سەردانی هەندی لە مالاّنی کوردی کردووە مەبەستیشی بە درۆخستنەوەی هەندی دیدو بۆچوونی رەوەندو رۆژهەلاّتناسەکان بووە.

لەم گۆشەیەشەوە پێویستە ئەم خالاّنەی خوارەوە دەربارەی ئەم بەشە بە شێوەیەکی گشتی روون بکەینەوە.

١- ئەوەی رۆژهەلاّتناس و رەوەندەکان لە دیدو بۆچوونەکانیانا تۆماریان کردووە بریتی بوونە لەوەی بە چاوی خۆیان بینیویانن یان بیستوویانن لە کاتی سەردانەکانیاندا بۆ کوردستان ئەگینا بانگێشەی ئەوەیان نەکردووە ئەوەی تۆماریان کردوون دیاردەگەلێکی رەها یان گشتین.

٢- ئەوانەی دەربارەی ژنی کوردیان نووسیوە و ناویان لەم بەشەدا هاتووە بێئاگا نەبوونە لە باری کۆمەلاّیەتی ژنانی عەرەب یان فارس یان تورك چونکە یان پسپۆری کاروباری رۆژهەلاّت بوونە یان بە حوکمی ئەرك و ئیش و کاری فەرمانبەرێتی سەربازی یان رامیارییان لەو کۆمەڵگایانەوە نزیك بوونەتەوە و ئاگاداری تێکڕای ژیانی کۆمەلاّنی خەڵك بوونە بۆیە ئەگەریش لە ئەنجامی بەراوردکردنی باری ژنانی کورد لەگەڵ ژنانی ئەو نەتەوانەدا خاڵی جیاوازیان تۆمارکردبی و لە بەرژەوەندی ژنی کورددا بێت ئاساییە چونکە بێگومان ئەوان بی لایەنانە مەسەلەکانیان هەڵسەنگاندووە.

٣- ئەو رۆژهەلاّتناس و رەوەندانە یادداشتنامە و سەرنج و لێکۆڵینەوەکانیان لە زەمەنی جیا جیادا تۆمار کردووە. گۆڕانکاریش بە پێی ماوەی جیا جیا زەقترین تایبەتمەندێتی کۆمەڵگایە، بابەتی گۆڕانکاری کۆمەلاّیەتیش Social change بەرینترین بواری سۆسیۆلۆژییە لە زانستی کۆمەڵ ناسیدا، بۆیە ئەم بابەتە گەورەترین پانتایی لەو بوارەدا لە کتێبخانەی زانکۆکانی جیهان داگیر دەکات.

ڕوونکردنەوەی هۆیەکانی ئەمەش پێویستی بە تێکڕایەکی زۆر هەیە، بەلاّم ئەوەی ئەمانەوی لە بابەتی گۆڕانکاری کۆمەلاّیەتیدا باسی بکەین ئەوەیە ئەم زاراوەیە لەگەڵ چەمکی

گەشەسەندنی کۆمەڵایەتیدا Social Development جیاوازە و مەرجی ئامانجی شارستانێتی یان ئامانجی سوەیلی Civil Target لە بەرچاو ناگری چونکە رەنگە گۆڕانەکە ئاسۆیی بێت واتە بە بی دەسنیشانکردنی باشترین (**دون افضلية**) وەك بە گرنگ زانینی نەریتێکی کۆمەڵایەتی یان پشتگوی خستنی یەکێکی دی بە بی ئەوەی بە باش یان خراپ کارتێکەریی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی هەبێت وەك شێوەی جل و بەرگ لە بەرکردن بۆ وێنە لە شەستەکاندا لای عیراقییەکان ئەوە باو بوو لە هاویناندا کراسیان دەخستە دەرەوەی پانتۆڵ، بەلاّم پاشان جارێکی دی کراسیان خستە نێو پانتۆڵەوە، یان بەکارهێنانی سێدارەو دوایش گۆرینی بە شەپقەی ئەوروپی... هتد. ئەم گۆڕانکارییانە گەشەسەندێکی کۆمەڵایەتی نانوێنن، چونکە ئەو گەشەسەندنە تەکنۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی Technological and Socio-Economical Life ئەمەریکاو دەوڵەتەکانی رۆژئاوا لە سەدەی بیستەمدا بە خۆیانەوە بینییان پێوەندی بەو شەپقەیەوە نەبوو کە بەشێك بوو لە جل و بەرگی ئەوروپی پاشانیش گری لە دوای گری و ساڵ لە دوای ساڵ لە میانەی سەدەی بیستەمدا وازیان لێهێنا.

هیچ لێکۆڵینەوەیەکیش ئامادەنەکراوە وەك تەقەللایەك بۆ گەیشتن بەوەی ئایا شەپقە لە سەرنان بە باش یان خراپ کارتێکەریی هەبووە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووری لەو ولاّتانەدا یان لە بواری تەکنۆلۆژیاو پەرەسەندنی ؟

کەچی هەندی داب و نەریت بە تایبەت دوای جەنگی جیهانی دووەم و بە هۆی هۆکاری ئابوورییەوە گەیشتنە نێو کۆمەڵگای رۆژئاوا و ئەمەریکاوە و کارتێکەریی باشیان هەبوو لەسەر ژیانی کۆمەلاّنی خەڵك. بۆ وێنە خێزانی ئەوروپی تەنانەت ئەمەریکیش بێزیان نەدەهات جەرگ و دڵ و گورچیلە و سەرو پی و مۆخی ئاژەڵ بخۆن، بۆیە هەموویان فڕی دەدایە نێو تەنەکەی زبڵەوە.

بەلاّم باری ئابووری و لێکۆڵینەوەی مەیدانی بە تایبەت ئەوانەی شریف Sherif و هاوەڵەکانی ئامادەیان کرد یان کارتێکەریی شێوازەکانی راگەیاندن بوونە هۆی ئەوەی بەرە بەرە رای گشتی بگۆڕدری و خەڵك ئەو پارچە گۆشتانە بخۆن و ئەمەش سوودێکی زۆری گەیاندە ئابووری ئەو ولاّتانەو تەنانەت کڕینیان بووەتە نەریتێکی ئەو خێزانانە و خۆشترین خواردنی لێدروست دەکەن. لە ئەنجامیشدا ئەو کۆمەڵگایانە ٢٥٪ سوودی پرۆتینی ئاژەڵیان دەست کەوت کە لە پێشا بە فیرۆ دەرۆیشت.



باشمان لە یادە کاتێك لە سەرەتای شەستەکاندا قوتابی زانکۆ بووین لە کۆلێجی پەروەردە چەند ساڵێك تێپەری بوو بەسەر داخستنی کۆلێجی (**الملكه عاليه**) کە تایبەت بوو بە کچان شایانی باسیشە وێڕای ئەو کۆلێجەش فێرکردنی تێکەڵ لە عێراقدا بەرپابوو. کچان لە شەستەکاندا سەریان کۆت بوو بی سەرپۆش بوون، بەلاّم لە پاش چل ساڵی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا لە جیهان و عێراقدا دەبینین رێژەی سەرکۆتان کەم بووەتەوە و کچان ئارەزوومەندی سەرپۆشینن، هەر بۆیەش دەوڵەت ناچار بوو لە پاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بەسەر داخستنی کۆلێجی مەلیکە عالیە کۆلێجێکی پەروەردەی تایبەت بۆ کچان بکاتەوە.

شتێکی سروشتیشە کەسانێك هەبن ئەوە بە پەرەسەندن بدەنە قەڵەم و هی دیکەش بە دواکەوتنی بزانن مەسەلەکەش رێژەییە. بەلاّم ئەم پرسیارە دێتە پێش ئەم پەرەسەندنە بۆ چی لە شەستەکاندا نەبوو، بۆ چی گەڕانەوە بۆ پێش شەستەکانی سەدەی بیستەم، ئێستاش ئێمە لە سەدەی بیست و یەکەمداین ئەگەریش ئەمە دواکەوتن بێت ئایا لەسەر ئاستی زەمەن پێشکەوتنە بەرەو پێش یان بەرەو دوا؟

دەڵێن هەردوو شێوەی مەسەلەکە شیاون وەك چۆن پێشکەوتن هەیە، نوشوستیش هەیە، بۆیە دەبی سەرنجی رۆژهەلاّت ناسێکمان پێش سەدەیەك یان دووان سەبارەت بە ئازادی ژنان چ لە ئۆرفە و چ لە سلێمانی لا نامۆ نەبی گومانیش لەوەدا نییە هۆکاری رامیاری و ئابووری کاریگەری زۆری لەسەر ئازادی ژنان هەبووە، ئەو سنوورەش کوردستانی پارچە پارچە کردووە هەر پارچەیەکی ملکەچی جۆرە یاسا و نەریت و پەروەردەیەکی تایبەت کردووە بارێکی بۆ خولّقاندووە پێچەوانەی ئەوە بی لەسەردەمی میرنشینە کوردییەکاندا بەرپا بووە، چونکە ئەو کۆمەڵە میرنشینە هەرچەندە لە یەك جیا بوونە، بەلاّم لە رووی داب و نەریت و بەها کۆمەلاّیەتییەکانەوە یەکانگیر بوونە.

سەبارەت بەوەی کامەرانی شاعیر بۆی چووە دەربارەی ئەو پیاوەی تەنها بە تەماشا کردنێك ژنەکەی بی دەنگ دەکات، پێی دەڵێین : بەڵی ئەمە دەشی چونکە وەك ئاماژەمان بۆ کرد ئەوەی رۆژ هەلاّتناسەکان تۆماریان کردووە دیاردەیەکی گشتی و رەها نییە بەسەر گشت خەڵکی ناوچەکاندا بچەسپی، بەلاّم دەبوو کامەرانی خوالێخوشبوو ئەوەی لە یاد نەکردایە کە ئەویش نەچووەتە نێو ئەو ماڵەی سۆن میوانی بوو لە ئۆرفە یان ئەوەی لە سلێمانی ریچ بوو بوو بە میوانی یان ئەوەی هاملتۆن لە رواندز سەردانی کردبوو.

ئەو مالآنە کوردی تەواو بوونە، بەلآم بە پێی بۆچوونی ئێمەو بە لەبەر چاوگرتنی تەمەنی کامەران و مێژووی کۆچکردنی و لێکۆڵینەوەکەی کە لە کۆتایی حەفتاکاندا نووسیبووی. ئەو ماڵەی ئەو باسیکردووە ماڵێکی کوردی عوسمانی عێراقی بووەو لەبەر کارتێکەریی حەفتا ساڵی بەرپرسێتی کارگێڕی پەروەردەیی و راگەیاندن و بانگێشەی ئایینی قەڵب لە لایەن هەندێکەوە نەك گشت ژیاوە دەبی گۆڕانکاری لە ناسنامەو بێگەردی ناسنامەی لێبکەوێتەوە. دەبی پڕوپاگاندەی پایتەختەکانیش لە یاد نەکەین هەروەها شوێنەواری عوسمانی لەسەر خاکی عێراق سەرباری ئەمەش ئازادی رەهای نێو خێڵەکان و کرژ بوونەوەیان بە هۆی جێگیربوونی گوند نشینانەوە، وێڕای ئەمەش رەوی دانیشتووانی لادی بۆ نێو شار گشت ئەمانە لە سنووری ئازادی ژنانیان تەسك کردووە، بەلآم ئەمەش ئەوە ناگەیەنی ئەو رەوەندانە تەنها لە رەفتاری نێو هۆزەکانیان کۆڵیوەتەوە نەك هی دی وەك چۆن لە لێکۆڵینەوەکەی کامەراندا هاتووە.

سۆن لە سلێمانی و هەڵەبجە ژیاوە نەك لەگەڵ هۆزە کۆچەرەکاندا، هەروەها ریچیش شەش مانگ لە سلێمانی ماوەتەوە و لە میانەیدا سەردانی شاری سنەی کردووە، سایکسیش سەردانی گەلێك شاری کوردی لە رۆژهەلآت و رۆژئاوا کردووە لە ئۆرفەوە تا سلێمانی. ئەدمۆندز لە سلێمانی ژیاوە، هینری فێلد سەردانی زاخۆو دهۆك و ئامێدی و ئاكری و رواندزو سلێمانیی کردووە، هەی ماوەیەك لە هەولێر نیشتەجی بووە، هانسن لە سلێمانی و گوندی تۆبزاوە ژیاوە... هتد.

بەلآم ئەو نموونەیەی کامەران هێناویەتییەوە وەك بەڵگەیەك بۆ یەکەم زانینی ژن لە لایەن پیاوەوە کاتێك کوردێك بڵی (ئایا من ژنم) کە لە شێوەی نارەزایی دەربڕیندا گۆی بکات ئەوە ناگەیەنی کە کامەران بۆی چووە، چونکە جیاوازی هەیە لە نێوان ئازادی ژن و گومان نەکردنی پیاو لە توانستی بۆ پێشوازی کردن لە میوان کاتێك پیاوەکەی لە ماڵ نەبی و لە نێوان ئازایەتی و توانستی ئەندامەکانی لەشی کە بەراورد لەگەڵ پیاو لاوازن ئەمەش لە گشت جیهاندا بەرپایە. جیاوازیش لەسەر ئاستی هەمان ئەو تاکە ژنە هەیە کە باکی لەوە نییە لەگەڵ پیاواندا گفت و گۆ بکات و بەوپەڕی ئازادییەوە تاووتوێیان لەگەڵ بکات، بەلآم لە هەمان کاتدا واتە هەمان ژن لە ترسی ئاژەڵی دڕندەدا ناوێری شەو بە تەنها سەفەر بکات. کەچی بۆ پیاو مایەی شوورەییە ئەگەر بڵی من بە شەو ناوێرم سەفەر بکەم.



## باری رامیاری

لەم بەشەدا دیدوبۆچوونی رەوەند و رۆژهەلآتناسەکان دەربارەی باری رامیاری کوردستان لەو ماوەیەدا کە ئەوان لە ناوچەکەدا ژیاون و ئەو واقیعە رامیارییەی تیایدا بەرپا بووە نمایش دەکەین.

سروشت و ئامانجی ئەم کتێبە وەك لە پێشەکییەکەدا ئاماژەمان بۆ کرد ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەکی دیدوبۆچوونی لەخۆگرت، کە لە لایەن ژمارەیەك لەو کەسانەوە کە سەردانی ناوچەکەیان کردووە یان سەودایان لەگەڵ کردووە، وەك رەوەند یان رۆژهەلآتناس و رادەی تێکەڵی نێوان هەردوو چەمکی رەوەند و رۆژ هەلآتناسیشمان بە گشتی و لەم لێکۆڵینەوەشدا بە تایبەتی روون کردۆتەوە.

لە میانەی ئەم پێشەکییەشەوە نووسەر ئارەزوومەندە ئەوە روون بکاتەوە کە لەم بەشەدا نایەوی لێکۆڵینەوەیەکی رامیاری لەسەر کوردستان پێشکەش بکات، بەڵکو ئامانجی ئەوەیە بە پێی توانا تیشك بخاتە سەر ئەو هەڵوێست و دیدو بۆچوونە دەروونی — رامیارییانەی سەبارەت بە مەسەلەی کورد بەرجەستە بوونە و لە لایەن کەسانێکەوە لەوانەی گرنگییان بە ناوچەکە داوە خراونەتە روو بە بی لە بەرچاو گرتنی ناسنامەیان ئیدی ئەگەر موژدەبەربن یان حاکمی رامیاری یان رەوەند یان رۆژهەلآتناس. لەبەر ئەمە لێکۆڵەر ئاواتە خوازە خوێنەری بەرێز ئەرکی مێژوونووس و ئەرکی نووسەری ئەم کتێبە لەیەك جیا بکاتەوە، ئەو ئەرکەی ئامانج و نەخشەی ئەم کتێبەی لەسەر دامەزراوە. ئەمەش وایلێکردین هەریەك لەو کەسێتییانەی لەم بەشەدا ناویان هاتووە بە جیا باسبکەین و هەڵوێستیان بخەینە روو هەرچەندە دڵنیاین هەندێك لەو هەڵوێستانە خۆیی نین، بەڵکو دەچنە ریزی راپەڕاندنەوە بە تایبەت لە لایەن ئەو ئەفسەرە رامیارییانەوە لە عێراقدا لە باکوورەوە تا باشوور لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم بلآوبوونەتەوە.

بەلآم هەر نەبی ئەو ئەفسەرە رامیارییانە پەراوێزێکی خۆیی یان هەڵوێستی کەسییان لا ماوەتەوە، چونکە مرۆڤ ملکەچی یاسای جیاوازە ئەوەش کارتێکەریی لەسەر کەسێتی مرۆڤ هەیەو تەنانەت لە هەڵوێستە ناخۆییەکانیشدا دەردەکەوی.

کوردستان چەندین سەدەیە بووەتە شانۆی کێشەی رامیاریی خوێناوی کە لەرووی مێژووەوە زیانی گەورەی بە دەسەڵاتی ئەم گەلە و سەربەخۆیی رەهای گەیاندووە هەمیشە سووتەمەنی و قوربانی جەنگی رژێم و دەوڵەتە دراوسێکانی کوردستان بووە چ لە لای رۆژهەڵاتییەوە یان رۆژئاوای.

بە هیچ شێوەیەکیش پێوەندییان بە نەتەوەی کوردەوە نەبووە.

برِی هۆزیش لە میانەی لایەن گرتنی ئەم ئیمبراتۆرییەت یان ئەو ئاگری ئەو کێشە رامیاری و چەکدارانەیان خۆش کردووە و ئەمەش رەنگدانەوەی نێگێتڤی لەسەر ژێرخانی کۆمەڵگای کوردی هەبووە و جارێك دووچاری لێك جیا بوونەوەی هۆزەکانی کردووە جارێکیش دابرِانی ناوچەکان. هەر جارێکیش ژیانی رامیاری لە ناوچەیەکدا گەشەی بەرکەوتبی و میرنشینێکی کوردی دامەزرابی میرنشینێکی دی لەو لاوە چاوی خستۆتە سەر داگیری بکات یان میرنشینە نوێیەکە نەخشەی بۆ داگیرکردنی ئەو داناوە.

ئەوەش هەمووی لە میانەی پلان گێرِانی فارس و تورکەوە رووی دەدا چ بە نهێنی و لە ژێرەوەو چ بە ئاشکرا لە رێگای هێزی سەربازییەوە.

لە هەردوو باریشدا ئامانجەکانیان دەپێکا بۆ سەربرِینی مەسەلەی گەلی کوردو دەست بەسەرا گرتنی مافەکانی لەسەر ئاستی دەسەڵات و یەکێتی نەتەوایەتی. پاش ئەوەش پەیماننامە نێودەوڵەتییە فراوانەکان لە سنووری کێشەی فارس و تورکدا هاتوونەتە گۆرِی بۆ پەل و پۆ کردنی کوردستان. ئەوە بوو پەیماننامەی (چالّدیران) ئیمزا کراو دوای ئەویش پەیماننامەی (سایکس بیکۆ) بۆ دابەشکردنی ئەو لەشەی کە لە بناغەداو بە درێژایی مێژوو بریندار بووە.

ئەم بەشە بریتی نییە لە لێکۆڵینەوەیەکی رامیاری لەسەر کوردستان بەڵکو کۆمەڵە دیدو بۆچوونێکی رامیارییە لەگەڵ ئامانجی ئەم کتێبەدا دەگونجی، بەلاّم بە پێی بۆچوونی ئێمە کۆمەڵە سەرنجێکی مەیدانییە لە میانەی دیدارو یادەوەری کەسانێکەوە هەڵهێنجراون کە لە بارودۆخی جیاجیادا و بۆ مەبەستی هەمەجۆر سەردانی کوردستانیان کردووە کە لە میانەیانەوە خوێنەر دەتوانی لە واقیعی سیاسی قۆناغە جیاجیاکانی ناوچەکە بگات کە بووەتە شوێنی کێشەی ئایینی و نەتەوایەتی.

فیشەر (١٩٥٥) بیرورِای سەبارەت بە نەتەوەی کوردو واقیعی رامیاری دەردەبرِی و دەڵێت : مرۆڤ بە چاوی خۆی ئەم نەتەوەیە بە دابەشکراوی (Partitioned) لە نێوان ئێران و عێراق و تورکیا و سووریا دەبینی.



کوردەکان رەگەزی یەکەمی ئەو دەوڵەتانە نانوێنن و لە دیدی جیهانیشدا هیچ جۆرە سەربەخۆییەکیان نییە. بۆیە ناتوانین زاراوەی دەوڵەت یان نەتەوەیان بۆ بەکار بێنین (٥).

دیارە فیشەر مەبەستی ئەوە نییە کە کورد نەتەوە نین، چونکە لە سەرەتای دوانەکەیدا دان بەوەدا دەنێت کورد نەتەوەیەکی دابەشکراون، بەلاّم دیارە ئەوەی لە میانەی دوانەکانیا دەربارەی رۆژهەڵاتی ناوەرِاست وتووەو ئەوەی بە جوان نەزانیوە لەو چوار دەوڵەتەی ئاماژەی بۆ کردن بە کەمینە باسیان بکات، چونکە بۆ وێنە ئەگەر کوردی کوردستانی ئێرانمان بە کەمینەدایە قەڵەم ئەوە بە واتای ئەوە دێت کە ئێمە لە رەگی گشتی وڵاتانی دی دامانبرِاندوون. لە پاش تاووتوێکردنی بۆچوونەکانی فیشەر ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە ئەیەوی بڵێت نەتەوەی کورد لەسەر ئاستی رەسمی (قەدەغەکراوە) لە راستیشدا بە پێی چەمکی رەسمی نەتەوەیەکەی هێشتا یاسادانی پێدانەناوە.

## رِیچ

لە یەکەمین دیداری نێوان مەحموود پاشای میری بابان و میستەر ریچ ساڵی ١٨٢٠، مەحموود پاشا پەردەی لەسەر واقیعی رامیاری ناوچەکە هەڵداوەتەوە و لەو تەگەرانە ئاگاداری کردۆتەوە کە زیانی پێدەگەیەنی بە هۆی جوگرافیای ناوچەکەوە کەوا دەکەوێتە سەر سنووری هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا، ئەو دوو دەوڵەتەی بەردەوام پێشبرِکێیانە لەسەر کوردستان.

میری بابان ئاماژەی بەوەداوە ئێران دەست لە چەوساندنەوەی هەڵناگری و داوای باج و سەرانە (جزیە)ی لێدەکات. لەسەر ئاستی تورکیاش ئەوە ئەو حوکمی دەکات، دەسەڵاتی تورکانیش بەردەوام گوشاری دەخاتە سەر و داوای لێدەکات هیچ شتێك بە ئێران نەدا، بەلاّم ئامادەش نییە ئەگەر ئێران شالاّوی بێنێتە سەر بەرگری لێبکات.

مەحموود پاشا گشت نەهامەتییەکانی ئەو بارە ناهەموارەی بۆ میستەر ریچ روون کردۆتەوە کە زیانی گەورە بە خێروبێری وڵاتەکەی دەگەیێنی و رێگا نادات گەشەبکات، ریچ ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە مەحموود پاشا بەوپەرِی خاکەرایی و هۆشیارییەوە هەموو ئەو مەسەلانەی روون کردۆتەوە.

پاشا ئەوەشی ئاشکرا کردووە کە ئارەزوومەندی دڵسۆزی و لایەنگرتنی خۆی بۆ پاشای بەغدا بسەلمێنی، ریچیش لەو باوەرِەدا بووە ئەو بە هۆی هۆکاری ئایینەوە مەیلی بەلای تورکەکانەوە شکاوەتەوە (٢٢٣).

ڕیچ لەو بارەیەوە دەڵێت : زۆربەی هەرە زۆری خەڵك لەو باوەڕەدان عوسمانییەکان شایانی ئەوە نیین ڕێزیان لێبگیرێت یان جێی باوەڕبن، چونکە کارگێڕی رامیارییان کوێرانە سەودا لەگەڵ خەڵکدا دەکات و لەسەر دلڕەقی و فریودان بەندە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا جۆرە زیرەکییەك دەنوێنی و توانیوویەتی رەزامەندی کەمینەیەك دەستەبەر بکات لەو کوردانەی لاینگری مەزهەبی سوونەن دژی ئێرانییەکان و دەمارگیرییان بەرانبەر پیشان دەدەن و حەزیان لێناکەن.

عوسمانییەکان دەیانتووانی ئاسۆی پێوەندییەکانیان لەگەڵ گەلێکی گەورەو چاونەترسدا کە لە ناوچەکانی سەر سنوورەکانیان دەژین توندو تۆڵ بکەن و بۆ کاتی تەنگانە و پێویست سوودیان لێببینن(٥٢) وێڕای ئەوەش میستەر ریچ لە یەکەمین دیداریدا لەگەڵ مەحموود پاشا وا خۆی پیشان دا لایەنگری تورکیایە ئەمەش کارتێکەریی لەسەر پاشا هەبوو، بۆیە لە دیدارەکانی دیکەیدا دایە پاڵ ئێران و ئەویشی هاندا لایەنگیری بێت.

خالفین (٣٨) لە کتێبەکەیدا باسی شێوەی زۆرانباری لەسەر کوردستان دەکات و دەڵێت : سوڵتانە تورکەکان شالاّوی دڕندانەیان بردۆتەسەر بزوتنەوە رزگاریخوازییە نیشتمانییەکان لە ناوچە بەرینینەکانی ولاّتەکەیاندا و دژی نیازی دەرەبەگە گەورەکان ئەوانەی خوازیاری جیا بوونەوەن هەڵوێستیان وەرگرتووە.

مەحموود پاشای حوکومڕانی سلێمانی کە بە میراتی ئەو حوکمەی بۆ ماوەتەوە بە هێزترین بەرهەڵست کاری ناوەندی دەسەلاّتە چونکە وێڕای ئەوەی سلێمانی و دەوروبەری سەر بە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییە مەحموود پاشا دانی ناوە بە دەسەلاّتی شای ئێراندا، تەنانەت کوڕەکەی وەك بارمتە ناردووە بۆ کرماشان بۆ دڵنیاکردنەوەیان لەسەر لایەنگرتنی، مەحموود پاشا ئەم هەڵوێستەی بە پێی ڕێنوومایی میستەر ریچ وەرگرتووە.

شایانی باسە ئێران لەو کاتەدا واتە لە چواریەکی سەدەی نۆزدەیەمدا لە ژێر دەسەلاّتی بەریتانیا بووە و بەرژەوەندی بەریتانیاش لەوەدا بووە سنووری ئێران دژی تورکیا بەرین بێتەوە.

هەڵوێستی تورك بەرانبەر ئیمارەتی بابانیش پەیوەست بوو بە بێزار بوونییەوە لە مەحموود پاشا، هەروەها هەڵوێستی ئێرانیش بە هەمان شێوە بوو. بەو شێوەیە میری بابان بەردەوام پیلانی دژ ڕێك دەخرا و هەریەك لە فارس و تورك هەرچییان لە تواناداا بووایە دەیانکرد بۆ دووبەرەکی خستنە نێو میرنشینەکە و وروژندانی خەڵك دژی. بۆ وێنە تورکیا چەند جارێك هەولّی داوە تەشقەڵە بە مەحموود پاشا بکات بۆ زاڵ بوون بەسەریا وەك ئەو پلانانەی داود پاشای والی تورك لە بەغدا دژی ڕێکی دەخست، جارێك لە ڕێگای براکەیەوە جارێکیش لە میانەی مامیەوە.



پاشا برایەکی هەبوو ناوی حەسەن بەگ بوو زۆری خۆش دەویست و لێیەوە نزیك بوو، بەلاّم داود پاشای والی بەغدا توانی دەستی بگەیەنێتە ئەو برایەتییەیان و هەوڵەکانی بخاتە گەر بۆ فریودانی و هەڵگەڕانەوەی لە مەحموود پاشا، ئەوەبوو حەسەن پاشا پشتی لە پاشای برای کرد و خۆی گەیاندە بەغدا و لەبەر دەرگای شار پێشوازییەکی بێ وێنەی لێکراو پاش ماوەیەکی کورت پاشایەتی کۆیەی پێڕاسپێرا، بەلاّم پاش چەند حەفتەیەك لە دوای ئەوەی والی بەغدا زانی هەرگیز ئەوەی بۆ ناکری بەرەنگاریی مەحموود پاشا بکات، ئێرانییەکانیش هەڵوێستی توونديان لەگەڵ هەیە بە جاری لێی بێئومێد بوو ئەو پلەی لی وەرگرتەوەو بە یەکەمین پێشنیازی مەحموود پاشا رازی بوو، ئیدی داود پاشای دایەوە دەست براکەی بە بی ئەوەی بیر لە چارەنووسی بکاتەوە (٩١).

میستەر ریچ حەسەن بەگ بە ترسنۆك باس دەکات و دەڵێت ئەمڕۆ بەیانی بۆ ماوەی سەعاتێك لەگەڵ پاشادا دانیشتم و زۆری لەگەڵم هەوڵدا گفتەکەی خۆم بە جی بێنم و هەموو ساڵێك سەردانی سلێمانی بکەم، ئەوەشی بۆ دووپات کردمەوە ئەگەر ئەوەبکەم خانوویەکی شیاوم بۆ دروست دەکات، چاوەڕوانیش دەکرا دوو سبەی برا ترسنۆکەکەی (حەسەن بەگ) لەگەڵ ڕۆستەم بەگی دەفتەرداری پێشووی بەغدا بگەنە سلێمانی (٨٧).

ئەگەریش لە دیدوبۆچوونەکانی سەرەوە ورد بینەوە دەتوانین ئەوە هەڵهێنجێنین مەحموود پاشا زۆر دڵی بە میستەر ریچ خۆش بووە و رەنگە بە دەروازەیەکی باشی پاشەڕۆژی دانابی بۆ رزگاربوون لە گرفتی عوسمانی و ئێرانی کە دووچاری ببوو، وێڕای ئەوەش پێوەندی دۆستایەتی لەگەڵ پەیدا کردبوو. وا دیارە میر لە رووی دەروونییەوە پێویستی بە دۆستێکی بەهێز بووە کە چاوی لە کورسی عەرشەکەی نەبی. لە لایەکی تریشەوە میستەر ریچ لە نەیاری خۆی بۆ دوژمنانی پاشا دەربڕیوە لەوانەش حەسەن بەگی برای، بەلاّم میستەر ریچ لە هەمان کاتدا ئەوەی لە یاد نەکردووە لە بواری گەڕانەوەی حەسەن بەگدا دوو مەسەلە باسبکات یەکەمیان ئەوەیە دیاردەی نوشوستی لێنشتووە کاتێك بە بەندکراوی و بە پاسەوانێتی سەد کەسیی گورجی کە شەو و رۆژ لەگەڵی بوونە تا لە بەغداوە گەیاندوویانەتە سلێمانی، دووەمیشیان ئەوەیە خەڵکی سلێمانی ئەوپەڕی ناڕەزاییان بۆ پاشای بەغدا پیشان داوە لەبەر ئەوەی حەسەن بەگی تەسلیم کردووە (٩٠).

چونکە ئەوە لەگەڵ داب و نەریتدا ناگونجی.

میستەر ریچ زوژر باش لە مەسەلەکان گەیشتبوو، ئاگاداری نەخشە و پلانەکانی عوسمانی بوو، لەم بارەیەشەوە جۆرێکی سەودای والی بەغدای عوسمانی لەگەڵ مەحموود پاشادا بە نموونە بۆ

هێناوینەتەوە و دەڵێت : لەو کاتەدا کە داود پاشا سوێندی بۆ نوێنەری مەحموود پاشا دەخوارد بەوەی کە پاشای وەك یوسفی کوڕی خۆش دەوی لە هەمان کاتیشدا شپرزەی ناردنی پەیامی نهێنی بوو بۆ حەسەن بەگ بۆ ئەوەی خیانەت لە مەحموود پاشا بکات و بەسەریا زاڵ بێت.

ڕیچ دەربارەی ئەم مەسەلەیە دەڵێت : ئەمە جۆرێکە لە چەندین چیرۆکی لەم چەشنە کە ڕەنگە لەسەر تەواوی سەرۆکە تورکەکان پراکتیزە بکرێت (٩١).

لە ڕاستیشدا حەسەن بەگ تاکە یەك کەس نەبوو پلان دژی براکەی بگێڕی و پەشیمان بێتەوە، ئەوە بوو مامی میری بابانیش دیسان خیانەتی لە برازاکەی کرد.

ڕیچ دەڵێت : وێڕای ئەوەی عەبدوڵلا پاشا لە بەردەم شێخ خالدی مەلای گەورەی سلێمانی سوێندی لایەنگرتنی بۆ برازاکەی خوارد، هۆی سوێند خواردنەکەش ئەوە بوو چاوەڕوان دەکرا میری کرماشان هەولێبدات هەردوو برای پاشا عوسمان و سلێمان یان مامی پاشا ڕاکێشێتە پاڵ خۆی و دژی پاشا هانیان بدات، بۆیە بە قورئان و تەلاق سوێندیان خوارد هەریەکەیان نووسراوێکی لە تورکیا یان لە ئێرانەوە پێبگات لە ماڵی شێخ خالد و بە ئامادەبوونی گشت ئەوانەی لەگەڵیا ڕێککەوتن بیکاتەوە. عوسمان پاشاش یەکەمین کەسبوو لەو مەسەلەیەدا تاقیکرایەوە، ئەوەبوو پاش ماوەیەکی کورت نووسراوێکی لە شازادەوە پێگەیشت تیایدا داوای لێکرابوو سەردانی کرمانشان بکات، بە نیازی ئەوەی پاشایەتی سلێمانی پێڕابسپێرێت. عوسمان بەگ دەست بەجێ هەردوو براکەی لە ناوەڕۆکی ئەو نووسراوە ئاگادار کردەوە.

عەبدوڵلا پاشای (مام) نووسراوێکی دی بە هەمان ناوەڕۆك پێگەیشت، بەلاّم لەوانی دی شاردەوە و لەو ڕێککەوتننامەیە لایدا کە لە سەری سوێندیان خوارد. مەحموود پاشاش لە ڕاستی ئەو نووسراوە ئاگادار نەبوو تا ئەو کاتەی ڕاسپاردەیەکی بە پەلەی لە پاشای بەغداوە پێگەیشت کە لە ڕێگایەکی تایبەتەوە بەو نهێنییەی زانیبوو داوای لە مەحموود پاشا کرد مامی بەندبکات (١٠٣).

بێگومان ئەو چاکەیەی پاشای عوسمانی لەبەر خۆشویستنی مەحموود پاشای میری کورد نەبوو بەرانبەر ئەوەی لێدانێك بی بۆ ئێرانییەکان لە لایەك و لە لایەکی دیکەشەوە بۆ پاراستنی لایەن گرتنی بابانییەکان لە تورکانی عوسمانی لەو ماوەیەدا.

وا دیارە ئەوە گورزێکی قورس بووە بۆ سەر پاشا، ڕیچ دەڵێت : وێڕای ئەوەش میر ڕازی نەبووە هیچ هەڵوێستێك دژی مامی وەربگری، تەنها ئەوە نەبی بڕیاریدا بەردەوام سانسۆری بخاتە



سەر، پاشانیش ئەوە دووپات بووەوە عەبدوڵلای مامی پاشا خەریك بووە خۆی ئامادەبکات بەرەو کرماشان هەڵبێت.

لە ڕاستیشدا ئەمە یەکەمین جار نەبوو عەبدوڵلا پاشا خیانەت لە مەحموود پاشای برازای بکات، چونکە پێش ئەوە بە ساڵێك دیسان خیانەتی لە مەحموود پاشا کرد و دایەپاڵ پاشای بەغدا ئەویش وەك حەسەن بەگ دایەوە دەست مەحموود پاشای برازای، بەلاّم لەبەر ئەوەی پیاوێکی بە بەزەیی بوو هیچی لێنەکرد، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕێزی لێناو پارچە زەویەکی بەرینی پی بەخشی بۆ ئەوەی سوودی لی ببینی و قەرزەکانی بەغدای بداتەوە. بەلاّم بەداخەوە عەبدوڵلا دانی بە خۆیدا نەگرت و چاکەی برازاکەی لە بەرچاو نەبوو، ئەوەبوو جارێکی دی ڕێگای خیانەتی گرتەبەر، بەلاّم ئەم جارەیان لەگەڵ فارس.

ڕیچ لە باسی هەستی پاشادا سەبارەت بە خیانەتی مامی دەڵێت : ئێواری سەردانی کردووە و زۆر دڵ تەنگ بووە و بە حەسرەتەوە باسی کردەوە خیانەت کارییەکانی مامی کردووە، لە ڕاستیشدا هەستێکی پاکی دەربڕیوە، هەستم کرد گیانێکی لێبوردەیی ئەوتۆی هەیە، هەرگیز نموونەیم لە نێو ڕۆژهەلاّت دا نەدیوە، هەروەها وێنەیم لە نێو ولاّتە هەرەپێشکەوتووەکانیشدا نەبینیوە (١٠٤).

لە ڕاستیشدا پاشا بەدەس کێشەیەکی دەروونی ناوخۆییەوە دەیناڵاند، هۆی ئەمەش ئەوە بوو کەوتبووە بەر کارتێکەری سۆزی پێوەندی نێو ئەندامانی خێزانەکەیان بە تایبەت هەڵوێستی خیانەتکارانەی مامی دووچاری ئازارێکی سەختی کردبوو، ئەوەی مێژووی بابانەکان بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێت مەحموود پاشا کاتێك مامی بەندکردووە دەروونی زۆری ئازارداوە وێڕای ئەوەی لەوە دڵنیابووە شایانی ئەوەیە، لەبەر ئەمە کار گەیشتۆتە ئەوەی مەحموود پاشا بیر لە ئازادکردنی بکاتەوە، بەلاّم لەبەر پاشای بەغدا نەوێراوە ئەوەبکات چونکە لە مەسەلەی ئاوەها گرنگدا پێویستە ڕەزامەندی والی بەغدا وەدەس بێنی، لەبەر ئەوەی لە ڕووی کارگێڕییەوە پاشایەتی سلێمانی سەر بە بەغدا بووە مەحموود پاشا ئارەزوومەند بووە ناوچەکە ئاوەدان بکاتەوە، بەلاّم باری نائارام، کە بە هۆی کێشەی نێو هەردوو نەتەوەی فارس و تورکەوە بەرپابوو بواری ئەوەی نەدەدا، تەنانەت ڕێگریشی بووە بۆیە پاشا پێویستی بە جۆرە بەرقەرارییەك هەبووە تا ئەو ئامانجە بێنێتە دی.

یەکی لە کوردەکان بە میستەر ڕیچی وتووە ناتوانن کۆشك و باڵەخانە لێدەن یان کۆنەکان ئاوەدان بکەنەوە چونکە دڵنیانین و لەوە دەترسن پێیان شاد نەبن (٦٣).

دیسان ئەم بارە نا هەموارە عوسمان بەگی برای مەحموود پاشاش دانیپێدا ناوەو پێی وتووە : ولاتەکەم لە بارێکی چەپەڵدا دەژی، چونکە ئەگەر خزمەتی تورکان بکەین کینەمان دژ هەڵدەگرن هەرکاتێك بیانەوی لامان دەدەن، ئەگەریش خزمەتی ئێران بکەین بەردەوام داوای پارە و ماڵمان لێدەکەن بێزارمان دەکەن.

میرنشینی بابان بەهۆی باری رامیاری نائارامی دەوروبەرییەوە لە گشت لایەکەوە لاواز بوو بوو، تەنانەت لەسەر ئاستی کشتوکاڵیش کە دەبوو هەموو توانای خۆی بۆ تەرخان بکات، ئەوەش کارێکی سوودمەند بوو ئەگەریش ببوایەتە جێی بایەخ گەشەسەندێکی سەر تاپاگێری بۆ ناوچەکە دابین دەکرد، تەنانەت هەندی لە پیاوانی ئەم میرنشینە وەك محەمەد ئاغا کە لەگەڵ میستەر ریچدا دواوە باسی قات و قڕی و هەژاری خەڵکی ناوچەکەی بۆ کردووە. وتوویەتی ئەم بارە ناهەموارە رێگرە لە بەردەم کشتوکاڵدا (٦٧).

بە پێی دیدی ریچ مەحموود پاشا کە سێتییەکی دڵ پڕ بەزەیی و سۆز و لاواز بووە، بەردەوام لە ژێر کارتێکەری نەریت و بیرو باوەڕی مرۆڤایەتیدا بووە، کە ئەوەش وەك دیارە دراوێکە بە ئاسانی لە بازاڕی رامیاریدا خەرج ناکرێت بە تایبەت ئەگەر دیموکراسییەت بە تەواوەتی لە گۆڕی نەبی.

ڕیچ بۆ چەسپاندنی دیدو بۆچوونەکانی نموونەیەکی هێناوەتەوە و دەڵێت : داود پاشا نمەك و چاکەی مەحموود پاشای لە بەرچاو نەبوو بەغەدرو خیانەت سەودای لەگەڵ کرد، بەلام پاشان بە چەند وشەیەکی خۆش توانی سۆزی بۆ لای خۆی رابکێشی، تەنانەت ئێستا — وەك ریچ دەڵێت:

مەحموود پاشا بە جۆرێك باوەڕی بە داود پاشایە خۆی زۆر بە نزیکی دەزانی. ریچ لە هەڵوێستی پاشای سلێمانی سەری سووڕماوە، چونکە پێی وتووە هەتا لە ژیان مابی خزمەتی داود پاشا دەکات، ریچ ئەمەی بە جۆرێك لێکداوەتەوە کە تەنها قسەی رووت نەبووە (٦٧).

لە راستیشدا ئێمە لەو باوەڕەداین هەڵوێستی مەحموود پاشا وەك گەلێك لە هەڵوێستە رامیارییەکانی پێش و پاشی ئەم بوونە لەگەڵ ناوەندی دەسەلاتدا، مەسەلەکە تەنها لاوازی کەسێتیی نییە، بەڵکو پەیوەستە بە لاوازیی هەڵوێستی رامیاری و سەربازی والییانی کوردەوە، چونکە هیچ شتێك بە درێژای مێژوو بگرە هەتا ئێستاش وەك مەسەلەی کورد نەبووەتە مایەی یەکگرتنی هەڵوێستی تورکیا و ئێران، چونکە ئەوان وێڕای کێشەی زۆر و زەبەندی نێوانیان، بەلام کاتێك کاربگاتە بەرژەوەندی کورد ئامادەن هەموو شتی وەلاوەنێن و دژی پلان بگێڕن بۆیە ئەگەریش میری کورد نیازی نەتەوەخوازی نەبووبی و هەرگیز بیری لەوە نەکردبێتەوە بۆ



بەرژەوەندی نەتەوەکەی هەنگاوبنی ئەوە ئەو دوو دەوڵەتە هەر بە هۆکاری مەترسییان داناوە و هەڵوێستی رەگەزپەرستانەیان دژی وەرگرتووە.

لەبەر ئەمە حاکمانی کورد هیچیان رێگایەکی دییان لە پێش نەبووە تەنها ئەوە نەبێ خۆیان لە یەکی لەو دوو هێزەوە نزیك بکەنەوە و پابەندی بن. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی هەرگیز بیر لەوە نەکەنەوە بۆ پاشەرۆژی نەتەوەکەیان هەوڵ بدەن. لێرەشەوە دەبینین میستەر ریچ هەوڵی داوە هەستی میری بابان بجوولێنی، بەلام هیچ هەڵوێستێکی لی بەدی نەکردووە، بۆیە دەڵێت: چەند هەوڵمدا هەستی نەتەوایەتی لە کەسی مەحموود پاشای میری بابان دا بجوولێنم بێسوود بوو، بەلام کاتێك باسی مێژووی کۆنی کوردم بۆ کرد یان ئەو پایەیەی دەبی نەتەوەی کورد لە پاشەرۆژدا هەیبی هەستم دەکرد جۆرە ورووژانێکی لا دروست دەبی، بەلام ئەوە لە سەراب زیاتر نەبوو(٢٢٩).

لەو باوەڕەداین هەستی ئایینی کە کاری لە ناخی مەحموود پاشا کردبوو ئەو کاتە لەبەر دوو هۆ رێگای پێنەدەدا بیر لە نەتەوەکەی خۆی بکاتەوە یەکەمیان ئەوە بوو لە تورك یان ئەو دەوڵەتەی خەلیفە سەرکردایەتی دەکرد دەترسا ئەمەش ریچ بەوردی دەستنیشانی کردووە و دەڵێت : گەورەترین هەڵەی پاشا ئەوەبوو کە بەرانبەر تورکان لاوازبوو، زێدەش رێزی لێدەنان ئەویش بەهۆی هەستە ئایینییەکەیەوە بوو کە بەرچاوی تاریك کردبوو یان خستبوویە بارێکی دەروونی ئەوتۆوە کە هێند لاواز بی سەرم لی سووڕمێنی (٢٢٣) دووەمیشیان ئەوە بوو پاشا بەردەوام هەستی بە نائارامی دەکرد، چونکە بەرپرسیارێتی میری بابانی هەڵگرتبوو کە سەر بە والی بەغدا و دەوڵەتی عوسمانی بوو چونکە دەترسا بەرانبەری هەڵەیەك بکات و یەزدانیش سزای بدات، ئەمەش وایلێکردبوو هەمیشە لە بڕیارەکانیدا لاوازو دوو دڵبی، ئەگەریش لەو حاڵەتەدا وا بووبی ئەی ئەگەر دەوڵەتێکی سەربەخۆی بوایە چۆن دەبوو ؟ پاشا ئەمەی بۆ ریچ ئاشکرا کردبوو کاتێك ئارەزووی ئەوەی لا دەربڕیبوو واز لە پاشایەتی بێنی، ریچ یش لە وەلامدا پێی وتبوو : دەبی بەو پایەیە قایل بی کە خوا پێی بەخشیوی، پاشا لە وەلامی ریچدا وتوویەتی : گومان لەوەدا نییە، بەلام سەرم لەوە سووڕدەمێنی چۆن یەزدان ئەم حوکمەی کردووە بە بەشم؟ ریچ وەلامی داوەتەوە : ئەوە لە بەرژەوەندی هەزاران کەسدایە.

پاشا وەلامی داوەتەوە: ئای ئەو سزایە دەبی چەند گرانبی کە لەو دنیادا تەنها دەکەوێتە ئەستۆی خۆم، هەرچی کەم و کورتییەکی حکوومەتەکەم هەیە لە ئەستۆم دایە (٢٢٩).

لەم پێشەکییەش ئەوەمان بۆ دووپات دەبێتەوە کە لە راستیدا میر کابرایەکی سیاسەتمەدار نەبووە و لە بەردەم نوێنەری بەریتانیادا ئەوپەڕی لاوازی پیشان داوە، کە ئێمە لەو باوەڕەدایین ئامانجی سەرەکی سەردانەکەی ئەوە بووە بە وردی لە رامیاری ناوچەکە بە میرو حکوومەت و گەلەکەوە بکۆڵێتەوە.

وادیارە ریچ لە رووی سۆزی کەسییەوە سەودای لەگەڵ پاشادا کردووە، بۆیە ئەگەر سەرجەم دیدوبۆچوونەکانی لێکبدەینەوە دەبینین بە شایستەی ئەوەی نەزانیوە ببی بە میر یان بەرپرسێکی رامیاری، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا وەك باسمان کرد ریچ توانیوویەتی هەڵوێستی مەحموود پاشا بەرەو باشتر بگۆڕی.

لە راستیشدا مەحموود پاشا هەمیشە بی ئامانج نەژیاوە، بەڵکو بەردەوام شانازی بە سلێمانییەوە کردووە وەك پایتەختێکی کوردی بابانی. جارێك ریچ لە کۆڕێکدا ئامادە دەبی و ئەم وتەیەی یەکی لە ئامادە بووان سەرنجی رادەکێشی کاتێك دەڵێت : ئایا جێی شەرم نییە یەکی لە میرەکانمان بچی بۆ بەغدا بۆ لای ئەو تورکانەی کە پێش ماوەیەك یەکێکیان وەك مەڕ بە چەند سەد قرشێك فرۆشرا. هەر ئەو تورکانەش کە بورووژێنرێن ئامادەن بە هەریەکێکمان بڵێن — ئەی کوردی کەر — ئەنجا یەکێکی دی لە ئامادەبووان رووی دەمی لە ریچ دەکات و دەڵێت : نە تورك و نە ئێرانییەکان توانای ئەوەیان نییە زیانمان پێبگەیەنن مەگەر سوود لە دووبەرەکی میرەکانمان ببینن، هەرچی کوێرەوەریشمان هەیە بۆ شەڕەکورسی ئەوان دەگەڕێتەوە (٦٣).

شایانی باسیشە عەبدولڕەحمان پاشا کە پێش مەحموود پاشا حوکمی بە دەست بوو، خاوەنی هەستێکی نەتەوایەتی بەرز و گیانی سەربەخۆیی بوو، بەلاّم هیچ کارێکی رامیاری یان سەربازی لی نەوەشاوەتەوە.

عەبدولڕەحمان پاشا وەك ریچ باسیدەکات ئارەزووی ئەوەی دەکرد ولاّتەکەی راستەوخۆ لەگەڵ دەروازەی بالاّدا پێوەندی هەبی واتە سەربەخۆ بی و پێوەندی بە هیچ پاشایەکی دیکەی دراوسێیەوە نەبی. ئامادەش بووە لە بری ئەوە باجی سالاّنەش بدات ئەگەر دەروازەی بالاّ داوای لێبکات، بە مەرجی کەس نەتوانی خۆی لە کاروباری ناوخۆی ناوچەکەی تێبگەیەنی یان دەسەلاّتی ئەوەی هەبی لای بدات یان بیگۆڕی تەنها لە کاتی یاخی بووندا نەبی ئەمە لە لایەك لە لایەکی دیکەشەوە عەبدولڕەحمان پاشا پابەندبوونی نەتەوەیی نیشتمانی خستبوویە بارێکەوە بەو نمایشە رازی نەبی کە ببی بە پاشای بەغدا و بڵێ : راستە بەوە من پلەی یەکەمی وەزیری وەردەگرم واتە یەکی لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی دەوڵەتی عوسمانی، بەلاّم قومێکی ئاوی بەفری چیاکانی ولاّتەکەم بەگشت پلەو



پایەی ئیمپراتۆرییەت ناگۆڕمەوە، راستیشە گواستنەوەم بۆ بەغدا لە نازو نیعمەتی ژیانم زیاد دەکات، بەلاّم دەبێتە مایەی وێرانکردنی بنەماڵەی بابانییەکانیش (٦٨).

ڕیچ ئەم رازی نەبوونە زۆر بە حەکیمانە دەداتە قەڵەم، بەلاّم وێڕای هەستی بەرزی نەتەوایەتی کە لە ناخی عەبدولڕەحمان پاشاوە هەڵقوولاّوە کەوا لە وشەکانیەوە دەرکەوتووە ئەم پرسیارە لەم بارەیەوە دێتە پێش : ئەگەر عەبدولڕەحمان پاشا ببوایە والی بەغدا و بێگومانیش سلێمانی لە رووی کارگێڕییەوە سەر بە ئەو ئەبوو ئایا ئەوە زیانی دەگەیاندە حکوومەتی بابان؟

ئایا کەسێکی وانەبوو جێگای بگرێتەوە و کاروباری سلێمانی بەڕێوەبەری. یان نە ئەبوو هەر خۆی پاشای بەغداو سلێمانی ببوایە ؟ ئەمەش مەگەر عەبدولڕەحمان پاشا خۆی وەلاّمی بداتەوە (مەسەلەکانیش بە سەردەمی خۆیانەوە بەستراون).

ئەم پرسیارانەمان بۆیە لەم بوارەدا هێنایەوە بۆ ئەوەی کەش و هەوای سیاسی و نەتەوەیی لەو سەردەمەدا لە ناوچەی بابان روون بێتەوە، بەلاّم وا دیاربووە مەحموود پاشا هێند بایەخی بە لایەنی نەتەوەیی نەداوە. یان نەی ویستووە وەك میرێکی نەتەوەخواز دەرکەوی، بە پێچەوانەی عەبدولڕەحمان پاشا کەوا لەو بەشەی کتێبەکەدا بۆ ناودارانی کورد تەرخان کراوە باسمان کردووە و ئاماژەمان بەوەش داوە کە ویستوویەتی ئاگاداری میژووش بێت لە کاتێکدا مەحموود پاشا خۆی لە مێژوو دوورگرتووە.

وتووێژی نێوان ریچ و مەحموود پاشا دەربارەی مێژوو یەکەم جاری نەبووە، چونکە وەك لە پێشا پەنجەمان بۆ راکێشا ریچ لە سەرەتای سەردانەکەیدا بۆ سلێمانی داوای لە پاشا کردبوو کتێبیکی دەربارەی مێژووی کورد پێشکەش بکات، ئەویش گفتی پێدا هەرچی لە توانادا هەیە بیکات بۆ ئەوەی دانەیەکی لەو کتێبەی لە سەر مێژووی کوردستان بۆ پەیدابکات کە ریچ بە بەناوبانگ ناوی بردووە.

ڕیچ بۆ پاشا و ئامادەبووان چیرۆکی زەینەفۆن و دەهەزار چەکدارەکەی گێڕاوەتەوە و ئەوانیش گوێرایەڵی بوونە و نیشانەی بایەخدان کەوتۆتەسەر دەم و چاویان، ریچ ئەو کۆڕەی بەوە باسکردووە کە دیمەنێکی زۆر جوان بووە و کەرەستەیەکی نایابی بۆ وێنەکێشان بەرپا کردووە و پاشا بەوپەڕی ساکارییەوە وتوویەتی خۆزگە بنەماڵەکەی من لەو بوارەدا رۆڵێکیان دەبوو (٧٦) واتە پاشا ئاواتی ئەوەی خواستووە رۆڵی هەبوایە لە شکست پێهێنانی داگیرکەراندا.

وا دیار بووە عوسمان پاشای برابچووکی مەحموود پاشا پتر بایەخی بە رامیاری داوە و خەمی نەتەوەکەی خواردووە، ریچ باسیکردووە کە عوسمان بەگ مەیلی ئەوەی هەبووە بایەخ بە

کاروباری وڵاتی کوردان بدات.بە جۆرە ئازادییەك دواوە ئەو سنوورەی بەزاندووە کە ئەم چاوەڕوانی کردووە (٥٥).

دەبی ریچ تا چەند ویستبێتی عوسمان بەگ لە باسەکەیدا دەربارەی کاروباری وڵاتی کوردان بەردەوام بی، ئەمەش پێشبینی ناکری، بەلاَم ریچ ئەوەی درکاندووە کە عوسمان بەگ مەیلی بە لای تورکاندا نەشکاوەتەوە.

ئێمە لەو باوەڕەداین ریچ ئەوەی مەبەست بووە کە عوسمان بەگ بیرۆکەی خۆرزگارکردنی تەواوی لە هەردوو دەوڵەتی تورك و عوسمانی لەگەڵ باسکردووە، واتە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە جیاتی جیا بوونەوە لە تورکیا و لایەن گرتنی ئێران.

لە راستیشدا ریچ و عوسمان بەگ دەربارەی کاروباری دەرەوە دواون، بەلاَم ئەو گفتوگۆیە بریتی بووە لە کۆمەڵێك پرسیارو روون کردنەوە کە عوسمان بەگ ئاڕاستەی ریچی کردووە و ئەویش وەلاَمی داونەتەوە.

ڕیچ لە بارەی عوسمان بەگەوە دەڵێت : پرسیارەکانی شیاو بوون، زیرەکانەش وەلاَمی پرسیارەکانی منی دەدایەوە.

هەروەها ریچ لە دیدو بۆچوونەکانیا دانی بەوەدا ناوە کە عوسمان بەگ داوای لێبوردنی لە ریچ کردووە، چونکە ئارەزووی لەوە بووە سنووری ئاگادارییەکانی فراوان بکات و پرسیاری زۆریشی لێکردووە و وتوویەتی ئەوەت لا روون بێت کە مرۆڤی کورد کاتێك لەگەڵ ئینگلیزێکدا بدوی هەست بە نامۆیی دەکات، ئارەزوویەکیش لە ناخیدا دەورووژی بۆ سوود بینین لەو دوانە بۆ ئاگادار بوون لەو مەسەلانەی لە رێگایەکی دییەوە ناتوانی شتیان دەربارە بزانی و پێویستیشە کەڵکیان لی ببینی، ریچیش پەیمانی پێداوە بەوپەڕی ئازادییەوە وەلاَمی پرسیارەکانی بداتەوە، وا دیاربووە عوسمان بەگ دەیویست لە شێوەی سیستمی دەوڵەت لەهەر یەکە لە بەریتانیا و فەڕەنسا و رووسیا بگات، هەروەها رێورەسمی شاهانەی بەریتانیا و پێکهاتەکانی سوپای بەریتانیا زیاتریش پرسیاری سەربازی ئاڕاستەی کردووە. ریچ سەرنجی ئەوەشی دابوو کە عوسمان بەگ لە پرسیارەکانیا هێند بایەخی بە سوڵتان و ئەستەمبووڵ و تورك نەداوە. پاشان عوسمان بەگ لە پرسیارەکانیا چووەتە سەر مەسەلەی شەڕی واترلو ویستوویەتی شتی زۆری دەربارە بزانی ئەنجا ویستوویەتی لە کەسێتی پۆناپارت بگات، دوای ئەوەش دەربارەی هیندستان وەك موستەعمەرەیەکی بەریتانیا پرسیاری لێکردووە، هەروەها هۆکاری فراوان خوازییەکانی بەریتانیا چونکە لەو باوەڕەدا بووە ملك و دارایی بەریتانیا لەو سەردەمەدا لە دابین کردنی



پێداویستییەکانی خۆشگوزەرانی خەڵکی بەریتانیا زیاتر بووە. لەو بارەیەشەوە ریچ بیروبۆچوونی خۆی روون کردۆتەوە.

لەو مەسەلە سەربازییانەش کە عوسمان بەگ ویستوویەتی شتێکیان دەربارە بزانی یان تا چەند راستن فرۆکە سەربازییەکان بووە، ئایا راستە توانایەکی زۆریان هەیە بۆ گواستنەوەی مەفرەزەی سەربازەکان بۆ هەر شوێنێکیان مەبەست بی.

ڕیچ دەڵێت : عوسمان بەگ زۆری پێخۆشبووە کاتێك زانیویەتی لە بەریتانیاش هۆز و تیرە هەن. هەروەها دەڵێت : عوسمان بەگ زۆر لە پرسیارەکانیدا دەربارەی هۆزەکانی بەریتانیا ورد بووە و ویستوویەتی لە زمان و رەوشتیان ئاگادار بی. تکاشی لێکردووە ناوی هەندی لەو هۆزانەی بۆ بێنێتەوە، کاتێکیش باسی ئەو هۆز و تیرانەی بۆ کردووە کە جل و بەرگ و ئەفسەری تایبەتیان هەیە زۆری سەرنج راکێشاوە، بەلاَم لەوە سەری سووڕماوە چینی حوکومڕانی ئینگلیز لە رۆڵەکانی خەڵکی شاربن نەك هۆز و تیرەکان.

زیاتریش لەوە سەری سووڕماوە کاتێك ئاگاداری کردۆتەوە رۆڵەکانی شاریش سەربازی ئازا و نەبەردیان تیایە، کاتێکیش باس هاتۆتە سەر ئەمەریکا و چۆنێتی دۆزینەوەی رژێمی حوکمی کۆماری ئەمەریکا (ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) عوسمان بەگ وتوویەتی : ئەم سیستمە لە سیستمی هۆزی خۆشناوی کورد دەچێت کە هەر گوندێك سەرۆکێکی هەیە و دواییش هەموویان کۆ دەبنەوە بۆ راوێژ و گفتوگۆ بۆ بەرژەوەندی گشت هۆزی خۆشناو.

کاتێکیش عوسمان بەگ زانی کەس ناوێری لە کۆڕی حەزرەتی شای بەریتانیادا دانیشی، زۆری لا سەیر بوو، بە سەر سووڕمانیشەوە پرسی : (تەنانەت ئەربانی ئایینیش) ریچ بە نەخێر وەلاَمی دایەوە. عوسمان بەگیش بە رەزامەندییەوە رووی لە دانیشتووانی کورد کردو وتی: (بینیتان مەلاکان لە ولاَتەکەیدا دەسەلاَتیان نییە) ئەمەش ئەوە ئەگەیەنی کە پیاوانی ئایین دەسەلاَتیان بەسەر میری باباندا شکاوە، ئەم گرفتەش بووەتە جێی بایەخی عوسمان بەگ کە وا دیارە نەیاری ئەوە بووە هەندی لە پیاوانی ئایین دەست بخەنە نێو کاروباری مەحموود پاشای برایەوە یان کارگێڕی ئیمارەتەکەیەوە ئیدی چ بە شێوەی راستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ.

ڕیچ ئەوەی باسکردووە کە عوسمان بەگ بەردەوام بووە لە پرسیارکردندا، بەلاَم بایەخی نەداوە بە سوڵتان و ئەستەمبووڵ، بەڵکو پرسیاری لەسەر شەڕی واترلۆ و ناپلیۆن بۆناپارت و چین و بازنەی زەوی هەروەها هەوڵە فراوانخوازییەکانی بەریتانیا و... هتد ئاڕاستەکردووە. ریچیش هەوڵی داوە وەلاَمەکانی لەسەر رێبازی بەریتانیا و دبلۆماسییانە بێت، لە وەلاَمەکانیدا ئاماژەی

بەوە داوە کە ئەگەر بەریتانیا ئەو ناوچانە داگیر نەکات لەوانەش هیندستان ئەوە لە لایەن ولاّتانی دییەوە داگیردەکرێت و دواییش ئەو شوێنانە بۆ دژایەتی کردنی بەریتانیا بە کار دێنن.

عوسمان بەگ سەبارەت بە باری کوردستانیش دواوە و بە ریچی وتووە ولاّتەکەمان لە بارێکی زۆر ناخۆشدایە، (ئەگەر خزمەتی تورکان بکەین بەچاوی سووك تەماشامان دەکەن و هەرکاتێك بیانەوی پلەوپایەمان لێوەردەگرنەوە، ئەگەریش خزمەتی ئێران بکەین بەردەوام بێزارمان دەکەن و داوای پارە و مالّمان لێدەکەن).

ڕیچ دەربارەی کەسیی عوسمان پاشا وتوویەتی:

بەراستی ئەو کاتەی بە جێم هێشت زۆر رووخۆش بوو، پێی وتم بە یەکێك لە ئەندامانی هۆزەکەیم دادەنی و تکای لێکردم بەردەوام دۆستی دلّسۆزی یەکتر بین (٦٨-٧١).

ڕیچ لە بۆنەیەکی دیکەی دیدارەکانی لەگەلّ عوسمان پاشا ئەوە دەدرکێنی کە زۆر لە تورکان پەست بووە و بە ریچی وتووە : ئەوان لەسەر دەسەلاّت داسەپاندن و فریودان راهاتوون، کەسیش وەك من نازانی چۆنیان لەگەلّ سەودا بکات، چونکە ئەوەی بە دروست زانیوە هەرگیز باوەڕیان پێنەکری و زەلیل بکرێن، چونکە تورك هەرگیز کردەوەی باشەی لێناوەشێتەوە مەگەر بیترسێنی یان بە قەساوەت سەودای لەگەلّ بکەین، ریچیش تارادەیەك دیدو بۆچوونی عوسمان بەگی دەربارەی تورکان پەسەند کردووە (٨٨).

دیدوبۆچوونی ریچ دەربارەی عوسمان بەگ لە کاتی گەرمەی ئەو گیرو گرفتەدا بووە کە پێیدا تێپەڕیوە، رێزنان لە هەلّوێستی عوسمان بەگ کاتێك ئارەزووی لەوە نەبووە فرمانەکەی پاشای برای بە جی بێنی و بچێت بۆ کۆیە و حوکم و کارگێری لە ئەستۆ بگری. لەم بارەیەوە ریچ دەلّێت : چووە بۆ سەردانی عوسمان بەگ و وەك هەموو جارێك دیاردەی جدییەتی تیا بە دی کردووە، بەلاّم ئەمجارە تۆزی هێزو قەسوەتیشی پێوە دیار بووە، وەك کابرایەك هاتۆتە پێش چاو کە پشتی دابێتە دیوارەوە، مەحموود پاشاش لەسەر رێنوومایی پاشای بەغدای عوسمانی داکۆکی توندی لەسەر ئەوەکردووە عوسمان بەگ بەو پلەیە قایل بێت کە ئەویش حاکمێتی کۆیە بووە، عوسمان بەگ پەسەندی نەکردووە، چونکە لەوە ترساوە تورکان زالّبن بەسەریا و هەر کاتێکیش ئەم ناچار بی لە رێگای ئەوانەوە واز بێنی و ئەوان خۆیان کاروبار بگرنە دەست و ئەو کاتەش ولاّتەکەی رووبەڕووی وێران کاری تەواو دەبێتەوە.

پاشای بەغدا کە تورك رەگەز بووە هەرگیز هاوکاری و تەبایی نێوان بنەمالّەی بابانەکانی نەویستووە و ویستوویەتی دوو بەرەکی بخاتە نێوان هەردوو براوە، تورکەکان ویستوویانە عوسمان



بەگ دووربخەنەوە، ئەو پیاوەی سەبارەت بە رووداوەکانی ئەو دواییە حەکیمانە رەفتاری کردووە و وەك پیاوێکی شەرەفمەند لە خێری ولاّتەکەی زیاتر هیچی نەویستووە. هەلّەی گەورەی پاشاش ئەوە بووە بەرانبەر بە تورکەکان زۆر لاواز بووەو زیاد لە پێویست رێزی لێناون، بێگومان وەك ئاماژەشمان بۆ کرد ئەوەش لەسەر کارتێکەری هەستی ئایینی بەند بووە (٢٢٣).

تەنانەت بۆ ریچ مەسەلەی عەبدوللّا پاشای مامیشی روون کردۆتەوە کە پاشای بەغدا (داود پاشا) رێگای بە مەحموود پاشا نەداوە ئازادی بکات.

ڕیچ ئەو باوەڕەی لا چەسپاوە کە ئەگەر عوسمان لەوەوپێش هەلّەی کردبی، بەلاّم بە دلّنیاییەوە شەرەف مەندانە لە ئاست گشت ئەو مەسەلانەی لەم دوایەدا روویان داوە سەودای کردووە. قەناعەتی بە براکەی کرد کە دەست لە پلەو پایەی خۆی هەلّنەگری و داخوازییەکەی میری کرماشان رەت بداتەوە و نەچێت بۆ لای، لە هەردوو حالّەتیشدا دلّنیابوو لەوەی لە هەردوو حالّەتدا ئەو دەبوو بە پاشا.

ڕیچ لە کۆتاییدا گوزارشت لە دلّتەنگی خۆی دەکات و دەلّێت : ئەوەی زۆرم خەمبار دەکات ئەوەیە دەبینم ئەم تورکانە تۆوی ناحەزی و دووبەرەکی لە نێوان ئەندامانی ئەم خێزانە بەڕێزەدا دەچێنن (٢٢٤).

جۆرە دیموکراسییەك کە ریچ لە نێوان رۆلّەکانی هۆزی بلّباسی کورددا بەدی کردووە سەرنجی راکێشاوە و لەو بارەیەوە دەلّێت: هەر پیاوێکی ئەم هۆزە لەهەر پلەو پایەیێکدا بێت مافی ئەوەی هەیە لە کاروباری گشتیدا رادەربڕی.

دوور نییە گری بەستێکی بازرگانی لەگەلّ سەرۆکانی بلّباسیدا ببەستری و یەکێك لە ئەندامانی هۆزەکە راپەڕی و بلّێت : (من رازی نابم) تەنها ئەمەش بەسە بۆ ئەوەی تەواوی ئەو رێککەوتنە هەلّوەشێتەوە واتە جێبەجێکردنی رای سەرۆك هۆز دەبی کۆی دەنگی لەسەر بی نەك زۆرینە(١٠٥).

## ویگرام

ئەو سالاّنەی ویگرام لە کوردستاندا بەسەری بردووە (لە گرێی یەکەمی سەدەی بیستەمدا) کێشەی گەورەیان تیا قەوماوە. لە نێوان کوردی موسلّمان و مەسیحی دا لە کوردستان ئەویش بە هاندانی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی دەولّەتی عوسمانی لە لایەك و لە لایەکی دیکەشەوە

پێشەوایانی کورد کە لە نێوان یەکدیدا کێشەیان هەبوو تووشی نائارامی و دوو دڵی بووبوون بە هۆی دیارنەبوونی چارەنووسی نەتەوەکەیانەوە، ئەمەش رەنگدانەوەی نارێکی لێکەوتبووەوە.

گشت ئەمانەشمان لە میانەی وتووێژەکانی ویگرامەوە لەگەڵ سەرۆك هۆزەکان بە تایبەت شێخ عەبدولسەلام بارزانی بۆ روون بووەوە.

ویگرام لە یادداشتنامەکانیا بە پێویستی زانیوە یەك پێشەوای بە توانای کورد حوکمی کوردستان بکات لە جیاتی ئەو حاکمانەی لە نێو یەکدیدا خەریکی دووبەرەکین، ویگرام مەرجی ئەوەشی نەخستۆتە پێش کە ئەو پێشەوایەتییە دیموکراسی بێت، لەو باوەڕەشدایە هەر پێشەوایەکی کورد حوکمی ولاتی کوردستان بکات تەنانەت ئەگەریش ستەمکاربێت لەوە باشترە لە ژێر حوکمی چەند حاکمێکدا بی چاویان لە پلەوپایەی یەکتر بی (٢٨٨).

ئەم دەستەواژەیەی ویگرام بە تەواوەتی لەگەڵ راستی ژیانی رامیاری ئەو کاتەو رادەی ئەو دابڕانە کۆمەلایەتییەی دوچاری کۆمەڵگای کوردەواری بووبوو بە هۆی فرەبوونی پێشەواکانییەوە رووبەرووبمان دەکاتەوە ئەم بارە نا هەمووارەش بێگومان بە فێی ناوەندی دەوڵەتی عوسمانی هاتبووە گۆڕی.

لەسەر ئاستی کارگێڕی ناوخۆی کوردستانیش هاونیشتمانی کورد بە دەستی کارمەندانی تورکەوە دەینالاند. وێڕای ئەوەش ویگرام وەك مرۆڤـــــ ستایشی مرۆڤی تورك دەکات کە خاوەنی خەسڵەتی باشە، بەلام ویگرام ئەوەشی درکاندووە کە کارمەندی تورك دەزگایەکی کارگێڕی سوەیلی بۆگەنی بەڕێوە بردووە (١٦٦).

لێرەشەوە دەتوانین بە دروستی پێشبینی واقیعی رامیاری و کارگێڕی کوردستان بکەین لە سایەی دەزگایەکی کارگێڕی لەو چەشنەدا، زیاد لەوەش دیاردەی بێزارکردنی هاونیشتمانی کورد لە لایەن کارمەندانی تورکەوە بە بیانووی جیاجیا مەسەلەیەکی باوبووە.

ئەمەش وای لە خەڵك کردووە هەست بە لاوازی حکوومەت بکەن، وەك ویگرامیش دەڵێت : لەبەر ئەوەش توانای ئەوەیان نەبوو هیچ جۆرە ئۆتۆنۆمییەك لە میانەی حوکمی هۆزگەری و دەرەبەگەوە دامەزرێنن، بۆیە لێیان خۆش بوو هەر جۆرە گۆڕانکارییەك یان دەست تێوەردانێکی بیانی روو بدات، هەروەها ئەوەشی باسکردووە کە ئاغاکانی کورد لەبەر هۆی کەسیی پێیان خۆشبووە ئینگلیز بگاتە ناوچەکەیان (٢٩٢).

لە دیدو بۆچوونەکانی ویگرامیشەوە ئەوە روون دەبێتەوە کە کوردی موسوڵمان و مەسیحی بەردەوام کەرەستەی دەستی ئێران و تورکیا بوونەو بۆ مەبەستی ئاژاوەنانەوە بەکار هێنراون.



ویگرام دەڵێت : لە ساڵی ١٩٠٦ دا میری ئێران بڕیاریدا هەرچی لە تواناداهەیە بیکات بۆ لووت شکاندنی کوردەکان و ملکەچ کردنیان.

بۆ ئەم مەبەستەش هێزێکی سەربازی نارده سەرخەڵکی ناوچەکە و داوای لە مەسیحییەکان کرد پشتگیری لێبکەن، بەرانبەر بەمەش دەسەلاتدارێتی تورك ئەم هەلەی قواستەوە، رەنگبێ ئەوەشی لەبەر داخوازی کوردەکان کردبێت یان دەست خستنە سەر ناوچەیەکی بەرین کە هەرکاتی ئارەزووی لێبێت بیخاتە پاڵ خۆی. هەر کە هێزەکەی تورکیاش کەوتەڕی سوپای ئێران خۆی نەگرت و سەنگەری چۆڵ کرد و تەنانەت لەترسا لە ورمێش نەوەستان، کەچی هاوپەیمانەکانیان کە ئاسووری بوون و لە گوندی (تەرکەوە)وە هاتبوونە کۆمەکیان لەو هەلوێستە پڕ شەرمەزارییەدا کەوتنە هۆڵی خۆیان و تووشی رۆژی رەشی خۆیان بوون.

لەو ماوەیەشدا ورمی بووبوو بە ناوچەیەکی رووسی، ویگرام بە رێزەوە ناوی سیستەمی رووسی هێناوە چونکە ئارەزووی نەکردووە کوشتن و کێشەی خوێناوی لە نێوان هۆزەکاندا بەردەوام بی (١٧٩-١٨٠).

کوردەکان بەرانبەر بە ئایینەکانی دی کینەیان لە دڵ نەبووە.بەلام دەوڵەتی عوسمانی رۆڵێکی پیسی لەو بوارەدا گێڕاوە و هەمیشە هەوڵی داوە خەڵکی سەر بە هۆزو ئایین و تایفەکان لە نێویەکدا ناکۆك بن و دژی یەك هەڵوێست وەرگرن.

ویگرام کە لە گەلێك ناوچەی کوردستاندا بینراوە دیدو بۆچوونەکانی لەسەر کوردی موسوڵمان دەربارەی مەسیحییەکان بە گشتی و پێشەوایانی هۆزەکانیان بە تایبەتی تۆمار کردووە، بۆ وێنە لە باسی ناوچەی هەکاریدا (ناوی گشتی ناوچە شاخاوییەکانی باشووری کوردستان) دەڵێت : هەموو کوردان بەوپەڕی رێزەوە دەڕواننە مارشەمعوون (سەرۆکی رۆحی ئاسوورییەکان) و بە پێشەوای رەسمی دانیشتووانی ژێر دەسەلاتی حوکمی دەزانن، هەروەها بە پیاوێکی ئاییني پیرۆزی دەدەنە قەڵەم و بەو چاوە تەماشای دەکەن پلەو پایەی رۆحی لە مەسیحی ئاسایی زیاترە هەر بۆیەش موسوڵمانە توندرەوەکان گۆشتی ئەو ئاژەڵە ناخۆن کە بە دەستی مەسیحی سەربڕابی چونکە لێی دڵنیا نین حەلاڵە، بەلام ئەگەر بە دەستی یەکێك لە ئەندامانی خێزانی مار شەمعوون سەربڕی بە حەلاڵی دەزانن و دەیخۆن. بە تایبەتیش ئەگەر بە چەقۆیەکی کۆنی ئەو بنەماڵەیە سەربڕی (٢٥٣-٤).

دەبینین ویگرام (کە پیاوێکی ئاییني مەسیحی و موژدەبەر بووە) لە باسەکانیدا لای مەسیحییەکانی نەگرتووە و بابەتییانە هەڵەی موسوڵمان و مەسیحی دەربارەی یەکتری

تۆماركردووه و لای هیچیانی نەگرتووه. بۆ نموونه به توندی ڕەخنەی لە هەندی هەڵوێستی مەسیحییەكانی ناوچەكە گرتووە و دەڵێت : ئەگەر ویژدانیش بكەینە مەحەك لە باسكردنی ئەو مەسەلانەدا دەبی ئەوە بدركێنین كە مەسیحییە سەرگەرمەكان هەرچییان لە توانادا بووە كردوویانە بۆ وروژاندنی خەڵك و خۆشكردنی ئاگری ئاژاوە، هەربۆیەش خەریكی گەمەیەكی پیس و بۆگەن بوونە بۆ دووبەرەكی خستنە نێو موسوڵمانی سونەو شیعەوە تەنانەت سووكایەتیشیان بە موسڵمانان دەكردو بە سەگ دەیانچواندن و ئەمەش ئەو خەڵكە ئاشتی خوازو بی وەیانەی پتر دەورووژان (١٧٧).

ویگرام بۆ دووپات كردنەوەی دەستدرێژی مەسیحییەكان بۆ سەر موسوڵمانان ڕووداوێكی بە نموونە بۆ باسكردووین و دەڵێت : هەندی لەسەر گەرمە مەسیحییەكان — وەك ویگرام ناویان دەبات — وەك كاردانەوەیەك بە ئامادەنەبوونی كوردەكان بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵیاندا، كە پێشنیازیان بۆ كردبوون هێرشیان بردە سەر زەوی و زاری بەرواریییەكان و برایەكی ڕەشید بەرواریییان كوشت، كە یەكێك بوو لە سەرۆكانی هۆزی بەرواری، ئەوەبوو ئەو گوللەیەی كە براكەی پێكوژرا بوو، لە لەشی چەقیبوو دەرهێناو نامەیەكی بۆ ئاغای (وادی لێزان) نارد ئەو لایەنەی كە داگیركەران شالاویان لای ئەوەوە هێنابوو نووسی و وتی : ئەو گوللەیە لای خۆم هەڵدەگرم هەتا لەگەڵ (ئاغا لێزان) دا ببینێژم، كە ئەوەش وەك ویگرام دەڵێت : -جەزادانەوەی حەقە -، بەلام ڕەشید ئاغا سنووری گونجاوی بەزاندو بە پێی گشت یاساكانی تۆڵە سەندنەوە جیهادی دژی مەسیحییەكان ڕاگەیاندو ئەوەی پێكردن گەلی لە تۆڵە سەندنەوەی هۆز زیاتر بی (٢٨٤).

ویگرام لەسەر ئەم باسە ڕۆیشتووە و باسی ڕووداوێكی دی بۆ كردووین كە مەبەستی جوان لە خۆ دەگری و دەڵێت : زاهیر ئاغا زیرنگی یەكێك بوو لەوانەی بەرەنگاری میری كرد و دالدەی ئەرمەنە هەلاتووەكانی دابوو كە لەو ڕۆژە ڕەشانەدا پەنایان بردبووە ناوچەكەی جەزارەكانیش دركیان پێكرد و پێیان وت: ئەمری سوڵتانە دەبی هەموو ئەو ئەرمەنە سەگانە بكوژرێن.

ئاغاش بەوپەڕی بوێری و شانازییەوە وەلامی دانەوە و پێی وتن : ئامادە نییە فەرمانی هیچ سوڵتانێك جێبەجی بكات كە بیەوی گەورەیەكی شكۆمەند پابەند بكات بە تەسلیم كردنی میوانەكانی تا بە شمشێر بكوژرێن، شایانی باسیشە پەنابەرەكان هەندی مەڕو مالاتیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو تا پێشكەشی ئەو كەسانەیان بكەن ڕزگاریان دەكەن، ئەم بەوە ڕازی نەبوو



تەنانەت بەخششی گەیشتە ئەوەش ڕێگا بدا لەگەڵ ڕانەكانی خۆیاندا بلەوەڕێن تا ئەو كاتەی دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. ئەم ڕووداوە بە جۆرێك سەرنجی ویگرامی ڕاكێشاوە كە بڵێت : ئەمە باشترین نموونەی كاری جوامێری كوردانە، تەنانەت لە هیچ شوێنێكی جیهاندا هەڵوێستی جوامێرانەی وا ڕووی نەداوە (٢١٣).

ویگرام بەرانبەر بەمەش لە پێچەوانەی مەسەلەكە غافڵ نەبووە، كە ئەویش پێخلیسكانی هەندی كوردە لەوانەی كەوتووبوونە بەر كارتێكەریی هەستی ئایینی بە هەموو شێوە و پلانەكانیەوە كە لە لایەن دەوڵەتەوە نەخشەی بۆ دانرابوو، ئەوەبوو هەندی هۆزی كورد بوونە ئامێری جێبەجێكردنی مەرامە گلاوەكانی دەوڵەت، بەداخەوەش لەو باوەڕەدا بوون ئەوەیان بۆ ڕەزامەندی یەزدان و بە جێهێنانی ڕێنووماییەكانی ئاین كردووە.

ویگرام لەم بارەیەوە ئەوە دەگێڕێتەوە قەسابخانەی دیاربەكر بۆ كوشتنی ئەرمەنییەكان بە فەرمانی میری ئەستەمبوول جێبەجێكرا، بەلام كوردە بێتاوانەكان — ئەوانەی دووچاری دەمارگیری ئایینی بووبوون — كران بە ئامێری جێبەجێكردنی، ئەوانەی لە گەڕەكەكانی شارو گوندەكانی دەوروپشتیەوە هاتبوون بۆ بەشداری كردن لەو قەسابخانەیەدا و دوایش كاری تالانكردن.

لە ڕاستیشدا ئەو قەسابخانەیە ئامانجی ڕامیاری لە پشتەوەبوو، پێوەندی بە ئایینەوە نەبوو، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەبوو مەسیحییە سریانییەكان كە ژمارەیان لە دیاربەكر زۆر بوو وەك ئەرمەنییەكانیان بەسەرنەهات كە برای ئایینیان بوون، هەروەها ئەوانەش پەنایان بۆ بردن بەرزیان نەكەوتن مەگەر تەنها ئەوانەی تێوەگلان یان كوێرانە بەركەوتن (٤٠).

بەم جۆرە ئەوەمان بۆ دووپات دەبێتەوە كە ئەو قەسابخانەیە بەڕاستی لەسەر ئامانجی ڕامیاری بەندبووە، ئەگینا تەنها مەسەلەی موسوڵمان و مەسیحی نەبووە، چونكە نەتەوەی ئەرمەن جۆرە نا ئارامییەكیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی دروستكردووە، لەبەر ئەوەی خاوەنی هەستی نەتەوایەتی بوونەو ئامانجیان ئەوە بووە لە لەشی دەوڵەتی عوسمانی جیابنەوە و سەربەخۆیی وەربگرن، بەلام مەسیحییەكانی دی وەك كەمینەیەكی بێهێزو توانا ڕەفتاریان كردووە.

كردەوەی ناڕەواو ناپەسەندی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ توێژە جۆربەجۆرەكانی خەڵكدا بووەتە مایەی نیگەرانی ژمارەیەكی زۆر لەسەرۆكانی كورد. لێرەشەوە دەبی ڕاستییەكی مێژوویی ڕوون بكەینەوە ئەویش ئەوەیە هەوڵ و تەقەللاكانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ هاندانی هەندی كوردی

موسوڵمان دژی کوردی مەسیحی لە کوردستاندا هەرگیز ئەوە ناگەیەنی توانیویەتی هەڵوێستی گەلی کوردی موسوڵمان یەکخات دژی گشت کوردە نەسرانییەکان.

بۆ نموونە شێخ عەبدولسەلام بارزانی کە یەکێك بوو لە گەورە سەرۆکانی کورد لەسەر ئاستی ئایین و هۆز هەمیشە هەڵوێستی ناڕەزایی دەربڕینی پیشان دەدا سەبارەت بە سەوداکردنی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ کەمینە ئایینییەکاندا، تەنانەت سەر سووڕمانی خۆیشی دەربڕیوە لەسەر خۆتێنەگەیاندنی دەوڵەتە گەورەکانی وەك بەریتانیا و رووسیا بۆ تەمیکردنی دەوڵەتی عوسمانی تا رامیاری چەپەڵ و خوێناوی دژی ئەو کەمینانە رابگری (١٣٧).

ویگرام باسی ئەوەشی کردووە کە شێخ عەبدولسەلام بارزانی مەبەستی ئەوە بووە دەسەڵاتی یاسا لە گشت ناوچەکاندا نەماوەو لەو باوەڕەشدایە ئەوە مایەی بەختەرەشی مەسیحی و موسوڵمانانە.

شێخ عەبدولسەلام بەسەر سووڕمانەوە لێی پرسیوە: ئایا بۆچی بەریتانیا و رووسیا بی توانان بۆ گەیاندنی چاکسازی بۆ کوردستان؟ پرسیارێکی راستەوخۆیشی ئاڕاستەی ویگرام کردووە پێی وتووە، ئێوە چوون بۆ هیندستان و لەوی مانەوە کەچی ئەوان ئێوەیان ناوی ئایا بۆچی نایەن بۆ ئەم وڵاتە کە خەڵکەکەی ئەیانەوی لێتانەوە فێربن ؟(١٣٧).

ویگرام لەسەر ئەم پرسیارەی شێخ عەبدولسەلام دواوەو وتوویەتی : دەربڕینێکی هەستیارە لە لایەن شێخی گشت بارزانییەکانەوە کە خاوەنی پلەوپایەی بەرزە. ئەوان رێز لە هەر حکوومەتێکی بەهێز دەگرن بە بی ئەوەی گوی بدەنە ناسنامەی یان ئایین و مەزهەبی گەلەکەی.

داخوازی شێخێکی ئایینی بۆ خوتێگەیاندنی دەوڵەتێکی غەیرە ئایین بە ئامانجی راگرتنی ستەم و شالاَوی خوێن لە لایەن دەوڵەتی عوسمانی موسوڵمانەوە دژی کوردی موسوڵمان و مەسیحی لە کوردستاندا مەسەلەیەکە دەچێتە ریزی بەڵگەی مێژووییەکانەوە کە دەبی مێژوو بۆ رۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە و نەوەکانیان روونی بکاتەوە (١٣٧).

جۆش بەڕادەیەك پاڵی بە شێخ عەبدولسەلامەوە ناوە بگاتە رادەیەك لە ئارەزووی خۆی دەربڕی بۆ سەردانی سەرۆکی قەشەکانی کانتربری و شا جۆرج لە پێناو کردنەوەی قوتابخانەدا لە کوردستان و لێکۆڵینەوە لە مەسەلەی کورد، لە بابەتێکی دیکەی ئەم کتێبەشدا پەنجەمان بۆ ئەمە راکێشاوە.



ویگرام رەخنەی لە سیستمی حوکمی تورکی گرتووە و بەوە باسیکردووە کە هەمیشە بۆ چارەسەرکردنی مەترسی پەنا دەباتە بەر فێڵ و فریودان. هەروەها رەخنەی لە (دەستوور) یش گرتووە کە وێڕای گەڕاندنەوەی دەست بە سەرەکان و ئازادکردنی بەندییە رامیارییەکان ناتوانی بە دروستی مەسەلەکان چارەسەر بکات.

ویگرام لە بارودۆخێکی گڕگرتوودا لە دیاربەکر ژیاوە، دەشتوانین لە میانەی یادداشتەکانی ویگرامەوە لەوە بگەین کە دەوڵەت دووچاری گەلی رامیاری هەڵە بووە لەوانەش کردەوە رەگەزپەرستییەکانی دەربارەی ئەرمەن و باڵیۆزخانە بیانییەکان، هەروەها ئەوەشی دووپات کردۆتەوە کە کوردەکان هەرگیز ئارەزوومەند نەبوونە بۆ بەشداریکردن لە کوشتن و بڕینی ئەرمەنییەکاندا، بەڵام هەندی دەمارگیر بەفیتی ئاژاوەگێڕان دەستیان تێکەڵی کردووە.

ویگرام باسی ئەوەشی کردووە کە عەبدولڕەزاق ئاغای نەوەی بەدرخان بەگ لە شاری دیاربەکر بووەو بارودۆخی شارەکەش بەهۆی ئەوەوە نائارام بووە، چونکە خوازیاری سەربەخۆیی کوردستان بووە و ئامانجی ئەوە بووە ببی بە شای کوردستانی یەکگرتوو (٤٢).

ڕەنگە ئەم نائارامییەش دەستکردی ئاژاوەگێڕو ناحەزان بێت کە ویستوویانە پڕوپاگاندەی ئەوتۆ بلاَوبکەنەوە گوایە عەبدولڕەزاق بەدرخان نیازی وایە مەسیحییەکان دووچاری کوشتن و بڕین بکات، لە راستیشدا مەبەستی ئەم پروپاگاندانە ئاشکران، کە وەك چەکێك بوونە بە دەستی حکوومەتی عوسمانییەوە بۆ شێواندنی ناوبانگی بزوتنەوە رزگاریخوازییەکانی کورد لە کۆمەڵەی نێودەوڵەتیدا (٤٢).

## مارك

سایکس دەربارەی شێوەی سەوداکردنی عوسمانی لەگەڵ کورددا باسی بۆ کردووین، هەروەها چۆن دەوڵەت هەوڵیدەدا لە میانەی پێچدانەوەوە بەسەر ئاینزانی سوونە لە ئیسلامدا مافە قورسەکانی خەلیفە دابین بکات کەوا ئۆتۆکراتی پێی دەبەخشی بۆ خۆشی ژیانی بەبی ئەوەی ویژدانی لەسەر هیچ جۆرە رەخنەیەك سانسۆری بکات.

بۆ قەناعەت پێکردنی کوردەکانیش یان فریودانیان بۆ وازهێنان لە داب و نەریتی باب و باپیرانیان کە لە مێژووی دێریندا و لە ناخیانا بنجی داکوتابوو دەبوو دەوڵەت تێیان بگەیەنی زۆرینەی گەورە چییە کە بە (جوتیارانی تورك) ناو دەبرێن و هەنگاوی دوای ئەوەش بریتی بوو لە چاندنی دەسەڵاتی ئاینی خەلیفە لە دەروونیاندا کە دەیانکات بە کۆیلەی گوی لە مشت.

باشترین نموونەش بۆ روونکردنەوەی ئەم رامیارییە، ئەوەیە کە دووچاری هۆزی زرگانی کوردی بوو، ئەوەبوو لە رێگای مەرایی و خۆنزیك کردنەوەوە و هەڵخەڵەتاندنی ئاغاکان (سەرۆکان)ی هۆزی زرگان کە بەوە فریوودران هۆزەکەیان مافی ئەوەی هەیە زەوی و زاری دەوروبەری گوندەکانیان بچێنن و بە جۆرێك خاوەنەکانیان هەڵخەڵەتێنن و بیانخەنە سەر ئەو باوەڕە کە بە پێویستی بزانن ئارەزووەکانی میری بەجێبهێنن بەوەی کە ئەو خاکە جێی ئەوان نییەو لەهەر کاتێکدا بیانەوی دەتوانن لێیان وەربگرنەوە، بەڵام لەبەر میهرەبانی سوڵتان ئەوەیان وەك دیاری پێشکەشکراوە.

واتە (سوڵتانی تورك خاکی کورد پێشکەش بە کورد دەکات بەڵی راستە وتراوە : میر لە هیچی نەبوو شت پێشکەش دەکات. ئەمەش گاڵتەجاری مێژووە. تورك و سوڵتانەکانیان لە کوی بوون کاتێك کورد لە کوردستانیاندا بوون؟! نووسەر).

بابگەڕێینەوە سەر ئەوەی سایکس دەستی پێکرد کە دەڵێت : هۆزی بازرگان کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدان کەوتنە نێو داوەوە، چونکە خاکەکەیان چاندو ئەو کاوودانەی لێیان هەڵگرت بەشی مەڕومالاٚتی کردن و بڕێکیشیان بۆ فروشتن دانا، بەلاٚم لەبەر ئەوەی خەڵکەکە نەیانتوانی خزمەتی رانەکانیان بکەن وەك چۆن لەوەوپێش لە سەری راهاتبوون ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ساڵ لە دوای ساڵ جۆرو بڕی بەرهەمیان روو لە کەم بوون بێت.. دیارە خوای تۆڵە Nimesis کە نەفرەت دەرژێنێتە سەر خەڵکی بەدرەوشت ئەوانی بەو دەردە بردووە.

سایکس زیاتر لەسەر ئەم باسە رۆیشتووە و دەڵێت : لە کاتی ئێستادا- لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستەم دا — بە گشتی کشتوکاڵ لە دەشتەکاندا مایەی هەژارییەو پێوەندی گشتیش لاوازە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی گشت داهاتی گەنم بازاڕی ناوخۆی هەبی، کاتێکیش ناوچەکانی باکووری دۆڵی دووئاوان بچێنرێت ئەوە گشت ناوچەکانی باکووری کوردستان پڕ دەبن لەگەنمی هەرزان و بەرهەمێکی بی خێر بە ئارەقەی پیاوانی هۆزی زرگان هەڵدەگیری. کە سوودێکی ئەوتۆی نییەو باری رانەکانیشیان روو لە لاوازییە، بۆیە کەوتوونەتە سەر ساجی عەلی و بەرەو رووی رەو بوونەتەوە. هۆی ئەمەش کەم پیت و بەرەکەتی ئەو زەوی و زارانەیە تیایدا نیشتەجی بوون.

بەم شێوەیە مرۆڤـــــ بەچاوی خۆی کردەوەی بە تورك کردن دەبینی.

ئاغاکان لە ئەرزڕووم دەژین و ژنانیش تارا دەخەنە سەر دەم و چاویان، مزگەوت و ئیمام لە گۆڕێیە، پیاوان فێری زمانی تورکی دەکرێن. لە راستیشدا هەندێکیان وایان لێهاتووە لە نێو



خۆشیاندا بە تورکی بدوێن (٤٠٤). ئیدی هۆزەکان بە بیانووی گۆڕینی باری ژیانیان لە کۆچەرییەوە بۆ نیشتەجی بوون و خەریك بوون بە کشتوکاڵەوە ونزیك بوونەوە لە ژیانی شارستانێتییەوە خەریك بوون ئاڕاستە کردنیشیان بەو جۆرە وەك پەردەیەك بوو بۆ بە تورك کردنیان.

ئەو وێنە پڕ کوێرەوەرییەی کە سایکس وەك یەکی لە وێنەکانی بە تورك کردن خستۆویەتییەڕوو بووەتە جێی بایەخی سێر (**کینیپ ماسۆن**)ییش کە بە رۆڵی خۆی ئەوەی روون کردۆتەوە مەبەست لە پڕۆسەی نیشتەجێکردنی هۆزە رەوەکانی کورد لە راستیدا ئامانجی رامیاری هەیە و بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتە، کە ئەیەوی لە بەردەم گریمانەی دامەزراندنی رێکخراوی گەورەی کوردیدا کە لە باریاندا هەبی تورکیا هەراسان بکەن رێگربی، چونکە لە راستیدا کاری دامەزراندنی گوندو نیشتەجێکردن ئامانجی دابەشکردنی هۆزە گەورەکانە بەسەر گوندی جیاجیادا (٣٣٠).

سایکس کە بە جۆرە — سەیرو سەمەرێك — باسی تاقیکردنەوەی هێزەکانی کوردی حەمیدی دەکات دەڵێت : ساڵی ١٨٩١ دەوڵەتی عوسمانی کەوتە سەر خەیاڵی پێکەوەنانی هێزێکی چەکدار لە هۆزەکانی کوردو سوڵتانی عوسمانی ناوی خۆی بۆ هەڵبژاردو ناونرا — هێزی حەمیدی — مەبەستیشی کاری جیهادکاری بوو دژی ئەرمەن و مەسیحییەکان.

ئەوە بوو هەندی لە سەرۆك هۆزەکان لەرووی گیرفان و مێشکەوە ئامادەکران. لە راستیشدا ئەو هۆزانەی چوونە ریزی ئەو هێزانەوە بوونە سووتەمەنی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە ململانێیدا لەگەڵ رووسیا بەرامبەر بەمە رووسیای قەیسەریش بە رۆڵی خۆی مەسیحییەکانی کردبوو بە سووتەمەنی لە شەڕی دەوڵەتی عوسمانیدا، باشترین بەڵگەش بۆ ئەم هەڵوێستەی رووسیا ئەوە بوو کاتێك مار شەمعوون دوچاری هەڵوێستێکی زۆر ناسك بووەوە بە پەلە پرووزی خۆی گەیاندە دوا پۆلیسخانەی سەر سنووری نێوان تورکیا و رووسیا و بروسکەیەکی بۆ پایتەختی رووسیا لێداو لەوە ئاگاداری کردنەوە کە گریمانەی ئەوە هەیە نەتەوەکەی دووچاری لەنێوبردنی بە کۆمەڵ ببێتەوە رووسیا پشتی لێکردو ئەمیش ناچار بوو دەست و برد، بەرەو ئێران هەڵبێت.

چ هێزی حەمیدی و چ هاوچەشنەکانی تەنها دژی نەتەوەکانی دی بەکارنەهێران، بەڵکو دژی خۆیشیان، ئێمە لەو باوەڕەداین سێر سایکس لە کاتی خۆیدا توانیوویەتی بەوردی باسی گاڵتەجاڕی باندەکانی حەمیدی بکات. لەسەردانێکیدا بۆ شاری خیسنسی لە کوردستانی

تورکیا سایکس دەڵێت : موتەسەڕیف (پارێزگار) بە گەرمی پێشوازی لێکردووە و ئەفسەرانی هەردوو هۆزی زرگانی و جبرانلی لە هێزی حەمیدیدا پێناساندووە کە نیشانەی شەرمەزارییان لە روو نیشتبوو، چونکە باوەڕیان بەو کارەنەبوو، هەروەها هەمان دیاردەی لای گشت ئەو کەسانە بەدی کردووە کە پێشەوایەتی ئەو هێزانەیان کردووە. دەڵێت : راستە من شتێکم لی نەبیستن، بەڵام ئەوەم لە چاوەیاندا بە روونی دەخوێندەوە وەك ئەوەی بە زمان بڵێن ئێمە کارێکی ناپەسەند بە ئەنجام دەگەیەنین کە مایەی شەرمەزارییەکی زۆرە... تکایە پێمان پێمەکەنە، چونکە هەڵەی خۆمان نییە (٤٠٦).

سایکس دەربارەی باندەکانی حەمیدی دەڵێت : لە دوورەوە زانیم هەندی لە ئەفسەرە بچووکەکانیان لە شاری وان پێوەندییان لەگەڵ سەرکردە ئاسوورییەکانی ناوچەکەدا هەبوو، لەبەر ئەوەش مووچەکانیان کەم بوو ناچار دەبوون قەرز لە شۆڕشگێڕەکان بکەن، تەنانەت لە هەندی بۆنەشدا دەچوون بۆ چیاکان و سەردانیان دەکردن.

سایکس دەڵێت : ئەو ئەفسەرانەی لە گەشتەکەیدا هاوڕێتیان کردووە هەڵوێستێکیان بۆ ئاشکرا کردووە، وتوویانە : ئەفسەرە تورکەکان بە چاوی سووکەوە تەماشای باندەکانی حەمیدی دەکەن، لەو باوەڕەدان میری تورکیا بە هاندانی کوردەکان بۆ ئەوەی بچنە ریزی هێزی حەمیدییەوە ناوبانگی سوپای شێواندووە، تەنانەت ئەفسەرەکانی سوپا لێیان دڵنیانین و هێزی حەمیدی بە دڵسۆز نازانن، وێڕای ئەوەش ناچارن چاو لە هەڵەکانیان بپۆشن.

شایانی باسە باندەکانی حەمیدی لە لایەن دادگا سەربازییەکانەوە سزادەدران، کە بە نهێنی فەرمانیان پێدەگەیشت تاوانبارەکانیان سزاسڕ بکەن و ئەگەریش سزایان دان با هەر بەناو بێت.

ئەو شەرمەزارییەش بە تەواوی لە نێو سوپادا رەنگی دایەوە و ئەفسەری سوپا بووە مایەی زەلیلی و سووکایەتی پێکردنی کارمەندە سوەیلییەکان ئەمەش مەسەلەکەی ئاڵۆز کردوو بە جارێك پێوەندی نێوان کارمەندانی سوەیلی و سەربازی تێکچوو. لە راستیشدا هێزی سوپا بەردەوام لە باری تەنگەژەو ناخۆشیدا دەژیا کەچی سوەیلییەکان، باشتر بوون. لەسەر ئاستە نزمەکانیش هەروا بوو، چونکە سەربازەکان دەیانبینی چەکداری هێزە کوردییەکان روخسەتی باشیان دەدرێتی و ئازادییان هەیە، کەچی سەربازەکانی هێزی سوپا دەبوو ملکەچی یاسای توندی سەربازی بن و بە دەگمەن ئەوەندەیان دەدانی خەرجی خۆراکیان دابین بکات (٤٢٠).

عەزیز ئەلحاج ئاماژەی بەوە داوە کە ئەم هاوسەرێتییە پڕ کامەرانییەی لە نێوان سەرۆکانی هێزی حەمیدی و دەوڵەتی تورکیا روویدا زۆری نەخایاند، چونکە ئەو هێزانە داوایان لێکرابوو



بزوتنەوەی نەتەوەخوازی کورد لە نێوبەرن، تەنانەت ئەوەبوو بە پێوەری هەڵسەنگاندنییان ئایا تا چەند لەو ئەرکەدا پێشدەکەوی، ئەمەش لە کاتێکدا بوو پاساوی بەرگری کە گوایە مۆرکی نەتەوەیی هەڵگرتبوو لە شەڕی ئەرمەندا خەریك بوو لەبەر یەك هەڵدەوەشایەوە، چونکە ئەو رۆڵەی تەواوبوو کە بووە هۆی شێواندنی ناوبانگی کورد، ئەویش لە رێگای ئەو راگەیاندە بەهێزەوە کە بۆ بەرژەوەندی ئەرمەن کاری دەکرد و گەیشتە ئەوروپاش، بەڵام کەس باسی خواستی فراوان خوازی ئەرمەنی نەدەکرد بۆ دەست بەسەراگرتنی خاکی کورد. هەروەها کەسیش باسی ئەوەی نەکرد کە رووسیا هێزەکانی ئەرمەنی بەکارهێنا بۆ داگیرکردنی خاکی کوردان کە لە ژێر ئاڵای عوسمانیدا بوو، ئەوەش بووە هۆی کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی تورکیا، تەنانەت سەرچاوە پێوەندیدارەکان ئەوەیان بڵاوکردەوە لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩١٥-١٩١٨ دا دەیان هەزار کورد لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی تورکیا (کوردستان) کوژران.

ڕاستە ئەرمەنییەکان لەسەر دەستی هێزەکانی عوسمانی دووچاری کوشتن و برین بوون، بەڵام هەر ئەو هێزانە گوندە کوردنشینەکانیان سووتان و خەڵکەکەیان پەرەوازەکرد لەبەر ئەوەی دژی هێزەکانی رووسیا یارمەتیان نەدان کە ئەرمەنییەکانیان لەگەڵ بوون (١٢).

## ئەدمۆندز

ئەدمۆندز دووجار سەردانی کوردستانی کردووەو لە نێو رووداوە بە جۆشەکانیدا ژیاوە، دەربارەی ئەو بارە پڕ مەینەتییەش دواوە کە لە سلێمانیدا بەرپا بووە کاتێك نۆیل لە ساڵی ١٩١٨ پێیگەیشتووە. پێش ئەوەی بچێتە سەرباسی دیدوبۆچوونە کەسییەکانی. ئەدمۆندز دەڵێت : لە ساڵی ١٩١٨ دا برسێتی بووە هۆی کوشتنی ژمارەیەکی زۆری خەڵك و گیانلەبەرانی دی. نۆیل بە چاوی خۆی لەشی لەسەر شەقام و لە نێو ماڵەکاندا بینیوە کە خاوەنەکانیان بەجێیان هێشتبوون، کار گەیشتە ئەوەی مرۆڤی برسی گۆشتی برای مرۆڤی خۆی بخوات و خەڵك هەموو کەوتنە هۆڵی خۆیانداو دانیشتوان سی یەکیان مایەوە ئەوانی دی رەویان کرد.

ئەدمۆندز دەڵێت : یەکەم ئەرکی نۆیل ئەوە بوو خۆراك بۆ برسییەکان و جل و بەرگ بۆ رووتەکان و دانەوێڵە بۆ ئاژەڵ و ئامێری چاندن بۆ جووتیاران دابین بکات.

ئەو خزمەتگوزارییانەش بوونە مایەی شانازی بۆی و کوردەکانیش ئەو چاکەیە لە یاد ناکەن (٧٩).

ئەوەی ئەدمۆندز باسیکردووە خاتو مس بێل لە یادداشتنامەکانیا دووپاتی کردۆتەوە و ئاماژەی بەوە داوە میجەر نۆئیل لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەمدا گەیشتۆتە سلێمانی و لە لایەن خەڵکی ئەم شارەوە پێشوازییەکی شایستەکراوە. ئەو کاتەش شار نیمچە کەلاوەیەك بوو، هەنگاوی یەکەمی ئەوە بوو دەزگایەکی میری کاتی دامەزرێنی کە لە لایەن خەڵکەوە پەسەند بێت و ببێتە مایەی دڵنیایی ئامانجەکانیان لە بواری دامەزراندنی کارگێڕییەکی کوردیدا (١٨٩).

ئەدمۆندز دەڵێت : خستنەڕووی پێکەوەنانی دەوڵەتێکی کوردی کە مافی ئۆتۆنۆمی لە سلێمانی و ناوچەکانی دیکەی کوردیدا لەخۆبگری، پتر رەهەندی سەربازی نەك رامیاری بەسەر میری بەریتانیادا سەپاندوویەتی (٦٠).

ئەگەریش لە ئاماژە پێدانەکەی ئەدمۆندز وردبینەوە دەبینین جۆرە هاوسۆزییەکی لەگەڵ کورددا هەبووە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتییەکانی، ئەگینا لەوە زیاتر لە ئارادا نەبووە، چونکە مەسەلەکە تەکتیکێکی سەربازی بووە پتر لەوەی رەهەندی رامیاری لەخۆی بگری، بۆیە ئەم پرسیارانە دێنە گۆڕێ:

- بۆچی ئەو کاتە بەریتانیا وای بۆ چووە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە بەرژەوەندی ئەودا نییە؟
- ئەو دوودڵییە بۆچی؟
- بەریتانیا بایەخێکی ئەوتۆی بە پەیماننامەی سیڤەر نەداوە.

لە کاتێکدا ئەو لەو رۆژگارەدا باڵادەست بووە ؟ و خۆی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بە ئارەزووی خۆی دادەنا، تەنانەت هەندی دەوڵەتی ئەوتۆی دروست کرد لە بناغەدا هەر بوونیان نەبووە ئەویش بۆ رازی کردنی ئەم شا یان ئەو میر.

ئەدمۆندز بە گومانە لە بانگێشە نەتەوەخوازییەکەی شێخ مەحمود و بەوەی لێکداوەتەوە کە وەك پەردەیەك بەکاری هێناوە بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی خۆی وەك پێشەوایەك خۆی سەپاندبی (٦٠).

وێڕای ئەو پاساوانەی ئەدمۆندز سەبارەت بەم بابەتە هێناویەتییەوە، بەلاّم مێژووی سەردەمی شێخ مەحمود دوور نییە، ناشتوانری لە هەستە نەتەوایەتییەکەی دامالّری بۆ



دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی. ئایا لە مێژوودا پێشەوایەك هەیە لای لە خواستە کەسییەکانی خۆی یان پتەوکردنی کۆڵەکەکانی وەك پێشەوایەك لە ناوچەکەدا نەکردبێتەوە.

ئەدمۆندز شێخ مەحمود لە هەمان شێوەی عەبدولڕەحمان پاشای باباندا دەبینی کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا حوکمی سلێمانی کردووە، بەلاّم ئەم لە سەدەی بیستەم و لەگەڵ بەریتانیا کاری کردووە.

کە بۆ ئەوەی نەدەویست دەسەلاّتی بەسەر حوکمە ئۆتوکراتییەکەیدا بسەپێنی، بەڵکو بۆ ئەوەی خۆی تێبگەیەنی و رێگا نەدات بە ئێران و دەوڵەتە عەرەبییەکان دەست لە کاروباریدا وەربدەن، چونکە ئەو کاتەش حاکمی کرماشان و پاشای بەغدا وەك ئەدمۆندز دەڵێت : دەیانویست خۆیان لە کاروباری میرنشینی باباندا هەڵقورتێنن (٦٠).

ئەم واقیعەش بە پێی بۆچوونی ئەدمۆندز پێش شێخ مەحمود لە ئارادابووە، بۆیە شێخ مەحمود سوودی لە ئینگلیز بینیوە تا ئێران و عێراق دەست لە کاروباری کورددا وەرنەدەن.

ئەگەریش شیکردنەوەکەی ئەدمۆندزیش راست بێت دەڵێین : بۆچی نا؟ ئەگەریش شێخ مەحمود بەو جۆرە بیری بکردایەتەوە چ هەڵەیەکی لی دەکەوتەوە؟

ئایا بوونی بەریتانیا لە بەغدا یان ئینتیدابی عێراق لە پاش جەنگ رێگرنەبوو لە بەردەم دەست تێوەردانی دەرەوە لە کاروباری عێراقدا ؟ ئەم ئەرکەی کە بەریتانیا خستییە ئەستۆی خۆی لە پێناو ئەوەدا بوو حکوومەتی عێراقی نیشتمانی کە ئەو کاتە تازە پێگەیشتبوو پەرەبسێنی و گەشە بکات.

ئێمە لەو باوەڕەداین ئەوەی ئەدمۆندز بۆی چووە لەبەر دوو هۆ دروست نییە: یەکەمیان ئەوەیە دەروونییە لەبەر ئەوەی ناشی کەسێتییەکی سیاسی کە سەرکردایەتی مەسەلەیەکی رامیاری بکات سیمای پێشەوایەتی هەڵنەگری، چونکە هەردوو لایان گری بەستی یەکن و پێوەندی توندو تۆڵیان لەگەڵ یەکدا هەیە، دووەمیشیان ئەوەیە شێخ مەحمود لە داخوازییەکانیدا روون بوو، تەنها لە بۆچوونی کەسییەوە سەرچاوەیان نەدەگرت، بەڵکو بەریتانیا خۆیشی بانگێشەی ئەوەی کرد گوایە بۆ رزگارکردنی نەتەوەکانی رۆژهەڵات لە ستەمی حوکمی تورك هاتووە.

ئەرنۆلد ولسن لەم بارەیەوە دەڵێت : شێخ مەحمود بەڵگەنامەیەکی داوەتی کە نزیکەی چل سەرۆك لەسەری رێککەوتوون واژۆیان کردووە، ئەمەش دەقەکەیەتی : لەبەر ئەوەی حکوومەتی خاوەن شکۆ نیازی خۆی راگەیاند بۆ رزگارکردنی نەتەوەکانی رۆژهەڵات لە ئاگری حوکمی تورك

و یارمەتیدانیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان. ئێمە کە نوێنەری خەڵکی کوردستانین قبووڵمانە حکوومەتی بەریتانیا بمانپارێزی داوا دەکەین بمانخەنە سەر عێراق بۆ ئەوەی گەلەکەمان لە سوودی وەك ئەو هەنگاوە بی بەش نەبی و داواکاریشین حاکمی شاهانەی گشتی لە عێراق نوێنەرێکمان بۆ بنێری لەگەڵ کۆمەکی پێویستدا کە یارمەتی گەلی کورد بدات لە سایەی سەرپەرشتی بەریتانیا دا لەسەر بناغەی ئاشتی خوازی و شارستانێتی پێشبکەوی، ئەگەریش حکوومەت یارمەتیمان پێشکەش بکات و گەلی کورد بپارێزی ئەوە پەیمان دەدەین فرمان و رێنوومایيیتان بەجی بێنین (١٧٩).

ئەم بەڵگەنامەیە ئەوە دووپات دەکاتەوە شێخ مەحموود تاکرەوانە هەنگاوی نەناوە چونکە ئەو بەڵگەنامەیە بە ناوی نوێنەرانی خەڵکی کوردستانەوە ئیمزاکراوە، لە هەمان کاتیشدا شێخ مەحموود وەك کەسێکی خاوەن دەسەڵاتی ئایینی و هۆزگەری تایبەتمەندێتی خۆی پاراستووە و کەشی وا گونجاوی بۆ بەرپا بووە پێشەوایانە سەودا بکات، ئەمەش لەو سەردەمەدا شیاو بووە چونکە سروشتی سیستمی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە سلێمانی درێژەی حوکمی هۆز بووە، بۆیە ئەوە شیاو بووە پێشەوایەتی بزووتنەوەی نیشتمانی بەدەستی ناوادارە بۆرجوازییەکانی ناوچەکەوە بێت تا بتوانی نوێنەرایەتی خەڵك بکات.

ئەو بارودۆخەی یارمەتی (الحسین)ی دا ببی بە وتەبێژ بە ناوی شۆڕشی عەرەبییەوە بارودۆخی ئابووری و ئایینی و کۆمەڵایەتی بووە، هەر هەمان بارودۆخیش بووە هۆی ئەوەی شێخ مەحموود ببی بەو کەسایەتییە ئاینی و ئابووری و کومەڵایەتییەی بتوانی بەناو کوردەوە بدوێت و داوای مافەکانی بکات بۆ رزگارکردنی کوردستان لە ئاگری تورك و خوازیاری پێکەوەنانی دەوڵەتێکی کوردی بێت، بەڵام بەداخەوە ئەدمۆندز ئەو داخوازییە رەوایانەی شێخ مەحموودی بە پەردە داوەتە قەڵەم بۆ پتەوکردنی پایەی پێشەوایەتی خۆی (٦٠).

ئیدی نازانین بۆچی داخوازییەکانی ئەلحوسەین یان فەیسەڵ لە دوای ئەو بە پەردە نەدرانە قەڵەم؟ لە پێشەوایەتی کردنی سووریا سەردەمێك و دوایيش عێراق واتە لەسەر خاك و کۆمەڵگایەك کە هی خۆیان نەبوو.

لەگەڵ رێزیشماندا بۆ ولاتانی عەرەبی، ئەم پرسیارە هەتا ئێستا لە گۆڕێیە، ئایا عێراقییەکان بەگشتی یەکێکیان تیا نەبوو ببی بە مەلیکی عێراق.

بە هەرحاڵ نووسراوێکی تایبەت درا بە شێخ مەحموود کە تیایدا رێگادرا بەهەر هۆزێکی کورد لەو ناوچانەی دەکەونە نێوان زێی گەورەوە تا دیالە بێجگە لەو هۆزانەی لە ناوچەکانی



ئێراندا نیشتەجێن لە سایەی پێشەوایەتی شێخ مەحموود دابن، ئەمە ویلسن باسیکردووە و دووپاتیشی کردۆتەوە کە ئینگلیز بڕیاری داوە لەو ناوچانەدا بە شێوەی هاندان پشتگیری لە شێخ مەحموود بکات بۆ ئەوەی لە جیاتی هێزەکانی بەریتانیا حوکمی ئەو ناوچانە بکات، ویلسن ئەوەشی دووپات کردۆتەوە هەردوو ناوچەی کەرکووك و کفری بە دانیشتووانی شارەکانیشیانەوە ئارەزوومەند بوونە ملکەچی دەسەڵاتی شێخ مەحموود بن.

ئەدمۆندز باسی هاتنی خۆی بۆ کوردستان کردووە لە ساڵی **١٩٢٢**، واشدیارە شاد نەبووە بە دامەزراندنی بە پلەی یارمەتیدەری ئەفسەری رامیاری لە هەڵەبجە، چونکە وا دیارە لەوەپێش پلەی کارمەندێتی بەرزتر بووە، بەڵام کاری ئەمجارەی (ئەرکێکی تایبەت بووە).

ئەدمۆندز رێز لە هاوکاری پێشووی سۆن دەنی کەوا دەستی لە کارکێشاوەتەوە و بە کاریگەر داویەتییە قەڵەم، بەڵام ئەوەی شوێنی گرتووە (گۆڵد **سمیث**) بەوەی باسکردووە مرۆڤێکی ناسك و قسەخۆش بووە، بەڵام تەندروستی زۆر باش نەبووە.

ئەدمۆندز لە باسی یارمەتیدەری ئەفسەری رامیاری هەڵەبجەدا کە ئەم شوێنی گرتووە دەڵێت : کابرایەکی تووڕە بووە و خەریك بووە هەرەس بێنی. لەو سەردەمەشدا پیاوانی هۆزە کوردەکانی چیاکانی هەورامان بەسەرکردایەتی مەحموود خانی دوزلی بەردەوام لە لای ئێرانەوە شالاویان بردۆتە سەر رواندز ئەویش لە پاش ئەوەی مەحموود خان بەشدارییەکی تەواوی لە شۆڕشی شێخ مەحمووددا کردبوو لە ساڵی ١٩١٩ دا.

ئەدمۆندز هەڵوێستی ئەفسەری رامیاری لە هەڵەبجە بە گران داوەتە قەڵەم ئەویش بەهۆی ئەو داوو پلانانەوە کە خێڵەکانی جاف بۆ یەکتریان دەنایەوە لەو سەردەمەدا کە عادیلە خان وەك چەند جارێك لەم کتێبەدا باسکراوە دەسەڵاتی بەسەریاندا هەبووە (١١٢).

ئەدمۆندز عادیلە خان بە خانمی دڵسۆزی بەریتانیا ناودەبات، بەڵام وا دیارە بەریتانیا یان رامیاری بەریتانیا توانای ئەوەی نەبووە لەسەر پاراستنی ئەو پێوەندییە باشە بەردەوام بی و ئەو رەزامەندییە بپارێزی. ئەوەی ئەدمۆندز دەربارەی عادیلە خان باسیکردووە دەچەسپێتەسەر ژمارەیەکی تریش لە پێشەوایانی کورد ئەویش بە هۆی ئەوەوە بووە رامیاری بەریتانیا سەبارەت بە کورد لە گۆڕاندا بووە و لە بناغەشدا لەسەر ئەو رەوتە بەندبووە وەك چۆن لەوەوپێش ئاماژەمان بۆ کرد.

ئەدمۆندز لە باسی سەرهەڵدانەوەی کۆششی شێخەکانی بەرزنجەدا لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری ئەو کەرتەی بەڕێوەی دەبرد هەروەها لە ناوچەکانی دەوروپشتی کەرکووکیش دەڵێت:

جەنگێکی دەمارگیرییە لە ژێر پەردەی نەتەوەی کورددا ئەنجام دەدرێت و ئامانجی ئەوەیە شێخ مەحموود بگەڕێتەوە بۆ نیشتمانەکەی و ببی بە سەرۆکی دەوڵەتیش.چونکە لەو کاتەدا شێخ مەحموود لە هیندستان دەست بەسەربوو دواییش هێنایانە کوێت.

ئەودمۆندز ئەوەشی راگەیاندووە کە ئەوانەی دژی یاسا بوون پشت گیرییان لەو شێخانە دەکرد مەبەستیشی شێخی بەرزنجەیە (١١٣).

ئێمە لەو باوەڕەداین ئەدمۆندز بۆ دووەمین جار سەبارەت بە مەسەلەی کورد دووچاری هەڵەبووە، چونکە وای لێکداوەتەوە جێگیربوونی یاسا جێگای خواستەکانی نەتەوەی کورد دەگرێتەوە لەبەر ئەوەی لە راستیدا باوەڕی بەوە نەبوو برینی کورد، برینێکی نەتەوایەتییە، بەڵام ئاژاوە بارێکی نائاساییە کاردانەوەیەکە دەبی رووبدات، جێگیر بوونی ئاسایش لەگەڵ مانەوەی بەرپرسێکی کارگێڕی بەریتانیا لە ناوچەکەدا لەگەڵ بەردەوامی لێڵ بوونی هەڵوێستی رامیاری هۆکار بووە بۆ ئەوەی شۆڕشگێڕانی کورد دڵنیا نەبن. بیرۆکراتی کارگێڕی لە ناوچەکەدا ئەوەمان دێنێتەوە یاد کە چۆن ماری ئینتوانیت ئەوەی پێشنیازکرد لە جیاتی نان کێك بدری بە برسییەکانی فەرەنسا. نازانین ئایا

ئەدمۆندز لە راستی برینەکە ئاگادار نەبوو یان پشت گوێخستبوو..

ئەی ئێستا دەبی هەڵوێستی چۆن بی ئەگەر ئەم پرسیارەی لێبکری.

ئایا بە راستی هەستی بە خواستی رەوای کورد نەدەکرد بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی سیاسی سەربەخۆ؟

دەبی لە پێچ و پەناکانی کۆمەڵەی گەلان چی رووی دابی ؟

دەبی چ جۆرە دوانێك لە نێوان ئەوان و شێخ مەحموود رووی دابی؟

دەبی ئەو دەنگدانانەی تەواونەکران چ بگەیەنن؟

دەبی جەنەڕال شەریف پاشا لە یادداشتەکەیدا کەوا لە کتێبەکەی ئەدمۆندز خۆیدا باسکراوە چی ویستبی؟

ئەدمۆندز باسی بیروڕای کارمەندانی بەریتانیا لە وەزارەتەکانی بەغدا و دەزگاکانی دەکات، هەروەها باسی ئەدەنەش دەکات مەبەستیشی راوێژکاران بووە، چونکە هەر وەزیرێك راوێژکارێکی بەریتانی هەبووە (کە لە واقیعدا ئەو وەزیر بووە) گشت ئەوانە بیروڕایان لەگەڵ نەتەوەخوازانی عەرەب کردووە بە یەك بەوەی هیچ مافێك بەو کوردانە نەدری کە داکۆکییان کرد لە دەرەوەی چوارچێوەی رامیاری ئەو کاتەدا بن کە بڕیاری لەسەر درا (١١٤).



وا دیارە کەسێتی شێخ مەحموود بە دڵی ئەدمۆندز نەبووە، سەرباری ئەوەش ئەوەیان بە گوێیدا چپاندووە کە کەسانێك لە کەرکووك و ناوچەکانی دییەوە دەنگی ناڕەزاییان دژی شێخ مەحموود بەرزکردۆتەوە، ئەمە لە لایەك لە لایەکی دیکەشەوە دیدوبۆچوونی ئەدمۆندز لەسەر کوردستان بەوەی کە وڵاتێکە تەنها نۆیەکی دانیشتوانی ئەرکی هاونیشتمانی بە دروستی دەزانن ئەرکی سەرشانی ئەفسەری رامیاری بە جۆرێك قورس و ئالۆزکردووە پێشبینی ناکری (١١٤).

وا دیارە ئەدمۆندز دەرکی بەوە کردووە وڵاتەکەی هێند بایەخی بە حوکومکردنی ئەم وڵاتەنەداوە، لەو باوەڕەشداین ئەدمۆندز راست بۆی چووە کاتێك وتوویەتی وڵاتەکەی لە حوکمکردنی ئەم وڵاتەدا زاهیدە هۆی ئەمەش بە بۆچوونی ئێمە ئەوەیە کوردستان مەبەستی راستەقینەی بەریتانیا نەبووە، وێڕای ئەوەش مشتۆی ئەو چەقۆیەی لەدەس گرتووە کە کوردستانی پی پارچە پارچە کردووە بە پێی پەیماننامەی سایکس بیکۆ. بەریتانیا بیری لەوە نەکردۆتەوە دەسەڵاتێکی رامیاری لە چواریەکی کوردستاندا دامەزرێنی و سی بەشەکەی دی پشتگوی بخات.

لێرەشەوە ئەدمۆندز خۆی لە نێو کێشەیەکی دوولایەنیدا بینیوەتەوە، رەنگە ئەم زۆرانبازییەش زیرەکانە نەبێت بەڵکو رەنگدانەوەیەکی راستەقینەی رامیاری بەریتانیا بێت چونکە ئەدمۆندز دەڵێت: هیچمان لە پێش نەماوە پێویستە لە دوو گەمەی رامیاری یەکێکیان هەڵبژێرین یەکەمیان ئەوەیە دەبی لە یەك لاوە بڕیار بدەین سلێمانی و کەرکووك بخەینە پاڵ دەوڵەتی عێراق بەبی گوێدان بە ئارەزووی دانیشتووان ئەمەش بە پەیمان شکاندن دەدرێتە قەڵەم، چونکە ئێمە لە ئەنجومەنی گشتی بەریتانیا بڕیارماندا کورد ناچارنەکەین ملکەچی هیچ دەوڵەتێکی عەرەبی بی، دووەمیشیان ئەوەیە حوکمی راستەوخۆی بەریتانیا بە حوکمێکی ناڕاستەوخۆ بگۆڕین ئەویش بە راسپاردنی کەسایەتییەکی گەورەی کورد کە شایانی ئەوەبی خەڵك باوەڕی پێبکەن و گشت لایەك پشتی بگرن (١١٤).

ئەدمۆندز بە جۆرێك باسی مەسەلەی دۆزینەوەی کەسێکی گونجاو دەکات کە کارگێڕێتی ناوچەکەی بدرێتە دەس وجوودی نەبی.

یان کەسی وا هەرگیز دەست نەکەوی. باسی یەکێکی لە ئەندامانی بنەماڵەی بابان کردووە کە لە بەغداوە هێناویانە، بەڵام وەك ئەدمۆندز دەڵی زمانی کوردیی نەزانیوە و هەرگیز

بایەخی بە کاروباری رامیاری نەداوە و تەنها مێژووی میرنیشی بابان بووەتە جێی بایەخی ئەگینا ئاگای لە واقیعی ناوچەکە نەبووە.

پاشان هاتۆتەسەر باسی جیاوازی بیرورِا لەمەڕ بەڕێز تەها شەمزینییەوە و ناکۆکی نۆئیل لەگەڵ لایەنگیرانی راسپاردنی بەرێز تەها شەمزینی.

لە راستیشدا مەسەلەکە دۆزینەوەی کەسێك نەبوو بۆ ئەو پۆستە وەك ئەدمۆندز لە شێوەی گرفتێکدا نمایشی کردووە.

چونکە کاتێك بەریتانیا ویستوویەتی کەسێکی گونجاو بدۆزێتەوە حوکمی عێراق بکات لە دەرەوەی عێراق هێناویەتی. ئەوەبوو فەیسەلی هێناو کردی بە شای عێراق کە هەر لە یەکەم رۆژەوە پێی خستە سەر خاکی بەسرە و تا گەیشتە بەغداش پێشوازی گەرمی لێنەکرا و عیراقییەکانیش لایەنگیری تەواوی نەبوون واتە ئەگەر بەریتانیا ئارەزووی لێنەبوایە فەیسەل لەسەر کورسی عەرشی عێراق دانیشی هەرگیز ئەوکارە رووی نەدەدا. ئیدی نازانین ئەوە لەسەر ئاستی کوردستان بۆ بوو بە گری کوێرەو لە عێراقیشدا بە ئاسانی چارەسەرکرا.

بەڵی هەندی خێزانی خەڵکی کەرکووك شێخ مەحموودیان پەسەند نەدەکرد، بەلاّم ئایا خەڵکی شارەکانی بەسرە و ناسرییەو عیمارەو کوت و حلله بە هاتنی فەیسەل شادبوون ؟ یان گشت بەغدایییەکان بە هاتنی فەیسەل شاد بوون ؟ گەلێك سەرچاوە و یاداشتنامەی ئەفسەرە رامیارییەکانی بەریتانیا لەوانەی لەسەردەمی حوکمی فەیسەڵدا لە عێراق بوون و لە رێورەسمی دانیشتندا لەسەر کورسی عەرش ئامادەبوون بە روونی ئاشکرایان کردووە کە جەماوەر لایەنگیرییەکی ئەوتۆیان بۆ فەیسەڵ پیشان نەداوە، هەر بۆیەش فەیسەڵ هەستی بە شەرمەزاری کردووە و گلەیی لەو کەسانە کردووە کە لە بەغدا ئەو پۆستەیان داوەتی.

ئەوەی ئاماژەمان پێدا سەبارەت بە قات و قڕی کەسانێکی گونجاو بە پێی پێوەرەکانی بەریتانیا لە نێو عێراقییەکاندا، لۆرەنس خۆی باسیکردووە و لە یەکی لە نامەکانیدا کە لە کتێبەکەی بەرێز ویلسندا هاتووە لەسەر (شۆڕشی عێراق) لۆرنس دەربارەی تەگەرەی دامەزراندنی کەسێك عێراق ببات بەڕێوە دەڵێت : بریتانییەکان ناتوانن لە عێراقدا کەسێکی بە توانا بدۆزنەوە تا ئەو پۆستەی بدەنی.

لۆرانس بە گاڵتە جاڕییەوە دەربارەی پێکهاتەی حکوومەتێکی عەرەبی لە عێراقدا دەدوی و دەڵێت : کاتێك فەیسەڵ لە سووریا حکوومەتی پێکەوەنا هێند لاوازبوو قات و قڕی لە کادری



ناوخۆدا بۆی بوو بە تەگەرە، کەچی هەر کارمەندێکی بریتانی دەتوانی حکوومەتێکی عەرەبی لە بەغدا پێکەوە بنی لە حکوومەتەکەی فەیسەڵ لە شام باشتر بی.

لەبەر ئەمە کاتێك ئەوەی ئەدمۆندز نووسیوویەتی سەبارەت بە کەمی خەڵکی بە توانا لە نێو کوردەکاندا، یان ئەوەی ئەرنۆلد ولسن و لۆرانس سەبارەت بە کەمی کادری لێهاتووی ناوخۆ لە عێراقدا نووسیوویانە بخوێنینەوە دواییش لە مەسەلەی هاوردنی مەلیکێکی عێراقی کە لە بەڕێوەبردنی کاروباری سووریا سەرنەکەوتووە و هێناویانە بۆ عێراق و بە زۆر سەپاندوویانە بەسەر عێراقدا و کردوویانە بە مەلیکی عێراق وردبینەوە ئەوکاتە ئەم پرسیارە دێتە گۆڕی : بە زۆر پەردە خستنە سەر مەسەلەی کورد و بە جێهێشتنی بەبی چارەسەر ئەویش لە کاتێکدا کە کوردستان لە پرۆسەی رامیاریدا بەشدار بووەو چەندین کەسیی نیشتمان پەروەری لەگەڵ ئینگلیزدا کاریان کردووە تواناشیان لەوانە کەمتر نەبووە کە بوونە بە مەلیك، لەوانەش شێخ مەحموودی حەفید و سمکۆی شکاك و عەبدولقادر شەمزینی و جەنەڕال شەریف پاشای نوێنەری کورد لە کۆمەڵەی گەلان و هەروەها ئەمین عالی بەدرخان بەگ و بەرێز تەها شەمزینی و هی دی.

لە دیدو بۆچوونەکانی ئەدمۆندزەوە ئەوە هەڵئەهێنجێنین شێخ مەحموودی بەوە باسکردووە کە پیاوێك بووە رەفتارو هەڵس و کەوتی سەیری هەبووە.

باسی ئەو کێشەکپەی کردووە کە لە نێوان مێجەر سۆنی حاکمی رامیاری ئەو کاتە (لە دووەمین سەردانیدا بۆ سلێمانی واتە کە خۆی ئاشکرا کردووە) و هەستی شێخ کە کەوتبووە سەر ئەو باوەڕەی ئەمجارە دەسەلاّتی لیّ وەردەگیرێتەوە، ئەوە بوو ئەو هەلەی تێنەپەڕاندو لەگەڵ چەکدارە شۆڕشگێرەکانیدا بە پشت گیری هۆزەکانی هەمەوەندو جاف و هەورامان پەلاماری ئینگلیزیان داو شێخ دەسەلاّتی سەپاندیە سەر شارەکەداو دەستی گرتە سەر خەزێنەو ئالاّی بریتانی داگرت و ئالاّی نیشتمانی بەرزکردووە و گشت جێنشینە بریتانییەکانی بەندکرد (٣٤).

ئەدمۆندز دەڵێت : باشبوو سۆن لەو کاتەدا لە سلێمانی نەبوو ئەگینا شێخ دەیکوشت. لە راستیشدا ئێمە باوەڕمان وایە ئەدمۆندز لەو بڕیارەیدا زۆربێژی نواندووە چونکە رەنگە بەندی بکردبا یان بە دیلی بگرتبا، بەلاّم مەسەلەی کوشتنی بە دوور دەزانین. لە راستیشدا شێخ مەحموود لەو شەڕەدا لەگەڵ ئینگلیز چەند ئەفسەرێکی بە دیل گرت و داوای دەرمانی لە سوپای ئینگلیز بۆکردن بۆ تیمارکردنیان، بەلاّم بی سوود بوو. ئەمەشمان لە شوێنی خۆیدا باسکردووە.

ئەدمۆندز شالاوی شێخ مەحموودی بۆ سەر حامیەی کەرکووك کە سوپای بەریتانیای لێبوو بە کارێکی بێفەر باسکردووە، کەچی شێخ توانیبووی داگیری بکات و ژمارەیەکی زۆریشیان لێبکوژێ و لە ئەنجامیشدا بووە هۆی ورە بەرزبوونەوەی شێخ و چەکدارەکانی، سەرباری ئەوەش ژمارەیەکی دیکە چوونە ریزی چەکدارەکانیەوە.

ناوی مەحموود خانی دوزلی پێشەوای خێزانی بەهرام بەگ لە یادداشتنامەکانی ئەدمۆندز دا هاتووە، دەڵێت : جارێك چووە بۆ گوندی (یالاینی) کە دەکەوێتە سەر بەرزاییەکانی ناوچەی هەورامان لەوکاتەشدا مەحموود خانی دوزلی تازە لە هیندستان گەڕابووەوە کە تیایدا دەست بەسەر بوو لەگەڵ گەڕانەوەشیدا سەرلەنوی ئالای شۆڕشی بەرزکردەوە و ئارامی ناوچەکەی بڕی ئەدمۆندز دەڵێت: لەبەر ئەوە هێزی ئاسمانی دەستی بەسەراگرت و ئەویش داوای لێخۆشبوونی کرد.

ئەدمۆندز لە باسی ئەو سەردانەیدا دەڵێت: پیاوان چەکیان لەسەر شان بوو رەزنەی فیشەکیان راست و چەپ لەسەر سینگیان بەستبوو، سروشتی ناوچەکەش زۆر جوانبوو. باسی ئەوەشی کردووە کە هێزەکانی بەریتانیا بەسەرکرادایەتی جەنەراڵ ناتینکیل لەوەپێش هێرشیان کردبووە سەر ئەو ناوچانە. هەروەها ئەدمۆندز ئاماژەی بۆ راپۆرتێکی نوێنەری بالاکردووە لە (١٩٢٢-١٩٢٣) کە تیایدا داوا لە ئەدمۆندز کراوە رێککەوتن نامەیەك لەگەڵ دوزلیدا مۆربکا.

ئەدمۆندز لە دیدوبۆچوونەکانیا لەسەر ئەم ناوچەیە دواوە و باسی ئەوەی کردووە لاوان هەر کە خۆیان ناسی چەك هەڵدەگرن و دەبنە خاوەن تفەنگ، ئەدمۆندز دەڵێت : لە کوردستاندا هیچ شتێك لە رۆحی مرۆڤـــــــ هەرزانتر نییە و پرس و رای ئەوەی کردووە کە ئایا تا چ رادەیەك ئەفسەری رامیاری دەتوانی خۆی بێنێتە پێش و بە هێزو توانستی خۆی لە ژێر میهرو دەسەلاتی پیاوێکی خێڵەکی وەك ئەوانە وا چالاکی بنوێنی (١٦٦).

لە راستیشدا ئەوەی ئەدمۆندز بە چاوی خۆی بینیوویەتی یان لە دیدو بۆچوونەکانیا باسیکردووە تەواو نابن و شەقڵی راستی هەڵناگرن هەتا وەك بینەرێکی بەرپرسی رامیاری سەربازی لە ناوچەکەدا هۆیەکانی هەرزان بوونی رۆحی مرۆڤـــــــ ئاشکرا نەکات.

ئەدمۆندز ئاماژەی بۆ شالاوی هێزی ئاسمانی و پیادەی بەریتانیا نەکردووە کە ئەیانەوی هۆزەکان ملکەچی دەسەلاتیان بن بەبی ئەوەی بە شێوەیەکی مرۆڤایەتیانە سەودا لەگەڵ ئەم گەلەدا بکەن و مافی چارەی خۆ نووسینی بدەنی کە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە بڕیاری لەسەر دراوە.



سەودای بەریتانیا لەگەڵ کورداندا هەرگیز لە سەودای فارس و تورك باشتر نەبووە جێگای سەرسووڕمانیشە بەریتانیای لانکەی شارستانییەت زۆر بەدڕندانە لەگەڵ کوردەکاندا رەفتار بکات باوەڕیش ناکەم زۆر بێژی بێت ئەگەر بڵێم ئەدمۆندز وتوویەتی مرۆڤی کورد لای ئێمەی ئینگلیز لەو کاتەی لە کوردستاندا بووینە هەرزانترین کالابووە، تەنانەت هەر بەو چاوەش تەماشای سەرجەم نەتەوەی کوردیان کردووە. هەر بۆیەش پرسیارەکەی شاعیری نیشتمان پەروەری کورد هەتا هەتایە دەرزی ئاسا دەچەقێتە ویژدانی بەریتانیا ئەوەی لە میانەی ئەو پارچە شیعرەوە ئاڕاستەی کرد کەوا لەو ئاهەنگەدا خوێندییەوە بۆ بەڕێکردنی ئەدمۆندز ساز کرا بوو کاتێك سلێمانیی بە جێهێشت.

ئەدمۆندز ئاماژەی بەوەداوە کە ئەو کاتە ئەفسەری رامیاری لە سەوداکردنیدا لەگەڵ هۆزە کوردەکاندا سەرکەوتوو دەبێت کە توانستی ئەوەی هەبی باری دەروونی گەورەی هۆزەکە شیبکاتەوە ئایا بی ئومێدە یان گەشبینە ئەمە لە لایەك لە لایەکی دیکەشەوە دەبی ئەفسەری رامیاری لە رادەی هەیبەتی حکوومەت لە ناوچەکەدا بکۆڵێتەوە ئەمەش لەوەوە دەردەکەوی ئایا پلەو پایەی خۆی لای خەڵکی ناوچەکە چەندە و تا چ رادەیەك سڵی لێدەکەنەوە.

ئەدمۆندز دان بەوەدا دەنێت کە هەڵوێستی ئەوتۆی تووش بووە ناچاری کردووە بە توندی سەودای لەگەڵ بکات تا هەیبەتی میری بپارێزی، ئەمەش لە واقیعدا دانپێدانانێکی تەواو بە نەبوونی دیموکراسییەت، هەروەها دانی بەوەشدا ناوە کە هەندی ئەفسەر کارو کردەوەی ناپەسەندیان بە پێی بۆچوونی ئەدمۆندز لێوەشاوەتەوە، هۆی ئەوەش ئەوە بووە ئەو ئەفسەرانە کە لە کوردستان بوونە هەمیشە لە باری ترس و نا ئارامیدا ژیاون (١٦٦).

ئەدمۆندز لە دیدو بۆچوونەکانیدا پەنجەی بۆ ئەو بارە نائاساییە راکێشاوە، تووشی بووە، کە رەنگە بە هەمان شێوەش تووشی دەوڵەتی عوسمانی بووبی پێش هاتنی ئینگلیز یان ئەو حکوومەتانەی دوای ئەو هاتوون ئەویش مەسەلەی پشتگیری هەندی لە سەرۆك هۆزەکانە بۆ حکوومەت و راوەستانیان دژی شۆڕشگێڕانی کورد و چاوەڕوان نەکردنیشیان بەوەی میری هەڵوێستێکی بی لایەن وەربگری لە پاش ئەوەی ئاسایش بەرپابێ بە پێی گوزارشتی ئەدمۆندز واتە لە پاش هەرەس هێنانی شۆڕشگێڕان.

ئەدمۆندز ئەو کوردانەی لایەنگیریان بوونە و دژی شۆڕشگێڕان وەستاون بە دڵسۆز ناوی بردوون، لێرەشدا نامانەوی ناوی هەندی لەو ئاغایانە بێنینەوە کە دڵسۆزیان بوونە وەك ئەدمۆندز ناوی بردوون، بەلام سەرقاڵ دەبوو چۆن قەناعەت بەو دڵسۆزانە بکات بۆ ئەوەی

هەڵوێستێکی بی لایەن بنوێنن سەبارەت بە گشت کوردان، چونکە هەمیشە ئارەزوومەندی ئەوەبوون سۆزی دەسەلاَت بۆ لای خۆیان رابکێشن (٢٠٩).

ئەدمۆندز لەو باوەڕەدایە بەدی هێنانی بی لایەنی بەرانبەر گشت کوردەکان پەیوەست بووە بە ئاستی هێز و توانستی میرییەوە، دیارە مەبەستی ئەدمۆندزیش ئەوە بووە دەسەلاَتی میری ئەگەر تۆکمەو بەهێز بی پێویست ناکات پابەند بی بە دڵسۆزی نواندنەوە بۆ ئەوانەی بە دڵسۆزی ناوبردوون. لە راستیشدا ئێمە ئەمەی ئەدمۆندز وتوویەتی بە تاقیکردنەوەیەکی دەوڵەمەندی دادەنێین چ لەسەر ئاستی مێژوو یان رامیاری کوردی.

ئەدمۆندز لە میانەی دیدو بۆچوونەکانیەوە بەرەو رووی دیاردەیەکی کارگێڕی کۆمەلاَیەتیمان دەکاتەوە کەوا دیارە پەلوپۆی واقیعی رامیاری ئەو کاتەیە ئەویش ئەوەیە میرانی کورد نازناویان خستۆتە پاڵ ناوی هەندی کەس وەك چۆن دەوڵەتی عوسمانی نازناوی پاشای دەبەخشی بەهەندێك، کوڕانی پاشاش نازناوی بەگیان هەڵدەگرت، ئەوەبوو میرانی کوردیش لەو بارەیەوە رۆڵی خۆیان گێڕاو نازناوی ئاغایان بەخشی بە هەندی کەس لە کوردستاندا کاتێکیش دەوڵەتی عوسمانی دەسەلاَتی لە میرەکانی کورد وەرگرتەوە و ئیمارەتیان نەما ئەو ئاغایانە چینێکیان دەنواند خەڵکی رەمەکی نەیانتوانی دەستیان لی هەڵگرن، ئەو ئاغایانە ئەو چینەیان دەنواند کە ببوون بە نێوەند لە نێوان خەڵك و دەوڵەتدا، واتە ئەو دەستەیەی کەوتبوونە نێوان گەل و کارمەندانی تورکەوە کەوا کاروباری ناوچەکەیان گرتە دەست لە پاش رووخاندنی ئیمارەتە کوردییەکان (٢٠٣).

ئەو دەستەیە واتە ئاغاکان توانییان هەڵوێستیان بچەسپێنن و بە تەواوەتی شوێن پێی خۆیان بکەنەوە بە پێی بۆچوونی ئێمەش ئەوە لەبەر دوو هۆ بوو یەکەمیان ئەوە بوو لە لایەن خەڵکەوە بە گشت شێوەیەك پشتگیریان لێدەکرا، چونکە ئەوانیان بۆ خۆیان لە کارمەندانی بیانی بەنزیکتر دەزانی بۆیە بەدڵ و گیان لەگەڵیان بوون.

دووەمیشیان ئەوەبوو کارمەندانی بیانی ئەوەیان بۆ دووپات بووەوە کە لە رێگای ئەوانەوە باشتر دەتوانن لە خەڵك بگەن، بۆیە لە پلەو پایەی ئاغایان بەرزکردەوە. تەنانەت وایلێهات ئاغا بوو بە ستەمکاری راستەقینە لە نێو هۆزەکەیدا یان مافی ئەوەی پەیداکرد جووتیار بەرگری لە ستەمکاری ئەو بکات، ئەوەش کۆیلەیەتی دەگەیاند یان پێچەوانەی دیموکراسیەت ئیدی بەهەر شێوەیەك بێت یان لەهەر کات و شوێنێك.



ئەدمۆندز لەم بارەیەوە نموونەیەکی واقیعی هێناوەتەوە، کە رەنگە راستی و دروستی ئەوەی باسمان کرد لەسەر پێوەندی نێوان مرۆڤی کوردو ئاغا بسەلمێنێ. شێخ محەمەد ئاغای بەگی رەواندز چیرۆکێکی بۆ ئەدمۆندز گێڕاوەتەوە کە گومانی لێناکری رووداوێکی واقیعییە دەڵێت : باوکی بۆ سزادانی یەکێك لە رۆڵەکانی هۆزەکەی کە دزی کردبوو دەستێکی بڕییەوە، چاوێکی پیاوێکی دیکەشی هەڵکۆڵی لەبەر ئەوەی تاوانێکی کردبوو، ئەم هەواڵە بلاَوبووەوەو گەیشتە قائیمقامی تورك لە رواندز کە فەرمانی دا ئەو دوو پیاوەی بۆ بێنن لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات و سکالاَیان بنووسی، بەلاَم کاتێك لەبەردەم قایمقامدا ئامادەبوون پێیان لەسەر ئەوە داگرت کە ئاغا هیچ پێوەندییەکی بەو کارەساتەوە نییە کە تووشیان بووە، ئەوە بوو قایمقام گشت جۆرە شێوازێکی لەگەڵیان بەکارهێنا بۆ ئەوەی دان بە راستیدا بنێن بی سوود بوو (٢٠٤). لە بەشێکی دیکەی ئەم کتێبەشدا ئاماژەمان بۆ ئەم نموونەیە کردووە.

ئەدمۆندز هەڵوێستێکی بێفەڕی هەیە دەربارەی بابەتی مافی گەلان و شۆڕشەکانیان لەو باوەڕەدایە مەسەلەی گوی لە مشتی بە زۆری پێوەندی بە خووەوە هەیە، بۆ دووپات کردنەوەی ئەم بانگێشەیەش دەڵێت : ئەو کەسانەی پتر ئامادەن بۆ وروژاندنی مەسەلەکان و تەگەرە دروستکردن بۆیان واتە بۆ ئینگلیز بەگشتی هەر ئەوانەن دژایەتی تورکیان دەکردو چەندین جار شۆڕشیان بەرپاکردووە.

لە راستیشدا مەسەلەکە خوو نییە وەك ئەو بۆی چووە، بەڵکو نارەزاییەکی شۆڕشگێرانەیە دژی بیانی، ئارەزووی چینێکی خەڵکە لە گشت کۆمەڵدا بەوەی بن بە پێشڕەوی گەلەکەیان و داوای سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنووسینی بۆ بکەن. تورکەکان بیانی بوون هەروەها ئینگلیزیش ئیدی بۆچی جێی سەرسووڕمان بێت کوردەکان دژی تورك و ئینگلیز شۆڕش بەرپاکەن.

ئەوەی دەشی ببێتە پاکانە یان پاساو هێنانەوە لە لایەن ئەدمۆندزەوە ئەوەیە کەسانێك کە ئەو بە دڵسۆزی ناوبردوون لەسەر دڵسۆزی خۆیان بۆ ئینگلیز ماوەنەتەوە و هەرگیز لەو رێیە لایان نەداوە. ئەوانەش بە پێی بۆچوونی ئێمە کەسانێکی هەڵپەرستن بە دوای قازانجی کەسیی خۆیاندا وێڵن رەنگە نموونەشیان لە گشت کۆمەڵگاکاندا هەبی.

گومانیش لەوەدا نییە کاتێك ئەدمۆندز مەسەلەیەکی گەورەی لەو چەشنە بخاتە قاڵبی خووەوە دووچاری هەڵەیەکی زانستی گەورە دەبێت، چونکە تەنانەت ئاژەڵیش ئەگەر بخرێتە نێو قەفەسەوە و سنووری جموجۆڵی لە لایەن ئادەمیزادەوە تەسك بکرێتەوە دەبینن هەوڵ و

تەقەللای بەردەوام دەبی بۆ خۆرزگارکردنی لەو قەفەسە، بێگومان ئەوە لە هەمان کاتیشدا خووە، چونکە وەك گیانلەبەرێك ئارەزوومەندی ئازادییە.

شتێکی سروشتیشە هەر گروپێکی گیانلەبەرانیش یەکێك لە خۆیان هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی پێشڕەویان بی. بۆ نموونە لە نێو باڵندەو مەڕو گورگیشدا ئەمە روونە. لەم بارەیەشەوە یاسایەکی زانستی لە گۆڕێیە کە هەرگیز گومان قبوولٚ ناکات ئەوە ئەگەیەنی هەر ئاکارێك هاوبەش بێت لە نێوان ئادەمیزادو ئاژەڵدا بە ئاکارێکی رەسەن دادەنرێت واتە وەرنەگیراوە (غیر مکتسب).

## هاملتۆن

ڕەنگە هاملتۆن (١٩٢٨) لەوانی دی کە سەردانی کوردستانیان کردووە یان تیایدا ژیاون لە مەسەلەیەکی زۆر گرنگدا جیاواز بی ئەویش ئەوەیە سەر لەنوی و پاش نزیکەی ٤٠ ساڵ لە دوای لێبوونەوە سەر لەنوی پێشەکی بۆ کتێبەکەی نووسیوەوەتەوە. ئەوەبوو وەرگێڕی کتێبی(ڕێگایەك لە کوردستان) داوای لە کەسیی هاملتۆن خۆی کرد پێشەکییەك بۆ کتێبە وەرگێڕاوەکەی بۆ سەرزمانی عەرەبی بنووسێت.

کە ناوەڕۆکەکەی زۆر گرنگە، هەر بۆیەش ئەوەمان بە باش زانی خوێنەری بەڕێز لە هەندێکی ئاگادار بکەینەوە، بە مەرجی لە سنووری ئامانجی ئەم کتێبە دەرنەچین کە تەرخانە بۆ نمایش و شیکردنەوەی دیدوبۆچوونی ئەو بیانییانەی سەردانی کوردستانیان کردووە.

هاملتۆن ئەو ئەندازیارە لێهاتووە بوو کە ڕێگای سەختی نێوان هەولێر و هاوینە هەواری رەواندزی کردەوە بە تایبەت لەو سەردەمەدا کە هیچ جۆرە کەرەستەیەکی لە بەر دەست نەبووە و تاکە ئەورووپاییش بووە لە نێوان ئەو هەموو کرێکارانەدا، ئەوەبوو ناچاربوو شێوازی تەقینەوەی شاخ بەکاربێنی و تەکنیکی ڕێگاوبان پێڕەوە بکات.

لە راستیشدا رۆبنسن لە پێشەکی کتێبەکەیدا پەنجەی بۆ ئەو کارە نایابە راکێشاوە و بە گرنگ باسیکردووە.

شایانی باسیشە هاملتۆن خۆی سەرپەرشتی کرێکارەکانی کردووە و گشت جۆرە کارێکی تەکنیکی کە بە کەسی دی نەکرابی خۆی بە ئەنجامی گەیاندووە، هەروەها خۆیشی کرێی داونەتی و لە یەك کاتیشدا، سی رۆڵی گێڕاوە وەك فەرماندە و باوك و ئەندازیار، ئەرکی ئەو



سی کەسێتییەی لە ئەستۆ گرتبوو، ماوەی پێنج ساڵ لەبەر گەرمای هاوین و بەفر بارینی زستاندا بەردەوام بوو تا ئەو کارە مەزنەی راپەڕاند.

ڕۆبنسن دەڵێت : بە دیداری هاملتۆن لە کاتی کارکردنیدا لەو پرۆسەیەدا لە کوردستاندا چاوم روون بوو، کە سەختترین وڵاتی خودایە و هەمیشە دەکوڵێ. کوردەکان لەگەڵ عەرەبدا شەڕ دەکەن و کوردیش دەکوژن هەر مرۆڤێکیش رۆحی لەسەر لەپێتی.

رۆبنسن دەڵێت : لە ژێر ئەو بارودۆخەدا هاملتۆن بەوپەڕی تواناوە پرۆژەکەی بەرێوە دەبرد، کرێکارەکانی تێکەڵ بوون، کورد و ئێرانی و ئاسووری و عەرەبیان تیابوو، شادبوون بەدەم گۆرانییەوە کاریان دەکرد، خراپەیانی نەدەویست سەرباری ئەوەش هاملتۆن شوێنەوارێکی باشی لە دڵ و دەروونی ئەو خێڵانەدا بەجی هێشتبوو، کە نەزانیین باڵی بەسەرا کێشابوون و لە شارستانێتییەوە زۆر دووربوون (١٠).

ڕۆبنسن مەبەستی ئەو خێڵە کوردانە بووە کە لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لەسەر ڕێگای بوونە و بەناویاندا تێپەڕیوە.

سەرەتا دەبی ئەوە بدرکێنین کە وا ڕێککەوتووە لەو سالانەدا هاملتۆن لە کوردستان بووە بارودۆخێکی سەخت لە گۆڕی بووە و شۆڕشی کورد بەرپابووە. لە راستیشدا بە شێوەیەکی سەرنجراکێش دەڕوانێتە دروست کەرانی ئەو بارودۆخە، چونکە لەسەرەتادا وەك ئاماژەمان بۆکرد دەڵێت : لە کاتی کارکردنیدا لە کوردستان پیاوانێك هەڵکەوتن سووربوون لەسەر بەرگریکردن لە مافەکانی گەلی کورد لەوانەش وەك شێخ مەحموودی حەفید و شێخ ئەحمەدی بارزانی و شێخ سەید تەهای شەمزینی و ئیسماعیل بەگی رواندوزی، ئەمانە وەك هاملتۆن دەڵێت : بە گومان نەبوون، کوێرانەش کاری راپەڕینی چەکدارانەیان بە ئەنجام نەدەگەیاند (٦).

هاملتۆن بە دڵێکی پڕ لە داخەوە باسی کوردستانی کردووە کەوا وڵاتێکی دەوڵەمەندە و کانزای تیایە بە تایبەت نەوت کە ئەو حکوومەتانەی لە دوای یەك حوکمیان کردووە بۆ کڕینی چەك بەکاریان هێناوە بۆ لەنێوبردنی کوردەکان خۆیان.

ئەگەریش لەو سەردەمە وردبینەوە کە هاملتۆن پێشەکی بۆ کتێبە وەرگێڕدراوەکەی نووسیی کەوا جەرجیس فەتحوڵلا لەسەرەتای حەفتاکاندا بە ئەنجامی گەیاند دەبینین بە زمانی ژمارە باسی داهاتی نەوتی عێراقمان بۆ دەکات کەوا سالانە گەیشتۆتە نزیکەی (١٥٠) ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی. میری عێراق لەوکاتەدا ٦٠٠ ملیۆنی لە ماوەی هەشت ساڵدا بۆ پڕ چەککردنی هەردوو هێزی دەرەکی و ئاسمانی خەرج کردووە بۆ جەنگ دژی مەلا مستەفای بارزانی.

له راستیشدا مەلا مستەفای بارزانی پێشەوایەتی شۆڕشێکی کوردی دادگەرانەی دەکرد لە پێناو بەدی هێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورددا. هاملتۆن کە ڕووناکی خستۆتە سەر ئەو داهاتە خەرج کراوانە وتوویەتی بەشێکی ئەو بڕە پارەیە بەسبووە بۆ فێرکردنی گشت عێراقییەکان و دابین کردنی خزمەتگوزاری تەواو لەسەر ئاستی نەخۆشخانەو نیشتەجێکردن و بوارە کۆمەڵایەتییەکان بۆیان، هەر لەو بڕە پارەیەش دەتوانرا پاژێکی بۆ یارمەتیدانی گەلە هەژارەکان تەرخان بکرایە (٧).

هاملتۆن لە پێشەکی کتێبەکەیدا باسی شاخ و شوێنە بەرزەکانی کوردستانی کردووە و وتوویەتی جوانترین دیمەنی سروشتی چیا لە جیهاندا لەخۆدەگرن و ئەگەریش دوژمنانی کورد لێیان گەڕێن بە ئاشتی بژین و دوایان نەکەون و داوای تۆڵەیان لێنەکەنەوە وەك چۆن هەڵۆ دوای دڕندەی بریندار دەکەوی ئەوە تەنها بواری گەشت و گوزاری ولاتەکەیان خێرو بێرێکی زۆریان بۆ دابین دەکات، بەلاّم ئەوەش هەرگیز تا تانك و تۆپ و بازگەی پشکنین لە گۆڕی بن نایەتە دی.

له راستیشدا باوەڕناکەین لە هاوارە مرۆڤایەتییەکەی هاملتۆن بێگەردتر هەبی کە پێش پتر لە حەفتا ساڵ ئاڕاستەی کرد کاتێك وتی : هێزە سەربازییەکانتان لە کوردستان بکێشنەوە بە بەشێکی داهاتی نەوت خزمەتگوزاری ڕەوایان پێشکەش بکەن.

دەیەکی ئەو پارەیەیان کە ئێستا بۆ سوپا خەرج دەکری بۆ تەرخان بکەن، با ئەوانەی لە گشت کوردستاندا کانی ئاو هەڵدەکەنن لە خۆشیدا بژین، ئەو کاتەش دەشتی هەریر بە گوڵاڵە سوورە سوور دەبی نەك بە خوێنی پاك.

هاملتۆن لە دوای ئەو هاوارەی بە جۆرە ڕۆمانسییەتێکەوە وتوویەتی : ئەم ڕێنووماییە زۆر ساکارە ئەگەریش (عومەری خیام) لە گەڵمانا بوایە ڕەزامەندی خۆی لەسەر رادەگەیاند(٨).

وێڕای ئەوەش هاملتۆن (بە ڕەگەز نیوزیلاندی بوو)، بەلاّم کارمەندێکی بەریتانی بوو، ئەرکێکی سوەیلی لە ئەستۆ بوو کە بریتی بوو لە کردنەوەی ڕێگایەك لە شوێنێکی سەختی کوردستاندا لەگەڵ ئەوەشدا چاوی کراوەبوو، خاوەنی هەستێکی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی بوو لە هەمان کاتیشدا خاوەنی هەستێکی مرۆڤایەتی بووە کە خوێنەر بە ئاسانی لە یاداشتنامەکانی یان لە میانەی دیدو بۆچوونەکانیەوە هەستی پێدەکات، چونکە ئەو هەڵوێستەی دەربارەی کوێرەوەرییەکانی گەلە هەژارەکەمان لەو کاتەدا دەری بڕیوە لە ناخی هەستێکی مرۆڤایەتی پاکەوە هەڵقوولاّوە.



هاملتۆن لە پێشەکی کتێبە وەرگێڕدراوەکەیدا وەك شارەزایەکی لێهاتوو پەنجە دەخاتە سەر برینەکان، هەرچەندەش برینەکانی ئەو سەردەمەی ئەو پێشەکییەکەی نووسیوە بە بەراورد لەگەڵ ئەمانەی ئەمڕۆدا قووڵتر بوونەتەوە و زیاتریش خوێنیان لی دەچکی.

هاملتۆن پەنجە بۆ دەرکەوتنی چینێکی سەربازی رادەکێشی کە متمانەی کردۆتەسەر هەڵگرتنی چەك کەوا بە هۆی گەشەکردنی باری داراییەوە ئەوەی بۆ دەستەبەر بووە، دەربارەی ئەم مەسەلەیە دەڵێت : تەنها تایبەت نییە بە عێراقەوە، چونکە چەك بە پێی بۆچوونی هاملتۆن بووەتە گەمەیەکی نوی، زۆر بە ئاسانی بەکار دەهێنرێت، بەکارهێنانیشی لە عێراقدا حەتمی بووە، لەسەر ئەم باسەدەڕوات و دەڵێت : عێراق ئەم چەکەی لەگەڵ خۆیدا بەکار هێناوە، واتە لەگەڵ گەلەکەی، ئەم مەسەلەیەش لە لایەن چەك فرۆشان یان نێوەندەکانیانەوە هەتا ئەمڕۆ نەبووەتە جێی بایەخ (٨).

ناڕەزایی دەربڕینی هاملتۆن لەوانەی چەکیان بە حکوومەتە سەربازییەکان فرۆشتووە و ئەوانیش بۆ وێرانکردنی گەلەکانیان بەکاریان هێناوە لەوانەش گەلی کوردمان نموونەیەکی زۆر زیندووە لە نموونەکانی سەدەی بیستەم لەو بوارەدا، لە هەمان کاتیشدا بەڵگەیەکی تەواوە لەسەر دیدی قووڵ و ویژدان زیندوویێتی ئەم ئەندازیارە بیانییە.

هاملتۆن تەنها ئەو جەنگە کە بووەتە مایەی ئێش و ئازار بۆ کوردستان ئازاری نەداوە، بەڵکو ئەوەی لێی بەجێماوەتەوە زیاتر خەمباری کردووە، چونکە دەڵێت : ئەگەر سەرئەنجامی ساڵانی جەنگ لە کوردستاندا بووبێتە مایەی ڕژانی پارەو ماڵ و هەرزانی گیانی مرۆڤـــــــــ و چاندی کینەو بوغز لە دڵ و دەرووندا، بە بۆچوونی من سەرئەنجامی خراپتری لەمانە لی بەجێماوە، کە ئەویش لە بواری ڕاوەستاندنی فێرکردندا بەرجەستە دەبی. ئاماژەی بەوەش داوە کە هەندی ڕۆشنبیر پێگەیشتوون، بەلاّم زۆر کەمن ئەگەر بەراوردبکرێن لەگەڵ ئەوەی بشی لە کوردستاندا پێبگەن کەوا بە ناوچەی باکوور ناوی بردووە پڕە لە توانستی بیناسازی و ئەندازیاری بۆ ئاوەدان کردنەوەی عێراق و هەروەها پزیشك و برین پێچ بۆ چاککردنی باری تەندروستی یان بازرگان و نووسەر و شاعیر هەتا ئەم ولاتە بکەن بە نموونە لە نێو ولاتانی جیهاندا (٩).

ئەوەی هاملتۆن لە پێشەکییەکەیدا دەربارەی ئەو شالاوەی حکوومەت لە ساڵی ١٩٣١ دا بردوویەتییە سەر شێخ ئەحمەدی بارزانی وتوویەتی مایەی پێکەنین و گریانیشە لەیەك کات دا. ڕای دەوڵەتیش ئەمەیە :

(باشه ئێمه چی لەم سوپایه بکەین که پارەو پوولێکی زۆری بۆ خەرج دەکەین ئەگەر نەینێرین بۆ سەر رێگایەك وەك رێگای رەواندز تا فێری هونەرەکانی جەنگ بێت و ترای لەسەر بکات و ئامادە بێت پەلاماری کوردستان بدات).

هاملتۆن به خوێنەر دەڵێت، ئەمەیه وەڵامی من که به پێکەنین پێشوازی لێکرا:

عێراق خاوەنی گۆڕەپانی بەرینه له ناوچه چۆڵەکانی بیاباندا کەم دەوڵەتیش ناوچەی لەو چەشنەیان هەیه و بشێن بۆ تاقیکردنەوەی تفەنگ و تۆپ گواستنەوەی تانك و زرێپۆش و ترای فرۆکە، ئەو ناوچانه له بەغدا و موسڵەوە نزیکتن و مەترسی ئەوەشیان لێناکری گوللەی تفەنگ و تۆپ کەسیان تیا بپێکێ. ئیدی بۆچی ئەو هێزانه بۆ ترای دەنێرنه کوردستان ؟ (٩).

بە پێویستمان زانی لە پێشەکییەکەی هاملتۆندا سەرنجی هەندی دیدو بۆچوونی مرۆڤایەتیانەی گرنگ بدەین کە سەرئەنجامی تێبینی سەرپێیی نیین، بەڵکو بابەتی لێکۆڵینەوەی مەیدانی وردن و له ئەنجامی ژیان بەسەر بردنیدا له کوردستان و ئاگاداربوونی لە ژینگەی کوردەواری تۆماری کردوون.

دیاره هاملتۆن ئاگاداری مێژووی رامیاری ناوچەکە بووە، بۆیە کاتێك باسی قەڵایەکی بەرزی کردووە که کەوتۆتەسەر ئەو رێگایەی خەریکی کردنەوەی بووە وتوویەتی له لایەن پاشای کۆرەوە دروست کراوە، کەوا پێش نزیکەی سەد ساڵ لەوکاتەی هاملتۆن کاری تیا کردووە، حاکمی رواندزو زۆربەی ناوچەکانی وڵاتی کوردستان بووە.

هاملتۆن دەڵێت : ئەم میرە کوردە، پاشای کۆرە — وەك زۆربەی ناودارانی کورد و حاکمەکانیان کوژرا، دەست گیری تورکەکانیش بوو.

خوێنەر دەتوانی له میانەی هاوسۆزی هاملتۆنەوە لەگەڵ کوردو حاکمەکانیاندا بە تایبەت کە باسی قەڵاکەی پاشای کۆرە دەکات ئەوەی بۆ ئاشکرا دەبی چەند بە دەستی عوسمانییەکانەوە گرفتار بوونە.

هاملتۆن ئەوەی باسکردووە که رووسەکان به هاوکاری ئەرمەن و ئاسوورییەکان زۆربەی شاری رواندزیان وێران کردووە، ئەوەشی دووپات کردۆتەوە زۆربەی بەشەکانی خوارەوەی شارەکە هەتا ئێستاش وێرانن. خەڵکی شارەکەش تا ئەو کاتەی رێگا نوێیەکە تەواو نەبووە و نەیانتوانیوە بەشە وێران کراوەکەی شارەکە ئاوەدان بکەنەوە، وا دیاره هاملتۆن خزمەتکارێکی ئاسووری هەبووە به ناوی گۆرگیس وەختی خۆی بەشداری لە وێرانکردنی شارەکەدا کردووە کاتێك هێرشیان کردۆتەسەری.



هاملتۆن باسی ئەوەی کردووە ئەو گورگیس جار جار چیرۆکی گەمارۆدانی شاری رواندزی چپاندۆته بەر گوێی هاملتۆن و شانازیشی پێوەکردووە.

هاملتۆن دەڵێت : گۆرکیس بەشێوە زمانی (یۆلیۆس قەیسەرەوە) قسەی کردووە و بە شانازییەوە وتوویه دووجار گڕی له شاری رواندز بەرداوە.

هاملتۆن چەند جارێك ئامۆژگاری گۆرکیسی کردووە بۆ ئەوەی لەو شانازی کردنەی کەم بکاتەوە و هەوڵیداوە تێیبگەیەنی بۆ هەردووکیان باشتروایه هێند باسی ئەو پاڵەوانێتییە نەکات.

ڕەنگە هاملتۆن مەبەستی ئەوە بووبی برینەکان نەکوڵێنێتەوە، چونکه زۆربەی کرێکارەکانی کورد بوونه و نەیویستووە بیان ورووژێنی و ئاژاوە دروست بێت.

هاملتۆن لەسەر ئەو ئامۆژگارییەی ئاڕاستەی گۆرگیسی کردووە وتوویەتی لەبەر ئەوەی بڕیاری داوە دۆستی گەلی کورد بێت، بۆیە نەیویستووە کوردەکان جامی رق و تۆڵە بڕژێننە سەر خزمەتکارەکەی ئەمیش دڵی لێیان بشکێ.

هاملتۆن دەربارەی شۆڕشەکەی شێخ مەحموود و ئەو کوردانەی رێزیان لێدەنا دواوە. واشدیاره سەرەتای زانیارییەکانی هاملتۆن لەسەر شێخ و پیاوەکانی هەرئەوە بووە کلارك بۆی باسکردووە. کلارکیش وەك هاملتۆن دەڵێت : سەرچاوە هەبووە لە زمانی کوردی و نەریتی کورد و رەوشتیاندا .ناویشی هەمیشە لەسەر زاری خەڵك بووە لەم پەڕی کوردستانەوە تا ئەو پەڕی، ئەویش به هۆی بڵاوبوونەوەی ناوبانگی چاکەی و حوکمی بێلایەنییەوە (١٥٥).

ئەو چیرۆکانەی هاملتۆن بیستوونی دەربارەی ئەو کارەساتانەی تووشی کلارك بوونه گەلێك زۆرن، بەڵام جێی خۆیەتی یەکێکیان باسبکەین، کەوا کارتێکەریی لەسەر باری دەروونی هەریەك له کلارك و هاملتۆن وەك یەك بووە. کلارك رووداوێکی هەرچەند رامیاریش نەبووە بۆ هاملتۆنی میوانی له هەولێر گێڕاوەتەوە، بەڵام له بارودۆخێکی رامیاری تایبەت دا رووی داوە. کەس نەیزانیوە سەرئەنجامی چۆن دەبی یان پێوەندی بەریتانیا، عێراق و کورد چۆن دەبی و هەڵوێستی بەریتانیاش بەرانبەر کورد روون نەبووە.

جارێك کلارك به پێچ و پەنای چیایەکی بەرزا کە بەفر دایگرتووە و کەس لەوەو پێش نەیوێراوە سەری کەوی، هەڵئەکەوی له ئەنجامدا قاچێکی دەشکی و هەندی پیاوی دڵسۆزی هۆزەکان لەسەر پەیژەیەکی دار توند دەیبەستن تا قاچه شکاوەکەی نەجووڵێ و ئازاری نەدا چەند رۆژێك بەڕێوەدەبن و دەشت و دۆڵ و دەبڕن تا پاش بڕینی نزیکەی سەد میل دەیگەیەننە

پزیشکێکی ئینگلیزی و دەگەڕێنەوە بۆ ماڵی خۆیان بەبێ ئەوەی هیچ کرێیەك لە بری ئەو ماندووبوونەیان وەربگرن (١٥٥).

ئەوەی هاملتۆن باسیکردووە دەربارەی هەڵوێستی شێخ مەحموود بەرانبەر ئینگلیزەکان کاتێك ساڵی ١٩١٨ گەیشتوونەتە کوردستان ئەوە دەردەخات کە جۆرە سۆزێکی بۆیان دەربڕیوە. بەڵام بە هۆی چالاکی رامیارییەوە پاش ساڵێك و بەرەو رووبوونەوە لەگەڵ ئینگلیزدا لە شەڕی ماوە کورت دا کەوا میر لیوا فریزەر پێشەوایەتی دەکرد پێویستی بەوە کردووە بەند بکری و دوور بخرێتەوە، کاتێکیش کار گەیشتە هەڵبژاردنی یەکی لەسەرکردە ناوخۆییەکان لەو باشتریان نەدۆزییەوە بیکەنە حاکمی ناوچەکە، چونکە وەك پێشەوایەك خاوەنی مێژوویەکی دێرین بووەو لە هەموو کەسی زیاتر شایانی ئەو پۆستە بووە (١٥٥).

لە راستیشدا مرۆڤــــــ لەوەی ئینگلیزەکان دەربارەی شێخ مەحموود و هەڵوێستە سیاسییەکانی دەینووسن دوچاری سەرسووڕمان دەبی بە هەمان شێوەش هەڵوێستی سیاسی شێخ مەحموود خۆیشی مایەی سەرسووڕمانە.

هاملتۆن خوێنەر لەوە ئاگادار دەکاتەوە شێخ مەحموود سەرەتا هاوسۆز بووە لەگەڵ بریتانییەکاندا، بەڵام رەخنە لە چالاکییە سیاسییەکانی دەگری کە بوونەتە هۆی بەندکردنی. مەسەلەکەش هاوکێشەیەکی سیاسی ئاسان نەبووە لەو کاتەدا، بەڵام لەو باوەڕەداین هاملتۆن یان کلارك خۆی کە ئەم بابەتەی بۆ هاملتۆن باسکردووە پێویست بوو بڵێ وێڕای ئەوەی شێخ مەحموود لەگەڵمان هاوسۆز بووە، قوربانیشیداوە بە پێوەندییەکانی لەگەڵ عوسمانییەکاندا، ئەو قوربانییەش لە بەردەم رادیکالی ئایینیدا لە کوردستان کەم نەبووە، بریتانییەکان ئارەزوومەندی ئەوە نەبوونە لە داخوازییە رەواکانی شێخ مەحموود بگەن کە ئەویش بڕیاردانی مافی چارەنووسی کورد بووە، بەڵام هاملتۆن وا دیارە بە ویژدان بووە کاتێك لە بابەتێکی دیکەدا رەخنەی لە رامیاری بەریتانیا گرتووە سەبارەت بە کورد، کە بە رامیارییەکی لەق و بگۆڕی ئەوتۆی باسدەکات هێڵێکی دیاریکراوی نەبی. هەروەها ئەرکە گرنگەکەی کلارکیش کە ساڵی ١٩٢٤ ناردیان بۆ سلێمانی و پۆستی ئەفسەری رامیاری دەسەڵاتی ئینتیدابیان پێڕاسپاردووە بە زۆر گران دەداتە قەڵەم کەوا لەوەدا بەرجەستە دەبوو قەناعەت بە شێخ مەحموود بکات ملکەچی دەوڵەتی نوێی عێراق بێت (١٥٦).

هاملتۆن باسی ئەوە دەکات مێجەر سۆن کە خەڵك خۆشیان ویستووە و لەو کاتەدا شێخ مەحموود لەوی نەبووە کاروباری سلێمانی بەڕێوە بردووە هەوڵی داوە لە چوارچێوەی هەوڵێکدا



بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی پێشکەوتوو هۆزەکان کۆ بکاتەوە، تەنانەت لە سلێمانیدا ئەوەی بڵاو کردەوە کەوا بە نیازە لەو دەوڵەتەدا سیستمی رۆژئاوایی پیڕەوبکات و لە حوکمدا شێوازی شارستانێتی بەکار بێنی.

هاملتۆن ئەوەشی دووپات کردۆتەوە کە سۆن لە پاش ئەوەی بۆی دەرکەوتووە مەسەلەی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لە لایەن دەوڵەتەکەیەوە پشت گیری لێناکری دەستی لە کار کێشاوەتەوە و گەڕاوەتەوە سەر ژیانی هێمنی نووسین و لێکۆڵینەوە(١٥٦).

شێخ مەحموود هەوڵی داوە لەسەر هەوای سۆن رێبکات، واتە لە پاش ئەوەی شێخ مەحموود حوکمی ناوچەکەی پێسپێرا سەرگەرمی ئەوە بی نەخشەکەی سۆن جێبەجێبکات بە سەر لەنوی رێکخستنەوەی ولات و پەرەپێدانی، بەڵام وەك هاملتۆن دەڵێت : بەریتانیا لەو ماوەیەدا بیری لەوەکردۆتەوە بە تەواوەتی بیر لە بەرژەوەندی حکوومەتی عێراق بکاتەوە، بۆیە شێخ مەحموود کەوتەسەر ئەو باوەڕە هەرچی نەخشەو ئامانجی هەیە بە ناڕەوا هەرەسیان پێهێنراوەو بوونەتە قوربانی ستەمکاران (١٧٥).

بەڵام لە راستیشدا هەڵوێستەکانی بەریتانیا هەرەسیان بە کەسیی شێخ مەحموود خۆی نەهێنا وەك سەرکردەیەکی بە توانا، هەر بۆیەش لە میانەی هاندانی پیاوەکانییەوە کەوتە هەوڵی دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردیی سەربەخۆ.

بە پێی بۆ چوونی هاملتۆن تورکیا دامەزراندنی ئەو دەوڵەتەی لا پەسەند بووەو پەیمانی داوە چەکیشی بۆ رەوانە بکات، بەڵام هاملتۆنی ئەندازیار نەك مێژوونووس هیچ بەڵگەیەکی بۆ نەهێناوینەتەوە بۆ دووپات کردنەوەی بۆچوونەکانی، بۆیە بە باوەڕی ئێمە ئەوە لە پێشبینی زیاتر نەبووە.شایانی باسیشە هەندی لەو کەسانەی لە حکوومەتەکەی شێخ مەحمووددا پلەو پایەی هەمە جۆری گرنگیان هەبوو پاشان لە پرۆژەکەی هاملتۆندا بۆ کردنەوەی رێگای رەواندز کاریان کردووە تەنانەت تیایانا هەبوون کارمەندی وەزارەتەکانی فێرکردن و باج بوون.

پێویستیشە ئاماژە بەوە بدەین کە لێکۆلەر هەست بەوە دەکات دیاردەیەکی تایبەت لە نێو ئەو ئەفسەرە رامیارییانەدا هەبووە کەوا لە سەردەمی چالاکییەکانی شێخ مەحمووددا لە سلێمانی بوونە، ئەویش ئەوەیە بیروڕای هەندێکیان لەگەڵ دەوڵەتەکانیاندا واتە بڕیار بەدەستانی بەریتانیا سەبارەت بە چارەنووسی کوردستان جیاواز بووە تەنانەت گەلێك جار ئەو ئەفسەرانە بە هۆی هەڵوێستی دەوڵەتەکەیانەوە لە بەردەم سەرکردەکانی کورد و گەلی کورددا کە شەیدای ئازادی و خوازیاری بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان بوونە تەریق بوونەتەوە. بۆ وێنە لەوەوپێش

ئاماژەمان بەوەدا کە ئارەزووی مێجەر سۆن لەگەڵ بڕیاری رامیاری بەریتانیا لەو بارەیەوە ناکۆك بووە، هەر بۆیەش سۆن کە خەریکی ئامادەکاری بوو بۆ پێکەوەنانی دەوڵەتێکی کوردی دەستی لەکار کێشایەوە و خۆی دوورە پەرێز گرت.

کاتێکیش کلارك دەربارەی یادەوەرییەکانی لەگەڵ شێخ مەحموودا بۆ هاملتۆن دواوە وتوویەتی هیچ بەڵگەیەکی لە بەردەست نەبووە بۆ شێخ مەحموود دووپات بکاتەوە کە بریتانییەکان لەسەر داخوازییەکەی قایل دەبن بۆ ئەوەی هەتا کوردستان سەربەخۆیی وەردەگری دەمێننەوە، لەبەر ئەوەی هەرگیز باوەڕی بەوەندەکرد ئەوان لە کوردستان دەمێننەوە، چونکە بڕیاری کۆتاییان داوە بەجێی بهێڵن. پاشان بەڕوونی وتوویەتی چیم دەسەڵاتە، بەداخەوە هیچ چارەسەرێکم بۆ ئەو مەسەلەیە نییە، ئەوەشی دووپات کردۆتەوە ئەوپەڕی رێزی بۆچوونەکانی شێخ مەحموود هەیە و بە روونیان دەبینی (١٥٨).کلارك تا ئەم رادەیە بڕیاری حکوومەتەکەی بەدڵ نەبووە و ئەوەشی لە هاملتۆنی دۆستی نەشاردۆتەوە کە شێخ مەحموود لەسەر حەق بووە.

کلارك پتر لە سۆن پابەندی وەزیفەکەی بووە، بۆیە بڕیاری حکوومەتەکەی بە شێخ مەحموود راگەیاندووە کە پێویستە خۆی و نەتەوەکەی ملکەچی حوکمی عەرەب بن. ئەمەش دەقی وتەکەیەتی :

تۆ ناتوانی کورد ناچاربکەیت ملکەچی حوکمی عەرەب بن ئەگەر عەرەب خۆیان نەتوانن باوەڕ لە دڵی ئەواندا بچێنن کە تازە هاتوونەتە ژێر رکێفیانەوە. بە هەر حاڵ شێخ مەحموودم بە روونی ئاگادار کردەوە کە دەبی بڕیارو فەرمانەکانی ملکەچی حکوومەتی عێراق بی و ئەنجوومەنی وەزارەتەکەی هەڵوەشێنێتەوە و دەزگای کاروباری ئێستای ئیدارەکەی رابگرێت ئەگەریش وا نەکات ئەوە سەودای ئەو یاخیبوونەی لەگەڵ دەکرێت کە دەستپێکەری دوژمنکاری بێت (١٥٨).

لەو باوەڕەداین پتر لە هۆیەك لە پشت ئەم ناکۆکییەوەیە لە هەڵوێستەکاندا لە نێوان ئەو بڕیارانەی کەوا کورد و سەرکردایەتییەکانیان لە ئەفسەرە سیاسییەکانی بەریتانیایان دەبیست و لە نێوان ئەو بڕیارە لە پڕانەی لە لایەن حکوومەتی بەریتانیاوە دەرچوون، بۆیەش دەڵێین لە پڕ چونکە پێش کوردییش هەر کوت و پڕ دەگەیشتنە ئەفسەرە سیاسییەکانی بەریتانیا. رەنگە یەکەمین هۆی ئەمەش ئەوە بێت ئەو ئەفسەرانە کە لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا دەژیان و پێوەندی مەیدانییان لەگەڵ خەڵك هەبوو زیاتر هەستیان بەوە دەکرد ئەم نەتەوەییە دەبی خاوەنی مافی سیاسی خۆی بێت. ئەم هەستەش دەبووە هۆی دامەزراندنی پێوەندی کەسیی لە



نێوان ئەو بەریتانیانەو کوردەکان چ لەسەر ئاستی سەرکردایەتی کورد و چ لەسەر ئاستی کۆمەلایەتی، بۆ وێنە:

وێڕای ئەوەی کێشەی سیاسی یان جەنگ لە گۆڕی بووە، دەبینین ئەفسەرە سیاسییەکانی بەریتانیا نەیانتوانیوە ئەوە بشارەنەوە کە شێخ مەحموودیان بەدڵ بووە.

هۆی دووەمیش پەیوەست بووە بە گۆڕینی هەڵوێستی بەریتانیا دەربارەی کورد بە بی ئەوەی ئاشکرای بکەن ئەمەش کارێکی وای لە ناوچەکەکرد ئەفسەرانی سیاسی لە دۆڵێك بن و دروست کەرانی بڕیاری ناوەند لە دۆڵێکی دی. هەر بۆیەش ئەو ئەفسەرانە بەرانبەر کورد و سەرکردەکانیان شەرمەزار دەبوون بە تایبەت کاتێك راستییەکان ئاشکرا بووایەن.

ئەم گۆڕانە لە هەڵوێستەکاندا کلارکی دووچاری بارێکی قورس کردەوە کە وەك هاملتۆن دەڵێت : سیاسەت مەدارێکی شارەزا و لێهاتوو بوو ئەمەش وای لە کلارك خۆی کرد بڵێت : کوردەکانی سەربە شێخ مەحموود کەوا بە پێی غەریزەیەکی رۆژهەلاتی پشتی شێخیان گرتبوو درکیان بەوەکرد کە رامیاری بەریتانیا دەربارەی کورد لەق و بگۆڕە (١٥٦).

هاملتۆن ئەوە دووپات دەکاتەوە کلارك لەو ماوەیەدا بە بارێکی گراندا تێپەڕیوە، چونکە پێوەندی دۆستایەتی لە نێوان کلارك و شێخ مەحموودا بەهێز بووە، شێخیش سووربووە لەسەر ئەوەی هەر فەرمانێکی لە لایەن حکومەتی عەرەبییەوە بۆ دەربچی قبووڵی نەکات، بەرانبەر بەمەش کلارك پابەندبووە بەوەی پێیڕابگەیەنی یان ئاگاداری بکاتەوە بەوەی پێویستە ملکەچی فەرمانی حکوومەتێکی رۆژئاوا یان عەرەبی بێت و واز لە خەونی بڕیاردانی چارەنووسی کورد بێنی (١٥٧).

هاملتۆن بەرانبەر بە هەڵوێستی کورد هەڵوێستێکی شیکاری دادگەرانە وەردەگری و دان بەوەدا دەنی کە کوردەکان گشت جۆرە پاساوێکیان هەیە بۆ باوەڕهێنان بەوەی رامیاری بەریتانیا هیچ نەخشەو پلانێکی نییە سەبارەت بە پاشەڕۆژی کوردستان، هیچ ئاماژە پێکردنێکیش لە گۆڕی نییە بۆ ئەوەی بەریتانیا لە پاشەڕۆژدا وەك دەوڵەتێکی مونتەدەب سەودا لەگەڵ عێراقدا دەکات، لەسەر ئاستی ئەوەی کۆمەڵەی گەلان ماوەی ئینتیدابی لەسەر عێراق بە بیست و پێنج ساڵ دیاری کردبوو، ئەوە بوو کوردەکان پێشنیازی سەربەخۆییان پێشکەش کرد، وایان بە باشتر زانی لە ژێر ئینتیدابی بەریتانیادا بمێننەوە و نەیاری ئەوەش بوون لە ژێر حوکمی دەوڵەتی عێراقدا بن.

کاتێکش ئەوەی بەریتانیا ویستی هاتە دی گشت ئامانجەکانی شێخ مەحموود هەرەسیان هێناو هەستی بەوەکرد خۆی و نەتەوەکەی دووچاری ستەمێکی گەورە بوونە وتی خۆی و نەتەوەکەی ئاواتەخوازی ئەوە نیین لە سایەی حوکمی بەغدادا پێشکەوتن و گەشەسەندیان بەرکەوی، هەڵوێستی توندیشی بەرانبەر کارمەندانی عەرەب هەبوو (١٥٧).

کلارك ئەوەی چپاندووە بە بەرگوێی هاملتۆنی دۆستیدا کە نەخشەو پلانی شێخ مەحموود هەمیشە ئەوە دووپات دەکاتەوە هیچ رق و کینەیەکی تایبەت بەرانبەر بەریتانیا هەڵناگری، بەڵام ترسی لەوەیە وەزیری بەغدا حوکمی گەلی کورد بکەن. کلارك لەوە دڵنیا بوو کە شێخ مەحموود وێڕای ئەوەی شکستی خواردووە دەتوانی سەرلەنوی هێزو توانای خۆی بگەڕێنێتەوە گومانیشی لەوە نەبووە کە ئەم پیاوە مێژوو وەك پاڵەوانێك لە پاڵەوانەکانی گەلی کورد بە نەمر دەیداتە قەڵەم (١٦٠-١).

هاملتۆن لەوە ئاگاداری کردووینەتەوە پێشبینییەکانی کلارك لە جێی خۆیدا بووە، چونکە شێخ مەحموود ساڵی ١٩٣٠ بۆ جاری سێیەم ئاگری شۆڕشی هەڵکرد کاتێك حکوومەتی عێراق دەسکاری هەڵبژاردنەکانی کرد بۆ ئەوەی نیشتمان پەروەرانی کورد سەرنەکەون. هاملتۆن دەربارەی ئەمە دەڵێت : (ئەمجارەش وەك جارانی پێشوو نەك سوپای باشووری عێراق بەڵکو هێزی ئاسمانی بەریتانیا بەزاندی و دایەوەدەست دەسەلاّت دارانی عەرەب کەوا نەبەردانە بەرەوڕوویان ببوەوە، حکوومەتەکانی رۆژهەلاّتیش وەك بەریتانیا نین بەندکراوەکانیان ئازاد ناکەن، لەبەر ئەمەش شێخ مەحموود هەتا رۆژی ئەمڕۆمان وەك زۆربەی کوردەکان کە خەونەکانی پاشەرۆژیان رووایەوە بەندی دەستی دوژمنانێتی) (١٦١).

## خالفین

وێڕای ئەوەی خالفین سەردانی کوردستانی نەکردووە — ئەوەندەی ئێمە پێی بزانین -، بەلاّم دیدوبۆچوونەکانی خالفین لەم کتێبەدا لەبەر دوو هۆ جێی بایەخن، یەکەمیان ئەوەیە پرۆفیسۆر خالفین وەك لە پێشەکییەکەی دوکتۆر ئەحمەد عوسماندا هاتووە کەوا کتێبەکەی خالفین

(کێشە لەسەر کوردستان)ی لە رووسییەوە وەرگێڕاوەتە سەرزمانی عەرەبی یەکێکە لەوانەی لە بەشی پەیوەندی نێودەوڵەتیدا لە پەیمانگای گەلانی ئاسیای سەر بە ئەکادیمیای زانستی سۆڤێتی لە مۆسکو کار دەکات و، هۆگری لێکۆڵینەوەی مێژووی کوردە لە پاڵ لێکۆڵینەوەی مێژوویی لەسەر گەلانی دیکەی ئاسیا.



دووەمیشیان ئەوەیە خالفین لە کتێبەکەیدا باسی دیدوبۆچوونی ژمارەیەك رۆژهەلاّتناس و رەوەند دەکات لەوانەی سەردانی کوردستانیان کردووە، سەرەڕای ئەوەش ئەو دیدوبۆچوونانە جیا نیین، چونکە لە بناغەدا وەك نموونە لە کتێبەکەدا باسکراون نەك ئامانج، بەلاّم ئەو دیدوبۆچوونانە بۆ سروشتی ئەم کتێبە ئەوەپەڕی بایەخیان هەیە. چونکە هەندێك لەو دیدوبۆچوونانەی لە کتێبی ئەو رۆژهەلاّتناس و رەوەندانەدا هاتوون لە بناغەدا لە عێراق هەردەس ناکەون.

هینری تروتەر کە قونسولی بەریتانیا بووە لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا (وەك لە کتێبەکەی خالفین دا هاتووە) لە وتارێکدا بە ناوونیشانی کوردەکانی ئاسیای بچووك، ئاماژە بۆ باری نارێکی کوردەکان دەکات و چۆن داوای مافی رۆشنبیرییان کردووە، هەروەها داوای چاکسازی کارگێڕییان کردووە، ئەوەبوو ١٧ سەرۆکی کورد بە ناوی هەزار هاونیشتمانی کوردەوە لە ولایەتی وان و دەورووبەری عەرزوحالێکیان دابوو بە نوێنەری سوڵتانەکە گەیشتبووە شاری وان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی چاکسازی ئیداری تیایدا، داخوازییەکیان داوە بە دەوڵەت بۆ کردنەوەی قوتابخانە لە کوردستاندا، بە ناوی هاونیشتمانیانی کوردەوەش گفتیان داوە خۆیان خەرجی ئەو قوتابخانانە لە ئەستۆبگرن (٧) واتە دەوڵەت تەنها ئەوەندەی لەسەر بی هەل بەرپا بکات بۆ مندالاّنی کورد فێر بن، هیچ ئاماژە پێکردنێکیش نییە کە داوایان کردبی زمانی خوێندن لەو قوتابخانەدا زمانی کوردی بێت، ترۆتەر دیسان ئەوەشی باسکردووە کە ئەو کەسانە لە هەمان عەرزووحالّدا داوایان کردووە دەوڵەت لە خزمەتی سەربازی تەوزیمی لییان خۆشبی وەك چۆن سەودای لەگەڵ مەسیحییەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا کردووە، ئامادەبوونیشیان دەربڕیوە لە جیاتی خزمەتی سوپا لە مەسیحییەکان زیاتر پارەیان بدەنی.

کارچۆف کە لێکۆڵەڕێکی رووسە بە پێی پێوەری خۆی کوردی کردووە بە دوو بەشەوە بەرەنگاری کەران و بەرەنگاری نەکەران لەو باوەڕەشدایە کوردە جووتیارەکان ئەوانەی نیشتەجێن لەگەڵ ئەوانەی مەڕومالاّت بە خێو دەکەن واتە دانیشتووانی دەشتاییەکان ملکەچی دەسەلاّتن و دەوڵەت هەرچیان بەسەرا بسەپێنی بە خزمەتی سەربازیشەوە جێبەجێی دەکەن، ئەم دوو گرووپەش بە یەك کاری دەسەلاّت (رقیە) دەداتە قەڵەم. ئەمانەش بە پێی باوەڕی کارچۆف ناتوانن هیچ هەڵوێستێکی کاریگەر وەربگرن بۆ بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کورد. بەڵکو کاری شۆڕشگێڕی بە دەستی سەرۆك هۆزە کۆچەرو نیمچە کۆچەرەکانەوە ماوەتەوە (١٥).

خالفین لە میانەی خوێندنەوەی دیدوبۆچوونەکانی بێرزنەوە (١٨٥٦) لە لێکۆڵینەوە نایابەکەیدا (ڕێگای ترسناك) ئەو باوەڕەی لا پەیدا بووە لە سایەی تورکدا کوردەکان پابەندی سیستەم نابن، چونکە وەك هاونیشتمانی خاوەنی مافی خۆیان نیین، تەنانەت کاروکردەوەی دڕندانەو دیکتاتۆرێتی کە دژیان رادەهێنری هەندی لە ڕەوەندەکانی دووچاری واق وڕمان کردووە.

رامزی باسی ئەو شێوازە دڕندانەیە دەکات کەوا قایمقام کە بەناو رژێمی نواندووە بەسەر خەڵکدا سەپاندوویەتی هەرچەندەش وەك بەرپرس دەسەڵاتی لە سێدارەدانیشی نەبووە، بەڵام هەرکەسێك لە ری دەرچووبا ئامادە بوو سەری ببڕایایە، دیارە سزادانی کەسانێکیشی لە خێڵی (خینام) مەبەست بووە. تەنانەت هەندی لە ئامادەبووانی ئەو دیمەنە قێزەونانە لە ترسا مردوون. رامزی... یادداشتەکانی بە ناوی دیدوبۆچوونەکانی دەربارەی تورکیا ساڵی ١٨٩٧ ناو ناوە (١٩).

دیتێل لە یادداشتنامەکانیدا گەشت و گوزاری رۆژانە لە رۆژهەڵاتدا ١٨٤٢-١٨٤٥ کە دیسان لە کتێبەکەی خالفیندا باسکراوە وەك شایەت حاڵێك باسی ئەومان بۆ دەگێڕێتەوە کاتێك لە چلەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا سەردانی موسڵی کردووە یەکی لەو کوردانەی بینیوە کە توومەتی بەرهەڵست کردنی میریان خراوەتە ئەستۆ لە گۆڕەپانی ناوەندی شارەکەدا سووتاندوویانە. دیتێل دەڵێت : ئەوە شێوەیەك بوو لە تیرۆرکردن، هەروەها دیتێل نموونەیەکی دیکەمان لە تیرۆری تورکیا دژی کورد بۆ باسدەکات کە بە ناوی یاساوە ئەنجامدراوە، دەڵێت: کوردێکی لەوانە بینیوە کە بەشداری راپەرینی نیشتمانیان کردووە بە جۆرێکی سەرسووڕهێنەر کوژراوە، چونکە بەزیندوویی خراوەتە نێو قازانێکی گەورەی ئاوی کوڵاوەوەو گیانی لە دەست داوە (١٩).

دەتوانین لە میانەی نمایش کردنەکەی خالفینەوە دەربارەی راستی باری رامیاری بە تایبەت بارودۆخی جەنگی نێوان رووسیا و تورکیا باری نائارامی کوردستان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا پێشبینی بکەین.

شایانی باسیشە رووسیا لە سەرەتادا وەك تورکیا و ئێران نەبوو، بایەخی بە کورد نەدەدا، بەڵام شاکانی ئێران و سوڵتانەکانی تورکیا — وەك خالفین — دەڵێت: بەردەوام بەو چاوە دەڕواننە کوردەکان کە کەرەستەی جەنگ  و سووتەمەنی تۆپن !!(٤١).

لە باسەکەی خالفینیشەوە ئەوە هەڵئەهێنجین کە ئەو شار سوڵتانانە بەداخەوە لە میانەی دیاری قورسەوە کە سەرۆك هۆز و دەرەبەگەکان پێشکەشیان کردوون فشاریان خستۆتە سەر



کوردەکان و بۆ بەرژەوەندی کەسیی خۆیان سوودیان لی بینیون(٤٤-٥). بەڵام وا دیارە پێوەندی نێوان رووس و کورد لە میانەی پێوەندیکردنی چەند کەسایەتییەکی دەسترۆی کوردەوە لەگەڵ سەرکردە سەربازییەکاندا دروست بووە، باسکردنیشی لێرەدا دەبێتە هۆی دوورخستنەوەمان لە سنووری بابەتی ئەم کتێبە، بەڵام دەتوانین بە وردبوونەوەیەکی سەرپێی بگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەڵوێستی کورد لە ئەنجامدا هەڵوێستێکی لەق و ناڕێك بووە لەگەڵ رووسەکاندا، چونکە سەرۆکانی کورد بەوەرگرتنی دیاری و بەخششی رووس شاد دەبوون و بە پەیمانە بریقەدارەکانیشی دەستێك باڵایان دەکرد، بەڵام زۆری پێنەئەچوو روویان وەردەگێڕا و لە شەڕدا دەچوونە پاڵ تورکیا. وا دیارە کێشەی نێوان دەستکەوتی کەرەستەیی و رامیاری لە لایەك و لە لایەکی دیکەشەوە هەستی ئایینی هۆکار بوونە بۆ ئەوەی هەڵوێستی کورد بگۆڕڕێت.

خالفین باسی میرنشینی بەدرخان دەکات کەوا ساڵی ١٨٤٣ دامەزراوە، میر بەدرخانیش بە کەسێتییەکی لێهاتوو دەداتە قەڵەم کە سەربە خێزانێکی دەربەگ و مێژوویەکی دێرینی هەیە. ئەمەش لە سەرکردەکانی پێشووی کوردی جیا دەکاتەوە. تەنانەت نەیاری ئەوان و دژی شەڕو کێشەی ناوخۆشبوو، هەمیشە خەمی کوردی دەخوارد، دەیویست لە خەباتدا بن، یەکگرتنی کوردی مەبەست بوو، بە پێویستی دەزانی هۆزە جیا جیاکان دژی دوژمنی بناغەیی و هاوبەش یەك هەڵوێستیان هەبی (٥٩). لەو بوارەشدا زنجیرەیەك وتارمان لە رۆژنامەی " التـأخی " دا ساڵی ١٩٧٢ بڵاوکردەوە و بە لاپەڕەیەکی شەرەفمەندی مێژووی رامیاریمان دایە قەڵەم.

خالفین جارێکی دی دەگەڕێتەوە سەر دیدوبۆچوونەکانی دەربارەی ئەم سەرکردە کوردە و بە سیاسەتمەدار و دبلۆماسکارێکی هەڵکەوتوو باسی دەکات کە توانیوویەتی پشتگیری نورەئەڵلا بەگی پێشەوای کوردی هەکاری و خان مەحموودی سەرۆکی کوردانی مەکس وەدەس بێنی.

بەدرخان لە هەل و مەرجی بێزاربوونی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیا بە هۆی سەپاندنی باجی قورس و ناچارکردنی لاوان بۆ چوونە ریزی سەربازییەوە و هەروەها بە هۆی دوورە پەرێزکردنی پێشەوایانی کورد و دامەزراندنی کارمەندی تورك لە جیاتیان سوودی بینی. بەدرخان پاشا سوپایەکی کوردی دامەزراند کە گشت سەربازە هەڵاتووەکانی سوپای نیزامی تورکی لەخۆ گرت و سەرۆکی ئەو هۆزانەش کە هەستی نەتەوایەتیان هەبوو یارمەتییاندا، ئیدی بەدرخان بوو بە سەرکردەی راستەقینەی کورد لە ناوچەکەدا و سەرجەم کوردەکان پشتگیریان لێکرد، هەروەها ئەرمەن و کلدان و ئاسووریش. خالفین لە زانیارییەکانی ئەم دوایەیدا متمانەی کردۆتەسەر ئەوەی سافرستیان لە یادداشتنامەکانیدا نووسیوویەتی (٥٩).

دیتێل لە میانەی دیدو بۆچوونەکانیدا ئاستی ئاسایش و بەرقەراری ئەو ئیمارەتەی کوردستان بەرز هەڵدەسەنگێنی، تەنانەت لەو سەردەمەدا وەك دیتێل دەڵێت : ئەوەبوو (لە نیشتمانی بەدرخاندا منداڵ دەیتوانی بەدەستی پڕ زێڕەوە بگەڕێ).

هەروەها دیتێل دەڵێت : کوردەکان ئەوەیان بە باش دەزانی بەرەو ئەو ئیمارەتە ڕەوبکەن و لەسایەیدا ژیان بەسەر بەرن چونکە ئاسایش و دڵنیایی و دادگەری تیا بەرپابوو، میر بەدرخانیش یاساو مەرجی پێڕەو دەکرد و هاونیشتمانی کورد بە پێی ئەو سیستمە گشت مافێکی خۆی دەست گیر دەبوو، مەرجی هاونیشتمانی بوونی کوردیش ئەوە بوو هەر پیاوێکی کورد دەبوو ئەسپێکی باش و تفەنگ و دەمانجە و شمشێرێکی هەبێ (٦٠).

لەمەشەوە ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە سەرەڕای ئەوەی بەدرخان توانیبووی ئاسایش و بەرقەراری میرنشینەکەی بپارێزی، بەڵام لە هەمان کاتدا بیری دووری دەکردەوە و وریا بوو، دەیویست پاشەڕۆژی ئیمارەت و گەلەکەی پارێزراو بێت. دیارە ئەمەشی لە خوێندنەوەی مێژووی گەلی کوردەوە هەڵهێنجابوو، چونکە بەردەوام بیانییانی دەوروبەری کوردستان نەیانویستووە هیچ خونچەیەکی دەوڵەتی کوردی دەم بکاتەوە و لاپەڕەیەکی پرشنگدار بخاتە سەر مێژووی نەتەوەی کورد. بەم شێوەیە دەتوانیین بڵێین هاونیشتمانی کورد تەنانەت لە ژیانی سوەیلیشدا سەرباز و پرۆژەی جەنگ و ئامادەی بەرگریکردن بووە لە دەسەڵاتی کوردی و لە فەلسەفەی میر بەدرخان.

میر هەرگیز کینە و بوغزی بەرانبەر کەمینە ئایینییەکانی ناوچەکە هەڵنەگرتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی پلان و نەخشە و داوی زۆر دژی ئەم تاقیکردنەوە نەتەوایەتییە ڕێکخرا ئەوە بووە هۆی دووبەرەکی دروست کردن لە نێو ئیمارەتەکەدا، دەوڵەتی عوسمانی هەوڵ و تەقەلالایەکی زۆری دا بۆ ئەوەی ئەم ئیمارەتە پەرەنەسێنی و دەوڵەتێکی کوردی دانەمەزری، لە ڕاستیشدا پلانەکە دەستی ئەوروپایشی تیابوو بە بیانووی ڕزگارکردنی کەمینەی مەسیحی لە ژێر دەستی بەدرخانی ئیسلام پەرست، کە لە ڕاستیشدا درۆیەکی گەورەبوو دوژمنانی کورد ڕێکیان خستبوو ئەگینا مەسەلەی سۆز نەبووە بۆ کەمینەکان، بەڵکو ویستوویانە گرفت بۆ میر بەدرخان دروست بکەن هەر بۆیەش دوو کێشەیان بۆ ڕێکخست یەکەمیان لەسەر ئاستی ئایین و لە میانەی دەستە موژدەبەرەکانەوە و دووەمیشیان لەسەر ئاستی خێزان و پێشبڕکێی سەر دەسەڵات.



لە ڕاستیشدا شۆڕشی بەدرخان و دامەزراندنی ئیمارەتی کوردی دوورە پەرێز نەبوو لەوەی لە دەوروبەری ڕووی دەدا، ئەوە بوو کێشەی نێوان تورکیا و ئێران لە ئارادا بوو، هەر یەکەش لە بەریتانیا و ڕووسیا خۆیان تێکەیاند بوو بۆ چارەسەرکردنی. هۆی ئەو بایەخدان و خۆتێگەیاندنەی بەریتانیاش ئەوە بوو بەرژەوەندی بازرگانی بەریتانیا بە هۆی ئەو کێشەیەوە کەوتبووە بەر هەڕەشە و مەترسییەوە.

تورکیا ساڵی ١٨٤٤ بڕیاری نەهێشتنی دەوڵەتی بەدرخانی داو گشت کەرەستە و پێداویستییەکانی ئەم هەنگاوەی ئامادەکرد، ئەوە بوو بە وروژاندنی ناکۆکی ئایینی لە کوردستاندا دەستیپێکرد و چالاکی موژدەبەران بەرە بەرە زیادی کرد و ئیدی ڕۆڵەی یەك ناوچە هەڵوێستی نەیاری یەکتریان وەرگرت هەتا تورکیا پشتگیری و لایەنگرتنی دەوڵەتە گەورەکان (مەسیحییەکان) دابین بکات. مەسیحییەکانیشی هاندا بۆ ئەوەی سکالایەك دژی کوردەکان پێشکەش بە قونسولی ئینگلیز لە موسل بکەن (٦٢). واتە تورکیا هاونیشتمانییە مەسیحییەکانی خۆی هاندا سکالایەك دژی بەدرخان بۆ دەوڵەتێکی دی بەرزبکەنەوە چونکە خۆی بێدەنگ کرد بوو دەربارەی سکالای هاونیشتمانییە مەسیحییەکانی دژی موسڵمانەکان لە سنووری دەوڵەتی عوسمانیدا، دەبێ بەریتانیا کاری بەو مەسەلەیەوە چیبێ ؟ ئایا دەشێ هاونیشتمانیانی دەوڵەتێك سکالا دژی هاونیشتمانیانی هەمان دەوڵەت لای دەوڵەتێکی دی پێشکەش بکەن ؟

خالفین باسی ئەوەی کردووە کە بەریتانیا خۆی پێشنیازێکی پێشکەش بە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی کردبوو بۆ ئەوەی دەست بخاتە نێو کاروباری کوردستانەوە، کاتێکش ئەو سکالانامەیەی مەسیحییەکان گەیشتە قونسولی بەریتانیا ئیدی بەریتانیا داوای لە سوڵتان کرد هەڵوێستی توند دژی بەدرخان وەربگری، تورکیاش ئەوەی جێبەجێکرد (٦٢).

ئێمە باوەڕی تەواومان هەیە کە خوێنەر باش لەو نەخشە و پلانانە دەگات، ئەوەبوو تورکیا کورد و مەسیحییەکانی بەگژیەکەوە دەنا، کوردەکانی بە ناوی ئایینەوە دژی ئەوان هان دەدا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مەسیحییەکانی هان دەدا سکالانامەیەك دژی کوردەکان پێشکەش بە بەریتانیا بکەن، هەروەها بۆ ڕووسیای قەیسەریش، دواییش بەریتانیا داوای لە تورکیا کردووە کۆتایی بە ئیمارەتی بەدرخان بێنی، تورکیای موسوڵمانیش داخوازییەکەی بەریتانیای بە جێ هێناوە و تۆپ و شمشێری تورکی بە بێ بەزەیی ئاراستەی کوردەکان کردووە تەنانەت

هاونیشتمانییە بی چەکەکانیش ئەمە ویڕای ئەوەی ناکۆکی خستبووە نێو خێزانی بەدرخانییەکان خۆییانەوە.

خالفین ئەوەشی لە یادنەکردووە باسی ئەو دیدوبۆچوونانە بکات کە هاوکاتبوونە لەگەڵ ڕێکخستنی ئەو پلانە گەورەیە دژی دەسەڵاتی کوردی چونکە دەڵێت : ویڕای بەرگریکردنی پاڵەوانانەی شۆڕشگێڕانی کورد ئەنجامی کێشەکە بە بەرژەوەندی دەوڵەتی عوسمانی تەواو بوو، ئەویش بە هۆی ناهاوسەنگی هێزەکانەوە بوو، چونکە لەو کاتەدا کەوا سەرکردەکانی کورد هەرچیان لە توانستدابوو بە کاریان دەهێنا دەوڵەتی عوسمانیش بە گشت جۆرێك و بەردەوام پشتگیری بۆ هێزەکانی تورکیا ڕەوانەدەکرد، بۆ بەخترەشیش لەو ماوەیەدا پەتای کۆلێرا بلاو بووەوە، سەرباری گشت ئەم ناهاوسەنگییەش گریمانەی ئەوە هەبوو هێزەکانی تورکیا نەتوانن سەرکەوتن وەدەس بێنن و پاشەکشی بکەن ئەگەر دەوڵەتی عوسمانی دووبەرەکی نەختستبایە نێو سەرکردەکانیانەوە و ویژدانی هەندێکیانی نەکڕیبا و سوودی لە ناکۆکییەکانی نێوان ئەندامانی ئەو خێزانە وەرنەگرتبا، تەنانەت دەوڵەتی عوسمانی لەو کاتەدا توانی لایەنگرتنی (یەزدان) بکڕی کە دەستی ڕاستی بەدرخان بوو (٦٢). هەر ئەوەش بەدرخانی ناچارکرد بیر لە خۆبەدەستەوەدان بکاتەوە.

دەستە موژدەبەرەکان لە ناوچەکەدا ڕۆڵێکی ڕامیاری گەورەیان لە ژێر چەتری بلاوکردنەوەی ئایینی مەسیحیدا گێڕا. خالفین دەربارەی یادداشتنامەکانی لینجی گەشتیاری ئینگلیز لە ناوچەکەدا دەڵێت : ئامانجی موژدەبەرەکان ئەوە نەبوو باوەڕی خەڵك بگۆڕن و بیانکەن بە مەسیحی، ئەمە هەرگیز ئامانجی تایبەت یان ڕامیارییان نەبووە بەڵکو ئەرکی سەرەکییان ئەوەبوو ڕێگا ئاسان بکەن بۆ دزەکردنی سەرمایەداری و سوودبینین لە سامانی هاونیشتمانیان.

ئەمە بە ناوی بلاوکردنەوەی فێرکردنەوە ئەنجام دەدرا. پاشانیش موژدەبەرەکان دەستیان کرد بە ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی زانستی لە کوردستاندا و بایەخیان دا بە زمان و داب و نەریت، دواییش کەرەستەکانی پڕوپاگاندەی ئەمەریکی بە شێوەیەکی فراوان لە کوردستاندا بلاو بووەوە.

بەرانبەر ئەو چالاکییانەش ڕووسیای قەیسەری کەوتەخۆ، چونکە دزەکردنی مەڵبەندی موژدەبەرەکانی ئەمەریکا، ڕووسیای بە جاری هەراسانکرد، ئەوە بوو چالاکی ڕووسیاش لە کوردستاندا گەشەی سەندو بایەخێکی زۆریان بە بواری کوردۆلۆژی دا. جیرکۆف و یارمەتی دەرەکەی ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕا لە پەرەپێدانی وەك ئەو لێکۆڵینەوانە لەو سەردەمەدا.



مەسەلەکەش کێشە و خۆ ئامادەکردنی دوو هێزی گەورەبوو کە چاویان بڕیبووە بارەکانی ئیمپراتۆرییەتە نەخۆشەکەی تورکیا.

کوردەکان لە میانەی بە زۆر بەشدارپێکردنیان لەو جەنگانەدا کە هیچ خێرو بێرێکیانی تیانەبوو دووچاری سەر ئێشەیەکی زۆر بوون، مەسەلەکەش بەو جۆرە نەبوو کە هەندێك بۆی چووبوون گوایە کورد کەرەستەو ئامێری ئامادەکراوی جەنگن بە دەست عوسمانییەکانەوە.

ڕووی دووەمی دراوییش بە دەگمەن باسدەکرێت، دووریش نییە لە هەندی کاری وەرگێڕاندا سڕابێتەوە کە لە سەر ئاستی سەرچاوەکانی تایبەت بە کوردەوە مەسەلەیەکی نامۆ نییە، چونکە زۆر جار چارەنووسی هەڵوێستێك ویژدان و ئارەزووی وەرگێڕو شێوەی بیرکردنەوەی سەبارەت بە کورد حوکمی پێدەکات. ئەم مەسەلەیەش بەدەرە لە چوارچێوەی ئەم کتێبەدا، بەلام لێرەدا بۆیە ئاماژەمان پێدا چونکە پێوەندی بە یاخی بوونی کوردەوە هەیە، بۆ بەشداری نەکردنیان لە سوپای عوسمانیدا. بۆ وێنە : خالفین سەبارەت بە هەڵوێستی کورد لە جەنگی ڕووس و تورکدا ١٨٧٧-١٨٧٨ دەڵێت : کوردەکان ویڕای ئەوەی لە ریزی سوپای عوسمانیدان، بەلام هیچ ئارەزوویەکیان نییە بۆ بەرژەوەندی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی شەڕ بکەن، چونکە بە نزیکی خۆیانی نازانن، تەنانەت بەشێکی زۆریشیان ڕیزی سوپایان بە جی هێشت و بەزەخیرەو چەکەکانیانەوە کە لە جۆری مارتینی ئینگلیزی بوو هەلاتن (١٠٦).

خالفین لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەیدا ئەوە دووپات دەکاتەوە کە جەنگاوەرانی کورد ئەوانەی لە ڕیزی سوپادا مابوونەوە وەك نەریتیك کە لە نێوانیاندا باو بووە ئامادە نەبوونە لە هێرش و پەلامارەکانی سوپای تورکدا بەشداری بکەن، لەمەشدا پشت بە نووسینەکانی نۆرمانی ڕائیدی ئینگلیزی دەبەستێت کەوا لەگەڵ هێزەکانی موختار پاشادا کاری دەکرد، یان وەك ئەو ئەفسەرانەی ئینگلیز کە بە شاراوەیی و لە ژێر ناوی قەڵبدا کاریان دەکرد کە هەندێکیان ڕۆژهەلاتی یان ئیسلامی بوون. بەهەر حاڵ نۆرمان کە لە ڕیزی هێزەکانی موختار پاشادا بوو دەڵێت : بەداخەوە کوردەکان ئارەزوویەکی زۆر کەمیان پیشاندا لە جەنگی ڕاستەقینەدا (١٠٤-٧).

ئەوەی بابەتەکانی خالفین بخوێنێتەوە و سەرنجی ناوەڕۆکی نێردراوە سەربازی و کارگێڕییەکانی نێوی بدات بە تەواوەتی هەست بە نائارامی دەکات سەبارەت بە بایەخپێدانی تورك و ئینگلیز بە مەسەلەی ئارەزوونەبوونی کوردەکان بۆ بەشداری نەکردن لەگەڵ هێزەکانی تورکیا لە جەنگدا دژی ڕووسیا لە ڕاستیشدا ئەم نائارامییە و زۆری نێردراوەکان لەم بارەیەوە

گوزارشت لەوە دەكات ئەوانە جەنگاوەری كوردیان بە دڵ بووە، درك پێكردنێكی تەواویـشە بـە بەهای بەشداربوونی كورد لە شەڕی توركدا دژی هەر لایەكی دی. لەم بارەیەشەوە نموونە گەلێك زۆرن. بۆ وێنە لە كتێبەكەی خالفیندا ئەوە هاتووە كە هێزەكانی فائق پاشـا كاتێـك گـەمارۆی شاری بایەزیدیان داوە كەوا رووسەكان تیایدا مانیان گرتبوو، ژمارەیان دەگەیشتە یازدە هـەزار سەرباز، حەوت هەزاریان چەكداری كوردی نانیزامی بوون (١٠٥). ئەوانیش باش دەزانن ئەگەر ئەو ژمارە زۆرەی موسوڵمانانی كورد نەبوونایە ئەوە ئـەو چـوار هـەزار سـەربازەی تـورك كـە هێزەكەی فائیق پاشایان پێك دەهێنـا لـە ئاسـتی پێویـستدا نەئـەبوون بـۆ بەرەوڕووبوونـەوەی هێزەكانی رووس كە ناچاركران پاشەكشێ بكەن و بایەزیدو قەلاَ بەردینەكەی لە دوای خۆیان بـە جێ بهێڵن.

لە راستیشدا چاوقایمی دەوڵەتی عوسمانی دەربارەی كورد گەیشتە ئاستێكی بەرز، ئێمە بـە ئاسانی دەتوانین لە نووسینەكانی خالفین و ئـەو سەرچـاوەو بەڵگەنامانـەی بـە كـاری هێنـاون بگەینە ئەنجامی ئەوەی كە دەوڵەتی عوسمـانی بـەو چـاوە تەماشـای كوردەكـانی كـردووە كـە پرۆژەیەكی هەمیشەی كوشتنن و بەكەمترین پارە دابین دەكرێن، راستە كورد دڵسۆزی سـەرۆك هۆزەكەیەتی كەمتەرخەمیش لەگەڵ سەرۆك هۆز و حكومەتدا رەنگدانەوەی لە نێـو هۆزەكـەی خۆیدا دەبێ، چونكە هۆز یان ئەندامانی هۆز سووتەمەنی راستەقینەن و لە جەنگدا بـەكاردێن. بەڵاَم كاتێك جەنگاوەری كورد باوەڕی بەو مەبەستە هەبێت كە لە پێناویدا سـەنگەری گرتـووە ئەو كاتە تەنها ئەوەی لا گرنگە سەركەوتن وەدەس بێنی و هیچی دی، هەر بۆیەش ئەگەر بزانی ئەو جەنگەی تیایدا بەشدارە لە پێناو دەوڵەت و هۆزەكەیدایە ئەوە ئەوەپەڕی پاڵـەوانێتی تیـا پیشان دەدا، جێی سەرسووڕمانیش نییە جەنگاوەری كورد لە قسەی سەرۆكی خـۆی دەرچـێت، یان یاخی بێت و ئامادە نەبێت فەرمانی ئەفسەری تورك راپەڕێنێت

كۆلباكین لە كتێبەكەی خالفیندا باسی جەنگاوەرانی كوردی ساڵی **١٨٧٧** دەكات و دەڵێـت : سوارەی كورد كەم ملكەچی فـەرمانی سـەرۆكەكانیان بـوون و هـەرگیز فرمـانی ئەفـسەرانی توركیان بەجێ نەدەهێنا، هۆی ئەمەش ئەوە بوو سەركردایەتی تورك زەخیرەو خۆراكیان بۆ دابین نەدەكردن، بۆیە متمانەی تەواویان لەسەر خۆیان بوو واتا ئەو هەڵوێـستەیان كاردانـەوەی ئـەوە بوو (٧٥٦).

لە راستیدا كوردەكان خەریك بوو باش لە گەمەكـە بگـەن، دەیـانزانی بەرژەوەنـدییان لـەو جەنگانەدا نییە، چونكە كاتێك سوڵتان، جەنگی دژی رووسیا رادەگەیاند بە نـاوی ئیـسلامەوە



داوای جیهادی دەكرد و دەیویـست هەسـتی ئـاینی كوردەكـان بـووروژێنی تـا لـەو جەنگـەدا بەشداربن. كوردەكان بەرە بەرە ئەوەیان بۆ ئاشكرا بوو كـە ئەفـسەری ئینگلیـز لـە ریزەكـانی سوپای توركیادان و ئیمپراتۆرییەتی توركی عوسمانی (زۆر موسـوڵمان) كـەوا جـەنگی كـافران دەكات واتە دەوڵەتی قەیسەر كەمتەرخەمی لەوەنەكردووە بكۆشێ بۆ وەرگـرتنی یارمـەتی لـە دەوڵەتی بەریتانیا !

ئەگەر بڕوانینە رەنگدانەوەكانی رامیاری كورد لەو سەردەمەدا دەبیـنین شـێخ عوبەیـدوڵلای شەمزینی خەریك بوو خۆی لەو گەمەیە رزگار بكات چـونكە مەسـەلەكە ئـاین نـەبوو، شـێخ عوبەیـدوڵڵاش كەسـێتییەكی ئـایینی ناسـراو بـوو. بـەڵكو مەسـەلەكە كێـشە بـوو لەسـەر بەرژەوەندییەكانی ناوچەكە، كوردەكانیش تەنها بۆ سـووتەمەنی ئـەو جەنگـە گەورەیـە بـەكار دەهێنران، ئەگەریش خەلیفەی یەزدان و سێبەری لەسەر زەوی سوڵتانی ئیمپراتۆرییەت پابەندی دەستووری ئیسلام نەبێ ئیدی بۆچی كورد ببن بە سووتەمەنی و قوربانی ئەو جیهادە. لەم كەش و هەوایەشدا شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی هیچ بەربەستێكی لە بەردەم خۆیـدا نـەبینی وتوویـژ لەگەڵ رووسەكاندا بكات وەك تەقەللایەك بۆ دابینكردنی مافەكانی گەلی كورد.

وەك بەڵگەش بۆ دووپات كردنەوەی ئەوەی باسمانكرد نامەكەی كرییبلە لە ئەیلوولی **١٩٧٩** كە یەكێكە لە بابەتـەكانی ئەرشـیفی رامیـاری دەرەوەی رووسـیا و لـە كتێبەكـەی خالفینـدا باسكراوە، تیایدا ئاماژە بەوە دراوە نوێنەری شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی شێخ محەمەد سەعید چاوی كەوتووە بە (كامساراكان)ی قونـسولی رووسـیا كـە پێـی وتـووە دەسـەلاَتدارێتی تـورك ناتوانی ئاسایش بپارێزی (١١٩-١٢٠).

خالفین متمانەی بە هەمان سەرچاوەكردووە و دەڵێت : كامسارا بە پێـی ئـەو زانیارییانـەی نوێنەری شێخ عوبەیدوڵڵا پێشكەشی كردووە بەرگریكردنی لە گەلی كورد بـە ئـەركێكی خـۆی زانیوە، چونكە كوردان بەچاوی رابەرو پارێزەریانە دەڕواننە شـێخ عوبەیـدوڵڵا، لەبـەر تیـشكی ئەوەشدا شێخ نوێنەری خۆی راسپاردووە وتوویژ لەگەڵ قونسوڵدا بكات بەوەی كە ئارەزوومەندە پشتگیری رووسـیا وەدەس بـێنی، ئـەو دەوڵەتـەی دەسـەلاَتی فراوانـی لـە ناوچـەكەدا هەیـە، ئەگەریش رووسیا ئامادە نەبێ یارمەتی پێشكەش بە كـورد بكـات ئـەوە شـێخ ناچـار دەبـێ پاراستنی ئیمپراتۆرییەتی بەریتانیا قبووڵ بكات.

ئەوە بوو نوێنەری شێخ پەیامە سەرزارەكییەكەی بەوتەیەكی پڕ واتا كۆتایی پێهێناو وتـی : ئەگەر جەنگ لە نێـوان رووسـیا و بـەریتانیا لـە ناوچـەی ئاسـیای بـچووكدا روودات ئـەوە

کوردەکان دەتوانن رۆڵێکی گرنگ  بگێڕن، چونکە توانای ئەوەیان هەیە دەست بگرنەبە سەر گشت تووڵەڕێ شاخاویەکانی ئەم هەرێمەدا.

بەلاَم بەداخەوە قونسولی رووسیا لەو پەیامەیدا لەم بارەیەوە بۆ باڵوێزی وڵاتەکەی لە ئەستەمبووڵ بەرزی کردەوە ئامۆژگاری ئەوەی کرد ئەو داواکارییە قبووڵ نەکرێت و لە جیاتی کورد یارمەتی مەسیحییەکانی رۆژهەلاَتی تورکیا بدرێت کە بە پێی بۆچوونی قونسولی ناوبراو گوایە وەفادارو مەیلەو یاسان (١٢٠-١٢١). ئەمە و لە راستیشدا بەرانبەر بەم دوژمنکارییەی رووسیا و بەریتانیا بۆ کورد لە سەدەی نۆزدەیەمداو دووبارە بوونەوەشی لە سەدەی بیستەمدا مرۆڤ دووچاری سەرسووڕمان دەکات.

کوردەکان بەرژەوەندییان لەگەڵ رووس یان بەریتانیا نەبوو، بەلاَم ئەوپەڕی ئامادەبوونیان پیشاندا بۆ ئەوەی دەست بخەنە نێو دەستی هەر کەسێکەوە پشتگیری لە مەسەلەکەیان بکات. بەریتانیا ئەو کاتە واتە لە سەدەی نۆزدەیەمدا نەیتوانی لە مەسەلەی کورد بگات یان خۆی لی کەڕکرد، بەلاَم لە سەدەی بیستەمیشدا هەڵوێستی گۆڕاوی بەرانبەر هەبوو.

ئەگەریش بەریتانیا لە ژێر پەردەی بەرگریکردن لە مەسیحییەکان گوایە بەدرخان چەوساندووینییەوە — ئەوەش زێدەڕۆییە- دژی بەدرخان پاشا هەڵوێستی وەرگرت دەبینین لە راپەرینی یەزدان شێردا کە ئاسووری و ئەرمەن و هی دییان لە رۆژهەلاَتی تورکیا لەگەڵ بوو پێکەوە خەباتی هاوبەشیان دژی تورکیا بەرپا کرد، وەك خالفین دەڵێت : بەریتانیا هاوکارییەکی تەواوی سوپای تورکیای کرد بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەوڕاپەڕینەی کورددا (٧٩).

خالفین باسی ئەوەشی کردووە کە ئینگلیزەکان لە ناوچەی رووداوەکانەوە نزیك بوونە و یارمەتی راستەوخۆیان پێشکەش بە هێزەکانی میری دژی کوردەکان کردووە، بۆ وێنە ماکۆنی بریتانی کە لەوی ئامادەبووەو سەرکردایەتی هێزی گوللە تۆپ هاوێژی تورکیای کردووە بۆ وێرانکردنی سەنگەرە سەختەکانی کوردەکان هاوکاتیش هێزێکی تورکیا کە لە کوردستان مۆڵگای بەستبوو بە باشترین جۆری چەکی بەریتانیاش پرچەك کرابوو شارەگەورەکانیان داگیرکردو پەلاماری دوورێیانەکانیان داو کەوتنە راونانی شۆڕشگێران بەرەو چیا (٨١).

وا دیار بوو بەدوا کەوتنی بەرژەوەندیی بەریتانیای کوێرکردبوو بۆیە دەستی دەخستە نێو دەست هەر کەسێکەوە گەلی کوردی بچەوساندبایەتەوە، بۆیە کار گەیشتە ئەوەی تورکیا هێرشی بەرێتەسەر و بەریتانیاش بە چەکی نوی و شارەزایی تەکنیکی و ئەفسەری لێهاتوو پشتگیری بکات، کوردیش بێجگە لە یەزدان کەسی نەبوو پەنای بۆ بەرێت.



گومانیش لەوەدا نەبوو کورد بوو بوون بە قوربانی بەرژەوەندی ئابووری و ئەو نەخشە ستراتیجییانەی بەریتانیا دایناوبوون چ لەسەر ئاستی بەرین کردنەوەی شوێنی بەرژەوەندی ئابووری و بەرپاکردنی بازاری نوی بۆیان لە رۆژهەلاَتدا یان بۆ کورتکردنەوەی رێگای هیندستان لەو بارەیەشەوە کوردستان بەگرنگترین ئەو شوێنانە دادەنران کە پێشنیاز کرابوون بۆ ئەوەی رێگای ئاسنینیان بەسەردا تێپەڕی.

ئەوەش ئەم راستییانەی سەرەوە دووپات دەکاتەوە ئەوەیە کە ڤارلی لەسەر تورکیای شارستانێتی نووسیوویە و خالفین لەوی وەرگرتووە کە بۆ روونکردنەوەی هەڵوێستی بەریتانیا لە سالاَنی شەست و حەفتای سەدەی نۆزدەیەمدا بەرانبەر تورکیا وتوویەتی : بەریتانیا توانیوویەتی پەیماننامەیەکی بازرگانی بەسەر تورکیادا بسەپێنی ئەوەش سوودی زۆری لێکەوتەوە ئەوەبوو لە ساڵی ١٨٢٧ دا هاوردەی تورکیا لە بەریتانیا گەیشتە پتر لە ٥٣٢ هەزارجونەیهی ئیستەرلینی کەچی لە ساڵی ١٨٥٣ گەیشتە (٥,٢) ملیۆن ئیدی بەردەوام بە شێوەیەکی نارێك روو لە بەرزی بوو، ساڵی ١٨٦٠ گەیشتە (٢,٥) ملیۆن و ساڵی ١٨٦٢ گەیشتە (٥,٧) ملیۆن و ساڵی ١٨٦٩ گەیشتە ٨ ملیۆن.

وا بزانم ئەمەش بەسە بۆ ئەوەی بەریتانیا پشتگیری تورکیا بکات بۆ کپ کردنەوەی شۆڕشی کوردەکان کە هەمیشە مایەی نائارامی و ئاژاوە بوون بۆ ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، بەلاَم ئەو گلەییە دەکەوێتە سەر رووسیا کە لە میانەی سەدەی نۆزدەیەمدا نەیتوانی سوود لە کورد ببینی لە دوژمنکاری کردنی تورکیادا وێڕای ئەوەی چەندین جار سەرکردەکانی کورد ئەوەیان چپاندە بەر گوێی رووسیا کە ئامادەن هاوکارییان بکەن، بەلاَم وا دیارە دەزگا ئایینییە مەسیحییەکانی کوردستان ناوبانگی راستەقینەی کوردیان لای رووس شێواندبوو هەروەك چۆن لای بەریتانیاش ئەوەیان کردبوو.

دیدوبۆچوونی کارگێڕییە دبلۆماسییەکان و ئەو رەوەندانەی لە ماوەی جیاجیادا لە سەدەی نۆزدەیەمدا سەردانی کوردستانیان کردووە ئەوە دووپات دەکەنەوە کە نەتەوەی کورد چ لە تورکیاو چ لە ئێران لە بارێکی ناخۆشدا ژیاون. ئەوەبوو کۆمەڵگای کوردەواری بووبوو بە قوربانی کێشەی نێوان ئەو هێزانە، هەر هێزێکیشیان بەجیا خێروبێر و توانستی کەرەستەیی و مرۆییان بە تالاَن دەبرد. بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە ئەگەر لە کتێبەکەی خالفیندا ئەوە بخوێنینەوە هێزی سەربازی ئێران بە چەکی تۆپەوە لە گوندەکانی کوردستاندا گەڕاون بۆ رفاندنی مەڕو ماڵاَتی خەڵك و دواییش سووتاندنی ماڵی خاوەنەکانیان. هەر ئەمەش وای لە شێخ

عوبەیدوڵڵای شەمزینی کردووە لە ناخەوە بکوڵێ و بێتە جۆش و داوای یارمەتی لە تورکیا بکات بۆ ناچارکردنی ئێران بۆ قەرەبوو دانەوەی زیانەکانی خەڵکی بی تاوانی کوردستان (٨٨).

وێڕای ئەوەش گوایە تورکیا هاوسۆزی پیشاندابوو، بەلاّم لە راستیدا ئەوەش لە قسەی رووت زیاتر نەبووە، ئێران قەرەبووی کەسی نەدایەوەو بە پێچەوانەشەوە بەردەوام بوو لە تالاّنکردنی دانیشتووانی کورددا (٨٩).

باری تورکیاش لەو سەردەمەدا پڕ کوێرەوەری بوو، ئەوەبوو جەماوەری کوردی تورکیا بە دەستی نەبوونی و هەژارییەوە دەیاننالاّند، سی هێزیش دەیچەوساندەوە دەرەبەگی کورد، دەرەبەگی تورك، ئیمپریالیزمی بیانی کەوا تەمێکردنی کوردی لا گرنگ بوو.

گەلی کورد بە هۆی سەپاندنی باج و سەرانەو... هتد زۆری کێشا، هەروەها بەردەوامیش لە باری نائارامدا دەژیا چونکە مەڕومالاّتی هەڕەشەی تالاّنی لێدەکراو بە پێی رامیاری بەگلەرەکانی ناوچەکەش دەبوو ماڵەکانیشیان بەسەردا بڕۆخێنرێت.

پەیامەکەی قونسولی رووس لە ساڵی ١٨٧٣ دا ئاماژەی بەوەدا کاروکردەوەی کارگێری سوڵتان کوردی ناچارکردووە بەرەو دۆڵی وان رەوبکەن. بۆ وێنە ئەگەر سووکەکاریی رێگری یان دزی لە ناوچەکەیان روویبدایە دەوڵەت بە کاش داوای باجی لە کوردەکان دەکرد، هەر لەبەر ئەمەش ئەو خەڵکە ناچار دەبوون لە رێگای جەردەیی و تالاّنەوە دەوڵەت رازی بکەن (٨٩).

بەلاّم ئۆبەرمیلەری قونسولی گشتی رووسیا لە ئەرزڕووم لە شوباتی ١٨٧٦ دا یادداشتێکی ناردووە بۆ بوترس بۆرك تیایا جۆری ئەو باج و سەرانەیەی ئاشکراکردووە کەوا دەسەلاّتدارێتی تورك سەپاندوویەتییە سەر کوردو نەتەوەکانی دیکەی رۆژهەلاّتی تورکیا ئەوەش وەك ئەو قونسوڵە باسیکردووە — بە بۆنەی جەنگی بەلقانەوە بووە — تەنانەت حکوومەت رۆژانە بروسکە لە دوای بروسکەی ناردووە بۆ کۆکردنەوەی پارەو ماڵ، ئەنجا قونسوڵی ناوبراو لە یادداشتەکەیدا ئاماژەی بەوەداوە کە خەڵکی کوردستان بە هۆی سەپاندنی یاسای سەربازی تەوزیمییەوە لە نارەزایی گشتیدا دەژین.

کوردەکان وەك چۆن یاسای بەسەربازکردنی تەوزیمییان رەتکردەوە، بە هەمان شێوەش ئامادە نەبوون لە جیاتی ئەوە باجی زیادە بە دەوڵەت بدەن، تەنانەت لە هەندی ناوچەدا کوردەکان دژی ئەو سەرۆکانە هەڵوێستیان وەرگرت کە رۆڵی نۆکەرییان بۆ ئەستەمبوول دەگێڕا.



کوردەکان هێرشیان بردە سەر دەرەبەگە نۆکەرەکان و قایمقامە ناوخۆییەکانی وەك جەلابی بەگ کە لە خۆیان و کەس و کاریان رزگاریان بوو. ئەمەش بەراستی لە ناوچەی دەرسیم و موتکین و خوم روویاندا (٩٠).

کوردەکان تووشی گەلێك ناخۆشی بوون بە هۆی کێشەی دیاریکردنی سنووری نێوان ئێران و تورکیاوە، چونکە هەریەکەیان دەیانویست بەرین ترین پانتایی داگیربکەن.

لە راستیشدا ئەوەی ئەوان لە سەری شەڕیان دەکرد خاکی کوردستان بوو، بە ناوی دانیشتووانی ناوچەکەوە دەدوان بە بی ئەوەی لە خەڵکی ناوچەکە بپرسن چیتان ئەوێ. بەو شێوەیە و بە ئاشکرا مافی کورد پێشێل دەکرا.

خالفین بە رۆڵی خۆی ئاماژەی بۆ نامەکەی ئوبەرمیلەر کردووە کە سەبارەت بە رۆڵی ئینگلیز لەم مەسەلەیەدا دەڵێت : دەزگا حوکومڕانەکانی ئینگلیز ئەوپەڕی کۆششیان کرد بۆ سوود بینین لەو بارە ئالۆزە بۆ پتەوکردنی دەسەلاّتی ئینگلیز لە تورکیا.

ئوبەرمیلەری قونسولی رووس لە نامەکەیدا بۆ بالّوێزی ولاّتەکەی لە ئەستەمبوول ترسناکترین رۆڵی بەریتانیا لە مەسەلەی گەلی کورددا لە سەدەی نۆزدەیەمدا روون دەکاتەوە، رەنگە هەر ئەو رۆڵەش بووبی بە بناغەو رۆڵەکانی دوای ئەوی لەسەر بنیات نرابی کە کەوتنە سەدەی بیستەمەوە و هەتا ئێستا جێی پرسی خوێنەرانە، هەروەها مایەی سەرسووڕمانیشیانە لە سەر ئاستی هەڵوێستی ئینگلیز سەبارەت بە مەسەلەی کورد.

لە نامەکەی ئوبەرمیلەردا کەوا رۆژی ١٨٧٣/٢/٢٨ بۆ بالّوێزی ولاّتەکەی لە ئەستەمبوول ناردوویەتی ئەوە دووپات کراوەتەوە کە رۆڵی یەکەم لە مەسەلەی کورددا تورك نایگێڕی بەڵکو ئینگلیز دەیگێڕی، هەر لەو نامەیەدا ئاماژە بەوە دراوە قونسولی ناوخۆی ئینگلیز لە ناوچەکەدا زانیاری زۆر وردی هەیە بۆ کپ کردنەوەی هەتا هەتایی بەرگری کورد، بۆ ئەم مەبەستەش ئیلیۆتی بالّوێزی ئینگلیز لە پایتەختی تورکیا لیستێکی لایە ناوی ئەو کوردانەی تیایە کە خاوەنی چالاکین ئێستاش خەریکە رەزامەندی لایەنە بەرپرسەکان وەردەگری بۆ دوورخستنەوەیان لە کوردستان (٩٥).

ئەو بارودۆخەی لە سەدەی نۆزدەیەمدا کوردستان پێیدا تێپەڕی زۆر گران بوو، لە هەشتاکانی ئەو سەدەیەدا قات و قڕی و برسێتی لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا گەیشتبووە ئەوپەڕی، لە نامەکەی یاکیمانیسکی کە لە کتێبەکەی خالفیندا بلاّوبووەتەوە ئەوە هاتووە جووتیارانی کورد ناچار بوونە لەسەر دانەوێڵە و گەلاّی دار شەڕ بکەن، هەروەها هێرشیان

بردۆتە سەر عەمباری گەنم و جۆ بۆ وەدەسهێنانی خۆراك. ئاماژەشی بەوە داوە خەڵکی جزیرە و موسڵ نانیان دەست نەکەوتووە و برسێتی تەنگاوی کردوون گۆشتی گوێدرێژ بخۆن و منداڵەکانیان بەجی بهێڵن، هەروەها یاکامانیسکی پەنجەی بۆ ئەوەش راکێشاوە کوردەکان هەرەشەیان کردووە پەلاماری عەمباری دانەوێڵەی ئەو ماڵانە بدەن کە چاوەڕوانی ئەوەیان لێکردوون خۆراك و دانەوێڵەیان تیابی (١٩٣)

وێڕای گشت ئەم بارودۆخە سەختەش حکوومەتی سوڵتان بەردەوام بوو لە کۆکردنەوەی باج و جۆرە سەرانەیەکدا، لە جیاتی ئەوەی چارەسەرێك بۆ ئەو خەڵکە بدۆزێتەوە ئەو هێزانەی تورکیا کە نێردرابوون بۆ هەرێمی جزیری ماڵی جووتیارەکانیان بە تاڵان دەبرد.

جێگری قونسول لە  وان بیروڕای نووسراوی لە ئەرشیفی رامیاری دەرەوەی رووسیادا لەم بارەیەوە هەیە دەڵێت : هۆی بڵاوبوونەوەی برسێتی لە کوردستاندا پەیوەستە بە کەمتەرخەمی بەرپرسانی دەزگای باڵای ناوخۆوە واتە حکوومەت. لە شوێنێکی دیکەشدا دەتوانین لە هەڵوێستی کارمەندانی قەیسەری بگەین کە بە هیچ جۆرێك ئارەزوومەند نەبوونە یارمەتی گەداو هەژارانی کورد بدەن.

لەو دیدوبۆچوونە زەقانەش کە یاکیمانیسکی نووسیوونەتی کاتێك سەرنجەکانی لە ساڵی ١٨٨٠ لە دیاربەکر تۆمارکردووە دەڵێت : ئەو کوردەی ئەمڕۆ سەرما و برسێتی بیگوشی و هیچ یارمەتییەکی لە حکوومەتەوە پی نەگات بێئومێدی پاڵی پێوە دەنی خۆی فڕی داتە سەر ئەو لایەنەی لە ناخەوە ئەو هەستەی هەبی مرۆڤـــــ لە مەترسی برسێتی مردن رزگاربکات (١١٤)

لە ساڵی (١٨٨٠) ەوە رامیاری بەریتانیا سەبارەت بە کورد خەریك بوو گۆڕانی بەسەردا بێت، ئەوە بوو دەیویست پێوەندی توندوتۆڵ لەگەڵ کورددا دامەزرێنی ئەمەش لە میانەی سەردانی نوێنەرانی ئەوکاتەی رامیاری بەریتانیاوە بۆ ناوچەکە روون دەبێتەوە.

هیوای ئەوەش کەوتە دڵی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینییەوە هۆزەکانی کورد لە هەرێمێکی بەریندا لەسەر سنووری رووسیا ئێران تورکیا کۆبکاتەوە.

خالفین بەو جۆرە نزیك بوونەوەی ئەوکاتەی بەریتانیای لە کورد لێکدەداتەوە کە بۆ ئەوە بووە دەزگا حوکومڕانەکانی بەریتانیا هەوڵیان داوە کوردەکان بۆ ئاڵۆزکردنی بارەکانی هەردوو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمپەڕ بەکار بێنن تا دەسەڵاتیان فراوان بکەن.

کامساراکان وای بۆ چووە ئینگلیز بۆیە بڕیاری داوە متمانە بکاتە سەر ئەم رەگەزە لە نێو ئاسیای بچووکدا تا بتوانی بۆ مەبەستی جەنگ  سوودی لێببینی.



هەرچەندەش پێوەندی لە نێوان دەزگاکانی بەریتانیا و سەرۆکانی کورددا گەشەی سەند، بەڵام زۆری نەخایاند و بەردەوام نەبوو. بە باوەڕی ئێمەش هۆی بەردەوام نەبوونی پەیوەستە بە ناکۆکی ئامانجەکانەوە، چونکە کوردەکان ئامانجی نەتەوەییان هەیە و ئەیانەوی خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بن کەچی بەریتانیا ئامانجی ئەوەیە ناوچەکە کۆنترۆڵ بکات و بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی جێبەجێبکات (١٢٥).

## سۆن

ڕەنگە هەر لە سەرەتای گەشتەکەیدا لە کوردستان لە گرێی یەکەمی سەدەی بیستەم نیشانەی رامیاری لە هەڵس و کەوتی سۆندا بەدی بکەین. ئەمەش لای هەندی لە ئەندامانی هۆزی میللی لە کوردستانی تورکیا کە ماوەیەك لایان بووە روونە و سۆن وەك لە پێشا ئاماژەمان پێدا هەستی بەوەکردووە کە خێزانی کورد ئەگەر کەسێکی نەناسیان ببێتە میوان نا ئارامی پەیدا دەکەن. لەم بارەیەوە سۆن باسی سەردانەکەی خۆی دەکات و دەڵێت : کاتێك بە کوردی قسەم لەگەڵ کردن و وتم تورکی نازانم دڵنیایی و رەزام لە چاویان خوێندەوە، ئەوەبوو بە برایەکی کوردی خۆیان دایاننام.

بێگومان ئەو دڵنیا بوونە پاساوی رامیاری و نەتەوەیی خۆی هەیە، چونکە میوانی تورك کە زۆربەیان جەندرمە یان کارمەندی تورك یان تورکی لووت بەرز بوونە بوونەتە مایەی بارگرانییان، بە کورتیش ئەوەی  سۆن دەربارەی خێزانێکی هۆزی میللی کورد کە بووەتە میوانیان باسیدەکات وێنەی کەش و هەوای باری رامیاری ئەو کاتەمان بۆ دەکێشی.

ئەگەریش ئەو خێزانە باوەڕی بەوەکردبی سۆن کوردی هۆزێکی دی بووە، بەڵام سۆن لە ئەستەنبووڵ لای کوردێك راستی ئەوەی درکاندبوو کە ئەوروپاییە، بەڵام زمانی کوردی دەزانی، ئەو زمانی کوردی زانینەش گومانی لەسەر ناسنامە قەڵبەکەی نەهێشتووە. چونکە وەك سۆن خۆی دەڵێت ئەو کوردانە نەیان بینیوە یان نەیان بیستووە ئەوروپاییەك بە کوردی بئاخفی. دووریش نییە کوردەکان بەوە شاد بن ببینن کەسێکی ئەورووپی کوردی بزانی، چونکە ئەوەیان لا گرنگ بووە دەنگیان بگاتە ئەولای تورك و فارس کە هەر دوو لایان هەمیشە لە گرفت زیاتر خێریان بۆ کورد نەبووە، بۆیە رەنگە ئەگەر ئەوروپاییەکی کوردی زانیان ببینایە دوور نییە ئێش و ئازاری خۆیان بۆ باسبکردایە.

کوردەکان وێڕای ئەوەی دەوڵەت راستەوخۆ دەیچەوساندنەوە دووچاری گەلی تەنگەژەی دیکەش دەبوون مەبەستیش زیان گەیاندن بوو بە بوونی نەتەوایەتی کورد و پێوەندییان بە نەتەوەکانی دیبەوە هەبوو، بەردەوام هەوڵەکانیان بۆ ئەوە دەخستە گەڕ هەستی ئایینی بووروژێنن و ئاژاوەو فیتنەکەری لە نێوان کوردی موسوڵمان و کوردی مەسیحییدا بنێنەوە، ئەمە لە لایەك لە لایەکی دیکەشەوە هەوڵیان دەدا مێشکی کوردەکان بشۆنەوە و هەستی نەتەوایەتییان بسڕنەوە تا نەوە لە دوای نەوە وایان لێبێت ئەوە قبوول بکەن لای تورکەکان بگرن گوایە کوردەکان گێل و گەمژەن.

ئەوەی وامان لێدەکات بەم شێوەیە مەسەلەکە لێکبدەینەوە سەرنجەکەی سۆنە، کە لەوەش زیاتر رۆیشتووە و دەڵێت : کوردی ئەوتۆی بینیوە هەندی شێوەی وتەی سەرواداری لەبەر بووە کە لە نرخی زمانەکەی خۆی کەم کردۆتەوە، سۆن نموونەشی لەو دێڕە بە ناو شیعرانەی بۆ هێناوینەتەوە کە لە نێو نەتەوەکانی کوردستاندا تا رادەیەك باو بووە و کەوتوونەتە سەر زاری خەڵك وەك ئەوەی ئەمەیان وتووە :

عەرەبی بە ئاوازەو.. تورکی تەواوەو فارسی هۆش بەرە و کوردی ناخۆشە.....

ئێمە لەو باوەڕەداین وەك ئەو دێڕانە کە ئاگاداری ئەوەنین نەژادیان کورد بێت بەلاّم باوەڕمان بەوە هەیە سۆن راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە کوردی بیستبی بە پاژێکی پرۆسەی شوشتنی مێشکی کوردیان دادەنێین ئیدی ئەگەر ئەوە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە مەبەست یان بی مەبەست ئەنجام درابی و لە مێژووی چەندان سەدەی رامیاری حوکومکردنی کوردەوە لە لایەن نەتەوەکانی دیبەوە راهێنراوە بۆ ئەوەی کاربکەنە سەر عەقڵی کوردو گشت شێوەکانی باوەڕ بە خۆبوونیان لی داماڵن کەلتووریان داگیر بکەن، هەموو ئەمەشیان بۆ ئەوە کردووە بەردەوام دەسەلاّتیان بەسەرا بسەپێنن. لە راستیشدا ئەمە کردەویەکی بێفەڕە بە درێژایی مێژوو دووچاری گەلان و کۆمەڵگا چەوساوەکان بووە.

سۆن لە یاداشتنامەکانیدا باسی ئەوەی کردووە کە لەو سەردەمەدا سەردانی کوردستانی کردووە کوردەکان تا رادەیەك ئاگاداری کاروباری رامیاری بوونە چ لەسەر ئاستی دەرەوە چ دەرباری پێوەندییەکانیان لەگەڵ رژێمە حوکومڕانەکاندا (٣٠٥).

ڕەنگە رامیاری دەرەوەش زیاتر پێوەندی بە سەرۆك هۆز و ناودارانی کۆمەلاّیەتییەوە هەبی، نەك خەڵکە گشتییەکە، لەگەڵ ئەوەشدا سۆن رادەی زیرەکی نێوان جووتیاری کورد و تورکی بەراوردکردووە و بۆی دەرکەوتووە جووتیاری کورد لە جووتیاری تورك زیرەك ترە و باشتر



ئاگاداری کاروباری رامیارییە، تەنانەت جووتیاری تورك بە گێل دەداتە قەڵەم و دەڵێت : رادەی زیرەکی لە زیرەکی مانگا زیاتر نییە، بۆیە زەینی گەلی لە جووتیاری کورد کەمترە، پاشان وتوویەتی راستیشە ئەگەر بڵێین کوردەکان لە وتووێژو دانوستان و دوان و لێکۆڵینەوەشدا بەشداری دەکەن. وێنەیەکی جوان و چاکی ئەو نەتەوانەمان پێشکەش دەکەن کە لە سایەی حوکمی فاشیستدا لە تورکیا و لە رۆژهەلاّتی ئاسیا و کوردستان دەژین.

سۆن کاتێك چاوی بە تاهیر بەگ کەوتبوو ئەوەی سەرنج دابوو کە بە شێوەیەکی فراوان ئاگاداری هەردوو مەسەلەی بەلقان و کریتە و ئاماژەی بەوەداوە تاهیر بەگ لە بواری رامیاری دەرەوەدا زانیاری دەوڵەمەندی هەیە و خاوەنی توانستە.

ئەوەشی درکاندووە کە کوردەکان مەیلیان زیاتر بەلای سیستمی حوکمی مەلیکیدا دەشکێتەوە نەك کۆماری. چونکە کوردەکان بەو شێوەیە دەڕواننە کۆماری خوازەکان کە کۆمەڵە کەسێکی شەڕ خوازن و هیچ توانستێکی ئەوتۆیان لە بارا نییە بتوانن حوکمی نەتەوەکانیان بکەن. سۆن دەربارەی ئەم مەسەلەیە دەڵێت : " ئەوان راستی بۆ چوون " (٣٠٤).

سۆن هەوڵی ئەوەی داوە بەرهەڵستی کورد بۆ پەرلەمانی تورکیا شیبکاتەوە، چونکە سوڵتان عەبدولحەمید هەرچی لە توانادا بووە بۆی کردوون و گەیاندوونیەتیە ئەستەمبوول. هەروەها باجی زیادەشی نەسەپاندووە بەسەریانا و فشاریشی نەخستۆتە سەر سەرۆکەکانیان و چەك و زەخیرە و جل و بەرگی رەسمی پی داون و ناوی سوارەی حەمیدی لێناون و ئازادی ئەوەشی پێبەخشیون لە هەر کوی ئارەزوویان لێبی بژین و بی دڵی خۆیان نەکەن.

هەرگیز باوەڕناکەین رۆشنبیرێکی کوردی راستەقینە هەبی قایل بی بە هەر شێوەیەکی چەوساندنەوەی کەمایەتییە ئایینییەکانی ناوچەکەدا لە لایەن هێزەکانی سوارەی حەمیدییەوە، بەلاّم با مەسەلەکان لە سایەی کات و شوێنی خۆیاندا شیبکەینەوە، ئەوەبوو گەلی کورد چەندین پلانی بۆ رێکخرابوو، ئەرمەنییەکان دەیانویست دەوڵەتێکی نەتەوایەتی لەسەر حیسابی جوگرافیای کوردستان دامەزرێنن، ئاسوورییەکانیش بە نهێنی پێوەندییان بە برۆسیاوە دەکرد بۆ هاندانی رووسیا دژی کورد، وێنەی کوردیش هەمیشە لە میانەی کەناڵە ئایینییە مەسیحییەکانەوە پالّوێرابوو بۆ شێواندن لە بەردەم رای گشتی ئەوروپادا، ئەمە گشتی لە لایەك لە لایەکی دیکەشەوە کورد بەردەوام سووتەمەنی کێشەی رەگەزپەرستیی نێوان تورك و فارس بوو، هەر یەکەشیان هەوڵی ئەوەیان دەدا نەتەوەی کورد لەسەر زەوی بسڕنەوە.

لەبەر ئەمە پێویستە ئەم مەسەلانە لەبەرچاو بگیرێن، وێڕای هەڵوێستی جوامێرانەی هەندی لە سەرۆکە کوردەکانی بۆ خوێن نەڕشتن و یەکلاکردنەوەی مەسەلەکان لە نێوان خۆیان و سەرۆکە مەسیحییەکاندا بەرەو چارەسەرکردنی مەسەلەکان بە باشترین شێوە وەك لەم کتێبەدا باسکرا.

شایانی باسە کوردە مەسیحییەکان هەر کاتێك بوارێکیان بۆ بەرپابا بۆ دەست تێکەڵکردن لەگەڵ هەر لایەنێکدا دژی کوردە موسوڵمانەکان هەموو جۆرە مافێکی پێکەوەژیان و دراوسێتییان پێشێل دەکرد و دژیان هەڵوێستیان وەردەگرت. لەم بارەیەوە مێجەر سۆن هەندی لەو هەڵوێستانەمان بۆ باسدەکات کە لە بناغەدا لەسەر ناکۆکی نێو مەسیحییەکان خۆیان بەندبووە، هەر ئەمەش وایلێکردن پێوەندی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی غەیرە مەسیحییدا ببەستن لە پێناو زاڵ بوون بەسەر نەیارانی ئایینزاکەیاندا، سۆن بۆ نموونەی ئەمەش پەنجەی بۆ مەسەلەی گواستنەوەی بتریك لە موسڵەوە بۆ جۆلەمێرك راکێشاوە و دەڵێت : بتریك کەوا لەوەوپێش گوێزرابووەوە بۆ موسڵ ئێستا بۆ جۆلەمێرك گوێزرایەوە  کە گوندێکە دەکەوێتە نێو دڵی کوردستانەوە بێجگە لە کورد کەس دەستی بۆ درێژ ناکا.

ئەوانەش لەگەڵ یەکدیدا دۆست و تەبا بوون تا ئەو کاتەی تورك و رەبەنەکان هاتن میرە کۆنە خێراخوازەکانیان لا بردن و حوکمیان کردن و زۆریشیان بۆ هەڵڕشتن تا پشت لە کلدانییەکان بکەن ئەوەش لە ساڵی ١٨٣٠ دا بوو (٢٠٠).

سۆن رایگەیاندووە روومی کاسۆلیك دانە مەیدانی کەنیسەی رۆمانی کەوا مەڵبەندەکەی دەکەوێتە رۆماوە پێوەندی راستەقینەیان لەگەڵ تورکەکاندا بەست و کلدانییەکانیان چەوساندەوە، سۆن ئەم کردەوەیە بە ناشیرین باسدەکات. ئەوەی ئێمەش ئەمانەوی لە میانەی دیدوبۆچوونەکانی سۆنەوە پێی بگەین ئەوەیە ناوچە گەلێکی بەرینی کوردستان نەك تەنها یەك شانۆی رووداوەکانی لێبووە، بەڵکو کۆمەڵێك کێشەی خوێناویان بە خۆوە بینیوە لەوانەش کێشەی نەتەوایەتی و ئایینی و مەزهەبی، مەسەلەکە لەوە قووڵترە وەك خەڵکی سادە لێکی دەدەنەوە کە هەر ئەوەش بووەتە هۆی خوێنڕشتن لە نێوان کورد و مەسیحییەکاندا.

کەسیی سۆن خۆی پی لەسەر ئەوە دادەگری پێوەندی نێوان کوردو ئەرسەدۆکس لە چیاکاندا بووەتە مایەی لایەنگیری و باوەڕبەیەکتر کردن. ئەوەبوو  پارتی ئەرسەدۆکس کە لە نێو چیاکاندا بوو رۆژ لە دوای رۆژ پشتگیری زیاتری لێدەکراو مریدانیشی کەوتبوونە سەر ئەو باوەڕە کە لە پشتەوە دەگەڕێنەوە سەر کورد کە ئەوانیش جەنگاوەرن، ئیدی جل و بەرگی



کوردییان لەبەر دەکردو دابونەریتی کوردەوارییان پێڕەو دەکردو وایان لێهات  بە ئاسانی لەیەك جیا نەدەکرانەوە و پێکەوەش ژیانی تەبا و خۆشیان بەسەر دەبرد (٢٠٠).

لە راستیشدا ئێمە لەم بارەیەوە رای خۆمان هەیە چونکە ئەو دەستەیە کە گوایە کوردییان لەبەر کردووە و لاسایی داب و نەریتی کوردەواریان کردۆتەوە ئەوە وا نییە چونکە ئەوە جل و بەرگ و داب و نەریتی رەسەنی خۆیان بووە، لەبەر ئەوەی خۆیان کوردی نەژادن.

گومانیش لەوەدا نییە دانیشتوانی کوردستان پێش هاتنی ئیسلام کورد بوونە و لەسەر ئایینی زەردەشت بوونە و ئەوانی دیکەش کە مەسیحی بوونە لەوەوپێش هەر لەسەر ئایینی زەردەشت بوونە، کاتێکیش ئیسلام گەیشتە ناوچەکە و گەلی کورد باوەڕی پێهێنا ئەوانەی کە لەسەر ئایینی خۆیان مانەوە هیچ زیانێکیان بەر نەکەوت و ری و رەسمی ئایینەکەیان پاراست، بۆیە مەسیحییەکان تەنها مەسیحیی نەبوون بەڵکو کوردی مەسیحیی بوون، نیشتمانیان کوردستان و ئایینیشیان مەسیحی، هەروەك چۆن مەسیحی عەرەب و موسوڵمانی عەرەب لە دەوڵەتانی عەرەبیدا دەژین.

شێخ سەعید کەوا ساڵی ١٩٠٩ لە موسڵ کوژرا توانیبووی پێوەندی باش لەگەڵ سوڵتان عەبدولحەمید ببەستی، بەڵام وێڕای ئەو دۆستایەتییە سوڵتان نەیتوانی ملکەچ نەکا بۆ ئەو فشارانەی ئاڕاستەی کرابوون بە تایبەت لە پاش راگەیاندنی دەستووری عوسمانی ساڵی ١٩٠٨، ئەوە بوو یادداشتنامەیەك بۆ دەروازەی بالاّ لە ئەستەمبوول و ناوەندی ولایەتی موسڵ دژی خوالێخۆشبوو شێخ سەعید بەرزکرایەوە، ئیدی شێخ سەعید هیچی لە بەردەمدا نەمایەوە ئەوە نەبی بە گوێی فەرمانی سوڵتان بکات و شاری سلێمانی بە جی بهێڵی و بەرەو موسڵ بکەوێتە ری، کە تیایدا دەس بەسەر کرا، دواییش هەر لەو شارەو لەگەڵ کوڕەکەیدا کوژرا، بەڵام شێخ مەحموودیان بە قاچاغ گەیاندەوە سلێمانی.

ئاژاوەگێران لە رووداوێکدا شێخ سەعیدیان کوشت کە هەرگیز ئەو دەستی تێدا نەبوو، هەتا ئێستاش مەسەلەکە روون نییە ئایا ئەوە پلانی دەوڵەت بووە یان نا، بەڵام وا دیارە حکوومەتی ئەوکاتە بە نەمانی شێخ هەستی بە هێمنی کردووە. ئەگەریش بگەڕێینەوە بۆ لای سۆن کەوا بە پێی دیدی خۆی رووداوەکان باسدەکات دەبینین ئەویش ناتوانی ئەو لایەنە دووپات بکاتەوە کە لە پشت ئەو رووداوەوە بووە، بەڵام ئاماژە بەوە دەدا هێزگەلێك لە ئارادا بوونە ئەو رووداوەیان جوولاندوە، بۆیە دەڵێت : لە کۆتاییشدا حکوومەت ئەوەی بۆ شێخ سەلماند کە هەرگیز ناشی دژی

ناوداران و خێزانەکانیان لە موسڵ هێز بەکار بهێنرێ. پاش ئەوەش بە ماوەیەکی کەم ئەو هەرایە روویدا کە شێخی تیا کوژرا، هەتا ئێستاش ناسنامەی کوژەرەکە ئاشکرا نەکراوە (٢٤٤).

سۆن هەر لەسەر ئەو رووداوە دەڕوات و دەڵێت : ئاژاوەگێڕەکان بە یەك ریز ملیان ناوە، وا دیارە ئەوەش بە پێی ئاراستە کردنێك بووە، بەرەو ماڵەکەی شێخ سەعید رۆیشتوون و گەمارۆیان داوە و یەکێکیان چووەتە ژوورەوەو شێخ کوژراوە (٢٤٤).

لە راستیشدا سەرچاوە مێژووییەکانی دی بە شێوەیەکی تر دوا خولەکەکانی ژیانی شێخ سەعید باسدەکەن کە جیاوازە لەوەی سۆن باسیکردووە. بۆ وێنە : عەبدولمنعم ئەلغولامی دەڵێت : وەفدێك لە والییەوە چووەتە ماڵەکەی و پێیان راگەیاندووە کە پێویستە ماڵەکەی بەجی بهێڵێ و بچێت بۆ سەرای میری بۆ ئەوەی چاودێری بکەن تا تووشی بەڵایەك نەبێت ئەویش بە نەوەدڵ بە گوێیان دەکات و قورئانەکەی بە دەستی هەڵدەگری و جبە سەوزەکەی دەکاتە شانی و لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکەوێتە ری، کاتێکیش دەگاتە بەر دەرکی سەرا یەکێکیان لە پشتەوە بەردێکی گەورە دەهاوێتە سەریا و ئیدی شێخ دەبوورێتەوە و پاشان گیان دەبەخشی، ئەوانی دیکەش پەلاماری خزمەتکارەکەی دەدەن و دەیکوژن، بەم شێوەیە شێخ سێیەمین رۆژی جەژنی قوربان کوژرا، ئاژاوەگێڕان بەوەش دانەکەوتن بەڵکو پەلاماری ماڵەکەشیان دا و شێخ ئەحمەدی کوڕیشیان کوشت، بەڵام شێخ مەحموودی برای لەبەر ئەوەی خۆی لە ماڵی خدر هەمەوەندی دراوسێی خۆی شاردبووەوە نەکەوتە بەر دەستیان و رزگاری بوو.

کوشتنی شێخ سەعید لە موسڵ لە سەرانسەری کوردستانی باشووردا دەنگی دایەوە و لە ناوچەی سلێمانیش بوو بەهەرا، لە ئەستەمبوولیش شێخ قادر زنجیرەیەك وتاری بە جۆشی خوێندەوە و بە ناوی یاسای ئیسلامەوە داوای کرد تۆڵەیان بکرێتەوە و پیاو کوژەکان بدرێنە دادگا.

ئەگەریش بمانەوی باری رامیاری و کۆمەڵایەتی شاری سلێمانی پێش کوشتنی شێخ سەعید و پاش ئەوڕووداوە هەڵسەنگێنین دەبینین سلێمانی مەڵبەندێکی بازرگانی داهاتی کوردستانی باشوور بووە، واتە مەڵبەندێکی چالاکی کاڵای هاوردەو بردە بووە. چونکە داهاتی کوردستان لە سلێمانییەوە دەنێررا بۆ بەغداو موسڵ بە تایبەت بەرەو کەرەستەی کشتوکاڵ، لە بەغداشەوە کوتاڵ و کاڵای ئەوروپایی بۆ دەهات و رەوانەی ئێران دەکرا.



هەر لەو شارەدا پیشەسازی جۆربەجۆر بووژایەوە و کاروانی بازرگانیش هەر دوو حەفتە جارێك بەرەو بەغدا و موسڵ دەکەوتە ری. ئەمە وێڕای ئەوەی ئەم شارە وێستگەی ئەو کاروانانە بووە کە لە بانە و مەریوان و سنە و سابڵاغەوە دەهاتن.

لە راستیشدا نامانەوێت هێند توخنی تێکڕاییەکان بکەوین کە لە سنووری بابەتی ناوەڕۆکی ئەم کتێبەمان دوور بخاتەوە، کە تایبەتە بە دیدوبۆچوونی رەوەندو رۆژهەڵاتناسەکانەوە، بەڵام پێویستە بە کورتی ئەوە بڵێین کە مێجەر سۆن لەو باوەڕەدایە شێخ سەعیدی خوالێخۆشبوو لەو سەردەمەدا کاریگەری گەورەی هەبوو، خاوەنی دەسەڵاتی رۆحی بوو بە تایبەت کاتێك پێوەندی باشی هەبوو لەگەڵ سوڵتان عەبدولحەمید لە میانەی شێخ قادرەوە لە ئەستەمبوول تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی ببێتە راوێژکاری ئایینی سوڵتان عەبدولحەمید وێڕای ئەوەی هاوپەیمانی هەبوو لەگەڵ سوڵتان و عیزەت پاشا کە قەفێکیان پێك دەهێنا بۆ سوود بینین لە شاری سلێمانی ئەمەش وای لە سۆن کردووە بڵێت : شێخ سەعید وێڕای ئەوەی لەسەر ئاستی رەسمی سەبارەت بە باری شاری سلێمانی هێند دەسەڵاتی نەبوو، بەڵام لە ناوچەکەدا ئازادبوو، سوودی زۆری لەو شار و وڵاتە بینی و کاولیشی کردن (٢٤٠).

ئەو بارودۆخە ناخۆشەی دووچاری شاری سلێمانی بوو بوو ژیانی خەڵکی بە جاری تاڵ کرد بوو، دەستی ئاژاوەگێڕان گەیشتبووە دەزگاکان، هۆی ئەوەش ئەوە بوو بەرپرسەکانی دەوڵەت خەریکی دزی و بەرتیل خواردن بوون، گێچەڵیان بەخەڵك دەکرد، باجی زۆریان دەسەپاندە سەریان، ستەمی شێخەکان وەك سۆن دەڵێت: ببووە مایەی بەرپابوونی شۆڕشێکی میللی لە سلێمانیدا. شارەکە چوار رۆژ بەرگری کرد، هەمەوەند گەمارۆیان خستە سەری و موتەسەڕیفی سلێمانی و شێخەکانی شاریان شاربە دەرکرد، خەریك بوو سلێمانی لە ژێر کۆنترۆڵ دەرچی، ئەو فەوجە لە کەرکووکەوە نەهاتبا کە بۆ رزگارکردنیان لەو هەڵوێستە هاتبوو، بارەکان زیاتر ئاڵۆز دەبوون، بەڵام باش بوو شارەکەی دایەوە دەست موتەسەڕیف و شێخەکان، ئەوە بوو سەرلەنوی دەسەڵاتیان گرتەوە دەست. وا دیارە مێجەر سۆن رەفتاری شێخ سەعیدی بەدڵ نەبووە، بۆیە دەڵێت : لە پاش گەڕانەوەی بۆ سلێمانی واتە لە دوای ئەوەی دەسەڵاتی کەوتەوە دەست شاڵاوێکی دزی ئاشکرای دەست پێکرد و ماڵ و دارایییەکی زۆری بەبی هۆ لە بازرگانەکان سەند و ئەوەش بە گوێی نەکردایە دەست و برد دەیکوشت بۆ ئەوەی ورەی خەڵکی دی بە تەواوەتی لاواز بکات (٢٤١-٢).

سۆن لە شوێنێکی دیدا باسی ئەوەی کردووە کە شێخەکان باخ و بێستانەکانی دەوروبەری شاریان کڕیوە و لە هەمان کاتیشدا باجێکی زۆریان سەپاندۆتەسەر داهاتی میوەو سەوزەو لەگەڵ دەسەلاتداریتی سوەیلیدا شێخەکان سیستمێکی باج وەرگرتنیان پێڕەوکردووە کە گەیشتۆتە ئەوەی ٣٠٠ لەسەر باری میوە وەربگرن کە بە ناوی باجی هاتنە ژوورەوە لە خەڵکیان وەرگرتووە، ئەمەش کاردانەوەیەکی وای لای جووتیارەکان پەیدا کرد گڕ لە بێستانەکانیان بەردەن یان جۆگەلەی ئاوەکان وێران بکەن و دوایش ناوچەکە بەجی بهێڵن و بەرەو ئێران هەڵبێن بۆ ئەوەی خەریکی کشتوکاڵی تووتن بن.

هۆزی هەمەوەندیش لەو هۆزانە بوو کە هەڕەشەیان لە شێخەکان دەکرد، تەنانەت خەریك بوو دەست بەسەر شارەکەدا بگرن، هەر بۆیەش شێخ سەعید بە توندی سەودای لەگەڵ کردن، سەرباری ئەوەش پێوەندی دۆستایەتیی لەگەڵ شێخەکانی قەرەداغدا بەهێز کرد بۆ ئەوەی لە بەلای هەمەوەند دڵنیا بێت.

لەگەڵ هەموو ئەو هەولانەشدا مەسەلەکان خەریك بوون بگۆڕێن و هەڵوێستی شێخ سەعید لاواز بێت بە تایبەتی لە پاش راگەیاندنی کودەتای تەمووزی ١٩٠٨ لە ئەسیتانە. ئەوە بوو تورکیا دەستووری راگەیاندو گوایە بوو بە دەوڵەتێکی خاوەن دەستوور (٢٤٣).

ئیدی هاوسەنگی مەسەلەکان لەگەڵ گۆڕینی دەسەلاتی سوڵتانی عوسمانیدا گۆڕا کە پێوەندی بەهێزی لەگەڵ شێخ سەعید و دواییش شێخ قادر دا هەبوو، شێخ قادر ناچار بوو لە سایەی سیستمی نوێدا کار بکات ئیدی وا دیار بوو سوڵتان نەیتوانی ببی بە پشت و پەنای شێخ و بەرژەوەندییەکانی بپارێزی، بۆیە ئارەزووی ئەوەیان کرد سلێمانی بە جی بهێڵی و بەرەو موسڵ بکەوێتە ری، ئەمەش بوو بە واقیع و پاشان شێخ سەعید لە موسڵ کوژرا و رووداوەکەش بوو بە چیرۆکێکی پڕ گومان وەك لە پێشا باسمانکرد دوای کوشتنی شێخ سەعید شێخ مەحموود خۆی و خێزانەکەی بە دڵێکی پڕ قینەوە گەڕانەوە سلێمانی و کەوتنە خەیاڵی تۆڵە سەندنەوە لە بازرگانەکانی موسڵ کە بە پێی دیدوبۆچوونی خزمانی شێخ لە پشت ئەو پلانەوە بوونە کە بووە هۆی کوشتنی شێخ سەعید.

وێڕای ئەو بارودۆخانەی سۆن لەو سەردەمەدا باسیان دەکات ئێمە باوەڕمان وایە خێزانی شێخ لای خەڵك رێزی زۆریان هەبووە تەنانەت هەواڵی کوشتنی شێخ سلێمانیی هەژاندووە.

بەلام سۆن باسی ئەوە دەکات سلێمانی ناچارکراوە تازی باری تەواو رابگەیەنی و مایکرۆفۆن و ئامێرەکانی مۆسیقا بە گشتی و بە زۆر لە خاوەنەکانیان وەرگیراون و شکێنراون،



هەروەها ئاهەنگی شایی و زەماوەندیش قەدەغە کراوە و هەندی لە بازرگانەکانی شاریش کوژراون و بە بیانووی تۆڵەسەندنەوە و باری نائارامی لە نوی سەری هەڵداوەتەوە، هەروەها کردەوەی دزی و تالانکردنی مالان روویان داوە و شارەکە ئاسایشی لێبراوە، موتەسەریف و بەرێوەبەری پۆلیسیش لەسەر هەر هەڵچوونێکی شارەکە کرێی خۆیان وەرگرتووە (٢٤٥). واتە ئەو رووداوە نائاساییانە لە ژێر چاودێری و بە یارمەتی دەوڵەت ئەنجام دەدران و سوودی کاربەدەستانی شارەکەی تیا بووە.

وا دیارە پێشەنگی چاکسازی دەستووری لە ناوچەکەدا دەستپێکردووە، هەر بۆیەش بە والیان راگەیاندووە بچێت بۆ ناوچەی سلێمانی و لەو گیروگرفتانەی شارەکە بکۆڵێتەوە کەوا لە پاش کوشتنی شێخ سەعید روویان داوە و لە ری لادەرانی یاساش سزا بدرێن، بەلام سۆن ئەوەی باسکردووە کە والی پێش ئەوەی بگاتە سلێمانی کەوتۆتە نێو داوی چەواشەکارییەوە، چونکە هەر کە گەیشتوونەتە چەمچەماڵ شێخەکان دەست و برد پێشوازییەکی گەرمیان لێکردووە و دەورەیان داوە، تەنانەت بازرگانەکانی شار نەیانتوانیوە ببینن و وێنەیەکی راستەقینەی رووداوەکانی پێشکەش بکەن، خەڵکی سادەش نەیان وێراوە هیچ جۆرە سکالایەك پێشکەش بە والی بکەن، کارمەندانی حکوومەتیش بە هۆی وەرگرتنی بەرتیل و ویژدان فرۆشتنیانەوە زمانیان بەستراوە، وا دیارە والی خۆیشی لەو سەفەرەیدا سوودمەند بووە.

سۆن باسی ئەوەشی کردووە کە والی فەرمانی داوە لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا گشت بازرگانەکانی شار بانگێش بکرێن بۆ بەردەرکی سەرا (بارەگای میری) بۆ ئەوەی لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکری لەسەر هۆی روودانی ئەو ئاژاوەگێڕییەی لە شارەکەدا قەوماوە. هەروەها لەسەر ئەوەی بۆچی بەرهەڵستی شێخەکان دەکەن.

سۆن زۆر بە توندی رەخنە لەو کوردانە دەگری، واتە بازرگانەکان و دەڵێت : ئازایەتییەکی ئەوتۆیان پیشان نەداوە و رازیش نەبوونە وەلامی ئەو توومەتانە بدەنەوە کە خراوەتە ئەستۆیان، تەنانەت دانیان بە گەندەڵییەکانی موتەسەڕیفدا نەناوە.

بە کورتیش والی بە بارێکی قورسی دیاری و خەلاتەوە گەڕایەوە بۆ موسڵ (لە پاش ئەوەی چەسپاندی بازرگانەکان تاوانبارن) لە هەمان کاتیشدا رەزامەندی ویژدانی خۆی و شێخەکانیشی وەدەس هێنا، پاشانیش هەروەك چۆن جووتیارەکان سلێمانیان بەجی هێشت بازرگانەکانیش شوێن پێی ئەوانیان هەڵگرت و شاریان بەجی هێشتن. ئەوەی بارودۆخی شاری سلێمانی بوو لە ئابی ١٩٠٩ کاتێك سۆن خەریك بوو بەجێی بهێڵی (٢٤٧-٩).

لە میانەی تەواوی ئەو دیدوبۆچوونانەوە کە سۆن تۆماری کردوون دەتوانین باوەڕ بەوە بێنین باری کارگێڕی شاری سلێمانی زۆر لاوازبووە ئەوەش بووەتە هۆی بەرپابوونی چەندین گێرو گرفت کە لە ژیانی گەلی کوردو کەمایەتییەکانی کوردستاندا رەنگیان داوەتەوە.

لاوازی میری باڵی کێشابوو بەسەر هەردوو لایەنی کارگێڕی و سەربازی، ئەوەبوو گەندەڵی کارگێڕی بڵاوببووەوە، بەرپرسە تورکەکان شپرزەی کۆکردنەوەی بەرتیل و دزی و گێبەستی نهێنی بوون، سوپاش بێگومان کەوتە بەرکارتێکەریی ئەو لاوازییەی هەموو لەشی دەوڵەتی گرتبووەوە. وێڕای ئەوەش سوپایەکی بی مەسەلە یان بی ئامانج بوو.

ئەگەریش بمانەوی رووداوێك وەك نموونە بێنینەوە بۆ دڵنیابوون لە رادەی ئەو پاشکەوتنەی لە ناوچەکەدا رووی دابوو بە هۆی شپرزەبوونی بەرپرسانی دەوڵەتەوە بە بەرتیل وەرگرتن و دزی و دەست تێکەڵ کردن لەگەڵ پیاوانی خاوەن دەسەڵات و دەوڵەمەند مێجەر سۆن ئەم رووداوە سەربازییەی بۆ باسکردوین و دەڵێت : ئەو کەش و هەوایە وای لە خەڵك کردبوو بەسوخرییەت و بی ئومێدییەوە بڕواننە بوونی دەوڵەت لە ناوچەکەدا. کاتێك هەمەوەند زاڵبوو بەسەر سوپای تورکدا، کۆمەڵێك لە کارمەندانی تورك لەگەڵ ژنەکانیاندا چوونە ناوچەی بازیان، وێڕای ئەوەش هێزی تورك چ لەسەر ئاستی ژمارەی سەرباز و چ لەسەر ئاستی چەك و زەخیرە لەوان پێشکەوتووتر بوون لە ماوەی ٢٤ سەعات دا فەرماندەی سوپاو ژمارەیەکی زۆریش لەسەربازەکانی کوژران، هەندێکیشان بریندار بوون ئەوەشیان مانەوە خۆیان بە دەستەوەدا. کوردەکانی هەمەوەندیش دیلەکانیان پشکنی، بەڵام ژنان لە لایەن ژنانەوە پشکێنران. سۆن لەم بارەیەوە دەڵێت : ژنێك ئاگاداری کردۆتەوە کە هەمەوەند ژنەکانیان هێناوە و لە پشت بەردە زلەکانەوە دایانناون و شەڕ بەردەوام بووە. پاشان بانگیان کردوون بۆ پشکنینی دەرپێی ژنە بە دیل گیراوەکان.

سۆن لەم بارەیەوە ئەمەی راگەیاندووە و دەڵێت : کوردە هەرە کۆچەرەکەرەکان هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە رێزی ژنێکی موسوڵمان پێشیل بکەن، مەگەر بەدەگمەن. هەمەوەند هۆزێکی لە خواترسن، تەنانەت ئەگەر خەریکی داگیرکردن و پەلاماربن لە کاتی نوێژکردندا دەستی لێهەڵئەگرن (٣٠).

لە راستیشدا لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا ژن رێزی خۆی هەیە. لە شوێنێکی دیکەی ئەم کتێبەدا باسی ئەمەمان کردووە، رەگ و ریشەی مەسەلەکەش بۆ پێش ئیسلام دەگەڕێتەوە. پێوەندی بە رێنوومابییەکانی زەردەشتەوە هەیە، کە بوونەتە شێوازێکی میرات گەری بۆ



کۆمەڵگای کوردی، وێڕای ئەوەش کورد وازیان لە ئایینی زەردەشت هێناوە، بەڵام کارتێکەریی رێنوومابییەکانی هەر ماون وەك ئەوەی داگیرکردن پەسەند ناکات و پایەی ژنان لە کۆمەڵدا بەرز دەبینی. رەنگە یەکێکیش بپرسی ئەگەر وابی ئیدی کورد چۆن بە جەنگاوەری ئازا دادەنرێت ؟ لەوەڵامیشدا دەڵێین : بەڵی، بەڵام مرۆڤی کورد بە زۆری بەرگریکارێکی ئازایە نەك هێرش بەر. لە مێژوودا کوردەکان لە پێناو بوونیان یان دوور خستنەوەی داگیرکەران لە وڵاتەکەیان شەڕی قورسیان کردووە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دووپات دەکاتەوە کوردەکان ئارەزوومەندی جوامێرین، هەروەها گشت کۆڵەکەکانی جەنگیشیان لا بەرپایە، ورە بەرزیشن، دوور نییە بێجگە لە زەینەفۆن کەسی دی باسی ئازایەتی کوردیان کردبی، بەڵام وەك ئەو تۆماریان نەکردبی یان نەیان ویستبی راستییەکانی دووپات بینەوە. ئارەزووش میکرۆبی مێژووە. کاتێك یادداشتنامەکانی مێجەر سۆن دەربارەی چالاکییەکانی هۆزی هەمەوەند دەخوێننەوە لە ئاستی ئازایەتی و نەبەردی ئەم هۆزەدا سەرمان سووڕ دەمێنی.

سۆن بەوەی باسکردوون ئاڵای شۆڕشیان دژی دەوڵەت بەرزکردۆتەوە (٢٣٠). ئەگەریش هەندی کاروکردەوەی ناپەسەندی ئەم هۆزە نەبوایە بە خاوەنی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی هۆزگەری دادەنرا، چونکە تەنها لەگەڵ سوپای تورکدا رووبەڕوو بووەتەو زیانی گەورە و گرانی پێگەیاندووە، شەوکەتی دەوڵەتی عوسمانی لە ناوچەکەدا شکاندووە و گەیشتۆتە ئەوەی موتەسەڕیفی کەرکووك رووت بکەنەوە و جلەکانی لەبەر داکەنن و چەندین جاریش سووکایەتییان بە چەکی دەوڵەت کردووە، لە کاردانەوەی ئەوەشدا دەوڵەت توانی هەندی پیشەوای بچووکی ئەم هۆزە لە باکووری ئەفەریقیا (تەرابلوس) دەست بەسەر بکات، کاتێکیش ئەوانە گەڕانەونەتەوە بۆ کوردستان شانازییان بەوەوە کردووە کە لە رێگای گەڕانەوەیاندا کاری گێچەڵ کارییان دژی دەزگاکانی دەوڵەت ئەنجام داوە، ئەمەشمان لە بابەتێکی دیکەی ئەم کتێبەدا باسکردووە.

بوونی فەرمیی دەوڵەتی عوسمانی لە هەندی شاری کوردیدا هەر بەناو بووە، هەندی لە دەسترۆیانی شارە کوردییەکانیش بە شێوەی جیاجیا بەرەو رووبوونەوەیان لەگەڵیاندا نواندووە، وێڕای ئەوەی هەندی لەو هەڵوێستانەش نەیار بوونە لەگەڵ سیما شارستانێتییەکانی ناوچەکەدا بۆ وێنە مێجەر سۆن لە یاداشتنامەکانیدا لەوە ئاگاداری کردوینەتەوە عوسمان پاشای سەرۆکی هۆزی جاف لەو سەردەمەدا بەکارهێنانی پوولی پۆستەی لە شاری هەڵەبجە کە لە ژێر

دەسەڵاتیدا بووە هەڵوەشاندۆتەوە و تەلی بروسکەشیان کردووە بە زنجیرو گوللەی تفەنگ (٢٧٢).

دەربارەی ئەمەی سۆن وتوویەتی ئێمە لەو باوەڕەداین عوسمان پاشا دژی شارستانێتی نەبووە، تەنها ئەوەی مەبەست بووە جەفەنگ و هێمای دەوڵەتی عوسمانی لە شارەکەدا بەرچاو نەکەوی. واتە مەسەلەکە رەگی رامیاری هەبووە، ئەگینا ئەگەر عوسمان پاشا بیویستبایە تەلەکان بمێنن دەیتوانی بیانپارێزی، بەلاّم وەك سۆن خۆی دەڵێت : رێگای داوە بە هەندی کارمەندی تورك لە هەڵەبجە بمێننەوە ئەوەشی هەر بۆ ناو و بەپێی رێنوومایی خاتو عادیلە خانم بووە.

ئەمەشمان دیسان لەگەڵ بابەتێکی دیکەی ئەم کتێبەدا باسکردووە، سۆن دەڵی : ئەمڕۆ لە هەڵەبجەدا هێڵی بروسکە نییە، بەلاّم کارمەندێك هەیە بە ناونیشانی ئەو کارەوە وەك (بەڕێوەبەری پۆستە) شانازی دەکات و جلی رەسمی لەبەر دەکات (٢٨١).

سۆن ئەوەی سەرنجداوە خەڵکی شاری سلێمانی هێند گەورە پیاوانی حکوومەتیان خۆش نەویستووە و هێندیش لەو ئاهەنگانەدا بەشدار نەبوونە کە حکوومەت لە بۆنەکاندا سازی دەکرد، بۆ وێنە بە بۆنەی تێپەڕ بوونی ساڵێك بەسەر دامەزراندنی (حکوومەتی میللی تورکیاوە، حکوومەت ئاهەنگێکی گێڕاوە) سۆن وەك شایەت حاڵێك دەربارەی دەڵێت : فەرمان دەرچوو ١٢٠ گوللە تۆپ بتەقێنری و (٥٠٠) لیرەی بۆ خەرج بکری داواش لە جی نشینە دڵسۆزەکان کراوە مەبەستیش ئەو تورکانەی کە لە شاری سلێمانی بوونە بەشەو فانۆس لەسەر سەربانی ماڵەکانیان داگیرسێنن و راگەیاندنیش لەسەر دەرگای ماڵەکانیان بلاّوبکەنەوە، هەروەها فەرمانی ئەوەش دەرچووە بازار دا بخری و هەر لە بەیانییەوە تا شەو باندی مۆسیقا مۆسیقا لێبدات، لە گۆڕەپانی گەورەشدا لەبەر دەرکی سەرا بە گەمەی ئاگرین ئاهەنگەکان زیاتر گەرم بکرێت. سۆن لەسەر ئەو باسە دەڕوات و دەڵێت : باندەکە بە ناڕێکی مۆسیقاکەی پێشکەش کرد و (٢١) گوللە تۆپ تەقێنرا بەلاّم (تابوور ئاغاسی) واتە ئامری فەوج ئەو بڕە بارووتەی لێی مایەوە بە دروست کەرانی فیشەك لە شارەکەدا فرۆشت. سۆن بە روونی دانی بەوەدا ناوە کوردەکان رازی نەبوونە بازاڕداخەن و دووکانەکانیان برازێننەوە (٦٠).

سۆن هەڵوێستێکی کاریگەری پیشان داوە بەرانبەر بانگەشەی هەندی لە سەرۆك هۆزەکان گوایە رەگیان دەچێتەوە سەر عەرەب ئەو هۆزانەش ئەمانە بوونە: هەمەوەند، بابان، شوان،



جاف، سۆن ئەوەشی وتووە کە جۆشی ئایینی وای لە خەڵك کردبوو شانازی بە زمانی عەرەبییەوە بکەن.

سۆن دەڵێت : ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە دەچنەوە سەر عەرەب، ئەمەش لە نێوان هەندی هۆزی کورددا نامۆ نییە، بەلاّم هیچ بەڵگەیەك نییە بۆ دووپات کردنەوەی ئەو بانگەشەیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە گەلێك بەڵگە لە بەردەستن نەیاری ئەوەن.

سۆن ئەوەشی لە یادنەکردووە کە ئاماژە بەوەبدا وەك ئەو بۆچوونە بۆ ئەوە بووە سەرکردە ئایینییەکان زیاتر شوێن پێی خۆیان لە نێو خەڵکدا قایم بکەن، لەم رێگایەشەوە پایەی بەرزیان بۆ خۆیان دابین کرد، بەلاّم سۆن ئاخاوتنەکەی بەوە کۆتایی پێهێناوە کە دەڵێت : ئەمڕۆ رۆڵەی ئەو هۆزانە زۆر شانازی بەوەوە دەکەن کوردن، ئەوەشی دووپات کردۆتەوە شێوە زمانی ئەو هۆزانە هێند پاك و بێگەردن زمانی رەسەنی کوردی دەنوێنن (٢٢٨).

سۆن لە دەرئەنجامی دیدوبۆچوونەکانیدا سەبارەت بەو قۆناغەی کە کورد تیایدا ژیاوە وتوویەتی : ئەگەر کوردەکان بە دروستی ئاڕاستە بکرابانایە پتر لە دراوسێکانیان (تورك و فارس) پێش دەکەوتن.

سۆن لە شیکردنەوەکانیدا دەربارەی واقیعی کۆمەڵگای کوردەواری لەو کاتەدا دڵی راستی پێکاوە، چونکە کورد پێویستی بە ئایدۆلۆژییەتێك هەبووە لە ناخی خاك و نەتەوەکەیەوە هەڵقوولێ، لە پێناو شکۆمەندی و بەرزی کورددا بکۆشی، بەلاّم بە داخەوە کوردەکان هەمیشە بوونەتە قوربانی گەردەلوول و ئارەزووی دەرەوەی سنووری خۆیان.

ڕاستە دەوڵەتی عوسمانی بە ناوی ئایینەوە هەستی نەتەوەیی لاوازکردبوو، بەلاّم ئایین لە ستەمکاری عوسمانی بەرانبەر کورد بەرییە.

ئێمە لەو باوەڕەداین کورد پێویستی بە دەرکەوتنی پاڵەوانێك بووە، بەلاّم پاڵەوانێك خاوەنی بیری قووڵ و خواستی بەرین، ئەوەش تا ئێستا دەرنەکەوتووە تا نەتەوەکەمان یەکخات، بەڵی کورد هەمیشە پێویستی بە (چاکسازی ئایین) هەبووە چ لەسەر ئاستی رەچەڵەك (النسب) یان رۆح، دەرنەکەوتنی ئەو پاڵەوانەش ئەفسانە نییە، بەڵکو هۆکاری خۆی هەیە و پێویستی بە لێکدانەوەی مێژووی واقیعی هەیە، رەنگە باسکردنی ئەوەش لەم کتێبەدا جێی نەبێتەوە.

بێگومان ئەمەش وەلاّمی ئەوکاتەیە کە سۆن لە سەرەتای گەشتەکەیدا بووە لە شاری ئۆرفە، کاتێك لەوە سەری سووڕماوە نەتەوەیەکی ئازاو بەهێز کە هەمیشە ناوی لەگەڵ شۆڕش و ئازایەتی و رۆحی یاخی بووندا دێت چۆن لە نێو گەلاندا پلەو پایەی خۆی وەرنەگرتووە (٧٧).

سۆن پەنجە دەخاتە سەر راستییەکی مێژووی وکۆمەلایەتی کاتێك دەڵێت : وەك خۆیان ماونەتەوە کەس ناتوانی زەفەریان پی بەرێت. هەمیشە سەربەرزن، ملکەچی کەس نابن هەرگیزیش لەیەك دانابڕێن مەگەر لە نێو خۆیاندا ناکۆك بن (٧٧).

لەو باوەڕەشداین دوا دەستەواژەش ئەوپەڕی راستییە، بەلاّم ئەم پرسیارە : ناکۆکی لە نێویەکدیدا بۆچی ؟ هەمیشە خۆی دەسەپێنی. بە هەر حاڵ نەبوونی سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو و بەردەوام بوونی تەقەللای لاوازکردنی هوشیاری لەسەر ئاستی سەربەچێتی گشتی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بوونەتە هۆی ئەوەی کورد نەگەنە ئامانجە رامیارییەکانیان، رەنگە ئەمەش لەگەڵ ئەوەدا بگونجی کە فیشەر ساڵی ١٩٥٥ باسیکردووە کە دەڵێت : کوردەکان کەمایەتییەکی مەزن لە هەریەکە لە ئێران و تورکیا پێك دەهێنن و تا ئێستا نەیان توانیوە خاوەنی هەڵوێستێکی یەکگرتووبن، لە نێو هەر یەك لەو دەوڵەتانە دەنگیشیان ناگاتە جیهانی دەرەوە، مەگەر زۆر بە دەگمەن خەڵك بە مەسەلەکەیان بزانی.

هەروەها کوردەکان نەیانتوانیوە بن بە یەك کۆمەڵەی یەکگرتوو، توانستی ئەوەی هەبی تورکیا لە ئێران جیا بکاتەوە، هەروەها هەریەکە لە ئێران و تورکیاش لە ولاّتانی دیکەی پێوەندیدار.

فیشەر ئەیەوی ئەوە بڵێت کە کورد یان مەسەلەی کورد بووەتە هۆی بەیەکەوە گرێدانی تورکیا و ئێران، مەسەلەی کوردیش نەبووەتە هێزێکی رامیاری ئەوتۆ هەردوو دەوڵەتی ناوبراو لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەی پێوەندیدار جیا بکاتەوە، بێگومان مەبەستیشی هەریەکە لە عێراق و سووریایە (٦).

### نۆئیلْ

نۆئیلْ لەسەردانەکەیدا بۆ لای هۆز و گوندە کوردییەکانی کوردستانی تورکیا گەیشتە ئەنجامێکی ئەوتۆ کە کوردەکانی ئەو ناوچانە بە جۆرێك دەڕواننە ئینگلیز لەو ئازار و ئەشکەنجەیە رزگاریان دەکات کەوا پتر لە نەتەوەکانی دی لە لایەن تورکیای عوسمانییەوە تووشیان بوو بوو تەنانەت کەوتبوونە سەر ئەو باوەڕەی ئینگلیزەکان هاتوون کورد شاد و دڵنیا بکەن و مافی رامیاری و مرۆڤایەتییان دابین بکەن.

ڕۆژ لە دوای رۆژ نۆئیلْ زیاتر لە خواستی کوردەکان دەگەیشت بە تایبەت کاتێك سەردانی شاری مەلاتیای کرد و لەگەڵ ناودارێکی ئەو شارەدا کە ئەویش پارێزەر خەلیل بەگ بووکە



گەورەترین مامی بەدرخانییەکان بوو کەوا لە سەردانەکەیدا هاوڕێتییانی کردبوو. نۆئیلْ بە بایەخەوە باسی خەلیل بەگی کردووە و وتوویەتی دامەزرێنەری یانەیەکی کوردی و رۆژنامەیەکی کوردی و رامیاری بووە لە ئەستەمبوولْ، هەروەها بە پیاوێکی دووربین باسیکردووە کە بەو پەڕی گەشسبینیشەوە روانیوویەتیە ئینگلیزو چاوەڕوانی ئەوەی لێکردوون گەلی کورد رزگار بکات.

نۆئیلْ دەربارەی هەستی کوردیش دواوە کە (بە دیدی ئێمە بۆچوونەکانی نارێکن) دەڵێت : ئەم کوردانە ئاگایان لەوە نەبوو جەنگ چ کارەساتێکی کاول و وێرانکاری ئابووری لێکەوتووەتەوە، هەروەها ئاگایان لە برینە سەختەکانی ئەوروپا نییە کە ئێستا خەریکە تیماری دەکات و هەوڵی بنیات نان و ئاوەدانکردنەوەی ئەو بوارانەدا دەدا کە جەنگ وێرانی کردن.

لێرەشەوە کورد مافی خۆیەتی لە نۆئیلْ بپرسی، ئایا راستە باری سەخت و برینی قووڵی ئەوروپا لە رووی ئابووری ئاوەدانکردنەوەوە ماوەی بۆ نەڕەخساند لا لە مەسەلەی کورد بکاتەوە ؟ باشە ئەگەر وابی ئەی بۆچی بایەخی بە مەسەلەی عەرەبی داو دەسەلاّت و دەوڵەتی عەرەبی لە ناوچەکەیاندا دروست کرد (لەگەڵ ئەوپەڕی رێزدا بۆ گشت ولاّتە عەرەبییەکان).

جەنەڕالْ مۆد کاتێك لە بەسرەوە هاتە نێو خاکی عێراقەوە دروشمی ئەوەی بەرزکردەوە کە بۆ رزگارکردن هاتوون نەك داگیرکردن، بەلاّم نازانیین ئەو شالاّوە رزگاریخوازییەی ئینگلیز بۆچی کوردی لە کوردستانیش نەگرتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەشداربوون لە پارچە پارچەکردنی کوردستاندا.

نۆئیلْ بێدەنگ بوو لەوەی لە مووبەقەکەی ئەلمیس بێل لە بەغداو لە گەرماوەکەی (لۆرەنسی بە عەرەب کراو) لە حیجاز و دیمەشق ئەنجام دەدرا، هەروەها بێدەنگ بوو لە گشت چالاکییەکانی کارگێڕی هەواڵگری بەریتانیا لە نێوان بەغداو تاران بۆ دامەزراندن و راپەڕاندنی نەخشەیەکی نوی بۆ رۆژهەلاّتی ناوەڕاست لە پاش جەنگ و دامەزراندنی شا و ناونانی دەوڵەت و سنوورکێشانیان و پێکەوەنانی حکوومەت. لە هەمان کاتیشدا سەرزەنشتی کورد دەکات گوایە بێئاگان لە نالّینەکانی ئەوروپا و برینە قووڵەکانی جەنگ چەند بەستەزمانە ئەوروپا دەبوو کوردەکان برینەکانی سارێژ بکەن و نەخشەی نوی بۆ دەوڵەتەکانی دابنێن، هەروەها دەبوو لە دەرەوەش پاشا و حاکم و سەرۆك وەزیرانیان بۆ بێنی. ئەی ئەوروپای بەستەزمان ئێمەی گەلی کورد دەبی بە شێوەی رەسمی داوای لێبوردنت لێبکەین، ئێمە ئاگاداری باری دەروونی تۆین، پێویست بوو ژیانی ئابووری و رامیاری و تەنانەت رۆشنبیریشت

رێك خەینەوە،.. دەبوو كورد دەسەڵاتێكی سەربەخۆت پـی ببەخشن و شایەكی (شەریف) و سەرۆك وەزیرانێكت بۆ هەڵبژێرن بۆ ئەوەی لەسەر پی بووەستی، ئەی بەریتانیای بەستەزمان " ئەوە ئێمە تا ئێستا باجی ئەو دەستكەوتانە دەدەینەوە كە لە رێی ئێوەوە دەستمان كەوت.
" خوا چاوی مێژوو كوێر بكات كە چەندین خەوشی تیایە "

## مس بێڵ

مس بێڵ (نهێنیاری رۆژهەڵاتی) لە كارگێری نوێنەری باڵای بەریتانیا، ساڵی ١٩١٦ گەیشتە عێراق و ساڵی ١٩٢٦ لە بەغدا كۆچی دوایی كرد. رۆڵێكی گرنگی گێڕا لە راپەڕاندنی رامیاری بەریتانیا لە عێراق. نووسەر لە رێی خوێندنەوەی نووسینەكانی مس بێڵ ەوە هەست بەوە دەكات جۆرە رقێكی لە كورد و مەسەلەی كورد هەبووە.

خاتوو مس بێڵ بەوپەڕی وردەكارییەوە واقیعی رامیاری توركیای باسكردووە كەوا كەوتۆتە پێش رامیاری بەریتانیا لە سەودا كردندا لەگەڵ كورددا. ئەوەی باسكردووە كە لە دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا حكوومەتی بەریتانیا هەوڵێكی چڕوپڕی داوە بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر كوردەكاندا، كە لە هەر گەلێكی دیكەی ژێر دەسەڵاتی ئەو ئیمپراتۆرێتییە پتر خوازیاری سەربەخۆیی بوو، هەروەها پتر لەوانی دیكەش مایەی بێزاری و سەرئێشەیی بوو بۆی. توركەكان باش ئەو گرفتەیان لێكدابووەوە و بە هێزی ئەو سەرۆكانەی كە دەرەبەگ و ستەم كار و خاوەن چەك بوون گەمارۆی دابوون. بۆیە تەنها شمشێرێك نەبوو ئاڕاستەی دانیشتوانی مەسیحی و میری بە تەنها بكری، بەڵكو ئاڕاستەی هۆزەكانیشیان كرابوو ئەو هۆزانەی پیاوەكانیان باری ژیانیان نەختی لە كۆیلە باشتربوو كەوا ئاغاكانیان دەیانخستنە ژێر پێیانەوە، ئەوە بوو توركەكان بە پێی رێبازی تورك سەودایان لەگەڵ ئاغاكاندا دەكرد. كە لەوەدا دەرەخسا یەكێكیانیان دژی ئەوانی دی بەكار دەهێنا بۆ لاوازكردنی، یەكێكی دیكەشی بە دزییەوە دەیدایە دەستیان. سێیەمیشیانی بە پارە دەكڕی، تا لاواز بی و داوای لێبكات باری ژیانی باشتر بكات. بەم شێوەیە توانیان میرەكانی بابان لە سلێمانی لە كوردستانی باشوور لاوازبكەن و دواییش دابەشی بكەنبە سەر ئیمپراتۆرییەتەكەیاندا.

لە باكووریش بەدرخانییەكانیان لە جزیرەی ئیبن عومەرەوە هێنا بۆ ئەستەمبوول و عەبدولقادری سەرۆكی خێزانی شەمدینیان ملكەچی دەس بەسەری كرد، ئەنجا دایانە پاڵ



ئیبراهیم پاشای میللی لە رۆژهەڵاتی حەلەب پاشان ناحەزەكانیان دژی هاندا بۆ ئەوەی زاڵبن بەسەریا و ناوچەكەی لە ژێر دەست دەربكەن (١٨١).

مس بێڵ هەوڵی ئەوەی داوە تیشك بخاتە سەر هۆیەكانی مەترسی كورد لە بەریتانیا و دەوڵەتانی رۆژئاوا لەو باوەڕشدایە زیادبوونی هەستی نەتەوایەتی كوردەكان لەبەر ئەوە بووە ترساون نەوەك وڵاتانی رۆژئاوا بیانخەنە ژێر دەسەڵاتی ئەرمەنەوە. بۆیە گریمانەی ئەوە لە گۆڕی بووە، بەزەبری هێز ناچاریان بكەن پێوەندییان لەگەڵ پاشماوەی ئەرمەنەكاندا باش بكەن، هەروەها سزادانیان لەسەر ئەو تاوانە چەپەڵەی دژیان تۆماركراون یان گۆڕینی هەڵوێستیان بەرانبەر بەریتانیای مەزن لە پێوەندی دەم و دوییەوە بەرە و نائارامی بەردەوام، نەوەك بەریتانیا یان هەر دەوڵەتێكی دیكەی رۆژئاوایی مافی ئینتداب وەربگرن و لای ئەرمەنەكان بگرن، ئەم مەترسی و دڵەراوكێیەشیان لە وڵاتی كوردستان زەمینەیەكی لەباری دروستكرد بۆ پڕوپاگاندەی تورك دژی كورد لە كاتی درێژە كێشانی ماوەی نێوان راگەیاندنی ئاگربەست و گرێبەستی ئاشتی لەگەڵ توركیا بەریتانیا هەلێكی گونجاوی بۆ بەرپا بوو تیایدا كەڵك لە سوودەكانی كاروباری خۆجێیەتی ببینی(١٨٤).

تێبینی ئەوەمان لەسەر نووسینەكانی مس بێڵ هەیە كە تێڕوانینی بۆ مەسەلەی كورد ئەوە نەبووە كە مەسەلەیەكی نەتەوەخوازی راستەقینەو مافێكی رەوایە. چونكە ئەو لە گۆشەنیگای مەسیحییەتەوە روانیویەتییە مەسەلەكە، مەبەستیشمان لایەن گرتن یان بی لایەنی مس بێڵ نەبووە بۆ مەسیحییەكان، بەڵكو ئەو گرفتەكانی ناوچەكەی لە گرفتی مەسیحییەكاندا بەرجەستە كردووە، ئەم مەسەلەیەش وەك لە نووسین و راپۆرتەكانیدا دەردەكەوی لە هەموو شتێك زیاتر بووەتە جێی بایەخی، بەڵام مەسەلەی داخوازی نەتەوەیەك بۆ بڕیاردانی چارەنووسی وەك نەتەوەكانی دیكەی پاش جەنگی جیهانی یەكەم مەبەستیشمان كوردە لەسەر ئاستی هێڵی بایەخەكانی ئەو دوای ئەو گرفتە كەوتووە كە لە سەرەوە باسمانكرد، بەڵكو لەوەش زیاتر، چونكە هەست دەكەین هەوڵی داوە لە باری كورد و مەسەلەكەی كەم بكاتەوە و بە پێی تواناشی بەو شێوە بڵاوی بكاتەوە. ئەم ئارەزووەش لە نووسینەكانیدا روونە، رەنگە ئەم دێڕانەی خوارەوەش ئەم بۆچوونەی ئێمە دووپات بكەنەوە.

مس بێڵ باسی ئەوە دەكات كە كاتێك هاوپەیمانان ساڵی ١٩١٨ سەركەوتنیان وەدەس هێنا بوو مەسەلەی گرنگیان لە پێش بوو، تایبەت بوون بە مەسیحییەكان و پێویستیان بە تێڕوانینی قووڵ هەبوو، هەردووكیشیان پێوەندییەكی زۆریان بە كوردستانی باكوورەوە هەبوو، یەكەمیان

مەسەلەی قەرەبووکردنەوەی ئەرمەنییەکان بوو، دووەمیشیان پەیوەست بوو بە دانانی نەخشەیەك بۆ گەڕاندنەوەی ئاسوورییەکان بۆ ولاّتی خۆیان. مەسەلەی یەکەمیشیان زیاتر لەوی دی ئالۆزتر بوو، بۆ بەخت ڕەشیش مەبەستە خێرخوازییەکانی هاوپەیمانان بەرانبەر ئەرمەن نەخشەی بۆ دانرابوو، بەلاّم بە بێ ئەوەی بە تەواوەتی لێی دلّنیابن کە جێبەجێدەکری پڕوپاگاندەیەکی زۆریان بۆ کردبوو. تەنانەت ئەرمەنییەکان خۆیان بەو نەخشەیە هەلّخەلّەتان و بە ئاشکرا هیوای خۆیان دەردەبڕی بۆ پێکەوەنانی دەولّەتێکی ئەرمەنی خاوەن سنووری جیا. بانگەشەی ئەوەیان دەکرد هەر شەش ویلایەتی ئەنازۆلّ دەگرێتەوە کە ئەرمەنییان تیا بووە یان تا پێش سالّی ١٩١٥ تیایدا ژیاون ولایەتەکانیش ئەمانە بوونە : سێواس ئەرزڕووم، خربوت، مەعموری، دیاربەکر، بدلیس، وان بەرانبەر بەمەش کوردەکان کە لەو شوێنانەدا زۆرینەیان پێك دەهێنا هۆشیار بوونەوەو هەستی نەتەوایەتییان زیادی کرد (١٨٣).

وێڕای ئەوەی لە سەرەوە باسمانکرد دەبینین مس بێلّی سیاسەتمەداری لێهاتوو خۆی لەهەر باسێکی بابەتی سەبارەت بە مەسیحییەکانی کوردستان دوور دەگری. ئەم دەقەی خوارەوەش شایانی شیکردنەوەیە مس بێلّ دەلّێت: کاتێك بۆ یەکەمجار بزوتنەوە دژی مەسیحییەکان رووی دا داوای کرد ری و شوێنی سەربازی لەبەر چاو بگیری بۆ چارەسەرکردنی هەلّوێستەکە، چونکە ئەوانەی ئەم مەسەلەیەیان لا گرنگە. مەبەستی رامیاری بەریتانیایە — هەروەها دەولّەتانی هاوپەیمانیش هەر لە سەرەتاوە باوەڕیان وابوو هەرای لەو چەشنە کاروکردەوەی خێلّە شاخ نشینە دڕندەکانە ئەگەریش دەست و برد کپ نەکرێنەوە و لەڕەگەوە بنبڕ نەکرێت زوو پەرەدەسێنی، بەلاّم سەختی ناوچەکەو نەبوونی رێگاوبان رێگربوو لە بەردەم شالاّوی سەربازدا بۆ سەر مەلّبەندەکانیان، بە تایبەت ئەو کاتە فرۆکەی جەنگی لەبەر دەست نەبووە (٩٥).

وا دیارە بە پێی دیدی مس بێلّ کورد لەبەر ئەوەی لەگەلّ ئەرمەندا کە دراوسێیانن چ لەسەر سنووری کوردستان و چ لەسەر سنووری ئەرمینیاوە دەبی دڕندەبن. مس بێلّ داخی بۆ ئەوەش خواردووە کە نەتوانراوە وەك ئەو هەرایە هەر لە سەرەتای سەرهەلّدانییەوە کپ بکرێتەوە و ریشەکێش بکرێت، هەروەها داخی بۆ ئەوەش خواردووە ئەو کاتە فرۆکە نەبووە تا کوردی پی بنبڕ بکرێت.

لە راستیشدا پەنجە ناخاتە سەر برینەکە، خۆی لەوە گێل دەکات کە کێشە راستەقینەکە کێشەی نێوان کورد و ئەرمەن یان کورد و مەسیحی نییە، چونکە کێشە راستەقینەکە لە لایەکەوە کێشەی نێوان تورك و ئەرمەنە، لە لایەکی دیکەشەوە کێشەی نێوان تورك و کوردە.



تورکیای عوسمانی بەردەوام هەولّی داوە کورد بکاتە سووتەمەنی گشت کێشەکانی ناوخۆ و دەرەوە، کاتێکیش هۆکاری ئایینی باوی نەما بایەخی تورکیا کەوتە سەر وەتەری نەتەوایەتی کورد.

تورکیا هەرگیز کەم تەرخەم نەبووە لە کۆشش کردن بۆ ئەوەی ئەوە لە دلّ و دەروونی ئەرمەن و مەسیحییەکاندا بووروژێنی کە کورد مایەی هەڕەشەیە بۆ سەریان، بە هەمان شێوەش هانی کوردی دەدا دژی ئەرمەن و مەسیحی (گوایە کافرن و چاویان لە خاکی کوردە) تا خۆیشی لە دوورەوە دانیشی و بڕوانی ئەوان چۆن یەکتر دەکوژن بۆ ئەوەی دەسەلاّتی خۆی باشتر بسەپێنی.

بۆ هەموو کەسێکیش روونە کە هاوپەیمانان لە سەوداکردنیاندا لەگەلّ کورددا هاوسەنگ نەبوونەو هەمیشە لای ئەرمەنییەکانیان گرتووە، ئەمەش لە میانەی ئەو یادداشتنامەیەدا روون دەبێتەوە کە جەنەرالّ شەریف پاشا ناردی بۆ کۆنگرەی ئاشتی لەوی خوێندرایەوە، دواییش دەگەڕێیننەوە سەری.

وا دیارە مس بێلّ دووچاری گرێی ئایینی (مەسیحی) بووە ئەگەریش نووسینەکانی شیبکەینەوە و لە ناوەرۆکی دەستەواژەکانی بکۆلّینەوە کە بە خامەی خۆی نووسراون ئەمەمان بە جوانی بۆ روون دەبێتەوە.

بێلّ لە دوو دەستەواژەو لە دوو بابەتی جیاوازدا ئاماژە بەوە دەدا ئینگلیزەکان خاوەن چاکەن بەسەر کوردە موسولّمانەکانەوە چونکە وەك مەسیحییەکان سەودایان لەگەلّ دەکەن ! لە کوی؟ لەسەر خاکی کوردستان بۆیە لە لاپەڕەیەکی کتێبەکەیدا دەلّێت : بە جوانی سەودای لەگەلّ کورددا کردووە، پارەی سلفەشیان وەرگرتووە و هەرگیز جیاوازییان نەخستۆتە نێوان کورد و مەسیحییەکانەوە (٢١٩) ئەمەش لە ناوچەی ئامێدی بووە.

ئایا دەبی بۆچی لە مێشکی مس بێلّدا باسی جیاوازی نێوان کوردو مەسیحی هەبی ؟ لە کاتێکدا (جیاوازیشیان نەخستۆتە نێوانیانەوە) وەك بلّێت نەبوونی جیاوازی دیاردەیەکە لە جیاتی دەبی سوپاسیان ئاڕاستە بکرێت. واتە جیاوازی راستییەکی ئەرك ئامێزە، بەلاّم بەریتانیا ئەو جارە لە واقیع لایداوە.

لە دەستەواژەیەکی دی و لە شوێنێکی دیدا مس بێلّ دەلّێت : لە پاش پاشەکشێی تورکەکان کەوا لە ناوچەی رواندزا برسێتییان بەجی هێشت، ئەوانیش واتە ئینگلیز ری و شوێنیان گرتە بەر بۆ بەرگریکردن لەو برسێتی و وێرانکارییەی دوچاری خەلّکی ناوچەکە بوو

بوو، ئەوەبوو هەر یارمەتی و کارێکی فریاگوزاری هەبا یەکسان و بە بێ جیاوازی دابەش دەکرایە سەر موسوڵمان و مەسیحییەکاندا، رەنگە ئەو یارمەتیانەی پێشکەشمان کردن پاشماوەی چینی جووتیارانی رزگارکرد بێ، بەلاّم ئەوە ناشارینەوە کە ئەوەمان نیاز بوو پەنابەرە مەسیحییەکان ئەوانەی داڵدەمان دابوون بگەڕێنینەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان کە داکۆکی زۆریان لەسەر دەکرد (٢٢٨)

گشت ئەمانەی لە سەرەوە باسکران ئەو هەستەمان زیاتر لا قووڵ دەکاتەوە کە مس بێڵ جیاوازی خستۆتە نێوان موسوڵمان و مەسیحییەکانەوە ئەگینا بۆچی بیرۆکەی بە یەکسانی دابەشکردنی یارمەتی بەسەر کۆمەڵێك مرۆڤدا کە تورکیا چەوساندبوونییەوە بە بێ لەبەر چاوگرتنی ئەوەی مەسیحی بن یان موسوڵمان ڕێی لێبگری خۆ ئەوان وەکو یەك بە جۆش بوونە لە دژایەتی کردنی حکوومەتی تورکیادا، بەڵگەی ئەمەش زمانی هاوبەشی نێوان کوردو مەسیحییەکان بوو، تەنانەت وەك بێڵ خۆی دەڵێت : ئەوان داکۆکییان کردووە بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ شوێنی خۆیان کە ئەمەش ئەوە ئەگەیەنی لە پاش پاشەکشێی هێزەکانی بەریتانیا لە ناوچەکەدا ئارەزوویان کردووە لەگەڵ کوردەکاندا پێکەوە بژین. لەبەر ئەمە دەتوانین بە خاتو بێڵ بڵێین جیاوازییەکە لە نێوان مەسیحییەکان و تورکدا بوو کە خۆیان بە موسوڵمانی تۆخ و دروستکەری سێبەری یەزدان دەزانی لەسەر زەوی نەك لەگەڵ کوردە کوێرەوەرەکاندا کە خوازیاری مافی رەوای مرۆڤایەتی خۆیان بوون، ئیدی نازانین خاتو بێڵ بۆچی مننەت بەسەر ئەو خەڵکە لێقەوماوانەدا دەکات ئەگەر لە ئەنجامی جەنگی نێوانیان لەگەڵ تورکدا یارمەتیان پێشکەش کردبن؟

لە بناغەشدا دەبێ لێیبپرسین ئایا تۆ بۆچی لەوێیت ؟ ئەی دەبێ تورکەکان بۆ لەوێ بن ؟ کۆمەڵێك پرسیاری لەم چەشنە ئەمە سێ ساڵە شپرزەیان کردووم و هەر کاتێکیش بە **(ساحە الگیران)** دا لەبەغدا تێپەڕم کە گۆڵکۆکەتی لێیە ئەی (خاتون) وەك ئەشرافەکانی بەغدا ناویان دەبردی لە سەرووشیانەوە بەڕێز عەبدولڕەحمان نەقیب یەکەم سەرۆك وەزیرانی حکوومەتی عێراق ئەو پرسیارانە زیاتر دەموروژێنن، بەلاّم ئەوەش بەداخەوە دەڵێم شێخ مەحموود وەك ئەو کاری دبلۆماسییەتی نەدەزانی، بەر لێخۆشبوونی یەزدانکەوی ئەی ئەوەی زاراوەی دبلۆماسیت نەخش کرد، دەبێ چیت لە ژێر کراسەکەتدا شاردبێتەوە و چەند جوامێریش لە ژێر سەرینەکەتدا خنکا بن.



ئەوەش زیاتر ئازارم دەدا ئەوەیە وێڕای ئەوەی مس بێڵ تا رادەیەك مەسەلەی کوردی پشتگوێ خستووە لە هەمان کاتیشدا بە گومانە لە خواستە رەواکانی نەتەوەی کورد کە مەسەلەیەکی واقیعییە و پشتگوێ خستنی ئاسان نییە، دەیویست لەوەدا گومان دروست بکات گوایە ئەوە داواکاری پێشەوایانی کورد بووە و خواستە کەسییەکانی ئەوانی بەرجەستە کردووە. چونکە سەربەخۆیی لای ئەوان ئەوە دەگەیەنی لە گشت یاساکان رزگاربن، بە ئارەزووی خۆیان کارو کردەوەی دزی و تالاّن و ڕێگری ئەنجام بدەن واتە بە پێچەوانەوە سوود لەو ئازادییانە ببینن. هەروەها دەڵێت : ئەوان ناچاربوون لە خواستە ناڕەواکانیان بێدەنگ بن کاتێك زانیان حکوومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا بەرپرسیارێتی لەسەر بناغەی ئەوە دادەمەزرێنی خەڵك بە گشتی ئەوانەی بۆ پێشەوایەتی هەڵیان دەبژێرن دەبێ ملکەچی سیستم و یاسای پێویست بن بۆ پاراستنی ئاسایش و بلاّوکردنەوەی دادگەری و دابینکردنی پێشکەوتن و سوود بینین لە داهاتی ولاّتەکەیان (١٩٧).

مس بێڵ لێرەدا توانستی گەلی کورد لە لایەك و لە لایەکی دیکەشەوە مێژووی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد و خواستی رزگاریخوازی میللەتی کورد پشتگوێ دەخات نەك لەو کاتەوە ئینگلیز گەیشتووەتە عێراق و هاوپەیمانان سەرکەوتوون، بەڵکو ئێمە دڵنیاین ئەو باش لەوە ئاگادارە گەلی کورد چی دەوێ، نەك فلان سەرۆك و فلان پێشەوا چییان دەوێ. نازانین چ ڕێگرێك لەبەردەم بەریتانیا بوو بۆ دامەزراندنی حاکمێکی کورد لەسەر باشووری کوردستان تەنانەت ئەگەریش لە دەرەوە هانیبای وەك چۆن فەیسەلی یەکەمی کرد بە مەلیکی گەلی عێراق کە خەڵکی ناوچەکەش نەبوو ! بەریتانیا هەر شتێکی بویستبا دەیکرد هەروەها هەر بڕیارێکیشی دەربکردایە جێبەجێی دەکرد، هەر کاتێکیش بۆ مەبەستێك پاساوی بهێنایەتەوە ئەوەی دەکرد وەك چۆن لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا سەودای دەکرد، بەلاّم گرفتەکە لەوەدا بووە قەناعەتی تەواوی نەبووە مافەکانی گەلی کورد دابین بکات، هەر بۆیەش بیری لەوە کردەوە یارمەتی تورکیا بدات تا زاڵ بێت بەسەر بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورددا، بەلاّم پاشان هەڵوێستی گۆڕی.

مس بێڵ لەم بارەیەوە دەڵێت : پێشنیازێك لە گۆڕی بوو ئەوەی دووپات دەکردەوە کە لەبەر ئەوەی ئەو ولاّتانەی دەکەونە سەر باکووری سنووری دەسەلاّتمان ملکەچی داگیرکردنی تورکن دەشی داوا لە تورکەکان بکەن هەڵوێستێك دژی دوژمنکاران ئەنجام بدەن — مەبەستیش شۆڕشگێڕانی کوردە — (١٩٦).

لێرەشەوە ئەم پرسیارە خۆی دەسەپێنی.. کی لە ژێر رەحمەتی داگیرکەردا بوو، ئەگەریش گریمانەی ئەوە هەبی فلان سەرۆك یان فلانە شێخ بە پێی گومانەکانی مس بێلٚ راستگۆ نەبووبن بۆ داخوازییە رەواکانی نەتەوەی کورد، ئیدی چۆن فرۆکەوان شێخ و سەرۆك و خەڵکی رەمەکی و گوندە پەرش و بلاٚوەکانی ناوچەکە لە یەك جیادەکاتەوە؟

ئەوەی مس بێلٚ بخوێنێتەوە هەست بەوە دەکات بەریتانیا نەیویستووە مەسەلەی کورد بە دەستی دەرەبەگ و پیاوانی دەوڵەمەند یان بۆرجوازی کوردەوە بێت کە بەرژەوەندی خۆیان دەخەنە پێش بەرژەوەندی گەلەکەیان — وەك بێلٚ دەڵێت -، بەلاٚم لێرەدا دەبی بپرسین ئایا بەریتانیا لە هەمان ئەو سالاٚنەدا لەگەلٚ پرۆلیتاریای عەرەبیدا بۆ بڕیاردانی چارەنووسی عەرەب بە هەمان شێوە سەودای کردووە ؟

ئایا شەریف حوسەین جووتیار بوو؟ کاتێکیش بیروڕای شەریف حوسەین یان هەلوٚێستەکانی نەیار بوون لەگەلٚ بەریتانیا لە قوبرس دەس بەسەر نەکرا، وێڕای ئەوەش بەریتانیا بەردەوام بوو لە سەوداکردنیدا لەگەلٚ ئەو بنەماڵە (برۆلیتاری) یەدا لۆرانس ڕێبەری رۆحی و سەربازی و رامیاری و دۆستی هەرە دڵسۆزی فەیسەلٚ بوو. دەبی بەریتانیا چۆن بۆی دووپات بووبێتەوە حوسەین و کوڕە دڵسۆزەکانی زۆر دڵسۆزی مەسەلەی عەرەبن ؟ بەلاٚم هەلوٚێستی نەتەوایەتی شێخ مەحموود لای ئەوان جێی گومانە، ئەگەریش ئەو دوو کەسێتییەمان بەراوردکرد دەبینین هەلوٚێستی پێشەوایانی عەرەب گەلێك ساکارتر بوو لە هەلوٚێستی پێشەوایانی کورد لەسەر ئاستی هەر دوو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردو عەرەب و خێزانی هاشمی سنووری نزیکی لەگەلٚ ئەرمەن یان رووسیا نەبوو هەروەها کۆمەڵگای عەرەبی لە نەجدو حیجاز ئەو ژینگە کۆمەلاٚیەتییەی حوسەین و کوڕەکانی تیا گەورەبوون کەمایەتی مەسیحی و ئەرمەن تیا نەبوو، یان تەنها یەك گوندی مەسیحی یان ئەرمەنی لە گشت دوورگەی عەرەبیدا نەبوو هەروەها نەتەوەی دیکەی غەیرە عەرەبی تیا نەبوو کە خواستی نەتەوایەتییان هەبی، هەروەها لە رووی جوگرافیاشەوە لە تورکەوە دوور بوون، بەلاٚم کوردەکان لە نێوان ئەو دوو ناحەزەدا بوون (تورك و عەرەب)، کوردستان لە باکووری سووریا و باشووری تورکیا، ولایەتی موسڵیش ناوبەرێکی مرۆیی دروست دەکرد لە نێوان عەرەب و تورکدا. کوردەکان هەمیشە گورزیان ئاڕاستە دەکرا و لە لایەن کۆنە دوژمنانەوە تورکی عوسمانی گشت شێوە دوژمنکارییەکی راستەوخۆیان بۆ گوزارشت دەکرا. کاتێکیش حوکمی عوسمانی بەسەر چوو و سەردەمی دادگەری هاتەپێشەوە، عەرەب بەشی تیا هەبوو، بەلاٚم دیارە بەشی کوردی نەکردووە، بۆیە چەندین دەوڵەتی عەرەبی



دامەزران و چەندین شا لەسەر کورسی عەرش دانیشتن، پەرلەمانیان دامەزراند و حکوومەتیان پێکەوەنا لەم هەموو هەراو بەزمەشدا مس بێلٚ خەریك بووە بە (ڕاستگۆیەتی) بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردەوە ئایا بەرانبەر خواستە نەتەوایەتییەکانیان راستگۆن یان نا.

مس بێلٚ کەوتۆتە نێو ناکۆکی روونەوە دەربارەی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد، وەك وتمان گومانی لە راستگۆیەتی کردووە، چونکە پاساوی ئەوەیان بۆی دەهێنایەوە گوایە پێوەندی بە بەغداوە هەیە بێجگە لە هۆکاری جوگرافی کە پاشان دێینەوە سەری کاتێك نماییشی بۆچوونەکانی نوئێل بکەین بێل دان بەوەدا دەنێت دەوڵەتی کوردی لە بیری پێشەوایانی کورددا بوونی هەبوو، بە تایبەتیش شێخ مەحموود، بەلاٚم ئەوە بەداخەوە لە بیرو ئەندێشەی مس بێلٚ دا نەبووە، ئەم راستییەشمان لە هیچ سەرچاوەیەکی دیپەوە وەرنگرتووە، بەڵکو تەنها لە نووسینەکانی خۆیەوە هەڵمان هێنجاوە.

مس بێلٚ ئەوەی بۆ خەڵك روون کردۆتەوە کەوا بە پێی توانا کارمەندانی کارگێڕییەکەی کورد دەبن. ئەفسەری کورد رۆلٚ دەگێڕی و زمانی کوردی دەبێت بە زمانێکی فەرمی. یاساکانیش هەموار دەکرێن تا لەگەلٚ نەریتی ناوخۆدا بگونجێن دەزگایەکیش دادەنرێت بۆ وەرگرتنی باج بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵك، کاتێکیش کاروباری هۆزەکان چارەسەربکرێن ڕێزی داب و نریت دەگیری. ئەو سەرۆکانەش دانیان پێدانراوە رێگایان پی دەدری وەك جاران کاروباری هۆزەکانیان بەڕێوەبەرن. لەسەر ئاستی کاروباری داراییش ئەوە ناوچەکە بودجەی تایبەتی خۆی دەبی کە تەرخان دەکرێت بۆ بەڕێوەبردنی ولاٚت و بەرهەم هێنان، بەلاٚم دەبی شتێکیشی لی تەرخان بکرێت بۆ خەرجی کارگێری دایك لە بەغدا.

لە لایەکی دیکەشەوە پێوەندی لەگەلٚ عێراقدا لەسەر ئاستی بواری گرنگ دابین دەکرێت، پەروەردەو ئیش و کاری گشتی و رێگاوبان و هۆیەکانی تەلی و بی تەلی هەموو لە بەغداوە ئاڕاستە دەکرێن (١٩٨).

بەلاٚم لە هەمان لاپەڕەدا جارێکی دی و بە پابەندییەکی تەواوەوە دەگەڕێتەوە سەر باسی رایەکەی مێجەر سۆن لەو راپۆرتەیدا کە نووسراوەکەی لە خۆگرتووە و دەڵێت خواستەکانی شێخ مەحموود لەگەلٚ ئەو رەوتەدا نەدەگونجا واتە بەستنەوەی کوردستان بە بەغداوە لەگەلٚ جۆرە نیمچە ئۆتۆنومییەکدا (اللامرکزیە)، پاشان جارێکی دی گەڕاوەتەوە سەر راپۆرتەکەی سۆن کە دەڵێت : ئەگەر ئۆتۆنۆمی بدرێتە کوردستانی باشوور دەبی ملکەچی سەرپەرشتی بەریتانیا بێت و کارمەندانی بەریتانیش یارمەتی دەدەن بۆ رێکخستنی کاروباری ناوخۆی، کەچی شێخ

مەحموود وەك بەهێزترین کەسیی کورد لە وولاتەدا دەرکی بەوەکرد دەشی دەوڵەتێکی کوردی بە یارمەتی ئێمە دامەزرێنی و پێوەندی بە بەغداوە نەبی، بە هۆیشییەوە بتوانی جوغزی دەسەلاتی کەسیی بەرین بکاتەوەو ببێتە دیکتاتۆرێك دەسەلاتی بسەپێتە سەر گشت ناوچەکانی ولاتدا لە خانەقینەوە تا شەمدینان، لە چیای حەمرینیشەوە تا نێو سنووری ئێران، بەوەش لەوە دوور دەکەوتەوە کە حکوومەتەکەی والیێبکات ببێتە هۆی رزگارکردن، دەزگایەکیش بۆ ئاوەدانکردنەوەی ولاتێکی دواکەوتوو (١٩٨).

ئێمە لەو باوەڕەداین رازی نەبوونی شێخ مەحموود بە بەستنەوەی ناوچەکە بە بەغداوە و ئارەزووی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی هەرگیز ئەوە ناگەیەنی پاساوی ناوبراو پێکبهێنێت، چونکە ئایا حکوومەتێکی سەربەخۆی کوردی سەربەخۆ و دانپێدانراو و ملکەچی ئینتیدابی بەریتانیا وەك حکوومەتی بەغدا دامەزراو شێخ مەحموود قبوولی نەکرد ؟ ئایا دەوڵەتێکی کوردی دامەزراو شێخ مەحموود یان کەسێکی دی پێی رازی نەبوون بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەم ناوچە دواکەوتووە وەك چۆن لە کۆتایی راپۆرتەکەی سۆندا هاتووە، لە کتێبەکەی مس بێلٚ متمانەی پێکراوە؟ ئەی بۆچی شێخ مەحموود خوازیاری دامەزراندنی دەوڵەتێك نەبێت ؟ ئەگەریش ئارەزووی دیکتاتۆرییەتی هەبا وەك لە راپۆرتەکەدا هاتووە، ئایا بەریتانیای مەزن نەیدەتوانی سنووری بۆ دابنی وەك مەلیکی کوردستان یان لابردنی و دانانی یەکێکی دیی لە جیاتی، ئایا دەشی سەرجەم گەلی کورد سزابدری و لە مافی بڕیاردانی چارەنووس بی بەش بکری بە بیانووی ئەوەوی شێخ مەحموود دەیەوی ببی بە دیکتاتۆر؟باشە ئەی ئەگەر شێخ مەحموود بە تایبەت لەو ماوەیەدا بمردایە چی دەبوو ؟ ئایا بەریتانیا سەربەخۆیی دەبەخشی بە کوردستان ؟ خۆزگە مس بێلٚ زیندوو دەبووەوە و لە وەلامی ئەم پرسیارانە ئاگاداری دەکردینەوە.

دیدوبۆچوونی ناڕێکی مس بێلٚ سەبارەت بە بزوتنەوەیە نەتەوەی کورد وەك لەوەدا دەرەخسی کە جارێك گومانی لێکردووە و جارێکیش ویستوویەتی مۆرکی سەرتاپاگێڕی لەسەر هەلگری، لەسەر راپۆرتەکەی مێجەر نۆئیل دەڕوا کەوا دەلێت هەستی نەتەوایەتی کورد لە چوارچێوەی هەست کردندا بۆ نەتەوەیەکی یەکگرتوو لەنگەر ناگری (٢١٠). هۆی ئەوەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو چیایانەی دەبنە ناوبەر لە نێوان هۆزەکاندا، بەلام مێجەر نۆئیل و مس بێلٚ ئەوەیان لە بیر چووە پێش کەمتر لە نیوسەدە لەوەی ئەوان بگەنە ناوچەکە هەمان ئەو چیایانە لە گۆڕی بوون، بەلام شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی کە ئامانجی



دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بوو لە کوردستانی تورکیاوە دەستیپێکرد و گەیشتە شنگار و ورمی، ئەوانیش باش کارتێکەریی ئەم دوو شارە دەزانن چەندە. هەر ئەو چیایانەش سالی ١٨٨١ نەبوونە ئاستەنگ لەبەردەم هەستی نەتەوایەتی یەکگرتووی کورد.

لێرەشدا نامانەوێت نموونە کۆمەڵ بکەین، تەنها ئەوەمان مەبەستە دیدوبۆچوونی ناڕێکی مس بێلٚ سەبارەت بە مەسەلەی (یەکێتی هەستی نەتەوایەتی) نمایش بکەین. مس بێلٚ لە کتێبەکەیدا دەلێت : نوێنەرانی (لیژنەی نەتەوایەتی کورد) لە ئەستەمبووڵ لە مانگی مارت لە رێگای رۆیشتنیاندا بۆ سلێمانی بە موسڵدا تێپەڕین (٢٠٨) مس بێلٚ بۆ ئەوەی خۆی لە گرفتی نەتەوەی کورد دەرباز بکات، کە وەك دیارە گشت جۆرە کاردانەوەیەکی نەتەوەیی یەکگرتوو نائارامی کردووە، والێکداوەتەوە ئەو دیدارە نەتەوەییەی لە نێوان ئەو کوردانەی لە کوردستانی تورکیاوە هاتوون لەگەڵ شێخ مەحموددا سازدراوە دژی بەریتانیا بووە. وەك بلێت کوردەکان بۆیە خولقاون دژی بەریتانیا هەلۆێست وەرگرن.

لە شوێنێکی دیدا بۆچوونێکی پێچەوانە دەنوێنی، نەیاری ئارەزووی مس بێلٚ، شێخ مەحموود پێوەندی بە هێزی هەبووە لەگەڵ هۆزی کۆیان کە هۆزێکی کوردە و لە نزیك شاری شرناخ لە کوردستانی تورکیا دەژی. خاتو بێلٚ ئەم هۆزە کە مالەکانیان دەکەونە باکووری زاخۆوە بە یاخیبوو دەداتە قەلەم (١٩٥).

هەروەها هەردوو شاری جزیرە و ئیبن عومەر و شاری شەرناخی بە مەلبەندی شەڕ داناوە (١٩٤). ناشزانین پێوەندی نێوان شار و هۆزەکانی رۆژهەلات و رۆژئاوای کوردستان بە چی ناوبنێین تا مس بێلٚ پێی خۆش بی؟ ئایا ئەوانە هەموویان نیشانەی یەکێتی نەتەوەی کورد نیین ؟ ئەی ئەگەر وا نەبی چیین؟

مس بێلٚ ئەیەوی ئەوە دووپات بکاتەوە کە (یەکێتی و هەست لە یەکەوە نزیکبوون لە نێوان کوردستانی باشوور و کوردستانی باکووردا نییە)، پەنجە بۆ ئەوەش رادەکێشی کە شێوە زمانی هەردوو لاشیان جیاوازە و باش لەیەك ناگەن. ئەوەشی کردووە بە بەلگە کە سەید تەهای شەمزینی کە یەکێکە لە خوازیارانی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەستی لە شێخ مەحموود هەلگرتووە و پەیمانی داوە هەرچی لە تواناداِ بێت دژی ئەو بیکات (٢٠٢).

لێرەدا پێویستە لە مس بێلٚ بپرسین کە بالادەستە لە کاروباری رۆژهەلاتدا، بە تایبەت هیندستان، کە بارەگای جێگری شای بەریتانیای لێیە. ئایا ئەو سەدان شێوە زمانەی لەو ولاتە هەن کە هەندێکیان لە یەکیشەوە دوورن رێگر بوونە لەبەردەم ئەوەی هیندستان لە دیدی

بەریتانیادا یەکەیەکی رامیاری بێت هیندیش وێڕای جیاوازی ئایین و مەزهەب و شێوەی زمان و کەش و هەواو بەرزی و نزمی بە (گەوهەری تاجی بەریتانیا) ناوبنێت. تاکە یەك گەوهەریش نەك گەلێك. ئیدی دەبی بۆچی تەنها لەبەر بوونی دوو شێوەی زمان باکوور و باشووری کوردستان دابەش بکرێت ؟

دەبی مس بێلّ کە پسپۆرە لە کاروباری ناوچەکەدا ئەوەی لی ئاشکرابی شێوە زمانی عەرەبی خەڵکی موسڵ جیاوازییەکی گەورەی هەیە لەگەڵ شێوە زمانی خەڵکی شاری عیمارە لەم بارەیەوە دەتوانین گەلێك وشە بکەین بە نموونە بۆ وێنە دانیشتوانی شاری بەغدا وشەی (اشتعل) بە واتای داگیرسان بەکار دێنن، کەچی خەڵکی موسڵ بە واتای (سووتان — احتراق) بە کاری دێنن، وشەی (دجاج) واتە مریشك لە شێوە زمانی خەڵکی عیمارە دا دەبی بە (دیای) ئایا ئەم جیاوازییانە لە یەکێتی نەتەوەی عەرەبیان لە عێراق کەم کردۆتەوە بە تایبەت لە دیدی بەریتانیا هەروەها دامەزراندنی مەلیکێکیش لە لایەن بەریتانیاوە، تەنانەت ئەو مەلیکەش لەو هەرسی شێوە زمانە ناگات، چونکە لە بناغەدا عێراقی نییەو بە شێوە زمانی حیجازی دەدوی ؟

ئەی ئەگەر سەید تەها لەگەڵ شێخ مەحموود نەگونجی بۆ ئاسایی نەبی، ئایا گشت ناودارەکانی عێراق لایەنگری ئەوە بوون فەیسەڵ ببی بە مەلیکی عێراق ؟ ئایا مس بێلّ خۆی تالیب نەقیبی بەند نەکرد کە بۆ چا خواردنەوە داوەتی کردبوو (لە پاش فریودانی) چونکە بەرهەڵستی فەیسەڵ بوو، پاش ئەوەش دوور خرایەوە ودەسبەسەر کرا.

بۆ پتر دووپات کردنەوەی بە دوو جۆر سەوداکردنی ئینگلیز لەگەڵ هەر دوو مەسەلەی عەرەبی کوردیدا کۆتلۆف لە زمانی ئیرلاندەوە (٣٢٨) دەڵێت : وێڕای ئەو زەمینەیەی کە ئینگلیزی داگیرکەر خۆشی کردبوو نۆکەرەکەیان — مەبەستی فەیسەڵی یەکەمە — کاتێك گەیشتە بەغدا بە ساردی پێشوازی لێکرا، تەنانەت لە هەندی کۆبوونەوەدا کە لە بەغدا بەسترا — وەك کۆتلۆف دەڵێت : دروشمی ئەوتۆ بەرزکرایەوە کە نارەزاییان دەردەبڕی بۆ دانپێدانان بە دامەزراندی فەیسەڵ بە مەلیکی عێراق (٢٦٤).

وێڕای ئەوەش لە سەرەوە ئەم مەسەلەیەی باسمانکرد دەڵێین : ئەگەر ئینگلیز ئارەزووی لێبوایە حکوومەتێکی کوردی و دەوڵەتێکی سەربەخۆ دامەزرێنی ئەوە ناوێکی دەسەپاندە سەر ناودارانی کورد و بەرژەوەندییەکانی خۆی دەخستە پێش بە بی ئەوەی پێویست بکات نوئێل یان کەسێکی دی بنێرن بۆ لێکۆڵینەوەی ئەوەی ئایا کوردەکان ئارەزوویان لێیە دەوڵەتێك لە



کوردستانی باکوور دامەزرێنن، لە راستیشدا برسی کۆکس لەو دوانەیدا روون بووە کە ئاراستەی گەلی عێراقی کردووە و لە رۆژنامەی (تایمس) لە ١٩٢٠/٨/٣٠ بلاّو کراوەتەوە کاتێك وتوویەتی : من هاتووم بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبی سەربەخۆ، ئەوەش بەندە بە دانانی سنوورێك بۆ ئەو جەنگەی کە رێگا نادات لێتان بگەین و بۆتان بکۆشین بۆ رزگارکردنتان (بڕوانە کۆتلۆف ٢١٠) ناشزانین برسی کۆکس بۆچی لە رووی نەتەوەخوازییەوە سەودا لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدا دەکات کە ئەیەوی لە عێراقدا دایمەزرێنی، وێڕای جیاوازی نەتەوەو ئایین و ئایینزا لەم ولاّتەدا، بەلاّم بەرانبەر بە کورد لەگەڵ نهێنیارەکەیدا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی چاوچنۆکی دەنوێنی بە هۆی دوو شێوە زمانەوە یان بە هۆی ئەوەوە کەسانێك لەگەڵ شێخ مەحموودا ناکۆکن.

ئایە لە رۆژی قابیل و هابیلەوە تا ئەمڕۆ ژیانی رامیاری بە بی پێشبڕکی هەبووە ئایا سیستمی حوکمی بریتانی لەسەر پێشبڕکێی رامیاری بەند نییە ؟

مس بێلّ هەوڵی داوە لە باری رێکخراوە چالاکەکانی کورد کەم بکاتەوە کە خەباتیان دەکرد لە پێناو مافی بڕیاری چارەی خۆ نووسین بۆ گەلی کورد، ئەو رێکخراوانەی خاوەنی کۆششێکی رامیاری روون بوون لە پێناو مەسەلەی کورددا، بەلاّم مس بێلّ بە هەموو ئاکارەکانییەوە — و پتر لە کەرەتێك نازناوی ناشیرینی خستۆتە پاڵ ئەندامانی ئەو براکسیۆنە سیاسییانەی لە کوردستانی تورکیا چالاکییان هەبووە (٢٠٦). لە راستیشدا ئەوان لە مانۆڕ دا بوون لەگەڵ تورك بۆ گەیشتن بە ئەنجامێك لە بەرژەوەندی مەسەلەی کورددابێت.

سیاسەت زانستی شیاوکارییە، ئەگەر کوردەکانیش لە میانەی پارتەکانیانەوە مانۆر کاری بکەن و لەگەڵ ئەم لایەن و ئەو لایەندا لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجی رامیاریدا خەبات بکەن مەسەلەیەکی سروشتییە.

مس بێلّ لەو هاو ئاوازییەی لە نێوان یانەی کوردی و حکوومەتی تورکیادا هاتۆتە گۆڕی و بووەتە هۆی ئازادکردنی شێخ مەحموود میللی زۆر بێزار بووە، هەروەها لە هەر تروسکەیەکی نیشانەی کردنەوەی گری کوێرەی رامیاری تورك بەرانبەر کورد پتر خەم دایدەگرت. راستە ئەو تورکانە دوژمنی ئینگلیز بوون، بەلاّم هەرگیز جێی سەر سووڕمان نەبووە وەك لەسەرەوە باسمانکرد بەریتانیا ئارەزووبکات هەڵوێستی لەگەڵ تورك دژی کورد رێکبخات ئەوەبوو کوردەکانی تورکیا بە رۆڵی خۆیان لە هەڵوێستی ئینگلیز بی ئومید بوون لەوەی بیر لەوە بکەنەوە مافەکانیان بداتی، هەرچەندەش شێخ عەبدولقادری شەمزینی قایل بوو بەو

ئۆتۆنۆمییەی ڕۆژئاوا چاودێری بکات بە تایبەت بەریتانیای مەزن وەك مس بێڵ خۆی گوزارشتی کردووە (١٨٥). شایانی باسیشە ئەو ڕێکخراوانە کە یەکێکیان شێخ عەبدولقادر سەرۆکایەتی دەکرد، کە ئەویش یانەی کوردی بوو بیری نەتەوەی یەکگرتووی پێڕەودەکرد ئەمەش لە بەرنامەیدا ڕوون بوو، بەڵام مس بێڵ و هەندی ئینگلیزی دی خۆیان لی گێل دەکرد، ئەمەش لە کاتێکدا بوو گشت پێکهاتەکانی سەرکردایەتی و جەماوەری ئەو ڕێکخراوانە پێڕەویان دەکرد بۆ وێنە کۆمەڵێك ناوداری گەورەی کورد ناویان لە کۆمەڵەی هیڤیدا بووە کە ساڵی ١٩١٠ دامەزراوە وەك دوکتۆر عەبدولسەتار تاهیر شەریف ئاماژەی بۆ کردووە لەوانەش: شەهید کەمال فەوزی و زیادی برای، نەجم کەرکووکی و عەزیز بابان و شەفیق ئارواسی و حەمزە مکسی و تەیب عەلی خەربووتی و عەبدولکەریم سلێمانی و ساڵح دیاربەکری و عەبدولقادر دیاربەکری و واسف بەدرخان و مستەفا ڕەشاد دیاربەکری و دوکتۆر مستەفا شەوقی مهابادی و محەمەد موهری ئەلسەنوی و دوکتۆر فوئاد هەکاری و عەبدولڕەحیم هەکاریی شاعیر (٣٩). ئەگەریش بڕوانینە ئەم ناوانە دەبینین سەر بە گشت ناوچەکانی کوردستانن، سلێمانی و کەرکووك و دیاربەکر و خربووت مکس و مهاباد و سنە و هەکاری. ئیدی نازانین نەتەوەی یەکگرتوو لای مس بێڵ چ دەگەیەنی؟

لەو ساڵانەشدا کە مس بێڵ بە تایبەت دەربارەیان دەدوی دەبینین سەرکردەکانی ئەو ڕێکخراوانە خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بوونە، بەڵام بارەگایان لە کوردستانی تورکیا بووە لەوانەش کە پێکەوە کاریان کردووە جەلادەت بەگ بەدرخان و ئەکرەم جەمیل بەگ و ئەمین عالی بەگ ئەمانە خەڵکی دیاربەکر بوونە و ئەمانەش کاریان لەگەڵ کردوون شێخ نەجمەددین لە کەرکووك و شوکری بەگی بابان لە سلێمانی مەمدووح سەلیم لە وان و حسێن حامی بەگ لە ئۆرفە، ئەگەریش هەستی نەتەوایەتی نەبێت دەبی چی سلێمانی و دیاربەکر و کەرکووك و ئۆرفە و وانی پێکەوە ببەستێتەوە؟ لەمەش زیاتر پێویست ناکات نموونە بێنینەوە بۆ دووپات کردنەوەی ئەوە کە مس بێڵ تەنها مەبەستی ئەوە بووە گەلی کورد لە یەك دابڕی و مافەکانی ژێر لێوەوەبکات نەشمان ویست دیدوبۆچوونەکانی دەربارەی شێخ مەحموودی نەمر باسبکەین چونکە ئەوە لەگەڵ دیدوبۆچوونەکانی ویڵسندا دەربارەی ئەو باسدەکەین.



## ویلسن

لە پاش ئەوەی جەنگی جیهانی یەکەم کپ بووەوە ویلسن بە بریکاری حاکمی شاهانە لە عێراق دامەزراو لەسەر ئاستی مەسەلەی کورد و پاشەڕۆژی ڕۆڵێکی ڕوونی گێڕاوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەرگیز ناشی ڕامیاری بەریتانیا دابەش بکری یان کەلێنی تێکەوی، بەڵام ئەوەی بەوردی بڕوانێتە یاداشتنامەی نووسراو و ڕاپۆرتی بەرپرسانی بریتانی دەتوانی جیاوازی بیروبۆچوون و هەڵوێستی ئەو کەسایەتییانە لە یەك جیا بکاتەوە. بۆیە ئەگەر ویلسن و مس بێڵ لەگەڵ یەکدیدا بەراورد بکەین دەبینین ویلسن پتر هێمن و لەسەر خۆیە لەگەڵ کوردو سەرۆکەکانیاندا لەڕووی ئایینیشەوە پتر بی لایەن بووە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنی ویلسن و مس بێڵ لەسەر هێڵی گشتی مەسەلەی کورد ناکۆکن یان لە شێوەی نواندنی ڕامیاری بەریتانیا چ لەو کاتانەدا کە جۆرە نزیك بوونەوەیەك هەبووە یان لەو کاتانەدا کە هەوڵ دراوە ئەو تەقەڵلایانە بتوێنرێنەوە.

ویلسن لە دیدو بۆچوونەکانیا باسی کوردو هەڵوێستی تورك بەرانبەریان و دوایش هەڵوێستی بەریتانیا کە بووە هۆی ئەوەی کوردەکان باوەڕیان پی لەق بی، دەکات.

دەڵێت : کوردەکان ژمارەیەکی زۆری سوارەی نانیزامییان لە سەرەتای جەنگدا دەناردە بەرەکان، بەڵام ژمارەیەکی زۆر کەمیان دەچوونە ڕیزی سوپای نیزامی تورکیاوە. ئازاری زۆریشیان بەرکەوت لەسەر دەستی رووسە هاوپەیمانەکانمان و ئەرمەن و ئاسوورییە فریودراوەکان. کاتێکیش لە هاوینی ساڵی ١٩١٨ دا هەلیان بۆ بەرپا بوو بە توندی تۆڵەی خۆیان لە ئاسوورییەکان کردەوە، بەبی ئەوەی خۆیان تووشی مەترسییەکی گەورەبکەن هەر هەمووشیان و بەبی جیاوازی هۆگری ئەوە بوون پشت لە تورکیا بکەن، بەڵام نوشوستی کت و پڕی ئینگلیز لە ئایاری ١٩١٨ لە کەرکووك ترس و بێزاری خستنە دڵ و دەروونەوە، ئەوە بوو دانیشتووان بە گەرمی هاتنە پیریانەوە، بەڵام زۆری پێنەچوو خۆیان لە بەرەو ڕووی ئەو تورکانەدا بینییەوە کە گەڕابوونەوە.

لە ڕاستیشدا ئێمە هەرچەندە پەناگەمان بۆ ئەوانەی یارمەتییان داین لەوانی دی زیاتر پێشکەش کرد، بەڵام تورکەکان ماڵ و وملْك و گوندو ڕەزەکانیان وێران کردن و بە گشت شێوەیەك تۆڵەی ئەوەیان لێکردنەوە کە یارمەتی ئێمەیان دابوو، لە کۆتاییشدا ئەو بێزارییەیان لە دەروونیدا ڕووایەوە، بەڵام کەش و هەوای گومانیان لەسەر نیازەکانی ئێمە سەبارەت بە خواستەکانیان هێشتا کارتێکەریی زۆری لەسەر مابوو، ئێمە نەمان دەتوانی هەنگاوێك بنێین

بۆ پاكسازی ئەو كەش و هەوایە چونكە لە راستیدا نیازەكانمان جێی گومان بوون بۆیە تا ئەو كاتەی كۆمەڵەی گەلان لە پاش شەش ساڵ توانی سنووری باكووری ولایەتی موسڵ دیاری بكات ئێمە هیچمان بۆ نەكرا (١٧٤-٥). ئەوەی پەنجەمان بۆ راكێشا بە پێی بۆچوونی ئێمە راپۆرتێكی دادگەرانەیە كە ویلسن پێشكەشی كردووە ئەگەریش بمانەوی بە وردی شیبكەینەوە دەبینین ئەم رەهەندە گرنگانەی لە خۆگرتووە.

١- كوردەكان هەرگیز سەرگەرمی ئەوە نەبوونە هاوكاری تورك بكەن لە جەنگدا ئەمەش پشتگیری و لایەن گرتنێكی بە هێزی سەربازییە بۆ هاوپەیمانان دەبوو بەریتانیا لەو مەسەلەیە بگات كە كارتێكەریی گەورەی لەسەر هەردوو ئاستی سەربازی و رامیاری هەبوو.

٢- لە دەستەواژەیەكی ویلسن ئەوە هاتووە كە كوردەكان تۆڵەیان لە ئەرمەن و ئاسوورییەكان كردۆتەوە، گومانیش لەوەدا نییە مرۆڤ هەرگیز بیری بۆ تۆڵە سەندنەوە ناچی ئەگەر ئازار نەدری. ئەمەش ئەوە ئەگەیەنی ئەوەی روویداوە بە دەنگەوە چوونی ورووژانی لەوەوپێشە ئەو پەندەش دروستە، دەڵێت : (سووچ لە قەباحەت خرابترە)، ئێمە لەو باوەڕەداین بەفیت و هاندانی دەرەوەی سنوور ئەرمەنییەكان ئەوەیان كردووە.

٣- وێڕای كارتێكەری لایەنی ئایینی كە نەیاری لایەنگیرییە بۆ حكوومەتێكی مەسیحی لە جیاتی حكوومەتی موسوڵمان ویلسن دانی بەوەدا ناوە كوردەكان هۆگری ئەوە بوونە پشت لە توركیا بكەن، لەمەشەوە ئەوە دووپات دەبێتەوە كە لایەنگیری كوردەكان بۆ بەرژەوەندی ئینگلیز كارێكی شیاو بووە چونكە ئەو كاتە جەمسەری سێیەم بێجگە لە تورك و هاوپەیمانان لە گۆڕێ نەبووە بایەخ بە پاشەڕۆژی مەسەلەی كورد بدات..

٤- ویلسن دان بەوەدا دەنێ هەڵوێستیان بەرانبەر بە كورد دەربەست نەبووە، كوردیشیان تووش كردووە كاتێك لە شەڕی تورك دا یارمەتییان داون و دوایش كەشكستیان هێناوە توركەكان گورزی قورسیان ئاراستەكردوون و كوردستانیان وێرانكردووەو و كوردیان چەوساندۆتەوە، لێرەشدا نامانەوێ تێكڕاییەكان باسبكەین، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەمانیش هەر ئەو رۆڵەیان بەركەوت كە وەك ئەوانەی دەوروبەری كوردستان ببن بەوەستای وێرانكاری ئەم وڵاتە، شمشێرەكانیش كە ناسنامەی جیاجیان هەڵدەگرت لەسەر ملی كورد بەیەك دەگەیشتن.

٥- ئینگلیزەكان هەستی گومان و دوو دڵییان لە دەروونی كوردەكاندا چاند. چونكە نیازیان سەبارەت بە مەسەلەی كورد پاك نەبوو. لە راستیشدا مەسەلەكە هەر گومان نەبوو بەقەد ئەوەی قەناعەتێكی چەسپاو بێت بەوەی ئینگلیزەكان لەگەڵ كورددا راست ناكەن، بەڵكو



ئەوەی دەیكەن جۆرە گەمەیەكە. ئەمەش هەڵوێستێكی شەرەفمەند نەبووە وەك چۆن لە باسكردنی دیدوبۆچوونەكانی مس بێڵدا دووپاتمان كردەوە.

٦- ئەم گەمەیەش كە نەوەكانی دی لە ناوچەكەدا لە ئینگلیزەوە فێری بوون دەستیانكرد بە بە رایهێنانی دژی هەستی كورد و مافی رەوای كورد بۆ كپ كردنەوەی بزووتنەوە ئازادیخوازەكانیان، لە سەدەی بیستەمیشدا گەلێك نموونەی زەقی ئەو گەمەیەمان لەبەر دەستدایە كە ناحەزانی كورد لە ئینگلیزەوە فێری بوون و دژی كورد پێڕەوی دەكەن.

ئەگەریش پتر لە خاڵی پێنجەم وردبینەوە، واتە یاریكردن بە هەستی نەتەوایەتی كورد، دەبینین ئەم مەسەلەیە لای ویلسن زۆر روونە و لە نامەكەیدا بۆ نۆئێل دەڵێت : تۆ دەسەڵاتی ئەوەت پێدراوە شێخ مەحموود بە نوێنەری ئینگلیز دامەزرێنی، پێویستیشە نوئیل ئەوە بۆ هۆزە كوردەكان روون بكاتەوە كە هیچ نیازێك لە ئارادا نییە بۆ ئەوەی كارگێڕییەكی نامۆ بسەپێنری بەسەر نەریت و ئارەزووەكانیاندا (١٧٦).

ئەم دەستەواژەیە وا دیارەلایەنی باش لە خۆ دەگری، بەڵام كاتێك زۆر لێی ورد ببینەوە دەبینین بە پێزەو یەك لا كەرەوە نییە و لە كاتی پێویستدا خوێندنەوەی دی قبووڵ دەكات.

پاشان ویلسن باسەكەی دەگۆڕی و دەڵێت : كاتێك شێخ مەحموود گەیشت ئەم رێنووماییانەی خستە بواری جێبەجێكردنەوەو دەزگایەكی حكوومەتی كاتی ئەوتۆی گەیاندە ناوچەكە گشت لایەك پەسەندی بكەن و دڵنیایان بكاتەوە بۆ نزیكبوونەوەی بەدیهێنانی ئامانجەكەیان بۆ پێكەوەنانی دەوڵەتێكی سەربەخۆی كوردی.

هەروەها دەڵێت : شێخ مەحموود بە حاكمی ناوچەكە دامەزرا، لەهەر ناوچەیەكی گرنگیشدا كارەمەندی كورد دامەزران كە بە پێی رێنوومایی حاكمە سیاسییەكانی بەریتانیا كاریان دەكرد.

ئەم كارەش كە ویلسن باسیدەكات ئەو كاتە بەریتانیا رایپەڕاند كە یەكەمین حكوومەتی عێراقی پێكەوەنرا، چونكە لەگەڵ هەر وەزیرێكی عێراقیدا راوێژكارێكی بەریتانی دامەزرا. لە هەمان كاتیش كارمەندانی تورك و عەرەب بە پێی توانا لا بران و خەڵكی كوردستانیان لە جیاتی دامەزرا. ئەفسەرو سەربازەكانی توركیش كە لە ناوچەكەدا بوون رەوانەی بەغدا كران ئیدی هەر سەرۆكێك لە سەرۆكەكان لە لای ئێمەوە كران بە بەرپرس و دوایش بە گشتی لە رێگای شێخ مەحموودەوە كارەكان رایی دەكران (١٧٧).

ئایا ئەوەی باسمانکرد گەمەیەکی زەقی نەتەوایەتی نییە، ئایا ناوکۆکییەکی روون نییە بۆ پێکەوەنانی دەسەلاتێکی سیاسی سەربەخۆ ؟ باشە دەبی گشت ئەو کارانە چی بگەیەنن ؟ ئەگەریش شێخ مەحموود بە پێی دیدی بەریتانیا نەیتوانیبی توانای خۆی لەم تاقیکردنەوەیەدا بسەلمێنی دەبی تاقیکردنەوەکە بە گشتی هەرەس بێنی ؟ ئایا ناشی تاقیکردنەوەکە لەگەڵ کەسێکی دیدا دووبارە بکرێتەوە یان تەنانەت لە شوێنێکی دیدا ئەگەر مەسەلەکە بە بایەخ وەربگیری و لەسەر بناغەی مافی بڕیاردانی چارەنووس و رێزنان لە مافی مرۆڤ بەندبی.

ئایا هاوپەیمانان تاقیکردنەوەی لەو چەشنەیان دووبارە نەکردۆتەوە ؟ بە تایبەت کاتێك فەیسەڵ بۆ سووریا نەشیاو هێنایان بۆ عێراق...ئایا بۆچی شێخ مەحموودیان نەبرد بۆ کوردستانی تورکیا تا لەوی بیکەن بە مەلیك و شێخ مەحموودی ملیلییان لە کوردستانی تورکیاوە نەهێنا یان یەکی لە نەتەوەخوازەکانی بنەماڵەی بەدرخان و بیکەن بە مەلیکی سلێمانی ؟ ئێمە لەو باوەڕەداین خەڵکی کوردستان لەسەر ئاستی نەتەوایەتی نەیار نەبوونە، یان ئەگەریش نەیار بووبن بەڕادەی نەیاری خەڵکی باشووری عێراق و بەغدا نەبووە کە نەیان دەویست فەیسەڵ ببی بە مەلیکی عێراق.

پێوەندی شێخ مەحموود لەگەڵ ئینگلیزدا پەردەی لەسەر نەبووەو زۆر روون بووە، ویلسن لەو یادداشتنامەیە ئاگاداری کردووینەتەوە کە شێخ بۆی ناردووە و بێجگە لە ئیمزای خۆی ئیمزای پتر لە چل سەرۆکی پێوە بووە.

لەبەر ئەوەی حکوومەتی خاوەن شکۆ ئەوەی راگەیاندووە کە بەنیازە نەتەوەکانی رۆژهەلات لە ئاگری حوکمی تورك رزگاربکات و یارمەتیشیان بدات بۆ دامەزراندنی دەسەلاتی سەربەخۆ، ئەوە سەرۆکانی کوردستان کە خەڵکی کوردستان دەنوێنن تکا لە حکوومەت دەکەن قبووڵیان بکات لە ژێر پاراستنی بەریتانیا بن و بە حکوومەتی عێراقیانەوە بلکێنرێن تا لە سوودی وەك ئەو بەیەکەوە بەستنە بێبەش نەبن، وداواکارن بکەونە بەر میهری حاکمی شاهانەی گشتی لە عێراقدا و نوێنەرێکی خۆی بۆیان بنێری لەگەڵ ئەو بڕە یارمەتییەی پێویستە بۆ ئەوەی گەلی کورد لە سایەی سەرپەرشتی بەریتانیادا پێشکەوی و بە دروستی هەنگاو لە سەر بناغەی شارستانییەت بنی. ئەگەر حکوومەتیش یارمەتی و پاراستن بۆ کوردەکان دابین بکات ئەوە ئەوانیش پەیمان دەدەن فەرمان و رێنوماییان قبووڵ بکەن.



شێخ سەرباری ئەوەش داوای ئەفسەری بەریتانی کرد بێن لە دەزگاکانی میریدا کاربکەن، بە تایبەت ئەفسەرە لاوەکانی کورد، بەلاّم مەرجی ئەوەشی دانا کە کارمەندە بەرپرسەکان بە پێی توانا کورد بن نەك عەرەب (**١٧٩**).

لە مەشەوە ئەوەمان بۆ دووپات دەبێتەوە شێخ مەحموود گریمانەی ئەوەی لا هەبووە ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا وەدەس بێنی کە مافە نەتەوایەتییەکانی کورد دابین بکات، بەلاّم بە پاراستنی بەریتانیا و لە بەرتیشکی ئەوەی هاوپەیمانان رایان گەیاندووە بۆ دابین کردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلان، هەروەها بە پێی چەندین گفت و پەیمان و بڕیار لەوانەش بڕیارەکانی ویلسنی سەرۆکی ئەمریکا.

ویلسن چووە دەنگ ئەم یادداشتنامەیەوە و نووسراوێکی دەرکرد و تیایدا ئەوەی دووپات کردەوە کە هەر هۆزێك لە زێی گەورەوە تا دیالە بێجگە لە کوردەکانی ئێران بۆیان هەیە بە ئارەزووی خۆیان پێشەوایەتی شێخ مەحموود قبووڵ بکەن، شێخ مەحموودیش دەبێتە حاکمی ئەو ناوچانەو لە جیاتی حکوومەتی بەریتانیا حوکمیان دەکات و گشت جۆرە یارمەتییەکیشی پێشکەش دەکرێت.

باوەڕناکەین هیچ کەسێك هەبی بەو رادەیە چووبێتە دڵی بەریتانیاوەو بووبی بە جێی باوەڕی و رۆحی نەتەوایەتی هەبی بیر لەوە نەکاتەوە دەوڵەتێکی سەربەخۆ رابگەیەنی.

ویلسن رەخنەی ئەوەی لە شێخ مەحموود گرتووە کە داوای راگەیاندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کردووە کە خۆی سەرۆکی بێت و بەریتانیا بیپارێزی (١٨٠) واتە لەسەر چەشنی ئەوەی لە بەغدا ئەنجام دراوە، ئێمە دەڵێین ئەی بۆ وا نەبی ؟ ئەوەی یادداشتنامەی حاکمە سیاسییەکانی بەریتانیا بخوێنێتەوە هەمان پرسیار ئاڕاستە دەکات بۆ نا ؟ چونکە یادداشتنامەکەی شێخ مەحموود مەرجی ئەوەی تیا بوو بەریتانیا ئەو دەوڵەتە بپارێزی نەك عەرەب لە عێراقیی پاشەڕۆژدا.

ئەگەر سوراحییەکی ئاوی سارد و پەرداخێك بخەیتە پێش مرۆڤێکی تینوو دەبی چ بگەیەنی؟ ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنی پێی بڵێی فەرموو ؟ ئەوەی بەریتانیا بە کوردی کردووە هەمان شتە، وەك ئەوەی پێی بڵێیت ببە دەوڵەت و مەبە، یان فەرموو ئاو، بەلاّم مەخۆرەوە ! لە راستیشدا رامیاری ئەو سەردەمەی بەریتانیا سەبارەت بە مەسەلەی کورد تاوانبارە، بەلاّم ئەو دەروازەیەی ویلسن پەنای بۆ بردووە کە رەنگە لە خەڵکی لە خۆی گەورەترەوە وەری گرتبی و دواییش مس بێڵ پێڕەوی کردبی، ئەویش ئەوە بوو باوەڕیان وا بووە کوردستانی باشوور

هەرگیز ناشی پێشبکەوی٘ مەگەر ببی بە بەشێك لە ولاّتی نێوان دوو ئاوان (مەبەستیش تەنیا عێراقە چونکە ناوچەی نێوان دوو ئاوان تەنها عێراق ناگرێتەوە بەڵکو لە تورکیاوە دەست پێدەکات و بەشێك لە سووریا و دواییش عێراق دەگرێتەوە) هۆی ئەوەش بە پێی بۆچوونی ئەوان و ئەوەی ویلسن باسیدەکات ئەوەیە ئەو بازاڕانەی دەشی کوردستان سوودیان لی ببنی موسڵ و بەغدایە، کەڕێگایان بە عێراقدا تێپەڕیوە (١٨٦).

بێگومان نابی واقیعی جوگرافی و مەسەلەی بازاڕ لەبەرچاونەگرین، بەلاّم ئەو بابەتە ئەم پرسیارەمان بۆ زەق دەکاتەوە. ئایا دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ ئەوە دەگەیەنی پێوەندی ئابووری نێوان ئەم دەوڵەتەو عێراق یان لە نێوان سلێمانی و بەغدادا بپسێنری ؟ ئایا لەو کاتەدا پێوەندی بازرگانی تەنانەت لە نێوان کیشەوەرەکانیشدا نەبووە کە ئۆقیانووسیان ناوبەرە؟ ئەی ئیمارەتی بابان کالاّی هاوردەو بردەی لە نێوان بەغداو موسڵدا بەرێکوپێکی نەدەبرد بەڕێوە واتە پێش پتر لە ١٠٠ ساڵ لە داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئینگلیزەوە، ئایا پێوەندی بازرگانی لە سەردەمی حوکمی عوسمانی و دوایش دەوڵەتی تورکیای سەربەخۆوە لە نێوان ئەنقەرەو بەغدا هەتا ڕۆژی ئەمڕۆشمان بەردەوام نییە.

ویلسن لە دیدو بۆچوونەکانیدا پێشبینییەکانی شەریف پاشای نوێنەری کورد لە کۆنگرەی ئاشتبوونەوەدا نایاب دەداتە قەڵەم و دەڵێت : شەریف پاشا گشت خزمەتگوزارییەکی بۆ ئینگلیزەکان نمایش کردو هانی دان هەنگاوی پێویست بنێن بۆ کۆکردنەوەی هەموو کوردەکان، رامیارییەکی تۆکمەیان بە زووترین کات بۆ رابگەیەنری. پێشنیازەکەشی ئەوەبوو ئۆتۆنۆمی بۆ دانیشتوانی کوردستانی باشوور بە سەرپەرشتی ئینگلیز رابگەیەنرێت، ئەو کارمەندە بەریتانیایانەش بۆ ئەم مەبەستە ئاڕاستە دەکرێن یارمەتییان پێشکەش بکەن و تارادەیەکی زۆریش باری دارایی کۆنترۆڵ بکەن.

لە ئاست ئەم پێشنیازەی شەریف پاشاشدا ویلسن دان بەوەدا دەنێت کە چییان بۆ عەرەب کرد دەبوو بۆ کوردیشی بکەن. پێویست بوو ئینگلیز دەست و برد کارگێڕییەکی چالاك پێکەوە بنێت بە بی ئەوەی چاوەڕوانی دەرچوونی بەیانێکی رەسمی بکات لە کۆنگرەی ئاشت بوونەوەوە کە دەبوو لە کۆتاییدا کۆببێتەوە، بە بی ئەوەی هەرێمەکان دابەش بکات بەڵکو بەوە داکەوی چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ دامەزرێنی و لە ژێر کونترۆڵی بەریتانیا بن. ویلسن لەسەر ئەم باسە رۆیشتووەو دەڵێت : لە راستیدا ئەم پرۆژەیەی ئەو چاوەڕوانکردنێکی نایاب بوو بۆ سیستمی ئینتیداب کە پاش ماوەیەك دەرچوو (١٨١).



لێرەشدا دەبی مەسەلەیەکی گرنگ روونبکرێتەوە ئەویش ئەوەیە شەریف پاشا تەنها کوردستانی باشووری مەبەست نەبووە، بەڵکو لەو یادداشتنامەیەیدا کە لە کۆنگرەی ئاشتبوونەوەدا خوێندوویێتییەوە مەبەستی سەرجەم کوردستان بووە، خوازیاری ئەوەبووە سنووری جوگرافیای گشت کوردستان بچەسپێنری و مافی چارەی خۆ نووسیین بۆ سەرجەم گەلی کورد بڕیار بدرێت.

ویلسن وێنەیەکی پڕوپاگاندەی تورکیمان دەخاتە پێش کە کورد دەورووژێنی و بەگژ مەسیحییەکانەوە دەبێت یەکی لەو دەنگ و باسانە دەخاتەروو کە دەڵێت... (بەم نزیکە دەنگی ناقوس گوێتان کەڕ دەکات، ئیدی گوێتان لە دەنگی بانگ نابێت، کارمەندە نەسرانییەکان بەو جۆرە سەوداتان لەگەڵ دەکەن کە لەوەوپێش رووسەکان سەودایان لەگەڵ دەکردن. ناچاریش دەبن بە هاتنی عەرەب و کلدان قایل بن (١٨٢).

لە راستیشدا ئەم پڕوپاگاندەیەی تورکیا بلاّوی دەکردەوە بە پڕوپاگاندەیەکی دژ لە لایەن بەریتانیاوە وەلاّم نەدرایەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، بریتانییەکان هەوڵیان دا لە دڵ و دەروونی کوردەکاندا بیچەسپێنن بە تایبەت لە نێو خێڵەکاندا، بۆیە ویلسن لە هەمان کتێبدا خۆی دان بەوەدا دەنێت کە دەڵێت : گومان لەوەدا نییە لەو رۆژگارەدا لە تواناندا نەبوو شێوازێکی باشتر دابهێنین بۆ گەشەسەندنی ناحەزی ئایینی و رەگەزپەرستی لە نێوان خەڵکدا. ئەوە بوو هەر مەسیحییەك دەیتوانی زانیاری بەڕواڵەت شیاو بگەیەنی بە دەزگاکانی ئیستخبارات و لە بەردەم ئەفسەری ئەو دەزگایەدا سوێند بخوات بۆ تۆمەتبارکردن و بەند کردنی هەر موسوڵمانێك گوایە مافی لەسەر بی یان زوڵمی لێکردبی (١٨٣).

ئەلێرەشەوە هەر ئەوە بەڕەوا دەزانیین بڵێین : خوا یارمەتی کورد بدات کە هەمیشە بووەتە کەرەستەی پڕوپاگاندەو جەنگی دەروونی لە لایەن تورکیاو بەریتانیاوە.

ویلسن دان بەوەدا دەنێت کە ئینگلیزەکان هەندی جار لە سۆزو خۆشەویستییان بۆ (ڕۆڵەی ئایینەکەیان) دەربڕیوە — وەك ئەو دەڵێت. ئەم سۆزو خۆشەویستییەش بۆ مەسیحییەکان وەك دیاردەیەك کوردەکان چاوەڕوانی ئاشکراکردنی بوونە (١٨٤). لێرەشدا جێی خۆیەتی بپرسین ئەگەر بەریتانیای مەزنی ئەوکاتە کەوتبێتە بەر کارتێکەریی هەستی ئایینی و مەسیحییەکانی کوردستان بە(ڕۆڵەی ئاینەکەیان) ناونابی دەبی رێژەی هەست و سۆزو بەزەیی و هەڵچوون لە نێو کۆمەڵگای کورددا چەند بێت کە هێشتا لەبەر کارتێکەریی سیستمی هۆزگەریدا ژیاوە ؟ ئەگەر بەریتانییەکی رۆشنبیرو مۆدێرن، لای ئاسایی بێت سۆزو خۆشەویستی بۆ (ڕۆڵەی ئایینەکەی)

دەربڕی، دەبی کوردێکی لە شارستانێتی دواکەوتوو، خێڵەکی چۆن داوای لێبکری ببی بە ژیارێکی عەلمانی؟ ئایا ئەمە ویژدان قەبووڵی دەکات؟

ئایە ئەوە شیاوە بەریتانیایەکی زەبەلاح و بەو هەموو هێزە سەربازییەو سەرکەوتووی جەنگ و لایەنێکی گرنگی دروستکەری واقیعی سیاسی نوی لە ناوچەکەدا بەو شێوەیە و بیر تەسکانە مەسەلەکان لێکبداتەوە.

ئێمە لەو باوەڕەداین ئەگەر رووسیاو و تورکیا و بەریتانیا دەستیان لەسەر تورك و کوردو ئەرمەن و کوردی مەسیحی هەڵگرتباو خۆیان لە کاروباریاندا هەڵنەقورتاندبا ئەوە خۆیان بە بی کارەسات و کوێرەوەری دەژیان، بەلاّم دەستتێوەردانی بە درێژایی مێژوو هەتا ئێستاش لە بەلاّ زیاتریان نەهێناوەتە نێو کوردستانەوە.

ئەوەی نووسینەکانی ویلسن بەوردی بخوێنێتەوە راستییەکی گرنگی بۆ دەردەکەوی ئەویش ئەوەیە ئینگلیز هەڵوێستی جیاجیای دەربارەی مەسەلەی کورد هەبووە، جارێك خێڵەکانی هانداوە پشتی شێخ مەحموود بگرن. جارێك بە پێچەوانەوە رەفتاری کردووە، جارێك بایەخی زۆری بە ناوچەی سلێمانی داوەو کەسێتی شێخ مەحموودی زەق پیشان داوە و بە جۆرێك سەودای کردووە کە مرۆڤـــــ هەست بکات دەوڵەتی کوردی لە ئارادیە، کەسێتیی کوردی، ناردووە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەر بە بەریتانیا لەم بارەیەشەوە دان بەوەدا دەنێت کەوا هاوپەیمانان وایان لە هۆزە کوردکانی پشت سنووری تورکیا کردووە لە رێگای نوێنەرەکانیانەوە لە ئەستەمبوولّ باش لەوە بگەن کە حکوومەتی ئایندە دادەمەزری و سەربەخۆیی پی دەدرێت (١٩٨).

ویلسن دان بەوەشدا دەنێت کە ئەو راپۆرتانەی بۆ حکوومەتەکەی بەرزی کردۆنەتەوە ورد نەبوونە و ناکۆکیش بوونە (١٩٨).

کاتی ئەوەش هاتووە دیدوبۆچوونەکانی دەربارەی شێخ مەحموود راست بکەینەوە چونکە کەسانێك لەسەر ئەو باوەڕەن شێخ مەحموود دبلۆماسیانە لەگەڵ ئینگلیزدا سەودای نەکردووە و دەبوو لایەنگری بەریتانیابووایە و وازی لە تورکیا بهێنایە لە راستیشدا شێخ مەحموود پێوەندی بە ئینگلیزەوە کردبوو، عەبدولمنعم ئەلغولامی دەڵێت : کاتێك تورکەکان بەوەیان زانی شێخ مەحموود لەگەڵ ئینگلیزدا پێوەندی هەیە لە سلێمانی دەستگیریان کردوو ناردیان بۆ کەرکووك لەوێش موحاکەمەیان کردو حوکمی لە سێدارە دانی بەسەردا سەپێنرا، بەلاّم عەلی ئیحسان پاشا کە لە تەمووزی ١٩١٨ دا سەرکردایەتی فەیلەقی شەشی لە جیاتی خەلیل پاشا لە ئەستۆ



بوو وای بە باش زانی لە ژیاندا بمێنی بۆ ئەوەی سوود لە دەسەلاّتی ببینری، بۆیە لێی خۆشبوو گەڕاندییەوە بۆ سلێمانی (٩١-٢).

ئەمە بێجگە لە رێزنانی لە ئەفسەرانی ئینگلیز لە سلێمانی و ئەو شێوازەی لە یادداشتنامەکانیدا پێڕەوی کردووە و بۆ بەرپرسانی ئینگلیزی بەرزکردۆتەوە. وا شبزانم کاتی ئەوە هاتووە لەم بارەیەوە بەویژدان کارەکانی شێخ مەحموود هەڵسەنگێنین و ئەو توومەتە قەڵپانەی لەسەر لادەین.

شۆڕش دژی ئینگلیز لە ناوچەی بادینانەوە دەستی پێکرد، هەروەها لە ناوچەکانی کوردستانی تورکیاوە بە تایبەت ئەو شوێنانەی هۆزی کۆیانی لێنیشتەجێبوو، شۆڕشی کوردیش دژی ئینگلیز بووەتە هۆی کوشتنی کابتن بیر سۆنی حاکمی سیاسی زاخۆ، هەروەها هێزەکانی ئینگلیز لە ئامێدی زیانێکی زۆریان لێکەوت و کابتن ویلی حاکمی سیاسی تیا کوژرا، هەروەها کابتن ماکدونالدو سەربازێکیش بە ناوی تروب سەرباری ئەوەش هەر کەسێك لە هێزەکانی (الشبانە) هەوڵی پاراستنی بدایەن دەکوژرا(٢١٣).

ژمارەی کوژراو بریندارانی نێوان زاخۆ و ئامیدی بە پێی زانیاری ویلسن بەم شێوەیە بووە : ٣٣١ کەس پێکراون، ١٣٧ یان کوژراون هەموویان هیندی بوونە جگە لە ٣٧ کەسیان کە ئینگلیزی بوونە (٢١٧).

لە ناوچەی ئاکرێشدا هەریەکە لە فارس ئاغای زێباری و بابەکر ئاغای زێباری پێوەندییان بە شێخ ئەحمەد بارزانییەوە کردو گفتیان دابووە بە یەك کە ملکەچی یاسا نەبن — وەك ویلسن دەڵێت — ئەوە بوو شێخ ئەحمەد براکەی لەگەڵ بیست کەس لە پیاوەکانی نارد بۆ یارمەتی دانیان و هەرسی لایان پێکەوە کە ژمارەیان گەیشتە سەد کەس و داوێکیان بۆ مستەر بێلّ و کابتن سکوت نایەوە و لە نزیك گوندەکەی بابەکر ئاغاوە کوشتنیان (٢٢٢).

هێزەکانی ئینگلیز لەو زیانە بێدەنگ نەبوون، ئەوە بوو ئەو کینەیان لە دڵ دەرنەچوو بەردەوام تۆڵەیان لە کورد دەکردەوە تەنانەت تا ئەو کاتەش کە حوکمی نیشتمانی لە عێراقدا چەسپی کوردیش بە گوێی بەریتانیای کرد.

لە راستیشدا ئەو شۆڕشەی کوردەکانی بادینان پێی هەڵسان و بووە هۆی کوشتنی ژمارەیەك لە هێزەکانی بەریتانیا کە حاکمی سیاسیشیان تیا بوو بە پێی دیدی ئێمە ئەنجامی کۆمەڵێك هۆکار بوو، لەوانەش: ١- لێڵی هەڵوێستی بەریتانیا سەبارەت بە مافەکانی گەلی

کورد، کاتێکیش هەڵوێست لای بەرامبەر روون نەبی و هیچ پێوەندییەك بە یەکیانەوە نەبەستی وەك ئایین ئەوە هۆکاری دووەم کە لە خاڵی دووەمدا باسکراوە کاریگەر دەبی.

٢-هۆکاری ئایینی رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە ورووژاندنی هەڵوێست دژی ئینگلیز، چونکە ئینگلیزەکان لە پتر لە بۆنەو هەڵوێستێکدا لە سۆزو خۆشویستنی خۆیان بەرامبەر ئەرمەن و ئاسوورییەکان دەربڕیوە، ئەمەشمان لەوەوپێش باسکردووە. کەچی بەرامبەر بە کورد پێچەوانە بوون دەیانویست مەسەلەی کورد لە پەراوێز بنێن، بۆیە سەوداکردنیان لەگەڵ کورددا وەك ئەوە نەبوو لەگەڵ مەسیحییەکاندا دەیانکرد. ئەوەش پێوەندی بە هەستی ئایینی کوردەوە هەبوو، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی هۆکاری (٣) کە لە خوارەوە باسی دەکەین پتر کاریگەر تر بی.

٣- هەوڵ و تەقەللای نەتەوەخوازانی عەرەب لە موسڵ (جمعیە العهد) کە بەشێك لە ئەندامەکانی توانییان دزە بکەنە نێو ناودارانی کوردەوە لە لایەك و سوود بینەران (المنتفعون) لە لایەکی دییەوە، ئەوە بوو دروشمی بریقەداریان بەرز دەکردووە و بە ناوی ئیسلامەوە هەستی خەڵکیان دەورووژان و ئەوەیان بە پێویست دەزانی دەست بخەنە نێو دەستی برا کوردە موسوڵمانەکانیانەوە لەو یاداشت و نووسراوانەیاندا ئاڕاستەی کوردستانیان دەکرد وشەی (العروبە)یان هەڵگرتبوو، لە جیاتی ئەوە مێژووی هاوبەش و یەك نیشتمان و یەك ئایینییان بەکار دەهێنا.

ئەگەریش یادداشتنامەی ناودارانی کورد بخوێنینەوە کە لە رێگای کۆمەڵەی ناوبراوەوە ناردوویانە بۆ کۆنگرەی ئاشت بوونە دەبینین باسی مافی مرۆڤ دەکات و ئاماژە بۆ بڕیارەکانی ویلسن و بڕیارەکانی دەوڵەتانی ئیئتیلاف، دوان و پەیمانەکانیان دەکات بۆ گەل و نەتەوە چەوساوەکان بە مەبەستی رزگارکردنیان و سەربەخۆیی پی بەخشینیان و یارمەتی دانیان لەرووی سیاسییەوە.

ئەو مەزبەتە کوردییەی کوردەکان پێشکەشیان کرد و کۆمەڵەی ئەلعەهد سوپاسی زۆری لەسەر کردن بەتاڵ نییە لە ئاماژە پێدان بە مافی نەتەوەیی کورد لەگەڵ دەوڵەتی عەرەبی ئیئتیلافدا کەوا شا حوسەین (شای عەرەب) سەرکردایەتی دەکردو بریتی بوو لە چوار کەرت و هەر یەکەیان لامەرکەزی هەبوو، کەرتەکانیش ئەمانە بوون: فلستین، عێراق، حیجاز لە رووی سیاسەتیشەوە بڕیار وابوو لەسەر شیوەی یەکێتی کۆمارەکانی ئەمەریکا بی.

٤- لە ناوچەکەدا رێکخراوێك یان کۆمەڵەیەکی نەتەوەخواز بەرجەستە نەبوو بوو رایەکی گشتی و سەربەخۆ بنیات بنی. وەك ئەو کۆمەلانەی لە دەرەوەی کوردستان پێگەیشتن لەوانەش



کۆمەڵەی ئەلعەهد کە لە سەرەوە باسمانکرد تازە چالاکییەکانی دەستی پێکرد بوو، ئێمە لەو باوەڕەداین ئەم کۆمەڵەیەش دانەئەمەزرا ئەگەر ئینگلیز نەیویستبا، هەر بۆیەش فەیسەڵی یەکەمی کرد بە نوێنەری خۆی لە کۆنگرەی ئاشتبوونەوەدا و داوای لە کوردەکان کرد — بە پێی رێنوومابییەکان — هەر ئەوان خۆیان نوێنەرایەتییان بکەن. نوێنەرەکانیش ئەمانە بوون : فەیسەلی یەکەم، مەولوود موخلیس، عەلی جەودەت ئەیووبی، ئایا ئەمە جێی سەرسوڕمان نییە ؟ ئەی بۆچی جەنەراڵ شەریف پاشایان لەگەڵ نەبی، دووریش نییە ناودارانی کورد ئاگایان لێنەبووبی.. ئەی بۆچی شێخ بەهائەددین یان شێخ ئەحمەد بارزانی یان هەر ناودارێکی دیکەی ناوچەکەیان لەگەڵ نەبوو.. ؟

ئێمە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و کۆمەڵەی ئەلعەهددا سەبارەت بە کورد نابینین. چونکە ئەو کوردی کردبوو بە سووتەمەنی و ئەمیش خولیای هێنانەوەی پاساوی سیاسی بوو بۆ لێدانی کورد و ناشتنی ئامانجە نەتەوایەتییەکانیان، لەو رۆژگارەدا کە ئینگلیزەکان زۆریان لی کوژران. لە موسڵ هیچیان لی نەکوژرا ! کەچی موسڵ بووبوو بە مەڵبەندی تیشکی نەتەوەیی و جیهادکاری لە رێگای ئەو کۆمەڵەوە.

واقیع لە میانەی یادداشتنامەی ئەو کەسانەی ئەو کاتە لە گۆڕەپانەکاندا بوونە، لەبەر ئەوەش باسی ویلسنمان دەکرد با هەر لە سەرنجەکانی ئەوەوە دەست پێبکەین کە پێمان دەڵێت : ئارەزووی هەردوولای بەریتانیا و عەرەب سەبارەت بە چارەنووسی کورد یەکانگیربوون ویلسن دەڵێت : پرس و رایەکی چڕوپڕ کرا پێش ئەوەی لە کۆتاییدا بڕیار بدەن کوردستانی باشوور بخەنە نێو سنووری ولایەتی موسڵ و عێراقەوە ئیدی ئەگەر ئەو بڕیارە لە بەرژەوەندی کوردەکان خۆیاندا بێت یان لە بەرژەوەندی عێراقدا بێت ئەوە دەمێنێتەوە بۆ حوکمی رۆژگار.

دەشتوانین لەم بارەیەوە زانیاری باشتر لە راپۆرتی (لیژنەی کۆمەڵەی گەلان)ەوە وەدەس بێنین بۆ لێکۆڵینەوەی مەسەلەی سنوور لە نێوان تورکیا و عێراق.

ئەمەو پێوەندی کوردەکان لەگەڵ هاونیشتمانیانی عەرەبدا لە هەندی رووەوە وەك پێوەندی ویلشە لەگەڵ ئینگلیزدا لەسەدەی حەڤدەیەمدا بەم بۆنەیەشەوە باش وایە (یاسای پەیکەرەکان) بێنینەوە یاد (١٦٦٢، ١٣ -١٤ شالی دووەم) کە ئەمەی دووپات دەکردەوە: دەبی کتێبی نوێژی گشتی بە دروستی وەربگێڕدرێتە سەر زمانی بەریتانی یان ویڵشی. ئەگەریش بشی حکوومەتی عەرەبی هاوسۆزییەکی هاوچەشن لەگەڵ ئارەزووی کورد و ئاسووریدا دەربڕی لە بەکارهێنانی هەردوو زمانی تایبەتی خۆیان و کەسانێك لە رەگەزی خۆیان حوکمیان بکەن بە

پێی داب و نەریتی خۆیان. ئەوە بوارێك دەبی بۆ ئاوات خواستن بەوەی یەکێتی کوردستانی باشوور و عێراق کە لە ئەنجامی رەنج و تەقەللایەکی بەردەوامەوە وەك لەوەوپێش باسمانکرد ئەو قاڵبەیان وەرگرتووە یەکێتییەکی ئەوتۆیان لێبێتەدی مەترسی نەمانی کەمتر بی.

ئەم سەرنجانەش کە لە ئەنجامی بیرکردنەوەی قووڵ تۆمارکراون پێوەندی حوکومیان بەم قۆناغەی مەسەلەکەمانەوە نییە، چونکە پاشەرۆژی رۆژهەلاتی ناوەڕاست لەسەر شانۆی شەڕەکانی کوردستان خۆی بە تەواوەتی یەکلاکراوەتەوە نەك لە رۆژی کۆبوونەوەکانی ئەورووپادا.

تورکە ناحەزەکانمان کەسانێکی ئازابوون، نیشتمان پەروەرێتی بە پێی دیدی خۆیان لەدڵ و دەروونیاندا جۆشی سەندبوو سنگیشیان پڕبوو لە ناحەزی سەدەکان و کوێرەوەرییەکانی ئەم سەردەمە. ئەوان بە چەکی بەهێزتر لە چەکی قەڵەم خۆیان پر چەك کردبوو توانیان کەڵپەی ئەژدەها لە نێو نیهالە دەم بە خەندەکانی کوردستاندا بچێنن و پێش ئەوەی ساڵ کۆتایی پێبێت دروێنەی خۆیان کرد و داهاتەکەیان هەڵگرت.



## بیرو باوەڕ

لەسەر ئاستی عەقڵی مرۆڤایەتی ناشی لە هەمان کاتدا گوزارشت لە دوو سیستمی ناکۆك بکرێت لێرەشەوە کێشە دروست دەبی، ئەو کێشەیەی تەنانەت ئاژەڵیش لێی رزگار نابێت. بۆ نموونە، سەگ ناتوانی لە نێوان ئارەزووی خۆیدا بۆ بەگوێکردنی فەرمانی خاوەنەکەی کە ئەیەوی بە زنجیرێك بیبەستێتەوە و لە نێوان ئارەزووی خۆیدا بۆ دەرباز بوون و هەڵاتن لەو کۆتەی پێی بەستراوەنەوە سازش بکات...، بەڵکو دەبی یەکی لەو دوو ئارەزووە هەڵبژێری. ئەمەش نموونەیەکە لە جیهانی ئاژەڵەوە. بەلاّم ئەم ئاژەڵە لەبەر هۆی تایبەت بڕیاری هەڵبژاردنی یەك لەو دوو ئارەزووە دەدات کە لێرەدا بواری باسکردنی نییە، بەلاّم مەسەلەکە لەسەر ئاستی عەقڵی مرۆڤایەتی گەلێك گرانترە و میکانزمی کاری دەماغ کاتێك بەرەو رووی دوو مەسەلە یان دوو سیستمی ناکۆك دەبێتەوە لە هەمان کاتدا ناتوانی یەکانگیریان بکات هەروەها لە هەمان کاتدا ناتوانی بە کردەوە گوزارشتیان لێبکات، بە تایبەت ئەگەر کەوتبێتە بەر کارتێکەری باری دەروونی. لێرەشەوە گومان دروست دەبی، چونکە گومان لە دایکبوونێکی گرانە بۆ پەیدابوونی دوو شت یان دوو سیستمی ناکۆك لە عەقڵی مرۆڤایەتیدا، دووریش نییە لە دووان زیاتر بی. بۆیە گومان هۆکاری هەڵگرتنی راستییە لە نێوان شتە ناکۆکەکاندا، بۆ وشیارکردنەوە بەرەو هەڵبژاردن و وەلاوەنانی ئەوی دی... ئەگەریش لەم بابەتە بکۆڵینەوە دەبی لە گۆشە نیگای دەروونی و کۆمەلاّیەتییەوە بۆی بڕوانین.

سروشتی گومانیش بارێکی ناخۆش و ئەستەمی لێدەکەوێتەوە، بۆیە وا لە عەقڵی مرۆڤ دەکات مەیلی ئەوە بکات ئەو بارە وەلاوەنی و روو لە باری باوەڕکردن بە شتێك بکات.

گیانلەبەری زیندوویش بە سروشت وا هەڵکەوتووە خۆی لە ئێش و ئازار دووربگری و بەرەو چێژ وەرگرتن بکۆشی ئەمەش یاسایەکی سەرتاپاگیرِی و ئەزەلییە.

وا دیارە خێرایی راگواستن لە حاڵەتی گومانەوە بۆ حاڵەتی بیروباوەڕ پێڕەوکردن، یان بە دەستەواژەیەکی دی لە حاڵەتی نائارامییەوە بۆ حاڵەتی ئارام و پشوودان پێچەوانەیە لەگەڵ

ئاستی ژیاری و زیرەکی تاك و دواییش کۆمەڵ بە گشتی، بە تایبەت ئەگەر ناکۆکییەکان هاوئاست بن یان نزیکی یەك بن لەرووی بەرەنگاری کردنی عەقڵی مرۆڤەوە، بەمەش رنگە مرۆڤی زەین روون بە ئاسانی وەك مرۆڤی زەین کوێر لە تووش بوونی گومان رزگاری نەبێ.

لێرەشەوە دەبێ ئەوە لە یاد نەکەین کە لایەنی بەرژەوەندی ئەگەر کارتێکەریی لەسەر مرۆڤ هەبێ بە تایبەت ئەوانەی ئاستی زیرەکییان نزمە رۆڵی یارمەتیدەر دەگێڕێ لە پرۆسەی یەکلاکردنەوە و گەیشتن بە باری باوەڕپێکردن لێرەشەوە دەبینین لە نێو کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا بیروباوەڕی پڕوپووچ و نارێك بڵاو دەبێتەوە، بۆیە بە درێژایی مێژوو هەزارەها جۆری بیروباوەڕ لە نێو گەلاندا بڵاو بوونەتەوە و هەتا ئێستاش ماون... هەزارەها کچی عازەب خۆیان سووتاندووە وەك قوربانی بۆ ئەوەی لافاو هەڵ نەسێت هەزاران منداڵیش سەربڕاون لە پێناو ئەوەی باران بباری و برسێتی لەسەر زەمین بڵاو نەبێتەوە... ئەم جیاوازییەش چ لە نێوان تاکەکاندا و چ لە نێوان کۆمەڵگاکاندا بەرامبەر قبووڵکردنی بیروباوەڕی رۆحی یان دەروونی ملکەچی یاسای جیاوازکارییە چ لە سەر ئاستی تاك یان کۆمەڵ (قانون الفروق الفردیە).

لێرەشەوە پێویستە متمانە بکەینە سەر ئەو زاراوەیەی زانای بەناوبانگ فرانکل بەکاری هێناوە بۆ روون کردنەوەی ئەوەی لەم بوارەدا باسیدەکەین مەبەستیشمان زاراوەی پلەی هەڵگرتنی ناڕوونییە " **درجە تحمل الغموض** " Degree of Ambuty – چونکە خەڵك وەك یەك نین لە قبووڵکردنی هەڵوێستی لێخن یان نادیاردا. ئەمەش حاڵی ئەو کۆمەڵگایانەیە کە دەکەونە بەر کارتێکەریی مەیل و ئارەزووی تاکەکان (١٠٥).

ئەگەریش بمانەوی لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا لە بابەتی بیروباوەڕ بکۆڵینەوە دەبێ لە دوو هێڵی بناغەیی دەرنەچین یەکەمیان ئیسلامە، ئەو ئایینەی زۆربەی گەلی کورد باوەڕی پێیەتی دووەمیشیان ئەو داب و نەریت و بیرو باوەڕانەیە کە بە میراتی بۆ ئەم گەلە ماونەتەوە – لە راستیشدا – بەشێکن لە ئایینە دێرینەکانی نەتەوەی کورد مەبەستیشمان بە پلەی یەکەم زەردەشتییەو بە پلەی دووەمیش مەسیحی. هەندی لە پاشماوەی ئەو نریت و بەها ئایینییانەیە کە ماوەنەتەوە و تێکەڵی داب و نەریتی میللی بوونە و ئێستا بەشێکن لە فۆلکلۆر، کە پێوەندییان بە ناوەرۆکی ئایینی ئیسلامەوە نییە ئەمە وێڕای (کۆششی... !) گەلێك لە جادووگەران کە هەندی بیرو باوەڕیان خولقاندووەو مۆرکی ئایینییان پێوە ناوە بەڕادەیەك گەیشتوونەتە ئەنجامدانی چالاکی گەلێکی ئەوتۆ کە لە سیحرو جادووەوە نزیك بن و بە ناوی ئایینی ئاسمانییەوە بڵاوی بکەنەوە وەك ئەوانەی بە ناوی ئایینی زەردەشتییەوە بڵاویان



کردۆتەوەو بە گشت جۆرێك هەوڵیان داوە ئەو باوەڕە لای خەڵك بچێنن کە توانستی غەیبیان هەیەو لە لایەن یەزدانەوە بەختەوەرن.

ئەگەر لە رووی ئایینییەوەش لە مێژووی گەلی کورد بکۆڵینەوە دەبینین پێش ئەوەی باوەڕ بە ئیسلام بێنن قۆناغێکی پێشکەوتووی بیری ئایینییان پێڕەو کردووە مەبەستیشمان زەردەشتی و مەسیحییە.

"واگ " کە لە زانستی کۆمەڵناسیدا پسپۆرە، پەنجەی بۆ سی قۆناغی گەشەسەندنی هەستی ئایینی لای مرۆڤ راکێشاوە کە ئەمانەن :

قۆناغی یەکەم : قۆناغیی ئەفسانە و گوزارشتی سەرەتایی.

قۆناغی دووەم: دەرکەوتنی ئارەزووی رێکخستنی بیرەکان چ بەرەو یەك لایەنی یان ناوەندی وەك چۆن لە میسرو بابل و مەکسیك و چین و هیند و یۆنان دەرکەوت.

قۆناغی سێیەم : ئەویش قۆناغی نووسینەوەی دەقە ئایینییەکانە، کەوا بیرو باوەڕە ئایینییەکانیان تیا روون دەبێتەوە و رێکدەخرێن وەك ئایینەکانی جوولەکە و مەسیحی و ئیسلام، هەروەها زەردەشتی و مانەوی و بووزی و هیندۆکی و کونفۆشیۆسی.

بەم شێوەیە دەبینین لە راستیدا کوردەکان پێش ئیسلام چ ئەوانەی زەردەشتی بوونە یان مەسیحیی خاوەنی بیرو باوەڕی نووسراو و رێك بوونە. بەڵام چۆن کوردەکان بوون بە ئیسلام ئەوە بابەتێکی مێژوویی تەواوە، ئەوەش پاشان لە سنووری ئەم کتێبەدا بیروڕای خۆمانی دەربارە روون دەکەینەوە.

یەکەمین سەرنجی ریچ دەربارەی مەحموود پاشای میری بابان ساڵی ١٨٢٠ سەرنجێکی رۆحی بووە، پێوەندی بە بیروباوەڕییەوە بووە. ئەوەبوو مەحموود پاشا چوو بۆ سەرچنار بۆ بەخێرهاتنی میستەر ریچ کە شوێنێکی جوان و پڕ ئاوودارو دەوەنە لە نزیك سلێمانییەوە، پاشا ئارەزوومەند بووە میستەر ریچ و پیاوەکانی پێش ئەوەی لە سلێمانی دابەزن ماوەیەك لەوی بمێننەوە، کاتێکیش مەحموود پاشا هەستا و ویستی خواحافیزی لە میستەر ریچ بکات پێش ئەوەی دەوارەکە بە جی بهێڵێ ئاگاداری کردەوە کە حەز دەکات پاش دوو رۆژو لە کاتژمێر نۆی بەیانیدا بگاتە سلێمانی، میستەر ریچ دەربارەی ئەمە دەڵێت : درکی بەوەکردووە کە دیاریکردنی ئەو رۆژ و سەعاتە پێوەندی بە خورافاتی ئەستێرەناسییەوە هەیە.

لە راستیشدا مەحموود پاشا زۆر پێی لەسەر ئەوە دانەگرتووە، چونکە پاشان پێی وتووە (ئەگەر بە دڵت بوو) ریچ ئاماژەی بەوەداوە کە بە دڵی ئەوی کردووە (٥٢). چونکە وای بۆ

چووە میری بابان لە ئەستێرەناسانی پرسیوە چ وەختێك زۆر باشە و شەڕی لێوە دوورە ریچ بگاتە سلێمانی ئەوانیش ئەو مێژووەیان بۆ دیاریکردووە.

ئەوەی بە راستەوخۆ سەرنجی ریچی دەربارەی بیرو باوەڕی پاشای سلێمانی راکێشاوە ئەوەیە بینیوویەتی مەحموود پاشای حاکمی رەهای ئەم ئیماراتە لەڕووی رووحییەوە لە شێخ خالیدی نەقشبەندی (مەولانا خالد) ترساوە هەر بۆیەش ئامادەبووە لە بەردەمیدا بووەستی و نەوازش دەربڕی.

ڕیچ لە باسی شێخ خالیدی نەقشبەندیدا کە لەو کاتەدا لە سلێمانی نیشتەجی بووە دەڵێت : موسوڵمان و زاهیدێکی گەورە ناوی شێخ خالید بووە، بەڵام کوردەکان بە حەزرەتی مەولانا ناویان بردووە، گوێڕایەڵی دوان و ئاخاوتنی بوونە، سەربە هۆزی جاف و تەریقەتی نەقشبەندی بووە، تەریقەتیشی لە سۆفی بە ناو بانگی دەهلییەوە سوڵتان عەبدوللاوە وەرگرتووە و نزیکەی ١٢٠٠٠ هەزار مریدیشی هەیە کە سەربە ناوچە جیاجیاکانی تورکیا و وڵاتانی عەرەبن.

هەروەها ریچ دەڵێت : کوردەکان بە گشتی بە وەلی دادەنێن زۆریشیان دەیخەنە ریزی پێغەمبەریانەوە. تەنانەت پاشاو براکەی و رەنگە گشت پێشەوایانی کورد مریدی ئەو بن و لە ریزی شێخ عەبدولقادری گەیلانیدا دایدەنێن کە وەلییەکی گەورەیە (١٩٨).

شێخ لە رۆژی بیست و پێنجی مانگی تشرینی یەکەمی ئەو ساڵەدا کە ریچ لە سلێمانی بووە شاری بە جێهێشتووە، بەڵام ریچ ناڵێت بەجێی هێشتووە، بەڵکو دەڵێت ئەو بەیانییە شێخی بەناوبانگ هەڵهات، هەروەها دەڵێت : وێڕای ئەوەی دەرچوونەکەی بە نهێنی و لە پڕ تووانی هەرچوار ژنەکەشی لەگەڵ خۆیدا بەرێت کەسیش نەیزانی بەرەو کام لا رۆیشتووە (٢٢٠).

هەروەها میستەر ریچ دەڵێت : بە کافر داویانەتە قەڵەم و ناو و ناتۆرەیەکی زۆریان خستۆتە پاڵی گوایە ستەمکار و کافر و زەندیقە، ئیدی شێخ پلەوپایەی خۆی دۆڕاند بە تایبەت کاتێك کە کوڕەکەی پاشا گیانی لە دەستدا، چونکە گفتی دابوو لە نەخۆشییەکەی چاکی بکاتەوە، بۆیە مەسەلەکەی لە دەفتەری یەزداندا باسکردووە.... پەنجەی بۆ هەندی پڕوپاگاندەش درێژکردووە کە دەربارەی هەڵاتنەکەی بڵاوبوونەتەوە.

هەندی وتوویانە تۆوی ناکۆکی لە نێوان پاشاو براکانیدا چاندووە کە ویستوویانە بەرامبەر حەزرەتی پاشا قسەی لەگەڵ بکەن و رووبەرووی بکەنەوە، هەندێکی دیکەش وتوویانە گوایە ویستوویەتی بناغەی رێبازێکی نوی دامەزرێنی و گەرەکی بووە خۆی بکاتە گەورەی ئایینی



وڵات.. هەروەها شتی زوری لەم چەشنەیان دەربارە وتووە. گومانیش لەوەدا نییە ناحەزیشی هەبووە، لەسەرووشیانەوە شێخ مارفی نۆدێی پیری تەریقەتی قادری، کە خەبەری بۆ میستەر ریچ ناردبوو دەرمانی نەخۆشییەکی بۆ پەیدا بکات (٢٢٧-٢٢٨).

بۆ رووناکی خستنەسەر سەرنجەکانی میستەر ریچ سەبارەت پێشەوایانی ئایین لە کوردستاندا پێویستە باسی کەسێتی کارزمیی Charismatic Personality بە شێوەی گشتی و بە تایبەتیش کەسێتییە ئایینییەکەی بکەین لە مێژووی ژیانی کوردەواریدا گەلێك کەسێتی کارزمی دەرکەوتوون. پێش ئەوەش باسی کەسێتی کارزمی یان دەسەڵات دارێتی کارزمی و کارتێکەریی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کوردستاندا بکەین دەبی هەندی رووناکی بخەینە سەر ئەم جۆرە کەسێتییە.

کەسێتی کارزمی ئەوەیە، خاوەنەکەی باوەڕێکی تەواوی بە خۆیەتی گوایە لەڕووی عەقل و بەهاو ئامانجەوە لە ئاستێکی بەرزدایە، ئەمەش وای لێدەکات ئەو هەستە بخاتە بواری پراکتیزە کردنەوە، بۆیە هەوڵدەدات راستی بۆ خەڵکی دی روون بکاتەوە و شتە شاراوەکانی رابوردوو و ئێستا و پاشەڕۆژیان بۆ ئاشکرا بکات بەو شێوەیە بۆیان دەدوی کە خۆی لەوانی دی بەرزترە، واتە ئەوان لە ئاستێکی نزم تردان لە زانیندا. ئەوەی دەبێتە فاکتەری یارمەتیدەر بۆ گەشەسەندنی کەسایەتی لەم جۆرە، ئەوەیە رێژەی زانینیان بەرزتر بی لەو نێوەندەی تیایدا دەردەکەون یان ئارەزوویان لێیە، ئیدی ئەگەر ئابووری بێت یان سیاسی یان ئایینی یان هەر بوارێکی دی.

ئەگەر کەسێتی کارزمی کەوتبێتە بەر هەستی ئایینی یان ئەو هەستەی لا پەیدا بووبی کە یەزدان ناردوویەتی بۆ چاکسازی کۆمەڵگا، پێویستە ئەو مەسەلەیە بە هەندی کاروکردەوەی پەرجو ئاسا دووپات بکاتەوە بۆ ئەوەی خەڵك باوەڕی پێبکەن. چونکە وتوویژی ئاسایی لەو بوارەدا جێی نابێتەوە. ویبەر کە زانایەکی کۆمەڵناسە و بایەخ بە لێکۆڵینەوەی پێشەوایانی ئایینی دەدات، دەڵێت : دەسەڵاتدارێتی کارزمی لەسەر دوو خاڵی بناغەیی بەندە :

یەکەم : لایەنی غەیرەعەقڵ لە بوونی مرۆڤدا دەورووژێنی، بۆیە لایەن گرتنی فەرماندەی کارزمی لەسەر بناغەی سۆزو جۆشدانی سەرەڕۆ خۆی دەگری کە بە کەرامات نێو دەبری، ئەوەش دوان قەبووڵ ناکات، چونکە خوداوەند سەرچاوەکەیەتی و ئەوەش بەخششێکە لە یەزدانەوە بۆ ئەو بە تەنها، بۆیە کەسێتی کارزمی ئاینی داوا لە مریدانی دەکات یان لە شێوەی

فەرماندا پێیان رادەگەیەنی کە بە شێوەی رەها دوای کەون ئەمەش دوان قەبووڵ ناکات (چونکە دوان لەسەر عەقڵ بەندە).

دووەم : ئەم کەسێتییە بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ هەر دەسەلاتێکی سوەیلی بیروکراتیدا دابڕە، بۆیە لە میانەی مریدانییەوە کە خەڵکانێکی بە جۆشن دەکۆشی بۆ بەرین کردنەوەی قەبارەکەی و بەهێز کردنی توانستەکانی، بۆیە ئەگەر ئەم کەسێتییە لە بناغەدا خاوەنی حوکمی دنیایی بێت پێشەوایەتی ئایینی لە سەنگی زیاد دەکات و باشتر حوکمەکەی دەچەسپێنی. ئەگەریش لە هەمان ناوچەدا دەسەلاتێکی دیکەی دنیایی هەبی هەوڵ دەدات زاڵبێت بەسەریا و ملکەچی دەسەلاتی خۆی بکات. بەزۆریش ئەو جۆرە خاوەن دەسەلاتانە گوێڕایەڵی دەسەلاتی ئەم کەسێتییە دەبن، بۆ ئەوەی دەسەلاتی دنیایی خۆیان بپارێزن، چونکە رەنگە نەتوانن بەرەوڕووی دەسەلاتی ئایینی ببنەوە (١٨٧).

سۆسیۆلۆژییە بایەخ دەرەکانیش بە کەسێتی کارزمییەوە (بە تایبەت کارزمیە رۆحییەکان) ئەوە ناشارنەوە کە رەنگە لەبەر گەلێك هۆ نوشوست بێنن و نەتوانن بەردەوام بن لە قەناعەت پێکردنی (مریدو کەسانی دی) کە خاوەنی کەرامەتن، یان کەسێتییەکی خاوەن دەسەلاتی دنیایی بە هێز رووبەڕووی ببێتەوە، نەتوانی خۆی لە بەرامبەردا بگری. ئەم نوشوستیەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی تەواوە بۆ نەبوونی کەرامات لای کەسێتییە رۆحیەکە و دووپات کردنەوەشەوە بۆ قەڵب بوونی پڕوپاگاندەکانی ئەگینا خۆی دەگرت و نەدەکەوت.. خەڵکیش هەر بەم شێوەیە بیر دەکەنەوە.

نۆتنکهام دەڵێت : کەسێتی کارزمی رۆحی دژی گشت شێوە گۆڕانێکەو ئەیەوێت بارەکان وەك خۆیان بمێننەوە، لەمەشدا بەردەوامی و پاراستنی خۆی دەبینی، گۆڕانی کۆمەلایەتیش پتر لە هەموو شتی دەیترسێنی، چونکە گۆڕانی کۆمەلایەتی جادوو وەردەگێڕێتەوە سەر جادووگەر (١٦٢-١٦٣).

لە راستیشدا چیرۆکی هەلاتنەکەی (شێخ خالید) لەگەڵ هەرچوار ژنەکەیدا وەك ریچ دەڵێت، رەنگە چەند هۆیەکی لە پشتەوە بێت، دوور نییە شکست هێنانی لەرووی کەراماتەوە یەکێکیان بێت، بە تایبەت کاتێك نەیتوانی کوڕەکەی میری بابان لە نەخۆشییەکەی چاك بکاتەوە و گیانی لە دەست دا یان رەنگە چاوەڕوانی ئەوە بووبی هاوکات لەگەڵ سەردانەکەی ریچدا بۆ سلێمانی گۆڕانێکی رامیاری کۆمەلایەتی رووبدات. تەنانەت ئەو دۆستایەتییە گەرم و گوڕەی لە نێوان ریچ (نوێنەری رەسمی بەریتانیا) و میری بابان کە باوەڕی زۆری لە نێوانیاندا دروست کرد بوو



رۆڵی گەورەی بینی لە سەنگەلاکردنی ترازووی دەروونی لای شێخ، سەرباری ئەوەش پشتگیریکردنی ریچ بۆ نزیك بوونەوەی میری بابان لە ئێرانەوە لە جیاتی دەوڵەتی عوسمانی، لێرەشەوە دەبی دیسان ئەوەش لە یادنەکەین کەسێتییەکی دیکەی کارزمی لە سلێمانی کە لەگەڵ شێخدا لە پێشبڕکێدا بوو خەریك بوو لە ریچ نزیك دەبووەوە.

نامەکەی شێخ مارفی نۆدێیی : بۆ میستەر ریچ ئاماژە پێدانی کارتێکەرییەکی باش بوو. چۆن دەبی شێخی تەریقەت باوەڕ بەوە بێنی کە چارەسەری خەڵکی نەخۆش بە دەرمانێك دەکرێت لە ئینگلیزێکی مەسیحییەوە بۆی بێت ؟ کەوا لە بناغەدا دەستی پاك نییە، چونکە خەتەنە نەکراوە — دەبی خوێنەر لێمان ببووری چونکە ئەم باسە بۆ کەش و هەوای ساڵی ١٨٢٠ دەگەڕێتەوە واتە پێش نزیکەی دوو سەد ساڵ — سەرباری گشت ئەوانەش باسمانکردن برای میریش بێزاربوو بوو لە دەستتێوەردانی پیاوانی ئایین لە ئەنجومەنی میردا، ئەوەشمان لە شوێنێکی دیکەی ئەم کتێبەدا باسکردووە، دووریش نییە ئەو تەنگەژەیە تەنها برای میری نەگرتبێتەوە بەڵکو گشت کاربەدەستانیش، چونکە زۆر باش لەوە ئاگاداربوون کە رەنگە کەسیی میر تووشی نەخۆشی دەروونی بووبێت، تەنانەت وایلێهاتبوو لە حوکوم دەترسا و بە بەلایەکی دادەنا لە یەزدانەوە بۆی هاتبی.

ناوداری دیکەی کارزمی وەك مەولانا خالیدی خاوەن دەسەلاتی رۆحی لە کوردستاندا دەرکەوتن، بەلام هەندێکیان لە کەسێتی کارزمی رۆحی تەواوەوە گۆڕان و بوون بە کەسێتی رۆحی — دنیایی واتە شێوەی هەردوو کەسێتییەکەیان پێکەوە لە خۆ گرت. لێرەشەوە دەتوانین جیاوازییەکانی نێوانیان دەس نیشان بکەین، ئایا زیاتر مەیلە و کاملان رۆحی یان دنیایی، بۆیە نابی دووچاری سەرسوڕمان بین ئەگەر کەسێتییەکی رۆحی ببینین بە لایەن گرتنێکی رەها دەسەلاتی ئایینی وەرگرتبی، بەلام چ وەك پێشەوایەکی ئایینی یان دنیایی لە گۆڕانی کۆمەلایەتی نەترساوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە خۆی خوازیاری ئەو جۆرە گۆڕانە بووە کە گەورەترین هەڕەشە بووە بۆ سەر کەسێتی کارزمی رۆحی. بۆ نموونە شێخ عەبدولسەلام بارزانی تەنها بەوە دانەکەوتووە داخوازی پێشکەش بکات، بەڵکو لە پێناو گۆڕینی واقیعی کۆمەڵی کوردیدا شۆڕشی کردووە و داوای مافی رۆشنبیری و سیاسی مرۆڤی کوردی کردووە، لە پێناو ئەو ئامانجە بەرزەشدا لە کۆتایی سەردەمی حوکمی عوسمانیدا لە سێدارەدرا. ئەوە بوو شێخی بارزانی کە پێشەوایەکی رۆحی ئیسلامی بوو ئامادە بوو لە ئارەزووی خۆی دەربڕی بۆ سەردانی سەرۆکی قەشەکانی کانتربری لە بەریتانیا لە پێناو یارمەتیدانیاندا بۆ کردنەوەی قوتابخانە لە

کوردستاندا، لە شوێنێکی دیکەی ئەم کتێبەشدا باسی ئەم بابەتەمان کرد و وتمان ئەم پێشەوا ڕۆحی و دنیاییە لە پێناو گەلەکەی و مەسەلە نەتەوەکەیدا گۆتی کارزمی ڕۆحی بڕی بەرەو کارزمی دنیایی لە ئەنجامیشدا توانی بە شێوەی هاوسەنگ لەگەڵ هەردوولای ڕۆحی دنیایدا سەودا بکات، کەچی مەسەلەکە لای شێخ مەحموود جیاوازە، چونکە ڕاستە وەك کەسێتییەکی کارزمی، توانی بازنەی ڕۆحی ببڕی بەرەو بازنەی دنیایی (ڕامیاری)، واتە تێکەڵکردنی هەردوو بازنەکە پێکەوە، بەلاّم ئێمە لەو باوەڕەداین شێخ مەحموود نەیتوانیوە هاوسەنگی لە نێوان ئەو دوو هێزەدا دروست بکات، تەنانەت هەندی لە هەڵوێستە سیاسییەکانی نیشانەی ناهاوسەنگیان پێوەدیارە لە نێوان هەردوو کەسێتی کارزمی — ڕۆحی و دنیایی — بۆیە نەیتوانیوە دووانەیی لە نێوان هەردوو جەمسەری ڕۆحی — کەرامات- (گوللە لەشی نەبڕیوە) و لە نێوان جەمسەری ڕامیاری — وتووێژی سیاسی لەگەڵ بەریتانیا — ئەنجام بدات کە حاکمەکانی سیاسەت مەدارن و لە ڕووی سیاسیی و سەربازیی و کۆمەڵایەتییەوە لەوەوپێش لەسەر ڕێبازی عەلمانی ئامادەکراون.

ویڕای ئەوەش ئەگەر لە گۆشەنیگای بابەتییەوە بڕوانین پێویستە پەنجە بۆ ئەوە ڕاکێشین کە شێخ مەحموودی حەفید زۆر سەرەڕۆ نەبووە دژی ئینگلیز وەك هەندی بۆی چوون. یان هەندی لەو بارەیەوە زۆربێژی دەردەبڕن، چونکە هەوڵی داوە فشار بخاتە سەر کارزمیە ڕۆحییەکەی و داوای چاودێری (ئینتیداب) ی بەریتانیای کردووە وەك چۆن بەریتانیا لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا سەودای کردووە. ئەوەشی لە ئینتیدابی عەرەبی بە باشتر زانیوە. ئەمەش لە بەشی شەشەمی ئەم کتێبەدا باسکراوە.

ئەگەریش بڕوانینە سەرنجەکانی ریچ دەربارەی بیروباوەڕی ئایینی کوردەکان دەبینین هۆزی خۆشناوی لە پارێزگای هەولێر و هەروەها خەڵکی ڕواندز کە قەزایەکە دیسان سەر بە هەولێر بە نموونە بۆ هێناوینەتەوە و دەڵێت لە کوشتنی مرۆڤ سڵ ناکەنەوە، بەلاّم هەرگیز ئامادەنین نوێژیان بڕوا. بەوەش ناسراون لە مزگەوتدا لەگەڵ یەکدیدا شەڕ دەکەن (١٠٤).

کەچی سۆن لە گرێی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لە دیدو بۆچوونەکانیدا دەربارەی بیرو باوەڕی نەتەوەی کورد دواوە و بەوەیان باسدەکات وەك ئەو فارسانەن کە دەستووری ئیسلام نەیتوانیوە لە ئەفسانە پێشینەکانیان دووریان بخاتەوە، ئیمانیان بە (حوری) هەیە، سەرباری ئەوەش (جنۆکە) ی عەرەب پانتاییەکی بەرینیان لا داگیر دەکات، هەروەها (پیر) واتە (ولی)



لە گۆڕێیە کە باوەڕیان وایە لە شوێنی دیاریکراوی نێو گۆڕەکاندایە، باوەڕیان بە نەزریش هەیە، ئەمەش نەریتێکی پێش ئیسلامە (١٩٧).

لە ڕاستیدا سۆن لەمەدا هەندی زۆربێژی فەرمووە، چونکە ئیسلام ئینکاری ڕۆح و ڕۆحانیات و جنۆکە ناکات، سۆن جارێکی دی گەڕاوەتەوە سەر باسی بیرو باوەڕی نێو گەلی کورد و دەڵێت : باوەڕیان بە شتی پڕو پووچ و خورافات هەیە، هەروەها ڕۆحی دڕندە و چاوی حەسوودیش، لەو باوەڕەشدان مەلا و پیاوانی ئایین ڕۆڵیان گێڕاوە بۆ چەسپاندنی ئەو جۆرە بیروباوەڕە ڕانە

سۆن ئەوەشی سەرنج داوە لە هەندی ناوچەدا موسوڵمان خواردنی نەسرانی ناخوات، بەلاّم سۆن نموونەی بۆ ئەمە نەهێناوەتەوە تا دووپاتی بکاتەوە، کەچی ئەوەی درکاندووە ئەم مەسەلەیە زیاتر لە نێو شیعەی کورددا بلاّوە نەك سوننە.

هەروەها سۆن کە لە دیمەنی شیعەی ئێرانیدا خۆی پیشانداوە، لە یادەوەرییەکانیدا باسی دوانێکی دەکات لەگەڵ موسوڵمانێکی سوننەدا سەبارەت بە (توربە) ئەو پارچە گڵەی سۆن وەك هەر شیعەیەکی دی لە کاتی نوێژکردندا خستوویەتییە ژێر توێڵی (٤٤).

سۆن تاقیکردنەوەی خۆیشی لەگەڵ سۆفیاندا بۆ باسکردووین و دەڵێت : کابرایەکی بە تەمەن بووەتە هاوڕێی سەفەری لە دیاربەکرەوە لە کوردستانی تورکیاوە بۆ موسڵ ئەویش حاجی وەلی هەولێری بووە لەسەر کەڵەکەکە پێکەوە گفت و گۆی زۆریان بووە. سۆن لە ژێر ناوی (کوردێکی بە سۆز) دا باسیکردووەو دەڵێت : کابرایەك بووە فێری ئەوە بوو گوی لە ڕێچنوومایی بگرێت و ١٧ جار حەجی کردووە. ئەمیشی بە کوڕی دڵسۆزی خۆی ناوبردووە.

سۆن باسی ئەوەیکردووە ئەو پیرەمێردە چۆن سەر لە ئێوارەیەك لە پاش ماندوبوونی ڕۆژ قۆڵی ئەمی گرتووە و بردوویەتی بۆ شوێنێکی بەرزو خامۆش لە نێو دارودەوەندا پڕ بە هەردوو چاوی ڕووانیوویەتە دەوروپشتی و لە مەزنێتی یەزدان ورد بووەتەوە کە ئەو جیهانەی خوڵقاندووە. سۆن کە لە پاڵ ئەو پیرەمێردەدا دانیشتووە باسی تێڕوانینە قووڵەکانی دەکات کە لە کۆتاییدا چەندین جار وتوویەتی، (الله اکبر)، ئەنجا زمانی هاتۆتە گۆو باسی مەزنێتی یەزدان و جوانی سروشتی بۆ سۆن کردووە، بەلاّم سۆن لە یادداشتنامەکانیدا لە دوو گۆشە نیگاوە دەڕوانێتە ئەم مەسەلەیە :

یەکەمیان : ئەوەیە کە هەستی شاعیرێتی لە سنگی هەر مرۆڤێکی ئاریدا ئەو ئارەزووەی لا پەیدا دەکات کە هەموو شتێکی جوان بۆ مەزنێتی خوداوەند بگەڕێنێتەوە.

دووەمیشیان ئەوەیە دەڵێت : لە وێنەی ئەم پیاوەی بە زۆری لە نێو فارسەکاندا بینیوە و ئەم جۆرە مرۆڤەشی بە (خاوەنانی دوو کەسێتی) ناوبردووە، دوور نییە وەك سۆن دەڵێت : ئەم جۆرە مرۆڤە لەو تاوەدا کە بیر لە خالق دەکەنەوە ئەو پەری بێگەردی بنوێنن، بەلاّم ئارەزووش پەیدا بکەن بۆ ئەنجامدانی کارو کردەوەی فێڵکاری و فریودان بگرە تاوانیش وەك سۆن بۆی چووە (٩٤).

لە راستیشدا پێمان خۆشبوو سۆن پتر لەسەر ئەم بابەتە هەستیارە بدوایە، ئەو لە میانەی زانیارییەکانیەوە بە تایبەت لە کۆمەڵگای فارسیدا دەربارەی ئەم مەسەلەیە دواوە.

هەر چۆنی بێت سۆن باسی حاجییەکی چاو شینی هەولێریمان بۆ دەکات کە نموونەی ئەوینداری خوداوەند بووە و بە تاوی ئاوات خواستن و تێرامانی قووڵدا تێپەڕیوە. دواییش دێینەوە سەر ئەم بابەتە کە ناکۆکی لە نێوان بیرو باوەڕو رەفتاردا دەنوێنی.

سۆن لە چوارچێوەی سەیرو سەمەرەدا باسی ئەوە دەکات کە خەڵکی شار باوەڕیان بە پزیشك نەبووە، کاتێکیش پێش ئەوەی ئەو لە سلێمانی جێگیر بی پزیشکێك هاتووە خزمەتی خەڵك بکات کەچی ناچار بووە وەك ئەوانەی پێش خۆی شار بە جی بهێڵێ. ئەمە لە کاتێکدا بووە ئەو پزیشکانە لەو باوەڕەدا بوونە لەبەر ئەوەی لە شارەکەدا پزیشك نییە دەتوانن پارەی باش کۆبکەنەوە، بەلاّم ئەوەیان بۆ نەهاتۆتە دی، بەڵکو بەردەوام گوێیان لە رستەو دەستەواژەی سەیر بووە. سۆن باسی ئەوە دەگێڕێتەوە کە وشیار کردنەوەی نەخۆش بەوەی کە پیسی دەبێتە هۆی نەخۆشی، وەلاّمی سەیری لە دوا بووەو وتوویانە (عەیبە باوکم) واتە ئەوەی تۆ دەیڵێیت شوورەییە، ئیدی پزیشکیش تفاقی خۆی کۆ کردۆتەوە و گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی ئێران (٢٥٤).

ئایا پڕوپاگاندەی جادووگەران ببوو بە هۆی دەرکردنی پزیشکەکان لە شارەکەدا؟ رەنگە وا بی، بەلاّم لە ئەنجامدا هەر شتی راست دەچەسپی. ئەوە ئێمە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکداین و شاری سلێمانیش پڕە لە پزیشکی بە تواناو پسپۆڕی جیاجیا، سوپاسیش بۆ یەزدان (عەیبە باوکم) باوی نەماوە و کەس گوێ ناکات.

سۆن باسی وێنە گرێکیشمان بۆ دەگێڕێتەوە کە هاتۆتە شاری سلێمانی و لە سەرەتادا سەرکەوتوو بووە، بەلاّم پاشان یەکی لە پیاوانی ئایین پڕوپاگاندەی دژ بلاّوکردۆتەوە گوایە وێنەگرتن لەو دونیادا دەبێتە مایەی ئازاردانی رۆح، هەر بۆیەش وێنەگرەکەیان شار بەدەر کردووە (٢٥٤).



ئەرگە سۆن پێش نزیکەی سەدەیەك دوچاری ئەم هەڵوێستە بووبی ئەوە نووسەری ئەم کتێبە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا لە یەکی لە وانەکانیدا لە زانکۆی بەغدا قوتابییەکی قۆناغی کۆتایی هەڵوێستێکی لەو چەشنەی بەرامبەر پیشان داوە، کاتێك لێی پرسیم، رات سەبارەت بە وشەی وێنە چییە ؟ ئێمەی موسوڵمان وێنە کێشان بە حەرام دەزانین، دواییش یەکێکی دی وتوویەتی (دوکتۆر وێنە کێشان لە ئیسلامدا حەرامە).

منیش پێم وت بەوەی من ئاگاداری رۆشنبیری ئیسلامی و قورئان و سوننەتی پێغەمبەرم وا نییە، قوتابیەکی دیکە پشتگیریی لە رای هاوڕێکەی کردو وتی (بەڵی دوکتۆر وێنە حەرامە).

لێم پرسین ئێوە چۆن لە زانکۆ قبووڵکران و فۆرمتان پڕکردەوە و ئایا بە درێژایی تەمەنتان نەچوونە بۆ لای وێنەگر، وێنەتان نەگرتووە ؟ یەکی لە قوتابیەکان بە حەسرەتەوە وتی (وەڵلا دوکتۆر چی بکەین ناچار بووین).. وتم ئەگەر ئێوە بە راستی باوەڕتان بەوەیە وێنە حەرامە داخوازییەك ئاڕاستەی قبووڵی ناوەندنی لە وەزارەتی فێرکردنی بالاّ بکەن تیایدا روونی بکەنەوە کە ئێوە باوەڕتان بەوەیە وێنە حەرامە تا چاوتان لی بپۆشن... وتی ئەمەمان نەکردووە.

ئیدی وانەکە تەواو و مەسەلەکەش کۆتایی پێهات، بەلاّم بۆ رۆژی دوایی لەوە سەرم سووڕما کە ئەو قوتابییە لەگەڵ هاوڕێکەیدا هات بۆ لام بۆ ژوورەکەم کتێبکی لە دەست بوو، دەستیشی دەلەرزی، وتی ئەمە کتێبی (الکبائر)ە وێنەگرتنیشی بە تاوانی گەورە داوەتە قەڵەم.. پێم وت کوڕی شیرینم بۆ ئەوە ماوە دوو رۆژە خۆت بەم مەسەلەیەوە خەریك کردووە ؟ وتی دوکتۆر ئێستا باوەڕت هێنا وێنەگرتن حەرامە ؟ وتم نەخێر، وتی چۆن ئەوە نییە لەم کتێبەدا روونکراوەتەوە، وتم نووسەری ئەم کتێبەش وەك من مرۆڤە و رای خۆی هەیە ئەگینا ئەم کتێبە نە قورئان و نە ئاخاوتنی پێغەمبەرە، من هەرگیز هەست ناکەم مرۆڤ ئەگەر لە بەردەم کامیرەدا بووەستی حەرام بی.

سۆن باسی ئەوەشمان بۆ دەکات کە کاتێك مایکرۆفۆن و فۆتۆگراف کە ئەو کاتە تازە خەریك بووە لە رۆژهەلاّتدا بلاّو ببنەوە هێنراون بۆ شارو هەندی کەس بەربەستیان کردووە، چونکە بە ئامێری کافریان داوەتە قەڵەم (٢٥٤).

خۆزگە سۆن زیندوو دەبوو بە چاوی خۆی دەیبینی ئەمڕۆ لە کوردستان چەندین تیپی مۆسیقاو ئامێری رۆژئاوایی و رادیۆ و تۆماری دەنگ و ڤیدیۆ کاسێت و سەتەلایت بلاّوبوونەتەوە و خەڵکی ئێستا چەند خوازیاری شارستانێتین و باوەش بۆ هەر پێشکەوتنێکی

تەکنۆلۆژی دەکەنەوە کە ئێستا لە کوردستاندا ئەنجام دەدرێت و هەرگیز (عەیبە باوکم) بە خەیاڵی کەسدا نایەت، بەڵام سۆن ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کەوا کۆمەڵگای ئەو کاتە لە رووی بیرو باوەڕەوە کوێر نەبووەو زانیوویەتی چۆن دەڕوانێتە پیرو پیاوانی ئایین و خەڵك باش ئەوانەی لە یەك جیا کردۆتەوە. تەنانەت هەندی شێخ و کوڕانی شێخ بە هۆی هەڵس و کەوتی ناشیرینانەوە پەسەندی کۆمەڵ نەبوونە، کار گەیشتۆتە ئەوەی هێند رێگایان پێنەدەن پی بخەنە نێو هەندی گەڕەکەوە، جاری واش هەبووە رۆڵەی هەندی گەڕەك شانازییان بەوەوە کردووە شێخ پێی نەخستۆتە سەر شەقامەکەیان. سۆن ئاماژەی بۆ هەندی شێوەی کاروکردەوەی ناپەسەندی شێخ و کوڕانی شێخ کردووە کە پێویست ناکات لێرەدا ناویان بهێنین.

بەڵام ویگرام سەرنجێکی جوانی خۆی بۆ تۆمارکردووین بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە لە نێوان کوردە موسوڵمانەکانی ناوچەی هەکاریدا ژیاوە لە گرێی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، بینیوویەتی گشت کوردەکان رێزێکی زۆر لە مارشەمعون دەنێن و وەك پێشەواو پیاوێکی بە بنەماڵە پیرۆزی دادەنێن، تەنانەت وەك لەوەوپێششیش ئاماژەمان پێدا هەندی موسوڵمانی توندڕەو گۆشتی ئاژەڵی سەربڕاویان بە دەستی مەسیحی نەدەخوارد گوایە حەڵاڵ نییە، بەڵام ئەگەر بە دەستی یەکی لە ئەندامانی خێزانی مار شەمعون سەر ببڕایە بە حەڵاڵیان دەزانی بە تایبەت ئەگەر بە چەقۆ کۆنەکەی ئەو خێزانە سەرببڕایە (٢٥٣).

لە راستیشدا ئەوەی ویگرام باسیکردووە بە یەکی لەم دوو شێوە بۆچوونە یان هەردووکیان پێکەوە شیدەکرێنەوە بێگومان ئەوەش بەسەر ناوچەکانی دیکەی کوردستان ناچەسپی. یەکەمیان ئەوەیە موسوڵمانانی کورد لە هەکاری رەنگە مەسیحی ئاسایی و گەورەی مەسیحییانیان لە یەك جیا کرد بێتەوە، واتە ئەوانەی هێمان بۆ عیسای پێغەمبەر کە پێغەمبەرێکە ئیسلامیش بە پیرۆزی دەزانی. دووەمیشیان ئەوەیە ئەو ناوچانە موسوڵمان و مەسیحی تیا پێکەوە ژیاون و گەلێك جۆری پێوەندی بە یەکییەوە بەستوون، مەگەر لەوەدا لەیەك دوور کەوتبێتنەوە کە پیاوانی ئایین بە حەرامیان دانابی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نووسەری ئەم کتێبە نموونەی بەڵگە ئاسای لەبەر دەست نییە بۆ دووپات کردنەوەی ئەوەی ویگرام باسیکردووە.

دوکتۆر رۆس کەوا لە سییەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا سەردانی کوردستانی کردووە هەندی بیرو باوەڕی کۆمەڵی کورەواری بووەتە جێی سەرنجی، سروشتیشە بڕی لەو بیرو باوەڕانەی



کە لە نێویاندا باوە هی ئەوە نییە کوردن، بەڵکو پێوەندییان بە ئیسلامەوە هەیە کە باوەڕیان پێیەتی.

لە یادداشتنامەکانی فرێزەر ساڵی ١٨٣٤ ئەوە دەخوێنینەوە کە ئەوەی بۆ ژنەکەی نووسیوە کە کوردەکان زۆر رێز لە سەید دەگرن. واتە ئەوانەی لە رەچەڵەکەوە دەچنەوە سەر محەمەدی پێغەمبەر (د) بە گەورە دەزانن و ئەو سەیدانەش لەهەر چینێکی دیکەی نێو کۆمەڵ رێزیان زیاترە، خەڵکیش لەو باوەڕەدان ئەوانە بەهرەی تایبەتیان هەیە لە نەژادی پیرۆزیانەوە بۆیان بە جی ماوە. هەندێکیان بانگێشەی ئەوە دەکەن ئاگر نایانسووتێنی، تەنانەت ئەگەر لە نێو تەنوورێکی سوورەوەکراوو پڕ ئاگریشدا دانیشن کاریان تێناکات و بە سەلامەتی لێی دەردەچن (٣١-٣٢) هەروەها ئەوەشی سەرنج داوە کە کوردەکان باوەڕیان بە نەزریش هەیە و نەزرگاش بە شوێنێکی پیرۆز دەزانن، رێناسەکەی کە لە گەشتەکەیدا هاوڕێتی کردووە بۆی روون کردۆتەوە.

مرۆڤی نەخۆش ئەگەر لە خەودا پیاو چاکێك یان ئیمامێکی لە شوێنێکدا بینی ئەوە ئەو نەخۆشە یان ئەو خاوەن مرازە ئەو شوێنە بە زیندوو رادەگری، دەچێت کۆمەڵێك بەردی لەسەر دادەنی بۆ رێزلێنان بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی و ئاگادارکردنەوەی خەڵکی دی بەوەی کە ئەو شوێنە پیرۆزە، ئیدی نەخۆشی دی دێنە زیارەتی و هەریەکە کۆمەڵێك بەردی دیکەی دەخەنە سەر. بەرە بەرە ئەو کۆمەڵەیە گەورە دەبی و ئەگەریش هەندی نەخۆش لە دوای ئەو زیارەتە چاك بنەوە ئەوە پارچەیەك لە جلەکانیان هەڵدەواسنە سەر چڵی ئەو دارو دەوەنانەی لەو شوێنەدان وەك دان پێدانانێك بە چاکەی ئەو پیاوچاکە (٤٤).

هەروەها دوکتۆر رۆس لە یادداشتنامەکانیدا ئەوەی درکاندووە کە دانیشتووانی گوندێکی کورد منداڵی نەخۆشیان بردووە بۆ لای پیرەژنێك ئەویش خوێندوویەتی بە سەریا و هەندی دراوی گوایە پیرۆزکردووە و بە مۆم نووساندوویێتی بە قژەکەیەوە (١٩).

لە راستیشدا ئێمە لەو باوەڕەداین لە نێو کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا نەك لەم چەرخەی ئێستادا، بەڵکو لەو چەرخانەی ئەواندا چارەسەرکردنی نەخۆشی بەو شێوەیە مەسەلەیەکی سروشتی بووە. رۆس پزیشکێکی نوژدار بووە، بە تایبەت هاتووە بۆ بەغدا بۆ سەرپەرشتی کردنی باری تەندروستی جێنشینانی بەریتانیا لە بەغدا، ئەوکاتەش پزیشکێك لە ئاستی شارەزایی ئەوەدا لە کوردستان نەبووە، رەنگە وەك ئەو پزیشکە لە ئەستەمبوڵ و تاران و بەغدا و موسڵ هەبوو بی، بەڵام لە کوردستاندا وجوودی نەبووە، ئەگەریش لە ئاستی ئەو

کەمتر بەڕێککەوت گەیشتبێتە کوردستان ئەوە لە لایەن جادووکەرانەوە یان خەڵکی شارەکەوە تارکراوە، وەك چۆن لە سلێمانیدا روویداوەو سۆن باسیکردووە.

لەبەر ئەمە شتێکی سروشتییە نەخۆش سەرگەردانی هەر لایەك بێت و بگەڕی بە دوای چارەسەردا. دایك و باوکیش هەر ئەوەندەیان دەسەڵات بووە دراوێك بە مۆم بنووسێنن بە قژی منداڵە نەخۆشەکەیانەوە، تەنانەت ئەگەریش لە سەرەمەرگدا بێت. یان بە هۆی سك چوونەوە هەڕەشەی مردنی لێبکری. کاتێکیش لە جادووکەر بێ ئومێد بن روو لە دەرگایەکی دی دەکەن.

دوور نییە لەوەش باشتریان بۆ بەرپا نەبی بچن بۆ لای پیاوچاکێك، رەنگە ئەوەش وەك هۆکارێکی دەروونی ورەی نەخۆش بەرزبکاتەوە، بۆ نا؟

وێنەیەکی دیکەش لە گۆڕێیە پێوەندی بە بابەتی پاراسایکۆلۆژییەوە هەیە، ئەوە دووپات دەکاتەوە کە کەسانێك خاوەنی توانستی تایبەتن و لە میانەیەوە دەتوانن چارەسەری هەندی نەخۆشی بکەن، ئەوانەش خاوەنی وزەی جیاجیان و لە بواری جیاوازیشدا چالاکی دەنوێنن.

هەندێکیان وەك چۆن دەتوانن ئازاری لەشی مرۆڤ چارەسەر بکەن، هی دیکەشیان هەیە دەتوانن لە دوورەوە بە درێژایی سەدان یان هەزاران میل زیان بە مرۆڤ بگەیەنن بابەتی بەچاو پێکاندنیش لەوانەیە لە ریزی پاراسایکۆلۆژیدا باسبکرێت، لەم بارەیەشەوە چەندین رووداو تۆمارکراوە و لێکۆڵینەوەی مەیدانییان لەسەر کراوە. شیکردنەوەی ئەم دیاردەیەش ئەوە دووپات دەکاتەوە کە هەندی کەس جۆرە تیشکێك لە مێشکیانەوە دەردەچی کار دەکاتە سەر نەخۆشەکەو چاکی دەکاتەوە. هی واش هەیە مرۆڤ تووشی جۆرە شڵەژانێکی دەروونی دەکات، ئەمەش وایلێدەکات رووداوێکی تووش بێت.

هەتا ئێستا ئەم زانستە روون نییە، بەڵام شوێنەواری لەبەر چاوەو گەلێك کتێبی لەسەر نووسراوەو تاقیکردنەوەی دەربارە ئەنجامدراوە کە ناشی پشتگوی بخرێن، باوەڕیش وایە مرۆڤ هەموو خاوەنی ئەو توانستەن. بۆیە دوور نییە ئەو پیرەژنەی دوکتۆر رۆس باسیکردووە یەکێك بێت لەوانەی توانستی پاراسایکۆلۆژییان هەبووبی یان ئەو پیرو پیاوچاکانەی لەو سەردەمەدا خەڵك پەنایان بۆ بردوون و بەو بەهرەیەی یەزدان پێی بەخشیوون نەخۆشیان چاك کردبێتەوە، رەنگە ئەو توانستەش هێزێکی پاراسایکۆلۆژی بێت و پێوەندی بە ئایینی ئیسلامەوە نەبێت، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە وەك ئەو توانستانە لای خەڵکی غەیرە موسوڵمانیش هەیە.



یەکی لەو تاقیکردنەوانەش لە لایەن کەسانێکەوە کە هیچ پێوەندیەکیان بە ئایینەوە نەبووە و لە یەکێتی سۆڤیێتی پێشوو ئەنجام دراوە ئەوەی دووپات کردۆتەوە ئەو کەسە خاوەن بەهرانە وەك چۆن توانیوویانە نەخۆش چاك بکەنەوە هەندی لەش ساغیشیان تووشی ئازارو نەخۆشی کردووە جێی سەرنجیشە لە نێوان هەردوو شاری مۆسکۆو لینینگراددا ئەو جۆرە تاقیکردنەوەیە ئەنجامدراوە واتە نەخۆشەکە لە لینینگراد بووەو شیفاخوازە پاراسایکۆلۆژییەکەش لە مۆسکۆ بووە، هەردوو لاشیان نە نەخۆش و نە شیفاخواز ئایین پەروەر نەبوونە.

ئەم توانستانەش رەنگە هەمیشەیی بن یان کاتی. یان چەواشەکاری بن، بۆیە دەبی ئەم لایەنانە لەبەر چاوبگیرێن کاتێکیش لە یادداشتنامەکانی سۆن یان رۆس بابەتی پزیشك و چارەسەرکردنی نەخۆش سەرنج بدەین دەبی ئەوە پشتگوی نەخەین کەسانی وا هەبوونە بە راستی خاوەنی ئەو بەهرەیە بوونەو ئەو توانستەیان بووە. دووریش نییە کەسانی وا هەبوو بن بانگەشەی ئەوەیان کردبی، بەڵام لەراستیدا ئەو توانستەیان نەبووبی، دووریش نییە جارێك بە رێککەوت نەخۆشێك بەدەستیانەوە چاك بووبێتەوە، بەڵام لە ئەنجامدا هەر ئاشکرا دەبن.

ئەدمۆندز ئەوەی باسکردووە کە کوردی ئاسایی لەسەر ئەوە راهاتوون پیری تەریقەت نوقمی پیرۆزی بکەن. ئەدمۆندز ئاماژەی بۆ کتێبەکەی (پیرەمێرد)ی شاعیر کردووە کە باسی کەراماتی (کاك ئەحمەدی شێخ)ی کردووە.

کوردەکان باوەڕەیان وایە ئەو کەسانە کەرامەتیان هەیە، واتە ئەو توانستەی مرۆڤی ئاسایی نییەتی، ئەو توانستەش یەزدان بە پیاوچاکانی ئایینی دەبەخشی بۆ بەرزکردنەوەی پلە و پایەی ئایینییان (٧٣).

ئەدمۆندز ئاماژەی بەوەداوە کە لای هەندێك کەرامات پاژێکی بناغەیی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی خەڵك باوەڕی پی بێنن دەبی لەسەر بەڵگەی ئەوتۆ بەندبی خەڵك دڵنیابن لەسەر ئەوەی ئەو شێخە خاوەنی هێزو توانستی ئاسابەدەرەو بەهرەیەکی هێند بەرزی هەیە سەرنجی خەڵك رادەکێشی و وایان لێدەکات رێزی زیاتری لێبنێن. توانستێکی ئەوتۆیان پیشان بدا کە لە میانەی نوشتەیەکەوە مرۆڤ هەڵیبگری یان بە کراسەکەیەوە بیدووری لە گوللەی ئاگرین رزگاری دەکات. ئەو نوشتەیەش لە کوردستاندا (گوللە بەند)ی پێدەڵێن واتە بەربەستی گوللەی تفەنگ (٧٤). ناشمانەوێت پتر لە سەر ئەم بابەتە بڕۆین، بەڵام ئەگەر خوێنەر بیەوی شتی زیاتری دەربارە بزانی باش وایە بگەڕێتەوە بۆ ئەو کتێبانەی باسی پاراسایکۆلۆژی دەکەن کە پڕن لە تاقیکردنەوەی سەرنجراکێش.

ئەدمۆندز باسی ئەوەی کردووە کە (کاك ئەحمەدی شێخ) وا خۆی دەرخستووە خاوەنی گەلێك جۆری بەهرەو کەراماتە، سۆن ئەوەی والێکداوەتەوە گوایە لە ئەنجامی (فێل و جادووکەرییەوە بۆی هاتووە) یەکی لەو شتانەش کە لە یادداشتنامەکانی ئەدمۆندزدا هاتووە ئەوەیە کە لە کتێبەکەی پیرەمێردی شاعیرەوە وەری گرتووە کەوا دەڵێت شێخ نامەیەکی بۆ فیکتۆریای شازادە ناردووە وەك خێرخوازێك تکای لێکردووە لە راجا هیندی خۆشبی کە لەسەر هەڵەیەك بەندی کردبوو، مەلیکەش تەنها بە لێخۆشبوونی دانەکەوتووە، بەڵکو وەڵاٚم نامەیەکیشی بۆ نووسیوە (٧٣).

ئایا راستە شازادە نامەیەکی بۆ کاك ئەحمەدی شێخ ناردووە.. ئەی کوا....؟ ئێمە ئەوە بە دوور نابینین، چونکە دەشی مەلیکە وەڵامی نامەی شێخێکی تەریقەتی لە رۆژهەڵاٚت دا دابێتەوەو وەك کارێکی دبلۆماسیش ئەوەی کردبی بۆ خزمەتی رامیاری وڵاٚتەکەی، بەڵاٚم ئەوە سەرنج رادەکێشی ئایا دەشی شێخێکی موسوڵمانی (دەمارگیر بۆ راجا هیندی ئەوەی کردبی کە هیچ بەڵگەیەکی بەدەستەوە نەبووبی ئیسلامەو لای ژنێکی مەسیحی کە مەلیکەی بەریتانیا بووە ببێتە نوبژکەر لە نێوانیاندا.

هەر چۆنێك بێت ئێمە لە بارودۆخی مەسەلەکە بی ئاگاین، ناشزانین ئایا راستە یان نەو ئەمەش لە گۆشەنیگای دەروونناسی کۆمەڵاٚیەتییەوە بە گوێرەی ئەوە گرنگ نییە کە ئایا کەسێتی کورد یان کۆمەڵگای کوردەواری تا چ رادەیەك کەراماتی مرۆڤێك پەسەند دەکەن ؟

ئەدمۆندز چیرۆکی دیکەش لەسەر بابەتی کەرامات بۆ گێڕاوینەتەوە، لەوانەش چیرۆکی رزگارکردنی خوێندکارێکی ئایینی بەستەزمان کە حوکمی لە سێدارەدانی بە دەستدرێژی گوللە بۆ دەرچووە لەسەر ئەوەی گوایە دەستدرێژی کردۆتە سەر کچێکی جوان، شێخ بە چاکی جوبەکەی داپۆشیوە و ئیدی گوللەکان کاریان لێنەکردووە، ئەمەش لە نێو کۆمەڵگای کوردەواری و بە تایبەت لای پاشای سلێمانی دەنگدانەوەیەکی زۆری دەبی (٧٤).

کاتێکیش سوڵتان عەبدولحەمید گوێی لی دەبی دەبێتە جێی بایەخی و داوای لێدەکات سەردانی ئەستەمبووڵ بکات شێخ داوای لێبوردنی لێدەکات، بەرامبەر بەوە نوشتەی (گوللە بەند)ە کەی بە دەستی موفتی سلێمانی بۆ دەنێری، بەڵاٚم کەسانێك کە دژی تەریقەتی قادری بوون لە ئەستەمبووڵ سوڵتانیان خستەسەر ئەوباوەڕە لەسەر گایەکی خەسێنراو تاقی بکاتەوە ئایا گوللە دەیبڕی یان نا، بە هێزی یەزدانیش کاتێك تاقیکردەوە گوللە کاری لەو گایە نەکرد، کاتێکیش گەڕاوەتەوە بۆ خەڵوەکەی خۆی کە کەسی نەئەچووە ناو تەنها خۆی نەبی، نامەیەکی



لەسەر مێزەکەی بینی بە دەسنووس و شێوازی کاك ئەحمەدی شێخ نووسرابوو تیایدا سەرزەنشتی سوڵتانی کردبوو چونکە رێنوومایییەکانی پشتگوی خستووەو ئەو گوللە بەندەی بۆ مەبەستێکی بچووك و بیفەڕ تاقیکردۆتەوە (٧٤). چۆن ئەو نامەیە گەیشتووە؟ و چۆن خراوەتە سەر مێزەکەی سوڵتان ؟ ئەمەش بە نهێنییەك دەمێنێتەوە لە نهێنیەکانی رۆژهەڵاٚت.

ئەدمۆندز دەربارەی ئەم چیرۆکە دواوەو وتوویەتی ئەو نامەیە هەرچی گومان بوو سڕییەوە شایانی باسیشە کاك ئەحمەدی شێخ کوڕی شێخ مارفی نۆدێی بەرزنجییە، بە خاوەن کەرامات ناسراوەو مزگەوتەکەشی لە سلێمانی گەلێك بەناوبانگە (٧٥).

بەڵاٚم ئەو چیرۆکەی پتر بووە هۆی چەسپاندنی باوەڕی سوڵتان و دواییش رەنگدانەوەی لەسەر خەڵکی دی زیاتریش لە تەقەللاکەی ئەرمەنییەکاندا بەرجەستەبوو کە توانییان بۆمبێك لە بەردەرگای مزگەوتی حەمیدییە بتەقێننەوە و واشیان دانابوو لە ژێر پێی سوڵتاندا بتەقێتەوە، ئەوەبوو بووە هۆی وێرانکردنی حەفتا تا هەشتا ئامێری چەرخدار کە پارچەکانیان لەگەڵ پارچەی لەشی مرۆڤدا گەیشتە حەل حەلەی ئاسمان، نزیکەی ١٠٠ -٢٠٠ کەس بوونە قوربانی، بەڵاٚم دڵۆپێك خوێن لە لەشی ئەسپی عەرەبانەکەی سوڵتان نەچکا، کە دەنگی بەرز هاوار دەکرا (من گوللە بەندی کاك ئەحمەدی شێخم هەڵگرتووە چۆن بۆمب زیانم پی دەگەیەنی ؟) (٧٥).

ئایا ئەو نوشتەیە لەم چیرۆکە پڕ سەرسوڕمانەدا کە ئەدمۆندز دەیگێڕێتەوە رۆڵی کاریگەری هەبوو یان ئەوە شتێکی رێککەوت بوو ؟ لێرەشەوە پرسیارێکی ئیسلامی دێتە پێش. ئایا تەمەن بە دەستی یەزدانە یان بە دەستی هەندی لە کۆیلەکانێتی ؟؟ ئایا هەر مرۆڤێك لە رۆژی خۆیدا ئەجەلی نایەت ئەوەش لەوەوپێش لای خواوە دیاری نەکراوە ؟ ئایا مرۆڤ دەتوانی فەرمانی یەزدان پێش یان پاش بخات ؟.

ناشتوانین بچینە نێو دوانێکی قووڵی لەم چەشنەوە، چونکە ئەوە لە سنووری کتێبەکە دەمانکاتە ئەو دیو و لە ئامانجی دوورمان دەخاتەوە. وێڕای ئەوەش بە پوختی باسی پاراسایکۆلۆژیمان کرد. لە پاش ئەوەش ئەدمۆندز باسی کاك ئەحمەدی شێخی بۆ کردین چیرۆکی خێڵی هەمەوەندی کوردیمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە تەرابولسی باکووری ئەفەریقیا دەسبەسەر بوونەو چۆن بەلەمێکیان بەکارهێناوە بۆ پەڕینەوە لە رێگای گەڕانەوەیاندا بۆ کوردستان لە پاش هەڵاٚتنیان لە دەسبەسەری، چۆن بە شێوەیەکی موعجیزە ئاسا رێیان لە بەردەم ئەوانەدا بڕیووە کە دوایان کەوتوون، کە ئەویش وەکو موعجیزەکەی موسای پێغەمبەر بووە کاتێك دەریای شەق کرد (٧٥-٧٦).

ئەدمۆندز دەربارەی ئەم مەسەلەیە دەڵێت گەلێك لە کوردەکان لەسەر ئەو خەیاڵە ساکارەن کە دەبی هەر کوردێك مافی خۆی بەکاربێنی بۆ ئەوەی پەنا بەرێتە بەر پیاوچاکێکی کورد تا لای بگری دژی بەرژەوەندی یەکێکی دی و هەمیشە پشتی بەرنەدا. لە راستیشدا ئەوەی ئەدمۆندز لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە کوردستاندا بینیوویەتی هەتا ئێستاش ماو، واتە ئەوە ئەو سەردەیەمان بە جی هێشت و هێشتا وەك خۆیەتی لەو باوەڕەشداین زوڵم و ستەمی ناوخۆو بیانی و دەرەبەگ و سیاسەت هەتا ئێستا هۆکاری یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی مرۆڤی ئەم ولاٚتە بگەڕی بە دوای دەروازەیەکدا بۆ رزگاربوونی بەرەو دوورکەوتنەوە لە ئازارو ناڵین بە ئامانجی گەیشتن بە ژیانێکی پڕ کامەرانی، چونکە ئەگەر مرۆڤ تەنگاو بێت ئامادەیە پابەندی هەر شێوازێك بێت کە رزگاری بکات تەنانەت ئەگەر گومانیشی لە راستگوییێتی هەبی.

لە ئاست ئەو نەهۆمانەش کە لە ستەم دروست کراون بۆ مرۆڤی کورد خۆی ناچار دەبینی پەنا بەرێتە بەر لایەنی رۆحی، وەك ئەوەی ئەمڕۆ بە زمانی سەردەم و سیاسەت بە پەنابەری مرۆیی یان سیاسی نێو دەبرێت، ئەو شێخی تەریقەتەش پەیمانی بەو پەنابەرە داوە رزگاری بکات، یان ئەو هەستەی لا بجولڤێنی کە گەیشتۆتە ئاستێك خەڵکی دی پێی نەگەیشتوون ئەویش لە میانەی ئەو نوشتەیەوە لەسەرقۆڵی بەستوویەتی یان خواردنەوەی ئاوێك شێخ لەسەری خوێندبی یان سەردانێکی ساڵانە یان شەش مانگ جاری بۆ تەکیەی شێخ و نوێکردنەوەی لایەنگرتنی بۆی سەرباری ئەوەش ئەو بەهەشتەی چاوەڕوانی بووە گشت ئەوانە لە ئازارەکانیان سووك کردۆتەوە.

بە باوەڕی ئێمە هەموو ئەوەی روویداوە کاردانەوەی دەروونی سروشتییە وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، واتە ئارەزووە لە ناخی مرۆڤدا چێنراوە بۆ ئەوەی بەرەو ژیانی باشتر بکۆشی.

ئەگەر مرۆڤی سوڤێتی لە پاش حەفتا ساڵ تاقیکردنەوەی ماددی رووەو کەرامات ببێتەوە، واتە پاراسایکۆلۆژی لەو ولاٚتەدا پتر لە هەر ولاٚتێکی دی بە ولاٚتانی لیبراڵی رۆژئاواشەوە گەشە بکات یان لە هەر بستە جێیەکی دواکەوتووی رۆژهەلاٚت ئەوە بەڵگەی ئەوەیە مەسەلەی (پەنابەری رۆحی) بۆ ئادەمیزاد وەرزشێکی دەروونی کامەرانی بەخشە، ئەگەریش مرۆڤ باوەڕی پی هەبی و بە راهێنانی هەست بە شادی بکات دەبی زیانی چی بێت؟

ئەدمۆندز لە دیدو بۆچوونەکانیدا گەلێك دیاردەی تۆمارکردووە دەربارەی پێوەندی مرید لەگەڵ شێخەکەیدا لەهەر کوی بێت یان لە میانەی ئەو چیرۆکانەوە لەم بوارەدا گوێی لی بووە وەك مەسەلەی پێشبینی، یان خەوبینینی مرید بە شێخەکەیەوە، هەروەها سەبارەت بە ئەرکی



میوانداری یان نەخواردنی گۆشتی ئاژەڵێك کە بە پێی یاسای ئیسلام سەرنەبڕا بی... هتد ئەدمۆندز ئەوەشی لە یاد نەکردووە کە ئاماژە بۆ کێشەی نێوان هەردوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی بکات لە کوردستاندا کە هێند فراوان بووە هەندی رووداوی لە ئەفسانەوە نزیك بووەتەوە (٧٥).

کاتێکیش ئەدمۆندز باسی یادەوەرییەکانی کردووە لە (مەرگە) ی قەزای پشدەر کە بە جوانترین گوندی قەزاکەی داوەتە قەڵەم، ئاگاداری کردوینەتەوە کە شەوێك لە هەرچوار مزگەوتەکەیدا و لەیەك کاتدا کۆڕی زیکر بەستراوە هەموان پێکەوە (لا الە الا اللە) یان وتۆتەوە و لە نێو بێستانەکاندا وەك ئاوازێکی خامۆش دەنگی داوەتەوە. ئەدمۆندز دەڵێت : لەو کاتەدا شێخەکانی تەریقەتی قادری لە زۆربەی ناوچەکانی سلێمانیدا چالاکی زۆریان نواندووە، بۆیە شتێکی ئاسایی بووە مریدێك خوا هیدایەتی بدات بە نێو کۆلاٚن و ماڵەکاندا بە دەم زیکرەوە رابکات (٢١٥).

ئەوەش ناشارینەوە کە ئەدمۆندز باسی دیمەنێکی پڕ ئازاری بۆ گێڕاوینەتەوە، کۆمەڵێك رێگایان بە خۆیان داوە بەدەر لە رێورەسمی ئیسلام و داب و نەریتی کوردەواری رەفتار بکەن، وێنەیەکی نەشازو نارێکی لە گوندی (!) بینیوە کە ئێمە نامانەوی ناوی بێنن، بەلاٚم ئەو ناوی دیاریکردووە کۆمەڵێك رێبازێکیان بۆ خۆیان پێڕەو کردووە متمانەیان کردۆتە سەر رەخنی سۆفیان و لە سنووری رەوشتی کۆمەڵ لایانداوە لەشیان تاگەرو لە نێو زبڵی ئاژەڵدا ناشتووە و نوشتەیان خوێندۆتەوەو بە ژن و پیاویانەوە لە دەستووری کۆمەڵ لایان داوە، گروپ گروپ لە هەردوو رەگەزی ژن و پیاو کە تاریك داهاتووە گەشتی دەشت و دەریان کردووە، ژن و پیاو پێکەوە لە نێو حەوزی مزگەوتەکاندا ئاهەنگی مەلەکردنیان سازکردووە، بە پێی دیدی ئەدمۆندز شێوەیەك بووە لە دیمەنێکی رێکخراو، زۆر جاریش سەگیان هێناوەتە نێو حەوزەکەوە ئەدمۆندز لەم بارەیەوە دەڵێت سەگی تەڕ بە پێی مەزهەبی حەنەفی گلاٚوە.

لە راستیشدا کورد هەمیشە بێزیان لەسەگ دەبێتەوەو ئەگەریش نزیك جل و بەرگ و خواردن و خواردنەوەیان بکەون یان پەلیان پێی بکەوی دڵیان تێکەڵ دی، هەرچەندەش هیچ گوندێکی کورد نییە بۆ پاسەوانێتی سەگ رانەگرن، بەلاٚم هەرگیز گومان لەوەدا نییە کۆمەڵی کوردەواری بە گشتی سەگ بە گلاٚو دادەنێن.

ئەم کۆمەڵەیە کردەوەی ناشیرینی دیکەشیان کردووە کە بە پێی یاسای ئیسلام بە کوفر دادەنرێت.

ئەدمۆندز ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە ئەوشێخانەی سەرپەرشتی ئەو زیکرەیان کردووە بانگێشتی سلێمانی کراون بۆ لێپرسینەوەیان و لێکۆڵینەوە لەو مەسەلەیە، وەلاٚمیان ئەوە بووە ئەوان ئەو جۆرە رەفتارە پەسەند ناکەن و داوای لێبوردنیشیان کردووە و وتویانە ئەگەر مرید لە حاڵی وەجد (بی ئاگایی)دا بێت بۆ ماوەیەکی کەم و نەیاری ئایین و رەوشتی کۆمەڵ رەفتاربکات تاوانی ناکەوێتە سەر.

ئەدمۆندز دەربارەی ئەو دیاردەیە وتوویەتی، ناتوانم تێکڕاییەکان پەسەند بکەم، بەلاٚم پێشنیازم ئەوەیە لەو ناوچانەدا قوتابخانە بکرێتەوە چونکە بلاٚو بوونەوەی فێربوون باشترین دەرمانە بۆ چارەسەرکردنی هەر جۆرە لە ری لادانێکی کۆمەلاٚیەتی کە لەسەر دواکەوتن بەند بی (١٨٧-١٨٨).

وا دیارە ئەوەی شێخی ناوبراو ئەنجامی داوە بە هیچ جۆرێك پێوەندی بە ئاینی ئیسلامەوە نییە، هەروەها بە هیچ جۆرە ئایینێکی دییەوە. بۆیە شتێکی دروستکراوی هەندی لە سوفییەکانەو لە (بدعە) زیاتر نییە کە بۆ مەرامی کەسیی خۆیان دروستیان کردووە، بۆ ئەوەی رێگایان بۆ بەرپا بێت چێژ لە خۆشییەکانی ژیان ببینن، بە بی گوێدانە حەرام و حەلاٚڵ.

ئەمەش لە مێژووی سۆفیاندا شتێکی تازە نییە، ئێمە لە سنووری ئەم کتێبەدا ئەم مەسەلەیەمان لا گرنگ نییە ئەمە لە لایەك لە لایەکی دییەوە ئەوەی ئەدمۆندز وەك دیاردەیەکی سەرنجراکێش لە گوندێکی کوردستاندا بینیوویەتی لە شوێنی دیکەی جیهانی ئیسلامدا لەوە زیاتر رووی داوە، بۆ نموونە ئیبن حەزم باسی گرووپێکی سۆفیی کردووە کە ئەوەیان بۆ دووپات کردۆتەوە ئەوەی بگاتە ئەوپەڕی ئامانج گشت ئەرکەکانی نوێژو رۆژوو زەکاتی لەسەر نامێنی و گشت جۆرە حەرامێکیشی وەك زینا و ئارەق و.... هتد بۆ حەلاٚڵ دەبی (٢٢٢).

شازلی لە باسی سۆفییان و کۆمەڵدا لە زمانی عەبدولسەلامی فارسییەوە دەڵێت : کۆمەڵێکن یاسای ئیسلام پێشێل دەکەن، حەرام حەلاٚڵ دەکەن، کارو کردەوەی وایان لێدەوەشێتەوە کە وەك لە ری لادان وایە، گوایە ئەوەیان وەك بەرەکەت پی بەخشراوە، بەلاٚم لە راستیدا راست ناکەن و زەندیقن (١٠٠).

لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت : سوفیزم دەستوور و یاسای خۆی هەیە، بەلاٚم کەسانێکی نەزان چ بە دەستی ئەنقەست و چ بە هۆی نەزانینەوە شێواندوویانە (٩٦).



بە باوەڕی ئێمە ئەم حاڵەتە نەشازانە کەوا بوونەتە جێی سەرنجی ئەدمۆندز یان خەڵکی دی کە هەندێك بە شیاو و هەندێك بە ناشیاوی دەدەنە قەڵەم کەوتوونەتە بەر کارتێکەریی ئەم هۆکارانە :

١- هۆکاری نائاکاری واتە ئەنجامدانی مەبەستی دیاری کراو لە ژێر پەردەی سۆفێتیدا، یان پاساو هێنانەوە.

٢- یان حاڵەتێکە لە حاڵەتەکانی لە دەست دانی هەست و زاڵ بوونی ناهەستی (عەقلی ناوە و — اللاوعی) بە هۆی کۆبوونەوەی کۆمەڵە کەسێکەوە، چونکە رەفتاری مرۆڤ بە تەنیا جیاوازە لەوەی لەگەڵ کۆمەڵێکدا بێت. بۆ وێنە مرۆڤ جورئەتی ئەوە ناکات لەسەر شۆستەی مەلەوانگەیەکدا خۆی بەتەواوی رووت بکاتەوە ئەگەر ئەوانەی دەوروپشتی جلی تەواویان لەبەر بی، بەلاٚم ئەگەر ئەوانیش رووت بن ئەمیش لای ئاساییە خۆی رووت بکاتەوە، ئەم دیاردەیە لەسەر ئاستی خۆپیشاندانی سیاسیش رەنگدانەوەی خۆی هەیە بۆ وێنە رەنگە یەکی بە تەنها نەوێری هوتافێکی سیاسی بکێشی، بەلاٚم ئەگەر لە نێو کۆمەڵێك دا بێت کە هەموویان بۆ یەك مەبەست خۆپیشاندانیان سازکردبی ئەوەی لا ئاسایی دەبێت.

ڕەنگە قسیسیی ئەمەریکی جیم جۆنز باشترین نموونەی ئەم بوارە بێت، ئەوە بوو ئەم پیاوە ئایینییە توانی کۆمەڵەیەکی پروتستانتی لە کالیفورنیا ساڵی **١٩٦٣** دامەزرێنی کەژمارەیان گەیشتە **٣٠٠٠٠** سی هەزار کەس، ناوی کۆمەڵەی خۆشەویستی هاوکاری و برایەتی لێنا، بەلاٚم ئەم پیاوە لە یەکی لە نوێژەکانیا کارێکی خۆکوژی بە کۆمەڵی ئەنجامدا کە تیایدا نزیکەی پتر لە ٤٠٠ کەس بوونە قوربانی و خۆیشی لە پێش هەموویانەوە تیا چوو، بە جۆرێك ئەو تاوانەی ئەنجامدا وەك بڵێت نەریتێکی ئایینی بە ئەنجام گەیاندبی، بێگومان ئەم پیاوە بە شێتییەکی کاتیدا تێپەڕیوە. یان کەوتۆتە بەر دەسەلاٚتی (اللاشعور) یان دوور نییە ئەو قسیسە هەموویانی ملکەچی توانستی خۆی کردبی وەك ئەوەی خەواندنی موگناتیسی لەگەڵیان بەکار هێنابی، یان رەنگە شتێکی بی هۆش کەریان خواردبی.

٣- هەروەها دەشی هەندی لەو سۆفییانە بە هۆی خواردنەوەوە کاروکردەوەی ناشیرین ئەنجام بدەن کە هەندێکیان بە شیاوی دەزانن، بە زۆریش بە نهێنی خۆیان بی هۆش دەکەن ئیدی چ بە هۆی عەرەقەوە بێت یان ئەفیۆن یان هەر کەرەستەیەکی بێهۆشکەری دی، کە بە بارێکدا تێیان دەپەڕێنی ئەو جۆرە کارانەیان بە ئاسانی لی بووەشێتەوە.

مەسەلەی ئەفیۆن و سۆفییان شتێکی نوێ نییە، بێگومان مەبەستیشمان هەموو سۆفییان نییە، بەڵکو تەنها ئەوانەی بە ناوی تایبەتمەندێتی ئایینییەوە کاری ناپەسەند ئەنجام دەدەن.

دوکتۆر زەکی موبارەك دەڵێت : حەشیشە لە نێو ژینگەی سۆفییەکاندا بڵاوە، لە ئاستیشیدا پێویستە خەڵك خۆیان لە پەتای ئاکاریی بپارێزن کە لە ئەنجامی هاوڕێتی ئەو چەشنە سۆفییانەدا پەیدا دەبی، دواییش دووپاتی دەکاتەوە و دەڵێت : گومان لەوەدا نییە سۆفییان دەستیان هەیە لە بڵاوکردنەوەی پەتای حەشیشەدا لە نێوان جەماوەری فارس و عێراق و شام و مصردا (٣٢٥-٣٢٦).

تۆما بوا بیروباوەڕی نەتەوەی کوردی لەو کاتەوە کە باوەڕی بە ئایینی زەردەشتی هێناوە هەتا ئەمڕۆ نمایش کردووە و هەوڵی داوە رووناکی بخاتە سەر پیرۆزییەکانی چەمکی زەردەشتی و نەریتی ئەم ئایینە کە ئاگر بە جەفەنگی دادگەری و خەبات دژی هێزی شەڕ دەداتە قەڵەم، هەموو پیاوێکیش دەبی یەکی لە دوان خێر و شەڕ (ئۆرمزد) و (ئەهریمەن) هەڵبژێری، بە دروستیش سەودا لەگەڵ ئاژەڵ بکری. پەندی زەردەشتیش لەسەر سی گۆشە بەندە (بیر کردنەوەی باش، قسەی خۆش، کاری چاکە) (١٠٣).

ئەنجا تۆما بوا هاتۆتە سەرباسی مەسەلەی چۆنێتی ئیسلام بوونی کورد و شۆرش دژی خەلیفە و سەربازەکانیان (١٠٥). دواییش داب و نەریتی ئایینی ئیسلامی باسکردووە، کە مەسەلەیەکە گشت نەتەوە موسوڵمانەکان نەك تەنها کورد تیایدا بەشدارن پاشان دەستیکردووە بە باسکردنی بیروباوەڕی سوفیزم کەوا لە کوردستاندا سەری هەڵداوە، کوردەکان چۆن گوزارشتیان لە تیۆرییە سۆفیزمییەکانیان کردووە، هەروەها تەریقەتەکانیان لە میانەی چامەگەلێکەوە کە کەسانێکی زۆر کەم لێی دەگەن، تۆما ئەوەشی باسکردووە کە لە شیعری جەفەنگدا بەردەوام خۆش ویستنی مرۆڤ گوزارشتی لێدەکری (١١١).

تۆما بوا هەوڵی داوە وێنەمان لە گوزارشتی جەفەنگە لە ئەدەبیاتی سوفیزمەوە بۆ نمایش بکات، دواییش نەریتی پێشکەوتنی سوفییان، وەك رۆژهەڵاتناسەکانی دی باسی تەریقەتی قادری بۆ کردووین کە گەڕاندوویەتییەوە بۆ شێخ عەبدولقادری گەیلانی، هەروەها ئاماژەی بۆ ناوی هەندی خێزانی شێخەکانی تاڵەبانی لە کەرکووك و بریفکانی لە بادینان کردووە، سەرۆکی گشتی ئەم تەریقەتەش کە لە بەغدایە نازناوی نەقیبی ئەشراف هەڵدەگری (١١٢).



هەروەها باسی تەریقەتی دووەمیش دەکات کە ئەویش نەقشبەندییە و بەهائوددینی بوخاری (١٣١٧-١٣٨٩) دایمەزراندووە و لەسەر دەستی مەولانا خالید لە کوردستاندا بڵاو بووەتەوە.

کاتێکیش هەردوو تەریقەتەکەی بەراورد کردووە ئەوەی دووپات کردۆتەوە مریدانی نەقشی زۆرترن و دەسەڵاتیان لە قادری فراوانترە، پەنجەی بۆ ئەوەش راکێشاوە کە ئەو خێزانانەی پتر دەسەڵاتیان بڵاوە شێخەکانی شەمدینان و نەهری و بارزان و تەوێڵەن (١١٢).

تۆما بوا ژمارەیەك لە بزوتنەوە چەکدارەکانی نەتەوەی کوردی لەگەڵ دەسەڵاتی شێخەکاندا بۆ راگەیاندنی جیهاد بە یەکەوە گرێداوە وەك نموونەش ئاماژەی بۆ ناوی شێخ عەبدوڵڵای شەمزینی و شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحمودی حەفید و شێخ ئەحمەدی بارزانی کردووە (١١٣).

لە ژێر ناونیشانی " ئەو کوردانەی لە ئیسلام هەڵاتوون " تۆما بوا باسی هەندی رێبازی بۆ کردووین کە بە لەرێ لادەر (**المذاهب المنحرفة**) ناویان دەبات، بە پێی بۆچوونی ئەویش ئێزیدی لە هەموویان زیاتر دەنوێنی، گوایە لە بناغەدا موسوڵمانی سۆفی و سەربە مەزهەبی سوننە و لایەنگری خەلیفە بوونە — یەزیدی یەکەم — (٦٨٠-٦٨٣) (١١٥).

بەڵام ئێمە ئەم بۆچوونە بە دروست نازانین، بەڵکو لەو باوەڕەداین یەزیدییەکان پاشماوەی کوردە زەردەشتییەکانن، ئەوەش تۆما بوا لە میانەی هەندی زاراوەو شێوەی داب و نەریتیانەوە کە لە ژیانی ئەمڕۆیاندا بەدی کردووە لێکی داوەتەوە ئەوە ناگەیەنی باوەڕیان بە ئیسلام بووە.

دەبی ئەوە لە بەرچاوبگرین کە ئێزدییەکان بە درێژایی مێژوو بەرەورووی گەلێك جەنگ و کارەسات و تەقەللای بەزۆر بە ئیسلام کردن بوونەتەوە، لە ئەنجامیشدا یاخی بوونەو بەرگری زۆریان کردووە، لە میانەی ئەمەشەوە دوور نییە هەندی نەریتی ئایینەکانی دی لە دراوسێکانیان تێکەڵی داب و نەریتی ئایینییان بووبی، ئەمەش شتێکی سروشتییە و لەسەر ئاستی ئایینە دراوسێکان روودەدات بە تایبەت ئەو ئایینانەی بچووکن و لە لایەن ئایینە گەورەکانەوە هەڕەشەیان لێدەکری.

ئەگەریش لێرەو لەوێ هەندێك بە تایبەت ئەوانەی بانگەشەی پێشەوایەتی ئێزیدییان دەکەن نازناوی (ئەمەوی) دەخەنە پاڵ ناوەکانیان مەسەلەیەکە لە مانۆڕی سیاسی بەدەر نییە بۆ خۆ نزیککردنەوە لەم رژێم یان ئەوی دی لە ناوچەکەدا، لە راستیدا ئێزیدییەکان وشە رەسەنەکانی زمانی کوردی و داب و نەریتی نەتەوەی کوردیان پاراستووە و زۆربەی هەرە زۆریان جل و

بەرگی رەسەنی ئاری لەبەر دەکەن، بێجگە لەوانەی ویستوویانە خۆیان بە ئەمەوی بدەنە قەڵەم، رەسەنێتی نەتەوەی کورد لە میانەی فۆلکلۆری ئەم گرووپەوە دووپات دەبێتەوە، لە داستان و گۆرانی و هەڵپەرکێی میللی و هەڵسوکەوتی رۆژانەیانەوە. میرانی ئێزدی شانازی بەوەوە دەکەن سەربە رەگەزی ئاری و کوردن هەستی نەتەوایەتی خۆشیان لە عێراق و تورکیاو ئەرمینیا و ئەوروپا پاراستووە و هەرگیز ملکەچی خواستی دوژمنانیان نەبوونە کە ویستوویانە بیانکەن بە فارس یان تورك یان عەرەب، ئەوەش بە درێژایی مێژوو هەڕەشەی لێکردوون، بەڵام بەداخەوەش هەندێك نەفس نزمی کورد بۆ بەرژەوەندی کەسیی خۆیان دەگەڕێننەوە سەر هەندی هۆزو تیرەی عەرەب بەڵکو لەوەش زیاتر هەندێکیان خوازیاری ئەوەن هەندی هۆزی رەسەنی کورد ببەنەوە سەر عەرەب، بەردەوام ئەوەشیان بۆ ئەوەکردووە خۆیان لە دەسەڵات نزیك بکەنەوە و پلە و پایەی بەرزیان بدرێتی، لە ئەنجامیشدا بوونە بە کالآیەکی بی رەواج.

تۆما بوا باسی رێبازێکی دیکەی ئایینی کوردی کردووە، کە ناوی خۆیان ناوە ئەهلی حەق، ئەم گروپە کە بە شیعەی دەمارگیر ناسراون لە ناوەڕاستی سەدەی یازدەهەمدا لە کوردستان پەیدابووەو گەیشتۆتە ناوچەی شارەزوورو هەورامان، ئەم رێبازە لەسەر دەستی (مەبارەك شای بابا خۆشین) دامەزراوە کەوا ژنێکی خستۆتە رێزی حەوت لایەن گرەکەیەوە ئەویش فاتیمە هەیفاو بووە خوشکی شاعیری ناسراوی کورد بابا تاهیری هەمەدانی (٦٣٥-١٠١٠).

حەقەکان رێزێکی گەورە لە عەلی کوڕی ئەبی تالب (ر) و زوڕییەتەکانی دەنێن، پێوەندی باشیشیان لەگەڵ سوننە مەزهەبدا هەیە، کاکەییەکانی ئێستاش لە عێراقد لە رەگەزەوە سەر بەو مەزهەبەن.

تۆما بوا هەندی نەریتی حەقەکانی باسکردووە و دەڵێت : بابا یادگار و مەزارەکەی بەرز رادەگرن و پێش ئەویش حەجاج، بانگێشەی ئەوە دەکەن شوێن پێی ئەم پێغەمبەرانە هەڵدەگرن. موساو عیساو داود، باوەڕیان بەو دیاردانە هەیە کە بە میراتی بۆیان ماوەتەوە هەروەها بە ژمارە ٧١، لەو باوەڕەشدان هەموو جاری خوداوەند بە کەوکەبەیەك دەردەکەوی لە چوار یان پێنچ پەری پێك دێت. وەك ئیزیدی و دورزیش باوەڕیان بە روح گۆڕین هەیە (تناسخ الارواح) واتە روح لە شتێکەوە بچێتە شتێکی تر (١١٦).

تۆما بوا پاشان بە کورتی باسی سەر سوورەکانی بۆ کردووین کە لە ئەنازۆڵ و دیاربەکر و خەربوت نیشتەجێن و بە شێوەزمانی زازایی دەدوێن و خۆیان بە (علوی) ناوناوە، ئەوانیش دیسان شیعەی سەرە رۆن و مزگەوتیان نییە، بەلاّم رێبەرێك بە سەریان دەکاتەوە (١١٧).



باوەڕیان بە بوونی نێوەند هەیە لە نێوان یەزدان و ئادەمیزاددا کە (٥) پەری و ١٢١ وەزیری خودان و ٤٠ پێغەمبەرن باجی ئایینییان لی وەردەگیری، سەرۆکە ئایینییەکان کە (داد) یان (سەید) یان پی دەڵێن سەرپەرشتیان دەکەن، ١٢ رۆژ رۆژوو دەگرن بۆ ١٢ ئیمام، سی رۆژی دیکەش پێش جەژنی خدر، لە رۆژێکیشدا یەك جار نوێژ دەکەن.

ڕۆژیش لە رۆژهەلاّتەوە بۆ رۆژئاوا دەپەرستن، ئاگریان لا پیرۆزە. قوربانیش پێشکەش بە سەرچاوەی رووبارەکان دەکەن، کتێبێکی پیرۆزی تایبەت بە خۆیان نییە، بەلاّم قورئان و ئینجیل و تەورات بە پیرۆز دەزانن (١١٧-١١٨).

تۆما بوا باسی شەبەکیشی بۆ کردووین کە لە دەورووبەری موسڵ نیشتەجێن و بە پێی بۆچوونی تۆما بوا رێبازێکی ئاینی تێکەڵ لە ئێزیدی و شیعە پێڕەو دەکەن (١١٨).

تۆما بوا باسی هەندی بیروباوەڕی ئەوتۆشی کردووە کە مۆرکی ئەفسانەیی یان پڕ و پووچ (خرافە) یان پێوەیە کە هەندی کەس لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا باوەڕی پێیان هەیە، بەلاّم ئەوەش مەرج نییە بیروباوەڕی گشتیبن رەنگە لە هەندی شوێندا ئاسەواریان هەبی نەك لە هەموو شوێنێك.

بە پێی دیدو بۆچوونەکانی تۆما بوا و سەرنجی ئەو گەشتیارانەی سەردانی کوردستانیان کردووە هەموو ئەو بیانییانە لەسەر ئەوە کۆکن کەوا لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا دوعا و نوشتە بەکار دێت و گەلێك باوەڕی پڕوپووچی تیا بلاّوە، هەروەها تۆما بوا ئەوەی باسکردووە کە ژنانی کورد بە شێوەیەکی تایبەت باوەڕیان بە خوێندنەوەی بەخت و فاڵ هەیە و لەم بارەیەشەوە ژنە غەجەرییەکان زیاتر دەور دەگێڕن و جۆرەها شێواز بەکار دێنن (١٢٣).

تۆما بوا سەبارەت بە منداڵبوونیش ئاماژەی بۆ هەندی بیروباوەڕ کردووە، دەڵێت : ژنی سك پڕ لە شاری سلێمانی دەبی هەندی دوعا و نوشتە هەڵبگری، لە نێو خەڵکیش ئەوە باوە کە هەر ژنێك ئەو نوشتەیەی هەڵیگرتووە روونووس بکات منداڵی نابی ! (بێگومان نووسەری ئەو نوشتەیەش گاڵتەی بەو قسەیە دێت).

هەروەها باسی ئەوەشی کردووە کە ئەگەر ژنێك بە ئاسانی منداڵی نەبی ئەوە پەنا دەباتە بەر شتی پڕوپووچ و بەردێك دێنن هەندی نوشتەی لەسەر تۆماردەکەن و دەیخەنە سەرپشتی ژنەکە، بەلاّم لە نێو خێڵی شەمزینیاندا ئەگەر ژنان بەو بارەدا تێپەڕن ئەوە شمشێری (خانی لەپ زێرین) دەخەنە سەر جێی ئەو ژنە، شایانی باسیشە خانی لەپ زێرین پاڵەوانی داستانی قەلاّی (دم دم) ئەوەشی باسکردووە کە لە هەندی ناوچەی کوردستاندا هەوڵی ئەوە دەدری شەڕ لەو

منداڵەی  کە تازە لە دایك دەبی دوور بخەنەوە، هەر بۆیەش ڕێگانادەن ئەو ژنەی منداڵی بووە یان ئەوانەی لەوکاتەدا لەوی بوونە ئەو ژوورە بە جی بهێڵن، تەنانەت ڕێگا نادرێت هیچ شتێکیش ببرێت بۆ ئەو ژوورە، ئەو ژنانەش پاك نین ڕێگایان نادری بچنە ژوورەوە گوایە شوومن، ئەگەر ئەو ماڵە کوڕیان بوو ئەوە پیاوانی ئەو ماڵە بۆ ماوەی حەفتەیەك شەو تا بەیانی ئێشکی دەگرن (٦٤-٦٥-٦٦). لەو باوەڕەداین ئەم داب و نەریتە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێنوومابییەکانی زەردەشت.

هەر سەبارەت بە بابەتی بیروباوەڕ مەدام شانتەر دەڵێت : ژنان بە گشتی باوەڕی تەواویان بە خوێندنەوەی بەخت هەیە و بە گوێی ئەو ژنە غەجەرییانە دەکەن کە نەختێك لە ئێسقانی شانی بەرخێك بە دەستەوە دەگرن یان هەر شتێکی دی بۆ ئەوەی بەختیان بخوێننەوە.

هەروەها لەو بیروباوەڕانەی کە لە نێوی ژناندا باوە ئاماژەی بۆ چاوەزار کردووە لەم بارەیەشەوە مەدام (شانتەر) دەڵێت : ژنی کورد وەك سەرجەم ژنانی ڕۆژهەڵات هەوڵ دەدا خۆی لە چاوی بەدکار بپارێزی. هەروەها لە باسی مەسەلەی منداڵبوون و ژنی چلەداردا دەڵێت : نابی دوو ژن ئەگەر هەردووکیان چلەدار بن واتە چل ڕۆژ تێنەپەڕی بێت بەسەر منداڵبوونیاندا سەردانی یەکدی بکەن ئەگینا ئەوە بەزیانپێگەیاندن دەدرێتە قەڵەم، ئەگەریش بەرێککەوت یەکیان گرت ئەوە دەبی دەرزی و منداڵەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن و بگەڕێنەوە بە بی ئەوەی یەکێکیان پێشی ئەوی تریان بکەوی. هەروەها ژنانی کورد دوعا و نوشتە بەکار دێنن و وەك ملوانکە دەیکەنە ملیان، ئەو کەسەش بۆیان ئامادە دەکات پارەیان لی وەردەگری... ئەمە بوو ئەوەی  تۆما بوا  لە زمانی مەدام (شانتەر)ەوە باسیکردووە (١٢٣).

ئێمە لەو باوەڕەدا نیین ئەو باوەڕانە لە نێوان گشت ژنانی کورددا باو بێت، هەروەها باوەڕیش ناکەین ئەو بیروباوەڕانە ئێستا وەك جاران چەسپیبن، بۆ ڕوونکردنەوەی سەرنجەکانی تۆما بوا  لێرەدا دەبی ڕاستییەکی سیاسی ئایینی لەیادنەکەین، ئەویش بەندە بە باری سیاسی کوردستانەوە کە هەتا ئێستا خاوەنی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ نییە، ئەمەش ڕێگای خۆشکردووە بۆ پیاوانی ئایین ئەوانەی ڕێز لە پیشەی نوشتە و فاڵ و پێشبینی دەگرن دزە بکەنە نێو کۆمەڵگای کوردییەوە، بۆ وێنە پیاوی ئایینیی کورد لە ئێران ئەم پیشەیە لە پیاوانی ئایینی فارسەوە فێر دەبی و دەیگەیەنێتە پیاوانی دیکەی ئایینیی کورد ئەوانیش بە ڕۆڵی خۆیان دەیگەیەننە پیاوانی ئایینیی کورد لە کوردستانی عێراقدا، کە لە ڕاستیشدا ئەوان لە تورکیاشەوە بە هەمان شێوە لەو جۆرە بیر و باوەڕانەیان پێگەیشتووە. دوایش ڕۆڵی پیاوانی



ئایینیی عەرەب دێتە پێش کە دیسان ئەو پیشەیە دەگەیەننە پیاوانی ئایینیی کورد و ئەوانیش بە ڕۆڵی خۆیان دەیگەیەننە پیاوانی ئایین لە تورکیا و ئێران ئیدی بەم شێوەیە شارەزایی لەسەر گۆڕەپانی کوردی ئاڵ و گۆڕ دەکرێت، ئەویش بە هۆی پارچە پارچە بوونی کوردستانەوە، وێڕای ئەوەش ئاماژەمان بۆ کرد لەو باوەڕەداین هێشتا کوردستان لە چاو ئەوەی لە ڕۆژهەڵات ڕوودەدات بەخێرە، چونکە کورد کەمتر لە گەلانی دیکەی ڕۆژهەڵات هۆگری دوعا و نوشتەن. بێگومان ڕەگ و ڕیشەی زەردەشتیش کە دژی سیحرو دوعا و نوشتەیە لە ناخی کورددا کارتێکەری ماوە، هەر بۆیەش بە پێی زانینی ئێمە لە نێو شارە کوردییەکاندا نووسینگەی تایبەت نین بە ئاشکرا ئەو پیشەیە ڕابێنن.

لەگەڵ گشت ئەوەی لەسەرەوە باسکرا دەبینین لە نێو خەڵکدا بیرو باوەڕی پێوەندیدار بە بەخت و زانینی پاشەڕۆژەوە هەتا ئێستا جێی بایەخە، تەنانەت لە نێو ئەو کۆمەڵگایانەشدا کە لە ڕووی شارستانێتییەوە زۆر پێشکەوتوون، هەر بۆیەش لەسەر ئاستی ڕۆژنامەو دەزگاکانی ڕادیۆ و تلیفزیون گۆشەی تایبەت بە بەخت خوێندنەوە پێشکەش دەکرێت.

تۆما بوا  ئاماژەی بەوەش داوە کوردەکان باوەڕیان بە پەری (حۆری) و جنۆکە (الجن) هەیە جنۆکەش لای ئەوان دوو جۆرە، جنۆکەی خێر و جنۆکەی شەڕ، بەڵام تۆما بوا  دەڵێت: وەك ئەو بیرو باوەڕانە لە ناوچەکەدا تەنها بە کوردەوە نەنووسراون، بەڵکو ئاشوورییەکانیش دیسان باوەڕیان پێیەتی، هەروەها ئەوانەی لەسەر ئایینی ئێزدیشن (١١٩).

خەڵکی واش هەن باوەڕیان وایە پیاو دەتوانی پەری بخوازی، مرۆڤی وا هەیە لەو باوەڕەدایە نموونەی ئەو جووت بوونە لە کوردستاندا هەیە (١٢٠).

تۆما بوا  ئاماژەی بەوەشداوە لە نێو کوردستاندا بیروباوەڕی ئەوتۆ هەیە کە جۆرە ئاژەڵێك بە پیرۆز دەزانن لەوانەش کەڵەباب کە خۆر بە ئاگا دێنێتەوە و خۆشی بە بووك و زاوا دەبەخشی، تاوسیش لای ئێزیدییەکان هێمایە بۆ پەری.

لەو مەسەلانەش کە پێوەندییان بە بیروباوەڕەوە هەیە و بوونەتە جێی سەرنج ئەو ئارەزوومەنەدانەن کە بە دەستیان مار دەگرن، بە تایبەت ئێزیدییەکان توانستی ئەوەیان هەیە مار قوت بدەن، لە ڕاستیشدا ئێمە وەك ئەم دیاردەیەمان بەرچاو نەکەوتووە، بەڵام دیارە  تۆما بوا  بینیویەتی یان بیستوویەتی هەروەها پەنجەی بۆ ئەوەش ڕاکێشاوە کە هەندی شێخ دەتوانن مار ماڵی بکەن، پاشان دەڵێت : لە نێو وڵاتی کوردستاندا گیان لەبەری ئەوتۆ هەیە بە سەیری دادەنێن وەکو ئەوی پێیدەڵێن ماری ئاسمان (الحرباو) کوردەکان بۆیە ئەم گیان لەبەرەیان لاسەیرە

چونکه نابینن خواردن بخوا یان بخواتەوە، بۆیە لەو باوەڕەدان ئەم جۆرە مارە لە ئاسمان لە دایکبووە و ڕۆژی بەخت کەوتۆتەخوارەوە.

هەروەها کوردەکان هەندی ڕووەکیان لا سەیرە کە لە کوردستاندا دەڕوی وەك ئەوەی پێیدەڵێن (سێوی جنۆکە) کە توانستی سێکسی بەهێز دەکات، گەڵای زیوینی هەیە لە کاتی شەودا بریقە ئەداتەوە، کاتێکیش لێی نزیك ببیتەوە هەوڵ دەدات خۆی بشارێتەوە، ئەگەریش دڵۆپێك میزی ژنی لێبکەوی ئیدی جووڵە ناکات. هەروەها دەڵێت : کوردەکان باسی ئەو جۆرە ڕووەکە دەکەن بیگری دەنگی لێدەردەچی. ئەگەریش لەبن هەڵیکەنی دەمری، کوردەکان وا ڕاهاتوون دەوروبەری کێڵگەی ئەم ڕووەکە هەڵکەنن و دوایش ڕەگەکەی بە گوریسێك ببەستنەوە و لای دووەمی گوریسەکەش بە ملی سەگێك ببەستنەوە و خۆشیان دوور بووەستن ئەنجا بەردی بۆ بهاون ئەگەر سەگەکە ڕای کردو ڕەگەکەی لەبن هەڵکەند ئەوە سەگەکە دەتۆپی، تۆما بوا چیرۆکی ڕووەکەکەی لە کامبا نیل وەرگرتووە. هەروەها تۆما بوا ئاماژەی بەوەش داوە کە ڕووەکی ئەوتۆ هەیە ئەگەر مرۆڤ بۆنی بکات کوێری دەکات، ئەم جۆرە ڕووەکە شێوەی باریکە و لە ئامێدی سەوز دەبی، بەلاّم ڕووەکێکی دیکەش هەیە بە پێچەوانەی ئەوەیە (١٢١-١٢٢).

لە بەر ئەوەی هێشتا لە بواری باسکردنی ئاژەڵ و ڕووەکی پیرۆزداین پێویستە ئاماژە بۆ ئەو چیرۆکە سەیرە بکەین کە هۆبارد گێڕاویەتییەوە سەبارەت بە هەندی بیرو باوەڕ کە ڕەنگە مۆرکی گۆڕینیان وەرگرتبی، دەڵێت : کاتێك لە ناوچەی هەورامان بووە چووەتە سەر حەوزێکی ئاوی دەورگیراو ئاویشی ڕاستەوخۆ لە کانییەکەی تەنیشتییەوە بۆ دەهات کە تابلێی ساف و ڕۆشن بوو، لە نێو جۆگەلەکەدا هەندی ماسیم بینی، هەندێکی کەسیش لەو نزیکە بوون لە ڕێگای وەرگێڕە فارسەکەمەوە کە هەندێك کوردی دەزانی لێم پرسین ئەم ماسییانە هی کێن وتیان هی ئیمامن ئەویش کۆچی دوایی کردووە. هۆبارد دەڵێت : ئەمەم بەس بوو بۆ ئەوە دەس بکەم بە ڕاوە ماسی، ئامرازەکانم دەرهێنا و قولابەکەم هاویشت زۆری پی نەچوو سی ماسی باشم ڕاو کردو خستمنە سەر لێواری حەوزەکە، کوردەکانیش بە تووڕەییەوە تەماشایان دەکردم دەیانگوت ئەم ماسییانە شەخسن، لە ڕێگای وەرگێڕەکەمەوە بەو جۆرە تێگەیشتم کە شەخس کەسیی دەگەیەنی، بۆیە پێم وتن ئەگەر خاوەنیان ببینم باییان چەندبی پارەی دەدەمی، بەلاّم پاشان کە لە هەندی کەسی دیکەم پرسی وایان تێگەیاندم لەو باوەڕدان ماسییەکان خۆیان کەسن واتە ئادەمیزادن، یان هەر خۆیان ئیمامەکەن.



(هۆبارد دەڵێت : پاش ئەوە بۆم ڕوون بووەوە کە ئەو کەسانە باوەڕیان وابووە ئەو ئیمامەی پێش چەندین ساڵ یان سەدە کۆچی کردووە و لە نزیك ئاوەکەوە بە شێوەیەکی تایبەت نێژراوە کە وەك هۆبارد دەڵێت — باس ناکرێت — ڕۆحی ئیمامەکە بووەتە ئەو ماسییانە، لەو کاتەشدا خەریك بوو ماسییە بەستەزمانەکان دەگەیشتنە دوا هەناسە، کاتیش درەنگ بوو بۆ چارەسەرکردنی تاوانەکە، بەڕاستیش هەستم کرد جێگای داخە ئەو ماسییانە لە دەس بدەم بۆیە بڕیارم دا لێیان نێم و بیانخۆم، وەك خۆیشی دەڵێت ئیدی ڕۆح بن یان نا زۆر بەچێژ بوون.

کوردەکان لە ئاست ئەم هەڵوێستە ترسناکەدا بوون بە دوو بەشەوە، هەندێکیان لەو باوەڕەدا بوون کردەوەیەکی گلاّوە : هەندێکێشیان بە نیمچە تاوانیان دایە قەڵەم چونکە بەندە لەسەر تووڕەبوون و چاوقایمی. هۆربارد زیاتر لەسەر ئەم مەسەلەیە ڕۆیشتووە و دەڵێت : لە ئاست هەستی ئەو کەسانەوە کەوتمە گومان، چونکە واقیان وڕمابوو ! دەبی ئەو کەسە چی بەسەربی کە ئیمامی خوارد بی ؟

هۆربارد دەڵێت : ئەگەر توانستی ئەوەم ببوایە هەندێك بە کوردی بدوایەم دەمتوانی لەگەڵ ئەو کەسانەدا بە ئەنجامێکی باش دەربچم و لە بیروباوەڕیان بگەم کە (ئەودیوی سروشت) پێڕەوەکەن، بەلاّم لە شەڕی چۆنێتی گەڕاندنەوەی ئەو ماسیانە بۆ نێو حەوزەکە و چۆنێتی مانەوەی ئەو ماسییانە لەو بوارە تەسکەدا سەرنەکەوتم، هۆبارد پاش ئەوە دەڵێت : سزایەکی خێرام بەر نەکەوت، بەلاّم ڕەنگە پاشان ئاسمان تۆڵەم لێبکاتەوە (٢٢٤-٥).

مەدام (شانتەر) کە تۆما بوا دیدوبۆچوونەکانی سەبارەت بە بیرو باوەڕی کوردان دەربارەی ئەستێرەکانی ئاسمان لەوەوە وەرگرتووە دەڵێت: کوردەکان بیر و باوەڕی سەیریان دەربارەی ئەستێرەکان هەیە، مانگ و خۆر بە براو خوشك دادەنێن کە بەردەوام مانگ وەك براو خۆر وەك خوشك لە دوای یەك دەڕۆن، خۆر گیرانیش بە هۆی نازکردنی خوشك بەسەر براوە ڕوو دەدات (١٢٢).

لە ڕاستیشدا تێڕامانی ڕەوند و ڕۆژهەلاّتناسان لە ژینگەی کوردەواریدا دەچنە ڕیزی ئەو بابەتانەی کە سەرنجی زانایانی ئەنثروپۆلۆژی و زانایانی دەروونناسی ئایینی ڕاکێشاوە بۆ بەدوادا چوونی مێژووی سەرهەڵدانی ئایین لە نێو گەلاندا، ئەم لێکۆڵینەوانەش لە ژێر ناونیشانی (التوتمیە) ئەنجام دەدرێت واتە ئەوەی لەسەر ئاستی هۆز یان نەتەوە بە جەفەنگێکی پیرۆز دادەنرێت، گرنگیش نییە ئاژەڵ بی یان ڕووەك یان بێگیان بنتۆن (التوتمیە) بە قۆناغێك

له قۆناغەکانی سەرهەڵدانی ئایینە سەرەتاییەکان دەداتە قەڵەم شوێنەواریشی لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان و بەرێژەی جیاواز دۆزراوەتەوە (٧٢).

له ئەنجامی ئەوەی لەسەرەوە باسمان کردو لە میانەی گشت شێوەکانی گۆڕانکارییە کۆمەلآیەتییەکاندا دەبینین هەندی لەو شتانەی بەسترابوون بە ژیانی کۆمەڵگاوە بە تەواوەتی بنبڕ نابن، بەڵکو وەك جەفەنگی باوەڕێك دەمێننەوە نەك وەك ئایین بگرە وەك ئاییینیش لە هەندی نموونەدا. بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە ئەگەر بە هەست یان هەڵچوونی ئەوتۆ مۆرکدار بکرێن کە سیمای پیرۆزێتی و رەهەندی هەڵگرن ئیدی ئەگەر ئاژەڵ بێت یان رووەك لای هەر نەتەوەیەکیش بێت گرنگ نییە... بە پێی بۆچوونی ئێمەش ئەوە پاشماوەی بە پیرۆزکردنی شتی بی گیانە، وەك بەرد کەوا مرۆڤــــ پاشان کردوویەتی بە بت. ئەم کۆمەڵەیە لە کەڵەبابدا ورووژانی رۆحی دەبینی، هی دی لە تاووس پیرۆزێتی بە دی دەکات.... هتد لەو جەفەنگانەش پێوەندییان بە بی گیانانەوە هەیە ئەو ئەفسانەیەیە کەوا سایکس لە یەکی لە گەشتەکانیدا پێش سەدەیەك بەرچاوی کەوتووە، دەڵێت کە بەرەو دوکان رۆیشتووەو لە ری بەردێکی پێچخواردووی لە پاڵ چیاکەدا بە دی کردووە کە سەرنجی مرۆڤی راکێشاوە، چونکە شێوەی مارێکی هەڵگرتووە کە بەرەو سەرەوە هەڵکشا بی. لە پشت ئەم بەردەشەوە چیرۆکێکی ئەفسانە ئامێز هەیە دەڵێن کوڕو کچێك ئەویندای یەك بوونەو بەرەو چیا سەریان هەڵگرتووە، لە نێو یەکی لە ئەشکەوتەکانەوە مارێکی زل پەلاماری داون و ویستوویەتی هەڵیان لووشی. کچەکە لە یەزدان دەپاڕێتەوە بیانپارێزی... لەو کاتەشدا مارەکە بووەتە ئەو بەردەو ئەو دوو ئەویندارەش بوونەتە دوو داری هەنار لە نێوان هەردوو کەڵبەی مارەکەدا (٢١٢).

ژنی کورد وەك گشت ژنانی رۆژهەلآت باوەڕی بە چاوەزار هەیە، کە بە پێویستی دەزانی خۆی لە شەڕی دوور بگری، بەلآم ژنانی کورد لە هەڵسەنگاندنی رەنگی چاودا لەگەڵ ژنانی رۆژهەلآتدا جیاوازن چونکە باوەڕیان وایە چاوی شین زیان بەخشە... شیکردنەوەشمان بۆ سەرنجەکەی تۆما بوا ئەوەیە رێژەی چاوشینان یان چاوی رەنگاوەڕەنگ لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگای عەرەبی یان فارسی یان هیندی... هتد بەرزە.

له راستیشدا لێکۆڵینەوە پێوەندیدارەکان بەڕەچەڵەك و ئەندامانی مرۆڤەوە ئاماژە بەوە دەدەن کەوا هێڵی سەرەتا دەنوێنن بە کاڵی رەنگی پێستیان و دەستپێکردنی گۆڕینی رەنگی چاویان لە رەشەوە بۆ نەرگسی دەست پێدەکات و هەرچەندە لە کوردستاندا بەرەو باکوور بڕۆین رێژەی قژ زەردان زیاد دەکات و پێستیش کەمتر مەیلەو ئەسمەر دەبێتەوە بەم شێوەیەش رادەی



چاوشینان کەم دەبێتەوە، کە پڕوپاگاندەی میتافیزیقیی بە دواوەیە کەوا دەشی لە کۆمەڵگاکانی دیکەی رۆژهەلآتدا هەستی پێنەکەین.

تۆما بوا دەربارەی شێوەی ئەو دوعاو نوشتانە دواوە کە لە ناوخۆ دروست دەکرێن، شێوەی ملوانکە هەڵدەگرن یان ئەوەی سەیدی گەڕۆك بەرامبەر بڕێك پارەو لە شێوەی کیسەدا دروستی دەکات کە بریتییە لە پارچە کاغەزێك هەندێك خەت و پێی نامۆو نمرەی تیا دروست دەکات، هەروەها دەشی لە نێو هەندی نوشتەدا وێنەی شمشێرو دڵ ببینری، کە ئەگەر بۆ ژنێك چەند تەڵێکی قژی مێردەکەی بۆ زیاد بکرێت ئەوە بەو نوشتەیە خۆشەویستی پیاوەکەی دابین دەکات.

هەروەها نوشتە بۆمندالآنیش دەکرێت و بە جلەکانیانەوە هەڵدەواسرێن یان دەکرێتە مەچەکیان، بەلآم شارنشینان کەمتر لە گوندنشین هۆگری نوشتەن.

تۆما بوا ئاماژەی بۆ هەندی لەو بیروباوەڕانە کردووە کە سیحر ئامێزن و ئەمڕۆ شوێنەواریان نەماوە لەوانەش دەڵێت ئەگەر ژن ویستی دەسەلآتی بەسەر مێردەکەیدا بشکێت و ملکەچی بێت ئەوە مۆخی کەری لەگەڵ خواردن بۆ تێکەڵ دەکات و دەیداتە دەرخواردی.

هەروەها ئاماژەی بەوەش داوە کە جوغز یان بازنە لای هەندێك روخسارێکی پیرۆزە، بۆیە دەشی کەسێك بەدەور خۆیدا بازنەیەك دروست بکات و خۆیشی لە گۆشەیەکی دوورە پەرێز بشارێتەوە بۆ ئەوەی خۆی لە رۆحی دڕندەو شەڕخواز بپارێزی، لە راستیشدا ئێمە کە باسی پیرۆزێتی بازنە دەکەین لە نێو ئیزیدییەکاندا باو بووە و رەنگە هەتا ئێستاش لای هەندێکیان پێڕەو بکرێت، چونکە ئەگەر ئێزیدی وێنەی بازنەیەکی بەدەوری خۆیدا کێشا دەبێتە دیلی، ناشتوانی بە جێی بهێڵی هەتا ئەو کاتەی خاوەنی نەفسێکی بەخشندە بێت و بازنەکەی بۆ بکاتەوە، شایانی باسیشە بازنە لای گریکەکانیش پیرۆز بووە بە پێی دیدی فەیلەسووفەکانی گریك بازنە تەواوترین شتە بەمەش سیفەتی چاکە هەڵدەگری و هەر خاڵێکی سەرەتاش تیایدا دەشی ببێتە خاڵی کۆتایی، پێچەوانەش دروستە، گومانیش لەوەدا نییە گەلێك تیۆری فەلسەفی و ماتماتێك لە گریکەوە گەیشتوونەتە رۆژهەلآت.

هەروەها تۆما بوا باسی هەندی شێوەی بیروباوەڕو نەریتی ئەوتۆی کردووە کە دەبنە هۆی باران بارین، بە تایبەت ئەگەر وشکە ساڵ بێت و دەغل و دان بکەوێتە بەر هەڕەشەی وشك بوونەوە، لەو نریتانەش ئەوە بووە خەڵك چوونە بۆ سەر رووبارو خۆیان شتووە، ژنان جوانترین کراسیان لەبەر کردووە، ئاویان رژاندۆتە سەر جوانترین کراس کە لەبەر یەکێکیان بووە، پاشان

ژنان بە دەوری مەنجەڵێکدا هەڵپەڕیون کە چێشتی تیا بووە و چاوەڕوان بوونە بکوڵێ، ئەگەریش لەو کاتەدا باران نەباریبێ ژنان ئاویان رژتۆتە سەر کراسەکانیان و گەڕاونەتەوە.

لە هەندی ناوچەشدا پیاوێکی خواپەرست لە نێو حەوزێکی ئاودا مەلەوانێی کردووە. منداڵانیش دەمامکەیەکیان لە دار دروست کردووەو عەمامەو کراسیان لەبەر کردووەو لە ئاویان هەڵژەنیوەو گرتوویانە بەدەستیانەوەو بە کۆڵانەکاندا گەڕاون داوایان کردووە یەزدان باران ببارێنی.

لە شوێنێکی دیکدا تۆما بوا لەسەر هەندی بیروباوەڕی تایبەت بە چارەسەری نەخۆشییەوە دواوە و دەڵێت : ئیسماعیل بەگی جوولوی ئێزیدی کە میر بووە تفی کردۆتە نێو ئاو بۆ ئەوەی ببێتە عیلاج بۆ ژنی نەخۆش، ئەوانەی دووچاری نەزۆکی بوونە، ئەوانەی لە مێردەکانیان دوورکەوتوونەتەوە و ویستوویانە بگەڕێنەوە لایان و ژیانی پڕ خۆشەویستی و سۆزیان لەگەڵ بەرنەسەر.

ویگرام دەربارەی بیروباوەڕی قسمەت و نسیب و قەدەر لای کوردەکان دواوە، بەلاّم وەك بابەتێکی راستەوخۆ باسی نەکردووە، بەڵکو لە میانەی هەندی هەڵویستەوە کە بە رێککەوت تووشی بووە ئاماژەی بۆ هەندێکیان کردووە. بەلاّم لە شوێنێکی دیکەی کتێبەکەیدا لە باسی قەزاو قەدەردا دەڵێت : مرۆڤی سەرزەمین لە شوێنەواری رزگاری نابی. ئەوەشی سەلماندووە کە باوەڕی قسمەت و نسیب ئەوە دەگەیەنی هەموو مرۆڤێك لە ژیاندا بە نەمری دەمێنێتەوە هەتا رۆڵی خۆی بەتەواوەتی دەگێڕی و پەیامەکەی بەجی دێنی(٢٠٦).

ئەوەی ویگرام باسیکردووە تەنها تایبەت نییە بە کوردەوە، بەڵکو گەلانی رۆژ هەلاّت بەگشتی و ئیسلامی بە تایبەت، تەنانەت ئەو ئایینانەش کە نەتەوەکانی رۆژهەلاّتی پێش ئیسلام باوەڕیان پی هێناون هەندێکیان ئاماژە بۆ قەزاو قەدەرو ئەجەل دەکەن، لە راستیشدا ئیسلام ئەو بیروباوەڕانەی لای ئەو گەلانە قووڵتر کردۆتەوە، بەلاّم ئەوەی شایانی باسە ئاماژەی بۆ بکەین کەوا کوردەکان پتر لەوانی دی پابەند بوونە بە بیروباوەڕی ئیسلامەوە، رەنگە ئەم بابەتەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی چڕوپڕ هەبی بۆ دیاریکردنی هۆکارە سیاسی و ئەنثروبۆلۆژی و کۆمەلاّیەتییەکانی ئەم گەلە ئەمەش لە سنووری ئەم کتێب دەچێتە دەرەوە، بەلاّم شایانی ئەوەیە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکری.

ویگرام بەرەو رووی هەندی بیروباوەڕی دیکەمان دەکاتەوە، دەڵێت: هەندێك لەو باوەڕەدان رۆحی ئەوتۆ لە نێو چیاو دەشت و سەرەڕێگاکاندا هەیە ری لە رێبوار دەگری. هەندێك لەو



باوەڕەدان دەعبای خوێن مژ لە دەشتی موسڵ هەیە نیوەی مرۆڤەو نیوەکەی دیکەشی شێوەیەکی ناشیرینی هەیە رێبوار دەڕفێنی و خوێنی دەمژی، هەروەها ئاماژەی بەوەداوە گوندی ئەرادن گۆڕی ئەژدەهایەکی لێیە جۆرە مەگەزێکی لی زاوزی دەکات بە مرۆڤـــ کوژ ناسراوە، ئەگەر بە هەرکەسێکەوە بدات یان شێتی دەکات یان تووشی ئەو نەخۆشییەی دەکات کە سەگی هار تووشی مرۆڤی دەکات.

هەروەها ئاماژەی بەوە داوە جۆرە جنۆکەیەکی بچووك هەیە کە لە نێو کۆزی مەڕدا خۆی مات دەدات، بۆیە زۆربەی شوانەکان ناچار دەبن شەوان بە تەنها پاسەوانێتی مەڕەکانیان بکەن خۆیان ئامادەی بینینی گشت روخسارێکی نامۆ دەکەن. لەو چیرۆکە سەیرانەش کە ویگرام لەم بارەیەوە دەیگێڕێتەوە دەڵێت : جنۆکەیەك دەهات و بەرامبەر شوانەکە کب لەوبەر کوانووی ئاگرەکەوە دادەنیشت و گشت جموجۆڵەکانی شوانەکەی لاسایی دەکردەوە، کار گەیشتە ئەوەی شوانەکە هێند بێزار بی لە مرۆڤی تێگەیشتوو داوای رێنوومایی بکات تا یەکێکیان نەخشەیەکی سەیری بۆ دانا و داوای کرد جێبەجێی بکات. ئەوە بوو مەنجەڵێك ئاوی لە تەنیشت خۆیەوە داناو نەختێکیش نەوت لە نزیك شوێنی دانیشتنی جنۆکەکەوە، کاتێك بەرامبەری دانیشت شوانەکە ئاوی لە مەنجەڵەکە دەرکردو جلەکانی پی تەڕکرد جنۆکەکەش لاسایی کردەوە بەلاّم بە بی ئەوەی بزانی جیاوازی نێوان ئەو دوو شلەیە چییە، پاشان شوانەکە پشکۆیەکی ئاگری لە کوانووەکە دەرکردو خستییە سەر جلەتەڕەکانی و بە ئاوەکە کوژاندیەوە، جنۆکەکەش لاسایی کردەوە ئیدی یەك سەر گڕی گرت و داپەڕی و بەهەلە داوان دەشتی دایە بەر و دەیقیژاند ئای سووتام (٣٠٢).

پاشان ویگرام هاتۆتە سەر باسی بیروباوەڕی کورد دەربارەی چیای جودی کە سەر بە زنجیرە چیای ئاراراتە لە کوردستان و کاتی خۆی کەشتی نووحی لەسەر وەستاوە، خەڵکیش وێڕای بیروباوەڕی ئایینییان لە رۆژێکی دیاریکراودا لەسەری کۆ دەبنەوە بۆ یادکردنەوەی لەنگەر گرتنی ئەو کەشتییە (٣٠٣).

ویگرام باسی ئەوەشی کردووە کە بیستوویەتی کاتێك کەشتییەکە خەریك بووە لەنگەر بگری مارێك ئەو کەلێنەی لە نێو چیای شنگاردا بووە پڕکردۆتەوە تا کەشتێیەکە بەسەر پشتیا تێپەڕی، کەچی نووحی پێغەمبەر جەزای چاکەی نەداوەتەوەو سووتاندوویێتی، بەلاّم ئەویش تۆڵەی خۆی کردۆتەوە کۆمەڵە کێچێکی هێناوە و لە دوای خۆی جێی هێشتوون (٣٠٤).

لەوشتە سەیرانەش کە ویگرام باسیکردوون دەڵێت : هەندی لە کوردەکان لەو باوەڕەدان بەهەشتین واتە لە بەهەشتدا بەشیان هەیە و ئامادەن هەندی لە بەشی خۆیان لە بەهەشتدا

ببەخشن بە خەڵکی دی لەوانەی بە بۆچوونی ئەوان لە بەهەشتدا بەشیان نییە، لەم بارەیەوە ئەوە دەگێڕێتەوە کە جارێك هاوڕێیەکی ویگرام کاکیلەی گوندنشینێك هەڵدەکێشی و لە دان ئێشە رزگاری دەکات، بەرامبەر بەوە ئەیەوی دوو مەجیدی (پارەی ئەو سەردەمە)ی پێببەخشی، بەڵام کابرای ئینگلیز قەبووڵی ناکات و دەڵێت ئێمە بە خۆرایی نەخۆش چارەسەر دەکەین گوندنشینەکەش دەڵی باشە من لە بەهەشتدا حەفتا حۆریم دەبی، رەنگە تۆش لەبەر ئەوەی نەسرانیت بچی بۆ شوێنێك حۆری تیا نەبی، من دوو لەوانەی خۆمت بۆ دەبەخشم، پزیشکە ئینگلیزەکەش بەو سەودایە قایل دەبی. ویگرام نرخی هەر حورییەکی بەمەجیدییەك لێکداوەتەوە. بەرامبەر بە شلنیش دەکاتە (١٣) شلن و (٦) بەنس واتە (١٧٥) فلسی عێراقی (٢٩٧).

لەو بیروباوەڕە سەیرانەش کە ویگرام کاتێك لە کوردستان بووە بینیویەتی ئەوەیە دەڵێت: پیاوێك هاتە خزمەتی شێخ سدیقی باوکی سەید تەهای شەمزینی، شێخ سدیقیش لە بنەماڵەیەکی ئایینپەروەری گەورەیە لە کوردستاندا، پیاوەکە کەڵەبابێکی بەدەستی هەڵگرتووەو بە شێخی وتووە ئەم کەڵەبابە موژدەبەری ئایینی نەسرانییە. چونکە دەقیرێنی و دەڵێت : (ئایین ئایینی عیسایە) وا دیارە ئامادەبووەکانیش باوەڕیان بەوە کردووە، بەڵام کەڵەبابەکە ئەوشەوە تا بەیانی لای شێخ مایەوە بۆ دڵنیا بوونی.

شێخ سدیق بە پێی هەڵسەنگاندنی ویگرام زیرەك بووە، چونکە وەڵامەکەی روون و راستەوخۆ بووە، بەڵام تاڵیش بووە. وەك ویگرام باسیدەکات کابرایەکی مەسیحیی موژدەبەر بووە، شێخ سدیق وتوویەتی کاری لە ئاسابەدەر (المعجزە) لە خواوەیە، ئەم کەلەبابەش دەبی بە زیندوویی بمێنێتەوە و بە چاوی بەرێزو پیرۆزییەوە تەماشای بکری، بەڵام لەبەر ئەوەی ئایینی مەسیحی بریتییە لە چەند مەزهەبێك و هەر مەزهەبێکیش خۆی بە راست دەزانی و گوایە پێڕەوی ئایینی حەزرەتی عیسای پێغەمبەر دەکەن، لەبەر ئەوەش کەڵەبابەکە هیچ لەو مەزهەبانەی دیاری نەکردووە، بۆیە موسوڵمانی ئیماندار نابی لەو بارەیەوە هیچ بکات تا مەسیحییەکان هەموویان بەگشت مەزهەبەکانیانەوە رێکنەکەون لەسەر پێڕەوکردنی یەك مەزهەب یان یەك ئایین تا بە شێوەی سروش بۆ ئەو کەڵەبابە بێتە خوارەوە.

ویگرام باسە جۆربەجۆرەکانی دەربارەی بیروباوەڕی باوی نێو کوردەواری بەمە کۆتایی پێدەێنێت و دەڵێت: شێخێکی کوردی خواپەرست و بە باوەڕ ناوبانگی گەیشتۆتە هەموو شوێنێك تەنانەت سوڵتان عەبدولحەمیدیش بە وشەی نهێنی نامەی بۆ ناردووە، ئەگەر پێویستیشی بە



دوعا هەبایە بەتلگراف داوای لێدەکرد (٣١). ئەو شێخەش کە ویگرام ناوی نەهێناوەو بۆتە جێی سەرنج شێخ جوادی نەقشبەندی خاوەن تەکیە بووە لە شاری کەرکووك.

هاملتۆن سەرنجەکانی دەربارەی بیرو باوەڕی نێو کوردەواری لە سەرەتای گەشتەکەیدا کە لە هەولێرەوە دەستپێکردووە. دەستی بە تۆمار کردنی کردووە، کاتێك بە نێو چیاو تێکەڵەکاندا تێپەڕیوە، ئەو کاتەش وەختی دروێنەو هەڵگرتنی دانەوێڵە بووە.

باسی جووتیارێکمان بۆ دەکات کە کاتێك ئەمی لە دوورەوە بەدی کردووە هاوڕێکانی بە جێ هێشتووەو بە گوێلێك گەنم و داسەکەیەوە بە راکردن بەرەو لای ئەم هاتووەو رایگرتووە، دیارە هاملتۆن شتێکی دەربارەی ئەو نریتە یان ئەو باوەڕە زانیوە، بۆیە گوێلە گەنمەکەی بە دەستێك لێوەرگرتووەو بە دەستەکەی دیکەشی هەندی پارەی داوەتی، ئەمەش دڵی جووتیارەکەی زۆر خۆشکردووە، چونکە ئەم نریتە کە هاملتۆن بە پڕوپووچی دەداتە قەڵەم لە دیدی ئەو وەختەی کۆمەڵی کوردەواریدا بووەتە هۆی ئەوەی کامەرانی هاوپەیمانی هاملتۆن بێت. بەرامبەر بەمەش هاملتۆن دانی بەوەداناوە کە لە کوردستاندا کامەران بووە، بەڵام رەنگە وەك خۆی دەڵێت : ئەو جووتیارەی ئەو پارەیەی لێوەرگرتووە پتر کامەران بووبی، واشدیارە پیاوێکی کورد کە ناوی حەسەن بووەو هاوڕێتی هاملتۆنی کردووە، پێی وتووە کامەرانی بەشی دەبی چونکە لە کەرکووك یارمەتی هەژارێکی کوێری داوەو دڵی جووتیارێکی دروێنەکاریشی خۆشکردووە (٥١).

ئەو کۆمەڵە بەردانەش کە کوردەکان لە شوێنی دیاریکراودا دایانناوە بۆ گوزارشت کردن لە بە پیرۆز زانینی ئەو شوێنە سەرنجی هاملتۆنی راکێشاوە، ئێمە لە شوێنێکی دیکەی ئەم کتێبەدا باسی ئەوەمان کردووە ئەوە جۆرە نوشتەیەك بووە بۆ دوورخستنەوەی رۆحە دڕندەکان (٧٧).

هاملتۆن لە میانەی هەڵوێستێکەوە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە کوردەکان داکۆکی کارن بۆ پاراستنی لەشی مردووەکانیان، تەنانەت ئامادەن خۆشیان بخەنە مەترسییەوە بۆ وەدەس هێنان دواییش ناشتنیان بە پێی یاسای ئیسلام و بەوپەڕی رێزەوە (٧٠).

هاملتۆنیش وەك رەوەندو رۆژهەڵاتناسەکانی دی گوللەبەند بووەتە جێی سەرنجی کە نوشتەیەکە بۆ پاراستنی ئەوکەسەی هەڵیدەگری، ئەوەشی باسکردووە کە چاوی کەوتووە بە کەسانێك کاتی خۆی لە رێزی سوپای شێخ مەحموودا بوونە بۆیان گێڕاوەتەوە بە چاوی خۆیان گوللەی تفەنگیان بینیوە لەشی شێخی بڕیوە و لە دوای ئەو مرۆڤی دیکەی کوشتووە، بەڵام هیچ ئازاری بە شێخ نەگەیاندووە، بۆشیان دووپات کردۆتەوە شێخ هەرگیز لە گۆڕەپانیجەنگدا ناکوژری (١٥٦).

لەو مەسەلە سەیرانەش کە لە بواری ئەو جۆرە بیروباوەڕانەدا سەرنجی هاملتۆنی راکێشاوە ئەوە بووە کوردەکان بە جۆرێکی تایبەت تەماشای لیمنکتن یان کردووە کە لیمنکتن هاملتۆن وەك نازناو بۆ ئەفسەرێکی بەریتانیا کە پلەی نەقیبی هەبووە بەکاری هێناوە و ناوی راستەقینەشی (لیتد لدیل) بووە، ئەم ئەفسەرە زۆر بوێر بووە بە شێوەیەکی سەرنجراکێش گەشتی نێوچیاکانی کردووە و لە دەمانچەیەك و چەند کەسێك کە هاوڕێتییان کردووە هیچی دیکەی لەگەڵ نەبووە، لەبەر ئەوەی چاوێکی خەوشدار بووە روخساری سەرنجی راکێشاوە، ئەمەش کاردانەوەیەکی ئەوتۆی لای کوردەکان دروست کردبوو گوایە ئەم پیاوە بە بی ئەوەی خۆی بزانی خاوەنی جۆرە توانستێکی تایبەتە لە بواری بینینی ئەودیوی سروشتدا(٦٦).

هاملتۆن کە کوردەکانی بەو نەتەوەیە باسکردووە لە هیچ جۆرە ئاژەڵێك یان مرۆڤێکی دڕندە ناترسن و ئامادەن دەست و برد بۆیان بێتە دەست و تەقەیان لێبکەن، رەنگ و رووی هەندێکیانی لە نێو ئەو ئەشکەوتەدا کە ویستوویەتی نهێنییەکانی بدۆزێتەوە بە تایبەت لەو کاتەدا کە رووناکییەکە لە پڕ کوژاوەتەوە وایبینییەوە ترسیان لێنشتووە، دەڵێت ئەو ساکارانە کە باوەڕیان بەشتی پڕوپووچ هەبوو وایان زانی نەمانی رووناکییەکە جنۆکەی لە پشتەوەیەو کردەوەی چیای دڕندەیە، هاملتۆن کوژاندنەوەی ئاگرەکەی بۆ ئەوە گەڕاندۆتەوە کە رادەی ئۆکسجین لە قووڵای ئەشکەوتەکەدا کەم بووەتەوە، بۆیە داوای لە هاوڕێکانی کردووە قلە شقارتە داگیرسێنن و بەرەو دەروازەی ئەشکەوتەکە پێچ بکەنەوە (١٧٦).

شمیدت دەربارەی بیروباوەڕی زەردەشتی دواوە کە پێش ئەوەی کوردەکان باوەڕ بە ئیسلام بێنن، پێڕەویان کردووە، دەڵێت کوردەکان سەر بە ئایینزای شافعین، ئێمەش لەو باوەڕەداین ئەگەر شمیدت بیگوتبا زۆربەیان لەسەر ئەو مەزهەبەن وردتر دەبوو (٢١٨) وێڕای ئەوەش ژمارەیەك لە مێژوونووسان لەو باوەڕەدان کەرتی ئازەربایجان کە بەناوبانگترین ناوچەکانی میدیایە شوێنی زەردەشتی یەکەم بووە، زمانەکەشی زمانی نەتەوەکەی خۆی بووە (٢١٨). بەلاّم میستەر رێچ باوەڕی وایە شاری ئامێدی لە (کوردستانی عێراق) شوێنی زەردەشت بووە (١٠٧).

شمیدت کوردەکان بەوە باسدەکات دەمارگیر و توندڕەونین و بە لێبوردەییش لەگەڵ ئەو مەسیحییانەدا سەودا دەکەن کە لەگەڵیان دەژین. لەو باوەڕەشدایە مرۆڤی کوردی ئاسایی توندڕەو نییە لە نوێژکردنی رۆژانەی و رۆژوو گرتنی لە مانگی رەمەزاندا، رێژەیەکی کەمیشیان حەجی مەککە دەکەن، هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە رێورەسمی حەج بە زمانی عەرەبییە و ئەوانیش زۆربەیان زمانی عەرەبی باش نازانن. هەروەها باوەڕیشی وایە ولاّتەکەیان کە شاخاوییە



وای لێکردوون سۆفێتی و تەریقەتی مریدی و دەروێشی پێڕەوبکەن کە ئامانجی ئەوەیە یەکێتی ویژدانی یەزدان بخاتەروو (٢١٨).

بیروبۆچوونی رەوەند و رۆژهەلاّتناسەکان دەربارەی بابەتی رێژەی پابەند بوونی کوردەکان بە ئایینەوە جیاوازە، چونکە هەندێك لەگەڵ شمیدت کۆکن، بەرامبەر بەمەش هەندێك رای پێچەوانەیان هەیە بۆ نموونە، هانسن دەڵێت هەتا ئەو کاتەی نەهاتمە کوردستان نەمدەزانی رێژەی کارتێکەریی ئیسلام لەسەر گەلان چەندە، بینیوویێتی رۆژی پێنج جار نوێژدەکەن و زەکات دەردەکەن و رۆژوو دەگرن و ئەگەریش بتوانن حەج دەکەن (١١٩).

لە راستیشدا ئێمە لەو باوەڕەداین رێژەی نوێژکەران لە نێو کوردەکاندا لە چاو گەلانی دی تەنانەت عەرەبیش بەرزە. زۆربەشیان مانگی رەمەزان رۆژوو دەگرن، بەلاّم دوور نییە شمیدت لەبەر ئەوەی لە بارودۆخێکی نائاساییدا سەردانی کوردستانی کردووە ئەوەی بۆ ساغ نەبوویێتەوە، چونکە لە ناوچەکەدا شەڕ گەرم بووە و بۆردوومانی ئاسمانی و تۆپ لە گۆڕێ بووە. خەڵك پەڕەوازەی نێو چیا و ئەشکەوتەکان بوونە، رەنگە گشت ئەمانەش ببنە هۆی پێشکەش نەکردنی وێنەیەکی واقیعی دەربارەی بلاّو بوونەوەی هەستی ئایینی لە نێو کوردەکاندا ئەمە لە لایەك لە لایەکی دیکەشەوە ئێمە لەو باوەڕەداین کوردەکان لە عەرەبەوە نزیکترن لە چاو پاکستانییەکان، ئەویش بە حوکمی دراوسێتی جوگرافییە، کەچی سەرنجەکەی دەربارەی بلاّو بوونەوەی سوفێزم لە کوردستاندا پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد هەیە، بەلاّم دەبی ئەوەش بزانین ئەم رێبازە لە کوردستاندا لە دایك نەبووە، بەڵکو بە زۆری لە نەتەوەکانی دیکەی ئارییەوە بۆی هاتووە.

شمیدت سکالاّی گەلێك لەو کوردانەی گەیاندۆتە خوێنەرانی کە شێخەکانیان سنووری دەسەلاّتیان بەزاندووە و بە تایبەت ئەوانەی لە رێگای جادوو و نوشتەوە سوودیان لە مرۆڤی ساوێلکەی نێو ژنان و کچان بینیوە، وێڕای ئەوەش شمیدت ئەوەی لە یاد نەکردووە کە زۆربەی پێشەوایانی کورد شێخی تەریقەت بوونە، وەك شێخ سەعیدی پیران کەوا ساڵی ١٩٢٥ پێشەوایەتی شۆڕشی کوردی لە کوردستانی تورکیا کردووە و شێخ مەحموودی حەفید و شێخی بارزان (٢١٨).

وا دیارە شمیدت ئەوەی سەرنج داوە کە هەندێك بۆیە شێخیان بەسەر کردۆتەوە تا لەسەر دەستی تۆبە بکەن و لاپەڕەیەکی نوی بکەنەوە، بێگومان تۆبەکاریش هەست بەوە دەکات دڵی پاك بووەتەوەو قورسایی لەسەر نەماوە، بەلاّم مەرجی قەبووڵکردنیشی ئەوەیە جارێکی دی ئەو تۆبەکارە نەگەڕێتەوە سەر هەر کردەوەیەك یاسای ئیسلام قەبووڵی نەکات.

شمیدت وەك گەلێكی دی لە ڕەوەندەكان ئاماژەی بۆ هەردوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی كردووە و باسی هەندی لە چالاكییە نائاساییەكانی كردوون، هەروەها پەنجەشی بۆ ئێزدی و قزلباشی درێژ كردووە و هەندی داب و نەریتی باسكردوون (٢٢٠).

شمیدت لەو باوەڕەدایە تەریقەت لە كوردستاندا لەسەر بناغەی خێڵەكی دامەزراوە، چونكە شێخەكان لە سنووری شوێنی نیشتەجی بوونیان كاردەكەن و خوێندكار و مریدەكانیان لە دەوریان دەبن، باشترینیشیان تەریقەت لە شێخەكانیان وەردەگرن و لە نێو خێڵەكانی دیدا ڕێنوومایی بڵاو دەكەنەوە بەم شێوەیە شمیدت وتەی كوردستان هەمووی لە تۆڕێكی سۆفی گەریدا ڕێكخراوە. لە ڕاستیدا لە سەرەتادا شێخەكان سەرۆكی ڕۆحانی بوون نەك شتی دی، بەلاّم كاتێك دەسەلاّتیان زیادی كرد و كەوتنە ژێر باری دیاری و بەخششەوە بەرە بەرە دەسەلاّتیشیان ئەو سنوورەی بەزاند، شمیدت لە یادداشتنامەكانیدا ئەوەی دركاندووە كە هەندی لە مریدانی ئەو شێخانە لەو باوەڕەدان شێخەكانیان مەهدی چاوەڕوانكراون (المهدی المنتظر) (١٤٢).

شمیدت ئەوەشی باسكردووە كە باوكیان منداڵیان دەنێرنە لای مەلا بۆ ئەوەی قورئانی پیرۆزیان فێركەن، بەلاّم لە ڕاستیدا ئەو مندالاّنە هیچی لی ناگەن، بۆیە دەتوانین بە جۆرە ڕاهێنانێكی زەین ڕۆشن كردنەوەی بدەینە قەڵەم.

شمیدت ئەم سەرنجانەی دەربارەی ئەم جۆرە فێركردنە لە گوندی (سوریە) تۆماری كردووە، كە تیایدا پیاوێكی ئایینیی بینیوە قورئانی بە دە منداڵ ڕەوان كردووە شایانی باسیشە سوریە گوندێكە لەوانەی هێزەكانی میری لەگەڵ زەویدا تەختی كرد. بۆیە باوەڕناكەین یەكی لەو مندالاّنەی شمیدت باسیكردوون ڕزگاریان بووبی، چونكە زۆربەی گوندەكانی دەوروبەری قەزای زاخۆ كە شاری نووسەری ئەم كتێبەیە دووچاری ئەو كارەساتە بوون.

بۆچوونەكەی شمیدت ڕاستە چونكە منداڵ لە حوجرەدا تەنها ئەوە فێر دەكرا خوێندنەوەی دەقەكان لەبەربكات، ئەوەش بیویستیا لە قورئان و زانستەكانی بگا دەبوو لە پاش ئەوە قۆناغەكانی دی تەواو بكات تا ئیجازەی عیلمی وەربگری. بۆیە سەرنجەكەی شمیدت لە جێی خۆیدایە بۆ بەڵگەش دەبینین گەورەكان گوایە دەزانن قورئان بخوێننەوە، بەلاّم لە واتاكەی ناگەن تەنانەت لە كاتی نوێژكردنیشدا نازانن ئەو ئایەتانەی دەیخوێننەوە چ دەگەیەنن. مەگەر ئەوانە نەبی كە زمانی عەرەبییان ڕەوانە، ئەمەش تەنها گرفتی نەتەوەی كورد نییە بەڵكو گرفتی گشت ئەو نەتەوانەن باوەڕیان بە ئیسلام هێنا وەك پاكستانی و فارس و تورك... هتد سەرباری ئەمەش نووسەر ئەوەشی بۆ ساغ بووەتەوە گەلێك لە عەرەبەكان خۆشیان لە واتای ئەو ئایەتانە ناگەن كە



لە نوێژدا دەیانخوێننەوە، ئیدی دەبی نەتەوەكانی دی چۆن لێیان بگەن، بەهەرحاڵ ئەم مەسەلەیەش بەدەر لە سنووری ئەم كتێبەیە.

ئەگەر بڕوانینە سەرنجەكانی بۆرتەر كەوا ساڵی ١٨٢٠ سەردانی سلێمانی كردووە دەبینین لە باسی سەرچناردا دەڵێت : پێیان وتووە ئەو ئاوەی لە بنار گردێكی سەوزەوە هەڵدەقوڵی ناوی ئیمامی عەلی چوارەمین خەلیفەی ڕاشدین هەڵدەگری، كە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئیمامی عەلی گەیشتۆتە سەرچنار. خەڵك لە یەكترەوە گێڕاویانەتەوە كەوا خەلیفەی چوارەم جارێك دەوارەكەی لەسەرەو لێژییەكە هەڵداوە و لەو شوێنەدا دوو دار سەوز بوونە، هەر یەكەیان لە شوێنی ئەو مێخەدا سەوز بووە كە دایكوتاوە و ئەسپەكەی پی بەستۆتەوە. ئەم سەرنجەش دیسان لە یادداشتنامەكانی ڕێچدا هاتووە كە ساڵی ١٨٢٠تۆماری كردووە.

دیاردەی مردن پێوەندییەكی بەتینی بە بیر و باوەڕەوە هەیە، لەم گۆشە نیگایەشەوە دەبینن گشت نەتەوەكان بە درێژای ڕەوتی شارستانێتی مرۆڤایەتی مردن و ئایینییان بە یەكەوە بەستۆتەوە لەسەر ئاستی گەلی كوردیش دەبی لە دوو گۆشەوە بۆی بڕوانین، یەكەمیان ئەوەیە میرات گرییەكی ئەنترۆ كۆمەلاّیەتییە بۆ گەلی كورد دووەمیشیان دیدی ئایینی ئیسلامی بۆ مردن دەنوێنی. چونكە گەلی كورد زۆربەیان موسوڵمانن.

تۆما بوا دەڵێت : مرۆڤی كورد بەرامبەر مردن بە هەڵوێستە و دەزانی چۆن ئازایانە بەرەو ڕووی دەبێتەوە، بۆ ئەمەش چەند نموونەیەكی هێناوەتەوە و ئاماژەی بۆ چەند پەندێكی كوردی كردووە كە پێوەندییان بە مردنەوە هەیە، پەنجەی بۆ ئەوەش ڕاكێشاوە كە كوردەواری لە بۆنەی مردن و تازی باریدا نەریتی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوەشی دركاندووە كە مرۆڤی كورد ئەوە بە باشتر دەزانی لە گۆڕەپانی جەنگدا بمری نەك لەسەر جێگا.

باش وایە سەرنجەكانی تۆما بوا دەربارەی دیاردەی مردن لای ئێزدییەكان بەسەر بكەینەوە، بەوەی كە كوردی ڕەسەنن، بۆ ئاگاداربوون لە باری كۆمەڵی كوردەواری پێش ئیسلام لەم بارەیەوە دووریش نییە هەندێك لەو داب و دەستوورە مابن و هەندێكیشیان نەمابن.

پیاوێكی ئایینی بە نازناوی (پیر) كە پلەیەكی ئایینییە لەشی مردووەكە دەشوا و ڕووەكی بۆن خۆشیش بەكاردێنی و ئەنجا كفنەكەی لەبەر دەدووری، لە زەمانی كۆنیشدا ئەگەر مردوو لاو بوایە لە ژوورێكدا جۆرە پەیكەرێك (كۆتەڵ)یان بۆ دروست دەكرد و داری شینیان وەك هێمای تازی باری دەخستە سەر باشترین ولاّخی ئەو مردووە (١٩٨). دەبوو ماوەی سی ڕۆژ ژووری تەرمەكەش

رووناك بوایه له راستیشدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ داستانی مەمی ئالان دەبینین ڕێورەسمی ناشتنی تەرمەکەی مەم وەك ئەوە بووە کە تۆما بوا باسیکردووە.

لە کاتی وەرگێڕانی ئەم داستانەدا ساڵی ١٩٨٥ باسی ئەوەمان کرد کە هەوڵ دراوە بۆ ئەوەی مۆرکێکی ئیسلامی پێبدری، بەلاّم خوێنەر دەتوانی پێشەکییەکەی ئێمە و هەروەها پێشەکییەکەی رۆجر لیسکوش لە هەمان کتێبدا بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بی ئەم داستانە پێش ئیسلام لە نێو کوردەکاندا لە گۆڕی بووە (٥-٢٦).

تۆما بوا باسی ئەوەشی کردووە کە زۆربەی رەوەندەکان ئەوەیان سەرنجداوە کە بێوەژن یان دەزگیرانی مردوو قژی دەبڕی و تەرمی مردووەکەی لە باوەش دەگری بۆ دووپات کردنەوەی ڕێز و وەفاداری بۆ ئەو ئازیزەی بەجێی دێڵی(٩٩).

لە راستیشدا کاتێك ژنی کورد قژی یان بسکەکانی دەبڕی نیشانەی کۆس کەوتنێکی گەورەیە کە تووشی بووە، ئەمەش لەگەلێك لە داستانە کوردییەکاندا باسکراوە. بە تایبەت ئەوانەی بە گۆرانی و لە سەرزاری خەڵك دەوترێنەوە. هەروەها دەڵێن سەرتاشینی ژن جۆرە سزایەکە بەرامبەر کردەوەیەکی تاوان ئاسا.

تۆما بوا دەڵێت : مرۆڤ دەتوانی شوێنەواری زەردەشتی لەسەر گۆڕی هەندی لە ئێزیدییەکان ببینی وەك نەخشی خەنجەر و تفەنگ یان کەرەستەی کار یان جوغز کە نیشانەی خۆرە، ئەمە ئەگەر مردووەکە جەنگاوەر بی، بەلاّم ئەگەر ژن بێت وێنەی گوڵ و شانە و دەستەوانە لەسەر هەردوولای گۆڕەکەی نەخش دەکەن، هەروەها هەندی لە تەنیشت گۆڕەکەوە چاڵی بچووك دروست دەکەن بۆ ئەوەی ئاوی تیا بمێنێتەوە تا گیانلەبەران لێی بخۆنەوە بۆ خێری مردووەکە.

تۆما بوا باسی ئەوەشی کردووە پیاوی خاوەن بیرو باوەڕی پیرۆز دەستێکی ئاسنین لەسەر مەزارەکەی دادەنرێت وەك جەفەنگ بۆ گواستنەوەی بیروباوەڕی بۆ نەوەکانی دی — ئێمە لەو باوەڕەداین ئەو دەستە لە سلاّو و بەرەکەت بۆ ئەو ڕێبوارانە دەردەبڕی کە لە تەنیشت مەزارەکەوە تێدەپەڕن : نووسەر -.

هەروەها بوا ئاماژەی بەوەداوە هۆزی کەلهوڕ کە کوردی نیشتەجێی ئێرانن گۆڕستانێکیان هەیە بە شێوەیەکی نامۆ ئەم دوو وێنەیەی تیا لەسەر بەرد نەخش کراوە، ژنێك دەستی دوو منداڵی گرتووە و پیاوێکی کورد تفەنگێکی هەڵگرتووە و بڕی مەڕ و ئاسك دەورەیان داوە. لای هۆزی بەختیاریش کە دیسان کوردی ئێرانن پەیکەری شێر لەسەر مەزاری پیاوی ئازا دروست دەکەن.



مەدام جاکینیان لە گەشتەکەی ئەرمینیایدا ساڵی ١٩٥٢ گۆڕستانێکی ئێزیدی سەرنجی ڕاکێشاوە، کە پەیکەری گەلێك ماینی زلی لەخۆ گرتووە وەك شین، سوور، سپی و ڕەش کەوا لەسەر سەکۆیەك ریزکراون وەك بڵێی ئەیانەوی بەرەو پێشەوە تاودەن دەست و قاچیان بەرامبەر یەك چەماوەنەتەوە، سەریشیان لە خوارە و، کلکیان بەرز و کەوان ئاسا ئەو پەیکەرانە بە گشتی هێزو توانا بە بینەر دەبەخشن.

تۆما بوا لەسەر سەرنجەکانی جاکینیان دواوە و دەڵێت : گۆڕستانی تر لە گوندە کوردییەکانی دیدا دیسان جێی سەرنجن، گۆڕی ژنان بە زۆری بە بەردی ئاسایی هەڵدەگیرێن و وێنەی لانکەی لەگەڵدایە، هەروەها دەڵێت : ئەو گۆڕستانانە (مەبەستی گۆڕستانی ئێزیدییەکانە یان گۆڕستانە کوردییەکانی پێش ئیسلام) دیمەنێکی خەیالاوی بی وێنە دەبەخشن.

تازی باری ماوەی ساڵێکی تەواو بەردەوام دەبی، لە میانەی سی ڕۆژی یەکەمیشدا کەس و کاری مردوو لە ماڵ دەرناچن پێشوازی لەو کەسانە دەکەن سەرەخۆشیان لێدەکەن، خەڵکیش لەو بۆنەیەدا ئەو هەستە دەردەبڕن کە ملکەچی قەدەری یەزدانن و خوازیاری تەمەن درێژین بۆ ئەوانی دی. ئێزیدییەکان لە نەورۆزدا سەردانی گۆڕستان دەکەن، تەپڵ لێدەدەن، شمشاڵ دەژەنن، ژنانیش شیوەن دەکەن، هەر گۆڕێکیش هەندێك خواردنی لەسەر دادەنێن کەوا پاشان بەسەر خەڵکی گەدا و ڕێبواردا دابەش دەکرێت. (١٠٠-١٠١).

لەسەر ئاستی گۆڕستانی موسوڵمانانیش ڕێورەسمی بە خاك سپاردن ملکەچی یاسای ئیسلامە، نەتەوەی کوردیش وەك سەرجەم نەتەوە موسڵمانەکانی دی مردوو بەلا دادەنێن روو لە قیبلە (مکە المکرمە) دەینێژن، پیاوی ئایین سوورەتێك لە قورئانی پیرۆز لەسەر گۆڕەکە دەخوێنێتەوە و بەو شێوەیە تەلقینی دەدات یان بە گوێیدا دەخوێنێت تا بتوانی وەلاّمی ئەو دوو فریشتەیە بداتەوە کە لە ئاسمانەوە دێن بۆ لێپرسینەوەی، بۆیە بەو جۆرە ئامۆژگاری دەکات بتوانی وەلاّمیان بداتەوە، ئەوەشی دەخاتە بەرگوی کە وەلاّمەکانی دەبی بە زمانی عەرەبی بن، تەنانەت کاری تەلقینەکە خۆیشی بە زمانی عەرەبی بە ئەنجام دەگەیەنرێت.

هوباردیش دیسان بایەخی بە گۆڕستانەکانی کوردستان داوە و لەو باوەڕەدایە هەندی تایبەتمەندێتییەکانیانی تیا ڕەنگ دەداتەوە. دەڵێت، کوردەکان شوێنی دوور بۆ ناشتنی مردووەکانیان هەڵنابژێرن، بەڵکو جوانترین و نزیکترین شوێن دیاری دەکەن بە مەرجی بە چاو لێیانەوە دیار بی، بە زۆریش لە گۆڕستانەکەدا دارێك یان کۆمەڵەدارێك زەق دەکەونە بەرچاو بەردەکانیش کە لە نێو زەوی دەردەکرێن ڕەنگیان مەیلەو بۆرە، بە زۆریش هیچیان لەسەر

نانووسری، وەك چۆن لە هەندی شوێن ناوی مردووەکەی لەسەر دەنووسری بە تایبەت لە نێو کەنیسەی ئینگلیزەکاندا. هەروەها ئایەتی قورئانی پیرۆزیشی لەسەر نانووسری وەك چۆن لە گۆڕستانی تورکەکاندا باوە.

هوربارد ئەوەشی باسکردووە کە هەندی نەخشەی لەسەر گۆڕەکان بینیوە لەوانەش وێنەی خۆر و گزنگ ڕەگی دیاردانەش بۆ ئایینی زەردەشتی دەگەڕێنێتەوە کە لە مێژووی کۆندا لە کوردستان باو بووە، هەروەها هەندی نیشانەی لەسەر گۆڕەکان بینیوە وەك ئەوەی وێنەی دوو شانەیان لەسەر گۆڕی ژنان داناوە و خەنجەریش لەسەر گۆڕی پیاوان، دەستی ئاسنیشیان لەسەر گۆڕی ئەو کەسانە داناوە کە سەر بە خێزان و بنەماڵەی پیرۆزن، ئەو نریتەش لە لایەن نەوە لە دوای نەوەوە لاسایی کراوەتەوە.

بەڵام گۆڕستانەکانی ناوچەی هەورامان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی عێراق و باکووری ڕۆژئاوای کوردستانی ئێران پتر سەرنجی هۆربارد یان ڕاکێشاوە، کە لە ژێر سێبەری داربەڕوو گوڵی سەوسەندان (گەلێك لە گۆڕستانەکانی کوردستان گوڵە نێرگزیان تیا دەچێنری، نووسەر)، هەروەها لە دەوروبەری گۆڕەکە پارچەی ڕەنگاوڕەنگی مەڕمەڕ بەرچاو دەکەون کە نەخشی جوانیان لەسەر کراوە و ئالاّشیان لەسەر دەشەکێتەوە (٢٢٣).

بیروباوەڕی ئەوتۆش هەیە ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕی بۆ بەربەستکردنی ڕەفتاری ناپەسەند وەك دزی و دەست درێژ کردن بۆ ماڵی خەڵکی دی.

(سایکس لەسەر ئاستی مەزارە پیرۆزەکان نموونەیەکی لەو بارەیەوە بۆ هێناوینەتەوە دەڵی لە ناوچەی هەولێر مەزاری کەسێکی لەخواترس هەیە بە ناوی حەسەن غازی، کوردەکانی ئەو ناوچەیە زۆری ڕێزی لێدەنێن و بە پیرۆزی دەزانن، تاڕادەیەك بووەتە پەناگەی ئامانەتی خەڵك، لەوەش زیاتر پیاو کوژیش داڵدەی بۆ دەبات. لەبەر ئەمە ئەو مەزارە بەردەوام پڕە لە شتی گران بەها، بەڵام هیچ دز و دەست پیسێك دەستی بۆ نابەن، هەر بۆیەش (سایکس بە نموونەیەکی سەرنجراکێشی یاسای سوەیلی دادەنی و دزەکانیش سڵی لێدەکەنەوە (١٨٩).

ڕیچ و ڕەوەندەکانی دی سەرنجی ئەوەیان داوە کە لە نێو کوردەواریدا لەگەڵ باسی گۆڕستاندا وشەی کافر گۆ دەکرێت، بۆ نموونە ریچ باسی دووداری کردووە کە نیشانەن بۆ شوێنی شەڕێك لەوێدا ڕووی داوە، ریچ دەڵێت : کوردەکان لەو باوەڕەدان ئیمامی عەلی لە پاش لێبوونەوەی لە شەڕی کافران لەو شوێنەدا ڕمەکەی چەقاندووە، بەڵام کاتێك عەبدولڕەحمان ئاغا لە لایەن



مەحموود پاشای بابانەوە پێشوازی لێکراوە ئاگاداری کردۆتەوە کە ئەوە لە ئەفسانە زیاتر نییە (٤٨).

گومانیش لەوەدا نییە پیاوانی ئایین ڕۆڵێکی ناعاقلانەیان لە مێژووی ژیانی گەلی کورددا گێڕاوە، بە ئارەزووی خۆیان شتیان حەلاڵ یان پیرۆز یان گلاّو کردووە، دوور نییە شەڕێك لەو ناوچەیەدا ڕوویدابی و بەرگی ئایینییان لەبەرکردبی و جەنگاوەرانی کوردیشیان بە کافر دابێتە قەڵەم، با بڵێین شەڕێك لە نێوان موسوڵمانانی ئازادیخواز و کوردە ناموسوڵمانەکان ڕووی دابی، بەڵام بۆچی کوردەکان بە کافر بدرێنە قەڵەم ؟ چۆن دەبی ئەو مرۆڤە بە کافر بدرێتە قەڵەم کە لە پڕ خۆی لە بەردەم سوپایەکی زەبەلاح و پڕ چەکی شمشێر و ڕمەوە بینیبێتەوە ؟ بۆیە ئێمە لەو باوەڕەداین هەر کوردێك بەرگری ئیسلامی کردبی کافر نەبووە، بەڵکو بەرگریی لە ئایین و بیروباوەڕی باب و باپیرانی کردووە وەك چۆن هەمان هەڵوێست لە نیمچە دوورگەری عەرەبیدا ڕووی دا، بەڵکو لە مەککەشدا، ئەمە وێڕای ئەوەی ئایینی زەردەشتی بیروباوەڕی بەرز و پێشکەوتووی لەخۆگرتووە، نەك وەك بتی ناوچەکانی عەرەب نشین کە لە خورما دروستیان دەکردن و کاتێکیش برسی بوایەن دەیانخواردن.

ئێمە لەو باوەڕەداین نابی مرۆڤ بە کافر ناونووس بکرێت ئەگەر ماوەیەکی تەواوی بۆ بەرپا نەبێت لەو ئایینە بکۆڵێنەوە یان باوەڕی بە ئیسلام هێنابی و لێی هەڵگەڕابێتەوە بۆ ئەوەش مەسەلەکان بە هەڵە لێك نەدرێتەوە نموونەیەك دێنینەوە و دەڵێین:

با بڵێین کۆمەڵێك لە پارتی لایەنگرانی سەلامەتی ژینگە هەڵوێستێك ناچاری کردن پەلاماری بەلەمێك بدەن کە یەکێکی تیا بووە خەریکی ڕاوە ماسی بووە، بەڵام بە شێوەیەك ئەو پێشەیەی ڕاهێناوە کە ببێتە هۆی پیس بوونی ڕووبارەکە و تووشبوونی خۆی و خەڵکی دی بە شێرپەنجەی ئەویش ناچار بی بە چەك بەرەوڕوویان ببێتەوە، بەڵام بەبی ئەوەی ئاگای لە تێکڕایی بیروباوەری ئەو پارتە خێرخوازە بی، لە ئەنجامی پێکداداندا ڕاوەکەرەکە دەکوژری. ئایا ئەو پیاوە خوازیاری ئەوە بووە خۆی و ڕۆڵەی گوندەکەی دووچاری شێرپەنجە بن ؟ ئەگەر ئەو مرۆڤە لەوەوپێش لەوە ئاگادار نەکرابێتەوە کە ئەو ڕێبازەی گرتوویەتییە بەر زیانبەخشەو ئەو کەرەستانەی بەکاریان دێنی مەترسی گەورەیان لەدوایە، ئەو لەو پیشەیەدا ڕێبازی باب و باپیرانی پێڕەوکردووە دەبی چ تاوانێکی بخرێتە ئەستۆ، بەرگری کردنیشی لە پیناو دابین کردنی بژێوی خێزانەکەیدا بووە، بۆیە مردنیشی بە مایەی شانازی زانیوە. بە پێچەوانەی ئەوانەی بە دەستی ئەنقەست دەریا پیس دەکەن و دەبنە هۆی گەورەترین مەترسی بۆ خەڵك مەسەلەی شالاّوی ئازادیخوازانەی ئیسلام لە

دیدی ئێمەدا بەو شێوەیەیە... دەبی بۆچی ئەو مرۆڤە بکوژری کە بەرەورووی بیروباوەڕو زمانێك ببێتەوە کە لەوەوپێش هیچی دەربارە نەزانیبی ؟ بۆچی گەلان داگیربکرێن و خاك و مالّ و ژن و کچیان بە هۆی بیروباوەڕانەوە زەوت بکرێن یان بە تالاّن بچن، دەبی بۆچی شمشێر بۆ بلاّوبوونەوەی بیروباوەڕ لە جیاتی وتووێژ بەکاربهێنرێت ؟ بۆچی خوێن برێژرێت ؟ لەبەر ئەمە نووسەری ئەم کتێبە سوورە لەسەر ئەوەی وشەی کافر لە کوردستاندا بەکار نەهێنری چونکە لە جێی خۆیدا نییە. دەبی بۆچی بەردێك یان دارێك یان هەر بستێکی خاکی کوردستان کە خوێنی کوردی لەسەر رژابی بەو شوێنە بدرێتە قەلّەم کە کافری تیا کوژراوە، ئایا مرۆڤ ئەگەر لەسەر خاك و شەرەف و مالّی بکوژری بە کافر دادەنرێت، ئەی بۆچی بە پالّەوان نەدرێتە قەلّەم.

ئەمەش دیدو بۆچوونی ئێمەیە دەربارەی سەرنجی رەوەندو رۆژهەلاّتناسان سەبارەت بە بیروباوەڕی کورد کە بوونەتە جێی بایەخیان.

١- زۆربەی ئەو بیروباوەڕانەی رۆژهەلاّتناسەکان بینیویانن تەنها تایبەت نین بەگەلی کوردەوە، بەلّکو لە نێو نەتەوە ئاری نەژادەکانی دیکەی رۆژهەلاّتی ناوەڕاست باون.

٢- رەنگە لە نێو هۆزێك یان ناوچەیەکی دیاریکراودا هەندی بیروباوەڕ بلاّوبووبێتەوە، بەلاّم لە شوێنی دیکەدا شوێنەواری نەبی. واتە گشتی نین.

٣- هەندی لەو بیروباوەڕانە دەگەڕێنەوە بۆ پێش ئیسلام، رەنگە بەجی ماوی ئایینی زەردەشتی بن یان بیرو باوەڕی ئاشووری یان بابلی گەیشتبێتنە مەسیحییەکان و لەگەلّ کوردەکاندا مابنەوە کەوا بوونە ئیسلام لەبەر ئەمە موسولّمان و مەسیحی لەوجۆرە بیر و باوەڕانەدا هاوبەشن هەر بۆیەش هەردوولایان دوور نییە چەقۆیەکی بچووك بخەنە ژێر سەرینی مندالّی تازە لە دیکبووەوە، هەرچەندە ئەم نریتە لەم رۆژگارەدا خەریکە نامێنی.

٤- هەندی بیروباوەڕ لەگەلّ ئایینی ئیسلامدا گەیشتوونەتە کوردستان، رەنگە هەندێك یان گەلێك لە پیاوانی ئایین رۆلّیان گێڕا بی لە چەسپاندنی ئەو بیروباوەڕانە کە پێوەندییان بە ناوەڕۆکی ئایینی ئیسلامەوە نییە.



## ناودارانی کورد

ئەم بەشە دیدوبۆچوونی رەوەند و رۆژهەلاّتناسەکان دەربارەی ئەو ناودارانەی کورد دەگرێتەوە کە چاویان پێکەوتوون یان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ ناسیویانن و بەهەر شێوەیەك بی کاریانتێکردوون. بانگەشەی ئەوەش ناکەین ئەم بەشە هێند فراوانە هەر کەسێك ناوی لە یادداشتنامەو نووسینەکانی رۆژهەلاّتناسەکاندا هاتبی باسمانکردووە، بەلّکو ئەوانەمان لێهەلّبژاردوون کاریگەری بەرچاویان هەبووە.

ئەو دیدو بۆچوونانەی ئەوان لەسەر ئەو کەسێتیانە تۆماریان کردوون گوزاریشی خۆیانە نەك هی نووسەر، لەم بەشەدا جۆرە تایبەتمەندیەتیەکی سایکۆلۆژی دەبینین، چونکە ئەو نووسراوانە سیمای ئەو خەلّکانە لە خۆدەگرن کەوا دوور نییە بە هەموویانەوە نیشانەی کەسێتی سەرکرادیەتی کورد لە دیدی بیانیدا دەسنیشان بکەن.

پێویستیشە ئەوە روون بکەینەوە لێرەدا ناوەکانمان بە پێی زنجیرەی (ئەلف با) رێزکردووە و نازناوی یەکەمیشمان وەك شێخ و سەید لابردووە، بەلاّم (حاجی) مان هێشتۆتەوە چونکە لە زمانی کوردیشدا لە رێزی ناو دادەنرێت.

### ئیبراهیم ئاغای دزەیی

سایکس باسی دیدەنییەکەی لەگەلّ ئیبراهیم ئاغای دزەییدا لە مەخموردا کردووە، بەلاّم ئاماژەی بۆ مێژووەکەی نەکردووە، کە بێگومان پێش سالّی (١٩٠٤) ە واتە سالّی چاپکردنی کتێبەکە.

سایکس دەلّێت : ئیبراهیم ئاغا بەر پرسی ١٢٠٠٠ خێزان بووە و بۆی باسکردووە ژن خواستنی نێوان کورد و عەرەب نەریتێکی باشە سایکس لە پەراوێزی ئەو لاپەڕەیەدا وتوویەتی رەنگە ئیبراهیم ئاغا بۆیە ئەوەی گوتبی چونکە باوکی کوردو دایکی عەرەب بووە.

سایکس پەنجەی بۆ ئەو ئەرکانە راکێشاوە کە ئیبراهیم ئاغا لە ژیانی رۆژانەیدا بە جێی هێناوە، واتە ئەو گیروگرفتانەی دەبوو یەکلایان بکاتەوە، هەروەها ئەو مرۆڤانەی سەردانیان

کردووه و له دانیشتنه‌کانیدا به‌شداربوونه، له ئه‌نجامیشدا ئه‌وه‌ی دووپات کردۆته‌وه که‌وا یه‌کسانی له نێو خه‌ڵکی رۆژهه‌ڵاتدا هاتۆته دی. پرسیاری ئه‌وه‌ی له خوێنه‌ر کردووه ئایا (دۆق) واته گه‌وره‌ی شارێکی ئینگلیز ئاماده‌یه پێشوازی له قه‌ساب و کسك کار و ره‌ش و رووتی گه‌له‌که‌ی بکات و له گه‌ڵیان دانیشی (١٨٨). ئه‌و له‌و باوه‌ڕه‌دایه ئینگلیز هه‌رگیز نه‌گه‌یشتوونه‌ته ئاستی ئه‌و دیموکراسییه.

له راستیشدا ئه‌وه‌ی سێر سایکس بۆی چووه شتێکی جوانه. به‌ڵام له‌رووی گشت گیرییه‌وه ناتوانین له‌گه‌ڵیا کۆك بین، چونکه ئه‌گه‌ر ئیبراهیم ئاغای دزه‌یی خاکه‌رایی (**متواضع**) بوو بێ ئه‌مه ئه‌وه ناگه‌یه‌نی گشت ئاغا و پاشا و به‌گه‌کانی کوردستان وه‌ك ئه‌و بوو بن. نووسه‌ری ئه‌م کتێبه‌ش باش ئاگاداره له‌وه‌ی هه‌ندی سه‌رۆکی کورد به جۆرێك یارییان به توانست و ماڵ و ئازادی و ئاسایشی ئه‌م گه‌له‌وه کردووه هیچ دۆقێك له شاره‌کانی به‌ریتانیا نه‌یکردووه، بۆ نموونه، شاری زاخۆ هه‌میشه به‌کۆڵێك خه‌مه‌وه برینه قووڵه‌کانی ساڵانی چل و په‌نجا یاده‌کاته‌وه که دۆقه‌که‌ی سه‌به‌ب کاری بوو که‌وا یه‌کێك بوو له ئاغاکانی کورد، چونکه ئه‌وه‌ی ئه‌و کردوویه‌تی له وێنه‌ی له لایه‌ن دۆقه چه‌رخه تاریکه‌کانی ئه‌و رووپاوه نه‌کراوه.

هه‌ر بۆیه‌ش کرده‌وه باشه‌کانی ئیبراهیم ئاغا که بووه‌ته جێی سه‌رنجی سایکس و هه‌ی که حاکمی سیاسی بووه له هه‌ولێر له لایه‌ن گشت ده‌سه‌ڵاتدارانی کوردستانه‌وه پێڕه‌و نه‌کراوه، یه‌کسانیش له کوردستاندا نه‌هاتۆته دی به‌و شێوه‌ی سێرمارك له‌و هه‌ڵوێستانه‌دا به دی کردووه، چونکه ئه‌گه‌ر وه‌ك هاونیشتمانییه‌ك له‌گه‌ڵ خه‌ڵکدا بژیبا بۆی ساغ ده‌بووه‌وه ئاغاکان ئه‌و دیمه‌نه دیموکراتیانه‌یان وه‌ك په‌رده به‌کار هێناوه بۆ به ئه‌نجام گه‌یاندنی گه‌وره‌ترین تاوانی دیموکراسی.

هه‌ی باسی ئه‌وه‌یکردووه کاتێك ئیبراهیم ئاغای دزه‌یی بینیوه ته‌مه‌نی حه‌فتا ساڵ بووه، به‌ڵام له‌و ته‌مه‌نه به‌که‌متر هاتۆته پێش چاوی. سه‌ر و ریشی بۆیاغ ده‌کرد و قه‌دوباڵای ناوه‌نجی بوو، هه‌ردوو چاویشی ره‌ش و گه‌ش، لووتیشی زه‌ق، ده‌م و چاوی لۆچی تێکه‌وتبوو، نیشانه‌ی ماندووبوونی ساڵانی ته‌مه‌نی بوو که پڕبوو له کۆشش و جه‌نگ، به‌ڵام که‌سێتییه‌کی پاك ده‌تگوت زێڕی بێگه‌رده، هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه‌ش که‌س و کارو پیاوه‌کانی ده‌یانپه‌رست.

به‌و په‌ڕی سۆزه‌وه سه‌ودای له‌گه‌ڵ ده‌کردن، بی دڵی نه‌ده‌کردن، پیاوێکی دنیادیده‌ی لێهاتوو دبلۆماس، قسه‌که‌رێکی نایاب بوو، له‌سه‌ر ئاستی ناوچه‌که مێژوویه‌کی دروست کردبوو، چونکه به درێژای ماوه‌ی ٣٨ ساڵ له دوای باوکی سه‌رکردایه‌تی هۆزێکی کوردی له ده‌وروبه‌ری چیای



قه‌ره‌چۆخ ده‌کرد و شاری مه‌خمووری تیادا دامه‌زران، ساڵانێکی ته‌مه‌نی به شه‌ڕی عه‌ره‌بی شه‌ممه‌ر و دواییش تورکه‌کان به‌سه‌ر بردبوو، توانی سه‌رکه‌وتن وه‌ده‌س بێنی و ناوچه‌ی چۆخ له به‌یارێکی وشکه‌وه بکاته خاکێکی به پیت و به‌ره‌که‌ت.

ئبراهیم ئاغا له چه‌ند شه‌ڕێکدا دژی سه‌رۆکه‌کانی دزه‌یی به‌شداریکردووه ئه‌وانه‌ی که پێشبڕکێیی سه‌رۆکایه‌تیان له‌گه‌ڵ ده‌کرد، له میانه‌ی ئه‌و شه‌ڕانه‌شدا کوڕه عازه‌به‌که‌ی له ده‌ستداوه، به‌ڵام دووه‌مین کوڕی که موشیر ئاغا بوو لاوێکی رووخۆش و وریا بوو، ته‌مه‌نیشی بیست ساڵان بوو ده‌یانگوت هه‌ڵس و که‌وتی وه‌ك سه‌رده‌می لاوێتی باوکێتی.

ئیبراهیم ئاغا خاوه‌نی ٣٠ گوند بوو، خه‌ڵکی ئه‌و دێیانه به چاوی سه‌رۆك ته‌ماشایان ده‌کرد، خۆی و بنه‌ماڵه‌که‌ی به ناوی تیره‌ی بایز ئاغاوه ناسرابوون، که ناوی باوکی بوو (٢٠٤).

میسته‌ر هه‌ی ئیبراهیم ئاغا و هۆزه‌که‌ی زۆر به دڵبووه، که توانیویه‌تی کێشه‌کان یه‌کلا بکاته‌وه، به تایبه‌ت میسته‌ر هه‌ی به کۆمه‌ڵێك مه‌رجه‌وه چوو بوو بۆ ناحیه‌که بۆ پاراستنی ئاسایش و چاره‌سه‌رکردنی ئه‌و گیروگرفتانه‌ی که‌وا سه‌رۆکانی هۆزی دزه‌یی لێی به‌رپرس بوون. مه‌رجه‌کانی ئه‌وه‌بوون ٢٠٠ تفه‌نگ و باج بده‌ن و بۆ ماوه‌ی شه‌ش مانگ ١٥٠٠ لیره‌ی عوسمانی بخه‌نه ره‌هنه‌وه. میسته‌ر هه‌ی دان به‌وه‌دا ده‌نی ئه‌گه‌ر ده‌سه‌ڵاتی ئیبراهیم ئاغا به‌سه‌ر بنه‌ماڵه‌که‌یدا نه‌شکابا ئه‌وه که‌س ئه‌و مه‌رجانه‌ی به‌جی نه‌ده‌هێنا و میسته‌ر هه‌ی ناچار ده‌بوو بۆ چاره‌سه‌رکردنی ئه‌و گیروگرفته له‌گه‌ڵ دزه‌ییاندا رێگه چاره‌ی سه‌ربازی بگرێته به‌ر.

له ئه‌نجامدا له لایه‌ن هۆزی دزه‌ییه‌وه به گشتی دان به‌وه‌دا نرا ئیبراهیم ئاغا سه‌رۆکی ره‌سمییانه، پله و پایه‌کانی دیکه‌ش که‌وتنه ده‌ست پیاوه‌کانی ئیبراهیم ئاغا خۆی (٢٠٨).

میسته‌ر هه‌ی باسی ئه‌وه ده‌کات که گه‌لێك یارمه‌تی هۆزی دزه‌یی داوه که‌وا ئه‌وانیش به رۆڵی خۆیان به‌رامبه‌ر به‌و به وه‌فا بوونه، چونکه کاتێك دوچاری کێشه بووه و مه‌سه‌له‌کان له به‌رده‌میدا له هه‌ولێر گری کوێره‌یان تێکه‌وتووه و ژیانی که‌وتۆته مه‌ترسییه‌وه ئه‌وان رزگاریان کردووه.

## ئیبراهیم پاشای مللی

سێر سایکس له سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی بیسته‌مدا چه‌ند جارێك چاوی که‌وتووه به‌م ناوداره کورده و به نموونه‌ی ئه‌و که‌سێتیه مه‌زنانه‌ی داده‌نێت که به‌دیداریان شاد بووه، ده‌رباره‌ی ده‌ڵێت : ئیبراهیم پاشای مللی ده‌سه‌ڵاتی به‌سه‌ر ناوچه‌یه‌کی به‌رینی "جزیره" واته باکووری سووریا هه‌بووه (٣٢٦).

دوكتۆر سەعد ناجی جواد ئەو ناوچانەی دەسنیشانكردووە كەوا كوردەكانی سووریا بە شێوەیەكی گشتی تیایدا نیشتەجێن و ناوی پارێزگای (الجزيره) ی لێناون (٦) واتە درێژەی كوردستانی توركیا.

دیدو بۆچوونەكانی سایكس لەسەر ئیبراهیم پاشای مللی ئاماژە بەوەدەدا كەوا كەسێتییەكی نامۆیە، كەچی فەرماندەیەكی سروشتییە، ئێمە لەو باوەڕەداین سایكس دەیەوی ئەوە بڵی ئیبراهیم پاشا سیمای رەسەنی سەركردایەتی هەڵدەگری نەك دروست كراو واتە كەسێتییەكە توانستی سەركردایەتی كردنی هەیە خاوەنی گشت جۆرە كردەوەیەكی جوامێرانەیە و توانیویەتی بەرامبەر گۆڕانكارییەكانی رۆژگار خۆی بگری. هەروەها توانیویەتی دان بەخۆیدا بگری، بەلاّم سەر باری ئەوەش لە هەندی هەڵویستدا یاخی و لاسار مندالّ ئاسا رەفتاری كردووە.

سایكس  ئەوەی دركاندووە كەوا ئارەزوویەكی تەواوی هەیە بۆ شیكردنەوەی كەسێتی ئیبراهیم پاشا، لەبەر ئەوەش ئێمە ئەو دیاردانەی تیا دەبینین كەوا لەو پیاوانە دەچێت ئێستا لە ئینگلتەرە نموونەیان لێنەماوە و سایكس ناوی (Warwick) ی لێناون، لە هەمان كاتیشدا سایكسیوا پێشبینی دەكات بەم نزیكانە توركیا ناتوانی لە خۆی بگری. سەرباری ئەوەش وتوویەتی ئێمە بە بارۆن دەرەبەگێكی رەسەن و حاكمێكی رەهای رۆژهەلاّت و پێشەوایەكی كۆچەری دەزانین (٣٢٦).

سایكس ئەوەشی باسكردووە ئیبراهیم پاشا ١٤٠٠٠ ئەسپی هەبووە، باپیریشی كاتی خۆی لە شاری دیاربەكر لە كوردستانی توركیا لە سێدارەدراوە (٣٠٢).

باسی ئەوەشی كردووە كاتێك گەیشتۆتە شوێنی پاشا كەوا لەوەوپێش جارێكی دی بینیبووی بەرەو پیری هاتووە و باوەشی پێدا كردووە و لەسەر پێڕەوی كۆچەران شانی راستی ماچ كردووە و ئەنجا چوونە نێو رەشماڵە مەزنەكەیەوە كە لەسەر ١٠٠ ئەستوندە بەند بووەو پانتاییەكەی نزیكەی ١٥٠٠ یاردی چوار گۆشە بووە، لە موو چنراوە. لە تەنیشت خۆی لەسەر قەنەفەی نزم دانیشتووە، نزیكەی ١٥٠ پیاویش بەدەوریا راوەستاون، دیاربوو پاسەوان و خزمەتكاری نێو رەشماڵەكە بوونە، لە پێش قەنەفەكەش كوانوویەك كەرەستەی قاوە لێنانی لەسەر بووە، لە پاش ئەوەش سیما كەسێتییەكانی ئیبراهیم پاشای مللیمان لەرووی دەروونییەوە باسكرد، دەبینین سایكس ئەندامەكانی لەشی وەسف دەكات و دەڵی : بالاّی بەرزو



ناوقەد باریك بوو دەم و چاوی كوردێكی بێگەرد، دوچاوی تیژ تەوێڵی بەرز... بەگشتی لەشی ئەو نیشانانەیان لێنیشتبوو كە جی نشینانی نێو رەشماڵی بەر خۆری بیابان هەڵی دەگرن.

شوێنەواری ئەو برینەی كەوا شمشێرێك خوارەوەی چاوی پێكابوو، ببووە هۆی شۆڕبوونەوەی گۆشتی پێلّوی چاوی لە تێڕوانینەكانی كەم نەكردبووەوە، سایكس جارێكی دی باسی هەندی دیاردەی دەروونی ئیبراهیم پاشای كردووە و دەڵێت : قسە خۆش و كامەران بووە، بە گشتیش بە شووش و رووخۆش بووە.

سایكس بەرامبەر زانیارییە وردەكانی ئیبراهیم پاشای مللی سەری سووڕماوە سەبارەت بە كاروباری ئەوروپا و پێوەندی نێوان بەریتانیا و ئیرلەندا، هەروەها زانیارییەكانی لەوانە زیاتر بوونە كەوا رۆژنامەكانی توركیا بلاّویان كردۆتەوە، بۆیە وا دیارە ئاگاداری سەرچاوەی دیكەبووە وێڕای رۆژنامە زۆرەكانی توركیا (٣١٧).

سایكس بینیوێتی لەگەڵ گەلێك لە پەنابەرانی نەتەوە و چینە جیاجیاكاندا ئەوانەی روویان لێناوە بیانپارێزی، دواوە، كە ئەویش بە پێی نەریتی هۆزگەری ناتوانی نەیان پارێزی، لە پاش چەندین كورتە باس دەربارەی بابەتی جیاجیا سایكس  دەڵێت : بردوێتی بۆ ئەو دەوارەی بە تایبەت بۆ ئەو تەرخان كراوە و لەسەر ناوەرۆكی نامەیەك ئاگاداری كردۆتەوە كەوا لە (وەزیری گەورەوە) وەری گرتووە، دیارە مەبەستیشی سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتی عوسمانی بووە كە ئەو كاتە بە **(الصدر الاعظم)** ناویان بردووە تیایدا داوا دەكات چاودێری توند بخاتە سەر سایكس و هەموو شتێكی دەربارە تۆمار بكات. پاشان ئیبراهیم پاشا لە سایكسی پرسیوە چی بكات باشە، سایكس لەوەلاّمدا وتوویێتی باشتروایە راستی پی بلّێت و راپۆرتێك بنووسی كە بۆ گەشت و گوزار و كۆكردنەوەی زانیاری هاتووە (٣١٨-١٩) واتە سایكس ویستوویەتی پێی بلّێت مەبەستی سەردانەكەی گەشتیاری و زانستییە.

سایكس دەڵێت: پاشا بە جۆرێك باسی كوردی مللی بۆ كردووە گوایە نەتەوەیەكی جیاوازن لەوانی دی و روونیشی كردۆتەوە كەوا دەسەلاّتی لە سنووری هۆزەكەی خۆی تێدەپەڕێت، ئەوشی پێگوتووە كوردەكان لە رەچەڵەكدا سی لقیان لێدەبێتەوە مللی، زیلان، بابان.

## ئەبوبەكر (مەلا ئەفەندی)

وا دیارە مستەر هەی راوێژی زۆر كردووە و پرس و رای لەگەڵ ناسراوانی شاری هەولێردا گۆڕیوەتەوە، مەلا ئەفەندیش یەكێك بووە لەوانەی لەگەڵیا دانیشتوون، هەی لەسەر ئەوە راهاتووە

پاش نیوەڕۆی ڕۆژانی هەینی لەگەڵیان کۆبێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ چاخواردنەوەدا مەسەلە گرنگەکان باس بکات، هەی بۆ مەبەستی پڕوپاگاندە ئەو ئەنجوومەنەی بە پەرلەمان ناو بردووە.

ئەوانەی لەو ئەنجوومەنەدا ئامادەبوونە ئەمانەن : مەلا ئەفەندی، سەید عەبدوڵلا پاشا، موفقی، عەلی پاشا، حاجی ڕەشید ئاغا و هی دی کە ناوبانگیان لەوان کەمتر بووە. لە هەمووشیان ترسناکتر وەك هەی دەڵێت : مەلا ئەفەندی بووە، کە بەردەوام سەردانی ماڵەکەی کردووە کە لە گەڕەکی باداوا بووە لە دەوروبەری شاری هەولێر تەنانەت مەلا ئەفەندی شایەت حاڵی ئەو وتووێژانە بووە کە لەگەڵ سەرۆکانی دزەییدا ئەنجامی داوە.

هەی باداواو شوێنە جوانەکەی و باخەکانی دەوروبەری و تەنانەت خانووەکەی مەلا ئەفەندیش کە باخچەیەك و حەوزێکی ئاوی تیا بووە بە دڵگیر داوەتە قەڵەم، وێڕای تفاقە جوانەکانی نێوی مەلا ئەفەندی ڕۆژی لە نێو مزگەوتی گەورەدا لە هەولێر بەسەربردووە، چونکە ئیمامی ئەو مزگەوتە بووە، تا ئێوارە تیایدا ماوەتەوە. ناوی ڕاستەقینەشی ئەبوبەکر بووە، بەلاّم بە زۆری بە مەلای بچووکیان نێوبردووە چونکە کابرایەکی کورتە بالاّ و خواپەرستێکی بە باوەڕ بووە، هەی سەرنجی بۆ هەردوو دەستە ناسکەکانی چووە، بە شێوەی ئاسایی جوبەیەکی بۆری درێژی تاسەر پێی لەبەر کردووە، تەڕبووشی لەسەر ناوە و بە پارچەیەکی شینی کاڵی پێچاوێتی، لە گشت کوردستاندا ناوبانگی هەبووە، لە ڕاستیشدا خۆی لە بنەماڵەیەکی ناسراو بووە، بەلاّم بەجیا لە ئەندامانی خێزانەکەی بایەخی بە خوێندنەوەی ئەو دەنگ و باسانە دەدا کەوا لە میسر و تورکیاوە دەهاتن. وتەکانیشی بابەتی ڕامیاری و زانستییان لەخۆدەگرت.

هەی ڕۆژێك پرسیاری دیدوبۆچوونی لێکرد دەربارەی باری ئێستای ولاّتی نێوان دوو ئاوان (عێراق) لەوەلاّمدا) وتوویەتی: هەموو کەسێك ئارەزوومەندی ئەوەیە ولاّتەکەی خۆی (دایك) سەربەخۆ بێت، پاشان مەلا ئەفەندی وتوویەتی : بەخیلی بەیەکتر بردن لە یەکی جیاکردینەوە، کەس نییە شیاوی حوکومکردن بێت، ئەمانەوی چاودێریمان بکەن هەتا ئاسایش و ئاشتیمان بۆ دەگەڕێتەوە و دەتوانین حوکمی خۆمان بکەین.

هەی دەربارەی ئەم بۆچوونەی دەڵێت : مەلا ئەفەندی هەمیشە دڵسۆز و ڕاستگۆی ئەم ڕامیارییە بووە، وێڕای ئەوەش بە هیچ پایەیێکی میری قایل نەبوو. بەردەوامیش بوو لە یارمەتیدان و پشتگیری کردنی میردا گشت توانایەکیشی بۆ ئەو مەبەستە خستبووە گەڕ پتر لە هەرکەسێکی دی سەرکردایەتی ڕای گشتیی دەکرد لە هەولێردا.



هەی بەداخەوە باسی ئەوەشی کردووە کە نەخۆشی ئیسقا(سل) لە نێو خێزانەکەیدا بلاّو بووەتەوە و ژنەکەی و سێ کچی بەو پەتایە مردوون و تەنها کوڕە بچووکەکەی بۆ ماوەتەوە کەوا تەمەنی پێنج ساڵان بووە (٢١٣-٤).

## ئەحمەد پاشا

میستەر هەی دەربارەی ئەحمەد پاشای دزەیی دەڵێت : کابرایەکی لاواز بوو، قسەی زۆر دەکرد، تەمەنی لەشەست تێپەڕی بوو، خوێندەوارییەکی ئەوتۆی نەبوو، بەلاّم بازرگانێکی سەرکەوتوو بوو، هەر بۆیەش زیاتر مەیلی بازرگانێتی دەکرد نەك سەرۆکایەتی هۆز. بە کافرۆش ناسرابوو، خەمی زۆری بۆ ئەوە دەخوارد سامان کۆ بکاتەوە، لە سەرەتای ژیانیدا دەوڵەمەند نەبووە، بەڵکو ئارەزوومەندی یاری تاوڵە بوو، کەچی پاشان بیری بۆ ئەوەچوو بوو گوندێك لە کەندیناوە دامەزرێنی، بەڕاستیش توانیبووی جووتیارەکان بۆ لای ئەو دێیە ڕاکێشی بەلاّم دروێنەی یەکەمین ساڵی پووچەڵ بوو، هەر بۆیەش داخوازییەکی ئاڕاستەی میری کرد بۆ ئەوەی قەرزێکی بداتی خۆی و ئەوانەی لەگەڵی بوون بتوانن تۆوی پێبکڕن و بۆ ساڵی داهاتوو بەکاری بێنن.

میستەر هەی دەڵێت : ئەحمەد پاشا سوودی لەو بڕە پارەیە بینی و قەرزی دا بە جووتیارەکان، لە ئەنجامیشدا کشتوکاڵ گەشەی سەند، لەگەڵ ڕۆڵەی هۆزەکەیدا بووە خاوەن ١٨ گوند و دەڵێت : وایلێهات بووە خاوەنی ٢٠٠٠٠٠ جونەیهی زێڕ، هێند دەوڵەمەند بووبوو دەیتوانی بە پارە پشتگیری حکوومەتی عوسمانی لە کێشەکەیدا لەگەڵ ئیبراهیم ئاغادا بکڕی.

بەلاّم وەك میستەر هەی بۆی چووە ئەحمەد پاشا لە پاش ئەوەی بینیویەتی کەس ناتوانی دادوەری بەریتانیا بکڕی بەلای میریدا شکاندوویەتییەوە، ڕەنگە هۆکاری یەکەمیش بێ بۆ بەرپا بوونی ئاژاوەکانی ئەو وەختە (٢٠٥).

## ئیسماعیل بەگی ڕواندزی و باوێڵ ئاغا

هاملتۆن ئەو کاتە چاوی کەوت بە ئیسماعیل بەگی ڕواندزی کە وەك ئەندازیار کاریدەکرد بۆ کردنەوەی ڕێگای ڕواندز — هەولێر.

هاملتۆن دەڵێت : ئیسماعیل بەگی ڕواندزی خاوەنی فراوانترین دەسەلاّت بوو لەو شارەدا، چەندین ساڵیش خەڵکی ناوچەکەی دەنواند لە پەرلەمانی عێراقیدا. بە حوکمی میرات گەری

بووبوو بە خاوەنی زۆربەی زەوی و زارەکانی دەورووبەری شارەکە، هێندەش لای جووتیارانی کورد بەڕێز بوو هەموو خۆشیان دەویست، بەیەك چاویش دەیڕوانییە کورد و ئاسوورییەکان، هاملتۆن دەڵێت ئیسماعیل بەگ هەمیشە لایەنگری یاسا و سیستمی حوکوم بوو، بە پێی هاملتۆنیش دەستی لەو خێزان و بنەماڵانە نەدەپاراست کە لە رێدەرچووبان. دەسەڵاتیشی بۆ ئەوە بەکاردەهێنا تا رۆڵەی هۆزەکەی بخاتەسەر ئەو باوەڕەی کە کردنەوەی ئەو رێگایە سوودێکی زۆریان پێدەگەیەنی، چونکە کوردستان هەرگیز پێشناکەوی و خۆشی رووی لێناکات ئەگەر رێگاوبانی باشی نەبی. بەرامبەر گەلی بەریتانیاش سوپاس گوزار بوو، چونکە یارمەتی گەلەکەیان دەدا.

هاملتۆن ئەوەشی ئاشکرا کردووە کەوا ئیسماعیل بەگ یەکێك بووە لەو پیاوە کوردانەی هەستیان بە بی ئومێدی کردووە کاتێك ئینتیداب پێش ئەو بیست و پێنج ساڵەی لەسەرەتادا بۆی دیاری کرا بوو کۆتایی پێهات.

لە راستیشدا ئەوەی هاملتۆن باسیکردووە سەبارەت بەو بێئومێدیەی دووچاری ئیسماعیل بەگ بووبوو بە هۆی لەوەخت کۆتایی هاتنی ئینتیدابی ئینگلیزەوە هۆکاری خۆی هەبوو، ئەویش ئەوەبووە ئیسماعیل بەگ هەڵوێستی خۆی لەگەڵ ئینگلیزدا یەکلاکرد بووەوە و لایەنگرتنی خۆی بۆ دووپات کردبووەوە چونکە بە بۆچوونی ئەو باری رامیاری ئەوەی دەویست بریتانییەکانیشی بە پشتی خۆی دەدایە قەڵەم چونکە لە لایەن باوێل ئاغاو نووری کوڕییەوە هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرا چاوەڕوانی هەلێکی گونجاوبوون بۆ تۆڵە لێکردنەوەی. ئەوەبوو هێشتا لە تەمەنی هەژدە ساڵی تێنەپەڕیبوو لەسەر خواستی زۆربەی خەڵکی رواندز ئیسماعیل بەگ بە حاکمی سەربازی رواندز دامەزراو ئەو دامەزراندنەش لەلایەن نەقیب هەییەوە پەسەندکرا، بەڵام خێزانی باوێل ئاغا لە رواندز ناحەزی خێزانی ئیسماعیل بەگ بوون، پەنجەی تاوانیش بۆ باوێل ئاغا درێژدەکرا گوایە دەستی بووە لە کوشتنی سەعید بەگی باوکی ئیسماعیل بەگ.

هاملتۆن کە دۆستی کەسیی ئیسماعیل بەگ بووە، لەو باوەڕەدایە دامەزراندنی لەو کاتەدا بە حاکمی عەسکەری شاری رواندز هەڵەبووە، رەنگە ئەوەشی لەبەر ئەوە بووبی ئەو کاتە ئیسماعیل بەگ تەمەنی بچووك بووە و ناخۆشی نێوانیشیان لەگەڵ باوێل ئاغادا تەشەنەی کردووە.

هاملتۆن کەسایەتی ئیسماعیل بەگی زۆر بەدڵ بووە، بۆیە دەربارەی دەڵێت : کوردێکی بەڕەسەن و نەوەی خێزانێکی دێرینی حوکومڕانی رواندز بووە، بۆیە لەو باشتر نەبووە یارمەتی



بریتانییەکان بدات بۆ دامەزراندنی حوکمێکی سەربەخۆ لە عێراقدا. زیرەکی لە سەرووی زیرەکی ئاسابییەوە بووە، بێجگە لە زمانی دایکی (کوردی) ئەم زمانانەشی زانیوە فارسی، تورکی، عەرەبی، ئینگلیزی. بەڵام شارەزایی نێو کۆڕی پیاوان و حوکمی کەم بووە، چونکە لە کۆشی دایکیا و لە باری پشت گوی خستنی باوکیا گەورە بووە، گومانیش لەوەدا نەبووە هەی تارادەیەك دامەزراندنی ئەوی لەو پلەیەدا بەدڵ نەبووە.

داوای لە سەرۆك هۆز و ناودارانی شاری رواندز کرد سوێند بخۆن لایەنگیری ئیسماعیل بەگ بکەن، ئەوەبوو نووری ئامادە نەبوو، بەڵام باوێل ئاغای باوکی ئامادەبوو، کاتێکیش نۆرەی هاتە پێشەوە دەستی خستە سەر قورئان و ئەمەی گوت : " دڵم بەرامبەر ئیسماعیل بەگ پاك دەبێتەوە ئەگەر ئەو دڵی بەرامبەر من پاك بێتەوە " (٢٢٠).

ئامادەبوان هەموو واقیان وڕما کاتێك بینییان ئەو پیاوە سوێندخواردنەکەی بەو مەرجە بەتاڵ کردەوە.

نووری باوێل یاخیبوونی راگەیاند و دواییش بەندکرا و نێررا بۆ هەولێر لەوێشەوە رەوانەی بەغدایان کرد، لە رێگا هەڵ هات و گەڕایەوە بۆ چیا بۆ ئەوەی مەترسییەکی راستەقینە دروست بکات بە تایبەت لە کاتی شۆڕشی بیستدا کەوا ئاگری گەیشتە باشوور و تەنانەت موسلیش، بە ئازادبوونی نووری دەبوو شۆڕش بگاتە چیاکانی کوردستان، بەرامبەر بەمە بیریان لەوەکردەوە هەنگاوی کاریگەری دژ بنێن، پاشان باوێل ئاغای باوکی بەندکرا و خرایە گرتووخانەی هەولێرەوە (٢٢٢).

نووری چووە ریزی هێزە شۆڕشگێڕەکانی بەرەی ئاکرێوە، دواییش باوێل ئاغا و نووری کوڕی توانیان شاری رواندز کۆنترۆڵ بکەن، ئەوە بوو شارەکە لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندا مایەوە تا ئەو کاتەی بەریتانیاییەکان گەڕانەوە و شۆڕشەکەیان کپ کردەوە و ئیسماعیل بەگیش گەڕایەوە بۆ رواندز، بەڵام ئەمجارەیان لە جیاتی ئەو سەید تەهای شەمزینی بووە بەرپرسی شاری رواندز (٢٢٤).

نووری ئاغاش لە ترسی تۆڵە لێسەندنەوەدا دەژیا ئەوەبوو لەسەر رێگای رواندز بە دەستی نووری ئاغا کوژرا.

هاملتۆن دەڵێت: جارێك ئیسماعیل بەگ داوای لێکردووە رادیۆیەکی بۆ بکڕی ئەویش لەسەردانێکی لەندەندا رادیۆیەکی بۆ کڕیوەو بۆی هێناوەتەوە دەڵێت : حەزی دەکرد لە بارودۆخی دنیا بگات، بایەخی بە هەر پێشکەوتنێك دەدا لە بوارەکانی زانست و پیشەسازیدا رووی بدایە، بارودۆخی وڵاتە دواکەوتووەکەی نەدەبوو بە تەگەرە لە ری بایەخەکانیدا.

هاملتۆن دەربارەی ئیسماعیل بەگ ئەوەشی وتووە کە لای جێی سەرسووڕمان نەبووە کاتێك باسی پێشکەوتنی تەلگراف و بی تەلی و پەخشی رادیۆیی لە سالآنی ئەو دوایەدا بۆ کردووە. هەروەها دەڵێت : جارێك لەکەش و هەوای شەوێکی خامۆشدا دانیشتبووین پێی وتم : گەلێك رادیۆ لە ئەوروپا و تورکیا و رووسیا بەرنامە پەخش دەکەن، منیش بە شێوەیەکی تایبەت حەز دەکەم گوی بیستی رادیۆکانی ئینگلیزبم، من دەتوانم بە ئینگلیزی بدوێم دەشتوانم گوی لە هەواڵ و مۆسیقای رۆژئاوایی بگرم(٢٢٨).

هاملتۆن دەڵێت: نازانم نووری چۆن زانیبووی ئیسماعیل بەگ بە رێگاوەیە، ئەوە بوو خۆی و لەگەڵ سیی کەس لە کۆمەڵەکەی بۆی دانیشتن و رێیان لێگرت، نووری کە ئەو کاتە بە قۆمیسەری پۆلیس دامەزرابوو لەگەڵ پیاوەکانیدا بەسەر هەردوولای جادەکەدا دابەش بووبوون و هەر لەگەڵ دەرکەوتنی ئۆتومبیلەکەی ئیسماعیل بەگدا گوللەرێژیان کرد، وێڕای ئەوەش پیاوانی ئیسماعیل بەگ بەرگریان لێکردبوو، بەلآم لە ئەنجامدا کوژرا، هەروەها نووریش بریندار بوو، هاملتۆن لەوە سەری وورماوە نووری هیچ هەولێکی نەداوە بۆ هەلآتن، بەلکو خۆی بە ئاسانی داوەتە دەست پۆلیسەوە. پاشان هەواڵەی دادگا کراوە. لە پاش گەلێك دواخستن لە ئەنجامدا حوکمی لە سێدارەدانی تا مردن بۆ دەرچووە، لە پاش ئەوەی سکالآنامەیەکی پێشکەش بە مەلیك کردووە بۆ ئەوەی بیخاتە بەر بەزەیی خۆی و لێی خۆشبی و داب و نەریتی هۆزگەری لە بەرچاو بگری بڕیاری حوکمەکەی بۆ کردووە بە بەندکردنی هەمیشەیی (٢٤٣-٤).

## ئەمین پاشا

برانت لە باسی دیدەنییەکەی لەگەڵ ئەمین پاشا، پاشای شاری موشی کوردنشین لە کوردستانی تورکیا دەڵێت : هەر کە بیستی من لەوێم دەست و برد کەوتە ری بۆ پێشوازی لێکردنم و کاتێکیش گەیشتە لام بە گەرمی هەواڵی تەندروستی پرسیم.

برانت ئەوەشی درکاندووە کە ئەوە دووەمین جاری بووە بیبینی، چونکە لەوەوپێش جارێکی دی لە ئەرزرووم چاوی پێکەوتبوو.

برانت لە باسی پاشادا دەڵێت : نەوەی خێزانێکی دێرینە لە دوای بەگ حوکمی مۆش و وانیان کردووە، باپیرەی ئەم خێزانە ناوی عەلائەددین بەگ بووە. سەلیم پاشای برای ئەمین پاشا ساڵی ١٨٠٩ لە لایەن حاکمی ئەرزروومەوە لە سێدارە دراوە. ئەمین پاشای کوڕیشی هێشتا لاوێکی نەمام بووە دوو برای دیکەشی هەبووە، یەکەمیان (شەریف بەگ) حاکمی شاری تفلیس



و ئەوی دی (موراد بەگ)ی حاکمی شاری خینیس ئەمین پاشا وەك برانت باسیدەکات پیاوێکی رووخۆش بووە، بەلآم براکانی دی هەرچەندە بەهرەی ناوبانگ و دەسەلآتیان نەبووە، وەك ئەمین پاشا، بەلآم ناسك و رەوشت بەرز بوونە.

خێزانی ئەمین پاشا بەزیرەکی و بەهرەی جەنگەوە ناسراون لەبەر ئەوەش توانا و ناوبانگی باشیان هەبووە.

کارتێکەریی گەورەیان لەسەر رەوتی رووداوەکان هەبووەوە، بۆیە لە سەرانسەری ولآتدا خەڵك بە گوێی کردوون.

ئەمین پاشا بۆ برانت نیوەڕۆ خوانێك رێکدەخات، خۆیشی لەگەڵیان لەسەر خوانەکە دادەنیشی و کۆمەڵێکیش لە ئەفسەرانی پاشا لەگەڵیان دەبن. برانت دەربارەی ئەتەکێتی تورکی دواوە، کە ئەوە دووپات دەکاتەوە ناشی دەرەجەدار لەگەڵ خەڵکی سادەدا لەسەر یەك خوان دانیشن، بەلآم کوردەکان هێند گوی بەو رواڵەتانە نادەن، لە راستیشدا نازانین ئایا برانت خۆی لە ئەفسەرەکانی تورك بە گەورەتر داوەتە قەڵەم یان بە کەمتر.

برانت ئەمین پاشای بانگێشتی دەوارەکەی خۆی کردووە بۆ ئەوەی خەریکی نیشان شکاندن بن، کە ئەمین پاشا زۆری ئارەزوو لێبووە و گوللەی بە فیڕۆ نەچووە، بەلآم ئارەزووی ئەوەشی کردووە لە میکانزمی گوللە و تفەنگ بگات.

بۆ رێزلێنانیش ئەمین پاشا پاسەوانێکی تایبەتی بۆ برانت تەرخان کرد تا لە سەفەری دیاربەکردا هاورێتی بکات ئەوەش وەك نیشانەیەك بۆ رێز و پێزانین (٢٩-٣١).

## ئەمین عالی بەدرخان

لە یادداشتنامەکانی نۆئێلەوە لەوە دەگەین ئەمین عالی بەدرخانی کوڕی میری بە ناوبانگی کورد بەدرخان پاشای بینیوە کە دامەزرێنەری ئیمارەتی کوردی بووە و گەورەترین هەڵوێستی بەرامبەر ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی نواندووە.

ئەمین عالی بەدرخان گەورەی خێزانی بەدرخانییان لە پاش باوکی، پیاوێکی بالآ بەرز و ریش سپی و خاوەن دەسەلآت بووە لە کوردستاندا بە تایبەت لە ناوچەی بۆتان، لە بەهاری ساڵی ١٩١٩ تورکەکان زۆریان ئارەزوو لێبوو بیکەنە والی شاری دیاربەکر، بەلآم پاش گەزبوونەوە، چونکە درکیان بەوەکرد کە ئەمین عالی بەدرخان واز لە خەونەکانی ناهێنی بۆ سەربەخۆیی کورد.

له ژیانیا دووجار هەولیداوه بۆ ئەوەی له ئەستەمبوول هەڵبێت، ئەو شارەی بڕیاری دابوو تیایدا جی نشین بێت، بەلاّم دوایی له شاری بایەزید له پاش شەڕێك له نێوان ئەو و دەستگیرکارەکانیدا بەندکرا.(٥٤).

له ڕاستیشدا نۆئێل باسی ڕۆڵە و نەوەکانی میر بەدرخانی کردووە، بەلاّم ئێمە ئەوەمان بە دروست زانی بە باسکردنی یەك لەوانە داکەوین.

## پیرداوود

میستەر هەی له باسی حاجی پیرداووددا دەڵێت : کابرایەك بوو له چەشنێکی جیاواز، بە ڕواڵەت جوان و لاواز، تەمەنی ٥٥ ساڵ، دووچاوی ڕەش و سمێلیشی درێژ، دەنگێکی خۆش و نەرمی هەبوو، هەرگیزیش کەسم نەبینیوە وەك ئەو بەڕەوانی شیعری فارسی بخوێنێتەوە، خۆی و ئەندامانی خێزانەکەی قژیان مەیلە و سوور بوو، بالاّشیان بگرە کەمتر لە ناوەنجی، پیرداوود خوێندەوارێکی باش و پلانگێڕێکی لێهاتوو بوو. لەگەڵ ئەحمەد ئاغادا دژی میری ڕێککەوتن، ئەو بزوتنەوەکەی ئاڕاستەدەکرد، کوڕەکانی نزیکەی ١٨ گوندیان هەبوو (٢٠٦).

## جەمیل ئاغا گەردی

هەی دەڵێت :، یەکەمین هەلی قواستۆتەوە بۆ سەردانی جەمیل ئاغای پێشەوای هۆزێکی کورد بۆ ڕێزلێنان له هەڵوێستی چونکە لەگەڵ دژەییاندا هاوسۆز نەبووە بۆ بەر هەڵستی کردنی حکوومەت واتە لەبەر بەرهەڵستی، نەکردنی ئینگلیز لە لایەن ئەو هۆزەوە کە لە (بەحرکە) نیشتەجێن.

هەی (٢٠٩) دەربارەی دەڵێت : تەماحکارە، فێڵبازە بایەخ بە ڕواڵەت دەدات، هەرگیز بیر لەو شتانە ناکاتەوە سوودی پێنەگەیەنن، ساڵانی تەمەن لۆچیان لەسەر دەم و چاوی دروست نەکردووە، لەشی ڕێکە و دوچاوی ڕەشی پێوەیە. یەکەمجار بە زمانە شیرینەکەی و گفتەکانی هەڵیخەڵەتاندم، بەلاّم لە دواییدا بۆم دەرکەوت ڕۆڵەی چینێکی بەرینە و ئەیەوی خزمەتم بکات، چونکە لەو باوەڕەدایە سوودی بۆ هەیە، دیوەخانێکی گەورەی هەبوو، کۆمەڵێك کورسیی شکاوی تیا بوو، هەی ئەو خواردنەشی بە دڵ بووە کە پێشکەشیان کردووە هەرچەندەش لەوەوپێش لە وێنەی نەبینیبوو، بەلاّم نایاب بووە. هەروەها بە پیرەمێردێکی ڕووخۆش و ریش سپی باسکردووە، گۆرانی فولکلۆریشی چڕیوە.



هەی لە میانەی ئەو ئێوارە کۆڕەیەوە لەگەڵ جەمیل ئاغادا گفت و گۆی کردووە و پێکەوە باسی هەندی لەوکەسانەیان کردووە کە ئاژاوەگێڕبوونە جەمیل ئاغا ڕاپەڕیوە و وتوویێتی : ڕاستە ئەوان پڕوپووچن ئەگەر ماوەم دەدەیتی سبەی بە (٢٠٠) چەکدارەوە دەچمە سەریان و کۆتاییان پێدێنم. هەی دەربارەی ئەم هەڵوێستە بە جۆشە دەڵێت، نەیانتوانیوە پتر لە ٥٠ چەکدار ئامادە بکەن، بێگومان ئەمە دیدو بۆچوونی هەیە، نووسەر لێی بەرپرس نییە، تەنانەت نووسەر هەست دەکات هەی بەرامبەر ئەو کەسە کە یارمەتی داوە و لەگەڵیا بووە درێغی کردووە و قسەی حەقی نەکردووە.

## حاجی بەدر ئاغا

یەکێکە لە سەرۆکەکانی هۆزی ڕەشوان نۆئێل چاوی پێکەوتووە و دەربارەی وتوویەتی : ڕووخۆش و جوان ڕەوشت و قسەڕوونە، خۆشی دەخاتە دڵ و تەمەنی نزیك ٤٥ ساڵانە، هەوڵ دەدات پێوەندی نێوان خۆی و پیاوانی میری بە پێی توانا باش بێت، وێڕای ئەوەش حکوومەتی تورکیا بۆ ماوەی چەند مانگێك بەندی کردبوو بە هۆی هەلاّتنی ڕۆڵەکانی هۆزەکەیەوە لە خزمەتی سەربازی و شاردنەوەیان و بەرهەڵستی کردنی لە بەدەستەوەدانیان بە دەزگاکانی میری. نۆئێل ئەم هۆزە کەوا حاجی بەدر ئاغا سەرۆکایەتی دەکات بەوە باسدەکات بە ئازایەتییەوە بەناوبانگە و خاوەنی (١٠٠٠) تفەنگی نوێیە، بەردەوام دەتوانی (٢٠٠٠) سوار ئامادەی جەنگ بکات.

ئەم هۆزە توانیوویەتی (٢٠٠٠) جەنگاوەر بدات بە حکوومەتی تورکیا بۆ ناردنیان بۆ بەرەکانی جەنگ، بەلاّم هەزاریان هەلاّتوونە و گەڕاونەتەوە بۆ نێو هۆزەکەیان، کەچی هەزارەکەی دی نزیکەی تەنها ٩٠٠ جەنگاوەریان لێماوەتەوە (٣١).

لێرەشدا جێی خۆیەتی لە پەراوێزی ئەژمارتنەکانی نۆئێلدا ئەوە بسەلمێنین حکوومەتی تورکیا لە جەنگەکانیدا جەنگاوەرانی کوردی دەکردە (سەری ڕم) و دەیخستنە پێشەوەی سوپاکەی.

ئەم شێوازەش تەنها لە لایەن حکوومەتی عوسمانییەوە پێڕەو نەکراوە، بەڵکو گشت حکوومەتەکانی دیکەی دراوسێش پێڕەویان کردووە، بەردەوام کوردیان کردووە بە سووتەمەنی جەنگەکانیان کە نەتەوەی کورد هەرگیز بەرژەوەندی تیا نەبووە. بۆیە هەمیشە کەرەستە و

سووتەمەنی جەنگ بوونە، لە ئەنجامیشدا ئەم نەتەوەیە هەر ئەوەی بۆ ماوەتەوە سکالاّ بۆ یەزدان و مێژوو بەرێت.

## حاجی زولال ئاغا

برانت دەڵێ کاتێك گەیشتینە گوندی نارجی لە ناوچەی دیاربەکر، کە شوێنی نیشتەجێبوونی حاجی زولال ئاغا بوو پێشوازییەکی گەرمی لێکردین و دەست و برد فرمانی دا شیومان بۆ ئامادە بکرێت.

برانت دەڵێ حاجی زولال ئاغای سەرۆکی هۆز پیرەمێردبوو کاتی خۆی نەبەردانە بەرەو رووی سوپای رەشید پاشا بووبووەوە، ئەوەبوو لە ئەنجامدا ماڵەکەی سووتا و بەرەو چیا هەڵ هات، بەلاّم پاشان ناچار بوو خۆی بداتە دەستەوە و بۆ ماوەی ساڵێك لە دیاربەکر دەست بەسەرکرا، دواییش گەڕایەوە بۆ ناوچەکەی خۆی. بەلاّم نەیتوانی بگەڕێتەوە سەر باری پێشووی، چونکە ماڵەکەی لە دەست دا و دوو کوڕی گەورەشی لە دیاربەکر کوژران و چاوییشی کۆرەبوو، چونکە ئاوی سپی دروست کردبوو، کاتێکیش زانی لەگەڵ برانت دا پزیشکێك هەیە (دوکتۆر دیکسون) داوای لێکرد سەیری بکات ئەویش پێی گوت : چارەی هەیە، بەلاّم دەبی بچی بۆ ئەستەمبووڵ چونکە پێویستی بە نوژداری هەیە.

حاجی زولال بە دەگمەن دواوە و ئەوەشی بە باش زانیوە بە زمانی کوردی بدوێت، نووسەرەکەشی بووە بە وەرگێڕ لە نێوان خۆی و برانت دا.

برانت لێی پرسیوە بۆ وردبین نەبووەو دووری نەڕوانیوە کاتێك بەرەورووی رەشید پاشا بوونەوە کەوا مەلیك دەسەلاّتی فراوانی داوەتی و حاجی زولال لەوەلاّمدا وتوویەتی : هەرگیز نە خۆی و نە کوڕەکانی و نە ئەوانەش لە ژێر دەسەلاّتیا بوونە رۆژی لە رۆژان ملکەچی دەسەلاّتی پاشاکان نەبوونە و باجیان نەداوەتە سوڵتان... بۆیە ئامادە نەبووە لە رێرەوی خۆی لا بدات.

برانت دەڵێت : کاتێك حاجی زولال بۆی ئاشکرا بوو گشت ئەوانەی لەگەڵیان خوێندەوارن لێی پرسیوە ئایا گشت ئینگلیزەکان خوێندەوارن برانت لەوەلاّمدا وتوویەتی زۆربەی لادی نشینانی ئینگلیز خوێندەوارن، ئەنجا وەلاّمی داوەتەوە و وتوویەتی ئێمە پێویستمان بەوە نییە، چونکە بەردەوام دەبی چەك هەڵگرن و بەرگری لە ماڵ و نامووسی خۆیان و ئەوانەی لە ژێر دەسەلاّتیان بکەن. تۆڵەش لەو کەسانە بکەنەوە زیانیان پێگەیاندوون.



حاجی زولال بە حەسرەتەوە لە بەردەم برانت دا دەدوا، چونکە یادی رۆژانی رابوردووی دەکردەوە، کە لاو بوو، خاوەنی چەك و ماین و پارە و ماڵ و پیاوی زۆر بوو، بەلاّم ئێستا گشت ئەو سەروەرییەی نەماوە و تارادەیەك دەستی کورت و چاویشی کزبووە.

برانت لەگەڵ ژنەکەی حاجی زولال ئاغادا قسەی کردووە و بەوە باسیکردووە بالاّ بەرزبووە و گەلێك رەوشتی پیاوانی هەڵگرتووە.

برانتیشی لەوە ئاگادارکردۆتەوە هەر کاتێك حاجی زولال لە نێو ماڵی خۆی و کەس و کار و هۆزەکەیدا هێرشی کرابێتە سەر ئەم لە تەنیشتی بووە و فیشەکی بۆ ئامادەکردووەو ئەویش پەلاماردەر و داگیرکەرانی گوللە باران کردووە.

برانت دەڵێت : حاجی زولال لە تەمەنی شەست ساڵان بالاّبەرز بە تواناش بووە، دیارە لە سەردەمی لاوێتیدا کاتێك لە شەڕی هۆزی خارزان لەگەڵ حکوومەتی عوسمانیدا بەشداربووە بەر پریشك کەوتووە و برینداربووە، کاتێکیش دوکتۆر دیکسۆن برینەکەی بینیوە دەرمانێکی بۆ نووسیوە و برینەکەی کە هێند قووڵ نەبووە زوو سارێژ بووەتەوە.

بەخشندەیی حاجی زولال ئاغا سەرنجی برانتی راکێشاوە، چونکە هەرچی پێویستیان بووە لە گەشتەکەیاندا لە شیر و بەرخ و پەنیر و خۆراکی دی خستوویەتییە تەکیان.

بەرامبەر ئەو نان و نمەکەش برانت دەڵێ : شاڵێکی نایابی ئینگلیزیم لەگەڵ هەندی پارچەی دەستەسڕکە لە ئەستەمبوول چاپکرا بوو لە نێو کوردەواریشدا پەسەند بوو پێشکەش کرد.

کاتێکیش برانتی بەڕی کردووە، داوای لێبوردنی لێکردووە چونکە میواندارییەکەی بە وشك داوەتە قەڵەم لەبەر ئەوەی ویستوویەتی ئەسپێکی نەژادی پێشکەش بکات، بەلاّم لەوکاتەدا شتێکی وای لەبەر دەست نەبووە شایستەی برانت بێت. بەرامبەر بەمەش برانت زۆر سوپاسی کردووە و میواندارییەکەی بە گەرم و گوڕ باسکردووە (٤٢-٦).

## حوزنی موکریانی

هاملتۆن چاوی کەوتووە بە نووسەر و رۆژنامەنووسی بە ناوبانگی کورد لە مێژووی رۆژنامەنووسیی کوردیدا کە ئەویش سەید حوزنی موکریانی بووە، هاملتۆن دەربارەی وتوویەتی : لە رواندز نیشتەجێیە، خاوەنی رۆژنامەیەکی ناوخۆیی کوردییە، هەر خۆی بە تەنهاش وتارەکانی دەنووسی و چاپیان دەکات و بەدەستی خۆی رێکیشیان دەخات. نموونەیەکی بێ وێنەیە لە جیهاندا، ئەم رۆژنامەنووسە ئارەزووی کردووە لە کاتی گەشتەکەی هاملتۆندا

هاوڕێیەتی بکات، چونکە ئەویش وەك سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی جیهانی ئەیەوی هەر هەواڵ و زانیاری و دانسقەیەکی دەس کەوی تۆماری بکات، بۆیە خۆی بە دەفتەرێکی سەرنج تۆمارکردنی بە شکۆ چەکدارکردووە و کەوتۆتە تەکی لەو دەفتەرەدا وێنەی بە قەڵەم دەکێشا و نەخشەی وردی دروست دەکرد کە نیشانەی هەڵکەوتەیی بوون (٩٧).

## حەمە ئاغای غەفووری

میستەر هەی لە شاری کۆیە چاوی کەوتووە بە حەمە ئاغای گەورەی هۆزی غەفووری، کە پیاوێکی بە تەمەن بوو وتوویانە لە (١٣٠) ساڵان تێپەڕیوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر وریا بووە، هەی دەڵێت : موقەدەم نۆئێل پێشنیازی ئەوەی کردبوو حەمە ئاغای غەفووری بکاتە حاکمی شارەکە چونکە خەڵکێکی زۆری بەدواوەوە بووە، بە گشتیش ڕێزیان لێناوە.

میستەر هەی باسی دیدەنییەکەی لەگەڵ حەمە ئاغادا دەکات لە نێو دەزگای میریدا (سەرای) و دەڵێت : ئەم پیاوە هێمن و بێدەنگ دانیشت، باوکایەتی دەنواند، درێژی دارجگەرەکەی کە بە مووروو ئارایش کرابوو پتر لە دوو پی بوو ناوشان پانیش هەڵکەوتبوو، ئەنجا هەی دەڵێت : ئەگەر تەمەن و هێزی لەشی لەبەر چاو بگرین ئەوە دەبی بە پیاوێکی زۆر مەزن بیدەینە قەڵەم (١٦٢).

دەڵێن بە درێژایی تەمەنی تەنانەت لە توندترین کەش و هەوای ساردا بۆ خۆشتن و دەسنوێژ هەڵگرتن ئاوی گەرمی بەکار نەهێناوە، تەمەنیشی لە نێوان (٩٥-١٠٠) ساڵاندایە ئەمە پتر لە (٦٠) ساڵە سەرۆکی هۆزەکەیەتی، کابرایەکی دڵ پڕ بەزەییە ئەو کێشەیە یادداشت دەکات کە ئەم لاو بووە و لە نێوان پاشاکانی ڕواندز و سلێمانیدا ڕوویداوە، ئەوان لەدوای یەك نۆرەیان گرت بۆ ملکەچ کردنی شاری کۆیە، لە سەردەمی لاوێتیدا دژی تورك شەڕی کردووەو لە پاش شەڕێکی خوێناوی توندی بەندیخانە کراوە و ١٥ ساڵ تیایدا ماوەتەوە.

هەی سیمای دیکەشی لە کەسێتی حەمە ئاغادا بەدی کردووە، وای بینیوە کابرایەکی ڕوو خۆش و قسە شیرینە، بە تایبەت ماوەی هەبی چیرۆکی سەرەتای ڕۆژە خۆشەکانی ژیانی بگێڕێتەوە ئەگینا چاوی خەواڵو دەبی و زەردەخەنەیەکی ناسکیش دەکەوێتە سەر لێوی. لە نێو خەڵکدا بەوە ناسرا بوو کە تاکە پیرەمێردە لەو تەمەنەدا لە کوردستاندا، وێڕای ئەوەش خاوەنی دڵێکی پاك بوو، بەڵام سەرسەختیش بوو، زاڵبوو بەسەر کەس و کاریا و لە دوژمنەکانی خۆش نەدەبوو (١٦٢-٣).



## خالید نەقشبەندی (مەولانا خالید)

وێڕای ئەوەی ریچ چاوی بە شێخ خالیدی نەقشبەندی نەکەوتووە، بەڵام ئەو کاتەی ئەو لە سلێمانی دەرچووە ئەم لە شار بووە و ئاگاداری ڕووداوەکان بووە.

ڕیچ لە باسی شێخ خالیدی نەقشبەندیدا دەڵێت: موسوڵمانێکی گەورەی زاهید بە ناوی شێخ خالید لە سلێمانی نیشتەجێیە. کوردەکانیش لەو باوەڕەدان ڕەوای حەق نییە ئەگەر بە (حەزرەتی مەولانا) ناو نەبرێت.

ئاخاوتنیشی بە (**حدیث**) دەدەنە قەڵەم سەر بە هۆزی جافیشە. تەریقەتی نەقشیشی لە دەهلییەوە بە ئیرشادی گەورەی سۆفیان سوڵتان عەبدوڵلا پێیگەیشتووە. (١٢٠٠٠) مریدی هەیە کە سەر بە ناوچە جیاجیاکانی تورکیا و وڵاتانی عەرەبی و کوردستانن.

کوردەکانیش بەگشتی بە وەلی دەیدەنە قەڵەم. عوسمان بەگ ریچی ئاگادار کردۆتەوە کە خۆی و مەحموود پاشا و گشت پێشەوایانی کورد مریدی ئەون، چونکە بەلای کەمەوە لە ئاستی شێخ عەبدولقادری گەیلانیدایە کە زۆر بەناوبانگە (٩٨) پاشای سلێمانی باوەڕی زۆری بە پیرۆزێتی شێخ خالیدی نەقشبەندی بووە.

ڕیچ باسی ئەوەیکردووە کاتێك مەحموود پاشا بڕیاری داوە لە تورك نزیك بێتەوە —ڕیچ دەڵێت خۆ بەدەستەوەدانی تورك — لەگەڵ عەبدوڵلاپاشای مامی و هەردوو برای عوسمان و سلێمان چوون بۆ لای شێخی ناوداری سلێمانی و هەرسێیان لەبەردەمیا سوێندی لایەنگرتنیان بۆ مەحموود پاشا خوارد. لەبەر ئەوەش چاوەڕوانی ئەوە بوون میری کرماشان پێوەندی بە یەکێکیانەوە بکات بۆ ئەوەی دژی پاشا و تورك هانی بدەن بۆیە سوێندی قورئان و تەڵاقیان خوارد هەر کامێکیان نووسراوێکی لە تورکیا یان لە ئێرانەوە پی بگات لە ماڵی شێخ و بە ئامادەبوونی ئەم کەسانە بیکاتەوە، وا دیارە عوسمان بەگ لەو تاقیکردنەوەیەدا سەرکەوتووە چونکە پاشای لەوە ئاگادار کردۆتەوە نامەیەکی لە میری کرماشانەوە بێگەیشتووە و گفتی پێداوە بیکاتە پاشای سلێمانی، کەچی عەبدوڵلا پاشای مامی ئەو نامەیەی لە مەحموود پاشای برازای شاردەوە کە بۆ هەمان مەبەست پێیگەیشتبوو ئەوە بوو کاتێك پاشا زانیی مامی خەریکی هەڵاتنە بەرەو کرماشان بەندی کرد (١٠٣).

ڕیچ لە سلێمانی بووە کاتێك شێخ خالیدی نەقشبەندی هەڵاتووە لە یادداشتی ڕۆژی ١٨٢٠/١٠/٢٥ ئەوەی باسکردووە کە ئەو بەیانییە شێخ لە پڕ هەڵاتووە و هەر چوار ژنەکەشی

لەگەڵ خۆی بردووە، کەسیش نازانی بەرەو کوی رۆیشتووە، ئەوە بوو پێش چەند رۆژێك لە ئاستی شێخ عەبدولقادری گەیلانیدا دایان دەنا، پاشاش لەسەر ئەوە راهاتووە لەبەردەمیدا بوەستی و خزمەتی بکات، بەلاّم ئەمرۆ بە کافر و زندیق باسیدەکەن.

دیارە شێخ بە مردنی کوڕەکەی پاشا کە گفتی پێدابوو چاکی بکاتەوە گشت پلە و پایەیێکی لە دەست داوە، دەڵێن گەلێك قسە و باسی دی هەبووە لەسەر هۆی هەلاّتنی شێخ لەوانەش چاندنی تۆوی ناحەزی لە نێوان پاشا و براکانیا گوایە ئەوانیش ویستوویانە لەبەردەم پاشا رووبەڕووی بکەنەوە، هەندێك دەڵێن بناغەی رێبازێکی نوێی داناوە و ویستوویێتی خۆی بکات بە گەورەی خەڵك، بە گشتیش گەلێك لە زانایان لەسەرووشیانەوە شێخ مارف هێند شێخ خالیدیان پەسەند نەکردووە (٢٢٧-٨).

## ساوار ئاغا

ساوار ئاغا سەرۆکی هۆزی پیران بووە، گوندەکەشی کەوتبووە ئەو لای چیای هەیبەت سوڵتانەوە لە نزیك شاری کۆیە. کاتێکیش لەسەر داخوازی میستەر هەی هاتووە بۆ کۆیە لە ماڵی شێخ عوسمانی قایمقامی کۆیە یەکتریان دیوە.

هەی لە باسی ساوار ئاغادا دەڵێت : جوامێرێکی بە شەوکەت بووە، تەمەنی ٢٥-٢٦ ساڵان بووە، لە پاش کۆچی دوایی باوکی بووبوو سەرۆکی هۆزی پیران، ئەندامانی هۆزەکەی زۆریان خۆش ویستووە و رێزیان لێناوە، تەنانەت خەریك بووە بیپەرستن. میستەر هەی گەلێك زەردەخەنە جوانەکەی ساوار ئاغای بە دڵبووە، هەروەها باسی جوانی ریش و چاوی کردووە، ساوار ئاغا لە میانەی ئەو سەردانەدا ئامادەبوونی پیشان داوە بۆ ئەوەی بە گوێی هەی بکات بۆ ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ هەندی لە ناحەزانیدا لە ناوچەکەدا.

## سوڵتان ئاغا

برانت بە ئامادە بوونی ئیسحاق پاشا، پاشای شاری وان چاوی بە سوڵتان ئاغا کەوتووە، کە داوای لە برانت کردووە سەردانی بکات لە ناوچەکەی وەك سەرۆك هۆزی حەیدەرانلی کوردی. برانت دەڵێت : کاتێك بیستم سوڵتان ئاغا دەبێتە میوانی پاشا بە هەلم زانی پرسیاری ئەو میرە ناوداره کوردەی لێبکەم، بۆشم دەربڕی کە ئارەزووی سەردانی دەکەم، چونکە بەراستی بە پەرۆش بووم سەردانی کەسێتییەکی گەورەی کوردی ئەو ناوچەیە بکەم.



ئەوەبوو پاشا گفتی بە برانت دا لە دووەمین رۆژدا لەگەڵیا دانیشی و ئەویش بەرامبەر بەوە سەردانی بکات.

برانت لە باسی سوڵتان ئاغادا دەڵێت : پیاوێکی تەمەن ناوەنجی بوو، هۆزەکەشی لە ریزی ئەو هۆزانە دادەنرا کە بەهێز و تازە هەڵچوو ناسرا بوون.

برانت بەم شێوەیە باسی سەردانەکەی بۆلای سوڵتان ئاغا کردووە و دەڵێت : لە دەواری پێشوازیکردندا پێشوازی لێکردین، کە یەك کوانووی تیابوو، لەسەر دەستووری تورك دروست کرابوو. ئەو دەوارەش بۆ ژنان تەرخان کرابوو زۆر دوور نەبوو، دەوارەکان بەشێوەی ئاسایی لە مووی بزن دروست کرابوون، نزیکەی (١٠) دەواری دی لە دۆڵەکەدا دابەسترا بوون.

برانت دەڵی هەستی بە بێئومێدی کرد کاتێك بینی سەرۆکی هۆزێکی گەورەی کورد بەو رادە نزمە خزمەت دەکری، ئەوە بوو ئەو سەرۆك هۆزە لە دەوارێکی چەشنی تورکی پێشوازی لێکردم و تیایدا قاوە و شەربەتی (پێشکەش کردم). سەر لە ئێوارەش سوڵتان ئاغا سەردانی برانتی کردووە کە لە خێوەتەکەی خۆیدا بووە، برانت دەڵێت: هەستی کردووە لەو وەختە زیاتر دڵخۆشتر بووە کە لە (وان) بینیبووی.

برانت پرسیوێتی بۆچی هۆزی حەیدەرانلی بوونەتە دوو بەشەوە؟ سوڵتان ئاغا لەوەلاّمدا وتوویەتی : بەشی دووەمی لەسەر خاکی ئێران دەژین، پارێزگاری ئازربایجان پانتاییەکی بەرینی خاکی داونەتی بۆ کشتوکاڵ و نیشتەجی بوون لە ئەنجامی جەنگی نێوان تورکیا و ئێراندا دەسەلاّتدارێتی عوسمانی بەشێوەی رەسمی دانی بەوەدا ناوە بەشێکی هۆزی حەیدەرانلی نیشتەجێی ئێرانن، سەرۆکایەتی ئەو بەشەش لە ئەستۆی برای لە دایك و باوکی سوڵتان ئاغا بووە، واتە قاسم ئاغا، دواییش لە پاش کۆچکردنی کوڕەکەی هاتۆتە جێی.

برانت دەڵی، بە پێی ئەو زانیارییانەی بەر دەستی کەوتوون سوڵتان ئاغا دەوڵەمەند نییە، هەوڵیشی داوە بزانی ژمارەی ئەو خێزانانە یان ئەو پیاوانەی لە ژێر دەسەلاّتی دان چەندن نەگەیشتۆتە ژمارەیەکی ئەوتۆ پەسەندی بکات کاتێکیش یەکێك لە ئەندامانی تیمەکەی هاوڕێی برانت لە سوڵتانی پرسیوە ئایە ژمارەی رەشماڵەکان هەزار دەبی؟ بە بەڵی وەلاّمی داوەتەوە، بەلاّم سەرچاوەی دی توانستی هێزەکەیان بە (٥٠٠-١٠٠٠) سوار داوەتە قەڵەم، کەچی خەڵکی دیکەش بە برانتیان گوتووە هەزار سواری لە ژێر دەستایە کاتێکیش برانت لە سوڵتانی پرسیوە ئایا رێگای دەدات سەرنجی بەشی ناوەوەی دەوارە تایبەتەکەی بدات، سوڵتان ئاغا داوای لێبوردنی لێکردووە وتوویەتی نەریتی ئێمە رێگا بە خەڵکی نامۆ نادات سەردانی

شوێنە تایبەتەکانمان بکەن، برانت وەڵامی داوەتەوە وتوویەتی : لەو باوەڕەدا بووم کوردەکان وەك تورکەکان نین ژنەکانیان بشارنەوە.

سوڵتان وتوویەتی : ئێمە ڕێگا نادەین ژنمان لە هەموو شوێنێك دەرکەون.

برانت لەو باوەڕەدایە ئەوە لەسەر ئاستی چینە نزمەکان ناچەسپی، دەڵێن ژنی کورد ئازادییەکی بەرچاویان هەیە.

لە ڕاستیشدا ئێمە لەو باوەڕەداین بۆچوونەکەی برانت تارادەیەك دروستە، بەلاَم ئێمە گۆشەیەکی دیکەی مەسەلەکە دەبینین کە برانت نەیبینیوە ئەویش ئەوەیە جیاوازی لە نێوان ئەوەدا هەیە کابرایەکی نامۆ بە شێوەی ئاسایی بڕوانێتە باری ژیانی ژنان بەگشتی لەگەڵ ئەوەدا کابرایەکی نەناس داوا لە کوردێك بکات ڕێگای بدات بچێتە نێو ژووری تایبەتی ژنانەوە، چونکە ئەمەی دووەمیان جۆرە دەرزی ئاژەنێکی تیایە بۆ کوردێتی مرۆڤی کورد، کەی لە کۆمەڵگای ڕۆژهەلاَتدا شتی وا ڕوو دەدات.

سوڵتان ئاغا ڕوونی کردۆتەوە هۆزەکەی بە زستان لەگەڵ ئەرمەندا دەژین، ئەوان کا و ئالفیان پێدەفرۆشن، باجی نیشتەجی بوونی زستانەش بە پاشای ئەرزڕووم نادات، بەلاَم دیاری سالاَنەی پێشکەش دەکات، برانت لەو باوەڕەدایە ئەوە جۆرە چەواشەکارییەکە لە لایەن سوڵتان ئاغاوە، کە نایەوی دان بەوەدا بنێت باجی نیشتەجی بوون دەدا بە پاشا.

برانت لە سوڵتان ئاغاوە بۆی ڕوون بووەتەوە خۆیان مەیلی ئەوەیان نییە لەو شوێنانەدا کە زستانی تیا بەسەر دەبەن خانوو بۆ خۆیان دروست بکەن و تیایدا نیشتەجی بن، هەروەها ئەوەشی بۆ ساغ بووەتەوە دەوڵەتیش نایەوی جێگیر بن، تەنانەت بە زۆر هۆزی زیبکی و بەشێکی لە حەیدەرانلی بۆ ئێران دوورخستۆتەوە.

سوڵتان ئاغا لەو ناوچانەی هۆزەکەی تیایدا نیشتەجێن بەرپرسە لە ئاسایش و لادان لە ری ڕەووسیستم، سوڵتان لەسەر ئەوە ڕانەهاتووە لە نزیك دەوارەکەی خۆی پاسەوان دانێت، مەگەر ترسی پەلامار لە گۆڕی بی. دەڵێن پیاوانی سوڵتان ڕمیان لە دەست گرتووە و لەسەر پشتی ماین مانۆڕیان ئەنجام داوە، بەلاَم برانت دەڵی لەو سەردانەدا دیمەنی لەو چەشنەی نەدیوە کە کوردەکان لەوەوپێش بە ئەنجامیان گەیاندووە (١٥٣-٨).



## سمکۆی شکاك

ئەدمۆندز ویستوویەتی چاوی بکەوی بە سمکۆ شکاکی سەرۆکی هۆزەکانی شکاك و فەرماندەی شۆڕشی کورد لە کوردستانی تورکیا ١٩٢٠ – ١٩٣٠ و خوازیاری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی.

کە لە لایەن هێزەکانی شاوە لە شاری شنۆ کە سەردانی کردبوو بۆ وتووێژکردن لەگەڵ میری ئێراندا کوژرا، وێڕای ئەوەی شا پەیمانی شەرەفی پێ دابوو کە لەو سەردانەدا هیچ زیانێکی لێ نەکەوی.

ئەدمۆندز دەڵێت : لە کات و شوێنی دیاریکراودا لەسەر ڕێگای باریکە چاوی بە سمکۆ کەوتووە. ئەو دیدارەش لە پاش ئەو هەرەس هێنانە سەربازییە بوو کە دوچاری هێزەکانی سمکۆ ببوو بە هۆی هاوپەیمانی سەربازی نێوان هێزەکانی ئێران و تورکیاوە.

ئەدمۆندز دەڵێت : سمکۆ و ئەحمەدی برای و هەندی خزم و نزیکەی بیست کەسیی لە پێڕەوکارانی لەگەڵبوو جلی ئاغایانەی ڕێك و پێکیان لەبەربوو لە کۆتاڵی سێرج دروست کرابوو کە سوپای بەریتانیا بە کاری دێنی. جزمەی ڕووسییان لە پێی و شەبەقەی لوولەیی درێژیان لەسەربوو کە لە نێو شکاکدا باوە، چاکەتەکانیان دوو لایەنە بوون مل پێچیان بەستبوو جۆرە پاڵتۆیەکیان لەبەربوو لەو چەشنە بوون شۆڕە سواران لەبەری دەکەن، پانتۆڵەکانیان ڕێك لەبەریان نیشتبوو ئەتگوت ئێستا لە (سافیل ڕوو- Savil Row -)ەوە دەرچوون. هەندێکیان ڕەزنەی چەکیان بەستبوو، هەندێکیشیان دووربینیان هەڵگرتبوو، بەلاَم سمکۆ خۆی کابرایەکی چوارشانەی بالاَرێك بوو، سمێڵەکەی نیشانەی قنجی بوو، ڕێکوپێکی لەش و جل و بەرگی وەك ئەفسەری سوپای بەریتانیا بوو، بە زەردەخەنەیەکی جوانیش کە نیشانەی خاکەڕایی و شەرم بوو ددانە سپییەکانی خستە دەر.

ئەدمۆندز دەڵێت : قینێکی ئەوتۆی بەرامبەر ئێرانییەکان لە دڵدا نییە، چونکە زۆربیان لە سەردەمی چەشت و ئەمیش بەشی خۆی لە لایەن ئەوانەوە بەرکەوت، بەلاَم ئەیەوی لەگەڵ تورکدا حەق و حیساب بکات کەوا بە ڕواڵەت پێیان وت پشتت دەگرین، بەلاَم پاشان لێی وەرگەڕانەوە.

ئەدمۆندز دەڵێت: لە دیدارەکەمدا لەگەڵ سمکۆ گەیشتمە وەلاَمی پرسیارێك کە بەردەوام شپرزەی بووم. ئەویش ئەوە بوو چۆن بتوانم زانیاری ورد دەربارەی پلانێکی هۆزگەری لە نێو کورد کۆبکەمەوە؟ کۆبوونەوەکەمان لە نێو دەرگای داخراودا لە دیوەخانەکەی جەمیل ئاغا

ئەنجامدا، خزمەت کارەکەش (قاوەچییەکە) هەر جاری نە جاری دەهاتە ژوورەوە بۆ دابەشکردنی قاوە بەسەرمانا لە بەر ئەوەش لەسەر دەستووری عەرەب قاوەی پی دەدایین چەندین جار دەهات و دەچوو، ئەدەمۆندز  ئەوەی سەرنج دابوو ئەم قاوەچییە هەموو جارێك پشت دەداتە گۆشەیەکی دەرگاکەوە و خۆی گێل دەکات و گوی دەگری. وا دیاربوو کوردەکان هەرگیز سەرنجی ئەوەیان نەدابوو کە ئەو کابرایە گوێی بۆیان شل کردووە. دیار بوو ئەرکی دەرکردنی ئەو کابرایە یان راگرتنی وتووێژەکەو پابەندبوون بە لایەنی وریاییەوە کەوتبووە ئەستۆی ئەدەمۆندز وەك خۆی دەڵێت خۆی لەگەڵ (لاین)ی هاورێی (٢٧٧).

## شەریف بەگ (شێخی مزگەوت)

برانت لە شارۆچکەی خینی چاوی بە شەریف بەگی خەڵکی دیاربەکر کەوتووە و بەوە باسی کردووە پیاوێکی رەوشت بەرز بووە، فەرمانیشی ئاراستە کردووە بۆ دابین کردنی پێویستییەکانی برانت و پیاوەکانی لە رووی خۆراکەوە.

برانتیش بەرامبەر بە سەردانەکەی ئەو سەردانی کردووە، شوێنی نیشتەجی بوونیشی کە ناشایستە بووە دووچاری سەر سوورمانی کردووە، شەریف پاشا باسی ئەوەی بۆ کردووە کە کانێکی ئاسن بە یارمەتی ئەوروپاییەکان بەرێوەچووە لە نێوان هەر دوو شارۆچکەی خینی و بالۆدا، برانت دەڵی شەریف بەگ لێی پرسیوم ئایا ئینگیلتەرە لەم ولاتە باشترە. برانت لەوەلامدا وتوویەتی ئەم دوو ولاتە ناشی بەراوردیان لە نێواندا بکەین، چونکە  هەموو خاکی بەریتانیا چێنراوە کەچی لێرە خاکەکە وشکە و نەچێنراوە خەڵکی ولاتی ئێمە پیشەگەرن و هەمیشە مەیلی پێشکەوتن و پەرەپێدانن بە پێچەوانەی خەڵکی ئێرە.

شەریف پاشا سەرنجەکانی خۆی دەربارەی خەڵکی ئەو دەوروبەرە بۆ باسکردووە وتوویەتی : دواکەوتوو و زەین کوێرن، هەتا ئێستا ئۆتۆمبیلیان نەبینیوە، هەرچەند ئۆتۆمبیلی بە تایبەت دروست کراو بۆ وەك ئەم ناوچانە گەیشتۆتە شوێنەکانی دی، بەلام نەگەیشتۆتە ئێرە.

لە راستیشدا برانت وەلامی شەریف بەگی داوەتەوە، نەدەبوو شەریف بەگ ئەوە بڵی، بەلام دوور نییە لەبەر ئەوە وای وتبی راستی نەشارێتەوە، برانت وتوویەتی : دواکەوتووییان لەسەر بەردی بناغەی سروشتی حوکوم بەندە پێوەندی بە گەمژەییەوە نییە.

شەریف بەگی شێخی مزگەوت دانی بە دروستی ئەوەدا ناوە کە برانت ئاماژەی بۆ کردووە، بەلام وتوویەتی کاتێك خەڵك دەوڵەمەند دەبن تووشی لووتبەرزی و خۆ بەزل زانین دەبن ئەرکی



خۆیان لە بیر دەچی بۆ وێنەی ئەمەش ئاماژەی بۆ رەوشتی بەگی ناوچەکانی دەوروپشت کردووە کەوا سکیان دەڵێی فووی تێکراوە و خاوەنی پارە و دارایی زۆرن، ئامادەشن لە ماوەی شەو و رۆژێکدا ببن بە یاخیبوو.

برانت وەلامی داوەتەوە و وتوویەتی ئەگەر حکوومەتێکی عادیلانە لە گۆری بی دەسەلاتی تەواوی هەبی ئەوە گشت هۆکارەکانی یاخی بوون نەدەمان، چونکە دوور نییە ئەو هۆکارانە کاردانەوە بن، یان شێوەیەك لە شێوەکانی بەرگری لە خۆ کردن لە ستەمکاری.

شەریف بەگ بە ئاواتەوە بوو ناوچەکە ملکەچی دەسەلاتی ئەو حاکمانە بێت کە بە پێی دەستوور دادەمەزرێن، هاونیشتمانیان لەو کەش و هەوایەدا هەست بە ئاشتی و دڵنیایی دەکەن و خۆشی بلاو دەبێتەوە.

بەلام برانت بەرەو رووی بۆچوونەکانی شەریف بەگ بووەتەوە و بە شێوەیەك لە شێوەکانی باوەرهێنانی بە نادیموکراتی داوەتە قەڵەم.

بیرۆکەکەی شەریف بەگی بە لاواز زانیوە، یان شێوەیەك لە شێوەکانی بیرکردنەوەی تورك واتە ملکەچکردنی خەڵك بۆ دەسەلات و سنوور دانان بۆ بەرهەڵستی کردنیان.

وا دیارە شەریف بەگ یان شێخی مزگەوت کوردی ناوچەکە نەبووە، بۆیە خەڵکی ناوچەکەی بە گەمژە دەداتە قەڵەم لە لایەکی دیکەشەوە دەیەوی هەل بەرپا بکات بۆ ئەوەی بەرپرسی بە پێی دەستوور بۆ دامەزرێنن، بێگومان ئەوانەش دەوڵەت دەنوێنن (دەروازەی بالا) یان رەنگە شێخ خۆی نیازی ئەوەی بووبی بەرە بەرە بەرپرسیارێتی  وەربگری رژێمی نادیموکراتی ستەمکاریش ئەم جۆرە کەسانەی تیا پەیدا دەبی، تەنانەت ئەگەر پیاوی ئایینیش بن.

برانت دەڵی لە پارەخوردکەرێکی (الصراف) دیاربەکرم بیستبۆیە هاتۆتە ئێرە ئەو برە پارەیە وەربگرێتەوە کە بریتی بوو لە (٢٥٠) لیرە، برێکی شێخ لەوەوپێش قەرزی کردبوو بۆ کرینی دیاری بە بۆنەی دامەزراندنی لەو پایە تازەیەدا دەبوو ئەو قەرزە بداتەوە، کابرای سەراف چاوەروانی کردووە پارەی زیاتری لەوە دەست کەوی. باجی سالانەش لەو ماوەیەدا دەسەپێنرایە سەر خەڵك، بەم شێوەیە تەنها دەوڵەت باجی نەدەسەپاند بەڵکو پاشا و دەسەلات بە دەست و کلکەکانیشیان (٥٥-٨).

## شێخول ئیسلام له سنه

کاتێك سۆن گەیشتە ئەستەمبوول دووچاری نیمچە بێئومێدییەك بوو، چونکە دەڵێت : کاتێك گەیشتمە قوستەنتینیە زانیم کوردی زۆر لێیە، بەڵام کرمانجن، وام لێهات باوەڕنەکەم بتوانم کوردێك لە کوردستانی ئێران ببینم هۆی ئەوەش وەك خۆی دەڵێت : بۆ تەواوکردنی لێکۆڵینەوەیەك بوو کە ساڵێك خەریکی بووە لە کرماشان کەوا دەکەوێتە ولاتی ئێرانەوە لە راستیشدا سۆن باسی ئەوەی نەکردووە ئایا ئەو لێکۆڵینەوەیە زمانەوانییە یان رۆژهەلاتناسی یان هی دی ؟!

ئەوە بوو یەکی لە دۆستە فارسەکانی لە ئەسیتانە ئاگاداری کردبووەو کە کابرایەکی کوردی رۆحانی خەڵکی شاری سنە لە کوردستانی ئێران تازە گەیشتۆتە ئێرە و بە نازناوی شێخول ئیسلام ناسراوە ئیدی سۆن کەوتە سۆراخی شێخ و لئیسلام تا لە یەکی لە خانەکانی ئەستەنبوول دا دۆزییەوە و چاوی پێکەوت، شێخ و لئیسلام لەو کاتەدا بەو چاوە تەماشای سۆنی کرد کە کابرایەکی ئەوروپییە، جل و بەرگەکەشی هەر ئەو مۆرکەی پێدەبەخشی (٢٥). لە دوای ئەوەش سۆن لەسەر ئەو بۆچوونەی شێخ و لئیسلام رۆیشت و لە نێو خەڵکدا خۆی هەر وەك کابرایەکی ئەوروپی ناساندو هیچی دی.

وا دیارە شێخ و لئیسلام زیاد لە جارێك راستی لی ون بوو، بەڵام هەرگیز باوەڕی بەو کەسێتییە خۆگۆرە (التنكريە) نەهێناوە کە سۆن لە کۆمەڵگای سلێمانی و هەڵەبجەدا خۆی پێدەرخستووە.

لە میانەی لێکۆڵینەوەی هەڵوێستەکانی نێوان شێخ و لئیسلام و سۆن دەتوانین ئەوە هەڵهێنجێنین کە هەڵوێستی سۆن نەیاری رەوشت بووە، بۆیە ئەمەش دەڵێم چونکە درۆیەکی زۆری بۆ شێخ و لئیسلام هەڵبەستووە لە پێناو ئەوەی خەڵك نەیناسن و بە تەواوی رۆڵی نەخشە بۆ دانراوی خۆی بە جی بهێنی.

سۆن لەوە ترسا شێخ و لئیسلام کە جاروبار لە بیارەوە دەهاتە هەڵەبجە و دەبووە میوانی عوسمان بەگی سەرۆکی هۆزی جاف کەوا ئەو کاتە بە زۆری لە ماڵ نە ئەبوو عادیلە خانمی ژنی کاروباری بەڕێوە دەبرد رۆژی لە رۆژان بە رێککەوت چاوی پێبکەوی.

سۆن کەوتە هەولی دۆزینەوەی رێگا چارەیەك بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبی، ئەوەبوو خۆی و حەمەی خزمەتکاری چوار کەللە شەکریان هەڵگرت و کەوتنە ری بۆ ئەو دێیەی شێخی لێنیشتەجێبوو، بەڵام کە گەیشتوون شێخ بە ساردی پێشوازی لە سۆن کردووە و دیارییەکەی



لێوەرنەگرتووە. سۆن دەڵی چوارمەشقی لە تەنیشت پەنجەرەیەکی بچووکەوە دانیشتبوو جگەرەی بە دەستەوە بوو سلاوەکەی وەك خۆی وەلام دایەوە و داوای لێکردم لە تەنیشتی دانیشم، کاتێکیش ناسیمی هاواری کرد ئە.... ئەمە تۆیت ؟

کاتێکیش سۆن دانیشتووە و هەواڵی تەندروستی لێپرسیوە شێخ بە ساردی وەلامی داوەتەوە، بە راناوی کەسی یەکەم قسەی لەگەڵ کردووە کە ئەویش ناگونجی لەگەڵ نەریتی وتووێژکردندا لەگەڵ میواندا، کاتێکیش زانیوویەتی سۆن دیاری بۆ هێناوە لێی تووڕە بووەو داوای لێکردووە دیارییەکەی لە کوی هێناوە بۆ ئەوێی بەرێتەوە، هەروەها شێخ لە خزمەتکارەکەشی تووڕە بووەو ئەنجا لای لە سۆن کردۆتەوە و پێی وتووە.

واتە تۆی ئینگلیزەکەی قوستەنتینیەی، دەبی وەك ئەورووپاییەك چۆن خۆت گۆڕیبی و گەیشتبیتە ئێرە و کەس چاودێری نەکردبی و بە کوردی قسەبکەی و فارسیش بە زمانی خۆت بزانی؟ کە لە قوستەنتینیە بووم، بووی بە میوانم. هەرچەندەش لێت گەیشتبووم، بەلام نەمتوانی هیچت پی بلێم. ئەوەتا لێرە هەموو شتێکت بەوپەری ئازادییەوە پی دەڵێم چونکە ئێمە هەردووکمان خەڵکی ئێرەنین — مەبەستی شێخ ئەوەبوو خۆی خەڵکی سنە بووە نەك بیارە — ئێستا بووەتە میوانی تەکیە — ئەمەش ئەوە روون دەکاتەوە بۆچی دیارییەکەم لی وەرنەگرتی، نامەوی خراپەت لەگەڵ بکەم، بەلام خۆراکی ئێمە لە تەکییەی دەروێشاندا لە نان و ماست تێناپەڕی، ئێمە زاهیدین. لەبەر ئەوەش من خۆم میوانی پیاوێکی دیم، بۆیە ناتوانم لە هیچ کەسێك دیاری وەربگرم.

لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە تۆ دوو جار منت خەڵەتاندووە و خۆت لێگۆڕیوم هیچ شتێکی خراپم لە دلدا نییە بەرامبەر بە تۆ، بەلام تکات لێدەکەم بەراستی بۆم روون بکەرەوە تۆ کێیت و چ کارەی، بە تایبەت لە قوستەنتینیە بە دوای شتی زۆر ورددا دەگەڕای (٢٢٧-٢٩).

وا دیارە سۆن هەندی بەڵگەنامەی قەڵبی پیشانی شێخ و لئیسلام داوە بۆ ئەوەی دووپاتی بکاتەوە گوایە فارسییە و لە شیراز لە دایك بووە، شێخ پێی وتووە باشە ئەوە گشتی بە رواڵەت دروستە، بەلام من چۆن بزانم قەڵب نین ؟ دواییش بە تایبەت دەربارەی مەبەستی سەردانەکەی پرسیاری لێکردووە ؟.

وا دیارە سۆن خەریك بووە مەسەلەکەی بخاتە قاڵبێکی سیاسییەوە، گوایە لە تاران لە سەردەمی (محەمەد علی پاشا)دا بە هۆی گرفتی سیاسییەوە بۆ لەندەن هەلاتووە، سۆن دەربارەی ئەم درۆیە دەڵێت : نازانم باوەڕی کرد یان نا، بەلام بە رواڵەت دڵنیا دیاربوو.

شێخ هەوڵی داوە هەندی پارە بداتە سۆن چونکە پێش ئەوەی بگات دز رێی لێگرتبوو، رووتیشیان کردبووەوە، بەڵام ئەوەی رەفزکرد چونکە ئەو دیارییەکەی ئەمی قەبوول نەکردبوو. پاشان سۆن و شێخ و لئیسلام پێکەوە نانی نیوەڕۆیان خوارد (نان و ماست) دوایش شێخ و لئیسلام دڵی داوەتەوە و بە ئازا باسیکردووە، بەڵام رەخنەی لە فارسەکان گرتووە. ئەویش گوایە فارسەکان بەرگری لێکردوون(٣٣٠-٣٢).

شایانی باسە سۆن بە درۆ بە حەمەی خزمەتکاری وتبوو گوایە شێخ کاتی خۆی لە ئەستەمبوول پارەی لی قەرز کردووە، ئەیەوی بچی لێی وەربگرێتەوە. ئەویش بەو نیازەوە کەتبووە تەکی (٣٢٢).

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە هەڵوێستی شێخ و لئیسلام لە پاش ئەو دیدەنییە بە تەواوەتی گۆڕا. ئایا راستیی میرزا غولامی بۆ ئاشکرا بوو، ئەوەی بۆ عادیلە خانم و مێردەکەی ئاشکرا نەبوو یان گریمانەی ئەوەی هەبوو میرزا غولام نوێنەری ئاستێکی نێودەوڵەتی بەرز بێت.

سۆن خۆی دەڵێت : کاتێك ویستوویەتی بکەوێتە ری، هاتووە بمبینی منیش پێم گران بووە بەخێرهاتنی بکەم، بەڵام حەمە بە ئاشکرا رقی لێبوو، بۆیە بەدڵ پێشوازیمان لێنەکرد، ئاواتەخواز بووم بە خۆشی نەیبینم، بێگومان گوێشی لەوە بووبوو من لە هەڵەبجە لە خۆشیدا دەژیم سۆن لەوە سەری سووڕما کە شێخ و لئیسلام تکای لێکرد لە هەڵەبجە بمێنێتەوە و نەچێت بۆ سلێمانی !!

ڕۆژێك حەمە لە کۆڕی عادیلە خانمدا شێخ و لئیسلام دەبینی بە بی ئەوەی وەڵامی بەخێرهاتنەکەی بداتەوە، پێی وت چیت لە نەسرانییە گەورەکەت کرد ؟

ئەم پرسیارە ورووژانێکی دروست کرد و هەریەکە لە عوسمان بەگ و عادیلە خانم داوای روونکردنەوەیان کرد، ئیدی شێخ و لئیسلام راپەڕی دەستی کرد بە باسکردنی، چۆن سۆنی لە ئەستەمبول بە جل و بەرگی ئەورووپیەوە بینیوە، ئایا چۆن ئەو کاتە وتوویەتی من ئەورووپاییم و ئێستا جلی موسوڵمانانی لەبەر کردووە و خۆی بە فارس دەداتە قەڵەم ئەنجا وتوویەتی کە لە ئەستەمبووڵ بوو دڵنیابووم ئەورووپی نەبوو. گومانم لەوەیە موسڵمان بێت.

شێخ و لئیسلام وتی : دوور نییە دوای پلانی شەڕخوازانە کەوتبی و رواڵەتی خۆی گۆڕیبی و هاتبێت بۆ نێو دڵی کوردستانی باشوور، دواییش ئەوەی ئاراستە کرد کە جاسووس و شەڕخوازە. پاشان جنێوی بە حەمە دا چونکە سۆنی خۆش دەوی، بەڵام زۆری پی نەچوو عادیلە خانم رەخنەی لێگرت، چونکە چەند جارێك بینیوویەتی نوێژ دەکات و دووپاتیشی کردەوە



بەرەگەز فارسە و خەڵکی شیرازە، لە قسەکردنیشیدا ئەمە روونە، حەمە بە شایەتییەکەی عادیلە خانم ورەی بەرزبووە، چونکە خەڵکی دیکەش ئەوەیان دووپات کردەوە.

زمانی حەمە هاتە گۆ و وتی : من دەزانم هۆی دوژمنایەتی شێخول ئیسلام لەگەڵ سۆن کە بە (میرزا غولام) ناوی دەبرد چییە کاتێك شێخول ئیسلام لە ئەستەمبوول بووە قەرزی لە میرزا غولام کردووە و بڕێك پارەی لێوەرگرتووە کە ئەمیش چوو بۆ بیارە داوای لێکرد قەرزەکەی بداتەوە تا بتوانی بۆ ولاَتی خۆی بگەرێتەوە شێخ رازی نەبوو قەرزەکەی بداتەوە، ئەمەش نهێنی هاتنی میرزا غولامە بۆ هەڵەبجە تا بگەڕێتەوە بۆ ئێران، بەرامبەر ئەمە شێخ ئینکاری ئەو قەرزەی کرد وتی بۆیە ئەو هەڵوێستەی بەرامبەر وەرگرتووە بۆ ئەوەی بیترسێنی. ئەمەش وای لە عادیلە خانم کرد باوەڕی پێبکا و زۆر تووڕە بی لە شێخول ئیسلام. لە راستیشدا سۆن لای حەمە بۆیە ئەو درۆیەی کردبوو تا پاساوی بۆ بێنێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵیا بچی بۆ لای شێخول ئیسلام، کەچی حەمە باوەڕی پێکردبوو. سۆن لەم بارەیەوە دەڵێت : لەوەوە بارەکە گۆڕا و خاتوو عادیلە خانم بە زمانی خۆی و لە جیاتی عوسمان پاشای مێردی بە توندی نارەزایی لە قسەکانی شێخول ئیسلام دەربڕی و داوای لێکرد داوای لێبووردن لە حەمە بکات، ئەگینا نەك هەر لە ماڵەکەی خۆی دەری دەکات، بەڵکو ولاَت بە دەریشی دەکات. لەبەر ئەمە شێخ داوای لێبووردنی لە حەمە کرد و حەمەش لە خۆشیدا گەزێك بالاَی کرد(٥٧-٨).

بەراستی چیرۆکێکی دڵتەزێنە سۆن توانی ئەو درۆیە بەسەر حەمە و دواییش بەسەر خاتوو عادیلە خانم دا تێپەڕێنی، شێخول ئیسلامیش بە پیاو خراپ دەرچی. لە یادداشتنامەکانی سۆندا ئاماژە بەوە نەدراوە کە عادیلە خانم لەو بارەیەوە لێکۆڵینەوەی کردبی، بۆ دڵنیابوون لەوەی ئایا راستە شێخ قەرزی لە سۆن کردبی ؟

ئەمەش قسەیەکی درۆیە، چونکە ئەگەر بەراستی شێخول ئیسلام قەرزاری سۆن بوایە چۆن دەیویست هەندی پارەی بە دیاری بداتی دوا دەستە واژەکەی سۆنیش کە ئاماژە بەوە دەدات شێخول ئیسلام لووتی شکاوە بەراستی مایەی شەرمەزارییە.

خوا یارمەتی شێخول ئیسلام بدات کە ناچار کراوە داوای لێبووردن لە حەمە بکات، لە کاتێکدا نە قەرزی لە سۆن کردبوو نە لە ئەستەمبوول و نە بیارە دوایشی کەوتبوو، تەنها ئەوە نەبی گومانی لێکردووە و رۆژگاریش دووپاتی کردەوە راست بووە.

رەنگە بابەتەکەی سۆن و شێخول ئیسلام هەندی بۆچوونمان لا دروست بکات، دووریش نییە رۆژگار ئەم بۆچوونانە دووپات بکاتەوە یان نا، بەلاّم ناتوانین ئەوەش بشارینەوە کە ئەم چیرۆکەی میرزا غولام و حەمە و شێخول ئیسلام جێی گومانە.

مەبەستیش ئەوەیە شێخول ئیسلام کەسێتییەکی نەتەوەیی و خاوەن هەڵوێستی سیاسی بووە، ناچار بووە کوردستانی ئێران بەجی بهێڵێ، یان وەك پەنابەرێك روو لە تورکیا بکات یان ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەلاّتی عوسمان پاشای جافدا بووە کە عادیلە خانمی ژنی لە جیاتی ئەو بەرێوەی بردووە، بۆیە هەڕەشەکەی عادیلە خانم بە دەرکردنی نەك تەنها لە ماڵەکە، بەڵکو لە ناوچەی ژێر دەسەلاّتیشی کارتێکەرییەکی زۆری لەسەر هەبووە و ناچاری کردووە سەر بۆ حەمەی خزمەتکار دانەوێنی، لە کاتێکدا هیچی نەکردبی ئەوە نەبی میرزا غولامی بە نەسرانی داوەتە قەڵەم.

ئێمە لەو باوەڕەداین سۆن لەوە ئاگادار بووە کە شێخول ئیسلام لە هەڵەبجە داوای یارمەتی چەك و تەقەمەنی لە عادیلە خانم کردووە، تا هێرش بەرێتە سەر شاری سنە لە کوردستانی ئێران و زاڵ بێت بەسەر دوژمنەکانیدا چ لەسەر ئاستی میری و چ لەسەر ئاستی دەسەلاّتی ئایینی، بەلاّم عادیلە خانم زۆر بە توندی ئەوەی رەفز کرد و ئاگاداریشی کردەوە کە توندی بەندیخانەی دەکات، بۆیە لە پاش دەمەقاڵێکی زۆر بڕیاری دا بچێت بۆ شوێنی پیرۆز، ئەوە بوو بەرەو لای شێخی گوندی بیارە کەوتە ری، کە تەکیەیەکی بۆ خۆی دروست کردبوو، لە هەمان کاتیشدا پەناگەیەك بوو بۆ دەروێش و مریدان.

سۆن ئاماژەی بەوەش داوە کە شێخول ئیسلام رێگای پێدراوە جاروبار سەردانی هەڵەبجە بکات، بەلاّم بەخێرهاتنێکی ئەوتۆی لێنەکراوە(٣٢٠).

لە میانەی دوانێکیشەوە لە نێوان شێخول ئیسلام و سۆن دا لەوە دەگەین کە شێخول ئیسلام شتێکی لە دڵدابووە، چونکە سۆن دەڵێت : لە پاش ئەوەی خستمە سەر ئەو باوەڕەی کە من خەڵکی ئێرانم و بە هۆی گرفتی سیاسییەوە لەسەردەمی (محەمەد عەلی شا) دا هەلاّتووم و چوومە بۆ لەندن بزە سەر لێوی شێخول و ئیسلامی گرتووە و وتوویەتی : هەلاّتی بۆ ئەوەی لە بەندی و مردن رزگارت بێت، کە چارەنووسی گەلێك لە هاوولاّتییانتە، سۆن وەلاّمی داوەتەوە :
- وەك ئەوەی تۆ کردت کە ماوەیەکی زۆر نییە لە سنە هەلاّتووی، شێخول ئیسلام وەلاّمی داوەتەوە وتوویەتی:



- ئەو فارسە سەگە زمان لووسانە، کە تۆش یەکێکی لەو رەچەڵەکە نەفرەت لێکراوە و خاوەنی هەمان زمانی. چەند بە ئاواتی ئەوەوەم فارسەکان یەکتر سەر ببڕن (٣٣١).

تۆ بڵێیت خاتوو عادیلە جاف ناسنامەی راستەقینەی غولام (مێجەر سۆن) ی زانیبی و لە سروشتی ئەرکەکانی لە ناوچەکەدا ئاگادار بووبی، بە تایبەت خۆیشی لەگەڵ عوسمانییەکاندا هاوسۆز نەبوو؟

لەدوای هەموو ئەوانەی لە سەرەوە باسمانکرد... هەندێکیش بەرەو رابوردوو بڕوانین... سۆن لە دووەمین گەشتیدا بۆ کوردستان بوو بە حاکمی سیاسی لە سلێمانی، سلێمانیش ئەوەی لە سۆن و هاوبیرەکانی چاوەڕوان دەکرد مرۆڤایەتییانە بڕواننە مەسەلەی گەلی کورد، سۆن کە بە زمانی خۆی باسی درۆ و حیلەکانی دەکات لەگەڵ یەك کەسیی کورددا (شێخول ئیسلام) هەر خۆی و هاوبیرەکانی بوون لە رۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا دەوڵەتیان دروست دەکرد.

## سدیق شەمزینی

کوڕەزای شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی و نیشتەجێی گوندی نەهرییە، ئەم بابە گەورەیەشی بە دڵسۆزانە دەکۆشا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، شۆڕشەکەی ساڵی (١٨٨٨) یشی هێند بەرین بوو توانی هێزەکانی بگەیەنێتە دەرەوەی سنووری کوردستانی تورکیا، بەلاّم پاشان حکوومەتی عوسمانی توانی خۆی و عەبدولقادری کوڕی بەند بکا و لە ئەستەمبول دەست بەسەریان بکات.

ویگرام دەڵێت : شێخ سدیق توانیویەتی لە میانەی بازرگانێتی چەکەوە کەوا دەیکڕی و لە ورمی دەیفرۆشت زۆر دەوڵەمەند بێت. لە نایری کەوا دیسان گوندێکی کوردییە و دەکەوێتە سەر سنووری عێراق و ئێران قایمقامێکی تورك و بەرپرسێکی تووتنی لێبوو، شێخ لە پارەی قازانجی بازرگانێتییەکەی لە ماڵێکی جواندا داینان و دەمکوتی کردن، چونکە ئەوان ئەرکیان ئەوەبوو سنوور بۆ هەرکارێکی بازرگانی دابنێن، بەلاّم ئەو دوو ئاژەڵە بە تەواوەتی ماڵی کران(١٥٣).

شێخ سدیق داوای لە ویگرام کردووە نامەیەکی راسپاردەیی بداتی بۆ بانقێکی ئینگلیزی تا ئەو بڕە پارەیەی هەیەتی لەوی داینێ ئەویش یەك یان دوو بانقی بۆ دەسنیشان کرد، باوەڕی نەبوو هیچ لەو بانقانە داخوازییەکەی قەبووڵ دەکەن چونکە مەرجی ئەوەی خستبووە روو لەسەدا ١٠-١٥ سوودی بدەنی و هەرکاتێکیش بیەوی پارەکەی وەربگرێتەوە، بەلاّم ویگرام

دەڵێت : هەر زوو داواكارییەكەیان قەبووڵ كرد و ئیدی چەند هەزار پاوەنێك رەوانەی شەقامی لۆمبارد كرا لە لەندەن.

ویگرام لەم بارەیەوە دەڵێت : (بەراستی میری قاچاغچیان رزقی فراوان بوو، كوردێكی پێشەوای چەتەی قاچاغچیان بوو بە خاوەنی رەسیدێكی گەورە لە ئینگلتەرە، وا دیارە ئەمە مەسەلەیەكە عەقڵ پەسەندی ناكات ئێمەش لەسەر بۆچوونەكەی ویگرام قسەی خۆمان هەیە، چونكە باوەڕمان وایە شێخ سدیق قاچاغچی نەبووە، بەڵكو بازرگان بووە، شێخ كوردێك بوو لە بنەماڵەیەكی خەباتگێڕ. بە پێویستی نەزانیوە پابەندی یاساكانی دەوڵەتی عوسمانی بێت كە لە بناغەدا باوەڕی پێنەبووە، بەڵكو داوای جیا بوونەوەی لێكردووە. هەروەها بە هەمان شێوەش پابەند نەبووە بە یاساكانی دەوڵەتی ئێرانەوە، چونكە لە دەرەوەی ئەو سنوورەیە. باوك و باپیریشی هەوڵیان داوە كوردستانی لێجیابكەنەوە.

لەبەر ئەمە نابی نازناوی قاچاغچی بلكێنری بە شێخ سدیقی شەمزینییەوە، چونكە بازرگانی نێوان هەرسی دەوڵەتی رووسیا و توركیا و ئێران بوو، كە دوانیان دوژمنی باوك كوژی گەلەكەین و ئەمیش لە بنەماڵەیەكی خەباتگێڕی ئەو گەلەیە كە لەو كاتەدا باوك و برایەكی دەسبەسەر كرابوون.

ویگرام باسی دڵرەقی شێخ سدیق دەكات لە چەوساندنەوەی مەسیحییەكاندا. دەڵێت : جارێك بە دەستی ئەنقەست قەشەیەكی بانگ كردووە بۆماڵەوە و لاقەی كردووە. وێگرام دەڵی : ئەم رووداوە ویژدانی كوردەكانی هەژاندووە. قەشەكەش مار كبریلی قەشەی ورمی بووە، وێڕای ئەوەش ویگرام ئاماژەی بەوەداوە كە ئەو رووداوە ویژدانی كوردەكانی هەژاندەووە، بەلاّم نە لە دوور و نە لە نزیكەوە ئاماژەی بۆ ئەو هۆكارانە نەكردووە كە پاڵیان بە پیاوێكی ناسراوی وەك — شێخ سدیق — ەوە ناوە بۆ ئەوەی كردەوەیەكی لەو چەشنە بكات، ئێمە هەرگیز باوەڕ ناكەین ئەم كردەوەیە هۆی لە پشتەوە نەبی، ئەگینا شێخ سدیق هەرگیز ناشی كارێكی وای لێبوەشێتەوە، كە بێگومان دەبێتە هۆی توندبوونی دوژمنایەتی لە نێوان خۆی و مەسیحییەكاندا، رەنگە ئەو دوژمنكارییەش بگاتە ئەو دیو سنووری دەوڵەتی عوسمانی، مەبەستیشمان بەریتانیایە، بێگومان دركی بەوەش كردووە چونكە باپیرەشی كاتی خۆی لەبەر چاوگرتووە، بۆیە هەڵوێستی شەمزینان لە یەكەمین كۆنگرەی فراوانی كورددا كە شێخ عوبەیدوڵلای باپیری بەستی ئەوەی دووپات كردەوە رێز لە مەسیحییەكان بگرێت و لەرووی نەتەوایەتیشەوە بەو شێوەیە سەودایان لەگەڵ بكری كە كوردن.



شایانی باسیشە وەزیری دەرەوەی دەسەلاّتی شێخ عوبەیدوڵلا لە ناوكی حكوومەتدا كە پێش شۆڕش دایمەزراند مەسیحییەكی ئەرمەنی بوو، ئەمە لە لایەك لە لایەكی دیكەشەوە شێخ سدیق سوور بووە لەسەر ئەوەی رەسیدی پارەی لە ئینگلتەرە دانی، بۆ ئەوەش كاتی خۆی داوای تەزكیەی ویگرامی كردووە (كە پیاوێكی ئایینی مەسیحییە)، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنی شێخ سدیق باوەڕی بە دەوڵەتی عوسمانی نەبووە تا رەسیدی پارەی لە بانقەكانیدا دابنی، بۆیە رووی لە بانقێكی بەریتانی كرد. بە هەر حاڵ لە رووەكەی دییەوە ویگرام هیچی باس نەكردووە.

## تاهیر بەگ

سۆن لە ژوورێكدا چاوی بە تاهیر بەگ كەوتووە كە كەوتووەتە لای ئەو باڵەی تاهیر بەگ لە كۆشكەكەدا تیایدا نیشتەجی بووە. وەك لە شوێنی خۆشیدا ئاماژەمان بۆ كرد تاهیر بەگ دووەمین كوڕی عوسمان بەگ بووە لە ژنی یەكەمی.

سۆن دەربارەی دەڵێت : ناوبانگی ئەم پێشەوایە لە نێو هەڵەبجەدا بلاّو ببوەوە، بەوە ناسرابوو بەهرەیەكی ئەدەبی هەیە، بێجگە لە زمانی كوردی فارسی و توركی شتێكی كەمیشی لە فەرەنسی دەزانی، بەلاّم شیعری بە كوردی دادەنا، دەرگای ماڵەكەشی كراوە بوو، رۆژ تا ئێوارە میوان روویان تێدەكرد.

سۆن دەڵێت : وەلاّمی سلاّوەكەمی بە فارسییەكی رەوان دایەوە، بە بی ئەوەی كارتێكەری زمانی كوردی تیا دیار بی، داوای لێكردم لە تەنیشتی دانیشتم، كاتێكیش زانی زمانی فەڕەسی دەزانم، ئاماژەی بەوەدا كە ئەویش كەمێكی لێدەزانی ئەوەش بووەتە جێی سەرسوڕمانی سۆن پێشەوایەكی كورد لە ولاّتەكەی دەرنەچوو بی و بە زمانی فەرەنسی بئاخفی.

سۆن ئاماژەی بەوە داوە كە تاهیر بەگ بۆ رێزلێنان لە میوانی جگەرەیەكی لە پاكتەكەی خۆی پێشكەش كردووە و خۆیشی بۆی دایگیرساندووە، واشدیار بووە هەر كاتێك وتووێژێكی بە دڵ نەبووبایە كۆتایی بە دیدەنییەكە دەهێناو كتوپڕ ئەو شوێنەی بەجی دەهێشت، رەنگە ئەمەش لە سیماكانی ئەدیب و شاعیر بی، كە مەسەلەیەكە پەیوەستە بە هەست ناسكی ئەو جۆرە كەسانەوە ئەمەشمان لەو دەستەواژەیەوە هەڵهێنجاوە كەوا لە یادداشتنامەكانی سۆندا هاتووە، كەتیایدا ئاماژە بەوەدراوە جارێك كارمەندێكی تورك لە خانەقینەوە دێتە لای ئەم كابرایە زۆر زۆربێژ دەبی لە پڕ تاهیر بەگ لەگەڵیدا كۆتایی بە دیدارەكەی دێنی و بەجێی دێڵی

و روو دەکاتە ژوورێکی تایبەت، ئیدی ئامادە بوانیش بلاوەی لێدەکەن و هەر یەکە دەچێتبە لایەکدا (٢٩١-٩٢).

گەلێك بابەتی زمانەوانی و رامیاریش لە نێوان سۆن و تاهیر بەگدا باسکراون، لەوانەش تاهیر بەگ باسی تایبەتمەندییەکانی هەر یەکە لە زمانی فارسی و فەرەنسی کردووە. لەسەر ئاستی بابەتی سیاسیش تاهیر بەگ پرسیاری دەربارەی هەندی دەولەت لە سۆن کردووە، هەردووکیش پێکەوە دەربارەی هەر دوو مەسەلەی بەلقان و کریت دواون. سۆن دانی بەوەدا ناوە کە تاهیر بەگ زۆر باش ئاگاداری ئەو بابەتانە بووە تەنانەت لەوەش زیاتر. سۆن دەڵێت : هەندی زانیاریم لەسەر ناوچەکانی سەر سنووری باکوور پێبەخشی، چونکە تورکەکان لەو شوێنانەدا دەستدرێژیان دەکردە سەر خاکی ولاتی فارس (٣٠٤-٥).

وا دیارە تاهیر بەگ لە میانەی شارەزاییەکی لەوەوپێشەوە هەلوێستی خۆی سەبارەت بە چالاکی چاوەڕوانکراوی بیانی لە ناوچەکەدا لەوانەش چالاکی سیخوڕان (جاسوسی) روون کردۆتەوە.

ئەمین ئەفەندی کە بە نەژاد کابرایەکی ئەڵمانی بوو، بانگەشەی پزیشکی دەکرد و لە هەڵەبجە دەژیا دیارە بە هاتنی سۆن بۆ هەڵەبجە بێزار بووە، وایزانیوە پزیشکەو پێشبڕکێی دەکات.

ئەمین ئەفەندی بە سۆنی وتووە تاهیر بەگ خەریکە لێی دەکەوێتە گومانەوە و ئامۆژگاری خاتوو عادیلەی کردووە بیخاتە ژێر چاودێرییەوە. دیارە سۆن ویستوویەتی ئەو قسانەی ئەمین ئەفەندی بە بی بایەخ بداتە قەڵەم و بەڕواڵەت بایەخی پێنەداوە، بەلام لە هەمان کاتدا بڕیاری داوە لەو بارەیەوە تاهیر بەگ تاقی بکاتەوە، ئایا راستە لێی کەوتۆتە گومانەوە. سۆن دەڵێت : بڕیارمدا بچم بۆ ماڵی تاهیر بەگ و نارەزایی توندی لا دربڕم و بڵێم من میوانی تۆم و بەو جۆرە سەودام لەگەڵ دەکری و واش خۆم نیشان بدەم هاتووم خواحافیزی یەك جارەکی لێبکەم، بەم جۆرە روون دەبێتەوە ئەگەر لێم بێزاربووبی ئەوە بەرهەڵستیم ناکات.

وا دیارە سۆن لەو هەنگاوەدا سەرکەوتوو بووە چونکە تاهیر بەگ بە بایەخەوە گوێبیستی بوو نارەزایی دەربڕیوە، هەروەها دانیشتوانیش هەلوێستی ئەمین ئەفەندییان مەحکووم کردووە ئەوەبوو خاتوو عادیلە لێپرسینەوەی لەگەڵ کرد و تووڕە بوو لێی و جنێوی پێدا، داوایشی لێکرد داوای لێبوردنی لێبکات و جۆرە رستەیەك بەکار بێنی کە نیشانەی خۆبەکەم زانین بی، سەرەتا ئەمین ئەفەندی دوو دڵ بوو، بەلام کە گوێی لە تەقەتەقی ئامێرەکانی تفەنگ بوو



خەنجەریش لە نێو کالاندا هەر هەڕەشەی بوو ئیدی ناچار بوو ئەو دەستەواژانە گۆ بکات کە داوای لێکرابوو لە داوای لێبوردنەکەیدا بیلێتەوە، لێرەدا بە پێویستمان نەزانی لەم کتێبەدا باسییان بکەین (٣١٦-١٧).

کاتێکیش سۆن داوای لە خاتوو عادیلە کرد لە ئەمین ئەفەندی ببوری و وازی لێبێنی، داوای لێکرد بە زگەخشی لە نێو گاڵتەجاری خزمەتکارەکاندا بچێتە دەرەوە، بەلام ئایا بەراستی تاهیر بەگ باوەڕی کردبوو میرزا غولام هەر ئەو میرزا غولامەیە لە ئێرانەوە هاتووە یان ویستوویەتی لە قوولایی مەسەلەکان بگات ؟ رەنگە رۆژگار ئەمەمان بۆ یەکلا بکاتەوە، بەلام باوەڕ ناکەین هەر یەکە لە عادیلە خان و تاهیر بەگ بە رواڵەت قەناعەتیان بەو مەسەلەیە هەبوو بی. وێڕای لێك جیا کردنەوەی توند و کاردانەوەی بەرز دژی ناحەزەکەی وەك یەکەم زانین و هەڕەشەکردن لە شێخول ئیسلام و ئەمین ئەفەندی کە هەردووکیان کارێکی ئەوتۆیان نەکردووە شایانی ئەوە بن بەو جۆرە سەودایان لەگەڵ بکری.

لە راستیشدا سۆن چاوی کەوتووە بە گەلێك ناوداری هەڵەبجە، بەلام ئەو دیدەنییانە کورت بوونە و زانیارییەکی ئەوتۆیان بەرپا نەکردووە کە سۆن لەسەریان بنووسی.

## تەها شەمزینی

هاملتۆن دەڵێت : ئاماژەی بۆ کراوە سەردانی تەها شەمزینی حاکمی ناوچە هەولی سۆز راکێشانی بدات، کە زۆر پێویستە، هەروەها دەڵێت : سەید تەها حاکمی بەکاری هەرێمەکە بوو، بەغدا هیچ جۆرە فەرمانێکی بەسەرا نەدەسەپاند مەگەر بە دەگمەن، بەلام هەبوونی بنکەی پۆلیس و کردنەوەی ئەو رێگایەی هاملتۆن خەریکی بوو فشار بوون لەسەر ئەو قەلا شاخاوییەی ئەو پیاوە حوکمی دەکرد کەوا هاملتۆن بە ستەمکارێکی زیرەك باسی دەکات و بەدوا میری دەرەبەگەکانی کوردستانی دەداتە قەڵەم، ناوبانگیشی لە ناوچەکەدا گەلێك بلاوە و لە چاو مرۆڤی کوردی ئاسایی زۆری باوەڕ بە خۆیە و شارەزای هونەری حوکم و کارگێڕییە، لە نەوەی خێزانێکی دێرینە، سەرباری ئەوەش شێخیشە، نازناوی شێخیش لە کوردستاندا واتایەکی تایبەتی هەیە دوورە لە واتای وشەی شێخ لە نێو عەرەبدا، لە کوردستاندا دەخرێتە پاڵ ئەو کەسانەی بە تایبەت دەسەلاتی ئایینییان هەیە هەندی لە کوردەکانیش لەو باوەڕەدان سەید تەها کەراماتی هەیە، بۆیە لە رێگای دوورەوە دێن بۆ لای تا دەست بخەنە نێو دەستی و

هەرچی دەرد و پەتایان هەیە بڕەوێتەوە، لە بەردەم ئینگلیزەکانیشدا باسی هەبوونی ئەو توانستانە دەکات.

سەید تەها بالاّ بەرزە و درێژی دەگاتە شەش پی کابرایەکی چوارشانەیە و ئارەزوومەندی نمایشی هێز و توانای لەشێتی، کە سالاّنێکی دوور و درێژ بە سواری ئەسپ لە نێو چیاکاندا لەسەر ئەنجامدانی جوامێری راهاتووە، دەست راست و نیشان شکێنێکی بی وێنەیە و لە ولاّتدا کەس پێی ناگات، تەنانەت دەڵێن لە دووری سی هەنگاوەوە بە تفەنگی ئینگلیزی کە لە چەکی رووسی و تورکی بە باشتری دەزانی دە جگەرەی لە دوای یەك دەپێکی، لە بواری راوکردنی ورچ و پڵنگ و بزنە کێویشدا گەلێك بەناو بانگە. هەموو پایزێکیش چەند حەفتەیەك لە نێو چیادا بەسەر دەبات و بەو بۆنەیەشەوە هەندی جار ئەفسەرێك یان دوو ئەفسەری لە سەربازگەی لیفی داوەت دەکات، کاتێکیش دەگەڕێنەوە باسی توانست و داهێنانەکانی دەکەن.

هاملتۆن بۆی دووپات بووەوە سەرکەوتنی لە کارەکەیدا، یان سەلامەتی ژیانی بەندە بە هەڵوێستی ئەم پیاوەوە، چونکە ئەگەر ئارەزوو بکات دەسەلاّتی تەواوی هەیە لەبەر هەر پاساوێك بێت لە ناوچەکە بیگوێزنەوە. ئەگەریش بزانی کردنەوەی ئەو رێگایە مەترسییە لەسەر دەسەلاّتەکەی ئەوە لەوەی لا ئاسانتر نییە هاملتۆن لا بدات تەنانەت ئەگەریش بە شێوازێکی کەمتر لە رەسمیش بێت، چونکە دەسەلاّتی بەسەر رەفتاری پیاوانی هۆزەکانیشدا دەشکا، بۆیە هەر لاوازییەك لە کارەکانیدا دەبێتە هۆی هاندانی بۆ ئاژاوەو لە یاسا لادان، بێگومان ئەوەش تەگەرە بۆ هاملتۆن دروست دەکات، بە کورتیش سەید تەها لە دیدی هاملتۆندا مایەی مەترسی بووە، چونکە پێش ئەوەی سەردانەکەی دەست پێبکات لە دەربەندی سپیلك بینیبووی، لە یەکەم دیداریشیدا لەگەڵ سەید تەها قەتارەی سوارەی چەکداری بینیوە، کە لە نێو کرێکارەکاندا بلاّو ببوونەوە و هەردوو لای جادەکەشیان پڕ کردبووە، کرێکارەکانیش هەر کە لە دوورەوە شێخیان بەدیکرد دەستیان لە کار هەڵگرت و گرووپ گرووپ کەوتنە ری بۆ پێشوازی کردنی شێخ کەوا ژمارەیەکی زۆر خزمەتکارو کارمەند و وەرگێڕی لەگەڵ بوو، هەروەها قەتارەیێکیش لە ئێستری بارهەڵگر، لەشکرەکەش لە بەغداوە گەڕابووەوە، چونکە شێخی سەردانی بەغدای کردبوو بۆ وتووێژکردن لەگەڵ شا فەیسەڵ و نوێنەری بالاّ. هاملتۆن دەڵێت : شێخی وەك میر هاتۆتە پێش چاو. شێخ لە ولاّتەکەی و دوور لە شار بە سواری ئەسپێکی زەبەلاح بینیوە زۆر بە وریایی رێگای سەختی دەبڕی. لەو باوەڕەدابووم قەد و بالاّی لە هەموو کەسێك بەرزتر بوو، لەوەوپێشیش لە عێراقدا ئەوەم زانیبوو کە باش وایە مرۆڤ بەرز



و شکۆمەند بێت کاتێك لەگەڵ پێشەوا ناوخۆییەکاندا سەودا دەکات، بەلاّم لەو کاتەدا هەستم کرد رەنگە لە بەردەم ئەو پیاوە دبلۆماسە مەزنە رووخۆشەدا شتێك نەبم. زۆر بە ئەدەب پرسیاری ئاڕاستە دەکردم، پڕ بە هەردوو چاوی تەماشای دەکردم.

ئیش و کارتان چۆنە ؟ کەی دەگەنە رواندز ؟ چی خزمەتێکتان پێویستە ؟

هاملتۆنی ئینگلیز رەسەن، نەیویست ئەو قسەخۆشانە بە بی وردبوونەوە تێپەڕی، بۆیە ئەم پرسیارەی لەخۆ کرد، ئایا راستە سەید تەها ئارەزوومەندە دەرگاکانی قەلاّی باب و باپیرانی بشکێنرێن؟

چونکە ئەم رێگایە کاری رووخاندنی دەسەلاّتەکەی لە لایەن حکوومەتی ناوەندەوە ئاسان دەکات. ئایا سەید تەها لەو باوەڕەدایە ئەو جادە نوێیە سوودی بۆ نەوەی نەتەوەی دەبێت، هەرچەندە مەترسی لەسەر دەسەلاّتەکەی دروست دەکات ؟

هاملتۆن دوو گریمانەی هەبوو سەبارەت بە هەڵوێستی سەید تەها، یان ئەو هەڵوێستە ئاشکرایەی تەنها رواڵەتە و درۆ دەکات یان لە گەمەکانیدا زەرەرمەندە یان ئەو دوو مەبەستەی یەکانگیر کردووە.

هاملتۆن بەو شێوەیە تەماشای کەسیی سەید تەهای کردووە کە مەلیکە لە کوردستاندا، پێڕەوکارانی لێی دەترسن خۆشیان ناوی. بارودۆخی سەختیش ناچاری کردووە ملکەچی حکوومەتێك بێت بەریتانیا پشتگیریی بکات

هاملتۆن لەو باوەڕەدایە سەید تەها قەرزاری ئینگلیزە، چونکە ئەگەر تورکەکان بە دیلیان بگرتبا لە سێدارەیان دەدا، چونکە پێشەوای ئەو هۆزانەیە دژی تورك شۆڕشیان کردووە و ماوەی سالاّنێك دڕکێکی بە ئازاربووە لە لەشیدا. هەروەها حکوومەتی ئێرانیش بە هەمان شێوە، وەزیرە عەرەبەکانی بەغداش زۆریان پی خۆشبوو ئەگەر نوێنەری بالاّ رێگایان بدات دەسەلاّتەکەی تەرپ و داغان بکەن. سەید تەها خۆی بەزلتر دەزانی لە پێشەوایانی دیکەی کورد، بەراستی کابرایەکی تەنها بوو چواردەوری دوژمن بوو تەنها ئینگلیز دەیپاراست. خۆیشی ئەو راستییە پشتگوی ناخات و لە پاش ئەوەش شێخ تەها وەك دبلۆماس کارێك سلاّوی ئاڕاستە کرد و کەسێتی هاملتۆنی هەڵسەنگاند سواری ئەسپەکەی بوو، گەشتەکەی لە سپیلکدا دەست پێکردەوە.

سەید تەها هاملتۆنی بەجی هێشت و ئەمیش کەوتە سی و دووەوە دەبی رای راستەقینەی سەید تەها دەربارەی ئەم رێگایە چۆن بی، بەلاّم باوەڕ و پێوەندی باشیان لە نێواندا دروست

بوو، لەو نیاز پاکییەش سوودی زۆر کەوتەوە، ئەوەبوو پۆلیسی تایبەتی سەید تەها رۆڵێکی باشیان گێڕا لە پاراستنی ئاسایشی ئەو ناوچەیەدا کە هاملتۆن کاری تیا دەکرد کە بەوە باسی دەکات هەرگیز بە پارە هەڵناسەنگێنرێت.

دوا دیدوبۆچوونی هاملتۆنیش سەبارەت بە رامیاری سەید تەها ئەوەیە دەڵێت : بە عەقل و قەسوەت لەگەڵ پێڕەوکارانیدا سەودای دەکرد، بەلاّم تاکڕەوێتی و لووتبەرزێتی و پرس بە کەس نەکردنی کە هەموویان رەوشتی ئەم چیانشینانەن گەلێك جار دووچاری نوشوستی کردووە، تا گەیشتە رووخانی دەسەلاّتەکەی (٥٨١-٥).

## عادیلە خانی جاف

کاتێك سۆن گەیشتۆتە هەڵەبجە چووە بۆ ماڵی تاهیر بەگی دووەمین کوڕی عوسمان پاشا لە ژنی یەکەمی کەوا بەسترا بووەوە بە ماڵی خاتوو عادیلەی ژنی عوسمان پاشاوە، پاشای هەڵەبجە کەوا هەڵسووڕاندنی کاروباری شارەکەی بە ژنەکەی راسپاردبوو، لەبەر ئەوەی خۆی بازرگان و نووسەری فارسیی بوو بە ولاّتی خاتوو عادیلە دا دەگەڕا، بەرامبەریشی سوپاسگوزاربوو.

سۆن دەڵێت : خاتوو عادیلە خستوویەتییە بەر بەخششی خۆی و ژوورێکی لە ماڵی تاهیر بەگدا بۆ تەرخان کردووە، لە پاش ئەوەش باسی ئەوەی کردووە کە وەك میوانێك زۆری رێزی لێنراوە کە لە شوێنێکی دیکەی ئەم کتێبەدا باسمانکرد دەڵێت : چاوی بە خاتوو عادیلە کەوتووە و لەگەڵیا دواوە. سۆن لە یادداشتنامەکانیا لە ژێر ناونیشانی (خاتوونی مەزن )دا باسیکردووە (٢٨٨).

سۆن باسی تفاقی ئەو ژوورەی کردووە کەوا تیایدا بە دیداری خاتوو عادیلە شاد بووە، سەبارەت بە کەسیی ئەم خانمەش دەڵێت : هەریەکەمجار ئەو سیمایانەم تیا بەدی کرد کە نیشانەی کوردی رەسەنن، دەم و چاوی تەسك و هێلکەیی، دووچاوی بچووکی رەشی گەش لووتیشی هەڵۆیی، گشت ئەو سیمایانەش نیشانەی کوردی رەسەنن، هەروەها باسی توندو پڕی لەشیشی کردووە کە زۆر گۆشتن نەبووە.

وێڕای ئەوەش جل و بەرگیشی لە یاد نەکردووە یەکەمین دیداریشی لەگەڵیا پتر لە سەعاتێکی خایاندووە، لە میانەیدا سۆن نامەیەکی بە فارسی بۆ عادیلە خان خوێندۆتەوە، ئەویش زمانە رەوانەکەی زۆر بەدڵ بووە، سۆن لەو بارەیەوە دەڵێت: وا دیار بوو زۆری مەبەست بوو بزانی ئایا من بەو دیدارە شاد بووم (٢٨٩-٩١).



سۆن ئەوەشی باسکردووە کە خاتوو عادیلە خۆی نەخشەی بۆ بنیات نانی بازاڕەکەی شاری هەڵەبجە داناوە (٢٩٥).

دەربارەی ئەم خانمە دەڵێت : ئەم ژنەی کەوا بوو بە میوان لە ماڵەکەیدا وێنەی لە نێو ژنانی موسوڵماندا نییە توانستەکانی هێند سەرنجراکێشن باس ناکرێن، تەنانەت توانای بەکارهێنانی گشت ئەو جۆرە چەکانەشی هەیە کە لەبەر دەستیدایە (٢٧٦).

سۆن ئەو رێگایەی زۆر لا پەسەند بووە کە خاتوو عادیلە پێڕەوی کردووە بۆ پتەوکردنی دەسەلاّت و مەڵبەندی کۆمەلاّیەتی خۆی لە نێو شارەکەدا، پایە و رێزی خێزانەکەشی لە نێو ئەو کۆمەڵگایەدا هۆکاری سەرکەوتنی بوونە، هەروەها عوسمان پاشای مێردیشی هەرگیز بەرهەڵستی نەکردووە.

دوو کۆشکی نایابی دروست کردووە کە وێنەیان لە نێو سلێمانیدا نەبووە، لە چەشنی بیناسازی شاری سنە بووەو هەر لەوێشەوە وەستای بۆ هێناوە.

خاتوو عادیلە لە میانەی میوانداریێتی کردنی کوردو فارسەوە توانیوویەتی بوونی خۆی بچەسپێنی، رێگای نێوان هەڵەبجە و سنەی بووژاندۆتەوە کە بە پیادە ماوەی پێنج رۆژی دەکێشی. بەرەبەرەش دەسەلاّتی کارگێڕی گرتە دەست، چونکە عوسمان پاشای مێردی بانگێشتی موسڵ و کەرکوك و سلێمانی دەکرا، ئەرکی رەسمی لە ئەستۆ بوو بۆیە عادیلە خانم لە جیاتی ئەو حوکمی دەکرد ئەوەبوو بەندیخانەیەکی نوێی دروست کرد و دادگایەکیشی دامەزراند، خۆیشی سەرۆکی بوو. سۆن دەڵێت : پاشا کە لە هەڵەبجە بوو بە نەرگیلە کێشان و دروست کردنی گەرماوێکی نوێ و ئاوەدانکردنەوەی شارەوانییەوە خەریك بوو کەچی حوکمیش بە دەستی ژنەکەیەوە بوو.

سۆن باسی گەشەسەندنی باری بازرگانی ناوچەکەی لەسەردەمی حوکمی عادیلە خانم دا کردووە ووتوویەتی ناوچەکە پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە ئەمەش بووە هۆی بێزاربوونی عوسمانییەکان، بۆیە کەوتنە پلان دانان بۆ کۆنترۆلکردنی لە میانەی گەیاندنی هێڵێکی تلگرافەوە، هۆزەکانیش ئەمەیان پێ ناخۆشبوو، بۆیە کەوتنە هەوڵی پیشاندانی هێڵەکە و داواشیان لە خاتوو عادیلە کرد ئامۆژگارییان بکات چاکی نەکەنەوە چونکە هەم دەیپسێننەوە، کە ئەو خۆیشی ئەوەی پێخۆش نەبوو تورکەکان لە کاروباری ناوچەکەدا دەست تێکەڵ بکەن (٢٨٠-١)

سۆن زۆر جوان و بە کورتی لە دڵگیری خۆی بۆ ئەم ژنە دەردەبڕێ و دەڵێت : ئەم گۆشەیە لە چوارچێوەی ئیمبراتۆرییەتی بۆگەنی تورکدا، بستێکە لە سایەی حوکمی ژنە کوردێکدا گەشەی سەندووەو تەنانەت لە گوندێکەوە بووە بە شارێك (٢٨٢).

## عادیلە خانمی ژنی مەحموود پاشا

مستەر ریچ لەسەردانەکەی کوردستانیدا خێزانەکەی لەگەڵدا بووەو چەند جارێك چاوی کەوتووە بە عادیلە خانمی ژنی مەحموود پاشا.

خاتوو ریچ بە شێوەیەکی جوان باسی چۆنێتی سەردانەکەی بۆ کۆشکی پاشا و پێشوازی لێکردن لە لایەن عادیلە خانمی ژنی پاشای سلێمانیی میری بابانەوە دەکات.

سەیر ئەوەبوو ئەو داوەتە پاش نزیکەی مانگێك لە دوای گەیشتنی خاتوو ریچ ئاراستەکرا، چونکە ریچ لە دەی مانگی ئەیاردا گەیشتە سلێمانی کەچی خێزانەکەی لە شەشی مانگی حوزەیراندا لە لایەن خێزانی پاشاوە داوەت کراوە.

خاتوو ریچ سەبارەت بە دیدوبۆچوونی دەربارەی ئەو سەردانە دەڵێت : دەبوو ئەم رۆژە لەگەڵ خێزانی پاشادا بەسەر بەرم، منیش نەریتی رۆژهەلاتم لەبەرچاوگرت و لە دەی مانگدا ئامادەی سەردانەکە بووم.

خاتوو ریچ باسی ئەوە دەکات چۆن ژنێك لە کۆشکی پاشاوە هاتووە رێنوێنی بکات و ئەمیش خۆی و خزمەتکارەکەی جلی داپۆشراویان لەبەر کردووە تا گەیشتوونەتە خانووی ژنان کەوا دەرگایەکی بچووکی پێوە بووە و ئەمیش داچەمیوە و ئەنجا چووەتە ژوورەوە.

خاتوو ریچ دەڵێت : لە لایەن دوو ژنەوە پێشوازی کراوە کە بە کەیبانوو یان (قارەمان) ناویان بردوون، هەر یەکەیان لە لایەکەوە لەگەڵیا رۆیشتوون و بەرەو دەرگای ژوورێکی بەرین سەرکەوتوون و لەوێش ژنی پاشا پێشوازی لێکردووە کە هەردوو خوشکی پاشا لە پشتەوەی بوونە و چەن ژنێکی دیکەش لەگەڵیان راوەستاون، ئەنجا قاوە و شیرینی و جگەرەیان بۆ گێڕاون دیار بووە خاتوو ریچ ئەو هەموو بەخێرهێنان و رێورەسمەی سەرەتا لەگەڵیان بەکارهێناوە بێزاری کردووە، بەلام لە دوای کۆتایی هاتنی ئەو رەسمیاتانە، ژنان بە ئاستی سەودایان لەگەڵ کردووە و رێگایان بۆ خۆش کردووە پشوو بدات.

خاتوو ریچ باسی عادیلە خانمی ژنی پاشا ئەکا و دەڵێ: خزمی پاشایە. ژن خواستنیش لە سنووری ئەو خێزانە دەرناچی، عادیلە خانم لە تەمەنی ٢٧-٢٨ ساڵاندایە، لە پاش ئەوەش باسی



دیمەنی دەکات بەوە کۆتایی پێهێناوە کە سیمای خەمێکی روون بە روومەتییەوە دیارە، پێوەندیشی لەگەڵ مێردەکەیدا زۆر پتەوە، بەلام ئەو نەخۆشییانەی دووچاری منداڵەکانیان بوونە ژیانی خەمبار کردووە، باسی منداڵە نەخۆشەکەی بۆ کردووە، خاتوو ریچیش بۆی دووپات کردۆتەوە کە پێویستە بگوترێ، ئەویش رازی بووە، ئەمیش پێی وتووە ئەگەر خەڵك بزانن پاشا منداڵەکەی خۆی دژی نەخۆشی ئاوڵە کوتاوە ئەوانیش شوێن پێی هەڵدەگرن و ئەگەریش بتوانین لە کارتێکەریی ئەو نەخۆشییە کەم بکەینەوە ئەوە سەردانەکەمان بۆ کوردستان سوودمەند دەبێ.

عادیلە خانم ساڵانی ژیانی منداڵێتی لە بەغدا بەسەربردووە، فێری تورکی بووە، بەلام لەسەر زاری گرانبووە، خاتوو ریچ لە کۆتاییدا دەڵێت : بەراستی رۆژێکی خۆشم لەگەڵ خۆی و ئەو ژنانەی لەگەڵی بوون بەسەر برد، کاتێکیش لە کاتژمێری پێنجدا گەڕامەوە بۆ ماڵ هەستم بە ماندوبوونێکی کەمتر کرد لەوەی چاوەڕوانی بووم (٢٧٤).

## عەبدوڵلا پاشای بابان

لە یادداشتنامەکانی ریچەوە ئەوە دەردەکەوی کە عەبدوڵلا پاشای مامی مەحموود پاشای سلێمانی پێش سەردانەکەی بۆ کوردستان ناسیوە، رەنگە لە بەغداش شووناسی لەگەڵ پەیدا کردبێ بۆیە بە (دۆستی دێرین) باسیکردووە (٥٠).

ریچ باسی یەکەمین دیداری کەسیی لەگەڵ عەبدوڵلا پاشای مامی مەحموود پاشای میری بابان کردووە لە پاش ئەوەی گەیشتۆتە سلێمانی، دەڵێت : عەبدوڵلا پاشان دۆستی دێرینی پاش نێوەڕۆ هاتووە بۆلای ئەمیش نەخۆش بووە و بەدەم ئازارەوە ناڵاندویەتی، تەنانەت ریچ خەریك بووە نەیناسی، خێرا دەستی لە ملی کردووە و هێند پەرۆشی بینینی بووە چەند تاوێك زمانی گۆ ی نەکردووە، بەو شێوەیە ریچ وتەنی لە بارێکی ناخۆشدا بینیوێتی، بەلام کاتێك یادی رۆژانی رابوردوویان کردۆتەوە بووژاوەتەوە، ئەوەی لە یاد بووە کە ئەندامانی میری بەغدا بە تایبەت داود پاشا نیاز پاك نەهاتوونەتە پێش چاوی عەبدوڵلا پاشا، ئەوەش لای ریچ جێی سەرسوڕمان نەبووە، بەڵکو ئەوە سەرنجی راکێشاوە تورکەکان بە قەساوەت سەودایان لەگەڵ کردووە گومانیش لەوەدا نییە رۆژێك هەل دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی بە زیاترەوە تۆڵەیان لێبکاتەوە. هەروەها دەڵێت : ئەوەی لە یادە بە باشی و ناسکی لای عەبدوڵلا پاشا باسی پاشای سلێمانی کردووە.

ئاماژەی بەوەش داوە لەو کاتەدا هەستی بەوەکردووە عەبدولّلا پاشا * تەریق بووەتەوە. ئەوە بوو ئەو دیدارە لەگەڵ ریچدا سەعاتێکی خایاند، کاتێکیش یەکدییان بە جێهێشت بە گەرمی دەستی یەکتریان گوشی (٥٣).

لە میانەی دووەمین دیداریشەوە لە نێوان ریچ و عەبدولّلا پاشادا دەتوانین باشتر لە کەسێتی عەبدولّلا پاشا بگەین.

شایانی باسیشە بەرە بەرە تەندروستی عەبدولّلا پاشا چاك بووەتەوە، کاتێکیش باسی یادداشتەکانی بەغدای کردووە هەستی بە خۆشی نەکردووە، کە باسیش هاتۆتە سەر خالید پاشای خزمی کە لە بەغدا ژیاوە، عەبدولّلا پاشا وتوویەتی : ماوەیەکی زۆر لە بەغدا ماوەتەوە و گشت تایبەتمەندێتییە کوردەوارییەکانی لە دەست داوە و بووەتە بازرگانێکی رووت

ریچ دەڵێت : عەبدولّلا پاشا هێند بە دوای هەواڵدا نەگەڕاوە، بەلاّم بۆ یەکەمجار پرسیارێکی زۆری ئاراستە کردووە و بە (چین و ماچین) دەستیپێکردووە — وەك موسوڵمانەکان دەڵێن — لەولاّتی چینەوە دەستیپێکردووە تا گەیشتۆتە سەر هەڵوێستی دەوڵەتانی ئەورووپا و ئایا هێزی هەریەکەیان چەندە ؟ شتێکی روونیشە لە نێوان ئەندامانی بنەماڵەی بابانەکاندا هەندی لەو بابەتانە خراوەنەتە بەر لێکۆڵینەوە. عەبدولّلا پاشای دۆستیشی ویستوویەتی خۆی بۆ دووەمین دوان ئامادە بکات (٦٧).

ریچ ئەوەی هەڵهێنجاوە کەوا عەبدولّلا پاشا هێند لە کاروباری ولاّتەکەی ئاگادار نییە، بۆیە هیچ زانیارییەکی ئەوتۆی نەدرکاندووە جێی سەرنج بێ باسی کەش و هەوای سلێمانی کردووە کە لە زستاندا سارد دەبێ بە تایبەتی کە رەشەبا هەڵبکات (٧٨).

ریچ باسی مەسەلەی بەندێکردنی عەبدولّلا پاشای لە لایەن مەحموود پاشای برازایەوە کردووە، چونکە وەك لە شوێنێکی دیکەی ئەم کتێبەدا باسمانکرد نووسراوێکی لێ شاردبووەوە کە شازادەی میری کرماشان بۆی ناردبوو، گوایە پایەی پاشایەتی سلێمانی پێ رادەسپێری شایانی باسیشە مەحموود پاشا سەرەتا عەبدوڵلای مامی بەند نەکرد، وێڕای ئەوەی داوود پاشای والی بەغدا لەسەر ئەو بابەتە داکۆکی دەکرد، بەڵکو سانسۆری خستبووە سەر، ئەوەبوو

* عەبدولّلا بە هۆی هاندانی والی بەغداوە لە برازاکەی جیابووەوە، بەلاّم لە جیاتی ئەوەی والی چاکەی بداتەوە، لە بارێکی ناشایستەدا ناردییەوە بۆ سلێمانی.



بۆی دەرکەوت عەبدولّلا پاشا خەریکە خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی بەرەو کرماشان هەڵبێ ئیدی ئەمیش بەندیکرد (١٠٣).

وا دیارە ریچ لە هەڵوێستی پلانگێڕی عەبدولّلا پاشا دژی مەحموود پاشای برازای رازی نەبووە، چونکە عەبدولّلا پاشا ساڵێك پێش ئەوەی بەندبکری لە بەغدا بوو، ریچیش هەڵوێستی خۆی بۆ روونکردۆتەوە کە دژی هەر جۆرە پلانێکە دژی برازاکەی، ئیدی لە ئەنجامدا پاشای عوسمانی لە بەغدا غەدری لێکرد و دایەوە دەستی مەحموود پاشا، ئەوە بوو کەوتە ژێر رەحمەتی مەحموود پاشای برازایەوە کە ئەگەر ئەو لە جیاتی ئەم بوایە تۆڵەی لێدەکردەوە چ بە ئاشکرا یان نهێنی بە بێ ئەوەی ترسی لە کەسی دی بێت لە نێوی دەبرد، بەلاّم هەرگیز مەحموود پاشا بیری بۆ شتی وا نەچووە، بەڵکو باشترین پارچە عەرزی ناوچەکانی کوردستانی پێ بەخشی، بۆ ئەوەی سوود لە داهاتەکانی ببینی چ بۆ دابینکردنی خەرجی ژیانی چ بۆ یەکلاّ کردنەوەی گشت قەرزەکانی کە بە هۆی مانەوەیەوە لە بەغدا لە سەری کەڵەکە بووبوو، لە راستیشدا وابینی مەحموود پاشا پتر لە حەقی خۆی داوەتی، بە تایبەت کاتێك داواکاری ئەندامانی خێزانەشی دابین کرد، بەهەر حاڵ هەڵوێستی عەبدولّلا پاشا لەبەر چاو نەگرتنی ئەو چاکەیە و نواندنی هەڵوێستی پێچەوانە دژی مایەی شەرمەزارییە و لە رەشبینییەوە هەڵدەقوڵێ (١٠٣-٤)

ئێمە لەو باوەڕەداین ناوەڕۆکی مەسەلەکە کێشەیە لەسەر دەسەلاّت، چونکە وا دیارە عەبدولّلا پاشا زۆر ئارەزوومەندبووە دەسەلاّتی سلێمانی بگرێتە دەست، رەنگە خۆیشی لە برازاکەی بۆ ئەو پایەیە بە وەبەرتر زانیبی یان باوەڕی بە توانستی برازاکەی نەبووبی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری رامیاری و کارگێڕی، کە وایلێدەکرد لای هەر شەپۆلێکی دژی مەحمود پاشا بگری، چونکە مەحموود پاشا بەرامبەر تورکەکان لاوازبووە و زیاد لە پێویستیش ملکەچی داوود پاشای والی عوسمانی بووە لە بەغدا، هەر ئەمەش وای لە عەبدولّلا پاشا کرد لای هەر رەوتێك بگری دژی رەوتی عوسمانی بێت. لێرەشەوە دەچینە سەر ئەو باوەڕەی کە هاوسۆزی توندی نێوان ریچی (بەریتانی) و عەبدوڵلای پاشا لەو سەرچاوەیەوە یەکانگیربوونە.

چونکە میستەر ریچی نوێنەری بەریتانیا لە بەغدا بێگومان بە گشتی لە دەسەلاّتی عوسمان رازی نەبووە، بە تایبەتیش لە ناوچەکەدا. چونکە ئامانجی دوور و نزیکی بەریتانیا دژی دەسەلاّتی عوسمانی بووە بۆ دوورخستنەوەی لە ناوچەکەدا، دیارە ئەمەش لای عەبدولّلا پاشا روون بووە و هەر ئەمەش بووەتە هۆی دروست بوونی پێوەندی نێوان ریچ و عەبدولّلا پاشا.

ویڕای ئەمەش لەگەڵ ئێرانیشدا لەسەر ئەوە کۆك بووە مەحموود پاشا لابرێت و پاشایەکی لایەنگری ئێران دامەزری و نەیاری عوسمانیش بی.

## عەبدوڵڵا پاشای باتاس

هەی لە گوندی باتاس چاوی بە عەبدوڵڵا پاشا کەوتووە بە پیاوێکی چاکی باسکردووە، تەمەنی لە نێوان ٩٠-١٠٠ ساڵان و لەشیشی لاواز بووە، هەر دوو دەست و سەریشی لەرزیوە، بەڵام عەقڵی زۆر چالاك بووە، زۆر قسەی کردووە و بەزۆریش دووبارەی کردوونەتەوە. ریشێکی کورتی هێشتۆتەوە، دەم و چاویشی نیشانەی پیری لێکەوتووە. چاوی رەش بووە، بڕۆی بۆیاغ کردووە، پاڵتۆیەکی کۆنی لەبەر کردووە، کلاوێکی سیداریشی لەسەر ناوە دار عەسایەکی هەڵگرتووە و لەسەرخۆ رێگای کردووە.

سالانێکی دوورو درێژ کارمەندی حکوومەتی تورك بووە و لە کوردستاندا کاری کردووە بە هۆی ئەوەشەوە پایەی پاشایەتی وەرگرتووە و لەبەر ئەوەی شارەزاییەکی زۆری لە کاروباری کورددا هەبووە، زۆر جار حکوومەتی تورك لە کاتی پێویستدا پەنای بۆ دەبرد، ئەوە بوو جارێك ناردیان بۆ سلێمانی تا بکەوێتە نێوان شێخەکانی شارو و پارێزگارەوە کە تورك بوو، هەروەها لە لایەن شای ئێرانیشەوە میدالیایەکی پێ بەخشرابوو، چونکە توانیبووی کێشەی نێوان هۆزەکانی سەرسنوور چارەسەربکات، دوای ئەوەش بووبوو بە لایەنگیری حکوومەتی بەریتانیا.

میستەر هەی سەبارەت بە پێوەندییەکانی لەگەڵ بریتانییەکاندا دەڵێت : دەشی رێنومایییەکانی پێڕەوبکرێن ئەگەر پەیوەندی بە دوژمنەکەسییەکانی خۆیەوە نەبێت یان بە دراوەکانییەوە.

شایانی باسیشە کوڕە تاقانەکەشی کوژراوە (٢٣٠-١).

## عەبدوڵڵا ئاغای حەوێزی

میستەر هەی لە کۆیە چاوی بە عەبدوڵڵا ئاغای پێشەوای بنەماڵەی حەوێزی کەوتووە و دەربارەی دەڵێت : تەمەنی ٦٥ ساڵ بوو، لەشی باریکەلە و برۆی چڕو هەندی جار جل و بەرگی ئەرووپی لەبەر کردووە و سەرۆکی شارەوانیش بووە.



## عەبدولسەلام بارزانی

ویگرام لە باسی شێخ عەبدولسەلام بارزانیدا دەڵێت : وێڕای ئەوەی شێخ یەکێکە لە مەزنترین پێشەواکانی چیا، لە هەمووشیان بەشکۆ و رێزدارترە لە هەمان کاتیشدا ئینگلیز بە دۆستی کەسیی خۆی دەزانی.

ویگرام وا دەبینی شێخی بارزان گەورەیەکی باڵایە، بەرامبەر بە پێڕەوکارانیشی زۆر بەزەییە و سوورە لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییان. هەروەها توانای ئەوەشی هەیە هاوسۆزی لە نێوان موسوڵمان و مەسیحییەکانی ناوچەکەدا بخولقێنی، تورکەکانیش زۆریان رق لێیە، چونکە بە توانا و لێهاتووە. ویگرام ئەوەشی درکاندووە کەوا شێخ لە دیدی پێڕەوکارانیدا تەنها پێشەوایەکی گەورەی هۆز نییە، بەڵکو لەو باوەڕەدان سیمای پیرۆزی هەڵدەگری و شێخی رووحییانە (١٣٣).

ویگرام (١٣٥) وێنەی خامەیی جوانی شێخی بارزانی کێشاوە دەڵێت : عەبدولسەلامی بارزانی تەمەنی نزیکەی بیست و هەشت ساڵە، وەك زۆربەی خەڵکی ناوچەکەش توند و پڕ و چالاکە، دەم و چاوی بەشکۆ و بەشوش، عەمامەیەکی سپی لەسەر دەکرد و عەبایەکی سەوزیشی دەخستە سەرشانی کەسانی دەورووبەریشی نزیکەی ٣٠-٤٠ دەبوون، جەمەدانی سوورریان دەبەست، هەریەکەیان لانی زۆر نزیکەی دووسەد فیشەکی هەڵدەگرت، تفەنگەکانیشیان لە چەشنی (شنایدەر و مارتین) بوون، هەمووشیان بەرامبەر پێشەوا لاوەکەیان ئەوپەڕی رێز و نەوازشیان دەردەبڕی، فرمانی (مراز) یش دەبی دەست وبرد جێبەجێبکری بە بی هیچ جۆرە کەمتەرخەمییەك (١٣٥).

بە دەگمەن لەگەڵ پیاوەکانیدا قسە دەکات، ئەوانیش هەرگیز قسەی لەگەڵ ناکەن، مەگەر لێی بپرسن، بەڵام لەگەڵ ئێمەدا لە رێگای وەرگێڕێکەوە قسەی دەکرد، چونکە ئەو بێجگە لە کوردی زمانی دی نازانی، کاروباری رامیاری ناوخۆی لادی تەوەرەی وتووێژەکەمان بوو، هەمیشەش ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد لە هیچ جێیەك دەسەلاتی یاسا نەماوە.

ویگرام باسی ئەوەشی کردووە کە جارێك پێکەوە لەگەڵ شێخی بارزاندا نانی ئێوارەیان خواردووە، خواردنەکەش بریتی بووە لە ماست و برنج و مریشك. (٨ یا ١٠) کەسیش لە پیاوە گەورەکانی ئامادە بوونە. هەموو بە کەوچکی لە دار دروست کراو نانیان خواردووە، پیاوەکانیشی زۆر کەمیان خواردووە دیارە ئەمەش جۆرە (ئەتەکێتێکە) شێخیش ئاماژەی بەوە داوە کە هێند خواردن ناخوات چونکە تەندروستی زۆر باش نییە (١٣٦).

له راستیدا ئەوەی ویگرام ئاماژەی پێداوە دەربارەی کەم خواردن و ئەتەکێت یان نەریتی تایبەت دوور نییە راست بێت، بە گوێرەی زانینی ئێمە دەتوانین بڵێین کورد هێند زۆرخۆرنین، بەلاّم لە رووی ڤیتامیناتیشەوە خواردنی تەواوە کە بریتییە لە هەنگوین و کەرە و گوێز و بادەم و پەنیر و... هتد لە بەشی خواردەمەنیشدا بە تێکرایی باسی ئەم بوارەمان کردووە. بێگومان پێوەریش خۆراکی لادێیە نەك شار.

شێخ عەبدولسەلام بارزانی ئارەزووی دەربڕیوە بۆ هاوڕێتی کردنی ویگرام و ئەوانەی لەگەڵین لە کاتی گەڕانەوەیاندا بۆ ئینگیلتەرە تا داوا لە سەرۆکی قەشەکانی کانتربری بکات قوتابخانە لە گوندەکانی کوردستاندا بکاتەوە، دوایش سەردانی شا جۆرج بکات تا لەگەڵی دانیشی و مەسەلەی کوردستان تاوتوی بکات و بیر لە سەربەخۆیی بکاتەوە.

لەبەر رووناکی ئەم ئارەزووەدا کە ویگرام باسیکردووە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کەوا شێخ بەراستی هۆگری پەرەپێدانی کۆمەڵگای کوردی بووە تا بگاتە ریزی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان ئەمەش پێچەوانەی ئەو هەستە بووە کە لای دەرەبەگ و پیاوە دەوڵەمەندەکان بەرپا بووە بۆ بەرەنگاری کردنی هەر چالاکییەکی پەروەردەیی یان رۆشنبیری، چونکە باری نەزانین لە کۆمەڵگادا خزمەتی بەرژەوەندی ئەو کەسانە دەکات، بۆیە شتێکی سەرنجراکێش نییە ئەگەر ببینین تەگەرە دەخرێتە رێی کردنەوەی قوتابخانە لە کوردستاندا. تەنانەت هەندی لە پیاوانی ئایینیش ئەو هەڵوێستەیان هەبووە بە تایبەت ئەوانەی مەراییان بۆ دەکردن. کار گەیشتە ئەوەی ئەو زانستانەیان کەوا لەقوتابخانە فێری منداڵان دەکرا بە (زانستی شەیتان) بدەنە قەڵەم بۆ ئەوەی باوکان منداڵیان ئاراستەی قوتابخانەکان نەکەن، سەرباری ئەوەش قوتابخانە لە کوردستاندا زۆر کەم بووە.

ویگرام دەڵێت : نیشانەی داکۆکی کردن لەسەر رووی شێخ روون بوو بۆ دیداری سەرۆکی قەشەکان تا داوای لێبکات قوتابخانە لە کوردستاندا بکاتەوە، بەلاّم ویگرام داوای لێبووردنی کرد، چونکە نەیتوانی هیچ یارمەتییەك لەو بارەیەوە پێشکەش بە شێخ بکات، بەلاّم لەوە دڵنیابوو کە پێشنیازەکەی لە دڵەوە بوو، بە بی هیچ چەواشەکارییەك هەوڵی بۆ دەدا. ویگرام دەڵێت : دەبوو شێخ بە کاتی گەڕانەوەیان بۆ ئینگیلتەرە ئاگادارنەکەنەوە وریاش بن نەوەك هەواڵەکە دزە بکات و دواییش بگاتە ئەوە و دوایان بکەوی، چونکە لە میانەی قسەکانیەوە دیاربوو سوورە لەسەر ئەو هەنگاوە (١٣٧).



هەروەها شێخ ئارەزووی کردووە چارەسەری چاویشی بکات چونکە گلی کردووە، بۆ ئەمەش ویگرام پزیشکێکی ئینگلیزی لە دەستەی موژدەبەرانی موسڵەوە بۆ بانگێش کردووە.

شێخ خانوویەکی بۆ ویگرام و هاوڕێکانی تەرخان کردووە تا تیایدا بمێننەوە و بەو پەڕی رێزیشەوە خواحافیزی لێکردوون، نەختێکیش پێش شەبەق سەردانی کردوون، گوایە وەلاّمی سەردانەکەی ئێوارە بووە — وەك دەری بڕیوە — چونکە بە پەلە بووە و سەفەری لەبەر بووە (١٣٨).

## عوبەیدوڵلای شەمزینی

مینۆرسکی دەربارەی شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی دواوە و وەك فەرماندەیەکی بزووتنەوەی کورد لە ساڵی ١٨٨٠ باسی دەکات و دەڵێت شێخ عوبەیدوڵلا پایەیێکی ئەدەبی بەرزی لە کوردستاندا هەیە، هەر ئەویش لە جەنگی ١٨٧٨ دا یارمەتی تورکەکانی داوە.

ئامانجی شۆڕشی ١٨٨٠ راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان بوو. شێخ عوبەیدوڵلا نێررا بۆ ئەستەمبووڵ، بەلاّم لە رێگای قەوقازەوە بەرەو ئازربایجان هەلاّت، کەچی جارێکی دی دەستگیر کرا و لە مەککە دەستەبەسەر کرایەوە.

مینۆرسکی دەڵێت : شێخ عوبەیدوڵلا نەوەی سەید عەبدوڵلایە — مەزارەکەی لە ناوچەی شەمدینانە، بۆیە سەر بە تەریقەتی نەقشبەندییە و لە موسوڵمانانی دی پتر پابەندە بە نەریتی ئیسلامەوە، باوەڕیشیان وایە خوێیی خێزانەکەیان بێگەردە.

مینۆرسکی ئەوەشی باسکردووە کە ئەم تەریقەتە تەنها کارتێکەریی لەسەر کورد نییە، بەڵکو کاریگەری لەسەر رۆڵەی نەتەوەکانی دیکەش هەیە، لەم بارەیەوە دەڵێت : باشم دێتەوە یاد رۆژێك ئەفسەرێکی تورك لەگەڵ سوارەکانیا هاتن بۆ لای شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵلا، لە پێشیا سەریان دانەواند و ئەنجا زۆریان رێزلێنا و دەستیان ماچ کرد (٥٧).

واتە وێڕای جیاوازی نەتەوەیی لە نێوان شێخ و ئەفسەرە تورکەکەدا، هەروەها جیاوازی هەڵوێستی سیاسی لە نێوان تێکۆشەرێکی کورد و ئەفسەرێکی سەر بە حکوومەت، دیارە کارتێکەریی شێخایەتی بەهێزترە.

لە نامەیەکی یاکیمانسکی لە ٧ /١٨٧٩/٩ کە لە ئەرشیفی رامیاری دەرەوەی رووسیا پارێزراوە و لە کتێبەکەی خالفین (کێشە لەسەر کوردستان) بلاّو کراوەتەوە ئەوە هاتووە کە شێخ عوبەیدوڵلا لە لایەن شەریفی مەککە و خدێوی میسرەوە پشتگیری کراوە (١١٨).

سۆن لە سلێمانی چاوی بە عوسمان پاشا کەوتووە واتە پێش ئەوەی سەردانی هەڵەبجە بکات و چاوی بە خاتوو عادیلەی ژنی پاشا بکەوی. دیدارەکەشیان لای بازرگانێکی دۆستی هەریەکە لە عوسمان پاشا و سۆن دەبی.

سۆن دەربارەی ئەم دیدارە دەڵێت : هەلێکی خۆش بوو بۆم رێککەوت پیاوێك بناسم زۆربەی خەڵکی کوردستان رێزی زۆری لێبنێن. کە ئەویش پێشەوایەکی مەزنی هۆزی گەورەی جاف و حاکمی هەڵەبجە و شارەزوورە.

سەرەتا باسی جل و بەرگی دەکات، کە ئەویش بەرگی گشت هۆزەکەیەتی، بەلاّم لە جۆرێکی نایاب، چونکە هەر هەمووی حەریرە و چاکتەکەشی بە زێڕ جوانکراوە، خەنجەرێکیش دەخاتە نێو پشتێنەکەیەوە لە تەنیشتیشییەوە دەمانچەیەکی بچووکی جۆری (برۆنیك) شۆر بووەتەوە. دواییش هاتۆتە سەر باسی ئەندامەکانی لەشی و دووپاتی دەکاتەوە مۆرکی کوردی رەسەن هەڵدەگرن و دیمەنیشی بە گشتی سیمای توندوتیژی پێوە دیارە. بە رستەی کورت و شێوەزاری هۆزەکەی قسە دەکات ژمارەیەك زەلامی زل لە خزمەتیا بوونە.

بیست چەکداریشی لەگەڵ بووە، هەروەها چەند کەسێکی دیکەش چ وەك پاسەوان و چ وەك خزمەتکار.

گشت ئەوانەی لەگەڵ پاشا بوونە بۆیان هەبووە لە حزوریا بەشداری قسەکردن بکەن، بۆیە هەر چەندە پاشا دەوڵەمەند و بەهێز بووە، بەلاّم ژیانی لەگەڵ گەلەکەیدا بە هیچ جۆرێك دوورەپەرێز نەبووە، خۆیشی لەرووی کۆمەلاّیەتییەوە بە بەرزتر نەزانیوە، بۆیە پێوەندی زۆری لەگەڵیان بووە لە هەستیان گەیشتووە، بە گشتیش لە تێکڕای ژیانی ئەندامانی هۆزەکەی ئاگادار بووە.

سۆن باسی ئەوەشی کردووە کە پاشا زۆر رێزی لە ژنەکەی ناوە و خۆشی ویستووە، بۆ وێنە جارێك لای دادەنیشی سوارێك لە هەڵەبجەوە دێ بۆ سلێمانی بۆ لای پاشا بۆ ئەوەی نۆبەرەی خەیاری ئەو وەرزەی بۆ بێنی، عوسمان پاشاش بەرامبەر بەوە سوارێك دەنێری بۆ هەڵەبجە تا سوپاسی بگەیەنی بە خاتوو عادیلەی خێزانی (٢٦٣-٤).





وا دیارە ریچ پێش ئەوەی عوسمان بەگ ببینی ناوبانگی بیستووە، عوسمان بەگ بچووکترین برای پاشا و بوێرترینیان بووە.

ریچ دەربارەی دیمەنی عوسمان بەگ دەڵێت : لەشی زەبەلاح نەبووە، بەڵکو چوارشانەیەکی توند و پڕ بووە. سیمای دەم و چاوی رێك و ریشی رەش بووە، چاوی شین و برۆ و برژانگیشی رەش، بە گشتی لاوێکی رووخۆش بووە.

لە سواریدا کەس پێشی نەدەکەوت، زیرەك و بەخشندەش بووە لە لایەکی دیکەشەوە وتوویانە لەرووی رەوشتەوە پابەند نەبووە تا رادەیەکیش مەیلەو ستەم بووە (٥٤).

ریچ لە پاش ئەوەی بۆ یەکەمین جار چاوی بە عوسمان بەگ کەوتووە و پێکەوە قسەیان کردووە بە شێوەیەکی نوی باسی دەکات لە دوای باسی جل و بەرگی و رێك و پێکی رەنگەکانی دەڵێت : بە شێوەیەکی هێمن قسەی لەگەڵ کردووە و دڵسۆزی پێوە دیار بووە و رەفتاریشی ناسك بووە، ریچ وای بینیوە عوسمان بەگ دەرکی بەوە کردووە هەندی دیاردەی تایبەت لەکەسێتیدا هەیە، ئەو کاتەش تەمەنی سی و دوو ساڵ بووە واتە دوو ساڵ لە پاشا بچووکتر بووە.

ریچ توانیویەتی شتێك دەربارەی هەڵوێستی سیاسی لی هەڵهەنجێنی، بۆی دەرکەوتووە بەو پەڕی ئازادییەوە باسی کاروباری ولاّتەکە دەکات، تەنانەت ئەو سنوورەی بەزاندووە کە ریچ ویستوویەتی — ئەمەش قسەی ریچ خۆیەتی — هەروەها مەیلەو تورکانیشی نەبووە (٥٥).

کاتێکیش ریچ لە ماڵەکەیدا سەردانی کرد زیاتری چووە دڵ، سەرنجەکەی ریچ دەربارەی هەڵوێستی عوسمان بەگ سەبارەت بە مردنی کوڕە بچووکەکەی وای لێکردین دەرك بەوە بکەین عوسمان بەگ لە پاشای برای زیاتر واقیعی بووە و دەڵێت: چووە بۆ لای عوسمان بەگ بۆ سەرەخۆشی ئەویش بە چەند رستەیەکی ئاسایی کورت وەلاّمی داوەتەوە و وتوویەتی: (ئەمە فەرمانی یەزدانە و گەڕانەوەی بۆ نییە خوا تەمەنی پاشاو ئێوەش درێژ بکات) پاش نەختێکیش عوسمان بەگ دەستیکردووە بە قسەکردن و وەك جاران پێکەنیوە و دواییش سەیری ئەسپەکانی کردووە، ئەنجا هەندی جۆری بەردی جوانیان بۆ هێناوە تا لێی هەڵبژێری و کۆشکە نوییەکەی پی برازێنێتەوە (١٩٣).

ئەگەریش کارتێکەری مردنی کوڕەکەی پاشا لەسەر پاشا لەگەڵ کارتێکەری مردنی کوڕەکەی عوسمان بەگ لەسەر باوکی بەراورد بکەین دەبینین جیاوازییەکی زۆریان لە نێواندایە و

تێڕوانیان دەربارەی مەسەلەی ژیان و مردن لە یەکەوە دوورە، وێڕای ئەوەش پاشا پتر پابەندی ئاین بووە دەبوو بە چاوێکی واقیعبینانەتر ئەو کارەساتی مردنەی قبووڵ بکردایە.

کەچی ریچ ئەوەی سەرنج داوە پاشا لە چاو عوسمان بەگ پتر خەمبار دیار بوو بۆ مردنی برازاکەی کە کوڕی عوسمان بەگ بووە.

ڕیچ دەربارەیان دەڵێت : پاشا فرمێسك لە چاویا قەتیس مابوو، زۆر خەمبار بوو، کەچی عوسمان بەگ هەرچەندە شپرزەی تەسبیحات بوو، بەڵام تکای لە ریچ کرد لە یادی نەچێت ژی بۆ کەمانجەکەی بکڕی کە ریچ خۆی پێشکەشی کردبوو (٢١٦)....

ئایا راستە عوسمان بەگ زانیوویەتی کەمانجە بژەنی ؟

ڕاستی ئەم مەسەلەیە نادیارە، بەڵام هۆگریی هونەر و راهێنانی ئارەزوو لای ئەم کەسێتییە ئاشکرایە. ریچ ئاماژەی بەوە داوە عوسمان بەگ زۆرخانەیەکی هەبووە واتە یانەیەکی وەرزشە. هەروەها بایەخی بە مۆسیقاش داوە جار جار تیمی لە بەغداوە بانگێش کردووە بۆ سازدانی ئاهەنگی مۆسیقا.

عوسمان بەگ زۆر دڵسۆزی پاشای برای بووە و نهێنییەکی بۆ ریچ باسکردووە داوای لێکردووە باسی نەکات، ئەویش ئەوە بووە پاشا ویستوویەتی واز لە پاشایەتی بێنی، بەڵام ئەم بە هەموو توانای خەریکە لەگەڵی ئەوە نەکات. باشیش دەیزانی ئەگەر ئەو واز بێنی ئەو جێگای دەگرێتەوە، ریچیش ئاگاداری ئەمە بووە (٢١٨).

لە راستیشدا هەڵوێستی عوسمان بەگ لە نێو کۆمەڵگای رۆژهەڵاتیاندا بەرز هەڵدەسەنگێنرێت. چونکە پێشبڕکێیان لەسەر دەسەڵات تیا توند دەبی، لەو بارەیەشەوە پاشا لە نێو خێزانەکەی خۆیدا خیانەتی لێکرا، بە تایبەت لە لایەن حەسەن بەگی برای و عەبدوڵلا پاشای مامییەوە، بەڵام عوسمان بەگ دڵسۆزی براکەی بوو، نەیدەویست واز لە پاشایەتی بێنی، هەر چەندەش پتر لە هەر پاڵێوراوێکی دی شیاوی ئەو پۆستە بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پاشا گشت پێوەندییەکانی لەگەڵ عوسمان بەگدا پساند و هەرچی موڵك و دەسەڵاتی هەبوو بە هۆی پلان و فریودانی تورکەوە لێی وەرگرتەوە، چونکە تورکیا دەکۆشا بۆ کۆنترۆڵکردنی گۆشەکانی ئەم خێزانە و دووبەرەکی و فیتنەگەری لە نێوانیاندا دەچاند. لەم بارەیەوە ریچ دەڵێت : دەوڵەتانی دراوسی مەبەستیشی ئێران و تورکیا بوو توانای ئەوەیان نەبوو بەهێز بێنە ناو کوردستانەوە، بەڵکو لە رێگای پلان گێڕانەوە دەیانویست ئەوەیان بۆ دەستەبەر بێت (٢٢٨).



## عوسمان (شێخ وەسمان)

هەی لە یادداشتنامەکانیدا دەڵێت: کابرایەك هاتە لام وتی ئەفسەرێك و مەفرەزەیەك سەرباز خەریکە دەگەنە نێو کۆیە بۆ ئامادەکردنی شوێنی گونجاو بۆ شێخ عوسمان کە لە لایەن شێخ مەحموودەوە بە قایمقامی کۆیە دامەزراوە.

پێش چەند حەفتەیەکیش موقەدەم نۆئیل سەردانی سلێمانی کردبوو شێخ مەحموودی بە حوکومداری کوردستان دامەزراندبوو، شاری کۆیەشی خستبووە پاڵ.

هەی هەستی بە جۆرە تەریق بوونەوەیەك کردووە، چونکە حەمە ئاغای بە حاکمی کۆیە دامەزراندبوو، ئەوە عوسمانیش لە لایەن شێخ مەحموودەوە هاتووە و ببی بە قایمقام و شێخ عەبدوڵلای ئامۆزای و ئەفسەرێکی پێشووی تورکی بە ناوی رەشید ئەفەندییەوە لەگەڵ هێزێکی ٤٠٠ سەربازی لەگەڵە.

هەی شێخ عوسمان بە پیاوێکی جوامێر و ئاشتی خواز دەداتە قەڵەم، هەرچەندە بچووك و لە رو لاوازیش بووە، بەڵام هەی دەڵێت : مرۆڤی بەو چەشنە مەزن و بە شکۆم نەبینیوە، هەر بۆیەش کاتێك شێخ عوسمان بە عەباکەیەوە لەگەڵ زنجیرەیەکی درێژی پێڕەوکارانی بەرەو سەرا کەوتە ری کەوکەبەیەکی بە شکۆی پێك هێناوە.

هەی دووپاتیشی کردۆتەوە کە شێخ عوسمان ئەمین و راستگۆ بووە لەگەڵیا و گشت کارەکانی بە دروستی بە ئەنجام گەیاندووە.

هەی حەمە ئاغای راگەیاند ئێستا دەسەڵاتی راگیراوە و باوەڕپێکراوی تایبەتی شێخ مەحموود — حوکمی شارەکە دەکات وەك بڵێت هاتووە بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکی لە نێوان هەردوو هۆزی غەفووری و حەوێزی.

لەو شتانەی کەوا هەی دەربارەی شێخ عوسمان یادداشتی دەکات ئەوەیە ئامێرێکی وێنەگرتنی لە چەشنی کۆداك پێشکەش بە هەی کردووە، کەوا کاتی خۆی لە ئەفسەرێکی ئەڵمانی وەرگرتبوو. راپۆرتەکەشی دەربارەی شێخ عوسمان بەوە کۆتایی پێدێنێت کە دەڵێت : مرۆڤێکی ناسك و دەم و دوو شیرینە (١٦٦-٧٠)

## عومەر ئاغا

ڕیچ پێش ئەوەی بگاتە سلێمانی عومەر ئاغای ناسیبوو، چونکە کاتێك ریچ لە لای چەپی سەرچنارەوە رەشماڵی دابەستبوو بە نیازی خۆ ئامادەکردن بۆ ئەوەی بچی بۆ سلێمانی عومەر

ئاغای بینیبوو کە ئەفسەرێکی کورد بوو، ئەرکی ئەوە بوو تا ئەو ماوەیەی ریچ لە کوردستاندا دەمێنێتەوە لەگەڵیدا بێت (٤٨).

ڕیچ عومەر ئاغا بە (دۆستی زیرەك) باسدەکات، لەبەر ئەوەی پیوەندییان بە یەکەوە بووە گفتوگۆو وتوویژی زۆریان لە نێواندا هەبووە ئەوەش روون بووە عومەر ئاغا زانیاری زۆری لەسەر واقیعی کۆمەلآیەتی و هۆزەکانی کوردستان هەبووە (١٠٤).

عومەر ئاغا وەك لە کوردستاندا لەگەڵ ریچ بووە، بە هەمان شێوە هاوڕێی سەفەری شاری سنەشی بووە و سۆزێکی زۆریشی بۆ دەربڕیوە، بە تایبەت کاتێك لە رێگا نەخۆش بووەو بێهێزکەوتووە و پاشان درکی بەوە کردووە کە ناتوانی لە (بایەن دەرە) زیاتر بڕوات، ریچ کە باسی وەفاداری عومەر ئاغا دەکات ئەوەشی باسکردووە کە چۆن لە سێبەری چنارێك و لەسەر لێواری جۆگەلەیەکی جوان پاڵ کەوتووە ویستوویەتی پشوو بدات و کووپێك قاوەی خواردۆتەوە و تا رادەیەك بووژاوەتەوە، عومەر ئاغاش وەك دڵسۆزێك داوایلێکردووە دوو کەوچك دەرمانی کوردی ماستاو بخواتەوە کە لە (بایەن دەرە) بۆی هێنابوو ئەوەش زیاتر هێزی خستۆتە بەر، لە کاتژمێر دە و نیویشدا هەستی کردووە ئیدی توانای ئەوەی هەیە پاشماوەی رێگاکە ببڕی دواییش بۆیان ئاسان بوو (١٦٨-١٧٠).

ڕیچ عومەر ئاغا بە تاکە رۆژهەلآتی دادەنێت لە نێو گشت ئەو عەرەب و تورك و ئێرانییانەی تا ئەو کاتە ناسیوونی بتوانی نازناوی جوامێر (جەنتلمان)ی پێببەخشی کە بە راستی پڕ بە پێستی ئەو بوو.

عومەر ئاغا دەربارەی ژیانی رابوردووی خۆیشی بۆ ریچ دواوە و وتوویەتی لەگەڵ چوار پێنج کەس لە پیاوەکانی توندی بەندیخانە کراون و لەوێیش رۆژانە یەکە یەکە بردوویانن جەلد بکرێن، چونکە ئامادە نەبوونە پەناگەی ماڵی گەورەکەیان و داراییەکانی ئاشکرا بکەن، زۆر جاریش هەر یەکەیان رۆژانە دوو جار جەلد دەکران، سەرباری ئەوەش دانیان بە هیچدا نەناو و لەسەر هەڵوێستی خۆیمان مانەوە رۆژێکیش هەواڵیان پێگەیاند کە بەنیازن بە شەو گەمارۆی بەندیخانەکە بدەن و سەربازەکان سەربڕن و گەورەشیان رزگار بکەن و بەرەو کەرکووکی بەرن، بەلآم رێگای پێنەدان، شایانی باسە پیاوەکانی لە بەندیخانە لە برسا دەمردن، بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا بی ئومێد نەبوون.



لە یادداشتەکانی ریچەوە ئەوە روون دەبێتەوە کە گشت پیاوانی عومەر ئاغا بە خێزانەکانیشیانەوە لە خۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵ عومەر ئاغادا ژیاون، بە بی ئەوەی گوی بدەنە ئەو بارودۆخە نارێکەی تووشی عومەر ئاغا دەبێتەوە.

هاوڕێکانی پیاوانێك بوون لە کاتی تەنگانەدا بە هۆی ئەوەوە برسی دەبوون.

جل و بەرگی دڕاویان لەبەر دەکرد، کاتێکیش باری ژیانی ئەو باش بوایە باری ژیانی ئەوانیش باش دەبوو، ئەو هەردوو جۆرە ژیانەیان لا پەسەند بوو، لێی بێزار نەئەبوون.

عوسمان پاشاش هۆی ئەو ناڵینە بوو، چونکە وێڕای ئەوەی پاشا زۆری خاتر دەویست، بەلآم عوسمان حەزی لە عومەر ئاغا نەبوو.

عومەر ئاغا لە ناخیدا دەرکی بەوە دەکرد کەوا مەحموود پاشا رقی لی نییە، بەلآم کەوتۆتە بەر ئاماژە بۆ کردنەکانی عوسمانی برای. ئەمەش بە پێی دیدی ئێمە خاڵێکە لە خاڵە لاوازەکانی پاشا، چۆن دەبی پیاوێکی دڵسۆزی بنەماڵەکەیان بەو شێوەیە سەودای لەگەڵ بکری، مەسەلەی لاوازی پاشاش لەوەوپێش ریچ هەستی پێکردووە، کاتێکیش هەر جاری بە شێوەیەك بۆ عومەر ئاغای روون کردۆتەوە هەرگیز لایەنگیری نەکردووە.

ڕیچ دەڵێت : هەرگیز بیری لەوە نەکردۆتەوە واز لە پاشا بێنی، هەروەها گلەیشی لێنەکردووە مەگەر لای ئەوانە نەبی کە دۆستین یان جێی متمانەین.

ئەم قسەیەشی بۆ ئەوە نییە نەیاری خۆی دەربڕی، بەڵکو ئازارێکە لە ناخیدا، کاتێکیش باسی لاوازی پاشا هاتە گۆڕی دەست بەجی عومەر ئاغا بە روونی قسەی کرد و وتی : گەورەم دڵنیابە مەسەلەکە وا نییە، بەڵکو ئەوە تەنها تایبەتە بە منەوە.

ڕیچ دەڵی ئەمەی عومەر ئاغا دەیگوت دروست کراو نەبوو، بەڵکو لە ناخییەوە هەڵدەقوولا، کاتێکیش ئەوەی دەگوت زۆر وریا بوو نەوەك من بە هەڵە لە پاشا بگەم چونکە ئەو لەم رووەوە بێگەردە.

ڕیچ لە یادداشتنامەکانیدا باسی بارەکانی ژیانی عومەر ئاغای کردووە و دەڵێت : باری دارایی هێند هاتۆتە خوارەوە گەیشتۆتە پلەی گەدایی.

ئەویش بە هۆی ناحەزی عوسمان بەگەوە، ئەوەش ناشارێتەوە کە لێی بێزارە، لەگەڵ ئەوەشدا سکالآ ناکات، بەڵکو ئەوپەری کۆشش دەکات تا ئەو هەست نەکات ئەم دەستی کورتە، وێڕای ئەوەش ئەمە چەند مانگێکە هاوڕێیەتی ریچ دەکات، بەلآم بەقەد تۆزقاڵێك ئارەزووی دەرنەبڕیوە یان ئاماژەی نەداوە شتێکی لی وەدەس بێنی، کەچی ئەگەر دەوڵەمەندترین تورك لە

جێگای ئەو بوایە نیوەی ئەو مانگەی تەواو نەدەکرد داوای یارمەتی لێدەکرد. ریچ لەوەش زیاتر دەڵی: کاتێك تەتەرێك (نوێنەرێك)ی نارد بۆ ئەستەمبوول ئەو پایتەختەی گشت پێداویستییەکی مرۆڤی تیا دەست دەکەوی و هەموو رۆژهەڵاتییەك شەیدایەتی لە عومەر ئاغای پرسی ئایا ئارەزووت لە شتێك هەیە بۆت بێنی ؟ عومەر ئاغا وەڵامی دایەوە و وتی نایەتە یادم هیچم پێویست بی و یەکسەر قسەکەی گۆڕی (١٩٥-٦).

عومەر ئاغا وا دیارە توانیویەتی لە کەسێتی ریچ بگات، تەنانەت ئاگاداری ئەو شتانەش بووە کە ویستوویەتی بیبیستی وەك هەواڵی هۆزەکان و نەریتیان و ناوچە جوگرافیاکانی کوردستان و قسەی نەستەق و ئەو شتانەی پێوەندییان بە کوردەوە هەیە. ریچ لەم بارەیەوە دەڵێت : ئەمرۆ پیاوێك لە دارەشمانەوە گەیشتۆتە سلێمانی، عومەر ئاغاش کە ئاگادارە من پێم خۆشە سەرنجی شتی سەیر بدەم دەست وبرد چوو بۆ لای و گفتی دامی کە سبەینی دەیهێنێتە لام، لە رێگای ئەوەیشەوە ویستم دەربارەی ئەو مەسەلە رۆمانتیکییە ئاگادار بم کە پێوەندی بە نەژادی بنەماڵەی بابانەوە هەیە، کە چیرۆکێکە لە داستانەوە نزیکە. ئەویش ئەوەیە گوایە فەقی ئەحمەد لە جەنگی تورك و ئەفرەنجدا یەکێکی بە دیل گرتووە، کاتێك زانیویەتی ئافرەتە مارەی بڕیوەو منداڵی بووە و بنەماڵەی بابانەکانیش لەوەوە دەست پێدەکات (٢٠٧——٨).

لەو شتانەش کەوا هۆکاری یارمەتیدەربوون بۆ ئەوەی عومەر ئاغا زیاتر بچێتە دڵ ریچەوە و بە باش باسیبکات ئەوە بوو رۆژێك هەواڵێکی خۆشی پێگەیاند، کاغەزێکی لوول کراوی لە شێوەی نووشتەیەکدا لە نێو جزدانێکی لە پشت دروستکراو کە بۆ گیرفان ریکخرا بوو بۆ هێنا، کاغەزەکە ناوی باب و باپیری میرانی بابانی لەخۆ گرتبوو لەسەردەمی سلێمانی پاشەوە بەرەو سەرەوە. عومەر ئاغا بەوپەڕی بایەخەوە بە دوای ئەوەدا دەگەڕا تا لای کابرایەکی کوردی دۆزییەوە کە باب و باپیرانی راهاتبوون لەبەر نووسینی ئەو رووداوانە لەگەڵ مێژووەکانیاندا. ئەویش دیسان لەسەر رێرەوی ئەوان رۆیشتووە.

ڕیچ دەربارەی ئەو مەسەلەیە دەڵێت: زانیارییەکان بە زمانی فارسی نووسرابوون، ئەو کاغەزانە زۆر بە نرخن. بە پارە هەڵناسەنگێنرێن، زانیارییەکان هێند گرنگن قەفێك لە مێژووی کورد پێك دەهێنن، ئەگەر بەخت رێگام بداتی و روونوسێکم لەو مێژووە دەست کەوت دەست و برد دەس دەکەمە وەرگێڕانیان (٢١٤-٥).

هەروەها ریچ ئەوەشی پێخۆشبووە عومەر ئاغا لە نەخشەکانی گەیشتووە و گەلێك ناوی شوێن و لووتکەو... هتد بۆ زیاد یان چاك کردۆتەوە.



کە ئەو بەسەریا تێپەڕیوە، ئەمەشی بە بەڵگە داناوە بۆ زیرەکی و لێهاتوویی عومەر ئاغا، لەم بارەیەشەوە دەڵێت : لەبەغدا چاوم بە گەلێك کەس کەوت بە تایبەت ئەوانەی ماتماتیکیان خوێندووە، بەڵام کەسیان نەیانتوانی هەڵە لە نەخشە و خەریتەکانمدا بدۆزنەوە، کەچی عومەر ئاغائە وانەی بە وردی لێکدایەوە و بە پەنجەو بەوپەڕی دڵنیاییەوە وردەکارییەکانی بەسەر کردەوە، لەبەر ئەوەش خۆی چیا نشینە باشتر توانی بە دوای زنجیرەی بەرزایی و نیهاڵەکاندا بچی چونکە دانیشتوانی چیا نشین هەموو بە ئاسانی درك بەو تێکڕاییانە دەکەن (٢١٨-٩).

لە راستیشدا ئەم عومەر ئاغایە کەسێتییەکی سەیر بوو. وێڕای ئەوەی پاشا باوەڕێکی زۆری پێبوو، دەبینن لەگەڵ هەندی لە پیاوەکانیا دەیخستە گرتووخانەوە، پێش ئەمەش ئاماژەمان بۆ ئەمە کردووە، هەروەها وێڕای ئەوەی لە پاشا و خێزان و دەست و پێوەندییەوە نزیکە دەبینین دەستکورت و هەژارە و بە پێی بڕیاری میری دەست دەخرێتە سەر مڵك و داراییەکانی.

تەنانەت ریچ لە مەسەلەی گەڕاندنەوەی گوند و مڵکەکانیدا خۆی تێگەیاندووە، بۆیە ریچ دەڵێت : پێم خۆشە ئەوە باسبکەم عومەر ئاغا دۆستی مەزنمانە و هەتا ئێستا میواندارمانە و من دەزگاکانی حکوومەتم لە سلێمانی بەسەر کردەوە بۆ ئەوەی گوندەکانی بۆ بگەڕێننەوە کەوا بە ناڕەوا دەستیان بەسەرداگیراوە.

ئەوەبوو گفتیان دامی دڵم رازی بکەن، بۆیە عومەر ئاغا لە سلێمانی مایەوە تا گوندەکانی وەربگرێتەوە کە نزیکەی دوو سەد کەسی لەسەر دەژین (٢٣٥).

وا دیارە ریچ سەفەری کردووە و چەند کەسێك لەگەڵی رۆیشتوون، کەچی عومەر ئاغا لە سلێمانی ماوەتەوە چاوەڕوانی وەرگرتنەوەی گوندەکانی بووە. ئەمە لە لایەك، بەڵام ریچ لە شوێنێکی دیکەی یادداشتەکانیدا دەڵێت : عومەر ئاغا پاش چەند رۆژێك گەڕاوەتەوە بۆ لای بە بی ئەوەی هیچ لەو گوندانە وەربگرێتەوە (٢٣٩).

لە راستیشدا شتێکی سەیر بووە ئەم عومەر ئاغایە کەوا نزیکی دار و دەستەکەی پاشا بووە پەنا بەرێتە بەر ریچی میوان تا داوا لە دەزگاکانی میری بکات مڵکەکانی بۆ بگەڕێننەوە. وا دیارە عومەر ئاغا لە سلێمانییەوە تا هەولێر لە گەڵی بووە و لەوی خواحافیزیان لە یەکتر کردووە.

بەراستی ئەوەی لە میانەی یادداشتنامەکانی ریچەوە سەرنجمان دا جێی داخە، لە مێژوودا نموونەی تاڵی لەم چەشنەمان بەرچاو دەکەوی ئەوە روودەدات پیاوێك دڵسۆزی حاکمی خۆی بێت

و بکەوێتە بەر ستەمیشی، عومەر ئاغا بە پێی دیدی ئێمە نموونەی ئەو کەسانەیە کە بە دڵ لەگەڵ بزووتنەوەی کوردایەتی و میرنشینە کوردستانییەکان بووە هەتا ئێستاش نموونەی هەرماوە، ئەوەی ئەمەوی بە (بەکتریای کوردی) ناوبێنم کە دەتوانی لە میانەی بازنەی لە دوای یەك و دەوروپشتەوە دزە بکات وەك ئەو بازنەی بەرد لەسەر ئاو دروستی دەکات، تا کارتێکەرییان بەرە بەرە دەگاتە نزیکترین کەسی حاکم و دواییش حاکم خۆی. ئەو بەکتریایەش لە پاش ئەوەی جێی خۆی دەکاتەوە لەسەر خۆ و بەبی دەنگی چالاکی ئەنجام دەدا تا ئامانجەکانی دەپێکی. دیارە ئامانجیش بەرژەوەندی تایبەتە، لەوانەش ئەو بەرژەوەندییانەی دەگاتە سنووری گوشینی گشت ئەو سیستمە نەك لە پێناو بیروباوەڕدا بەڵکو بۆ نۆکەری کردن بۆ هەر لایەنێك بێت. ئەگینا ئەگەر وا نەبی دەبی هۆی ناخۆشی لە نێوان عوسمان بەگی برای میری بابان و دڵسۆزی راستەقینەی میر لەگەڵ عومەر ئاغای فیداکاری ئەمیردا چی بێت ؟ هەردووکیان دڵسۆزی میرن، لە ئەنجامیشدا هەردووکیان لە لایەن میرییەوە بەر لێدانی توندکەوتن، بۆ ئەوەی دوور بێننەوە و بکەونە بەر رەحمەتی بەکتریای ناو براو تا ئەو سیستمە بە تەواوی بگوشی. ئەوە بوو زەمانێکیش هاتە پێش بابان بوو بە مێژوو نەك هیچی دی.

## غەفوور ئاغای سەرۆکی شارەوانی

سۆن و وێژەکەی نێوان خۆی و غەفوور ئاغای سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بە نموونەیەك داناوە بۆ دیاردەی بلاّو بوونەوەی گومان لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا بە گشتی و کۆمەڵگای شاری سلێمانی بە تایبەت لەو کاتەدا، سۆن هۆی ئەوە سەبارەت بە شاری سلێمانی بۆ باری ئەو گۆشەگیرییە دەگەڕێنێتەوە کە دوچاری شارەکە بووە. ئەم گومانە بە پێی بۆچوونی سۆن لایەنێکی پرسیار ئامێزی رەهای لێکەوتۆتەوە هەر هاونیشتمانییەکی خەڵکی ئەم شارە وای لێهاتووە مافی ئەوەی هەبی لە ئامانج و ناسنامەی هەر کەسێك روو لە شارەکە بکات بپرسی، بەڵام بەرامبەر بەمە سۆن ئەوەی سەرنج داوە تاك لە کۆمەڵگای سلێمانیدا بە رۆڵی خۆی رێگر نییە لە بەردەم ئاشکرا کردنی ئامانجەکانی، بەڵکو ئەوە بە هەڵێك دەزانی بۆ بەرزی و دەرخستنی مافی رێزلێنان. واش دیارە دروستی ئەو زانیارییانەی کە دەبنە زادەی وت وێژ یان پشکنین یان ئاستی راستگۆیەتییان مەسەلەیەکی گرنگ نییە بە گوێرەی ئەوەی ئەو وتووێژە بە ئەنجام بگەیەنرێت دووریش نییە ئەو کەسەی بە سەردان هاتووە ببێتە جێی رێزو بە گەرمی



بەخێربهێنرێت و لێبکری و ناوبانگی لە شارەکەدا بلاّو بێتەوە و دواییش ببی بە یەکێك لە خەڵکی شارەکە.

غەفوور ئاغا سەردانی سۆنی کرد، نەچووە ژوورەوە تا جووتە پێڵاوە نوێیەکەی بەغدای لە پی دانەکەند، بە فارسییەکی نایابیش بەخێرهاتنی کرد. جگەرەشی پێشکەش نەکرد تا بە بی پێشەکی پرسیارەکانی ئاڕاستە نەکرد، ئەم دەقەی خوارەوەش تەواوی وت ووێژەکەی نێوان غەفوور ئاغا و سۆنە، کە بۆ گەیشتن لە ناسنامەی تەواو ئەنجام دراوە میوان پرسیاری ئاڕاستەکرد.

- خەڵکی کام ولاّتی ؟
- فارس
- کام شار؟
- شیراز
- ئایا خەڵکی سلێمانی لە شیراز زۆرن ؟
- نا، کەسی تیا نییە.
- ئایا دەگەڕێیتەوە بۆ ولاّتی فارس ؟
- ئێستا نازانم.
- چۆن ئێستا نازانی ؟ کەسێك هەیە نەزانی بەرەو کوی دەڕوات ؟
- چونکە هێشتا نەخشەکەم بۆ روون نەبووەتەوە.
- لێرە بمێنەوە، باشترین شوێنە، ئاو و هەوای پاك، خەڵکێکی باش.
- پیشەت چییە ؟ ئایا پزیشکی ؟
- نا، بۆ ؟
- جل و بەرگت هیّ ئەورووپیانە، تەنها لایقی پزیشکە.
- ئایا بازرگانی ؟
- بەڵی رەنگە ئەوە بم.
- چ کالاّیەك دەفرۆشی ؟
- کوتاڵ و شتی لەو جۆرە.
- سابوونی بۆن خۆشت هەیە ؟
- نا، بۆ ئەم پرسیارەت ئاڕاستە کردم ؟

- چونکه بازرگانێك پێش بیست ساڵ لە موسڵەوە سابوونی بۆن خۆشی هێنابوو، بەلاّم لێرە رەواجی نەبوو.
- بۆچی ؟
- چونکە لەو کاتەدا بەکار نەدەهێنرا، سەرباری ئەوەش ئەگەر منداڵان بۆنیان بکردایە دەمردن.
- ئایا منداڵانی سلێمانی بە بۆن دەمرن ؟
- بەڵی فێری نەبوونە، ئەم پێڵاوەت لە کوێ کڕی؟
- لە کەرکووك.
- بۆ ئێرە ناشی چونکە قەیتانی پێوەیە.
- ئەنجا پرسیاری دیکەی ئاڕاستەکرد.
- ئەم سەندووقانە چییان تیایە ؟
- جل و بەرگ.
- هیچیان تیا نییە بۆ فرۆشتن ؟
- نا.
- تۆ چۆن بازرگانێکی نە کاڵا و نە بارت هەیە ؟
- من چاوەدەبڕمە نموونەکان، چونکە هیچ بازرگانێکی ژێر کاڵای نوی ناهێنی ئەگەر دڵنیا نەبی رەواجی هەیە.
- تۆ راست دەڵێیت، بەلاّم ئەم سەندووقانە چییان تیایە ؟
- پێم وتیت جل و بەرگ.
- ئەم سەندووقانەت لە کوێ کڕی ؟
- لەندەن.
- لە لەندەن، بۆچی چووی بۆ ئەوی ؟
- ئیشم هەبوو.
- چ جۆرە ئیشێك ؟
- ئیشی تایبەت، هەر ئیشێکیش وردەکاری خۆی هەیە.
- ئەوە راستە، بەلاّم من هاتمە ئێرە وەك دۆستێك پێت بڵێم پێویستە لەم (خان)ە دانەبەزی، لایقی تۆ نییە.



سۆن دەڵێت : ئارامم لێبڕا، رەوتی قسەکانم گۆڕی، دەستم کرد بە پشکنینی شتەکانم و لێم پرسی.

- بۆ ئەنگوستیلەی پیرۆزەدار لە پەنجە دەکەیت ئەوە لە وڵاتی ئێمەدا شیاو نییە.
- تۆ وەك دۆست هاتییە ئێرە، بۆچ ئەم پرسیارە ناشیرین و بی فەرانەم ئاڕاستە دەکەیت ؟

ئەمەی بە زمانێك گۆ کرد کە دەربڕین بوو لە ئازار و بێزاری، سۆن دەڵێت : وەلاّمم دایەوە و وتم، چونکە لە وڵاتی ئێمەدا لە شیراز پەندێکی باو هەیە دەڵێت : ئەوەی خەڵکی نەناس یان نامۆ بە پرسیار بێزار بکات، قسەی ناخۆش و ناشیرینی ئاڕاستە دەکرێت. ئەوەبوو عەبا سیدارەکەی کۆکردەوە و رووی وەرگێڕا و بەپەلە و بە بی خواحافیزی بە جێی هێشتم. پاش پێنج دەقیقەش خاوەن خانەکە بە رووی گرژەوە هاتە بەر دەرگا و وتی ئەم میوانە غەفوور ئاغا بوو سەرۆکی شارەوانی و لە هەمان کاتیشدا خاوەنی خانەکەشە(٢٥٦-٨).

## کەیخوسرەو بەگ

ریچ لە پاش حەفتەیەك دوای ئەوەی گەیشتە سلێمانی لە کۆڕی پاشای سلێمانی چاوی بە کەیخوسرەو کەوت. ریچ دەربارەی ئەو دیدارە دەڵێت : لە نێو ئامادەبووانی ئەو کۆڕەدا کەیخوسرەو بەگی سەرۆکی هۆزی جافی لێبوو کە هۆزێکی بەهێز و جەنگاوەرە، بەگ پیاوێکی جوان بوو، دیاربوو من یەکەمین ئەورووپی بووم ئەوم بینیبووی، چونکە ئەو کە منی بینی سەری سوڕما، بەلاّم بەزەقی یان وەك نەدی و بدی چاوی بڕیە نێو چاوم (٧٦).

وا دیارە ریچ بە دەس پەتای چاوبڕینە نێو چاوەوە نالاّندوویەتی کە بە داخەوە لە نێو خەڵکدا باوە، هەرچەندەش لە نێو رۆشنبیرەکاندا کەم بووەتەوە، بەلاّم بە گشتی ئەم دیاردەیە تەنها تایبەت نییە بە کوردەوە یان هەر لە نێو کورددا باو نییە، بەڵکو لە نێو گشت کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا باوە (٧٦).

کەیخوسرەو بەگ لە دوای یەکەمین دیداری لەگەڵ ریچ بە دوو رۆژ سەردانی کرد، ریچ لە یادداشتنامەکانیدا کە لە دوای ئەو دیدارە تۆماری کردووە دەڵێت : پیاوانی ئەم هۆزە رووخۆش و زیرەکن، تەنانەت لە نێو کوردەکانیشدا بە کۆچەر ناسراون. وا دیار بووە کەیخوسرەو بەگ پیاوێکی هێمن بووە، لە سەرخۆ هەنگاوی ناوە لە پاش سێیەمین دیداریشی لەگەڵیا ریچ دەڵێت : وا دیاربوو منی بە دڵ بووە، بەلاّم هیچمان لە زمانی یەکتر نەدەگەیشتین ئەوە بوو لە پاش

نەختێك بێدەنگی گوێم لیبوو هەندی وشەی گۆ کرد من درکم بەوە نەکرد لەگەڵ منێتی، بـەلاّم کاتێك دووبارەی کردەوە زانیم لەگەڵ منێتی بۆیە سەرم لێی نزیك کردەوە. لەو کاتەدا مەحموود مەسرەف خۆی تێگەیاندو و بە تورکی لەگەڵ مندا قسەی کرد و وتـی: کەیخوسـرەو بـەگ زۆری ئارەزوو لێیە سەردانی بکەیت و لە نێو هۆزەکەیدا پێشوازیت لێبکات.

ڕیچیش دەربارەی داواتەکەی کەیخوسرەو بەگ وتوویەتی : تا رادەیەك پێی خۆشە ئەو داوەتە قبووڵ بکات هەرچەندە هۆزەکەی لێرەوە دوورە و دەکەوێتە سەر چیاکانی سەر سنوور و مـاوەی شەش رۆژ رێگایە (٨٤).

ڕیچ داوەتەکەی کەیخوسرەو بەگی بەجی هێنا و لەو بارەیەشەوە دەڵێت: پێش ئەوەی بگـەین بەگ بە سواری ماینێکی جوان پێشوازی لێکردین ئەوە جوانترین ماین بوو لە میانەی ئەو چەند ساڵەدا من بینیبووم.

هەرسی کوڕەکەی و برازاکەی لەگەڵ بوو، باری دەروونی بەگ زۆر باش بوو لـەو وەختـە بـە باشتر هاتە پێش چاوم کە لە سلێمانی بینیم، جل و بەرگی جوان بوو پاڵتۆیەکی ئەسـتەمبوولی نایابی قۆپچە زێڕی لەبەربوو کە دیمەنەکەی پتر جوان کردبـوو. رەشمـاڵی بـەگ لـە مـووی رەش دروست کرابوو بەرز و بەرین بوو، بە حەسیر دەوری گیرابوو، بەگ بۆ ریـچ دەوارێکـی تـەرخان کردبوو بۆ ئەوەی پێشوازی میوانەکانی خۆی تیا بکـات، هـەروەها ژنـانیش بـەرێزێکی زۆرەوە پێشوازیان لە ژنەکەی ریچ کرد بەگە گەنجەکانیش ئەو نیوەڕۆیە مانۆڕێکیـان بـە ئامـادەبوونی ریچ و خێزانەکەی نمایـشکرد بـۆ دەرخـستنی بـەهرە و تواناکانیـان. بـۆ رۆژی دوایـیش ریـچ خواحافیزی لە خانەخوێکەی کرد. لەو بارەیەشەوە دەڵێت: هەرگیز ئەو میواندارییە بـە شـکۆیە لە یاد ناکەم (١٣٢).

### محەمەد (قازی محەمەد)

ئیگلتۆن باسی ئەوەی کردووە کـە قـازی محەمـەد سـەر بـە خێزانێکـی دادوەرو باوکیـشی قازییەکی زۆر بەرێز بووە.

سەرەتا خوێندنی لای مەلا و لە حوجرە دەست پێکردووە، ئـەوەش لـەو سـەردەمەدا تاکـە شـێواز بـوو بـۆ فێـر بـوون، بـەلاّم وەك رۆشـنبیر سـوودی لـە بـاوکی بینیـوە، هـەروەها لـە کتێبخانەکەی کە چەندین کتێبی بە زمانی جیاجیا لە خۆ دەگرت.



پێش ئەوەی ببی بە قازی سەرۆکی دەزگای ئەوقاف بوو لە مهاباد. کاتێکیش بوو بە قـازی ناوبانگی بلاّو بووە و رێزی خۆی سەپاند و خەڵك بە گوێیان دەکرد، بە پێی نەریتیش ماڵەکـەی ببوو بە پەناگەی پیاوکوژو تاوانبار، کچ و ژنی لێقـەوماو، قـازی دوورە پـەرێز نـەبوو، بـەڵکو پیاوێکی کۆمەلاّیەتی بوو، وێـرای ئـەو بۆشـاییانەش لـە ژیـانی رۆشـنبیریدا هـەبوون، قـازی موحەمـەد بـە پێـی پێوەرەکـانی مهابـاد بـە مرۆڤێکـی رۆشـنبیر دەدرایـە قەڵـەم ئەرکـە ئایینییەکانیشی رێگر نەبوون لەبەردەمیدا بۆ بنیات نـانی تێڕوانینێکـی پێـشکەوتن خوازانـە لەسەر ئاستی ئابووری و رامیاری و پێوەندی کۆمەلاّیەتی.

لەڕووی کەسێتییەوە قازی وێڕای ئەوەی خاکەراییی بـوو ئـارەزووی خـەڵکی دی لـە ژیـانی گشتیدا لەبەر چاو دەگرت، بەلاّم سیمای سەرسەختی و جۆرێك لە دیکتاتۆری پێوە دیاربوو.

قسەزانێکی نایاب بوو، لە بەکار هێنانی رستەی کورتدا راهاتبوو، قسەی زاڵ و چالاك بوو، لە میانەی قسەکردندا و لە نێو هەر دوو یان سی یان چوار وشەدا وچانێکی دەگرت.

قازی هەمیشە لەگەڵ بیانییاندا رێزدار بوو، لە بۆنەکاندا بە دەگمەن لە مهابـاد سـەردانیان دەکرد، بە تایبەتیش پێی خۆشبوو پێوەندی دۆستایەتی و هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەمەریکاییەکانـدا ببەستی.

موژدەبەرە لۆسەرییەکان و پویشکە ئەڵمانییەکان کەوا لـە شـارەکەدا دەژیـان وەك دۆسـت تەماشایان دەکرد. کاتێکیش مەترسی هێرشی هۆزەکانی ساڵی ١٩٤٢ بـوو بـە واقیـع خـاتوو داهێل کە تاکە ژنی ئەورووپی بوو لە شاری مهابـاد ناچـار بـوو بەشـەوان کـوڕە لاوەکـەی لـە ماڵەکەی قازی بشارێتەوە.

پاشانیش بەرە بەرە پێوەنـدی لەگـەڵ دۆسـتە رووسـەکانیدا زیـادی کـرد لـە ئەنجامیـشدا پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەورووپای رۆژئاوا و ئەمریکا بوو بە جێی بایەخی (٣١).

ئیگلتۆن لە بابەتێکی دیکەی کتێبەکەیدا باسی ئەوەی کردووە کە پـارتی کۆمەڵـە دوو دڵ بوونە داوای لێبکەن بچێتە ریزی رێکخراوەکەیانەوە.

لـە میانـەی دوو سـاڵی دامەزرانـدنی پـارتی حکوومەتـدا گرفتێـك لـە گـۆڕی بـوو، چارەسەرنەکرابوو ئەویش ئەوەبوو. ئایا دەشی پرسیار لە قازی محەمەد بکری کەوا کەسێتییەکی سەرکردەیە لە مهاباد بچێتە ریزی پارتەوە یان نا؟

ئەگەریش ئەو داواکارییەی ئاراستە کرا ئایا قایل دەبی یان رەفزی دەکات ؟

ژمارەیەك لە ئەندامانی لیژنەی کۆمیتەیی لەبەر هۆی کەسیی نەیاری ئەوەبوون قبووڵ بکری، بەڵام لە ناوەرۆکی ڕێنمایی و بەرنامەکەیاندا دەقێك نەبوو قبووڵ یان قبووڵ نەکردنی دووپات بکاتەوە. هەروەها شتێك لە گۆڕی نەبوو بۆ ڕێگا نەدان بەو ئەندامانەی ئارەزوویان لێیە بچنە ریزی پارتەوە بانگ بکرێن و سوێند بخۆن، بەو شێوەیە قازی لە ڕۆژێکی مانگی تشرینی یەکەم (ئوکتۆبەر) ی ١٩٤٤ بانگکرا بۆ ماڵی ئەحمەد ئیلاهی کە ٢٤ ئەندامی تیا ئامادە بووبوون و سیمای توڕەیی و گومانیان پێوە دیار بوو.

بۆ ئەوەش ناسنامەی گشت ئەو ئەندامانە لای قازی ئاشکرا نەبی بڕیاریان دا دووانیان ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرن، ئەوەبوو قاسم قادری و قادر مودەڕسی ڕێککەوتن لە ژوورێکی سەربەخۆدا پێشوازی بکەن و قسەی لەگەڵ بکەن ئەگەر قایل بوو ئەوە بیبەن بۆ لای ئەندامەکانی دی تا سوێندی دڵسۆزی بخوات ئەگەریش ڕازی نەبوو دەبی ماڵەکە بەجی بهێڵی، بەڵام قازی بە دڵ ئەو پێشنیازەی قبووڵ کرد و بەو شێوەیەش بوو بە ئەندام.

پاشانیش، وێڕای ئەوەی قازی بە ئەندامی لیژنەی کۆمیتەیی هەڵنەبژێردرا بوو، بەڵام ڕێبەرو دەنگی دەنواند (٣٩).

باسی دامەزراندنی کۆماری مهاباد و چۆنێتی ڕووخاندنی لە بەشێکی دیکەی ئەم کتێبەدایە، لەبەر ئەوەش لەم بەشەدا تەنها باسی ناودارانی کورد دەکەین، بۆیە هەر ئەم لایەن دەبێتە جێی بایەخمان، بەڵام پێویستە ئەوە بدرکێنین کە قازی محەمەد لە ٢٢ ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ دامەزراندنی کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند، کاتێکیش پاش ساڵێك لە دامەزراندنی ئەو کۆمارە ڕووەو ڕووخان بووەوە جەنەڕاڵ هەمایۆنی کە بۆ ئەو مەبەستە گەیشتە مهاباد فەرمانی دا گشت ئەندامانی لیژنەی کۆمیتەیی پارت و سەرۆکە ناودارەکانی کورد و نزیکەی ٤٥ کەس لە گەورە پیاوانی ئەو کۆمارە بانگێشتی دەزگای شارەوانی مهاباد بکرێن.

هەمایۆنی داوای دەفتەری چەکە دابەشکراوەکان و بەڵگەنامەکانی دیکرد، کە بە ئاگری گەرماوی گشتی لە شاری مهاباد سووتێنرابوون و لە خۆڵەمێش زیاتر هیچیان لێنەمابووەوە.

بەڵام ئەو باوەڕی بەم وەڵامە نەبوو.

قازی محەمەد لەو کۆبوونەوەیەدا (کە دەس بەسەر بوو) ڕایگەیاند کە ئەو بەرپرسە لە گشت ئەوەی ڕووی داوە، دیارە مەبەستیشی ڕزگارکردنی هاوڕێکانی بووە، بەڵام ئەوەی ڕووی دا پێچەوانەبوو گشت ئەوانەی هۆڵەکەیان بەجی هێشت بەندکران (١١٦-٧).



بۆ پەنجەخستنە سەر هەندی هەڵوێستی مەردانەی دیکەی قازی محەمەد بێجگە لەوەی ئاماژەمان بۆ کرد سەبارەت بەوەی لە پێش جەنەڕاڵ هەمایۆندا ڕایگەیاند کە خۆی بەرپرسە لە گشت ئەوەی ڕوویداوە. ئەمانەوی هەندی هەڵوێست بخەینەڕوو لەوانەی ئینگلتۆن باسیکردووە. وەك ئەوەی دەڵێت : کاتێك مەسەلەکان ئاڵۆز بوون و ڕووخانی مهاباد گومانی لەسەر نەما لە پاش ئەوەی یەکێتی سۆڤێتی ئەو کاتە ڕازی بوو بە ڕووخانی ئازربایجان، هەندی لە کارگەرانی پارت ویستیان مهاباد بەجی بهێڵن و پەنا بەرنە بەر عێراق و یەکێتی سۆڤیەت، قازی محەمەدی (سەرۆك کۆمار) ڕازی بوو بە ڕۆیشتنیان لەگەڵ هەڵگرتنی گشت زخیرە و پێداویستییەکدا، بەڵام ئەم ئاگاداری کردنەوە کە مهاباد بەجی ناهێڵی، ئامانجییشی ئەوە بوو بکۆشیٚ بۆ پاراستنی هاونیشتمانانی شارەکە (١١٣).

هەڵوێستێکی دیکەشی ئەوە بوو کاتێك دادگا داوای لێکرد پارێزەرێك بۆ خۆی ڕاسپێرێت بەرگریی لێبکات، داوای دوو پارێزەری کرد کە لە تاران بوون، ئەفسەری سوپاش بوون و باشترین دوو شارەزاش بوون لە بواری یاسادا، بەڵام پێیڕاگەیەنرا کە نابی پارێزەر لە دەرەوەی دادگاوە بهێنرێت، چونکە هێنانی پارێزەر لە تارانەوە دەبێتە هۆی دواخستنی دادگاکە، دووریش نییە چەند جارێك دوا بخرێت، بە هەمان شێوەش ئەگەر داوابکات لەندەنەوە پارێزەری بۆ بێت ئەمە ئەوە ئەگەیەنی دادگاکە ئەنجام نادرێت. قازی محەمەد وەڵامە چەپەڵەکەی دادگای نەهێشت بە ئاسانی تێپەڕی و لەو بارە سەختە و کاردانەوەی ئەوەبوو وتی : ئەگەر بەو ڕادەیە نزیکی لەندەن بوایە ئەم دادگایەی ئەمڕۆ دەست بەکار نە ئەبوو. بەمەش ئەوەی دەرخست کە زیرەکی و ژیری و زەریفی و بەهرەی دوان و وتووێژی ڕووبەڕووی لە دەست نەداوە (١٢٢).

لە دادگادا نامەکەی بۆ فەرماندەی سەربازی خوێندرایەوە کە شیعری فیردەوسی تیابوو، تیایدا دەڵێت :

" ئێمە ئەوە بە باشتر دەزانین لە دوای یەك بمرین نەوەك نیشتمان بدەینە دەست دوژمنەوە ."

دواییش لە نامەکەیدا ڕوو لە فەرماندەی سەربازی دەکات و دەڵێت : ئێوە لە جەنگدا دوو بەیتەکەی فیردەوسی دەشێوێنن و بەم شێوەیەی لێدەکەن.

یەك لە دوای یەك پشت لە دوژمن بکەین باشترە لە مردن لە پێناو نیشتماندا " (١٢٥).

## محەمەد پاشای میری رواندز

لەو گەشتەی فرێزەردا بۆ بەغدا ساڵی ١٨٣٤ رۆژانەکانی تۆمارکراوە کەوا دوکتۆر رۆس دایڕشتوونەتەوە و فرێزەر خستوویەتییە نێو یاداشتنامەکانیەوە.

دوکتۆر رۆس کە پزیشکی جێگیری بەریتانیا بووە لە بەغدا ساڵی ١٨٣٣ لەسەر داخوازی محەمەد پاشای میری رواندز سەردانی رواندزی کردووە بۆ تیمار و چارەسەرکردنی چاوی باوکی محەمەد پاشا کە گلی کردووە. میر داخوازییەکی ئاراستەی کۆڵێنێل تایلۆر کرد کە بریتانییایەکی نیشتەجێی بەغدا بوو بۆ ئەوەی پزیشکێکی بۆ بنێری بۆ تیمارکردنی چاوی باوکی پاشا، ئەوەبوو دوکتۆر رۆس بەم ئەرکە راسپێررا و بەکاروانێك کە مامی میر بایەزید بەگ سەرکێشی بوو لە بەغداوە بەرەو رواندز کەوتە ری.

پاشا پێشوازییەکی باشی لێکرد، بەلاّم بە ئەنقەست لە شوێنەکەی خۆی هەڵنەسا، بەڵکو هەر بە دانیشتنەوە بەخێرهاتنی رۆسی کرد، بەلاّم پاشان یەکێکی بۆ نارد لەبەر ئەو هەڵوێستە داوای لێبوردنی لێبکات، پاکانەشی ئەوەبوو محەمەد پاشای رواندز لەو ساتەدا کۆمەڵێك خەڵکی لە دەور دانیشتوون کە لەم دوایەدا و پاش تەقەللایەکی زۆر ملکەچ کراون، چونکە راوەستانی ئەو لەوەکاتەدا لە دیدی ئەواندا نیشانەی یەکسانییە لە نێوان ئەو و پاشادا رەنگە ئەو شێوە دان پێدانانەش لە بەرژەوەندی ئەودا نەبی.

لەو باوەڕشداین هۆیەکی دیکەش رۆڵی گێڕابی چونکە لە هەندی رەوەندی بیانییەوە نیشانەی ئەوەمان پێگەیشتووە کە هەندی لە سەرۆکانی کورد لەبەر ئەوەی موسوڵمان بوونە نەیانویستووە تۆقە لەگەڵ بیانییە مەسیحییەکاندا بکەن، هەر بۆیەش پاساوی جۆربەجۆریان هێناوەتەوە بە تایبەت لە یەکەمین دیداردا، هەر بۆیەش ئەو سەرۆکانە تەکتیکی هەمە جۆریان بەکار هێناوە لەو دیاردەیە رزگاریانبێت وەکو ئەوەی بە ئەنقەست کارێکی وایان کردووە لەو کاتەدا کە چاوەڕوان بوونە ئەوان بێن بۆ لایان ئەمان ژوورەکەیان بە جێهێشتووە تا کاتێك بێنەوە ئەوان دانیشتبن و لە پێشیان هەستن (٢٣).

ئەم هەڵوێستە بە پێی بۆچوونی ئێمە لەسەر بناغەیەکی ئایینی بەند نییە، چونکە یەزدانی مەزن لە قورئانی پیرۆزدا دەڵێت : (وكرمنا بنى ادم) بۆیە ئەمە لە بۆچوونێکی هەڵە زیاتر نییە.

رۆس بۆچوونەکانی دەربارەی پاشای کوڕەی میری رواندز تۆمار کردووە و دەڵێت : مرۆڤێکی رووخۆشی و خێرخوازە تەمەنی نزیکەی ٤٥ ساڵانە پێستی سپی و شوێنەواری



ئاوڵەی لەسەرە و چاوێکی کوێرە و کەوتۆتە قووڵاّییەوە، ریشی درێژە و دەگاتە دوازدە ئینج و رەنگیشی قاوەییە نیوەی دانەهێناوە، بۆیە تەڵەکانی تێکەڵی یەکن.

بەلاّم لە لایەکانی دیکەوە جل و ئەندامی رێکن و قاچێکی کاتی خۆی بەر لەقەی ماین کەوتووە بۆیە دەشەلی، هەروەها ئاخاوتنی لەسەر خۆیە. ئەمە لە نامەکانی فرێزەردا هاتووە.

لەگەڵ دوکتۆر رۆسدا پتر لە جارێك گفتوگۆی دوور و درێژیان هەبووە و بە زۆری بابەتی گشتییان باسکردووە. پرسیاری دەربارەی شێوەی فێرکردنی لە ئینگیلتەرە لێدەکرد، هەروەها ئایینی خەڵکی چین و هیندستان، ئارەزووی ئەوەی دەکرد پێوەندی نێوان بەریتانیا و ئێران و رووسیا بزانی چۆنە، پاش ئەوەش لە بۆنەی دیکەدا شتی دی لێپرسیوە وەك بەکارهێنانی دەرمان و کارتێکەریی، یان چۆنێتی لێدانی دڵ لە کاتی نەخۆشیدا هەروەها دەربارەی نەخۆشی کۆلێرە و تاعوون و هی دی پرسیاری لێکردووە، دوای ئەوەش بابەتی جەنگی لێپرسیوە، دەربارەی دەمانچە و تفەنگ پرسیاری لێکردووە، تفەنگێکی کۆنی ئینگلیزی دوو لوولەیی لەگەڵ دووربینێك و یەك چەتر و قەرەوێڵەیەکی دار و پێداویستی دەوارێکی پیشان داوە.

رۆس دەربارەی ژیانی میری رواندز شتی دیکەشی باسکردووە، دەڵێت : رۆژانە دوو کۆبوونەوەی بە ئەنجام گەیاندووە یەکێکیان پێش نیوەڕۆ ئەوی دیکەشیان بەشەو لە نێو دەوارێك لە نزیك دەوارەکەی خۆیەوە دادەنیشتن. پێش گزنگی بەیانیش نانوی و پاش ئەوە تا کاتژمێری نۆ یان دەی بەیانی دەخەوی. پێشنوێژی شێوانیش بە چارەکە سەعاتێك تیمی مۆسیقا پارچەیەك مۆسیقای مارش دەژەنی لە کاتی نوێژیشدا تۆپچی گوللە تۆپێك دەهاوی.

رۆس باسی ئەو سەربازگەیەی کردووە کە لە دەوری میر بووە، ئەنجا باسی ئەوەی کردووە چۆن رواندزی بەجێهێشتووە. دوکتۆر رۆس سوودی لەو هەلە بینیوە و لە دوو ناوچەی سیاسی جیاوازدا گەڕاوە ناوچەیەك میری کورد حوکمی کردووە کە ئەویش میری رواندز بووە و ناوچەیەکی دیکەش کە تورك حوکمی کردووە.

فرێزەر دەربارەی رۆس خۆیشی دواوە و دەڵێت : لەو تاوەدا کە گەیشتە ئەو ناوچەیەی لە ژێر حوکمی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو داوای بەخشیشیان لێکرد، لە دوای ئەوەش هەرچی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو بردیان ئەنجا ئەو حەرامزادانە هەر بەو نیازەوە دوای کەوتن تا گەیشتنە ئەو شوێنەی لێی دابەزی، بەلاّم لە سنووری رواندزدا هەرگیز ناوی بەخشیشی نەبینیووە، هەر بۆیەش دوکتۆر رۆس لەگەڵێك بواردا حکوومەتی عەلی پاشای لە بەغدا لەگەڵ حکوومەتی میری رواندزی کوردیدا بەراورد کردووە و لە ئەنجامدا ئەوەی بۆ ساغ بووەتەوە حکوومەتی میری رواندز چاکتر

بووە، هەروەها ئاماژەی بۆ گەلێك كاری خیانەتكاری عەلی پاشا كردووە كەچی ئەوەی دووپات كردۆتەوە گشت لایەك ڕێز و نەوازشیان بۆ میری ڕواندز دەربڕیوە (١٧-٢٥).

## محەمەدی كۆیی

میستەر هەی وای باسكردووە كە پیاوێكە لە ناوەڕاستی تەمەن و باڵابەرزو زانایە. قسەی زۆر كردووە، هەر بۆیەش لە هەركوی بووبی لە كاتی گفت و گۆدا نۆرەی بە كەس نەداوە، لە رووی بەهرەوە بەختەوەر بووە، هەمیشە شانازیی بەوەوە كردووە كە زاناترین زانای كوردستانە، ئەوەشی بە دیاردەیەكی چینەكەی خۆی زانیوە، حاكمی شەرعی شاری كۆیەی ژێر دەسەڵاتی حوكمی بەریتانیا بووە، وێڕای ئەوەش كەس گومانی لە زانستەكەی نەبووە، بەڵام مایەی قسە و باسی خەڵك بووە، گوایە كابرایەكی رووحانییە بۆچی دوای دنیای بابردوو كەوتووە ؟ (١٦٤).

## مەحموود پاشای میری بابان

ڕیچ كە بۆ یەكەمجار لەشكری مەحمود پاشای میری بابانی بینیوە دەڵێت : لەشكرێك بووە لەسەر شێوەی سەرەتایی، بەڵام خۆشی بەخش، پاشا خۆی بە تەنها لە نێو ئەو كەوكەبەیەدا سواری ماینێك بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر كورتەباڵا بووە لە نێو كوردە باڵابەرزەكانی دەوروپشتیدا بەرچاو نەئەكەوت.

تەمەنی سی و پێنج ساڵ بووە، پاشا بەوپەڕی شكۆوە وەڵامی سڵاوی پاسەوانەكانی داوەتەوە و دەستی خستۆتە سەر سنگی. لە میانەی یادداشتەكانی ریچەوە ئەوەش دووپات بووەتەوە كە پاشا بۆ ڕێزلێنانی زیاتر بە هەردوو دەستی تۆقەی لەگەڵ میوان كردووە.

ڕیچ سەرنجی بۆ ئەوە چووە كە پاشا زیاد لە پێویست ڕێزی بۆ بەرامبەر دەربڕیوە زۆرجاریش ریچ هەوڵی لەگەڵ داوە بە شێوەی ئاسایی دانیشی، چونكە پاشا زۆر جار خۆی سەغڵەت كردووە و بە شێوەیەك دانیشتووە كە بتوانی قورسایی لەشی بخاتە سەر قاچی و لە ڕێز و نەوازش دەربڕی (١٥٠-١). ریچ چەندین جار سەردانی كوردستانی كردووە و پاشا ڕێزی زۆری لێناوە، تەنانەت گەلی وشەی جوان و ناسكی رۆژهەڵاتیشی بۆ ئەو مەبەستە بەكارهێناوە.



ڕیچ باسی ئەوەیكردووە كە نامەیەكی زۆر ناسكی لە پاشای بەغداوە گەیاندووە بە مەحموود پاشا، ریچ ویستوویەتی لە پێش دۆست و پێوەندەكانی نامەكەی بداتی لەم بارەیەوە دەڵێت : پاشا دركی بەو بایەخ پێدانە كرد (٥١).

دیارە ریچ ویستوویێتی پایەی پاشا لە بەردەم دەست و پێوەندەكانی بەرز بكاتەوە، چونكە ئاگای لێبوو دژی پلان ڕێكدەخرا، بۆیە حوكمەكەی روو لە لاوازی بوو، چونكە گەلێك هۆكار لە گۆڕی بوون بۆ لاوازبوونی دەسەڵاتەكەی لەوانەش باری سەر سنوور كە لە دوو لاوە كەوتبووە بەر هەڕەشەی تورك و فارس، لە لایەكەوە ئێران باجی دەخستە سەر و توركیاش دەیویست پێوەندی لەگەڵ ئێران ببڕی كە ئەوان خۆشیان لە نێوان یەكدیدا دوو جەمسەری دژی یەكبوون، لەسەر ئاستی ناوخۆش كاری خیانەتكاری و پلانگێڕی لە گۆڕی بوو بۆ هەرەس پێهێنانی ئەم میرنشینە.

ڕیچ دەڵێت : لە كەسێتی مەحموود پاشادا هیچ دیاردەیەكی تایبەتی نەبوو، پیاوێكی ساكار بوو، هەموو ئاكارێكی بەرزبوو، هیچ گومان لەسەر رەوشتی نەبوو، ئەمەش ئاسایی نەبوو لە نێو كوردەكاندا كە دەیانویست پاشا دیاردەی تایبەتی هەبی (٥٢).

نازانین ریچ بۆچی ئەم دیدو بۆچوونانەی لەسەر كورد تۆماركردووە (١١). هیچ پاساوێكیشی بۆ نییە تەنها ئەوە نەبی پێش ئەوەی بگاتە كوردستان ئەوەی لا بەرجەستە بووە، بەڵام لە میانەی ئەو چەند مانگەدا كە لە كوردستان بووە دیدو بۆچوونەكانی گۆڕاون بۆیە گەشتەكەی بەم دەستەواژەیە كۆتایی پێدێنێت :

من بەداخێكی گەورەوە كوردستان بەجی دێڵم ئەو شوێنەی خەڵكەكەی بە بەراورد لەگەڵ تەواوی رۆژهەڵاتدا باشترینیانن.

لە میانەی یەكەمین سەردانی ریچەوە بۆ كۆشكی پاشا دەتوانین ئەم دیدو بۆچوونانە دەسنیشان بكەین. ریچ ئەوەی دووپات كردۆتەوە كۆشكی پاشا ناشی ببی بە كۆشكی حاكم (٥٦). ریچ ئەوەشی سەرنجداوە كە پاشا بە باسی هۆزەكەی و ستایشی بنەماڵەدێرینەكەی گەش بووەتەوە (٥٧).بەڵام لە هەمان كاتیشدا پاشا بە مێژووی بنەماڵەكەی دووچاری خۆ بە زل زانین نەبووە، ئەوەی ویستووە بنووسرێتەوە، ئەمەش لە میانەی وەڵامێكی پاشاوە دەردەكەوی، ریچ لە كاتی لێكۆڵینەوەی مێژووی كوردستان، بوێرانە رووی دەمی لە پاشا كردووە و پێی گوتووە كە لای سەیرە كەم ئاگاداری مێژووی خێزانەكەیەتی، كە لەوەڵامدا

بەوپەڕی ساکارییەوە وتوویەتی هێند شایانی نووسین نییە، چونکە مێژووی خێزانێکی شازادە نییە، بەڵکو بنەماڵەیەکی ساکارە.

ڕیچ وەڵامی داوەتەوە و وتوویەتی : بنەماڵەکەی دێرین و شەرەفمەندە. ئەمیش وەڵامی داوەتەوە : مێژووی زۆر دێرین نییە و، کوڕەکانیشی ماوەیەکی زۆر نییە بوونە بە پاشا. ریچ وتوویەتی ئاگاداری مێژووی خێزانەکەیەتی، ئەمە دەست و برد نیشانەی تووڕەبوونی لەسەر دەم و چاوی کێشاوە لە ناخیشیدا بووژانەوەیەکی نائاسایی دروست کردووە وەك — ریچ دەڵێت : - پاشا دوای ئەمە ئەوەی دووپات کردەوە کە هۆگری مێژوو نییە و بێجگە لە مێژووی ئەولیایان مەگەر تەنها شانامەی خوێندبێتەوە (٢١٤).

لەمەی سەرەوەش ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە کە پاشا کەوتۆتە بەر کارتێکەری دوو ئارەزوو لە لایەکەوە شانازی بە هۆزەکەیەوە کردووە کە گەورە و بە ناوبانگە لە لایەکی دیکەشەوە هەستی بە خاکەراییەکی گەورە کردووە هەرگیزیش نەی ویستووە خۆی لە رۆڵەی هۆزەکەی جیا بکاتەوە یان بە بەرزتری بزانی. ئەمە وێڕای هەستی ئایینی کە پتر لە هەر دوو لایەنی سەرکەوتنی کۆمەڵایەتی و هۆزگەری بەسەریا زاڵ بووە، چونکە ریچی لەوە ئاگادار کردووە کە تەنها هۆگری مێژووی پێغەمبەر و پیاوچاکانە.

کاتێکیش ریچ باسی والی سنەی کرد گوایە لە نێو هۆزەکاندا رێزێکی زۆری نییە، ئەمە تا رادەیەك دڵی هەندێك لە دانیشتووانی کۆڕەکەی خۆشکرد، پاشا زیرەك و عادیلانە وەڵامی دایەوە و رای پێچەوانەی پیشان داو وتی والی سنە سەر بە خێزانێکی دێرینە کەچی خۆی واتە پاشای سلێمانی سەر بە هۆزێکە لە نەژاددا ناوی (کرمانج)ە (٥٧).

ڕیچ ئەوەی سەرنجداوە کە پاشا کاتێك باسی مێژووی کردووە نەیتوانیوە مێژووی ڕووداوەکان دیاری بکات، تەنها ئەوەی زانیوە باب و باپیرانی بە ناوبانگ بوونە و پایەی پاشایەتییان بۆ تەرخان کراوە. دەربارەی مێژووی کۆنیش چیرۆکی زەینەفۆن سەرنجی راکێشاوە. ریچ ئاماژەی بەوە داوە کە پاشا کاتێك بیستوویەتی باب و باپیرانی کوردی بەرەو رووی دوژمن بوونەتەوە و بەر سنگی هێرشی دوژمنیان گرتووە گەش بووەتەوە (٧٦).

ڕیچ بەردەوام ئەوەی دووپات کردۆتەوە پاشا پیاوێکی بەخشندە بووەو میوانی خۆش ویستووە. شایانی باسیشە پاشا فەرمانی داوە هەتا ئەو کاتەی ریچ لە سلێمانی دەمێنێتەوە نابی هیچ خەرج بکات، سەرباری ئەوەش خەڵات و دیارییەکی زۆری پێبەخشیوە (٥٣).



ڕیچ لە دووەمین حەفتەی سەردانەکەی بۆ سلێمانی و لە دوای دانیشتنێك لەگەڵ پاشا کە سەعات و نیوێکی خایاندووە سەلماندوویەتی ئەوە خۆشترین ساتی ژیانی بووە، پاش ئەوەش ئەوەی ئاشکرا کردووە کە پاشای زۆر بە دڵ بووە، چونکە هەتا بڵێیت بە رەوشت و خاکەڕا، قسە خۆش و دەم و دووشیرین بووە.

ڕیچ باسی ئەوەشی کردووە کە لە پاشای پرسیوە ئایا بۆچی جلی گوللە نەبڕ لەبەر ناکات لە وەڵامدا وتوویەتی : قورسە بۆی هەڵناگیری(٧٧). ریچ دەڵێت : ئەگەر ئەم پرسیارە ئاڕاستەی زۆربەی رۆژهەڵاتییەکان بکەین وەڵامیان ئەوە دەبی کە حەزی لێناکەن.

لەمەشدا پێچەوانەی رۆژئاواییەکانە کە ئەو جۆرە جلە لەشەڕدا لەبەر دەکەن. لە سەردانێکی پاشادا بینیوویەتی لە نێو گۆڕەپانێکی سەوزاییدا دانیشتووە و ریچی ئاگادار کردۆتەوە کە فەرمانی داوە یارییەکی زۆرانبازی سازبکرێت بۆ خۆشی خستنە دڵی ریچ، بەڵام ئەوەشی بۆ دووپات کردۆتەوە کە هەرگیز دڵی بەو جۆرە مەسەلانە ناکرێتەوە (٩١).

بێگومان ئەمەش ئەوە ئەگەیەنی پاشا کەسێتییەکی دڵ نەرم و ناسك بووە، تەنانەت نەیویستووە یاری زۆرنبازیش ببینی، دیارە لەو کەسانە بووە کە نایانەوی یاری قورس ببینن چونکە لە سەوداکردنی رۆژانەیاندا مەیلەو ناسکی و دڵ نەرمی و سۆزی مرۆڤایەتین ئەمەش بیرو رای ئێمەیە لەرووی زانستی دەروونناسییەوە.

ڕیچ لە میانەی سەوداکردنییەوە لەگەڵ مەحموود پاشا ئەوەی بۆ ساغ بووەتەوە کە هەتا بڵێیت هەستیار و دلسۆز و رەوشتبەرزە لەم بارەیەوە ریچ دەربارەی کاردانەوەی پاشا سەبارەت بە خیانەتەکەی مامی دەڵێت: هەرگیز نایەتەوە یادی پیاوێکی وەك ئەمی بە ئارام و دڵ گەورە و لێبوردە لە هەموو رۆژهەڵاتدا بینیبی (١٠٤).

سەبارەت بە پابەند بوونی میریش بە ئایینەوە ریچ دەڵێت : پتر لەهەر موسوڵمانێکی دی خواپەرستەو باوەڕی تەواوی بە یەزدانە. ئەوەی بۆ گێڕاوەتەوە کە لە کرماشان بارمتە بووە بۆ دووپات کردنەوەی لایەنگرتنی بابی، بەڵام کە باوکی ناچار دەبی پشتگیری لە بەرژەوەندی تورکیا بکات لە بوارێکی تایبەتدا ژیانی ئەم دەکەوێتە مەترسییەوە و شازادە شەو دەنێرێتە دوای بیکوژێ. مەحموود پاشا باسی ئەو دیمەنەی بۆ گێڕاوەتەوە کە جەلادە پیاوە کوژەکە بە دیارییەوە راوەستاوە چاوەڕوانی ئاماژەی شازادەبووە بیکوژێ و ئەمیش لە ترسا لەرزیوە، بەڵام لەو تاوەدا هاواری بۆ یەزدان بردووە و ئەویش چووەتە دەنگییەوە وەك بڵێیت دەنگدانەوەی دەنگی یەزدانی بیستووە کە پێی وتووە ئایا لەسکی دایکت دەرم نەکردی و تا ئەم ساتە لە

مەترسی نەم پاراستی ؟ ئایا ناتوانم لە هەر تاوێکدا بمەوی لە ناوت ببەم ؟ ئیدی ئەم ترسە بۆچی ؟ بە بی توانستی من کەس ناتوانی زەفەرت پی بەری.

دەڵێت : لەو تاوەدا هەستم بە دڵنیایی و پشوو کرد. میریش لە بڕیاری کوشتنەکەم دەستی هەڵگرت و جارێکی دی ناردمییەوە بۆ بەندیخانەکەم (١٠١).

ڕیچ کە لە یادداشتنامەکانیدا ئەم چیرۆکە دەگێڕێتەوە مەبەستی ئەوەیە خوێنەر لەوە ئاگادار بکاتەوە مەحموود پاشا باوەڕی تەواوی بە یەزدانی مەزن بووە.

ڕیچ باسی باری دەروونی مەحموود پاشایشی کردووە کاتێك کوڕی دووەمی کۆچی دوایی کردووە و دەڵێت : کارتێکەرییەکی زۆری لەسەر باری دەروونی هەبوو وێڕای ئەوەش دەیویست پیاوەتی خۆی پیشان بدات و کولانّی نێو دەروونی بشارێتەوە، بەڵام دیاربوو خەریك بوو دڵی شەق بەری، ریچ لای گران بووە بەشداری خەمی نەبی یان ئەو هەستەی لا بەرجەستە نەبێت وەك بڵێیت خۆی دووچاری ئەو کارەساتە بووبی و کوڕی مردبی. ئەوەشی دووپات کردۆتەوە کە هەرگیز تەنانەت لە ئەوروپاش کەسێکی وەك پاشای نەبینیوە هێند ژن و منداڵی خۆی خۆش بوی، هەر بۆیەش خەریك بووە ببورێتەوە و ریچ بە کۆڵێك خەم و خەفەتەوە خواحافیزی لێکردووە(٢١٥-٦). کاتێکیش دوای پێنج رۆژ گەڕاوەتەوە بۆ لای میر وەك چۆن لە مێژووی یادداشتنامەکانیدا دەردەکەوی بینیوویەتی پاشا هێشتا هەناسەی سارد هەڵئەکێشی و خەم دایگرتووە، وێڕای ئەوەش ئەوجارە ریچ بۆ ئەوە سەردانی پاشای کردبوو خواحافیزی لێبکات، بەڵام پاشا ئەو سەردانەی بە هەل زانی بۆ ئەوەی گفت و گۆی ئایینی لەگەلاّ بکات و لە ریچ بپرسی، ئایا چەند جۆری ئینجیل هەیە، چ ئەوەی لە ئاسمانەوە هاتبێتە خوارەوە یان ئەوەی لە لایەن ئادەمیزادەوە بە سروشتی یەزدان نووسرابی ؟ ئایا مەسیحیش دەردەکەوی و دەسەلاّتی دەسەپێنێتە سەر زەمین ؟ یان رۆژی حەشر دەردەکەوی ؟ (٢٢٢).

وا دیارە لەو رۆژانەدا کۆمەڵێك هۆکاری دەروونی بە تایبەت لە پاش مردنی کوڕەکەی و خیانەتی مامی کاریگەرییان لەسەر پاشادا هەبووە بۆ ئەوەی ئارەزووی خۆ دوور خستنەوەی لە بەرپرسیارێتی لا دروست بی، ئەمەش ریچ لە عوسمان بەگی برای پاشاوە بیستوویەتی. ریچ دەربارەی رازی نەبوونی عوسمان بەگ بە بیرۆکەی دوورەپەرێز بوونی پاشای برای دەڵێت : پاشا ئارەزووی لەوە بووە بە ئاشتی بژێی و واز لە میرنشینی بابان بێنی و لەگەڵ ژن و منداڵەکانیدا ژیان بەسەر بەری ئەوەش شەرەفێکی گەورەیە بۆ پاشا کە بە ئارەزووی خۆی واز لە پاشایەتی بێنی (٢١٨).



ئەگەر لە ئارەزووی پاشا وردبینەوە ئەو باوەڕەمان لا دروست دەبی کە پاشا هێز و توانستێکی ئەوتۆی نەبووە بەرەو رووی هەڵوێستی گران بێتەوە کە ئەوەش پێداویستییەکی مرۆڤی سەرکردەی سەرکەوتووە، چونکە ئەوە بەس نییە سەرکردە بە باوەڕو دڵ پڕ بەزەیی بێت، لەبەر ئەوەش میرات گری ئەو بەرپرسیایێتییەی بەخشیبوو بە مەحموود پاشای میری بابان بە بی لەبەر چاوگرتنی توانستەکانی، بەڵام لە راستیدا میرنشینی بابان لەو بارودۆخەدا پێویستی بە سەرکردەیەکی بەهێز و کاریگەر هەبوو کە بتوانی هەڵوێست وەربگری.

ڕیچ سەبارەت بە کەسێتی پاشا دەڵێت : سەرکردەیەکی لاوازە و هەڵەی گەورەشی ئەوەیە رێزی زۆر لە تورکان دەنی، ئەویش لەسەر هەستی ئایینی بەندە.

لاوازی باری دەروونی پاشا بووەتە مایەی سەرسووڕمانی ریچ، ئەوەی لا جێی داخ بووە بە پاشای بەغدا هەڵخەڵەتی تەنانەت ئەوەی پی باش بووە بە (ئەفەندیمز) یان گەورەم ناوی بێنی.

ڕیچ دەڵێت ئەگەر هێز و توانست و بەرژەوەندی خۆی لەبەر چاو بگرتایە گریمانەی ئەوە هەبوو پاشای بەغدا بە گوێی بکات و بە شێوەیەکی گونجاو سەودای لەگەڵ بکات (٢٢٣).

خواحافیزی کردنی ریچ لە پاشا ئاماژەپێکردنێکی روونە بۆ ئەوەی کەسێتی پاشا دڵ پڕ بەزەیی بووە، تەنانەت ریچ دەڵێت کاتێك تۆقەی لەگەڵ کردووە دەنگی نزم بووەتەوە و دەستی لەرزیوە و خەم دایگرتووە هەروەها داواشی لێکردووە جارێکی دی بیبینێتەوە (٢٣٠).

ڕیچ گشت جۆرە رەوشتێکی جوانی لە پاشادا بینیوە و بە مرۆڤێکی خوێنگەرم و رووخۆش و بێگەردی باسکردووە گشت ئەو نیشانانەشی لە میانەی دیدارو گفتوگۆکانی لەگەڵ پاشادا بۆ ساغ بووەتەوە.

بە پێی تێڕوانینی ریچ مردنی کوڕەکەی کارتێکەرییەکی زۆری لەسەر پاشا هەبووە. لەم بارەیەوە دەڵێت : کاتێك بۆ یەکەمین جار دوای مردنی کوڕەکەی چووەتە نێو ماڵەکەی خۆیەوە منداڵێکی برازای بە وشەی بابە بانگی کرد، ئەو هەڵوێستەش هێند کارتێکەریی لەسەر پاشا هەبوو وایلێکرد بکەوێتە سەر زەوی و ببورێتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی ئایینی ئیسلام وەك ریچ دەڵێت خەم و شیوەن قەدەغە دەکات و زێدە هەست و سۆز دەربڕینیش سەبارەت بە ژن و منداڵ لە نێو موسوڵمانانذا پەسەند نییە کە دەبێتە هۆی مەینی هەست و دڵرەقی، ریچ لێرەدا بەرەو رووی مەسەلەیەکی گرنگمان دەکاتەوە ئەویش ئەوەیە دەڵێت زێدە لە هەموو کەسێکی دی بە ئایینەوە پابەند بووە، بەڵام ئەمە ئەوەی بۆ دەستەبەر نەکردووە بتوانی رۆڵی سەرکردە ببینی، رەنگە یەکێکی دی لەو کەمتر لەڕووی ئاکارەوە بەختەوەرتر بوایە، بەڵام بیتوانیبا حوکمی

کوردستانی بکردایە، راستە لە گۆڕەپانی جەنگدا ئازابووە، بەلاّم لە بواری کاروباری سویلییەوە لاوازبووە، ریچ دەلێت ئایین بیرکردنەوەی سنووررێژ کردووە و توانستەکانی دیکەشی کەم کردۆتەوە.

هەر پیاوێك توانیوویەتی ئاڕاستەی بکات، سوپاسگوزاربووە بۆ هەر کەسێك ویستبێتی لە بوارێکدا یارمەتی بدات تەنانەت ئەگەر راشی لەگەڵ جیاواز بی، لە راستیشدا نموونەی مرۆڤی راستگۆ بووە، بەلاّم لەڕووی نەخشە و پلانەوە لاواز بووە، هەر بۆیەش گەلێك لەو کەسانەی پلانیان بۆ رێکخستووە و ئاشکرا بوونە لێیان خۆش بووە و ئەوانیش جارێکی دی هەمان هەڵوێستیان لەگەڵ نواندووە، بۆیە وەك منداڵ سەودایان لەگەڵ کردووە. بۆ وێنە داوود پاشای والی بەغدا هەوڵیدا براکەی هەڵخەڵەتێنی و ئیمارەتەکەی بڕووخێنی، بەلاّم پاشان پێوەندی ئاسایی بووەوە لەگەڵیا و گشتکار و کردەکانی پێشووی لە یاد کرد (٢٣٠-١).

ریچ دەلێت ویستوویەتی هەستی نەتەوایەتی لە دڵ و دەروونیدا بجوولێنی، بەلاّم بێ سوود بووە، ریچ هەستی کردووە کە باسی مێژووی کۆن کەمێك جۆشی پێ دەبەخشی، بەلاّم ئەوە سەراب ئاسابووە، چونکە گشت رەوشتێکی لەسەر ئایین بەند بووە، دوای بێ ئومێدی و واهیمە کەوتووە. شتی پڕوپووچ کاری تێکردووە. ریچ لەو باوەڕەدایە گشت ئەو کەموکورتییانەی بە هۆی ئاییینەوە تووشی بووە.

کار گەیشتۆتە ئەوەی بە جارێك بەرچاوی تاریك بێت و بڵێت خوایە تۆ بۆچی منت کردووە بە حاکم ؟ (٢٢٩).

## مەحموودی حەفید

وێڕای ئەوەی هاملتۆن چاوی بە شێخ مەحموود نەکەوتووە، بەلاّم پێوەندییەکانی لەگەڵ ناسیاوانی شێخ مەحموود و بیستنی هەواڵی ئەم کەسێتییە کوردییە وایلێکردووە بە پێشەوایەکی مەزنی دابنێ کە سێ جار هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە عێراقدا داوە (٦٢).

دەشتوانین لە میانەی کلارکەوە شێخ مەحموود بناسین کە سەرەتا وەك راوێژکار و دواییش وەك نیمچە دیلێك لەگەڵیا ژیاوە، نەقیب کلارك شەوی جەژنی سەری ساڵ چاوی بە هاملتۆن کەوتووە.



لە میانەی ئەم دیدارەوە بێجگە لەوەی هاملتۆن چاوی بە کەسانی دی کەوتبوو لەوانەی لەگەڵ شێخ مەحموودا کاریان کردبوو پێش ئەوەی دەسەلاّتەکەی هەرەس بێنی هەندی بیروبۆچوونی لەسەر ئەو کەسێتییە کۆ کردبووەوە.

هاملتۆن وای دەبینێ کە چیرۆکی شۆڕشی شێخ مەحموود و ئەو تێکۆشانە دوور و درێژەی کەوا سنوور بۆ باوەڕ بوونی بە بەرژەوەندی نەتەوەکەی دادەنێ هێشتا تەواو نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆکێکی درامی پلە یەکە کەوا ورووژانیشی تیایە، هەروەها وتوویەتی ئەو شەوەی چاوی بە کلارك کەوتووە لایەنێکی ئەو چیرۆکەی بیستووە کەوا کلارك یەکی بوو لە پاڵەوانە سەرەکییەکانی بەشێکی.

هاملتۆن دەلێت: کاتێك ئینتیدابی بەریتانی لەسەر عێراق راگەیەنرا، شێخ مەحموود هەستی کرد گشت نەخشە و پلانەکانی کەوتنەبەر ستەم و هەرەسیان هێنا و وتی رۆڵەی نەتەوەکەی چاوەڕوانی ئەوە نین لە سایەی حوکمی بەغدادا پێشبکەون.

ئەوەبوو فەرمانی پاشەکشێی ئەفسەرانی بەریتانیا گەیشت و، تەنها نەقیب کلارك مایەوە و ئەرکی ئەفسەری سیاسی و راوێژکاریی خرایە ئەستۆ. کلارك کاتێکی ناخۆشی بە سەربرد، لەگەڵ شێخدا پێوەندی دۆستایەتی هەبوو، کەچی شێخ سووربوو لەسەر رەتکردنەوەی گشت فەرمانەکانی حکوومەتی عەرەبی بەغدا، بەلاّم هەتا بڵێیت بە ئەدەب و ناسك بوو.

کلارك هەستی کرد وەك دیل وایە، بۆیە راستەوخۆ بە شێخی راگەیاند کە ئارەزووی لێیە بڕوا و سلێمانی بەجێبهێڵێ، شێخ لێی پرسی کەی دەگەڕێتەوە. کلارك وەلاّمی دایەوە وتی، رەنگە پاش چەند مانگێکی کەم لەگەڵ پێشینەی هەردوو سوپای لیفی و عێراقی، شێخ مەحموود وتی : یان بەو شێوەیە یان بە سەفیری کوردستان دادەمەزری و دەگەڕێیتەوە کاتێك من ببم بە مەلیکی کوردستان، بە هەردوو باریش دەبێتە میوانێکی ئازیز لە ماڵە گەداکەمدا، خانووەکەی خۆشت بە هەموو تفاقێکییەوە دەپارێزری و کلیلەکەیم بۆ بێنە و منیش پەیمانت دەدەمێ هەموو شتێکی لە جێگای خۆیدا دەمێنێتەوە، وەك چۆن جێت هێشتووە ئاوەها دەمێنێتەوە. ئەگەریش سەرۆکایەتی شالاّوێکت کرد بۆ سەر من باوەڕت هەبێ پیاوەکانم لوولەی تفەنگەکانیان بەرامبەرت نزم دەکەنەوە و ژیانی دۆستی ئازیزم دەپارێزن.

کاتێکیش شێخ بەرەو رووی هێزەکانی بەریتانیا بووەوە، بە درێژایی جەنگ و وێڕای بۆردوومانی سلێمانی رەوشتبەرزی خۆی پاراست. کلارك باسی ئەوەی کردووە دوو ئەفسەری بەریتانی کە لای شێخ بە دیل دەگیرێن و دواییش تووشی نەخۆشی سیل دەبن، شێخ بە دروستی

سەودایان لەگەڵ دەکات و نامەیەك بۆ هێزەکانی بەریتانیا دەنێری داوایان لێدەکات پزیشکێکی بۆ بنێرن چارەسەری ئەو دوو نەخۆشە بکات، وتوویەتی ئامادەشە ئازادیان بکات ئەگەر پزیشکەکە ئەوە دووپات بکاتەوە ژیانیان لە مەترسیدایە و پێویست بەوە دەکات بگوێزرێنەوە بۆ بەغدا. ئەوەبوو لە بەرەی شەڕەوە پێشوازی لەو پزیشکەکراو بەوپەڕی رێزەوە بردیان بۆ لای نەخۆشەکان کاتێکیش پشکنینی بۆ کردن بۆی روون کردنەوە بە هۆی باری دەروونییانە کە بە دیل گیراون تووشی ئەو سووکە نەخۆشییە بوونە. پزیشکەکەش راستگۆیانە سەودای لەگەڵ مەسەلەکەدا کردووە و بۆ شێخی دووپات کردۆتەوە باری تەندروستییان هێند مەترسی لێناکری پێویست بەوە بکات ئازاد بکرێن. بەلاّم شێخ مەحموود ئازادی کردن (١٥٩-٦٠).

سێر ئەرنۆڵد ویلسن خودی شێخ مەحموود بەوە باسدەکات کە کێشەی هەرەگەورەیان بووە، منداڵ ئاسا رەفتاری کردووە، بەلاّم بەرائەتی منداڵی هەڵنەگرتووە، ئەوەی لە نەزانین بووە، لە هەمان کاتیشدا خواستی گەورەی هەبووە و چەواشەکارێکی سروشتیش بووە.

ویلسن ئەوەشی وتووە کە شێخ جار و بار کەوتۆتە بەر کارتێکەریی سۆزی لە پڕ و هەڵچوونی زیاد. دەربارەی هەڵسەنگاندنی کەسێتی شێخ مەحموود لەو رۆژگارەدا لە کتێبەکەی ویلسندا ئەمە هاتووە،

لە کوردستانی باشووردا بەرامبەر هەر یەکێك بەرهەڵستی شێخ مەحموود بێت تا نەکری بە مەلیك یان حاکمی گشتی کوردستان چوار کەسی دی لایەنگیرین و ئەوەیان پی خۆشە، بەلاّم وایان لێکداوەتەوە ئەوە تەنها هەڵوێستی خەڵکی ناوچەی سلێمانییە (١٨٧) گوایە هەندی ناوداری کورد لە کەرکووك و هەولێر هەڵوێستی جیاوازیان هەبووە، (ئێمە ئەمە بە دروست نازانین چونکە زۆربەی هەرە زۆری هۆزەکانی کەرکووك لایەنگری شێخ بوونە و تەنانەت چەکدارەکانیان بەشێك بوونە لە سوپاکەی ئەو، باشترین نموونەش هەڵوێستی سمایل بەگی داوییە بووە کە بەپێی فەرمانی شێخ چەکدارەکانی ئاراستە کردووە، هەروەها خەڵکی هەولێریش — وەرگێڕ-).

دادگایی کردنەکەی شێخ مەحمووديش بە بۆچوونی ئێمە وانە و تاقیکردنەوەیەکی دەوڵەمەندە، پێویستە دادوەریی بەریتانیا کە هەرگیز لەگەڵ کورددا دادوەر نەبووە سوودی لی ببینی، چونکە ویلسن دەڵێت، لەگەڵ ئەوەدا بووە حوکمی بەند کردنی هەمیشەیی بۆ دەربچی لە جیاتی لە سێدارەدانی کە بە (حوکمی بەند بوونی لەسەر بەزەیی) ناوی بردووە، بەلاّم ویلسن وێڕای هەستی کەسیی خۆی ئارەزوومەند بووە شێخ لە سێدارە بدرێت، چونکە وەك دەڵێت



ئەگەر شێخ لە ژیاندا بێت خۆی و پێڕەوکارانی ئاواتە خوازی ئەوە دەبن لە کۆتاییدا بگەڕێنەوە و دوژمنانیشی لە واهیمەی ترسی گەڕانەوەی شێخدا دەژین، بۆیە مردنی دەبێتە مایەی بەرقەراری و دڵنیای لە ولاّتدا.

ئێمە لەو باوەڕەداین ئارەزووی ویلسن بۆ لە سێدارەدانی شێخ مەحموود ئارەزووی لە سێدارەدانی مەسەلەی کورد دەنوێنی کە ئەو کاتە لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیدا بەرجەستە بووە، بێگومان خوێنەر بە ئاسانی دەتوانی باری رەوشتبەرزی و هەستی مرۆڤایەتی شێخ مەحموود کە لەسەرەوە باسمان کرد لەگەڵ بەدرەوشتی ویلسندا بەراورد بکات کە مرۆڤ لە زمانی خۆیەوە هەستی پێدەکات.

پیاکێشان هەندی جار مەرج نییە بە دەست بەڵکو بە ئاماژەپێکردنیش ئەنجام دەدەرێت... ئێمە لەو باوەڕەداین کاتێك شێخ مەحموود بریندار بووە و لە نەخۆشخانە کەوتووە و دیل بووە چاوەڕوانی چاکبوونەوەی بوونە تا دادوەری بکەن، ئەوەش پیاکێشانێکی مێژوویی بووە بۆ ویلسن، گومانمان لەوە نییە نیلسۆنی زەبەلاح لەو تاوەدا بووەتە گولە پیاوێك لە بەردەم ئەو دیلە بریندارەدا، ویلسن دەڵێت : کاتێك لە نەخۆشخانە سەردانی کردووە، شێخ هێمای بەوەدا کە دادگای سەرباری ئەوەی مافی ئەوەی نییە دادگایی بکات، دوازدەمین بەندی ویلسن و بەیاننانەمەی ٢ ی مانگی تشرینی دووەمی ١٩١٨ ئینگلیزی — فەرەنسی بۆ خوێندۆتەوە، دەقە وەرگێڕدراوە کوردییەکەی لەگەڵ روونووسێکی قورئانی پیرۆز، نوشتە ئاسا پێچاوە بە قۆڵییەوە (١٩٥).

## مەحموود مەسرەفی (سەرۆك وەزیران)

ڕیچ باسی ئەوەی کردووە مەحموود ئاغای مەسرەفی سەرۆك وەزیران کە ناودارێکی کوردستانە و لە بەغداش گوێی لە ناوبانگی بووە سەردانی کردووە ویستوویەتی ئاگاداری بکاتەوە مەحموود پاشای میری بابان دێتە سەردانی بۆ مەبەستی بەخێر هاتن و رێز لێنانی لە ولاّتدا (٥٠).

وا دیارە مەحموود ئاغای مەسرەف ناودارێکی بەکار و خاوەن دیوەخان و وەرزشکاریش بووە (٦٤). زۆر جاریش ریچ بە دۆستی وەرزشەوانی ناوی بردووە و ئازادییەکی زۆریشی بە رۆڵە کوردەکانی بەخشیوە. لەو باوەڕەداین رۆحی وەرزشی زاڵ بووە بەسەر کەسێتی مەحموود مەسرەفدا ئەوەش وایلێکردووە ساکاربی و پێوەندی لەگەڵ رۆڵەکانیدا بیکۆت و بەندبی (٦٤)

ریچ ئاماژەی بەوەشداوە مەحموود مەسرەف هۆگری راگرتنی ماین بووە و ئەسپێكیشی بە دیاری پێشكەش بە ریچ كردووە (٨١).

## مستەفا بارزانی

ولیام دۆگلاسی ئەندامی دادگای باڵای فیدرالی لە واشنتۆن و بایەخدەرێكی گرنگیش بە كاروباری كورد لە پێشەكی كتێبەكەی شمێدتی رۆژنامەنووسدا كەوا لە سەرەتای شەستەكانی سەدەی بیستەمدا سەردانی كوردستانی كردووە دەڵێت: فەرماندە و پێشەوای كورد لە ساڵی ١٩٥٨ مستەفا بارزانی بوو، كە وەك دۆست یەكترمان ناسی، مێژووی كوردیش كە دانا ئادەم شمیدت گێڕاویەتییەوە ئەو مێژووەیە كە لە زمانی هەمزەوە بیستم (٧).

هەروەها دۆگلاس دەڵێت : ساڵی ١٩٥٨ مستەفا بارزانیم ناسی واتە لە دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق.

دۆگلاس دەڵێت بەم شێوەیە وتووێژمان كرد.

- وای بۆ دەچم بیر و باوەڕی عەلمانی هەڵدەگری.
- ڕاپەڕییە سەرپی و هاواریكرد.
- بەڵگەیەكم پیشان دە، تاكە یەك بەڵگە !
- بۆ وروژاندنی وتم.
- دوازدە ساڵ میوانی رووس بووی.
- وەڵامی دایەوە.
- بۆ ئەوەی ملم بپارێزم.
- كاتێكیش زانی گاڵتەی لەگەڵ دەكەم هێور بووەوە.

دۆگلاس دەڵێت : ئەو سەرەتا سەیرە بوو بە دەروازەی دۆستایەتییەكی پڕ لە دڵسۆزی، بۆشم ئاشكرا بوو مستەفا بارزانی هەر بەو گڕە نیشتمانی و ئازادیخوازییەوە دەپلایەوە كە ساڵی ١٧٧٦ لە ناخی هەموو خەڵكی ئەمەریكادا گەشەی دەسەند (٩-١٠).

- دۆگلاس دووپاتی دەكاتەوە گفتوگۆكانی لەگەڵ (مستەفا بارزانی)دا لەبەغدا هیچ گومانێكی لا نەهێشتۆتەوە بەوەی كە ئەیەوی بكۆشی بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێكی كوردی، ئەوەبوو ئەو كاتە داوای ئۆتۆنۆمی دەكرد واتە حوكمی زاتی لە سایەی سیستمێكی فیدرالیدا (١١).



ولیام ئیگلتۆن كە لەسەر كۆماری كوردستانی ساڵی ١٩٤٦ نووسیوویەتی و لە كتێبەكەیدا ساڵی ١٩٦٢ چاپكراوە دەڵێت : مستەفا بارزانی وێڕای ئەوەی قەد و باڵای ناوەنجی بووە، بەڵام شێوەی شكۆدار و هەر دووچاوی تیژبووە و دەم و چاویشی نیشانەی هێز و زیرەكی لی نیشتووە، دان بەخۆ داگرتن و بوێری لە بیرو لەشیدا چەسپیون.

وێڕای ئەوەش ئاستی خوێندنی هەر ئەوەبووە لەسەر دەستی مەلای گوند فێری بووبوو، بەڵام توانی هەڵوێستی جوامێرانە وەربگری و لەسەر ئاستی دبلۆماسی و سەربازیش هەنگاوی باش بنێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی. باوەڕی زۆری بە خۆی بوو، لە هەڵوێستی خۆی پەشیمان نەدەبووەوە.

دەركی بەوەدەكرد هەلی بۆ بەرپا نەبووە پتر بخوێنی، بەڵام ئەو كوردانەی بە دڵ بوو رۆشنبیری فراوان ئامادەی كردبوون بۆ ئەوەی خزمەتی باڵا پێشكەش بە گەلەكەیان بكەن، بۆیە هەڵوێستی نەیاربوو بەرامبەر ئەو خوێندكارە كوردانەی خوازیاری ئەوەبوون بچنە ریزی جەنگاوەرانەوە و لە پێناو نەتەوەی كورددا تێبكۆشن، چونكە ئەوەی لەلا باشتربوو بە خوێندنەوە پابەندبن، هەر ئەم هۆیەش بوو وای لێكردبوو رێز لە قازی محەمەد بنی.

سەبارەت بە تایبەتمەندییەكانی مستەفا بارزانیش ئاماژەی بەوەداوە كە دەسەڵاتی كۆنترۆڵ كردووە، هەلی لە دەست نەداوە و كورتبین بووە ئیگلتۆن ئاماژەی بەوەش داوە كەسێتییەكی هێند بە تواناو لێهاتوو لە نێو ئەوانەی ناسیوویانە یان ناچار بوونە سەودای لەگەڵ بكەن سۆز و راوبۆچوونی جیاوازیان بەرامبەر هەیە (٥١).

لە راستیشدا ئێمە سەبارەت بە بۆچوونەكانی ویلیەم ئیگلتۆن رای خۆمان هەیە، كتێبەكەی دەربارەی كۆماری كوردستان بە نرخە، دانەیەكیم هەیە كاتێكیش ساڵانی ١٩٦٦-١٩٦٧ لە سوعودیە كارم دەكرد خەریكی خوێندنەوەی بووم، ئەو كاتە ئەو كتێبە تاكە دەمار بوو كە بە كوردستانی دەبەستمەوە.

ئێمە لەو باوەڕەداین ئیگلتۆن بەدیقەت باسی مستەفا بارزانی نەكردووە، بە تایبەت كاتێك دەڵێت : هەلی فێربوونی كەم و كورتی تیا بووە، باشە با بڵێین وابوو، بەڵام ویلیەم ئیگلتۆن ئەو نهێنییەی چۆن بۆ روون بۆوە. ئایا رۆژێك لە رۆژان مستەفا بارزانی ئەوەی بۆ دركاندووە ؟ ئەگەر وابوایە دەبوو باسی بكردایە یان ئایە یەكێك ئەوەی بۆ دووپات كردۆتەوە یان بیستوویەتی ؟ دەبی ئەوە كی بی؟ بەهەر حاڵ بە پێی بیرو بۆچوونی ئێمە دەبی مستەفا بارزانی چی دەسەڵات بێت لە گوندێك لە دایك بووبی و هەلی خوێندنی تیا بەرپا نەبووبی، دوایش

یەزدان بۆی نووسیبی ببی بە پایتەختی خەباتی کوردایەتی، تەنانەت پێش لە دایکبوونیشی.
سەبارەت بە زارەوەی (Egotiism) یش کە ئیگلتۆن لە کتێبەکەیدا ئاماژەی پێداوە، زاراوەیەکی فەرەنسییە واتای گرنگی بە خۆدان دەگرێتەوە وبەراستی ئەمە یەکێکە لە سیفاتی کەسایەتیی کاریزمای.

دەمانەوی بە ویلیەم ئیگلتۆن بڵێین ئەوەی دەربارەی مستەفا بارزانی بیستوویەتی نیشانەی هەموو فەرماندەکانە لە کاتی خەباتی نهێنیدا، کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات لە لایەن فەرماندەی سەربازییەوە بە تایبەت لە رۆژهەڵاتدا و بە درێژایی مێژوو لە پێداویستییەکانی سەرکەوتنی فەرماندەدایە.

لەو باوەڕەدایین مایەی شێت بوونە ئەگەر فەرماندەی سەربازی لە کاتی جەنگدا دەست لە دەسەڵات هەڵگری و بیەوی دیموکراسی پێڕەوبکات، تەنانەت لە کاتی ئاگربەستیشدا چ لە کوردستانی عێراق یان کوردستانی ئێران مستەفا بارزانی ئەوەی نەکردووە، چونکە ماوەی ئاگربەستیان راگرتنی جەنگ بە جەنگی کپ دادەنرێت.

دەربارەی کورت بینینیش کە یەکێکە لەو نیشانانەی ئاماژەی پێداوە دیسان بە ئیگلتۆن دەڵێین، چۆن بەهرەی دبلۆماسی و سەربازی دەخەینە پاڵ یەکێك کە نەیخوێند بی. یان رێگا نەدان بە خوێندکاران بچنە ریزی جەنگاوەرانەوە و هاندانیان بۆ پابەندبوون بە رۆشنبیری و فێرکردنەوە، دوای گشت ئەوەش بە کورتبین باسبکرێت، لە راستیشدا دەبی ئیگلتۆن ئەوەی یادداشت بکردایە چۆن ئەم فەرماندە لێهاتووە بە مانۆڕێکی زیرەکانە لە دەستی هێزەکانی عێراق و ئێران رزگاری بوو، لەگەڵ سەدان پیاوی بە پێی نەخشەیەکی موکوم رێگای بەرەو یەکێتی سۆڤێت بڕی، جێی شانازی بوو لە رۆژنامەی " التأخي " ساڵی ١٩٧٢ دا زنجیرە وتارێکم لەسەر ئەو بابەتە بلاوکردەوە.

هەروەها لەوەش ئاگادارە ئەم پیاوە بە درێژایی ژیانی چەندین جار مانۆڕی سەربازی بە ئەنجام گەیاندووە، وێڕای ئەوەش کۆلیجی ئەرکانی بەریتانی تەواو نەکردووە، بەڵام جارێکی دی ئەوە ئەهێنینەوە یاد کە ئیگلتۆن لە پێشەکی کتێبەکەیدا دان بەوەدا دەنێت هەندێك زانیارییان داوەتی و داوایان کردووە ناویان نەبرێت.

شمیدت ئاماژەی بەوەش داوە ساڵی ١٩٦٢ کاتێك لەگەڵ مستەفا بارزانیدا گفتوگۆی کردووە ویستوویەتی ئەو گفتوگۆیە رۆژنامەنووسییەی بێنێتەوە یاد کە لە کانوونی یەکەمی



ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵی سازدراوە، کاتێك لە بەغدا نیشتەجی بوو، بەڵام بەوەڵامدا وتوویەتی بە داخەوە ئەو بۆنەیەم نایەتەوە یاد (٢٨١).

شمیدت ئەوەی سەرنجداوە مستەفا بارزانی خەمێکی گەورەی هەڵگرتووە، چونکە پێش دوو ساڵ و نیو لە بەغدا جوان و رێك و قەڵەوتر هاتۆتە پێش چاوی، بەڵام ئێستا لۆچ لە نێو دەم و چاوی دروست بووە و نیشانەی مەترسی لی دەرکەوتووە وەك چۆن گشت ئەرکەکانی ئەو شۆڕشەی لە ئەستۆ گرتبێت جل و بەرگی ئاسایی کوردی لەبەربووە (شین و سپی) لە ئاست جل و بەرگی پیاوەکانی نە زیاد و نە کەم. هەروەها شمیدت ئەوەی سەرنج داوە کەوا خۆی خەریککردووە بە چەقوێیك وچەند چڵێك دارەوە.

دوای چەند رۆژێکیش ئەوە بووەتە جێی سەرسووڕمانی کە خواردنی بارەگای مستەفا بارزانی لە خواردنی هەر گوندێکی دی باشتر نەبووە لەو گوندانەی لەسەر رێی بوونە، نە خۆی و نە ئەوانەی دەوروبەری خواردنی تایبەتییان بۆ ئامادە نەکراوە.

ئەم باوەڕەی شمیدت لەوە هاتووە کە کاتێك لەگەڵی بارزانی دا لەسەریەك خوان نانیان خواردووە و هەروەها کاتێك بەشداری نان خواردنی لەگەڵ خەڵکی دی دا کردووە.

ئەوەشی لە یاد نەکردووە باسیبکات کە مستەفا بارزانی پێش و پاش نان خواردن دەستی بە ئاوو سابوون شتووە. زۆربەی رەوەندەکان سەرنجی ئەم دیاردەیەیان داوە و پەنجەیان بۆ راکێشاوە، ئەمەشمان لە شوێنێکی دیکەی ئەم کتێبەدا باسکردووە.

کاتێکیش دەستەواژەی Mon General ئاڕاستەی کردووە وتوویەتی : جەنەڕاڵ نیم، من مستەفام، بە رۆژنامەکەت بڵی بەقەد نینۆکێك نازناوی لا گرنگ نییە، من یەکێکم لە رۆڵەکانی گەلی کورد.

شمیدت لەو بارەیەوە دەڵێت : هێند بەشکۆبوو ئەوانەی دەوروبەری لەبەر رێزلێنان بە تەنها بە ناوی خۆی بانگیان نەدەکرد (٢٨٣).

شمیدت ماوەیەك لەگەڵ مستەفا بارزانی ژیاوە و پێکەوە گەڕانی ئەم شوێن و ئەو شوێنیان کردووە، گەلێك لەگەڵیا دانیشتووە و پێکەوە گفتوگۆیان کردووە. تەنانەت وەك شمیدت خۆی دەڵی بە جۆرێك لەگەڵیا راهاتووە مستەفا بارزانی بەو پەڕی ئازادییەوە قسەی لەگەڵ کردووە.

لە باسی کەسایەتی ئەم سەرکردەیەدا دەڵێت : هەمیشە بەشکۆ و سەنگینە، رەنگە تووڕە ببی، بەڵام تووڕە بوون زاڵ نابی بەسەریا. پێدەکەنی، بەڵام نادا لە قاقای پێکەنین. سوورە لەسەر ئەوەی لەگەڵ پیاوەکانیا نان بخوات یان بەلای کەمەوە ئەوان هەرچییان بخواردبا ئەویش

دەیخوارد، بەزۆریش وەك ئەوان ئەو ڕێگایەی پێویست ببا بە پیادە ببڕن ئەویش بە هەمان شێوە لەگەڵیان بە پیادە دەیبڕی، بە بی ئەوەی سواری وڵاخ بێت کە هەمیشە لەبەر دەستی بوو.

وێڕای ئەوەش بەو دیمەنە دیموکراسییە دەهاتە پێش، بەڵام ئوروستوقراتییەتی دەپاراست، دەشیا قسەی خۆش لەگەڵ میوانەکانی بکات، بەڵام لە سنووری خۆیدا.

شمیدەت ئەوەی بۆ ساغ بووەتەوە مستەفا بارزانی ڕەفیقێکی تایبەتی نەبووە. پیاوەکانی دەورووبەری بەردەوام گۆڕاون، کەس نەیدەتوانی بڵی من نزیکم یان دوورم لێیەوە یان دەسەڵاتی ڕەهام هەیە، دەستی ڕاست و دەستی چەپی لە نێو پیاوەکانیدا نەبووە یان یەکێك بە تەنیا نزیکی بێت، بە پێویستی دەزانی دەستەو دایەرەی نزیکی بگۆڕی، دوور نییە ئەوەی لەبەر هۆکاری ئاسایشی کردبی یان مەبەستی ڕامیاری هەبووبی و ویستبێتی هەمیشە پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕۆڵەی گەلەکەی هەبی. مەسەلەی پاراستنی لەگەڵ گەلێك لە تاك و هۆزەکاندا لەبەر چاو گرتووە، زمانی لەگەڵیان شیرین بووە، بەڵام جاروبار چاوی سووریشی پیشان داون (٢٨٤).

شمیدت باسی ئەوەی کردووە کە مستەفا بارزانی خاوەنی بەهرەیەکی سیاسی گەشەسەندوو بووە، ڕێی بۆ خۆشکردووە لە مەسەلەکاندا قووڵ ببێتەوە تا دەگاتە ئەنجامی کۆتایی یان دڵی مەسەلەکان بپێکی، بەمەش پێش کەسانی کەوتووە کە خۆیان نوقمی تێکڕاییەکان کردووە.

گواستنەوەکانی هەمیشە نهێنی بوون، شمیدت لەو بارەیەوە دەڵێت : پێویست بوو لەڕووی تەکنیکییەوە ئێمە پابەندی بین و لەگەڵی بجوولێین، بەڵام هەندی جار کە بەیانی لە خەو هەڵدەستاین دەمانبینی بارزانی نەماوە و بەشەو بەرەو سەربازگەیەکی دی گواستوویەتییەوە، کەس شوێنەکەی نەدەزانی مەگەر ئەوانەی زۆر نزیکی بن یان ئەوانەی لە مەسەلەکانی ڕۆژانەی بەرپرس بن یان پاسەوانە تایبەتەکانی.

شمیدت ئەوەی درکاندووە کە مرۆڤـــــ نەیتوانیوە وەڵامی ڕاستەوخۆی پرسیارەکانی لە مستەفا بارزانییەوە وەربگری، کە مەیلەو بەکارهێنانی پەندبووە. شمیدت بۆ دووپات کردنەوەی بۆچوونەکەی نموونەیەکی هێناوەتەوە و دەڵێت : لە میانەی گێڕانەوەی دوو حیکایەتی میللییەوە مستەفا بارزانی ویستوویەتی شمیدت لە واقعی حاڵی مەسەلەی کورد بگەیەنی (٥٨٤-٥).

شمیدت ئاماژەی بەوە داوە دادگەری باشترین تەوەرەی ئاخاوتنی بووە، لەو باوەڕەدا بووە شاعیرو فەیلەسووف و حکوومەتەکان بە باسی دادگەرییەوە خەریکن. میهر و نیازپاکییان مەبەستە، بەڵام لە ژیانی گەلاندا بە تەنها هێز جێی متمانەیە. مستەفا بارزانی لەو بارەیەوە



نموونەی لە مێژووی کوردەوە هێناوەتەوە (٢٨٧). ڕەنگە شمیدت لە میانەی ئەم نووسینەی خوارەوە وێنەیەکی جوانی لەسەر ژیانی ئاسایی (ڕۆژانەی) ئەم سەرکردەیە پێشکەش کردبی.

شمیدت دەڵێت : سەر لە بەیانییەکی ساردی مانگی شوباتی **١٩٦٣** کە تەم بەر ئاسمانی گرتبوو، لە دەرەوەی شارۆچکەی قەڵادزی لە کوردستانی عێراق مستەفا بارزانی فەرماندەی گشتی هێزی شۆڕشگێڕی کورد بە تەنیا وەستا و ڕێگای دا بە وێنەگرێکی میوان لە هەموو لایەکەوە وێنەی بگری. ئا لێرە پیاوێکی چوارشانەی، کامڵ، بە شکۆ، چاوتیژ، مەلی خەندەنیشتۆتە سەر لێوی و ئیلهام دایگرتووە و بەرەو ئاوات خواستنێکی دوور دەڕوانی.

نزیکەی سەد پێش لەو لایەوە کۆمەڵێك ئەفسەری هێزەکانی مستەفا بارزانی و بەرپرسانی بەڕێزەوە، ڕیزیان بەستبوو، جەنەڕاڵ بەرەو لایان هەنگاوی دەنا، باوەڕی زۆری بە خۆیبوو، ڕێکردنەکەشی سەربازییانەبوو، بزەش سەر لێوی گرتبوو. ڕیزی پیاوان لە بەردەمیا شکۆمەندییان دەبەخشی مرۆڤـــ ئاواتە خواز بوو لێیان نزیك ببێتەوە، لە پاڵ ئەو پیاوە مەزنەدا بووەستی و وێنەی یادگاری بگری.

مستەفا بارزانی جل و بەرگی ئاسایی کوردی لەبەر دەکرد، دوو پشتێنی گوللەی لە ناو قەدی دەبەست، جەمانی سوور و سپی بەسەریەوە دەپێچا کە تایبەت بوو بە خۆیەوە و لە ڕۆڵەکانی دیکەی نەتەوەکەی جیای دەکردەوە، باڵای ناوەنجی بوو، قەڵا ئاسا و سەرکەش بەسەر پیاوەکانییەوە دەوەستا یان وەك پیاوێکی گەورە و مەزن لە ناوەڕاستیان دەوەستا.

مستەفا بارزانی جەفەنگی بزووتنەوەی نیشتمانی کوردە، بیرۆکە داڕێژی شۆڕشی کوردی عێراقە و فەرماندەی سەربازی و پێشەوای سیاسییانە. بە دڵ و مێشك بەرگری لە نەتەوەکەی دەکات، گەورەترین خۆشەویستی کوردستانە و، مایەی مەزنترین سەروەرییە لە کورستاندا (١٤٠).

## وەلی ئەربیلی

حاجی وەلی ئەربیلی یەکی لەو ناودارە کوردانە بووە کەوا سۆن لە دیاربەکر چاوی پێکەوتووە، لە ڕاستیشدا ئەم پیاوە پێشەوای هۆز یان بەرپرسێکی میری نەبووە، بەڵام بە پێویستمان زانی دەربارەی دیدارەکەی لەگەڵ سۆندا بدوێین، چونکە سیمایەکی تایبەتی هەیە.

وا دیارە حاجی وەلی ئەربیلی لە دیاربەکربووە لەسەر ڕێگای گەڕانەوەی لە تورکیاوە بۆ موسڵ بیستوویەتی سۆن نیازی سەفەری هەیە و دەیەوی بە کەڵەك لە دیجلە بپەڕێتەوە،

ویستوویەتی بزانی دەشی پێکەوە بڕۆن، بە تایبەت ئەم لەوە ئاگادارە کەڵەکێك ئامادەیە بکەوێتە ڕێ.

ئەم پیاوە جلی شۆڕو تا ناوقەدیشی فەرەنجی لەبەر بووە، کە جۆرە جلێکی کوردستانی باشوورە، خۆیشی بە ناوی حاجی وەلی ئەربیلییەوە بە خەڵك ناساندووە و بە زمانی کوردی قسەی کردووە، کەمێکیش زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی زانیوە، سۆنی بەوە ئاگادار کردۆتەوە کە لە حەڤدەمین حەجی مەککە گەڕاوەتەوە.

سۆن بەو جۆرەی باسکردووە کە رەوشتی ناسك بووە و لەبەر ئەوەی حەڤدە جار حەجی کردووە زیاتر پابەندی رێز بووە، هەر بۆیەش سۆن هیچ پێشنیازێکی رەت نەکردۆتەوە، بۆیە کاتێك ئەوەی بۆ پێشنیاز کرد بە موسا ناوی ببات و بە کوڕە خۆشەویستەکەم بانگی بکات و لە خەرجی سەفەردا بەشداری بکات سۆن رازی بوو.

سۆن باسی ئەو کەرەستانەشی کردووە کە وەك پێویستی لەگەڵ خۆیان هەڵیان گرتووە بەلاّم ئەوەی لەو هاورێتییەی نێوان حاجی ئەربیلی و سۆن جێی سەرنجە ئەوەیە ئەم پیاوە داوای شتێکی چاوەڕوان نەکراوی لە سۆن کردووە، سۆن لەم بارەیەوە دەڵێت: سەرم سوڕما کاتێك قۆڵی گرتم وتم، موسا کوڕم لە پاش ماندووبوونی رۆژ با بچینە شوێنێکی هێمن لەنێودارو دەوەنی سەر بەردە بەرزەکان دانیشین و بڕوانینە ئەو دیمەنانە. سۆن ئەم داخوازییەی لا سەیر بووە. کە بریتی بووە لە تێڕوانینی جوانی سروشت.

سۆن دەڵێت : ئەوەم بە سوپاسەوە وەرگرت، کاتێکیش لە جێیەکی چۆڵ و بەرامبەر سروشت دانیشتین شێخی هەولێری بە (الله اکبر) لە هەستی خۆی دەربڕی کە چەندین جار دووبارەی دەکردەوە، ئەنجا ئاماژە بۆ سۆن دەکات، بۆ ئەوەی بڕوانێتە جۆگەلەیەکی ئاو و هەردوو لێوارەکەی سەرنج بدا رەنگی زەردیان لی نیشتووە و لە گەڵای سەوزی دارەکان وردبێتەوە کە نیشانەی ژیانی ساڵێکی نوێیە.

پیرەمێرد جارێکی دی بی دەنگ دادەنیشی و دوور دەڕوانی، ئەمجار زمانی دێتە گۆ و بە رۆحێکی کوردی چیا نشین و بە وشە و شێوەی تایبەتی خۆی دەدوی.

خوا، خوا، خوای نەبینراو، گەورەی و مەزنێتی لە بینای چاوماندا روون دەبێتەوە، رەحمەت و میهری لە دڵ و مێشکماندایە.

حاجی وەلی ئەربیلی دەکۆشی بۆ روونکردنەوەی فەلسەفەکەی لە بواری خەڵق و گەردووندا، بەلاّم سۆن ئەوەی بۆ ساغ بووەتەوە کە ئەو پیرەمێردە تووشی جۆرە دووسەرییەك بووە ئەنجا



ئەوەی دوویات کردۆتەوە کە ئەو (الازدواجیە)ی لە نێو فارسەکاندا زیاتر بەرچاو کەوتووە. لە دیدو بۆچوونەکانی سۆنیشەوە ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە کە ئەم پیرەمێردە لە نێوان ئەوپەڕی واقعیەت و ئەوسەری ئەندێشەدا ژیاوە، لە دوو هەڵویستەوە بۆی دەرکەوتووە کە لە قالّبی خۆی دەرچووە یەکەمیان ئەوەبوو پریشکی ئاگری فرێداوەتە سەر رێگرەکانی کەڵەکەکە، سۆن دەڵێت : هەر یەکە لەسەر نیشانەکانی کەڵەکەکە باڵەیەکیان بەکارهێناوە بۆ خۆ پاراستنیان، وێڕای ئەوەش دەیانزانی ئێمە لەو گرفتە دەرباز دەبین، بەلاّم خوێنی پیرەمێردی کورد — شێخ وەلی هاتە کوڵ، چونکە تفەنگی پێنەبوو، تا بە گوللە وەلاّمی گوللەکانیان بداتەوە، بەلاّم ئەو سەربازە تورکەی کەوا دیسان لەگەڵیان بووە لە سەفەرەکەیاندا لە نێو کەڵەکەکەدا، لە نێو کیسەی قەیسی و لە ژێر پێی ئەوانەی لە نێو کەڵەکەکەدا بوون خۆی شاردەوە، هەڵوێستی دووەمیش ئەوە بوو پیرەمێرد زۆر تووڕە بوو، دەستی کرد بە جنێو دان بە تورك، چونکە پاسەپۆرتێکی کۆنی پێبوو، پێش ٣٥ ساڵ لە دوای وازهێنانی لە سوپا لە سەردەمی حوکمی سوڵتان عەبدولعەزیزدا دەری کردبوو، لەبەر کۆنی پاسەپۆرتەکەی مەجیدییەکیان لی سەند بوو (٩١-١٠٨).

## یەعقوب پاشا

نوئێل لە یادداشتنامەکانیدا باسی ئەو هۆزە کوردانەی کردووە کەوا لە کوردستانی باکوور سەردانی کردوون، هەروەها سەرۆك هۆزەکانیش بووەنەتە جێی بایەخی. ئامانجی نوئێل لەگەڵ ئەو وەفدە کوردییەی هاورێتی کردووە ئەوەبووە کە لەو پرۆژەیە بکۆڵێتەوە کەوا خرابووە روو بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ لە تورکیا بە مەرجی لە ژێر ئینتیدابی بەریتانیا بێت.

نۆئێل لەو گەشتەیدا ساڵی ١٩١٩ چاوی کەوتووە بە ژمارەیەك لە سەرۆك هۆزەکان، بەلاّم ئێمە ئەوەمان بە باش زانی یەکێکیان وەك نموونە هەڵبژێرین بۆ ماوەی پاش جەنگی جیهانی یەکەم لە ناوچەیەکدا کە ئەمرۆ بە کوردستانی تورکیا ناو دەبرێت.

نۆئێل باسی یەعقوب پاشای سەرۆکی هۆزی (ئەتمی) ی کردووە، کەوا کوڕی سلێمان ئاغای محەمەد ئاغای کوڕی باز ئاغای کوڕی ئاساف ئاغای کوڕی ئیبرایم ئاغایە، یەك براشی هەیە ناوی شێخ محەمەدە، کچی تاپۆ ئاغای خواستووە.

یەعقوب ئاغا پیاوێك بووە لەشی لاواز و درێژی پێنج پی و نۆ ئینج، سەروچاوی گوزارشتی لە نائارامی و گومانی و چەواشە کاری کردووە، بەلاّم دوور نییە ئەو نیشانانە کارتێکەریی

بەندیخانە بووبی کە ساڵی رابوردووی تیا بەسەر بردبوو، واتە ساڵێك پێش ئەوەی نۆئێل دیدەنی لەگەڵ ساز بکات، ئەوەبوو تورکەکان ماوەی نۆ مانگ بە تاوانی یارمەتیدانی چەتە رێگرەکان بەندیان کردبوو.

بێگومان ئەم زاراوەیە و هاوچەشنەکانی فەرهەنگی حکوومەتە لە دوای یەکەکان و ئەوانەی کوردستانیان دابەشکردووە پڕ کردووە. چونکە زۆریان لا ئاسان بووە بیخەنە پاڵ ناوی ئەو کەسە یان ئەو کۆمەڵەیەی لە پێناو رزگارکردنی خاکی کوردستاندا تێکۆشاوە یان بۆ بڕیاردانی مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد خەباتیان کردووە.

یەعقوب پاشا کابرایەکی ئاگادار بووە، بەلاّم دیاردەی هەڵچوون و ورووژانی پێوە دیاربووە، ئەگەریش بە دروستی سەودای لەگەڵ بکرایە باشتر دەبوو، بەلاّم خۆشنەویستنی تورکەکان لای مەسەلەیەکی زۆر روون بووە، هەمیشە وەك کوردێکی نەتەوەپەرەوەر هەڵوێستی خۆی هەبووە (٣٩).

نۆئێل لە شوێنێکی دیکەی یادداشتنامەکانیدا دەڵێت لەگەڵ بیست کەسی دیدا کە لەگەڵی بوون بەندکرا، تورکەکان زۆریان لەو بیست کەسەی هاوڕێی دا تا دژی یەعقوب شا شایەتی بدەن.

ئەوە بوو نۆیان دانیان بە خۆدا گرت، بەلاّم ئەوانی دی بەرگەیان نەگرت ئەوەیان بە زۆر پێ وتن کە خۆیان مەبەستیان بوو. وا بزانم هەموومان دەتوانین رادەی بێزار بوونی یەعقوب پاشا بەرامبەر بە تورك پێشبینی بکەین، بەلاّم هەر ئەو وا نەبووە، بەڵکو سەرجەم پێشەوایانی کورد لە ناوچەکەدا هەمان هەستیان هەبووە.



## بازرگانی و ئابووری

ئەم بەشە بریتییە لە نمایشی دید و تێڕوانینی ژمارەیەك لەو کەسێتییانەی پسپۆری هەردوو بواری بازرگانی و ئابووری نەبوونە و سەردانی کوردستانیان کردووە و لە یادداشتنامەکانیاندا سەبارەت بە واقیعی بازرگانی و ئابووری سەرنجەکانی خۆیان تۆمار کردووە. لە راستیشدا ئێمە لەم کتێبەدا ناتوانین بچینە نێو قووڵایی ئەم باسانەوە، چونکە ناونیشانی کتێبەکەمان سنووری بۆ دیاری کردووین، بەلاّم لەبەر ئەوەی واقیعی ئابووری پەیوەستە بە واقیعی سیاسییەوە، واتە ئابووری لە سایەی سیستمی سیاسیدایە، لەبەر ئەوەش وەك ئەو سیستمە نیشانەکانی روون نین، یان ناسنامەی راستەقینەیان نییە، چونکە کوردستان کە رەوەندەکان سەردانیان کردووە و رۆژهەلاّتناسەکان دەربارەیان نووسیوە بوونێکی سیاسی یەکگرتووی نەبووە، لە لایەکی دیکەشەوە ئابووری ولاّتەکەمان ملکەچی دوو جەمسەری گەورە بووە کە ئەویش هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا بووە، چونکە وێڕای ئەوەی ناوچەکە ناوچەی بەرهەم هێنانی ئابوورییە، بەلاّم ئەو کاتە خاوەنی ئابووری سەربەخۆ نەبووە و کەوتۆتەبەر کارتێکەریی ململانێی هەردوو هۆکاری سیاسی و ئابوورییەوە. ئەمەش وایلێکردین سەرنجی ئابووری زانستی تەواو لە یادداشتنامە و نووسراوی رەوەند و رۆژهەلاّتناسەکاندا نەبینین، بەڵکو سەرنجەکانیان بریتین لە باسی بەرهەمەکانی ناوچەکەو بزاوی بازاڕ لەرووی هەنارده و هاوردەوە، هەروەها باجیشیان پشتگوی نەخستووە.

لەو باوەڕەشداین لە میانەی ئەم بەشەوە دەتوانین وێنەیەکی شیاوی لایەنی بازرگانی — ئابووری ئەو ماوەیەی کتێبەکە لێیدەکۆڵێتەوە لە میانەی دید و تێڕوانینی ئەو کەسانەوە سەردانی کوردستانیان کردووە بەرجەستە بکەین.

لە یادداشتنامەکانی ریچ ساڵی ١٨٢٨ ئەوە هاتووە کە بازرگانیی لە سلێمانیدا فراوان نییە، بە گشتیش گواستنەوەی بەندە لەسەر کاروان و لە سنووری ئەم شارانەدایە :

تەبریز : مانگانە تەنیا یەك كاروان بەرەو تەبریز دەكەوێتە ری، بەلاّم ماوەكەی رێكوپێك نییە و لەسەریشەوە بە باری كوتاڵ و حەریر و شتی دییەوە دەگەڕێتەوە، حەریرەكەش بە زۆری دەنێردری بۆ بەغدا، كوتاڵەكانی دیكەش لە كوردستان دەفرۆشرێن. هەناردەی سلێمانیش بۆ تەبریز بریتییە لە خورما و قاوە و كەرەستەی دی كە لە بەغداوە دەهێنرێن.

ئەرزڕووم : سالاّنە بەلای كەمەوە یەك كاروان لە سلێمانییەوە بەرەو ئەرزڕووم دەڕوا كە بریتییە لە باری خورما و قاوە و شتی دی، بە باری ئاسن و مس و هێسترەوە دەگەڕێنەوە، ئەوان گەلێك لەو ئاژەلاّنە دەكڕن و لە دەرەوە دەیانهێنن، باشترین هێستری ئەم ولاّتەش لە ئەرزڕوومەوە دێت.

هەمەدان و سنە : مانگانە لەم دوو شارەوە كاروانێكی بچووك دەگات كە بریتییە لە باری رۆن و میوەی وشكە و هەنگوین و پۆلاّ كە لە لای دەریای قەزوینەوە دەیهێنن.

كەركوك : بازرگانێتی لەگەڵ كەركووكدا بەردەوام و هەمیشەییە، هاوردەی بریتییە لە پێلاّو و هەندی كوتاڵی لە لۆكە دروستكراوی زبر، هەناردەی سلێمانیش بۆ كەركوك بریتییە لە وشكە و هەنگوین و میوە و برنج و رۆن و لۆكە و مەڕ و مالاّت... هتد.

لە راستیشدا كەركووك بازاڕێكی بە رەواجە بۆ هەموو بەرهەمەكانی كوردستان.

موسڵ : بازرگانێتی لەگەڵ موسڵدا تاڕادەیەك بەردەوامە و هاوردەی بریتییە لە پێلاّو، دەوار و كالاّی لە لۆكە دروست كراوی هەمە رەنگ، بەرهەمی شام و دیاربەكر و هی دی، خۆراك و شتی دیكەشی بۆ دێت.

بەغدا : بازرگانێتی نێوان سلێمانی و بەغدا هەمیشە بەردەوامە، لە بەغداوە خورما و قاوە و بەرهەمی هیندی و ئەوروپی و كوتاڵ دەگاتە سلێمانی، لە سلێمانیشەوە بەرهەمی پاقلەمەنی و تووتن و پەنیر و رۆن و ترش و سابوون... هتد دەگاتە بەغدا.

سۆن باسی كاروباری ئابووری و بازرگانی سەرەتای سەدەی بیستەم دەكات و دەڵێت : سلێمانی بووە بە بازاڕێك بۆ گشت داهاتی كوردستانی باشوور، جۆرەها فەرشی بۆ هاتووە و فرۆشراوە یان نێرراوە بۆ موسڵ و بەغدا، هەروەها ئەو جۆرە كەرەستانەی لە بانەوە هاتوونە لە سلێمانی فرۆشراون، باشتریش ئەوە بووە لە شاری سنە لە كوردستانی ئێران بفرۆشرێن.

ژمارەیەك لە كلدانییەكانی موسڵ چالاكییەكی باشی بازرگانییان دەست پێكرد، ئەوە بوو كوتاڵی لە لۆكە دروستكراوی حەڵەب و كالاّی جل و بەرگی ئەورووپییان هێنا بۆ سلێمانی و



لەوێشەوە ناردیان بۆ ئێران ئەمەش قازانجێكی زۆری بۆیان دەستەبەركرد و خێرێكی زۆریان لێ بینی.

پیشەسازیش لە بازاڕە بەرینەكاندا شوێنی خۆی هەبوو سەرانی هۆزی جافیش خان و بازاڕی باشیان دروست كردوو پێوەندییان لەگەڵ بازرگانەكانی سلێمانیدا پتەوكرد. لە میانەی بازاڕەكەیەوە گشت جۆرە بەرهەمێكی ئەم هۆزە گەورەیە وەك پێست و خوری و تووتن و كەرە لە میانەیەوە تێدەپەڕی. كاروانی بەغداشی بەسەردا تێدەپەڕی، هەردوو حەفتە جارێكیش لە موسڵەوە دەگەیشتە سلێمانی و لە هەمان ماوەشدا دەگەڕایەوە. كاروانەكانیش بە زۆری سوودیان لە خزمەتگوزاری بانە و مەریوان و سابلاخ دەبینی.

وا دیارە سلێمانی پێش ئەو ماوەیە مەڵبەندێكی بازرگانی بووە. بازرگانانی دەرەوەی سلێمانیشی راكێشا. سۆن ئەوەشی وتووە كە سالّی ١٨٨٠ سلێمانی ٥٠ بازرگانی كلدانی خەڵكی موسڵ و ٢٠ بازرگانی هەمەدانی خەڵكی ولاّتی فارسی لێبووە.

بازرگانێتی ئەو سەردەمە بێجگە لە (تەموین)ی ناوخۆیی ئەو كاتە سالاّنە پتر لە نیو ملێون لیرەی لەخۆگرتووە، بەلاّم سۆن ئەم ژمارەیەی لا پەسەند نییە و دەڵێت نزیكەی ٤٠٠٠٠٠ هەزار لیرە دەبی.

سۆن دەڵێت : بە هۆی ستەمی میرییەوە كە باجێكی زۆر و ناڕەوای خستەسەر گشت چالاكییە بازرگانییەكان باری ئابووری بە جاری لاوازبوو، ئەوەبوو سالّی ١٨٨١ شارەكە ورووژا و خەڵك شۆڕشیان بەرپا كرد و ماوەی چوار رۆژ بەرگرییان كرد و هەمەوەندیان بانگێش كرد، موتەسەریف و شێخەكانیان دەركرد و خەریك بوو دەسەلاّت لە دەس دەرچی، بەلاّم فەوجێك لە كەركووكەوە گەیشتە فریایان و سەرلەنوی دەسەلاّتی كۆنترولّكردەوە و شارەكەی دایەوە دەست رۆحانییەكان.

لە میانەی یادداشتنامەكانی سۆنەوە ئەوە هەڵئەهەنجێنین كەوا ئابووری شارەكە كەوتۆتە ژێر رەحمەتی هەل پەرست و دەست رشۆیان، چاوی سانسۆریش لە نێو بازاڕ و دووكانی پیشەگەرەكاندا بلاّو بووەتەوە بۆ گەیاندنی زانیاری.

سۆن دەڵێت، شێخەكان گشت بێستانەكانی دەوروبەری شاریان كڕی، كە سەرچاوەی میوە و سەوزە بوون، دواییش لەگەڵ دەسەلاّتی شارەكەدا رێككەوتن بۆ سەپاندنی باجی نوی، كەوا گشت جۆرە داهات و بەرهەمێكی گرتەوە، ئەنجا شێخەكانی سیستمێكیان پێڕەوكرد بۆ

وەرگرتنی ٣٠٠٪ لەسەر هەر بارێکی میوە کە دەهاتە نێو شارەوە، گوایە رەسمی هاتنە ژوورەوەیە.

جووتیارەکان لە میانەی دوو ساڵدا هەموو شتێکیان لە دەست دا پێستیان کەوتە سەر ئێسقان، کار گەیشتە ئەوەی گڕ بەردەن لە داری میوەکانیان و جۆگەڵەی ئاوەکانیان تێك دەن دواییش روو لە ئێران بکەن و بە چاندنی تووتنەوە خەریك بن (٢٤٠-٢٤٢).

پاش ئەوەی سۆن وێنەیەکی باری ئابووری و بازرگانی شاری سلێمانی بۆ نمایش کردین، لە شوێنێکی دیکەی یادداشتنامەکانیدا بە دیمەنێکی کاری بازرگانی ئەو کاتە ئاشنامان دەکات، واتە ئەو ماوەیەی مێجەر سۆن خۆی گۆڕیوە (جاری یەکەمی سەردانەکەی)، وەك بازرگانی رۆن بە ناوی میرزا غولامی بازرگانی فارسەوە کاری کردووە.

سۆن کابرایەکی کوردی بە ناوی (حەمە)وە راسپاردووە بەردەستی بکات و لە کاروباری بازرگانیدا یارمەتی بدات.

سۆن یەکەمین هەنگاوەکانی لە بواری فرۆشتنی رۆندا بە کۆ (جوملە) باسکردووە، چۆن نرخی بۆ داناوە تا قازانجی ٢٥٪ ی بۆ دابین بکات، هەروا باسی ئەوەشی کردووە کە لە سلێمانیدا کێشی کار (وزان) هەبووە ئەرکی ئەوە بووە کالاّ بکێشی.

سۆن دەڵێت : نەیزانیوە بەقاڵ چۆن قازانج دەکات، بەلاّم پاش ئەوەی کێشکار هاتووە و کالاّکەی کێشانەکردووە، لای بەقاڵێك دانیشتووە کە بە تاك فرۆشتوویەتی، ترازووەکەی یەکەمجار زۆر باش نەبووە، کاتێك رۆنی کێشانە کردووە ئەو کەوچکەی کەوا رۆنی پی بەتاڵ کردووە لەسەر تای تەرازووەکە لای نەداوە. ئەگەریش کڕیارێك زۆری بکڕایە ئەوە لەسەر نرخەکەی رێك دەکەوتن، ئەو کاتە رەنگە کڕیارەکە بیتوانیایە بە کێشێکی شیاو بکڕی، بەلاّم کڕیاری بچووك هەمیشە هەڵدەخەڵەتێنرا، ئیدی ئەگەر لە رێگای نرخەکەیەوە بێت یان کێشانە کردنەکەی (٩-١٠). لێرەشدا ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە ئایا ئەو بەقاڵەی سۆن لە تەنیشتی دانیشتووە بە رێکەوت چاوەڕوانی کێشکارە بووە، یان ئەوە سیمای کاری بەقاڵی ئەو سەردەمەی سلێمانی بووە یان گشت کوردستان ؟

لە راستیشدا بە بی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لەسەر بەقاڵەکانی ئەمڕۆ بەلای کەمەوە، ناتوانین وەلاّمی ئەم پرسیارە دەستەبەربکەین، بەلاّم بە گشتی ئەو کەسەی بەتاك بکڕی بە بڕی کەم، بەر زیان دەکەوی، چونکە دوور نییە بەبی گەمەی کەوچکە دارەکەش بە هۆی چاوچنۆکی



بازرگانەکانەوە چ لە رێگای دەست بەسەرا گرتنی کەرەستە و چ لە رێگای داسەپاندنی نرخەوە کڕیار ناچار بێت ملکەچی ئەو شێوە کڕین و فرۆشتنە بێت.

سۆن باسی ئەو سەرچاوەنەشی کردووە کە لە میانەیانەوە کەرەستەی رۆنیان بۆ دابین کردووە ئاماژەی بەوە داوە حەمەی ناردووە بۆ هەڵەبجە تا باری رۆنەکەی بۆ بگەیەنی سلێمانی، لە راستیشدا ئەو بارە بریتی بووە لەوەی (مخا) ی جوولەکە بە شەقام و کۆلاّنەکاندا گەڕاوە لە مالاّن کڕیوێتی و بەرە بەرە کۆی کردۆتەوە. سۆن دەڵێت، کوردەکان رۆنی نایاب هەڵدەگرن تا ئەو کاتەی کڕیاریان بۆ هەڵدەوکەی.

لە راستیدا سۆن بڕی پارەی بە شێوەی یارمەتی (سلفە) بەکەفالەتی مەنسووری نەسرانی لە هەڵەبجە دابوو بە مخای جوولەکە بۆ کڕین و کۆکردنەوەی رۆن، کە حەمە ئەچوو لێی وەر دەگرت.

حەمە وەك سۆن دەڵێت : بە پێی نەریتی کوردەواری —ڕازی نەئەبوو بە دەستی بەتاڵەوە بچی بۆ هەڵەبجە، بۆیە بارێك پێلاّو و شتی دی لەگەڵ خۆی دەبرد تا لەوی بە خاوەن دوکانەکانی بفرۆشی (١٧).

سۆن دەربارەی شێوازی سەوداکردنی کڕین و فرۆشتن دواوە و دەڵێت: ویستوویەتی پێلاّو بکڕی بانگی خاوەن دوکانێکی پێلاّوی کردووە بۆ ئەوەی چ لە هی خۆی و چ لە هی دوکانەکانی دراوسێی بڕێکی باشی پێلاّوی بۆ کۆبکاتەوە تا بیکڕی، بۆ ئەوەی لە کێشەی نرخیش کەم بکاتەوە، کابرایەکی نەسرانی بانگ کردووە، گوایە ئایینی جیاواز بووە، نە لەگەڵ فرۆشیار و نە لەگەڵ کڕیار هاوئایین نەبووە، تا لایەنگری یەکێکیان نەبی، ئەویش جووت جووت نرخی بۆ پێلاّوەکان داناوە کە ماوەیەکی خایاندووە، نەریتیش ئەوە بووە هەر یەکە لە فرۆشیار و کڕیار نرخیان پێشنیاز کردووە و لە سەر یەك کەم و زیادیان کردووە، تا نرخەکە لە نێوەندی هەردوو نرخی کڕیار و فرۆشیارەکە نزیك بووەتەوە ئیدی کابرای نەسرانی نرخەکەی دیاری کردووە و هەردوو لاشیان ناچار بوونە پەسەندی بکەن، چونکە سەرەتا لەسەر ئەو پابەندبوونە رێککەوتوون.

سۆن ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە پاش پێنج سەعات توانیوویانە ٥٠ جووت پێلاّو بکڕن، حەمە شتی دیکەشی وەك کەرەستەی جگەرە و تەسبیح و... هتد کڕیوە و بەرەو هەڵەبجە کەوتۆتە ری بۆ رۆژی دواییش بە باری رۆنەوە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی (١٨)

سۆن دەربارەی باری بازرگانی ئەو سەردەمەی رۆژهەلاّت دواوە و دەڵێت : هۆی سەرنەکەوتنی بازرگان یان ئیفلاسبوونی بەندە لەسەر سوود نەبینین بە بەهرە و شارەزایی و

دووربینی و عەقل بەکار هێنان نەك کێشەی بازرگانی و بی توانستی، لەم بارەیەوە بازرگانێکی بە نموونە بۆ هێناوینەتەوە کە دوو جار لە شاری سلێمانیدا کەوتۆتە سەر ساجی عەلی و هیچی بە دەستەوە نەماوە.

سۆن ئەوەشی لە یاد نەکردووە هۆیەکانی دیاردەی ڕێگری لە کوردستاندا شی بکاتەوە کەوا نەیارە لەگەڵ ڕەوەشتی کوردەواریدا کە بە گشتی پەسەندی خۆیەتی لە باسی ناوچەکانی کوردستانی تورکیادا دەڵێت بارودۆخ وای لەو کوردانە کردووە روو لە ڕێگری بکەن، لەم بارەیەوە ناوی ئەم هۆزانەی هێناوە : حسنان، سبیکان، حەیدەران، ئادامان و زرگان، بۆ ئەوەش پەنجە بۆ هەردوو هۆکاری سروشتی و سیاسی رادەکێشی، چونکە ناوچە شاخاوییەکان هێند داهاتیان زۆر نییە و شاری بازرگانیشیان کەمە و کێشەی سەر سنووریشیان بەردەوامە، ئەمەش بەشێك لەو کوردانە ناچار دەکات پەلاماری ئەو دەوڵەتانە بدەن کە ناوچەکانیان داگیر دەکەن (١٨٣).

برانتیش (١٨٣٨) ئەوەی لە یاد نەکردووە باسی بارودۆخی ئابووری ئەو ناوچانە بکات کە لە کوردستانی تورکیا سەردانی کردوون، بەڵام سەرنج و تێڕوانینەکانی پتر بابەتی باج و سەرانەیان گرتۆتەوە کەوا ببوون بە مایەی نیگەرانی خەڵك.

شاری بتلیس وەك مەڵبەندێکی بازرگانی پتر بووەتە جێی سەرنجی برانت چونکە لە یادداشتەکانیدا بەگرنگترین مەڵبەندی بازرگانی داویەتییە قەڵەم.

برانت دەڵێت : هەندی کالای هاوردەی وەك کوتاڵی ئینگلیزی و شەکر لەم شارەدا فرۆشراوە، هەروەها ئەم شارە بە بۆیاغ کردنی کوتاڵ و ناردنی بۆ دەرەوە بە ناوبانگ بووە.

وێڕای ئەوەش لەم شارە کوتاڵی لە لۆکە دروست کراو هێنراوەتە بەرهەم. شایانی باسیشە لۆکە لە ناوچەکانی شیرقان لە لای باشوورەوە تا ڕۆژئاوا چێنراوە، هی دیکەش لە ناوچەی خۆی لە ئێرانەوە هێنراوە (٩٦-٩٧).

برانت دووچاری جۆرە سەرسووڕمانێك بووە کاتێك بینیویەتی کەرەستەی لۆکە لە کوردستاندا وەك بەریتانیا دەگمەنە و خەڵکیش کاری رستن بە دەست بە ئەنجام دەگەیەنن، بەڵام کوتاڵی (شیت)ی بەریتانی کەوا کەرەستەیەکی هاوردەیە لەم ناوچانەدا بەهەرزانتر دەفرۆشری، پرس و رای ئەم مەسەلەیەش شپرزەی کردووە (٩٧).

برانت باسی بازرگانی کەتیرە (صمغ)ی کردووە کەوا لە ناوچە شاخاوییەکانی نزیك شاری بتلیسەوە دەیهێنن. دەڵێت : دوو جۆری رووەکی کەتیرەش هەیە یەکەمیان کەتیرەی سپی



لێدەردەهێنری و دووەمیشیان کەتیرەی قاوەیی پیشەسازی کەتیرەش پیشەیەکە قازانجی لە دوایە. خەڵکی واش هەن بە ناوچە شاخاویەکاندا دەگەڕێن ڕەگی ئەو ڕووەکانە لە نێو خاك دەردێنن و کۆی دەکەنەوە و دیقرنجێنن تا دەگەیێت و کەتیرەی شلەی لی دروست دەبی، پاش دوو ڕۆژیش رەق دەبێتەوە ئەنجا هەڵیئەگرن و بۆ فرۆشتن ئامادەی دەکەن (٩٧-٩٨).ئەمەشمان لە بابەتی کشتوکاڵ لە کوردستاندا باسکردووە.

برانت باسی کاردانەوەی کورد و سەرۆکەکانیانی دەربارەی باجی جۆربەجۆر کردووە، کەوا باری قورس کردوون، باوەڕیشمان وایە ناوچە یان هۆز یان گوند نییە برانت پێیدا تێنەپەڕیبی و گوێی لە سکالای خەڵك دەربارەی باج نەبووبی.

برانت هەوڵیداوە بزانی چۆن و لەسەر چی باج وەردەگیری، لەم بارەیەوە باسی دیدەنییەکی نێوان خۆی و باج وەرگرێك دەگێڕێتەوە کەوا پێی راگەیاندووە باجی سەرجەم ناوچەکانی پاشایەتی کە ئەو کاری تیا کردووە گەیشتۆتە ٤٦٠ جزدانی پارە کە ٢٣٠٠ لیرەیان تیایە، بەڵام برانت لە یادداشتنامەکانیدا دانی بەوەدا ناوە نەیتوانیوە کۆی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە بە وردی دەسنیشان بکات، چونکە پێوەری جۆربەجۆریان بەکارهێناوە بۆ وەرگرتنی باج لە ناوچەکاندا (٨٦).

ئایا دەبی هۆکاری بابەتی لە گۆڕی بێت بۆ جیاوازی بڕی باج لە تەنها یەك ناوچەدا ؟ وەك جیاوازی لە ئاستی بەرەکەتی خاك یان جیاوازی لەسەر ئاستی ملك و مالی خەڵك یان ئەو جیاوازییە لەسەر گەندەڵی کارگێڕی بەندبووە کەوا سیمایەکی حوکمی عوسمانی بووە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی ! برانت ئەمەی روون نەکردۆتەوە (٨٦).

برانت بە (وان)دا تێپەڕیوە و وای باسکردووە کە زۆر پێشکەوتوو نەبووە، بە هۆی هەژاری خەڵکیشەوە کالای ئەورووپایی تیا کەم بینیوە، برانت دید و بۆچوونەکانی دەربارەی ئەم شارە تۆمار کردووە و پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە، کە لە شارەکەدا هۆکاری پێشکەوتنی بازرگانی ئەوتۆ لە گۆڕێیە بەشی ئەوە بکات ببی بە شارێکی بازرگانی، ئەگەر کەم و کورتی کارگێڕی و ئاسایش نەبنە تەگەرە.

برانت باسی ئەوەی کردووە کاتێك بە نێو ئەم شارەدا تێپەڕیوە پتر لە پێنج سەد گرۆی بینیوە خەریکی رستن و چنینی کوتاڵی لۆکەی زبر بوونە، کە کەرەستە خاوەکەی لە ولاتی ئێرانەوە هاتووە، بەشێك لەو کوتالانەش لە ناوچەکانی دەوروپشت بەکارهاتوون و بەشەکەی دی

نێردراوە بۆ بتلیس بۆ بۆیاغ کردنی، هەندێکیشی خەڵکی ناوچەکە بەکاریان هێناوە، کە سەرباری ئەوەش کوتاڵیان لە دیمەشق و حەڵەبەوە هاوردووە.

شاڵ کە جۆرە کوتاڵێکە لە کرمانەوە هاوردوویانە، شاڵیش لە راستیدا بە شێوەیەکی تایبەت چنراوە و زەخرەفەی تیا دروست کراوە و چەند جارێك قەد دەکرێت و دەکرێتە پشتێن. هەندی لە کوردەکان پشتێنێکی قایش (چەرم)ی پانی لەسەر دەبەستن، بەلاّم ئێستا وا خەریکە شاڵ نامێنی و لە جیاتی چیت بەکار دی کە جۆرە کوتاڵێکی ئاساییە، کوردەکان دەیپێچنە پشتیانەوە و بە شاڵی عەجەم ناوی دەبەن. لە ناوچەکانی نزیك شاری وان جۆرها تووی سوورو زەرد بەرهەم دەهێنری، لە چیاکانی هەکاریش پێك هاتەکانی کبریتی زەرد دەردەهێنری و دەفرۆشری، برانت ئەوەی سەرنج داوە هەناردە لەم شارەدا کەمە، بێجگە لە میوەی تازە و وشەکەوە کراو، هەروەها لە ناوچەکەدا میوە و دانەوێڵە و مێوژ بەرهەم دەهێنری کە نرخیان لە نێو شارەکەدا هەرزانە، بێجگە لە بەرهەمهێنانی تۆوی کەتان کەوا رۆنی کەتانی لی دەردەهێنری و بۆ رووناکی بەکار دەهێنرێت.

خەڵکی ناسراو لە نێو شاردا خانوویان هەیە، هی دیکەش لە لادی لەگەڵ بێستانی میوەدا، رۆژهەلاّتناسەکان ئەوەیان بۆ دووپات بووەتەوە کوردەکانی ئەو ناوچانە دەتوانن پێداویستی خێزان بۆ خۆیان دابین بکەن، ئەویش بە متمانەکردنە سەر بێستان یان کێڵگەکەی، بەلاّم قازانجێکی ئەوتۆیان نییە، دەگاتە نێوان (٢٠-١٠٠) لیرە.

برانت باسی ئەوەشی کردووە کە هەندی کەسی ناوچەکە بە پیشەی سەرافییەوە خەریکن، ئەمانەش گوزەرانیان لە خەڵکی دی باشترە، بەلاّم هەژارەکان ناچار دەبن بچن بۆ ئەستەمبوول و لەوی بەکارو کاسبییەوە خەریك بن تا خەرجی ژیانیان دابین بکەن (١٢٣).

برانت جارێکی دی گەڕاوەتەوە سەر باسی باج کە بە ناو و پاساوی جیاجیاوە سەپێنراوەتەوە سەر خەڵك و سەرنجی ئەمی راکێشاوە حاکمێکی ناوخۆیی گوندێکی کورد بۆی باسکردووە کەوا باجی (قشلە) خوێنی دانیشتوانی گوندەکە دەمژی و هەرگیز ڕێگایان پێنادات لە ئاستێکی باشدا بژین ئەم باجی قوشلەیەش دەسەپێنرایە سەر ئەو هۆزە کوردانەی لە وەرزی زستاندا پەنایان دەبردە بەر گوندە دەشتاییەکان.

واتە دوای گەڕانەوەیان لە چیا. وا دیارە قوشلە واتای (دەزگای میری) یان (سەرا) دەگەیەنی، ئەم جۆرە پەنا دانەی هۆزەکانییش لەو وەرزەدا مۆرکێکی رەسمی هەڵگرتووە،



وێڕای ئەوەش گەلێك خێڵ زستانە هەواری هەبووە، واتە گوندی تایبەت، زستانیان تیا بەسەر بردووە.

ئەو هۆزانەش نیمچە کۆچەرن، بەلاّم ئەوانەی خانووی لەو چەشنەیان نەبووە زستانی تیا بەسەر بەرن بوونەتە میوانی خاوەن گوندەکان، ئەمەش بە کری و بە رێککەوتنی هەردوولابووە، بە زۆریش بەرامبەر بەرخ یان پارە دەبوو.

باجی سالاّنەش کەوا دەدرایە ئاغا یان پاشا لە کوردستاندا نرخێکی دیاریکراو یان پێوەری نەگۆڕی نەبوو، برانت لە شاری مووش کەوا ٧٠٠ خێزانی موسوڵمان و نزیکەی ٥٠٠ خێزانی ئەرمەنی تیا نیشتەجی بوونە ئەوەی سەرنج داوە ئەرمەنییەکان باری ئابوورییان لە کوردەکان باشتر بووە و باجی سالاّنەیان داوە، کەچی پاشا سالاّنەی لە کوردەکان وەرنەگرتووە (٣٢).

ئەم جۆرە سەودایەش کەوا برانت پەنجەی بۆ راکێشا بێگومان ئەو شێوە گشتییە نەبووە کە لەسەر ئاستی باجی سالاّنە لە کوردستاندا پێڕەوکراوە، بەڵکو کارێکی تاکەکەسیی بووە، بۆ ئەوەش بیرۆکەکەمان سەبارەت بە باری ئابووری کوردستانی تورکیا روونبێت، کە برانت لەو سەردەمەدا (١٨٣٨) لێی ورد بووەتەوە پێویستە توێژێکی کۆمەلاّیەتی نەك ئابووری لە ژینگەی ئەو کاتەی کۆمەڵگای کوردەواری لەبەرچاو بگرین.

برانت باسی گوندی پیرانی کردووە کە دانیشتووانی بریتی بوونە لە (٩٠) خێزانی موسوڵمان و (٨٠) خێزانی ئەرمەنی یەکێکیش بووە لەو پەنجا گوندەی ملکی یەك کەس بووە، کە ئەویش بەگی ناوچەی ئیکیل بووە و ملکەچی دەسەلاّتی پارێزگاری ناوچەی ئەرکەهانا مادن بووە، بەلاّم رەوشتی بەندبووە و نەفسی رێی پێنەداوە دەست بۆ ماڵی خەڵك درێژ بکات، وەك چۆن بەگەکانی دی دەیانکرد، لە ئەنجامیشدا خەڵك لە سایەی دەسەلاّتیدا بە دڵنیایی دەژیان (٥٩).

برانت ئاماژەی بەوەداوە کەوا سیمای خەڵکی گوندەکە ئەوەی گەیاندووە باری ئابوورییان باشبووە و گوزەرانی دانیشتووانی لە ئاستێکی شیاودا بووە، بەلاّم ئاغا واتە گەورەی هۆز لەو گوندەدا برانتی ئاگادار کردۆتەوە، بژێوی خەڵکی گوندەکە بەراستی باشبووە، بەلاّم بڕی باجی داسەپێنراو کە لەم دواییەدا زیادی کردووە و گەیشتۆتە بایی (٢٥٠) لیرە و دەبی رۆڵەی گوندەکە بە هاوکاری یەکدی دابینی بکەن باری ژیانیانی قورس کردووە.

برانت لێی پرسیوە ئایا ئەم باجە سالاّنەیە ؟ لەوەلاّمدا وتوویەتی نەخێر، ئەمە زیادەیە و بێجگە لە باجەکانی دی لە دانیشتووانی گوندەکە وەردەگیری (٦٠).

برانت ئەو بیرۆکەیەی لا چەسپیوە کە باری ژیانی خەڵکی ئەو گوندە و هەندێکی دی باشبووە، ئەویش بە هۆی ئەوەوە بووە دەورووبەریان چێنراوە، بەڵام کاری گێچەڵ کاری چ لە لایەن دەسەڵاتەوە و چ لە لایەن سیستمی دەربەگەوە کە لە ناوچەکەدا باو بووە بووەتە هۆی ئەوەی بەشی هەرە زۆری دانیشتووان لە باری نەبوونی و گەداییدا بژین.

بەڵام هاملتۆن (کۆتایی بیستەکانی سەدەی بیستەم) دیدوبۆچوونەکانی (میری)ی بۆ گواستووینەتەوە کە ئەندازیارێکی سەربازی بەریتانی بووە بە پلەی رائید و خەریك بووە خۆی ئامادەی سەفەر بکات بۆ مەبەستی پشوودان، چاوی بە هاملتۆن کەوتووە کاتێك کەوتۆتە ری بۆ دەست بەکار بوون لە کوردستاندا.

بیری بەو جۆرە ئاراستەی کردووە کە کرێکارانی کورد دەبی بە باشترین شێوە سەودایان لەگەڵ بکری، بۆ هاملتۆنی روون کردۆتەوە خەڵکی ئەم وڵاتە واتە کوردستان تا ئێستا لە سەدەکانی ناوەراستدا دەژین و پێشکەوتنی سەردەم نەیگرتوونەتەوە، ئەوەی پێوتووە دەبی کاربکرێت بۆ چاککردنی باری ژیانی خەڵکی کوردستان کە جیاوازییەکی زۆر کەمی هەیە لەگەڵ ژیانی کۆیلەکان.

هاملتۆن دووپاتی کردۆتەوە هەوڵی داوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کرێکاران لە سنووری کارەکانیدا، بۆیە کرێی رۆژانەی کرێکاری بەرزکردۆتەوە و گەیاندوویەتییە هەژدە پەنس کەوا دەکاتە (٧٥) فلسی عێراقی، کە ئەوەش خەرجی خۆراك و جگەرەی کرێکارەکان دابین دەکات بەمەرجی بازرگانە فێڵبازەکانی شارەکانی دەوروبەر نرخی کاڵاکانیان زیاد نەکەن.

باری ئابووری زۆرخراپ لە میانەی دانپێدانانەکانی (میری)یە وە بۆهاملتۆن روون بووەتەوە، کە ئارەزوومەند بووە باری ژیانی خەڵك چاك بکاتە و ئەوەش لە رێگای ناچارکردنی (میری عێراقییەوە) بۆ چەسپاندنی بڕیاری قەرەبوو دانەوە لە جیاتی پێکاندنی کرێکاران لە کاتی کارکردندا، هەروەها بە خۆڕایی چارەسەرکردنی نەخۆشەکانیان، لەگەڵی دابین کردنی مووچەیەکی خانەنشینی بۆ ژن و منداڵی هەر کرێکارێك لە کاتی کارکردندا بمری (٤٥).

هاملتۆن گەشبین نەبوو بە دەنگەوەچوونی (میری نیشتمانی ) بۆ بانگەوازەکەی کە وەك بەریتانییەك دەیویست بەرگری لە مافی کرێکارانی کورد بکات ئەوانەی خەریکی کردنەوەی رێگایەك بوون لە کوردستاندا، کە میری عێراق خۆی پێویستی پێبوو (٤٥).



لە شوێنێکی دیکەدا هاملتۆن دەڵێت، مرۆڤی کوردی ئاسایی لە باری هەژاریدا دەژی و وڵاتەکەشی بە وشك و رووت باسدەکات، پانتایی بەرین و دەشتایی ئەوتۆی تیا نییە بۆ کشتوکاڵ بشی، ئەوان گەلێکی هەژارن، بەڵام سەربەرز و شکۆمەندن.

لە راستیشدا بۆچوونەکانی هاملتۆن بێگومان دروستن، بەڵام خاکی کوردستان وشك و بی خێر و بەرەکەت نییە، بەڵکو بایەخی پی نەدراوە و سوود لە کانزاکانی نەبینراوە، گەلێك لە بەرزاییەکانیشی بەردین نین، تەنانەت گەلێك تەپە و تەلانی خۆڵین کشتوکاڵ نەگەیشتووەتی و لە رێگای پلەکارییەوە بەرهەم نەهێنراوە، سەرباری ئەوەش لە کوردستاندا دەشتایی بەرین هەیە بۆ وێنە لە کوردستانی عێراقدا سی دەستی بەرینی کشتوکاڵی هەیە، کە ئەوانەش : شارەزوورو هەولێر و سندییە، کەوا هەر هەموویان خاکی بە پیتن و بۆ کشتوکاڵی دانەوێڵە دەشێن، جگە لەوانەش هەزارەها پارچەی دیکە هەن بۆ کشتوکاڵ دەشێن ئەگەر بەرهەم بهێنرێت.

ئەوەی دەمانەوی بیڵێین ئەوەیە، نەخۆشییەکە لە خاکی دەوڵەمەندی ئەم وڵاتەدا نییە، بەڵکو لەو سیستمەدایە نە رێگا و نە یارمەتی دەدات کەرەستەی خاوو و خۆڵە بە پیتەکەی بەرهەم بهێنرێن.

لەبەر ئەمە کاتێك هاملتۆن بەو رادەیە ئاماژەی بۆ باری هەژاری خەڵکی کوردستانی کردووە واقیعی حاڵی باسکردووە و لە راستی دوور نەکەوتۆتەوە. بەڵام لە پاڵ ئەو هەژارییەشدا دەرەبەگ (ئاغا) و شێخ و دەسترۆیان کە دەستیان لەگەڵ کارگێڕانی میریدا تێکەڵ بووە لە گۆڕی بوون، سەرباری ئەوەش پشتگوی خستنی دەستی ئەنقەست لە لایەن میری ناوەندەوە کە رێگربووە لە بەردەم بووژانەوەی ئابووری ناوچەکەدا کەوا وێڕای هەموو ئەو گۆڕانکارییانە لەسەر ئاستی وەزارەت و سیاسەتی دەوڵەتی عێراقدا هاتۆتە دی هەر بەردەوام بووە.

ئەدمۆندز (گرێی دووەمی سەدەی بیستەم) بە رۆڵی خۆی بایەخی داوە بە باری ئابووری کوردستان و لە یاداشتنامەکانیدا دیدو بۆچوونەکانی دەرباری ژیانی خەڵك تۆمارکردووە.

پێش ئێستاش ئاماژەمان بۆ نووسینەکانی کرد، سەبارەت بە واقیعی ژیانی خەڵکی سلێمانی پێش گەیشتنی نۆئیل ساڵی ١٩١٨ کە نەبوونی و برسێتی خەڵکی شارەکە گەیشتبووە رادەیەك، مرۆڤ گۆشتی برای ئادەمیزادی خۆیان بخۆن (٧٩).

لە کاتی باسکردنی دیدی سیاسیشدا ئەدمۆندز باسی ئەوەی کردووە یاسای گشتی لە کوردستاندا ئەوەی دووپات دەکردەوە جووتیار دەبوو دەیەکی بەرهەمەکەی بدایە میری و خاوەن رانیش ئاژەڵێك کە بە ناوی باجی (کودا) لێیان وەرگرتووە کەوا لەسەر بناغەی ژمارەی

ئاژەڵەکان سەپێنراوە، ئەگەر میری لەو ناوچەیەدا باڵادەست بوایە راستەوخۆ وەری دەگرت و و ئەگەریش لاوازبوایە یان دەسەڵاتی لەسەر نەبووایە ئاغا لە جیاتی میری دەیەکەکە و هەروەها (کودا)کەشی وەردەگرت.

لە میانەی سەرنجەکانی ئەدمۆندزەوە دەتوانین پێشبینی دادگەری ئاغا بکەین لە چۆنێتی سەوداکردنی لەگەڵ ئەو باجانەدا کە ئەو لە سایەی میرییەکی لاواز یان بی دەسەڵاتدا کۆی کردۆتەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی لای خۆیەوە بەسەر هاووڵاتییاندا سەپاندووە، ئەگەر پاساوی نوێی هاتبێتە پێش وەك دروست کردنی دیوەخان یان راسپاردنی خەڵك بە ئەنجامدانی کاروباری تایبەت بە خۆیەوە بە بی ئەوەی کرێیان بداتی، گشت ئەمانە لای ئەو کوردانەی لە لادی ژیاون روونە.

کوێخا (مختار)ی گوند یان برێکاری میری دووچاری گەورەترین گرفت بوونە کاتێك ویستوویانە باج لە هۆزێکی گەورە و بەهێز وەربگرن، بە تایبەت لەو ناوچانەی سەختن و ئەژمارتنیان تیا بە ئاسانی ئەنجام نادرێت.

ئەدمۆندز لەم بارەیەوە نموونەیەکی بۆ هێناوینەتەوە، ئەویش ئەوەیە، دەڵێت، کوێخا و بریکارەکان کاتێك ویستوویانە باج لە هۆزی جاف وەربگرن دووچاری گەورەترین سەرەئێشەبوونە، چونکە ئەم هۆزە وێڕای ئەوەی گەورە و بەهێز بووە، توانستی ئەوەشی هەبووە مەڕ و ماڵاتەکانی بشارێتەوە.

ئەدمۆندز ئاماژەی بۆ چەندین جۆری باج و سەرانە کردووە کەوا لە کوردستاندا سەرنجی راکێشاوە.

لە راستیشدا ناوی ئەو جۆرە باجانە تەنها لە لایەن ئەدمۆندزەوە باس نەکراوە یان هەر ئەوانە نین کە ئەو باسی کردوون، چونکە لە لایەکی دیکەشەوە ئەو ناوانە بە پێی گۆڕینی شێوەی زمان و ناوچە جوگرافیاکانی کوردستان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.

زەکات ئەرکێکی ئایینییە، بەڵام دەبوو هاونیشتمانی باجی ئاغایەتیش بدات، کە ئەویش بەشدارییەکی سەپێنراوە بەسەر رۆڵەی هۆزدا تا ئاغا یان سەرۆکی هۆز بتوانی کاروباری هۆزەکەی یان خەرجی دیوەخانەکەی پێدابین بکات. باجی (مەڕانە)ش لە گۆڕێ بووە کە لەهەر پەنجا سەر مەڕ دانەیەکی بووە بە باج یان بەرامبەری پارەدراوە. (پووشانە)ش هەبووە کە باجی لەوەڕگا بووە، (ڕۆنانەش) باجی رۆن بووە، تەنانەت هێلکەش رەنگە باجی لەسەر بووبی. باجی (سووانە)ش کەوتۆتە سەر باوکی بووك و زاوا، زۆر جاریش مەسەلەی (ڕەدو)یش بە باج



یەکلاکراوەتەوە، سەرباری ئەوانەش (پیتاك) هەبووە کە هەموو رۆڵەی هۆزەکە لەسەری رێککەوتوون بۆ دابین کردنی خەرجی ئاهەنگی زەماوەندی ئاغا یان ئاهەنگی دی.

ئەدمۆندز دەڵێت : لە هەموو باجێکیش خراپتر (بێکار و هەرەوەز)ە واتە سوخرەکێشان، کە ئاغا بە بی کری دەیسەپێنێتە سەر رۆڵەی هۆزەکەی وەك دروێنە و گێرە و کا کێشان...(٢٠٤).

بەڵام تۆما بوا (سەرەتای سەدەی بیستەم) دیسان باسی باری ئابووری کوردستانی کردووە و دەڵێت : شارستانییەکانیش لە شارە بچووکەکاندا بە پیشەی بازرگانییەوە خەریکن، ئەو بازرگانانەش عەمباری بچووکیان هەیە کە کەرەستەیان لە خەڵکی گوندەکان و کوردە کۆچەرەکانەوە بۆ دی، بێجگە لە بازرگانی گەورە، واتە بازرگانی مەڕو خوری و پێست. تۆما بوا کە لە نێو کوردەکاندا ژیاوە و دەڵێت : بازرگانێتی ماست و گوێز و خۆراك باوە و لە بازاڕی شارە گەورەکانی کوردستاندا و رەواجیان زۆرە.

بوا باسی ئەوەشی کردووە کە بازرگانەکانی مەڕو ماڵات لە ئەستەمبول کورد بوونە، هەروەها کارگەڕانی بازاڕی سەوزەو قەسابخانەکانی بەیرووتیش.

تۆما بوا ئەوشی لە یاد نەکردووە ئاماژە بۆ ئەوە بکات کە هەندی کرێکاری کورد ژیان ناچاری کردوون لە شارەکانیان دوور بکەنەوە و بە دوای ئیشدا بگەڕێن کە بە زۆریش ئیشی گرانیان کردووە وەك کاری هەڵکەندن و گواستنەوە و حەمباڵی، بەوەش ناسراون بەهێزن و دەست و مەچەکیان شایانی ئەوەیە کاری قورس هەڵسووڕێنن، ئیدی چ لە ئەستەمبوول و چ لە بەیرووت ئەو کارانەیان کردووە.

تۆما بوا ئاماژەی بۆ ئەو جۆرە باجانەش کردووە کە ئەدمۆندز باسی کردوون خۆیشی پەنجەی بۆ ئەوە راکێشاوە کە یاداشتنامەکانی ئەدمۆندزی خوێندۆتەوە (٣١).

باسیل نیکیتین (سەرەتای سەدەی بیستەم) ئاماژەی بۆ لایەنی ئابووری و بازرگانی لە کوردستاندا کردووەو لەو باوەڕەدایە ئەم بوارە لە لایەن زۆربەی لێکۆڵەرانەوە پشت گوی خراوە.

نیکیتین دەڵێت کوردستان لە سایەی جۆرە سیستمێکی سەرمایەداریدا ژیاوە، چونکە مەڵبەندێکی گرنگ بووە بۆ هەناردەی مەڕ و ماڵات بۆ بەغدا و ئەستەمبوول و سووریا. هەروەها خوری و هەنگوین و کەرەستەی بۆیاغیشی بۆ ناردوون، بەرامبەر بەوەش چەك و کوتاڵی لە لۆکە دروستکراو و حەریر و شەکر و شتی دی هاوردووە. نیکتین لەو باوەڕەدایە

هەناردەی کوردستان لە داهاتی زیاتر بووە، ئەمەش بووەتە هۆی کۆکردنەوەی پارەو ماڵێکی زۆر لای شارنشینەکان.

باسیل نیکیتین دەڵێت : تەنها شاری ئەستەمبوول بەلای کەمەوە ملیۆن و نیوێك سەری مەڕ و مانگای لە کوردستانەوە بۆ هاتووە، وێڕای ئەوەش نیکیتن باسی ئەوەی نەکردووە لە ماوەی چەنێکدا ئەو بڕەی بۆ هاتووە، بەڵام لەو باوەڕەداین مەبەستی ئەوەبووە لە ماوەی ساڵێکدا ئەوەندەی پێگەیشتووە، بەڵام ئێمە لەو باوەڕەداین، هەناردەکە لەو ژمارەیە زیاتر بووە، چونکە ڕێگاکە دوور و سەختیش بووە، بۆیە دوور نییە ژمارەیەکی زۆر لەو ئاژەڵانە لە ری لە نێو چوو بن و نەگەیشتوونەتە شوێنی مەبەست.

هەروەها کوردستان بە بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە بەرە بەناوبانگە بۆ خۆشەکردنی پێستە و بۆیاغ کردن بەکاردێت. باسیل نیکیتین ئەوەی مەزەنەکردووە کە لە کوردستانی تورکیاوە بایی ٣٥٠٠٠ لیرەی ئیستەرلینی لەم جۆرە ماددەی بەرهەم هێناوە، لەگەڵیشدا بایی ٧٠٠٠٠٠ جونەیهی ئیستەرلینی کەرەسەی خوری بە تایبەت مووی بزن کە لە دروست کردنی پاڵتۆ و شاڵدا بەکاردێت دەنێررێتە دەرەوە.

شایانی باسیشە ئەم بڕە پارانە، بە بەراورد لەگەڵ باری ئابووری ئێستادا زۆر گەورەیە، چونکە باسیل نیکیتین لە نووسینەکانیدا باسی بارودۆخی نێوان کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دەکات، شایانی باسیشە ئاماژەکردنی بۆ بەکارهێنانی هەردوو زاراوەی لیرەی ئیستەرلینی و جونەیهی ئیستەرلینی لەڕووی نرخی دراوەوە هیچ جیاوازییەکیان نییە، ئەو دوو زاراوەیەش لیرە و جونەیە بۆ گوزارشت کردنن لە پاوەنی ئیستەرلینی.

وا دیارە پرۆسەی بازرگانی لە کوردستاندا ئازاد نەبووە، باسیل نیکیتین ئاماژەی بەوەداوە کوردەکان لە پیاوانی گومرك ترساون، بۆیە بازرگانی ئەرمەن و جوولەکە و تورك هاتوون ئەو کاڵا جۆربەجۆرانەیان هەڵگرتووە و لەگەڵ بەرهەمی دیکەی کوردیدا گۆڕیویانەتەوە، لە ڕاستیشدا نووسەری دیکە ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کاڵا گۆڕینەوە (**المقايضة**) لە سەدەی نۆزدەیەمدا شێوەیەکی باوی سەودا کردنی بازرگانی بووە لە کوردستاندا.

باسیل نیکیتین ئاماژەی بەوەداوە کە بە ناو (بازرگانی کانزا) لە گۆڕی بووە، کوردەکان هەوڵیان داوە سوود لەو کانزا زۆرانە ببینن کە نوقمی ژێر خاکەکەیانە، بۆیە بە دزی حکوومەتی تورکیاوە ئاسن و قورقۆشمیان دەرهێناوە هەندی ئامێری خۆیان لێدروست کردووە و ئەوەشی زیاد بووە فرۆشتوویانە.



باسیل نکیتین بە لەبەر چاوگرتنی بۆچوونەکانی (و.فیلتشنسکی) گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە بازرگانی لە کوردستاندا لە میانەی سەدەی نۆزدەیەمدا تا رادەیەك گەشەی سەندووە، بە تایبەت لە بواری بازرگانی ناوخۆدا.

بەڵام هەی (١٩١٨-١٩٢٠) نمایشی ئەو جۆرە دانەوێڵانەی کردووە کە کوردستان بەرهەمی هێناون وەك گەنم و جۆ و دانەوێڵەی دی، هەروەها جۆرەها سەوزەش. ئەنجا باسی کشتوکاڵی تووتنی لە کوردستاندا کردووە. پەنجەی بۆ خاکی هەولێر درێژ کردووە کە بە پیت و بەرەکەتە، ئاواتی خواستووە دەستی شارەزایی زانستی پێبگات تا ببێتە باشترین خاکی کشتوکاڵی.

هەی ئەنجا هاتۆتە سەر باسی دار چنار و داری میوە لە کوردستاندا، بە شێوەی تایبەت لە ناوچەکانی هەولێر و خۆشناوەتی و نمایشی جۆرها میوەی وەك تری و هەنارو هەنجیر و سێوی کردووە، بەڵام داخی بۆ ئەوە خواردووە ئەو جۆرە دارانە بایەخیان پێنادرێت و خزمەت ناکرێن ئەگینا دەگەیشتنە ئاستی ئەو جۆرە دارانە لە بەریتانیا دەچێنرێن.

هەروەها ئاماژەی بۆ گوێزی کوردستان کردووە کە جۆرێکی نایابە و قەبارەی بەقەد هێلکەی مریشکە، هەروەها باسی نایابی دار گوێزو سپیندارو بەڕووی کردووە کە لە کوردستاندا زۆرن.

هەی ئەوەشی دووپات کردۆتەوە کە لە کوردستاندا هەردوو کەرەستەی پێستەخۆش کەرو ترش دوو بابەتی گرنگی بازرگانین و رەواجیان زۆرە.

هەی لە کۆتاییشدا هاتۆتە سەر باسی هەناردەو هاوردەی کوردستان بە تایبەت ئەو ناوچانەی لە سنووری دەسەڵاتیدا بوونە و سەبارەت بە هەناردەی هەولێر دەڵێت بریتی بووە لە دانەوێڵە و خوری و تووتن و کەرەستەی بۆیاغ و کەتیرە و پەنیر و مێوژ و میوەی وشکەو هی دی.

گشت ئەم هەناردانەش بە شەمەندەفەر لە کفری و شرگاتەوە بار دەکران یان بە هۆی کەڵەکەوە بەڕووباردا دەگوێزرانەوە بۆ بەغدا. ئەو بڕە زۆرەی گەنمیش کە لە هەولێر دەهێنرایە بەرهەم ئەگەر پێویستی بکردایە لە موسڵ دەفرۆشرا.

هاوردە سەرەکییەکانیش وەك هەی لە یادداشتنامەکانیدا باسیکردووە بریتی بوون لە چاو، شەکرو، قاوە، کە لە بەغداو ئێران دروست دەکران.

هەی باسی ئەو کاروانانەشی کردووە کە لە کوردستانەوە کەوتوونەتە ری و بۆ کوردستانیش هاتوون، کەوا وەرزی سەهۆڵ بەندان لە نێوان کانوونی یەکەم و ئازاردا تەگەرەی بۆ دروست کردوون هەروەها باسی کاروانی ناوخۆییشی کردووە، کە هۆزەکان لە نێو یەکدیدا کەرەستەیان

گۆڕیوەتەوە، بە تایبەت میوە و تووتنیان لەگەڵ دانەویڵەی ناوچەی دزەییدا گۆڕیوەتەوە، کە خاکێکی بە پیت و بەرەکەتە.

کاتێك هەی لە ناوچەکەدا بووە بانق لە هەولێر نەبووە، خەڵکیش وەك باسیدەکات پارەیان لە خەزنە هەڵگرتووەو هەندێکیش هەوڵیان داوە سوودی لی ببینن، وەك سەرمایە داویانە بە بازرگانەکەکان و لە زیان و قازانجدا بەشدارییان پێ کردوون.

هەی پەنجەی بۆ ئەوەش ڕاکێشاوە کە سوود (ربا) لە گۆڕی بوو کە وێڕای ئەوەی بە پێی یاسای ئیسلام حەرامە، بەڵام لە نێو خەڵکدا زۆر بڵاوبووە و باسی پاشایەکی ناوچەکەی کردووە کە بڕی ٥٠ هەزار پاوەنی خستۆتە کارەوە لە ٣٣٪ ساڵانە سوود لێوەرگرتووە.

هەی وێنەیەکی پڕ کوێرەوەری ئەو جووتیارانەمان دەخاتە پێش کە ناچار دەبن پەنابەرنە بەر سەلەم و داهاتی کێڵگەکانیان بە بارمتە (رهن) دابنێن، ئەگەر وشکە ساڵ بوو ئەوە تووشی ڕۆژی ڕەشی خۆیان دەبن، خەریك دەمێنن چۆن قەرزی کەڵەکەبووی ئاغا بدەنەوە کە داهاتی کێڵگەکانیانی ڕەهن کردووە، هەندێکیان ناچار دەبن دەست لە زەوییەکانیان هەڵگرن و بۆ ئاغای بەجی بێڵن.

توانستی هەندی بازرگانی هەولێر سەرنجی هەی ڕاکێشاوە، ئەو بازرگانانە بریکاری حەلەب و بەغدا بوونەو پێش جەنگ پێوەندییان لەگەڵ کۆمپانیاکانی مارسیلیە بووە کە لە بواری شارەزایی و گۆڕینی دراودا بە شارەزاو لێهاتوو باسیان کردوون.

هەی نموونەیەکی بۆ ئەوە هێناوەتەوە، دەڵێت : ئەحمەد پاشا لەسەر ئەوە ڕاهاتبوو بڕێکی زۆری (ڕوپیە) بنێری بۆ بەغدا تا بە پاوەنی ئینگلیزی بیگۆڕێتەوە، ئەو حەوالانەشی دەنارد بۆ حەلەب و بە زێڕی تورکی دەیگۆڕینەوە. لە کۆتاییشدا ئەو زێڕەی لە ئەنجامی ئەو گۆڕینەوانەدا دەهاتنە دەست لەسەر پشتی کەر باریان دەکرد و دەیان گەیاندە ئەحمەد پاشا کە قازانجی دەگەیشتە ٢٥٪ کۆی سەرمایەکەی، لەو باوەڕەدابن ئەو حەوالانەش کە لە شێوەی (پسوولە) یان (کۆبۆن) بوونە گرێمانەی ئەوە هەبووە سەرف بکرێن یان بکرێن بە پارە (١٣٨).



# شوانکاری و کشت و کاڵ و پیشەی دی

**شوانکاری:**

فەرهەنگی زانستی و کۆمەڵایەتی ئەمەریکا " شوانکاری " بەوە پێناسە دەکات کە چالاکییەکی ئابوورییە، بریتییە لە چاودێری کردنی ڕانی مەڕومالات و وڵاخ و مریشکی ماڵی، شوان کاریش بە شێوەی ئاسایی دەبی وەك کارێکی بناغەیی بە تەنها ئەنجام بدرێت یان بە پیشەی کشتوکاڵەوە گری بدری.

کۆمەڵەی شوانکارانیش لە دوو گۆشە نیگاوە تەماشا دەکرێت یەکەمیان وەك یەکەیەکی ژینگەیی Ecological unit دووەمیشیان بەوەی کە کۆمەڵەیەکی شارستانی — کۆمەڵایەتییە Sociocultural community (٤٥٣) فەرهەنگەکە دەیەوی بڵێت کاتێك لەم پیشەیە دەکۆڵرێتەوە دەبی ژینگە لەبەر چاو بگیریت، واتە کۆمەڵە مرۆڤێك لەسەر خاکێك بژین تایبەتمەندێتی ژینگەیی هەبی بۆ دابین کردنی پرۆسەی ئاودێری، وەك چۆن پێویستە بە جۆرێك لەم کۆمەڵەیە بکۆڵرێتەوە کارتێکەریی ژیانی شوانکاری لەسەر لەبەر چاو بگیرێت کە وای لێکردووە ببی بە کۆمەڵەیەك تایبەتمەندێتی کۆمەڵایەتی — شارستانی تایبەت بە خۆیەوە هەبێت و لە کۆمەڵەکانی دی لە نێو کۆمەڵگاکاندا جیای بکاتەوە.

بابگەڕێینەوە بۆ هەمان فەرهەنگ کە دەبینین باسی ئەو کەرەستە ئابوورییە دەکات ئەم پیشەیە بەرهەمی دێنی، هەروەها ئەو کارتێکەرییانەی لە چالاکییەکانی کەم دەکاتەوە، دەڵێت شوانکاری گۆشت و پێستە و شیر و خوری بەرهەم دێنی، ئەم کەرەستانەش بازاڕیان بەردەوامە.

کۆچ بەرەو شارە گەورەکان کارتێکەریی لەسەر شوانکاری وەك پیشەیەکی ئاسایی هەیە، هەروەها جێگیر بوونی هۆزەکان لە نێو گوندەکاندا و خەریك بوونیان بە کشتوکاڵەوە.

ئەمانە بوونە هۆی کەم بوونەوەی بەرهەمی شوانکاری Pastoral Production، هەروەها هۆکاری ڕامیاریش وەك دیاریکردنی سنووری نێوان ناوچە جۆربەجۆرەکان بە تایبەت لە ئاسیا و

ئەفەریقیا کارتێکەرییان هەیە لەسەر زیاد و کەم بوونی بەرهەمی شوانکاری لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دی یان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دی (٤٥٤).

بەڵام فەرهەنگی ئەنثروبۆلۆژی وای بۆچووە کە شوانکاری Pastoralisim شێوازێکی شارستانی و جۆرە ئابوورییەکە لەسەر پەروەردەکردنی ئاژەڵ بەندە بۆ دابین کردنی خەرجی ژیان.

ئاواتە خوازین خوێنەری بەڕێز هەردوو زاراوە شارستانێتی و پێشکەوتن (**الحچارە** و **التمدن**) لە یەك جیا بکاتەوە، لە فەرهەنگی ناوبراودا شێوازی شارستانێتی (شێوەی ژیان) دەگرێتەوە، واتە هەر نەتەوەیەك بە شێوەیەکی تایبەت بە خۆیانەوە دەژین کە شارستانێتییان دەنوێنی (Culture) نەك پێشکەوتنیان (Civilization) چونکە پێشکەوتن لایەنی پێشینەی گەشەسەندووی شارستانێتی نەتەوەیە.

فەرهەنگی ناوبرا دووپاتی دەکاتەوە شوانکاری شارستانێتییەکی کەرەستەیی Culture material سادەی هەیە، هەروەها شێوازی ژیانی ئابوورییان کارتێکەرییەکی بەهێزی لەسەر سیستمە کۆمەڵایەتییەکانیاندا هەیە (٧٢).

فیشەر باسیکردووە مەزنترین لەوەڕگای هۆزە کۆچەرەکانی کورد زنجیرە چیای سەرکەشی زاگرۆسە، کە لە بەرزاییەکانی تورکیاوە دەست پێدەکات و لە ماکران لەبەر چاو ون دەبی، کەچی لە ناوچەی بەختیاری نزیك ئەو ناوچەیەی بە کێشەی نەوتەوە ناسراوە لە عەبادان دەگاتە ئەوپەڕی بەرزی. لەسەر ئەم زنجیرە درێژەش هۆزەکانی کورد دەژین : لوڕ، بەختیاری، هەروەها فیشەر ئاماژەی بۆ چەند ناوچەیەکی دیکەش کردووە (٣٦-٣٧).

شامیلۆف شوانکاری بە پێشەیەکی سەرەکی باسکردووە، هەروەها دەڵێت، پەروەردەکردنی مەڕ نموونەی ژیانی ئابووری کوردە کۆچەرەکانە، مەڕ نیشانەی سامانە و مایەی رێز و هێزو توانست و شکۆدارییە، دەبێتە هۆی ملکەچی بوونی بەشەکەی دیکەی هاونیشتمانیانی کورد (وا دیارە مەبەستی جی نشینانی کوردە)، تەنانەت وای لێهاتووە مەڕ جێگای یەکەم دراوی گرتۆتەوە کەوا ئاڵ و گۆڕکردن لە رێگایەوە دەستی پێکردووە.

وا دیارە گەلێك لە رەوەندەکان دیاردەی کێشەی نێوان شوانکارانی کورد و جووتیاران واتە کێشەی نێوان هۆزە کۆچەرەکانی کورد و لادی نشینانی کورد — ئەوانەی نیشتەجی بوونە — سەرنجی راکێشاون، لەوە ئەچی پێشتر ئەو جیاوازییە روونتر بەرچاو کەوتبی، بەڵام ئەمڕۆ رەنگە شوێنەواری ئەو دیاردەیە مابی، چونکە هەندی هۆز دەبینین بە تەواوەتی وازیان لە رۆحی ژیانی هۆزگەری نەهێناوە Detribalization.



بە گشتیش دەتوانین بڵێین هیچ گوندێکی کورد نییە دانیشتوانی بە کشتوکاڵەوە خەریك بن یان ئاژەڵداری یان هەردووکیان پێکەوە ئەگەر سەر بە هۆزێکی کورد نەبن.

کەچی بۆچوونێك لە گۆڕێیە هەرچەندەش زۆر دووپات نەبووەتەوە ئاماژە بەوەدەدا کەوا جووتیاران سەر بە هیچ هۆزێك نین، بەڵکو پاشکۆیەکی شوانکارە جەنگاوەرەکانن، ئەوانەی خۆیان لە خەڵکی جی نشینی گوند بە بەرزتر دەزانن، وێڕای جێگیربوون و وازهێنانیان لە ژیانی کۆچەری و خەریکبوونیان بە کشتوکاڵەوە ئێمە وا دەبینین هێشتا دەمارێکی هۆزگەری بە سەریانا زاڵە، نەك هەر خۆیان لە جووتیاران بە بەرزتر دەزانن بەڵکو لە شارەکانیشدا ئەو دیاردەیەیان پێوە دیارە و هەمیشە شانازی بە هۆزەکانیانەوە دەکەن.

دوکتۆر شاکر خسباك ئەو دیاردەیەی روون کردۆتەوە، واتە کێشەی نێوان شوانکارە کۆچەرەکان و جووتیارە جی نشینەکان، بۆ ئەوەی گەڕاندۆتەوە کەوا ئابووری شوانکارە کۆچەرەکان بەرقەرار نییە. بەرامبەر بەوەش ئابووری جووتیارەکان کە خەریکی کشتوکاڵن جێگیرو نەگۆڕە. هەر وەختێك وشکەساڵیێت و لەوەرگا نەبێت ئاژەڵ بکەوێتە بەر مەترسی فەوتان ئەوە شوانکارەکان پەلاماری جووتیارە دراوسێکانیان دەدەن و دەست دەگرنە سەر داهاتەکانیان. سەرباری ئەوەش بەردەوام هەردوولایان دەس لە یەکتر دەوەشێنن، هەر کاتێکیش ئاژەڵی شوانکارەکان لە کێڵگە هاوینیی یان زستانییەکانیان نزیك بێتەوە ئەوە لەو کێڵگانەدا کێشە دروست دەبێت.

دوکتۆر شاکر خسباك زیاتر لەسەر ئەم مەسەلەیە دواوە و دەڵێت، پێوەندی نێوان شوانکارە کۆچەرەکان و جووتیارە جی نشینەکان روو لە کێشەی گەرمتر بووەتەوە، چونکە پێوەندی بەهێزی ئابووری بە یەکیانەوە نابەستێتەوە، لەبەر ئەوەی ئابووری هەردوولایان وەکو یەکە، هەردوولایان دانەوێڵە دەچێنن و ئاژەڵیش پەروەردە دەکەن ئەمەش بووەتە هۆی لاوازی پێوەندی ئابووری نێوانیان (٢٠٠-١).

ئێمە لەگەڵ پاساوی یەکەمداین کەوا دوکتۆر شاکر خسباك ئاماژەی بۆ کردووە، بەڵام لەگەڵ دواین سەرنجەکەیدا نین واتە نەبوونی پێوەندی ئابووری بەهێز لە نێوان هەر دوو لایاندا.

لە بەشێکی پێشووی ئەم کتێبەدا باسی ئەوەمان کرد چۆن هۆزەکانی کوردستان متمانەیان لەسەر گوندنشینەکانە بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانیان، هەروەها چۆن گوندنشینەکانیش سوود لە بەرهەمی شوانکارەکان دەبینن، بۆیە لەو باوەڕەداین پێوەندی ئابووری لە نێوان هەردوو لایاندا بەهێزە. لێرەشدا دەبی ئەوە لە یاد نەکەین کە ئێمە ئاماژە بۆ بارێك دەکەین کە

کۆن نەك ئێستا لە گۆڕی بووە، ئەویش ئەوەبووە کوردەکان خەریك بووە لە کۆچی وەرزانە وازبێنن، بەلاّم مەسەلەی ئابووری گوایە وەکو یەکن بە بۆچوونی ئێمە وا نییە، چونکە بەرهەمیان جیاوازە، کەچی کێشەیەکی ئابوورییان لە نێواندایە، بەلاّم ئەوە بە هۆی جیاوازی بەرهەمەوەیە نەك لە یەك چوونیان، ئەمەش لەگەڵ رای برایس فیلبس سازە کە دوکتۆر شاکر خسباك ئاماژەی بۆ کردووە، چونکە فیلبس ئەو کێشەیە بە کێشەی نێوان دوو شارستانێتی نەیارییەك ناو بردووە ئەوەش جەنگێکی ئابوورییە پتر لەوەی ئایینی بێت (١-٢).

زۆربەی سەرچاوە پێوەندیدارەکان باسی جیاوازی بیروبۆچوونی نێوان جووتیاران و شوانکارانی کوردیان کردووە جووتیار ژیانی بەرقەرارە، کەچی شوانکارە ژیانی کۆچەری بەسەر دەبات، لە بەشێکی دیکەی ئەم کتێبەدا ئەم لایەنەمان باسکردووە و ئاماژەمان بەوە داوە کە شوانکارەکان مەیلەو توندوتیژین، کەچی جووتیاران هێمن و لەسەر خۆن باوەڕیش ناکەین ئەم سیمایە تایبەت بێت بە تەنها کوردەوە، بەڵکو سیمایەکی گشتییە، لەگەڵ ئەو کەسانەشدا نین کە ئەیانەوی شوانکارەکان بە کوردی رەسەن دابنێن و جووتیارەکانیان لی جیابکەنەوە، ئەمە بە پێی بۆچوونی ئێمە هەڵەیەکی گەورەیە و هیچ بناغەیەکی زانستی نییە.

لە راستیشدا رۆڵەی هۆزەکان بە زۆری لە میانەی شوانکارییەوە ژیان بەسەر دەبەن، تەنانەت تا چەندساڵێك لەمەوپێش بە چاوی سووکەوە دیانڕوانییە جووتیارەکان بە تایبەت ئەوانەی سەوزە و میوەیان دەچاند و دەفرۆشت، نووسەری ئەم کتێبە کە سەر بە هۆزێکە بەهاران مەڕەکانیان بەرەو چیا بەرزەکان دەبرد بۆ ئەوەی لە ژێر کەپردا بژین و دواییش پایزان دەگەڕانەوە بۆ بەسەربردنی زستان لە شوێنە نزمەکاندا لەسەر رووباری خابوور، تەماتە و میوەیان بۆ مەبەستی ئابووری نەدەچاند، چونکە ئەوەیان بە شوورەیی دەزانی، تا کۆتایی سالاّنی حەفتاکانی سەدەی رابوردوو هەروا بوو، بەلاّم لایان ناشیرین نەبوو داری سپیندار بچێنن کە هەندی جووتیاریان رادەسپارد بۆ ئاودانی و خزمەت کردنی پاشان دەیان بڕی و لە رێگای دیجلەوە دەیاننارد بۆ شار، کەچی هۆزی دیکە هەبوون ئەمەشیان لا شوورەیی بوو.

هەی پتر لە چەند لاپەڕەیەکی لە کتێبەکەیدا بۆ باسکردنی ئەم بوارەی ژیانی کوردەواری تەرخان کردووە و وتوویەتی گەلێکی شوانکارەی رەسەنن و ئاژەڵداری رۆڵێکی گەورە لە ژیانیاندا دەگێڕی.



هەی باسی بەرخی کوردی کردووە و دەڵێت: دونگی هەیە و پانابییەکەی نزیکەی پێیەکی چوار گۆشەیە، بەلاّم بزنەکانیان لەو جۆرەن کە لە ئینگیلتەرە بەخێو دەکرێن، نەك وەك ئەو مەخلووقە شێوێنراوانەی لە هیندستان بەرچاو دەکەون.

هەی باسی بەرهەمی مەڕو بزنی بۆ کردووین، کە بە سامانی شوانکارە دادەنرێت، بەڵکو بە دەماری سەرەکی ئابووری ژیانی هۆز دادەنرێت، هەر بۆیەش مرۆڤی کورد بایەخی زۆر بە مەڕەکانی دەدات.

ئەدمۆندز لەم بارەیەوە دەڵێت، پیاوانی هۆزەکانی کورد وەستان لە شاردنەوەی ئاژەڵەکانیان لە نێو دەربەند و ئەشکەوتەکاندا، بۆیە ژمارەی راستەقینەی مەڕومالاّتی هۆز ئەوە نییە دەدرێتە لایەنە رەسمییەکان (١٣٦).

ویگرام ئەوە سەرنجی راکێشاوە کە کوردەکان بە گشتی مەڕەکانیان خۆش دەوی، هەر بۆیەش مەیلی ئەوە ئەکەن گشت مەڕەکانیان لە نێو گوندەکانیاندا کۆ بکەنەوە، کە ژمارەیان لەوە زیاترە لای لایەنە رەسمییەکان تۆماری دەکەن.

خۆشیان نەتەوەیەکی شوانکارەن کشتوکاڵیان بۆ یەزیدی و ئاسوورییەکان بە جی هێشتووە (٤٥).

باسیل نیکیتین هێند جوان و داهێنەران باسی ژیانی شوانکارەی کوردی کردووە وا لە مرۆڤـــــ دەکات حەز بکات ببی بە شوانێکی کورد.

نەریتی ژیانیان نمایش دەکات، بێگومان ئەم نریتانەش ئەمڕۆ لەگەڵ نیشتەجێبوونی هۆزەکان و وازهێنانیان لە ژیانی کۆچەری خەریکە نامێنیٚ، چونکە پەروەردەکردنی مەڕ لە کوردستاندا لە ساڵێکدا پێویستی بە دوو جار کۆچ هەبوو، بەهارە کۆچ بەرەو چیا و شوێنە بەرزەکان و پایزە کۆچیش گەڕانەوە بۆ دەشت و شوێنە نزمەکان.

باسی وەرزی زاوزێی کردووە، کە نریت وا بووە هەر کوردێکی دەسترۆ بەرخێك سەربڕی و بۆ میوانەکانی لێینی کە دراوسی و شوانەکان بوونە، ئەوەش لە شێوەی ئاهەنگێکدا لە دەرەوەی ماڵ ئەنجام دەدرا و پاش نان خواردنەکەش لاوان بە گۆرانی و هەڵپەڕکی ئاهەنگەکەیان گەرم دەکرد، پاش لێبوونەوەش هەموو داوایان لە یەزدان دەکرد ئەو خاوەن خوانە بپارێزی و مەڕومالاّتی لە نەخۆشی دووربخاتەوە و شیر و رۆنیان بە بەرەکەت بکات و لەوەڕگاشیان بە پیت بێت.

باسیل نیکیتین باسی هەندی زاراوەی کردووە کە پێوەندی بە وەرزی شوانکارانەوە هەیە، کەوا ئاهەنگی تیا دەگێڕن و دەڵێت، خۆشترین رۆژی ساڵیشیان کۆچ بردنە بەرەو لەوەڕگا

بەرزەکانە بەرزاییەکانی کوردستانیش دوو جۆرن، یەکەمیان ئەو ناوچانەنە کە زۆر بەرزن و بە درێژایی رۆژانی ساڵ بەفر لەسەر لوتکەی چیاکانیان ناتوێتەوە و پێی دەڵێن (زۆزان) و (کوێستان)یشی پێدەڵێن.

لە رۆژی کۆچ کردندا بەرەو بەرزاییەکان هەمووان باشترین جل لە بەر دەکەن و کچانیش سەریان بە گوڵە کێوی دەرازێننەوە، خەزێم لە لووت دەنێن، دەستەوانە لەدەست دەکەن، هەروەها مەڕ و بزن و بەرخەکانیان بە رەنگی جوان دەرازێننەوە و زەنگۆڵەی میشی لە ملی باشترین بەران دەکەن.

شوانی سەرەکیش بە جوانترین جلییەوە شمشاڵ لە دەست دەگری و پێش کەوکەبەکە دەکەوی، لە راستیشدا رۆڵی فەرماندە دەبینی و رێنوومایی ئاراستەی لاوان دەکات چۆن سەودا لەگەڵ مەڕ و بزنی زاوزی کەردا بکەن، جوانترین بەرانیش بە زەنگی ملییەوە راستەوخۆ لە دوای شوانی سەرەکییەوە دەبێت و رانەکەش دوای دەکەوی.

پێش ئەوەش لەشکرەکە بکەوێتە ری، هەر خاوەن ماڵێك لەگەڵ شوانەکەیدا دەدوێت و دەڵێت :

" من رانەکەم بە ئامانەت دایە دەستت، داوات لێدەکەم ئەرکەکەت بە دروستی بەجی بێنی " ئەنجا شوانی سەرەکی شمشاڵ دەژەنی و لەشکرەکەش بەڕی دەکەوی.

باسیل نیکیتین ئەم وێنە دڵڕاکێشەمان پێشکەش دەکات کە پێوەندی مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵ و لەگەڵ سروشتدا بەرجەستە دەکات.

جوانی ئەو دیمەنەی کە لە بیردا چەسپیوە لە خوێنەران نەشاردۆتەوە و دەڵێت، هەتا ئێستا ئەو دیمەنەم لەبەر چاوە کە ران بە شێوەیەکی زۆر رێکوپێك دوای شوانی سەرەکی کەوتووە کە یارمەتی دەرانی دەورەیان داوە و بە فیکە و داری دەستیان چاودێری رانەکەیان کردووە.

هەروەها ئەوەشی باسکردووە کەوا دیمەنی منداڵ و لاوانیش سەرنجی راکێشاوە بە تایبەت کاتێك بە جوانەکانیانەوە رایان کردووە و گۆرانی میللییان وتووە و دەنگیان لەگەڵ بارە باری مەڕ و دەنگی شواندا تێکەڵ بووە.

نیکتین ئەم تابلۆ جوانەی کۆتایی پێهێناوە و هۆکاری ئەم دڵخۆشییەی کوردانی بە رانەکانیان بۆ ئەوە گەڕاندۆتەوە کە تاکە سامانیانن (٣٥-٧).

واتە ئەیەوی بڵێت، شادەماری ئابووری هۆزە کۆچەرەکانن.



## کشتوکاڵ

پێناسەی ئەنثروبۆلۆژی بۆ (جووتیاران Agriculturists) : گەلانێکن ئابوورییان لەسەر پیشەی کشتوکاڵ بەندە و لە هەمان کاتدا سوود لە پەروەردەکردنی ئاژەڵی ماڵی دەبینن، جووتیاران گاسن و ئامێری کشتوکاڵی بەکاردێنن، دەتوانیین لەسەر بناغەی پێشکەوتنی تەکنیکی شارستانێتی دابەشیان بکەین.

ئەوانەی دار بەکاردێنن، ئەوانەی ئامێری هەڵکەندن بەکاردێنن، ئەوانەی گاسن بەکاردێنن کە ئاژەڵ رایدەکێشی بۆ کێلاَندنی زەوی ئەمە بە پێی فەرهەنگی ئەنثروبۆلۆژیا (٧٦).بێگومان ئێستاش ئامیری نوی بەکار دێت واتە تراکتۆر — وەرگێڕ -

دۆگلاس لە باسی کشتوکاڵی ناوچەی رۆژهەلاَتی ناوەڕاستدا دەڵێت، جەماوەری جووتیاران بە شێوەی نارێکوپێك دابەش دەبن، پتر لەو شوێنانەشدا کۆدەبنەوە کە بارانیان زۆر تیا دەباری یان لە قەدپاڵی چیاکان یان کەنارەکانی دەریای قەزوین و رەش و ئیجە و سپی ناوەڕاست.

ئەگەریش هەندی لە نووسینەکانی دۆگلاس وردببینەوە دەبینین باسی کوردستانی کردووە، بەلاَم بەبی ئەوەی ناوی بێنی. چونکە گەشتی ناوچە کشتوکاڵییەکانی باکووری عێراق و رۆژهەلاَتی تورکیا و باکووری رۆژئاوای ئێرانی کردووە کە نەخشەی بەشێکە لە ناوچەکانی کوردستان.

ئەگەریش جارێکی دی بگەڕێینەوە بۆلای دۆگلاس، دەبینین هەولێداوە لەڕووی ئەنثروبۆلۆژییەوە چارەسەری واقیعی کشتوکاڵی ئەو ناوچانە بکات.

دەڵێت : لە ناوچە کشتوکاڵییەکانی رۆژهەلاَتی ناوەڕاستدا نموونەی شارستانێتی جیاجیا دەبینین کە پێوەندییان بە ئاستی جۆربەجۆری ژیانەوە هەیە، کە ئەویش بەندە لەسەر پلە و گەشەسەندنی ئابووری و سیستمی سیاسی کە ئەو کۆمەڵگایانە پێکدێنن، بێجگە لە جیاوازی رەسەن و زمان کە ئەو ناوچانە لە یەك جیادەکەنەوە بۆ وێنە عەرەب، تورك، فارس نەریتی تایبەتی خۆیان هەیە، هەروەها نەتەوەی دیکەش لە گۆڕێن کەوا بوونی بەردەوامیان هەیە و متمانەیان کردۆتە سەر توانستەکانی خۆیان کە بەرگری لە تووانەوە و سڕینەوە دەکەن، وەك کورد و جوولەکە و کۆمەڵە مەسیحییەکان و خەڵکانی دی (٤٤).

لەو باوەڕەدایین دوا دەستەواژەکەی دۆگلاس پێویستی بە روونکردنەوە یان شیکردنەوە هەیە، ئەو واقیعی کشتوکاڵی ناوچەکە لەگەڵ بەردەوام بوونی مانەوەی هەندی نەتەوە کە بەرگرییان لە توانەوە کردووە بە یەکەوە گری دەدات و لەو سنوورەدا دەوستی.

لەبەر ئەوەش نەتەوە هەبوونە وێڕای ئەوەی خەریکی کشتوکاڵ بوونە تواونەتەوە و شوێنەواریان نەماوە، دەبی نهێنی پابەندبوونی گەلی کورد بە کشتوکاڵەوە وەك هۆکارێکی مانەوەی ئەم گەلە بۆ بەرسینگ گرتنی تەمەللاکانی توانەوە بە درێژایی مێژووی پڕ کارەسات چ بووبی؟

بە پێی هەڵسەنگاندی ئێمە دوو هۆی بناغەیی لەم بوارەدا رۆڵ دەگێڕن واتە تەنها لایەنی پێوەندیدار بە کشتوکاڵەوە بە بی لایەنەکانی دی.

١- کشتوکاڵ لە کوردستاندا هەمەجۆر و بە بەرەکەتە (چ جۆرو چ بڕ)، بێجگە لە بەرهەمی کشتوکاڵی سروشتی، واتە ئەوەی سروشت وەك خۆراك بە مرۆڤی دەبەخشی بە بی ئەوەی بۆی بکۆشی، ئەمەش وای لە گەلی کورد کردووە مانەوەی خۆی بپارێزی وێڕای ئەوەی بە درێژایی مێژوو بەر ستەمی سیاسی کەوتووە.

٢- جوگرافیای کورستان وای لە کورد کردووە لە نزیك سەرچاوەی ئاو و کانییەوە بژین، لەبەر ئەوەش ئەو سەرچاوانەزۆرن بۆیە مرۆڤ لەم وڵاتەدا نابێتە دیلی ئاو. شایانی باسیشە ئاستی ئاوی باران زۆر بەرزە و بەردەوام کانی دەتەقێتەوە و بەفر دەتوێتەوە و خاکیش تێر ئاو دەبی و بەردەوام دەبووژێتەوە.

بەشیاویشی نازانین باسی هۆکاری دیکەی مانەوەی گەلی کورد بکەین نەوەك لە سنووری ئەم کتێبە یان ئەم بەشە بە تایبەت دەربچین.

کاتێکیش دەربارەی واقیعی کشتوکاڵ لە کوردستاندا بدوێین پێویستە — کشتوکاڵ بە چەمکە فراوانەکەی — لەبەر چاو بگرین ئەمەش پێویست بە کورتە باسێکی جوگرافیای ناوچەکە دەکات یان هەر نەبی بەلای کەمەوە بەشێکی.

(فیلد) کوردستان بە دوو بەش باسدەکات، کوردستانی باکوور و کوردستانی باشوور و لە کتێبەکەیدا بۆ ئەم مەبەستە ئاماژەی بۆ هەندی نیشانەی جوگرافی دەکات. باسی ئەوەشی کردووە کە زانیارییەکانی بۆ دەسنیشانکردنی ناوچەکە لەو سەرچاوانەوە وەرگرتووە کە دەگەڕێنەوە بۆ ساڵەکانی ١٩١٩-١٩٣٤-١٩١٢ — ١٩٢١ ئەمە دەسپێکی باسەکەی فیلدە کاتێك دەربارەی بابەتی کوردستانی عێراقی دواوە(٧).

فیلد دەڵێت، بەشی باکوور بەشی باکووری رۆژهەڵاتی ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان پێك دەهێنن، سنووری باکووریش لە خاڵی یەکگرتنی هەردوو رووباری باتمان و دیجلەوە دەست پێدەکات بە درێژایی رووباری باتمان کە بەسەر بتلیس و سوربەوە لەسەر دەریاچەی وان



تێدەپەڕی تا دەگاتە سنووری هێڵی باشووری کەناری دەریاچەی وان و دواییش بەردەوام دەبی تا هێڵی خۆشاب — کیراتو ئەنجا بەرەو سنووری ئێران - تورکیا.

سنووری رۆژئاواش لەگەڵ سنووری ئێران _ تورکیادایە، لە باشوورەوە بۆ رووباری بەرازگر، کەچی سنووری باشوور لە خاڵی یەکگرتنەوەی هەردوو رووباری بەرازگر و زی لەگەڵ دیجلەدا دەست پێدەکات.

بەڵام سنووری رۆژئاوا لە لێواری لای چەپی رووباری دیجلەوە لە نێوان زێی گەورە و رووباری باتمانەوە تێدەپەڕی.

بە پێی دیاری کردنی سنووریش لە ١٩٢٧/٩/٢٣ فیلد رووبەڕووی ئەو ناوچانەمان دەکاتەوە کەوا بەشی باکووری کوردستان دەنوێنن، کە لە خوارەوە بەم ناونیشانە سەرەکییانە کورتی دەکەینەوە، بەخۆ دوورگرتن لە تێکڕاییەکان :

١- ناوچەکانی نێوان هەردوو رووباری هیزل و خابوور.

٢- ناوچەکانی نێوان رووباری خابوور و چیای جیلو.

٣- ناوچەکانی نێوان بڕگە (٢) و رووباری شمسدنیان

٤- لە رووباری شمسدنیانەوە تا سنووری تورکیا — ئێران (٧).

بەڵام فیلد بەشی باشووری کوردستانی عێراق بە (٢٠٠٠٠) میلی چوار گۆشە مەزەنە دەدکات (باسی پانتایی کوردستانی باکووری نەکردووە) کە بەشێك لە تەبە مەزنەکانی ئێران دەگرێتەوە و چوار گۆشەیەکی درێژی نارێك پێك دەهێنی، کە بەرە بەرە لە لای رۆژئاواوە بەرز دەبێتەوە، لە ناوچە دەشتاییەکانی میسوبوتامیا (دۆڵی دوو ئاوان) تا لەگەڵ بەرزاییەکانی باکووری کوردستان و بەرزاییەکانی باشوور و رۆژهەڵاتی ئێراندا یەك دەگرێتەوە.

دەتوانین تێکڕایی ناوچەکە بە پێی زانیارییەکانی فیلد بەم شێوەیە بە کورتی باسبکەین. سنووری باکوور، رووباری بەرازگر لە هێلی دابڕی سنووری ئێران لەگەڵ زێی گەورەدا لەوێشەوە بە ١٠٠ میل تا دەگاتە ئاسکی کەڵەك وێنەی دەکێشی.

سنووری رۆژهەڵاتیش بەدرێژایی سنووری ئێرانە کەوا ساڵی ١٩١٤ دیاریکراوە، لە نێوان رووباری بەرازگر و باکووری خانەقین بە خاڵێك کە شەش میل لێیەوە دوورە و درێژی سنوورەکەش ٣٠٠ میلە.

سنووری باشووریش له هەمان خاڵەوە لەسەر سنووری ئێرانەوە دەست پێدەکات تا خاڵی یەکگرتنەوەی رووباری وەند لەگەڵ رووباری سیرواندا، دواییش لە سیروانەوە تا قزلرِبات کە دەکاتە ١٣٠ میل.

سنووری رۆژئاواش نزیکەی ١٧٥ میلە و دەکەوێتە سەر هێڵی قزلرِبات —کفری — کەرکووک — پردی- هەولێر —ئاسکی کەڵەك (٢٨).

میستەر ریچ لە گەشتەکەیدا بۆ سلێمانی ساڵی ١٨٢٠ دەڵێت : بەرهەمی گەنمی ئاسایی هەر تاکە دانەوێڵەیەك لە نێوان پێنج تا دە دانەوێڵەیە، رەنگە بگاتە پازدەش، بەلاّم ئەوە بە ئاسایی دانانرێت و دەکەوێتە سەر ساڵ. بۆ وێنە داهاتی ساڵێك پێش گەشتەکەی، کەم بووە هەر دانەوێڵەیەك دوو دانەوێڵەی داهات بووە. باسی ئەوەی کردووە کە گەنم و جۆ بە نۆرە و لە دوای یەك و لە یەك پارچە زەویدا دەچێنرێن. کوردەکان لە کشتوکاڵدا متمانە دەکەنە سەر باران، ئەم جۆرە کشتوکاڵەش دەێمی پی دەڵێن، جۆرە گەنمێکیش هەیە پێی دەڵێن (بەهارە).

لە بەهاردا تۆو دەکرێت و پێویستی بە ئاودان هەیە، خاکیش لە دەشتاییەکاندا بە بەیار جی ناهێڵرێ. بەڵکو گەنم و جۆی لی تۆو دەکرێت، کەچی شوێنی بەرز و سەر تەلانەکان دەبی ساڵ نە ساڵێك بەکار بهێنرێت، بەلاّم کشتوکاڵی لۆکە جیاوازە نابی لەیەك پارچە زەویدا دوو ساڵ لە دوای یەك بچێنرێت، باشیش وایە لەگەڵ تووتندا نۆرەی پێبکری.

لۆکەش هەمووی جۆری (سینوی)یە کە پێویستی بە ئاودان هەیە بەشێکیشی بە دەێم دەچێنری، پەینیش بۆ تووتن بەکار دەهێنرێت، چەڵتووکیش لەسەر یەك پارچە زەوی دوو ساڵ لە دوای یەك ناچێنرێت، بەلاّم دەشی بۆ دانەوێڵەی دی بەکار بهێنرێت، بە زۆریش لە ناوچەی شارەزوور دەچێنرێت، (کتان) لە کوردستان ناچێنرێت، بەلاّم عومەر ئاغا ئاگاداری کردۆتەوە کە لەو ساڵەدا حاجی عومەری خەڵکی (مصر)هەندی تۆوی داوەتی و ئەمیش چاندوویەتی. هەروەها لە کوردستاندا گەنمە شامی هیندی و سپی دەچێنرێت، ئەمە بێجگە لە نیسك و نۆك و ماش. ئاماژەی بەوەش داوە کە لە گەلێك بواری کشتوکاڵدا گا بەکاردێنن.

داری پرتەقاڵ و لیمۆ لە کوردستاندا گەشە ناکەن، لە راستیشدا لەم ساڵانەی دواییدا لە هەندی ناوچەدا جووتیاران هەوڵیان داوە بیانچێنن، بەلاّم سەرنەکەوتوون، چونکە لە زستاناندا سەرما دەگاتە پلەیەك ئەم جۆرە دارانە بەرگەی ناگرن.



ریچ دەڵێت پاشا لەم دواییەدا هەندی نەمامی پرتەقاڵ و لیمۆی لە بەغداوە هێنا بیچێنی، بەلاّم لە یەکەم وەرزی زستاندا فەوتان. گەرچەك (الخروع) یش لە سەرانسەری کوردستاندا دەچێنری، ئیدی ئەگەر بە جیا بی یان لەگەڵ لۆکەدا (٩٣-٩٤).

سێر سایکس دەڵێت، کاتێك باشقەلاّی لە کوردستانی تورکیا بەجی هێشتووە و بەرەو گوندی تاخوراوا کەوتۆتە ری کە دانیشتووانی لەوپەری هەژاریدا ژیاون و وەختیش مانگی تشرینی یەکەم بووە، بینیوویەتی کۆمەڵە کوردێك خەریکی دروێنەی دانەوێڵەن، بەلاّم لە سەرما خەریك بوو رەق ببنەوە، چونکە جلەکانیان هێند شڕبووە لەشیانی دانەپۆشیوە، سایکس لەسەر ئەم باسە دەڕوا دەڵی : دەبی بڵێم ئەمانە نە سواڵ و نە دزی ئەکەن، کەسیش رێنوومایییان ناکات یان خۆی ناکاتە خاوەنیان. ئێمە لەو باوەڕەدابین سایکس لەگەڵ مەسیحییەکانی ناوچەکەدا بەراوردکردوون چونکە ئەوان چاودێری کراون و دەزگا خێرخوازەکانی ئەورووپا یارمەتی داون.

سایکس دەڵێت، ئەم کوێرەوەرانە، واتە جووتیارە کوردەکان لە برسا دەمرن، ئەورووپاش لایان لی ناکاتەوە، بۆیە دوور نییە ببن بە پیاوخراپ و رێگر.

ئەو دیمەنە زیاتر سۆزی سێر سایکسی راکێشاوە و دەڵێت، ناتوانم بیر لەوە نەکەمەوە کە خاکی بە پیت و پڕ بەخششی میزوبۆتامیا چاوەڕوانی دەست و بازووی ئەم هەژارانەیە، هەروەها دەڵێت، رەنگە رۆژێك بێت منداڵانی گوندی تاخوراوا بە جل و بەرگی دڕاویانەوە لەبەر گڕی خۆری مانگی ئەیاردا بڕواننە ئاسۆ، ئاوات بخوازن بکەونە بەر خێروبێری خاکی بە پیتی ولاّتەکەیان.

کوردە چیانشینەکانی سەرسنوور تەمەڵ و لەش گران نین هەموو بەرزاییەکانیشیان جۆگەلەی ئاویان بە خوڕ لێدێتەخوارەوە، بەلاّم، خەڵکانێکن هەر ئەوەندە لەسەر ئاودێری دەزانن کە خەڵکی چەرخە تاریکەکان لێیان دەزانی (٢٢٦-٧)، شایانی باسە سایکس چەند جارێك لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم سەردانی کوردستانی کردووە.

بە بۆچوونی ئێمە هۆی هەژاری ئەو خەڵکە رەنگە وەك سایکس بۆی چووە پێوەندی بە نەزانینەوە هەبی، بەلاّم ئەوە تاکە هۆ نییە، چونکە ئەوان بۆ بەرژەوەندی پاشا رەنجیان دەدا، نەك ئاغای ناوچەکە، تەنانەت ئەگەر ببوونایە بە خاوەنی پارچە زەوییەکی بچووك یان بەکری بیانگرتباو بۆ کشتوکاڵیان بەکاریهێنا بووایە ئەوە دەکەوتنە بەر باجی قورس و زیاتر بارگران دەبوون.

تۆما بوا کەوا لە کۆتایی بیستەکاندا سەردانی ناوچەکەی کردووە لە.... لەگەڵ کوردەکاندا.... دەڵێت : میرەکوردەکان کشتوکاڵی لۆکەیان گەیاندۆتە سووریا، لە شوێنێکی دیکەی کتێبەکەیدا ئەوەی دووپات کردۆتەوە کەوا بێستانکاری کوردیی بە دڵە و لەو بوارەدا سەرکەوتوون. تۆما بوا کوردەکانی بە لبنانییە شاخاوییەکان شوبهاندووە کەوا سوود لە چیاکانیان دەبینن بە جۆرێك ڕێکیان دەخەن بۆ کشتوکاڵ بشێن.

هەروەها داری بەرداری سروشتیش لە ناوچەکەیاندا بڵاوە وەك داری : هەرمی و قۆخ و قەیسی و هەنار..... هتد کە جووتیارەکان چاودێریان دەکەن و سوودیان لی دەبینن.

تۆما بوا لە باسی جووتیاری کورددا دەڵێت : لە بواری چاندنی ترێدا زۆر لێهاتوو و شارەزان، باشترین جۆری ترێ دێننە بەرهەم، کە نزیکەی بیست جۆری لە کوردستاندا هەیە.

تری وەك میوە بە کاڵی دەخوری و بۆ زستانیش وشك دەکرێتەوە و دەبێت بە مێوژ و دەخوری (٣٠).

برانت ١٨٣٤ شێوەی کشتوکاڵی کوردی بەدڵبووە، دەڵێت وێڕای ئەوەی لە هەندی ناوچەدا بۆ ماوەی چەند مانگێك باران نابارێت، بەلاّم ماوەی دەڕۆژ دوای باران بارین بەسە بۆ سەرهەڵدانی رووەك و سەوز هەڵگەڕانی زەوی، چونکە لەو ناوچانەدا رادەی شی بەرزە و ئەمەش هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ سەوزبوونی رووەك. شایانی باسە برانت لە ناوچەکانی باکووری رۆژئاوای کوردستاندا گەڕاوە واتە لە ناوچەکانی باشووری رۆژهەلاّتی تورکیا (١٣٩).

هاملتۆن باسی کێلاّنی کوردانی کردووە، دیمەنی رۆژانی کۆتایی بیستەکانی ئەو ناوچانەی یادداشت کردووە — مەبەستیشی ناوچەی هەولێرە — کە لە دێر زەمانەوە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە و لە وەرزی زستاندا بارانی زۆری تیا دەباری، بەلاّم تا ئەوکاتە خاکەکەی بە گاجووت دەکێڵرا کەوا پێشینەکانی بەکاریان دەهێنا، کە بریتییە لە پارچە دارێکی دووسەر یەکێکیان لەوی دی درێژترە و گاسنی لی چەسپ دەکری و دوو گا رای دەکێشن. لەم لاشەوە پارچە دارێك بەرزبووەتەوە پێی دەڵێن دەستەندوو کە جووتیارەکە بە دەستێکی دەیگری و گاسنەکەی پی ئاڕاستە دەکات و بەدەستەکەی دیکەشی شوارکێك هەڵدەگری و هەردوو گایەکەی پی لێدەخوڕی (٥٠).

هانسن لە وەرزی دروێنەدا ئەوەی سەرنجی ئەوەی داوە جووتیاران یان دروێنەکارەکان کەپریان دروست کردووە کە بە لقی دار سەریان گرتووە، بۆ پاراستنی خۆیان لە تیشکی رۆژ لە



گەرمەی هاویندا لە سێبەری دانیشتوون، ئەو کەپرانە سەرەتا سەوز بوونە و پاشان کە گەلاّی دارەکان وشك بوونەتەوە زەرد هەڵگەڕاون.

پرۆسەی دروێنە وەك هانسن یادداشتی کردووە بە داس ئەنجام دراوە، سەپانەکان بە دەستێك داسەکەیان گرتووە و جۆرە یناغیشیان لە پەنجەکانی دەستەکەی دیکەیان کردووە تا بتوانن سواڵەی گەورە بە دەست بگرن، ئیدی هەموو پێکەوە بەرێز و شان بە شان داچەمیون پرۆسەکەیان بە ئەنجام گەیاندووە تا لێبوونەتەوە واتە گوڵ و لقیان لەیەك جیاکردۆتەوە (٧١).

باسیل نیکیتین دەڵێت، کوردەکان لە بواری ئاودێریدا شارەزا و لێهاتوون، واتە لە بواری کردنەوەی جۆگەلەی ئاو و چۆنێتی ئاودانی زەوییەکانیاندا نیکتین گەلی کوردی بە کلدانییەکان شوبهاندووە کە داهێنەرن لەو بوارەدا.

نیکیتین ئەوەشی نەشاردۆتەوە کە داخی بۆ ئەوە خواردووە زۆربەی کوردەکان بایەخێکی ئەوتۆ نادەنە کشتوکاڵ.

نیکتین لە بیروڕای مێژوونووسان ئاگاداری کردووینەتەوە سەبارەت بەوەی ئایا بۆچی کوردەکان پشتیان لە کشتوکاڵ کردووە؟ کە ئەوەیان دووپات کردۆتەوە ئەوە بە هۆی سیستمی باجەوە بووە کە بۆتە هۆی بێزهاتنەوەی کوردەکان لە کشتوکاڵ (٤٢).

لە میانەی نووسینی زۆربەی ئەو رەوەندانەوە کوردستان گەڕاون ئەوە دووپات بووەتەوە کوردەکان بە هۆی باجەوە دووچاری ناڵینێکی زۆر بوونەتەوە، تەنانەت چ دەسەلاّتدارانی عوسمانی و چ ئێرانی هێند فشاریان خستۆتەسەر خەڵك بە جاری بێزاریان کردوون.

فیلد باسی ناوچەی کوردستانی باکووری کردووە و دەڵێت : بە شێوەی چڕوپڕ کشتوکاڵی تیا ئەنجام نادرێت، بەلاّم دەشتی نێو چیاکان و کەناری دیجلەی لەوە جیاکردۆتەوە چونکە سوود لە ئاوی رووبارەکە دەبینین بۆ ئاودانی دەشتەکانی باکوور.

ڕێگای سەرەکی لە پرۆسەی ئاودێریدا بریتییە لە بەرزکردنەوەی ئاو، هەروەها بەکارهێنانی بیر، رەنگە فیلد مەبەستی لە بەرزکردنەوەی ئاو ئەوەبێت بە هۆی دابەستنی بنەوان دروست کردن ئەنجام دەدرێت واتە بەرە بەرە بنەوانەکە بەرز دەکرێتەوەتا بە تەواوەتی بەردەم ئاوەکە دەگرێتەوە و پەنگ دەخواتەوە، بەم شێوەیەش لە میانەی کەناڵی بچووکەوە ناوچەکان ئاوەدەدرێن، بەلاّم لە چیادا، کەناڵی بچووك لە جۆگەی ئاوەکانەوە دەکرێتەوە، لەو ناوچانەشدا زەلکاوی هەمیشەیی نییە، گشت ئەو زەوییانەش دەچێنرێن نەرمن و لە میانەی ئاودێرییەوە تێر ئاو بوونە.

داهاتی زستانە و هاوینە گەشە دەکەن، بەڵام داهاتی هاوینە لەبەر کەمی ئاو بەخششی کەمترە.

گەنم و جۆ دوو داهاتی هەمیشەیین، کەچی برنج و هەندی دانەوێڵەی دی پێویستیان بە هەل و مەرج و کەش و هەوای تایبەت هەیە تا گەشە بکەن، چونکە دەبی لە نێو دۆڵی چیاکان و کەنارەکانی زێی گەورە بچێنرێن کە دەشتاییەکان دەبڕی و لەگەڵ دیجلەدا یەك دەگرێتەوە و لەو شوێنانەشدا برنج و تووتن دەچێنرێن، کەچی داهاتەکانی زستان کە بریتین لەگەنم و جۆ و نیسك و فاسوولیا و.... زۆربەیان متمانەیان لەسەر بارانی زستانەیە.

بەڵام داهاتی هاوینە وەك برنج و گەنمە شامی کە دیسان لەگەڵ داهاتی زستانەشدا ناوی هاتووە، لۆکەو کونجی و پیاز و هی دی لە پاڵ ئەو جۆگەلە ئاوانەوە گەشە دەکەن کە لە زێی گەورەوە راکێشراون لە نزیك گوندەکانی دەوروپشتەوە کە کانی و جۆگەلەی کاتییان تیایە.

لە ناوچە شاخاوییەکاندا کە جۆگەلەی ئاو بە نێو دۆڵەکانیاندا دەڕوا کەش و هەوای لەبار بەرپا دەکەن بۆ بەرهەمهێنانی داهاتی هاوینە، بە تایبەت برنج کە داهاتێکی سەرەکییە، هەروەها تووتنیش دیسان لە هەندی لەو ناوچانە دەچێنرێت.

میوە لە ناوچە شاخاوییەکان گەشە دەکات، بە تایبەت دهۆك کە بە سێو و هەنجیر و خۆخ و قەیسی و هەنارەوە بە ناوبانگە. لە ناوچەکانی باکووری رۆژهەڵاتیشەوە گوێز و بادەم بەرهەم دەهێنرێن و دەنێررێن بۆ موسڵ.

لێرەشدا پێویستە ئەوە بدرکێنین کە تەنها گوێزو بادەم لە شارە کوردییەکانەوە نەنێراون بۆ موسڵ، بەڵکو موسڵ مەڵبەندی پارێزگاکە بووە و هەمیشە ئەو بازارە بووە کە داهاتی ناوچە کوردییەکانی وەك زاخۆ و دهۆك و ئاکری و ئامێدی و شنگاری تیا فرۆشراوە. بۆیە بۆچوونەکەی فێڵد کە دەڵێت، گوێز و بادەم بە تەنها نێرراون بۆ موسڵ دروست نییە، شایانی باسیشە کاتێك ئۆتۆمبیل گەیشتۆتە ناوچەکە توانستی ئەوە بەرپابووە لە میانەی چەند کاتژمێرێکەوە میوەی ئەو ناوچانە بگەنە موسڵ، ئەو شارەی کە هەمیشە نەیزانیوە چاندنی میوە چۆنە، بەڵام بازاری میوە بوو، دەبی ئەوەش بڵێین موسڵ تا ئێستاش برنجی لە ئاکریوە بۆ دەچێت و نیسك و نۆك و کونجیشی لە ناوچەکانی باکوورەوە بۆ دێت، بێجگە لە کەرەستەی دار کە لە کوردستانەوە لە رێگای کەڵەکەوە بڕی گەورە گەورەی پی دەگات.



فێڵد هەر لەسەر داهاتی کوردستان دەڵێت، تری، قەدپاڵی بەرزاییەکانی دەوروبەری زۆربەی گوندەکان بە تایبەت دهۆك و ناوچەی مزووری داگیر دەکات، کە باشترین ناوچەن بۆ چاندنی ئەم جۆرە میوەیە. بێگومان تری وشکیش دەکرێتەوە و دەبێت بە مێوژ.

هەروەها لەو ناوچانەدا هەرمی و ئاڵوو و توی سپی و رەش و بەهی بەرهەم دەهێنرێن.

کشتوکاڵ لەم ناوچانەدا بە شێوەی سەرەتایی ئەنجام دەدرێت، تاکە ئامێریش کە بەکاری دێنن قورەمەی دارە کەوا هێستر یان گا یان گوی درێژ رایدەکێشی، بە گشتیش کاری کێڵاندن لە کانوونی دووەمەوە دەست پێدەکات تا کۆتایی وەرزی باران، ئەنجا لە کاتی هاویندا ئەو زەوییە ناچێنری تا باران دەباری، ئەنجا تۆی پێوە دەکرێت و سەرلەنوی دەکێڵرێتەوە تا تۆوەکە باش نوقمی ژێر گڵ بی.

فێڵد لە رووی کشتوکاڵەوە خاکی بەم شێوەیە پۆلێن کردووە :

١- (دێم) ئەوەی متمانەدەکاتە سەر باران.

٢- بەراو ئەوەی بە ئاوی رووبار و بیرەوە ئاوەدەدرێت.

٣- قەدپاڵی چیا، کە هەندێکی دێم دەبی و ئەوی دی بە ئاوی جۆگەلەکان یان ئەو ئاوەی لەسەروە بە خوڕ دێتە خوارەوە ئاودەدرێت.

فێڵد وای بۆچووە کشتوکاڵ لەم ناوچانەدا رۆڵی بازرگانێتی راستەقینە ناگێری ئەگەر شێوازی نوێی کشتوکاڵیان تیابەکارنەهێرێن، ئەگینا ئاستی بەرهەمیان تیا نزم دەبی (١٣).

لە لێکدانەوەکانی فێڵد لەو ماوەیەدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە کشتوکاڵ لە کوردستاندا لایەنی کەمی بەرهەمهێنانی وەدەست هێناوە.

بەڵام کشتوکاڵ لە ناوچەی کوردستانی باشووردا بە پێی هەڵسەنگاندنی فێڵد بەند بووە لەسەر داهاتی گەنمی ناوچەکانی دەورووبەری کفری و کەرکووك و پردی و هەولێر، بێجگە لە هەردوو دۆڵە بەرینەکەی شارەزوور و قەرەداغ کە بڕی مەزنی گەنم و جۆیان تیا بەرهەم دەهێنرێت.

فێڵد خاکی کوردستانی باشووری لە رووی کشتوکاڵەوە بەم جۆرە پۆلێن کردووە.

١- ئەوەی بە ئاوی سەرچاوە سروشتییەکان ئاو دەدری.

٢- ئەوەی بە هۆی کەناڵی ژێر زەمینەوە (کارێز) ئاو دەدرێت.

٣- ئەوەی ئاو نا درێت واتە (دێم)ە.

داهاتی بناغەیی گەنم و جۆ و برنج و نیسك و كونجی و گەنمە شامییە. داهاتی میوەش بریتییە لە كاڵەك و تری و مێوژ و هەنار و هەنجیر و قەیسی و سێو و هەرمی و... سەوزەی باویشی ئەمانەن : فاسۆلیا، خەیار، بەزالیا، تەماتە، پیاز، تووتن، كەتیرە....

كشتوكاڵ لە ناوچە بەرزەكاندا جیاوازە لە كشتوكاڵی ناوچە بەرینەكانی كوردستانی باشوور، كە سیستمێكی ئاڵۆز لە بواری ئاو دێریدا پێڕەو دەكات.

بارانی زۆر بەسە بۆ سەوزبوونی رووەك و پێگەیینی داهات و دابینكردنی لەوەڕگا بۆ رانی مەڕ و ماڵات، هەروەها وەك سەرچاوەی ئاویش بۆ رووبار و جۆگەلەكان بۆ پاراستنی ژیانی خەڵكێكی زۆر.

گوند نشینان سی پۆلن :

١- جووتیاری نیشتەجی.

٢- نیمچە كۆچەر.

٣- كۆچەر.

دوا دوو پۆل شوێنی نیشتەجی بوونیان بە پێی وەرز دەگۆڕن زۆربەشیان شوان یان جوتیارن، بەلاّم بە شێوەیەكی زۆر سەرەتایی، فیلّد لەسەر ئەم باسە دەڕوات و دەڵێت : ناوچەكانی رۆژهەلاّت كە تەپە و چیان بە دار و دەوەنی بەڕو و میوە لە نزیك گوند و شارەكانەوە داپۆشراوون، زۆربەی دار بەڕووەكانیش بۆ دروستكردنی خەڵووز بەكاردەهێنرێن، كە هیچ سوودێكی نییە تەنها ئەوە نەبی بۆ سووتەمەنی بەكار دێت، نەمامی دار بەڕووش زوو پێناگات تا شوێنیان بگرێتەوە... سووتاندنی رەگی دار نەریتێكی بلاّوە لە ناوچەكەدا (٣٠-٣١).

لە راستیشدا ئەوەی فێڵد باسیكردووە سەبارەت بە كوردستانی باشوور ئەوە ناگەیەنی لەگەڵ كوردستانی باكووردا لەیەك نەچن و جیاوازیان زۆربێت، بۆ وێنە ناوچەی باكووری كوردستان وەك باشوور بە دەس گرفتی سووتاندنی دار بەڕووەوە دەناڵێنی كە بۆ سووتەمەنی بەكاری دێنن.

هەروەها كۆمەڵگای لادێی كوردستانی باكوور دیسان وەك باشوور هەر ئەو سی پۆلەن كە فێڵد ئاماژەی بۆ كردوون.

ئێمە لەو باوەڕەداین كشتوكاڵی كوردی چ لە باكوور و چ لە باشوور وەكو یەكن، جیاوازییەكی ئەوتۆیان نییە، ئەگەریش هەبی لایەنی جوگرافی خاكەكە سنووری بۆ دادەنی، ئیدی ئەگەر چیا بێت یان دەشت یان دۆڵ یان كەناری رووبار. لەگەڵ ئەمەشدا لەو باوەڕەداین



فێڵد وێنەیەكی راستەقینەی واقیعی لەسەر كوردستانی باكوور و باشوور پێشكەش كردووین، كە ئەمانگەیەنێتە ئامانجێكی سەرەكی كەوا رینوێنی نەتەوەیی هەیە، بەمەش پۆلێنكردنی كوردستان بە دوو ناوچەی باشوور و باكوور بە دروست نازانین، دیارە فێڵدیش بۆیە ئەوەی پێڕەوكردووە چونكە شێوازی لێكۆڵینەوەكەی ئەوەی پێویست بووە.

پێش ئەوەش لە بابەتی كشتوكاڵ و بێستانكاری لە كوردستان ببینەوە، پێویستە ئەوە بدركێنین كشتوكاڵ بە تەنها لە لایەن پیاوەوە راناهێنری، مەگەر كارەكە زۆر قورس و گران بێت، وەك كێلاّندنی خاك بە قورەمە كە تایبەتە بە پیاوەوە یان كاری هەڵكەندن... بەلاّم بەرامبەر بەمە دەبینین ژنان بەشدارییەكی بەرچاویان هەیە لە بواری هەڵگرتنی پووش و كا كێشان و كۆكردنەوەی دانەوێڵە و عەمباركردنی... هتد هەروەها چنینی داهاتی سەوزەو میوەش. بەم شێوەیە دەبینین بەشداریكردنی ئەندامانی خێزان لە كشتوكاڵدا دەبێتە مایەی پتەوبوونی سۆزو خۆشەویستی لە نێوانیاندا. نەك هەر لاوەكان بەڵكو باپیریش رۆڵی خۆی دەبینی و بە پێی شارەزایی خۆی ئەندامانی خێزانەكەی ئاڕاستە دەكات، هەروەها داپیرەش بە چاودێری كردنی منداڵی كوڕەكانییەوە خەریك دەبی.

ئیدی بەو شێوەی هەموو ئەندامانی خێزان هەر یەكە بە پێی شارەزایی و تەمەن و توانستی خۆی بەشداری پرۆسەی چاندن دەكات، لە ئەنجامیشدا كارێكی هەرەوەزی بە ئەنجام دەگەیەنن، ئەم دیمەنانەش، تابلۆ ئاسا لە وەرزی جیاجیادا لە كوردستاندا بەرچاو دەكەون.

ئەو پیشانەش بە كشتوكاڵەوە گرێدراون دیسان لە لایەن ئەندامانی خێزانەوە رادەپەڕێنرێن. بە تایبەت ژنان، كە رۆڵی بەرچاویان هەیە لە بواری پیشەسازی خۆراكدا، وەك ئامادەكردنی ساوار و بڕۆش و دروست كردنی دۆشاوی تری و تەماتە و وشك كردنەوەی میوەی وەك قەیسی و مێوژ.

خێزانە دەستڕۆكانیش چەند بەرخێك رادەگرن و لە وەرزی هاوین و پایزدا ئالفی باشیان دەدەنی و باش قەڵەویان دەكەن و دواییش سەریان دەبڕن و گۆشتەكەیان پارچە پارچە دەكەن و دەیكوڵێنن و سووری دەكەنەوە و ئەنجا لەگەڵ رۆنی دەنگدا تێكەڵی دەكەن، پاشان بە شێوەیەكی تایبەتی ئەمباری دەكەن بۆ ئەوەی لە زستاندا بەكار بهێنری. ئێمە لەو باوەڕەداین ئەم شێوە ئەمبار كردنە وەك سەرەتایەك بووە و ئێستا ولاّتە پێشكەوتووەكان پێڕەوی دەكەن لە بواری لە قوتووناندا (تعلیب) كە دیسان توێژێكی رۆنی دەخەنە پاڵ و خوێی دەخەنەسەر تا میكرۆبی پی نەگات.

بێگومان ئەوەش چارەسەرێك بووە بۆ نەبوونی گۆشتی مەڕی تازە سەربڕاو لە گوندەکاندا چونکە قەسابیان تیا نییە.

جێی باسە ئەوە دووپات بکەینەوە ئەو جۆرە گۆشتە تام و چێژێکی تایبەتی هەیە خۆزگە گۆڕانکارییە شارستانێتی و کۆمەلاٌیەتییەکانی ئەمڕۆ بنبڕی نەکەن.

## پیشەی هەمە جۆر

ئەو پیشە سەرەکیانەمان نمایش کرد کە ڕەوەند و ڕۆژهەلاٌتناسەکان باسیان کردووە، بەلاٌم لەگەڵ باسەکانیشیاندا ئاماژەیان بۆ هەندی وردە پیشەی دی کردووە کە کاتی خۆی سەرنجیانی ڕاکێشاوە.

بۆ نموونە هاملتۆن کەوا ڕێگا بەناوبانگەی لە ناوچەیەکی شاخاوی سەختدا دروست کردووە، ئەوەی نەشاردۆتەوە کە بەهرەی کوردی بە دڵبووە لە بواری شکاندنی بەردو بنیاتنانی پردا. لە یادداشتنامەکانیدا ڕوونی کردۆتەوە کوردە ئێرانییەکان سەرنجی خەڵکی دییان ڕاکێشاوە لە بواری بەرد شکاندندا. ئەو کارەشی بەوە باسکردووە کە ئالۆز بووە و لە مەترسییەوە دوور نەبووە (١١٣).

لە شوێنێکی دیکەی یادداشتنامەکانی هاملتۆندا دەبینین بە بەهرەی کورداندا هەڵ ئەدا بە تایبەت لە بواری دروست کردنی دەستاڕدا. هەروەها ئاماژەی بۆ تاڤگەکانی ئاوکردووە کەوا بە پێی بزاوێکی ئاسایی کاردەکەن کە سەرنجی هاملتۆنی ڕاکێشاوە و بە سەیر باسیکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی ئەوتۆی لەگەڵ دولابی بلتۆندا نییە کە ناوی لە نێو گشت دام و دەزگا کەهرۆ ئاوییەکاندا بلاٌوە.

هەروەها دەڵێت کوردەکان ئامێرێکی ئۆتۆماتیکیان داهێناوە دەستار ئاسا کاردەکات بۆ جوان و ڕێککردنی کووپەی ئاو.

ئەنجا دەڵێت مرۆڤـــــ لە کوردستاندا ژمارەیەکی زۆری لەو ئامێرانە بەرچاو دەکەوێت کە بۆ هاڕینی گەنم و جۆ بەکاردێت و ئاردی ورد دروست دەکات (٩١).

برانت (سی یەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم) باسی پیشەسازی کەتیرەی کوردستانی کردووە و دەڵێت : دوو جۆر ڕووەك هەیە یەکەمیان گوڵەکەی سپییە و دووەمیشیان گوڵەکەی وەنەوشەییە، یەکەمیان کەتیرەی باشی سپی لێدروست دەکرێت و دووەمیشیان کەتیرەی قاوەیی کە ئەگەر لەگەڵ یەکدیدا بەراوردی بکەین بە پلەی دووەم دێت، پیاوان بە نێو چیاکاندا



دەگەڕێن بە دوای ڕەگی ئەم ڕووەکانە، کە پارچەی دەکەن تا شلەی چرێشی لێدروست ببی، پاش دوو ڕۆژ یان پتر دەبینن بووە بە کولۆ کولۆی ڕەق، ئیدی کۆی دەکەنەوە و دەیفرۆشن.

مرۆڤـــــ دەتوانی بە ئاسانی شلیشی بکاتەوە کە ئەویش بە گەرم کردن ئەنجام دەدرێت. ئەمەش پیشەی گوندنشینەکانە، چونکە خۆیان دروستی دەکەن و بەخەڵکی شارەکانی دەفرۆشن، زۆر جاریش ژن و منداڵ بەشداری پیاوان دەکەن لە دروست کردنیدا. لە ڕاستیشدا ئەم پیشەیە لە نێو خەڵکی تبلیس لە کوردستانی تورکیا باو بووە (٩٨).

سۆن لە کاتی گەشتی یەکەمدا کە خۆی گۆڕیبوو ئاماژەی بەوە داوە توانستی دروست کردنی حەریری باش لە ناوچەی هەڵەبجە هەیە، وا دیارە ئارەزوومەند بووە ئەو کارە ڕاپەڕێنی، بەلاٌم هیچ هەولٌی بۆ نەداوە (٢٦٢). لەو پیشەسازییانەش بوونەتە جێی سەرنجی ڕۆژهەلاٌتناسەکان پیشەسازی خەزەف و پێست و نەخش بووە، تەنانەت تۆما بوا دەڵێت، هەندی شێوەی ئەو دەستکردانە لە ڕێگای شاری ڤینیسیا گوێزراوەتەوە بۆ ئەوروپا، هەر بۆیەش پیشەسازی ئەوتۆی تیایە بە ناوی پیشەگەرانی کوردەوە ناسراوون.

تۆما بوا ئاماژەی بۆ گەلی جۆری پیشەسازی کردووە کە لە کوردستاندا باوە وەك، ئەوانەی لە پێست و دار و کانزا و زێڕ دروست دەکرێن. هەروەها دەڵێت شارەزان لە دروست کردنی زین و، نەخشی سەر مەزار و مشتۆی خەنجەر، بێجگە لە دروست کردنی کاسە و کەوچك و قاپ و نەرگیلە، لە نەخشی سەر کانزای مسیشدا زۆر لێهاتوون، تۆما بوا پەنجەی بۆ ئەوەش ڕاکێشاوە هونەری کۆنی کورد گەیشتۆتە ئەوروپا.

باسی ئەوەشی کردووە تەنها لە سلێمانیدا (١٥٠) پیشەگەری دروست کردنی چەك هەیە. وەرزیش ڕۆڵی خۆی هەبووە، بۆ وێنە لە زستاناندا مەقاڵە و سۆپە و قوتووی جگەرە و شتی دییان دروست کردووە (٣٦).

لەگەڵ ئەوەشدا ڕەوەندەکان شێوەی جیاجیای کەرەستەی دروست کراو و پیشەی هەمە جۆریان بەرچاوکەوتووە، دەبینین شمیدت کە درەنگ سەردانی کوردستانی کردووە (لەشەستەکاندا) ئەوەی سەرنج داوە کە کوردەکان پێویستیان بەو ئامێرانەیە تەختەی داری پێ ڕێك و جوان بکەن، لەم بارەیەشەوە ئاماژەی بۆ دەرگا و پلیکان و چوارچێوەی پەنجەرە کردووە کە لە گوندەکاندا بینیویەتی (٢٤٩)، بەلاٌم وتوویەتی لە بواری جگەرە پێچانەوە یان دروست کردنی بە دەست زۆر لێهاتوون (٧١).

ئەدمۆندز باسی ئەوەی کردووە کە زۆربەی خەڵکی تەوێڵە لە هەورامانی کوردستانی عێراق وێڕای ئەوەی خاوەن بێستانن، بەڵام لە بواری پیشەی دەستکرددا سەرکەوتوون.

(کڵاش : پێڵاو)ی تەوێڵە لە کوردستاندا زۆر بەناو بانگە، ئەدمۆندز کاتێك چاوی خستۆتە سەر کڵاش چنێکی ئەو ناوچەیە ئەو وردەکارییەی بۆ دووپات بووەتەوە.

ئەدمۆندز لەم بارەیەوە زیاتری وتووە و دەڵێت : ئەم پێڵاوە کوردییە یان ئەم کڵاشە لە پاشماوەی پارچە کوتاڵ دروست دەکرێت کە بە پێی قەبارەی گونجاو دەیبڕن. ئەدمۆندز شێوەی دروست کردنی ئەم جۆرە پێڵاوەی لا پەسەند بووە کە ئامێری تایبەتی بۆ بەکار دەهێنرێت وەك برانتیش ئاماژەی بۆ پیشەی کۆکردنەوەو فرۆشتنی کەتیرە کردووە، بەڵام ئەم دەڵێت لە داری قەزوان دروست دەکرێت..(١٥٥).

## پیشەی شیرەمەنی

تۆما بوا باسی ئەم جۆرە پیشەیەی کردووە و بە ئەرکی ژنانی کوردی داوەتە قەڵەم، کە بە کاری بێر هەڵدەستن و شیر کۆدەکەنەوە دەیکەنە ماست و کەرە و پەنیر.

باسی چۆنێتی دروست کردنی کەرەشی لە کوردستاندا کردووە و دەڵێت، شیرەکە لە نێو مەنجەڵێکی بچووکدا دەکوڵێنن و ئەنجا کەوچکێك ماستی تێدەکەن کە پێی دەڵێن هامێن (هەوێن) پاشان دایدەپۆشن و بۆ ڕۆژی دوایی دەبێتە ماست (٤).

## ڕستن و چنین

ئەم جۆرە پیشەیە بووەتە جێی بایەخی ڕەوەندەکان لە کوردستاندا. تۆما بوای ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی و پسپۆر لە کاروباری ژیانی کورددا ئاگاداری کردوینەتەوە هەندی لە کوردەکان لە سەدەی دەیەمدا پیشەی لۆکە چاندنیان گەیاندۆتە سووریا (٣١).

برانت (سێ یەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم) باسی ئەوەی بۆ کردووین کەوا لە شاری وان پتر لە پێنج سەد گرووپی بینیوە بە کاری ڕستن و چنینی کوتاڵەوە خەریك بوونە، ئەوەشی باسکردووە کەوا لۆکە لە ئێرانەوە هاتووە و هەندی لەو کوتاڵانەش لە ناوچەکانی دەورووپشتدا بەکارهێنراون و هەندێکیشیان نێرراون بۆ بتلیس بۆ مەبەستی بۆیاغ و ڕەنگ کردنیان (١٢٣).

برانت باسی نرخی ئەو کوتاڵانەشی کردووە، کە زۆر هەرزان بوونە لە شوێنێکی دیکەی یادداشتنامەکانیدا دەڵێت لەو ناوچانەدا کەوا سەردانی کردوون بینیوویەتی کوتاڵی لە لۆکە



دروست کراوی زبریان بەرهەم هێناوە و بە بڕی گەورە خستوویانەتە بازاڕەوە، هەروەها باسی پیشەی بۆیاغ کردنی کوتاڵی لۆکەشی کردووە (٩٦).

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ لای تۆما بوا دەبینین بە وردی باسی پیشەی تەونی بۆ کردووین و دەڵێت لە سەرانسەری کوردستاندا ژنان خوری مەڕی خۆیان دەڕێسن و هۆگری ئەو پیشەیەن، بۆیە هەر کاتێك دەستیان بەتاڵ بێت دەستیان دەکەوێتە کار و دەس بە ڕستن دەکەن.

پاشان باسی دوو جۆر تەونی بۆ کردووین کە لە کوردستاندا باوە.

یەکەمیان بە ئەستوونی نێو دەبات، کە دووژن بەشداری تیا دەکەن و لە ڕێگایەوە بەڕەی کوردی و جاجم و شتی دی دروست دەکرێت.

جۆری دووەمیشی ئاسۆییە کە لە یەکەم ئاڵۆزترە و تایبەتە بە دروست کردنی کوتاڵی جل و بەرگەوە.

لە باسی ئەم پیشەیەشدا دەڵێت، ژنان جۆرەها مافوور لە خوری نایاب یان موو دروست دەکەن و بە وێنەی ناسك و ڕەنگی وەك گوڵ و دار و ئاژەڵی جوان دەینەخشێنن.

لە لێکۆڵینەوەکەی باسیل نیکیتین دا وەك دانسقە ئاماژە بۆ جۆرە کوتاڵێکی ئەستوورکراوە کە وەك بەڕە بۆ ڕاخستن بەکاردێت یان وەك پاڵتۆ ڕێکی دەخەن، ئێمە لەو باوەڕەداین مەبەستی لبادە (کین) کە لە بەرەگن دروست دەکرێت و هەلاج بە شێوەیەکی تایبەت دەیسەپێنی و دەبێتە یەك پارچە.

ئەوەش باو بووە کە پاشماوەی خورییان پێچاوە بە شیشێکەوە کە(مەتر و نیوێك) درێژ بووە و بە دوو گوریس لە لایەکەوە بەستوویانە بە شیشەکەوە و لەوەلاشەوە بەستوویانە بەزینی ئەسپێکەوە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك بەرەڵڵایان کردووە و ئیدی ئەسپەکە ڕای کردووە و کەرەستە پێچڕاوەکەشی ڕاکێشاوە (٣٩)!

## میوانداری کوردی

سەرجەم رەوەند و رۆژهەلاتناسەکان ئەوانەی سەردانی کوردستانیان کردووە یان لە تایبەتمەندێتییەکانی کۆمەڵگای کوردەواریان کۆڵیوەتەوە لەسەر ئەوە کۆکن کورد نەتەوەیەکی میواندارن. ئەو کۆك بوونەشیان لە میانەی سەرنجی رۆژانەیانەوە بۆ دووپات بووەتەوە، تەنانەت هەندێکیان لە نووسینەکانیاندا بە بایەخ و رێزێکی زۆرەوە ئاماژەیان بە بەهای کۆمەلایەتی و میوانداری کردووە کە لە ژیانی هاوولاتی کوردو سەرۆکەکانیانەوە رەنگی داوەتەوە.

ئیدی ئەگەر سەردانی ئەو رەوەندو لێکۆڵەرانە سەردانی درێژ بن یان بە رێبواری بۆ ماوەی رۆژێك یان دووان مابنەوە، لە میانەیدا سەرنج و تێڕوانینی وردیان تۆمارکردووە کە ئەمەش بابەتی باسەکەی ئێمەیە لەم بەشەی کتێبەکەدا و ئەمانەوی نمایشیان بکەین و روونیان بکەینەوە بە نیازی گەیشتن بە هەندی سەرئەنجام.

سێر مارك سایکس کەوا پێش نزیکەی سەدەیەك سەردانی کوردستانی کردووە لە یادداشتنامەکانیا بەوپەڕی رێزەوە گوزارشتی لە میوانداری کوردان کردووە و ئەوەشی سەلماندووە کە هەر رەوەندێکی بیانی درکی بەوە کردووە کە کوردەکان رێزی لێدەنێن (٤٢٢).

هاملتۆن لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی رابوردوودا دەڵێت : گەلێك لە ئەورووپاییەکان بۆ مەبەستی تایبەت بە ولاتی کوردەواریدا گەڕاون ئیدی ئەگەر مەرامی ئیستیعمارییان لەبەر چاو گرتبی یان جوگرافی یان ئایینی یان سیاسەتی پارێژ، تەنانەت هەندێکیان تەنها بۆ گەشت و گوزاریش هاتوون، بەلام هەر هەموویان سەرنجیان بۆ ئەوە چووە کوردەکان پڕ بە دڵ رێزیان لی ناوون و میوانداریيان کردوون (١٩٢).

گشت ئەوانەش کە دانیان ناوە بە بەخششی کورددا و لە یادداشتنامەکانیاندا تۆماریان کردوون سەرنجەکانیان لەسەر کاری بەراوردکردن بەندبووە، چونکە ئەوان زۆربەیان پێش سەردانی کوردستان سەردانی ولاتی دیکەشیان کردووە، دیارە هەمان دیاردەیان بەراوردکردووە و گەیشتوونەتە ئەو راستییە.



سۆن ١٩٠٩ وای بۆچووە کورد لە عەرەب و ئەرمەن و تورك میواندارترن (٥٩). ئەمەش بڕیارێکی گرنگە بە تایبەت لە لایەن کەسێکی بیانییەوە دەرچووە کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە نێو نەتەوەی کورد و نەتەوەی دیکەدا ژیاوە. سۆن بەخشندەیی کورد بە نەریتێکی دێرینی کۆمەڵگای کوردەواری دەداتە قەڵەم (٦٠). ئەمەش لە یەکەمین سەردانی کوردستاندا لە گرێی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بۆ ساغ بووەتەوە.

ڕیچیش (١٨٢٠) هەمان بۆچوونی سۆنی هەیە و دەڵێت : بە درێژایی ژیانم وەك بەخشندەیی و میوانداری کوردم نەبینیوە (١١٠).

بێگومان لێرەشدا مەبەستی کۆمەڵی کوردەواری و بە تایبەت شاری سلێمانی پایتەختی ئەو کاتەی بابانەکانە. لە ناخیشیدا سەری لەوە سووڕماوە هەندی گوندنشینیی بینیوە لەو کاتەدا کەوتوونەتە بەر کاریگەری نەریتی فارس کە حوکمیان کردوون و لە داب و نەریتی میوانداری کوردەواری لایان داوە. کاتێکیش بۆ ماوەیەکی کورت سەردانی هەندی ناوچەی ئێرانی کردووە دەست و برد گەڕاوەتەوە و وتوویەتی هەستم بەوپەڕی شادی کرد کاتێك رزگارم بوو لە ولاتی گرفت و سواڵکردن و هاتمە نێو ولاتی میوانداری و بەخشندەیی راستەقینەوە، وام هەست کرد گەڕاومەتەوە ماڵی خۆم (١١٤).

دیدو بۆچوونی ریچ دەربارەی میوانداری کورد هەرکاتێك سەردانی گوندێکی کوردی کردووە زیاتر چەسپیوە. لەم بارەیەوە دەڵێت سەردانی هەر گوندێکم بکردایە کۆمەڵێکیان دەرئەچوونە دەرەوە بۆ پاسەوانێتی کردنی بارەگاکەم (١٢٩).

کاتێکیش ئەمیدیە جۆبێر ی نوێنەری ناپلیۆن لە کوردستانەوە چووە بۆ لای شای ئێران بۆ وتووێژکردن (١٨٠٥-١٨٠٦) میوانداری و نانبدەیی کورد سەرنجی راکێشاوە.

خالفین لە میانەی باسکردنی دیدوبۆچوونەکانی جۆبیرەوە دەڵێت، حالەتێکی گرنگ لە گۆڕێیە ئەویش ئەوەیە گشت نووسەران (مەبەستی ئەوانەی لەسەر کورددیان نووسیوە) باسی ئەوەیان کردووە کورد مەیلەو داگیرکردنن، بەلام لە هەمان کاتدا ئەوەشیان دووپات کردۆتەوە میللەتێکی رووخۆش و خێرخواز و میواندار و گەشبینن (٢٤).

جۆبێر دەڵێت وەك خالفین بۆی چووە خەڵك دەستکەوتەکانیان دەخەنە سەر رێگا و پێکەوە دادەنیشن و باسی بەخشندەیی و میوانداری دەکەن، لەبەر ئەمەش گەشتیار کە شارەزای رۆژهەلاتە هەست بە دڵنیایی دەکات، چونکە خۆی لە نێو خەڵکانێکدا دەبینی کە نیازپاکن و هەر کاتێکیش مرۆڤێکی نەناس شتێکی پێویست بی و لێیان نزیك بێتەوە پێشوازی لێدەکەن و

بەگەرمی بەرەو رووی دەچن و پێی دەڵێن وا بزانە لە ماڵی خۆتی و ئێمە زۆرمان پێخۆشە ببیتە میوانمان (٢٥).

جۆبێر ئەوەشی زۆر بە دڵ بووە کوردەکان قسەی خۆشیان لەگەڵ کردووە و بە گەرمی بەخێرهاتنیان کردووە، تەنانەت دەڵێت ئەگەر میوانی ناوەخت روویان لێبکات، هەرچییان لەبەر دەست بێت لە خواردن و خواردنەوە پێشکەشی دەکەن، توورەکەی ئەسپەکەشی پڕ دەکەن و زەخیرەی سەفەر و جۆرەها دیاریشی دەخەنە تەك.

بە پێی قسەکانی جۆبێریش ئەوە روون دەبێتەوە کە مرۆڤی کورد چاوەڕوانی ئەوە ناکات میوان لە دەرگای بدات، بەڵکو هەر لە دوورەوە مرۆڤێکی نامۆ بە دی بکات گورج رادەپەڕی و میوانداری دەکات و ئەو هەستەی لا ئەخولقێنی کە میوانێکی ئازیزە و بایەخ بە خۆی و ئەسپەکەی دەدات و دیارییەکی دۆستانەشی پێشکەش دەکات.

بۆرتەر لەگەشتەکەی کوردستانیدا (١٨١٧-١٨٢٠) رێزی زۆری ناوە لە رۆحی میوانداری کوردان و بە نریتێکی رەسەنی دەداتە قەڵەم. بەڵام ئەوەشی لە یاد نەکردووە کە رێگری و خەڵك رووت کردنەوەش دیسان بووە بە نەریتێکی باو، ئەوەشی بە بەخشندەیی زانیوە کەسێك لە سنوور تێپەڕی و کەس پەلاماری نەدات (٤٥٣).

ئاخاوتنەکەی بۆرتەر ئەوە دووپات دەکاتەوە کە لە بەشی جەنگ و ئاشتی و لە بەشی هۆزەکاندا باسمان کرد و وتمان هەندی لە کوردەکانی سەر سنوور مەیلەو داگیرکردن و رێگرین ئەویش لەبەر ئەوەیە ئەیانەوی بەرەورووی دەسەڵاتی حکوومەتەکان هەڵوێست وەرگرن.

جیمس کریج (١٨٨٠) دەڵێت : لە میانەی گەشتەکەیدا لە نێوان وڵاتی فارس و بایەزید لە کوردستانی باکووردا لە نێو رەشماڵی کوردەکاندا دەنوست و گشت هۆکارێکی لەبەر دەستدابووە بۆ ئەوەی ئەوپەڕی رێز بۆ ئەو کوردانە دەربڕی کەوا بە باشترین شێوە سەودایان لەگەڵ کردووە و خستوویانەتە بەر بەخشندەیی خۆیان و میواندارییان کردووە (٢١٠).

میلنکن (کۆتایی شەستەکانی سەدەی نۆزدەیەم) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە کەرەستەی بناغەیی خۆراك لە گوندە کوردییەکاندا بەرپایە و، لەبەر ئەمە کاتێك رێبوار ناچاربێت بەشە و لەو گوندانە لابدات کەرەستەی خۆراکی وەك گەنم و ئارد و کەرە و هێلکەی بە ئاسانی دەست دەکەوی. هەروەها بەرێزەوە باسی میوانداری کوردی کردووە، بێگومان ئەم پێزانینەشی ئەو کاتە دووپات کردۆتەوە کە گوندە کوردییەکانی لەگەڵ گوندە ئەرمەنییەکاندا بەراورد کردووە، کە لە کتێبەکەی خۆی و کتێبی نووسەرانی دیدا باسکراوە. کە خەڵکی ئەو گوندانە پاساویان



هێناوەتەوە گوایە ناتوانن دەرگایان بۆ بکەنەوە چونکە ئامادەی سەفەرن و ئەیانەوی دەست وبرد بگەن تا زووە بکەونە ری بۆ ئەوەی بگەنە ئەوانەی پێش ئەمان کەوتوونەتە ری.

میلنکن ئەوپەڕی رێزی بۆ رۆڵەی ئەو گوندە کوردنشینە دەربڕیوە کە رێزیان لی ناوە و ویستوویانە پشوو بدات، بۆ نموونەش ناوی بارامی هێناوە وەك یەکێك لەوانەی خزمەتیان کردووە (١٠٣).

بەمەش رەوەندەکان بەرەو و رووی مەسەلەیەکی زۆر گرنگمان دەکەنەوە، ئەویش ئەوەیە خۆیان ئەوەیان دووپات کردۆتەوە لە وڵاتانی رۆژهەڵاتدا دووچاری دزی و رێگری و رووت کردنەوە بوونە، وا دیارە هی وایان تیا هەبووە خەویان بەوەوە بینیوە رێزیان لی بنرێت و میوانداری بکرێن و ژیانیان بپارێزرێت. بۆیە کاتێك هاتوونەتە کوردستان ئەو شێوە داب و نریتەیان بینیوە و خەڵك بەو ناسکییە سەودایان لەگەڵ کردوون دووچاری سەرسووڕمان بوونە، بۆیە نان و نمەکی کوردیان لەبەر چاو بووە و گشت ئەو سەرنجە جوان و شایستەیان بۆ بەرژەوەندی نەتەوەی کورد تۆمارکردووە. تەنانەت خالفین ئەوەی دووپات کردۆتەوە لە کوردستاندا هیچ بیانییەك بەدڕەوشتی لەگەڵ نەکراوە. ئەو سەرنجانە بۆ نزیکەی سەدەیەك دەگەڕێتەوە، کەچی ئێستا گوێمان لی دەبی لە نێو هەندی کۆمەڵگاکاندا گەشتیاری بی تاوان بە بارمتە دەگیرێن !.

مالیبارد (١٩٥٦) کەوا لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا سەردانی کوردستانی کردووە، وێنەیەکی تێکرایی سەبارەت بە میوانداری لە کوردستاندا پێشکەش کردووین کە لە دوای ئەم بەشەی کتێبەکە دێینەوە سەری، بەڵام دوا دێڕەکانی کە دیدوبۆچوونی دەگەیەنی سەبارەت بە میوانداری کوردەواری زۆر روونە و جێی خۆیەتی ئاماژەی بۆ بکەین. مالیبارد دەڵێت : جوانترین و خۆشترین یادگارم لەم وڵاتەدا تۆمارکردووە، وێنەی ئەم وڵاتە کە جێی ئەفسوون و جوانییە هەرگیز لە یادم ناچێت، ئەو گەلەی کە میوانداری و دڵسۆزی و رەوشت بەرزیان سەرنجی راکێشاوم و وێنەکانیان لەبەر چاوم لا ناچن (٢١٩).

بەهای میوانداری و ئارەزووی خزمەت کردنی میوان و رێزلێنانی بەشێوەی جیاجیا لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا گوزارشتی لە خۆی کردووە. بۆیە نابی ئەوەمان لا جێی سەرسووڕمان بێت لە نێو ماڵی مرۆڤی ئاسایی ئەم گەلەدا دەیان فەرش و لێفە و دۆشەکی پاك و خاوێن و رەنگین ببینین کە بە شێوەی رێك و پێك لەسەر یەك ریزکراون و لە پێداویستی راستەقینەی خێزانیش بەدەرن... دیارە ئەوە بۆ میوان دانراوە، لە نێو خێزانە دەسترۆکانیشدا دیوەخانێك بۆ

ئەو مەبەستە تەرخان کراوە، ئەمەش لە نێو شارە کوردییەکاندا لای دەوڵەمەندەکان و لە نێو گوندەکانیشدا لە نێو ماڵی ئاغا یان کوێخادا بەرچاو دەکەوێت.

هەی کەوا لە هەولێر و دەوروبەری ژیاوە (١٩١٨-١٩٢٠) دیوەخانی کورد بەوە باسدەکات کە بەهایەکی کۆمەلآیەتی دەنوێنی و رادەی سوارچاکی و پیاوەتی خاوەنەکەی دەسنیشان دەکات، لە رووی تایبەتمەندێتیشەوە دەڵێت سەدان کاتژمێرم لە نێو دیوەخانی پێشەوایانی کورد و کوێخای دێیەکاندا بەسەر برد، توانیم شتێکی کەم دەربارەی کوردو زمانەکەیان بزانم.

دیوەخان جێی بایەخ و گرنگی پێدانە، ناوبانگی هەر پێشەوایەك تا رادەیەکی زۆر بەندە لەسەر دیوەخانەکەی. چەند بەرین بێت خزمەتی میوانی تیا بکرێت ئەوە خەڵك زیاتر ناوبانگی پیاوەتی دەخەنە پاڵ خاوەنەکەی، دیوەخان لەسەر بەرزترین شوێنی گوند دروست دەکرێت بریتی دەبێت لە ژوورێك تا سی ژوور کە رادەی دەوڵەمەندی خاوەنەکەی سنووری بۆ دادەنێت.

هەی نموونەیەکی بۆ هێناوینەتەوە و دەڵێت : دیوەخانی ئەحمەد پاشا دەوڵەمەندترین پێشەوای هۆزی دزەیی لەسەر بەرزاییەك دروست کراوە و سی لای هەیە دەرگاکەی لە لای باکوورەوەیە، باڵی رۆژهەلآتیشی لە ژوورێکی بەرین پێك دێت کە پانتاییەکەی نزیکەی (٤٥ پی ×١٥) یە لە زستاندا دەبێتە شوێنی نیشتەجی بوون و لە هاوینیشدا هەیوانەکەی دەبێتە جێی میوان، بەشەکەی باشووریشی کە داخراوە پەنجەرەی بچووکی لێیە بۆ فێنك کردنەوە بەکاردێت، ئەگەریش باو و تۆزبێت پەنجەرەکان دادەخرێت، بەشی رۆژئاواشی ژوورێکی بچووکە فەرش و قاب و قاجاغی تیایەو خزمەتکاری تیا دادەنیشن و ئەبێژن. لە لای رۆژئاواشەوە دەرگایەکی بچووکی لێیە رووەو حەرەمی ژنانە.

بە ناوبانگترین چەشنی دیوەخانیش لە دوو ژوور و هەیوانێك پێك دێت. بە پێی وەرزیش گۆڕانکاری کاتی تیا ئەنجام دەدرێت.

هەندی جاریش چەرداغ دروست دەکرێت کە لەسەر چوار ئەستوون بەند دەبێت و بە لق و گەلآی دار سەری دەگێری و بە زۆریش لە نزیك حەوز یان کانی ئاو دروست دەکرێت بۆ هاوینان دەبێتە پەناگەیەکی سارد.

لە نزیك هەر دیوەخانێکیشەوە مزگەوتێك دروست دەکرێت، جاری واش هەیە دیوەخانەکە دەبێتە مزگەوت و ناوی ئەو هەڵ دەگری، کەسیش نەیاری ئەوە نییە میوانی ئەوروپاییان تیا دابەزی.



لە زستانیشدا ژوورە سەرەکییەکان بە ئاگردانێکی کراوە کە لە ناوەڕاستی ژوورەکاندا دەبێت و دووکەڵەکەی لە بنەبانی ژوورەکەوە دەردەچێت (دووریش نییە دەرنەچێت) گەرم دەکرێنەوە. زۆر جار دانیشتووان بە هۆی دووکەڵەوە چاویان ئاوی تێدەزی، بەلآم دیارە کوردەکان راهاتوون و هێندەی گوی نادەنی.

دیوەخانیش بە کاری خۆڕایی دروست دەکرێت، کە یەکێکە لە ئەرکی گوندنشینەکان و بۆ پێشەوا یان کوێخای خۆیان بە جێی دێنن (٦٨-٩).

ئەدمۆندز کەوا ساڵی ١٩١٩ گەیشتۆتە کوردستان دووپاتی کردۆتەوە دیوەخان گرنگترین دیمەنی کۆمەلآیەتییە لە گونددا، چونکە خەڵکی گوندەکە تیایدا کۆدەبنەوە و جێی یانە دەگرێتەوە (٩٦).

بۆچوونەکەی ئەدمۆندز زۆر دروستە، چونکە دیوەخان رۆڵەکانی گوند کۆدەکاتەوە، هەروەها خەڵکی دێیەکەش هەلیان بۆ دەرەخسی میوانەکانی ئاغا ببینن، هەر لەوێش گوێیان لە هەواڵی جیهان دەبی و ئاگاداری دەرەوەی گوندەکەیان دەبن. هەر لە دیوەخانیشدا گەلێك گیروگرفتی خەڵك چارەسەر دەکرێت، چونکە ئاغا یان کوێخا دەبی لە چارەسەر بگەڕێن، جاری واش هەیە لە دیوەخاندا چالاکی هونەری ئەنجام دەدرێت وەك گۆرانی چڕین کە بە تایبەت داستانە کوردییەکان بە ئاوازەوە دەگێڕنەوە، بەلآم ئەوە بە شێوەیەك ئەنجام دەدرێت کە لە رێز و شکۆی ئاغا کەم نەکاتەوە هەروەها پیرەمێردو بەسالآچووانیش کە نیشانەی شکۆداری دانیشتنەکانن.

شایانی باسیشە هەی وەك سۆن هەمان بۆچوونی هەیە کە دیوەخان بۆ خەڵکی لادی جێی یانەی خەڵکی شارنشین دەگرێتەوە.

گشت ئەو سەرچاوانەی باسی میوانداری کوردیان کردووە ئەوەیان دووپات کردۆتەوە، دیوەخان رەوشتی بەرزی لەخۆگرتووە، تەنانەت زۆربەی دانیشتوان گوی دەگرن و تەنیا چێژ لە بیستن دەبینن و قسەناکەن.

هەی باسی ئەوەی کردووە کە بەتەمەنانی گوند دەچن بۆ دیوەخان و گوی لە گفت و گۆی پێشەوا لەگەڵ میوانەکەیدا دەگرن بەبی ئەوەی بەشداری بکەن، کپ و بێدەنگ دادەنیشن و هیچ بیرۆکەیەکی وتوێژیان نییە (٧٢).

ڕەوند و رۆژهەلآتناسەکان ئاماژەیان بەوە داوە، میوانداری و دیوەخان داب و نەریتی خۆیان هەیە، هەروەها پەنجەیان بۆ ئەو خزمەتگوزاریانە راکێشاوە کە پێشکەشی میوان کراوە وەك خواردن و خواردنەوەو بایەخدان بە ئەسپ و هێسترەکانیان.

ڕیچ لە گەشتەکەیدا باسی ئەوەی کردووە کە پاشای سلێمانی سەردانی ڕیچی لە بارەگاکەی خۆیدا کردووە و دیاری و خۆراك و مەڕیشی لەگەڵ خۆیدا بۆ بردووە(٥٣).

بەلاّم مەسرەف کە سەرۆك وەزیرانی میرنشینی بابان بووە ماینێکی پێشکەش بە ڕیچ کردووە.

ڕیچ دەڵێت : کاتێك خزمەتکارەکە ماینەکەی بۆ هێناوە ویستوویەتی دیارییەکی پێشکەش بکات، بەلاّم کاتێك ئەو هەستی بەوە کردووە دەستی کردووە بەگریان، چونکە نابی دیاری لە میوان وەربگیری، ئەوە نەیاری ڕەوشتی کوردەوارییە و دوور نییە ببێتە مایەی زویربوونی پاشای (٨١).

برانتیش (١٨٣٨) کە ناوچەی کوردستانی تورکیا گەڕاوە ئاماژەی بۆ نموونەیەکی دیکەی دیاری کردووە، بریتی بووە لە ئەنگوستیلەك، کە ناودارێك پێشکەشی کردووە، بەلاّم ئەم هەرچەندەش زۆری بە دڵ بووە وەری نەگرتووە.

هەروەها دەتوانین ئاماژە بۆ گەلێك نموونەی دیکەی دیاری بکەین کە لە یادداشتنامەی ڕەوەندەکاندا باسکراون وەك، ماین، فەرشی نایاب و دەمانچە، تەنانەت کەرەستەی خواردەمەنی و بەرخیش.

لەبەر ئەوەی دیاری گوزارشتە لە ڕێزلێنان و پێزانین، بۆیە ئەو مەبەستەی لە پشتەوەیەتی ڕەنگە گەلێك لە نرخە کەرەستەییەکەی زیاتر بێت، ببێتە هۆی پتەوبوونی پێوەندی لەگەڵ ئەو کەسەدا.

ڕێزلێنانیش لە میوان، جۆری زۆرە، بۆ وێنە ئەگەر میوانەکە پایەیێکی بەرزی هەبی، ئەوە داوا لە گۆرانیچڕی گوند دەکرێت گۆرانی بلێت تا میوانەکە پێی شادبێت. گۆرانی کوردیش لەو شوێنانەدا سیمای هێمنی خۆی هەیە، بە تریەی نزم ئەنجام دەدرێت، بە زۆریش لاوك و حەیران بۆ ئەو کۆڕانە دەشێن، نەك بەستە، چونکە ئاوازی سووك بۆ ئەو دانیشتنانە ناشێن، بۆیە چەند ئەو گۆرانییانە مۆرکی داستانی پاڵەوانێتیان هەبی و مەغزای هێز و پیاوەتی لەخۆ بگرن زیاتر پەسەند دەبن.

وادیارە پەرەسەندنی شارستانێتی لە پایتەختی بابانەکاندا ئەو شێوەیەی پەرەپێداوە لەم بارەیەوە ڕیچ (١٨٢٠) دەڵێت : عوسمان بەگ تیمێکی مۆسیقای لە بەغداوە بانگێش کردووە، بۆ ئەوەی لە سلێمانی ئاهەنگ ساز بکات (٨٥).



هەروەها نەریتی میوانداری لای کورد ئەوە بەشیاو دەزانی کاتێك میوان بیەوی ئۆغر بکات خۆراکی پێویستی بخرێتە تەك.

ئەدمۆندز ئاماژەی بۆ ئەم مەسەلەیە کردووە و دەڵێت : کاتێك ئاغا لە ماڵ نەبی ئەوە کوێخا لە میوانداری بەرپرس دەبێت.

هەروەها گشت ڕەوەندەکانیش لە یادداشت نامەکانیاندا لەسەر ئەوە کۆکن کە کاتێك خاوەن ماڵ سەفەر بکات یان دوور بکەوێتەوە ئەو ماڵە ئەرکی پێشوازی کردنی میوان و ڕێزلێنانی لەسەر ناکەوی.چونکە کابانی ماڵ بەوپەڕی ئازایەتییەوە خزمەتی میوانەکە دەکات (٩٦).

ئەمەش باسیل نیکیتین لە زمانی سۆنەوە دووپاتی کردۆتەوە و وتوویەتی : کابانی ماڵە کورد، کاتێك پیاوەکەی لە ماڵ نەبی، بەبی شەرمی دروست کراو کە لە نێو ژنانی تورك و فارسدا باوە پێشوازی لە میوان دەکات (٨٨).

شمیدت بە ئاشکرا ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە خێزانی کورد بەرێزێکی زۆرەوە پێشوازی لە میوان دەکات و کابانی ماڵیش لەم بارەیەوە خاوەنی هەستێکی ناسکی کۆمەلاّیەتییە(٢٤٠).

شمیدت ئەیەوی لە میانەی بەراوردکردنی خێزانی کوردەوە لەگەڵ (هی) دا ئەوەمان پی بلێت کە ژنی کورد نەخۆشی دەروونی نییە.

بۆرتەر ئەوەی ساغ کرۆتەوە کە ژنی کورد وەك ژنی لادێی ئینگلیزە باوەڕی بەخۆیەتی و خاوەنی ڕەوشتی بەرزە و ئامادەیە پێشوازی لە میوان بکات (١٩٨). بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا خێزانی کورد باوەڕی تەواوی بە هەموو کەسێك نییە، بۆیە ڕەنگە شێوەی پێشوازی کردن لە میوان وەك یەك نەبێت و هەر میوانێکێش سەنگی خۆی هەیە.

ڕەنگە ئەوەی سۆن دەربارەی گەشتەکەی لە کوردستاندا باسیکردووە کە شەوێك بووەتە میوانی گوندێکی هۆزی میللی کەوا سەرەتای سنووری خاکی کوردستانە لەگەڵ سنووری تورکیا جێی سەرنج بی.

دەڵێت : کوێخا ئەو ماڵەی بۆ دیاری کردووە کە شەوی تیا بەسەربەرێت. کاتێکیش چووەتە ماڵەکە بۆی دەرکەوتووە کە دەبی لەگەڵ ئەو خێزانەدا پێکەوە لە یەك ژوور بنوون. ئەم هەڵوێستە ڕاستە سۆنی تووشی سەرسووڕمان کردووە، بەلاّم لە لایەکی دییەوە دەربڕینە لە ڕێزێکی بی پایان لە میوان. سۆن دەڵێت : خۆم ئامادەکرد بنووم کەچی ژنێکی گەنج هاتە ژوورەوە و بە گسك ژوورەکەی ماڵی، سروشتیش بوو من دانیشم و بە جۆرە سەرسووڕمانێکەوە تەماشای بکەم، بەلاّم ئەو نەخێر. ئەوە بوو لەولاوە هەندی نۆینی هەڵگرت و لە تەنیشتم داینا،

منیش هیچم بۆ گۆ نەدەکرا، لەگەڵ خۆما کەوتمە راوێژ، دیارە ئەویش لە هەمان ئەم ژوورەدا دەنوی، بەڵام ئەوەبوو کابرایەکی خەڵکی گوندەکە دەرکەوت و روانی دانیشتووم، لێی پرسیم بۆ نانویت ؟ بۆم دەرکەوت خاوەن ماڵەکەیە، ئەویش ژنەکەی بوو، دیارە لە گوندەکەدا لە دوو ژوور باشتری تیا نەبووە کە ئەمە یەکێکیانە و بێگومان ئەوی دیکەش هەر میوانی تیایە. بەڵی وا دیارە دوا بڕیاری ئەوەیە خۆی و ژنەکەی لەگەڵ میوانەکەیاندا لەم ژوورەدا بنوون.

سۆن دەڵێت : دیمەنێکی سەیربوو، ئەوەی لێیگەیشتم، ئەوەبوو ئەگەر میوانێکی تورك یان عەرەب بوایەم داوایان لێدەکردم لە دەرەوە بنووم. دیارە باوەڕیان وابوو کوردم، چونکە بە کوردی قسەم لەگەڵ کردن ئەوەم بە شیاو زانی داوای لێبوردنیان لێبکەم.... بەراستی پیاوێکی هەژاری تارادەیەك شەرمن بوو (١٦١).

بەخشندەیی ئاسایی کورد سەرنجی گەلێك رەوەندی دی راکێشاوە، لەم بارەیەوە شمیدت ئەوەمان لێناشارێتەوە کە تووشی سەرسووڕمان بووە کاتێك دایکێك کوڕە لاوەکەی ناردووە بۆ سەر چیا تا ئاوی ساردیان بۆ بێنی و لەگەرمای هاویندا تونێتیان بشکێنی، کەچی ئەو کوڕە منداڵە کە ئەو رێگا سەختەی بڕیبوو هەر ئاوی بۆ نەهێنابوون، جۆرە ترێیەکیشی بۆ هێنابوون، لەگەڵ ئەوەشدا داوای لێبوردنی لێدەکردن، چونکە جۆرەکەی نایاب نەبووە، شمیدت دەڵێت : هەرگیز ئەو دیمەنەم لە پێش چاو لاناچێت، منداڵەکە سەبەتەیەکی ترێی بەسەر هەڵگرتبوو تکای لێدەکردین لێی بخۆین (٢٤٠).

مالیبارد بە رۆڵی خۆی ئەوەی سەلماندووە کوردەکان بە شێوەیەکی زۆر ناسك سەودا لەگەڵ میواندا دەکەن، وەك پاسەوان دەوری دەگرن، ئەو هەستەی لا دروست دەکەن کە میوانێکی خوێن شیرینە و بەوپەڕی رووخۆشییەوە لەگەڵیا دەدوێن (٢١٨).

لە راستیشدا میوان پێویستی بەهەستێکی لەم جۆر هەیە، چونکە زۆر هەستیارە و بەخێرهاتنی راستەقینە لە نێو چاوی خاوەن ماڵەکەدا دەخوێنێتەوە.

کوردەکان وا راهاتوون زیاد لە پێویست بەخێرهاتنی میوان بکەن، سەرەتا خاوەن ماڵ ئەنجا ژن و منداڵ تەنانەت دراوسێش، ئەگەریش ئاستی میوانداری لای هاوولاتییەکی سادە بەم شێوەیە بێت دەبی شێوەی میوانداری لای ئاغا یان سەرۆك هۆز یان پاشا چۆن بی؟ رەوەندە بیانییەکان لەو جۆرە پێشوازییە گەرم و گوڕە سەریان سووڕماوە، رەنگە شتێکی بە چێژیش بێت ئەگەر هەندێکیان بە سەر بکەینەوە و بزانین سەروکە کوردەکانی یان جێگرەکانیان چۆن پێشوازی لە میوان دەکەن.



پێشوازی گەرم و گوڕ بە تایبەت لە یەکەم سەرداندا کاردانەوەیەکی گەورەی لە دڵ و دەروونی میواندا دەبی و لە یادی ناچێت.

ڕیچ باسی رێوڕەسمی پێشوازی کردنی دەکات لە شاری سلێمانی ساڵی ١٨٢٠، تەنانەت خۆی لە رەوەندو رۆژهەڵاتناسەکانی دی باشتر تێکڕاییەکانی روون کردۆتەوە. وا دیارە میستەر ریچ لەسەر داخوازی هەندی لە دۆستەکانی سەردانی سلێمانی کردووە، ئێمە لەو باوەڕەداین گەورە بەرپرسیارانی میرنشنی بابانیش لە رێزی ئەوانە بوونە و، زۆریان پێخۆشبووە ئەو سەردانە بە ئەنجام بگەیەنێت، تەنانەت ئەدمۆندزیش ئاماژەی بەوە داوە کە ریچ لەسەر داخۆزی مەحموود پاشای میری بابان سەردانی سلێمانی کردووە (٥٦).

وێڕای ئەوەی ئەو سەردانە، سەردانێکی رەسمی بووە بۆ ناوچەکە وەك ریچ ئاماژەی پێداوە و پێویستی بەوەکردووە بایەخێکی تایبەتی پێبدرێت، بەڵام بایەخ پێدانەکە ئەو سنوورە رەسمییەی بەزاندووە و بووەتە شێوەیەکی گوزارشت کردن لە رووحی میوانداری خەڵکی شارەکە و میرو بەرپرسانی ئیمارەتەکە.

مەحموود پاشا چاوەڕوانی ئەوەی نەکردووە میستەر ریچ بگاتە سلێمانی تا پێشوازی لێبکات، بەڵکو پێش دوو حەفتە بەر لە گەیشتنی نوێنەرێکی ناردووە. میستەر ریچ رۆژی (١٠)ی ئەیار گەیشتۆتە سلێمانی، بەڵام لە یادداشتنامەکانیدا دەڵێت رۆژی ٤/٢٦ بینیوویانە نێرراوی مەحموود پاشای میری سلێمانی چاوەڕوانیانە — هەروەها دەڵێت، دوێنی ئێوارە نێرراوێك هاتووە بۆ لایان پرسیاری کردووە، کەی دەگەن ؟ ولەکام رێگاوە دێن، تا لەسەر رێگا چاوەڕوانمان بێت، ئەوەبوو هەردوو نوێنەر ئەمڕۆ بەیانی گەڕانەوە بۆ سلێمانی، بە نیازی ئەوەوە پاشا ئەفسەرێکمان بە پلەی رائید (مهماندار) بۆ بنێری لە قەرە حەسەن پێشوازیمان لێبکات.

ڕیچ بۆیە رێگای قەرە حەسەنی هەڵبژارد، چونکە بەرینە و بە ئاسانی (تەختروان)ی پێدا تێدەپەرێت — کە بریتییە لە دوو تەختەداری بەرین لە نێوان دوو گوی درێژدا رێکخراوە — لەبەر ئارەزووی پاشاش رەشماڵەکەیان لەسەر لێواری لای چەپی سەرچنارەوە دابەست، تا پاشا خۆی ئامادە بکات بۆ پێشوازیکردنی ریچ لە سلێمانی، ئەوەبوو سەرچناری بەجی هێشت و بەرەو سلێمانی کەوتەڕی و پاشا خۆی پێش گەیشتنی پێشوازیی لێکرد. ریچ لەم بارەیەوە دەڵێت، میر ئەم سەردانەی بۆیە کردین بۆ ئەوەی خۆی لەسەر خاکی ولاتەکەی بەخێرهاتنمان بکات.

ئەوەشی ووتووە سەردانەکەش بە خەڵاتێکی چاوەڕوان نەکراوە دادەنرێت دووپات کردنەوەشە بۆ پێوەندی دۆستایەتی (٥٠).

لەم دوا پێگەیەشدا پێش ئەوەی بچێتە نێو سلێمانییەوە گەلێك لە گەورە پیاوانی مەحموود پاشا هاتوونەتە پێشوازی، کە بەخێرهاتنیان کردووە، یەکسەر بلاوەیان لێکردووە و تەنها دوو کەسی لا ماوەتەوە بۆ خزمەت کردنی.

ڕیچ دەڵێت چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد تووشی هەندی ماندووبوون بین بە هۆی گەورەیی ئەو کۆمەڵ بەستەوە کە هاتبوونە پێشوازیمان، بەلاّم کوردەکان کە بەوە بەناوبانگن سەرنجیان وردە و تیژ دەڕوانن ئەو مەترسییەیان لی دوور خستینەوە.

لە راستیشدا ئێمە یەکەمین کۆمەڵەی خەڵکی ئەورووپا بووین، ئەوانیش زۆربەیان خەڵکی وەك ئێمەیان نەبینیبوو، بەلاّم باشبوو کەس لێمان نزیك نەبووەوە، تەنها ئەوانە نەبن کە ئەرکی سەرشانیان پێویستی بەوە دەکرد. ریچ دەڵێت، پاشانیش زانیم کە ئەوەی کراوە بە فەرمانی پاشا بووە بۆ پاراستنی ئاسایش (٥٠).

لەو دیمەنە جوانانەش کە رەنگدانەوەی میوانداری رەسمی ئەو سەردەمەیە، پێش نزیکەی دوو سەدە، دەبینین پاشا ویستوویەتی بەشێوەی رەسمی بەخێرهاتنی ریچی میوانی بکات پێش ئەوەی پی بخاتە نێو سنووری شارەوە، ریچ باسی ئەو دیدارەی کردووە و دەڵێت بە باشترین شێوە خۆم ئامادە کرد بۆ پێشوازیکردنی مەحموود پاشا، ئەوەبوو کەمێك دوای عەسر رایگەیاند کە بەرەو لای ئەو دەکەوێتە ری، دیمەنی کەوکەبەکەی سەرەتایی بوو، دڵی خۆشکردم، تەنها خۆی بوو بە سواری ئەسپەکەی تەشریفی هێنا. لەبەر ئەوەش کورتەبالاّبوو خەریك بوو لە نێو کوردە بالاّ بەرزەکاندا ونبی، کە جلی رەنگاورەنگیان لەبەربوو، ئەو رەنگانەش بە زۆری لە رەنگی سەرەبەستەکانیاندا بەرجەستە دەبی. کەوکەبەکە بێدەنگ بوو، ترپەی پێیان لە دوورەوە دەبیسترا. کاتێکیش پاسەوانانی ریچ سلاّویان لێکردن، پاشا وەلاّمی دانەوە و دەستی خستە سەر سنگی و شکۆمەندییەکی مەزنی پیشاندا.

عەریفەکانم نارد بۆ لای، خۆشم لە دەرگای دەوارەکەوە دەرچووم و پێکەوە لەسەر بەرەیەك کە لەوەوپێش بە تایبەت بۆ ئەم بۆنەیە ئامادەم کردبوو دانیشتین، بە زۆریش قەناعەتم پێکرد چوارمشقی دانیشی، کەچی ئەو دەیویست بە جۆرێك دانیشی لە رێزی زیاد دەربڕی. ئیدی چەند جارێك لە دوای یەك بەخێرهاتنی کردم و دووپاتی دەکردەوە کەوا پێی خۆشە سەردانی



کوردستانم کردووە (٥١) ریچ دەڵێت لە پاش ئەوەی بخوور سووتێنراو گوڵاّو دابەشکرا،... هتد پاشا لەگەڵ پیاوەکانیا گەڕانەوە (٥٢).

لە راستیدا دەرچوونی خاوەن داوەت بۆ دەرەوەی ماڵەکەی یان شار و گوندەکەی بۆ پێشوازیکردنی میوان نەریتێکی زۆر کۆنی نێو کۆمەڵگای کوردەوارییە، بێگومان ئەوەش بۆ هەموو کەسی ناکری، مەگەر ئەوانە نەبی ئاستی پلە و پایەیان زۆر بەرزبی، ئەگەریش میوان پایەی ئایینی یان کۆمەلاّیەتی بەرزبێت. ئەوە خەڵکی دێیەکەش دەچنە پێشوازی، لەم بوارەشەوە دەتوانین ئاماژە بۆ شێوەی پێشوازیکردنی خەڵکی سلێمانی بکەین کە دەرچوونەتە دەرەوەی شار و شێخ مەحموودیشیان لە پێش بووە، بۆ پێشوازی کردنی سمکۆی شکاك فەرماندەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە ئێران لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا.

بەلاّم شێوەی دانیشتنەکەی میری بابان کە ریچ ئاماژەی بۆکردووە جۆرە زۆربێژییەکی لەخۆگرتووە، چونکە ریچ میر نەبووە. بەلاّم لەبەرئەوەی نوێنەری بەهێزترین دەوڵەتی جیهان بووە لەو سەردەمەدا بۆیە بەو شێوە بە گەرم و گوڕە پێشوازی لێکردووە، لە لایەکی دیکەشەوە مەحموود پاشا ویستوویەتی لە میانەی ئەوەوە رێز و خۆشەویستی گەلی کورد بۆ گەل و ولاّتەکەی ئەو دووپات بکاتەوە. شایانی باسیشە بەریتانیا ئەو کاتە واتە ساڵی ١٨٢٠ هیچ بەشێکی لە کوردستان یان عێراق داگیر نەکردبوو.

ڕیچ لە بیستی مانگی ئایاردا لەسەر خواستی میر گەیشتۆتە سلێمانی و بۆتە میوانی. ریچ وای بۆچووە بە پێی ئەستێرەناسەکان ئەو سەر لە بەیانییە شیاو بووە کە بۆی دیاریکراوە، ئیدی نازانین شتی وا لە گۆڕی بووە یان ریچ کەوتۆتە دەریای گومانەوە.

بەو رادەیە ریچ لەلایەن پاشاوە پێشوازییەکی رەسمی لێکرا. ئەوەبوو پاشا عوسمان بەگی برا بچووکی بۆ نارد تا پێکەوە لەگەڵ ئەندامانی ئەنجوومەنی پاشایەتیدا واتە حکوومەت بە ناو شاڕدا بگەڕێن. شایانی باسە ئەوان گشتیان سواری ئەسپ بوونە و کۆمەڵێکی گەورەی پیادەی کوردیان لەگەڵاّبووە.

عوسمان بەگی برا بچووکی میر وەك ریچ باسیدەکات سووربووە لەسەر ئەوەی کات بەفیڕۆ نەبات و بەسوارییەوە بەسەری بەری. بۆ ئەم مەبەستەش هەمیشە چاوی لەسەر کاتژمێرەکەی بووە.

هەردووك پێکەوە ریچ و عوسمان بەگ راپەڕیون و کەوکەبەکەش بە رێناس و ئەنجا بووق ژەن و دواییش ئالاّ هەڵگر کەوتۆتە ری. لە راستیشدا بووق ژەنەکە پارچە مۆسیقای کەوتنەرێی ئینگلیزی لێداوە، ریچیش وتوویە مۆسیقاکە خراپ نەبووە.

ئالآی خاچیش (ئالآی بەریتانیا) پیاوێکی تورك هەڵی گرتووە ئەنجا سی ئەسپ، دوایش سەرۆکی (سەواس) و ئەنجا عەریف یان پیادەی چەکدار، لە دوای ئەوانیشەوە سەرباز کە تەپڵ و زورنایان پێبووە، دوایش میستەر ریچ بە سواری ئەسپێك، لەهەر لایەکیشیەوە پیاوێکی چەکدار بە کەرەستەی تەواوەوە ڕێیان کردووە.

دوای ریچ مستەر بێل لی نود و دوکتۆر موراند و کە لە گەشتەکەیدا هاوڕێی بوونە، ئەنجا عوسمان بەگی برا بچووکی مەحموود پاشای میری بابان کە سواری ئەسپێك بووە و نزیکەی سی سەد کەس لە پیادەی لە دواوە بووە، دوای ئەویش ئەندامانی ئەنجوومەنی پاشا و ئەنجا کارمەندانی هاوڕێی میستەر ریچ لە گەشتەکەیدا و کەوکەبەکە تەواو (٥٤-٥).

پاشا لەبەر دەرگا پێشوازی لە میستەر ریچ کرد و بەرەو ئەو کورسییەی برد کە لە سینگی ژوورەکە دانرابوو، ریچ ئاماژەی بەوە داوە کە پاشا و پیاوەکانی زۆریان ڕێز لێناوە، پاشا باشترین خانووی لە سلێمانی بۆ هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی تا ئەوکاتەی لە شاردا دەمێنێتەوە تیایدا نیشتەجی بێت، جاروباریش سەردانی کردووە.

ڕیچ باسی هەستی خەڵك (ڕای گشتی)ی سەبارەت بەو میوانداریيە کردووە و هەندی نموونەی کاردانەوەی ئەو خەڵکەی بۆ تۆمار کردووین. بۆ وێنە، هاووڵاتییەك لە یەکی لە شەقامەکانی شاردا پێی وتووە تۆ یەکەمین ئینگلیزی ئێمە لەم شارەدا دەیبینین و دەبێتە تەوەرەی ئاخاوتنی نەوەکانمان، ئێمە شادین بەوەی لە نێوانمان دایت، تەواوی ئەو کۆمەڵە خەڵکەش نزیکی بوونە هەمان هەستیان دەبڕیوە (٧٧).

پاشا فەرمانی داوە تیمێکی پاسەوانی ڕێکبخرێت بۆ پاراستنی ریچی میوان، وا دیارە ریچیش پێی ناخۆش بووە پاسەوانەکان هێند بە بایەخەوە ئەو ئەرکەیان لەبەر چاو گرتووە و تەنانەت خێزانە دراوسێکانی ماڵەکەشیان بێزار کردووە، ئەوەی پێخۆشبووە بە شێوەیەکی ئاسایی نەك زیاد لە پێویست پاسەوانێتی بکەن (٦٥).

هەروەها ریچ زۆری پێناخۆش بووە پۆلیس دار و لێدانیان بەکارهێناوە بۆ دوورخستنەوەی ئەو جەماوەرە گەورەیەی کۆمەڵیان بەستبوو بۆ بینینی ریچ کاتێك هاتۆتە نێو سلێمانییەوە و وتوویەتی نابی بەو جۆرە سەودایان لەگەڵ بکری (٥٦).

شایانی باسیشە نۆبەبەری پاسەوانێتی لە دوو ئەفسەر و یازدە سەرباز پێك هاتووە کە بە درێژای شەو لە دەرەوەی ماڵەکە بوونە، ئەمە بێجگە لە پاسەوانەکانی ریچ خۆی کە لە گەڵی



هاتوون کەوا کوردەکان لێیانەوە ئەو دوو وشە ئینگلیزییە فێربوونە کە لە نێو پاسەوانانی شەودا بەکاردێن واتە (کێیە) و (دۆست).

ڕیچ دەربارەی ئەو دیاردەیە دواوە و وتوویەتی : ئەوەمان لا نامۆیە ببیستین کوردەکان لە سلێمانیدا هەوڵ دەدەن ئەو وشە ئینگلیزییانە بلاْوبکەنەوە کە لە سەربازە موسوڵمانەکانی هیندستان و هاولاْتییانی بەریتانیای مەزنەوە فێری بوونە و، لە نێو پاسەوانەکاندا بە نهێنی بەکاردێن واتە بۆ مەبەستی (نهێنی شەو) (٦٥).

وا دیارە پاسەوانەکانی ریچ ئەو کاتە وشەی (نهێنی شەویان) بەکارهێناوە بۆ دڵنیابوون لە لایەنی ئاسایش.

خواحافیزی یان بەڕێکردن یان ڕەوانەکردنی میوان لە کوردستاندا دیسان دەستووری خۆی هەیە. مەحموود پاشا بۆ ئەم مەبەستە سەردانی میستەر ریچی لە شوێنی نیشتەجی بوونی کردووە، ریچ لەم بارەیەوە دەڵێت، بۆ ماوەی سەعات و نیوێك گفتوگۆیەکی خۆشیان کرد، ئەنجا پاشا هەستاوە بڕواتەوە، کاتێکیش خواحافیزی لێکردم دەنگی کز بووەوە کاتێکیش ویستی تۆقەم لەگەڵ بکات دەستی لەرزی، ئەوەشی درکاندووە کە ئەمیش وەك ئەو لەیەك دوور کەوتنەوەیانی پی ناخۆشبووە. میر تکای لێکردووە جارێکی دی ببیبینێتەوە و وتوویەتی : (من لەوە دەترسم ئیدی یەکتر نەبینینەوە) (٢٣٠). ئەوە بوو سەردانەکەی ریچ لە (١٠)ی ئەیار دەستی پێکرد و لە (٢٥) ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٢٠ کۆتایی پێهات.

ڕیچ لە کۆتایی سەردانەکەیدا وتوویەتی، هەر هەموویان هەرچییان لە توانادابووە کردوویانە بۆ ئەوەی ساڵی داهاتوو بگەڕێینەوە بۆ ولاْتەکەیان و من بەراستی هەست بە خەمێکی گەورە دەکەم کاتێك ئەم خەڵکە دڵسۆزە بەجی دێڵم، گریمانەی ئەوەش هەیە جارێکی دی نەیانبینمەوە، واش هەست دەکەم چاکە و میوانداری ئەم خەڵکەم لەبەر چاو لا ناچێت و لەهەر کوی بم یادیان دەکەمەوە (٢١٧).

لە پاش ئەوەی نمایشی ئەو میوانداریيە بە شکۆیەمان کرد کە بۆ ڕێزلێنان لە ریچ ڕێکخرا کاتێك بووە میوانی ناودارێکی بەرپرسی ڕەسمی کورد، با بزانین دیدو بۆچوونەکانی سەبارەت بە سەردانەکەی بۆ لای ناودارێکی دیکەی کورد لە دەرەوەی سنووری بەرپرسیارێتی ڕەسمی چۆن بووە، کە ئەویش گەورە سەرۆك هۆزێکی کورد بووە، کەیخوسرەو بەگ کەوا لەو کاتەدا سەرۆکایەتی تیرەکانی جافی دەکرد، ئەوە بوو لە سلێمانی چاوی بە ریچ کەوتبوو، داخوازی پێشکەش کردبوو سەردانی بکات و ئەویش قبووڵی کردبوو.

پێش ئەوەی بگاتە بارەگای کەیخوسرەو بەگ چوار عەریفی بەگ کە سوارەی لێهاتوو خوێن شیرین بوون چاوەڕوانی بوون هەر چواریان کەوتنە تەك کەوکەبەکەی میستەر ریچ، پێش گەیشتنیان بینی کەیخوسرەو بەگ بە سواری ئەسپێکی جوان هاتۆتە پێشوازی، ریچ لە باسی ئەو ئەسپەدا دەڵێت، جوانترین ئەسپ بوو، لە ماوەی دەساڵی رابردوودا شتی وام نەبینیوە، کەیخوسرەو بەگ هەرسی کوڕەکەی لەگەڵ بوو لەگەڵ محەممەد بەگی کوڕی قادر بەگی سەرۆکی پێشووی جاف.

ڕیچ دەڵێت : بەگ زۆر دڵشادبوو، جل و بەرگی رێك و پێك بوو، هەروەها کوڕەکانیشی، کۆمەڵە سوارێکی جافیش بە دیمەنی جوانیانەوە لە تەکی بوون و رێگاکەیان بە رەخش و مانۆڕ بڕی تا گەیشتینە بارەگای سەرۆك، لەوێشدا لاوان لەبەهرەی خۆیان دەربڕی، رەشماڵی بەگ لە مووی رەش دروست کرابوو، بەرین و بەرزبوو، بە حەسیر دەورگیرابوو، بۆ میستەر ریچیش دەوارێکی تایبەت ئامادەکرابوو بۆ ئەوەی تیایدا پێشوازی میوانەکانی بکات، هەروەها گشت پێداویستییەکی پشوودانیش بۆ هاوسەرەکەی دابین کرابوو، کەوا ژنان چاوەڕوانی بوون و زۆر بە گەرمی پێشوازییان لێکرد(١٣٢).

ڕیچ لە باسی سەردانەکەیدا بۆ لای کەیخوسرەو بەگ دەڵێت : چەندین شێوەی قسەی خۆش و یاری و دانسقەیان پێشکەش کردووە و مەبەستیان ئەوە بووە هەست بە خۆشی بکات. لاوان پاش نیوەڕۆی دووەمین رۆژی سەردانەکە بە ئامادەبوونی ژنەکەی ریچ رمبازییان کردووە و لە بواری سواریدا بەهرەیان نوواندووە، ریچ و کەیخوسرەو شەوچەرەیان پێکەوە بووە و گوێبیستی هەندی گۆرانی و ئاواز بوونە.

ڕیچ لە کۆتایی سەردانەکەیدا بۆ لای کەیخوسرەو بەگ بەو دیدو بۆچوونە دەرچووە کە بڵێت : دەست بڵاوی و بەخشندەیی و میوانداری ئەم پیاوە هەرگیز لە یاد ناکات، چونکە لەو پەڕی نیاز پاکییەوە ئەو هەستەی لەگەڵ نواندووە (١٣٤).

ئەگەریش جارێکی دی بگەڕێتەوە بۆ لای سۆن کە یەکەمجار سەردانی کوردستانی کردووە و خۆی گۆڕیوە و بە ناوی بازرگانێکی فارسی خەڵکی شیرازەوە خۆی بەخەڵك ناساندووە، دەبینین لە پێشەکی یادداشتەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە دەکات لایەنگری کوردە و دەڵێت : دیارە شێوەی گێڕانەوەی باسەکان بەو بارەم دەبات لای کوردەکان بگرم، بەڵگەی ئەوەشی ئەوەیە لە نێو ئەم نەتەوەیەدا هەستم بە سۆزی رەسەن کردووە، کە زیاد لەهەر کۆمەڵێکی دی قەدەر وایکردبی من وەك نامۆ تیایانا بژیم ئەوانیش سۆزیان بۆدەبڕیوم. من قەرزداری چاکەیانم (١٠).



وێڕای ئەوەش ئاماژەمان بۆ هەندی دیدوبۆچوونی سۆن کرد دەربارەی میوانداری لە هەندی گوندی کوردی کوردستانی تورکیا، لێرەدا ئەمانەوی باسی ئەوە بکەین لە رووی میوانداریییەوە لە هەڵەبجە لە بارەگای پێشەوای تیرەکانی هۆزی جاف لەو ماوەیەدا لایان ماوەتەوە چی بۆ کراوە.

سۆن وەك گێڕاویەتییەوە لە گەشتەکەیدا بەڕێککەوت چاوی بە بازرگانێکی خەڵکی هەڵەبجە کەوتووە و ئەو ئاڕاستەی کردووە ببێتە میوانی عادیلە خانم، کە خاتوونی شاری هەڵەبجە و خێزانی جافە. سۆن دەڵێت، لەو سەردەمەدا (خان) لە هەڵەبجە نەبووە تا رێبواری نامۆ تیای دابەزی.

بەڵکو خەڵك لە ماڵان میوانداری مرۆڤی نەناس و نامۆیان دەکرد، ئەو بازرگانەی خەڵکی هەڵەبجە ئەوەشی بۆ روون کردۆتەوە ئەگەر نەبێتە میوانی عادیلە خانم ئەوە لێی زویر دەبی، چونکە مرۆڤێکی رۆشنبیری وەك ئەم شایستەی ئەوەیە میوانی ئەو بێت، هەروەها دەڵێت، ئەو کابرایە دیسان بۆی دووپات کردمەوە زانیاری و شێوەی پەروەردە و رەوشتم دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئەو خانمە رێزم لی بنی (٢٧٥).

سۆن بەرەو ماڵی عادیلە خانم دەکەوێتە ری و سەرەتا لەبەر دەرگا دوو خزمەتکار دەبینی، خۆی پێیان دەناسێنی، ئەوانیش داوای لێدەکەن دانیشی تا عادیلە خانم لە هاتنی ئاگادار بکەنەوە کاتێك دەگەڕێنەوە پێی دەڵێن وتوویەتی مایەی شادییە ئەگەر هەلی بۆ رێککەوی فارسێکی شیرازی ببینی، کە ئەویش یەکەمین کەسی ئەو وڵاتە لەم وڵاتەدا پێشوازی لێدەکری.

لە ماڵی تاهیر بەگ کە یەکێك بوو لە کوڕەکانی مێردەکەی ژوورێکی بۆ تەرخان کرا. سۆن لەو بارەیەوە دەڵێت دەست و برد پڕ فەرش کرا و چایان بۆ هێنا و و ئەنجا خاتوو عادیلە هەواڵی بۆ نارد کە سەر لە بەیانی رۆژی دوایی لە دیدارێکی تایبەتدا چاوی پێدەکەوی کە ئەوەش گوزارشتێکی رێژەیی بوو لە شکۆ و سەروەری (٢٧٦). پاش دیدارەکەشیان کە پتر لە سەعاتێکی خایاندووە، عادیلە خانم سەرگەرمی ئەوەبوو بزانی شوێنەکەی بە دڵە، ئەوەبوو فەرمانی دا فەرشێکی تازەی بۆ راخەن و ئەنجا بە جێی هێشت و داوای لێکرد لە دانیشتنی پاش نیوەڕواندا ئامادەبێت کە هەموو رۆژی عەسران دەبەستری (٢٩١).

تاهیر بەگ داوای لە سۆن کرد لە کۆڕی عەسراندا ئامادەبێت، سۆنیش لە یادداشتەکانیدا باسی شاری هەڵەبجەی بەوە کردووە کە تیایدا خەڵك هەستی خۆشەویستیان لەگەڵا گۆڕیوەتەوە.

ویگرام لە گەشتەکەیدا بە شێوەیەکی روون باسی رۆحی میوانداری لای کوردان بە گشتی و لای پێشەواکانیان لە ژمارەیەك لە گوندە کوردییەکاندا کردووە، کەوا لە میانەی گەشتەکەیدا بۆ ناوچە جیاجیاکانی کوردستان چاوی بە ژمارەیەکی زۆریان کەوتووە.

ویگرام (گرێی یەکەمی سەدەی بیستەم) لە یادداشتنامەکانیدا باسی گەشتەکەی بارزانی کردووە، ئاماژەی بەوە داوە چووەتە ماڵی شێخ عەبدولسەلام بارزانی و ئەویش لە ماڵ نەبووە و سەفەری ئامێدی کردووە و پاشان چاوی پێی کەوتووە، بەڵام جێگرەکەی کە ئیمامێکی گەورە بووە پێشوازی لێکردووە.

ویگرام لەم بارەیەوە دەڵێت : زۆر بە گەرمی پێشوازیی لێکردین، دۆستی دێرینی هەندی لە هاوڕێکانمان بوو، مەلایەکی گەنج و کۆمەڵێکی دی لە مریدانی کە دیمەنیان زل بوو بە هەمان شێوە بە گەرم و گوڕی بەخێرهاتنیان لێکردین. بەڵام شتێکی سروشتیش بوو بەبێ ئەوەی نان بخۆن نەتوانین ئەو ماڵە بەجێ بهێڵین، لەبەر ئەوەش زۆر بە پەلە بووین و حەزمان دەکرد هەتا زووە بکەوینە ری بە تایبەت تکامان لە خانەخۆییەکەمان کرد دەستوبرد خواردنێکی ساکارمان بۆ ئامادە بکات، بەوەش چاکەیەکی زۆرمان لەگەڵ دەکات ئەوەبوو نان و هێلکەو هەنگوین و چایان بۆ هێنایین.

ویگرام دەڵێت : ئەگەر پیاوێکی شکۆمەند بیەوی بە پێی داب و نەریتی باو بەخششت لەگەڵ بنوێنی و ناوبانگی خۆی بپارێزی، رازی نابێت میوان بەو جۆرە خواردنە بەری بکات، ئەگەر بەرخی بۆ سەر نەبڕی و بۆی لی نەنی، کاتێکیش ماڵئاواییمان کرد ئیمام و مەلا تا گەیشتینە دارێکی دیاریکراو رەوانەیان کردین و رێگاکەیان نیشان داین. لە راستیشدا هەر ماڵێکی ئەو دەوروبەرە میواندارن و بەوپەڕی رێزەوە پێشوازی لە میوان دەکەن و رەوانەشی دەکەن.

شایانی باسیشە جێگری شێخ پاسەوانێکی چەکداری جامانە سووری لە مریدانی خۆی ناردووە لەگەڵیانا بۆ ئەوەی لە گەشتەکەیاندا هاوڕێتییان بکات (١٣٠).

وا دیارە شێخ عەبدولسەلام لە گوندی (سواری) لە رێگای گەڕانەوەیەوە لە ئامێدی چاوی بە ویگرام کەوتووە، ویگرام دەڵێت : هەواڵیان پێگەیشتبوو ئێمە بە رێگاوەین، هەر بۆیەش وەفدێك لە لایەن حەزرەتی شێخەوە — وەك ویگرام دەڵێت — پێشوازی لێکردین، وەفدەکە لە زمانی شێخەوە داوای لێکردین شەوی میوانی شێخ بین.



پاشان شێخ لەسەر پلیکانییەیەکی زبری بەردین پێشوازی لێکردین و لە دوای ئەوەی بەگەرمی بەخێرهاتنی لێکردین بردنی بۆ نهۆمی سەرەوەی ماڵەکە فەرمووی لێکردین دانیشین (١٣٤).

ویگرام دەڵێت، نە ئەبوو ئەو پیاوە مەزنە لەسەر پلیکانی ببینین، ئەوە شایستەی ئەو نەبوو، چونکە زۆربەی شێخە گەورەکان کاتێك پێشوازی لە میوانی ئەوروپییان بکەن لە ماڵەکانی خۆیان دەچنە دەرەوە تا لە کاتی پێشوازیکردنیاندا لەبەریان هەڵ نەسن، بەڵام شێخی بارزان لەوەش زیاتر رێزی لێنایین و لەگەڵ ئێمەدا نانی خوارد، ئەمەش مریدانی دووچاری کاردانەوەیەکی روون کرد، چۆن دەبی حەزرەتی لەگەڵ دوو گاوردا نان بخوات ؟ (١٣٥).

وا دیارە شێخ لەوەوپێش لەبەر چاوی مریدانی خۆی نانی لەگەڵ غەیرە ئاییندا نەخواردووە، دوور نییە ئەوەیان بە شتێکی چاوەڕوان نەکراو دابێتە قەڵەم، بێگومان شێخی خەباتگێڕو نەتەوەخواز، شێخ عەبدولسەلام بارزانی لەو نریتە لای داوە کە ئیسلامیش پەسەندی ناکات.

جیمس برانت کە لە گەڵێك ناوچەی کوردستانی تورکیادا گەڕاوە (نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم — ١٩٣٨-) دیدو بۆچوونەکەکانی سەبارەت بە میوانداری لە کۆمەڵگای کوردەواریدا تۆمار کردووە. وا دیارە برانت رێی کەوتۆتە ماڵی رەشید پاشا، پاشای شاری موش — کە شارێکی کوردستانی تورکیایە — ئەویش لە مزگەوتبووە، بۆیە یەکێکی ناردووە بەخێرهاتنی بکات. ئارەزوویشی کردووە بزانی کەی ئامادە دەبێت سەرلەنوی سەردانی بکاتەوە. ئیدی بەرپرسەکە لە کاتی دیاریکراودا هاتووە بردوویەتی بۆ کۆشکی پاشا کە لە نێو گوندێکی جواندا بووە بە ناوی (موکی یونك) (٢٨).

لەو مەسەلانەش کە پتر سەرنجی برانتیان راکێشاوە، ئەوەبووە، پاشا پتر لە خۆی بایەخی داوە بە خزمەت کردنی میوانەکانی لە کاتی نانخواردنیاندا، برانت ئاماژەی بەوەش داوە کە پاشا زۆر بە گەرم و گوڕی بەرێی کردووە (٣٢).

کاتێکیش برانت گەیشتۆتە (ئێجە) کە شارێکی کوردییە شێخی مزگەوتەکە لەوی نەبووە، بەڵام کوڕەکەی شوێنێکی زۆر جوان و ئەفسووناوی لە ناوەڕاستی باخچەیەکی پڕ لە داری میوەی هەمەڕەنگ و نزیك کانییەك، کە لە ژێر بەردێکی گەورەوە هەڵ قوولاوە بۆ تەرخان کردووە پشووی تیا بدات. برانت دەڵی ناودارانی شارەکە لە دوای یەك هاتوونە بۆ لای و بەخێرهاتنیان کردووە(٤٨).

کاتێکیش برانت گەیشتۆتە (خینی) شێخی مزگەوتی شارەکە فەرمانی داوە، برانت و پیاوەکانی هەرچی پێویستییان بە خۆراك و کەرەستەی دی هەیە بۆیان دابین بکرێت. برانت شەوێك لەو شارەدا ماوەتەوە، ئەوەشی درکاندووە، ئەوەی کە بووەتە هۆکاری مانەوەی ناسکی و جوانی شوێنەکە بووە، شێخی مزگەوتەکەش پیاوێکی بەشووش و ژیار بووە، برانت ئەوەی لێنەشاردووینەتەوە کە باری بژێوی هاوولاتییانی شارەکە باش نەبووە (٥٤).

برانت لە باسی سەردانەکەیدا بۆ گوندی (گیزن) دەڵێت : وێڕای ئەوەی ئەم گوندە لە ڕێگای گشتییەوە دوورە، بەلاّم خەڵکێکی زۆر سەردانی دەکەن. برانت دەڵی پێش ئەمجارەش چاوی کەوتووە بە بەرپرسیاری گوندەکە (ڕەنگە مەبەستی کوێخای گوندەکە بێت)، دەڵێت : ئەو کاتەم چۆن بینیبوو ئێستاش هەروا، پیاوێکی ڕەوشتبەرزو خێرخواز، ئامادەبووە چەند لە توانایدا بێت یارمەتیمان بدات و پێداویستییەکانمان بۆ دابین بکات (٦٢).

برانت لە گوندی (بوکلام)یش لای داوە، کە نزیکەی شەست خێزانی کوردی لەخۆگرتووە، برانت دەڵی، کوێخا خواردنێکی زۆر بەچێژی بۆ ئامادەکردین، هەردوو کوڕەکەشی کە دوو لاوی خوێنگەرم بوون راسپارد خزمەتمان بکەن و چاویان لێمان بی (٧٧).

کاتێکیش برانت گەیشتۆتە شاری (تبلیس) چاوی بە شەریف بەگ کەوتووە لە کۆیەی تبلیس کە سەر بە پاشایەتی (موش)ە. ئەو کاتەی برانت گەیشتووە و بووەتە میوانی کۆشکی بەگ، بەگ لەوی نەبووە (٩٥).

برانت دەڵێت، هەر کە گەیشتوون ژەمێکی خواردنی بەچێژیان پێشکەش کراوە لە کاتی نان خواردنیشیاندا کوڕەکەی لە خزمەتیاندا بووە، کە تەمەنی (٤-٥) ساڵان بووە لەگەڵ کابرایەکی ئەرمەنی خزمەتکاری بەگ کە لە پشتی منداڵەوە وەستاوە، ئەو منداڵە کە بەوپەڕی شکۆوە دانیشتووە و رۆڵی خانەخوێی بینیوە. برانت ئەوەشی درکاندووە کە کوردەکان ئەو جۆرە داب و نریتە لە دەروونی منداڵەکانیاندا دەچێنن(٩٤).

سەبارەت بە هەمان بابەت برانت دەڵی، خۆی و پیاوەکانی پێش ئەوەی بەگ بگاتە ماڵەوە نانیان خواردووە، کاتێکیش لەو شوێنەدا کە بۆیان تەرخان کراوە بۆ یەکەمجار سەردانی کردوون قسەی خۆشی لەگەڵ کردوون. پاشان چوونەتە سەربان و چێژیان لە کزەبای فێنکی شەو بینیوە (٩٥).

برانت باسی ئەوەشی بۆ کردوین چۆن بەگ رەوانەی کردوون، دەڵێت : بەیانی زوو بەگ لە حەرەم دەرچوو هات بۆ لامان لەگەڵمان قاوەی خواردەوە و بە گەرمی بەرێی کردین.



برانت سەبارەت بە بەهای میوانداریێتی لەو ولاّتەدا دەڵێت، شەریف پاشا بەوپەڕی رێز و پێزانینەوە میوانداری کردین و هەرچی پێداویستیمان هەبوو بۆی دابین کردین، کاتێکیش ویستم دیارییەکی ساکاری پێشکەش بکەم، زۆر ماندووبوم تا قەناعەتم پێکرد، برانت بە ناڕاستەوخۆ ئەو هەڵوێستەی لەگەڵ هەڵوێستی خەڵکی گوندی (کازیتی ئەرمەنی)ی لە هەمان ناوچەدا بەراورد کردووە کە کاتێك ویستوویانە ببنە میوانیان پێیان وتوون ئەوانەی پێش ئەوان بەوێدا تێپەڕبوون داوایانکردووە پێتان بڵێن بەردەوام بن لە رێکردندا تا بە زووترین کات پێیان بگەن.

برانت لەسەر ئەم مەسەلەیە دواوە و دەڵێت، ئەم جۆرە درۆیەیان چەند جارێك لەگەڵ کردووین بۆ ئەوەی دەرگامان بۆ نەکەنەوە یان میوانداریمان نەکەن، چونکە دڵنیا نەبوونە لەوەی ئێمە بەرامبەر بەو خۆراك و خزمەتەی پێشکەشمان دەکەن پارەیان دەدەینی.

بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا برانت بەزەیی بەو گوندە ئەرمەنییەدا هاتۆتەوە کە لە (١٠-١٢) ماڵ پێك هاتووە (١٠-١٢) و خەڵکەکەشی هەژار و پیس بوونە و پێویستییان بە یارمەتی هەبووە بۆیە بڕیارمان دا لا نەدەین (١٠١).

لە راستیشدا جێی سەرسووڕمانە برانت بەو جۆرە  باسی ئەرمەنییەکان دەکات، چونکە ئەوان هۆگری پاك و خاوێنین.

برانت لە رێگایدا بەرەو شاری (وان)ی کوردنشین لە (ئەرتیمید) لای دا، بە نیازی ئەوەی چاوی بە ئیسحاق پاشا، پاشای ناوچەکە بکەوی، بەلاّم ئاگادار کرایەوە کە پاشا سەفەری کردووە، بۆیە ژمێریاری پاشا هاتووە بۆ لای، ئەمیش لەگەڵیا سلاّوی ناردووە بۆ پاشا و داوای کردووە ئەمر بکات شوێن بۆ خۆی و پیاوەکانی لە نێو باخچەکەدا دیاری بکات بۆ هەڵدانی دەوارەکانیان، ئیدی حاکمی ناوخۆیی بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە لایان و بەخێرهاتنیان دەکات، سەر لە ئێوارەش کە کابرای ژمێریار هاتوونەتەوە سلاّوی پاشای پێگەیاندوون و ئاگاداری کردۆتەوە کە خانوو باخچەکەی پزیشکی پاشا تەرخانە بۆ ئەوەی تیای بحەسێنەوە.

برانت دەڵی : بەیانی زوو مۆرچی ئاغا سلاّو و رێزی ئاغای پێگەیاندین و کەوتە تەکمان بەرەو وان (١١٠).

برانت ئەنجا باسی سەردانەکەی بۆ شاری وان دەکات و دەڵێت : هەر کە گەیشتینە هەواری تازەمان، تەیفوور پاشای کوڕی پاشا هات و بەخێری هێناین و لە جیاتی باوکیشی زۆری رێز لێناین و بۆی دووپات کردینەوە سەر لە ئێوارە باوکی سەردانمان دەکات، برانتیش لە وەلاّمدا

وتوویەتی تکا دەکەم زەحمەت نەکێشی، خۆشم سبەی سەردانی دەکەم بەرامبەر ئەو میوانداری و پێشوازییە گەرمە سوپاسی دەکەم.

ئەنجا برانت باسی سەردانەکەی بۆ کۆشکی پاشا دەکات کە لە سەعات دەی بەیانیدا بووە و پاشا بە گەرمی پێشوازی لێکردووە، ئەوەشی درکاندووە، کە پاشا زۆر بەرەوشت بووە لە پرسیارەکانیدا و خزمەتی خۆیشی نمایش کردووە.

برانت لە باسی پاشادا دەڵێت : پیاوێکی تەمەن شەست ساڵان بوو، خەڵکی شاری وانە، هەڵس و کەوتی نیشانەی رەوشت بەرزی و خێرخوازی بوو. ئەنجا دەڵێت، پاشا بەوپەڕی ئەدەبەوە ئەوەی بۆ نمایش کردین گەرماوی تایبەتی کۆشکەکەی بەکار بێنین، رێککەوتیش وا بوو برانت چاوی بە میری کورد سوڵتان ئاغا بکەوی، کە داخوازی ئاراستەی برانت کرد لە مۆڵگاکەی لە دەرەوەی شار میوانداری بکات، بەڵام سیمای میوانداری و خۆشویستنی میوان بارێکی وا ئەرەخسێنن کە خانەخوی پابەندبێت بە میوانی خۆیەوە و بە پێی توانا رێگا نەدات ئۆغر بکات، برانت ئەمەی لە سیمای پاشادا خوێندەوە، بۆیە داوای لێبوردنی کرد و بڕیاری دا ماوەیەکی دی لای بمێنێتەوە (١١١).

برانت لە نموونەیەکی دیکەی گەشتەکەیدا بۆ کوردستان ئەوە دەگێڕێتەوە کەوا کاتێك لە شارۆچکەی (خینیس)ی سەر بە پاشایەتی موش لە کوردستانی تورکیا لایداوە، بینیویەتی (بەگ) کە برای ئەمین پاشای حاکمی موشە لە ماڵ نەبووە و بریکارەکەشی نەخۆشی سەرجی بووە، ئیدی کوڕەکەی ناردووە بۆ لای برانت و سڵاو و ئاوات خواستنی پێگەیاندووە و ئامادەبوونشی پیشان داوە بۆ هەر خزمەتێك پێویستی پێی بێت. ئەنجا جۆرەها خۆراك و بەرخ و شیر و هێلکەی خستۆتە تەکیان بۆ ئەوەی بتوانن لە سەفەرەکەیاندا بەردەوام بن برانت دەربارەی بریکارەکەی بەگ دەڵێت، پیاوێکی ژیار بوو (١٨-٢٠).

شایانی باسە لە کوردەواریدا ئەوە شیاوە ئاغا یان بەگ یان بەرپرس یەکێکی دی بکاتە بریکار و لە کاتی پێویستدا بە رۆڵی خۆی هەڵسێت، چونکە دیوەخان نابێت داخرێت.

لە سەرەتای بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا ئاماژەمان بۆ هەندی دیدوبۆچوونی هەی کرد دەربارەی دیوەخان و گرنگییەکانی، بەڵام دەربارەی میوانداری لە کۆمەڵگای کوردەواریدا دەڵێت : نیشانەی باشترین نەریتی کوردەوارییە. وێڕای ئەوەش ئەم نریتە پەسەندی ئاینی ئیسلامە و لە نێو گەلانی محەمەدیدا باوە، بەڵام کوردەکان لە هەمووان زیاتر هۆگرین، تەنانەت



دەڵێت پێشەوای کورد وای بۆ دەچی ئەگەر یەکێك بە بەردەم ماڵەکەیدا تێپەڕی، بە بی ئەوەی پیاڵەیەك چای تیا بخواتەوە ئەوە بە پێشێل کردنێکی گەورە دەزانی.

هەی باسی سەردانەکەمان بۆ لای ئیبراهیم پاشای پێشەوای هۆزی دزەیی بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت، هەر کە گەیشتین لە پڕ ئیبراهیم پاشای بە تەمەن هاتە دەرەوە و بە دەنگی بەرز بەخێرهاتنی کردین و هەواڵی تەندروستی پرسین، دەست و بردیش داوای لە پیاوەکانی کرد بەرە داخەن و سەرین بێنن، دواییش بردنی بۆ ژووری میوانداری سەرەکی، کە پاك و خاوێن بوو، ئێمەش چاوەڕوانی ئەوە بووین ئەو جگەرەمان پێشکەش بکات (١٧٠).

هەی ئاماژەی بەوەداوە کە خزمەتکارەکان بە هۆی هێنان و بردنی کەرەستەی نێو دێوەخان و رێکخستنیانەوە ماندوو بوونە.

لە ئەنجامدا هەی و هاوڕێکانی پێڵاوەکانیان داکەندووە و چوارمشقی لەسەر فەرشەکان دانیشتوون و زەوییەکەشیان بۆ ئاوڕشێن کردوون بۆ ئەوەی فێنك و پاك بێت.

هەی سی یاسای بۆ خوێنەر دیاری کردووە کە نابی کاتێك سەردانی هەر پێشەوایەکی کورد بکات لە یادیان بکات.

١- قاچت بەرامبەر کەسێکی دی درێژ نەکەیت.

٢- بە دەستی چەپ خواردن نەخۆیت.

٣- لەگەڵ سەگدا یاری نەکەیت (٧١).

دەڵێت : ئەگەر ئەم یاسانە رەچاو بکەیت ئەوە هەستی خانەخۆی بریندار ناکەیت و رێزت زیاد دەبی.

لەو باوەڕەداین یاسای دیکەش هەیە و پێویستە لەبەر چاو بگیرێن. چونکە نەریتی میوانداری کوردی دەیسەپێنی و لە سنووری رێورەسمی سەرداندان. وا دیارە ئەو سی خاڵەی هەی پەنجەی بۆ راکێشاون لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی کەسیی خۆیەوە هەڵێهێنجاون، بە ورد بوونەوە لە کاردانەوەی میواندار ئەوەی بۆ دووپات بووەتەوە، مرۆڤی بیانی وا راهاتووە بەو شێوە دانیشی کە پێی خۆشبی بە بی لەبەر چاو گرتنی ئەوەی لە بەرامبەری دانیشتووە. هەروەها گەلی لە ئەورووپاییەکانیش بە دەستی چەپ نان دەخۆن، چونکە بە دەستی راست ئامادەی دەکەن، سەرباری ئەوەش سەگیشیان لا پەسەندە و یاری لەگەڵ دەکەن.

کورد ئەوەی پێخۆشە رێزی زۆر لە میوانەکەی بنی، بێگومان خوانیش باشترین شێوازە بۆ گوزارشت کردن لە ئاستی ئەو رێزە. لەم گۆشە نیگایەشەوە ئەو هەڵوێستە دێتە پێش کە

میواندار جاری وا له میوانی عەجول بکات لەسەر خواردنەکە هەڵنەسێت هەی لەم بارەیەوە ئاماژەی بۆ هەڵوێستی لەم جۆرە کردووە کە تووشی بووە و ناچار بووە چاوەڕی بێت.

دەڵێت، کاتێك سەردانی ئیبراهیم ئاغامان کرد کات نیوەڕۆ بوو، ئەوە پێویست بوو خاوەن ماڵ ئاگادار بکەمەوە کە ئارەزووی خواردنی قورس ناکەین، ئەگینا هیچمان دەس ناکەوی تا کاتژمێری سێی پاش نیوەڕۆ بیخۆین.. هەروەها دەڵێت، جارێك ڕێم کەوتە گوندێك، بەبی ئەوەی من ئاگام لێبی پێشەواکەی فەرمانی دابوو بەرخێکم بۆ سەر ببڕن، پاش نێو سەعات داوای روخسەتم لێکردن بکەومە ری، کەچی خانەخوێکەم وتی نابی بڕۆیت، بەرخم بۆ سەربڕیویت منیش نەئەبوو بە گوێی نەکەم.. هەی دەڵی ناچار بووین دوو یان سی سەعات چاوەڕی بکەین، گفتمان پێدا بۆ شیو بمێنینەوە بە مەرجی نیوەڕۆژەیەکی سووکمان پێشکەش بکات.

هەی پەنجەی بۆ ئەوە راکێشاوە کە خزمەت کردن لە دیوەخاندا بایەخێکی زۆری پێدەدرێت، دەڵێت، جاری وا هەیە لاوێك یان دوو لاو لە نزیك میوانەوە دەوەستن و لەوپەڕی ئامادەبووندان بۆ هەر خزمەتێك داوایان لێبکری، بۆ وێنە دەڕوانن تا بزانن کی جگەرەکەی تەواو دەبی یەکسەر بە دەمی خۆیان جگەرەیەکی بۆ دادەگیرسێنن بۆی دەبەن هی دیکەش قاوە ئامادە دەکەن و پێشکەشی دەکەن، خاوەن دیوەخان ئەوانە گشتی بە نەریتی میوانداری دەزانی. هەی گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەش کە گفتوگۆو ئاخاوتنیش بناغەیەکی میواندارییە لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا. چونکە نابی میوان هەست بەوە بکات نامۆیە دەبی بدوێنرێت، شێوازی پێشکەشکردنی قاوەش گرنگە، یەکی لە دوای قاوەچییەوە سینی فینجان هەڵ ئەگری و قاوەچی دەبی بە دەستی راستی قاوە پێشکەش بە میوان بکات دەستی چەپیشی بخاتە سەر سنگی بۆ ڕێز دەربڕین، بۆیە دەتوانین بڵێین هەی وێنەیەکی پوختمان بۆ بەهای میوانداری کوردی پێشکەش دەکات کە بەندە لەسەر بناغەی ڕێز و داکۆکی کردن بۆ خۆشی خستنە دڵی میوان (٧٢).

هاملتۆن (کۆتایی بیستەکانی سەدەی بیستەم) لە یادداشتنامەکانیدا گەلی کورد بە گەلێکی میواندار و بە سۆز باسدەکات، چەند وێنەیەکی میوانداری کوردیمان پێشکەش دەکات. وا دیارە ئەم وێنەیەی خوارەوەش گوزارشتێکی روونە، بۆ ئەوەی بەهای میوانداری لە کەسێتی مرۆڤی کورددا رەگی داکوتاوە چونکە نریتێکی رەسەنی کۆمەڵگای کوردەوارییە.

هاملتۆن دەڵێت کاتێك گەیشتینە رایەت — شارێکی کوردستانی عێراقە — بە خەستی بەفر دەباری پیاوێکیشم ناردبوو بۆ ئاگادارکردنەوەی عەلی ئاغای سەرۆکی شارەوانی بۆ ئەوەی



بزانی بەرەو لای ئەو کەوتووینەتە ری، چونکە کورد هەمیشە ئەوەی پێخۆشە لەوەوپێش بزانی میوانی دی تا خواردنی بۆ ئامادە بکات و جی و ڕێی باشی بۆ دابین بکات.

ئەوەبوو عەلی کە پیاوێکی بە تەمەن بوو بەسەر بەفرەوە بەرەو پیریمان هات، من یونس ئەفەندیم لەگەڵ بوو کە کوردێکی ناسراوبوو لە سەرکردەکانی شۆڕشی شێخ مەحموود بوو، یونس بە عەلی ئاغای ناساندم و سلاوّمان گۆڕییەوە، لە زەمانی ئەم سەرۆکە کورددا جوانی و ساکاریم بە دی کرد کە گونجاوبوو لەگەڵ ئەو هەست و ڕێزەدا کە دەردەبڕی. عەلی ئاغا سەری دانەواند و دەستی خستە سەر سنگی و بەوپەڕی ڕێزەوە وتی : فەرموو، بەڕێزتان کە پیاوی میرین تەشریف بێننە ماڵەکەمان، ئێمە لە خزمەتتاندایین، هەرچیمان لە توانادا بێت پێشکەشتان دەکەین، ئێوە رێگەی دوورتان بڕیوە سەرماتانە و پێویستیتان بە پشوو هەیە. فەرموون لە دەرگای ژووره ساکارەکەمەوە وەرنە ژوورەوە و لەگەڵم لە نزیك ئەم ئاگرەوە دانیشن ئەمشەو میوان بن.

پاشان بەرەو دیوەخانی بردوون، هاملتۆن وای باسکردووە پڕ فەرش و گەرم بووە سەماوەرێکی گەورەی تیا بووە هەڵمی لی بەرز بووەتەوە و هەستی پشوودانی بە دڵ بەخشیوە، کاتێکیش میوانی تازەهاتن کە ژمارەیان زۆر بوو میوانە کۆنەکان لە پێشیان هەستانە سەر پی ڕێزی دانیشتنەکە گۆڕا وا ڕێککەوت ئەوان چوونە شوێنەکەی هاملتۆن کە سینگی دانیشتنەکەی گرتبوو.

ئەنجا عەلی ئاغا لە تەنیشتی دانیشتووە و سەرلەنوی هەواڵی یەکتریان پرسیوە. هاملتۆن باسی شیو و، چاخواردنەوە و دانیشتنی شەویشی کردووە تا کاتی نووستن کە زۆر بە ئەدەبەوە پێی وتوون — شەو باش (١٢٩-٣٠).

لیچ (١٩٤٠) دەربارەی میوانداری و گۆڕینەوەی سەردان لە کوردستاندا دواوە، بە تایبەت لە لادێدا، دەڵێت جووتیار لە شەوانی هاویندا لەسەر سەربانی ماڵ پێشوازی لە میوانەکانی دەکات، بە رۆژیش کاتێك کەش و هەوا سارد بێت، هەر میوانێك ئەگەر جێی بایەخ بێت دەیبات بۆ ژوورێکی تایبەت، کە رەنگە کۆمەڵێکی دیکەی خەڵکی گوندەکە پێکەوە هاتبن بۆ سەردانی و لەوی دانیشتبن.

کاتێکیش کەش و هەوا گەرم بێت دەبینی چەندین کەس یەك دەگرن — بە رۆژ — لە سێبەری دارێك نزیك کانی یان جۆگەلەی ئاو دادەنیشن، ئەمانەش کە خەڵکی گشتین وا دیارە

دوو جۆرن یەکەمیان کۆمەڵەی سەرکردە یان گەورەی نەتەوەن لە گوندەکەدا دووەمیشیان ئاستیان لەوان نزمترە.

بە پێی نەریتی هۆزیش دەبی ئاغا یان سەرۆکی گوند دیوەخانێکی هەبێت کە تیایدا سەرۆك خێزان و خزمانی ئاغا و خەڵکی دێیەکەی تیا کۆببنەوە، هەر میوانێکیش مافی ئەوەی هەیە بچێتە دیوەخان و دانیشی.

لە ناوچەی رواندزدا وا دیارە دیوەخان لە بناغەدا بەهایەکی ئابووری هەیە و سەرچاوەیەکە بۆ بلاّو بوونەوەی ناوبانگ و سەروەری (١٠٣-٤).

ئەو کەسانەی پتر دیوەخان بەسەر دەکەنەوە، کەوا لیچ بە کۆمەڵەی یەکەم ناویان دەبات سەرۆکی خێزان و خزمانی ئاغان کە لە راستیدا دروستکەری رامیاری گوند یان هۆزن.

لە نێوانیاندا گشت بەرژەوەندییەکان و شێوەکانی هاوکاری و بیروڕاو نەخشە و پلانەکان تاووتوی دەکرێن، بێگومان ئەمانەش لە نێو یەکدا هەموویان یەك سەنگیان نییە، بەڵکو لە گەلێك رووەوە جیاوازن، بەلاّم دوا بڕیاریان کە دەبی لە سەری کۆك بن پێویستە بۆ بەرژەوەندی گوندەکە بێت.

پارث -١٩٥٣ — دەڵێت، گرنگ نییە میوان لە چ کاتژمێرێکی رۆژدا بگات، چونکە بە لای کەمەوە دەبی چا بخواتەوە، جۆرە ئەتەکێتێکیش هەیە لەو جۆرە سەردان یان میوانداریيیانە رەچاو دەکرێن کە بە پێی ناوچە دەگۆڕێن، لە هەندی ناوچەدا چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت میوان لە پاش ئەوەی سی پیاڵە چا بخواتەوە ماڵئاوایی بکات. لە ناوچەی دیکەشدا بە هۆی داکۆکی خاوەن ماڵەوە دەگاتە ٧- ١١ پیاڵە.

مەسەلەی پێشکەش کردنی چاش هەلێك دەرەخسێنی بۆ گوزارشت کردن لە ئاستی ناسراوی و رێز لەو میوانەی خزمەت دەکری. زۆر جاریش لە سایەی ئامادەبوونی میواندا خەڵکی گوندیش لە دیوەخاندا دادەنیشن و لە نێویەکدا بە ئاستێکی ناسك گفتوگۆ دەکەن و بە نازناوی شایستەوە بانگی یەکدی دەکەن.

جگەرە کێشان بە درێژایی ماوەی دانیشتنەکە بەردەوام دەبی. جگەرە لە توتنی کوردی دروست دەکەن، کۆڕەکە چڕ دەبی ژوورەکە نیمچە تاریك، دوان گەرم و سیمای خۆشی بەسەردا زاڵ دەبی، ئاگرەکەش دەکوژێتەوە و دووکەڵ بەرز دەبێتەوە و پەنگ دەخواتەوە و هەوای ژوورەکە قورس دەبی (١٠٤).



پارث باسی جۆرە میوانداریيیەکی دیکەی کردووە کە ئاستی لەوەی سەرەوە بەرزترە، ئەویش ئەو کاتە بەرپا دەبی کە پیاو دەسترۆ بێت بتوانێت ژوورێکی تایبەت بە پێداویستی تەواوەوە بۆ میوان تەرخان بکات، دەشی ژوورەکە بچووك بێت، بەلاّم پاك و خاوێنیش ئەمەش بۆ ئەو میوانە دەبی کە پایەیێکی بەرزی هەبی، هەموو کەسێکیش بۆی نییە لە کۆڕی ئەو میوانداریيیەدا ئامادەبێت، نموونەی ئەم دیوەخانەشی لای سەرۆکی هۆزی هەمەوەند بینیوە، کە بۆ میوانی تایبەت ئامادە کراوە.

ئەم جۆرە میوانداریيە تایبەتە کە لە نێو دیوەخانی گشتیدا ئەنجام نادرێت، دەشی لە نێو گوندەکاندا کە دانیشتوانیان جێگیرن بەرچاو بکەوێت نەك لە نێو هۆزە کۆچەرەکاندا.

شمیدت بە بایەخێکی زۆرەوە باسی نەریتی پێشوازێکردن و میوانداری لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا کردووە، کاتێکیش لە سووریاوە گەیشتۆتە خاکی کوردستانی عێراق و ئەو ١٠٠ پیاوە کوردەی بەڕێزو پێزانینێکی زۆرەوە تۆقەیان لەگەڵ کردووە لە شێوەی دیمەنێکی بەشکۆدا بینیوونی (٥٢). لە شوێنێکی دیکەشدا دەڵێت، تۆقەکردنی کوردان سیمای گەرم و گوڕی پێوەیە (٢٩).

لە راستیشدا ئەو سەد کەسە هێڵی دووەمی پێشوازی کەرانیان دەنواند، چونکە بۆ پێشوازیکردنی ئەم رۆژنامەنووسە پەنجا کەسی دی پێش ئەو سەد کەسە لە سەرسنووری سووریا ئەو ئەرکەیان لە ئەستۆ گرتبوو (٢٩).

شمیدت زۆری رێز ناوە لەو کەسەی راسپێرابوو لە گەشتەکەیدا لە ناوچەکانی کوردستاندا بە سواری هێستر هاوڕێتی بکات کەوا بە رێزدار و سەنگین باسی کردووە (٤٥) دیدوبۆچوونی خۆی دەربارەی گوندنشینە هەژارەکانی کورد تۆمارکردووە و دەڵێت : ئەگەیشتینە هەر ماڵێك دەست و برد جێیان بۆ را ئەخستین و خزمەتیان دەکردین و لە شێوەی پیتی (u) لە نێو حەوشەکان یان لە دەورکانی ئاو کۆڕمان دەبەست.

خاتو هانسن ئەو بایەخ پێدان و گرنگییەی زۆر بە دڵ بووە کە ئەندامانی ئەو خێزانەی بووەتە میوانیان لەگەڵیا نواندوویانە. لەم بارەیەوە دەڵێت، ئەندامانی ئەو خێزانە هەموو شەوی دەیان گەیاندە ژووری نووستنەکەی، چونکە هەر کاتێك ئاگاداری بکردینایەتەوە ئارەزووی خەوتن دەکات، دەکەونە تەکی و لەگەڵ خزمەتکارەکە، فانووسێکیان هەڵدەگرت و دەیان گەیاند، وێڕای ئەوەش گشت پێداویستییەکانی بە تایبەت ئاو، بۆ دابین دەکرد.

هەندی جاریش مامی منداڵەکانی لەگەڵ ئەچوو بە دەستی خۆی پەنجەرەکانی تاقیدەکردەوە. (٢٨).

لە پاش ئەوەی ئەو دیدوبۆچوونانەمان دەربارەی میوانداری کورد نمایش کرد پێویستە وچانێك بگرین و چەند خاڵێك هەڵهێنجێنین.

دەبینین هیچ ڕۆژهەلاتناسێك یان ڕەوەندێك نییە ئەگەر ئاماژەی بەوە نەدابی کورد نەتەوەیەکی میواندارن و هەر هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن ڕۆحی میوانداریان تیا بەرزە، تەنانەت هەندێکیان ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کوردەکان لە نەتەوەکانی دیکەی دراوسێیان پتر میواندارترن.

میوانداریش بە پێی چەمکی کوردەواری تەنها خواردن پێشکەشکردن یان داڵدەدان ناگەیەنی، بەڵکو لەسەر یاسای پێشوازی و ڕەوانەکردن و نەریتی دانیشتن و هەستان و شێوەی گفتوگۆو بەرپاکردنی کەش و هەوای گونجاو بۆ میوان و خۆشی خستنە دڵی لە ڕێگای پێشکەشکردنی گۆرانییەوە بەندە.

میوانداری کورد سیمای بەخشش و بەخشندەیی هەڵ ئەگری دەگاتە ئاستی ئەوەی دیاری پێشکەش بە میوان بکری.

مرۆڤی کورد چاوەڕوانی ئەوە نییە میوان بێت لە دەرگای بدا، بەڵکو هەر کاتێك کەسێکی نامۆ یان ڕێبوارێك لە ماڵەکەیەوە نزیك بێتەوە، خۆی ڕووی لێدەنی ببێتە میوانی. ڕەوەند و ڕۆژهەلاتناسەکان ئەو ڕاستییەیان دووپات کردۆتەوە نموونەیان بۆ هێناوەتەوە. میوان بە پێوەری بەهای میوانداری دادەنرێت.

هەر بۆیەش لە نێو گوند و شارەکاندا چ لای مرۆڤی دەسترۆ یان هەژار، دیوەخان دەرگای والایە، گشت پێداویستییەکی تیایە، بە تایبەت لە ڕووی پێخەف و فەرشەوە.

لە ماڵ نەبوونی خاوەن ماڵ ئەرکی میوانداری ئەو ماڵە هەڵناوەشێنێتەوە، ئەندامانی دیکەی ئەو خێزانە تەنانەت کوڕی منداڵ و ژنیش ئەو بەر پرسیارێتییە لە ئەستۆ دەگرن و ڕووی خاوەن ماڵ سپی دەکەن.

میوانی ماڵێك چ لە شار و چ لە گوند بە میوانی گشت خەڵکی ئەو شار و گوندە دادەنرێت، هەموویان بە خێرهاتنی دەکەن و ئامادەن خزمەتی بکەن. لە نێو کوردداندا نەریتی ڕەسمی میوانداری چ لەسەر ئاستی پێشوازی کردن یان بەڕێکردن، بەرچاو کەوتووە، کە



هەردووکیان سیمای ڕەسمیان هەڵگرتووە وەك لەسەردانەکەی ڕیچ بۆ ئیمارەتی بابان بینیمان یان لە هەندی سەردانەکانی برانت بۆ لای پاشاکانی ناوچەی کوردستانی تورکیا.

هەندی لە ڕۆژهەلاتناسەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە بواری میوانداریدا گوندی کورد و غەیری کوردیان بەراورد کردووە و گەیشتوونەتە ئەوەی کورد پتر لە تورك و ئەرمەن و فارس هۆگری میوانن.

لە میانەی ورد بوونەوەوە لە زۆربەی سەرچاوە پێوەندیدار و یادداشتنامەکانی بیانیان دەتوانین ڕەهەندەکانی میوانداری کورد دەس نیشان بکەین، کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەو خۆ ڕەوەند و ڕۆژهەلاتناسەکان دەس نیشانیان کردوون :

یەکەم : بە درێژایی ئەو ماوەیەی میوان دەمێنێتەوە باشترین خواردنی پێشکەش دەکرێت.

دووەم : دەربڕینی شەپۆلێکی گەورەی ڕێز و سۆز بۆ میوان.

سێیەم : داکۆکی کردن بۆ ئەوەی میوان ماوەیەکی زۆرتر بمێنێتەوە.

چوارەم : کاتێك میوان بەرێدەکرێت داوای لێدەکرێت جارێکی دی بگەڕێتەوە و سەردانی ئەو ماڵە بکاتەوە.

پێنجەم : پێشکەش کردنی دیاری بۆ میوان.

شەشەم : میوان چەند بمێنێتەوە بەرپرسیارێتی و پاراستنی دەکەوێتە ئەستۆی خاوەن ماڵ.

حەوتەم : ئەگەر میوان شتێك لە بازاڕی شار یان گوند بکڕی ئەوە خانەخۆی خۆی یان کەسانی نزیکی پارەکەی دەدەن.

هەشتەم : کوردەکان خۆیان پروپاگاندە بۆ خۆیان ناکەن کە گەلێکی بەخشندەن، ئەوەیان لا شەرمە بە خۆیاندا هەڵدەن.

# جل و بەرگی کوردی

جل و بەرگی نەتەوەیی، جلی ژن و پیاو، یەکێکە لـە پێکهاتـەکانی ناسـنامەی نەتـەوە، گومانیش لەوەدا نییە جل و بەرگ دەکەوێتە بـەر کارتێکـەریی ژینگـەی نـاوخۆ و کۆمـەڵیش جلوبەرگ بەو جۆرە لێدەکات کە توانستی زیاتر بێت بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ دەوروبەردا.

جل و بـەرگی کـوردی سـەرنجی رەوەنـد و رۆژهەلاتناسـەکانی راکێـشاوە، هەنـدێکیان بـە تێکرایی و هەندێکیشیان بە پەلە و سەرپێیی باسیان کردووە.

ئێمە لەم بەشەی کتێبەکەدا کە بابەتی جل و بەرگی ژن و پیـاوی کـورد باسـدەکات دیـدو بۆچوونی خەڵکی دی دەربارە باسدەکەین نەك رۆڵەی ئەم نەتەوەیە خۆی. ئـەم جـل و بەرگانـەی نەتەوەکەمان کە هەتا ئێستا گـەلی کـورد پابەنـدیین، وێـرای ئـەوەی رێژەیـەکی زۆری رۆڵـەی شارەکان جل و بەرگیان گۆڕیوە و جل و بەرگی ئەوروپی لەبەر دەکـەن بـۆ لەبـەر چـاو گـرتنی پێداویستییەکانی پێشکەوتن وەك سەرجەم کۆمەڵگاکانی رۆژهـەلاتی ناوەڕاسـت یـان زۆربـەی کۆمەڵگاکانی جیهان.

لە راستیشدا ئێمە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان جل و بەرگی نوێی ئەورووپاو جل و بـەرگی ئاسایی کوردی بەدی ناکەین، بە تایبەت ئەگەر جلی کوردی و جلـی کـۆنی ئـەورووپا بـەراورد بکەین، جلی ئەورووپی کە بریتییە لـە شـەرواڵ (پـانتۆڵ) و کـراس و پـشتێن و چـاکەت، لـە کوردیشدا هەمان پارچە جلّ لەبەر دەکرێت، بەلاّم دیارە لە رووی ناوەوە جیاوازییان هەیـە، وەك ئەوەی بە چاکەت دەڵێن شەبك، کە ئەمەش بە پێی ناوچەو شێوە زمان دیسان لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا دەگۆڕێ، چونکە رانك و چۆغە هەر ئەوەیە لە کوردستانی باکوورا پێی دەڵێن شـاڵ و شەبك، بەلاّم شەفقەی ئەورووپی بە دیدی ئێمە گۆڕانکارییەکی ساکاری سەرپێـچی کوردییـە



کە هەر ئەوەیە لە کوردستان و سەرجەم کۆمەڵگاکانی دیکەی هێندۆ ئەورووپیـدا بـاوە. دیـارە ئەو گۆڕانەش بەرە بەرە بووە هەتا ئەو شێوی وەرگرتووە.

لێرەشدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین کە جل و بەرگی کوردی هەر چەندە تایبەتمەندێتی گشتی لەخۆ گرتووە، بەلاّم تایبەتمەندێتی جیاوازیشی هەیە، رەنگە لە میانەی ئـەو گۆڕانانـەوە بەدی بکرێت کە لە جلی خەڵکی ناوچەکاندا دەبینرێت، پێویستیـشە ئـەوە بڵـێین لـەم بەشـەدا تەنها دیدو بۆچوونی رەوەندو رۆژهەلاتناسەکان لەسەر جل و بەرگی کوردی باسدەکەین.

پێش ئەوەی ئەو دیدو بۆچوونانەی سەبارەت بـە جـل و بـەرگی کـوردی نمـایش بکـەین بـە پێویستم زانی بە سەرنجەکانی هەر یەکە لە سۆن و هاملتۆن دەست پێبکـەین، سـۆن دەڵێـت : وێڕای ئەوەی ژیانیان سەختە و بەردەوام بەسەر زینی ئەسپەوەن — مەبەستی هەمەوەندە- گەرد لەسەر کراسی یەکێکیان نابینی، ئەمەش ئـەوە دووپـات دەکاتـەوە کـورد میللـەتێکی پـاك و خاوێنن.

چەندیش دەوڵەمەندبن هێند زیاتر پابەند دەبن بە پـاك و خاوێنییـەوە. لەبـەر ئەمـە ئـەو باوەڕەی لا پەیدا بووە، خەڵکی ئەم ناوچەیە هەرگیز نازانن پیسی چییە (٢٢٢).

هاملتۆن دەربارەی جل و بەرگی هەژارانی کورد ئەوانەی کە لە کردنەوەی ئەو رێگایەدا کـە هاملتۆن لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی بیستەمدا لـە کوردسـتاندا کردییـەوە کاریـان دەکـرد دەڵێت : جلەکانیان هەرچەندە کۆن و پینەکراو بوون، وێڕای ئەوەی بۆ ئیشیش بەکاریان دەهێنا، پاك و خاوێن بوون (١١٣).

فریزەر باسیکردووە دوکتۆر رۆسی خەڵکی بەریتانیا و نیشتەجێی بەغدا کەوا ساڵی ١٩٣٨ چووە بۆ رواندز بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی باوکی پاشای کۆرەی رواندز، لە پـاش ئـەوەی میر قەناعەتی بە بەرپرسی بەریتانی لە بەغـدا کـرد بـۆ نـاردنی پزیـشکێك بەشـکوو بتـوانی رووناکی چاوی باوکی بگەڕێنێتەوە لە رێگا جل و بەرگی کوردی ناوچەی نێوان پردی و هـەولێر (دەشتی هەولێر) سەرنجی راکێشاوە، زۆری بە دڵ بووە (١٦).

ئاماژە پێکردنەکانی ئەو رەوەندانە بـۆ جیـاوازی جـل و بـەرگی ناوچـەکان و هەنـدی جـار هۆزەکان وێڕای ئەوەی ئەو جیاوازییانەش سـووك بوونـە و کارتێکـەریی راسـتەوخۆیان لەسـەر ناوەڕۆکی مەسەلەکە نەبووە، بەلاّم جۆرە تایبەتمەندێتییەکی ناوچەکانیان دەسنیشان کردووە، بۆ وێنە دەشی لە رێگای سەرەپێچەوە هۆزی ئەو کەسە بناسری، چونکە جۆرو شـێوەی پێـچاندنی دەگۆڕێ.

## جلی پیاوان

بە پێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان کۆنترین کەس لەسەر جلی ژن و پیاوی کوردی نووسیبی میستەر ریچە کە بە حوکمی کاتی گەڕانەکەی (١٨٢٨) کەوتۆتە پێش رۆژهەڵاتناسەکانی دی و تارادەیەك بایەخی بە تێکڕاییەکان داوە و گرنگیشی بە شاری سلێمانی داوە کە زۆربەی کاتی تیا بەسەر بردووە. بۆیە زانیارییەکانی تایبەتن بە جل و بەرگی ئەو شارەوە و لەو کاتەی ئەو سەردانی کردووە، ئەگەر لەگەڵ ئێستای بەراورد بکەین دەبینین گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە.

ڕیچ دەربارەی جلی پیاوان لە سلێمانیدا دواوە و هەوڵی داوە بە پێی توانا وێنەی بۆ خوێنەر نزیك بکاتەوە و دەڵێت : جلی پیاوان لەم شارەدا لەرووی شێوە و کوتاڵەوە زۆر لە جلی تورکی دەچێت. جێی خۆشییەتی ئاماژە بەوە بدەین کە لە باسی جلی ئەم شارەدا دەڵێت، بەرگی ئاسایی دەرەوە (عنتری)ی ئاسا بڕاوە، کە وشەیەکە لە وشەی (ئینتیاری تورکییەوە) داتاشراوەو بەرامبەر (دشداشە)یە لە عێراقدا.

یان جلی ژێرەوە کە لە سەرەوە واتە لە لای ملەوە قۆپچەرێژ دەکرێت و شۆڕ دەبێتەوە و دەگاتە سەر پی و لە کوتاڵی حەریر دروست دەکری کە وێنەی گوڵ یان خەتی تیا دروست کراوە، لە زستانانیشدا (لباد) جێگای دەگرێتەوە، کە لە ناوقەددا بە قایشێك واتە پشتێنێك دەبەستری و بە زێڕ یان زیو یان وردە بەردی جوان دەڕازێنرێتەوە، لەسەر ئەوەشەوە عەبا لەبەر دەکرێت کە لەگەڵ سەرەپێچەکەیدا کەوا لە حەریری جوانکراو بەرەنگی سوورو زەرد و شین دروست دەکرێت و ریشەی لە زێڕو زیو و بۆ دروست دەکەن و بە سەرەوە دەپێچرێت بە بی ئەوەی تویڵ داپۆشی کە لە نێو کوردەکاندا زۆر جوانە و پیاوەتی دەردەبڕی، ریشەکەی دەکەوێتە سەر شان و مل و هێند جوانە دیمەنێکی تایبەت و دلڕفێن دەبەخشی نەخاسمە کاتێك بە سواری دەردەکەن و شاڵی کشمیری دەپۆشن، کەوا زۆر کەمیان لەبەری دەکەن، هەندی کەسیش دەیخەنە سەر شان و بەسەر پشتیاندا دێتە خوارەوە،

ئەمەش لە نێو کتێبە بە بەهاکەیدا باسیکردووە (دۆزراوەی نێو کەلاوەکانی نەینەواو بابل) – Discoveries Among the Ruins of Nineveh and Babylon - بەلام لایارد لە بۆنەیەکی دیدا کە کۆمەڵە کوردێك لە شوێنی کارەکەیدا سەردانیان کردووە، دەڵێت، جلی ئەو کۆمەڵە کوردەی سەردانیان کردووە کە بریتی بوونە لە سەرۆکێکی کورد و پیاوانی دەوروپشتی جل و بەرگی تەواویان لەبەر بووە و شاد بوونە بە بینینم. جلەکانیان گشت



رەنگەکانیان لەخۆ گرتبوو سەرپێچەکانیشیان درێژ و بەرین بوون (١٠٣) لایارد ئەمەی لە کتێبێکی دیدا باسکردووە کە ئەویش (Nineveh and Remains ) ەو ئەم دیدارە لە چلەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا بووە.

لە راستیشدا ئەم جۆرە جلە بەرامبەر رانك و چۆغەی ناوچەکانی سۆران و سلێمانی یان شال شەبکی ناوچەکانی بادینان و کوردستانی تورکیا و بەشێك لە کوردستانی ئێران خەریکە بنبڕ دەبی.

جلی کوردی بریتییە لە شەرواڵێك و کراس یان چاکەتێکی بی قۆچپە، لە ناوقەد دا پشتێنی پێوە دەپێچری کە پارچە کۆتاڵێکی درێژە، سەرەپێچیش بە پێی نەریتی ناوچە و هۆز دەگۆڕێت، لە ژێر ئەو چاکەتە سووکەشەوە کراسێکی تەنکی سپی لەبەر دەکرێت کە دوو فەقیانە بە هەردوو قۆڵەکەیەوە درێژ دەبنەوە و دەپێچرێنە سەر مەچەك، بەلام دیسان فەقیانە بە تایبەت لە نێو لاواندا وا خریکە بنبڕ دەبێت، خەڵك لە جیاتی ئەوە کراسێکی ئەورووپی لەبەر دەکەن.

لە راستیشدا رانك و چۆغە یان شال و شەبك لە هەموو کوردستاندا باوەو لە هەموو جۆرە جلێکی دی رەسەنترە. ئەو جلەش کە ریچ باسیکردووە لە جلی تورکی دەچێت، رەنگە لەبەر هۆی سیاسی یان کۆمەلایەتی یان هەردووکیان پێکەوە بە رەسەن داینرێت.

سۆن کەوا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا سەردانی سلێمانی و هەڵەبجەی کردووە دەڵێت، ناشی جلی سلێمانی بە جلی کوردی بدرێتە قەڵەم، هەر چەندە ئەوانەی لەبەری دەکەن کوردن بەلام جلەکانیان رەسەن نییە، بێگومان سۆن مەبەستی ئەو جلانە نییە کە ئێستا خەڵکی سلێمانی لەبەری دەکەن، بەڵکو مەبەستی ئەو جۆرە جلە بووە کە لەو رۆژگارەدا خەڵك لەبەریان کردووە کەوا لە کوتاڵی قەڵەمداری حەلەبی دروست کراوە و پێیان وتووە (شەیتان بێزی) (١٣٠).

قاتی سلێمانیش وەك سۆن باسیدەکات بریتییە لە شەڕواڵێکی زۆر سپی هەموو قاچ دادەپۆشی و لە ناوقەددا توند دەبەستری، دەڵێت، گۆرەوی بەکارناهێنن، بەڵکو پێلاوی چەرمی سوور لە پی دەکەن کە نووکەکەی باریکە لە پشتیشەوە چەند ئینجێك بەرز دەبێتەوە، کراسی ژێرەوەش لە لۆکەی سپی دروست کراوە درێژی دەگاتە ناو قەد، لە سەرەوەش دەوری مل دەگری و بە قۆچپەیەك قایم دەکرێت، قۆڵەکانیشی زۆر سپین هێند درێژن دەگەنە سەر زەوی و بۆ پێچانەوەی پارەو کاغەز و وشك کردنەوەی دەم و چاو لە ئاو و ئارەق بەکاری دەهێنن خەڵکەکە

لەسەرووی ئەو جلانەوە کەوایەکی درێژی لە لۆکە دروستکراولەبەر دەکەن، لە پێشەوە کراوەتەوە و دەگاتە سەر پی و بە پشتێن دەبەسترێت قۆڵەکانیشی هەندێك کراوەنەتەوە، بۆ ئەوەی فەقیانەیان لەسەر ببەستری. لەوەختی سەرماشدا پەستەکێکی لبادی ئەستوور لەبەر دەکرێت لەگەڵ عەبایەکی خوری جوان، کە بەشی بەختەوەرانە، بەڵام عەبای چینە نزمەکان لە کۆتاڵێکی بۆر یان زەرد دروست دەکرێت. سەرپێچیش لە ژمارەیەك دەسماڵی شین و سپی پێك دێت کە بەدەوری کلاوێکی لە لۆکە دروست کراوی رەش کە بە حەریر گوڵدار کراوە و رازاوەتەوە، دەپێچرێتەوە (١٣٠ -١٣١).

سۆن پاش ئەوەی باسی جل و بەرگی ئەو سەردەمەی سلێمانی کردووە، هاتۆتە سەر هەمان ئەو سەرنجانەی زۆربەی رەوەندەکان دەربارەی بابەتی جل و بەرگی کوردی لە یادداشتنامەکانیاندا تۆماریان کردوون، لە باسی سەرپێچدا وتوویەتی تارادەیەك بە هۆیەوە هۆزە کوردییەکان لەیەك جیا دەکرێنەوە، دیسان ئەوەشی لە یاد نەکردووە کە ئاماژە بۆ ئەو خەنجەرە گەورەیە بکات کە لە نێو پشتێن چەسپ دەکرێن، ئەنجا ئەوەی وتووە خەڵکی سلێمانی و هەمەوەند، جاف و هۆزەکانی باشوور ئەو جلە کۆنە نامۆیەیان وەلاوە ناوە و دەڵێن جلی راستەقینەی کوردی کە دەگەڕێنەوە سەری لەگەڵ ئەمەدا زۆر جیاوازە (١٣٠-١٣١). دیارە ئەو جلە کۆنانەیانی بە جل و بەرگی رەسەنی کوردی نەزانیوە بەڵکو بەهی عەرەبییان داوەتە قەڵەم (٨٥).

ئەدمۆندز لە باسی جل و بەرگی باشووردا پەنجەی بۆ کارتێکەریی جل و بەرگی عەرەبی لەسەر جل و بەرگی خەڵکی ناوچەکە درێژ کردووە کە (کەوا — زبوون) لەبەر دەکەن. کەچی دوکتۆر روس کە ساڵی ١٩٣٨ وەك باسمان کرد سەردانی رواندزی کردووە وتوویەتی :

جل و بەرگی خەڵکی دەوڵەمەندی رواندز هەر ئەو جلانەن کە بەغدایییەکان لەبەری دەکەن مەبەستی کەواو چاکەتە، بەڵام هەژارەکان جلی کوردی شال و شەبك یان رانك و چۆغە لەبەر دەکەن. ئەوانەش بە جاری گەدان چاکتێکی کورت و شەرواڵێکی خوری و کورتە باڵێکی لباد و کلاش و گۆرەوی خوری لەبەر دەکەن هەروەها سەرپێچی تایبەتی کوردی (بڕوانە فرێزە — ١٧).

سۆن باسی جل و بەرگێکی پیاوانەی شاری ئۆرفەی کوردی کردووە و دەڵێت، بەرگەکەی سەری دیسان لە چەشنی سەرپێچی کوردی بوو کەوا کەوتۆتە بەر کارتێکەریی گەلانی باکوور، لە سەرووی سەریشییەوە شتێك بەرز بووەتەوە لە لباد دروست کراوە و پارچەیەکی شینی لە دەور پێچراوە، کە بەرگی سەری ئەو نەتەوەیەیە.



لە جیاتی جامانەی کوردی پارچەیەك بەکار دێت کە سی یان چوار جار دەپێپێچنەوە بە دەور ئەو شتەی بەرز دەبێتەوە (کلاو)، چاکەتی کوردیش کە لە ناوەوە تووکدارە لەگەڵ شەرواڵدا لەبەر دەکرێت (٧١)، بەڵام لە شاری دیاربەکری کورد جلی لباد لەبەر دەکەن وەك فارسە کۆنەکان کەوا لە نەخشەکانی ساسانییەکاندا شوێنەواریان بەرچاو دەکەوی، بەڵام چاکەتەکانیان لە پێستی تووکدار دروست کراوە و پێڵاوەکانیشیان سوورە بەشێکی سەرنجراکێشی جلەکانیان پێك دێنن (٨٣).

مێجەرسۆن بەو جۆرە باسی جلی کوردی بۆ کردووین کە پێش خۆی بە سەد و حەفتا ساڵ رەوەندەکانی پێشی باسیان کردووە، لەو بوارەشدا متمانەی کردۆتە سەر باسەکەی لایارد کە دەربارەی ناوچەی هەکاری نووسیوویەتی، کەوا رەوەندەکان دیدوبۆچوونی خۆیان دەربارە تۆمارکردووە، کورد لە دیدی ئەواندا گشت جۆرە جلێکی نەخشدار لەبەر دەکات کەوا زەوقی کوردان پەسەندی بکات، جامانەی بەرین لە دەوری کلاو دەپێچرێتەوە کە سەری دەکەوی و لە لبادی سپی دروست دەکری، شەرواڵیش زۆر بەرینە، چاکەت و عەباش لەبەر دەکەن، پشتێنیش چەکی گەورە لەخۆ دەگری، پاشان باسی جل و بەرگی ناوچەی (موکری)ی باشووری ورمێی بۆ کردووین کە پێش ئەو رەوەندەکانی دی باسیان کردووە. کە سەرپێچیان بریتییە لە شاڵێکی حەریری قەڵەمداری سوور و سپی و شین بە شێوەیەکی جوان دەپێپێچنەوە (١٩٢).

شمیدت کەوا لە رێگای زاخۆوە سەردانی کوردستانی کردووە، جل و بەرگی پیاوانی زۆر بە دڵ بووە، وتوویەتی پێوەندی بە سروشتی کوردەوارییەوە هەیە، باسی ئەو پیاوانە دەکات کەوا چاوی پێکەوتوون، شەرواڵی کوردییان لەبەر بووە، بەڵام بە رەنگی جیا، قاوەیی، بۆر، پرتەقاڵی، هەندێکیان یەك رەنگ و هەندێکیشیان خەتی پان و ئەستووونی و رەنگی کاڵی لەخۆ گرتووە، کراس و جامانەکانیان کە خاڵی رەش و سپی یان سوورو سپی یان شینی تۆخیان تیایە دیمەنێکی سروشتی پیشان داوە (٥٢).

هاملتۆن کە ماوەی چەند ساڵێك لە ناوچەکانی هەولێر و رواندز ژیاوە جارێکی دی باسی جلی پیاوانەی بۆ کردووین دەڵێت، ئەو کوردانەی لە نیشتمانی خۆیاندا بینیونی جل و بەرگیان وەك (دشداشە)ی عەرەب نییە کە ماوەی چوار مانگ لەگەڵیانا ژیاوە. کورد شەرواڵێکی بەرین و کورتەکێکی چنراو لە مووی بزن کە کوتاڵێکی زبرە لەبەر دەکات.

ڕەنگی بۆرە، دەشێت بۆیاغ بکری و دەشی قەڵەم داری بە رەنگی شینی تۆخ یان سوور و بە مەچیری رەنگی کاڵی وەك سەوز و سپی تەتریز بکرێت، پارچەیەکی لە لۆکە دروستکراویش بە

دەوری ناوقەدییەوە دەپێچێتەوە کە درێژییەکەی دەگاتە شەش تا حەوت یاردە بە پانی تەواو چەسپیش دەبەستری بۆ ئەوەی شتە گرانبەهاکانی تیا قایم بکات. پێڵاویشیان لە پێستی قایم دروست دەکرێت، شێوەی بەلەم ئاسایەو نووکەکەشی روو لە سەرەوەیە، سەریشیان بە شەپقەی لێواردار دادەپۆشن، بەڵام حەسەنی هاوڕی ئاگاداری کردۆتەوە ئەوە تەنها لە کاتی دروێنەدا بەکاری دێنن لە جیاتی سەرپێچی حەریر (٥٠).

ئەگەریش بگەڕێینەوە بۆ لای شمیدت دەبینین دەڵێت، کوردەکان گەلێك باسی جل و بەرگی خۆیان بۆ کردووە، تەنانەت شانازییان بە جلی نیشتمانی خۆیانەوە دەکەن، جل و بەرگیشیان لە شێوەدا لەسەر ئاستی هۆز و بنەماڵە و شوێن دەگۆڕێت، وەك چۆن لە پێچانەوەی سەرپێچ و جۆری کوتاڵ و بەستنی... دەردەکەوی، بەڵام لە رووی سیمای گشتییەوە دەچنەوە سەر یەك، چونکە هەر هەموویان لە سەرپێچ کە پارچەیەکە یان دوان پێك دێت، هۆزەکانی جێنیشنی بەشی رۆژئاوای کوردستانی عێراقیش یەکێك لەو پارچانە، سی گۆشە قەد دەکەن و ئەنجا بە توندی لە دەوری کڵاوەکەی سەریان دەیپێچنەوە، هەندێکیشیان بە یەك پارچە دادەکەون و هی واش هەیە دوو بە باشتر دەزانی، لە لای رۆژهەڵاتیشەوە لەسەر سنووری ئێران نەریت وایە ئەو پارچەیە شل ببەستری تا بەسەر سەروچاو و گوێدا بێتە خوارەوە (٥٧).

شمیدت دەڵێت، رەنگی ئەو پارچانەی سەریان پێدەپێچن سوور و سپی و رەش و شین و بۆرن. وا دیارە شمیدت جلی کوردی زۆر بە دڵ بووە و بە هارمۆنی هاتۆتە بەرچاوی کاتێکیش داوای جلی کوردی کردووە بۆی نەبووە پێی ناخۆش بووە، بەڵام لەوەش سەری سووڕماوە چۆن کوردەکان هەندی لە جلە قورسەکانیان هەڵدەگرن، کەوا وێڕای گەرمای هاوینیش هەر لەبەری دەکەن ؟ ئەو هەموو یاردە کوتاڵە قورسە کە لە خوری دروست کراوە چۆن بەسینگ و سکیانەوە دەپێچنەوە ؟ تەنانەت هەندێکیان چاکەتی پەستەك لەبەر دەکەن و فیشەکی لەسەر دەبەستن، سەرباری ئەوەش لە جیاتی سەرپێچی ئاسایی کڵاوی خوری لەسەر دەنێن. (٥٩).

لێرەشەوە باش وایە وەڵامی پرسیارەکانی شمیدت بدەینەوە چونکە شیاون و مافی خۆیەتی ئەو پرسیارانەی ئاڕاستە کردووە، لەبەر ئەوەی رەنگە هەر ئەوروپاییەك بە هاوین سەردانی کوردستان بکات ئەو پرسیارانە ئاڕاستە بکات. سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین ئەو ناوچەیەی شمیدت سەردانی کردووە و ئەو سەرنجانەی تیا تۆمار کردووە ناوەندی کەش و هەوای کوردستان نانوێنی کە ناوچە عەرەب نیشنەکانی دەکەوێتە پشت، بۆیە لەو باوەڕەداین ئەو جلە کوردییەی شمیدت باسیکردووە بۆ ناوچە بەرزاییەکانی کوردستان دەشی، چونکە ئەگەر مرۆڤ



چەند سەعاتێك بەرەو ناوەوە بڕوات دەبینی کەش و هەوا دەگۆڕێ و ئەو جلانەش دەبنە پێویست، رەنگە مرۆڤی ئەوروپایی لەسەر ئەم گۆڕانە رانەهاتبی.

ئەگەر  بزانین سایکۆلۆژییەتی ژیانی هۆز زۆر لەسەرخۆ دەگۆڕێت، دەتوانین بزانین بۆچی مرۆڤی کورد ئارەزوو ناکات لەگەڵ گۆڕینی کەش و هەوادا شوێن بگۆڕێ. ئەمە لە لایەك لە لایەکی دیکەشەوە، ئەو جلەی ئەو باسی دەکات لە بناغەدا پەیوەستە بە سیستمی خێڵایەتییەوە. دەبی ئەوەش لە یاد نەکەین هۆزی کورد لە مێژووی کۆندا بە دەستی گەرمی خۆرەوە تووشی ناڵین نەبووە. چونکە ئەو هەمیشە روو لە چیای فێنك بووە. ئەگەریش پایز بهاتایە پێش ئەوە رووەو دەشت و نیهال دەبووەوە، بۆیە جلی کوردی وەك جلی نەتەوەکانی دی بۆ ئەو خێڵانە بە پێی پێداویستییەکانی بارودۆخی ژیان دەگونجی سەرباری ئەوە دەبینین هەندی گۆڕانیش هاتۆتە سەر جلی پیاوان بە تایبەت لە نێو لاواندا، بۆ وێنە ئێستا کراسی فەقیانەدار نەماوە و کراسی ئەوروپی جێی گرتۆتەوە، بەڵام ئەوە ناگەیەنی شتێکی گشتییە و کار دەکاتە سەر پێکهاتە بناغەییەکانی جل و بەرگی کوردی.

ویگرام سەرنجەکانی دەربارەی جلی کوردی تۆمارکردووە و دەڵێت، جلی شاخ نشینەکان کە خەڵك لە سەری راهاتوون بریتییە لە چاکەتێك کە لە سەرەوەی کراسێکی بەرین و شەرواڵێکی زۆر بەرینەوە لەبەر دەکرێت، کاتێکیش کراسەکە و شەرواڵەکە لە ناوقەددا یەك دەگرن پشتێنێکی زۆر بەرینی لە کوتاڵ دروست کراویان لە سەر دەبەسترێت کە هەمیشە لە خوری دروست دەکری و قەڵەمی سوور یان شین یان سەوزی باریکی تیایە تا رادەیەکیش رەنگەکان رێکدەخرێن (١٠٨).

جل و بەرگی کوردی بووەتە جێی سەرنجی زۆربەی رەوەندە ئەوروپاییەکان کە زۆریان بە دڵ بووە، بۆ وێنە مالیبارد کاتێك بۆ یەکەمجار کۆمەڵە پیاوێکی کوردی بینیوە، وتوویەتی، بە جۆرە جلێك خۆیان رازاندۆتەوە هونەری تیایە (٢٣).

پێویستیشە بگەڕێینەوە سەر شمیدت کەوا لەڕووی جیاوازی ناوچەکان و گۆڕینی چنین و بڕین و دروونەوە باسی تێکڕاییەکانی جل و بەرگی کوردی کردووە، بە تایبەت لەو ناوچانەدا کەوا تیایاندا گەڕاوە و ئاماژەی بۆ شەڕواڵ و چاکەتەکەی کردووە کەوا لە خوری زبر دەچنرێن، هەندی جاریش تێکەڵە لە خوری مەڕ و مووی بزن، ژنان خۆیان لە لادێکاندا دەیچنن (٥٨).

لە راستیشدا شمیدت رەنگە ئەو هەلەی بۆ بەرپا نەبووبی بۆ ئەوەی بزانی جلی کوردی چۆن دەچنری، چونکە ژنان دەیڕێسن و پیاوان دەیچنن. هەندێکیش لە بواری دروست کردنی شال و

شەپك دا بەهرەمەندن، ئەوانەش کە زۆر لە چنینیدا بە ناوبانگن ئەرمەن یان ئاسووری یان جوولەکەن، ئەدمۆندزیش ئاماژەی بەمە داوە (٨٦). شمیدت باسی ئەوەشی کردووە کە هەندی ئارەزووی بۆیاغ کردنی ناکەن، بەڵکو ڕەنگە سروشتییەکەی خورییەکە پەسەند دەکەن.

شمیدت ئاماژەی بەوە داوە کە گەلێك نموونەی ئەو کوتاڵەی بینیوە، هەندێك بەخەتی ئەستوونی بە شریتی قاوەیی و سپی یان بە شریتی بۆر و سپی یان بۆر بە بی قاوەیی.. هتد.

پاشان تێکڕاییەکانی نەخشە و بڕینی جلی کوردی باسکردووە و ڕوونی کردۆتەوە پانی شەرواڵ (شاڵ) نزیکەی هەشت تا دە ئینجە و دەشی کۆتاییەکانی لە خوارە و لەسەر پی بکرێنە نێو گۆرەوییەوە یان ڕاستەوخۆ لە ژێر ئەژنۆوە، وەك کۆڵفی کۆن (٥٨).

شمیدت باسی گۆرەوی کوردی نەکردووە کە لە خوری دروست دەکرێت کە ئەستوورە و دەگاتە ئەژنۆ، هەندی جار نەخشی هەمەڕەنگیشی تیا دروست دەکرێت، بە گشتی یان بە ڕەنگی خوری دەبی یان ڕەش، لە کۆتایی هەردوو تاکەکەشدا دوو بەنی ئەستوور هەیە بۆ بەستنی گۆرەوییەکە بە قاچەوە بەکاردێت. بەڵام خەریکە ئەم جۆرە گۆرەوییە بنبڕ دەبێت.

شمیدت لە باسی چاکەتی کوردی (شەپك) دا دەڵێت : بی قوچپەیە کۆتاییەکەی دەکرێتە نێو شەرواڵەوە لە ناوقەددا هەردوو پارچەکە پێکەوە پشتێنێکیان لەسەر دەبەستری کە درێژاییەکەی دەگاتە ١٥-٢٠ پی و توند دەپێچری.

لە ژێر ئەو چاکەتەشەوە کراسێکی درێژی فەقیانەدار لەبەردەکری کە فەقیانەکانی دەپێچرێنەوە سەر دەست و مەچەك.

شمیدت ئەو دوو فەقیانەیە بە ئالاّی سی گۆشە دەشوبهێنی کە لە کۆلێجەکاندا بەکار دێت. ئاماژەی بەوە داوە کە بۆ وشك کردنەوەی هەردوو دەست و سڕینی ئارەقەی دەم و چاو بەکار دەهێنرێت یان هەر شتێکی دی (٥٨).

لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بدەین کە گریمانەی ئەوە هەیە زیاد لەوەی شمیدت دەربارەی بوارەکانی بەکارهێنانی فەقیانە باسیکردووە، لە مێژووی دێریندا ئەرکی گرنگتری هەبی چونکە ئەگەر تەنها وەك دەستەسڕ بەکاریان بهانیبا ئەوە بە دانەیەك دادەکەوتن یان کورت تر دەبوو، بەشی ئەوەندەی بکردایە بەسەر دەستەوە بیانپێچایەتەوە نەك بەسەر قۆڵی شەپکەکەوە. پێش هەموو شتێك ئێمە لەو باوەڕەداین جلی کوردی جەنگاوەرە، جەنگاوەری جەنگ واتە هێرش بەر یان سەنگەرگر، سەرباری ئەوەش ژینگەی کوردەواری وای



لێکردووە لە جەنگێکی بەردەوامدا بێت لەگەڵ سروشتدا، چونکە بە زۆری لە نێو بەرد و بەرزی و نزمی و دارو دەوەنی چڕوپڕو ئاژەڵی دڕندەی وەك پڵنگ و گورك ژیاوە.

چەندین مانگیش بەشێکی زۆری چیاکانی کوردستان بەفر دایدەپۆشن، مرۆڤی کوردیش بە درێژایی مێژوو لەگەڵ سروشتی بەخشندەدا ژیاوە و هەرچۆنیکش بێت خۆی لەگەڵدا سازاندووە، چونکە ڕاوکردن بە هەموو جۆرەکانییەوە، یان کۆکردنەوەی بەری دار و ڕووەکی سروشتی بەشێکی گرنگی ژیانی ئابووریيان لە پاڵ شوانکاری و کشتوکاڵدا نواندووە.

لە میانەی ئەم پێشەکییەشەوە ئەو باوەڕەمان لا دەچەسپێی کە جل و بەرگی پیاوی کورد هەمیشە نائاسایی بووە، ئەگەریش لە کراسە فەقیانەدارەکەی ژێر شەپەك یان چۆغەکە بکۆڵینەوە دەبینین ئەو فەقیانەیە دەشی بۆ هەڵگرتنی شت بەکار بهێنرێت ئیدی ئەگەر بەری داربێت یان نێچیر یان باڵندە، ڕەنگە فەقیانە ئێستا هێند سوودی نەمابی، بەڵام بۆ ئەو کاتە زۆر بووە.

گریمانەی دووەمیش ئەوەیە ڕەنگە ئەم دوو فەقیانەیە هێمابن بۆ پەت — گوریس — لە کاتی ڕاوکردن یان چیلکە هەڵگرتن بەکار هێنرابن.

گریمانەی سێیەمیش ئەوەیە ڕەنگە بۆ مەبەستی جەنگ بەکاری هێنابی، وای هەست کرد بی بەستنی هەردوو مەچەك هێزی زیادەی دەدەنی، پتر یارمەتی دەدات بۆ بەکارهێنانی چەکە بەردینەکانی، دواییش ئاسنین وەك خەنجەر و شمشێر یان هەر ئامێرێکی دی، بەڵام ژنان هەردوو سەری هەردوو فەقیانەکە بە یەکەوە گری دەدەن و دەیخەنە سەر پشتیان، کە ئەمەش گورج و گۆڵی قیت و قنجی بە ژنی کورد دەبەخشی.

بەهەر حاڵ ئێمە باوەڕی تەواومان هەیە ئەم دوو فەقیانەیە ئەرکێکی گرنگیان پێ جێبەجێکراوە. ڕەنگە وەك ئەم دیاردەیە لەسەر ئاستی جل و بەرگی نەتەوەکانی دیکەش هەبی، بۆ وێنە عەبای عەرەب کە بەشێکە لە جلی عەرەب بەهای جوانی و ڕێزداری لەخۆ دەگری، چونکە لە بناغەدا ئامێرێکە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتێکی مرۆڤایەتی مەزن بۆ مرۆڤی بیابان نشین، لەبەر ئەوەی وەك چەتر بەکاردێت یان خۆ پاراستن لە با و تۆز لە کاتی هەڵکرتنی گەردە لوولدا... هەر بۆیەش کەوتینە سەر ئەو باوەڕە کە فەقیانەی کوردیش لە ڕۆژگاری دێریندا بۆ مەبەست گەلێکی گرنگ بەکار هاتبی دوور نییە ئەوانەی پەنجەمان بۆ ڕاکێشاون خۆی بێت یان پاشەڕۆژ شتی ڕوونترمان بۆ بدۆزێتەوە.

پاشان شمیدت باسی پێڵاوی کوردی بۆ کردووین کە لە پەت دروستکراوە — وەك ئەو دەڵێت — و ئاماژەی بەوە داوە کەمێکیان پێڵاوی لاستیك (تەنس) لە پێ دەکەن، بەڵام پێڵاوی لە چەرم دروستکراوی ملدار دەگمەنە، پێڵاوی لە پارچە دروستکراویش باشترین شتە بۆ هەڵکشان بەرەو هەوراز چونکە سووکە و پێزی هەیە، لە هەمان کاتیشدا قایمە و پەنجەی پێ لە بەردی زبر و درك و داڵ دەپارێزێ، کوردەکانیش پێڵاوێکی تایبەتیان هەیە بۆ هەڵشکان بەرەو چیا، کە تایبەتمەندی خۆی هەیە لەرووی پاراستنی مرۆڤەوە لە پێخلیسکان و کەوتنەخوارەوە. ئەو جۆرە کەسانە پێڵاوی یەدەکیش لەگەڵی خۆیاندا هەڵدەگرن (٥٩).

لێرەشەوە پێویستە ئاماژە بۆ ئەو جۆرە پێڵاوە درێژ بکەین کە لە پەت دروست دەکرێت بە (کاڵك) ناو دەبرێت، کە جۆرە پێڵاوێکی سووکە و دەوروبەری پێ دادەپۆشی و لە پشتەوە دوو بەنی پێوەیە پێڵاوەکەی بە قاچەوە پێدەبەستڕێتەوە، لە پێشەوەش شریتێکی خوریی هەیە لە سەرەوەی پەنجەکانەوە تێدەپەڕێت، کە کۆن لە چەرمی ئەستوو دروست دەکرا و ئێستا لە پلاستیك دروست دەکرێت ئەم جۆرە پێڵاوە لە بەشەکانی باکوور و رۆژئاوای کوردستان بەکار دێت، بەڵام لە بەشەکانی رۆژهەڵات و باشوور جۆری دیکە بەکار دێت، کە لە پەستاوتنی پارچە قوماش دروست دەکری.

ئەوەی شمیدت بە پێڵاوی تەنسی ناو دەبات لە راستیدا لە مەچیری لۆکە یان بەنی خوری باریك دروست کراوە، وەك قوماشی کەتان وایە، ژێرەکەشی چەرمە، بە گشتیش سووکە و لەپێکردنی ئاسانە.

لێرەشدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین پێڵاوی نوی کە لە چەرم دروست دەکرێت و لەگەڵ گۆرەوی ئاسایی لە پێدەکرێت لەگەڵ جلی کوردی رێکە، بە تایبەت لە نێو شارە کوردییەکاندا زۆر باوە، بەڵام لە لادێ و ناوچە بەرزەکاندا پێڵاوی کوردی خۆماڵی رەواجی باشتری هەیە، چونکە بۆ گەڕان و هەڵشکان و لە نێو ژینگەی سەختدا سوودمەندترە.

دەبێ ئاماژەش بەوە بدەین کە سۆن سێ جۆر پێڵاوی لە بازاڕی پێڵاوی سلێمانیدا بینیوە، کە بە شەقامی درێژ ناوی بردووە و سەری گیراوە، کە لە لایەن دروستکەرانی پێڵاوەوە بەکارهێنراوە، ئەو سێ جۆرە پێڵاوەش کە بینیوونی ئەمانەن : پێڵاوی سووری تووك بەرز، پێڵاوێکی دی بە هەمان شێوە، بەڵام رەش. سێیەمیش پێڵاوی ژنان بووە کە لە راستیدا نەعل بووە، چونکە بەرگەکەی تەنها سەر پەنجەی داپۆشیوەوە بە مووروو جوانکراوەو، پاژنەکەشی بەرزبووە، پۆڵای لە ژێر بووە، لە پاش فرۆشتنیش مووروورێژ کراوە (١٧).



هانسن سەبارەت بە بابەتی پێڵاو لە کوردەواریدا دەڵێت : بەو شێوەم بینین پێڵاو بە بەشێك لە جل و بەرگ نادەنە قەڵەم و دەڵێت : خەڵکەکە لە کاتی دانیشتندا پێڵاوەکانیان دادەکەنن (٥٨).

ئێمە لەو باوەڕەداین سەرنجەکەی هانسن ورد نییە، چونکە پێڵاو داکەندن لە کاتی دانیشتندا ئەوە ناگەیەنی پێڵاو بەشێك نییە لە جل و بەرگ، بەڵکو ئەوە دوو هۆی هەیە، یەکەمیان پاك و خاوێنییە، کورد بەردەوام بە پێڵاوەوە پێناخاتە سەر فەرش و بەڕەی راخراو، ئەم نەریتە لە لایەن شارنشینانی ئەمرۆی کوردیشەوە پێڕەو دەکرێت دووەمیشیان پێڵاو داکەندن رێز دەربڕینە بۆ دانیشتووان بە تایبەت ئەگەر ئەو شوێنە پڕ فەرش بێت.

لێرەشەوە پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە شێوەی دانیشتنی کورد لە دیوەخاندا تەنانەت لە ماڵیشدا بە درێژایی مێژو وا لەسەر فەرش بووە، نەك لەسەر کورسی، ئەگەریش مرۆڤ لەسەر فەرش دانیشی ئەوە پێڵاوەکەی تەگەرەی بۆ دروست دەکات و پشوو نادات.

باسیل نیکیتین ئەوەی پەنجەمان بۆ راکێشا دووپات دەکاتەوە و بە پێداویستییەکانی ژیانییەوە دەبەستێتەوە بۆ گوزارشت کردن لە هەست و نەستی ناسك (٨٥).

هەی لە باسی پێڵاوی کوردیدا کە بە (کاڵك) ناسراوە دەڵێت، لە چەرمی گامێش دروستکراوە، بە بی ئەوەی بدوورێتەوە. (لەو باوەڕەداین چەرمی مانگایە، نەك گامێش چونکە لە کوردستاندا گامێش بە دەگمەن پەروەردە دەکرێت یان لە دەرەوە هێناویانە ئەوەش گرێمانەیەکی دوورە) هەروەها هەی دەڵێت، ئەم جۆرە پێڵاوە بە ئاسانی شوێنی پێی تیا دەبێتەوە، لەسەرەوە بە خوری یان حەریر جوان و رەنگین کراوە، لە لای هەردوو پاژنەشەوە کونی لێیە کە لە میانەیەوە بە بەنی ئەستوور نەعلەکە بە پێوە دەبەسترێتەوە، کاڵك بۆ سەرکەوتنەسەر چیا لە پێ دەکرێت، هەروەها هەی دەڵێت، خەڵکی رانییە گۆرەوی خوری لە پێ دەکەن کە درێژی دەگاتە ئەژنۆ (٦١).

ئەدمۆندز پتر بە تێکڕایی باسی جل و بەرگی کوردی و پێکهاتەکانی کردووە، تەنانەت بەزاراوەکانی خۆیەوە ئاماژەی بۆ کردووە.

لێرەدا هەوڵ دەدەین باسەکەی کورت بکەینەوە و بەرامبەر ناو و زاراوەکان ئاماژە بۆ ئەوانە بکەین کە لە ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا بەکاردێت، لەگەڵ ئەو تێبینی و سەرنجانەی کە بە پێویستیان دەزانین ئاماژەیان بۆ بکەین.

ئەدمۆندز بە (پێلاّو) یان (کەوش) دەست پێدەکات کە لە چەرم دروست دەکرێت و بە بی پاژنە لە پێدەکرێت، پێشەکەی بەرزەو لە هەندی ناوچەدا بە (ڕەشك)ی نێو دەبەن و پیاو و ژن لە پێی دەکەن، (کلاّش)ی پێدەگوترێت، هەروەها (تراك) لە ناوچەکانی باکوور و رۆژئاوا، نەعلەکەی لە پارچە پەڕۆی بەستراو یان چەرم دروست دەکرێت، بەلاّم رووەکەی لە لۆکەی چنراو دروست دەکرێت.

پاش ئەمە ئەدمۆندز باسی گۆرەوی کردووە کە بە (گورە)ش ناو دەبرێت بەبی ئەوەی چۆنێتی دروست کردنی روون بکاتەوە، بەلاّم وەك چۆن لە پێشا باسمانکرد لە بەنی خوری دروست دەکرێت، هەروەها باسی دەرپێشی کردووە کە لە لۆکە دروست دەکری و لە ناوقەددا بە بەنەخوێن یان (دۆخین) دەبەستری، دوای ئەوەش رانك لەبەر دەکرێت کە شەروالێکی پانە و لە هەندی ناوچەدا بە شەل ناو دەبرێت، بەلاّم لە سەرووی ناوقەدەوە کراس و بن کراس لەبەر دەکرێن کە بریتین لە کراس و کراسی فەقیانەدار کە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا پێی دەلێن (لەوەندی) کەوا بە دەست و مەچەکەوە پێچ دەدرێت، دوایش سوخمە (ئێلەك) لەبەر دەکرێت ئەنجا چۆغە یان شەپك (٨٤).

شایانی باسیشە رانك و چۆغە یان شەل و شەبك لە بناغەدا لە بەنی خوری دروست دەکری، بەلاّم ماوەی چەند سالێکە خەلّك لە قوماشی لۆکە یان کەتانی دروست دەکەن و پێی دەلێن (کورتەك و شەروالّ) کە لە کارخانەدا دروست دەکری. نەك دەستکرد، بەلاّم هەتا ئێستاش شال و شەپك هەر بە دەستکرد دەدووری.

ئەدمۆندز ئەنجا هاتۆتە سەر باسی (پشتێن) واتە ئەوەی ناوقەدی پی دەبەسترێت یان پێیەوە دەپێچرێت، لێرەشدا پێویستە ئەوە بلێین کە پشتێن دوو ناوی دیکەشی هەیە و لە گەلێك ناوچەی کوردستاندا بەو ناوانە ئاماژیان بۆ دەکرێت هەندێك دەلێن (شتێك) کە ئەویش لە قوماشێکی ئاسایی بەرین دروست دەکرێت، بە زۆریش رەنگدار دەبی و لە ناوچەکانی سۆراندا بە شێوەی ئاسایی پێچ دەدرێت، بەلاّم لە ناوچەکانی دیدا بە شێوەیەك پێچ دەدرێت کە کۆمەلّە گرێیەك لە پێشەوە دروست بکات ئەمەش جۆرە جوانی و تایبەتمەندێتییەکی پێدەبەخشێت ناوی دووەمیشی (شالّ)ە نەك (شەل)، ئەوەیە کە بە شێوەیەکی تایبەت لە بەنی زۆر وردی خوری رەنگدار دەچنری، کە جۆرێکی زۆر دەگمەن و گران بەهایە، رەنگی سووری تۆخی بەسەرا زالّە و لەگەلّ رەنگی دیدا تێکەلّ کراوە، لە فەرشی کاشانی ئێرانی دەچێت، لە پاش ئەوەی بە شێوەی چوار گۆشەی درێژ قەد دەکرێت بە ناوقەدەوە دەپێچرێتەوە دواییش پشتێنێکی قایشی لەسەر



دەبەستری، ئێمە لەو باوەڕەداین لە بناغەدا هەر شالّ بەکارهاتووە پاشان لە قوماشی ئاسایی دروست کراوە، بەلاّم شالّ لەبەر ئەوەی بەزەحمەت دروست دەکری و نرخەکەی زۆر گرانە خەلّك لە قوماشی ئاسایی دروستی دەکەن، بۆیە شالّ خەریکە بنبڕ دەبێت.

ئەدمۆندز ئاماژەی بۆ پەستەك کردووە کە لە لباد دروست دەکرێت و پیاوان لە سەرەوەی جلەکانیانەوە لەبەری دەکەن و لە هەندی ناوچەی رۆژئاوا و باکووردا (کەپەن) یان (چۆخ) ی پی دەلێن. ئەنجا باسی کلاّوی کردووە کە لە هەندی شوێندا (کولاڤــــ)ی پێدەلێن، کەوا فەرمەو لەسەر دەنرێت.

پاشان هاتۆتە سەر باسی سەرەپێچ واتە (مێزەر) و ئاماژەی بۆ ئەو جۆرە قوماشانە کردووە کە لێیان دروست دەکرێن وەك : (جامانە) یان (مشکی)... کە لە لۆکە و حەریری فارسی یان بەغدایی دروست دەکرێن، بەرامبەر (مێزەریش) لەگەلێك شوێنی کوردستاندا (شاشالّ) یان (جەمەدانی)ە، سەرەپێچیش (عەمامە) لە پارچەیەك یان دوو پارچەی سوور و سپی یان رەش و سپی دروست دەکرێت.

ئەدمۆندز باسی ئەو جۆرە پالّتۆیەشی کردووە کە کوردەکان لەسەرەوەی جلەکانیانەوە لە بەری دەکەن کە لە راستیدا جلی کوردی نانوێنی، تەنانەت لە ناوەکەیەوە (فەرەنجی) دیارە تورکییە، کە لە جیاتی عەبای عەرەبی بەکار دێت. ئەدمۆندز تەواوکارییەکانی جل و بەرگی کوردیشی باسکردووە وەك خەنجەر کە (١٦) ئینج درێژە و مشتۆکەی لە عاج یان شاخ دروست دەکرێت نووکەکەشی نەختێك چەماوەتەوە، کالانەکەشی لە دار دروست دەکرێت و بە پێست بەرگی دەگیری، دەشیّ لە زیو و یان زێڕ دروست بکری ئەمەش زۆر دەگمەنە و لە نێو پشتێن چەسپ دەکرێت، هەندی جاریش خاوەنەکەی تەسبیح بە مشتۆکەیەوە دەپێچی، گوندنشینەکان سەری کیسەی تووتنیشی لە نێو دەسەپێنن و بە پشتێنەکەوە هەلّ ئەواسرێن.

جاری واش هەیە دارجگەرەیەکی درێژیش لە تەنیشت خەنجەرەکەوە چەسپ دەکەن.

باسیل نیکیتین دەلێت : خەنجەری مشتۆ زیو و لەگەلّ جل و بەرگی کوردیدا ئەو تابلۆ هونەرییە تەواو دەکات و دیمەنەکەش رازاوە دێتە پێش چاو.

هەی پێش ئێستا باسی پێلاّوی بۆ کردین، بەلاّم هەولّی داوە وێنەیەکی جل و بەرگی کوردیش نمایش بکات، جلی پیاوانیشی لا بووەتە جێی بایەخ، جلی کوردی وەك هەی باسیدەکات لە کراسێکی قۆلّدرێژ و شەروالێکی بەرینی لە لۆکە دروست کراو و چاکەتێکی

رەش کە راست و چەپ دەکەوێتە سەر گەدە و دەکرێتە نێو شەرواڵەکەوە و بە پارچەیەکی درێژ بەدەوری ناوقەدەوە دەپێچرێتەوە، بە زۆریش رەنگی شین و رەش دەبێت (٣-١٥).

یارد درێژای و پانایی نێوان ناوقەد و سك پڕ دەکاتەوە، کوردەکان لە زستاندا لە سەرووی ئەوەشەوە شەرواڵێك لەبەر دەکەن کە لە مالاَن دەچنری، خەتی شینی تیایە و لە ناوقەدەوە بەسەر قاچدا دێتەخوارەوە، هەروەها لەسەرووی چاکەتەکەیەوە پاڵتۆیەکی لبادی زبز لەبەر دەکەن، بەلاَم سەرپێچ بریتییە لە کلاَوێك کە بە شێنەیی دوو یان سی دەسمالّی حەریر یان لۆکەی لە دەور دەپێچری.

هەی دەلّێت : خەلّکی دەشتی هەولێر لە وەرزی دروێنەدا شەبقەیەکی بەرینی قەراغ داری لباد لەسەر دەنێن. هەی روونی کردۆتەوە کە ناسنامەی مرۆڤـــــ ئەگەر موسلّمان بێت نەسرانی یان سەر بە هەر هۆز و شوێنێك لە رێگای سەرەپێچەکەیەوە دەناسری، هەروەها دەلّێت : ئێمە خەلّکی باکوور و باشووری کوردستان بە شێوەی شەروالەکەیانەوە دەناسین. کە لە باشووردا لەسەرەوە پان دەبی و ئەنجا بەرەو خوارەوە تەسك دەبێتەوە، بەلاَم باکوور لە خوارەوە پان و پۆڕ دەبی (٦٠-٦١).

نۆئیل ئەوەی سەرنج داوە کە لە ناوچە شاخاوییەکاندا لە نێوان مەرعەش و مەلاتیا (هۆزی ئاتمی) لە هاویندا شەرواڵێك و کراسێکی تەسك لەبەر دەکەن ئەنجا چاکەتێکی ئەورووپی ئاسا، بەلاَم لە زستاندا (شال و شەپك) لەبەر دەکەن کە لە نێو کوردەکاندا زۆر باوە، لەوەوپێششیش باسی چۆنێتی دروست کردنی و رەنگەکانیمان کرد، بەلاَم کلاَوی سەر ئەوە سوور یان سپی دەبی و پارچەیەك قوماشی پێوە دەپێچری (٣٩).

نۆئیل باسی جل و بەرگی هۆزی بێزکی کوردی کردووە کەوا دیسان لە هۆزەکانی کوردستانی تورکیایە، کە جۆرە جیاوازییەکی تیا بەدی کردووە و رەنگە کەوتبێتە بەر کارتێکەریی ژینگەی کۆمەلاَیەتی و جوگرافی و سیاسی. ئەوان لە جیاتی کلاَو (کوم Kum) بەکار دێنن کە تا رادەیەك جیاوازە، بە پارچەیەك لۆکەی دروستکراو دەیپێچنەوە، عەبایەکش لەبەر دەکەن کە لە عەبای عەرەب دەچی، بەلاَم کورتە و لەو جۆرە چنراوە دروست کراوە کە بۆ دەوار یان رەشماڵ بەکار دێت. نۆئێل هەولّیداوە لە کتێبەکەیدا ئەوە روون بکاتەوە و ئاماژەی بۆ زاراوەی (ڕەشکین) کردووە، مەبەستیشی ئەو عەبایەیە کە لە مووی بزن چنراوە. هەروەها دەلّێت، ئەوانە پێلاَوی چەرمی سوور لە پی دەکەن، شەروالّی پان و پۆڕی قاوەیی یان رەش لەبەر دەکەن کە پێی دەلّێن (شەل) (٤٢).



گەلێك نموونەی دیکەی جل و بەرگی کوردی هەیە کە جۆرە جیاوازییەکی سادەیان لە نێواندا هەیە.

هەروەها دەتوانین پەنجە بۆ هەندی گۆڕینی ساکاریش درێژ بکەین کە جاری وا هەیە دەگاتە سنووری لەبەر کردنی جلێك لە جیاتی جلی نەتەوایەتی. لە نێو کۆمەلّگای کوردەواریشماندا نموونەی لەو چەشنە بەرچاو دەکەوێت، بۆ وێنە ئەو هۆزە کوردانەی لە دەورووبەری هۆزی عەرەب دەژین لە سەر کەناری لای راستی دیجلە لەسەر خاکی عێراق تا دەگاتە سووریا لایان ئاساییە جلی عەرەبی لەبەر بکەن.

## دیدوبۆچوون دەربارەی جل و بەرگی هەڵبژاردەی کوردی

**١- جل و بەرگی عوسمان بەگی بابان:**

ڕیچ زۆر بە جوانی باسی جل و بەرگی عوسمان بەگی برا بچووکی پاشای سلێمانی کردووە و بە قۆز و شیك داویەتییە قەلّەم، دەلّێت : باشترین جلی لەبەر دەکرد، کە زەوقی کوردی دەبەزان، قوماشی نایابی نەخشێنراوی بە گولّی زێڕین بۆ دەدوورا، سەرەپێچەکەشی شالّی کشمیری بوو، بە ریشەی زێڕین ئارایش کرابوو، شل دەیبەست، بەرگی دەرەوەشی پاڵتۆیەك بوو لە کۆتالّی قرمزی فێنیسی (سەر بە شاری بندقیە) دروست کرابوو، قۆچپەکانی زێڕ بوون (١٥٥).

**٢- دیمەنی شوانێکی هەرکی:**

ویگرام باسی رێکوپێکی و جل و بەرگی شوانێکی هەرکی دەکات و دەلّێت ئەو لاوە شوانە دیمەنێکی سەیری هەبوو، کە لە پێش رانەکەیەوە دەرۆیشت و عەبایەکی پەستەکی لەبەر بوو، تفەنگێکی لوولە درێژی لەسەر شان بوو، دارگۆچانی شوانی و دارجگەرەکەی هەلّگرتبوو هێندەی لەبەر چاو دلّڕفێن بووە خۆی لەبەردەمدا بۆ رانەگیراوە نەوەستی و وێنەیەکی فۆتۆگرافی بۆ نەگری، بەلاَم شوانەکە کەوا بە ئامێری وێنەگرتن ئاشنا نەبووە وای زانیوە ئەوە چەکێکی ترسناکە و بە پەلە خۆی داوەتە پاڵ بەردێکی نزیك و خۆی ئامادەکردووە تەقە لە ویگرام و هاوڕێکانی بکات (١٤٩).

بێگومان ئێمەش وەك ویگرام لەو باوەڕەداین ئەو شوانە مافی خۆی بووە لەو کامیرایە بترسی، چونکە ئەو لە نێو چیا و دار و بەردی پێش نزیکەی سەدەیەك ئەو هەلەی بۆ بەرپا نەبووە ئەو جۆرە ئامێرە ببینی.

**٣- کاروانی جاف:**

ڕیچ لە باسی کاروانێکی جافدا دەڵێت، ژن و پیاو پیادەن، ئای کە نەتەوەیەکی بەهێز و بە توانان، خاوەنی سیمای جوانن.

ژنان کراس و شەرواڵی شینیان لەبەرە و شەبقەی بچووکیان لەسەر ناوە و قژیان لوولە و بەسەر روومەتیاندا شۆڕ بووەتەوە، چارۆگەیان لەسەر شانە کە وەك عەبا وایە و رەنگیان شین و سپییە، لە شێوەیدا وەك ئەو بەرگەیە چیانشینە سکووتلەندییەکان بەکاری دێنن، چارۆگەش بەشێکە لە جل و بەرگی ژنان، بەڵام ژنانی چینە دەوڵەمەندەکان چارۆگەکانیان لە حەریری زەرد و سوور چنراوە، لە راستیشدا پێمان خۆشە دەربارەی بۆچوونەکانی ریچ ئەوە بڵێین کە گشت ژنانی کوردستان چارۆگە بەکار ناهێنن، دیارە ئەو شوێنانەی ئەو سەردانی کردوون بەکاریان هێناوە. (لە راستیشدا وا دیارە سۆن جیاوازی نەخستۆتە نێوان چارۆگە و کۆڵوانەوە، چونکە چارۆگە لە مل دەکری و بەسەر سینگدا شۆڕ دەبێتەوە، بەڵام کۆڵوانە شان و پشت دادەپۆشی — وەرگێڕ-) سۆن باسی جلی پیاوانیشی کردووە و دەڵێت : کراس و شەرواڵی سووك لەبەر دەکەن و پشتێن دەبەستن و پێڵاوی لە خوری دروست کراو لە پێدەکەن کەوا لە پی سووکە و شەبقەی لباد لەسەر دەنێن، هەر هەمووشیان پڕ چەکی شمشێرن (١٢٦-١٢٧).

**٤- جل و بەرگی هۆزی هەمەوەند:**

لاوێکی تەمەن بیست ساڵان، جلی حەریری لەبەرە، دڵی پێخۆشە، فەقیانەی شۆڕ بووەتەوە لەسەر پێیەتی، سۆن کە ئەم دیمەنە جوانەی لا سەیر بووە، پاك و خاوێنی ئەم نەتەوەیە سەرنجی راکێشاوە (٢٢١-٢).

**٥- جل و بەرگی کۆمەڵە کوردێك:**

ڕیچ لە باسی ئەو کەسانەی لە دەورووبەری مەحموود پاشای بابان بوونە کاتێك سەردانی ریچیان کردووە لەو شوێنەی بۆی تەرخان کرابوو دەڵێت، خەریك بوو لە نێو ئەو کوردە باڵا



بەرزانەدا ونبی کە جلوبەرگی رەنگاوڕەنگی پەلکە زێڕینەیان لەبەر بوو، پەمبە و سوور و زەرد، ئەم رەنگانە زاڵ بوون بەسەر ریشەی بەرگەکانی سەریاندا (٥٠).

هەروەها ریچ لە باسی کۆمەڵە پیاوێکدا کە هاتبوون بۆ هاوڕێتی کردنی لەو کاتەدا کە بچێتە نێو شاری سلێمانییەوە دەڵێت جلەکانی ئەو نەتەوەیە گەشاوە بوون (٥٤).

مالیبارد باسی دیدوبۆچوونەکانی خۆی دەکات دەربارەی جل و بەرگی سوارەی کورد دەڵێت : نەمتوانیوە دژی ئارەزووی دڵم بووەستم کاتێك سوارەیەکی کوردم بە جل و بەرگی رەنگینەوە بینی و سەرنجی راکێشام و ویستم وێنەیەکی بگرم.

## جل و بەرگی ژنان

جل و بەرگی ژنان بووەتە جێی سەرنجی ریچ و بە تێکڕایی لە یادداشتنامەکانیدا لە سەری نووسیوە شەرواڵی ژنان بەوە باسدەکات کە دەچێتەوە سەر شەرواڵی تورك لە راستیشدا نازانین ئەم بۆچوونەی لەسەر چی بەندە ؟ چونکە کورد لە کوردستانی خۆیدا زۆر کۆنترە لەو سەردەمەی تورکەکان هاتۆنەتە ناوچەکە، دەبی بۆچی شەرواڵی تورك نەچێتەوە سەر شەرواڵی کورد و نەبێتە رەسەن ؟! هەروەها دەڵێت : ژنی کورد کراسێکی پان و بەرین لەبەر دەکات بە پشتێنێکی دوو کونی گەورە لە زیو یان زێڕ دەیبەستی، لەسەر ئەوەشەوە بەرگێك دەپۆشی لە لای ملەوە قۆپچەی هەیە ئیدی بەکراوەیی دێتە خوارەوە کە کراسەکەی ژێری و پشتێنەکەی لی دەردەکەوی و خۆیشی لە حەریری خاڵ خاڵ یان قەڵەمدار یان پارچەیەکی چنراوی رەنگاوڕەنگ دروست دەکرێت لەسەر ئەوەشەوە (بنش) لەبەر دەکرێت کە فەقیانەی تەسکی پێوەیە و بە زستانیش لبادی لە جیاتی لەبەر دەکرێت کە وەك چاکەتی سینگ وایە، بەڵام ناواخنی لۆکەیە. هەروەها لە زستاندا چارۆگە لەبەر دەکات کەوا لە حەریری چوار رەنگ دروست دەکرێت، کە جۆرێکە لەو بەرگەی بۆ خۆگەرم کردنەوە بەکاردێت، بەڵام فەقیانەی نییە کە لە سەرەوەی سینگەوە دەبەستری و بە سەر پشتدا شۆڕ دەبێتەوە.

دەربارەی بەرگی سەریش دەڵێت، بە ئاسانی باس ناکرێت، چونکە لە چەند دەسماڵێکی حەریر یان شاڵی هەمەڕەنگی بە رەنگی پەلکە زێرینە پێك دێت کە هەر هەموویان بە شێوەیەکی هونەری لەبەر توێڵەوە رێك دەخرێن و بە سنجاق چەسپ دەکرێن، هەریەکەیان شێوەی تاج یان گوڵنگ هەڵدەگرن. چمکەکانیشی بەسەر پشتدا شۆڕ دەبنەوە تا دەگەنە پاژنە نەخشی توێڵیشیان بە پارچە پارچەی زێڕ دەڕازێتەوە کە گەلای زێڕی بچووکیان لێشۆڕ

بووەتەوە، لە هەردوو لای سەریشیانەوە خەتێك مەرجان شۆڕ دەبێتەوە، لە ژێر سەرپێچەکەشەوە فۆتەیەك دەبەستن لەسەرەوە پێچی دەدەن و لەسەر سینگ گرێی دەدەن، دەڵێن ئەو فۆتەیە تەنها ئەوانەی شوویان کردووە بەکاری دێنن.

ئەوەی ریچ باسیکردووە نموونەی جل و بەرگی ژنی دەستڕۆیە، یان ئەو جۆرە جل و بەرگە رەنگە لە بۆنەو ئاهەنگەکاندا بەرچاو بکەوێت، بەلاّم جل و بەرگی گوندنشینان کە ریچ بینیوویەتی لە کراسێك و شەرواڵێکی چنراوی شینی زبر و پشتێن و چارۆگە پێك دێن رەنگی چارۆگەشیان شینی تۆخەو، لەسەر پەراوێزی خوارەوەشی خەتی سپی هەیە کە دوو چمکی لەسەر سنگیان گری دەدەن و بەرگی سەریشیان کلاّوێکی بچووکە.

ریچ باسی ئەوەشی کردووە کە هەندی لە خانمان سەرپێچی قورس دەپۆشن، هەر بۆیەش تا لەسەری رادێن تووشی سەرئێشە دەبن. یان قژیان دەوەری، ئەوەش جێی سەرسوڕمانە، دەڵێن لە کاتی نووستنیشدا هەر بەسەریانەوەیە ! بۆیە سەرینی زۆر بچووك بەکاردێنن (٢٠٤-٢٠٥).

پێویستیشە ئاماژە بەوە بدەین کە ئەو جل و بەرگەی ریچ باسیکردووە، جل و بەرگی ژنانی سلێمانییە، کە تارادەیەك لەگەڵ شارەکانی دیکەی کوردستاندا جیاوازە، رادەی ئەم جیاوازییەش چەند لە سلێمانییەوە دوورکەوینەوە بەرەو باکوورو رۆژئاوا زیاد دەکات، چونکە جۆری برینی جلەکان تارادەیەك دەگۆڕی، بەلاّم ئەو گۆڕانە گەورەیەی کە جێی سەرنجە ئەوەیە ژنانی ناوچەی بادینان و ناوچەکانی کوردستانی باکوور بە هیچ جۆرێك چارۆگە بەکارناهێنن. هەروەها سەرپێچی قورسیش بەکار ناهێنن وەك چۆن ئاماژەمان بۆ کرد، بەڵکو ژنانی ئەم ناوچانە بەوە دادەکەون (درسووك) یان لە چەکی سپی بەکاربێنن، بەلاّم لە گوندەکان مەرج نییە هەر لەچەکی سپی بەکار بێت، بەڵکو رەش و سپیش بەکار دێنن. کە پیاوان وەك جەمەدانی بەکاری دێنن، لە کوردستانی تورکیاش دەبینین ژنان لەچەك دەخەنە سەرسەریان و بە کشتەکێك دەیبەستن.

رۆس باسی جل و بەرگی ژنانی شاری رواندزی کردووە و دەڵێت : ژنان کراسێکی شین و شەرواڵێکی پان لەبەر دەکەن کە لە خوارەوە لە کۆتایی پووزیان دەیبەستن و عەبایەکی چوار گۆشەش کە لە دوو گۆشەیەوە گرێی دەدەن و دەیخەنە سەر پشتیان پارچەیەکی بازنەیی زیویش لەسەر دەنێن کە پارچەی بچووك بچووکی زێڕ و زیوی پێوە دەبەستری و بەسەر سەر و ملیاندا شۆڕ دەبنەوە. ئەمەش لە گەشتەکەی فرێزەردا هاتووە (١٧).



سۆن بەرگی ژنان بە سادە باسدەکات و دەڵێت لە باکوور کراسێکی رەنگینی درێژ و شەرواڵێك لەبەر دەکەن. لەوەرزی سەرمادا لەوە زیاتر لەبەر دەکەن، رەنگە بگاتە لبادیش کە سەرجەم جلەکان لەخۆ دەگری، هەروەها سەرپێچیش لەسەر دەنێن هەر چۆنێکیش بێت بەرگی ژنان لە کوردستانی ناوەڕاست و باشوور پتر ئالۆزە، چونکە ژنانی موکری و سنە کە دوو شاری کوردستانی ئێرانن بەوەوە بەناوبانگن سەرەپێچی گەورە لەسەر دەنێن، هەر بۆیەش چەندین دەسماڵی حەریری هەمەڕەنگ دەکەنە سەرپێچ.

هەروەها بازنگ و پارچەی زێڕ و زیوی هەمە جۆر بەکاردێنن هەندێکیان بە دەوری سەریانەوە دەیپێچن، تەواوی ئەمەش سیمای باوی جل و بەرگی ژنانە، تەنانەت ژنانی موکری (سەرداری) لەسەر دەنێن کە لە قوماشی قورس دروست دەکری و دەکەوێتە سەر لایەکدا.

پەردە یان (پۆشە) هەرگیز لە کوردستاندا بەکار نەهاتووە، چونکە ژنان رووی خۆیان ناشارنەوە، ئەنجا دەڵێت، راستە جل و بەرگی ژنان لە ناوچەی سلێمانیدا کوردین، بەلاّم کەوتوونەتە بەر کارتێکەریی شێوەی جل و بەرگی عەرەبی.

جل و بەرگی ژێرەوەش لە کراسێك و شەرواڵێکی بەرین پێك دێت، بەلاّم بەشی سەرەوەی لە قوماشی سپی و بەشی خوارەوەشی لە رەنگین دروست دەکرێت.

ژنان کەواش لەبەر دەکەن کە رۆبێکی درێژە و دەگاتە سەر پێی و قۆپچەی پێوە نییە لە پێشەوەش کراوەتەوە.

بەرگی سەریش (کلاّو)ێکی بچووکی رازاوەیە جامانەی بە دەورەوە دەپێچری و لە پشتەوە شۆڕ دەکرێتەوە، جاروباریش دەپێچرێتە دەوری ملەوە (١٩٥-٦).

باسیل نیکیتین جلی کوردی بەوە باسدەکات کەوا دوورە لە کارتێکەریی جل و بەرگی رۆژئاواوە، بۆ وێنە لە باکوور — وەك ئەو دەڵێت — بەرگی ژن ساکارە و بریتییە لە کراسێکی درێژی رەنگین و دەلینگێکی سوور و سەرپێچێك. نیکیتین سەبارەت بە باسەکەی دیکسۆن دەربارەی جلی ژنی کورد کە دەڵێت، بەرگی ژنی کورد بریتییە لە دەلینگێکی کیسە ئاسا و لە سەرەوەشی کراسێکی درێژی رەنگین، بێجگە لە سینگەوانەیەکی بەرین، ژنانی کورد قژیان دەکەنە پەلك و بە شەفقەیەکی خڕی رازاوە دایدەپۆشن و پەچەیەکی پێوە لوول دەکەن، بەلاّم لە بۆنەکاندا سەرباری ئەم جل و بەرگە خشڵی زیو و دەستەوانە هەڵدەگرن و هەندێکیشیان

زنجیری زێڕ یان زیوو دەئاڵێننە سەریانەوە، بەڵام لە باشووری کوردستان و ناوەڕاستی جلی ژنان ئاڵۆزتر دەبی، هەرگیز (پۆشە) ناخەنە سەر روویان (٨٦-٨٧).

ئەوەش بەشیاو دەزانین دیدوبۆچوونەکانی هانسن بەسەر بکەینەوە کە وەك ژنێك و لە چاو رۆژهەڵاتناسەکانی دی درەنگتر سەرنجەکانی خۆی تۆمار کردووە، چونکە سەردانەکەی لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا بووە واتە لە قۆناغێکی پێشکەوتووی شارستانێتی دا لە بەراورد لەگەڵ قۆناغەکانی پێشوودا، کاتێك ژنی کورد کەوتبووە بەر کارتێکەریی ژیانی پێشکەوتوو.

هانسن ئاماژەی بەوە داوە کە جل و بەرگی ژنان لە سلێمانیدا تێکەڵ بووە لەگەڵ جل و بەرگی نوێی ئەورووپادا (٥٦). دەڵێت : جلی کوردیش وەك من بینیومە دوو جۆرە، سلێمانی و لادێ. خاتوو هانسن لە میانەی تێڕوانینەکانییەوە وای بۆ ساغ بووەتەوە جل و بەرگی ژنانی کورد وەك جل و بەرگی ژنانی ئەورووپا بووە لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا بە تایبەت لەڕووی رەنگ و جۆرەوە (٦٢) و کڵاوی ژنان کەوا خشڵی لی شۆڕ بووەتەوە سەرنجی راکێشاوە، پتریش کڵاوی ژنەکەی شێخ کە خشڵی گرانبەهای لە قەد بووە (٣٢). پرسیاری ئەوەی کردووە ئایا ئەم هەموو زیڕەی هەڵیان گرتووە یان جلەکانیان پێڕازێنراونەتەوە لە کوێی هێناوە ؟ (٥٨).

وا دیارە هانسن جل و بەرگی ژنانی لادێی کوردی پتر لە جل و بەرگی ژنانی شاری سلێمانی لا پەسەند بووە، ئەمەش کاتێك دەرکەوتووە لەگەڵ وەرگێڕە کوردییەکەی دا دواوە کە لە گەشتەکەیدا لە نێو بازاڕدا هاوڕێیە کردووە، چونکە کاتێك ویستوویەتی جل و بەرگی کوردی بۆ خۆی بکڕی هەوڵی داوە ئەو جۆرە پارچە قوماشانە بکڕی کە کە بۆ جل و بەرگی ژنانی لادێ دەشێن (٥٣).

وەك بەڵگەش بۆ ئەم باسە پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە هانسن زۆری داخ بۆ ئەو دوو ژنە خواردووە کە جل و بەرگی ئاسایی لادێیی خۆیان گۆڕیوە بە جل و بەرگی ژنانی نێو شاری سلێمانی، رەنگە هۆی ئەوەش دیوەدەری قوماشەکە بێت کە دەلینگەکەیان دەخاتەدەر، لەم بارەیەوە دەڵێت، بۆ بەدبەختی ئەو دوو ژنەم رۆژی شاییەکە بەو جلانەوە نەبینی کە بە چاوی من جوان بوون ئەوان کراسێکی دیوەو دەریان لەبەرکرد تا شەڕواڵەکانیان دیار بی. ئەو دوو ژنە بۆیە لە چەشنی جلی ژنانی سلێمانیان لەبەر کرد چونکە لەو باوەڕەدابوون ئەوە دوا مۆدێلی جلە (٣٠-١).



دەربارەی جلی کوردیش دەڵێت، گەرمە، بۆیە وێڕای ئەوەی دڵبەندی بووم و کڕیم بەڵام نەمتوانی بەردەوام لەبەری بکەم (٦٤).

باسی یەکەم تاقیکردنەوەی خۆی گێڕاوەتەوە کاتێك جل و بەرگی کوردی لەبەر کردووە و دەڵێت : داوام لە کچە لادێیەك کرد فێرم بکات جل و بەرگی کوردی لەبەر بکەم، ئەو کچە بچووکە جلەکانی خۆی داکەند و پارچە پارچە جلەکانی منی لەبەرکرد، بەڵام ئەوەی کە زۆر سەرنجی راکێشام ئەوەبوو ئەو کچە زۆر وریا بوو چونکە توانی هەرچی زووە جلەکانی خۆی داکەنی و جلەکانی من لەبەر بکات بە بی ئەوەی کونجێك لەشی بەرچاوم بکەوی(٦٤).

ئەوەی پتر هانسن دووچاری سەرسوڕمان کردووە ئەوەیە ژنانی کورد خشڵێکی زۆریان هەیە، هەروەها خەزێمیش (لووتەوانە) سەرنجی راکێشاوە کە لە لووتی هەندی ژندا بینیوویەتی، بێجگە لەوەی لە کڵاوەکانیانەوە دیارن، تەنانەت ژنی خێزانە دەسترۆکان خشڵی گران بەها هەڵدەگرن، پەنجەی بۆ ئەوەش راکێشاوە کە ئەو کڵاوەی ژنان لە سەری دەنێن قەبارەی سەریان گەورەتر دەکات، گومانیش لەوەدا نییە لە ناوەوە دەکوڵی (٣٣).

جل و بەرگی کوردی شمیدتی دلبەر کردووە و دەڵێت، هەر کاتی بە گوندە بچووکە کوردییەکاندا تێپەرم ژنانی کورد زیاتر سەرنجم رادەکێشن، رێکردنیان، جل و بەرگیان، شۆخ و شەنگییان هەموو ناسکە، زۆربەیان فەقیانەیان هەیە، گرێی دەدەن دەیهاونە پشت و دەست و برد کارو پیشەیان بە ئەنجام دەگەیەنن. رەنگی جلەکانیان گەشاوەیە، شین و زەرد و سوورو سەوز لەبەر چاو دیمەنێکی ئەفسووناوی دروست دەکەن. شمیدت لایەنگری رەنگە جوانەکانی لادێییە بە تایبەت کاتێك لەگەڵ رەنگی جێنشینانی شار بەراوردیان دەکات کە بە جلی رەش خۆیان دادەپۆشن (٣٣-٤).

لە راستیشدا سەروچاو پۆشین دوورە لە سروشتی کۆمەڵگای کوردەوارییەوە، بەڵام لە رێگای نەتەوەکانی دییەوە گەیشتۆتە نێو هەندی شاری کورد.

شیل دەڵێت، ژنان لە کوردستاندا وەك ژنانی دراوسێکانیان فارس و تورك سەروچاویان داناپۆشن بە تایبەت لە لادێکاندا، تەنها ئەوە نەبی ژنانی گەورەی هۆز پۆشە دەدەنەسەر روومەتیاندا، کە ئەوەش جۆرە جلێکی تورکییە و لەسەر ئاستی کۆمەڵگای کوردەواری نامۆیە، بەڵام ژنانی لادێ هەرگیز نازانن ئەو پۆشەیە چییە.

شمیدت لە نێو شاری سلێمانیدا جۆرە دەمارگیرییەکی لە لایەن هەندی خێزانەوە هەست پێکردووە، دەربارەی بابەتی بەکارهێنانی (عەبا و پۆشە)، دەڵێت ئەو جۆرە کەسانە لایان

شوورەییە ژنان بە بی عەبا و پۆشە دەربچنە دەرەوە، تەنانەت لە سلێمانی باوکێکی کوردی بینیوە قایل نەبووە کچە تەمەن سیازدە ساڵانەکەی بەبی خۆداپۆشینەی تەواو دەربچێتە دەرەوە، ئەگینا ئەوەی بە شوورەیی داناوە، هانسن بە شێوازێکی دانسقانە باسی ئەو بابەتە دەکات و دەڵێت، ئەو سەروچاو داپۆشراوانە چۆن هاورێکانی خۆیان دەبینن کاتێك بە رێککەوت لە بازاڕی سلێمانیدا یەك بگرن.

هەروەها سەرنجی ئەوەی داوە کە ئەو جۆرە ژنانەی سەروچاویان داپۆشراوە توانستی گفت و گۆیان لەگەڵ پیاواندا زیاترە ئێمە لەو باوەڕەداین هۆی ئەو بوێرییە ئەوەیە ئەو ژنە ناسنامەی خۆی وەك ژن شاردۆتەوە، چونکە باوەڕی وایە لە لایەن پیاوەوە ناناسرێت و بە بی لەبەر چاوگرتنی نەریتی کۆمەڵایەتی قسە دەکات، بەڵام ئەگەر ناسراو بێت باوەڕ ناکەین داپۆشینی وای لێبکات توانستی زیاتر بێت.

کاتێکیش هانسن و ورگێڕە هاوڕێیەکەی لە یەکی لە دەزگاکانی شاری سلێمانیدا بینیویە لە ژێر پۆشەکەیەوە بیبسی کۆلا دەخواتەوە خۆی پێڕانەگیراوە و داویەتی لە قاقای پێکەنین.

ڕیچ لەم بارەیەوە ئەوەی باسکردووە کەوا لە ئەنجامی تێڕوانینە وردەکانییەوە ئەوەی بۆ ساغ بووەتەوە ژنانی کورد لە کاتی شایی و هەڵپەڕکێدا لە ماڵی خۆیاندا هێند بایەخ بە خۆ داپۆشین نادەن وەك لە نێو ژنانی تورك و عەرەبدا باوە، رێگا بە پیاوە خزمەتکارەکانیان دەدەن بچنە نێو ماڵەکانیانەوە تەنانەت لەبەردەم مرۆڤی نەناسیشدا بە تەواوی خۆیان داناپۆشن، کاتێکیش دەچنە نێو بازاڕ روویان داناپۆشن، مەگەر لە خێزانی چینە باڵاکانبن، ژنی وام بینیوە بۆی دووپات کردوومەتەوە بۆیە ئەو پۆشەیە بەکاردێنن لەبەر ئەوەی حەز ناکەن بناسرێن (٢٠٢).

سەیریش ئەوەیە کافن یۆنگ کەوا دڕەنگ سەردانی کوردستانی کردووە (ساڵی ١٩٨١) جلی رەسمی کچانی کوردیشی بەدڵبووە، تەنانەت ئەو پۆلە قوتابییەی لە قوتابخانەوە دەرچوونە، دیمەنێکی دڵڕفێنیان لا دروست کردووە، وای بینیوون بە جلەکانیان شاد بوونە کەوا درێژییان گەیشتۆتە سەر پی و رەنگیان گەشاوە بووە، زۆر کەمیشیان پارچەیەکی تەنکی دیوە و دەریان خستۆتە سەر سەریان، بەڵام نەك پۆشە (٢٢٩).

وێڕای دەربڕینی بیروڕای خۆمان دەربارەی ئەو دیدو بۆچوونانەی نمایشمان کردن دەتوانین لە ئەنجامی ئەم بەشەدا بە کورتی هەندی سەرئەنجام دەربارەی جل و بەرگی کوردی دەسنیشان بکەین.



زۆربەی هەرە زۆری رەوەند و رۆژهەڵاتناسەکان جل و بەرگی کوردییان پەسەندکردووە، تەنانەت یەکێکیان بۆچوونی پێچەوانەی نەبووە، ئەو پەسەند کردنەش رەنگ و شێوەی بڕین و دروون و پاك و خاوێنی گرتۆتەوە، هەروەها هەندی جیاوازیشیان لە رووی جل و بەرگەوە لە نێوان دەسترۆیان و هەژاراندا دەسنیشان کردووە هەروەها جیاوازی نێوان جل و بەرگی ژنان و پیاوانیشیان، بەوپەری وردەکارییەوە باسیکردوون.

جیاوازی ئەو ناوچانەش رەوەندەکان سەردانیان کردوون یارمەتی خوێنەر دەدات بۆ ئەوەی ئاگاداری شێوەی جل و بەرگی ناوچەکانی کوردستان بێت، هەر لە ئۆرفەوە لە کوردستانی تورکیاوە تا سنە و موکری و ناوچەکانی دیکەی کوردستانی ئێران، دواییش زاخۆ و هەولێر و سلێمانی لە کوردستانی عێراق.

لایەنێکیش لەو دیدو بۆچوونانەدا گرنگە ئەویش ئەوەیە جلی کوردی لە هەندی ناوچەدا بە بەراورد لەگەڵ ئەو تایبەتمەندییانەی لەوەوپێش رەوەندەکان تۆماریان کردووە پێش پتر لە ١٧٠ ساڵ گۆڕانی بەسەردا هاتووە. هەروەها دەتوانین هەندی جیاوازی ساکاریش چ لەسەر ئاستی هۆزەکان یان خەڵکی شارەکان تۆماربکەین لە چاو ئەو تایبەتمەندییانەی ریچ لە یاداشتنامەکانیدا لەو رۆژگارەدا تۆماری کردوون.

دیارە بارودۆخی رامیاری و ئابووری رۆڵی گەورە دەگێڕن لە کارکردنە سەر جل و بەرگدا، بۆ نموونە سەرنجەکەی سۆن جێی خۆی هەیە کاتێك داکۆکی لەسەر ئەوە کردووە کە ئەو جل و بەرگەی لە سلێمانی باو بووە و لە قوماشی قەڵەمداری حەلەب دروست کراوە، ناشی جل و بەرگی رەسەن بێت، هەرچەندە کوردیش لەبەری بکات.

جێی سەرسووڕمان نییە ئەگەر ببینین ناوچەکانی نزیك ناوچە عەرەب نشینەکان کەوتوونەتە بەر کارتێکەریی جل و بەرگی عەرەب، بۆ وێنە کوردی ئەو ناوچانە (کەوا-زبوون) و چاکەت لەبەر دەکەن و سەرپێچی کوردیش دەبەستن، ئەم جۆرە جلەش کاتی خۆی لە سلێمانی و کفری و رواندز و بەرچاو کەوتوون وەك چۆن دوکتۆر رۆس لە یادداشتنامەکانیدا ئاماژەی بۆ کردووە.

هەروەها جێی سەرسوڕمان نییە ئەگەر بڵێین لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا ژمارەیەکی پیاوانی هۆزی سلێڤانی نزیك ناوچە عەرەب نشینەکان جلی کوردی تەواویان لەبەر بووە (شاڵ و شەپك)، بەڵام (غترە و عقال)یان لەسەر ناوە.

دەتوانین ئاماژە بۆ گەلێك نموونەی دی بکەین، هۆزی مللی کە هۆزێکی زۆر گەورەیە باب و باپیری سەرۆکانی ئەم هۆزە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی نەتەوایەتییان دژی دەوڵەتی عوسمانی بەرپا کردووە، بە زمانی کوردی دەدوێن، بەلاّم لەبەر ئەوەی لە پارێزگای جزیرە لە سوریا دەژین جل و بەرگی عەرەبییان لەبەر کردووە.

هەروەها ئەو هۆزە کوردییانەی کەوا لەسەر کەناری لای راستی دیجلە لە عێراق دەژین و دراوسێی هۆزەکانی عەرەبن بە کوردی قسە دەکەن و دان بە کوردێتی خۆیاندا دەنێن، بەلاّم جل و بەرگی عەرەبی لە بەر دەکەن.

لە راستیشدا ئێمە جل و بەرگ ناکەین بە پێوەر یان بە مەحەکی نەتەوایەتی، چونکە نیوەی نەتەوەی عەرەب ئەگەر پتریش نەبی ئەمڕۆ جلی ئەورووپی لەبەر دەکەن نەك عەرەبی، بەلاّم ناسنامەی نەتەوایەتی خۆیان پاراستووە و لە خوێنیاندایە. هەروەها دەتوانین ئاماژە بۆ گەلێك نموونەی دیکە بکەین نەك لەسەر ئاستی نەتەوەی کورد، بەڵکو لەسەر ئاستی نەتەوەکانی دی.



## جەنگ و چەك

گەلێك لە رەوەند و رۆژهەلاّتناسەکان باسی کوردیان کردووە و لەوانەش فیزەر (١٨٣٤) کە بەوەی باسکردوون مەیلەیان بەلای هەڵچوون و جەنگ و چاوکراوەییە، ئەو ئارەزووەش پتر لە نێو هۆزە کۆچەرەکاندا روونە بە بەراورد لەگەڵ هۆزە جێنشینەکاندا، هەرچەندە ئەمڕۆ هۆزی کۆچەر بەرچاوناکەوی.

چەك وا دیارە بەشێکی تەواوکەری جل و بەرگی کوردییە لە رووی پیاوەتی و جوامێری و کەسێتییەوە، هەی لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا بە روونی باسی ئەمە دەکات و دەڵی، مرۆڤی کورد بە چەکەوە دەگەڕی و خەنجەر و دەمانچە لە نێو پشتێنەکەیدایە : دوور نییە چوار سیدارخانەی پڕ فیشەك لە دەوری ناوقەدی و هەردوو شانی بێت، تفەنگەکەشی هەڵدەگری و زۆری دەپارێزی، هۆزە گەورەکانی کورد بە تفەنگی جۆری ٣٠١ ی تورکی خۆیان چەکدارکردووە، بەلاّم ئەو هۆزانەی لەوان کەم هێزترن ئەوە ژمارەیەکی زۆری تفەنگی مەوزەری ٤٥٠ ی کۆنیان هەیە (٨٢).

لە لێکۆڵینەوەی دیدوبۆچوونەکانی تۆما بوا ١٩٢٧ ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە، دیاردەی بەکارهێنانی چەك یان شەڕ بەندە لەسەر سی هۆکار، دەڵێت : ژیانی کۆچەری کورد بەرەوڕووی هەڕەشەیە وەك هەڕەشەی راو و بەیەکادانی نێوان شوانەکان یان جووتیاران یان خاوەن ئەمبارەکان، ئەمانەش گشتیان هۆکارن بۆ روودانی لێدان و پێکدادان. مرۆڤی کوردیش وا هەڵکەوتووە توورەیە و خەنجەرەکەی هەمیشە لەبەر دەستدایە. هەروەها دەشی رووبەڕووی مەترسی ئاژەڵی وەك، گورك و مار و دووپشك و سەگ و قۆچی بەران و مانگای کێوی... هتد ببێتەوە (٩١). بۆیە دەشی بتوانین سی هۆکاری یارمەتیدەر هەڵهێنجێنین بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە ببەخشنە کورد، شەڕ یان بەگژا چوون هۆکار گەلێکن هەندێکیان دەگەڕێنەوە بۆ سروشت و هەندێکیشیان پەیوەستە بە سروشتی مرۆڤی کوردەوە (کە توورەیە) هەندێکی دیکەش دەگەڕێنەوە بۆ رادەی سازش لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵدا وەك شوان و خاوەن رەزی تری،

بەلاّم دوور نییە تۆما بوا ئەوەی بەسەرا تێپەڕبووبی ئاماژەی بۆ ژیانی خێڵەکی و پێکهاتەکەی نەکردبی کە بەندە لەسەر مەترسی لە خێڵەکانی دی، بە تایبەت هۆزە کۆچەرەکان و پێشبڕکێکردنیان لەسەر لەوەڕگا و خاکی بە پیت و دواییش تۆڵە سەندنەوە.

شمیدت کە لە سەرەتای شەستەکاندا سەردانی کوردستانی کردووە دەڵێت : ئەو پیاوانەی لەگەشتەکەیدا هاورێیەتییان کردووە، تەنها بۆ یەك مەبەست ژیاون — مەبەستی ئامانجی نەتەوەیی — ئەوان هەر یەك ئامانجیان هەبوو ئەویش ئەوەیە ئاماژەمان بۆکرد، ئەگینا لە خۆشی و سەیران و رابواردن یان هەر چالاکییەکی دی کە دەروون شاد بکات دوورن، دووریش نییە شیرینی لە خواردنیاندا نەبێت (٢٤١).

شمیدت لەو بارەیەوە دەڵێت : شەڕیش لە واقیعدا وا دیارە لە ژیانی کۆچەراندا ئاساییە.

هاملتۆن — لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی بیستەم- دووپاتی کردۆتەوە کە کوردەکان بەهرەی راویان لە باب و باپیرانیانەوە بۆ ماوەتەوە، تەنانەت وایان لێهاتووە بە تفەنگ دڵی نیشان دەپێکن و گوللەیان هەڵە ناکات، لە راستیشدا ئەوەی لە جەنگەکانی کورد بکۆڵێتەوە دەبینێت چ لەسەر ئاستی شەڕی بچووك لە نێوان هۆزەکاندا یان لەسەر ئاستی شەڕی گەورە بۆ بەرگریکردنی گەلی کورد لە خۆی لە گێچەڵی داگیرکەران و ئەوانەی چاویان لە خاکەکەی بووە جەنگ مەسەلەی حەزو ئارەزوو نەبووە بە تەنها، بەڵکو کورد جەنگاوەرێکی وریاو چاو تیژ بووە، زانیاری کۆکردۆتەوە، نەخشەی داناوە، ئەمەش بۆ هەر کەسێك لە مێژووی گەلی کورد و ژیانی کۆمەلاّیەتی بکۆڵێتەوە روون و ئاشکرا دەبێت.

شیکردنەوەی نیشانەکانی جەنگاوەری کەوا نەوەکان لە دوای یەك لە میانەی داستانەکانی جەنگەوە پاراستوویانە و نەوە لە دوای نەوە گەیاندوویانەتە یەکتر، ئاستی جەنگاوەرێکی جەنگاوەری کورد روون دەکاتەوە، پتر لە رەوەندێکیش ئەوەیان سەلماندووە کە نیشانشکێنی لێهاتوون، هاملتۆن یەك لەوانەیە نیشان شکێنانی کوردی بە دڵ بووە.

ڕیچ ئەوەی بە دڵ بووە کە کوردەکان لە شەڕدا گرنگی دەدەن بە زانیاری و لە بواری وەدەست هێنانی زانیاریدا لەسەر سەربازگەکانی دوژمن لێهاتوون، دەزانن چۆن دزە دەکەنە نێو دڵییەوە، تەنانەت دەگەنە نێو دەواری فەرمانبەرانیان.... ریچ نموونەیەکی سەیرمان لەسەر بابەتی زانیاری جەنگ بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: کاتێك بابانەکان روو بەرووی پاشای بەغدا بوونەوە، عەبدولڕەحمان پاشای میری بابان یەکێکی لە کوردەکان نارد بۆ سەربازگەکەی پاشای بەغدا، ئەو گەیشتە شوێنی مەبەست، بەلاّم ئەو زانیارییانەی دەست نەکەوت کە میر داوای



لێکردبوو، بۆیە ئەوەی بە باش زانی یەکی لە سەربازەکانی سەربازگەکەی پاشای بەغدا قۆڵبەست بکات و بیگەیەنێتە بەردەم پاشای بابان، بۆ ئەوەی بە ئارزووی خۆی لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات، بێگومان ئەو جەنگاوەرە کوردە ماوەی چەند رۆژێك بەڕێوە بووە تا لە بەغداوە گەیشتۆتە سلێمانی (٢٢٦-٧).

گەلێك لە رەوەند و رۆژهەلاّتناسەکان بە تایبەت باسی هەندی هۆزی کوردیان لە کاتی جەنگدا کردووە، سۆن (لە گرێی یەکەمی سەدەی بیستەم) لەم بارەیەوە دەڵێت : هۆزی هەمەوەند لە یەکی لە چالاکییە سەربازییەکانیدا هەرچی هۆی گەیاندن هەبوو لەسەر رێگای سلێمانی هەموویان پچراند و هەرچی کەسێك ویستبێتی لە روویان بووەستی کوشتوویانە. لە شوێنێکی دیکەدا سۆن لە باسی هەمەوەنددا دەڵێت : نەوەی هەمەوەند ناوبانگی ئازایەتی و چەلەنگییان لە نێو سەرجەم رۆڵەکانی گەلی کورددا بلاّو بووەتەوە و هەموو لایەك دان دەنێن بە ئازایەتییان لە جەنگدا، سۆن پاك و خاوێنی ئەم هۆزەشی بە دڵ بووە و دەڵێت : وێڕای ئەوەی هەمیشە لەسەر زینی ئەسپەکانیانن و ئامادەن، هەرگیز پیسیم بە جل و بەرگیانەوە نەبینی (٢٢). سۆن ئەوەشی سەرنج داوە کە ژنانی هەمەوەند لە کاتی پێویستدا لە شەڕدا بەشدار دەبن.

ویگرام سەرۆك یان ئاغای گەورە و بچووکی لەسەرکردایەتی جەنگ و یاخی بوونە کوردییەکاندا لەیەك جیا کردۆتەوە.

ویگرام بۆ روونکردنەوەی ئەم باسە نموونەیەکی هێناوەتەوە دەڵێت:

ئەگەر شێخی بارزان یان ئاغایەك لە هۆزی سندی و گولی لەگەڵ حکوومەتدا جیاوازییان لە نێواندا پەیدا بوو، مەسەلەکە بە لادان لە یاسا یان یاخیبوونێکی ئاسایی دانانرێت، بەڵکو دەبێتە جەنگێکی تەواو، میری بە ئاسانی ناتوانی کۆنترۆڵی بکات (٣٨٢).

ویگرام ئەم هێزو توانایەی سەرۆکە گەورەکانی کورد بۆ دوو هۆ دەگەڕێنێتەوە، پایەی ئایینی یان ناوچەی جوگرافی. ویگرام ناوچەی سندی وەك نموونە بۆ هێناوینەتەوە و دەڵێت : تەپەکەیان (تنین) زۆر مەزنە. کە لە سەرووی ئەو شاخەوە دەست پێدەکات کەوا دارستانی چڕ دایپۆشیوەو پڕ ئاوە و لەوەڕگایەکی زۆر بەرینە و بە درێژایی وەرزی هاوین بەشی گشت رانەکانی هۆزەکە دەکات، رێگاش بە هیچ نەناسێك نادرێت سەردانی لووتکەکە بکات، کە کەس ناتوانی بیگاتی، بەلاّم سی رێگای ئاسان هەیە مرۆڤــــ ئەگەر بیانگرێتە سەر دەتوانی بیگاتی، هەرسی رێگاکەش بە توندی پارێزراون و پاسەوانیان لەسەرە.

لووتکەکەش زۆر گرنگە، چونکە هەر هێزێك داگیری بکات بە تەواوەتی ناوچەکە کۆنترۆڵ دەکات. هەر هێزێکیش بیەوێ گەمارۆی بخاتە سەر، ناتوانێت خۆراك بۆ سەربازەکانی دابین بکات، کەچی ئەوان بە ئاسانی دەتوانن هێرش بەرنە سەر ئەو مەفرەزانەی لە ناوچەکە نزیك بوونەتەوە. گرفتیش ئەوەیە هەر هێزێك سەر لووتکەکە، شەوی هەرگیز ناتوانی بە وەرزی زستاندا تیایدا بمێنێتەوە، تەنانەت ئەندامانی هۆزەکەش بۆ خۆپاراستن لەسەرما دێنە خوارەوە، لەبەر ئەمە پایزان کە بای پایز هەڵبکات و بەفر بباری بۆ میری هەل بەرپا دەبێت (٢٨٣).

لە راستیشدا کەش و هەوای ناوچەکە گرفتێکی گشتییە و پەیوەستە بە سروشتی ناوچەکەوە کە سەختە واتە ئەوە تەنها گرفتی هەوارگەی سندی نییە، بەڵکو پێداویستییەکی سروشتی کوردستانە.

ئەوە بەسەر ویگرامدا تێپەڕیوە، کاتێك ئاماژەی بۆ پایەی ئایینی و سەختی ناوچەکە کردووە، ئەوەش لەبەر چاو بگرێت کە بەرپرسی دنیایی کورد هێندە رۆڵەکانی هۆزەکەی پابەندی فەرمانین بە ئاسانی دەتوانی ئاراستەی جەنگیان بکات چ لەگەڵ هۆزێکی دی یا بۆ راگەیاندنی یاخی بوون دژی میری. لێرەشەوە دەبێ ئەوە دووپات بکەینەوە، لایەنگرتن یان دژ وەستان لە نێوان کورد و حکوومەتە دەسەڵات داسەپێنەکانی سەر گەلی کورد کەوتۆتە بەر کارتێکەریی کێشەی هۆزگەری و بەرژەوەندی و ئارەزووی سەرۆك هۆزەکان. بۆیە ئەگەر سەرۆك لەگەڵ دەوڵەت بوایە، ئەوە گشت هۆزەکەی لەگەڵ دەوڵەت دەبوو، ئەگەریش سەرۆك هۆز ناحەزیی لەگەڵ دەوڵەتدا رابگەیاندبا، ئەوە سەرجەم رۆڵەکانی ئەو هۆزە دژی دەوڵەت دەوستان، چونکە تاك لە نێو هۆزدا بۆی نییە بیربکاتەوە یان پرسیار لە خۆی بکات بۆچی ئەو هەڵوێستە وەردەگری ؟ ئەوەش رامیاری مێگەلییە چونکە تاك دوای سەرۆك دەکەوێ و نازانی بۆ کوێی دەبات، هەر وەك مەڕ وایە کە شوان ئاراستەی دەکات.

لێرەشدا جێی خۆیەتی ئەوە بڵێین، ئەگەر چەکداری هۆزەکان سووتەمەنی تەواوی شۆڕشە رزگاریخوازییە چەکدارییەکان کورد نەبووبن، ئەوا سووتەمەنی زۆرینەی شۆڕشەکان بوونە. بۆ وێنە یەکەمین کۆنگرەی سیاسی کورد کە بۆ لێکۆڵینەوەی مەسەلەی کورد بەسترا لە ساڵی ١٨٨١ لە گوندی نەهری بەڕێوە چوو کە دەکەوێتە سەر سنووری عێراق و ئێران، ئەوە بوو شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی داوای لە گشت سەرۆك هۆزەکانی کورد لە سەرجەم پارچەکانی کوردستاندا کرد بەشداری کۆبوونەوە بکەن بۆ لێکۆڵینەوەی مەسەلەی کورد.



فرێزەر باسی دیدارەکەیمان لەگەڵ رۆستەم بەگی سەرۆك هۆزی زەنگنە بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت : رۆستەم بەگ باسی خۆی بۆ کردم و وتی بەلای کەمەوە دەیان جار برینداربووە، وێڕای ئەوەش باشترین قەڵغانی پێبووە، بەڵام ویستوویەتی لە شەردا تەنها متمانە بکاتە سەر یەزدان، رۆستەم بەگ ئاواتی بە رۆژانی رابوردوو خواستووە و لە میانەی دیدەنییەکەیدا لەگەڵ فرێزەر داخی بۆ ئەوە خواردووە سواری جاران نەماون و رۆژگار کردوونی بە جووتیارێك لە دوای قوڕەمەوە رێگا بکەن.

ئەوەش جێگای داخە فرێزەر رۆستەم بەگ بە دڕندە دەداتە قەڵەم و دەڵێت : بێگومان ئێستا ئەوەندەت دەربارەی رۆستەم زانی و منیش بە پێویستم زانی باسی کەسێتی بکەم و بە جۆرە تێکڕاییەك لەسەری بنووسم، چونکە نموونەیەکی نایابە بۆ سەرۆکێکی دڕندەی کورد، بۆ رۆژی دوایی رێناسێکمان خستە تەکی و نامەیەکمان لەگەڵی نارد بیبا بۆ کفری، ئەویش، سوێندی بەچاوی خۆی و ژیانی میوانەکەی و خۆی خوارد، لەو ناوچانەدا خەڵك بە گوێی دەکەن کەس دەس بۆ تەڵێکی قژم نەبات. ئایا دەشی وەك ئەم مرۆڤە بە دڕندە باسبکرێت ؟ فرێزەر مردووە ئەگینا بۆمان دەنووسی و پرسیاری ئەمەمان لێدەکرد.

وتووێژێکی نێوان فرێزەر و رۆستم بەگ دەربارەی چەك بووە، دیارە دەمانچەی بچووکی بە دڵ نەبووە، دەمانچەی جۆری مۆرتیمری پەسەند کردووە، کە قەبارەی گەورەیە و رۆستم بەگ دوانی لێهەڵدەگرت.

فرێزەر پێش ئەوە چاوی کەوتووە بە سەلیم ئاغای سەرۆکی هۆزی دەلۆ، کە کوردی بەوە بۆ باسکردووە لە زەمانی کۆندا سەربازی بەهێز بوونە و بێجگە لە سواری و فێر بوونی بەکارهێنانی شمشێر و رم و راوکردن بیریان لە هیچ نەدەکردووە، خاکیان بۆ دەکێلان، بەلام ئەمرۆ هەر پیاوێك لە ئێمە ناچارە شمشێر و رمەکەی دانی و بکەوێتە دوای قوڕەمە، گەورەم دەبی سەرباز ئەگەر بکەوێتە دوای قوڕەمە چ سوودێکی هەبی ؟

وا دیارە سەلیم ئاغاش دیسان باوەڕی بە دەمانچەی قەبارە بچووك نەبووە، چونکە تا ئەو کاتەی فرێزەر بۆی سەلماندووە، کە چەکێکی باش و بەکارە بێزی لێهاتۆتەوە (٥١).

لە راستیشدا لایەنی بەرچاوی شتەکان کارتێکەریی لەسەر مرۆڤـــــــــ زیاتر و خێراترە، بە تایبەت لە نێو کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا، بۆ وێنە چەمکی دەمانچەی گەورە و بە باشتر زانینی لە دەمانچەی بچووك، بێگومان پەیوەستە بە چەمکی خەنجەری گەورەوە، کە کارتێکەریی بەندە بە قەبارەیەکەوە، ئەوەش سیمای ئامێرە ساکارەکانە، لەبەرئەوە دەتوانین جۆرەکانی شێوازی

بەرهەمهێنانی سەرەتای پەیوەستە بە بەرینی و قەبارەوە، بەلاّم پەرەسەندنی تەکنۆلۆژی توانی ئامێری بە قەبارە بچووك و بەکارتر بخاتە بەردەستی مرۆڤ، کوردەکانیش هۆگری چەك و گێڕانەوەی داستانی پالّەوانێتین، هەر بۆیەش لە دیوەخانی ئاغا و بەگەکانی کورددا ئەو جۆرە گۆرانییانە لە لایەن گۆرانی بێژی گوندەوە دەووترێنەوە، کە هێمای هێز و پیاوەتی و خۆراگری و ئارامین، ئەگینا گۆرانی دلّداری و خۆشەویستی تەرخانە بۆ شایی و خۆشی و لە دیوەخاندا ناووترێتەوە، مەگەر چیرۆکێکی دلّداری ئەوتۆ بێت پالّەوانێتی لەخۆ بگری.

یەکی لەو دیاردانەی کە لە نێو جەنگاوەرانی کورددا باوە و دەگاتە ئاستی تەکتیك ئەوەیە، کارەکانیان بە نهێنی تەواو بە ئەنجام دەگەیەنن. ئەمەش بووەتە جێی سەرنجی شمیدت و زۆری بە دلّ بووە.

ئەم تایبەتمەندێتییانەی جەنگیش لای کوردەکان وایان لە سایکس (١٩٠٢) کردووە، باوەڕی بە نەبەردی گەلی کورد هەبی و بەزاندنیانی بەکارێکی گران داوەتە قەلّەم.

سێر سایکس سەرنجەکانی خۆی دەرباری ئامادەکاری کوردەکان بۆ جەنگ تۆمارکردووە و ئارەزووی دەربڕیوە بۆ ئەوەی لەگەلّ پاسەوانە تورکەکانیدا لە گوندی دووربان کە دەکەوێتە نێوان مەخموور و ئالّتوون کۆپرییەوە لە ناوچەی هەولێر بمێنێتەوە.

کاتێك خەلّکی گوندەکە ئەو باوەڕیان لا پەیدا بووە، هێرشیان دەکرێتە سەر، پیاوان بە پەلە بازیان کوتاوەتە سەر ئەسپە زین نەکراوەکانیان، هەر یەکێکیان تفەنگێکی مارتینی هەلّگرتووە و ژنانیش چوونەتە سەربانەکان و دەنگی هەلهەلە و بانگیان بەرز بووەتەوە، سایکس دەلّێت : پتر لەهەر شتێکی دی سەرنجی راکێشام ئەوە بوو گەورە و بچووك هەلّمەتیان دەبرد، تەنانەت مندالآنی تەمەن ٩-١٠ سالآنیش. ژنان، پیاوانیان هان دەدا و هەندێکیان خۆیان بەرەو بەرەی شەڕ کەوتنەری.

سایکس دەربارەی ئەو دیمەنە دواوە وتوویەتی : سەرکەوتن بەسەر وەك ئەم نەتەوەیەدا یان زالّبوون بەسەریا، بە هەرشێوەیەك بێت بە کارێکی گالّتەجاری دادەنرێت (١٩١-٢)، مەبەستیشی ئەوەیە ناشی ئەو کوردە جەنگاوەرانەی ئەو لەو گوندەدا بینینی کە شالآویان بەرەو جەنگێك دەبرد هێشتا رووی نەدابوو شکست بێنن، شایانی باسە پاشان دەرکەوت ئەو کۆمەلّە کەسەی بەرەو گوندەکە هاتوون، بریتی بوونە لە کۆمەلّە دروێنەکارێك و دوژمن نەبوونە.



ویگرام باسی رەوشتی جەنگی لای گەلی کورد کردووە و دەلّێت : رێککەوتنێك لە نێوان جەنگاوەرانی کورددا هەیە، ئەویش ئەوەیە، هەر دوولای ململانێکار بۆیان هەیە ئەوەی ئەیانەوی بیبەن، بەلاّم ئەوەی بە جێی دەهێلّن نابی وێران بکری، کەسیش نابی زیان بە ژنان بگەیەنی.

بە پێی ئەم رێککەوتنەش هەردوو لا بۆیان هەیە مەڕ و فەرش و تفاقی نێومالّ و بێگومان چەکیش تالاّن بکەن، بەلاّم رەز و مالّ سوتاندن و تێکدانی جۆگەلەی ئاو و دێراو ئەوە بە پێی یاسای کوردەواری حەرامە، هەر بۆیەش ژنان بە بێ پاسەوان دەمێننەوە، چونکە کەس دەستدرێژییان ناکاتە سەر (١٥٧).

مێجەر سۆن بەو جۆرە باسی گەلی کوردی کردووە، کە گەلێکی خاوەن باوەڕی جەنگن (١٨١). سەبارەت بەم بۆچوونەی سۆنیش دەربارەی گەلی کورد، پێویستە مەسەلەیەکی زۆر گرنگ روون بکەینەوە، ئەویش ئەوەیە کورد خاوەنی باوەڕی جەنگ نین بۆ خودی جەنگ، ئەوان ئارەزوومەندی جەنگ نین، بەلاّم لە مێژوویەکی زۆر کۆنەوە لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا دەژین ناچاری کردوون باوەڕی جەنگ بنیات بنێن و رۆلّەکانیان ئامادەی جەنگ بکەن، ئیدی ئەگەر بە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کەوتوونەتە بەر حوکمی مێژوو، ئەگەریش مرۆڤی کورد خۆی رانەهێنا باو نەبوایە بە جەنگاوەری لێهاتوو، دەمێك بوو ئەم گەلە کۆتایی پێهاتبوو. بارودۆخی ئابووری و سروشتی کوردستان و سامان و شوێنە جوگرافییەکەی وایان لەم ولاّتە کرد، بەردەوام شانۆی رووداوەکان بی و بە درێژایی مێژوو رۆژی لە رۆژان وچان نەگری و ئەویش بە هۆی ئەوەوە هەمیشەچاوی رۆژهەلاّت و رۆژئاوا و باکوور و باشووری لەسەر بووە.

کاتێکیش هەردوو هێزی مەزنی ناوچەکە بکەوتبایەنە ململانێوە، کوردستان دەبوو بە گۆڕەپانی کێشەکەیان، گەلی کوردیش دەبووە میوانداری ئەو جەنگە نەگریسە و زیانی زۆری بەردەکەوت. کاتێکش یەك لەو دوو هێزە لە دەرەوەی کوردستان پەلامارێکی دەست پێبکردایە و شەڕی بەرپا بکردایە، ئەوە کورد دەبووە سووتەمەنی ئەو جەنگە یان دەبوایە ببن بە دوژمنێك لە جیاتی ئەو لایەنەی کە دەیویست ئەو هێزە شالآوی بەرێتە سەر. ئەگەریش هۆزێك لە ئەنجامی ستەم کاری نادادگەری نارەزایی پیشان بدایە، ئەوە لەلایەن ئیمبراتۆرییەتەوە هێرشی دەکرایە سەر و هەتا بە تەواوەتی ئەو هۆزەی وێران نەکردبا و ژن و مندالّ و پیر و پەککەوتەشی تەمی نەکردبا دەستی لێهەلّنەدەگرت.

ئەگەریش کۆمەلّە هۆزێك ئارەزوویان پیشان بدابا بۆ وەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی، ئەوە بە کوفر و خوانەناسییەکی تەواو دادەنرا و دەکەوتنە بەر بروسکەی ئاسمان... لە هەموو

شوێنێکەوە سەربازی بۆ دەهات و دەبووە مایەی ڕەوانەوەی ناخۆشی و ناحەزی دەوڵەتەکان و هاوپەیمانییان دژی دەبەست... (مۆخیان دەردەهێنان) ئەمەیە باری ژیانی کورد کە ناچاری کردوون ببن بە جەنگاوەری چاونەترس و هەردەم چاوەڕوانی بەجێهێنانی ئەرکی جەنگ بن. ئێمە کە ئەم ڕاستییە دەخەینەڕوو بەهۆی ئەوەوە نییە کە سۆزمان بۆ نەتەوەکەی خۆمان هانمان دەدات ئەوە بکەین، بەڵکو ئەوەی مەبەستمانە لەسەر ڕاستییەکی سایکۆلۆژی بەندە، ئەویش ئەوەیە کورد لە ژیانی گشتیدا، پیاوێکی ئاشتی خوازە، ژنەکەی خۆش دەوی، ئەویندار منداڵەکانێتی، لە ڕادە بەدەر خزمەتی میوانی دەکات، ئەم ڕاستییانە دەبی خوێنەرانی ئەم کتێبە هەستی پێبکەن، کە سیمای کەسێکی مرۆڤی کوردە، ئەمە لە کەسێتی دوژمنکاریدا نابینری، کە سەوداکردنی لەگەڵ خێزان و ژیانی گشتیدا نێگەتیڤە، هەر بەو جۆرەش سەودا لەگەڵ ژن و منداڵ و خەڵکی باش و خراپدا دەکات. بۆیە کەسێتی جەنگاوەری کورد، کەوتۆتەبەر کۆمەڵێك هۆکاری دەرەوەی خودی خۆی، واتە جەنگ کاری دیاردەیەکە دەوروبەری کورد دایسەپاندۆتە سەریا، کە بریتییە لە کۆمەڵە هۆکارێکی دیار و نادیار، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، کۆن و نوی هەموو پێکەوە کەسێتی جەنگاوەری کورد پێك دەهێنن، کە بناغەیەکە لە بناغەکانی هۆکاری مانەوەی بە درێژایی مێژوو.

گومان لەسەر ئەوە نییە ئەم کەسێتییە جەنگاوەرە پابەندی چەکە، هەرکەسێکیش سەردانی کوردستانی کردبی و لەگەڵ کورداندا گفتوگۆی کردبی، ئەوە یەکەم پرسیاری ئەم کە ئاڕاستەی میوانەکەی کردبی دەربارەی چەك بووە، ئەگەریش یەکەمین پرسیاری ئەو بابەتە نەبووبی، ئەوە بە دڵنیاییەوە بابەتی دووەمین پرسیاری بووە. جۆر و تایبەتمەندییەکانی چەکەکەی لێپرسیوە، تەماشای کردووە، ئەگەریش بە دڵی بووبی ئەوە ئامادەبوونی پیشانداوە لە جیاتی هەر شتێك کە ئەم هەیبی و ئەو ئارەزووی بکات لەگەڵیا بیگۆڕێتەوە.

فرێزەر لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ سلێمانی باسی ئەوەی کردووە، کەوا پاشای سلێمانی لە ڕێگای یەکێکەوە بە نهێنی ئاماژەی بۆ کردووە کە ئارەزوومەندە ئەگەر تفەنگێك یان دەمانچەیەکی زیادەی هەیە بەرامبەر ئەسپێکی کوردی لەگەڵیا بگۆڕێتەوە. وا دیارە ئەم چەك گۆڕینەوەیە سەری نەگرتووە، بەڵام فرێزەر بە دەنگییەوە چووە و تفەنگێك و دەمانچەیەکی دوو لوولەی بۆ ناردووە بۆ ئەوەی تەماشایان بکات و ڕای خۆی دەربارەیان دەربڕی (٣٦).

ڕیچ دەربارەی چەکی کوردەواری لە ناوچەی سلێمانی سەرنجەکانی تۆمار کردووە و دەڵێت : کوردەکان بە دەوڵەمەند و هەژار، بچووك و گەورەیان خەنجەر هەڵ ئەگرن، هەروەها دەڵێت :



جاف و هۆزەکانی دی (کوتەك)ی لەگەڵ هەڵ ئەگرن، کە بریتییە لە دارێك و بە خڕۆکەیەکی ئاسن کۆتایی دێت، کە لەگەڵ شمشێردا چەکی پیادە پێك دەهێنن.

سوارەش وێڕای ئەوانە ڕم و دەمانچە هەڵ ئەگری، ئەوەشی هەبوو بێت قەڵغان و کڵاوی پۆلاین لەبەر دەکات.

پیادەش بە شێوەی ئاسایی تفەنگی درێژ و قورس و سێپایەدار بەکار دێنی، کە لە کاتی تەقەکردندا لەسەر زەوی بەند دەکرێت (٢٠٧).

ڕیچ باسی ئەوەشی کردووە کە عوسمان بەگی دووەمین کەسێتی پاش میری بابان ئارەزووی کردووە شیربازی فێر بکات، هەروەها نیشان شکاندن بە دەمانچە کە بەپێی قسەی ریچ ڕۆژهەڵاتییەکان نایزانن (٨٤).

لە ڕاستیشدا مەسەلەی هەڵگرتنی چەك لە هەموو کوردستاندا بەو شێوەیە نییە کە ریچ باسیکردووە، چونکە زۆر ئاساییە سوارەی کورد تفەنگ یان دەمانچە هەڵگری، یان بە پیادەیی تەنها یەك دەمانچە هەڵگری. دەبی پەنجە بۆ ئەوەش ڕاکێشین کەوا پشتێن و سیدارخانەی چەکیش کە بە شێوەی جۆر بە جۆر، جوان دەکرێن بەشێکن لە چەکداری، بۆ وێنە پشتێنی پڕ فیشەك لە نێوقەد دەبەستری و سیدارەخانەش چ ڕاست چ چەپ و ڕاست قایم دەکری و لەسەر سینگ دەوستی.

هاملتۆن تەنیا باسی خەنجەری بۆ کردووین، کە چەکی ئاسایی کوردەوارییە و دەڵێت: کوردەکان دەیخەنە نێو پشتێنە پانەکانیانەوە، وا ڕاهاتوون هەمیشە لەبەر دەستیان بێت، ئەم چەکە نووك خوارە، کە دیمەنی مایەی ترسیە، دیارە مەبەستی جوانییەکەیەتی، چونکە ئەگەر زۆربەی بچێتە نێو پشتێنەکەوە ئەوە دیمەنێکی زۆر جوان دەبەخشی، بەڵام ئەگەر پێویستی بە ئامادەکاری کرد ئەوە لە ناوەڕاست پشتێنەکە دادەنرێت، بەڵام بەرز، نەك خوار.

کوردەکان بەوە ناسراون زۆر شارەزای بەکارهێنانی خەنجەرن. دەڵێن حکوومەتی تورکیا، ڕێگای نەدەدا کوردەکان خەنجەر هەڵگرن، بۆیە هەر کەسێك ئامادە نەبوایە خەنجەرەکەی بە دەستەوە بدا تەقەیان لێدەکرد(١٠٩).

لەو باوەڕەداین خەنجەر نەك شمشێر لە دێرین زەمانەوە هاوڕێی کورد بووە، چونکە شمشێر کەم بەکار هێنراوە، ئەویش لەبەر ئەوەی پێویستی بە دەوروبەرێکی فراوان هەبووە، شیربازی پانتایی پێویستە، ئەمەش لەگەڵ سروشتی کوردستاندا هێند ناگونجی کە پڕە لە بەرزی و نزمی و چیا و تەپە و تەلان..

خەنجەر وەك چەكێكی دێرینی كوردەواری بووەتە بابەتی گۆرانی فۆلكلۆری و بە پێی جۆرو شوێنی ناوی جیاجیای لەخۆگرتووە، خەنجەریش وەك لە پێشا ئاماژەمان بۆ كرد، بەشێكە لە جل و بەرگی كوردی بە تایبەت كە مشتۆكەی لە دەرەوەی پشتێنەوە دەبی و تەسبیحی پێوە دەپێچری.

بێگومان چەكی كورد دوو جۆرە، ئەوەی لە دەرەوەی كوردستان دروست دەكری، وەك كالای هاوردە دەگاتە كوردستان لە وێنەی دەمانچە و تفەنگ. ئەوەش لە كوردستان دروست دەكری وەك خەنجەر، بەلاّم وا دیارە كوردستان پیشەسازی دەمانچەی بەخۆوە بینیوە، هەروەها هەندی گوندی كورد بە پیشەسازی تفەنگ و فیشەك و بارووتەوە ناسراون، تەنانەت شاری رواندز لە سەردەمی **محەمەد** میری ئیمارەتی سۆران بە پیشەسازی تۆپیشەوە بەناوبانگ بووە، كە هەتا ئێستا نموونەی لە بەغدا بەرچاو دەكەوێ.

تۆما بوا دەڵێت : تەنها لە شاری سلێمانی (١٥٠) پیشەگەری چەك هەبووە، تیایاندا خاوەنی شارەزایی و بە توانا بوونە، تەنانەت توانای ئەوەیان هەبووە چەك بنێرن بۆ هۆزەكانی هەردوو لای سەر سنوور (٣٦).

لە یادداشتنامەكانی برانتدا كەوا سەردانی ناوچەی باشووری رۆژهەلاّتی كوردستانی توركیای كردووە دەڵێت : هیچ كوردێك نییە لەم ولاّتەدا قەڵغانی خۆ پاراستن بەكار بێنی. كوردەكان رم و جووتی دەمانچە و تفەنگێكی بچووك و هەندی جاریش شمشێر هەڵ دەگرن، هەی واش هەیە خورجێك هەڵدەگری سی تیری تیایە (١٥٩).

هەندی رەوەند لە زمانی خەڵكی ناوچەكەوە باسی شەڕی نێوان هۆزە كوردییەكانیان كردووە، ئەدمۆندز باسی شەڕی نێوان هەردوو هۆزی زەنگنە و دەلۆی بۆ گێڕاوینەتەوە و دەڵێت: هۆزی زەنگنە بەشەو پەلاماری هۆزی دەلۆی داوە، چونكە لەوەوپێش هۆزی دەلۆ دەستدرێژییەكی دڕندانەی كردۆتە سەر هۆزی زەنگنە و ئەمانیش ویستوویانە تۆڵەی بكەنەوە.

لە پاش ئەوەی هۆزی دەلۆ كوژراوەكانیان لە نێو یەك گۆڕدا ناشت، وەفدێكی گەورەیان نارد بۆ كەركووك بۆ پێشكەش كردنی سكالاّ و داوای قەرەبوو. هۆزی زەنگنەش هەلدەقۆزنەوە گۆڕەكە هەڵدەكەنن و تەرمەكانی لی دەردێنن، ئەنجا بە كەلاكی سەگ و هێستر و ئاژەڵی دی پڕی دەكەنەوە و خۆڵی بەسەردا دەكەن و دایدەپۆشن، دوای ئەوە دەست و برد خۆیان دەگەیەننە كەركووك و داوا دەكەن دەزگاكانی میری بێن بە وردی لە مەسەلەكە بكۆڵنەوە، گوایە تاوانیان خراوەتە پاڵ، ئەوانیش كاتێك دێن و گۆڕەكە دەپشكنن ئەنجامی لێكۆڵینەوەكە بۆ بەرژەوەندی



زەنگنە دەبی، قازی لێكۆڵینەوە داوا دەكات هۆزی دەلۆ بە زۆر راگوێزرێن بۆ كفری و ناوچەكانی دەورووبەری، ئیدی لەو رۆژەوە (فێڵەكەی زەنگنە) چووە نێو فەرهەنگی زاراوەكانەوە.

لەو شەڕانەش كە ویگرام بە چاوی خۆی بینیویەتی لە كوردستاندا روویدا، شەڕی نێوان موسوڵمان و مەسیحییەكان بووە، لە راستیشدا ویگرام هەرچەندە خۆی پیاوی ئایین و موژدەبەر بووە بەلاّم لەو شەڕەدا هەڵوێستی بی لایەنی پیشان داوە و لای مەسیحییەكانی نەگرتووە، بەڵكو بە پێچەوانەوە هەڵوێستی موسوڵمانەكانی پەسەند كرد.

ویگرام باسی كەسێتییەكی كوردی بۆ كردووین، كە یەكێكە لە سەرۆكە ناودارەكانی كورد و ناوی بەدرخانە، نەك میر بەدرخان كەوا دژی دەوڵەتی عوسمانی شۆڕشی بەرپا كرد، بەڵكو ئەو كەسەی كە سەركردایەتی كۆمەڵەكەی كرد كە لە كوردی مەسیحی و كوردی موسوڵمان پێك هاتبوون، هەردوولایان وەك یەك هۆگری گۆڕەپانی جەنگ بوون، (شەماس)ی یەكی لە گوندە مەسیحییەكان سەركردەی راستەوخۆی پلە دووی دوای خۆی بوو، ویگرام دەڵێت: دیار بوو ئەو (ئاغا) یە هیچ جۆرە جیاوازییەكی لەبەرچاو نەگرتووە یان نەی ویستووە زیان بە میوانەكەی بگەیەنی، ئەوەی بۆ ویگرام نمایش كردووە دەرچوونی هەر جۆرە سكالاّیەك لەوەوە یان لە خزمەتكارەكانییەوە دەربچی ئەوە بەلای كەمەوە هەر جارەی دوو كورد لە سێدارەدەدا، ویگرام دەڵێت، لە راستیشدا ئێمە دوودڵ بووین خۆمان بخەینە باری ئەوانەوە ئەو چاكەیە دەڵێن، بەلاّم بەدرخان بەگ وەك جەنەڕاڵ رۆبەرت كرۆفۆرد بوو. بەوە ناسرابوو كت و مت هەڕەشەكانی جێبەجی دەكات (١٧٦).

ویگرام ئەنجا باسی ساڵی **١٩٠٣** دەكات، كاتێك كت و پڕ شەڕ لە نێوان هۆزی ئەو بەدرخانە بەگ زادەیە و مەسیحییەكانی ناوچەكەدا رووی داوە، ویگرام لەم بارەیەوە دەڵێت: ئەگەر ویژدان رەچاو بكەین دەبی ئەو راستییە بدركێنین كە مەسیحییە سەرگەرمەكان هەرچییان لە تواناداا بوو كردیان بۆ وروژاندنی خەڵكەكە و ئاگرنانەوە.

ئەوە بوو گەمەیەكی بێفەڕ و پیسیان پێڕەو كرد ناكۆكی تایفەگەری نێوان شیعە و سونەی موسوڵمانیان وروژاند ناوی سەگیان خستە پاڵ (وەلی) موسوڵمانان و سووكایەتییان بە ناوی (مەلا)ەوە كرد، ئەنجا هەردوو لایان كرد بە گژی یەكتردا، ئاگری شەڕ گەیشتە خەڵكی خێرخوازو بێوەی لە دراوسی بەگ زادەكانیان، بۆیە جێی سەرسوڕمان نەبوو كاتێك هاوپەیمانییەكیان دژی گوندی (ماوانە)ی تاوانبار سازكرد، كەوا لە شەڕێكی گەرمدا بوو لەگەڵ

گوندی (بلولان)ی مەسیحییی هاوپەیمانیدا بۆیە (ماوانە) بووە شکارێکی ئاسانی بەردەست (١٧٨).

بە بی ئەوەی ئاماژە بۆ ئەو تێکراییانە بکەین، کەوا ویگرام لەم بارەیەوە دەیگێڕێتەوە، دیارە کێشەکە نزیکەی چوارده ڕۆژ بەردەوام بووە تا (شماش)ی خزمەتکاری کەنیسە کە کابرایەکی دەمارگیر بوو لەگەڵ کۆمەڵەکەیدا لە پیاوانی گوندی (ماوانە) کەوتنە ژێر ڕەحمەتی ژمارەیەك لە کوردە موسوڵمانەکان و لە گوندێکی بچووکدا گەمارۆدران.

لێرەدا ویگرام دەڵێت : بۆ خواش بیڵێم کوردەکان کاتێك زانییان شماس لە نێوان دوژمنەکانیاندایە (باشیش ئاگادار بوون لە کردەوەکانی لە شەڕی پێشوودا) ئەوەیان بۆ پێشنیاز کرد بە ئازادی و سەربەرزی لە گوندەکە دەرچێت، ئەوە بوو بەدرخان خۆی سەرکردایەتی شالاوەکەی دەکرد.

پێش ئەوەی تەقە بکات، هاواری کرد و وتی، ئەی شماس هیچ ناحەزییەکمان لەگەڵ تۆو (ئاغا جان)ی ئاغات نییە دەرچۆ دەرەوە و بە دڵنیاییەوە ڕێی خۆت بگرە و بڕۆ ئێمە لێرەدا لەگەڵ دوژمنەکانی خۆماندا هەموو شتێك دەبڕینەوە (١٧٨).

شماس لەوەلامدا بەوپەڕی سووربوونەوە لەسەر هەڵوێستی خۆی وتی من سوپاست دەکەم، بەلام لێرە لە نێوان براکانمدام و وەك جەنگاوەریش لەگەڵ ئەواندا بە ڕێی خۆما دەڕۆم، ئەوە بوو شەڕێکی سەخت و دڕندانە قەوما و مەسیحییەکان هەموویان تیاچوون، ویرای ویگرام ئەو هەڵوێستەی دەربڕی، بەلام دەربارەی مردنەکەی شماس وتی (باشترین مردن مرد کە هەموو پیاوێك ئاواتی بۆ دەخوازی) (١٧٩).

لە پاش ئەوەی نموونەی جەنگی نێوان دوو دەستەمان لە کوردستاندا سەرنجدا، بە بی ئەوەی دەستی حکوومەتی تیا بی، ئێستا با سەرنجی گێچەڵ کاری هۆزێکی کورد لەگەڵ دەسەلاتی حکوومەتدا بدەین، مەبەستیشمان هێرشی هێزی هەمەوەندە دژی هێزەکانی عوسمانی کە خاکی کوردستانیان داگیر کردبوو.

مێجەر سۆن دەڵێت : لەم ڕۆژانەدا لە نێو بازار و چایخانەکاندا تەنها یەك بابەت بووە تەوەرەی گفتوگۆ، ئەویش هەمەوەندە، کە ئەوەیان دەخستە بەر گوێمان بە نیازن سلێمانی داگیر بکەن (٢٧).

لە پاش چەند ڕۆژێك، سۆن خەریك بوو بە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر بزووتنەوەکانی حکوومەت بۆ سزادانی هەمەوەند، کە پڕوپاگاندەی ئەوەیان کردبوو یەکەی هێزی ئەنادۆڵ و



ولاتی نێوان دوو ئاوان لە چەمچەماڵ کۆمەڵ دەبەستن. سۆن لە میانەی ئەو نامانەی لە بەغدا و موسڵەوە پێی دەگەیشت، کەوتە تەقەڵلای دووپات کردنەوەی ئەو پڕوپاگەندانە. ئەوە بوو بۆی دەرکەوت (٣٠٠٠) یان (٤٠٠٠) سەربازی پیادە و ئێستر لەوێن کۆمەڵیان بەستووە بۆ هێرش بردنە سەر نزیکەی ٢٠٠ سواری هەمەوەند، بەلام هەمەوەند هێز و توانستی زیاتری خستە بەر خۆیی و چەمچەماڵی داگیرکرد و نزیکەی ٢٧ سەربازی کوشت.

لەو دیدو بۆچوونانەی کە سۆن دەربارەی دابونەریتی جەنگ لای کوردەکان تۆماری کردووە دەڵێت : کاتێك هۆزی هەمەوەند سوپای تورکیان لە ناوچەی بازیان بەدیل گرت، هێزەکە بەسەرکردایەتی (موقەدەم — بەکباشی) و دوو نەقیب (یوز باشی) بوو، سەرکردەی هێزەکە و گەلێك سەربازی دی کوژران، سوپاکە ژنیشی کەوتبووە تەك کە دیار بوو لە ترسی هێرشی هەمەوەنددا سلێمانییان بەجی هێشتبوو، سۆن لە ژنێکی هەمەوەندی بیستبوو لەوانەی ڕاسپێرا بوون بە پشکنینی جل و بەرگی ژنانی تورك. چونکە پیاوانی هەمەوەند لایان جوان نەبووە خۆیان ژنە بەدیل گیراوەکان بپشکنن، سۆن کە ماوەیەکی زۆر لەگەڵ کوردەکاندا ژیا بوو دەربارەی ئەم بابەتە دەڵێت : کورد تەنانەت ئەوانەشیان زۆر کۆچەرن لە شەڕا هەستی ژنان بریندار ناکەن، هەمەوەند هۆزێکن لە کاتی نوێژدا گشت جۆرە کار و کردەوەیەکی شەڕ و داگیرکردن رادەگرن (٣٠).

لەو نموونانەش کەوا دڵی ناحەزانیشی خۆشکردووە هەڵوێستەکانی شێخ مەحموودی نەمرە چ لە کاتی جەنگ و چ لەو ڕەوشتە بەرزانەی لە جەنگدا نواندوویەتی، (کلارك)ی ئەفسەری سیاسی دەسەلاتی ئینتیداب ساڵی ١٩٢٤ ئەمەی بۆ هاملتۆن گێڕاوەتەوە دەڵێت، ئەوەی کارتێکەری توندی لەسەر دەروونی هەبوو، ئەوە بوو شێخ ویرای نوشوستی سەربازی، هەر لە خەباتدا بوو، لەوەش سەرنج ڕاکێشتر ئەوە بوو ڕەوشتی بەرزی لەگەڵ ئێمەدا بە درێژایی جەنگ هەر وەك خۆی مایەوە، تەنانەت لە دوای بۆردومانکردنی سلێمانیش، ئەوەی بەڵگەی ئەم راستییەیە ئەوە بوو، دوو ئەفسەری بەریتانی بەدیل گرتبوو، لەو ماوەیەدا نەخۆش کەوتن، شێخ کە زۆر بە جوانی سەودای لەگەڵ دەکردن، نامەیەکی بۆ ناردین تیایدا داوای پزیشکێکی کرد بۆ ئەوەی چاودێرییان بکات، ئەوەشی لە نامەکەدا نووسیبوو کە ئەگەر تەندروستیان مەترسی لە سەر بی، ئەوە ئامادەیە ئازادیان بکات یان دەیاننێری بۆ بەغدا، ئەوە بوو پزیشکەکەمان نارد و شێخ ڕێزی زۆری لێناو و بردی بۆ لای دیلەکان، کاتێك تەماشای کردن بۆی ساغ بووەوە کە بە هۆی حاڵەتی دیلییەوە دووچاری نەخۆشییەکی ساکار بوونەو تەندروستیان مەترسی لێناکری. ئەوە بوو

پزیشکەش بڕیاری دا راستی بڵی چونکە پیشەکەی ئەوەی بەسەرا دەسەپێنی راستگۆ بێت، بەلاّم شێخ وێڕای راپۆرتی پزیشکەکە ئازادی کردن (٩٩).

باسیل نیکیتین (١٩١٥-١٩١٨) باسی دزی و رێگری لە کوردستاندا دەکات، ئەم بابەتەشی لە پتر لەسەرچاوەیەك باسکردووە و ئێمەش زیاد لە شوێنێکی ئەم کتێبەدا ئاماژەمان بۆ کردووە، بەلاّم سەرنجەکانی نیکیتین جێی بایەخن، دەڵێت : مایەی ئەوپەڕی شەرمەزارییە بۆ رێگر لە نەریتی کوردەواریدا پەنا بەرێتە بەر فێڵکردن بۆ رووت کردنەوەی خەڵك، بەڵکو ئەوە بە پێویست دەزانی متمانە بکاتە سەر هێز و توانست و بوێری خۆی و ژیانی بخاتە مەترسییەوە، نەریتی کوردەواری ئەوە دەسپێنی کە ئەگەر مرۆڤ ناچار بوو رێگری بکات پێویستە خەڵکی لە خۆ لاوازتر بپارێزی، هەرگیز نابی پەلاماری ژن یان پیرەمێرد یان منداڵ بدات، هەر بۆیەش بازرگانەکان لەگەڵ پیاوی پیر و بە تەمەندا بڕی پارە و پوول بۆ پۆستەکان دەنێرن، تا بتوانی چیا و دوڵ و رێگای سەخت ببڕی و کەس توخنی نەکەوی، ئەمەش داب و نەریتی بەرزی کوردەواری دەیسەپێنی و رەوشت بەرزی نەتەوەی کورد لەوانی دی جیا دەکاتەوە (١٣١).

دیارە ئەم نەریتانەش هۆکار بوونە بۆ ئەوەی جیمس کریج ١٨٨٠ خەڵك دڵنیا بکاتەوە و بڵێت، هەر کەسێك نیازی سەفەری کوردستانی هەیە با دڵنیا بێت ئاسایشی تەواو بەرپایە و هەر رێبوارێك رێی بکەوێتە کوردستان کوردەکان دەیپارێزن (٢٠١).

وێنەیەکی دیکە کە ویگرام دەیگێڕێتەوە لە پەلاماری عوسمانییەوە بۆ سەر شێخ عەبدولسەلام بارزانی وەرگیراوە و دەڵێت : هێزێکی سەربازی بە دوای شێخدا دەگەڕا کەوا خۆی و کۆمەڵەکەی خۆیان لەبەر چاو دوژمن ون کردبوو، لەو کاتانەدا منداڵێك دەستگیر دەکەن لە کاروانەکەیان دواکەتبوو، داوایان لێکرد ری و شوێنی شێخیان پیشان بدا، بەلاّم ئەو منداڵە نەبەردە کە هەڵوێستی پۆلائاسا بوو، وەلاّمی دانەوەو وتی (سوێند بی بە شێخی پیرۆز ئاگادارتان ناکەمەوە)، ئەوەبوو هەڕەشەو گوڕەشەیەکی زۆریان لێکرد لەوە زیاتر هیچ زانیارییەکیان لێوەرنەگرت، رێککەوت وا دەبی فەرماندەی هێزەکە تورکێکی بەسۆز دەبی، قایل نەبوو بە توندی سەودای لەگەڵ بکەن، بەلاّم بێگومان سوودی لە رەوشتی بینی، ئەوە بوو منداڵەکەی ئازاد کرد و بە بزەیەکی ساکارەوە رووی لە پیاوەکانی کرد و پێی وتن، لەم جەنگە هیچمان دەس ناکەوی، دەتوانن لە میانەی هەڵوێستی ئەم منداڵەوە پێشبینی ئەو جەنگاوەرانە بکەن، کە ئێمە شەڕیان لەگەلاّ دەکەین. ئەو منداڵە باش دەیزانی دەتوانم بیکوژم، بەلاّم هەڵوێستی لەدژم وەرگرت و سوێندی بە شێخەکەی خوارد وەك بڵێت بەخوا سوێند دەخوات.



بێجگە لەو شەڕانەی لە نێوان کورد و حکوومەت لەدوای یەکەکان، فارسی یان عوسمانی یان ئینگلیزی داگیرکەر روویداوە، ئەگینا ئەوانەی دی بەندن لەسەر ناخۆشی نێوانیان و ئاژاوەی سادە.

وادیارە بابەتی ناحەزی پتر لە هەر شتێکی دی پاساوی هەیە، ناحەزیش لە نێو یەك هۆز یان چەند هۆزێکدا بەرپا دەبێت.

ڕیچ نموونەیەکی لە هۆزی خۆشناوەوە بۆ هێناوینەتەوە، خۆشناویش سی تیرەن، میر محەممەد عەلی، میر محەممەد یوسف و پشدەری، دەڵێن، لە نێوان یەکەم و دووەمدا ناحەزی کۆن هەیە و ئەمەش وایلێکردوون جەنگی نێوانیان بەردەوام بی و لەبەرژەوەندی پاشای باباندا بێت (مەبەستی پاشای سلێمانی میری بابانە)، کە ناتوانی کۆنترۆڵیان بکات تەنیا، مەگەر ژێری خۆی بەکار بێنی و سوود لە ناخۆشی نێوانیان ببینی. جۆگەلەیەك ئاوو ناوبەری هەردوو لایانە و یەك مزگەوتیان هەیە رۆژانی هەینی تیایدا کۆ دەبنەوە و نوێژی هەینی تیا دەکەن دوایش بلاّوەی لێدەکەن، زۆری پێناچی تەقە لەیەکتر دەکەن. تەنانەت جارێك لە نێو مزگەوتەکەدا دەبێتە شەڕیان، نزیکەی ٢٠-٣٠ کەس لەیەکتر دەکوژن، بێگومان ناحەزی دیاردەیەکە لە نێو کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا هەیە، یان ئەوانەی تازە لە دەوری پێشکەوتندان، لە راستیشدا ناحەزی سی رەهەندی خراپی هەیە، یەکەمیان ئەوەی دوای کەوی دەبی یاسا و کارگێری ناوچەکە پشتگوی بخات، کەچی یاسا هۆکارە بۆ رێکخستنی ژیانی کۆمەڵگا، بۆیە بە دەستدرێژی بۆ سەر یاسا دادەنرێت.

دووەمین رەهەندیشی ئەوەیە زۆر جار ئەو کەسەی وا تاوانەکەی ئەنجام داوە ناکەوێتە بەر تۆڵە، بەڵکو دەکەوێتە بەشی یەکێکی دی لە ئەندامانی ئەو هۆزە. تەنانەت رەنگە ئەوەی دەستدرێژی کردبی مردبی و تۆڵەکەی بکەوێتە سەر برای یان کوڕی یان کەسێکی تری نزیکی، ئەمەش پێشێلکارییەکی تەواوە بۆ دادگەری.

سێیەمین رەهەندیشی ئەوەیە دوژمنکاری بەردەوام دەگەیەنی یان ئالۆگۆڕکردنی دوژمنکاری، کەمێکیش لەوانەی دووچاری ئەو گرفتە بوونە بەوە دادەکەون و رێی ئاشتی دەگرنەبەر، لە راستیشدا ئەم مەسەلەی تۆڵە و تۆڵەکارییە، جاری وا هەیە دوژمنی وای لێدەکەوێتەوە کە خۆی هەست ناکات دوژمنە، چونکە مەسەلەکە کۆن دەبی و دەشی بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پیران، بەلاّم دەبی نەوەکان بە پێی نەریتی هۆز هەڵوێستی لێوەربگرن.

لێرەشەوە پێویستە ئەوە بڵێین، تۆڵەکاری رۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە مێژووی کۆمەڵگای کوردەواریدا، حکوومەتە کوردییەکان لەسەردەمی خۆیاندا لە جیاتی ئەوەی ئاگری ناحەزی لە نێوان هۆزەکاندا بکوژێننەوە، کەچی ئەوان لە پێناو بەرژەوەندی خۆیاندا مەسەلەکانیان زیاتر ورووژاندووە پتر رق و کینەیان لە دڵی ئەو دوولایەنەدا کۆکردۆتەوە ئەوەشیان لەبەرئەوە کردووە بۆئەوەی حکوومەتەکانیان لە هەرەس بپارێزن.

زۆر بوونی ئەم دیاردەیە و بڵاو بوونەوەی لە نێو خەڵکدا سەرۆك هۆزەکانی بردۆتە سەر بارێك هەندی لە مەسەلەکان بە پارە ببڕنەوە.

هەندی لە رەوەندەکان ئاماژەیان بۆ ئەم گۆڕانکارییە کردووە، ویگرام لەم بارەیەوە دەڵێت : بە شێوەیەکی گشتی ئەو تۆڵەکارییە بە دڵێکی خاوێن و بە رۆحێکی وەرزشانەوە، بە کەمترین کینە کۆتایی دێت (٢٦٥).

ئەوەی ویگرام بۆی چووە دروستە، چونکە کەمینەیەك هەن هەر زوو دەست و برد خۆیان دەکەنەوە، کەچی ئەوە باوە ناحەز چاوەڕوانی هەلی گونجاو دەکات، دووریش نییە زۆر بکێشی، هەروەها وەك قەرز وایە دەبی بدرێتەوە، ئەمەش ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە مەسەلەی ناحەزی بە بەراورد لەگەڵ ئاژاوە و شەڕی نوی جیاوازە و ورووژان و هەڵچوونی کەمترە، نموونەی ئەوەش گەلێك زۆرە، جاری وا هەبووە دوو کەس ناحەزیی کۆنیان لەدڵ بووە و ناچار بوونە پێکەوە دانیشن، بەڵام شوێنەکە جێی ئەوە نەبووە خاوەن ماف، تۆڵە لەوی دی بکاتەوە، بۆیە رەنگە پێکەوە چاش بخۆنەوە و قسەش بکەن و دواییش هەر یەکە بە رێی خۆیدا بڕوات، ئەمەش ئەوە ناگەیەنی ناحەزییان تەواو، بەڵکو هەلی گونجاو بەرپا نەبووە...

هاملتۆن نموونەیەکی بۆ هێناوینەتەوە و دەڵێت : خاوەن ماف دوای مافی خۆی دەکەوی و ئامادەیە بەدوایدا بچی بۆ جیهانی دووەم و واز لە مافی خۆی نەهێنی.

لەو مەسەلانەی لە بواری جەنگدا بوونەتە جێی سەرنجی رۆژهەڵاتناسەکان ئەوەیە، لە نێو کوردەکاندا باوە کوڕی گەنجی یەکتر وەك بارمتە لە نێو یەکدا بگۆڕنەوە، باسیل نیکیتین ئاماژەی بەمە داوە (٩٩).

دیارە مەسەلەی لەم جۆرە لە کاتی ئاگربەست و راگرتنی شەڕشیدا لە پێناو وتووێژ و دابین کردنی باوەڕ بە یەکتر کردن لە نێوان دوو لای خاوەن کێشەدا ئاساییە، بۆ وێنە میری بابان کوڕەکەی وەك میوان لای شای ئێران داناوە بۆ ئەوەی بۆی دووپات بکاتەوە باوەڕی پێیەتی و ئەیەوی پێوەندی دۆستایەتی لە نێوان کوردستان و ئێراندا هەبی نەك دەوڵەتی عوسمانی، لە



راستیشدا ئەوەی میری بابان کردوویەتی ناچێتە کاری گۆڕینەوەی کوڕەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی بووە بەرامبەر باوەڕی پێبکات و دەست لەو پلان و نەخشانە هەڵگری کەوا بۆی رێکدەخست بۆ گرژکردنەوەی پێوەندی لەگەڵ والی تورك لە بەغدا و ناوەندی دەسەڵاتی دەوڵەت لە ئەسیتانە.

مێجەر کینیت ماسۆن لە لێکۆڵینەوەیەکدا ساڵی ١٩١٩ لە کۆمەڵەی شاهانەی جوگرافیا لە لەندەن خوێندوویەتییەوە، باسیکردووە هەر یەکێك لە کوردستاندا تەمەنی هەژدە ساڵ بەرەو سەرەوە بێت تفەنگ هەڵئەگری و دوو یان سی پشتێنی فیشەك لە ناوقەدی دەبەستی، هەروەها دەڵێت : نەیان ئەزانی چۆن چەکیان پێتەرك بکەن، ئەنجا ئاماژەی بەوە داوە کە یەکێك نییە لە ژێر حوکمی ئێمەدا لە نێو دۆڵی دوو ئاوان رێگامان پێدابی چەك هەڵگری، بەڵام ئەگەر لە کوردستاندا هەوڵی ئەوە بدەین بە زەبری هێز چەکەکانیان داماڵین و ئەو دیاردەیە چارەسەر بکەین، ئەوە دوور نییە کوردەکان لە لای ئێرانەوە پەلامارمان بەدەن، ئەوەش جێی سەرسووڕمانە تفەنگ و دەمانچەکانیان لەو لایەنەوە بۆ دێت، هەندێکیان تازەیە و هەندێکشیان کۆنەیە. ئەگەر لە چەکی هۆزێکیان بکۆڵینەوە دەبینین تێکەڵە لە چەکی تورکی و ئەڵمانی و رووسی، هەروەها ژمارەیەك چەکی باشی فەڕەنسیشیان لایە. هەندی لەو چەکانەش بێگومان کڕاون یان لە رێگای قاچاغچی چەکەوە لە کەنداوەوە دەستیان کەوتووە، هی دیکەش تورکیا بۆی ناردوون. سەرچاوەی بەشێکیشی گۆڕەپانی جەنگە لە نێو دۆڵی دوو ئاوان و ئۆردوگاکان یان ئەوانەی لەسەربازی کوژراوی قەوقازی هەڵی دەگرنەوە یان ئەو تورك و رووسانەی وێڵ ئەبن (٣٣٤).

شمیدت یەکێکە لەو رەوەندانەی بە وردی باسی بەهرەی جەنگاوەری کوردی کردووە، ئەوەی لەو بارەیەوەش تۆماری کردووە لە ئەنجامی کارکردنی بووە لەگەڵیانا، چ لە شەڕ و چ لە نەخشە و پلان دان یان لە بواری ئامادە کاریدا.

شمیدت دەڵێت : ئەوەی بینیوویەتی لە بواری تەکتیکی جەنگی کورددا پێویستی بە دەست و برد و ئارام و چەواشەکاری و رێکردنی شەو و لێك جیابوونەوە هەیە، ئەوان کە لە بواری چەکی قورسدا کەم و کورتییان هەیە لە بری ئەوە دەتوانن خێراتر لە سەربازە نیزامییەکانی بەریتانیا لەسەر خاکی سەخت بجوولێنەوە، لەواقیعیشدا سوپای نیزامی ئەو توانستەی نییە لە قەدپاڵی چیا و شوێنە سەختەکاندا هەوڵی بەرەنگاری کردن بدات.

ئەوان لەبەر ئەوەی تەقە لە دوژمن بکەن یان وێنەیەکیان بگرن، رووەو هەورازەکان بە دار و بەرددا هەڵ ئەکشێن. کورد لە گۆشە نیگای شمیدتەوە بە توانان و لایان ئاساییە (٨-١٠) کاتژمێر رۆژانە رێ بکەن، رێکردنیش لای ئەوان پیادەییە نەك سواری وڵاخ.

نیشان شکاندنیش مایەی شانازی هەموو کوردێکە، ئەم توانستە و سووك پێهەڵگرتنیان هۆکارە بۆ ئەوەی هەموو کوردێك بچێتە ڕیزی پێشەوەی جەنگاوەرانەوە. لە ڕووی چەواشەکاری و هەڵخەڵەتاندنی جەنگەوە شمیدت گوێی لە جەنگاوەرێکی کورد بووە ئەمەی بۆ باسکردووە، گەمارۆی دوژمن دەدەین جار و بار تەقەی لێدەکەین، بۆئەوەی هەراسان بێت، بەلاَم دەروازەیەکی بۆ دەهێلینەوە بۆ هەلاَتن وەك بلێت لێی بێئاگابووینە، ئەویش هەر ناچار دەبی پەنای بۆ ببا، ماوەی دەدەینی گوایە هەولێ خۆدەربازکردن بدات.

کاتێکیش دەکەوێتە ئەو تەقەللایەوە، لە شوێنێکی گونجاوەوە دەستڕێژی لێدەکەین، بێگومان کە لێیشی نزیك ئەبینەوە، چەکە قورسەکانی بێسوود دەبن، ئیدی بە ئاسانی دەگەینە مەبەست (١٠٢).

شمیدت دیسان ئاماژەی بەوە داوە، کە کوردەکان زۆریان پێخۆشە باسی چۆنێتی فریودانی دوژمنیان بگێڕنەوە، بەتایبەت هێزەکانی حکومەت. بۆئەوەی دەست بگرنە سەر ڕەبایەکانی پۆلیس، ئەویش لە میانەی هەڵکەندنی تۆنێل و ئاگادارکردنەوەی پۆلیسەکان بەوەی کە بە تەواوەتی کۆنترۆڵیان کردوون و ئەگەر شوێنەکەیان چۆڵ نەکەن، ئەوە لە ژێرەوە دەیتەقێننەوە ئیدی دەکەونە ئەمری واقیعەوە و خۆیان دەدەن بە دەستەوە.

شمیدت ئاماژەی بۆ شێوەیەکی دیکەی فێڵی جەنگی جەنگاوەرانی کورد کردووە و دەڵێت : هەوڵێکی زۆر دەدەن بۆ ئارام لی هەڵگرتن و ترساندن و هێلاك کردنی سەربازەکانی دوژمن ئەویش لە ڕێگای تیشك خستنە سەر سەربازگەکانیان بە درێژایی شەو بۆئەوەی نەنوون و هێزیان لی ببڕێت، زۆربەی هێرش و پەلامارەکانیشیان بەشەو بە ئەنجام دەگەیەنن تا خۆیان لە هێزی ئاسمانی بپارێزن.

لەو شێوازانەش کەوا کوردەکان لە جەنگدا بەکاری دێنن، ئەوەیە هێزەکەیان دابەش دەکەنە سەر چەند گرووپێکی بچووك، هەر یەکەشیان لە سنووری شوێنی دیاریکراودا ئەرکەکانیان رادەپەڕێنن، ئەوەش لەبەر ئەوەی نەبنە نیشانەیەکی ئەوتۆ کە سەرنجی دوژمن رابکێشی و هێرشیان بەرێتە سەر، هەروەها لە گوندەکانیش دوور دەکەوەنەوە بۆ ئەوەی زیان نەگەیەننە خەڵکی سوەیلی.

پارت لەو باوەڕەدایە لە میانەی هەڵوێست وەرگرتنەوە لەسەر ئاستی کێشەی چەکداری سەرکردایەتی هەلێکی بۆ درەخسی تا گوزارشت لە پلە و پایەی خۆی بکات.



ناوبەری نێوان بەرپرسی رامیاری و بەرپرسی جەنگی لە نێو گەلێك لە کۆمەڵگاکاندا روونە، بەلاَم لە کوردستاندا سەرۆکی حیزب هەر خۆی بەرپرسی جەنگیشە.

پارت باسی ئەو کاتە دەکات، واتە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەم و دەڵێت : کارگێری دەرەوە — مەبەستی دەوڵەتە. کێشەی توند بەربەست دەکات و ڕێگای نادات ئەو جۆرە سەرکردایەتییەش کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، بە دەگمەن و لە ناوچەگەلێکی تەسکدا ماوەتەوە، کەچی لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا چالاك بوو، ئەوەی کە لێرەدا باسی دەکەین پەیوەستە بە باسی ئەوەی جاران رووی دەدا.

لە سیستەمە سیاسییە هۆزگەرییەکاندا هەر یەکە لە ئاغا و سەرۆك لەلایەن (کارگێری رامیارییەوە)- وەك پارت ناوی دەبات — بانگێش دەکرێت. وا بزانم مەبەستی بەرەی بالاَی هۆزە، کە سەرۆکی تیرە و خێڵەکان بانگ دەکات بەشداری جەنگ بکەن، بەمەش ئاغا یان سەرۆك بەرپرس دەبی لە کۆمەڵێك جەنگاوەر.

ئاغای گوندەکان توانستی ئەوەیان هەیە بە شێوەی سەربەخۆ وەك هەمەوەند جەنگ بەرپا بکەن، بێگومان وەك ئەو کۆمەڵە چەکدارانەش کە بەردەوام خەریکی شەڕ و کوشتارن، دەبنە تەگەرە لەبەردەم پێشکەوتنی رامیاریدا.

بۆ وێنە، ئەو هەمەوەندەی بە پشتگیری ئاغا گوندێك داگیر دەکات، پاش ماوەیەکی کورت یان درێژ گوێرایەڵی ئەو ئاغایە نابێت کە پشتگیری کردبوو ئەو گوندە داگیر بکات، ئیدی ئەو هەواڵە رادەگەیەنی کە خۆی ئاغای ئەو گوندەیە، ئەمەش بە مافێکی کەسیی خۆی دادەنێت. کاری لەم جۆرەش لەو ناوچانەدا کە دوورن لە کارتێکەریی هۆزەوە ئاسانتر دەبی، بۆیە فەرماندەی جەنگ ئەگەر لە کارەکانیدا سەرکوتوو بێت ئەوە دەتوانی ناوچەیەك بۆ خۆی کۆنترۆڵ بکات (١١٤-٥).

## زمان و ئەدەب

ژمارەیەکی زۆری رۆژهەڵات ناسەکان بایەخیان بە زمانی کوردی داوە و ویستوویانە لە رەچەڵەك و پێکهاتەکانی بگەن. ئەوە بوو هەر زوو کتێب لەسەر رێزمانی کوردی وپێناسینی زمانی کوردی کەوتە بەر دەست. لە راستیشدا ئێمە هەوڵی ئەوە نادەین گشت ئەو لێکۆڵینەوانە بە تێکرایی نمایش بکەین، چونکە خەریکین لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت (کتێبێك) دەربارەی زمانی کوردی لە دیدی رۆژهەڵاتناسیدا بە ئەنجام بگەیەنین، لەبەر ئەمە وامان بە باش زانی هەر لە سنووری ئەم کتێبەی ئێستادا لەسەر ئەم مەسەلەیە بڕۆین، بە بێ ئەوەی توخنی تێکڕاییەکانی زمانەوانی بکەوین.

لەوکتێبانەی زوو کەوتنە بەر دەست و بایەخیان بە زمانی کوردیدا کتێبەکەی (کارزۆنی)ی قەشەی ئیتاڵی بوو، کەوا سالّی ١٧٨٧ چاپکرا، ئەم قەشە زمانەوانە لە شاری ئامێدی نیشتەجێ بوو، هێندە بە وردی لە زمانی خەڵکی ناوچەکە کۆڵیوەتەوە تا توانیویەتی رێزمانی بۆ دابنێ ووشەکانی کۆبکاتەوە و فەرهەنگێکی بۆ دروست بکات و بیکات بە کتێبێکی ١٨٧ لاپەڕەیی.

لە ساڵی ١٧٨٧ فەرهەنگێکی بەراوردکاری لە زمان و شێوەکاندا لە لایەن (بالاس)ەوە ئامادەکرا، زمانی کوردی یەکێك بوو لەو زمانانەی فەرهەنگەکە لە خۆی گرتبوو.

لە ساڵی ١٨١٤ دا لێکۆڵینەوەکەی (فۆن هەمر) کە تایبەت بوو بە زمانی کوردی و شێوەکانییەوە بە ئەنجام گەیەنرا.

هەر لە هەمان ساڵدا (١٨١٤) لێکۆڵینەوەکەی (کلابورپ) لە زانکۆی میشیگانی ئەمەریکا دەرکەوت، کە تیایدا وشەکانی نێوان کوردی و فارسی و زمانە نزیکەکانیانی بەراورد کرد.

ساڵی ١٨٣٦ لێکۆڵینەوەکەی (هۆرنەل و سجیندەر) دەرکەوت، کە لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی بوو، بەڵام لە پاڵ بابەتی جوگرافیادا بایەخی بە زمانی کوردی دا، ئەمەش مشتێکە



لە خەرمانی، لە راستیشدا توێژینەوەی کوردی بە خامەی رۆژهەڵات ناسەکان روو لە زیاد بوون بوو، لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستەمیشدا ئەدەبی کوردی بوو بە جێی بایەخ و دیوانەکەی شاعیری گەورەی کورد جزیری لە بەرلین ساڵی ١٩٠٤ چاپکرا.

لەو بەرهەمە نایابانەش لەم بوارەدا جێی ئاماژەپێکردنن، توحفەی موزەفەرییە بوو، کەوا (ئۆسکارمان)ی توێژەری ئەڵمانی ساڵی ١٩٠٥ لە بەرلین چاپیکرد، وەك خۆیشی باسیکردووە لە ساڵی ١٩٠١-١٩٠٣ خەریکی بووە و ژمارەیەك بەرهەمی ئەدەبی و فولکلۆری چیرۆك ئامێزی لەخۆگرتووە.

ئۆسکارمان خۆیشی پێشەکییەکی درێژی بۆ کتێبەکەی نووسیوە.

هەندی لەبەرپرسانی بەریتانیا لە پاڵ ئەرکە سیاسی و سەربازییەکانیاندا لە ناوچەکەدا بایەخیان داوە بە زمانی کوردی، وەك مێجەرسۆن کەوا حاکمی سیاسی بوو لە سلێمانی و چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەی لەسەر زمانی کوردی و رێزمانەکەی هەیە و گەلێك وتاریشی لەسەر زمانی کوردی بڵاوکردۆتەوە، هەروەها هەوڵێکی زۆری خستۆتەگەر بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لە سلێمانی و هەنگاوێکیش رۆژنامەنووسیی کوردی بەرەو پێشەوە بردووە.

دەبینین زۆربەی لێکۆڵینەوە رۆژهەڵاتناسییەکان وەك زمانێکی سەربەخۆ و خاوەنی تایبەتمەندێتی و ناسنامەی خۆی سەودایان لەگەڵ زمانی کوردیدا کردووە، تەنانەت زێدە لەوەش هەندی لە رۆژهەڵات ناسەکان بایەخیان بە زمانی کوردی داوە چ پێش ئەوەی سەردانی رۆژهەڵات بکەن یان لە میانەی ئەو لێکۆڵینانەوە کە ئامادەیان دەکرد بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکانیان لە رۆژهەڵاتدا بایەخێکی زۆریان داوە بە زمانی کوردی، بۆ نموونە سێر ویلسۆن دەربارەی رەچەڵەکی زمانی کوردی دەڵێت، کۆنترین زمانی ئێستایە لە وڵاتی ئاسیای رۆژئاوادا (١٧٤).

مینۆرسکی (١٩١٥) باوەڕی وایە زمانی کوردی ئەوە نییە کە هەندێك ئارەزوو دەکەن بڵێن، زمانێکی فارسی گونجێنراوە، بەڵکو زمانێکی سەربەخۆیە و خاوەنی تایبەتمەندێتی خۆیەتی و سیستمێکی زمانەوانی سەربەخۆی هەیە.

پاشان باسەکەی گوێزاوەتەوە بۆ سەر ئەدەبی میللی کوردی کە بە ئەدەبێکی داستان ئامێزی گوزارشتکەر لە داب و نەریتی نەتەوایەتی هەڵسەنگاندووە، هەروەها لەو گۆشەنیگایەوە دەڕوانی کە ئەم داستانە کوردییانە رەگی واقیعییان هەیە و پەنجەی بۆ شاکارەکەی ئەحمەدی خانی (مەم و زین) راکێشاوە.

مینۆرسکی باری لاوازیی لە لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی و باری نیشتنەوەی ئاستی ئەدەبی کوردی لە چاو ئەدەبی گەلانی دیکەی ئیسلامی بە یەکەوە گری دەدات.

پێویستە ئاماژە بۆ کەم بایەخ دان بە زمانی کوردی بکەین، کەوا مینۆرسکی بە هۆکارێکی گرنگی داناوە لەو هۆکارانە کە کاردەکەنە سەر ئەدەب، بە پێی تێڕوانینی ئێمە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکار، لەوانەش هۆکاری سیاسی، چونکە کوردستان خاوەنی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ نەبووە زمانەکەی ببی بە زمانی رەسمی و لە پاڵ ئالای ولاتدا گەشە بکات.

هەروەها کارتێکەریی زمانی عەرەبیش بووەتە هۆکارێك، چونکە لەبەرئەوەی زمانی قورئان بووە، هەر لەو کاتەوە گەیشتۆتە ناوچەکە لە زمانی کوردی زیاتر بووەتە جێی بایەخی رۆشنبیر و زانایانی کورد لە کوردستاندا.

کارتێکەریی هەردوو زمانی فارسی و تورکیش دیسان بوونەتە هۆکاری ئەو لاوازییە، چونکە خوێندەواری کورد هۆگری ئەو دوو زمانە بووە.

(شاهنشاهی و سوڵتانی) ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی زمانی کوردی لە نێو شارستانێتدا گۆشەگیر ببی. ئەگەریش نەفەسێکی کێشابی، ئەوە بریتی بووە لە چەند گوزارشێکی ئەدەبی، لێرەو لەوی سەریان هەڵداوە، دیارە یەکەمین سۆزی نەتەوایەتی و زمانەوانیش خانی مەزن گوزارشتی لێکردووە، کە بۆ یەکەمین جار پارچەیەکی رۆمانی ئەدەبی بە زمانی نەتەوەکەی خۆی هۆنیبیەوتەوە و بوو بە پێشەنگ.

لێرەدا پێمان خۆشە ئەوە روون بکەینەوە کە مینۆرسکی بۆی چووە، راستە پێش خانی شاعیری کورد لە گۆڕی بوونە، بەڵام خانی بەرهەمی کوردی و ناسنامەی نەتەوایەتی راگەیاندووە لە پێشەکییەکەشیدا پارچە پارچە بوونی نەتەوەکەی دیاری کردووە و چارەسەری بۆ داناوە و ئەوەشی روون کردۆتەوە لە نێو نەتەوەی کورددا هێز و توانستی ئەوتۆ هەیە ئەگەر کەش و هەوای لە باری بۆ  بەرپا بێت رادەپەڕی.

مینۆڕسکی باسی یەکەم رۆژنامەی کوردی کردووە، کەوا ساڵی ١٨٩٨ بە ناوی "کوردستان" لە قاهیرە دەرچوو، سەرنووسەریشی میقداد میدحەت بەدرخان بوو، هەروەها وتوویەتی لە پاش ئەو رۆژنامەیە گۆڤارو رۆژنامەی دیکەی دەرچوون، کە مۆرکی نەتەوایەتییان هەڵگرتووە.

مینۆڕسکی باسی پێشینەکانی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی کوردی کردووە و نمایشی ناوی هەندی لەو رەوەندانەی کردووە، کە لە کوردستاندا گەڕاون بۆ مەبەستی ئاشنا بوون بە زمانی



کوردی و تایبەتمەندێتییەکانی وەك، باورن بودی، جیرکوف، خانیکوف، مایفسکی، تومیلوف، ماکسیموفیج.

ئەو بایەخ پێدانانەش کە بوو بە دەروازە، بۆئەوەی زمانی کوردی لە پاڵ زمانەکانی دیدا لە فەرهەنگی بەراوردکاری ئەو زمان و شێوە زمانانەی بە فەرمانی ئیمپیراتۆر خاتوو کاترین (١٧٨٧) دانرا.

وەك لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی بەکارێکی سەرکێش دەدرێتە قەڵەم. هەروەها ئەو کتێبەی کە موژدەبەری کاسۆلیکی ماوریزیو گارزۆنی بە زمانی ئیتالی لەسەر رێزمانی کوردی ئامادەی کردووە لە پاش ئەوەی ١٨ ساڵ ژیانی لە ئامێدی بەسەر بردووە، کەوا لەسەرەوە پەنجەمان بۆ راکێشا.

لەو مەسەلە زۆر گرنگانەش کە لە کتێبەکەی مینۆرسکیدا هاتووە ئەوەیە ئاماژەی بۆ ئەو رۆژهەڵاتناسانە کردووە، کە پێشوەخت بایەخیان داوە بە زمانی کوردی وەك لێرخ کەوا کاتی خۆی چاوی کەوتووە بە هەندی دیلی کورد لە ماوەی جەنگی نەتەوەدا و هەندی دەقی کوردی بڵاو کردۆتەوە و ئاماژەی بۆ ناوی دوو رۆژهەڵاتناسی کردووە، کە لە ماوەی ساڵانی چلەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا سەردانی  کوردستانیان کردووە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی لێکۆڵینەوە لەسەر کورد. دواییش ئاماژەی بۆ هەردوو قونسوڵ (خۆدزکو — أ- ژابا) کردووە، کەوا یەکەمیان لە گۆڤاری ئاسیا (١٨٥٧) وتارێکی دەربارەی شێوەی سلێمانی یان وەك خۆی دەڵێت : شێوەی رۆژهەڵات نووسیوە. دوومیشیان لەسەر خاکی ولاتەکەیان بوو (لە ساڵی ١٨٤٨-١٨٦٦) کەوا خەریکی لێکۆڵینەوەی ئەو شێوەیە بووە کە لە زمانی  کوردییەوە نزیکە (٣٧-٤٠).

سۆن کە سەرەتای سەردانەکەی لە شاری ئۆرفەی کوردستانی تورکیاوە دەست پێکردووە، کاتێك گەیشتۆتە ئەو شارە بینیویەتی کوردەکان ئەو شارە بە شارێکی کوردی دەزانن، سۆن لەم بارەیەوە دەڵێت : وێڕای ئەوەی نەتەوەی دیکە لە شارەکەدا دەژین، بەڵام هەر هەموویان لە کوردی دەگەن. هەروەها دەڵێت : زمانی کوردی تارادەیەك زاڵە بەسەرجێنشینە نامۆکاندا، لەبەر ئەوەش زمانێکی زیندوو و چالاکە دەتوانی ئەوانی دی دوور بخاتەوە.

بەڵام سۆن رووبەڕووی دیاردەیەکی دیکەی چاوەڕوان نەکراو بووەتەوە کە پێچەوانەی ئەوەیە لە ئۆرفە بینی و گوێبیستی بوو، ئەوە بوو لە سلێمانی ئەوەی سەرنجدا وێڕای ئەوەی دانیشتوانی زۆربەی هەرە زۆریان کوردن — وەك ئەو دەڵێت — بەڵام لە زمانی فارسی باشتر لە شێوە زمانەکانی کوردی باکوور و رۆژهەڵات دەگەن (٢٥٢).

بەگشتیش سۆن ئەوەی بۆ ساغ بووەتەوە کوردەکان پتر ئارەزوومەندی ئەوەن زمانی فارسی فێربن، چونکە مەیلیان بۆ زمانی تورکی کەمترە (١٥٤).

سۆن لەسەرەتای باسەکەیدا دەربارەی زمانی کوردی دەڵێت : ئەم زمانە هەندی شتی بۆ هەڵبەستراوە، رەنگە ئەوەش پەیوەست بێ بە باری سیاسی گەلی کوردەوە لەبەر ئەوەی سەربەخۆ نین بۆیە زمانەکەیان بە شێوەیەکی ناڕێکی زمانی فارسی یان عەرەبی دەدەنە قەڵەم.

سۆن هەوڵی نەداوە ئەم پەیك بوونە زمانەوانییە لە رووی سیاسی و رەسەنەوە شیبکاتەوە وەك چۆن لە سەرەوە باسمانکرد، بەڵام راوەستانێکی دادوەرانە وەستاوە بۆ دەرخستنی راستییەکان، رەنگە کوردێکی زمانەوان هێند بوێر نەبی ئەوەی لێبووە شێتەوە.

سۆن لەو باوەڕەدایە زمانی کوردی توانستی ئەوەی هەیە رەوانی و رەسەنایەتی خۆی بخاتەڕوو، چونکە بە پێی دیدی ئەو بە زمانێکی تەواو دادەنرێت و لەڕووی سینتاکس و مۆرفۆلۆژییاوە دەوڵەمەندە و بە تەواوەتی لە وشەی عەرەبی پاك بووەتەوە.

سۆن دەڵێت : زمانی کوردی زمانی فارسیی دەوڵەمەند کردووە، بەڵام بە داخەوە وشە رەسەنە ئاری نەژادە کۆنەکانی کە لە پێشیا بەکار دەهێنران لە بیر کراون (١٧٢).

سۆن دیارە ئەیەوی گلەیی ئەوە لە زمانی کوردی بکات، کە قوربانی بە وشەی رەسەنی ئاری داوە و وشەی دیکەی زمانانی غەیرە ئاری هێناوەتە ناو، لە راستیشدا ئێمە نامانەوێت بچینە نێو قوولایی ئەم باسەوە و سنووری کتێبەکە ببەزێنین.

سۆن لە شوێنێکی دیکەی یادداشتنامەکانیدا دەڵێت : لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی ئەوە روون دەکاتەوە ئەم زمانە دووچاری گرفتی زمانەوانی بووە، هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە خاوەنی ئەدەبێکی کوردی دروست کراوە.

لە راستیشدا ئەوەی سۆن ئاماژەی پێداوە دەربارەی ئەدەبی کوردی مایەی نیگەرانی خوێنەرە، خوێنەرانی کورد کە زۆربەیان پیاوانی ئایینن بایەخی زۆریان بە زمان و ئەدەبی فارسی داوەو هۆگری بوونە، تەنانەت بووەتە بەشێك لە خوێندنی ئایینییان لە مزگەوتەکاندا، ئەوەش بێگومان کاری کردۆتە سەر زمان و ئەدەبی کوردی.

سۆن لەسەرنجەکانیدا ئاماژەی بەوە داوە، کەوا کوردەکانی باشوور لە دڵەوە سۆزیان بۆ زمانی فارسی دەچی، هەر لەبەرئەوەشە شاعیرانیان بەو زمانە دەنووسن و زمانەکەی خۆیان پشتگوی خستووە، هەروەها لە ناوچەکانی کوردستانی تورکیاش زمانی کوردی بابەتی خوێندن نییە.



لەسەر ئاستی ئەدەبیش دەبینین ئەدەبی کوردی ناتوانی بەرامبەر ئەدەبی ئەو دوو هێزە مەزنە بووەستی، بەڵام وێڕای ئەو واقیعە رابەرانی ئەدەبی کوردی توانییانە بناغەی ئەدەبی کوردی دامەزرێنن.

هەر بۆیەش ناوی مەلای جزیری، بابا تاهیری هەمەدانی، خانی و عەلی تەرەمۆخی و.... دێنی. ئەو رۆڵە مەزنەیان دەخرێتە پاڵ، ئەو ئەدەبەش لەگەڵ هەستی نەتەوایەتی گەشە دەکات، ئەگەریش بەرهەمی ئەدەبیانی ئێستا لەگەڵ بەرهەمی ئەدیبانی سەرەتای سەدەی بیستەم کە سۆن ئاماژەی بۆ کردووە بەراورد بکەین دەبینین بە رادەیەکی باش گەشەی کردووە و پێشکەوتنی بە خۆوە بینیوە.

سۆن (٧٥) لە میانەی دیدو بۆچوونەکانییەوە سەبارەت بە زمان و ئەدەبی کوردی دەربارەی ئەحمەدی خانی دواوە و زۆر بە لێهاتوو و بەهرەوەر باسیکردووە و ئاماژەی بۆ بەرهەمەکانی کردووە و دەڵێت، لە دانانی فەرهەنگێك بۆ فێربوونی زمانی کوردی کە ٢٠٠٠ وشە لەخۆ دەگری و بە شیعر رێکیخستووە هونەرێکی گەورەی نواندووە.

لە راستیشدا خانی بە شاکارەکەیەوە (مەم وزین) بەناوبانگە کە رۆمانێکی شیعرییە و ئاستی هونەری دەگاتە ریزی شاکارە ئەدەبییەکانی جیهان، گەلێك لە رۆژهەڵاتناس و پسپۆرو خوێنەرانی رۆمان ئەم راستییە دووپات دەکەنەوە و بە بەرز هەڵیدەسەنگێنن، هەر بۆیەش وەرگێڕدراوەتە سەر هەندی زمانی دی.

سۆن لە باسی دوو سەدەی مێژووی سلێمانیدا دەڵێت : ئەم شارە چەندین شاعیری تیا هەڵکەوتووە و خزمەتی ئەدەبی کوردییان کردووە، بە پێی دید و بۆچوونی سۆن (نالی) باشترین شاعیری سلێمانی بووە.

سۆن لەو باوەڕەدایە شیعری کوردی سلێمانی ناسك و ئەفسووناوییە، وەرگێڕاندنیشی جوانییە رەسەنەکەی لە دەست دەدات، چونکە بەپێی بۆچوونی ئەو جوانی ئەو پارچە شیعرانە لەسەر رەوانبێژی زمان بەندە و دەستەواژە پتر لە بیرۆکە رۆڵی تیا دەبینی. هونەری شیعری فارسی تیا رەچاو کراوە، هەر بۆیەش، شاعیرانی کوردی سلێمانی چێژ لە شیعری فارسی دەبینن.

هەروەها سۆن دەڵێت : زۆربەی شیعری کوردی شیعری دڵداری و خۆشەویستییە و ئەندێشەی تێکەڵاوە و وەك شیعری فارسی جوانی زەق لەبەرچاوە و وشەبازی یەکێکە لە نیشانەکانی ئەوەشی دووپات کردۆتەوە گەلی کورد بەهرەمەند خۆڵقاوە و خاوەنی گشت توانستەکانە لە بواری هەستی زمانەوانیدا (١٧٦-٧).

سۆن لە یادداشتنامەکانیا دەقی وەرگێڕدراوی ئەدەبی و فۆلکلۆری تۆمار کردووە، ئاماژەشی بەوە داوە کە توانستەکانی گەلی کوردی زۆر بە دڵە بۆیە خستوویەتییە ریزی وڵاتانی ئەورووپاوە، بەڵام پێش (٦٠٠) ساڵ واتە ئەو پێشکەوتنە ئەدەبی و رووناکبیرییەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە کوردستان بینیویەتی، وەك ئەوەیە پێش ٦٠٠ ساڵ ئەورووپا بەخۆیەوە بینیویەتی، جیاوازییەکەش ئەوەیە ئەورووپا پێشکەوتووە، بەڵام کوردستان رێی پێشکەوتنی نەدراوە، ئەمەش سەرنجێکە شایانی بایەخ پێدانە. رەهەندی ئەوتۆی تیایە یارمەتی لێکۆڵەر دەدات بۆ مەسەلەی بەراورد دەستنیشان کردنی تایبەتمەندییەکان، بۆ گەیشتن لەوەی کورد تۆوی شارستانێتی و پێشکەوتنی تیایە، بەڵام رامیاری بووەتە تەگەرە لە رێیدا بۆ ئەوەی ٦٠٠ ساڵ لە ئەورووپا دواکەوی، کەچی لە بناغەدا هیچی لەو کەمتر نییە (١٨١).

ئەدمۆندز هەڵوێستێکی توندی بەرامبەر ئەو رەوەندانە وەرگرتووە، کەوا بە هەڵەدا چوون و وایان لێکداوەتەوە زمانی کوردی شێوەیەکی زمانی فارسییە، ئەمە بە بۆچوونی زۆر بە هەڵە دەزانی و دەڵێت، وێڕای ئەوەی پێوەندی خێزانی زمانەوانی لە نێوانیانادا هەیە، بەڵام جیاوازییەکی فراوانیش لەڕووی جوگرافی و مێژووەوە لە نێوانیاندا هەیە (١١).

ئەدمۆندز ئاگاداری کردووینەتەوە، کەوا زمانی فارسی زمانی چینی باڵای کورد بووە، کە ئەدیبەکانن، کەوا کوردەکانی باشوور بەکاریان هێناوە و لە هەردوو زمانی عەرەبی و تورکی بە باشتریان زانیوە (١٤٦).

ئەدمۆندز دەربارەی هۆی ئەم بە باشتر زانینەیان دواوە و دەڵێت، گرنگ نییە چینی باڵا بە زمانی فارسی بدوی، یان فارسی ببی بە زمانی ئەدەب، بەڵام مەترسی لەوەدایە ئەم چینە زمانەکەی خۆی کە کوردییە وەلاوەنێت.

کە ئەمەش دەبێتە هۆی پتر بەکارهێنانی زمانی فارسی لە نێو خەڵك و لای ئەدیبان، بێجگە لە زمانانی دی. ئەوەش کێشە نییە کورد عەرەبی و تورکی بەکارنەهێنن، بەڵکو کێشە ئەوەیە زمانە کوردییەکەی خۆیان بەکار نەهێنن.

لەو باوەڕەداین ئەم دیاردەیە هۆکاری سایکوسۆسیۆلۆژی (زانستی دەروونناسی کۆمەڵایەتی) هەیە، کە بە گرێی سیاسەتی کوردەوە بەستراوەتەوە، چونکە زمانی کوردی زمانی دیوان یان زمانی ئیمپراتۆر نەبووە، ئەمەش وای لەو چینە باڵایە کردووە بە چاوی بچووك بڕواننە زمانی کوردی ئەمە لە لایەك لە لایەکی تریشەوە ئەو ناوچەیەی ئەدمۆندز باسیکردووە، نزیکترە لە شارەکانی فارسەوە لە چاو شارەکانی تورك یان عەرەب وەك بەغدا و



سیتانە، ئەمەشمان بۆیە لەبەر چاوگرت چونکە ئاخاوتنەکەی ئەدمۆندز لە میانەی ئاماژەکردنی بۆ نامە گۆڕینەوەیەك لە نێوان خۆی و هۆزی جافدا هاتووە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنی کەوا جاف بە تەنها زمانی فارسییان کردووە بە زمانی نووسین و خوێندنەوە، بەڵکو سلێمانی هەمووی متمانەیان کردۆتە سەر زمانی فارسی و بە زمانی رەسمییان داناوە، وەك لە یادداشتنامەی گەلێك لە رۆژهەڵاتناسەکاندا هاتووە.

لە راستیشدا زمان نییە شێوەی نەبێت، بۆ نموونە زمانی عەرەبی چەندین شێوەی هەیە، هەر وڵاتێکی عەرەب شێوەی زمانی خۆی هەیە، شێوەی ناوخۆیشی لی دەبێتەوە بۆ وێنە، شێوە زمانی خەڵکی قاهیرە وەك شێوە زمانی خەڵکی ئەسکەندەرییە نییە، هەروەها لە عێراقیش شێوەی زمانی خەڵکی موسڵ وەك بەسرە نییە، تەنانەت شێوەی زمانی کەرتەکانی یەك شاریش دیسان بە گوێرەی جیاوازی جوگرافیای شارەکە دەگۆڕێن.

هەروەها لە نێو هۆزەکانی یەك نەتەوەشدا ئەم جیاوازییە هەر هەیە، بۆ نموونە شێوەی زمانی هۆزی قورەیش لەگەڵ سەرەجەم شێوە زمانەکانی دیکەی هۆزەکاندا جیاواز بووە، بەڵام لە رێگای قورئانی پیرۆزەوە بوو بە زمانی رەوانی گشت عەرەب. زۆر جاریش شێوە زمانێك بەرە بەرە دەبی بە زمانی ستاندار لەنێوان شێوازەکانی تریدا بەهۆی جا ئەوەش حوکوم رانانی وڵات بێت یان هۆی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە دوا بێت، گرنگ ئەوەیە ئەو دەوڵەتە بتوانی زمانێکی ئەوتۆ بەکاربێنی گشت لایەنە رەسمییەکانی رەچاوی بکەن.

ئەگەریش بگەڕێینەوە بۆ زمانی کوردی کەوا باوەڕمان وایە شێوەی (زمانی رەوان) یان رەسمی دەبی لە میانەی یەکێك لەم دوو رێگایەوە پێڕەو بکرێت

یەکەم : شێوە زمان بۆ ئەوەی ببی بە زمانی رەسمی دەبی بە دامەزراندی دەسەڵاتێکی سەربەخۆوە گری بدری.

دووەم : پەرەسەندنی لەسەرخۆ و هێمن، کە گشت شێوەکانی زمان بگرێتەوە. ببێتە مایەی سەرهەڵدانی چالاکی داهێنەرانە بۆ ئەوەی رۆڵی کاریگەر بگێڕی، بەڵام بە هەنگاوی دروست بەرەو و چەسپاندنی شێوەیەك کە گشت رۆڵەکانی گەلی کورد پەسەندی بکەن.

ئەدمۆندز بەرەو رووی نەخشەی ئیمارەتە کوردییەکانمان دەکاتەوە کەوا تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم حوکمی کوردستانیان دەکرد. ناوی ئەمانەشی هێناوە، ئیمارەتی بادینان کە زاخۆ و دهۆك و ئاکری و ئامێدی و زێباری دەگرتەوە، ئیمارەتی سۆران کە حوکمی گشت پارێزگای هەولێری دەکرد، ئیمارەتی بابان کەوا سلێمانی و بەشێکی کەرکووکی دەگرتەوە،

ئەدمۆندز لەم بوارەدا هەندی زانیاری تۆمارکردووە کەوا لە سەرچاوە مێژووییەکانەوە وەری گرتووە، کە بێگومان یادداشت نین، بەڵکو زانیاری گەلێکی مێژووین، پێوەندییان بە رووداوەکانی پێش ئەدمۆندزەوە هەیە لە ناوچەکەدا.

ئەدمۆندز وای بۆچووە شێوەکانی زمانی کوردی تاڕادەیەك پەیکی دابەش کراوە سیاسییەکانن، پاشان دەڵێت، لەڕووی زانستییەوە دەشی گشت شێوەکان دابەش بکەینەسەر دوو کۆمەڵەی بناغەی، یەکەمیان بە کۆمەڵەی باکوور ناو دەبات و شێوەکانی ئەو ناوچەیە دەگرێتەوە کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای ئەو هێڵەی لە کەناری باشووری دەریاچەی ورمێوە درێژ دەبێتەوە تا ئەو شوێنەی زێی گەورەی لی لا ئەدا، کاتێك روو دەگۆڕی لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە بۆ باشووری ڕۆژئاوا دواییش بەردەوام دەبێت تا دەگاتە دیجلە.

بەڵام کۆمەڵەی باشوور شێوە باوەکانی زمانی کوردی دەگرێتەوە لەو ناوچانەی دەکەونە نێوان ئەو هێڵەی لە سەرەوە کێشامان، واتە ئەوەی لە کەناری دەریاچەی ورمێوە دەست پێدەکات تا دەگاتە ئەو شوێنەی زی لەگەڵ دیجلە و سنووری باشووری کوردستان کۆتایی پی دێت. بەمەش ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ئەدمۆندز ئەیەوی بیڵێت دەربارەی شێوەکانی زمانی کوردی لە باکوور و باشووردا (١٤).

شمیدت لەو باوەڕەدایە ڕێگای سەخت و دوور بوونی ناوچە جوگرافییەکان لەیەکەوە بووەتە مایەی دواکەوتنی کوردەکان و هۆی جیاوازییەکی زۆر لە نێوان شێوەکانی زمانی کوردیدا و مانەوەیان چەند سەدەیەك لە چوارچێوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا، لە ژێر پەردەی کۆمەڵەی ئیسلامی و کوشتن و بڕین و تیرۆری نەخشە بۆ دانراودا.

شمیدت ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە چیرۆکی میللی کوردی بەدڵە چونکە نیشانەی ئەندێشەی بەرینی پێوەیە و لە کۆتی (عەگاڵ) رزگاری بووە.

شمیدت دەربارەی چیرۆکی میللی کوردی (حیکایەت) دواوە و باسی ئەوەی کردووە چۆن دانیشتوانی کۆڕ دەورەی ئەو کەسە دەدەن کە چیرۆکیان بۆ دەگێڕێتەوە، ئیدی چیرۆك لە دوای چیرۆك پێشکەش دەکرێت و هەموو بە بیستنیان شاد دەبن. شمیدت ئاماژەی بۆ نموونەی هەندی لەو حیکایەت و بەسەرهاتانەی کردووە (١٩٩).

شمیدت لەو باوەڕەدایە ڕۆحی گەل لە گۆرانی و شیعر و داستانەکانیدا رەنگ دەداتەوە، هەروەها لە چیرۆکی فۆلکلۆری و ئایینەکەیدا.



هەر ئەمەش وای لە کوردەکان کردووە شانازی بە سامانی ئەدەبی و فۆلکلۆری خۆیانەوە بکەن، ئەگەر شمیدتی ئەمەریکی ئەم راستییەی درکاند بی، کەوا گشت گەلانی جیهان دەگرێتەوە لە هەمان کاتیشدا لەم بوارەدا تایبەتمەندێتییەکی روون بە کورد دەبەخشی کاتێك لە سەرەتای شەستەکاندا سەردانی کوردستانی کرد و بە گوندەکانیدا گەڕا. ئەوە دووپات دەکاتەوە داستانەکانی گەلی کورد و چیرۆکە فۆلکلۆرییەکانی لە مەڕ کوردە پتر واقیع بینانەن و گرنگییان بۆ کورد بە بەراورد لەگەڵ ئەمەریکا زیاترە.چونکە ژیانی کوردەواری ساکاری بە سەردا زاڵە و سەرباری ئیش و کاریش. ئاواز و گۆرانی چالاکی هونەری لەخۆ دەگری.

شمیدت لە میانەی باسەکەیدا منداڵێکی کوردی لەگەڵ منداڵێکی ئەمەریکاییدا بەراورد کردووە، کەوا دووەمیان لە میانەی کتێبی وێنەداری جوان و شاشەی تەلەفزیۆنەوە ئاشنای داستانەکانی گەلەکەی دەبی. کەچی منداڵی کورد دەبی راستەوخۆ لە لایەن ئەندامانی خێزانەکەیەوە گوێبیستی داستان و چیرۆکە میللییەکانی گەلەکەی بی، کە لە راستیدا ئەو چیرۆکانە تێکەڵی هەست و سۆزین.

شمیدت باسی دیارترین بابەتەکانی ئەو چیرۆکە کوردییانەی بۆ کردووین، کەوا بۆیان گێڕاوەتەوە یان رەنگە بۆیان وەرگێڕابی. دەربارەی راو و ڕێبڕین و پاڵەوانێتی و بەخشندەیی و لێبوردن و نیشان شکاندن و دان بەخۆدا گرتن و شەرەفمەندی، تۆڵەسەندنەوە و ئەندێشەی شەڕ و میوانداری و جوامێری و ژیری ژنان.

شمیدت دەڵێت : ئەم داستان و چیرۆکە میللییانە رەگی گەشەسەندنی ئەدەبی کوردین، وا دیارە شمیدت وەك ڕۆژنامەنووس سەردانی کوردستانی کردووە، بەڵام وەك زانایەکی ئەثرۆپۆلۆژی یان بە کوردکراوێکی ڕۆژهەڵاتناس گەڕاوەتەوە، چونکە ئەو بەشەی کتێبەکەی بۆ گەشەسەندنی ئەدەبی کوردی تەرخانی کردووە هێند دەوڵەمەندە، ئەگەر نرخی لەهەر لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژهەڵاتناسی زیاتر نەبی کەمتر نییە لەوانەی دیدوبۆچوونی خۆیان دەربارەی کۆمەڵگای کوردی تۆمار کردووە، بەڵام بایەخێکی ئەوتۆی بە مەسەلەی ئەدەبی نەداوە.

شمیدت باسی رابەرێتی لە ئەدەب و زمانی کوردیدا بە عەلی تەرمۆخی دەست پێکردووە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا رووبەڕووی چەند گریمانەیەکمان دەکاتەوە دەربارەی ئەو ماوەیەی تیایدا ژیاوە، کە هەندێك دەڵێن لە سەدەی دەیەمی زایینیدا ژیاوە، هی واش هەیە دەڵێن لە سەدەی پازدەیەمدا و هی دیکەش دەیگەڕێننەوە بۆ سەدەی شازدەیەم.

شمیدت ئاماژەی بۆ جزیری کردووە کە بە رابەری شیعری سۆفیگەری کوردی دادەنرێت و لە سەدەی پازدەیەمدا ژیاوە، دواییش ناوی خانی هێناوە و بە بالاتمای ئەدەبی کوردی داوەتە قەڵەم و دەربارەی دەڵێت: هەتا ئێستا بابەتی هەرە گرنگی لێکۆڵەرانی کوردە کەوا پەسەندی هەموویانە. ئەحمەدی خانی شاعیر لە سەدەی حەڤدەیەمدا ژیاوە و بە شاکارە ئەدەبییەکەیەوە (مەم و زین) ناسراوە کە لە ئاستی شاکارە ئەدەبییەکانی جیهاندایە.

پاشان شمیدت باسی شاعیرانی ئەردەلانی کردووە کەوا دەکەوێتە باشووری ناوچەی مهاباد لە کوردستانی ئێران. شاعیرانی ئەم شارە میرەکانیان هانیان دەدان شیعر بڵێن، بەناوبانگترین شاعیریشیان (مەحزوونی) بوو کەوا ساڵی **١٧٨٣** لە کۆشکی خەسرەو خاندا لە شاری سنە شیعری بە گۆران دەهۆنییەوە.

لە پاش ئەو قۆناغەش شمیدت واقیعی ئەدەبی سەدەی نۆزدەیەمی لە کوردستاندا باسکردووە، کە شیعری ئایینی و سۆفیگەری تیا بلاو بووەتەوە، هەروەها باسی حاجی قادری کۆیی (١٨١٥-١٨٩٢) کردووە و دەڵێت : گلەیی لە پیاوانی ئایینی کردووە و، شێخەکانیشی بەوە باسکردووە، کە دووچاری تەمبەڵی پیر بوونە، چونکە ناتوانن شان بە شان لەگەڵ رەوتی ژیانی بگۆڕ و سەرکردایەتی گەلی کورددا بەرەو پێشەوە برۆن لە پێناو نیشتماندا بکۆشن.

لە راستیشدا بەدەر لە دیدی شمیدت ئەمانەوی ئەوە روون بکەینەوە حاجی قادری کۆیی شاعیر کاتی خۆی لە کوردستانی عێراقەوە بەرەو تورکیا رۆیشتووەو لەوی پێوەندی لەگەڵ خێزانی بەدرخانییەکاندا کردووە، ئەو خێزانە خەباتگێرەی کوردستانی تورکیای هەژاند. هەروەها حاجی قادر کەوتۆتە بەر کاریگەری شاعیری گەورەی کورد ئەحمەدی خانی کە گەلێك لە پارچە شیعرەکانی لە رووی روخسار و ناوەڕۆکەوە لە شیعری ئەو دەچن.

بەلاّم بابەتی رەخنەگرتنی لە پیاوانی ئاین، ئێمە رای خۆمان دەربارە هەیە. گومان لەوەدا نییە سەرجەم بزوتنەوە نەتەوە خوازییەکانی کورد پیاوانی ئاین سەرکردایەتییان کردووە. بۆ وێنە شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی (نەهری) شۆڕشێکی نەتەوەیی مەزن بوو شێخ سەرکردایەتی کرد کەوا خاوەنی تەریقەت بوو.

هەروەها شێخ سەعیدی پیران و قازی محەممەد و بزوتنەوەکانی بارزانی تێکۆشەر کە بۆ ماوەی چل ساڵ بەردەوام بوون. لە شێخ عەبدولسەولامی بارزانییەوە دەستی پێکرد کەوا خاوەنی تەریقەتی نەقشبەندی بوو لە کوردستاندا، دژی حکوومەتی عوسمانی شۆڕشی بەرپا کرد و ساڵی ١٩٠٩ لە موسڵ لە سێدارەدرا.



ئەنجا بزوتنەوەی کورد بە سەرکردایەتی شێخ ئەحمەدی بارزانی کەوا دەست بەسەرکرا و نێردرا بۆ تورکیا و پاشان گەڕایەوە و ئەنجا توندی بەندیخانەکرا، پاش ئەویش مستەفا بارزانی هات کە بە نازناوی (مەلا مستەفا)وە ناسرا، خاوەنی هەستێکی روونی ئایینی بوو. هەروەها گەلێك پیاوانی ئاین و فەقێ و قوتابیان بەوپەڕی نەبەردییەوە بەرگرییان لە کوردستان کرد، بەلاّم رەنگە حاجی قادری کۆیی داوای زیاتری کردبی، ئەوەش ئارەزوویەکی حەق بووە، دیارە ویستوویەتی پیاوانی ئاین کە لە کوردستاندا دەسەلاّتی ئایینی و کۆمەلاّیەتییان هەیە زیاتر خەڵك ئاڕاستەی رێبازی نەتەوایەتی و نیشتمانی بکەن. هەروەها شمیدت ئاماژەی بۆ شاعیرێکی دی کردووە، کە ئەویش شێخ رەزای تاڵەبانی بووە کەوا بەڕەخنەی توند و هەجوو بە ناوبانگ بووە.

شمیدت باسی چالاکییەکانی بزوتنەوەی رۆشنبیری کوردی پاش جەنگی جیهانی یەکەم لە سلێمانی و هەولێر و رواندز کردووە، دواییش سلێمانی بووە بە ناوەندی رۆشنبیری کوردی، ئەوە بوو لەم شارەدا پتر لە شارەکانی دی گۆڤارو رۆژنامەی کوردی دەرچوون.

شمیدت ئاماژەی بۆ ناوی جەفەنگەکانی شیعری کوردی لە سەدەی بیستەمدا کردووە، ناوی ئەم شاعیرانەی دیاری کردووە، گۆران، بێکەس، کامەران بەدرخان، جگەرخوێن، جاسم جەلیل، میخائیل رەشید و ئەدیبانی دیکەی وەك نورەدین زازا و ئەحمەد بۆتی و قەدری جان و عوسمان سەبری.

شمیدت باسی رۆژنامە نووسیی کوردی و رابەرانی کردووە. مەبەستیشی رۆژنامەی " کوردستان "ە کەوا نەوەی بەدرخان دەریان کرد. دواییش ئاماژەی بۆ هەردوو گۆڤاری، " هاوار" و " رووناکی" کردووە کەوا جەلادەت بەدرخان و کامەران دەریان کرد، هەروەها پاشان " رۆژانو " یان لە بەیروت دەرکرد.

شمیدت ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کەوا کوردستانی ئێران لەرووی روژنامەنووسییەوە لاوازە.

ئەنجا باسی بزوتنەوەی رۆشنبیر و رۆژنامەنووسیی کوردی لە ئەرمینیا (ئێریڤان) کردووە، هەروەها بۆ رۆژنامەی " ریا تازە " ی — رێگای نوی. کردووە کە لە یەریڤان دەردەچوو، هەروەها گۆڤارێکی دی کەوا لە تبلیس دەردەچوو بە ناوی (گۆڤاری قەوقاس).

شمیدت باسی ئەوەی کردووە کەوا شێوەی سۆرانی بووەتە تاکە شێواز بۆ گوزارشتی ئەدەبی لە عێراقدا. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە پاشاکانی بابان لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا پشتگیری ئەو رەوتەیان کردووە.

بەلاّم لە هەمان کاتدا باسی (کرمانجی)ی کردووە کەوا بەوەی باسکردووە شێوە زمانی خەڵکی کوردستانی باکوورە، کە لە پاش ماوەیەکی دوور دەبێتە باشترین شێوەزمان (٢٢٧).

هەی لەو باوەڕەدایە زمانی کوردی زۆر بەچێژە، ئەوەش زمانی فارسی بزانی زورتر فێری کوردی ئەبی.

هەی پەنجەی بۆ ئەوە راکێشاوە کەوا زمانی کوردی رەسەن و پاك و بێگەردە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا هەندی لە نەخوێندەواران وای بۆ دەچن گوایە شێوەیەکی زمانی فارسییە.

هەی لەبەر مەبەستی زمانەوانی و لەبەر ئەوەی دەنگ یان پیتی دەنگدار لە زمانی کوردیدا هەیە بە زمانێکی سەربەخۆ دەیداتە قەڵەم. تەنانەت هەندێك پیت لە زمانی عەرەبیدا نین، ئەوەش بە دروست دەزانی پیتی عەرەبی لە زمانی کوردیدا بەکار نەهێنری.

هەی ئەوەی سەرنج داوە نامە گۆڕینەوە لە نێوان پێشەوایانی کورد لە موسڵ، واتە ناوچەی بادینان بە زمانی عەرەبی بووە، بەلاّم لە هەولێر بە زمانی فارسی بووە، کەچی لە سلێمانی موقەدەم سۆن هەولێکی زۆری خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی زمانی خۆیان بەکاربێنن.

هەروەها رۆژنامەیەکی بە زمانی کوردی دەرکردووە.

شایانی باسە پێش ئەمە سۆن ئاماژەی بەوەدابوو کەوا زمانی رەسمی و زمانی بازاڕ لە شاری سلێمانیدا فارسییە.

هەی ئاماژەی بۆ زۆری شێوەکانی زمانی کوردی کردووە و دەڵێت : ئەوە مەسەلەیەکی سروشتییە بۆ گەلێك زۆر بلاّو بێت و خاکی سەخت بێت و زمانی نووسراوی نەبێت، شێوەکانی زمانی کوردیش بە گشتی دەکاتە دوو بەشەوە، باکوور، باشوور (٥٤).



# هونەر و سوارچاکی و یاری

**مۆسیقا:**

ڕیچ (١٨٢٠) بەو جۆرە باسی کوردی کردووە، کە زۆر ئارەزوومەندی مۆسیقان و زۆربەی مۆسیقاکانیشیان خەماوین، ناوی هەندی گۆرانی باوی ئەو سەردەمەی لە بیستەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا هێناوە، وەك (مەلەکە جان) و (مەمکوژە بە ناز) (ئەز دنالم) (٢٢٧).

دوا گۆرانییان (ئەز دنالم) تۆفیق وەهبی لە ژمارە (١)ی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورددا ئاماژەی بۆ کردووە و وتوویەتی گریمانەی ئەوە هەیە لە شێوەزمانی شاری سلێمانیدا راناوی (ئەز) ئەو کاتە بەکار هاتبی و پاشان نەمابی.

ئێمە لەمەدا بۆچوونی خۆمان هەیە، بەلاّم ئێستا بە پێویستی نازانین لە ناوەڕۆکی سنووری ئەم کتێبەدا بیخەینە روو، ریچ ئەو گۆرانییانەی بە ناسك داوەتە قەڵەم و ئەوەشی وتووە کە گەلێك گۆرانی کوردی بە نۆرە دەووترێنەوە.

وا دیارە ریچ گۆرانی دروێنەی بەدڵ بووە و ئەوەی سەلماندووە گۆرانی شیرین و فەرهاد سەرنجی راکێشاوە کە دروێنەکارەکان چریویانە (٢٢٧). چونکە بە هۆیەوە یادی خاوەن بەلەمەکانی شاری ڤینیسیای کردۆتەوە کە کاتی خۆی گۆرانی (تاسسو)یان دەووتەوە، ئایا دەبی ئاوازی هەردوو گۆرانییەکە لەیەکەوە نزیك بووبن یان دەبی بزاوی دروێنەکار و بەلەمەوانەکان وەکویەك بووبوون یان نزیکی یەك و لەو تاوەدا ئەو دیمەنەی یادداشت کردبی ؟... کی دەزانی.

ئەو هەڵوێستەش کە وای لە ریچ کردووە سەرنجی بۆ ئەوە بچی کوردەکان بایەخی زۆر بە مۆسیقا دەدەن، ئەوە بووە سەر لە ئێوارەیەك سەردانی عوسمان بەگی کردووە لە شاری سلێمانی بینیویەتی تیمێکی مۆسیقای بانگێش کردووە، بۆ ئەوەی بۆ خۆشی دڵی ریچ گۆرانی بڵێن، تیمەکەش کە لە مۆسقاژەن و گۆرانی بێژ پێك هاتبوو لە بەغداوە هاتبوون (٨٥).

تۆما بوا دەربارەی ناسنامەی مۆسیقای کوردی سەرنجەکانی تۆمارکردووە و دەڵێت : لە گۆرانی و سەما جیا ناکرێتەوە و بەشێکە لە مۆسیقای رۆژهەلاَت، بەلاَم نابی لەگەڵ مۆسیقای عەرەبی یان ئەرمەنی یان تورکی تێکەلاَو بکرێت.

بەمەش ئەیەوی ئەوە دووپات بکاتەوە مۆسیقای کوردی تایبەتمەندی سەربەخۆی خۆی هەیە، بەڵکو لەوە زیاتریشی وتووە، بۆیە دەڵێت : مۆسیقای کوردی کاری کردۆتە سەر گۆرانی نەتەوەکانی دەورووپشتی. لەرووی مێژوویشەوە باوەڕی وایە مۆسیقا لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی ساسانیدا پێشکەوتووە و وەك نەریت لە نێو کوردەکاندا چەسپاوە و وای لێکردوون ببن بە هۆگری هونەری مۆسقا.

لە کتێبەکەیدا دەڵێت : (زریاب)ی مۆسیقاژەنی بەناوبانگ کوردێکی خەڵکی موسڵ بووە، هەروەها ئاماژەی بەوە داوە کە ئیسحاق موسڵیش دیسان کورد بووە (٧٣).

دەربارەی واقیعی مۆسیقای کوردی لە سەدەی بیستەمدا دەڵێت : وێڕای ئەوەی رابوردووی مایەی شانازییە، بەلاَم ئەمڕۆ هەژارە مورکی میللی پێوەنەماوە، کزە و تەنها سۆز دەجوولێنێ.

دۆلۆریە کەوا لە کتێبەکەی تۆما بوادا ناوی هاتووە لە سەدەی نۆزدەیەمدا سەرنجەکانی دەربارەی مۆسقای کوردی تۆمارکردووە و دەڵێت : ئاوازی گونجاو و رێکە، گوزارشتی پتەو و کزە، لەوەش سەری سووڕماوە، چۆن ئەم سۆزە لە نێو هۆزگەلێکدا جێی بووەتەوە کەوا بە توندوتیژییەوە بەناو بانگن (٧٤).

مۆسیقای کوردی سەرنجی ئەو رەوەندانەی راکێشاوە کەوا بە کوردستاندا گەڕاون، تۆما بوا دەربارەی دید و بۆچوونەکانیان دەڵێت: بە پێویستیان نەزانیوە مۆسیقای کوردی نەژادی خۆی بچەسپێنێ. هەرچەندەش هەندی رای پێچەوانەیان دەربارەی ئەم مەسەلەیە هەیە (٧٤)، بەلاَم تۆما بوا پشت گوێی خستوون، ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئەگەر هەندی لەو رەوەندانە رای پێچەوانەیان هەبی، دەبی بۆ پتر لە هۆیەك بگەڕێتەوە.

یەکەمین هۆ بەرای ئێمە، ئەوەیە هەندی لەو رەوەندانە هەلیان بۆ بەرپا نەبووە گوی لە گشت یان بەلای کەمەوە زۆربەی نموونە مۆسیقایەکان بگرن، رەنگە تەنها گوێیان لە یەك یان دوو نموونە بووبی و ئەو حوکمەیان دابی کە مۆرکی گشتی هەڵدەگری، ئەمەش بڕیارێکی هەڵەیە یان لایەنی کەم حوکمێکی نادادگەرانەیە.



هۆی دووەمیش بە بۆچوونی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی رەوەندەکان خۆیان کەوتوونەتە بەر کارتێکەریی گەشەسەندنی شارستانێتی دووریش نییە گوێبیستی مۆسیقای ولاَتانی دراوسێی بووبن، چونکە ئەوان لە رێگای ئەستەمبوول و تارانەوە هاتوون، کە پایتەختی دوو ئیمپراتۆرییەت بوون و هونەریان کەش و هەوایەکی باشی بۆ رەخساوە گەشە بکات، ناشی لەگەڵ هونەری ولاَتێکی چەوساوەدا بەراورد بکرێن کە کەوتۆتە بەر کوێرەوەری رۆژهەلاَت و رۆژئاوا، هەموو لایەکیش هەوڵیان داوە نیشانەو دیاردە نەژادەکانی نوقوم بکەن. بۆیە ئەگەر لەو گۆشە نیگایەوە روانیبێتیان ئەوە بێگومان بە دواکەوتوو هەڵیان سەنگاندووە و هونەری مۆسیقایی کوردییان لە ئاستێکی نزمدا بینیوە.

لە راستیشدا بەراورد لە نێوان مۆسیقای نێو هۆزەکانی کورد لەسەر چیا بەرزەکان لەگەڵ ئەو جۆرە مۆسیقایەدا کەوا لەسەر شانۆکانی ئەسیتانە و تاران پێشکەش دەکرێت بابەتییانە نابێت. چونکە کارتێکەریی دەیان ساڵی شارستانێتی و دەیان ساڵی سیاسەتی خوێناوی لە پشت مۆسیقای کوردییەوەیە. بۆیە باوەر ناکەین هەڵسەنگاندنی هەندی لەو رەوەندانە دروست بی.

تۆما بوا باسی ئامێرەکانی مۆسیقای کوردی بۆ کردووین، کە بە زۆری دەستکردی ناوخۆن لەوانەش، تەپڵ و زورنا و شمشاڵ و تەنبوور...

هەندێك لە دەرەوەو هەندێك لە نێو خاکی کوردستاندا خەریکن بایەخێکی زۆر بە توێژینەوەی مۆسیقای کوردی دەدەن وەك دوکتۆر کریستنسن کەوا لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕی سەبارەت بە مۆسیقای هەڵپەڕکێی کوردی بە ئەنجام گەیاندووە. هەروەها ئامێرەکانی مۆسیقای کوردیش لە ناوچەی هەکاری بووەتە جێی بایەخی (٧٥).

هاملتۆن بە کورتی باسی مۆسیقای کوردی کردووە و ئارەزووی دەربڕیوە بۆ ئەوەی شتێکی دەربارە بزانی، هەر بۆیەش لە پاڵ شمشاڵ ژەنێکی سەر رێگا دانیشتووە گوی بیستی ئاوازی ناسکی گۆرانی دڵداری کوردی بووە.

هاملتۆن گەیشتووە بە ئەنجامێك، بەلاَم ئێمە دڵنیانین ئایا ئەم ئەنجامە بە پێی (زانستی مۆسیقا) دروستە یان نەو؟

دەڵێت : ئەوەی بیستوویەتی یان دەیبیستی لە گۆرانی و داستان کە جۆش دەدەنە دڵ یان گۆرانی جەنگ کەوا تیایدا مرۆڤ گوێی لە هەرای شەڕ دەبێت هەر هەموویان قورسایی دەخەنە سەر پەیژەی مۆسیقای سۆفیگەری خەمناك کە خاوەنی یەك لەسەر چواری ئاوازە و لە

ئاوازی شمشاڵ شوانی مارپاریز دەچێت، هاملتۆن ئاماژەی بەوەش داوە کورد مۆسیقای ئینگلیزی بەرز هەڵ ناسەنگێنێت (٢٣٢).

وا دیارە کوردەکان خەریك بوونە لە ڕێگای گرامافۆن و رادیۆوە کەوا هاملتۆن لەگەڵ خۆیدا هینا بووی و بووبوو بە (عەجایەبی زەمان) گوێبیستی گۆرانی رۆژئاوایی دەبوون.

ویلسۆن دەڵێت : مۆسیقای کوردی بە زورنا دەژەنرێت، کە ترپە (ایقاع)ی خۆشی لەخۆ دەگری (٢٩٠) ئەمەش لەگەڵ بۆچوونەکەی ریچ ناگونجی کە دەڵێت، مۆسیقای کوردی خەم ئامێزە، بەڵام دوور نییە ویلسۆن مەبەستی مۆسیقای هەڵپەرکی بێت.

هەی بۆچوونێکی جیاوازی هەیە بەرامبەر ئەوانەی دەڵێن، کورد هۆگری مۆسیقان کە دەڵێت : بەو جۆرە کوردەکان دەبینی کە مۆسیقا بەرز هەڵناسەنگێنن، بەڵکو بە نەیاری رەوشتی دەدەنە قەڵەم، ئامێرەکانیشیان هەر دۆڵ و زورنایە (٨٣). لە راستیشدا رای هەی لەگەڵ رای ریچ دا جیاوازییان زۆرە.

ئێمە لەو باوەڕەداین بۆچوونەکەی هەی سەبارەت بە هەڵوێستی کۆمەڵگای کوردەواری دەربارەی مۆسیقا دروستە و نادروستیشە، هەی لەمەڕ مۆسیقای کوردییەوە دوو مەسەلەی تێکەڵ کردووە، چونکە مرۆڤی کورد ئارەزووی مۆسیقا دەکات، بەڵام نایەوی خۆی ببی بە مۆسیقا ژەن.

کوردەکان پابەندی هەڵپەرکێی نەژادی میللی خۆیانن و لەسەر ئاوازی دۆڵ و زورنا هەڵدەپەڕن و تەنانەت ژن و پیاو پێکەوە دەست لە ناو دەست لە هەڵپەرکێی رەشبەڵەکدا بەشدار دەبن، مۆسیقا مرۆڤ بەرەو گۆرانی وتن و خۆشی دەربڕین دەبات، دەبی چ جۆرە گوزارشتێك لە خرۆشان، لە رەشبەڵەکی کوردی کارتێکەریی زیاتر بێت ؟

بەڵام مرۆڤی کورد لە هەمان کاتدا بە هیچ شێوەیەك نایەوی کوڕەکەی زورنا ژەن بێت یان تەپڵ لێبدات، چونکە ئەوە بە پیشەی غەجەر دەزانن.

لەگەڵ ئەوەشدا ژیانی کۆمەڵایەتی کورد هەنگاو بەرەو گۆڕان و پێشکەوتن دەنی، بەڵام هەتا ئێستاش گەلێك خێزانی کورد نایانەوی منداڵیان فێری گۆرانی یان هونەربکەن. جێگای داخیشە ئەوە بڵێین کە ئەم پیشەیە هەتا ئێستا مایەی شەرمە ئەگەر نەڵێن لای گەلێك خێزانی کورد ئابڕوو چوونە.

یەکی لە هاوڕێیانی منداڵی نووسەری ئەم کتێبە بوو بە هونەرمەند، گۆرانی بێژ و ئاوازدانەر، قەدەریش وای بۆ من نووسیبوو روو لە شیعردانان بکەم، ئەوە بوو گەلێك پارچە



شیعری نیشتمانی و نەتەوەییم بۆ هۆنییەوە ئەویش ئاوازی بۆ دانان و کردنی بە گۆرانی و جۆش و خرۆشی زۆریان لە نێو جەماوەری کوردی بەر ستەم کەوتووی سەدەی بیستەمدا دروست کرد، ئەو کابرایەکی ئازا و بوێر بوو لە رۆژگاری سەختدا.

ئەو گۆرانییانەی بلاو دەکردەوە، بەڵام مەخابن زوو کۆچی کرد و بە گرییەکەی دلێوە سەری نایەوە، ئەویش ئەوە بوو باوکی ژنەکەی سوێندی خواردبوو هەتا لە ژیاندا مابی بە هیچ جۆرێك قسە لەگەڵ کچەکەی و مێردەکەیدا نەکات، چونکە زاواکەی گۆرانی بێژە، شایانی باسیشە لە پشتەوە خزمی خۆی بوو.

ئەوە بوو ئەو هونەرمەندە بە جێی هێشتین و بێوەژنە خەم بارەکەشی حەسرەت دەکێشی و هەتا ئێستا باوکی ئامادە نییە قسەی لەگەڵ بکات.

ئەو هونەرمەندە مەزنە مرد و ئەو ژێیەش پسا کەوا لە میانەیەوە بە ناوی نەتەوەکەیەوە گلەیی لە ویژدانی مرۆڤایەتی دەکرد، گۆرانی بێژی دەستار کۆچی کرد، بەڵام دەستار هەتا ئێستا و هەتایە هەر ناوەستی، لێرشەوە دەبی لایەکیش لە باوکی ژنەکەی بکەینەوە چونکە کوڕی کۆمەڵگایەتی و پابەندی نەریتەکانێتی و ئەرکی داهێنان نییە، داهێنەریش بە پێی دیدی ئێمە هەڵوێست وەرگر و بەڕوودا وەستانە، ئیدی ئەو داهێنانە هونەر بێت یان زانست یان بیر. داهێنانیش هەرگیز بە بی هەڵوێستی لەو جۆرە نایەتە دی بە درێژایی مێژووش گەلێك لە داهێنەرەکان باجی داهێنانەکانیان داوە بەڵکو هەندێکیان بوون بە قوربانی داهێنەکانیان.

## گۆرانی

تۆما بوا دەڵێت : ئەبو ڤیان توێژەری ئەرمەنی گەلی کوردی بە پیاوو ژنەوە بە گەلێکی گۆرانی بێژ داوەتە قەڵەم (٧٦).

گۆرانی کوردیش ژمارەی زۆرەو هەمە رەنگیشن. گۆرانی هەیە پیاوان دەیلێنەوە و هەشە ژنان و هی دیکەش منداڵان.

گۆرانی هەیە لە نێو چیاکاندا دەوترێتەوە، هی ئەوتۆش هەیە لە دەشتاییەکاندا، جۆری واش هەیە هەردوو لا تیایدا بەشدارن.

ئەدیبی گەورە و ناسراوی کورد یەشار کەمال کە خەڵکی کوردستانی تورکیایە و ساڵی ١٩٧٣ خەڵاتی نۆبیلی وەرگرتووە، ئەویندارى گۆرانی وڵاتەکەیەتی. ئەو ئەوینەش لەویژدانیدا رەنگی داوەتەوە (٧٢). گۆرانی کوردی داستانی گەورە و چامەی جیاجیا کە باسی سوارچاکی

دەکەن لەخۆ دەگرێ، هەروەها گۆرانی ئەوین و خۆشەویستی و دووری و بە دیداری یەك شادبوون، لە بۆنەکانیشدا گۆرانی تایبەت هەیە وەك ئەوەی لە وەرزی دروێنەدا دەوترێتەوە، یان لە کاتی تەشیرێسی و بەکارهێنانی دەستار و ساوەر کوتان، بێجگە لەو گۆرانییانەی بەدەم رێی درێژەوە لە لایەن کوڕان یان کچانەوە دەووترێن بە تایبەت کاتێك خێڵ بەرەو ژوور بڕوات یان کاتێك لە پایزاندا بەرەو دەشتاییەکان بگەڕێتەوە (٧٣).

باسیل نیکیتین باسی ئەوەی بۆ کردووین کە گشت رەوەندەکان گۆرانی کوردییان بەدڵە، نمایشی بیروڕای چەند رەوەندێکی کردووە لەوانەی گوێیان لە سترانی کوردی گرتووە و ئاماژەی بۆ بۆچوونەکەی ئەبو ڤیان کردووە کە لەسەرەوە باسمانکرد و ئەوەی دووپات کردۆتەوە شیعری میللی کوردی هێند گەشەی سەندووە گەیشتۆتە سنووری پێگەییینی تەواو.

ناوی (بلو) لە کتێبەکەی نیکیتین دا هاتووە، کەوا لە بواری لێکۆڵینەوەی بەشی باکووری رۆژهەلاتی کوردستان قووڵ بووەتەوە و دیاردەو تایبەتییەکانی گۆرانی کوردی نمایش کردووە و بایەخ و گرنگی لە ژیانی کۆمەڵگای کوردەواریدا نیشان داوە و دەڵێت، گەداو کوێرەوەترین هۆزی کورد لە گۆرانی و ئاوازدا دەوڵەمەندە، چیرۆکەکانیان تەنها بەڵگەنامەکانی جەنگ بۆ سەر کوردی کۆچەر ناگێڕنەوە، بەڵکو لە ژیانی ژیاریی نزیکیان دەکاتەوە شەوان گۆرانیبێژی هۆز کوڕان لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە و باسی پاڵەوانەکانی جەنگیان بۆ دەگێڕێتەوە، یان هەست و سۆزیان بە پارچە شیعری خۆشەویستی و ئێش و ئازار و جیابوونەوە دەجووڵێنی (١٣٢).

ئەبۆ ڤیان لە میانەی ئەو گۆرانییانەی کە بیستوونی بە گشت باوەڕێکەوە ئاگادارمان دەکاتەوە کەوا گۆرانی کوردی دیاردەی زیرەکی و سۆزی قووڵی پێوەیە. نیکیتین دەڵێت، رەوەندو زاناکان نایابی گۆرانی کوردی بۆ سوارچاکی دەگەڕێننەوە کە کوردەکان شانازی پێوە دەکەن.

ئەنجا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کەوا سێرسایکس دەوڵەمەندی گۆرانی کوردی لەوەدا دەبینی جۆرە تایبەتمەندێتییەکی تیایە پەیوەستە بە کوردەکانەوە لای دراوسێی ئەرمەنی و تورکەکان نابینری.

لابارد کەوا دیسان ناوی لە کتێبەکەی نیکیتیندا هاتووە ئەوەی دووپات کردۆتەوە گۆرانی کوردیی ئێزیدی زۆر بەدڵەو هەرگیز گوێی لەو جۆرە ئاوازە نەبووە کە ببنە مایەی خەم و پەژارە. تەنانەت لەسەر مەزارەکانیش. ئەنجا باسی ئەو جۆرە ئاوازە مۆسیقییانەی کردووە کە



لەگەڵ دەنگی ژن و پیاودا تێکەڵ دەبن و چێژێکی تایبەت دەبەخشن، جارجاریش بێ دەنگ دەبن بۆ ئەوەی تەپڵ و زوڕنا رۆڵ ببینن (١٣٣).

سێر سایکس پێش پتر لە سەدەیەك سەردانی کەرکووکی کردووە و فەرماندەی گشتی سوپای تورك لە ناوچەی کەرکووك پێشوازی لێکردووە سایکس ئاماژەی بەوە داوە کەسێتی پاشا (قوماندار)ی بەدڵ بووە، لە ئاهەنگی شیوخواردندا فەرماندەی ناوبراو تیمێکی مۆسیقای بانگێش کردبوو دیاربوو سەر بە سوپاکە بوو، بەلاّم بۆ خۆشی دڵی میوانەکەی هانیبووی. سێر سایکس ئەوەی درکاندووە تورکەکان هەمیشە داکۆکی لەسەر ئەوە دەکەن مۆسیقای رۆژئاوا بژەنن، بەلاّم بە داخەوە لێی نازانن و دەیشێوێنن.

لەو شەوەدا تیمی مار سیلایز (سروودی نیشتمانی فەرەنسی) لێدا هەروەها هەندی مارشی ئەڵمانیشیان لێدا، بەلاّم سێر سایکس ئارەزووی ئەوە دەردەبڕی شتێك لە مۆسیقای کوردی ببیستی، ئەمەش وا لە پاشا دەکات نیشانەی بێزاری و نارەزایی و گاڵتەجاری لی بنیشی.

بەلاّم سەرۆکی تیمەکە ئامادەبوونی نیشاندا و مۆسیقاژەنەکان لە نێو یەکدیدا کەوتنە راوێژ، ئەنجا مۆسیقای کوردییان لێدا سایکس لەم بارەیەوە دەڵێت، ئیدی ئاوازی ناسك لە ئامێرەکانیانەوە رژایە ئەو ناوە، تا وای لێهات هەست بەوە بکات گوی لە سیمفۆنیایەکی چایکۆفیسکی دەگرێت و خەمی و ناخۆشیش لەسەر دڵ رەوییەوە، گوێی پڕبوو لە ئاوازی ساز و خۆش.

سایکس وتوویەتی، ئەوەی سەرنج داوە مۆسیقاژەنەکان خۆشیان هەستیان بە کامەرانییەکی گەورە کردووە، چونکە ئەگەر پارچە مۆسیقای (دانووبی شین) یان بژەنیباو لەبەر ئەوەی لە کات و شوێن و پلەی دەنگی نارێکدا پێشکەشیان دەکرد، سەرکەوتنییان وەدەس نەدەهێنا.

وا دیارە کوردەکان بە پێی تێڕوانینی سایکس پتر لە تورك و ئەرمەن پابەندی داب و نەریتی ئاوازو گۆرانی خۆیانن.

میلنگن باسی کۆڕێکی گۆرانی دەگێڕێتەوە کەوا لە نێو دەوارەکەو دەرەوەی بەستراوە و بریتیبووە لە جەنگاوەرە لاوەکان و مرۆڤی کامڵ و پیرەمێرد کە هەموویان چوارمشقی لەسەرزەوی دانیشتوون بۆ ماوەی دوو سەعات بەو کەش و هەوایە شادبوونە، میلنگن ئەوەی سەلماندووە کە بەو چالاکییە هونەرییە زۆر دڵشاد بووەو کەوتۆتە بەر شەپۆلی شیعرو مۆسیقاو گۆرانی تەنانەت دەڵێت، یەکی لەو گۆرانییانە هێند کاری لێکردم تا ماوەیەکی زۆر لەبەر خۆمدا دەمەوتەوە.

ئەم دیدو بۆچوونانەی لابارد و سایکس و میلنگن لە کتێبەکەی نیکیتین دا تۆمار کراون (١٣٢-١٣٤).

مینۆرسکی ئاماژەی بۆ ئەو داستانە کوردییانە کردووە کە بە گۆرانی دەیڵێنەوە و بەشێکن لە ئەدەبی میللی کوردی، ئەنجا پەنجەی خستۆتە سەر ئەمانەیان، داستانی قەلاَی دم دم کە دەکەوێتە باشووری ورمێوە نزیك رووباری براندوز کە شا عەباسی فارسی داگیری کرد و ئێستا کوردەکان ئەو جەنگاوەرانە بەسەروەر دەزانن و لەگەڵ ئاوازدا بە گۆرانی باسی ئەو هەڵوێستەیان دەکەن، کەوا وەك مینۆرسکی دووپاتی دەکاتەوە رووداوی واقیعی لەخۆ گرتووە.

هەروەها مینۆرسکی ئاماژەی بۆ ئەو داستانە نەتەوەییە شاکارە کردووە کە بە (مەم و زین) ناسراوە و کوردەکان بە گۆرانی بەسەرهاتەکەی دەگێڕنەوە. ئەم داستانە چیرۆکی دوو ئەویندار دەگێڕێتەوە، کە هۆکاری جیاوازی کۆمەلاَیەتی بووەتە ئاستەنگ لەبەردەم زەماوەند کردنیاندا، زین خوشکی میری بۆتان بووە لە کوردستانی تورکیا.

لە راستیشدا ئەم داستانە کە بە مردنی ئەو دوو ئەوینداره کۆتایی پێدێت، تراجیدییایەکی هێند نایابە دەگاتە ریزی شاکارەکانی ئەدەبی جیهانی. تەنانەت لە رۆمیو و جوولێتی شکسپیردا ئەو هونەرکارییە مەزنە نابینری.

بە پێی زانیاری نووسەری ئەم کتێبە گۆرانی کلاسیکی بە شێوەی کرمانجی باکوور واتە مەقام نییە ئەگەر رۆمانێك یان رووداوێك نەگێڕێتەوە. چونکە گۆرانی کرمانجی خۆی بریتییە لە رۆمانێکی بە گۆرانی وتراو، ئەنجا گۆرانییەکی سووك واتە بەستەی لەدواوە دێت، بەستەش بە زۆری لە نێو کۆڕی پیاواندا ناووترێت، بەڵکو بە گۆرانی لاوان دادەنرێت، کە ئەویش گۆرانی هەڵپەرکێیە، بەلاَم (لاوك) یان (حەیران) گۆرانی بەشکۆن بابەتەکانیان دەربارەی جەنگ و پیاوەتی و پاڵەوانێتین، هەر بۆیەش لە نێو هەندی دیوەخاندا تەنها ئەو گۆرانییانە دەووترێنەوە کە باسی جوامێری لەخۆ دەگرن.

خاڵێکی گرنگیش هەیە دەبی لە یادی نەکەین ئەویش ئەوەیە هۆکاری گۆڕینی کۆمەلاَیەتی کاریگەر و بەردەوامە و پرۆسەی ژیانی کۆمەلاَیەتیش لەسەر ئاستی گۆرانی ئەمڕۆ لە رووی روخسار و ناوەرۆکەوە گۆرانی بەخۆوە بینیوە، ئەمەش مەسەلەیەکی سروشتییە، بەلاَم ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد لە میانەی ئەو کەش و هەوا کۆمەلاَیەتییەوە بۆی چووین کە رۆژهەلاَتناس و رەوەندەکان لە سایەیدا دیدوبۆچوونی خۆیان دەربارەی گۆرانی کوردی تۆمار کردووە.



لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەتا ئەمڕۆ لە نێو لادی و هۆزەکاندا ئەوەی باسمانکرد دەربارەی پلەوپایەی گۆرانی داستان، ئامێزی جەنگ و جۆرەکانی دیکەی گۆرانی دلّداری و بەستە وەك خۆیان ماونەتەوە.

ئەدمۆندز باسی دیدوبۆچوونەکانی خۆی دەربارەی گۆرانی کوردی لە گوندی بزنەیان بۆ کردووین، کە کۆنە گوندێکی گەورە بووە و لە کەلاوەکانییەوە ئەوە دەردەکەوی پتر لە ١٠٠ ماڵ بوونە و ئێستا تەنها ١٠ ماڵیان لێماوە. شێخ مەحموود رەزی تیا هەبووە.

وا دیارە ئەدمۆندز حەزی لە گۆرانی کوردی کردووە و چێژی لی بینیوە، جارێك ئارەزووی کردووە گۆرانی کوردی ببیستی ئەوانیش سی دەرەکیان بۆ هێناوە گۆرانی فارسییان بۆ وتووە ئەدمۆندز تووڕە بووە — وەك خۆی دەڵێت — رەنگە خەڵکی نێو گوندەکە باوەڕیان وا بووبی گۆرانی فارسی شیاوترە. پێشکەش بە میوان بکری.

دیارە هۆی ئەوەش ئەو گری سیاسییەیە کە لە شوێنی خۆیدا ئاماژەمان بۆ کرد، کەوا رەگێکی مێژوویی هەیەو بووەتە هۆی ئەوەی هەندی کەس بەرامبەر بە دەوڵەتی فارسی دەسەلاَتدار هەست بە بچووکی بکەن، بەلاَم ئەدمۆندز سوور بووە لەسەر ئارەزووەکەی خۆی و تکای لێکردوون نموونەیەکی گۆرانی کوردی پێشکەش بکەن، دیارە ئەو گوندە نیمچە کەلاوەیە نەیتوانیوە خواستەکەی ئەدمۆندز بەجی بێنی. بۆیە گۆرانی بێژێکیان بۆ هێناوە خاوەن بەهرە نەبووە، کردوویەتی بە زیقە زیق و هات و هاوار لە ئەنجامیشدا ئەدمۆندز بێزار بووە، چونکە نە رستەی هۆنراوەی شیعرەکەی و نە ئاوازەکەی، کێش و پەیژەی مۆسیقایان تەواو نەبووە لە کۆتاییشدا گۆرانی بێژەکە نەفەسی تەنگ دەبی و ئاخێك هەڵئەکێشی ئەدمۆندز وای باسکردووە وەك ئەوە بێت دوا هەناسەی بووبی (١٠٤).

بەلاَم ئەدمۆندز ئەفسوونی گۆرانی کوردی خستۆتەروو و باسی گۆرانی دلّداری بە جۆرێك کردووە کە وەك ئاوی کانی سازگارەو بە نێو دۆڵەکاندا شۆڕ دەبێتەوەو دەکەوێتە بەر تیشکی زەردەپەڕ، مانگیش لەولاوە بەرز دەبێتەوەو گۆنای بەردەکان دەکەونە بەر رووناکییەکەی و گۆرانی دلّداریش دەنگ دەداتەوە و نامەی خۆشەویستی رەوانە دەکات (١٦٤).

## هەڵپەرکی

لە شوێنێکی دیکەی ئەم کتێبەدا باسی سەردانەکەی میستەر ریچمان کرد بۆ سەر شاییەك، کە لە میانەیدا سەرنج و تێبینییەکانی خۆی دەربارەی هەڵپەرکێی کوردی

تۆماركردووە لەبەر ئەوەی ئەو سەرنجانە پێوەندی تەواویان بە ناخی ئەم بابەتەی كتێبەكەمانەوە هەیە دەقی نووسینەكەی بڵاو دەكەینەوە " بەڵام پێش ئەوە، ئەمەوی سەرنجی خوێنەری بەڕێز بۆ ئەوە راكێشم كەوا لە زمانی كوردیدا بەرامبەر بە وشەی (الرقص)ی عەورەبی (سەما) و (هەڵپەڕكی)مان هەیە تا رادەیەك لەیەك جیاوازن، لێرەدا دووەمیانم هەڵبژارد — وەرگێڕ- " سۆن دەڵێت : " هەر كە بیستم لە ماڵی گەڕەكێكی نێو شار شایی هەیە، بڕیارم دا یەكێك بم لە تەماشاكەرانی ئەو زەماوەندە، بۆ ئەوەش نەبمە جێی سەرنج من و میستەر بەڵ دوو سەرپێچی شاڵمان خستە سەرمان و بۆ شاردنەوەی جلەكانیشمان دوو عەبای رەشمان كردەشان و شەوی لە پاش ئەو خۆگۆڕینە كەوتینە ری بۆ بینینی ئەو ئاهەنگە، پاش ڕێكردنێكی زۆر گەیشتینە شوێنی ئاهەنگەكە، كە خانوویەكی ئاسایی بوو تێكەڵی نێو ئەو كۆمەڵە گەورەیەی تەماشاكەران بووین كە لەسەربانی خانووەكە راوەستابوون، كەوا بەرزیی لەسەر زەوییەوە لە شەش پی زیاتر نەئەبوو، حەوشەی ماڵەكەش شانۆی ئاهەنگەكە بوو كەوا كۆمەڵ بەشێكی گەورەی كوردی لەخۆ گرتبوو، بەچین و تەمەنی جیاجیاوە، لە لاوێكی سەرپێچ لەسەری جوانەوە تا دڕندەیەكی ترسناكی فەروە لەبەرە زۆربەشیان دەستیان لە نێو دەستی یەكتر هەلكێشابوو هەڵپەڕكێی چۆپییان دەكرد.

كەوا بازنەیەكی كراوەیان دروست كردبوو، نزیكەی گشت حەوشەكەشیان داگیركردبوو هەڵپەڕكێكەیان بریتیبوو لە هەژاندنی لەش بۆ پێش و پاش، پی هەڵگرتن و دانانی لە شوێنی خۆیدا، دواییش هەنگاوێك بەرەو پێش ئەنجا یەكێكی دی ئەنجا پێكوتانە سەر زەوی بە بانگ و هاواری بەرز جاری نەجاری لە خۆشی دڵی خۆیان دەردەبڕی، ئەوانەشی هەڵنەدەپەڕین حەوشەكەیان پڕكردبوو، هەندێكیشیان چووبوونە سەربانی ماڵەكانی دەوروپشت لە هەر چوارلاوە تەماشاكەران وەستابوون، هەندێكیشیان لە ناوەڕاستی بازنەكەدا دانیشتبوون، تەپڵ و زوڕنایان تیابوو. ئەو شوێنە بە سی مەشخەڵ رووناك كرابووەوە، كەسیش گوێی بە دوكەڵەكە نەئەدا.

ئەوانەی هەڵپەڕكێیان دەكرد پێش ئەوەی ئێمە بگەین زیاتر لەسەعاتێك دەستیان پێكردبوو، دوای ئەوەی ماوەی نیوسەعاتی تریش لە دوای گەیشتنی ئێمە چێژیان لە شاییەكە وەرگرت مۆسیقاكە وەستا بۆ ئەوەی شاییكەران بوار بە دەستەیەكی تر بدەن شایی بكەن.

ئەمەش بەهۆی ئەوە بوو كە شاییەكە بە چەكەوە رووی لێكردن هەندێكیش لەگەڵی بوون داریان پێبوو، ئەوەبوو بڵاوەیان پێكردن، ئەنجا كابرایەكی زلباز دەكوتێتە نێو گۆرەپانەكەو جۆرە یارییەك پێشكەش دەكات و بۆ ماوەی چەند دەقیقەیەك خەڵكەكە دێنێتە پێكەنین. ئەنجا سەر



لە نوی ئاوازی هەڵپەڕكی لێدەدرێت و نزیكەی سی ژن دەڕژێنە شوێن هەڵپەڕكێكە، هەموو بە جل و بەرگی رازاوەوە، بە بی ئەوەی پەردە ئاسا بپۆشن جوان و ناوقەد باریك دەستیان گرت. بۆ من دیمەنێكی سەرنجراكێش بوو، یان شتێكی نوی بوو، چونكە تا ئەو كاتە لە رۆژهەلاتدا ژنانی رۆژهەلاتم بەوپەڕی ئازادییەوە نەبینی بوو لەگەڵ پیاواندا دەس بگرن و پێكەوە هەڵپەڕن (٢٠١-٢٠٢).

لابارد ئەوپەڕی دڵخۆشی خۆی دەربڕیوە كاتێك كۆمەڵە كەسێكی بینیوە بە جلی جوانەوە لە شێوەی بازنەیەكی كراوەدا لە نزیك كانیەكی ئاو دەستیان گرتووە و هەڵدەپەڕن (٣٧٥).

لەو باوەڕەداین ریچ وێنەیەكی جوانی هەڵپەڕكێیەكی كوردی پێشكەش كردین، بەڵام لە راستیدا ئەو یەك جۆری هەڵپەڕكێی كوردی بینیوە، ئەویش ئەو جۆرەیە كە لە ناوچەی سۆراندا باوە، بۆیە رەنگە وای پێشبینی كردبی هەر ئەو جۆرە هەڵپەڕكێیە لە نێو كۆمەڵی كوردەواریدا هەیە، كەچی گەلێك جۆری دیكەی هەڵپەڕكێی میللی كوردی هەیە، تەنانەت هەندێكیان فێربوونیان ئاسان نییە، چونكە دەبی لە منداڵییەوە مرۆڤ لەسەریان رابێت.

تۆما بوا ئاماژەی بۆ هەندی جۆری هەڵپەڕكێی كوردی كردووە كە هەندێكییان لە كوردستانی باكووردا نەناسراون.لەوانەش :

ئامێدی، بۆتانی، سەرهەدی، رۆهایی، دیۆكی، سویركی، شێخانی، سی پێیی، چوار پێیی، كرانی، خرفانی، ملانی، ئەیشوكی، بیلوتە، چۆپی، بێریی، تەمزارە، رەشبەڵەك، كە ژن و پیاو پێكەوە بەشداری تیا دەكەن. هەروەها جۆری دیكەش هەن تۆما بوا ناوی نەهێناوە وەك : سنجانی، داوەتاتلا، داوەتاملا، هەری گولی. بێگومان دەیان جۆری دیكەش هەیە كە لە شوێنێكی دیكەی ئەم كتێبەدا ئاماژەمان بۆ كردووە، كەوا هەندێكیان رەنگە بەشێك بن لە نەریتی ئایینی پێش ئیسلام بەڵام لە دوای ئیسلام بوونە بە سامانێكی میللی. ئەوەش هۆیەكە بۆ ئەوەی بچینە سەر ئەو باوەڕە كە هەندی بزاوی ئاڵۆز و تایبەت ناشی هەر لە خۆڕایی ئەو قاڵبەی گرتبی، بەڵكو بەشێك بوونە لە نەریتی ئایینی گەلانێك كە رەنگە هەندێكیان نەمابن، بۆ وێنە سەمای خواپەرستی لای فیرعەونی و سۆمەرییەكان، هەروەها لای گەلانی هیندۆ ئەورووپیش كە لە پەرستگاكاندا رائەهێنران و بەشێك بوونە، لە خواپەرستی و نەریتی ئایینییان.

تۆما بوا باسی ئەو كەسە دەكات كەوا سەركێشیی هەڵپەڕكێكە دەكات و دەكەوێتە پەڕو لای راست و ریزەكەش بۆ لای خۆی رادەكێشی و بە كوردی پێی دەڵێن (سەرچۆپی كێش) یان

(سەری بەرخەمکی)، میلنکیش کەوا ساڵی ١٨٧٠ سەردانی کوردستانی تورکیای کردووە، کاتێك دیمەنی هەڵپەرکێیەکی کوردیی بینیوە وای باسیکردووە کە چالاکییەکی بێ وێنەیە، چونکە هەڵپەرکی کەرەکان هەموو بە یەك ڕێز و لەسەر ئاوازی مۆسیقا هەڵدەپەڕن، بزاوێکە وەك شەپۆلی گوڵە گەنمە کاتێك بکەوێتە بەر شنەبا (٧١).

ویلسۆن لە باسی هەڵپەرکێی کوردیدا دەڵێت، دەبێ توندو چالاك و بە جۆش بێت وەك هەڵپەرکێی سکوتلاندی.

کوردو چیانشینانی غەیری کورد بە شێوەی زنجیرە هەڵدەپەڕن وەك سەرجەم بەڵکانییەکان (بلقان) پەنجەی یەکتر دەگرن و تەپڵ و زوڕنا ژەنیش لە ناوەڕاستیاندا دەوستن، بزاوەکە بە پێ ئەنجام دەدرێت و زنجیرەکەش لە سەرخۆ دەڕوات، مێرد منداڵانیش لە ناوەڕاستیانا سەما دەکەن و لە نێو کوردەکانیشدا ژن و پیاو بە جیا هەڵدەپەڕن، کەچی مەسیحییەکان هەردووك پێکەوە هەڵدەپەڕن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ژنانی کورد گۆشەگیرن (٢٩٠).

لە ڕاستیشدا دیارە ئەوە بەسەر ویلسوندا تێپەڕیوە کە هەڵپەرکێی تێکەڵ لە نێو کوردە موسوڵمانەکانیشدا هەیە، بەڵام نەك گشت جۆرەکانی، ئەوانەی هێزو جووڵانەوەی زیادیان پێویستە تایبەتن بە پیاوانەوە، ئەمە لە نێو مەسیحییەکانیشدا پێڕەو کراوە.

ئەدمۆندز وێڕای ئەوەی دانی بەوەدا ناوە کەوا زانیاری تەواوی لەسەر مۆسیقا و هەڵپەرکی نییە، تا بە شێوەیەکی وردتر لەسەر هەڵپەرکێی چۆپی بدوێت، بەڵام وای بۆ چووە لەیەکچوونێکی زۆر لە نێوان چۆپی سلێمانی و بەشەکانی دیکەی کوردستاندا هەیە، ئەنجا دەڵێت، هونەرەکانی ئەم هەڵپەرکێیە ناوی دیاریکراو هەڵدەگرن، بەڵام ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کەوا ناتوانی جیاوازی بناغەیی نێوان ئەم جۆرانە دەسنیشان بکات. پاشان دەپرسێ ئایا ئەو جیاوازییە لە هەنگاودایە یان ئاواز و ترپە یان هۆنراوەی گۆرانییەکە ؟ لە ئەنجامیشدا بە شێوەیەکی گشتی مەسەلەکەی لێکدەداتەوەو دەڵێت : زۆربەی جۆری هەڵپەرکێکان هێڵێکی ڕاست دروست دەکەن و شان بە شان دەوستن و پەنجەیان تێکەڵی یەك دەکەن و ڕیزەکەیان ڕێك دەبێ و ئیدی لەسەر ئاوازی دەهۆڵ و زوڕنا هەڵدەپەڕن.

سەرچۆپی کێشیش لای ڕاست دەگری و یاری بە دەسماڵەکەی دەستی دەکات و پتر هەڵپەرکێیەکە گەرم دەکات، بزاوەکەش لەسەر هەنگاو بەند دەبێ.



بەرەوپێش و پاش، ڕاست و چەپ، دەشێ ئەوانەی هەڵدەپەڕن ڕیزی نوێ دروست بکەن، ئیدی ئەوانەی ئارەزوویان لێیە دێنە پێشەوە و دەست دەگرن، ئەدمۆندز ئاماژەی بۆ ناوی جۆرەکانی هەڵپەرکێی کوردی کردووە، کە هەندێکییان لەسەرەوە ناومان هێنان (٨٢).

برانت دەربارەی کوردە مەسیحییەکانی ناوچەکە دواوە و دەڵێت، هەستی خۆشی و شادی لە لایەن ئەو کەسانەوە هۆکاری هەرە بەهێزە بۆ کۆبوونەوە و ئاهەنگ گێڕان و دیداری خەڵك لە هۆکارە ئایینییەکە کاریگەری پتری هەیە، دیارە هەڵپەرکی تاکە بواری ژنانە بۆ ئەوەی لە میانەیەوە هەست بە خۆشی بکەن، کەوا لەسەر ئاوازی تەپڵ و زوڕنا لە بازنەی کراوەدا هەڵ دەپەڕن، دەنگ دانەوەی تەپڵ و زوڕنا و هاواری سەر چۆپی کێش پەردەی کپی نیهالەکان دەپچڕێنن.

برانت وەك ڕەوەندەکانی دی ئەوەی سەرنج داوە لە کاتی هەڵپەرکێدا جۆرە یاری و بزاوێکی سەیر پێشکەش دەکرێن، وەك ئەوەی جامبازێك ورچێك لەگەڵ خۆیدا دبێنی بۆ خۆشی دڵی ئامادەبووان یاری لەگەڵ دەکات (١٢٨).

هەندێکیش بینراون کەوڵ و فەروەی ئاژەڵی وەك بزن و ورچ لەبەر دەکەن و لاسایییان دەکەنەوە، بۆ ئەوەی کەش و هەواکە خۆشبکەن مەلی خەندە لەسەر لێویان لا نەچێ.

## ڕاو

میستەر ریچ کەوتۆتە پێش ڕەوەند و ڕۆژهەڵاتناسەکانی دی لە سەردانی کوردستاندا، هەر بۆیە ئەوەی ئەو دەربارەی ڕاو نووسیویەتی بە زانیاری گەلێکی پێشوەخت دادەنرێت، باسی پاشای ئامێدی، واتە میری ئیمارەتی بادینانی کردووە و دەڵێت، کاتێك دەگەیشتە ئەو ناوچەیەی ڕاوی لێدەکرد کە نزیك شاری ئامێدی بوو جلەکانی دەگۆڕی و جلی ئاسایی چیانشینانی لەبەر دەکرد. زۆری لا ئاسایی بوو بەرەو هەوراز هەڵکشی یان لە سەردەم پاڵ کەوی چاوەڕێی بزنە کێوی بکات، کە ئەگەریش تەمەنی نێچیرەکەی لە چوار ساڵان کەمتر مەزنە بکردایە ئەوە تەقەی لێنەدەکرد، شایانی باسە شارەزایان لە ڕێگای شاخەوە تەمەنی بزنە کێوی دیاری دەکەن.

ئەم جۆرە ڕاوکردنەش چ بە دەسرێژ و چ بەکارهێنانی داو... تاکە وەرزش بووە لە ناوچەی ئامێدیدا، چونکە ناوچەیەکی شاخاوییەو ڕاوکەر ناتوانی لەسەر پشتی ئەسپەوە تفەنگی نیشان شکاندن (القنص) بەکاربێنی. بەم شێوەیە ریچ بە وێنەیەکی ڕاوکردن لە کوردستاندا لە

سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا لە ناوچەی ئیمارەتی بادینان لە ئامێدی ئاشنای کردووین (١٠٨).

باسیل نیکیتین باسی چیرۆکێکی سەیری راوکردنمان لە کوردستان بۆ دەگێڕێتەوە کەوا ئازایەتی و نەبەردی مرۆڤی کوردی تیا دەردەکەوی، دەڵێت، لە کاتی راوکردنی ئاژەڵدا بە دەگمەن گوللەی تفەنگی دەستی بەهەڵەدا دەچی. نیکیتین چیرۆکی ئەو راوچییەی بۆ گێڕاوینەتەوە کەوا کوردەکان کاتی خۆی بۆیان گێڕاوەتەوە، دەڵێت، رۆژی لە رۆژان راوچییەك ورچێك لە چنگ پڵنگێك رزگار دەکات، ئیدی ورچەکە چاکەی ئەو لە بیر ناکات و دەبی بە هاوڕێی. باسیل نیکیتین بە رستەیەکی رەخنە ئامێز — وەك چۆن لە چیرۆکەکانی لافۆنتین دا پێڕەو کراوە — کۆتایی بە چیرۆکەکە هێناوە و وتوویەتی، چیرۆکەکەش بەوە کۆتایی پێهات کە ورچەکە بەو بەردە گەورەیەی بۆی هاویشت بۆ لابردنی ئەو مێشەی لەسەر روومەتی نیشتبووەوە هاوڕێکەی کوشت.

تۆما بوا مرۆڤی کورد بەوە باسدەکات کە چۆڵەوانی و دەشت و دەری پێخۆشە و ئەیەوی ئارەزووەکانی لەو کەش و هەوا بەرینە دا بە جی بێنی. ئارەزووی راوکردنیش پێش هەموو ئارەزووەکانی دیکەی دەکەوی و ئەوەی دووپات کردۆتەوە کورد لە بواری راودا زۆر بەهرەمەندە، راوچییەکی بە ئەزموون و نیشان شکێنێکی لێهاتووە، بە راوکردنیش هەست بە خۆشی ژیان دەکات، هەر بۆیەش پێی خۆشە میوانەکانی بەری ئەو چالاکییەی ببینن، بەتایبەت کوردستان پڕە لە ئاژەڵی دڕندەی وەك ورچ و گورك و بەرازی کێوی و رێوی و کەمتیار...

لە زەمانی کۆندا و تەنانەت لە سەدەی نۆزدەیەمیشدا شێریشیان راو دەکرد، بەلاّم دیارە ئەم ئاژەڵە لە ناوچەکەدا بنبڕ بووە.

تۆما بوا دڵنیابووە شێر لە کوردستاندا هەبووە چونکە لە داستان و چیرۆك و بەسەرهاتەکاندا ناوی هەیە و کاتی خۆی راوکراوە، بەلاّم ئەمڕۆ لە ناوچەکەدا بەرچاو ناکەوی.

ئاماژەی بەوەش داوە کوردەکان بۆیە بزنە کێوی و کەروێشك راو دەکەن تا سوود لە گۆشتەکانیان ببینن.

زیاتریش بایەخی بە ناوچەی کوردستانی عێراق داوە، رەنگە سەردانی چەمی سیروانی کردبی یان لەو ناوچەیەدا هەلی بۆ رەخسابی دیمەنی راوکردن ببینی. دەڵێت گەلێك جۆری باڵندە لەوی راو دەکرێن وەك پۆڕ و سۆنەی کێوی و...هتد.



کەو باڵندەیەکی باو و ناسراوە لە کوردستاندا و پەسەندی خەڵکە، بەگەلی جۆریش راو دەکرێت. کەو سەر دەبڕی و گۆشتەکەی دەخۆری، یان ماڵی دەکری و بۆ جوانی خەڵك رایدەگرن، لەوەرزی بەفر بارینیشدا زۆر بە ئاسانی راو دەکری، چونکە کاتێك برسێتی ماندووی دەکات و ناچار دەبی بچێتە دەرەوە بۆ پەیداکردنی خۆراك بە ئاسانی دەستگیر دەکرێت. هەروەها لە بەهاراندا داوی تایبەت بەکار دەهێنری بۆ راوکردنی.

کوردەکان سەگی (تانجی)یش بۆ راوکردن بەکار دێنن، هەروەها سەگی زلی شوانکارەکانیش، بێجگە لەوەی هەڵۆ و شاهین و باز فێری راوکردن دەکەن، کەوا نرخیشیان زۆر گرانە.

تۆما بوا باسی راوچییەکی کوردی خەڵکی دیمەشقمان بۆ دەکات کە زۆر بەناو بانگ بووە، ساڵی ١٩٠٠ لە سووریا بە راوە ئاسك دەستی پێکردووە، پاش دە ساڵ چووە بۆ سوودان لەوی خەریکی راوکردنی گامێش و شێر و پڵنگ بووە، ئەنجا چووە بۆ ئۆگەنداو کۆنگۆ و هیندستان و لە ئەفەریقیاش توانیویەتی پڵنگ و فیل و ئاسك راو بکات، لە دیمەشق کۆشکێکی هەیە بە گەلێك دیمەنی راو جوانکراوە، بۆیە ماڵەکەی وەك مۆزەخانەی لێهاتووە.

ماسیش دیسان بووەتە جێی بایەخی راوچییانی کورد کە لە نێو رووباری فورات و دیجلە و خابوور و هەردوو زی و... راوە ماسی دەکەن.

تۆما بوا ئەوەی لە یاد نەکردووە باسی چیرۆکێکی سەیرمان بۆ بگێڕێتەوە دەربارەی راوکردنی شێرێك لە زەمانی میر بەدرخانی میری بۆتان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا کە ئەوەش بەڵگەیەکی تەواوە بۆ ئەوەی ئەم ئاژەڵە لە کوردستاندا ژیاوە (٨٦-٨٩).

فرێزەر دیمەنێکی راوکردنی لە کوردستان لە گوندێکی هەژار بە ناوی جان ریز کە چەند میلێك لە چیاوە دوورە بۆ نمایش کردووین. ئەم گوندە ئەو کاتە سەلیم ئاغای سەرۆکی هۆزی دەلۆی تیا نیشتەجی بووە.کە لقێکە لە پاشاکانی سلێمانی، کاتێك فرێزەر لە گوندەکە نزیك بووەتەوە کۆمەڵە کەسێکی بەدی کردووە کە ئەسپیان زین کردووە و وەك بڵێیت شپرزەی کارێك بوونە، کاتێکیش گەیشتۆتە دێیەکە بینیویەتی بەگ نیازی راوی هەیە و خەریکن ئامادەکاریی بۆ دەکەن، پیاوەکانی دەورووبەری ئامادەبوونە و رەشمەی تانجییان لە دەست بووە، هەروەها دارو هەڵۆی سەر پێچراو، ئەسپەکانیشیان زین کرابوون و هەر یەکە رمی خۆشی پێبوو.. (٥٠).

هاملتۆن بە کورتی باسی راوچییانی کوردی کردووەو دیدوبۆچوونی خۆی دەربارەیان تۆمارکردووەو دەڵێت، راوچییە لێهاتووەکان، ئەوانەی پیشەیان راوە کەم دوون، تەنانەت لە نێو خۆشیاندا کەم دەدوێن، بە تەواوەتی لە شوانی چیاکانی سکوتلاندا دەچن. پاش ئەمەش

ئاماژەی  بەوە داوە کەوا رووی لەیەکچوون لە نێوان کوردو ئاسووری لە لایەك و لە نێوان ئوسکۆتلەندییەکاندا لە لایەکی دییەوە زۆرە (١٩٦).

کوردەکانیش بە پێی لێکدانەوەی ئەو لە بواری راوکردندا بەهرەمەندن بە تایبەت ئەوانەی چیانشینن، بێجگە لە ئینگلیزو ئاسوورییەکانیش کەس پێیان ناگات. دەربارەی نەریتی راوکردنیش هاملتۆن دەڵێت. لایان وایە ئەگەر میوان بانگێش بکرێت بۆ راو، ئەوە شەرەفمەندی و بەخشندەییەکی زۆرە شێخ پێشکەشی میوانەکەی دەکات، قبوولٌ نەکردنیشی گەمژەییە.

هاملتۆن کاتێك باسی خۆئامادەکردنی بۆ راو بکردایە، هەستی بە خۆشییەکی تەواو دەکرد، دەڵێت، شێخ (واتە میر مەحموود ئاغا) خوانێکی ئەوتۆی بۆ میوان ئامادە دەکرد کە ئامادەباشی تەواوی بۆ ئەنجام دەدراو بۆ ئەم ئاهەنگی راو کردنەش پتر لە سی راوچی لە پێرەوکانی شێخ ئامادە دەبوون.

هاملتۆن ئەوەی سەرنج داوە کە وەك ئەم بۆنەیە زۆر شیاوە بۆ ئەوەی ئاشتبوونە لە نێوان خاوەن کێشەکاندا بەرپا بێت و دۆستایەتی جێگای دوژمنایەتی بگرێتەوە. هاملتۆن لەوە سەری سوورِ ماوە ئایا بۆچی ئەم هۆزانە پێش هاتنی ئینگلیز گلەییان لە هۆزەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی کردووە و بە درِندە لە قەڵەم داون، هیچ کارمەندێکی عوسمانیش نەیوێراوە بە تەنها لەگەڵیان بچی بۆ راو (١٩٢-١٩٣).

هەی بە کورتی ئاماژەی بۆ راوکردن لە کوردستاندا کردووە و وتوویەتی تانجی بەکاردێنن و لە دەشتی هەولێریش خەڵکی بینیوە کەروێشك و ئاسك و بەراز و بزنەکێوییان راو کردووە ئەوانەی خاوەن تفەنگیش  بوونە زۆر کەم بوونە (٨٣).

## سوارچاکی و یاری

میستەر ریچ ئاماژەی بۆ ئەو جۆرە یارییانە کردووە لە شاری سلێمانی بینیوتی، کە هەندێکیان یاری وەرزشی بوونە، هەندێکێشیان گەمەی ئاسایی. کوردەکانیشی بە نەتەوەیەکی وەرزشکار دەداتە قەڵەم کە هۆگری مەشقی ئەسپ و شەرِە بەران و شەرِە سەگ و شەرِە باڵندەن(٧٢).

لە نێو کوردەکاندا ئاهەنگی وەرزشی هەندی جار بۆ میوان ساز دەکرێت. ریچ دەڵێت، جارێك میری بابان ئەوەی پێشنیاز کردووە ئاهەنگێکی نمایشکردنی ئەسپ و ماین سەر لە ئێوارە ساز بکرێت کاتێك لە لەوەرِگاکانیان دەگەرِێنەوە، بەلاّم ریچ داوای لێبوردنی کردووە



چونکە نیازی وابووە لە گەرمەی کاتژمێرەکانی رۆژدا بە ئەنجامی بگەیەنی. لە بەر ئەمە دوا خراوە.

(ئەسپ و ماین یەك جۆری ولاّخن، بەلاّم ئەسپ نێرینە و ماین مێینەیە — وەرگێر–) ریچ نەیدەزانی ئایا ئەو نمایشە بۆ خۆشی دڵی ئەو واتە ریچ ساز دەکرێت یان نەو ؟ ئاماژەی بەوەش داوە کە ئەگەر بیزانیبا بۆ ئەوە ئامادەی ئاهەنگەکە دەبوو، نەی دەهێشت دوا بخرێت (٩٤).

گرنگ  لەم بابەتەدا ئەوەیە نمایشی ئەسپ جۆرێك بووە لە جۆرەکانی ئاهەنگ  گێرانی کوردو دەربرِینیش بووە لە رێزو پایەبەرزی میوان. ئەمەش دیسان لە لایەن کەیخوسرەو بەگی سەرۆکی جافەوە بۆ ریچ سازکراوە لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ هەوارگەکەی، چونکە لاوانی بەگزادەی جاف لە بەردەم ریچ و ژنەکەیدا مەشقێکیان رێکخستبوو کە بریتی بوو لە مانۆرێکی هونەری و تیایدا بەهرەی خۆیان بەکارهێنابوو (١٣٣).

کوردەکان بە پێی دیدی ریچ سواری ئازان، بەلاّم هونەری سوارچاکی نازانن، چونکە ئەسپەکانیان — وەك دەڵێت — خێرا بەرەو هەر خاکێك و بە بی بەزەیش بە ئەسپەکانیانەوە پێچ دەدەنەوە، گشت ئەو بزاوانەش بە توندی و بە خۆ نووساندن بە پشتیانەوە ئەنجام دەدەن.

بێگومان کاتێك ریچ سواریی کورد هەڵدەسەنگێنی پێوەری دیاریکراو بەکاردێنی کە بە (دەستووری سوارچاکی)ی ناوی دەبات، گومانیش لەوەدا نییە سواریی ئەسپ لە بەریتانیا بە ئارەزوومەندییەکی رەسەن دادەنرێت، وەرزشێکە یانە و یاریگا و راهێنەری خۆی هەیە، یارییەکانیان هونەریان تیایە، بەلاّم لەسەر ئاستی کورد، ئەوە حاڵیان وەك نەتەوەکانی دیکەی رۆژهەلاّتە، قەوقاز، عەرەب، فارس و تورك سەودا لەگەڵ ئەسپ دەکەن.

قسەی راستیش دەبی بووترێت، کوردەکان بە پەروەردەکردنی ئەسپ و ماینەوە بەناوبانگ نین، وەك عەرەبیش بە دوای نەژادیاندا نارِۆن، ئەمە لەرِووی مێژووی نزیکەوە، بەلاّم لەسەر ئاستی مێژووی کۆن ئەوە لە هەندی لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکانەوە ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە کە ئاماژەکردنی ئەوتۆ لە گۆرِییە نەژادی ماین ناگەرِێننەوە بۆ ولاّتی عەرەب، مەگەر لە مێژووییەکی نزیکەوە، ئەوەتا پرۆفیسۆر فیلب حەقی مامۆستای مێژووی عەرەبی لە زانکۆی کۆڵۆمبیا ساڵی ١٩١٥، دواییش زانکۆی هارفۆرد لە کتێبە هەرە بە ناو بانگەکەیدا کەوا لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێردراوەتە سەر گەلێك زمانی دی دەڵێت، وێرای ئەوەی ماین لە ئەدەبی  ئیسلامیدا بووەتە جێی بایەخ، بەلاّم درەنگ  گەیشتۆتە دوورگەی عەرەبی، بۆیە ئەگەری ولاّتی نەجد بە ماینەوە بە ناو بانگ  بێت، بەلاّم پێشینەی گەلانی سامی نەیان زانیوە

مایین چییە، چاکەکەش بۆ گەلانی ئاری نـەژاد دەگەڕێتـەوە کـە ئـەم ئاژەڵـەیان مـاڵیکردووە، شوانکارەی هۆزە هیندۆ ئەورووپییەکان یەکەمین کەس بوون مایینیان ماڵی کردو پـێش چـەرخی مەسیحی لە سووریاوە گەیاندیانە دوورگەی عەرەبی ئەمەو (سـترابو)ی جوگرافیناسـی یۆنـانی ئەوەی بە درۆخستۆتەوە دوورگەی عەرەبی ئەسپی لەخۆگرتبی، بۆ دووپات کردنـەوەی ئەمـەش متمانەی کردۆتە سەر (ئەلیۆس کالۆس)ی فەرماندەی رۆمانی دۆسـتی کـەوا سـاڵی ٢٤ پ. ز دورگەی عەرەبی داگیرکرد. (٤٨).

لەسەرنجەکانی ریچەوە دەربارەی پێوەندی کورد لەگەڵ مایندا ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە کە کورد ئەسپی بەهێزو نارەحەت بە باشتر دەزانی، لەو باوەڕەدایە توانـست و بـەهرە و ئازایـەتی سوار لەگەڵ ئەو جۆرە ئەسپەدا دەردەکەوی. لەبەر ئەمە ریچ بەو جـۆرە ئامۆژگـاری ئاراسـتەی ئەو کەسانە دەکات کە ئەیانەوی بە شێوەی هێمن ماوەیەك سواری ئەسپ بن لە دوای سوارێکی عەرەب یان تورکەوە بڕۆن، چونکە ئەگەر لە دوای سوارێکی کوردەوە رێگا بکەن ئەوە بەختەوەر نابن و چێژ لەو سوارییە نابینن (٢٢٦).

بێگومـان ئـەوەش دیدوبۆچـوونی کەسـیی خۆیـەتی، چـونکە مالیبـارد کـەوا لـە پـاش سەردانەکەی ریچ بە پتر لە ١٢٠ساڵ سەردانی کوردستان و شاری سلێمانی کـردووە، سـوارەی کورد بەرز هەڵدەسەنگێنی و مەزنێتی و سەروەری دەخاتە پاڵ (٢٢٦).

مالیبارديش دیسان باسی ئەوەی کردووە کەوا چاوی بە کۆمەڵە سـوارێکی کـورد کـەوتووە کە سواری ئەسپی چیایی بوونە و لە نزیك هەندی گوندی کوردەوە رێگایان کردووە.

دیمەنی ئەو کۆمەڵە سوارەی زۆر جوان هاتۆتە پێش چاوو ئەوەشی سەلماندووە کەوا هونـەری سواری دەزانـن و سوارچـاکن، تەنانـەت دیمـەنیان هێنـدەی لا کاریگـەر بـووە نـەی ویـستووە دەقیقەیەك تێپەڕی بە بی ئەوەی پڕ بە هەردوو چاوی تەماشای دیمەنی ئەو شۆڕە سوارە کوردانە نەکات بە تایبەت کاتێك رێك لەگەڵ ئۆتومبیلەکەی خۆیدا رێگایان کردووە (١١٧).

کوردەکان لەبەر تیشکی سەرنجەکانی ریچدا ئەوپەڕی بایەخ بە ئەسپەکانیان دەدەن، پیـاوی تیایە خۆی بە دەستی خۆی خزمەتی ئەسپی خۆی دەکات، خاوێن رایدەگری ئالفی زۆری دەداتی و گەرمی دەکاتەوە و ئەویش بەرامبەر بەوە رێگای سەخت دەبڕی، بە ئاسانی دەیگەیەنێت.

ڕیچ لە میانەی سەردانەکەیدا لە سـلێمانی کـەوا ماوەیـەکی زۆر تیایـدا ماوەتـەوە، ئـەوە سەرنجی ئەوەی داوە کوردەکان ئارەزوومەند بوونە مایینی عەرەبی بکڕن و ئامادەش بوونە نرخی هەرچەند بێت بیدەن، ئەم ئارەزووەش بە پێی بۆچوونی ریچ هۆکار بووە بـۆ ئـەوەی خـەڵك ئـەم



جۆرە ئاژەڵە پەروەردە بکەن تا زاو زی بکەن و نموونەیان زۆر بی چـونکە ریـچ دەڵێـت باشـترین جۆری ئەسپن، بەهێزن و دەتوانن گشت جۆرە خزمەتگوزارییەکی سوارچاکی بە جی بێنن.

ڕیچ دەربارەی سەرنجەکانی دەڵێت، بەداخەوە ئەم بارەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەسپی رەسەنی کوردی بۆ خەڵکی دی بن و لە جیاتیان ئەسپی نارەسەن لە بەغدا و وڵاتە نزمەکانـەوە هـاوردە بکرێن. ئەوەشی سەرنج داوە ئەسپ و مایینی رەسەنی کوردستان بە دەگمەن لەگەڵ هی عـەرەب زاوزی دەکەن (٢٢٦).

بە پێی راو و بۆچوونی خۆشمان ئەم مەسەلەیە لە قاڵبی کێشەیەکی سیاسیدا بەدی دەکەین، دووریش نییە ئەم شیکردنەوەیە بۆ خوێنەری بەڕێز نامۆ بێت، بەلاّم ئەوەی گومانی لەسەر نییە ئەوەیە ئەسپ و مایینی کورد چ بە پارەو چ بە تالاّن وەك شتەکانی دی بران بۆ بەغداو لەوێشەوە بۆ دوورگەی عەرەبی، دواییش نـەوە لـە دوای نـەوە لەگـەڵ جـۆری دیـدا زاوزی یـان پێکـراو. تەنانەت وای لێهات ئەسپی کوردی رەسەن واتە ئەوانەی لەگەڵ جۆری دیدا زاوزی پێنەکرا بـوو بە مەخلووقێکی دەگمەن لە ناوچەی عەرەبیدا بناسری، بەلاّم لە کوردستان ئەم جۆرە ئاژەلاّنـە بوون بە شێوازێکی جەنگ، نە ئەبوو بێجگە لە عەرەب کەس هەیبی تەنانەت لە دوای ئـەوەش بوون بە ئیسلام ئەو دیاردەیە هەر مایەوە، چونکە ئەو ناوچـانەی عـەرەب نـەبوون و بـوون بـە ئیسلام کەوتنە بەر سیستمێك لە مافی سواربوونی ئەسپ بێبەشـی کـردن، تەنانـەت لـە کـاتی جەنگیشدا لەگەڵ برای ئاییینی عەرەبیاندا چونکە دەبوو موسوڵمانی غەیرە عـەرەب لـە کـاتی جەنگدا پیادە بێت (بڕوانە - **الطبري، الجز الثاني، ١٩٢٠** -، هەروها فـان فلـوتن — الـسیادە العربیه فی عهد بنی امیه -، هەروەها کتێبی — الاغانی — **الجزو الخامس**) (١٥٥).

ئەوەش لە ری لادانێك بوو لە رۆحی پیرۆزی ئیسلام و رێنوومایییەکانی حەزرەتی پێغەمبـەر (د) و خەلیفەکانی. ئەنجا کوردەکان دەستیان کردەوە بە هـاوردنی ئەسـپ و مـایینی عـەرەبی، بەلاّم کاری کوتان یان پەڕین (چات) لە نێوان رەسەنەکان و ئەوانەی لەگەڵ جۆری دیدا زاوزێیـان پێکرابوو واتە رەسەن نەبوون کارێکی ئاسان نەبوو، بە پێی زانیاری ئێمـە نێـرە رەسـەنەکانیان ئامادە نەبوون چات بکرێن لەگەڵ مێینە نارەسەنەکاندا، بەو شێوەیە کار لە کار ترازاو گـرفتی رەسەن و نارەسەن لە نێوان ئەو جۆرە ئاژەڵەدا پەیدا بوو، مەگەر بە زۆر لە یەکتر چات بکرایەن واتە بە خۆتێکگەیاندنی ئادەمیزاد، نەك زاوزێی سروشتی.

کاتێکیش ریچ گەیشتە قزلجە کەوا لیوا (پارێزگا)یەك بـوو لـە لیواکـانی ئیمبراتۆرییـەتی عوسمانی، لە پاش رێورەسمی پێشوازیکردنی رەسمی لە لایەن نوێنـەری مـیری بابانـەوە، لەسـەر

خاکێکی بەرین نمایشێکی بۆ سازکرا تیایدا شۆڕەسوارانی کورد مەشقێکی رمبازییان پێشکەش کرد. لە ئەنجامی ئەوەشدا ریچ وتوویەتی، هەموو کوردەکان سواری بوێرن. ئەگەر شۆڕە سواری رەسەن نەبن، پێش ئێستاش دەربارەی راوبۆچوونی ریچ لەم بارەیەوە دواین.

ریچ ئەو رم بازییەی زۆر بەدڵ بووە کە لەگەڵ تەپڵ و زوڕنا دا پێشکەش کراوەو بە دیمەنێکی دڵڕفێن باسیکردووە (١١٩).

ریچ باسی یارییەکی کوردی بۆ گێڕاوینەتەوە کەوا لە ئەحمەد کەڵوان بینیویەتی و بە ترسناك داویەتییە قەڵەم و دەڵێت، دوور نییە لە ئەنجامی ئەم یارییەدا لاقی هەر پیاوێك لەبن دەرچێت، بەڵام کوردی بەهێز، یارییەکەش وەك لە یادداشتنامەکانی ریچدا هاتووە، پیاوێك لەسەر زەوی دادەنیشی، لاقێکی بە گوریسێکی ئەستوورەوە دەبەستری و کۆمەڵێك یاریزان ئەولای گوریسەکە دەگرن، ئیدی پەتەکە رادەکێشن ئەویش لەگەڵیا بەسەر بەرد و دڕك و داڵدا سووڕی دەدەن.

پەلێکی دیکەی بە گوریسێکی دیکەی ئەستوورەوە دەبەستن، لە لایەکی دیکەشیەوە دیسان پیاوێکی گوایە بۆ پاراستنی پیاوەکە ئەو لای پەتەکە دەگرێت و هەوڵی ئەوە دەدات رێگایان پێ نەدات رایبکێشن لە هەمان کاتیشدا خۆی پەلاماریان دەدات بۆ ئەوەی یەکی لەو کۆمەڵەیە بگرێت، بەڵام نابێ پەتەکەی دەستی بەر بدات، هەر کاتێکیش یەکێکیانی گرت ئەوە ئەو شوێنی کابرای پەل بەستراو دەگرێتەوە، ئاماژەشی بۆ ئەوە کردووە یارییەکە بە هاوارو قیژە و باز کوتانەوە ئەنجام دەدرێت (١٢١).

وا دیارە زۆرانبازی جۆرە وەرزشێکی باوبووە لە کوردستاندا، ئاهەنگێشی بۆ ساز کراوە، ریچ باسی ئەوەی کردووە میری بابان داوای کردووە ئاهەنگێکی زۆرانبازی لەبەر خۆشی دڵی ریچ لە ماڵەکەی ریچدا ساز بکرێت چونکە پاشا خۆی ئەو یارییەی بەدڵ نەبووە و ئامادەشی نابێ، بەڵام پێیخۆش بووە بۆ رێز لێنان لە ریچ پێشکەش بکرێت. لەبەر ئەوەش ماڵەکەی ریچ جێی ئەو یارییەی تیانەبووەتەوە، لە جێگایەکی دی پێشکەش کراوە و خەڵکێکی زۆریش ئامادەی بوونە، تەنانەت هەندێك بۆ تەماشا کردنی چوونەتە سەر دیوارەکان.

ریچ دەڵێت: هەندی لە وەرزشزانەکان بەشدارییان کرد، بەڵام لادێیانە یارییان کرد، چونکە زانیارییەکی ئەوتۆیان دەربارەی یاری زۆرانبازی نییە، کەچی جەماوەر یارییەکەیان زۆر پێخۆشبوو، عوسمان بەگی برای میریش ئامادە بوو، زیاد لە هەر کەسێکی دیکەش بە بینینی ئەو یارییە شاد بوو.



لە هەمان رۆژیشدا لە ماڵەکەی خۆی یاری شیربازی بینی میستەر ریچ ئەو دیدوبۆچوونەی لا چەسپیوە کەوا کوردەکان بە گەورە و بچووکەوە، لاو و پیرەمێرد هۆگری وەرزشن و پەسەندی هەموویانە (٨٩).

رەنگە لامان سەیر بی ببیستین یانەیەکی وەرزشی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا لە سلێمانی هەبووبی، بەڵام ئەوە راستی بووە، ناویشی زۆرخانە بووە، ریچ سەردانی زۆرخانەکەی عوسمان بەگیشی کردووە (٨٦).

هەروەها وەرزشی نیشان شکاندنی بینیوە و ریچ لەگەڵ پاشادا پێکەوە چوونە بۆ بینینی ئەو مەشقە، وا دیارە گۆڕەپانی نیشان شکاندن میل و نیوێك لەوپەڕی سلێمانییەوە بووە لەسەر رێگای ئەزمەڕ.

میستەر ریچ لەگەڵ پاشادا پێکەوە لە ژێر چەترێکدا دانیشتوون و تەماشایان کردووە، عوسمان بەگیش لە هەموویان باشتر نیشانی پێکاوە و ریچ بەوەی باسکردووە لە بەکارهێنانی تفەنگی قورسدا بەهرەمەندبووە.

هەروەها گەلێکی دی دەستیان راست بووەو نیشانیان شکاندووە (٨٤) بۆ رۆژی دوایش میستەر ریچ چاوی بە عوسمان بەگ کەوتووە و ئافەرینی لێکردووە، عوسمان بەگیش داوای لێکردووە شیربازی و نیشان شکاندنی بە دەمانچە فێر بکات ریچیش پێی وتووە رۆژهەڵاتییەکان ئەو دوو هونەرە نازانن (٨٤).

وێڕای ئەوەش ئێوارەیەك لە ماڵی پاشادا ئاهەنگی شیربازی بۆ ریچ سازکراوە، بەڵام بەدڵی نەبووە (٩٥).

ریچ ئاماژەی بۆ یارییەکی دیکەش کردووە ئەویش بریتی بووە لە مەشقی بڕینی لبادی شێدار بە شمشێر، لەم بارەیەوە دەڵێت، پارچەیەکی بینیوە کە چەند جار قەد کراوەو لە ئاویان خووساندووە و بە پەتێکەوە هەڵیان واسیوە.

لێرەشەوە پێویستە وشەی لباد روون بکەینەوە، لباد بەرەیەکە لە خوری پەستراو دروست دەکرێت کە نیو ئینج یان زیاتر ئەستوورە.

زۆر پەستراو و پارچەیەکی لێدروست بووە بڕینی بە چەقۆ کارێکی ئاسان نییە. ئەم جۆرە بەرەش، زیاتر لە دیوەخاندا بەکار دەهێنرێت، هەروەها پاڵتۆی شوانی لێدروست دەکەن، کە شوان لەسەرما و بەفر و باران دەپارێزی.

با بگەڕێینەوە بۆ لای ریچ کە باسی ئەم جۆرە وەرزەشەمان بۆ دەگێڕێتەوە. عوسمان بەگ یەکەم پەلامار دەست پێدەکات و بە لێدانێکی ئاسان پارچە پێچراوەکە دەکاتە دوو بەشەوە، دوای ئەویش حەسەن بەگ  هاتوتە پێش کە لاوێکی خوێن شیرین بووە و دیسان پارچەکەی شەق کردووە. ئەنجا نۆرە هاتۆتە سەر عەزیز ئاغا ئەمیش هەروەکو ئەوان کردوویە بە دوو لەتەوە.

دوای ئەوەش پارچەیەکی دییان بە هەمان شێوە هەڵواسیوە، ئەمجارە عوسمان بەگ  نەیتوانیوە بیبڕی چونکە دوو یان سی لۆی لێماوەتەوە، هەروەها ئەوانی دیکەش نوشووستیان هێناوە.

ڕیچ باسی ئەوەی کردووە کە پرسیاری لێکردوون ئایا ئەم شێوە یارییە لەوە باشترە کە بریتانییەکان هۆگرین ؟ لەو باوەڕەداین ریچ مەبەستی شیربازییە. دیارە ویستوویەتی بزانی ئایا ئەم یارییە لە شمشێر بازی پتر هێزی پێویستە، لە میانەی وەڵامەکەی ریچەوە وای لێدەگەین، ئەنجا وتوویەتی شێوازێکی ئاساییە، بەڵام پێی وتوون ئەگەر یەکەم لێدان دەست هەڵەی کرد دەبی کاردانەوەی بەرامبەرەکەی چی بی؟ کەوا دەزانی چەکەکەی چۆن بەکار دێنی، وەك لە نێو بەریتانییەکاندا پێڕەو دەکرێت. ریچ وتوویەتی، لە کۆتاییدا عوسمان بەگ باوەڕی هێناوە بەوەی ریچ دەیلێت راستییە، بەڵام عەزیز ئاغا باوەڕی بەوە نەهێناوە (٩٢).

ڕیچ ئەوەشی لە یاد نەکردووە کە خەڵك گەلێك مەشق و یاری لە نێو باڵندەکاندا ساز دەکەن وەك شەڕەکە و کە باڵندەیەکی زۆر ناسراوە لە کوردستاندا.

ڕیچ ئاماژەی بەوە داوە ئەو باڵندانە هەرچەندە بچووکن، بەڵام بوێر و زیرەکن، ئەنجا پەنجەی بۆ ئەوە راکێشاوە کە باڵندەکان توند بە دەنووکیان ملی دوژمنەکەی بەرامبەریان دەگرن و هەڵدەفڕن، دواییش دەیدەن بە زەوی دا. ئەمەی بە جۆرە مانۆڕێك باسکردووە کە چێژ بەو جۆرە شەڕە دەبەخشی (٨١).

ڕیچ باسی ئەو ئاهەنگەی کردووە کە ناودارێکی ئەو کاتەی سلێمانی لە ماڵەکەی ریچدا بۆ شەڕە باڵندە سازی کردووە و دەڵێت، کۆمەڵێك لە کوردەکان سی و دوو قەفەسیان بەشان هەڵگرتبوو کە هەر دانەیەکیان باڵندەیەکی تیابوو. ئەنجا باڵندەکان بە جووکە جووك هەرایەکیان دروست کردووە هەرگیزیش بی دەنگ  نەبوونە تا ئەو کاتەی شەڕەکەیان دەستی پێکردووە ئەنجا ئەو پیاوانە هەر هەموویان بەشەوقەوەبوونە بۆ بینینی ئەو دیمەنە و لە پشت قەفەسەکانەوە وەستاوون، دواییش قەفەسەکانیان بە شێوەی بازنەیەك رێکخستووە، خۆشیان لە پشت بازنەکەوە وەستاون ریچ داخی بۆ ئەوە خواردووە نەیتوانیوە وێنەی دیمەنەکە بکێشی چونکە زۆر دڵگیر بووە، بەڵام پێویستبوو چەند جارێك ببینری بۆ ئەوەی وێنەی بکێشی. ئەنجا باسی شەڕەکە دەکات، کە



ئەو کاتە دەستی پێکردووە یەکێك لە بەشدار بوان دەرگای قەفەسێکی کردۆتەوە و باڵندەکەی ناوی راپەڕیوە و بەرەو ئاسمان هەڵفڕیوە. وەك چۆن بڵێیت بەرەو روویان بووەتەوە، بەلار و لەنجە چاوەڕوانی دوژمنەکەی بووە، کاتێکیش باڵندەی دووەم ئازاد کرا شەڕە باڵندە دەستی پێکرد، دیمەنێکی ناسکی دروستکرد کە هیچ توند و تیژییەکی تیا نەدەبینرا، لە هەمووشی جوانتر وەك ریچ دەڵێت، دیمەنی ئەو باڵندە بچووکانەبوو کە لەسەر نووکە پەنجە رەخشیان دەکرد و بەرامبەر یەك بازیان دەکووتا. ئەوەش زیاتر سەرنجی راکێشا ئەوەبوو باڵندەیەك ئەوی دی لە ملەوە بە دنووك بگری و دوو یان سی جار سووڕی بدات جاری واش دەبوو نێچریکە لە دەنووکی بەر دەبووەوە و هەڵدەهات و لە دەرەوەی مەیدانی شەڕ دەوەستا.

باڵندەی سەرکەوتووش ئامادەنەبوو ئارەزووی شەڕ دووبارە بکاتەوە. نەریت وابوو، دەبوو دوو یان سی مانگی بەسەرا تێپەڕی، هەر باڵندەیەکیش ناوی خۆی هەبوو، باڵیشیان تەواو، بە جۆرێکیش راهاتبوون هەر لە خۆیانەوە دەچوونەوە نێو قەفەسەکانیانەوە (٦٥).

هەر لە سنووری مەشق و مانۆڕی باڵندە و ئاژەڵدا میستەر ریچ باسی دیمەنی شەڕە سەگی کردووە، کە بە سەیر داویەتییە قەڵەم و دەڵێت، بە خۆشی و پێکەنینەوە لەگەڵ قیژە و هاوار و پێکووتانە زەویدا کە ئەو دەوروبەرەیان پڕدەکرد سەگەکانیان گاڵ دەدا بۆ ئەوەی باشتر پەلاماری دوژمنەکانیان بدەن. هەر ریچ باسی ئەوەی کردووە کە یەکی لە سەگەکان هی مەحموود مارفی دۆستی بووە، کە پیاوێکی هۆگری ئەم یارییە بووە تەنانەت کاتێك بیستبووی یەکێك لە کۆیە سەگێکی بە توانای هەیە، پیاوێکی بە تایبەت نارد بۆ لای خاوەنەکەی بۆ ئەوەی بۆی بنێری تا لەگەڵ سەگێکی سلێمانیدا بیانداتە شەڕ  (٧١).

تۆما بوا بەرەو رووی کۆمەڵێك یاری میللیمان دەکاتەوە کەوا کوردەکان سەرگەرمیان بوونە، یەکێك لەو یارییانەش ئەوە بوو وایان لە ئەسپ کردووە لە بۆنەی شایی و خۆشیدا یاری بکات. ئاماژەی بۆ گەمەیەکی دیکەش کردووە کە پێیان وتووە (تەگەلە) کە بە هۆی ماینی خێراوە لەسەر زەوی پان و بەرین ئەنجام دراوە، سوارەکان بەوپەڕی خێراییەوە لە دوای یەك بەرەو ئەو شوێنە رۆیشتوون کە بۆیان دیاریکراوە کە گەیشتوون هەریەکەیان دارێکی بە درێژایی مەترێك فڕی داوەتە بەردەم ماینەکەی خۆی، ئەگەر بە جۆرێکی تایبەت کە هونەری تیا بێت بیهاوێت ئەوە دارەکە دەگەڕێتەوە بۆ سوارەکە خۆی، هونەرەکە لەوەدا بە چ شێوەیەك دارەکە ئاڕاستە بکرێن تا بگەڕێتەوە و ئەم بتوانی بە ژێریا تێپەڕی یان بە دەستێکی بیگری.

یارییەکی دیکەش هەیە بە (جوکان) ناسراوە، کە کاتی خۆی سەلاحەددینی ئەیووبی هۆگری بووە و لە شوێنی تایبەتدا کە بۆ ئەم یارییە تەرخان کراوە لە دیمەشق لە لێواری رووباری (بردە) مەشقی لەسەر کردووە.

زۆران بازی یارییەکی باوی نێو کوردەکانە و وەك یارییەکی میللی خەڵك هۆگری بوونە.

ئەو یارییەش کە مۆرکێکی میللی هەیە و خەڵکێکی زۆر رای دەهێنن پێی دەڵێن (هول) کە وەك یاری (الهۆکی)ی ئێستایە.

تۆما بوا دیسان باسی گەلێك لەو یارییانەی کردووە کە ئاماژەمان بۆ هەندێکیان کردووە، وەك، شەرە کەڵەباب و شەرە بەران و هی دی.شوانە بچووکەکانیش دیسان خۆشی و رابواردنی خۆیان هەیە.

عەرەبی شەمۆ ئاماژەی بۆ گەلێك یاری منداڵان کردووە وەکو زیزی، واتە داری بچووك، راکردن و تۆپێن... بێجگە لەو یارییانەی لە یاری ئەورووپاییە بچووکەکان دەچن وەك بازکوتان و کاروانی خۆی و یاری شمشێر و یاری چاو شارکی، یاری گوڵە شووشە...

پیاوانیش بە زۆری خۆیان بە یاری کاغەزەوە خەریك دەکەن، رۆشنبیرانیش هۆگری یاری شترەنج، کە دیسان ئاغاکان هۆگری بوونە دەڵێن، کاتی خۆیشی سەلاحەددینی ئەیووبی هۆگری بووە و شەوان خۆی پێوە خەریك کردووە.

دەربارەی یەکەم شانۆی گشتی کوردیش تۆما بوا دواوە و دەڵێت : ساڵی ١٩٣٤ لە یەریڤانی پایتەختی ئەرمینیا دامەزراوە، لە مهاباد و سلێمانی هەولێر و تەقەللای قوتابخانەکان لە گۆڕێ بووە، تەنانەت لە سەردەمی کۆماری مهابادیشدا (١٩٤٥-١٩٤٦)، لاوان بەشداری هەندی شانۆی نیشتمانییان کردووە (٨٤-٨٥).

هەی کوردەکانی بینیوە خەریکی جۆرە یارییەك بوونە وەك یاری (هوکی — Hockey) بووە، کەرەستەکانی بریتی بوونە لە گۆچانێك و پارچە دارێکی بچووکی تۆپ ئاسا لە راستیشدا ئەم یارییە کە هەی بینیویەتی پێیدەڵێن (کاشۆیانێ).

هەی باسی یاری قوماریشی کردووە کە بە دەگمەن لە نێو لادێکاندا باوە، بەلام وەك یاری کاغەز رەنگە لە شارەکاندا زیاتر بەرچاو بکەوێ.

هەی لە باسی یاری منداڵاندا ئاماژە بۆ جۆرە یارییەکی ئاڵۆز کردووە، ئەوەیە کە بەردی بچووك خل دەکەنەوەو بەرەو کونی بچووکی نێو زەوی دەبەن (٨٣) لە راستیشدا ئەم یارییە لە یاری (گۆلف — Golf) دەکات کە زۆر بەناوبانگەو گەورە نەك بچووك لە ئەورووپا هۆگرین.



ئەگەریش لەو هەموو زانیارییانەی لە سەرەوە باسمانکرد وردببینەوە پێویستە هەوڵ بدەین بە ئەنجامێك دەربچین، رەنگە خوێنەری بەڕێزیش بەشداریمان بکات.

لە میانەی دیدوبۆچوون و تێڕوانینی رۆژهەڵاتناس و رەوەندەکانەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە گەلی کورد بە سروشت شادو ئەوینداری گۆرانین، ئارەزوومەندی هەڵپەڕکێن، تەنانەت جاری وا هەیە مرۆڤــــ دەکەوێتە سەر ئەو باوەڕەی بڵێت، گۆرانی و هەڵپەڕکی هەردوو سۆیی کورد دەنوێنن لە میانەشیانەوە بە درێژایی مێژووی تاڵ و پڕ ناسۆریان نەفەس دەکێشن، وەك گەلی (زۆر بوی) یە — کە دەگەڕێتەوە سەر کەسێتی ناوداری یۆنانی زۆربا — ئەگەریش شیاوی گوزراشت بی دەڵێن، لەسەر ئازارەکانی سەما دەکات و لە میانەی هەردوو لێوی برینداریەوە گۆرانی دەڵی، کارەسات بە خۆشی چارەسەر دەکات.

هەروەها بۆمان دەرکەوت کورد مۆسیقای تایبەتی خۆیان هەیە، بەلام وا دیارە دواکەوتنی باری رۆشنبیری کە هۆکاری سیاسی لە پشتەوەیە بووەتە تەگەرە لە رێگای گەشەسەندنی مۆسیقای کوردیدا، کە بێگومان بەشێکی زیندووی رۆشنبیری یان شارستانێتی هەر گەلێکە. دیدوبۆچوونەکانیش دەربارەی مۆسیقای کوردی جیاوازن، هەندی دەڵێن، خەمناکە و هەندێکیش دەڵێن خۆشی باڵی بەسەرا کێشاوە، لەو باوەڕەش داین جیاوازی نێوان دیدوبۆچوونی رەوەند و رۆژهەلاتناسەکان پەیوەستن بە شوێن و کات و بۆنەوە، چونکە وەك چۆن مۆسیقای خەمناکیان هەیە هی خۆشیشیان هەیە، حاڵیان حاڵی نەتەوەکانی دییە.

گەلی کورد لە رووی چەمکی گشتییەوە قەرزداری هۆزی کوردە، تەنانەت پاش جێگیر بوونیشی، چونکە داستانی گۆرانی و سامانی هونەرییان پاراستووە، کەوا بوونەتە جێی بایەخی هەندی رۆشنبیری کورد کە گەلێکیان لی تۆمار کردووە و بلاّو کردۆتەوە، ئەگینا ئەمانەش وەك ئەوانی دی بەدرێژایی مێژوو لە نێو دەچوون و وەك ئەوانیان بەسەر دەهات، بێگومان پێشەنگی ئەو ئەدیبانە کە ئەو ئەرکە پیرۆزەیان لە ئەستۆ گرتووە رۆشنبیرانی ئەرمینیان.

هەروەها ئەوانەی سوورباش لە پیشەکێشیانەوە هەردوو رابەر، پرۆفیسۆر کامەران بەدرخان و جەلادەت بەدرخان کە بایەخی زۆریاندا بەبابەتی فراوانی کەلتوور و ئەدەبی کوردی و لەو بارەیەوە چەندین کتێب و گۆڤاریان دەرکردووە و گەلێك کەلتووری سەر زاری خەڵکیان تۆمار کردووە.

دەبی پەنجەش بۆ ئەوە رابکێشین کە برێکی مەزنی کتێب و گۆڤار و رۆژنامە لە بەغدا دەرچوون رۆڵی بەرچاویان هەبووە لە پاراستنی کەلتووری کوردی بە تایبەت پاش ساڵی ١٩٧٠.

شایانی باسیشە پەتایەك خەریکە لە نێو هونەری کوردیدا بلاو دەبێتە.کە ئەویش وەرگرتن (الاقتباس)ی مۆسیقایە لە نێو گۆرانی کوردیدا بۆ وێنە لەم دواییەدا کۆمەڵە گۆرانییەکی نوی لە سلێمانی بلاو بووەتەوە هەندێکیان ئەگەر لە وشەکانی ورد بینەوە وا هەست دەکەین فارسین.

هەروەها لە دهۆکیش هەمان دیاردە هەیە و هەندی گۆرانی نوێی کوردی لە تورکی دەچن.

ئەمەش پەتایەکی ترسناکە لە نێو هونەری گۆرانیدا بلاوبووەتەوە دەبی هونەرمەندانی کورد هەرچی زووە هەوڵی بۆ بخەنە گەر چارەسەری بکەن بۆ پاراستنی ناسنامەی هونەری گۆرانی کوردی.

رەنگە هەندێك بڵێن ئەوان لە ئێمەیان وەرگرتووە، ئەمەش قەوانێکی کۆنی خەوشدارە، لەو رۆژگارەوە ئاگادارین کە گفتوگۆمان دەربارەی ساغ و سەلامەتی زمانی کوردی و لەوتاندنی بە وشەی بیانی دەکرد کە پاساوی ئەوەیان بۆ دەهێنایەوە، ئەو وشانە لە نەژاددا کوردی بوونە.

لەو باوەڕەداین زانستی ئەمڕۆ توانای هەیە کەلتوور و سامانی گەلان لە یەك جیا بکاتەوە، جیاکردنەوەش دەبی رێژەیی نەك رەها بێت، بێگومان ئەگەر رێژەکە حوکوم نەبی، سەنگی ترازووەکەش تێك دەچی، کاتێکیش ئارەزووی کەسی رۆڵ بگێڕی لە بنیاتنانی وشەدا و حوکمەکانیش تاکڕەوی بن یان (باوکایەتی) لەوەرگرتنی بڕیاردا دەربارەی زمان یان هونەر یان ئەدەبی نەتەوەیەك لەسەر رێگای (پرسیاری سەرچاوەم لێمەکەن).

یاری وەك لەم بەشەدا سەرنجماندا زۆرن، ئێمەش هەمووەمان باس نەکردووە، بەڵکو بەوە داکەوتین کە رۆژهەلاتناس و رەوەندەکان بینیویانن و لەسەریان نووسیوە، چونکە نەمانویست لە سنووری کتێبەکە و ئامانجی لا بدەین، یارییەکانیش تۆمارکران، لەم دواییشدا ژمارەیەك کتێبی پێوەندیدار چاپکران و گەلێك یاری کوردییان لەخۆ گرتووە، بۆ ئەوەی لە نێو نەچن یان هی دی جێگەیان نەگرنەوە ئێمە دژی نوی نین چونکە ئەوە دواکەوتن دەنوێنی.

تازە کردنەوەش ری و شوێنی خۆی هەیە، دەبی خوێنی تازە بێنێتە ناو و گەشەسەندەکەش پێویستە لە کەش و هەوایەکی خاوێندا بێت.

## خواردەمەنی

بێگومان خواردەمەنی لای هەر نەتەوەیەك سروشت و ئاستی شارستانێتی و ئابووری ئەو نەتەوەیە دەخاتەروو ئەو رەوەندانەی سەردانی کوردستانیان کردووە باسکردنی خواردەمەنی کوردەوارییان پشتگوی نەخستووە. لێرەشدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین بەخشندەیی نواندن لە



پێشکەش کردنی خواردندا لە کۆنەوە و تا ئێستاش شێوەیەك بووە لە شێوەکانی گوزارشت کردن لە رێزی میوان، ئەمەش بێگومان لە نێو خێزانە دەسترۆ و بەگ و سەرۆك هۆزەکاندا زیاتر باوە.

مەبەستمان لە ئاماژە کردن بۆ خواردەمەنی لەم کتێبەدا ئەوەیە بزانین ئەو کۆمەڵە خەڵکە بیانییە کە بە سروشتی کۆمەڵگای کوردەواری ئاشنا نەبوونە چ جۆرە دیدوبۆچوونێکیان لەسەر کۆمەڵگای کوردەواری لەڕووی خۆراك و جۆرەکانییەوە هەروەها چێژ و رادەی پاك و خاوێنێتییەوە تۆمار کردووە، بێگومان ئەمەش مەبەستی سۆسیۆلۆژی لە خۆ دەگری، چونکە ئاساییە مرۆڤ لەسەر خۆراکی ئەو کۆمەڵگایەی تیایدا لە دایك بوو، رابێت، بەلام رەنگە لەسەر شێوەی خۆراکی کۆمەڵگایەکی دی رانەیەت، لێرەشەوە ئەمانەوی بزانین دیدو بۆچوونی رەوەندەکان کە قەدەر وای بۆ نووسین لەسەر خوانی کوردی دانیشن و لەگەڵ کورددا نان بخۆن چۆنە.

میستەر ریچ باسی ژەمێکی بەیانیانی کردووە کە لەگەڵ پاشا واتە میری بابان پێکەوە خواردوویانە و دەڵێت، پتر لە ژەمی شێوەوە نزیکبوو نەك بەرچایی و قاوەڵتی یان نانخواردنی بەیانیان، گشت جۆرە گۆشتێکی کولاو و برژاوی لەخۆ گرتبوو قۆزی ئاخنراوو بریانی و.. خواردنەکەش لەسەر شێوازی فارسی پێشکەش دەکرا، کەوا شارەزاییەکی تری خستە سەر بەهرەمەندی کورد، لە گشت ئەو جۆرە خواردنانەی لە بەغداو لە شوێنەکانی دی خواردبووم چەوری کەمترو بەچێژتر بوو.

لەگەڵ پاشا لە سینگی هۆڵەکە دانیشتن و خوانێکی چوارگۆشەی درێژی پێدار کە لە دار دروست کرابوو، بۆیاغیش کرابوو لە پێشمان دانرابوو، چەندین شێوە قاپی خواردنی لەسەر ریزکرابوو، ئەوانەش لەسەر مێزەکە جێگایان نەبووەوە لەسەر زەوی لە تەنیشت مێزەکە دانرا بوون.

لە نێوان قاپەکانیشدا چەندین کاسەی پڕ شەربەت و شتی دی دانرا بوون، کە هەندێکیان زۆر بە چێژ بوون لە تەنیشت پاشاوە کابرایەکی کوردی قەڵەوی روو گرژ لەسەر یەك ئەژنۆ خۆی خست و بەوەوە شپرزە بوو شلەیەکی تێکەڵی سپی بکاتە نێو کاسەیەکی گەورەوە و گەلێك پارچە سەهۆڵی تێبکات و پاشاش جارو باری رووی ئەکردە لایەوە و کەوچکێکی گەورەی لێدەخواردەوە.

تێڕوانینی تیژی ئەو پیاوەی کەوا بە کەوچکێکی گەورە ئەوەی نێو کاسەکەی دەکردە دەم پاشایەوە مرۆڤی ئەهێنایە پێکەنین، تەنانەت ریچ هێند پێکەنین پەنگی خواردبووەوە نەی وێرا جارێکی دی تەماشای بکات نەوەك پێکەنین بیگری، لە پاڵ ئەوەشدا یەکێکی دی دانیشتبوو بۆ

خزمەت کردنی ریچ، کاتێکیش لاسایی پاشای کردەوە و ئاوڕێکی لێدایەوە ئەویش کەوچکێکی پڕی پێشکەش کرد ئەنجا زانی ئەوە ماستاوە و هەڵووژەی کاڵی تێکەڵە، ئەوەندەش ترشبوو ئاوی لە چاوا دا ئەهێنا.(٨١).

میستەر ریچ باسی ئەوەشی کردووە کە پیاوانی دەوڵەتیش لەو لای هۆڵەکەوە دیسان لەسەر خوانێکی چوار گۆشەی درێژ دانیشتبوون ژمارەیەك خزمەتکاریش لەبەردەمیاندا وەستابوون.

ڕیچ دەربارەی چۆنێتی نان خواردنیشیان نووسیویەتی و دەڵێت، کوردەکان وەك تورکەکان نین، بەڵکو لەسەرخۆ خواردن دەخۆن و لە کاتی نان خواردنیشدا قسەی خۆش دەگۆڕنەوە، خواردنەکەش هەمووی بە یەك جار دەخرێتە پێشیان.

باسی ئەندامانی ئەنجوومەنیشی کردووە، کە دانیشتوون و بەوپەڕی ئازادییەوە جگەرەیان کێشاوەو هەر کاتێکیش بیانویستبا گفتوگۆیان دەکرد (٨٨) ئەمەش پێچەوانەی ئەوەبوو لە بەغدا بینیبووی، کەوا راوێژکاران هەرگیز نەیانوێراوە لە حزووری پاشادا راست یان چەپ بڕوانن، بەڵکو بەرامبەر هەر وشەیەك کە پاشا گوی بکردایە سەریان دا ئەنواندو و کڕنووشیان بۆ ئەبرد، هەرگیزیش نە ئەبوو بدوێن ئەگەر پاشا روخسەتی پی نەدابان (٨٢).

ریچ لە بابەتێکی دیکەی یادداشتنامەکانیدا باسی ئەوەی کردووە کە لەگەڵ عوسمان بەگی برای میری سلێمانی پێکەوە ژەمی شیویان خواردووە و جارێکی دی باسی چۆنێتی نانخواردنی کوردەکانی کردووەو دەڵێت، کوردەکان وەك ئێرانییەکان لەسەرخۆ دەخۆن و لە میانەی نان خواردنیشدا دەمەتەقێدەکەن ماوەی نان خواردنیشیان وەك بەریتانییەکان درێژە دەکێشی، لەگەڵ شێوەی نانخواردنی تورکەکانیشدا ناگونجێن کەوا بە پەلە نانەدەخۆن و پەلاماری دەدەن... کاتێکیش لە رووی دەستووری خوانەوە لەگەڵ تورکەکاندا بەراوردی کردوون ریچ دەڵێت:

یەك قاپی گەورەی خواردن دەخەنە سەر خوانەکە، لە پاش ئەوەی میوانەکە چەند پاروویەکی لێبخوات لای دەبەن و یەکێکی دی دەخەنە جێگاکەی، وایان لا باوە ئەوە شێوەی تاتاری کۆنە (٨٨).

ڕیچ باسی ئەوەیکردووە لەسەر رێگای گەڕانەوەی لە سنەوە بۆ سلێمانی لە گوندی (سێوی تاڵە) خۆی و هاوڕێکانی بۆ پشوودان لایان داوە، مەلای دێیەکەش هەنگوین و کەرە و ماست و خەیار و دۆی خستۆتە پێشیان، ریچ دەربارەی ئەمە دەڵێت ئەم ولآتانەی رۆژهەلآت هەنگوین و کەرە پێکەوە دەخۆن، دووریش نییە ئەمە لەبەشەکانی دیکەی رۆژهەلآتدا نەریتێکی باو بێت .(١٦٧)



لە میانەی سەرنجەکانی ریچەوە دەربارەی هەندی خوانی خواردن و شێوەی خواردنی کوردەکان ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە بەگشتی نەریتی خواردنی کوردەکانی بەدڵ بوو، هەروەها سەوداکردنی کورد لەگەڵ خواردەمەنیدا، چونکە بینیویەتی لە کاتی نان خواردندا پەلە ناکەن و مافی کۆمەلآیەتی ژەمەکەش لەبەر چاو دەگرن، چونکە پرۆسەی نان خواردن لایان هەر ئەوە نییە خواردن بخۆن، بەڵکو پێکەوە دانیشتن و دەمە تەقی و وتوێژە، هەروەها ریچ ژەمی خواردنی بەیانیانی لە شیوەوە نزیکتر بینیوە، وای بۆ دەچین هۆی ئەوەش گەڕاوەتەوە بۆ ئارەزووی میر بۆ پێشکەش کردنی ئەوپەڕی رێزلێنان، بۆیە خوانەکەی زۆر دەوڵەمەند کردووە، هەر بەو شەوە دانەکەوتووە وەك بەرچایی پێشکەش بکرێت.

هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، خواردنی باشیان لێناوە، بەلآم ئەمەش رەنگە پێوەرێکی گشتی نەبی، چونکە ئەو باسی خواردنی ماڵی میر دەکات.

بێگومان ئەو شێوە خزمەتەش کەوا ریچ باسیکردووە، گوایە دوو کەس لە سەر ئەژنۆ خۆیان خستۆتە سەر زەوی و هەر جاری نە جاری کەوچکێك ماستاویان داونەتی جۆرە زێدەڕۆییەکی تیایە، بەلآم دیارە ئەوە خزمەتێکی تایبەت بووە بە خوانی میرەوە، نەك هی دی. رەنگە ئەو جۆرە خزمەتە تەنانەت لە نێو ماڵە هەرە دەوڵەمەندەکانی کورددا بەرچاو نەکەوی، بەلآم گلەیی ئەوەمان لە ریچ هەیە، ئەو کوردە خزمەتگوزارەی ئەوپەڕی خزمەتی پێشکەش کردووە بە نابووت داوەتە قەڵەم دەبی بۆچی نابووت بێت.؟

یەکی بووە لە خزمەتکارەکانی کۆشکی میر.

مێجەر سۆنیش دیسان لە یادداشتنامەکانیدا بابەتی خواردەمەنی لەبەر چاو گرتووە، یەکەمین ئاماژە پێکردنشی بۆ خواردەمەنی ئەوکاتەبووە کە شاری دیاربەکری بە جی هێشتووە و بەکەڵەك بەرەو موسڵ کەوتۆتە ری (٩٦).

سۆن باسی ئەوەیکردووە لە بازاڕی دیاربەکر هەندی کەرەستەی خواردەمەنی کڕیوە بۆ ئەوەی وەك زادەی سەفەر لەگەڵیان بی و لە نێو کەڵەکەکا بیخۆن، کە بریتی بووە لە نان و برنج و رۆن و نیسك و بوزالیاو چاو سی کەللە شەکر و سی پەتی درێژی بامیای وشکە و سەوزە و میوەی وشکە (٩٣).

لە کوردستاندا باسی دۆ، ماستاوی کردووە و بە شەرابی نەتەوایەتی کوردی داوەتە قەڵەم. هەروەها بە بی تێکراڕ باسی ئەو خواردنەی کردووە کە وەك ژەمی شێو کاتێك بووەتە میوانی

عادیله خانم پێشکەشی کراوە، دەڵێت، خواردنەکەیان لە نێو دوو سینی گەورەدا هێنا، پلاو و گۆشت و ماست و شیرینی و شەربەتیان تیابوو (٢٧٣).

سۆن وێنەیەکی جوانی لە بیری خۆیدا بۆ نەریتی چا پێشکەشکردن کێشاوە و دەڵێت، ئەو بەیانییە رۆژم لەسەر دەنگی پیاڵەی چا کردەوە، کاتێك دەرگام کردەوە بینیم دوو خزمەتکار ئامێری چایان پێیە (سەماوەرێکی گەورەو قاپێکی گەورەش بۆ ششتنی ژێر پیاڵە و کوپ و پیاڵەکان) پیاڵەی فارسی، قاپی چینی. سی چای گەرم و شیرینیان پێشکەش کردم، ماوەیەك لە نێوان پیاڵەکاندا هەبوو، مرۆڤ دەیتوانی جگەرەیان تیا بکێشی، کاتێکیش لێبوونەوە سەماوەرکەیان بردە دەرەوە (٢٨٨).

کاتێکیش دێتە سەر باسی جگەرە دەڵێت، ئەوە هەر لە یەکەم رۆژەوە گەیشتمە ئۆرفە لە کوردستانی تورکیا یەکەم گرفتم بوو، وا دیارە لەو رۆژگارەدا تەنها جگەرەی کوردی (زبانە) لە کوردستانی تورکیادا باو بووە، سۆن دەڵێت، سەر لە نوی ئاشنایەتیم لەگەڵ جگەرەی کوردیدا نوێکردەوە، ئەوەی وەك پێشبینی دەکەم چەشنێکی تایبەتە، کە بێگومان لە ئەنجامی پێویستیدا دروست بووە، چونکە تووتنی کوردستان هەروا ناپێچرێتەوە و بکری بە جگەرە. لە جیاتی ئەوەش فشاری بخرێتە سەر و ماوەیەك بەتەڕی بمێنێتەوە و ئەنجا گەڵاکانی ورد بکرێت، کوردەکان وشکی دەکەنەوە و ئەنجا وشکەیەکی زبری لێدروست دەکەن، بە کاغەزی جگەرە (دەفتەر) دەیپێچنەوە، ئەوەش لەسەری رانەهاتبی ناتوانی بە ئاسانی بیپێچێتەوە.

جۆرێکی دیکەی کاغەزیشیان دروست کردووە کە لەوەی دی ئەستوورترو دوو جاریش بە قەدیی درێژترە، تووتنەکەی تی ئاخنری پاش ئەوەش ئەهەژێنری و باش پڕ دەکری هەردوو سەرەکەی دەنوشتێنرێنەوە، ئەم جۆرە جگەرەیەش کە بە کاغەزی (بەرماغ) و لە تووتنی وردی زۆر وشکەوە کراو. دروست دەکرێت یەك ناگرێت، بۆیە کاتێك مرۆڤ بەکاری بێنی لەو سەرەیەکەوە کە دادەگیرسی دەوەری (٧٤).

سۆن ئاماژەی بەوەش داوە خەڵکێکی کەم لەم جۆرە جگەرەیەیان کێشاوە لەبەر ئەمە بڕیاری داوە لە جگەرەی باشتر بگەڕی تا ماوەیەکی زۆرتر سوودی لێببینی، ناوچەکەی پشکنیوە تا کارگەی تووتنی ریچ سۆراغ کردووە و لە کۆتاییدا سەندووقی (دزینە)ی لێدۆزیوەتەوە کەوا دۆستە کوردەکان بەدڵیان بووە، ئەویش تاکە کالاٌ بووە لە تورکیا نرخی دیاریکراوی هەبوو، ئەگەریش لەگەڵ جگەرەی میللیدا بەراوردت بکردایە ئەوە دەتبینی



نرخەکەی دوو یان سی جار زیاترە. کاتێکیش لەو جگەرەیەی کێشاوە نازناوی ئەفەندی خراوەتە پاڵ، کەوا تا گەیشتۆتە چیاکانی سنووری وڵاتی فارس هەر بەوەوە ناسراوە (٧٤).

هەی دەڵێت ئەوەی سۆن باسیکردووە نزیکە لەو جۆرە جگەرەیەوە کەوا لە کوردستاندا باوبووە، ئاماژەی بەوە داوە جگەرەی کوردی بە ئینجێك یان زیاتر لە جگەرەی خۆیان درێژ ترە، ئەو زیادەیەش بریتییە لە پاشکۆکەی (زبانە) تووتنەکەشی وشکە. ئەوەش باشترین جۆری تووتنی کوردییە.

جگەرە جار جار پێشکەش دەکرێت بەزۆریش لە ماوەی کاتژمێرەکانی رۆژدا کوردیش هەرگیز لە جگەرەکێشان ناوەستی مەگەر لە کاتی نان خواردندا. هەمیشە کیسەیەکی تووتن و کەرەستەی جگەرە بە پشتێنەکەی ناوقەدیەوە بەستراوە، تەنانەت هەتا ئێستاش جووتیارە پیرەکان بۆ داگیرساندنی جگەرە بەرد لە یەك ئەسوون، زۆربەی خەڵکیش چەرخ بەکاردێنن، پیرەکان دارجگەرەی قوڕین بەکاردێنن کە لوولە ئاسا دروست دەکرێت، بەلاٌم هەندی ئاغای گەورە دارجگەرەی دارین بەکاردێنن کەوا زۆر درێژە.

هەی پەنجەی بۆ هەندی شێوەی دار جگەرە درێژ کردووە کەوا درێژیی دەگاتە دوو پی. لە راستیشدا دارجگەرەی ئەوتۆ هەیە لەوە درێژترە کەوا هەی ئاماژەی بۆ کردووە، وێڕای ئەوەش هونەری جوانکاری بۆ بەکار دێنن و دەیرازێننەوە، پارچەی جوانی پێوە دەپێچن، شاری ئامێدیش بەم جۆرە پیشە میللیانەوە بەناو بانگە.

هەی دەربارەی (نەرگیلە)ش دواوە و دەڵێت هێند لە کوردستاندا بەکار ناهێنرێت، بەڵکو بە شوورەییشی دادەنێن (٧٠-٧١).

ویگرام لە یادداشتنامەکانیدا بابەتی خواردەمەنی پشتگوی نەخستووە و لە باسی سەردانەکەیدا بۆ بارزان ئاماژەی بۆ کەرەستەکانی ئەو شیوە کردووە کە پێکهاتووە لە ماست و برنجی لێنراو بە مریشك، شێخ عەبدولسەلام بارزانی (کەوا دەسەلاٌت دارێتی عوسمانی لە موسڵ لە کاتی راپەڕینەکەی سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە سێدارەی دا) لەگەڵ هەشت یان دەکەس لە گەورەترین مریدەکانی لەگەڵیان نانیان خواردوە، بە کەوچکی داریش نانیان خواردووە، ئەمەش ئەتەکێت یان نەریتی تایبەتی ئەوان بووە شێخ بە کەم خواردنیشی حیکمەتی نواندووە (١٣٦-١٣٧).

لە بابەتێکی دیکەشدا ویگرام باسیکردووە گۆشتی بزنە کێوی لەوی بۆ ژەمێکی خواردن لەگەڵ نانی بەڕوودا دەخوری. دیارە ویگرام ئەو جۆرە خواردەمەنییەی لە کوردستاندا بینیوە و

روونی کردۆتەوە نان لە ئاردی بەڕوو دروست دەکرێت و دەڵێت، رەنگە مرۆڤ بیری بۆ ئەوە بچێت ئەو جۆرە نانە دڵی بۆی نەچێت، بەڵام زۆر بەچێژ بوو، بەری دار بەڕووش کەوا لە کوردستاندا دەڕوی و قەبارەی گەورەیە وەك بەڕووی ئینگلیزی نییە (کەستەنا) کە تاڵە و تامی جیاوازە بەڵام ئەوانیش وەك ئێمە بە برژاوی دەیخۆن، بەگشتیش دەیهاڕن و دەیکەنە ئاردێکی ورد، بەقەد خۆیشی ئاردی جۆی تێکەڵ دەکەن بۆ ئەوەی نانی خۆیانی لێدروست بکەن.

گەنمیش دەچێنن، بەڵام بە بڕی کەمتر، ناشتوانین بڵێین ئاردی گەنمیان نییە، هەیانە و بە کەم بەکاری دێنن (١٤٥).

ئەو ژەمە خواردنەی ویگرام باسی دەکات لای خێزانێکی کوردی مەسیحی خواردوویەتی کە خواردنیان لەگەڵ خواردنی موسڵمان جیاوازی نییە، ئەوە نەبی موسڵمانەکان گۆشتی بەراز ناخۆن.

هانسن لە یادداشتنامەکانیدا دیدو بۆچوونەکانی دەربارەی خواردن و خواردنەوەی کوردستان تۆمار کردووە و دەڵێت، خواردنەوەی ئاو لە کوردستاندا سەرنجی راکێشام ئەو پەرداخە شووشەیەی ئاو و پارچە سەهۆڵی تیا بوو دیمەنێکی دلڕفێن بوو. هانسن بەو جۆرە بە پەرداخی ئاوەوە هەڵ دەدا و دەڵێت، کاتێك لە دانیمارك بووم ئاوم نەدەخواردەوە شەربەت و شتی دیان دەخواردەوە، بەڵام لە کوردستاندا هۆگری ئاو خواردنەوە بووم، بە تایبەت کە پارچەسەهۆڵی تیا بوایە کاتێکیش گەڕامەوە بۆ دانیمارك نەمدەتوانی ئەو دیمەنە نەبینم پەرداخی ئاو و پارچە سەهۆڵ کە بەردەوام بە تێڕوانینی شاد دەبوم (٦٦).

هانسن ئەوەشی لی نەشاردوونەتەوە خێزانێکی کورد میوانداری کردووە و چێشتی دۆڵمەی گەلامێویان بۆ لێناوە و ئەمیش زۆری بەدڵبووە (٣٢).

هەروەها باسی ماستاو یان دۆی کردووە کەوا لە نێو کاسەیەکی گەورەدا پێشکەش دەکرێت (٣٧). هەروەها کەبابیشی بەدڵبووە کە بە هەمبەرگەر شوبهاندوویەتی، کەوا راستەوخۆ لەسەر ئاگر دەیبرژێنن (٨٤).

هەی لە یادداشتنامەکانیدا بە جوانی باسی خواردن و خواردنەوەی لە کوردستاندا کردووە و کاتێك بووەتە میوانی ناودارانی کورد سەرنجەکانی تۆمار کردووە و دەڵێت، کوردەکان چاخۆرێکی کەم وێنەن و هەر لە قاوە خواردنەوە لێبووینەوە چایان بۆ ئامادە کردین، هەروەها باسی سەماوەرو قۆری چای و سەندووقی پیاڵە و چۆنێتی دروست کردن و پێشکەش کردنی چای باسکردووە، ئەوەشی دووپات کردۆتەوە کوردەکان شیر و چای تێکەڵ ناکەن. میوانیش دەبی



دوو یان سی پیاڵە چا بخواتەوە، ئەوەشی سەلماندووە کەوا قاپ و قاچاغی چایان پاك و خاوێن بووەو پێش ئەوەی پیاڵەکە پڕ بکەن زۆر باش ششتوویانە.

باسی نیوەڕۆژەشی کردووە کە پێك هاتووە لە نانی تەنك و هەندی پارچەی دی کە ئەستوور بووە (دیارە مەبەستی کولێرەیە — وەرگێر –) کە لە نێو رۆن سوورکراوەتەوەو قاپێکیش گۆشتی بەرخی کولاوی تیابووە و لەگەڵ قاپێکی ماست دا، هەرچیش لە بەردەست بووە لە میوەی وەرزو کاسەیەکی ماستاویش، بێجگە لە کەوچك، چەقۆ و چنگاڵ پێشکەش ناکرێت، باشترین رێگا بۆ خواردنی گۆشت یان ماست ئەوەیە بە پارچەیەکی بچووکی نان هەڵیبگری (٧٤).

هەی باسی ماستاو یان (دۆ)ی کردووە کە بە خواردنەوەی سەرەکی و پەسەندی خەڵکی کوردستانی باسکردووە.

بە تێکڕایی باسی چۆنێتی دروست کردنی ماستی کردووە، هەروەها چۆن لە ماست دۆ و کەرە دەردەهێنری.

دۆ بریتییە لە تێکەڵ کردنی ماست و ئاو، ئەو کاتەش زۆر بەچێژ دەبی سەهۆڵی تێکەڵ بکری کە لە ناوەڕاستی کاسەدا لەسەر دۆیەکە دەوەستی، هەر رێبوارێکیش لە هاویندا رێی بکەوێتە لادێی کوردستان کاسەیەکی پڕ دۆو کەوچکێکی داری پانی پێشکەش دەکەن کە ئەوەش نیشانەی رێزلێنانە.

جیاوازی لە نێوان (دۆ) و (ماستاو)یشدا هەیە کەوا بریتییە لە تێکەڵ کردنی ماست لەگەڵ ئاودا. دۆ کەوا ژەنراوەو (کەرە)کەی لێدەرکراوە، کوردەکان پێشکەشی میوانی پایە بەرزی ناکەن، بەڵکو ماستاوی پێشکەش دەکەن کە شایانترە.

نەریتی دەست ششتن لە پێش و پاش نان خواردن وەك دەستوورێکی کوردەواری ژمارەیەکی زۆر لە رەوەندەکان تۆماریان کردووە.

هەی بە رۆڵی خۆی باسی ئەوەیکردووە و دەڵێت، لە راستیدا ئەو نەریتە پەیوەست نییە بە خێزانی دەسترۆ و دەوڵەمەندو خاوەن دیوەخانەکانەوە، بەڵکو لەسەر ئاستی خێزانە هەژارەکانیش پێڕەو دەکرێت.

هەی باسیکردووە پێش نان خواردن خزمەتکارێك دێت دەستشۆرو مەسینەی ئاوو سابوون و خاولی هەڵدەگری بۆ ئەوەی دەستی میوانەکان بشوا، لە راستیشدا ئەو ئاو دەرژێنێتە سەر دەستی راستی میوانەکاندا پاش ئەوەش لە خواردن لێدەبنەوە جارێکی دی ئەو کارە دووبارە دەکاتەوە.

هەی باسی ئەو جۆرە خواردنانەشی کردووە کە لە بۆنەو ئەو ئاهەنگانەدا بۆ خەڵکی پلەو پایە بەرز ساز دەکرێت پێشکەش دەکرێن کە ئەمانەن، لەشی بەرخێکی گەورەی لێنراو کە بە برنج و کشمش و بەهارات ئاخنراوە. دوای ئەوەش سینییەکی گەورەی پڕ گوێزی کولاّو بە هەنگوین، خواردنەکەش لە یەك یان دوو سینی برنج (پلاّو) کە بە رۆن لێنراوە، پارچەی هێلکەو (ئۆملێت) و کەعکی شیرین و ماست و میوەی لەسەر دادەنرێت، هەمووشیان لە هەمان کاتدا دەخرێنە سەر یەك سینی (٧٥).

هەی سەرنجی ئەوەی داوە کە لە هەندی ناوچەی کوردی وەك مەخموور لە پارێزگای هەولێر لە کوردستانی عێراق خەڵك خواردن بە دەست دەخۆن بە تایبەت برنج.

ئەمەش راستە لە نێو ئەو هۆزە کوردانەدا باوە کەوا لە دەشتاییەکانی نزیك هۆزە عەرەبەکان دەژین، بەلاّم لەسەرجەم کوردستاندا و لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە ئەوە باوە کە کەوچکی دارین لە نێو گوندە کوردییەکاندا باوە، بەلاّم لەم رۆژگارەدا کەوچکی فافۆن و دواییش ستیل بەکار دەهێنرێت.

هەی باسی بەرچاییشی کردووە کەوا لە شیرو ماست و پەنیر پێك دێت (٧٧). وا دیارە هەی لە یادی چووە هێلکەشیان بخاتە پاڵ کە لە ژەمی بەیانیاندا زۆر دەخورێت.

هەی دووپاتی دەکاتەوە ئەو سی دەمەی باسیکردووە ئەوەیە بە ئامادەبوونی پێشەوایانی کورد پێشکەش کراوە، بەلاّم خۆراکی سەرەکی جووتیاری کورد نانی گەنم و مێوژ و سەوزە و ماست و ساوارە کەوا بریتییە لە گەنمی کولاّو و کوتراو لە جیاتی برنج پێشکەش دەکرێت و بەچێژیشە (٧٧).

وا دیارە هەی چێشت لێنانی کوردی بەدڵ بووە، کە بە تایبەت لە بواری سەوزەلێناندا هونەر دەنوێنن.

لە نێو ناوچە بەرزاییەکاندا (دۆشاو) یان ئاوی تری لە نێو هەژارەکاندا شوێنی گەلێك جۆری خواردەمەنی دەگرێتەوە، ئەوانەی بەڕوو خۆراکی سەرەکییانە، بەرووش دەهاڕرێت و ئارد و نانی رەشی لێدروست دەکرێت، شەراب و مەی خواردنەوە باو نییە. خەڵك لەسەر ئاوو، دۆ، دۆشاوی تری راهاتوون (٧٧).

بێگومان هەلێکی خۆشە بە تێکڕایی شیوێکی کوردی ئاشنابین کەوا هاملتۆن پێش کۆتایی هاتنی سەدەی بیستەم بە هەشتا ساڵ پەسەند و تۆماریکردووە.



شێوەی لێنان و پاك و خاوێنی بەدڵ بووە، ئەوەتا دەڵێت، شیو کاتێك پاش خۆرئاوابوون پێشکەش دەکرێت و بە سینی مس کە تیرەی بازنەکەی سی پێیە و لە ناوەڕاستیشدا تەپۆلکەکەیەك بەرز بۆتەوە لە بەچێژترین و باشترین جۆری برنجە لە دەورووبەریشی پارچە پارچەی نان ریزکراوە کە بۆ پاروو ئامادەکراوە، لە سینییەکی دیکەشەوە چەندین جۆری خواردنی تیا دانراوە، چەندین چێشتی سەوزەی وەرز، میوە و گۆشتی پەلەوەر و بەرخ کە بە تایبەت بۆ ئەم میوانە سەربڕاوە.

بە گشتیش خواردنەکە ئەوەندە خۆش لێنراوە تەنانەت تونددڕەوترین (ئەبیقوری) پەسەندی دەکات کە لە نێو فەیلەسووفەکانی یۆناندا هۆگری (مەسەلەی شادی و خۆشییەکانی ژیانە) خواردنەکەش بە دەستی وەستاکانی شێخ لێنراوون ئەوانەی نابینرێن، وێڕای ئەوەش جۆرها شیرینی بە چێژ ئامادەن کە لە نێو دەمدا دەتوێنەوە، هەروەها هەنگوینی کێوی و گەزۆی سلێمانی و ماست و کەرە و ماستاو، هێشووی گەورەی تری چیایی _ئەوەی کە دارەکەی لە ژێر بەفردا دەڕوی و گەشە دەکات، شیوەکەش بە قاوە و جگەرە کۆتایی پێدێت، کوردی چیانشین توخنی مەی ناکەون، چنگاڵ و چەقۆش بەکارناهێنن، خزمەتکاری دەس شۆریش پێش و پاش نان خواردن دەستی ئامادە بووان دەشوات، لە پاش ئەوەی شێخ و میوانەکانی بەشی خۆیان دەخۆن، ژێر دەستەکەیان هەڵدەگیری کەوا بێگومان بەشی شیوی خاوەن ماڵیش دەکات (١٩٥).

لە پێشینەی یادداشتنامەکانی هاملتۆندا ئەوە هاتووە کە وەرسبووە لە چێشتی دەستی لێنەری هیندی و حەزی بە خواردنی نان و پەنیری کوردی کردووە، تەنانەت ئەو جۆرە نانەی بەدڵبووە کەوا بە تەنوور دروستیان کردووە، هێندە پەنیری کوردی، ئەوەی لە نێومالاّندا لە شیری بزن دروست کراوە بەدڵبووە، بە درێژایی رۆژ چێژی لە دەمیدا ماوەتەوە (٦٤).

هنری فیلد کە لە چاو رەوەندەکانی دی درەنگ یادداشتەکانی تۆمار کردووە باسی ئەوەی کردووە کەوا برنج بووە بە خواردنی بەردەوامی گشت چینەکان، جۆریشی بە گوێرەی ناوچەکان دەگۆڕی، بەلاّم ئەو برنجەی لە ناوچەی بەرواری بالاّ دەچێنری باشترین جۆرێتی.

ئاغاکان وەك لە دەقەکەدا هاتووە — سەرۆکای هۆز و تیرەکان — رۆژی دوو ژەم دەخۆن یەکەمیان پێش نیوەڕۆ و دووەمیشیان پاش خۆرئاوابوون، نیوەڕۆژیش بریتییە لە سەوزە (مەرگە) و هێلکە و برنج و گۆشتی کولاّو (هی مەڕ) یان مریشك.

چینە هەژارەکانیش ناتوانن گۆشت بکڕن، بۆیە خۆراکیان بریتییە لە نان و هێلکە و برنج و سەوزە، بەلاّم هەموو توێژەکان لە ژەمەکانیاندا شیر دەخۆنەوە (٥).

لەو باوەڕەدام هنری فێلد (ساوار)ی پشت گوی خستووە یان بە جۆرێکی برنجی زانیوە، چونکە ئەوەی ئێمە ئاگادارین ساوار پتر لە برنج لە کوردستاندا بەکار هاتووە، بە تایبەت لە نێو چینە ناوەنجی و هەژارەکاندا، نەخاسمە لەو ماوەیەدا فێلد سەردانی کوردستانی کردووە، چونکە باسی بیستەکانی سەدەی بیستەم دەکات، کوردەکان بە زۆری ماست نەك شیر لە ژەمی رۆژانەیاندا دەخۆن.

ئەگەریش لەوەی لەسەر خواردن و خواردنەوەی کوردی نووسراوە وردبیینەوە دەبینین، هیچ جۆرە ئاماژە پێکردنێکی رەخنە ئامێز بەرچاو ناکەوێت، بەڵکو ئەوەی رەوەندەکان لە یادداشتنامەکانیاندا تۆماریان کردوون لە بەرژەوەندی چێشتخانەی کوردیدایە.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە جۆرە زێدەڕۆییەك بەرچاو دەکەوێت لە بواری میوانداری سەرۆك و دەسترۆیانی کورددا، هەروەها ئەو رەوەندانە بە باش باسی نەریتی خواردن پێشکەش کردنیان لە کوردستاندا کردووە، ئەوانە دان بەوەدا دەنێن خۆراکی نێو کۆمەڵگای کوردەواری و قاپ و قاچاغیان پاك و خاوێنە.

هەروەها ئاماژەیان بۆ دەست و دەم شتنی پێش و پاش نان خواردن کردووە، وتووشیانە، لەسەرخۆ نان دەخۆن و لە کاتی نان خواردنیشدا دەمەتەقی دەکەن، کە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کۆمەڵگای کوردەواری لە کاتی نان خواردندا لایەنی سوسیسۆلۆژی و مرۆڤایەتی پشت گوی ناخات. هەروەها رەوەندەکان ئاماژەیان بۆ ئەوەکردووە کوردەکان بە کەوچکی دار خواردنیان خواردووە، واتە بلاو بوونەوەی کەوچکی فافۆن و ستێل، ئەوەش لایەنێکی ژیارییە لە مێژووی کۆنی کۆمەڵگای کوردەواریدا.

ماستاو بووەتە جێی سەرنجی گشت رەوەندەکان و هەموو باوەڕیان بەوە هێناوە بە شەرابی نیشتمانی کوردی بدەنە قەڵەم، چونکە هیچ خوانێکی کوردەواری نییە بە بی ماستاو تەواو بێت.

چا داب و نەریتی جوانی خۆی هەیە لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا، سەماوەرو قۆریی فەرفووری و پیاڵە کە کەرەستەی پێشکەش کردنی چان، دیمەنێکی جوانیان لە مێشکی رەوەندەکاندا دروست کردووە.

جگەرە کێشانیش چەند جارێك لەگەڵ هەندی بابەتدا باسکراوە، زۆربەی رەوەندەکان ئەوەیان ساغ کردۆتەوە کوردەکان مەیلەو جگەرەکێشانن و لە پیشەی جگەرەی کوردیدا کەوا چەند جارێك ئاماژەیان بۆ کردووە هونەریان نواندووە.



# بیناسازیی کوردی

بیناسازی روویەکە لە رووەکانی پێشکەوتن، بەڵکو زمانێکی ئەندازیاری و جوانکارییە، ئەرکی ئەدەبە لە زماندا. هۆکارەکانی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی کاریتێدەکەن، ناسنامەی نەتەوەکەشی هەڵدەگری، دووریش نییە ئەو ناسنامەیە رەسەن بێت یان نارەسەن، چونکە بیناسازی هونەرێکە دەشی بسمی واتە بکەوێتە بەر کارتێکەری جۆرێکی دی یان هاوردە بکری واتە وەربگیری (اقتباس) ئەمەش رەنگە مێژوو نیشانمان بدات یان روونی بکاتەوە.

بەرپا نەبوونی هونەرێکی بیناسازی پێشکەوتووی تایبەت بە کوردە، نەبوونی بیناسازییەکی رەسەنی کوردی ناگەیەنی، بەلام بیناسازی کوردی تەگەرەی بۆ دروست کراوەو رێگای پێشکەوتنی لەبەردەم داخراوە، چونکە روویەکە لە رووەکانی پێشکەوتن، باری سیاسی کوردستانیش رێگای نەداوە کوردستان پێشبکەوی، زیاد لەوەش هەمیشە کەوتۆتە بەر شالاوی پرۆسەی نوقوم کردن و شاردنەوەی نیشانەی هەر شێوەیەکی داهێنانەکانی ئەویش چ بە راستەوخۆ واتە داگیر کردن و دەستدرێژی و وێرانکردن و سووتاندن و تالانکردن یان بە هۆی کوشتاری ناوخۆوە چ بە ناڕاستەوخۆ واتە تواندنەوە، مەبەستیشمان نەهێشتنی رۆحی داهێنانە لە کوردستاندا و بەرپا کردنی هەل بۆ غەیری کورد بۆ دەرخستنی توانستەکانی، ئەم دیاردەیەش لە هونەرو ئەدەب و بازرگانی و زانستیشدا هەیە، دوایش ئەو داهێنەرە رەو دەکات چ لە رووی جوغرافییەوە واتە شوێن گۆڕین یان وێڕای مانەوەی لە کوردستان بە داهێنانەکەی رەو دەکات بۆ وێنە دوور نییە شاعیرێکی کورد ئەوە بە باشتر بزانی بە زمانی فارسی شیعر هەڵبەستی و لە سایەی دەوڵەتێکی پێشکەوتوودا کالاکەی نمایش بکات بۆ ئەوەی لە نێو جەماوەرێکی بەریندا رەواج بۆ شیعرەکەی پەیدا بکات و خەڵك بە داهێنانەکانی ئاشنا بکات.

بەم شێوەیەش هونەرمەندێکی وەك زریاب کەوا لە کوردستانەوە بەرەو ئەندەلووس رەوی کرد، چونکە لەو ولاتەدا پێشکەوتن هەبوو خەڵك دەیانتوانی لە توانست و هونەرەکەی بگەن یان عوسمانی مووسڵی هەروەها بەیتووشی داهێنەر کەوا گوندی بەیتووشی لە سلێمانی بەجی هێشت

و بەرەو بەغداو بەسرەو ئیحساو کەوتەڕی، کە توانی کۆمەڵێك کتێبی بابان لە زمان و ئەدەب و ڕێزمانی عەرەبیدا دابنی و لە قوتابخانە دایکەکانی زانست و زمانی لە بەغداو بەسرە و ئیحساو ببی بە مامۆستا، بەڵاّم وێڕای گشت ئەو پێشکەوتنە زانستییە هەر دڵبەندی گوندەکەی بووە کەوا هەمیشە سۆزی بۆ دەردەبڕی، بۆ بینینی دەسووتا و بە شیعر گوزارشتی دەکرد.

بەم شێوەیەش بیناسازی کورد، یان ئەندازیار یان بیر هەڵکەن یان هەر داهێنەر و پیشەگەرێکی کورد دوور نییە ناچار بن بە هۆی باری نا ئارام و نا بەرقەراری سیاسی و لە نێوبردنی بە کۆمەڵ (جیهادکاری) کە بە درێژایی مێژوو هەڕەشەیان لێکردووە ڕەو بکات و دەردی غەریبی بکێشی.

## شاری کوردی

شاری کوردنشین وەك هەر شارێکی دی کە دەزگای سیستمی دەرەبەگایەتی دایدەمەزراند، ئەوەندەی بەسبوو پاشا یان ئاغا کۆشکێکی قەشەنگی تیا دروست بکات بە پێی پێوەرەکانی ئەو ماوەیەی تیایدا دامەزراوە بۆ ئەوەی ببی بە بناغە لەگەڵ مزگەوتێکدا بۆ خوا پەرستی لە شوێنەکەی بە پێی تایبەتمەندێتی دیاریکراو هەڵدەبژێررا، بە لەبەر چاو گرتنی نزیکی ئاوو سروشتی زەوی و هەروەها هەردوو لایەنی قایمکاری و بەرگری لێکردنی.

ئەمەش بە زۆری لە نێو شاری کوردیدا دەبینین، پاشا کۆشکێك دادەمەزرێنی ئیدی لە دەورووپشتی خانوو دروست دەکرێن ئیدی ئەگەر بە چاوی خۆمان شوێنەوارمان بینیبی یان لە خەڵکی دی بیستبێمان لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا ئەوە هەبووبی. لەبەر ئەوەش جوگرافیای کوردستان هۆکارو تایبەتمەندێتی هەمە جۆری هەیە... مایەی سەرسووڕمان نییە ئەگەر جیاوازیمان بینی لە نێوان ناوچەیەك و ناوچەیەکی دیدا لە ڕووی سروشتی بنیاتنان و روخساری خانوودا. مەبەستیشمان لەو کەرەستانەیە لە دروست کردنیدا بەکارهێنراون، هەروەها جیاوازی لەڕووی جۆرەوە. ماڵی کوردەواری وەك چۆن بەخشتی — نەسووتێنراو دروست دەکری، ڕەنگە لە ناوچەی دیدا لە بەردی نەخشدار دروست بکری، کە بە قوڕو گەچ پارچەکانی دەلکێنری بەیەکەوە. لە شوێنی دیکەش و هەندی جار لامان سەیر نەبی ئەگەر خانووی ئەوتۆ ببینین لە نێوان بەردەکانیدا هیچ کەرەستەیەك بەکار نەهێنرابی بۆ پێکەوە لکاندیان رادەی ئەوەش پەیوەستە بە زلی و قورسیی بەردەکانەوە.



هەروەها دەشی خانووی ئەوتۆ ببینین لە بەردی نارێك دروست کرابن، بەڵاّم پارچەکانی بە گەچ یان قوڕ بەیەکەوە نووسێنرابن، بەڵاّم بە زۆری خانووی کوردەواری بە دار سەری دەگیری و دواییش خۆڵ و قوڕی بەسەردا دەکەن، هەرگیز نەخشە دانانێکی ئاڵۆزیش لە بیناسازی کوردیدا بەرچاو ناکەوێت، چونکە لە بازاڕو مزگەوت و خانووی بەرپرس و شەقامی سەرەکی و کۆمەڵە خانووی میللی کە بە گەڕەك ناو دەبرێت و لە دروست کردنیاندا باری جوگرافی شارەکە لە ڕووی بەرزی و نزمییەوە لەبەر چاوگیراوە یان کەوتۆتە بەر کارتێکەری جیاوازی چینایەتی و هۆزگەری و لادێی یان تەنانەت پێشەگەریش.

بڕێك کۆشکی ساکاری هەندی لە ناودارانی کورد سەرنجی ئەو ڕەوەندانەیان راکێشاوە کەوا سەردانی کوردستانیان کردووە.

هەروەها چەشنی بنیاتنانی خانوو لە شارە کوردییەکاندا یان کوخی هەمەجۆری نێو لادێی کوردەواری. مەگەر بە دەگمەن ڕەوەندێك ببینین سەرنج و تێڕوانینەکانی خۆی لەسەر چەشنی بیناسازی کوردستان تۆمار نەکردبی.

پێوەندیش لە نێوان بەرقەراری سیاسی و ئاستی گەشەسەندنی بیناسازی لەهەر بەشێکی سەرزەمیندا پێوەندییەکی ئاساییە نەك پێچەوانە، کوردستانیش بە درێژایی مێژوو بەرقەراری سیاسی بە خۆوە نەبینیوە کە ببێتە مایەی دڵنیایی کۆمەڵایەتی و ئابووری و زەمینە خۆشبکات بۆ گەشەسەندنی هونەری بیناسازی کوردی.

ئەو راستییەش لای کوردو میرەکانیان ئاشکرا بووە، هەر بۆیەش مەحموود پاشای میری بابان کە لەگەڵ ریچدا (١٨٢٠)، گفتوگۆی کردووە وەك ئەوە لەگەڵیا دواوە بیەوی داوای لێبوردنی لێبکات کە ئاستی بیناسازی لە سلێمانیدا نزمە و دەڵێت، ئەوەی بینایەك لێبدات یان کارێکی ئاوەدانی بە ئەنجام بگەیەنی، دڵنیا نییە پێی شاد دەبێت، چونکە دوور نییە ئێران یان تورکەکان پاش چەند ڕۆژێك داوای لێبکەن دەستی لێهەڵگری !(٥٧).

ڕیچ باسی کۆشکەکەی مەحموود پاشای میری بابانی کردووە و دەڵێت، ڕێڕەوەکەی نزم و تەسك و نابووت و پیس بوو، کە هەرگیز شیاوی ئەوە نەبوو ببی بە شوێنی نیشتەجێبوونی فەرمانڕەوا، بەڵکو شیاوی پیاوێکی ئاسایی نێو کۆمەڵ بوو، بەڵاّم کاتێك ویستوویەتی رووناکی بخاتە سەر ئەم بارە وتوویەتی، ڕەنگە ببێتە مایەی بەرگریکردن لە کورسی پاشایەتی لە کاتی نائاساییدا (٥٦).

ڕیچ بەو خانووە ڕازی نەبووە کە بۆی تەرخان کرابوو تیایدا دابەزی پاشاش لەو ڕۆژگارەدا لەوە باشتری نەبووە، کاتێکیش پاشا بەوەی زانیوە داوای لێکردووە لەگەڵ یەکی لە پیاوەکانیدا بڕوات بگەڕی تا خانوویەك بەدڵی خۆی دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی چۆڵی بکەن و بچی تیای نیشتەجێبێت، بەلاّم ڕیچ بڕیاریدا لەو خانووەدا بمێنێتەوە کەوا بۆی تەرخان کرابوو (٥٨). ئەمەش ئەوە ئەگەیەنی میری بابان خانوویەکی شایستەی نەبووە تیایدا میوانداری میوانەکانی بکات (٥٦).

ڕیچ زۆر بە وردی باسی ئەو خانووەی کردووە کە ئەو ماوەیە تیادا بەسەربردووە و دەڵێت، ئەگەر وێنەیەکی ئەم خانووە نمایش بکەم ئەوە ڕەنگە خوێنەر پێشبینی باری گشت ئەو خانووە نوێیانە بکات کە لەو ڕۆژگارەدا لە سلێمانی دروست کرابوون، بینایەکی چوارگۆشەی یەك نهۆم، بە خشتی قوڕ لەسەر سەکۆیەك دروست کراوە، بە بەرزی نزیکەی سی پێیە، دیوارەکانی بە قوڕی کادار سواغ دراون، تەنها دیواری یەك یان دوو ژووری نەبی لە ناوەوە لەسەر قوڕەکەوە بە گەچ سپی کراوە، بنەبانەکەشی پان و بەراژە و دار و دەستەك دارەڕا کراوە و تچینێك خۆڵی بەسەرەوەیە.

ڕیچ دەڵێت، دیوەخانێکی لێبووە، لەگەڵ دوو حەوشەدا کە بە دیوار لەگەڵ خانووەکەدا جیا کرا بوونەوە و بۆ خێزان تەرخان کرابوون کەوا پانتاییەکی سەوز و گیادار بوو، داری چنارو گوێز و توو، گوڵی لێچنرابوو، وەك حەوشەکانی دیکەی سلێمانی جۆگەلەیەکی بچووکی ئاوی کارێزی پێدا تێدەپەڕی.

ڕیچ ڕەخنەی لە چەشنی ئەو خانووە گرتووە و بەوەی باسکردووە کەوا کەسیی خۆی نەیتوانیوە ئەو سیستمە دیاری بکات کە لە بنیات نانی خانووەکەدا پێڕەوکراوە، جگە لەوەی جۆرە هونەرێکی لە دروست کردنی حەوشەی حەرەم و دیوەخانەکەدا هەست پێکردووە.

لە نێو دیوەخانەکەدا هۆڵێکی بەرینی بەتاڵ هەبوو، لەسەر کۆڵەکە بەندبوو، تا رادەیەکیش تاریك بوو، وەك پەناگەیەکی فێنك بوو بۆ هاوینان. بەلاّم ژوورە زستانییەکان، ئەوە لە ڕێڕەوی درێژ و تاریك بۆی دەچوون، کە هەرگیز ئارەزووی ئەوەیان لە دڵی مرۆڤدا دروست نە ئەکرد لە نزیکەوە دیمەنیان ببینی.

ڕیچ دیدوبۆچوونی کەسیی خۆیشی دەربارەی ئەم خانووە کە تیایدا ژیاوە بە ڕوونی تۆمارکردووە و دەڵێت، لە ڕاستیدا من نەم ئەویست تیایدا بمێنمەوە، بە پێی تواناش ئەوە بە باشتر دەزانم بەجێی بێڵم.



کاتێکیش هاتۆتە سەر باسی خانووەکانی شاری سلێمانی ئاماژەی بەوە داوە لە قوڕ دروست کراون و دەڵێت ئەم شارە دیمەن کلۆڵە پێنج خان و دوو مزگەوتی ئاوەدان و یەك گەرماوی قنجی تیایە (٥٩-٦٠).

ئەگەریش ڕیچ نەیتوانیبی چەشنی بیناسازی خانووەکانی سلێمانی دەستنیشان بکات، کە لە میانەی ئەو خانووەوە خۆی تیای دابەزیوە هەوڵی بۆ داوە، چونکە ئەوانی دیکەی بەسەر پێیی و کورت باسکردووە ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبی ڕیچ لە بواری بیناسازیدا شارەزا نەبووە، چونکە مێجەر سۆن (سەرەتای سەدەی بیستەم) ناسنامەی فارسی بەخشیوە بە شێوەی بیناسازی شاری سلێمانی، بۆیە دەڵێت، مرۆڤ ئەگەر بیناسازی شاری سلێمانی سەرنج بدات، دەبینی کارتێکەری بیناسازی فارسی زۆر لەسەرە. چونکە خانووە کۆنەکان لەسەر چەشنی فارسی دروست کراون.

دووریش نییە جیاوازی نێوان دیدی ڕیچ و سۆن پێوەندی بەو ماوەیەوە هەبێت کەوا کەوتۆتە نێوان گەشتەکانیانەوە کە نزیکەی سەد و پەنجا ساڵە.

مێجەر سۆن باسی نموونەیەکی بیناسازی خانووی شاری سلێمانی بۆ کردووین کە بە جۆرێکی تایبەتی بیناسازی کوردی ئەو سەردەمەی شاری سلێمانی داناوە.

خانووەکە لەسەر سی لای حەوشەیەکی چوار گۆشەی ناڕێك دامەزراوە. ژوورەکانی لە قوڕ دروستکراون. سی ژووریان دیواری نەبووە و شوێنێکی فێنك بووە بۆ دانیشتنی هاوینان، ڕیزێك ژووری زستانەی تیابووە، تەنها یەك دەرگای قاپی پێوە بووە و لە پێنج پێ بەرزتر نەبووە، تەنها یەك دەرگا کە باشترینیان بووە بە گەچ سپیکرابوو، ئەوانی دیکەی بە قوڕ سواغ درابوون، کەوا کەرەستەی بناغەییە بۆ بیناسازی لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا، زەمینەکانیش هەر قوڕ بوونە، ئەنجا سۆن ئاماژەی بەوە داوە کە ڕیچ پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە بەوەی کە جۆگەلەی ئاو بە ماڵەکاندا تێدەپەڕی.

سۆن باسی نموونەی خانوویەکی تری بە جۆرە تێکڕاییەکەوە بۆ باسکردووین و دەڵێت، ماڵەکە لەسەر چەشنی بیناسازی کوردی دامەزراوە، کەوا وەك ئەوەیە لە ولاّتی فارسدا بەرچاو دەکەوی، ئەم جۆرە بیناسازییە بلاّوە و زیاتریش بلاّو دەبێتەوە.

دەرگای سەر جادەش بەسەر گۆشەی حەوشەیەکدا دەکرێتەوە کە بە بەرد فەرش کراوە، بنەبانەکەشی کە پانتایەکەی دوو یاردی چوار گۆشە دەبوو دیسان بە قوڕ سواغ درابوو، لەسەر تۆڵەکەش بەند بوو.

خانووەکەی بەرامبەر لە دوو نهۆم پێکهاتبوو، لە خوارەوە سی ژووری لێبوو، هەر یەکەیان دەرگایەکی نزمی پێوەبوو تەنانەت منداڵێکی دوازدە ساڵەش ئەگەر دانەچەمیبا نەیدەتوانی پێیدا تێپەڕی، بەڵاٚم دەرگاکانی بەردەمیان حەوشە بوو.

باشترین ژووریشی ناوەنجییەکەی بوو، کە دوو دەرگای پێوەبوو، بنەبانەکەشی پارچە داری بچووکی پێوەبوو، کە پاشماوەی سەندووقی شەکربوو، لە ناوەوە بە قوڕی سووری مەیلەو زەرد سواغ درابوو. زەمینەکەشی فەرش نەکرا بوو.

هەر چۆنێکیش بێت بیناساز لەسەر ئاستی نهۆمی سەرەوەی خانووەکە بەهرەمەندی خۆی نیشان دابوو، باشترین ژووریشی ٦ پی لەبەردەم خانووەکەوە دوور بوو. کەوا هەمووی سپی کرابوو.

بە وێنەی جوان کە لەسەر دیوارەکان دروست کرابوون جوان کراون، هەروەها لە هەمان کەرەستەش جوانکاری دیکەشی خرابووە سەر.

کۆڵەکەکان ئاوێنەی ئارایش کراویان هەڵدەگرت، بنەبانەکەشی بۆیاغ کرابوو، وێنەی گوڵ و ئەستێرەی لێدروست کرا بوو، پارچە ئاوێنەش بە شێوەی جیاجیا لێرە و لەوی پەخش کرابوون.

سی دەرگای دوولایش کە بە شووشە نەخشیان لەسەر کرابوو بەسەر حەوشەکەدا دەکرایەوە، دەرگای چوارەمیش لە داری گوێز و بەڕو و دروست کرابوو بە نێو ژوورەکەی ناوەڕاست یان هەیوانەکەوە دەکرایەوە، لەوێشەوە پلیکانێیەك دەگەیشتە نێو حەوشەکە.

کۆڵەکەکانی ئەم ژوورە — لە جیاتی دیواری چوارەم بوو — لە کۆتەرە یان رەگی دار، بە پارچەی تەسکی تەختە داری گوێز داپۆشراوە و بەمەش شێوەی چوار گۆشەی درێژی لەخۆ گرتووە و بە پێیەك لە سەرووی ئاستی چاوی مرۆڤەوە ئاوێنە بەند کراوە، بنەبانەکەشی بە پارچەی دار داپۆشراوە، ئەگەریش خاوەن ماڵەکە پێش تەواو بوونی خانووەکەی نەمردایە رەنگە ژووری سێیەمی بکردبایە بە باشترین ژوور، دەرگاکانیش کە لە دواوەوە بوون لە شووشەی سپی دروست کرابون (٣٣٩-٣٤٢).

سۆن باسی بیناسازی چایخانەکانی کوردستانیشی لە یاد نەکردووە هەر بۆیەش لە باسی چایخانەیەکی شاری سلێمانیدا دەڵێت :

لەسەر چەشنی گشت چایخانەکانی دیکەی کوردستان دروست کراوە تاقی گەورەی هەیە، گومەزەکانیشی لەسەر کۆڵەکەی بەرز بەندن، لە چەند شوێنێکیشەوە مرۆڤ دەچێتە ناویەوە، بە دەوریشیدا قەنەفەی بەرز رێکخراوە، لە گۆشەیەکیشییەوە دوو سەماوەری گەورە



دانراون و لە تەنیشتیانیش پیاڵە و ژێرپیاڵە کە لەسەر رەفێکی پان دانراون، زەوییەکەش بە تابووق فەرش کراوە.

سۆن لە کۆتایی گەشتەکەشیدا لە سلێمانی بە قووڵی لە دیمەنی شارەکە ورد بۆتەوە و بیناسازی ئەو شارەی بەم شێوەیە باسکردووە و دەڵێت، پێش ئەوەی ئەو بەرزاییە بەجی بهێڵم، رووانیمە سلێمانی، بینیم کۆمەڵە سەربانێکی بەرینم لە نێو نشێوێکی زەویدا بینی، ئەگەریش بتەوی بە دیقەت ببیینی دەبی لە میلی زیاتر لێیەوە دوور نەبیت. پاشا کۆنەکان ماڵەکانیان باش دەشاردەوە، بۆ ئەوەی نەکەونە بەر چاوی تورك یان فارس، کە هەر دووك لایان بۆ یەك مەبەست تەماشایان دەکردن (٧٥). ئەم شیکردنەوە سەربازییەی شوێنی شارەکە رەنگە دروست بێت یان نا.

میلنکن لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا ئەوەی باسکردووە ئەو ئوتێلە کوردییەی بەدڵ بووە، کەوا کەوتۆتە سەر رێگای سەفەری، کاتێك بەسەر کوردستانی باکووردا تێپەڕیوە.

پێیان وتووە — مسافرخانە — ئەوەی پێشبینی کردووە ژوورەکانی تەنگ و تاریکن، بەلاٚم کە چووەتە ژوورەوە پێی سەیر بووە بینیویەتی ژووری بەرین و هەوای پاك لە گۆڕێیە.

بیناسازییەکەی وەك ئەو گوزارشتی لێکردووە، شێوازێکی کوردی رەسەنی لەخۆ گرتووە، تەنانەت هێند سەرنجی راکێشاوە بەشتێکی ئاسایی نەهاتۆتە پێش چاوی، بۆیە وتوویەتی، مەگەر بە دەگمەن بینای لەم چەشنە لە کوردستاندا هەبی، میلنکن دەڵێت، بۆیە ئەم ئوتێلەی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی بتوانی ناوەوەی ئەم جۆرە بیناسازییە لەم ناوچەیەدا لە جیهاندا بە خەڵك ئاشنا بکات.

ئەم ئوتێلە بۆ خەڵکی بیانی یان نامۆ تەرخانە بە خۆیان و ئەسپەکانیانەوە پانتاییەکەی ٦٠ م٢ ئەم چوارگۆشەیە کراوەتەوە دوو بەشەوە، بەشی یەکەمی تایبەتە بە رێبوارانەوە کەچی بەشەکەی دی بۆ وڵاٚخەکانیان تەرخان کراوە (تەویلە)، دیوارێکی بچووکیان ناوبەربووە کە بەرزییەکەی یاردێك کەمتر بووە و کراوە بە بناغەی ئەو کۆلەکانەی لە دار دروستکراون سەربانی هەر دوو بەشەکەیان لەسەر بەند بووە، لەبەر ئەمە پیاو و ئاژەڵ هەردوو لایان لە یەك سەرچاوەی هەواوە نەفەسیان کێشاوە.

ژووری دانیشتنەکە چوارگۆشەیەکی درێژ و جوانبوو، ئاگردانێکی لەو پەڕەوە بەرامبەر دەرگاکە لەخۆ گرتبوو هەروەها لە ژوورەکەدا سەکۆیەك هەبوو، بۆ ڕێبوارەکان بە بەرەی درێژ فەرش کرابوو، بنەبانەکەش بەشێوەی ئاسۆیی دارەڕاکرابوو، جۆرە هونەرێکیشی تیا بەدی دەکرا.

لە سەرووی دووکەڵ کێشەوە کونێك کرابووەوە تاکە شوێن بوو لە میانەیەوە رووناکی دەهاتە نێو ژوورەکەوە.

تەویلەکەش بەرین بوو، سی کەرتی تەرخان کرابوو بۆ ئالف و بەرامبەر ئەو شوێنەش بوو کە بۆ ڕێبوارەکان تەرخان کرا بوو.

بنەبانی تەویلەکە لە دار دروست کرابوو کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك پلە بە پلە ڕێز کرابوو هەر لە پەراوێزەکانەوە تا سەرەوە، وەك شێوەی گومەزی ئاسا دەهاتە پێش چاو، کونێکیش لە سەرووی بنەبانەکەوە لێکرابووەوە بۆ مەبەستی هەوا و گۆڕینەوە و رووناك کردنەوەی تەویلەکە.

میلنکن پاشان دەڵێت، بە شێوەی گشتی دان بەوەدا دەنێم لەو شوێنە بێزار نەبوومە، تەنانەت بە بینینی دیمەنەکەشی هەستم بە خۆشی کردووە، بیریشم لەوە کردەوە کە کوردەکان بەزەوقن.

وا دیارە بیرۆکەی لەوەوپێشی میلنکن وەك لە تۆولۆی کتێبەکەیدا دەردەکەوی بە تایبەت لە سەرەتادا، تەنانەت لە میانەی ناونیشانی کتێبەکەیەوە هەڵوێستێکی باشی بەرامبەر بە کورد نەبووە، بەڵام وا دیارە گەشتەکەی لە نێوان (خەڵکانێکی دڕندەدا ) لە ناوبانگی ئەو (دڕندانە)ی لە بیری میلنکندا گۆڕیوە.

وێڕای ئەوەش جۆری بیناکە لەگەڵ پێداویستییە سەیرەکانی ژیانیان دەگونجی، ئەوەیان پشتگوی نەخستووە دیاردەی پشوو گەورەیی بە شوێنی نیشتەجی بوونیان ببەخشن (٢٩-٣١).

لە راستیشدا کاتێك دیدووبۆچوونی رەوەند و رۆژهەڵاتناسەکان دەربارەی ئاستی بیناسازی لە شارە کوردییەکاندا بخوێنینەوە دەبینین هێندەیان بەدڵ نەبووە، یان لە ئاستێکی بەرزدا نەیانبینیوە، تەنها ئەوە نەبی بیناسازی و بیناسازانی شاری (ماردین)یان لە کوردستانی تورکیا بەدڵ بووە.

سێر سایکس (١٩٠٢) باسی ئەم شارەی کردووە و دەڵێت، لە لایەکەوە شوێنەکەی نایابە، لە لایەکی دیکەشەوە خەڵکی شاری ماردین بە باشترین بیناسازانی تورکیا دادەنرێن هەر بۆیەش هەموو خانووەکانی ئەم شارە نەك هەر بە شێوەیەکی باش دروست کراون، بەڵکو



خانووەکانیان لەرووی نەخشە و هونەری بیناسازانی ئەم شارە وێڕای ئەوەی رۆشنبیر نین و هەژاریشن، بەڵام لێهاتوون.

سایکس مەنارەکەی ماردینی بۆ کردووین بە نموونە کەوا ئەو کاتەی ئەو بینیویەتی حەڤدە ساڵ بەسەر دروست کردنیدا تێپەڕیوە. واتە لە گرێی هەشتی سەدەی نۆزدەیەمدا، بە پەرجو باسیدەکات، لە دیدی ئەودا نموونەی کاری نایاب و بەهرەمەندی و ئاکاری بەرزە، لە راستیشدا لە لایەن گەورە بیناسازانەوە نەخشەی بۆ دانراوە کەوا سایکس بینیویەتی خەریکی دروست کردنی پاشکۆیەکی تایبەت بووە بۆ ماڵێك.

دەڵێت، شتێکی سەیرە جووتیارێکی نەخوێندەوار ببینین توانستی ئەوەی هەبی نەخشەی رەسەنی بیناسازی دابنی. هەر بە مەزەندە بڕی ئەو کەرەستانە دیاریبکات کە پێویستن بۆ دروست کردنی خانوویەك بەبی ئەوەی هیچی لی بەفیڕۆ بڕوات (١٣٣-١).

ئەدمۆندز دیدووبۆچوونەکانی خۆی دەربارەی بیناسازی کوردی تۆمار کردووە و ئاماژەی بەوە داوە هاوبۆچوونی سۆنە و باوەڕی وایە بیناسازی کوردی لە سلێمانی کەوتۆتە بەر کارتێکەریی چەشنی بیناسازی فارسی.

وا دیارە ئەدمۆندز ئاگاداری دیدووبۆچوونی ئەو رەوەندانە بووە کەوا پێش خۆی سەردانی کوردستانیان کردووە و سەرنجەکانیان دەربارەی بیناسازی کوردی تۆمار کردووە، لە باسی سلێمانیدا دەڵێت، تەنها یەك وشەی ستایشم نەبینی بەرامبەر دیاردەی ئەندازیاری ئەم شارە و دیمەنی دەرەوەی لە لایەن هیچ نووسەرێك یان رەوەندێکەوە لەم بارەیەوە تۆمار کرا بی. ئەنجا سەرنجەکانی تۆمار کردووە و دەڵێت، شوێنێکە مایەی بی ئومێدییە، زۆربەی کەلاوەیە، بەگشتیش نەختێك لە کۆمەڵە کوختێکی قوڕین زیاترە، بۆشایی زۆری تیایە، دیواری ناتەواوە و دار و دەوەن لەسەر سەربانە قوڕینەکان سەوز دەبن. رەنگە مزگەوتەکەی کاك ئەحمەدی شێخ لە نزیك ڕێڕەوی رۆژئاوای شارەکەوە تاکە بینابێت کە هێما بێت بەوەی بایەخ دراوەتە مەنارە باریکەکەی کەوا نەخشی جوانی لەسەر دروست کراوەو خشتی سوورو سەوز و سپی تیا بەکار هێنراوە کە هەموو مەنارەو گومەزەکەی پی رازاوەتەوە (٧٩).

## گوندی کوردی

کورد مەیلی ئەوە ئەکات گوند لە شوێنێکی ستراتیژی دامەزرێنی، لە راستیشدا ئەوە دوو هۆکاری بناغەیی دەستەبەری دەکات یەکەمیان هۆکاری ئاسایش و دووەمیشیان هۆکاری ئاو.

لەبەر رووناکی ئەم دوو هۆکارەدا گوندی کوردی — بە زۆری — یەك لەم دوو شوێنە هەڵدەبژێری یان شوێنێکی بەرز یان شوێنێکی نادیار نزمی بێت یان دۆڵ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنی ژمارەیەك گوند لە دەشتایەك نزیکی یەکتر دروست نەکرێن وەك چۆن گوندە عەرەبییەکان نزیکی یەك دروست دەکرێن.

ئەم دابەشکردنەش واتە گوندە بەرزەکان یان نادیارەکان پێیویستیان بە روونکردنەوە هەیە، چونکە ئەو دابەش کردنەش رەها نییە، لەبەر ئەوەی گوندی ئەوتۆ هەیە لەو شوێنە بەرز و نزمانەدا دانامەزرێن کە ئاماژەمان پێدان، بەڵکو هەندی لە گوند نشینەکان تەپەی بەرز دروست دەکەن و گوندی لەسەر دادەمەزرێنن، بۆ ئەوەی رۆڵی هەبی لە پاراستنی خەڵکی گوندەکەدا، مەبەستیش لە پاراستن، پاراستنە لە هۆکاری سروشتی وەك لافاو و کەڵەکە بوونی بەفر، هەروەها لە پەلاماری دوژمنان، چونکە بەرزبوونەوە لە ئاستی وا لە خەڵکی گوندەکە دەکات توانایان بشکی بەسەر بەرەنگاری هێرشی بەرامبەر و قایم کردنی سەنگەر.

ئەوەی لە سەرەوە باسمانکرد (د.شاکر خصباك)١٩٧٢ ئاماژەی بۆ کردووە و لە لێکۆڵینەوەکەشیدا متمانەی کردۆتە سەر توێژینەوەکەی لیچ (١٩٤٠) کەوا ئەو دیاردەیە شیدەکاتەوە (کورد مەیلی ئەوە دەکەن گوند لە بەرزاییەکی سروشتی یان دروست کراو دامەزرێنن)، گوایە لەبەر ئەوەیە خاکی کشتوکاڵی لە ناوچەکەدا کەمە. بەڵام د. شاکر خصباك ئەو شیکردنەوەیە بە راست نازانی (١٥٢). ئێمە لەگەڵیا کۆکێن چونکە خاکی کشتوکاڵ لە ناوچەکەدا کەم نییە کە لیچ لێکۆڵینەوەکەی تیا ئەنجامداوە (ڕواندز) دوایش بابەتی دامەزراندنی گوند لەسەر بەرزاییەك پێوەندی بە کشتوکاڵەوە نییە، بەڵکو هۆکاری ئاسایش رۆڵی گرنگ دەگێڕی گوندی دەبێ شوێنی بەرز یان تەریبی بۆ هەڵبژێرێت.

زۆربەی ئەو رەوەندانەی بایەخیان بە بابەتی گوندی کوردی داوە مەسەلەی وەدەس هێنانی ئاویان بە گرنگ زانیوە، ئیدی یان متمانەیان کردۆتە سەر کانییەك لە خوارەوەی قەدپاڵێك یان لە سەرەوەی یان لەسەر رووباری ئاو یان وەك چۆن لە گوندە دەشتاییەکاندا متمانە دەکەنە سەر بیر.

ئەمانەوی ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کەوا شاکر خسباك باسیکردووە سەبارەت بە شوێنی ئەو گوندە کوردییانەی لەو نشێوانەدا بەرەورووی باشوور دروست دەکرێن بۆ خۆپاراستن لە بای سارد کە ئەویش رووی پێچەوانەی هەڵکردنی بای ساردە، ماڵەکانیان لە پشتەوە تا نیوە دەنێژن بۆ بەرەنگاری کردنی بای سارد کە ئەمەش دیمەنێکی تایبەتی بەخشیوە بە گوندەچیاییەکانی کوردستانی عێراق، لە دەرەوە چەند پێیەك و لە ناوەوە نزیك سی مەتر (١٥٢-٣).



میستەر ریچ (١٨٢٠) راوبۆچوونی خۆی دەربارەی گوندی کوردی بڵاو کردۆتەوە و دەڵێت زۆربەی گوندەکانی کوردستان دەکەنەوە نێو پەناگەی داپۆشراو یان دۆڵی ئەوتۆ کە لەبەر چاو نەبی، ریچ ئەوە بەو جۆرە شیدەکاتەوە کە تەقەللایەکە لە لایەن کوردەکانەوە بۆ خۆ رزگارکردن لە سەردانی یەکەکانی سوپا کەوا بە تەنیشتیانەوە تێدەپەڕن، بەڵام ئەوەشی وتووە کە زۆر جار ئەو تەگبیرەش بی سوود دەبی. ریچ گوندی قزلجەی بە نموونە بۆ ئەوە هێناوەتەوە، کە لە ناوچەیەکی سەر سنووردایە، چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت تووشی ئەو جۆرە دەستدرێژییە ببی، هەر بۆیەش لەم ساڵانەی دواییدا — لەوکاتەدا — ئێران و ئامان ئەڵلاخان چەند جارێك (قزلجە) یان وێران کردووە (١٣٣-٣).

لە راستیشدا ئێمە لەو باوەڕەداین ریچ زێدەبێژیی فەرمووە کاتێك وتوویەتی، زۆربەی گوندەکانی کوردستان دەکەونە نێو پەناگەوە، دووریش نییە ئەو ناوچەیەی ئەو لێی بووبی گوندەکانیان بەو چەشنە بن، بەڵام ئێمە ئەژمارتنێکی وردمان. لەسەر شوێنی گشت ئەو گوندانە لە کوردستاندا یان زۆربەیان لە لایەکی دیکەشەوە ریچ سەردانی گشت ناوچەکانی کوردستانی نەکردووە، واتە بڕیارەکەی ریچ ورد نەبووە، بەڵام لایەنی ئاسایش دەبی لە کاتی دامەزراندنی گوندی کوردیدا لەبەر چاو بگیرێت.

ئەوەمان بەشیاو زانی لە میانەی باسکردنەکەی ئەدمۆندزەوە دەربارەی گوندی چوارتا باسی ئەم گوندە بکەین کەوا بە شێوەیەکی سەرکەوتوو جوانییەکانی خستۆتەروو، چوارتا گوندێکی هەڵکەشە کە لە قەد پاڵی چیایەك دروست کراوە بەرزاییەکەی دەگاتە ٤٠٠٠ پی، دەکەوێتە لای خوارەوەی چیای سەرسیر و زاڵە بەسەر دیمەنێکی شەنگدا، گشت (کوکاسور) تا (ئەزمەڕ) دەگرێتەوە، بە دیمەنێکی ئەوتۆی دەداتە قەڵەم، خۆشی دەخاتە دڵ و دەروون چونکە دەکەوێتە نێو باخی لۆز و توو سپینداری درێژ و دار گوێز، ئەو گوندانەی لە قەد پاڵی چیاکەن کەم دەکەونە بەر گۆڕینی پلەکانی گەرما کە لە ناوچە دەشتاییەکاندا روودەدات (٩٨).

ئەوەی کوردەکان بۆ ئەدمۆندز باسیان کردووە دەبی راستبێت هەروەها دەبێت روونکردنەوەی زانستی جیو کەش و هەوا بۆ دیاردەی هەمواری کەش و هەوا لەسەر قەدپاڵی چیا لە چاو دەشتایی زیاتر بێت.

نزیك بوونەوە لە ئاو هۆکارێکی گرنگە لە بڕیاردانی شوێنی گوند بە لێکدانەوە یان لەبەر چاوگرتنی هۆکاری قایم کاری و بەرگری، ئەوەی سەرنج دراوە کە هەندی گوندی کوردی شوێن

دەگۆڕن یان بەدوای ئاودا دەگەڕێن، دووریش نییە بەشێك لە گوندەكە بە دوای ئاودا بێنە خوارەوە، ئیدی دەبن بە دوو بەشەوە سەروو و خواروو، هەر ئەو ناوەش هەڵدەگرن.

**بارپ** (١٩٥٣) دەربارەی گوندە كوردییەكانی باشووری ناوچەی كوردستان دواوەو وای هاتوونەتە بەرچاو چەشنیان یەككگرتووە، ماڵەكان لە قوڕ یان بەرد لەگەڵ قوڕدا دروست كراوون بنەبانەكانیش پانن و بە كۆڵەكە بەرزكراونەتەوە، ئاسۆییش درێژ بووەتەوە، ئەمەش بە بایەخترین بەشی بیناكەیە بە پێی سروشتی بیناسازی و قەبارەی بچووكی ئەو جۆرە دارەی بەرپا بووە، ژوورەكان مەیلە و بچووكن و كۆڵەكەكانیش هەرگیز بەكار نایەن لە پێناو پتەوكردنی كۆڵەكەی سەرەكی بنەبانەكە.

بەڵام نهۆمی دووەمی خانوو بە دەگمەن دەبینرێت بەگشتیش دەرگا لە گۆڕی نییە بۆ داخستنی ڕێڕەوی سەرەكی ماڵەكە، پەنجەرەكانیش شوشەیان پێوە نییە قەبارەشیان بە شێوەی ئاسایی بچووك و بەرزن، ژورە بچووكەكانیش هەمیشە تاریكن، كون یان دووكەڵكێش لە ژوورەكەدا نییە، بۆیە ئەو دووكەڵەی لە ئاگرەكە بەرز دەبێتەوە لە میانەی دەرگا و پەنجەرەكانەوە دەردەچێت.

ژورەكان هیچ جۆرە تفاقێكیان تیا نییە، ئەوەی میوان لە ژوورەكەدا بەرچاوی بكەوی تەنها سەماوەرە كە چای تیا دروست دەكرێت، لەگەڵ پیاڵەو ژێرپیاڵە كە لەسەر رەفێك دانراون، لەگەڵ بەڕەیەكی پێچدراو كەوا لەسەر زەوی رادەخرێت بۆ دانیشتن.

ژمارەی ژوورەكان لە ماڵێكەوە بۆ ماڵێكی دی جیاوازە، بەڵام نەك زۆر، سروشتیشە لە نێو خانوودا جێگای تایبەت هەبی بۆ ئاژەڵی وەك، كەر و گاو و مانگاو رەنگە ئەسپیش، لەگەڵ هەر خانوویەكدا پانتاییەك هەیە بە دیواری نزم دەوری گیراوە. لە زستاندا ئەو ماڵە لە بەفر دەپارێزی كە لە چیای زاگرۆسەوە بەرەولایان دێت، كاتێكیش كەش و هەوا فێنك دەبی، ئەوە خێزانەكان بەشەو لەسەربانی ماڵەكانیان دەنوون، چونكە شنە بایەكی خۆشی لە چیاوە بۆ دێت.

لەهەر كوی بەرزاییەك هەبی كورد گوندی لێدروست دەكات، قوڕ بەكار دێنی و بە جۆرێكیش نەخشەی بۆ دادەنێت كە سەربانی هەر ماڵێك ببی بە حەوشەی ماڵەكەی دواوەوەی، خێزانەكانیش سوود لەو سەربانانە دەبینن كەوا لەوانەی خۆیان نزم ترن و بۆ مەبەستی تایبەت بەكاری دێنن. ئیدی بەم شێوەیە لە سەرەوە بەرەوخوار بەردەوام دەبن.

لەمەشەوە ئەوە دەردەكەوی خانووی گوندەكان چڕوپڕ و یەك ریزن. رەنگە هۆی ئەمەش پێوەندی بە بەرگریكردنەوە هەبێت. بێگومان ئەم جۆرە بینایەش چارەسەری هەندی گرفت



دەكات، چونكە دیوار و بەشەكانی خانوو رۆڵی زیاتر دەگێڕن لە بنیاتنانی خانووەكاندا، زۆربەی خانووەكانیش لەسەر پێچێكی سەر بەرەوخوار دەكرێت، لە خواریشیانەوە كانییەكی ئاوی سارد هەیە، شایانی باسیشە تەنها لە ناوچە نزمەكان گوندەكان متمانە دەكەنە سەر ئاوی بیر.

دیمەنەكەش، حەوزێكی بچووك راستەوخۆ، لە كانییەوە ئاوی بۆ دێت بە هۆی بەردی نزمی دیوار ئاساوە لە پیسبوون دەپارێزری.

لە دەورووبەری حەوزەكەش جۆرەدارێك هەیە سێبەریان دروست كردووە نابی كەس لقەكانی بشكێنی. دەشی لە هەندی حەوزدا ماسی هەبی، خەڵكی گوندەكەش خۆراكیان بۆ دابین دەكەن، نابی كەسیش گێچەڵیان پیێ بكات، حەوزەكە بۆ دەسنوێژ هەڵگرتن بەكار دێت و شوێنی نوێژكردنیشی لە پاڵدایە (١،١-٣).

سەبارەت بە خانووی كوردیش دەبینین رەوەند و رۆژهەڵاتناسەكان باسی ناوەوەیان كردووە، هەندێكیشیان جوانی و ساكاری خانووی كوردییان بەدڵبووە، هەروەها برێكیشیان رای پێچەوانەیان بەرامبەر هەبووە، بۆ وێنە ریچ ئەو خانووەی بەدڵ نەبوو كە لە شاری سلێمانیدا (١٨٢٠) تیایدا نیشتەجی بووە (٦).

كەچی لایارد كەوا سەردانی میر فەیزوڵلای پێشەوای ناوچەی برادۆستی كرد (لە چلەكانی سەدەی نۆزدەیەمدا) بە جوانی دیوەخانەكە و رووی خانووەكەدا هەڵی داوە و دەڵێت، خانووەكە دیمەنی جوانە، بەردەمەكەشی كەوا لەسەر كۆڵەكە بەندە لەیەك لاوە كراوەتەوە و بەرانبەر دۆڵەكەیە دیمەنێكی دڵڕفێنە (٣٧٤).

ویگرام باسی خانووی گوندێكی چیایی كوردی كردووە كەوا ماڵی سەرۆكی گوندەكە بووە و بە نموونەیەكی ئاسایی كوختی شاخاوی داوەتە قەڵەم، دیوارەكانی لەبەرد دروست كراون، زەمینەكەشی خۆڵی كوتراو بووە. بنەبانە نزمەكەشی كە بەهێسی دووكەڵ رەش بووبووەوە لەسەر كۆتەرەی وەستا بوو توێژێ گەڵای دار و دەوەنی بەسەرا كرابوو ئەنجا قوڕ، كە لە وەرزی هاویندا دەقلیشێ و یان درزی تێدەكەوی و دواییش لە زستاناندا ئاو دەدزی و بنەبانەكە تكە دەكات.

بۆیە بە جۆرە بەردێكی لوولەیی دێنە سەری و تەختی دەكەن، ئەم پرۆسەیەش كەوا ویگرام باسی دەكات هەر ئەوەیە كاتی خۆی ئاماژەمان بۆ كرد بۆ چارەسەركردنی سەربانی خانووەكانی سلێمانی لە وەرزی زستاندا، كە پێی دەڵێن (باگوردان).

ویگرام هەر لە باسی کوختەکەدا دەڵێت، ئاگردانێك یان تەنوورێکی تیا بوو، شێوەی لەسەبەتەی هەنگی دەکرد کە لە ناوەڕاستی کوختەکەدا شوێنی بۆ هەڵکەندرابوو، دووکەڵەکەش خێرا لە کونێکی بنەبانەکەوە دەردەچوو لە نێو ژوورەکەشدا پەنجەرە نییە، دەرگاکەشی زۆر نزمە، هەر بۆیەش کونی دووکەڵەکە ئەرکی پەنجەرە دەبینی و بە ڕۆژ ڕووناکی لی دێتە ژوورەوە (١٤٣).

لە ڕاستیشدا ئەو ئاگردانەی ویگرام باسی دەکات پاش چەند ساڵێك سۆپایەکی تایبەت کەوا داری تیا دەسووتێنرا جێگای گرتەوە، کە بریتیبوو لە بەرمیلێك لە لایەکەوە کونی لێکراوەتەوە و دەرگاشی هەبووە بۆ داخستن و کردنەوەی لە سەرەوەی بەرمیلەکەشەوە بۆڕی یان پایپێك بەرز بووەتە و بنەبانەکە دەبڕی کە دووکەڵی ئەوسۆپایەی لێدەردەچێت ئەو سۆپایە پارچە و لق و پۆپی داری تیا دەسووتێنری بۆ گەرم کردنەوەی ژوورەکە و گەرم کردنی کتلی ئاو کە دیسان دەخرێتە سەر بەرمیلەکە، بەکاردێت.

لە ڕاستیشدا ئەم جۆرە سۆپایە لە پاش دەرکەوتنی (بەرمیل) یان تەنەکەی ئەستوور و لولەیی دەرکەوت، کە لە پاش بەتاڵکردنی کەرەستەکەی ناوی فڕێ دەدری یان وەلاوە دەنرێت پاشان لە دوای ئەوەی ئەو جۆرە پلێتانە هاوردەی کوردستان کران دەست کرا بە دروست کردنی.

تۆما بوا ئاماژەی بۆ نموونەیەکی خانووی گوندنشینی کورد کردووە کەوا زۆر بە سەرەتایی — باسیدەکات، دەڵێت خانووەکە بە دیوار دەوری گیرابوو، دوو باڵی تیابوو، یەکەمیان تەرخانبوو بۆ نیشتەجێبوونی خاوەن ماڵەکە و دووەمیشیان بۆ ئاژەڵ، لە نێوان هەردوو بەشەکەشدا ئەمبارێکی داربوو بۆ سووتەمەنی بەکار دەهێنرا، هەروەها قاپ و قاچاغی موبەقیشی لێبوو، بەلاّم دانەوێڵەیان لە نێو چاڵدا ئەمبارکرابوو، بە کا و و قوڕدا داپۆشرابوو دیمەنی تەنووریش جەرە ئاسا و نوقمی زەوی بوو (٢٦).

لە ڕاستیشدا ئەو تەنوورەی تۆما بوا باسیکردووە ڕەنگە لە زۆربەی گوندەکاندا نەبینری، چونکە زۆرینەی گوندەکان بە تەنوور نان ناکەن، بەڵکو ئەو نانە کوردییەیان لا باوە کە لەسەر ساج دروستی دەکەن، ساجیش بریتییە لە پارچە پلێتێکی خڕی نەك زۆر ئەستوور دەخرێتە سەر سێ بەرد یان کوچك، لە ژێرەوە ئاگری بۆ خۆش دەکرێت تا گەرم دەبێت، ئەنجا نانی لەسەر دەبرژێنن، کە تەنك و وشك دەبی پێش خواردنیشی ئاو پەرژێن دەکرێت، ئیدی چێژێکی خۆش دەبەخشی، بەوەش بەناوبانگە کەڕوو هەڵ ناهێنی.



تۆما بوا هەر لە باسی خانووی گوندنشینی کورددا بەردەوامە و دەڵێت، دوو سەکۆی قوڕ لەسەر هەردوو لای ڕێڕەوی دەرگاکەی دەرەوە دروست کراوە و بە لباد داپۆشراوە و بۆ دانیشتن بەکار دێت.

سەرباری ئەوەش تۆما بوا باسیکردووە زۆربەی ڕێڕەوی ناوەوەی خانووەکان ئەم ئەرکە دەبینن واتە بۆ دانیشتن بەکار دێن.

تەنانەت هەندی میوان دەشی لەو شوێنەدا واتە لەسەر ئەو دوو سەکۆیە بەرامبەرە پێشوازی بکرێن، کە بە کوردی پێی دەڵێن (ناڤ دەرگە) یان وەك ئەوەی بە ئینگلیزی پێی دەڵێن (کلیدۆر).

تۆما بوا دەڵێت، خانووی چینە هەژارەکان تەنها لە ژوورێکی نووستن پێك هاتووە کە جووتیارەکە خۆی و ژنەکەی و منداڵەکانی و گا و مریشکەکانی تیای دەحەسێنێتەوە هەروەها خۆراك و داری سووتەمەنی تیا عەمبار دەکرێت.

هەی (١٩١٨-١٩٢٠) باسی جۆرێکی دیکەی خانووی گوندنشینی کورد دەکات کە لەوەوە نزیکە کەوا تۆما بوا باسیکردووە، ئەویش هی ئەو جووتیارانەن لە بارێکی ئابووری باشتردان. خانووی ئەمانە لە دوو یان سی ژوور پێك دێت و تەویلەی ئاژەڵی تیایە، بەلاّم سەرۆکی گوند یان کوێخاکەی دەبینن خانووەکەی لە خانووی ئەوانی دی جیاوازە ژنان ژووریان هەیە، دیوەخانیشی هەیە بۆ ئەو ڕێبوارانەی لا ئەدەن (٦٦).

باسیل نیکیتین نموونەیەکی دیکەی خانووی گوندنشینی کوردی بۆ نمایش کردووین کە لە یەکەوە دوورن یان دوورە پەرێزن و کەوتوونەتە سەر قەد پاڵی چیای بەردین. ئەم جۆرە خانووانەی باسیل نیکیتین باسیکردوون سروشتی خاکی بەردینی هەندی لە ناوچەکانی کوردستان دەیسەپێنی. کەچی ناوچەکانی دی ئەوانەی خاکیان بە پیتە و خەریکی کشتوکاڵن خانووەکانیان نزیکی یەکن و گوندێکی ڕاستەقینە دروست دەکەن. بێجگە لە هۆکاری ئاساییشیش کە ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕی بۆ نزیك بوونەوە یان دوور کەوتنەوەی خانووەکان.

باسیل نیکیتین باسی ماڵە گوندنشینەکانی ناوچەی (ئۆرمار)ی کردووە و لەو باوەڕەدایە ئەم خانوانە لەخانووی تر پێشکەوتووترن، ڕووی خانووەکانیان لە بەردی نەخشدار دروست کردووە کە بە زۆری نیوەی چووەتە نێو چیاکەوەو لەیەك نهۆم پێك هاتووە و ڕووەو خوارەوەیە. هۆی ئەوەشمان ڕوون کردووەتەوە بۆچی بەو چەشنەیە.

باسیل نیکیتین باسی پێکهاتەی بنەبانی ئەم خانوانە هەروەك ئەوانەی پێشوو باسدەکات کە ئاماژەمان بۆ کرد (٨٠).

هانسن لە پرۆسەی بیناکردنی خانووی کوردەواری وردبۆتەوە کەوا لە قوڕو خشتی ئاسایی دروست کراوە، چەشنی بیناسازی کوردی لە گوندەکاندا بە کورتی باسدەکات و دەڵێت سەربانی هەرماڵێکیان دەبێتە حەوشە بۆ ماڵێکی دی، لە دووریشەوە وا دێنە پێش چاو وەك بڵێیت هەر یەکەیان چاوێکی نیوە نووقێنراوە، ڕێڕەوی نێو ماڵەکانیش پێچ و پەنایە، زۆرجاریش جۆگەلەی ئاو لە نێوەند ڕێگا تەسکەکانەوە ری دەکات.

هانسن باسی ئەوەشی کردووە هەندی ژووری خانووی کورد دیوارێکیان بەرز کراوەتەوە، کە وەك بالکۆنی لێهاتووە، سێبەر و ساردە.

سەبارەت بەوەش ئەو خانوانە تا چەند بەرگەی کەش و هەوا دەگرن، هانسن لەو باوەڕەدایە ئەم جۆرە خانوانە بەهێز نین و ناتوانن ماوەیەکی زۆر بەرگە بگرن بنەبانەکانیشیان ئاودەدزی و تکە دەکات.

لە رووی بیناسازیشەوە هانسن دەڵێت، کاری ئەندازیاری روونیان تیا بەدی ناکرێت، بەرزی دیوارەکانیشیان جیاوازە.

هەروەها پەنجەرە و دەرگاکانیان مرۆڤ تووشی سەرسووڕمان دەکەن چونکە زۆر ناریکن، دیوارەکانیش بەگشتی بە پێی بەرزی و نزمی زەوی دەگۆڕێن (٣٣).

هانسن دیسان باسی ئەوەشی کردووە کەوا لە ژوورێکدا ژیاوە لە تۆبزاوە پەنجەرەی تیا نەبووە.

شمیدت لە شەستەکاندا سەردانی کوردستانی کردووە واتە پاش هانسن و دیدوبۆچوونی خۆی دەربارەی گوندی کوردەواری تۆمار کردووە.

وا دیارە تا ئەو کاتەش بینای گوندی کوردەواری هێشتا پێش نەکەوتبوو، هەمان ڕێبازی سەرەتای پێڕەو کردووە، بە بی سوودبینین لە زانستی ئەندازیاری. لە باسی گوندی (شیلە دزی) دا لە نێو ئەم ماڵە هەژارانەدا شتێکی راست بە پێی پێوەری ئەندازیاری نابینی. مەبەستیشی کۆڵەکەی بنەبانەکان و ئەستوون کاری دیوارەکانە لەگەڵ یەکدیدا، هۆی ئەمەش بۆ نەبوونی ئامێر و ئامرازی بیناسازی گەڕاندۆتەوە کە دەبنە هۆکار بۆ ئەوەی دیوار و پەنجەرە و پلیکانەکان و تەنانەت بەردی بیناش بە پێی ئەندازیاری بە ئەنجام بگەیەنرێن.



شمیدت بە پێی دیدی خۆی باسی ژووری کوردیمان بۆ دەکات و دەڵێت، هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ دەیان هەزار ژووری دیکەی گوندەکانی وڵاتی کوردستان. چوارگۆشەی درێژ و نزمە، زەمینەکەی خۆڵی کوتراوەیە — بنەبانەکەی رەگ یان کۆتەرەداری درزی تێکەوتووە بە تەختە و توێژێك قوڕ سواغ دراوە.

لەبەردەم کۆی دیدووبۆچوونی رەوەندو رۆژهەلاتناسەکاندا دەربارەی گوندی کوردی، دانمان بەوەدا ناوە بیناسازی کوردی لە قۆناغی سەرەتاییدا بووە بە تایبەت گوندەکان دەبینن لە پاڵ رەخنەشدا کەسی وایان تیابووە گوندی کوردی سەرنجی راکێشاوە و بەدڵی بووە.

## کەپر و رەشماڵ

جۆرە خانوویەکی کاتییە و لە نێو کوردستاندا باوە و بەچڵ و گەڵای دار و دەوەن سەری دەگیری و لەسەر چوار کۆڵەکەی دار یان پتر بەند دەبی. بە زۆریش کۆڵەکەکان داری سپیندار دەبی، هەندی جاریش بە شێوەی دژ یەك ڕێك دەخری و ئەنجا بە چڵ و گەڵای دار دادەپۆشرێت وشك دەبێتەوە، مەبەستیش ئەوەیە شوێنێکی سێبەر و سارد دابین بکات، ئەم جۆرە کەپرانەش لە سەرەتای هاویندا لە نزیك ئەو گوندانەوە دروست دەکرێت کەوا دانیشتوانیان بە هۆی گەرماوە یان مێشوولەوە بەجێیان هێشتوون، هەندی جاریش دوور لە گوند واتە لە بەرزاییەکان دروست دەکرێن بۆ مەبەستی مانەوە لەو شوێنانەی کەش و هەوایان سارد و باشترە. دووریش نییە کەپر زۆر توند و ئەستوور بێت و خێزان بە شەوان بتوانن لە سەری بنوون، نەك لە ژێری کە لە سەعاتەکانی رۆژیشدا لە سێبەرەکەیدا دادەنیشن، کەپری ئەوتۆش هەیە لەبەردەم خانووەکاندا دروست دەکرێت.

کەپر بووەتە جێی بایەخی ریچ و باسی ئەو کەپرەی کردووە کەوا ماوەیەك تیایدا نیشتەجی بووە و دەڵێت، درێژی ١٥ پێبووە، لە رووی ئەندازیارییەوە سەرەتاییبوو، سی ریز کۆڵەکەی لەسەر زەوی بۆ چەقێنرابوو.

هەر ریزێکیان لە چوار کۆڵەکە پێك هاتبوو، سەرەوەیان دوو لق بووە و نزیکەی ٧ پی بەرز بوونە. ئەم سەرانە بە پردەوە بەستراونەتەوە ئەنجا بە دەستەك دارەڕا کراون و دوای ئەوەش چڵ و گەڵای سندیان خستۆتە سەر ئەنجا قوریان بۆ گرتۆتەوە کە بریتییە لە خۆڵ و کا و سواغیان داوە، پاش ئەوەش وشك بووەتەوە دووبارەیان کردۆتەوە، کوردەکان هاوینان لە نێو ئەم کەپرانەدا دەژین.

شەوان لەسەربانەکەی دەنوون و بۆ ئەوەش لەبەر چاوی خەڵك دیار نەبن، چیغ بـەکار دێـنن کە دیوار ئاسا لە قامیش دروست دەکرێت، باشی لێوە دێتە نـاو، ئەگـەریش زۆر گـەورە بێـت حەوزێکی ئاو و نافوورەی تیا دروست دەکرێت کە زیاتر کەش و هەواکە فێنك دەکاتەوە.

ڕاستە ئەو کەپرانەی ریچ باسیکردوون و وتوویەتی نموونەیین یان ڕەنگە لە لایـەن دەسـتڕۆ و خاوەن دەسەلاّت و پیاوانی دەوڵەمەندەوە دروست دەکرێن، بەلاّم ئەوەی باوە بچووکتر و ساکار و بی نافوورە دروست دەکرێت، دەگمەنیش ڕێك دەکەوێت خەڵکی گوند هەوڵ بـدەن کـەپرەکانیان لە نزیك کانی ئاوی گوندەکەوە دامەزرێنن، یان کانی یان بیرێکی نوێی بۆ هەڵکـەنن ئەگـەریش ئاو زۆر بوو ئەوە لە ڕێگای جۆگەلەی ئـاوەوە ئـاو دەگەیەننـە کـەپرەکان. لـەم ڕۆژانەشـدا بـۆ گواستنەوەی ئاو پایپ یان سۆندەی پلاستیکی لە جیاتی کردنەوەی جۆگەلەی ئـاو بـەکاردێنن. ئەگەر ئاستی ئاوەکە بەرزتر بوو ئەوە بە ئاسانی دەگات ئەگەریش ئاستی ئاوەکە نزم بوو ئـەوە ماتۆڕی بۆ بەکاردێنن.

بەلاّم هێشتا دیمەنی جوانی کچە کوردی لادێیمان لە پێش چاو ون نـەبووە کـە بـە جـەرەی سەرشانیانەوە یان بە بەرمیل لەسـەر پـشتی گوێدرێـژ ئـاو دەکێـشن، هـەروەها هـەتا ئێـستا سەرکانی شوێنی کۆڕ بەستنی ژنان و کچانی لادێیە.

هەی باسی کەپری ناوچەکانی کۆیە و رواندز و شەقلاّوەی کـردووە و دەڵێـت، مرۆڤــــ لـە هاویناندا گوندی تەواو لەو جۆرە کەپرانە دەبینی کەوا کەوتوونەتە بەر بای فێنك.

گەلێك لەو کەپرانە لە هەندی لاوە لە چڵ و گەلاّی داری تێك ئـالاّ و دیـواری بـۆ دروسـت دەکەن، ڕاستە پاشان وشك دەبنەوە، بەلاّم هێشتا بەشی ئەوەیان تیا دەمێنێتەوە بای فێنکیـان بە نێودا تێپەڕی، تەنانەت دەنگی شنەی با کە بە نێو ئەو گەلاّ وشکانەوە تێدەپەڕی، بەر گـوی دەکەوی. هەندێکیش لای شەماڵی کەپرەکە تەڕ دەکەن بۆ ئەوەی بایەکەی سارد و فێنك بێت.

کەپریش بووەتە جێی بایەخی کوردان و گەلێك گۆرانی بە جوانی کەپر و ژیانی نێو کـەپر و چۆنێتی دروست کردنی وتراوە هەندی لە هۆزەکانی کوردیش هاوینان بەرەو بەرزاییە فێنکـەکان دەڕوون زستانانیش دەگەڕێنەوە بۆ ناوچە دەشتاییەکان کە گەرمە ئەمانە لە نێو دەوار (ڕەشماڵ) دەژین کە لە مووی بزن دروست دەکرێت.

دەواری کـوردەواریش وەك تۆمـا بـوا باسـیدەکات نـزم و بـە پـەتی کـورت بـە زەوییـەوە دەبەسترێتەوە، ئەگەریش لەگەڵ ڕەشمالی عەرەبیدا بەراورد بکرێت جیاوازی روونیان لـە نێوانـدا



هەیە لەڕووی چنینی پارچەی دەوارەکەوە یان شێوەی دابەستنی ژمارەی کۆڵەکەکانی، ڕەشماڵیش بە پێی دەستڕۆیی خاوەنەکەی دیاری دەکرێت.

بە شێوەیەکی گشتیش وەك فیلبەرت بۆی چووە ڕەشماڵی کـوردی ئـەم تایبەتمەندێتییانـەی هەیە :

بنەبانی ڕەش و بەرینی ڕەشماڵەکە کە لە مووی بزن دروست کراوە بە لێژییەکی تونـد دێتـە خوارەوە بەسەر لایەنە بەرینەکانی دەوارەکـەدا، ئـەو کۆڵەکەیـەش کـەوا لـە لووتکـەوە دێتـە خوارەوە نییەتی. بنەبانەکەش کراوە بە چەند بەشێکەوە و بە یەکـەوە بەسـتراون، لـە نـاوەوەش فەرش و حەسیر زەوییەکەیان داپۆشیوە، چیغێکیشە ناوبەرە لـە نێـوان هـەردوو بەشـی ژنـان و شوێنی پێشوازیکردن کە تایبەتە بە پیاوانەوە، ئەمەش دیسان لە نێـو ڕەشـماڵی ئێزیدییەکانـدا پێڕەوکراوە، لە ناوەڕاستدا ئاگردانی قاوە (کوانو) هەیە کە بریتییە لە چاڵێکی بـچووك ئـاگری تیا دەکرێتەوە هەندی ڕەشماڵی سەرۆکەکانیش بەرەو سەرینی نایابیان تیایە نیشانەی دەستڕۆییە (٦٧).

ئەدمۆندز دەڵێت وا دیارە کۆچەری کورد لەگەڵ بـەدوی عـەرەب لـە یـەك دەچـن لـە نێـو ڕەشماڵی درێژدا دەژین کە لە مـووی زبـری بـزن دروسـت دەکرێـت، بـە پێـی پـانی ڕەشماڵەکـە پارچەکانی بەیەکەوە دەبەسترێنەوە، لە ناوەوەش بەو شێوە گونجاوە بەرز دەکرێتـەوە کـە لەگـەڵ ڕووی هەڵکردنی باو و باران و کەش و هەوادا بگونجی. چیغیش بۆ دابەشکردنی ڕەشماڵەکـە لـە ناوەوە بەکاردێت یان بەرچاوگرتن، بەگشتیش قەبارە و بەرینی ڕەشماڵەکە پێـوەرە بـۆ ناوبـانگی دەستڕۆیی خاوەنەکەی، بەلاّم بەگشتیش ئەو پێوەرەی بۆ ئەم مەبەسـتە پێـڕەو دەکرێـت لەسـەر ژمارەی کۆڵەکەکانی بەندە. لە نێو هۆزی جافیشدا دوو جۆر ڕەشماڵ هەیە، تایبەتن بە زسـتان و هاوینەوە (١٤٧).

# شاره کوردییەکان

لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا لەسەر بابەتی بیناسازی کوردی دەدوێین، نووسەر ئەوەی بەشیاو زانی وێنەی قەڵەمکاری هەندی رەوەند و رۆژهەلأتناس کە بۆ بری شاری کوردنشین کێشاویانە لە باکوور و باشووری رۆژئاوای کوردستان و نموونەی دروستی گەڵێك شاری کوردن لە ناوچەکانی کوردستاندا نمایش بکات ئەو شارانەی تەنانەت بۆ ئەو رۆشنبیرانەش کەوا هەندی رۆشنبیری جوگرافیان هەیە بە هۆی دابەشبوونی سیاسییەوە هەلیان بۆ بەرپا نەبووە ئاشنایان بن.

پێمان خۆشە ئاماژە بەوە بدەین ئەوەی لەم کتێبەدا لەسەر شارە کوردییەکان باسکراوە، سەرچاوە سنووری بۆ کێشاوە، واتە رەوەند و رۆژهەلأتناسەکان چەندیان لەسەر نووسیون، ئەگینا دەمانتوانی بە پشت بەستن بە کتێبەکانی جوگرافیاو مێژوو زۆرتریان لەسەر بنووسین.

شایانی باسیشە نووسەر ناتوانی بە یەك رێژە یان شێوە باسی شارەکان بکات، چونکە هەر رەوەندێك یان رۆژهەلأتناسێك بەو شێوەیە باسی ئەو شارەی کردووە کە بۆی بگونجی یان سەرنجی بۆ چووبی، چونکە هەیە مێژووی شارەکەی پشتگوی خستووە، بەلأم هی دی هەیە بووەتە جێی بایەخی هەندێك هاوردە و بردەنی شارەکە سەرنجی راکێشاوە، بەلأم بیناسازی پشت گوی خستوو، ئیدی بەم شێوەیە، شایانی باسیشە لە زنجیرەی ناوی شارەکانیشدا ئەلف و بی رەچاوکراوە (بێگومان مەبەستی نووسەر ئەلف و بێی زمانی عەرەبییە — وەرگێڕ -).



## هەولێر

هاملتۆن (کۆتایی بیستەکانی سەدەی بیستەم) باسی شاری هەولێر (اربیل)ی بەوە کردووە کە بە سەد و بیست پی لەسەر رووبەری زەوییەوە بەرزە، وەك کەرتی گومەزێکی رووبەر لەسەر بورکانێکی دامرکاو، دیواری خشتی گەورە دەوری گرتووە ئەوە دێرینترین شاری نیشتەجێبوونە لەسەر زەمین.

هاملتۆن لە باسی هەولێردا ئاماژەی بەوە داوە (مارك تواین ١٨٣٥-١٩١٠ کە بە گەشتیارییەوە ناسراوە) لە باسی شاری دیمەشقدا وتوویەتی، (دێرینترین شارە لە نێو وڵاتی شارە دێرینەکاندا)، بەلأم دیمەشق ئەگەر لەگەڵ هەولێردا بەراورد بکرێت لە مندالێکی ساوا زیاتر نییە، رەنگە (ئووری کلدانییەکان) تەمەنی وەك ئەو بێت یان (بابل)، بەلأم ئەوانە هەزارەها سالە بوونە بە کەلاوە، نەك وەك هەولێر کەوا هەزارەها سالە لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا رۆژی ئەمرۆ ژیانی تیا بەردەوامە.

هەولێر مافی خۆیەتی بەم سامانە مەزنەوە شانازی بکات کەوا بەڵگە زانستییەکان پشتگیری دەکەن، بەلأم دەبی ئەم گردە مەزنە کەوا شارەکەی لەسەر وەستاوە چۆن دروست کرا بی؟

سەرچاوە مێژووییەکان باسی ئەوەمان بۆ ناکەن ئەم شا یان ئەو پاشا یان ئەوانەی حوکمی شارەکەیان کردووە دروستیان کردبی. بۆیە هەر ئەوە دروستە بیڵێین گردەکە بەرە بەرە لەگەڵ خۆیدا زیادی کردووە، شار لەسەر شار دروست کراوە هەر یەکە رووخاوە و یەکێکی دی لەسەر دروست کراوە، ئیدی لەسەر خۆ بە درێژایی مێژوو بەرز بووەتەوە تا بووەتە بەم تەپە مەزنەی ئێستا کە بەرزیی لە بەرزی هەر تەپەیەکی دیکەی لە چەشنی خۆی بەرزترە.

لە مێژووی تەورات دا ئەمە هاتووە کە شاری (أربیلا — ارباایلو — الالهه الاربع) یەکی بووە لە کۆمەڵەی چوارشارە کۆنەکەی ئاشوور کە ئەمانە بوونە ئاشوور، نەینەوا، نەمروود، ئەربیلا، لەو زەمانەدا (مزارا دینیا) کە پێش چەرخی ئاشووری کەوتووە یان رەنگە پیرۆزیتی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە دێرینترین شارەکانی دی بووە واتە لەو سەردەمەدا (پێش سی هەزار ساڵ) شارێکی دێرینە بووە، پەرستگای خواکانی سۆمەری تیا بووە، کەسیش ناتوانی پێشبینی نێو تەپەکە بکات بزانی چی لە بەڵگە و نێژراوی ئەوتۆی تیایە کە بۆ سەردەمی چەرخی بەردینی دواکەوتوو دەگەڕێتەوە، هیچ زانایەکی شوێنەواریش یەك دانە لەوانەی تیا نەدۆزیوەتەوە،

چونکه هەتا ئێستا خەڵکی تیا دەژی هەر چۆنێکیش بێت، گەڕان پێویستی بە چەند تیمێکی هەڵکەندن و ئامێری جیاجیا هەیە بۆ هەڵدانەوەی ملیۆنەها یاردەی شەش گۆشە لەو خۆڵەی تەپەکەی هەولێر دروست دەکەن.

لە هۆیەکانی بەردەوام بوونی نیشتەجێبوون بە درێژایی سەدەکانی مێژوو لەم قەلایەدا، ئەوەیە سەرچاوەی تیایە، بیری قووڵ (کارێز) کەوا لە زەمانی زۆر کۆنەوە لە ناخی زەوییەوە هەڵکەندراوە، داگیرکەرە دڕندەکانیش نەیانتوانیوە وێرانی بکەن وەك چۆن توانییان کەناڵەکانی ئاودێری لە (بابل و ئۆر) و شارەکانی باشوور وێران بکەن، وا دیارە خواکانی هەولێر بە شێوەی تایبەت چاودێری هەولێریان کردووە تا لە شارەکانی دی جیاواز و پیرۆزتر بی هەر بۆیەش پارێزراوە و بە زیندوویی ماوەتەوە، لە دوای شارەکانی هاوچەشنی کە بە ماوەیەکی زۆر پێشکەوتووتر و گەشاوەتر بوون خەسراباد (خرصباد)- دور شروکین — و نەینەوا لە ژێر رەحمەتی داگیرکەردا نەبوون، لەگەڵ ئەوەشدا دەیان سەدەیە لەنێو چوون، کەچی هەولێر بە زیندوویی مایەوە، بەردەوام ژیانی هێمنی بەسەر بردووە.

داریۆش لە پاش شکستە مێژووییەکەی لە بەردەم ئەسکەندەری گەورەدا یەکەم داگیرکەری ئەورووپایی لە ئاسیا، بە هەلاتوویی خۆی گەیاندە هەولێر و شەڕی ناوبەریشیان ساڵی **٣٣١** پ.ز بە چەند میلێك لە نزیك زێی گەورەوە دەستپێکرد، دواییش ئەسکەندەر خۆی گەیاندە چیاکانی کوردستان، ناوی ئەم داگیرکەرە بە جۆرێك لە رۆژهەلاتدا بلاو بووەوە، بوو بە وێردی سەر زمانی خەڵك و شەڕەکانی بوون بە داستان و چەندین شوێن بە ناوی ئەوەوە ناسران.

سۆن دەڵێت، ئەو چالاك كارییەی لە مێژووی زۆر کۆنەوە هەولێری بەزیندوویی هێشتۆتەوە، لە هەموو سەردەمێکدا هەر ژیاوە شایانی ئەوەیە بە لای کەمەوە یەك جار لە لایەن ئەو گەلانەوەبە زنجیرە حوکمی شارەکەیان کردووە ناوی بهێنرێت : ئاشووری، سیدی، یۆنانی، فەرکی، رۆمانی، ئەرمەنی، جارێکی دی رۆمانی، ئەنجا فارس، دواییش عەرەب.

هاملتۆن لە باسە قووڵەکەیدا دەربارەی هەولێر دەڵێت، پایتەختی سەلاحەددینی بە ناو بانگ بوو، ئەوەی لە سەدەی دوازدەدا بۆ ماوەیەك شکستی بە خاچ پەرستان هێنا. مەغۆلییەکانیش کە دەستیان گەیشتە گشت شارەکانی نێوان دوو ئاوان و بە تالانیان بردن نەیانتوانی دەستیان بگەیەننە ئەو شارە نەمرە، تورکەکانیش کە وێرانکاری زۆریان تیا قەومان، رۆیشتن و هەولێر مایەوە، پێش ئەوەی بەریتانییەکان بچنە ناویەوە بە چەند رۆژێك بە جێیان هێشت بەریتانییەکانیش بە ئاسانی هاتنە نێوی تەنانەت یەك گوللەیان نەتەقاند (٤٨).



## ئورمیە

ویگرام دەڵێت پێش ئەوەی سەردانی ئەم شارە بکەم بە دە ساڵ (دوا گرێی سەدەی نۆزدەیەم) بریتی بووە لە گوندێکی گەورەو هیچی دی، کۆمەڵێکی گەورەی خانووبەرەی ساکاری لێبوو، بە دیوارێکی قوڕیش دەوری گیرابوو، هەرگیزیش دەرگایەکت بەرچاو نەئەکەوت بەخشتی سووتێنراو دروست کرابی مەگەر بە دەگمەن. رەنگە دەرگایەك هەندی چێژی بیناسازی تیا بەدی بکرێت. یان خانوویەك یان بیستانێك کە بە پێی ئەندازیاری ئاشووری سەودای لەگەڵ کرابی.

دواییش رێت بکەوێتە ماڵێك هەژاری و کوێرەوەری رووی تێکردبن و پتر پێویستیان بە ئاوەدان کردنەوەی  خانووەکەیان بێت.

ویگرام ئاماژەی بۆ دەرکەوتنی نیشانەی بیناسازی ئەورووپا لەم شارەدا کردووە، بەلام بە شێوە نابووتەکەی، وەك ئەوەی رووسەکان بە ناوی بیناسازی ئەورووپییەوە گواستوویانەتەوە.

گرنگترین شت لەم شارەدا سەرنجی ویگرامی راکێشابی گومەزی مزگەوتە جوانەکانی و بازاڕە گەورەکەی بووە، کە بە نموونەیەکی بازاڕی ئاسایی ئێرانی باسکردووە کەوا گەلێك جوان و شەنگترە لە نموونەی بازاڕەکانی تورکیا.

بازاڕەکە بریتییە لە تەپەیەك لە پێچ و پەنای تاریك و ناقولا. بنەبانەکان بەشێلمان و خشت دروستکراون، لە هەردوو لاوە دووکانی بازرگانی و دووکانی ئاسایی و پیشەی دەستی، ئەوەی سەردانی ئەو بازارە بکات ماوەیەکی پێویستە هەتا چاوی لەو تاریکییەدا رانێت، ماوەیەکی دیکەی زیاد لەوەشی پێویستە بۆ ئەوەی بە پێچ و پەناکانا رابێت و بڕوانێتە نمایش کراوەکان کە لە گشت رەنگ  و جۆرێکی شتی رێك و جوانی لێیە، بەلام مرۆڤ ئەگەر بیەوی لەو بازاڕە بچێتە دەرەوە پێویستی بە رێناسێك هەیە، ئەو رێگایانەش تەنها لە رێگای تاقی بچووکەوە کە دەکەونە سەرەوەی گومەزیەکان رووناك دەبنەوە ئەگینا سەرچاوەی دی لە گۆڕی نییە، هەر ئەوانەی تیشکەکانیان راستەوخۆ دێنە خوارەوە، تەنانەت مرۆڤ وای بۆ ئەچی ئەوە شتێکە لەبەردەمیا راوەستاوە بۆیە دووری مەبینە سڵی لێبکاتەوە ئەنجا بەسەریا تێپەڕی  (٢٨١-٢).

## دهۆك

فیڵد ساڵی **١٩٢٦** باسی دهۆکی کردووە، کە گوندێك بووە پەنجا میل کەوتۆتە باکووری رۆژئاوای موسڵەوە زۆربەی ماڵەکانیشی کوختی قوڕ بوونە، مەگەر کەمێکیان بایەخیان

پێدرابی. شارەکە دەکەوێتە سەر کەناری لای چەپی رووباری دهۆك و دەکەوێتە سەر کۆتایی ئەو بەندەرەی بەرەو ئامێدی دەچێت، ئەم شارە دەکەوێتە نێو دۆڵێکی بەپیتەوە پانی دەگاتە دوو میل و لە نێوان زنجیرەیەك تەپۆڵکە کە بەرزاییەکانیان دەگاتە ١٠٠٠ پی لەسەر گوندەکەوە، داهاتی ئەم شارە بەر زیانی گولله دەکەوی و وێرانی ئەکا.

ئەم شارۆچکەیە وەك فێلّد باسی دەکات لەسەر تەپەیەك دامەزراوە — واتە لە ناوەڕۆکی ئەو دۆڵەی باسیکردووە — ئەم تەپۆلکەیەش بەردینە و دوورە لە پەراوێزی لای باشووری — سەر ئامێدی — تەپەکەش بە پانتاییەکەوە بەستراوە لەگەڵ دەربەندێکی بەردینی تەنگ (١٤٠٠ - ٥٠٠) یاردە بەرزترین بەشی ئەم تەپۆلکەیەش راستەوخۆ بە شێوەیەکی تیژ لار دەبێتەوە، لە دوو لاشەوە رێگای تەسك دەڕوا بۆ ناوشار، یەکەمین لە لای رۆژئاواوە دووەمیشیان لای باکووری رۆژهەڵاتەوە. شارۆچکەکە دەکەوێتە کۆتایی لای باکووری تەپەکەوە.

دیارە فێلّد مەبەستی ئەوەبووە خانوویەکی کۆنی زۆری تیابووە و خەریکبوونە هەرەسبێنن، بەشی دووەمی تەپەکەش گۆڕستان داگیری کردووە لە کۆتایی باشووریشەوە کەلاوەی قەڵایەك هەیە لە رووی رەسمیەوە سەر بە پاشای ئامێدی بووە، لەگەڵ دیوارێك و دوو سەنگەر کە بە جۆرێك کراوە زاڵبووە بەسەر ناوچەکەدا کونیشی هەبووە بۆ ئاراستەکردنی گولله تۆپ، لە لای باشوورەوەش زۆرباش کۆنترۆڵی گشت ناوچەکەی کردووە.

شارەکە لە لایەن سەرۆکی شارەوانییەوە بەڕێوەچووە، دهۆك کاتی خۆی قەزا بووە و بەستراوە بە لیوای موسڵەوە فێلّد ئاماژەی بەوەش داوە کۆی دانیشتوانی قەزاکە ٢٩،٨٥٥ کەس بووە، هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە پێکهاتەیی دانیشتوانی بە زۆری کوردی موسوڵمانن (١٧).

## رواندز

هاملتۆن (کۆتایی بیستەکانی سەدەی بیستەم) شوێنی شارەکەی بەدڵبووە، کە زاڵ بووە بەسەر پێشینەکانی رۆژهەڵاتی دەربەندەکەدا وەك چۆن سپیلك زاڵ بووە بەسەر دەروازەکەی رۆژئاوایدا. نزیکەی پازدە میل لێیەوە دوورە جگە لەم رێگایەش رێگایەکی دی نییە کاروان پێیدا تێپەڕی، رێگاکەش بە بەردی لووس بەرد رێژکراوە تا دەگاتە بازاڕی کۆنی شارۆچکەکە کەوا لە میانەی گۆشەیەکی تیژەوە دەیگاتی.



لە ولاتی چیا و رووبار و دەربەند و دۆڵ نابی لە شوێنێکی زاڵدا وەك شوێنی رواندز شارۆچکە دامەزرێت کە لەسەر زمانێکی تەسك دروست کراوە لە نێوان دوو شەقی گەورەوە لە جیاتی کۆڕەکی مەزنەوە دێتە خوارەوە، ئەم زمانەش لەو شوێنەوە روو لە تەسکی دەبێتەوە تا وەك شریتێکی لێدێت پانی ناگاتە سەد یاردە کاتێك دەگاتە سەر تەپە بەردینەکەی سەر رووباری رواندز، رووبارەکەش لێرەدا بە گۆشەیەکی تیژ بەرەو ئەو دۆڵە لا ئەدا کەوا سنوور بۆ درێژی چیاکە دادەنێت و دواییش لە نێوان دوو دیواری ئەستوونیدا ری ئەکات کە بەرزاییان پێنج پێیە و لەسەر هیچیان جێی پی نابێتەوە.

بێگومان ئەوە ئاژەڵیش دەگرێتەوە، لێرەشەوە دەربەندی رواندز دەست پێدەکات کە سی میل لە کانی بێخاڵەوە دوورە، بەلام قوولاییی دووەم کە دەکەوێتە لای رۆژهەلاتەوە ئەوەیە (هندرین چای) بە نێویدا تێدەپەڕی، کە لە رووی قولاییی و شەوکەتەوە لە دراوسێکەی کەمتر نییە.

شارۆچکەی رواندزی بالا دەکەوێتە سەر بەرزاییەکی تەسك و لە نێوان دوو شاخی مەزندایە، لە خوارەوەش هەردوو قوولاییەکە خەریکن یەکانگیر دەبن، کەلاوەکانی رواندزی کۆنیش کە تا رادەیەك چۆڵن دەکەوێتە لای خوارەوە، لە نێوان هەردووکیشیاندا لۆیەکانی ئەو رێگا مێژووییە دەست پێدەکات کەوا گشت ئەو کاروانانەی لە تورکیا و ئێرانەوە دێن ناچارن بیگرنەبەر. کاتێکیش تێدەپەڕن باجی کارمەندانی ناوخۆیان دەکەوێتە سەر، هەرچی رانی مەڕیش هەیە پێش ئەوەی لە دەربەندەکە دەرباز بن دەبی بژمێردرێن بۆ ئەوەی باج لە خاوەنەکانیان وربگیرێت.

بەمەش رواندز باجی رێك و بەردەوامی هەبووە ئیدی ئەگەر میری لەوی بووبن ئەوە وەری گرتووە، ئەگەریش نەبوو بی کارگێریی ناوخۆیی وەری گرتووە یان شێخە دەسەلات بە دەستەکان.

لە رواندزی خوارەوەش دوو رێگا دەرچووە، یەکێکیان بە هۆی پردێکی تەسکەوە لە رووباری رواندز دەپەڕێتەوە، ئەمەش رێگای ئەوانەیە لە تورکیا و دیانا و گوندەکانی باکوورەوە دێن و دەیگرنە بەر، رێگای دووەمیش لە جوندیانەوە تێدەپەڕی و لەوێشەوە لە رێڕەوی (زینی شێخ) ی دەپەڕینەوە کە ٤٠ میل لە سنووری ئێرانەوە دوورە، هەر لە رواندز بەرزاییەکی بەردین هەیە و قەلایەکی مەزنی لەسەرە، دەڵێن کاتی خۆی پاشای کۆرەی حاکمی رواندز و زۆربەی ولاتی کوردستان نزیکەی پێش ١٠٠ ساڵ دروستی کردووە. ئەم پاشایەش وەك ئەوانی دی تورکەکان کوشتیان، لە خوارەوەی قەلاکەش عەمبارێکی گەورەی ئاو هەیە کەمن بە هاوین بینیم پڕی ئاوبوو، قەلاکەش بە هۆی تۆپ بارانی رووسەوە ساڵی ١٩٥٥ — وەك دەڵێن — وێران بووە.

## زاخۆ

(جۆن ئەشەر) باسیکردووە کاتێك کاروانەکەیان لە ڕێگای خابوورەوە پەڕیوەتەوە و گەیشتۆتە زاخۆ، لە نێو شارەکەدا هەستی بە دڵنیایی کردووە، ڕووبارەکە تەسك و بە پێچ بوو، بەڵام قووڵ و خێرا و ئاوەکەشی بێگەردبوو، گەلێك ماسیی گەورەی تیا بوو، بەڵام لای سەیربوو خەڵکی شارۆچکەکە ڕۆژی لە ڕۆژان راویان نەکردوون، یان بۆ خواردن سوودیان لێنەبینیون.

زاخۆ وەك لەو گەشتەدا هاتووە، بارەگای سەرۆکێکی کورد بووە، تا وەختێکی درەنگ نیمچە سەربەخۆییەکی هەبووە، بەڵام ئەو ڕۆژەی ئەو گەیشتۆتە شارۆچکەکە بەڕێوەبەرێکی تورکی بینیوە کاروباری کۆنترۆڵ کردووە.

زاخۆ لە ڕووی پان و بەرینییەوە بەرامبەر دوورگەری ئیبن عومەربووە، بەڵام لە ڕووی پێشکەوتن و گەشەسەندنەوە ئەم پێش ئەو کەوتووە، چونکە وەك ئیبن عومەر نییە کە گەلێك لە ماڵەکانی تەپیون و وێران بوونە، ئەو شارەی تورکەکان میر بەدرخانی سەرۆکیان کوشت، ئەمیش کەلاوەی کۆشکەکەی ئەو سەرۆکە کوردەی بە چاوی خۆی بینیوە کە کەوتبووە لای ڕۆژهەڵاتی ئەو شارەوە.

لە پاش ئەوە ئاماژە بۆ تەسك و تروسکی بازاڕو کۆڵانە بە پێچەکانی دەکات و دەڵێن، زۆربەی ئەو کاڵایانەی لە بازاڕەکان دەفرۆشران بیانی بوون، لەوانەش قوماشی (مانجستەر) کە لە لۆکە دروست دەکرێن، دانیشتوانی شارەکە تێکەڵ بوون لە کورد و کلدان و ئەرمەن، زۆربەی خاوەن دوکانەکانیش ئەرمەنی بوون (٩٢).

لەو راپۆرتەدا کەوا هەندی پسپۆر و ئەفسەری سیاسی ئینگلیز ساڵی ١٩٢٣ ئامادەیان کردووە، ئەوە هاتووە کە شاری زاخۆ دەکەوێتە لای بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی دوورگەی ئیبن عومەر و نزیکەی ٩٠ میل لێیەوە دوورە.

زاخۆ دوورگەیەکی بەردینە و دەکەوێتە سەر ڕووباری خابوور کە ئاوی زۆرە و لە ناوچەکانی باکووری شارەکەوە دەشتێکی بەرین دەبڕێ و دەیگاتێ، پانتایی شارەکەش نزیکەی ٤٠٠ یاردەیە.

پردێکی بەردینیش باشووری شارەکە بە باکوورییەوە دەبەستێتەوە، بەڵام لەوەختی باران بارین و هەڵسانی لافاودا پردەکە نوقوم دەبێ.

هەندێك دەربارەی کەش و هەوای شارەکە دەڵێن، خۆش و دڵڕفێنە، کەچی هەندێکی دی دەڵێن ناخۆشە و نەخۆشی گرانەتای تیا بڵاو دەبێتەوە. ئاوی ڕووبارەکەش لەبەر ئەوەی گوندێکی زۆری لەسەرە خاوێن نییە.



ئەو خاکانەش لە ئاستی ڕووبارەکە بەرزترن بۆ کشتوکاڵ بەکار دەهێنرێن، گەنم و جۆ و برنج و سەوزەی تیا دەچێنن، بەڵام ناوچەکانی ئەوپەڕی شارەکە کەوا دوورن بە پەروەردەکردنی ئاژەڵەوە بە ناو بانگن.

ڕاپۆرتێکیش ئەوەی ڕوون کردۆتەوە بەرزاییەکانی بەشی باشووری زاخۆ ناوچە گەلێکی بەردینن.

لە نێو شاری زاخۆدا کانی نەوت لە گوندی (تاوکی) هەیە کە دەکەوێتە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی شاری زاخۆوە و لە لای ڕاستی ڕووباری خابوور کە نزیکەی یەك کاتژمێرو نیو لە شارەکەوە دوورە.

خەڵکی شارەکە بەشێکی ئەو نەوتە بە هۆی قازانی تایبەتەوە پاك دەکەنەوە هەندێکی خۆیان دەیپاڵێون و بۆ ئەوەش دوو جۆری ئامێری تایبەت بەکار دێنن، دواییش کەرەستەی قەترانی لێ بەرهەم دەهێنن.

بەڵێن دەری تایبەتیش ئەو کارەیان لە ئەستۆ گرتووە، بەڵام ئەگەر دەوڵەت خۆی بە ئەنجامی بگەیەنی قازانجی زۆری دەبێ.

فێڵد (١٩٢٦) دەربارەی زاخۆی نووسیوە و بەرەو دەربەندەکەی (گەلی زاخۆ) ڕۆیشتووە، کە لەو ماوەیەدا کراوەتەوە، فێڵد ڕێگای گەلیی بەوە باسکردووە کە تەخت و پارێزراوە. ڕووباری خابووریش پێداویستی شارەکە لەڕووی ئاوەوە دابین دەکات، خاکی دۆڵەکەش کە شارەکەی تێدایە بە پیتە و گەنم و جۆ و تووتن و میوەی تیا دەچێنرێ.

زاخۆ لەسەر دوورگەیەکی بەردین کە پانتاییەکەی نزیکەی ٨٠٠-٤٠٠ یاردە لە نێو ڕووباری خابوور دروست کراوە کەوا لە سەرەوەی شارەکەوە دێتە خوارەوە، ڕووبارێکی پانتاییەك کە بە ٤٠٠ یاردە مەزەندە دەکرێت، کەوا خاکێکی پڕ وردە بەردە.

ئەم دوورگەیە بە هۆی پردێکی بەردینی زۆر جوانەوە کە پانتایی ڕێڕەوەکەی ١٠ پێیە و دەکەوێتە کۆتایی باشووری ڕۆژهەڵاتی شارەکەوە بە کەناری لای چەپی ڕووبارەکەوە دەبەسترێتەوە، کۆمەڵێکی باشی خانووش بەرچاو دەکەون کەوا لە بەرد دروست کراون و لە دوو نهۆم پێك هاتوونە و دیمەنیان جوانە.

ساڵی ١٩٢٦ ژمارەی دانیشتوانی زاخۆ بە موسوڵمان و کلدان و جوولەکەوە دەگەیشتە ٤٠٠٠ کەس. زاخۆو شارەکەش لە لایەن سەرۆکی شارەوانییەوە بەڕێوە دەبرێت (٧١).

## سلێمانی

فریزەر (١٨٣٤) لە باسی شاری سلێمانیدا دەڵێت، شارێکە هەر هەمووی هەژاری و نەبوونی و پیسی و وێرانەیە، تەنها یەك خانووی باشی تیا بەرچاو ناکەوێت.

هیچ کەسێکیشیان بە گەورە و بچووکەوە ئارەزوویەکی راستگۆیانە و شێوازی پێویستیان نەبووە بۆ ئاوەدانکردنەوە و چاکردنی خانووەکانیان. بۆیە کوختیان لەسەر پەردووی خانووی کۆن دروست کردووە و ئەوەش پتر شارەکەی بەرەو وێرانەیی بردووە.

هەروەها دەڵێت، خانووەکانی سلێمانی لە قوڕی خاکەی دروست دەکرێن کە جۆرێکی رزیوە و ناتوانی بەرگەی هۆکارەکانی کەش و هەوا بگرێت. بۆیە هەر کاتێك دەستی لێهەڵگری لە بەر یەك هەڵدەوەشێتەوە.

لەبەر هەندی هۆ و کارتێکردنیان خەریك بووە شارەکە شوێنەواری نەمێنی. هەروەها دەڵێت، دیمەنی بازاڕەکانم باشتر هاتۆتە پێش چاو لەوەی پێشبینیم دەکرد لە چاو بوارەکانی دیکە، چونکە دووکانەکان وێڕای ئەوەی زۆربەیان کەرەستەکانیان نارێکبوو لە لایەن فرۆشیاری سەر جادە و تاکەوە بەرێوە دەچوون و کالآی پڕ و پووچیان دەفرۆشت، بەلآم دیمەنیان جوان بوو. خەڵکێکی زۆریش لەو پانتاییانە کۆ دەبوونەوە کەوا بەرهەمی لادێکانیان تیا دەفرۆشرا. فریزەر باسیکردووە دانیشتوانی سلێمانی نزیکەی هەزار و پێنج سەد خێزان دەبن.

دەربارەی شوێنەکەشی دەڵێت. شارەکە لە نێو خاکێکی نزم دروست کراوە، بۆیە بەرچاو ناکەوێت مەگەر لە بەرزاییەکانی دەوروپشتیەوە بۆی بڕوانی(٣٤-٥).

سایکس لە کتێبەکەیدا (دارالسلام) باسی ئەوەی کردووە، کە لە شاری سلێمانی نزیك دەبێتەوە ئەو باوەڕەت لا دەچەسپی خاکەکەی پتر بۆ کشتوکاڵ دەشی و پڕ ئاوە. بە کاتژمێرێکیش پێش ئەوەی بگاتە شارەکە لە لایەن پاسەوانی شەرەفەوە کە ئەفسەرێکی جەرکەسی سەرۆکایەتی کردووە، پێشوازی لێکراوە.

سایکس لە باسی شاری سلێمانیدا دەڵێت، شارێکی دیمەن ناشیرینە و دڵڕفێن نییە، خانووەکانی لە قوڕ دروست کراون و یەك نهۆمن. شوێنەکەشی دەکەوێتە نێو ناوچەیەکی شایستەی نزم و تەخت. شارێکی دەوڵەمەندە و دەبێتە ناوەندی بازرگانی ئەو کاروانانەی لە ئێران و بەغداوە دێن.



دانیشتوانیشی وەك سایکس لەو سەردەمەدا بینیونی، خەڵکانێکن لە شارەکەدا گەورە بوونە، بەلآم لەگەڵ گوندنشینەکاندا بەراورد ناکرێن، ئەوەندەش پیسی و پۆخڵی لەم شارەدا دەبینری لەم رووەوە وەك شارێکی عەرەبی بەرچاو دەکەوێت — بە پێی دیدی سایکس-.

سایکس لەو باوەڕەدایە سروشتی کوردەواری لەگەڵ ئەو جۆرە پشتگوی خستنانەدا رێك ناکەوێت. ئەمەش ئەو تەنها کەم و کورتییە کە لە شارەکەدا بەدیکردووە و وتوویەتی، لە تایبەتمەندێتی عەرەب دەکات، کەچی لەسەر ئاستی رۆڵەی گوندەکان تایبەتمەندێتی باشتری بینیوە.

کارخانەی چەك سەرنجی سایکسی راکێشاوە و باسی ئەوەی کردووە لەم شارەدا چۆن تفەنگ دروست دەکرێت، گوللەیان دەگاتە کوی و چەند دەبڕن (٢٠٥)، لە بەشی پیشەگەری ئەم کتێبەشدا باسی ئەوەمان کردووە.

میستەر ریچ (١٨٢٠) لە دیدو بۆچوونەکانیدا بیناسازی کوردی لە شاری سلێمانیدا پەسەند نەکردووە و هۆی ناونانی شارەکەشی (سلێمانی) بۆ ئەوە گەڕاندۆتەوە کە مایەی رێزلێنان بووە بۆ سلێمان پاشای حاکمی ئەو سەردەمەی بەغدا.

کاتێکیش سەردانی ئەم شارەی کردووە بە پێی ئەو زانیارییانەی بەر دەستی کەوتوون وتوویەتی لە (٢٠٠٠) خانووی ئیسلام و (١٣٠) خانووی جولەکە و (٩) خانووی مەسیحیی و پێنج گەرماو و کە یەکێکیانی بەدڵ بووە و پێنج مزگەوت کەوا دیسان یەکێکیانی بەدڵ بووە پێك هاتووە (٨٣).

بەلآم ریچ ئەوەی لە یاد نەکردووە بایەخ بەو گەرماوە میللییە پاك و خاوێنەی سلێمانی بدات و بە باشتری بداتە قەڵەم لە چاو گەرماوەکانی شام و ئەستەمبوول و قاهیرە، تەنانەت ئەوەی دوویات کردۆتەوە لە هەندی رووەوە نیشانەی بیناسازی بالآی تیا بەدی کردووە (٦٦).

لە راپۆرتی سیاسی ساڵی (١٩٢٣)دا کەوا پێش ئێستا ئاماژەمان بۆ کرد ئەوە هاتووە سلێمانی گەورەترین شاری کوردستانی باشوورە نزیکەی (٢٥٠٠) خێزانی تیایە و نزیکەی ٦٠ میل دەکەوێتە رۆژهەلآتی شاری کەرکووکەوە.

دەکەوێتە نێوان دوو قەد پاڵی چیای بەرزەوە و بووەتە جێی نیشتەجی بوون و بەرقەراری. لە بەشی باکووریشیەوە دەربەند و دۆڵ و سەرچاوەی ئاو هەیە. لە نێو شارەکەشدا قەلآ و شوێنەوار بەرچاو ناکەوێ. زۆربەی خەڵکی شارەکە بە کوردی دەدوێن و زۆرینەشیان لە فارسی دەگەن.

## سنه

هاریس (لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا) باسیکردووە. شاری سنە لە کوردستانی ئێران دەکەوێتە نێو تەپە و تەلانەوە و جۆگەلەیەکی ئاوی ساف و بێگەردی بە نێودا تێدەپەڕی کە لە ناخی کارێزێکی قوولەوە هەڵدەقوڵێ و کۆمەڵە خانوویەك زاڵن بەسەریا.

دۆڵێ بچووکی ئەوتۆی تیایە دار و دەوەنی چڕیان لەخۆ گرتووە و ناوچەیەکی ئەفسووناوی پڕ جوانی دروست دەکات.

چەند چایخانەیەك لەسەر رووبارەکە دروست کراون و دەنگی چایچی دەکەوێتە بەر گوی، بەلاّم جوانی کوڕ و کچی کورد کە لەسەر کەناری رووبارەکە دادەنیشن و جل و قاپ دەشۆن و گفتوگۆ لەگەڵ یەك دەکەن دیمەنەکە هێندەی دی گەشاوەتر دەکەنەوە.

لە ناوەندی شارەکەش لە نێوان خانووەکانەوە کۆشکی فەرمان رەوای شارەکە بەرز بووەتەوە، ئەم پایەیەش میرات گری خێزانی میرانی کوردە.

ئەم کۆمەڵە خانووە کە بە باڵەخانە و قولە کۆنەکانیانەوە لەگەڵ کۆمەڵێك خانوی نوێدا کە لەسەر چەشنی بیناسازی نوی دروست کراون دیمەنێکی جوان بەشارەکە دەبەخشن و نیشانەی تایبەتی خۆیان هەیە.

لەسەر قەدپاڵی گردەکەش کە دارستانێکی لێیە دیمەنی بازاڕەکان سەرنج رادەکێشی کە بە گشت لایەکدا درێژ بووەتەوە و بیناکانیشیان تازە و رێکن. هەموو شەقامەکانیش بەرەو گۆشەی لای راست دەڕۆن و بە زۆریش تەریبی شەقامەکەی بەرامبەرین لەوێش باخچە و باخی گەش سەرنجی مرۆڤ رادەکێشی، هەروەها هەندی خان (ئوتێل)ی مەزن بە پەنجەرەی جوان و گومەزی بەرزەوە لەگەڵ شوستە و حەوشەی بەرین و کانی دیمەنێکی زۆر جوان دروست دەکەن.

هەندی خان لەم شارەدا لەڕووی بیناسازییەوە جوانن و بە شێوەیەکی زۆر ناسك رازاونەتەوە و دیمەنێکی دلڕفێن دەبەخشن. لە نێو ئەو خانانەدا گرێبەستی بازرگانی ئەنجام دەدرێت. گومانیش لەوەدا نییە خەڵکی شاری سنە لەو باوەڕەدان دلڕاکێشی شارەکەیان پەیوەستە بە دیمەنی بازاڕ و چایخانە و باخەکانی دەوروبەرەوە.

مرۆڤ لەم شارەدا بە شێوەیەکی ژیاری سەودا لەگەڵ میواندا دەکات، بۆیە ئەگەر شێوەی سەوداکردنی خەڵکی ئەم شارە لەگەڵ شێوەی سەودا کردنی تورك یان فارس لەگەڵ میواندا بەراورد بکەین جیاوازییەکی زۆر بەدی دەکەین (٢٤٣).



دانیشتوانی ئەم شارە کوردن، ئەم راستییەش بەسە بۆ شیکردنەوەی ئەو رەوشت بەرزییەی لەگەڵ میواندا دەینوێنن. هەر رەوەندێك باش دەزانی لە ناوچە کوردنشینەکاندا چەند بە ناسکی سەودای لەگەڵ دەکرێت چۆن دیدو بۆچوونێك لەسەر رەوشتی ئەو ناوچانە تۆمار دەکات. چەند جیاوازە لەگەڵ ناوچەکانی دیدا، خەڵکانێکن نازانن دەمارگیری چییە هەموو گرفتێك بە نەرم و نیانی چارەسەر دەکەن، هەرچیشیان لە توانادا بێت دەیکەن لە پێناو خۆشی میوانیاندا... بەمەش شاری سنە دەبێتە مایەی سەروەری بۆ گشت کوردستان.

## ئاكری

ویگرام (گرێی یەکەمی سەدەی بیستەم) لە باسی شاری ئاکرێدا دەڵێت، شارێکی دلڕفێن و شاخاوی گەورەیە، بارەگای قایمقامی تورکی لێیە، راستەوخۆ لە رووی کارگێڕییەوە سەر بە والی موسڵە.

هەر میوانێکیش لە باشوورەوە سەردانی ئاکری بکات بە جوانی دیمەنەکەی ئەندێشە دای ئەگری. لە پشتەوەشی کۆمەڵێك لووتکەی قووچەکی بەرچاو دەکەون کە لە زنجیرەی چیا سەرەکییەکانەوە دەرچوون وەك ریزێکی مەزنی ژووری نووستن خۆیان نیشان دەدەن و ئەنجا بەرە بەرە نزم دەبنەوە تا دەگەنە ئاستی دەشتاییەکان، بە کۆمەڵێك دۆڵ کۆتاییان پێدێت، کە بەشی خوارەوەیان بە درێژایی جۆگەلەکانی ئاودار و دەوەن دایان دەپۆشی، بەلاّم قەدپاڵەکانی سەرەوە وشك و رەشن، یەکی لەو لووتکە بەرزانەش دەشکێت و شتێکی لی دروست دەبی وەك زین وایە، ئەنجا بەرەو بەرزی دەکشی پێش ئەوەش لەگەڵ دەشتاییەکاندا یەك بگرێتەوە. لە سەرەوەی ئەم دەشتە لارە ماڵەکانی ئاکری و پاشماوەی قەلاّیەکی کۆن کەوا کەوتۆتە سەر بەرزترین جێگا بەرچاو دەکەون.

ئیدی ماڵەکانی شارۆچکەکە شۆڕ دەبنەوە تا دەگەنە ئەو دەربەندەی دەکەوێتە لای رۆژئاوایەوە، ئیدی ماڵەکان ریز دەبەستن بە دەور ئەو لێژییەی دەکەوێتە سەرووی دەربەندەکەوە دیمەنێك دروست دەکەن وەك سەکۆی یاریگا پلەپلە و بەرەو خوار، ئیدی ماڵەکان وایان لێدێت سەربانی ماڵێك تەریب بێت لەگەڵ دەرگای ئەو ماڵەی لە دوایەوە دروست کراوە. لەسەر ئاستی زەمینەش سەربانی ماڵێك دەبێتە حەوشەی خانووەکەی دواوەوەی. مرۆڤ ئەگەر لە نزیکەوە نەڕوانی بە ئاسانی ماڵەکانی بۆ جیا ناکرێتەوە.

ویگرام لەسەر باسەکەی دەڕوا و دەڵێت، لە ئاکری خان نییە تا جێی رێبواری تیا بێتەوە.

بۆیە ئەوەی ناچار بێت بمێنێتەوە دەچێتە ماڵی بەڕێوەبەری ماڵ هەروەها دەڵێت، لە نێوان ماڵەکانی ئاکرێدا هی ئەو تۆ نییە بە مەزن و نایاب باسبکرێت (١٢٢-٣).

فێڵد ١٩٢٦ دەڵێت، شاری ئاکری بە ٦٥ میل دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەلاتی مووسڵەوە. شارەکە بە سەرچاوەی ئاوو کانی و جۆگەلەی ئاوەوە دەوڵەمەندە، بە پێی ئەژمارتنەکانی ساڵی ١٩٢٦ ئاکری لە ٨٠٠ خانوو پێك هاتووە، ژمارەی دانیشتوانی گەیشتۆتە ٤٠٠٠، ناوچەکەش ٢٧٠٠٠ سەر مەڕی تیابووە زۆربەی دانیشتوانی شارەکە کوردن، چل خێزانی جوولەکە و بیست خێزانی کلدانیان لەگەڵ دەژین.

جوولەکەکان خاوەنی دووکانێکی زۆرن و بە پیشەی زیوگەرییەوە ناسراون، بە تایبەت خەنجەری کوردی.

لە پشت ئاکرێشەوە زنجیرە چیایەکی بەرز هەیە کە زۆر لێژە و درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە چیای ئاکری کەوا ژمارەیەك ئەشکەوتی تیایە.

لووتکەی ئەم چیایانە بریتین لە دەربەندی بەردین و دار و دەوەنیان تیا بلاو دەبێتەوە، بەلام لەشی شارەکە بەرەو ڕۆژئاوا شۆڕ دەبێتەوە، خانووەکانیش بە شێوەی پلیکانی دروست کراون بە جۆرێك کە سەربانی هەر ماڵێك دەبێتە حەوشەی ماڵەکەی دواوەوەی. زۆربەی شەقامەکانی ئەم شارە تەنگەبەرن و لە لای ڕۆژهەلاتی شارەکەشەوە شوێنی بەهەشت ئاسا هەیە لە گەرمەی هاویندا شارەکە دەبووژێنێتەوە (١٨).

## ئامێدی

فێڵد بەگشتی باسی ئامێدی نەکردووە، بەلام ئاماژەی بەوە داوە کەوا ئاوی کەم تیایە.

لەبەر ئەوەش شارەکە لەسەر تەپەیەك دروست کراوە بیری لێهەڵناکەندری. ئاویشی لە دوو کانییەوە بۆ دێت کە دەکەونە ناوەڕاستی ڕێگاکەیەوە، ئەو ڕێگایەش بۆی دەچێت بۆتە جێی بایەخی فێڵد کە لە زاخۆوە باسیکردووە.

لە پاش پەڕینەوە بۆ لای ڕاستی ڕووباری خابوور لە شاری زاخۆ بەهۆی پردە بەناو بانگەکەیەوە ئیدی ڕێگا بەرەو ڕەوتی شەپۆلی ڕووبارەکە دەست پێدەکات تا دەگاتە گوندی ئیسپیندارووك و (کە گوندی نووسەری ئەم کتێبەیە، دیارە ناوەکەشی لە چرۆپڕی ئیسپیندارەوە هاتووە کە تا ئێستا پێیەوە بەناو بانگە) پاش ١٨ میل ئەنجا ڕووگۆڕین و نیو میل ڕێکردن بە



لای ڕۆژهەلاتەوە بۆ دووەم جار پەڕینەوە لە ڕووباری خابوور بە لای چەپ و ڕۆیشتن بەرەو ڕۆژهەلات لە ڕێگای گوندی (بروشکی)ەوە تا ئامێدی.

فێڵد ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە زۆر جار پەڕینەوە لە خالی (١٨ میل) ئاسان نەبووە بە تایبەت لە کاتی باران باریندا (١٧).

ویگرام دەربارەی ئامێدی دەڵێت، ئامێدی بالانمای سەرەکی دۆڵی (سبنە)یە شارۆچکەیەکە لەسەر تەپەیەکی گەورەی تاك و تەنیا، لەو زنجیرە چیایە دەرچووە کە لە پشتەوەی وەك بالەخانەیەك لە دیوارەکانی قەلایەوە دەرکەوتبێ. سەرەوەی تەپەکە قەد پالێکی ڕووبەڕەو ڕوو لە شۆڕ بوونەوەیە شێوەی بازنەیی وەرگرتووە. ئەگەر مرۆڤ لە دوورەوە بۆی بڕوانی وەك دیوارێکی گەورەی دروستکراو دێتە پێش چاوی.

دووریش نییە وەك بەربەستێك مێژووی بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕۆژانی ئاشوورییەکان، وەك نەخشی سەر بەردێك ڕوونی دەکاتەوە کە لە ڕێڕەوە سەرەکییەکەیەوە نزیکە.

(بوارەکان کە پەسەندی سروشتن بەسبوونە بۆ ئەوەی بپارێزری، چونکە بێجگە لە هەردوو تاکە ڕێڕەوەی شارۆچکەکە پێویستی بە ئامێری بەرگری کردن نەبووە).

شارۆچکەکە بریتییە لە کۆمەڵە خانوویەکی سادە، قەبارەیان لە قەبارەی گوندێکی گەورە زیاتر نەبووە، بەلام لەمەڕ دۆڵی (سبنە)وە قەلای پێشکەوتووی گشت ئەو ناوچە لادێییە بووە و بارەگای حکوومەتی لێبووە (٢٩٠).

لە شوێنێکی دیکەی ئەم کتێبەدا ئاماژەمان بەوەدا کەوا میستەر ڕیچ باوەڕی وایە ئامێدی شوێنی لەدایکبوونی زەردەشت بووە، بەلام ڕیچ هیچ جۆرە بەڵگەیەکی بۆ دووپات کردنەوەی ئەو مەبەستە پێشکەش نەکردووین.

## کەرکووك

بۆرتەر (١٨٢٢) دەڵێت، دیمەنی لە دوورەوە دڕندە ئاسابوو، ئەگەریش ئەو بڕە دارە نەبوایە کەوا لە نێو بێستانەکانی دەورووبەری شارەکەوە دیاربوون ئەوە وەك خاکێکی ڕووت دەکەوتە بەرچاو.

ئەم شارە دەکەوێتە سەر ڕێگای موسڵ، بەشی هەرە زۆریشی بە تاوێری گەورە دروست کراوە (مەبەستی قەلاکەی شارەکەیە) گشت جۆرە پیس و پۆخڵییەکی ئاسیایی تیایە، هەوای بۆگەن و شوێنی داخراوە.

خانووەکان شان بە شان لە تەنیشت یەك دروست کراون، بازاڕەکەی تەسك و تاریك و دڵ تەنگ، وێڕای ئەوەش گشت پێداویستی دانیشتوانی شارەکەی نمایش کردبوو کە بریتی بوون لە کورد و تورکمان و ئەرمەن و هەندی عەرەب و جوولەکە، کە ژمارەی هەر هەموویان خۆی دەدا لە ١٠ -١٢ هەزار کەس.

زۆربەی بەشی نوێی شارەکە دەکەوێتە خوارەوەی قەلاَکەوە، لە پشت دیوارەکانییەوە کە دەکەوێتە لای رۆژئاوای رووبارەکەوە.

شارەکە بە گومەزی و مەنارەکانییەوە کە لە هەندی مزگەوتەوە بەرز دەبوونەوە جوان بوون. هەروەها کۆشکی فەرمانڕەوای شارەکەش مەزن شەنگ بوو، کە کاتی خامۆشی جەماوەری تیا بەسەر دەبرد واتە کە هێمنی باڵی دەکێشا بەسەر خەڵکدا (٤٣٨).

شایانی باسیشە بۆرتەر نامەیەکی لە پاشای بەغداوە بۆ حاکمی کەرکوك هێنابوو، بۆیە میواندارییەکی باشی بۆ کرابوو.

کەرکوك بە یەکی لە شارە هەرە گرنگەکانی کوردستانی باشوور دادەنرێت، کەوا لە سنووری باکووری رۆژئاوای خوزستانەوە دەست پێدەکات بەرەو چیا بەرزەکان کەوا بە کوردستاندا تێدەپەڕن (کادوخیای کۆن) ناوچەکانی دەوروپشتی کەرکوك ناوچە گەلێکی کشتوکاڵین دانەوێڵەی گەنم و جۆ دەچێنن، بێستانەکان تری و هەنجیر و قەیسی بەرهەم دێنن. وێڕای ئەوەی کەرکوك شارێکی موسوڵمان نشینی کوردە، بەلاَم شەراب و مەی تیا دروست دەکرێت، بۆرتەر سەردانی کانییەکانی نەوتیشی کردووە، هەروەها ئەو تەپۆلکە گرتووەی کە بە بابەگوڕگوڕ ناسراوە و دەکەوێتە ئەو پەڕی شارەکەوە بەرەو لای سلێمانی. حاکمی شارەکەش چەند پاسەوانێکی کوردی لە گەلا ناردووە، میهمانداریش وەك پایەیەکی سەربازی کورد بووە.

شەمسەدین سامی (١٨٥٠-١٩٠٤) کە بە رەگەز ئەلبانی بووە و لە لە ئەستەمبوول وەك رۆژنامەنووس و نووسەرێکی گەورە بە دانانی فەرهەنگ بە ناوبانگ بووە، لە فەرهەنگی ناودارانە کەوا ساڵی ١٨٩٨ لە ئەستەمبوول بە زمانی تورکی چاپکراوە لە باسی کەرکووکدا دەڵێت، کەرکوك مەڵبەندی ئیالە (سەنجەقی) شارەزوور بووە، قوتابخانەیەکی ناوەندی (رشدی) یەی تیا بووە لەگەڵ ١٨ قوتابخانەی سەرەتایی، جگە لە ٣٦ مزگەوت و ١٢٨٢ دووکان و جێگا و شوێنی فرۆشتنی مەزاد، ٨ حەمام و پردێك و سی کلێسە و پەرستگایەکی جوولەکە، دانیشتوانی ٣٠٠٠٠ کەس بوونە سی بەشیان کورد بوونە و..... هتد — وەرگێڕ).



ئەو راپۆرتە سیاسییەش کەوا لە لایەن هەندی پسپۆڕی ئینگلیزەوە ساڵی **١٩٢٣** ئامادە کراوەو لەوەوپێش پەنجەی بۆ راکێشرا، ئاماژە بەوە دەدا شاری کەرکوك دەکەوێتە سەر رێگای موسڵ — بەغدا (١٨٧ میل باکووری بەغدا — دەکەوێتە لای چەپی رووباری خاسە سوو، بەلاَم قەلاَی کەرکوك لەسەر تەپەیەکی پانە بەرزاییەکەی ١٣٠ پێیە، کەش و هەوای گەرمە دانیشتوانی تێکەڵن، کورد و تورکمان و عەرەبن، زۆرینەی دانیشتوانی ئەم شارە بە زمانی کوردی و عەرەبی دەدوێن و لە تورکمانیش دەگەن.

کوردەکان بە شێوەی موکریانی زمانی کوردی دەدوێن.

بەرهەمی سەرەکی ئەم شارە گەنم و جۆیە، برنج کەمتر دێننە بەرهەم، لە گوندەکانی دەوروپشتی شارەکەش پاقلە دەچێنرێت، هەروەها شووتی و خەیار و کەمێك تری. خەڵکی ناوچەکە زیاتر خەریکی پەروەردەکردنی مەڕ و ماڵاتن. شارەکەش بە شێوەیەکی گشتی بە دەستی کەمی ئاوەوە دەناڵێنی، بۆیە پەنا دەبەنە بەر هەڵکەندنی بیر. وێڕای ئەوەش کەرکوك بە چاندنی لۆکە و ناردنی بۆ دەرەوە بەناو بانگە، نەوت یەکەمین کەرەستەی هەناردەی پێك دەهێنی. کەوا لە بیرەکانی بابەگوڕگوڕەوە کە ٥ میل دەکەونە رۆژهەڵاتی شارەکەوە دەردەهێنری.

## وان

میلنکن (کۆتایی شەستەکانی سەدەی نۆزدەیەم)لە باسی شاری (وان)دا دەڵێت، شارێکی کوردی کوردستانی تورکیایە، گەلێك رەوەند و رۆژهەلاَتناس پێیدا تێپەڕیوون و کوردەکانیش گۆرانییان بۆ وتووە.

هەروەها دەڵێت، شاری وان دەکەوێتە سەر قەدپاڵێکی بەردین، باڵەخانە و دیوار و قەلاَکەی لەبەر چاون، ئاماژەی بەوەش داوە کە سەمیر ئامیس دایمەزراندووە، هەر بەو ناوەش ناسراوە، بەلاَم لەسەردەمی ئەسکەندەردا بە (وان) ناسراوە.

میلنکن ئەو شالاَوانەشی نمایش کردووە کەوا لە لایەن تورك و فارسەوە براونەتە سەری یان ئەو زیانەی بەری کەوتووە کاتێك تەیموور لەنگ پێیدا تێپەڕیوە کە هەتا ئێستاش نیشانەو بەڵگەیانی تیا ماوەتەوە نموونەی ئەوەش باخچەی (شاە باغ) ە کە سەر بە شا (**طهماس**) بووە.

لە ماوەی سی سەد و شەست ساڵی داگیر کردنی تورك ئەم شارە نەیتوانیوە ناوبانگی زێڕینی شاری وان بگەڕێنێتەوە سەرباری خۆی. ئەگەریش ئێستا (مەبەستی سەدەی نۆزدەیەمە)

شاری وان ناوبانگی پەیدا کردبی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ خاکی  بە پیتی و جوانییە ئەفسووناوییەکەی کەوا سروشت پێیبەخشیوە. ئەگینا شالاوە ستەمکارەکانیان نیشانەکانی ئەم شارەیان نەدەهێشت.

شارەکە دابونەریتی رەسەنی رۆژهەلاتی خۆی دەپارێزی. ئەمڕۆش وان ئەوەی بەدەستەوە نەماوە وەك چۆن جاران شانازی پێوە دەکرد، رۆژهەلاتناسەکانیش ناتوانن بکەونە فریای، ناتوانن وێرانکارییەکانی تورك چاك بکەنەوە و برینەکان سارێژ بکەن، هەر ئەوەندەیان بەسە لە سایەی سروشتی جوانی ئەم شارەدا هەوای پاك هەڵمژن و چێژ لە جوانییەکانی ببینن. بۆیە شاری وان کە ئێستا وێرانەیە (شەستەکانی سەدەی نۆزدەیەم) خەڵکی رۆژهەلات بە بەهەشتی سەرزەمینی یەزدانی دەزانن، هەوای بێگەردە، سەوز هەڵگەڕاوە، بێستان و باخەکانی جوان، بە گشتی پەسەندی مرۆڤی رۆژهەلاتە.ئەوە لە نێو دانیشتوانی کوردستاندا باوە کە دەڵێن : لە دنیادا وانە و لە ئاخیرەشدا لێخۆشبوون.

شاری وان بە قەلای قایم دەوری گیراوە کە پانتاییەکی بە ٢٤٠٠٠٠م٢ دادەپۆشی.هەرسی رێڕەوەکەی و پردە لە دار دروست کراوەکەی کەوا لەسەر سەنگەرێکی ئاوی دروست کراوە رێگای چوونەناو شارەکەوە ئاسایی دەکەنەوە. ئەو رێڕەوەی لەسەر رێگای تەبریزە بە رێڕەوی تەبریز ناسراوە، ئەوی دیکەش کە بەرەو رۆژئاوایە بە رێڕەوی ئەستەمبوول ناسراوە، سێیەمیشیان کە بەرەورووی باشوورە بە ریڕەوی ناوەڕاست ناسراوە، شایانی باسیشە رێڕەوێکی سەرەکیش هەیە رۆژهەلاتی شارەکە بۆ رۆژئاوای دەبری (١٦٢-١).



# تەندروستی

واقیعی تەندروستی لە کوردستاندا بووەتە جێی سەرنجی زۆربەی رەوەندەکان، بێجگە لەوەی رۆژهەلاتناسەکان سەبارەت بە پێوەندی نێوان تەندروستی لە لایەك و لەنێوان بیروباوەڕ لە لایەکی دیەوە نووسیویانە ئەوەشمان لەگەڵ بابەتی بیروباوەڕدا باسکردووە.

گومان لەوەدا نییە کوردستان بەدەستی پەتا و نەخۆشی هەمەجۆرەوە نالاندوویەتی، بەلام ئێمە ئەژمارتن یان لیستی راستەقینەمان لەبەردەست نییە تا راستی ئەو زیانە لەسەر ئاستی مرۆڤـــــ بخەینەروو هەر چەندەش لەو باوەڕەداین بە بەراورد لەگەڵ هەندی ناوچەی دیکەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا زیانی کەمتر بووە، بە هۆی کەش و هەوای هەموار و بەرپابوونی ئاو و رێکردنییەوە، چونکە گۆلاوبەستنی ئاو و مانەوەی لە شوێنێکدا وەك زەلکاو گوماوی بۆگەن رەنگە لە کوردستاندا نەبی.

هەروەها پلەکانی گەرماش پێوەندی بە بلاوبوونەوەی نەخۆشییەوە هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا نووسراوی رەوەندەکان ئاماژە بەوەدەدەن کەوا باری تەندروستی لە کوردستاندا زۆر خراپ بووە و نەبوونی پزیشك و دەرمانسازی خەڵکیان بەهۆی نەزانینەوە ناچارکردووە پەنا بەرنە بەر دوعا و نوشتە و شتی پڕ و پووچ و دەشتوانین لە میانەی یادداشتنامەکانیانەوە لەوە دڵنیابین کەوا رێژەی مردن لە نێو منداڵاندا گەلێك زیاتر بووە، بێگومان ئەوەش پێوەندی بە نەبوونی وشیاری تەندروستییەوە بووە لە ناوچەکەدا.

لە راستیشدا ئەوەی سەرنجی رەوەندەکانی لەم بوارەدا راکێشاوە بە بیروڕای ئێمە مەسەلەی بەراورد کردنی نێوان واقیعی تەندروستی ئەو ولاتانەیە کە لێیانەوە هاتوون لەگەڵ واقعی تەندروستی لە کوردستاندا، بێگومان ولاتەکانی ئەوانیش لە رووی زانست و باری تەندروستییەوە گەلێك لە کوردستان پێشکەوتووترن وەك، بەریتانیا و فەرەنسا و رووسیا و ئەلمانیا، بۆیە شێوەی بەراوردکردنەکە دروست نییە.

کاتێك ریچ ساڵی ١٨٢٠ سەردانی کوردستانی کرد یەکی لە ئەندامانی دەستەی هاوڕێی پزیشکێك بوو بە ناوی بێل، پیشەی نۆژداربوو لە نێو دەزگای جێنشینگەی بەریتانیا،

یارمەتیدەریشی بوو، لە لایەن حکومەتی بۆمبایەوە لە جێنشینگەی بەریتانیا لە بەغدا دامەزرابوو.

لە یادداشتنامەکانی ریچەوە ئەوە دەردەکەوی کەوا ریچ چەند جارێك تووشی نەخۆشی بووە، لە نێو یادداشتنامەکانیدا سەرنجەکانی دەربارەی تەندروستی گشتی و نەخۆشی تۆمار کردووە.

ئەگەریش لە یادداشتنامەکانی ریچ وردببینەوە دەبینین ئەوەی لێنەشاردووینەتەوە کەوا گەرماوێکی میللی بەدڵ بووەو خۆی تێدا شتشتووە (٦٦) ئەمەشمان لە بابەتێکی دیکەی ئەم کتێبەدا باسکرد، بەلاّم هەست و نەستی خۆیشی لێنەشاردووینەتەوە دەربارەی ئەو خانووەی تیایدا نیشتەجی بووە لە سلێمانی، چونکە هەر لە یەکەم شەوەوە هەستی بە گەرما کردووە چونکە مانگی ئایار سلێمانی رووەو گەرمی دەبێتەوە، هەروەها لە بۆنی ناخۆشی ئەو ناوە بێزاربووە، کێچیش هەراسانی کردووە. ئەو شەوە تا بەیانی خەو نەچووەتە چاوی ئەویش بەهۆی (بێزار کارییەکانی کوردەوارییەوە) وەك خۆی دەڵێت (٦٠).

لە دوای چوار مانگی دیکەش، لە میانەی سەفەرێکەوە لە سلێمانییەوە بەرەو چیا وا دیارە لە گوندی بێستان خۆی و هاورێکانی تووشی زەردی هاتوون، خۆی دەربارەی ئەم مەسەلەیە لە یادداشتنامەکانیدا دەڵێت باوەڕم وا بووە گشت خەڵکی گوندەکە تووشی ئەو پەتایە هاتوون ئەوە بوو بیست و شەش کەس لە هاورێکانی تووشی ئەو پەتایە بووبوون، تەنها ژنەکەی ریچ و پزیشکە هاورێکەی تووشی نەبوون.

پاش سی رۆژ، رۆژی سێجار تا گرتوویەتی و گەیشتۆتە سەری، دوور نییە فشاری خوێنی زیادی نەکردبی، هەر بۆیەش پزیشکەکەی (بێل) هەولّی دا خوێنی لی وەرگری، ئەمەش وایلێکردووە هەست بە پشوو بکات. ئەوەش دروستە فشاری خوێن دەشی بەو شێوەی کەم بکرێتە، چونکە لە کوردەواریشدا شتی وا هەیە (١٢٥).

هەروەها سەبارەت بە بابەتی تەندروستی ریچ هەواڵی مردنی کوڕەکەی پاشای بە ناسۆرێکی زۆرەوە وەرگرتووە، چونکە بە نەخۆشی ئاوڵەوە گیانی لە دەست داوە، ئەوەش جێگای داخە ریچ پزیشکەکەی خۆی دوو جار ناردووە بۆ لای کوڕەکەی پاشا، بەلاّم بێسوود بووە چونکە دەرمانی بۆ نووسیوە، ئەو پشتگوێی خستووە. کاتێکیش وتوویەتی جێگاکەی بگۆڕن لە شوێنێکی فێنك دایبنێن دیسان قایل نەبوونە.

بە پێی نووسراوەکانی ریچ ئەگەر بە دروستی رێنوومایی پزیشکەکەیان جێبەجی بکردایە، رەنگە تەندروستی منداڵەکە باشتر بوایە و گیانی لە دەست نەدایە.



بەراستی مایەی شەرمەزارییە پاشا رێگا بە پزیشکێکی بەریتانی نەدات دەرمان بداتە کوڕەکەی یان بە گوێی نەکات و شوێنەکەی نەگۆڕێت.

بڕوانە دەبی چی وای لە پاشا کردبی رێگا بە پزیشکێکی بەریتانی نەدات فریای جگەرگۆشەکەی بکەوی؟ ئایا پاشا ئارەزووی ئەوەی نەبووە کوڕەکەی لەسەر دەستی یەکێکی غەیرە ئیسلام چارەسەر بکری، چونکە پاشا کابرایەکی زۆر ئایین پەروەربووە ؟ یان وای بۆچووبی ئەمە شیاو نییە ؟یان ئەو دوچاری حاڵەتێکی سەرسووڕمانی دەکات، چۆن دەبی یەکێکی دی راسپێری بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی کوڕەکەی، لە پاڵ تەقەڵلاکانی مەولانا خالیددا، ئەو پیاوە ئایین پەروەرە کە تەریقەتی نەقشبەندییە. کەوا گفتی پێدابوو منداڵەکەی لەو نەخۆشیە رزگاربکات و ئەوەی لە دەفتەری یەزداندا باسکردووە — وەك وتوویەتی — پاش مردنی منداڵەکە لە سلێمانی هەلاّتووە. دەڵێن ئەو هەلاّتنە پێوەندی بەو مەسەلەیەوە بووە.

بەڵی ئەو شێخە هەلاّت کەوا پلە و پایەیێکی بەرزی لە سلێمانیدا هەبوو، بە تایبەت لای میری بابان بە رادەیەك رێزی لێدەنا — ریچ دەڵێت — پاشا لە بەردەمیدا دەوەستا بۆ ئەوەی جگەرەی بۆ ئامادە بکات (٢٢٧).

لەو مەسەلانەش کە دیسان مایەی سەرسووڕمانن ئەو نامەیەیە کەوا زانای کورد شێخ مارفی نۆدێیی باوکی کاك ئەحمەدی شێخ ناردوویەتی بۆ ریچ وەك چۆن لە یادداشتنامەکانیا هاتووە.

**ئەمەش دەقەکەیەتی :**

بۆ گەورەی نەتەوە باڵوێز بەگ

سلاّو لە ئەوەی دوای هیدایەتی یەزدان دەکەوی، کەوا پیرۆزبایی لێدەکەم، لای یەزدانیش تکا دەکەم هیدایەتی رێگای راستی بدات.

لە بەدەنمدا نەخۆشییەکی پێست هەیە ئەمە چەند مانگێکە بەردەوامە، ئاواتەخوازم دەرمانێکم بۆ بنووسن بە بەکار هێنانی چاك ببمەوە.

دوعای خێرتان بۆ دەکەم.

دۆستێکی دڵسۆزم هەیە بەدەنی قورس بووە، ئەگەر ئەم نەخۆشییە دەرمانی هەیە تکام وایە تایبەتمەندێتییەکانیمان بۆ روون بکەنەوە، تا نەخۆشەکەمان بەدڵخۆشییەوە بگەڕێتە سەر باری پێشووی، تکام وایە لە تکاکردن نەکەوی بۆ خواپەرستی و بۆ گەیشتن بە کامەرانی تەواو.

هەژار — مارف (٢٢٨)

باسیل نیکیتین بەرەو رووی پێشینییەکی تەندروستی کوردیمان دەکاتەوە کەوا لە مینۆرسکییەوە وەری گرتووە، ئەوە ئەگەینی کوردەکان لەسەر ئەو باوەڕە بوونە گشت

ئەورووپاییەکان پزیشکن ! بۆ دووپات کردنەوەی ئەمەش نموونەیەکی هێناوەتەوە، دەڵێت، جارێك دایکێك هاواری بۆ کاروانێکی بیانی بردووە کوڕە شیرە خۆرەکەی کەوا لە سەربان کەوتۆتەخوارەوە، بۆ چاك بکەنەوە، چونکە لێی دەترسی نەوەك شتێکی لێبێت.

باسیل نیکیتین وێنەیەکی تەواوی باری تەندروستی کوردستانمان نیشان دەدا، شێوازە تەندروستییەکان بە جارێك دەست ناکەون، بەڵاّم لە هەمان کاتدا خەریکە نەخۆشییە ترسناکەکان بنبڕدەبن، بە تایبەت لە نێو هۆزە کۆچەرەکاندا.

پرۆسەی پزیشك کاری کەوا باسیل نیکیتین پەنجەی بۆ راکێشاوە لە چەند شێوەیەکی نوشتەکاری تێناپەڕی، یان قووت دانی هەندی کاغەز کە کرابی بە نوشتە، یان دانانی شتێك لەسەر شوێنی ئیشەکە یان بەکارهێنانی گژوگیا بۆ چارەسەرکردنی هەندی نەخۆشی.

دەربارەی نوژداریش باسی ئەوەیکردووە هەندی هۆز بۆ چارەسەرکردنی برین بە پێستێکی تازە برینەکە دەپێچنەوە و دەیدوورنەوە بە درێژایی وەختیش پێستەکە لەسەر لەشی نەخۆشەکە دەکەوێت ئەو هۆزانە لەو باوەڕەدان ترسناکترین برین بەو شێوازە تیمار دەکرێت (٩٣).

لەو باوەڕەداین ئەوەی باسیل نیکیتین بۆی چووە پێویستی بە هەندی شیکردنەوە هەیە، چونکە باوەڕمان وایە تەنها برینەکە دەپێچرێتەوە نەك هەموو لەشی بریندارەکە، هەروەها هەندی شێوەی شکاندنی ئێسك هەر بە پێستی تازە دەپێچرێتەوە، زۆری پێناچێت رەق دەبێتەوە و برینەکە دەچێتەوە سەر یەك ئەم شێوازانەش ئەمڕۆ لە کوردستاندا وەك کەلتووری پزیشکی تەماشا دەکرێت و بە هیچ جۆرێك پێوەندییان بە ژیانی تازەوە نییە، ئەو شێوازە تێپەڕی.

لە رووی نەخۆشی قورسیشەوە وەك گرانە تا لە گۆڕێیە، کە دێینەوە سەری، بەڵاّم لە نێو هۆزە کۆچەرەکاندا بوونی بۆ نییە واتە ئەو نەخۆشییانە رەنگە لە نێو گوند و شارەکاندا هەبن بەڵاّم نەك لە نێو کۆچەرەکاندا.

باسیل نیکیتین جارێکی دی ئەوە دووپات دەکاتەوە کەوا کوردەکان بە زۆری باوەڕیان بە پزیشکی ئەورووپی هەیە ئەمەش بەداخەوە لای میری بابان هەستمان پێی نەکرد بۆ چارەسەرکردنی کوڕەکەی، بەڵاّم لای شێخ مارف ئەوەمان هەست پێکرد.

نیکیتین سەرنجێکی دەربارەی بەتەمەنانی کورد تۆمار کردووە، ئەوانەی سەدساڵیان تێپەڕاندووە وەکو دیاردەیەکیش شیکردۆتەوە، ئێمە باوەڕی تەواومان بەوە نییە شیکردنەوەکەی لە رووی پزیشکییەوە تەواوە، ئەو وای بۆ چووە منداڵانی کورد هەر لە منداڵییەوە چاودێری ناکرێن و لەگەڵ رۆژگاریشدا لەشیان توندوتۆڵ دەبی و توانستی بەرگری کردنیشیان لە نەخۆشی



زیاتر دەبی. بۆیە لە نێو هۆزەکانی کورددا ژمارەی بەتەمەنان زۆرە — بە پێی بۆچوونی نیکیتین — (٩٤).

لە راستیشدا ئێمە لەو باوەڕەدا نین منداڵانی کورد بی چاودێری گەورەدەبن، باسیل نیکیتین بەو شێوەیە ئاماژەی بۆ ئەم مەسەلەیە کردووە وەك بڵێت سیمایەکە لە سیماکانی گەلی کورد ئێمە باوەڕمان بەوە نییە نەتەوەکانی دراوسێی گەلی کورد پتر بایەخ بە چاودێری منداڵان بدەن. مەسەلەکە بە پێی بۆچوونی ئێمە پێوەندی بە ژینگە و کەش و هەواوە هەیە، هەروەها جۆری خواردن. لە لایەکی دیکەشەوە ئەو هۆزە کوردانەی باسیل نیکیتین باسیکردوون هێند بەر گەرما ناکەون، چونکە بەهاران خێڵیان بەرەو ژوورە و پایزانیش بەرەوخوار، هەروەها زەلکاوو گۆمی راوستاو لە کوردستاندا نییە کە دەبنە عەمباری پیسی و بۆنی ناخۆش، بەڵکو ئاوی کانییە کە لە ئەنجامی تووانەوەی بەفری سپی و پاك و بێگەردی کوردستاندا دزە دەکاتە ژێر خاکەوە و ئیدی لێرە و لەوی دەتەقێتەوە.

لەبەر ئەمە لەو باوەڕەداین رێژەی میکرۆب و بەکتریای نەخۆشی لە کوردستاندا لە ناوچە گەرمەکان کەمترە یان ئەو شارانەی لە نێو دەشتی بەریندان، بۆیە منداڵی کوردەواری کەمتر تووشی ئەو نەخۆشییانە بووە کەوا گەرما دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەیان وەك چۆن هەندی جار ئاو ئەو رۆڵە دەگێڕی. لە لایەکی دیکەشەوە خۆراکی منداڵی کورد بەشێوەی گشتی ئەگەر لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی جیهاندا بەراورد بکەن دەبینین باشتر نەبی خراپتر نییە. بە تایبەت ئەوانەی بە دەست کەمی خۆراکەوە دەناڵێنن.

خۆراکی کوردەواریش لەسەر شیر و ماست و کەرە و پەنیر بەندە مرۆڤی کورد بەدرێژایی ژیانی پشتیان پێ دەبەستێ هەروەها جۆرێکی زۆری رووەکی کێوی و تاڕادەیەکیش گۆشت دەچنە ریزی پێکهاتەکانی خواردنییەوە.

لەو باوەڕەداین هەموو ئەو هۆکارانە هەر لە سەرەتاوە تەندروستی منداڵی کورد حوکوم دەکەن، لەبەر ئەوەش ساغ و سەلامەتن، ئەندامەکانی لەشیان بە دروستی کار دەکەن، بۆیە تەمەنیان زیاتر دەبی، سەرباری گشت ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد مەسەلەی بە تەمەنان بەتەنها بە کوردەوە نەنووساوە، بەڵکو بەگشتی رێژەیان لە نێو ناوچە شاخاوییەکاندا زیاترە، ئەوانەی خۆراکی رۆژانەیان هەمان جۆری خواردنی کوردەوارین کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد. سەرباری ئەوەش دۆ یان ماستاو کە بەشەرابی نیشتمانی کورد دادەنرێت لە جیاتی ئاو دەخورێتەوە.

هەموو ئەو خۆراکانە لە نێو قاپ و کاسەی پاك و خاوێندا دروست دەکرێن و لە شوێنی سارد دادەنرێن بەبی ئەوەی کەڕ و هەڵێنن یان بۆگەنی بکەن.

ویگرام باسی هەندی حاڵەتی نەخۆشی کردووە کەوا بەچاوی خۆی بینیونی، هەروەها هەندی هەڵوێست پێوەندییان بە دەرمان و چاك بوونەوەوە هەیە زۆربەی ئەو حاڵەتانەش کە تۆماری کردوون سیمای ورووژانیان پێوەیەو تارادەیەك دەچنە ریزی دانسقەوە.

ویگرام وەك هەر کەسێکی دی لەوانەی یادداشتەکانیان نووسیوەتەوە وای بۆچووە کە مرۆڤی کورد بەو چاوە دەڕوانێتە میوانە ئینگلیزەکانی کە دەبی لە زانستی پزیشکیدا شارەزابن چونکە بە پێی تێڕوانینی کورد — وەك ویگرام دەڵێت — (ئینگلیز بە حوکمی میرات گەری پزیشکە، ئەوەش مافی خۆیەتی...).

ویگرام باسی ئەوەی کردووە کە دەبی رەوەند ئەو یاسایە پێڕەو بکات و لێی لانەدات کە دەڵێت، (دەرمانەکانت بە بەخشندەیی دابەش بکە بە بی ئەوەی شتێك دەربارەی پزیشك کاری بزانی یان نا) (١٦١).

ئێستاش با پێکەوە ئەو رێنوماییانە بخوێنینەوە کەوا ویگرام ئاڕاستەی رۆڵەی نەتەوەکەی کردووە، ئەوانەی ویستوویانە پیشەی پزیشکی لە کوردستاندا راڤە بکەن.

دەبی ئەوەشمان لە یاد بێت ئەو رێنوماییانە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بلاۆکراونەتەوە، لە پاش ئەوەی ویگرام سەلماندوویەتی پێویستە دەرمان بە بەخشندەیی دابەش بکرێت دەڵێت، هەر چۆنی بێت بە ئاسانی دەتوانی جۆری تا دەسنیشان بکەیت، ئەگەر بۆت دەسنیشان نەکرا، ئەوە نەخۆشەکەت بۆت دیاری دەکات، ئەگەریش هەر بۆت نەکرا، ئەوە، وا خۆت نیشانبدە شارەزاییت زیاترە، دەرمانێکی تاڵی بی زیانی بۆ دیاری بکە، چونکە نەخۆشەکەت لەو باوەڕەدایە چەند دەرمانەکەی تاڵ بێت سوودی زیاتر دەبێت و بەمەش ورەی بەرزتر دەبێتەوە، ئەمەش گەورەترین نهێنییە لە چارەسەر کردنی سەرکەوتوودا.

بەگشتیش ئەگەر هۆی نەخۆشییەکەی نەزانی پتر سەر دەکەوی لەوەی بۆت بکری بیزانی پێویستیشە یاسای دیاریکراو پێڕەوبکەیت.

**یەکەم :** ئەگەر دەرمانی رەوانییەکی سووك بۆ رۆژهەلاتی بنووسی ئەوە زیادە مەسرەفییە و دەگاتە ئاستی تاوان، سەرباری ئەوەش باوەڕی خەڵك لاواز دەکەیت بەرامبەر دەرمانی بیانی، ئەمەش خراپترین شتە.

**دووەم :** ئەگەر بە پێی کتێبی رێنومایی پزیشکی پێویستی بەوە کرد دەرمان بۆ نەخۆش بنووسی ئەوە دەبی بۆ ئاسووری سی جار بەقەد ئەوەی بۆ دیاری بکەیت، بۆ کوردیش پێنج جار ئەو کاتە کارتێکەریی دەرمانەکە دەردەکەوی. ویگرام لەسەر ئەم مەسەلەیە دەڵێت، (نووسەر ئەم



راستییانەی لە خەڵکی شارەزا و خاوەن تاقیکردنەوەوە فێربووە، کاتێك تازە گەیشتۆتە ئەو ولاٙتە).

ویگرام سەرەتا باوەڕی بەوە نەکردووە کە پێیان وتووە، پاشان ئەوەیان بۆ دووپات کردۆتەوە و یەکی لە ئاسوورییەکان پێی وتووە بەڵی ئەوە راستییە، شتێکی زۆر گرانیشە کورد ژەهراوی بکرێت، ئەگەریش ئەوە رووی دا مەسەلەیەکی ترسناك نییە (١٢٦).

لەو بەسەرهاتانەش کەوا ویگرام لە ناوچەکەدا بە چاوی خۆی بینیونی و دەیگێڕیتەوە، دەڵێت، نایەتەوە یادم نەخۆشەکە کورد بوو یان ئاسووری، بەلاٙم پزیشکەکە ئاسووری بوو، ئەم ئاسوورییەش — وەك ویگرام دەڵێت — خۆی بە حەکیم ناو نابوو چونکە گوایە سی مانگ لە نەخۆشخانەی دەستەی پزیشکی ئەمریکیدا وەك (بشۆری شووشە) کاریکردووە. رێککەوتیش وابووە لەو ساتەدا ویگرام بگات، بانگێشتی کردووە گوایە پزیشکە نەخۆشەکەی ببینی چونکە لە بارێکی تەندروستی زۆر خراپدا بووە و بە ئێشی ئازاری سکییەوە شەوێکی رەشی بەسەر بردووە. ویگرام لە پزیشکەکە دەپرسی چ جۆرە دەرمانێکت داوەتی ؟ حەکیمیش دەڵێت، رۆنی کرۆتوت، دەپرسی چەندت دەرخوارد دا ؟ لە وەلاٙمدا دەڵێت، کەوچکێکی چا.

ویگرام دەڵێت، دەستووری دەرمان سازی ئینگلیزی رێگا دەدات تەنها نیو دلۆپ لەم دەرمانە بۆ نەخۆش بنووسری و ئەوەشی روون کردۆتەوە قەبارەی ئەو کەوچکە چایەش بەقەد کەوچکی چای ئینگلیزی نەبووە، لەبەر ئەمە ویگرام لەو باوەڕەدا بووە نەخۆشەکە پتر لە سیی جار بەقەد ئەوەی پێویست بووە بیدرێتی خواردوویەتییەوە چونکە کەوچککە فارسی بووە، لە ئەنجامدا ویگرام بەو حەکیمە ئاسوورییەی وتووە، لەبەر ئەوەی نەخۆشەکەت بیست و چوار کاتژمێر دوای خواردنەوەی دەرمانەکە ماوە، ئەوە چاك دەبێتەوە و نامرێت، هەرواش بوو.

ویگرام وەك سەیر و سەمرە ئەوەشی گێڕاوەتەوە، لە گوندی (جیلو) کە گوندێکی ئاسووری نشینە پیاوێك رووی تێکردوون بۆ ئەوەی بەسەرهاتێکی ناخۆشیان بەشێوە زمانی چیایی — بۆ بگێڕێتەوە هەرچەندە نازانین مەبەستی ویگرام لەم شێوە زمانە چییە، بەلاٙم دەڵێت، لێی نەگەیشتووە و داوای لە قەشەکە کردووە قسەکانی بۆ وەرگێڕی، ئەویش ماوەیەك گوێبیستی دەبی و ئەنجا دەدا لە قاقای پێکەنین و لا لە ویگرام دەکاتەوە پێی دەڵێت، داوای دەرمانێك دەکات بۆ چارەسەر کردنی منجڕی ژنەکەی، چونکە دەمەوەرە، ویگرام لەوەلاٙمدا پێی وتووە پێی را بگەیەنە ویگرام پەرجو دروست ناکات (١٦٢).

نووسەری ئەم کتێبە لەو باوەڕەدایە ویگرام و قەشەکە لەوە نەگەیشتوون ئەو ژنە تووشی نەخۆشی (الژهان) بووە کەوا نەخۆشییەکی عەقڵی — دەروونییە، هەر بۆیەش هەوڵەکانی ئەو پیاوە بابردوونی.

هەروەها نووسەری ئەم کتێبە دەڵێت، بەهەشتییەك لە مامۆستایانی هاوڕێ لە زانکۆی بەغدا کاتی خۆی ژنەکەی سکالاٚی پێشکەش بە دادگای شەرعی کرد تەلاقی بدات لەبەر ئەوەی مێردەکەی زۆر بێژە و شەو و ڕۆژ لە قسەکردن ناوەستی، بەلاٚم قازی ئەو سکالاٚیەی ڕەت دایەوە و پێشنیازی کرد لە ژوورێکی ماڵەکەدا دوورە پەرێز بکرێت، ئەوەبوو ماوەیەك بەو شێوەیە ژیا تا پاش چەند ڕۆژێك بە بێ ئەوەی کەس و کاری ئاگایان لێبێت گیانی بەخشی. ئەو حاڵەتەش پەیوەستە بە جۆرە نەخۆشییەکی دەروونییەوە لەوانەش (داو العقمه العلمیه) و هەست کردن بە چەوساندنەوەی کۆمەلاٚیەتی.

هەروەها ویگرام وەك دانسقە ئەوەی باسکردووە جارێك کەس و کاری نەخۆشێك نەخۆشەکەیان بۆ هێناوە گوایە (چاوی پیسە) و ئەیانەوی چاکی بکاتەوە، ویگرامیش وێڕای ئەوەی داوای لێبوردنی کردووە چونکە نەیتوانیوە چارەسەری بکات، بەلاٚم لە کتێبەکەیدا دانی بەوەدا ناوە جۆرە نوشتەیەکی دژی ئەو جۆرە چاوە لا بووە، بەلاٚم ئەوەی بەشیاو نەزانیوە بەو جۆرە سەودا لەگەڵ ئەو خەڵکەدا بکات هەر بۆیەش ئەو کەسانە بەبێ ئومێدی گەڕاونەتەوە (٢٩٧).

ویگرام هەستی بەوە کردووە پێویست بووە بە جۆرێك ڕەفتار بکات تا خەڵك پەسەندی بکەن و بتوانی بە ئاسانی لەناویاندا بژی بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ئاشکراو نائاشکراکانی لە ناوچەکەدا.

ویگرام باسی ئەوەیکردووە شاری ئامێدی باشترین شاری ئەو ناوچەیە بووە، مەبەستیشی کوردستان بووە، بۆ کۆ کردنەوەی زانیاری سەیر دەربارەی چۆنێتی ژیان بەسەر بردن لەم شوێنە دوورەدا، بە تایبەت ئەگەر پیشەی پزیشکی بخرێتە سەر کاری ڕۆشنبیری. لەم بارەیەوە دەڵێت، هەرگیز لەو دەرمانە باشتر نییە کەوا دەبێتە مایەی ریشە هەڵکێشاندنی ڕۆحی دوژمنکاری و ناحەزی، هەروەها دەڵێت، زۆرە جۆرحاڵەتی نەخۆشی سەیرمان پێدەگەیشت و داوامان لێدەکرا چارەسەریان بکەین.

جارێك شێتی شارەکە ڕووی لێدەنی چارەسەری بکات، ئەمیش دەرکی بەوە کردبوو کەوا تووشی نەخۆشیی عەقڵی بووە، مەسەلەکەشی وا بۆ گێڕاوەتەوە دوژمنێکی ناحەزی پێش ماوەیەك مۆخی کەری لەگەڵ خواردندا بۆ تێکەڵ کردووە و دەرخواردی داوە و لە ئەنجامیشدا شێت بووە. ویگرام ویستی لە ڕێگای هەڵخەڵەتاندنەوە چارەسەری بکات، نوژدارییەکی ساکاری



بۆ بکات برینێك لەسکی دروست بکات و دواییش پارچەیەکی گۆشتی پیشان بدات گوایە ئەوە مۆخی ئەو کەرەیە، بەلاٚم نەخۆشەکە بەوە رازی نەبووە (٢٩٦).

لە راستیشدا لەم حاڵەدا پتر لە گریمانەیەکی زانستی سایکۆلۆژی هەیە، شێت، جیاوازە لەگەڵ نەخۆشی دەروونیدا شێتیش ئەوە ناگەیەنی، مرۆڤی شێت لە چارەسەر نەگەڕی. گریمانەی دووەمیش ئەوەیە ئەو مرۆڤە تووشی نەخۆشی (الوسوسە) بووە کە نەخۆشییەکی دەروونییە نەك عەقڵی وا دیارە ئەنجامدانی ئەو نوژدارییە ترساوە. گریمانەی سێیەمیش ئەوەیە دوور نییە ئەو کەسە لە لایەن حکوومەتی تورکیاوە یان لە لایەنێکی ئایینی نێرابی بۆ بە دواداچوونی ویگرام و دەستەکەی ئایا داوا لە نەخۆشەکانی دەکات بەرامبەر چارەسەرکردنیان ئایینەکەیان بگۆڕن.

هەروەها باسی ئەوەشی کردووە کە جارێك کوردێك داوای لە هاوڕێیەکی ویگرام کردووە کاکیلەی هەڵکێشی ئەویش لە ڕێی خوا ئەوەی بۆ کردووە، نەخۆشەکەش بەرامبەر بەوە دوو مەجیدی (پارەی عوسمانی) داوەتی، بەلاٚم ئەو وەری نەگرتووە، ئیدی کوردەکە زیاتر ڕێزی لێناوە و خۆشی ویستووە، لەبەر ئەوەش نەخۆشەکە موسوڵمان بووە، گوایە ویستوویەتی دیارییەکی پێشکەش بکات و پێی وتووە، بڕوانە ئەفەندم (گەورەم) تۆ نەسرانیت، وا نییە ؟ گوێم لێبگرە، من لە بەهەشت دا حەفتا (حوری)م دەبێت، ئەو شوێنەش ئێوە بۆی دەچن حوری تیا نییە، چی دەڵێیت، شتێکت لە بەشەکەی خۆم بدەمێ ؟ بۆ نموونە دوو حوری ؟ (٢٩٧).

ویگرام دووپاتی کردۆتەوە کەرەستەی (کنین) کە جۆرە دانەوێڵەیە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی گرانە تا بەکار هێنراوە بووەتە هۆی دامەزراندنی پێوەندی باش لە نێوان دەستەکەی هاوڕێی ویگرام و خەڵکی ناوچەکە (٢٩٩).

ویگرام بەسەرهاتێکی سەیر دەگێڕێتەوە دەڵێت، کابرایەکی دەست گۆج، ملی ویگرامی گرتووە گوایە بەرپرسە لە کارەساتی دەست گۆجێکەی، چونکە کابرایەکی ئینگلیز بەو بارەی بردووە و هەڕەشەی لە ویگرام کردووە نوژداری بۆ بکات، ویگرام لە وەلاٚمدا پێی وتووە ئەمە ناکری و باش وایە نەخۆشخانەی موسڵ بەسەر بکاتەوە. کابرای دەست گۆجیش کەوا دیار بووە سەرۆکی ئەو کۆمەڵە پیاوە بووە کە لەگەڵیا پێی وتووە، ئەرکی ئەوەتان دەکەوێتە سەر چارەسەری دەستم بکەن، چونکە بەهۆی ئێوەوە دەستم وای لێهاتووە. ویگرام لەو هەڵوێستە سەری سووڕماوە چونکە نە دیوویەتی نە ئەیناسی.

کابرا وتوویەتی قونسوڵی ئینگلیزی تەقەی لێکردووە و وای بەسەر هێناوە لەبەر ئەوەش تۆش ئینگلیزی ئێوە لێی بەرپرسیارن.

ئەنجا ویگرام لەوە گەیشتووە کە ئەو پیاوە یەکی بووە لەو کۆمەڵە کەسەی پێش چەند ساڵێك هێرشیان کردۆتە سەر قونسوڵی وڵاتەکەی. ئەم پیاوەش یادگاری شەڕێکی گەرم هەڵدەگری کە بەهۆیەوە دەستی راستی بەر گوللە کەوتووە. (٢٩٨).

ویگرام باسی ئەوەشی کردووە کاتێك سەردانی شێخی بارزانیان کردووە بینیویانە چاوی گل دەکات، داوای لێکردوون چارەسەری بکەن، بەڵام ئەمان نەیانتوانیوە چارەسەری بکەن، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم پزیشکێکی ئینگلیزیان لە نەخۆشخانەی دەستەی موژدەبەرییەوە لە موسڵ لەگەڵ خۆیان هێناوە بۆ ئەوەی چارەسەری چاوی شێخ بکات.

ویگرام دەڵێت، لەو سەردەمەدا ناوبانگی حەکیمێکی ئێزیدی بڵاو بووبووەوە، تەماشای شێخی کردبوو، گوایە چارەسەریشی بۆ دیاری کردبوو، پێی وتبوو ئەگەر قایل بێت نووکە سینجێکی بە ئاگر بۆ سوورەوە دەکات و پێڵوی چاوی پێ داخ دەکات بۆ وشك کردنەوەی فرمێسکی چاوی (١٣٨).

ویگرام دەربارەی ئەم چارەسەرە ترسناکە دەڵێت، ئەگەر شێخ رازی بوایە بۆی بەکاربێنی ئەنجامی خراپی دەبوو، چارەنووسی حەکیمە یەزیدییەکەش بە دەستی مریدانی شێخەوە رەش دەبوو.

تۆما بوا باسی ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە باوکە کارزۆنی و باوکە کامبا نایل بۆیان گێڕاوەتەوە، کە هەر یەکەیان باسی ئەوەیان بۆکردووە کوردەکان جۆری گیا بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی بەکاردێنن. لەوانەش بۆ بەهێزکردنی ددان و زیادکردنی ئارەقە و و رێگانەدان بە دڵ وەستان یان مردنی کت و پڕ. یان بۆ یارمەتی دانی ژنان بۆ کەمکردنەوەی ئازاری بێنوێژی.

هەروەها هەندێك گوڵ وەك گوڵاڵە سوورە بەکاردێنن بۆ چارەسەرکردنی نەزۆکی یان وەك هێمنکەرەوە بەکار دەهێنری.

گوڵە نیلۆفەریش کەوا لەسەرئاو دەڕوی بۆ کەم کردنەوەی تا بەکاری دێنن، هەروەها رووەکی دی بۆ چارەسەرکردنی رەوانی و بەهێزکردنی توانستی سێکسی (٩٥).

تۆما بوا باسی پزیشکێکی فەرەنسی بە ناوی (دوکتۆر مارکیز) کردووە کەوا ساڵی ١٩٤٨ دووپاتی کردۆتەوە ژنانی دیاربەکر و ئەرزڕووم و خەربووت واتە لە کوردستانی تورکیا دەیانزانی کەڕووی نان بەکارە بۆ تیمارکردنی هەندی برین یان چارەسەرکردنی نەخۆشی کە ئەمەش لە جیاتی بەنسەلین بەکاردەهات پێش بڵاوبوونەوەی لە جیهاندا.

هەروەها داخ کردنیان بۆ سارێژ کردنی هەندی برین بەکارهێناوە یان پلیتەی ئاگر کاتێك برینەکە زووخاوی لێچکابی و پێویستی کردبی. هەروەها بوا ئاماژەی بەوەداوە کەسانی شارەزایان



تیایە لە بواری گرتنەوەی ئێسك (چارەسەرکردنی ئێسکی شکاو) تاقیکردنەوە فێری کردوون چۆن بایەخ بە نەخۆشەکانیان بدەن، ئەو برینەش جێی گوللە بووبی بەداخ کردن یان بە گیا یان ئاردی بارووت تیماریان کردووە، ئەگەریش گوللەی تیامابێتەوە ئەوە نوژدارەکە گۆشتەکەی لابردووە و دەری هێناوە. ئەگەریش ئێسکی شکاندبی ئەوە چارەسەری کردووە و گرتوویەتیوە. دووریش نییە ئەگەر سەر نەگری دووبارەی بکاتەوە (٩٥-٩٦).

هاملتۆن کەوا رێگایەکی مەزنی لە نێوان هەولێرو رواندزدا کردۆتەوە باسی تاقیکردنەوەی خۆی لە بواری تەندروستیدا بۆ گێڕاوینەتەوە و دەڵێت، بە دەستی خۆی ئەو حاڵەتانەی چارەسەر دەکرد کەوا لە کاتی ئیشکردندا روویان دەدا. ناچاریش بووە، نەخۆشخانەیەکی بچووك لە شوێنی پرۆژەکەدا بکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی هەندی نەخۆشی یان برینداربوونی کرێکارەکان، دەزگای تەندروستیش سەندووقێکی تایبەتی داوەتی بۆ هەڵگرتنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی.

هەروەها لە کاتی پێویستیشدا پزیشکە سوورياییەکەی دۆستی یارمەتی داوە کەوا لە هەولێر بووە. رەنگە ئەم پزیشکەش (صبری القبانی) بێت کەوا نووسەری ئەم کتێبە ناوی بیستووە کە لە هەولێر بووە و گۆڤار و کتێبی دەربارەی خۆراك و دەرمان دەرکردووە.

وا دیارە هاملتۆن شارەزاییەکی باشی هەبووە لە بواری پزیشك کاریدا پێویستی پرۆژەکەشی ئەوەی فێر کردبوو، بۆیە برینی کرێکارەکانی تیمار دەکرد کە لە میانەی ئیش و کارەوە تووشی دەبوون بێجگە لە هەندی نەخۆشی (١١٦).

هاملتۆن باسی ئەو کەرەستە و ئامێرە پزیشکییانەی کردووە کە لەگەڵی بوونە، هەروەها شووشەی دەرمانەکان وەك بۆیەی یۆد و هەندێك کنین و ترشی بیۆریك و ئەسپرین و رۆنی گێچەك و پەرمەنگەناتی پۆتاس، مەقەست و لەفاف و دەزو و پارچەدار بۆ گرتنەوەی ئێسك...

هاملتۆن وەك ویگرام هەستی بەوە کردبوو کەوا دەرمان چەند تاڵ بێت زیاتر دەبێتە جێی باوەڕی نەخۆش. هاملتۆن چەند حاڵەتێکی نەخۆشی گرانیشی چارەسەر کردووە لەوانەش لەرزوتا، کە بەشێوەی رێکوپێك دەرمانی (کنین)ی داوەتی.

برینیشی بە ئاوی گەرم پاك کردۆتەوە و بە یۆد سریویەتییەوە، چاوی گل کردوویشی بە یوریك ششتووە، هەروەها هاملتۆن ئەو نەخۆشانەی پێویستیان بوایە دەیناردن بۆ هەولێر، بەڵام کاتێك شوێنی پرۆژەکەی لە هەولێر دوور کەوتەوە، نەخۆشخانەیەکی مەیدانی دروست کردووە و لە چەند دەوارێك پێك هاتووە، هۆی دروست کردنی ئەم نەخۆشخانەیەشی باسکردووە. هاملتۆن وەك خۆی دەڵێت ویستوویەتی هەل بۆ نەخۆشە هەژارەکان بەرپا بکات سوودی لێببینن و تیایدا خواردنی باشتر بخۆن، تەنانەت هەندی لە پیاوانی هۆزەکانیش پەنایان بۆ بردووە بە تایبەت لە دوای

دەرچوونیان لە گۆڕەپانی شەڕە خوێناوییەکانیانەوە، ڕێگەی دوور و درێژیان بڕیوە بۆ ئەوەی برینەکانیان تیمار بکەن.

هاملتۆن ئاماژەی بەوە داوە کاتێك بینیویەتی خەڵکی سادە بە باوەڕی تەواوەوە دەهاتن بۆ نەخۆشخانەکەی هێزی مرۆڤایەتی زیاتر جۆشی دەسەند (١١٧).

هانسن سەرنجەکانی خۆیمان دەربارەی بواری تەندروستی بۆ باسکردووین و دووپاتی کردۆتەوە کە خەمی بۆ ئەو منداڵانەی سلێمانی خواردووە کە بۆ هۆی ڕەوانییەوە مردوون، یان نەمانی شیری دایك یان کەمی خۆراك، ئاماژەی بەوەش داوە لەو ماڵەدا کەوا لایان نیشتەجی بووە بچووکترین منداڵیان نەخۆش کەوتووە ئەمیش خۆی پێڕانەگیراوە و لەگەڵ کەس و کارەکەیدا بردوویانە بۆ لای پزیشك، بەڵام بێسوود بووە و مردووە (٨٩).

هانسن سەبارەت بەهۆی مردنی ئەو هەموو منداڵەی شاری سلێمانی لەو پزیشکە ئەڵمانییەی پرسیوە کەوا لە شارەدا ئەرکی پزیشکی بەجێهێناوە و ئەویش وتوویەتی منداڵبوونی لە دوای یەك و نەبوونی ماوەی تەواو لە نێوان هەر منداڵێك و ئەوی دیدا کە کار دەکاتە سەر توانستی دایك بۆ دابین کردنی شیر بۆ منداڵەکەی، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە خۆراکی دایك لە نێو ماڵدا کەمترە لە خۆراکی ئەندامەکانی دیکەی خێزانەکەی، چونکە پاشماوەیان دەخوا، ئەوەی لا گرنگە ئەندامانی خێزانەکەی تێر بن لەبەر ئەمە ڕێژەی پرۆتین واتە گۆشت و خۆراکەکانی دیکەی پرۆتین لای ژنی سك پڕ کەمە بەشێکیشی بۆ منداڵەکەی دەبێت، بەشەکەی دیکەشی بۆ دابین کردنی شیری منداڵی ساوا دەبێت کەوا لەسەر خۆراکی سینگی دایکی دەژی، سەرباری ئەوەش کە ئاماژەمان پێدا وەك ژن و دایك هەرچی خۆراکی لەبەردەستە پێشکەشی پیاوەکەی و منداڵەکانی دەکات، پێداویستی خۆی لەبەرچاو ناگرێت (٨٨).

سەرباری ئەوەش وشیاری تەندروستیان لاوازە، ئاوی خواردنەوەشیان پاك نییە، بە تایبەت ئەو ماڵانەی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەیان جۆگەلەکانە. کە بە نێو ماڵەکاندا تێدەپەڕی. ئەم سیستمە ڕۆڵێکی ترسناك دەگێڕی و بەرپرسە لە ملیۆنەها میکرۆب کە دەچنە نێو لەشی منداڵانەوە و هەزارانیان لی دەکوژی (٩٧).

هانسن ئاماژەی بەوە داوە پیشەی برینپێچی لە شاری سلێمانی دەگمەن بووە، لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیش پەسەند نەبووە، کەم و کورتی کادری پزیشکیش لەم بوارەدا روون بووە (٨٩).

ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد وێنەیەکی روونە بۆ باری تەندروستی منداڵانی ئەم شارە کە وێڕای ئەوەی گەورەترین شاری کوردستانی عێراق بووە، بەڵام باری تەندروستی زۆر خراپ بووە، ئێمە لەو باوەڕەداین کە راستە شارەکانی دیکەش کەم و کورتی و وشیاری تەندروستی و



خزمەتگوزارییان هەبووە، بەڵام سیستمی ئاوی خواردنەوەی ئەو شارە بەرپرسە لە بەشێکی گەورەی ئەو بارە ناهەموارە چونکە ئەو شوێنانەی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەیان کانی بووە یان بیر یان زی باری تەندروستییان لەوان باشتر بووە.

هینری فیڵد راپۆرتێکی تەندروستی گرنگی خستۆتە پێشمان و سەبارەت ئەو بارە نارێکەی کوردستان بە خۆیەوە بینیویەتی هەتا ئێستاش لە هەندی شوێندا هەروایە. وێنەی باری تەندروستیساڵی (١٩٢٦)ی بۆ نمایش کردووین و دەڵێت هەر شتێك پێوەندی بە بایەخ دانی تەندروستییەوە بێت لە کوردستاندا شوێنەواری نییە و نەخۆشی خەڵکی دروێنە کردووە، کەم کەس توانیویەتی ئەو کوێرەوەرییە تاڵە بکێشی و بە ژیانەوە پابەند بێت.

ڕێژەیەکی زۆری سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوە لە نێو شارە کوردییەکاندا بە زۆر دواکەوتوو باسدەکات. فیڵد لە پێشەکی کتێبەکەیدا وشیاری ئاراستە کردووە و داوای لێکردوون ئەو ئاوە بەکار نەهێنن کە بە مزگەوت و شوێنەکانی دیدا تێدەپەڕی. چونکە شتێکی نامۆ نییە کوردەکان لە شوێنە پیرۆزەکانیاندا شتە بەسەرچووەکانیان فڕێبدەنە نێو رووبارەکانیانەوە.

لەو باوەڕەداین فیڵد ئەوەی بەرچاوی نەکەوتبی یان چاوی لە ئاست نووقاند بی کەوا پیسی ئاودەسی هەندی مزگەوت لە ڕێگای پایپ یان کەناڵی دییەوە راستەوخۆ دەرژێتە نێو ئەو رووبارەوە کە منداڵان لە تەمەنی گەشەکردندا مەلەی تیا دەکەن.

فیڵد ئەوەی رێنوومایی کردووە خەڵك تەنیا لە سەرچاوەی کانییەوە ئاو بخۆنەوە یان پێش ئەوەی بگاتە شارەکان ئەویش لە پاش کوڵاندن و بەکارهێنانی کەرەستەی کلۆر.

ئاماژەی بەوەداوە کەوا ماڵانێکی زۆر بەدەست کێچەوە تووشی گرفت بوونە، چونکە مایەی بێزارکردنی مرۆڤە و لەگەڵ خۆیشیدا گەلێك نەخۆشی دەگوێزێتەوە ئەنجا دەڵێت، ئەو شوێنەی بەرزاییان لە ٢٠٠٠ پی کەمترە بەفر بەخۆوە ناگرن چونکە پاش ماوەیەکی زۆر کەم دەتوێتەوە.

کەش و هەواشیان شێدار و سارد دەبێت، بۆیە پاك نییە و نەخۆشی گرانەتا و روماتیزمیان تیا بلاو دەبێتەوە.

لە میانەی مانگەکانی هاویندا ناوچە نزمەکانی کوردستان لەڕووی تەندروستییەوە بۆ مرۆڤی بیانی ناشێن بە تایبەت هەر لە نیسانەوە تا تشرینی دووەم، چونکە لەرزوتا (گرانەتا) و دزانترییان تیا زۆر بلاودەبێتەوە. هەروەها لە شوێنە نزمەکان یان نشێوەکاندا پێشوولەی ئەنقلونس لەسەر ئاستی حەوت هەزار پی دەبینری. کەوا دوو خولی هەیە لە مایس و تشرینی یەکەمدا.

لە ناوچەکانی کەرکووکیشدا لە کانوونی دووەمەوە دەست پێدەکات تا ئایار.

لەرزوتای بەهاری رۆژی نا رۆژێك بە نۆرە تووشی مرۆڤ دەبێت، هەروەها لە هەمان ناوچەدا لە کۆتایی مانگی ئاب و تشرینی دووەم دووبارە دەردەکەوی، بەلاّم وەرزی سەرەکی نەخۆشی لەرزوتا دەکەوێتە نێوان مانگی حوزەیران و ناوڕاستی مانگی ئابەوە کە گرانەتای سییەکی چالاك دەبێت.

لەرزوتا لەو شوێنانەدا زیاتر بلاّو دەبێتەوە کەوا کشتوکاڵی برنجیان تیا ئەنجام دەدرێت کە دەبی بەردەوام ئاوی لەبن نەبڕی. دەرمانی سەرەکی ئەم نەخۆشییەش (کنین)ە.

شایانی باسە هیچ کێڵگەیەکی برنج لەو ناوچانەدا نییە ئەگەر لە پێشوولە پڕ نەبی. هەر بۆیەش ژیانی مرۆڤی بیانی لەو ناوچانەدا زۆر ناخۆش دەبی چونکە هەموو ماڵە کوردەکانی لی پڕ دەبن لەسەر سنووری ئێرانیش جۆرە مێشوولەیەك هەیە ئارەزوومەندی ئەوەیە بەشەوان خوێنی ئادەمیزاد بمژی. دەبێتە هۆی نەخۆشی تای گەڕاوە.

کەچی مێشوولەی زۆر ورد لە هەموو شوێنێکدا هەیە، جگە لە بەرزاییەکان. نەخۆشی تیفۆ و تای گەڕاوە (الحمی الرجعە) لەو ناوچانەدا بلاّو ئەبنەوە، بەلاّم کۆلێرە هۆکاری هەڕەشەیە، نەخۆشی رشانەوە (الطاعون) لە ناوچە بەرزەکاندا بلاّو نابێتەوە نەخۆشی ئاولەش لە ناوچە بەرزەکاندا بلاّو دەبێتەوە، ئەگەر سەرهەڵبدا خەڵکێکی زۆر دەکوژی. بەلاّم بلهارزیا و ئەنکوستووما زۆر کەم بلاّودەبنەوە.

شایانی باسە بیانییەکان بە ئاسانی دوچاری رەوانی نەخۆشی دزانتری دەبن، هەروەها نەخۆشی چاویشیان تووش دەبی (٥-٦).

ژمارەیەکی زۆر دەربارەی نەخۆشی لەرزو تا لە کوردستاندا دەوان، هینری فێڵد دەڵێت، ئەم نەخۆشییە لەو ناوچانەدا بلاّو دەبێتەوە کەوا بەرزییان لە ٢٠٠٠ پی کەمترە وەك ناوچەکانی زاخۆ، بەلاّم سایکس ئەوەی سەرنج داوە ئەم نەخۆشییە لەو شوێنانە دا بلاّو دەبێتەوە بەرزاییان دەگاتە ٧٠٠٠ پی وەك ناوچەکانی ساسۆن بە چیا و دۆڵەوە. هەروەها لەو کێڵگانە دا بلاّو دەبێتەوە کە دەبنە جۆرە زەلکاوێك گەنمە شامیان تیا دەچێنرێت جووتیارەکانیش ماڵەکانیان لەسەر ئەو بەرزاییانە دروست دەکەن کەوا زاڵن بەسەر ئەو کێڵگە سەوز و جوان و دلڕفێنانەدا، بەلاّم جووتیاران لە تەندروستی خۆیانی دەخەنە سەر و بە دەستی نەخۆشی و ئازارەوە دەناڵێنن. دانیشتوانی ساسۆن هەموویان تایان بەرزە و بەهۆی نەخۆشی لەرز و تاوەوە دەلەرزن. ژنان بۆر و پیاوانیان رەنگیان زەرد و منداڵان تووشی نەخۆشی ئێسکەنەرمە (الکساح) بوونە و پیرەمێردیان بە هۆی نەخۆشییەوە خەڵەفاون.



سایکس دەڵێت لەوەو پێش مرۆڤم بەوشێوەیە نەبینیوە ئاستی تەندروستییان هێندە نزم بێت، بە تایبەت خەڵکی ناوچەیەکی جوان و ناسکن بیناسازییان حکومە.

شمیدت باسی نەخۆشخانەیەکی تایبەتی جەنگاوەرانی کوردمان بۆ دەکات کاتێك شۆڕشیان دژی رژێمی عەبدولکەریم قاسم بەرپا کرد (١٩٦١).

نەخۆشخانەکە — وەك شمیدت دەڵێت — لە دۆڵێکی دیمەن جوان و شاراوەدا دامەزراوە، ئەگەریش ئەو خەڵکە کەیف خۆش و بەزەوقە نەبوایە کە تیایا کاریان دەکرد بە نەخۆشەکانیشیانەوە ئەو رۆحییەتە بەرزەیان نەبوایە، ئەوە نەخۆشخانەکە دەبووە کارەسات، چونکە نە پزیشکێکی پسپۆری خاوەن شەهادە و نە قەرەوێڵە و نە پێداویستی دیکەی تیا نەبووە، مەگەر زۆر کەم، شمیدت نۆزدە پیاوی بینی کە لە نزیك چیایەك لە ژێر چەتر و گەڵای داردا درێژ بووبوون، لە تەنیشتیان کانییەکی ئاوەڕۆی بێگەرد، ئاوەکەی بە تەنیشتیاندا شۆڕ دەبووەوە.

کەش و هەواش سارد بوو، رەنگە شوێنەکەش دوور بووبی لە هێرشی فڕۆکەو پەلاماری ئاسمانییەوە.

شمیدت دەڵێت ئەو پیاوەی بەرپرسی نەخۆشخانەکە بوو ناوی (موش) بوو، کەسێتییەکی شایستە بوو، هەندی خولی پزیشکی لە نەخۆشخانەکانی کۆمپانیای نەوتی عێراقی و هێزی ئاسمانی بەریتانیا تەواوکردبوو (٧٣).

نووسەری ئەم کتێبە چاوی بەو پزیشکە کەوتووە کەوا شمیدت بە مرۆڤێکی شایستەی باسدەکات، لە راستیشدا ناوی (میشی)یە کە ئاسووری رەگەزە و خەڵکی گوندێکە دەکەوێتە پشت گوندی نووسەری ئەم کتێبەوە و رووباری خابوور ناوبەریانە.

## سەرچاوەکان


**سەرچاوە وەرگێڕاوەکان:**

١. أدموندز: كرد وترك وعرب - ترجمة جرجيس فتح الله - بغداد ١٩٧٢.

٢. آشر، جون: مشاهدات جون اشر في العراق-ترجمة جعفر خياط مجلة سومر، مديرية الآثار العامة ـ المجلد الحادي والعشرون- بغداد ١٩٦٥.

٣. برانت: رحلة جيمس برانت ١٨٣٤ ترجمة حسين الجاف — مطبعة الجاحظ.

٤. بيل، كيرترود (مس) فو فصول من تاريخ العراق القريب -نقله إلي العربية جعفر خياط- بغداد ١٩٧١.

٥. تومابوا: مع الاكراد - ترجمة اواز زه نكه نه - مطبعة دار الجاحظ - بغداد ١٩٧٥.

٦. جواد، سعد ناجي: الأقلية الكردية في سوريا- وزارة التعليم العالي- جامعة بغداد- كلية العلوم السياسية - مركز دراسات العالم الثالث ١٩٨٨.

٧. خصباك، شاكر: الأكراد، دراسة جغرافية أثنوغرافية - مطبعة شفيق- بغداد ١٩٧٢.

٨. ريج: رحلة ريج في العراق عام ١٨٢٠- ترجمة بهاء الدين نوري - بغداد ١٩٥١.

٩. سون: رحلة متنكر إلي بلاد مابين النهرين وكردستان- ترجمة فؤاد جميل مطبعة بغداد ١٩٧٠ الجزء الاول- الجزء الثاني ١٩٧١ بغداد.

١٠. سليم، شاكر مصطفي: قاموس الانثروبولوجيا - جامعة الكويت ١٩٨١.

١١. شاميلوف: حول مسألة الاقطاع بين الأكراد — ترجمة وتقديم وتعليق الدكتور كمال مظهر أحمد مطبعة الزمان - بغداد ١٩٧٧.

١٢. شميدت دانا ادمز: رحلة إلي رجال شجعان في كردستان - ترجمة جرجيس فتح الله - بغداد ١٩٧١ وكذلك دارالطليعة بيروت ١٩٧٢.

١٣. فريزر، جيمس بيلي: رحلة فريزر إلي بغداد - ترجمة جعفر خياط - مطبعة المعارف -بغداد ١٩٦٤.

١٤. فلوتن، فان: السيادة العربية في عهد بني أمية ترجمة عن الفرنسية - د. حسن ابراهيم حسن و محمد زكي ابراهيم -الطبعة الأولي مطبعة السعادة مصر ١٩٣٤.
١٥. ماليبارد: نواعير الفرات أو بين العرب والاكراد- ترجمة د.حسين كبه - مطبعة الرابطة بغداد- ١٩٧٥.
١٦. د.داود الجليي: الفنديداد- اهم الكتب التي تتألف منها الأبستا - مترجم عن الفرنسية إلي العربية (لم يذكر اسم المترجم الفرنسي) مطبعة الاتحاد - الموصل ١٩٥٢الموصلي.
١٧. مينورسكي: الاكراد - ملاحظات وانطباعات- بيتروكراد ١٩١٥ - ترجمة د. معروف خزندار إلي العربية بغداد ١٩٦٨.
١٨. نيكيتين، باسيل: الاكراد - ترجمة دار الروائع — بيروت.
١٩. ول وايرل دايورانت: قصة الحضارة — بيروت ١٩٧١.
٢٠. هاملتون: طريق في كردستان - ترجمة جرجيس فتح الله - مطبعة دار الجاحظ بغداد ١٩٧٣.
٢١. هَيْ: سنتان في كردستان ١٩٨١- ١٩٢٠ نقله إلي العربية فؤاد جميل - بغداد ١٩٧٣.
٢٢. ويكرام، دبليو أي: مهد البشرية - الحياة في شرق كردستان - ترجمة جرجيس فتح الله — مطبعة الزمان بغداد ١٩٧١.
٢٣. ويلسون، أرنولد: الثورة العراقية - ترجمه وعلق عليه جعفر الخياط - ١٩٧١ مطبعة دار الكتب بيروت.
٢٤. حتي، فيليب: تاريخ العرب- الطبعة الخامسة — دار غندور للطباعة والنشر بيروت ١٩٧٤.
٢٥. فريق من الضباط السياسيين الإنكليز - تقرير عن الوضع الثقافي والاجتماعي والسياسي والجغرافي في كردستان- طبع في فلسطين١٩٢٣- ترجمة حسين الجاف وحسين عثمان (مسودة غير مطبوعة).



**سەرچاوە عەرەبییەکان و کوردییەکان:**

٢٦. ابن حزم: الفصل في الملل والأهواء والنحل مطبعة التمدن - القاهرة ١٩٠٣.
٢٧. ابن خلدون: مقدمة تاريخ ابن خلدون — ج ١ دار الفكر - بيروت ١٩٨١.
٢٨. الحاج — عزيز: القضية الكردية في العشرينيات — المؤسسة العربية للدراسات — بيروت.
٢٩. الشاذلي عبد اللطيف: التصوف والمجتمع -نماذج من القرن العاشر الهجري -منشورات جامعة الحسن الثاني ١٩٨٩.
٣٠. الغلامي- عبد المنعم: الضحايا الثلاث -الموصل ١٩٥٥.
٣١. المراغي- الشيخ عبد الله: الزواج والطلاق في جميع الاديان -المجلس الاعلي للشؤون الاسلامية- مصر ١٩٦٦.
٣٢. أوسكارمان: تحفة مظفرية به زمانی کوردی موکری - برلين ١٩٠٥ پێشکەش و ساخکردنەوە و هینانەوە سەر رێنوسی کوردی - هێمن موکریانی بەغدا ١٩٧٥.
٣٣. شريف، عبد الستار طاهر: الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨- ١٩٥٨ شركة المعرفة-بغداد ١٩٨٩.
٣٤. عقراوي ثلماستيان: المراة ودورها ومكانتها في حضارة وادي الرافدين منشورات وزارة الثقافة والفنون العراق-سلسلة دراسات ١٩٧٨.
٣٥. مبارك، زكي: التصوف الاسلامي في الأدب والأخلاق/- القاهرة ١٩٥٤.
٣٦. موكري، كامران: حرية المرأة الكردية - بحث القي في حلقة دراسية نظمها اتحاد نساء العراق في ١٠- ١٢ نيسان ١٩٧٨ السليمانية.

### سەرچاوە ئینگلیزییەکان


1. Banton, M. Anthropological Approach to the Study of Religion. London.Toustic publication Limited 1968.
2. Barth, Fredrik. Principles of Social Organization in Southern Kurdustan Oslo,1953.
3. Burgess, The Family. Von Nostrand co. U.S.A 1971.
4. Carlton ,Coon. The Nomads, Cited in Fisher, Social Forces in the Middle East, Coronell University press New York 1955.
5. Ceatni,L. Study di Oriental Story , Milano 1911.
6. Coon, c. Curator of Ethmology , University of Pennsylvania, Cited in Kurdustan Social Forces in the Middle East Cornell University Press1955.
7. Creagh, James. Armenians, Koords and Turks vol II Smauel Tensley and co. 31 Southampton Street Strand London 1860.
8. Das, Man Sing ,The Family in Asia.London 1978.
9. Dickson, Bertran , Journey in Kurdustan. The Geographical Journal. No4. April 1910 vo,xxxv. Proceedings of the Royal Geographical Society , London.
10. Douglas, D.Crary. The Villager. Assistant Professor of Geography. University of Michigan, Cited in Fisher.The Forces of Middle East.
11. Eagleton, w. The Kurdish Republic of 1946 Oxford University Press1963.
12. Fiedler, F. Leadership and Leadership Effectiveness Traits. New York; Holt Rindehart and Winston.1960.
13. Field Henry, The Anthropology of Iraq part II Number2 Kurdustan. Cambridge, Massachusetts, U.S.A Published by the Museum 1952.





14. Fisher, S.N. Social Forces in the Middle East Conell. University press New York 1955.
15. Frankel Brunswick. Intolerance of Ambiguity as an Emotional and Perpetual Personality Variable, London 1949.
16. Gibb, C. Leadership. Handbook of Social Psychology. vol.2 Cambridge, Mass; Addison Wesley. 1954.
17. Gordon, C. Adventures in the Nearest East, Britain ,1957.
18. Gordon, C. The Status of Women Reflected in Nuzi Tablets ZANF.Vol.9. 1936.
19. Harris, B.Walter. From Batum to Baghdad Via Tiflis, Tabriz and Persian. Kurdustan. William Blackwood and sons London – 1896.
20. Hanson, H. Daughters of Allah. Translated from Danish by Reginald spink , George Allen and Unwin Ltd London 1960.
21. Hertz,F. Race and Civilization Translated into English by Levetus London and New York 1928.
22. Hubbard ,G.E. From the Gulf to Ararat. An Epiditlon Through Mesopotamia and Kurdustan. William Blackwood and Sons. Edinburgh and London 1917.
23. Huntington , E. The pulse o Asia. Boston 1907.
24. Kinan, Derk. The Kurds and Kurdustan. London Institute of Race Relations. Oxford University press 1964.
25. - Layard , A.H. Discoveries Among the Ruins of Nineven and Babylon - (Re-published) New York 1853.
26. Layard , A.H.Nineveh and its Remains, London.1st ed 1849. Newed 1970. Leach. Social and Economic Organization of Rawandoz Kurds. London 1940.
27. Mason, Kenneth. Central Kurdustan. The Geographical Journal vol. 54 no.6 December 1919.

28. Millingen Frederick. Wild Life Among The Koords. Hurst and Blackett, Publishers London 1870.
29. Minturn and John Hitchcock, Child Rearing in Six Cultures in India New York / Johnwiley and Sons 1963.
30. Muller.L. The History of Social Development New York 1921.
31. Nottingham, E.K, Religion: A sociological View. N.Y Random House-U.S.A 1971.
32. Noe1.Diary of Major Noel on Special Duty in Kurdustan from June 14th to September 21st ,1919 Printed and Engraved by Superintendent, Geographical press Basrah.
33. Porter, K. Travels in Georgia, Persia, Arminia and Ancient Babylonia Vol. II ,London 1822.
34. Lowie Robert H. Primitive Society. London. Rowiedge Ltd 1921.Sills,L. David (editor).
35. International Encyclopedia of the Social Science Vol II. The Macmillian co. U.S.A. Sykes Mark(sir). The Caliphs Last Heritage. A short History of the Turkish Empire. Macmillan London 1915.
36. (Sykes Mark(sir)) Dar-Ul-Islam.Bickers and Son London 1904.
37. Wach, J. Sociology of Religion, London 1947.
38. Weber ,M, The Sociology of Religion ,London , Methuen,1965.
39. Vogel and Suzanne. Family Security and Emotional Health in Japanese Sample, Journal of Marriage and The Family U.S.A. 1961.
40. Wilson W.C.F. Northern Iraq and its People. Journal of the Royal Central Asian Society vol. XXIV April Part II 1937.
41. Yenger, J. Religion, Society and individual. Macmillan Co. U.S.A. 1957.
42. Yong, Gavin. Iraq the Land of Two Rivers 1981.